هارۆلد ویلسن

# سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

وەرگێڕانی
ئاوات عەبدوڵڵا

بەهاری ٢٠٠٧

مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەڕەكی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی كتێب: سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا
نووسینی: هارۆلد ویڵسن
وەرگێڕانی: ئاوات عەبدوڵڵا
نەخشەسازیوبەرگ: فەهمی جەلال
تایپ: شاناز رەمزی ، كوردستان كەریم
چاپی یەكەم/ ٢٠٠٧ سلێمانی
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی
ژمارەی سپاردن (٩٩٢) ساڵی ٢٠٠٦
ژمارەی زنجیرە: (٢٢٧)
لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

*وێنەی بەرگی پێشەوە: (ویلیام پیت) یەكەمین سەرۆك وەزیری بەریتانیا*
*وێنەی بەرگی پشتەوە: (وینستۆن چێرچیل ـ ١٩٤١)*

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# پێرست


پێشەکی ........................................ ٥
سەرۆك وەزیرەکانی سەرەتا ........................................ ٧

**بەشی یەکەم**

پیتی لاو ........................................ ٣٩
جەنگ تا ئاشتی ١٨٠٦ـ١٨٣٤........................................ ٧١

**بەشی دووەم**

سێر رۆبێرت پیل ........................................ ٩٥
سیاسەتی ماوەی ئینتقالی ١٨٤٦ـ١٨٥٤........................................ ١٣٣

**بەشی سێیەم**

ڤایکانت پالمەرستۆن ........................................ ١٤٧

**بەشی چوارەم**

بینجامین دیزرائیلی ........................................ ١٨٩

**بەشی پێنجەم**

ویلیام یوئێرت گلادستۆن ........................................ ٢٣٣
بەرەو سەردەمی نوێ ١٨٨٥ـ١٩٠٨ ........................................ ٢٨٢

**بەشی شەشەم**






مەکتەبی بیر و هۆشیاری


دەیڤید لۆید جۆرج ........................................ ٣١٧
پێشهاتی لابەلا: سەرۆك وەزیری ون ........................................ ٣٦٩

**بەشی حەوتەم**

ستانلی بالدوین ........................................ ٣٧٧

**بەشی هەشتەم**

رەمزی مك دۆنالد ........................................ ٤٣١

**بەشی نۆیەم**

نەڤیل چەمبەرلین ........................................ ٤٨٥

**بەشی دەیەم**

وینیستۆن چێرچیل ........................................ ٥٤٣

**بەشی یانزەهەم**

کلیمێنت ئەتلی ........................................ ٦٢٣
رووداوەکانی سالانی ١٩٥٥ ـ ١٩٥٧ ........................................ ٦٧١

**بەشی دوانزەهەم**

هارۆلد مك میلان ........................................ ٦٧٩
دواوتە ........................................ ٧٣٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پێشەکی

کتێبی سەرۆك وەزیرەکانی بەریتانیا کە سێر هارۆڵد ویڵسن سەرۆك وەزیری پێشووی بەریتانیا نوسیویەتی، ژیاننامەو کارە گەورەکانی زیاتر لەدوانزە سەرۆك وەزیری بەریتانیا لەخۆ دەگرێ، هەر لە رۆبیرت پیلو ولیام پیتەوە تا چێرچیڵو مك میلان.

ئەم کتێبە کە لەزمانە ئەسڵیەکەیدا ( A prime minister on other prime ministers):( سەرۆك وەزیرێك دەربارەی سەرۆك وەزیرەکانی تر) ە ، هەر تەنیا بایۆگرافییەکی ئاسایی نیە، بەڵکو لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی وردو قوڵی سیاسیو دیبلۆماسیو سەربازیو ئابوری، لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە کە خۆی بۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەدەسەڵاتدا بووە.

دەشێ بوترێ بەریتانیا داهێنەری سیستەمی نوێی حوکمڕانیەو ئەوەش لەشەوو ڕۆژێکدا نەهاتۆتە دی، بەڵکو قۆناغ بە قۆناغو زادەی ئەزمونێکی بەپێزی سیاسەتمەدارە بەرجەستەکانی ئەو وڵاتەیە. تەنانەت دەستەواژەی ( سەرۆك وەزیر– prime minister) یش زادەی ئەو ئەزمونەیە.




مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه کتەبی بیروهۆشیاری

## سەرۆك وەزیرەكانی سەرەتا

لێكۆڵینـــەوە لـــەژیانو كارنامـــەی ســـەرۆك وەزیـــرە پێـــشەنگەكانی بـــەریتانیا، بەخوێندنەوەی سەردەمی دەسـەڵاتی سێر ڕۆبێرت والپـۆل[1] دەست پێدەكـا كـە مێـژوو نوسان بەیەكەمین سەرۆك وەزیری بەریتانیای لەقەڵەم دەدەن.

ناونیشانی سەرۆك وەزیری نە تازەیەو نە پێویست بـە پێناسـەكردنیش دەكـا، بـەڵكو بەوكەسە دەوترێ كە (جێی متمانـەی دەربـار) ە و لـەو ڕووەوە كـە ئەوپـەڕی دەسـەڵاتو چاودێریی سیستمی پاشایەتی دەخاتـە بەردەسـتی تاكـە وەزیرێـك، مایـەی بێـزاریو بـێ متمانەیی بووە.

پێشینەی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی شاژن ئان،[2] ئـەو دەمـەی بەتەوســەوە نازنـاوی (سەرپەرشـتیاران) یـان بەسـەر هـەردو هەڵـسوڕێنەری كاروبـاری حكومەت، گۆدۆلفین[3] و هارلی[4] دا دابڕی. ئـەم چـەمكە كـە مەبەسـت لـێی سـوكایەتی كردن بوو بەوجۆرە كەسانە، لەسەر بنەمای ئـەو بەراوردكارییـە بـوو كەلەگـەڵ ڕاوێـژكارە كاسەلێسو نۆكەرەكانی لویسی چواردەیەمدا دەكرا.

بەڵام بەر لەومێژووە، واتە لەساڵی (١٦٧٠) دا، دەنبی[5] دەمڕاستی ڕەسمیـی چـارلزی دوەمیش هەر هەمان سیفەتی درایەپاڵ.

[1] Sir Robert Walpole
[2] Queen Anne
[3] Godolphin
[4] Harley
[5] Danby





مه کتەبی بیروهۆشیاری

لەسەردەمەكانی پێشوتریشدا، بەتایبەت سەردەمی دەسەڵاتی یوسف لە میسری كۆن (كەسانی كاردارو جێی متمانە) هەبوون. لەسـەردەمی دەسـەڵاتی هێنریـی حەوتـەم لـە ئینگلتـەرە مۆرتـۆ[6] ، لەسـەردەمی دەسـەڵاتی هینریـی هەشـتەم، ۆلـسی[7] و كرۆمـوێل[8]، لەسەردەمی ئەلیزابێس دا، بێرگلی[9]، لەسـەردەمی جـەیمزدا، سیـسیل[10] و كـار[11]، و لـە سـەردەمی چـارلزی یەكەمـدا، باكینگهـام[12] و سـترافۆرد[13] لەوكەسـانە بـوون كـەجێی متمانەی پاشا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا كە ناونیـشانی (سـەرۆك وەزیـر) تـا دەهـات زیـاتر ئاشنا دەبوو، بەڵام تاسەردەمی نوێ، بنەمایەكی قانونیی نەبوو.

بۆیەكـەمین جـار ئـەم ناونیـشانە لـە قەواڵەیـەكی ڕەسمیـدا لـە سـاڵی ١٨٧٨ دا بەكارهێنراو تیایدا دیزائیلی[14] بەڵگەنامـەی كۆتـایی كـۆنگرەی بـەرلینی وەك (لـۆردی یەكەمی خەزێنەو سەرۆك وەزیری خاوەن شكۆ شاژنی بەریتانیا) ئیمزاكرد.

ناونیشانی سەرۆك وەزیر تاساڵی ١٩٠٤ لەناو پلەو پایەكانی كۆشكی باكینگهامدا بەرچـاو نەدەكـەوت تـا لەوسـاڵەدا دوابـەدوای پلـەی ئوسـقوفی مـەزنی یـۆرك هـات. تائەودەمە، سەرۆك وەزیر ناچار بوو ڕێز لەكارمەندەكانی تـری ژێـر دەسـتی خـۆی بگـرێ (كەبریتی بوون لەو كارمەندو ڕازگرانەی لەڕۆژگاری ئێستاشدا هـەن وەك: (یاریـدەدەری خەزێنە) یا (یاریدەدەری فەرماندەی گاردی پاسەوانانی دەربار)، لەبەرئەوەی ئەم كەسـانە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەربارەوە دادەمەزرێنران.

[6] Morton
[7] Woolsey
[8] Cromwell
[9] Burghley
[10] Cecil
[11] Carr .
[12] BachIngham
[13] Strafford
[14]- Disraeli

یەكەمین جار كە پلەی سەرۆك وەزیری بەشێوەیەكی ڕەسمیو قانونی ناسرا لەسەر بنەمای (قانونی بەڵگەنامەكانی خەزێنە) بوو. بەگوێرەی ئەو قانوونە دەبوایە بەڵگەنامەكانی خەزێنە بخرێتە بەردەستی سەرۆك وەزیری پاشا.

لەسەدەی هەژدەهەم بەدواوە، سەرۆكی حكوومەت ناونیشانی لۆردی یەكەمی دراوەتێ.

جگە لەسالسبێری[15] كەپلەی لۆردی یەكەمی بەخشیوەتە هەریەك لە نۆرس كۆت[16]، دەبلیو. ئێچ. سمیس[17] و بەلفۆر[18]. هەربۆیە هەریەك لەوانە لەخانوی ژمارە دەی داونینگ ستریت[19] جێگیربوون، لەبەرئەوەی داونینك ستریت تەنیا تایبەت نییە بە سەرۆك وەزیر، بەڵكو لۆردی یەكەمیش دەتوانێ لەوێ نیشتەجێ بێ.

بەڵگەی ئەمەش ئەو تابلۆیەیە كە بەسەر دەرگای داوینگ ستریتەوە هەڵواسراوەو ئاماژە بەوە دەكا. نەریتی ئەوەی كەسەرۆك وەزیرەكان لۆردی یەكەمیش بن، پێناچێ لەئایندەدا گۆڕانكاریی بەسەردابێ، لەبەرئەوەی (قانونی وەزیرەكانی پاشا لە ١٩٣٧ دا) و قانونەكانی دوای ئەویش، موچەی خانەنشینیی بۆ هەموو ئەو كەسانە دەبڕێتەوە كەپلەی سەرۆك وەزیریو لۆردی یەكەمی خەزێنەیان هەبێ. هەركاتێك والپۆل بەیەكەمین سەرۆك وەزیر لەقەڵەم بدەین ئەوا لە والپۆلەوە تا جەیمس كالاهان[20]، بەریتانیا لەماوەی ٢٥٥ ساڵدا تێكڕا ٥٠ سەرۆك وەزیری هەبووە. لەكۆی وتارەكانی لۆرد بلیك[21]، كەبەم دواییە جارێكی تر لەژێر ناوی (پلەی سەرۆك وەزیر)دا چاپ كراوە، لە ئامارێكدا، باس لە (٤٩)سەرۆك وەزیر كراوە. ئەشێ ویلیام پیتی لاو كە لە تەمەنی (٢٤) ساڵیدا بە پلەی سەرۆك وەزیری گەیشت بەلاوترین سەرۆك وەزیری مێژوی ئینگلتەرە بناسرێ.

[15] Salisbury
[16] Northcote
[17] W. H. Smith
[18] Balfour
[19] Downing Street
[20] James Callaghan
[21] Lord Blake





دوای ئەو گرافتۆن لە تەمەنی (١١) ساڵیدا راكینگهام لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا.

ئەو سەرۆك وەزیرانەی تر كە تەمەنیان لە چل ساڵ كەمتر بوو بریتین لە دیڤۆنشایەرونۆرس. بەتەمەنترین سەرۆك وەزیرەكانیش بریتی بوون لە پالمەرستۆن لە تەمەنی (٧٠) ساڵیداو دوای ئەویش كەمپ بیل بانەرمان لە تەمەنی (٦٩) ساڵیداو نەڤیل چەمبەرلینو ئاڤەردین لە تەمەنی (٦٨) ساڵیدا. دوایین تەمەن كە تیایدا سەرۆك وەزیر خانەنشین بووە تەمەنی گلادستۆنە كە لە تەمەنی (٨٠)ساڵیدا خانەنشین بووە.

ئەم ژمارەیە بەبەراورد لەگەڵ تارادەیەك گەنجێتی سەرۆك وەزیران لە سەد ساڵی یەكەمدا، لە (والپۆل) بەدواوە، زۆر بەهەند وەرناگیرێ.

لەوالپۆلەوە تاگرەی، ئاستی مام ناوەندیی تەمەن ٤٧ ساڵ بووە: لەساڵی ١٨٣٠ بەدواوە ئەم ئاستە گەیشتۆتە ٥٩. تەنیا كەسێك (واتە من) لەم سەدەیەدا تەمەنم لە ٥٠ ساڵ كەمتر بووەو سێ كەسی تریش واتە پیل[22]، و رۆزبێری[23] و كەسێكی تریش دوای دانانی قانونی چاكسازی ساڵی ١٨٣٢.

سەبارەت بە درێژیی ماوەی پلەی سەرۆك وەزیریش پێویستە بوترێ كە والپول بە ٢١ ساڵ سەرۆك وەزیری ژمارەی پێوانەیی هەیەو دوای ئەویش پیتی لاو بە ١٩ ساڵ لە پلەی دووەمدایە. دوای ئەوانیش لیڤەر پول[24] بە ١٤ ساڵ، سالسبێریو گلادستۆن بە ١٢ ساڵ دێن.

سەبارەت بەكورتترین ماوەی سەرۆك وەزیریش، كۆنت بات لە ٨ تا ١٢ ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٥٨ سەرۆك وەزیر بووە. لەنوكتەیەكی تازەدا سەبارەت بەماوەی سەرۆك وەزیریی كۆنت بات بەناوی (مێژووی درێژترین سەرۆك وەزیری)دا هاتووە:

(بەم شێوەیە دووەمینو دوایین خولی ئەم سەرۆك وەزیریە سەرسوڕهێنەرە كە ٤٨ سەعاتو سێ چارەكە سەعاتو حەوت دەقیقەو یانزە چركەی خایاند بەسەرئەچێ،

[22] William Pitt the Younger
[23] Grafton
[24] Rockingham

كەدەتوانین بڵێین ڕاستگۆترین حكومەت بووە. ئەم سەرۆك وەزیرە كە بۆتە مایەی سەرسامیی زانایانو ئەندێشمەندان هیچ كارێكی ناڕەوای نەكردو خەزێنەی دەوڵەت لەوماوەیەدا دەستی بۆنەبراو وەك خۆی مایەوە.)

بنەمای كۆمەڵایەتیی سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا گۆڕانكارییەكی بەرچاوی بەخۆوە دیوە.

دیزرائیلی ٣١ هەمین سەرۆك وەزیرە لەو لیستە پەنجا كەسیەی ئێمەدا. بەرلەو جگە لەسێ كەس هەموان، لە وەجاخزادەو خاوەن موڵكدارەكان بوون. من هەردوو پیتو والپۆلیشم بە وەجاخزادە لەقەڵەم نەداوە، لەبەرئەوەی پیتی گەورە تەنیا لەپای خزمەتەكانی خۆی وەك وەزیری یەكەم، نازناوی كۆنتی پێ بڕا. لەو ١٩ كەسە كە دوای دیزرائیلی بەپلەی سەرۆك وەزیری گەیشتن تەنیا ٦ كەسیان: سالیسبێری، رۆزبێری، بەلفۆر، چێرچل[٢٥]، ئایدن[٢٦]، و سێرئالك دۆگلاس هیوم[٢٧] وەجاخزادە بوونو لەوانە هیوم لەكاتی گرتنەدەستی ئەو پۆستەدا، نازناوی كۆنتی خۆی گەڕاندەوە.

لەكۆی ٥٠ سەرۆك وەزیر شەش كەسیان لەو خوێندنگانە بوون كەئێستا پێی دەوترێ خوێندنگە  سەرەتاییەكانی حكومەت. تەنیا چوار كەسیشیان بەرلەوەی بچنە ناو پارلەمانەوە خاوەن ئەزمونێكی ڕاستەقینە بوون لەپیشەسازی دا.

لێرەدا من ئەو كەسانە وەلادەنێم كە دوابەدوای تەواوبوونی خولێكی وەزارەت، لەكاروباری كۆمەڵایەتی دا یا لەناوەندە پیشەسازیو بازرگانیەكاندا سەرگەرمی كاركردن بوون. بالدوین[٢٨] لەكارگە كانزاییو ئەندازەییەكەی باوكیداو بۆنارلا[٢٩] كەلە كۆچبەرە كەنەدییەكانی نیشتەجێی سكۆتلاند بوو، سەرەتا لەبانكی بازرگانیی گاسكۆو دواتر لەكۆمپانیایەكی بازرگانی ئاسندا، سەرقاڵی كاركردن بوون.

---

[25] Churchill
[26] Eden
[27] Sir Alec Douglas - Home
[28] Baldwin
[29] Bonar Law





چەمبەرلین دوابەدوای ئەوەی نائومێد بوو لەپەروەردەكردنی درەختی كانابی كە جۆرە ڕیشاڵێكی پتەوی لێ بەرهەم دەهێنرێ ـ بەهۆی كەمتەرخەمی خۆیەوە نەبوو ـ بەرلەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێ، كرایە بەڕێوەبەری كارگەیەكی كانزایی لەبێرمینگهام.

هارۆڵد مك میلانیش[٣٠] لەچاپخانەی خزمێكیاندا دەست بەكاربوو.

هەرچەندە والپۆل وەك خزمەتكاری پاشا پۆستی سەرۆك وەزیری گرتە دەست، بەڵام ئەوو پاشاش هەردوكیان لەڕوانگەی پارلەمانەوە خاوەنی چەند دەسەڵاتێك بوون، لەوانە سەرپشكبوون لەخەزێنە، كە بەپشگیریی بەرفراوانی پاشا، بەفاكتەرێكی چارەنوسساز دائەنرا بۆ سەركەوتن لەهەڵبژاردن دا.

لەسەردەمێكدا كە ناوچەكانی هەڵبژاردن، لەژێر نفوزی كەسێك یا بنەماڵەیەكدا بوو، و دەنگدەرە ڕاستەقینەكان ژمارەیان كەم بوو، كۆشكی پاشایەتی بەئاسانی دەیتوانی سەرەداوەكانی لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوەو لەهەڵبژاردنێكی گشتی، زۆرینەی دەنگدەرەكان بۆئەو سەرۆك وەزیرە دەستەبەربكا كە مەبەستیەتی.

بەڵام نفوزی پاشا لەناو پارلەماندا لەئاستێكدا نەبوو كە والە پارلەمان بكات پشتگیریی لە (سەرۆك وەزیری دەرباری) بكاتو چارەنووسی زۆرێك لەحكومەتەكانی بەریتانیا لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەوشێوەیە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا تا پەسەندكردنی قانونی چاكسازیی هەڵبژاردن لەساڵی ١٨٣٢ دا، پشتگیریی پاشا بەفاكتەرێكی گرنگ لەقەڵەم دەدرا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، والپۆل بەدرێژایی سەرۆكایەتیی خۆی، هەرگیز بەهەڵسوڕێنەرێكی تەواو لەقەڵەم نەئەدرا. هەڵسوڕێنەری تەواوو ڕاستەقینە، خودی پاشابوو، و سەرپەرشتكارانی پێكهاتەكانی دەوڵەتیش دەسەڵاتیان لەخودی پاشاوە وەردەگرت.

---

[30] Harold Macmillan

ئەندامانی ئەنجومەنی دەوڵەت نە لەلایەن والپۆلەوە دەستنیشان ئەكران نە لەژێر چاودێریی ئەویشدا بوون. ئەم ئەنجوومەنە كە جارجارە جۆرجی دووەم سەرۆكایەتیی دەكرد (جۆرجی سێیەم لەساڵی ۱۷۷۹ وە تا ۱۷۸۱ سەرپەرشتیی دەكرد) پێكهاتبوو لەئەندامانی حكومەت وەك: لۆردی یەكەم، وەزیرانی ناوخۆو دەرەوە، سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكان، سەرۆكی ئەنجومەنی دەربار، ئوسقوفی مەزنی كانتربوری، دادوەری باڵا، بەردەستی گەورە، سەرۆكی گشتیی تەشریفات، فەرماندەی گشتی، و یەك دوو ئەندامی ئەنجومەنی لۆردەكانو لێپرسراوە باڵاكانی تر. سێر لویس نامیەر[31] ئەو ئەنجومەنەی بە ئەنجومەنێكی نیشتمانی شوبهاندووە نەك ئەنجومەنێكی حكومەتی. لەبەرامبەر ئەم ئەنجومەنەدا، (كابینەی ڕاستەقینە) هەبوو كە پێكهاتبوو لەو وەزیرانەی والپۆل سەرۆكایەتیی دەكرد. لەسەردەمی دەسەڵاتی جۆرجی سێیەمدا، ئەگەرچی پاشا هەندێ جار لەهەوڵی ئەوەدابوو (كابینەی ڕاستەقینە) لەسەر ڕێی ئەنجومەنی وڵات لاببا، بەڵام ئەنجومەنی وڵات لەڕوی پراكتیكەوە نەیتوانی ئەركەكانی خۆی بەجێ بگەیەنێ. ڕۆڵی والپول لەناو پەرلەماندا زیاتر حاڵەتی وتەبێژی دەرباری لەخۆدەگرتو بەردەوام بوونی سەرۆكایەتیەكەشی بە ندبوو بەحەزی پاشاوە. لەڕاستیدا ئەو سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی بەنوێنەرایەتیی پاشا گرتبووە دەست. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی دەسەڵاتی والپۆلدا ئەو ڕاستی یە جێگیربوو كە هەرچەندە لایەنگریی پاشا بۆمانەوە پێویستە، بەڵام چیتر ۱۰۰٪ مانەوە زامن ناكات.

دوای ۲۱ ساڵ، والپۆل وازی هێنا. هەرچەندە هێشتا هەرجێی متمانەی دەربار بوو، بەڵام چیتر نەیدەتوانی متمانەی پارلەمان بەدەست بهێنێ. هەروەك پرۆفیسۆر پلەمپ[32] مێژوو نووسی گەورەی سەدەی هەژدەهەم نوسیویەتی: "هەرچەندە متمانەی پاشا پێویست بووە، بەڵام لەپراكتیكدا ئاشكرا بوو كە دەسەڵاتی پارلەمان گرنگیەكی زیاتری هەیە. لەبەرئەوەی كاتێك والپۆل نەیتوانی متمانەی پارلەمان بەدەست بهێنێ، ناچار

[31] – Sir Lewis Namier
[32] – H. J. Plumb





وازی لە سەرۆكایەتیی حكومەت هێنا، بەڵام لەو ڕووەوە كە سیستمی دەوڵەتیی ئەو بەهێزبووە گۆڕانكاریی ئەوتۆ لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا ئەنجام نەدراوە، یائەگەر ئەنجامیش درابێ زۆركەمو بێبایەخ بووە. دوای ئەو ئەرستۆكراسیی (ویگ[33]) ەكان هەر لەسەر كورسیی دەسەڵات مایەوە.

دەست لەكاركێشانەوەی والپۆل خاڵێكی وەرچەرخان بوو لەمێژووی سەرۆك وەزیریو پارلەمانیی بەریتانیادا.

واڵتەر بەیجهات[34]، دوای ۱۲۵ ساڵ دەربارەی كابینەكەی والپۆل نوسیویەتی كە ئەو لەسەردەمی سەرۆك وەزیریی خۆیدا داهێنانێكی كردووە كە هەر هەمان پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان بەدەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە بوو. لەوە بەدواوە فەرمانی پاشا بەس نەبوو مەگەر سەرۆك وەزیر، یا وەزیر، متمانە (یا ڕەزامەندیی) پارلەمان بۆجێبەجێكردنی ئەو فەرمانە دەستەبەر بكردایە.

لەساڵی ۱۷٤۲ دا والپول لەم ئەزمونەیدا، سەرنەكەوت. لۆرد نۆرس، ئەم بنەمایەی بەوردی لەنامەیەكدا پێشنیار كردوە كە ئاراستەی جۆرجی سێیەم پاشای ئینگلترەی كردووە:

(خاوەن شكۆ زۆرچاك دەزانێ كە لەم وڵاتەدا پاشا ناتوانێ بەئاسانی دژایەتی بڕیارەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بكات)

لەگەڵ ئەوەشدا پاشا مافی (ڕای جیاواز) ی تاچەند ساڵێك بۆخۆی هێشتەوە.

[33] – (ویگ) ە كان ئەندامانی پارتێكی سیاسی بوون كە دوای شۆڕشی ۱٦۸۸ پشتگیرییان لەدەسەڵاتی پاشا لەبەرامبەر پارلەماندا دەكرد.
ئەم پارتە لائیحەی چاكسازییەكانی ساڵی ۱۸۳۲ ی پەسەندكردو لەسەدەی نۆزدەهەمدا لیبراڵەكان جێی ئەوانیان گرتەوە.

[34] Walter Bagehot

مەكتەبی بیروهۆشیاری

جۆرجی سێیەم كابینەكەی (فۆكس ـ نۆرس)[35] ی ساڵێك دوای ئەوەی جێی حكومەتەكەی راكینگهامی گرتەوە، لەسەر كار لابردو ئەگەر نەخۆشیەكەی پاشا بەردەوام بوایە پیت زیاد بەجارێك دەگەیشتە سەرلێواری لەسەر كار لاچوون، لەبەرئەوەی ئەگەر شازادەی وێڵز: (دوای جۆرجی چوارەم) ماوەیەكی زیاتر لەدەسەڵاتدا بمایەتەوە، بێ دواكەوتن (پیت)ی بەسوودی فۆكسو لایەنگرەكانی لەسەر كار لائەدا.

بێگومان ئاماژەكردن بەم مەسەلەیە بۆئەو مەبەستە نییەكە بڵێین دەسەڵاتی پاشایەتی باڵادەست تر بووە لەدەسەڵاتی پارلەمان، بەڵكو بۆ ئەوەیە كە جێنشینی پاشا لەو ڕووەوە دەیتوانی كە فۆكس بكا بەسەرۆك وەزیر كە حكومەتی نوێ دەیتوانی پشگیری زۆرینەی نوێنەرانی ئەنجومەن بەدەست بهێنێ. تاكۆتایی دەسەڵاتی ویلیامی چوارەم لەساڵی ١٨٣٤ دا، پاشا توانای ئەوەی هەبوو سەرۆك وەزیر لەسەركار لاببا، هەروەك چۆن لۆرد میلبۆرن[36] كە هێشتا لەئەنجومەنی نوێنەراندا زۆرینەی هەبوو، لەسەر كار لابرا. بێگومان ئەمە دوایین جار بوو كە پاشا بتوانێ (بەم شێوەیە) دەسەڵاتی (زۆر) ی خۆی بەكاربهێنێ. ئەوەی جێی سەرنج بوو لەدەست لەكاركێشانەوەی لۆرد نۆرسدا سەرلەبەری كابینەكەی لەگەڵ ئەودا دەستیان لەكاركێشایەوە.

دوای ئەم ڕوداوەش پاشا هەر دەستبەردار نەبوو، و زۆری لە لۆردی تێرلۆ خەزێنەداری پاشایەتی كرد كە لەلایەن دەربارەوە پۆستی سەرۆك وەزیری بگرێتە دەست. ئەوەش دواتر بوو بەنەریت (واتە دەست لەكاركێشانەوەی سەرجەم ئەندامانی كابینە لەگەڵ سەرۆك وەزیردا) و كاریگەریی هەبوو لەسەر بەهێزبوونو سەقامگیربوونی دەسەڵاتو سەرپشك بوونی وەزیری یەكەمو بوارێكی ئەوتۆی بۆ دانانی كەسی دەستكەلاو پیلانگێڕیو ئاژاوە نانەوە لەناو كابینەدا نەهێشتەوە، هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی كەسی بوو.

---

[35] Fox - North
[36] Lord Melbourne





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوای ئەوەی پلەی سەرۆك وەزیری بەڕەسمی ناسرا، بەشداریی والپۆل لەگەشەسەندنو كامڵ بوونی پلەی سەرۆك وەزیردا ئەوەبوكە دوابەدوای هەموو ئەو ئەزمونانە سەبارەت بە دەربارو پارلەمان، ئەو ڕاستیەی جێگیركرد كە سەرۆكی حكومەت دوای بەدەستهێنانی متمانەی پاشا، پێویستە متمانەی پارلەمانیش بەدەست بهێنێ.

جگە لەوەو سەبارەت بەئەنجومەنی وڵاتیش كەبەسەرۆكایەتیی پاشا كۆدەبۆوە،و كابینەی ڕاستەقینە كە سەرۆك وەزیر سەرۆكایەتیی دەكرد، سەرەڕای هەوڵەكانی پاشا بۆ دورخستنەوەی كابینەی ڕاستەقینە لەگۆڕەپانەكە، والپۆل توانی ئەو كابینەیە بەڕێزەوە بپارێزێو دەست تێوەردانەكانی ئەنجومەنی وڵاتیش كەزیاتر لەلایەن دەربارەوە بوو، پوچەڵ بكاتەوە. سەركەوتنێكی تری والپۆل ئەوە بوو كە بەدرێژایی بیست ساڵ سەرۆكایەتیی خۆی، زۆربەی كات بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا باڵادەست بوو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەو برەوی بەدەوڵەت دا. سەرەنجام كاتێك دوای ٢٠ ساڵ ئارامی، پەلكێشیان كرد بۆناو جەنگێكی پێكەنیناویی ناسراو بەجەنگی (جینگینز ئێر) و بەكاریگەریی چەند شكستێكی سەربازی بەریتانیا، بەرە بەرە كۆنتڕۆڵی پارلەمانی لەدەستدا.

بۆیە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی جاران كارێكی ئاسان نەبوو. بەریتانیا سیستمێكی سەرۆك وەزیریی تاقی كردەوەو پەسەندی كرد كەلانی كەم دەتوانین بڵێین شێوەی سەرەتایی دەوڵەتێكی بەرپرسیار بوو.

والپۆل تاجەنگی ساڵی ١٧٣٩ بەكارامەیی ڕۆڵێكی دوفاقی ئەگێڕا. ڕۆڵی یەكەمی ئەو "وەزیری پاشا لەئەنجومەنی نوێنەران" و ڕۆڵی دووەمیشی "وەزیری ئەنجومەنی نوێنەران لەكۆڕو كۆبونەوەكانی دەربار" دا بوو.

ڕۆژگار هاتو چوو، ناكۆكیە كۆنەكانی نێوان توندڕەوەكانی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانو توندڕەوەكانی ناو ئەنجومەنی لۆردەكان (كە پێشینەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ویلیامی سێیەم ئەو دەمەی بوو بە جێنشینی جەیمزی دووەم)

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گەیشتە ئەوپەڕی. والپۆل سەرپەرشتیکردنی بەرەی دەربارو خەزێنەی لەناو کابینەکەیدا گرتە ئەستۆو، و بەرژەوەندییەکانی ئەوانی دەپاراست، بەڵام سەرکەوتنی لەوکارەدا لەمسۆگەرکردنی دەنگی ١٠٠ تا ١٥٠ کەس لەنوێنەرانی سەربەخۆی ئەنجومەنی یاسادانانەوە سەرچاوەی گرتبوو، کەزۆربەیان لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتەوە بەنوێنەر هەڵبژێردرابوون و هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان بە دەربار یا باڵی نەیاری دەربارەوە نەبوو.

ئەو ناچاربوو لەپای پێشنیارەکانی سەبارەت بە باجی سەر کاڵا خۆماڵیەکان و دانانی ڕێ و شوێنی دراوی بۆشازادەی وێلز دەست و پەنجە لەگەڵ چەند قەیرانێکی ترسناکدا نەرم کاتەوە.

نهێنیی سەرکەوتوویی ئەو لەوەدابوو، کە بەردەوام لەنزیکەوە گرنگیی بە وردەکارییەکانی ئەداو لەهەوڵی ئەوەدابوو، لەگەڵ ئەندامانی پارلەمان بەتەواوی لەیەکتر تێ بگەن.

ئەمەشیان سودی لەقانونی (٧ ساڵ جارێك[37]) ی ساڵی ١٧١٦ وەرئەگرت کەناوەرۆکەکەی بریتی بوو، لە بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنێکی گشتی هەر حەوت ساڵ جارێك. لەسەردەمی دوورودرێژی سەرۆك وەزیرییدا ناچاربوو تەنیا لەگەڵ سێ خولی هەڵبژاردن دا دەست و پەنجە نەرم کاتەوەو لەو نێوەدا سەرپەرشتی کردنی خەزێنەو ئەو ڕۆڵەی کەخەزێنە دەیتوانی لەناوچەکانی هەڵبژاردندا بیگێڕێ، لەگەڵ کەمیی ژمارەی دەنگدەراندا، کاریگەریی زۆری هەبوو. ئاسایشی کار بۆ حەوت ساڵ لەبەرامبەر (قانونی هەڵبژاردنی ٣ ساڵ یەکجار[38]) دا، تۆکمەتر بوو.

قانونی ٧ ساڵ جارێك ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئاسانتر دەکردو ئاکامی باشتری لەسەر ئاستی سیاسی و دراوی هەبوو. یەکەمین سەرۆك وەزیری بەریتانیا هەر لەسەرەتای سەرۆکایەتیی خۆیەوە پەی بەو ڕاستیەبرد کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەدەست ئەنجومەنی نوێنەراندایە لەبەرئەوە پێویستە ببێتە لایەنگری ئەنجومەنی نوێنەران. ئەو پلەی

---

[37] Thurlow
[38] War of Jenkins Ear





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سیناتۆری (ئەندامێتی ئەنجومەنی لۆردەکان) ڕەت کردەوە کە لەساڵی ١٧٢٣ دا بۆی پێشنیار کرابوو، هەرچەندە داوای کرد ئەو پلەیە بەکوڕەکەی ببەخشرێ.

بۆماوەی ١٢ ساڵ ئەو تاکە ئەندامی کابینەبوو کە لایەنگری ئەنجومەنی نوێنەران بێ، و لەڕاستیدا تاکە لایەنگرێکی ئەو ئەنجومەنە بوو لەناو کابینەکەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا دوو سەدەی خایاند تا بەدەستپێشخەریی جۆرجی پێنجەم کیرزۆن[39] ڕەت کرایەوە بۆ هەمواربونی ڕێ لەبەردەم (بالدوین) دا، بەوەش سەرەنجام ئەو نەریتە پیادەکرا کە پێویستە سەرۆك وەزیر لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەستنیشان بکرێ.

لەکۆی ٣٨ سەرۆك وەزیر کە دەکەونە نێوان والپۆل و (بالدوین) ەوە، ١٩ سەرۆك وەزیریان لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەکاندا هەڵبژێردراون.

بێگومان ئێمە سەرۆك وەزیرەکانی وەك دیزرائیلی کە لەکاتی گرتنەدەستی پلەی سەرۆك وەزیری بەپلەی سیناتۆر هەڵبژێردراون ئەژمار ناکەین یاخود ئەو سەرۆك وەزیرانەی کەلەماوەی نێوان دوو پۆستدا بەپلەی سیناتۆری گەیشتوون.

سەرکەوتوویی والپۆل لەو سەردەمەدا میراتی سەقامگیریی سیاسی دوای سەدەیەك ناکۆکی و پەشێوی هێنایە کایەوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کەسەرکەوتنەکانی ئەو بەچەند فاکتەرێکی تریشەوە بەندە. ئەو لەسیاسەتی دەرەوەو لەسیاسەتی ناوەوەشدا چەند سەرکەوتنێکی تۆمارکرد.

جێفری هۆڵمز[40] لەم بارەیەوە دەڵێ: (لەکۆتایی دەیەی ١٧٣٠ دا والپۆل دەیتوانی شانازی بەدەستکەوتەکانی خۆیەوەبکات کە بریتی بوون لەدەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی بۆماوەی ٢٥ ساڵ، و پەرەپێدانی بەرچاوی ئابوری (ڕەنگە جیهانیش)، و دابەزاندنی ڕێژەی باج، و بنیادنانەوەی ستراکچەری کۆمەڵایەتی لەڕێی ئاوێتەکردنی سودەکانی زەوی لەگەڵ سودەکانی پارەوە،و کەم کردنەوەی بەرچاوی نائارامیی سیاسی،

---

[39] Curzon
[40] Geoffrey Holmes

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

واتە هەموو ئەو شتانەی سەقامگیریی سیاسی لێ كەوتبۆوە، ئەوەش بەباشی هەستی پێدەكرا).

قسەكردن دەربارەی سەركەوتنە سیاسیەكانی ئەو ئاسانە، لەهەمان كاتدا شوێن ونكەریشە.

بەریتانیا بەدرێژایی سالآنی دورودرێژی ڕابردو تەنانەت چارەكسەدەیەكیش بێ شەڕوناكۆكیی دەرەكی نەبووە ئەوە ئەگەر ئاماژەش بە جەنگە ناوخۆكانو بەیاخی بوونی لایەنگرانی گەڕانەوەی پاشای لەسەركار لابراو جەیمزی یەكەم نەكەین. ئەمانە بەڵگەن بۆئەوەی كە سەردەمێكی پێشكەوتوو، و درەوشاوەی ئەوتۆ لەسیاسەتی دەرەوەدا نەبوە كە قابیلی بەراوردكردن بێ لەگەڵ سەردەمی سەرۆكایەتیی چاتام[41] یا تەنانەت (پالمەرستۆن) یشدا، والپۆل شانازی بەئیمزاكردنی پەیماننامەكانی بەریتانیا لەگەڵ ئیسپانیادا لەساڵی ١٧٢٩ و، لەگەڵ نەمسادا لەساڵی ١٧٣١ دا دەكرد، و ڕەنگە ئەم سەركەوتنانە كەمێك لەخۆی بایی كردبێ. ئەو باشتروابوو گرنگیی زیاتر بەسیاسەتی دەرەوە بدا وەك لەوەی زۆربەی كاتی خۆی بۆچارەسەركردنی ناكۆكییە ناوخۆییەكان تەرخان بكا.

سیاسەتی دەرەوەی لاوازو بێ ململانێی ئەو هەرچەندە بوو بەمایەی ئاشتیو ئارامیو دەرفەتی بۆ بەریتانیا ڕەخساند، كە لە لەوەڕگەكەی خۆیدا خۆی قەڵەوبكا، بەڵام زۆرجار نادیارو بێئاكام بووە. گرتنەبەری ئەم شێوازە بەریتانیای تاڕادەیەكی زۆر بەرەو گۆشەگیری پەلكێش كرد. پەیوەندیی باشی لەگەڵ فەرەنسادا، كە والپۆل بەگوڕوتینەوە هەوڵی بۆ دەدا، لەساڵی ١٧٣٥ دا ئاكامی پێچەوانەی لێكەوتەوەو هەرزوو دۆستایەتیی ئیسپانیاو نەمسای لەدەستدا.

جەنگی جەنگینزایر بەكامی دڵی والپۆل نەبوو هەربۆیە هێندەی نەمابوو پشتگیری پاشاو تەنانەت كابینەكەش لەدەست بدا. والپۆل بە دۆكی نیوكاسڵ[42] ی وت (ئەم

[41] Chatham
[42] Duke of Newcastle





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

جەنگە پیرۆزی خۆت بێ، هیوادارم چێژی لێ ببینی) لەگەڵ ئەوەشدا وڵات ئامادەی جەنگ بوو. والپۆل دەیتوانی لەناوەڕاستی دەیەی ١٧٣٠ دا بەجەنگە كۆلۆنیالیەكانو بە پەیداكردنی بازاڕی نوێ پێش ئیسپانیا بكەوێ.

ئیسپانیاش دەیتوانی سود لەسیاسەتی ئاشتیخوازانەی خۆی وەرگرێو سەرەنجام سود لەدەرفەتە بازرگانیە تازەكان وەرگرێ بەمەرجێ لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی بەریتانیادا دژ نەبێ، بەڵام وانەبوو.

جەنگی جینگینزایر بە دڵی خەڵكی بوو لەكاتێكدا بەدڵی والپۆل نەبوو، و نەچووە ژێر باریەوە. هەمان ئەو بێمەیلییەی بوو كەسەرەنجام كۆتایی بە دەسەڵاتی هێنا.

هەرچەندە والپۆل هیچی وای بۆ پلەو پایەی بەریتانیا لەدەرەوەی سنورەكانی زیادنەكرد، بەڵام ٢٥ ساڵ ئاشتیو ئارامیی بۆدەستەبەركرد كە ئەوەش بۆ سەقامگیریی سیاسیی ناوخۆ زۆر پێویست بوو. سیاسەتە ئابورییەكانی بنەمای ناوبانگی ئەو بوون كاتێك كە لەژیاندا بووەو هەروەها دوای مردنیشی.

بەكۆتایی هێنان بە قەیرانی دەریای باشوور[43] متمانەی خەڵكی بەدەست هێنایەوەو سەنگی دەوڵەتەكەشی زیاتر كرد. بەرلەوقەیرانە، دانەوەی قەرزە گشتیەكانی دەوڵەتی بە سودێكی كەمتر دەست پێكردو لەپێناو دانەوەی قەرزەكانی جەنگدا، شێوازێكی گرتە بەر كە بەر لە حەفتا ساڵ لەلایەن پیتی لاوەوە گیرابووە بەر. بودجەی بەجێگری هێشتنەوەو ڕێنوێنییەكانی گومرگی سادەتر كردەوەو چەند چاكسازییەكیشی لەبەڕێوەبردنی داهاتەكاندا ئەنجامدا بە پێشنیاری خۆی باجی بەسەر كاڵا خۆماڵیەكاندا سەپاندو بەوەش لەساڵی ١٧٣٣ دا ڕووبەڕووی مەترسی شكست بۆوە لەپارلەمانداو ناچاربوو بۆخۆدەربازكردن لەدەست لەكاركێشانەوە، لەوپێشنیارەی پاشگەزبێتەوە.

(دواتر ئەم ئەركە خرایە ئەستۆی پیتو ئەویش سەركەوتوانە ڕەزامەندیی پارلەمانی بۆ دەستەبەركرد) سیاسەتی بازرگانیو دانانی تاریفە لای والپۆل لەسەر بنەمای

[43] South Sea Bubble

سیاسـەتێكی پـشتیوانی دارێـژرابوو: شـۆڕش كـردن بەسـەر ژێرخـانی ئابوریـدا دەبوایـە نیوسەدەی تر دوابخرایەو لەسەردەمی ئادەم سمیسو لایەنگرەكانیـدا بەئـەنجام بگەیـشتایە. والپۆل لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی ڕوولـەزیادبووی پارلەمانـدا بێدەستەوسـان دانەدەنیـشت، بەڵكو ڕاشكاوانە ئەركی خۆی لەبەرامبەر پارلەمانو هەروەها لەبەرامبەر تاجیشدا بەجێ دەگەیاند.

دوای ئەو بەریتانیا پەی بەگرنگیی قەوارەی سەرۆك وەزیری بردو دركی بەپێویـستیی ئەو قەوارەیەكرد لەژیانی سیاسیداو نەیتوانی ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە.

والپۆل سەبارەت بە سالانی دوای خۆی، ئەو سالانەی كە حكومـەتە كـەم تەمـەنـەكانو سەرۆك وەزیرە جـۆراو جۆرەكـان دەهاتنـە سـەركارو لەسـەر كـار نـەدەمان، وتبـووی كـە بـەریتانیا لـەژیانی سیاسـیی خۆیـدا هەمیـشە پێویـستی بەسـەركردەیەكی كارایـە، سەركردەیەك كە مانەوەو بەردەوام بوونی خزمـەتەكانی بەتەواوی بەنـدە بـە بەرپرسـیارێتی لەبەرامبـەر ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا. ئـەم كتێبـە، مێـژووی سـەدەی هەژدەهەمینـەو مـن (نوسەر) بەنیازنیم بـاس لەسـەرۆك وەزیرەكـانی دوای والپـۆل بكـەم، وەك ویلمیـنگتن[٤٤]، پێلهام[٤٥]، پات، نیوكاسڵ[٤٦]، والد گریو، داونـشیر، بیـوت[٤٧]، گرینڤیـل[٤٨] و راكینگهـام، بـەڵام بەپێویـستی دەزانم كـە ئامـاژە بـە سـەردەمی سـەرۆكایەتیی (ویلیـام پیـت) ی گەورەبكەم، كەنازناوی كۆنتی (چاتام) ی پێ بەخشرابوو.

هەڵبەت بۆئەوەنا كە بێ ئاماژە كردن بەو، ناسینی تەواوی پیتی لاو مەیسەر نابێ، بەڵكو بۆئەوە كە مێژووی سیاسیی بـەریتانیا لەبەشـێكی زۆری نیـوەی دووەمـی سـەدەی هـەژدەدا لـەژێر كاریگـەریی جـاڕی سـەربەخۆیی ئـەمریكادا بـووە، و ئـەم پێـشهاتەش لەسـەردەمی سـەرۆكایەتیی پیتـی گـەورەو سـالانی سـەرەتای سـەرۆكایەتی پیتـی لاو


[44] Wilmington
[45] Pelham
[46] New Castle
[47] Bute
[48] Greenville





كابینەكەی ئەودا بووە. هەربۆیە ناتوانم ئاماژە بەماوەی سەرۆكایەتیی گرافتـۆن، نـۆرسو شێلبیورن[٤٩] نەكەم.

ویلیام پیت، كۆنتی چاتام، پلەو پایەیـەكی بـاڵای هەیـە لـەنێو سـەرۆك وەزیرەكـانی بەریتانیادا.



تابلۆیەكی ویلیام پیت كە برۆمپتن لە ساڵی ١٧٧٢دا كێشاویەتی

لەنێو سەركردە مەزنەكانی سەردەمی جەنگیشدا، هیچی وای لەكوڕەكەی، پیتی لاو، لۆید جۆرجو وینستۆن چێرچیل كەمتر نییە.

[49] Shelburne

سەبارەت بە ویلیام پیت ئاماژە بەخاڵێك كراوە كەباس لەوە دەكا ئەو هیچ كات بەشێوەیەكی رەسمی سەرۆك وەزیر نەبووە، بەڵكو لۆردی یەكەمی خەزێنە بووە، بەڵام راستی ئەوەیە كە ئەو سێ جار كراوە بەسەرۆك وەزیرو لۆرد بلیك لەكتێبەكەیدا بەناوی (پلەی سەرۆك وەزیر) ناوی ئەوی لەناو لیستی سەرۆك وەزیرەكانی دوای والپۆل داناوە بە پەیرەوی كردن لەریزبەندیی كاتو نوسیویەتی كە پیتی گەورە یەكەمین كابینەی خۆی دوای وازهێنانی نیوكاسڵو بەر لە دەست بەكاربوونی دوانشیر لەتشرینی دووەمی ١٧٥٦ تا نیسانی ١٧٥٧ پێكهێنا. هیچ كەس لەگەڵ ئەو راستیەدا ناكۆك نییە كە پیت لەهەرسێ كابینەكەیدا، سەرەرای ئەوەی لەدوو كابینەی یەكەمدا، پۆستی وەزیری كاروباری دەرەوەی باشوری ئیمپراتۆریی، و لەكابینەی سێیەمدا، پلەی مۆرداری مەلەكیی گرتۆتە دەست، سەرۆكی حكومەتی پاشاش بووە. ئەو بەدرێژایی سەرۆكایەتیی خۆی لەژێر كاریگەریی دوو بیرۆكەدا بووە: بەهێزكردنو تۆكمەكردنی بازرگانیو ئیمپراتۆریەتی كۆلۆنیالی بەریتانیاو توانای سەربازیو دەریایی لەسەر ئاستی جیهان.

پیت دەیووت: (كاتێك بەرژەوەندییە بازرگانیەكان روبەرِوی مەترسی بونەوە... ((یا)) دەبێ بەرگری لێ بكرێ یا دوچاری شكست بین.) ئەم قسانەی لەبانگەشەی هەڵبژاردنەكەیدا دەكرد كاتێك لەساڵی ١٧٣٠ دا چووە ناو پارلەمانەوە، دواتریش وەك پاساوێكی بەجێ لەداواكردنیدا بۆ جەنگی ئیسپانیا بەكاری هێنا. جەنگە ئەوروپاییەكانو ئەو سەندیكایانەی گرفتاری چەندین كێشەی قوڵ ببوون، و بەتایبەت ئەو بیرۆكەیەی كە دەڵێ پێویستە بەرژەوەندیی جیهانیی بەریتانیا بكرێتە قوربانیی بەرژەوەندییەكانی هانور[٥٠]، وەك پێویست سەرنجی رانەكێشا. دوای جەنگینزایەرو جەنگەكانی جێنشینیی نەمسا، پیت چاوی برِییە ئاسۆیەكی گەورەتر، وەك ناوچەكانی

[٥٠] ـ دوابەدوای یەكگرتنی نێوان بەریتانیاو پروس، پاشاكانی بەریتانیا لەجۆرجی یەكەمەوە (١٧١٤) تا شاژن ڤیكتۆریا لەبنەماڵەی (هانور) بوون. لەبەریتانیای ئەوكاتەدا دەستەیەك لەدەسەڵاتداران دژی ئەو یەكگرتنە بوون، و لەساڵی ١٧٥١ دا ئامادە بوو پشتیوانی لەئاشتیەك بكا كەهیچ كام لەوئامانجەی نەدەپێكا كەپێشتر مەبەستی بوو، و بەرژەوەندییەكانی بەریتانیای پێوە بەندبوو.





ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیی باكورو باشور، ناوچەی كاریبی، كەنارەكانی هیندستانو دەریا پانو بەرینەكانی خۆرهەڵات. تەنیا لەساڵی ١٧٥٦ دا كە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی پێ درا، لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی خۆرئاوادا كاری كردو بەپێچەوانەی رابردووەوە گرنگیی بە بەرژەوەندییەكانی خانەدانی هانور دا: ئەو وتارەی كە بۆ پاشای بەریتانیای ئامادەكردبوو چەند دەستەواژەیەكی تێدا دانابوو كە باسیان لەپاراستنی بەرژەوەندییەكانی هانور دەكرد، بۆئەوەی پەیوەندیی گرژو ئاڵۆزی خۆی لەگەڵ هانورو لەگەڵ پاشاشدا ئاسایی بكاتەوە.

پیت لەسەروبەندی جەنگێكی تردا كە لەساڵی ١٧٥٥ دا لەسەر لێواری بەرپابوون بوو، ململانێیەكی لەگەڵ حكومەتی ئەوكاتەدا دەست پێكرد كە تەنیا لەگەڵ ململانێكەی چێرچل لەگەڵ حكومەتی بەریتانیا لەساڵی ١٩٣٠ دا قابیلی بەراورد بوو[٥١]. لەم ململانێیەدا حكومەت تۆمەتی ئەوەی درایە پاڵ كە حكومەتێكی بێ توانایەو باڵادەستیی بەریتانیای بەسەر دەریاكاندا خستۆتە مەترسییەوەو لەئەمریكاش غافڵ بووە، و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاش روبەرِوی لاوازی بۆتەوە.

ئەو رەخنەی ئاراستەی بەخشینی خەرجیی زیاتری سەربازی بۆ بەرزكردنەوەی ورەی سەربازە ئینگلیزەكانی جێگیر لە ئەمریكاو بەهێزكردنی توانای بەرگرییان كردو ووتی لەبری ئەوە باشترە ئەمریكا بەهێزبكرێو ژمارەی كەشتیەكان زیاتر بكرێن، و مێلشیای میللی پێكبهێنرێ.

هەروەها حكومەتی ئاگادار كردەوە لەوەی بەریتانیا مینۆركا[٥٢]، لەدەست دەدا. پاشا بەهیچ جۆرێك ئامادە نەبوو دەسەڵاتی حكومەت بەو بسپێرێ، بەڵام لەبەرئەوەی پێكهێنانی حكومەتی فۆكس پێویستی بەكۆمەكی ئەو بوەو پیت ئامادەی كۆمەك نەبوو، ناچار روی لەو ناو مەرجەكانی بۆ پێكهێنانی حكومەت قبوڵكرد.

[٥١] ـ لەساڵی ١٧٥٥ دا پیتی گەورە ئەندامی پارلەمان بوو لەبەرەی نەیاری دەوڵەتدا. و.

[52] - Minorca.

پیت پێڕستی ئەندامانی كابینەكەی خۆی ئامادەكردو داونشیری كرد بەسەرۆكی كارتۆنیی دەوڵەتو داوای كرد نیوكاسڵ (سەرۆكی ئەودەمەی حكومەت) وازبهێنێو لێكۆڵینەوەش لە كەم تەرخەمیو ناكامیەكانی حكومەتەكەی بكرێ.

پیت تەنیا لەتشرینی دووەمی ١٧٥٦ تا نیسانی ١٧٥٧ لەسەركار بوو دوای ئەوە لەسەركار لابرا.

بەدرێژایی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی زێدەڕۆیی زۆری كردو لەماوەی پێنج مانگدا ئەو سەربازە ئەڵمانیانەی ڕەوانەی وڵاتەكەیان كردەوە كە بۆشەڕكردن لەبەرژەوەندیی بەریتانیا هێنرابوون، میلیشیایەكی میللی پێكهێناو بەرنامەیەكی گەورەی كەشتی سازی پیادەكرد، گرنگی زیاتریشی دا بەدروستكردنی كەشتیی بچووكی شەڕكەر.

لەوماوەیەدا، چەندە لەلایەن دەربارو ناوەندەكانی دەسەڵاتەوە مایەی بێزاری بوو، دوو هێندە لەلای خەڵكی سەرتاسەری وڵات خۆشەویست بوو. نیوكاسڵ كە دوای لەسەركار لاچوونی پیت پەی بە پێویستیی گەڕانەوەی برد، دوای ئەنجامدانی زنجیرە دانوستانێك، لەگەڵیدا بەرێكەوتنێك گەیشتو قەناعەتی بەپاشاش كرد. پیت وانەیەكی لەم كەینو بەینە هەڵهێنجاو هەڵوێستی پێشووی دەربارەی هانور گۆڕیو لایەنگریی خۆی بۆ یەكگرتن لەگەڵ (پروس) دا دوپات كردووە، وستراتیژی ئەسڵیی ئەو، باڵادەستی بەسەر دەریاكانداو بەرفراوانكردنی بەرژەوەندیەكانی ئیمپراتۆریەت لەسەر حسابی داكشانی بەرژەوەندییەكانی فەرەنساو سودوەرگرتن لەسەرجەم ئەم هۆیانەو گرتنەبەری هەڵوێستێكی بەهێزو جێگیر سەبارەت بەسەرجەم وڵاتانی تر، بەمەبەستی ناچاركردنیان، بوو بە قبوڵكردنی ویستی ئیمپراتۆریەت.

١٧٥٨ ـ ٩ ساڵی سەركەوتنە مەزنەكان بوو. سەركەوتنی پروسەكان بەسەر فەرەنسیو نەمسایی یەكاندا، داگیركردنی لویس بێگ[٥٣]، كردنەوەی تەنگەی سان

[53] Louisburg





لۆران[٥٤]، داگیركردنی قەڵای دوكسنە[٥٥]، لەئۆهایۆ ((كەجارێكی تر بەناوی (فۆرت پیت) ەوە ناونرا))، دەرهێنانی گوادەلوپێ[٥٦]، لەژێردەستی فەرەنساو شكست خواردنیان لە میندن[٥٧]، لەناوچوونی كەشتیگەلی فەرەنسا لەكەنداوی لاگۆس، لەمانگەكانی كۆتایی ١٧٥٩ دا، گرتنی كیوبیك[٥٨]، و گرتنەدەستی كۆنترۆڵی كەنداوی فەرەنسا (كە ئاكامەكەی بە داگیركردنی مۆنتریال لەساڵی ١٧٦٠ دا گەیشت) و سەركەوتنی هۆك[٥٩]، بەسەر (برێست)[٦٠] دا لەكەنداوی كویبرۆن[٦١].

كە جۆرجی سێیەم دەسەڵاتی گرتەدەست بەرەبەرە پیت نفوزی خۆی لەدەستدا. لەوكاتەدا لەبەریتانیا ماندوو بوونی خەڵكی لەجەنگو نیگەرانیان لەباج هەستی پێدەكراو (سیتی)[٦٢] ش دوچاری نیگەرانی بووبوو. پیت پشتیوانی كابینەی لەدەستداو بەوشێوەیە زانرا كەبەم زوانە پەیماننامەیەكی ئاشتی ئیمزادەكرێ كەجێی ڕەزامەندیی ئەونییە.

گوڕوتینی زۆر بۆ شكستهێنانی كەشتیگەلی ئیسپانیا لە بەرامبەر كەشتیگەلی مەلەكیی بەریتانیادا، جێی خۆی بەئیمزاكردنی پەیماننامەی ئاشتی داو پیت كە نەیدەتوانی بچێتە ژێر باری پاشەكشەیەكی ئاواوە، دەستی لەكاركێشایەوە. كاتێك ئەو پەیماننامەیە لەلایەن پارلەمانەوە تاوتوێ كرا، پیت بەسەختی نەخۆش بوو، وسور بوو لەسەر ئەوەی بیبەن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران. لەوێ دەرفەتی پێدرا بەدانیشتنەوە بدوێ. بەوحاڵەوە ماوەی سێ سەعاتو نیو بەدژایەتیكردنی ئەو ئاشتییە سەرشۆڕكەرە نەڕاندی،

[٥٤] دەربەندێكە لە كەنەدا

[55] Duquesne
[56] Guadeloupe
[57] Minden
[58] Quebec
[59] Hawke
[60] Brest
[61] Quiberon Bay

[٦٢] (City) سیتی

مەكتەبی بیروهۆشیاری

و ووتی ئەم ئاشتییە ڕیسوایە لەچاوتروكاندنێكدا هەموو ئەو دەستكەوتانە بەبا دەدا كە بەریتانیا بەهەوڵێكی زۆر بەدەستی هێناون. دوابەدوای ئەو دانیشتنە ئاگرینە، پیت ماوەی سێ ساڵ بێدەنگی هەڵبژاردو وەك بینەرێك تەنیا تەماشای دەكرد.

زۆربەی كات بەسەختی نەخۆش بوو وبیری پەشێوی هێندەی تر دەردەكەی كاری دەكرد.

ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو خەڵكیش دەوریان لێدەداو گوێیان لەقسەكانی دەگرت. داكۆكیكردنی هەمیشەیی لەئەمریكیەكان لەوكاتەدا، و بەتایبەت دوای وازهێنانی كردبوویە پاڵەوان. پاڵەوانێكی تەنیاو ژیر كە لەبەرامبەر ئەو ڕێوشوێنە بەسوێو پڕشەرمەزاریانەدا ڕاوەستابوو كە تادەهات كۆڵۆنینشینەكانی بەریتانیای زیاتر وەرس دەكرد.

لەحوزەیرانی ساڵی ١٧٦٦ دا پیت بەو مەرجانەی كە بۆ قبوڵكردنی پۆستی سەرۆك وەزیری دەستنیشانی كردبوو، بۆدوایین جار گەڕایەوە بۆگۆڕەپانی دەسەڵات.

ئەمجارەیان گرافتۆن، كامدن[٦٣] و شلبرنی وەك نزیكترین یاریدەدەرانی خۆی دەستنیشان كردو ئەندامانی تری كابینەكەی بەكامی دڵی خۆی لەنێو گروپەكانی تردا هەڵبژارد تا لەم ڕێیەوە ڕێگربێ لەبەردەم پاشادا كە بەدوبەرەكی نانەوە لەناو كابینەدا، دیسپلینی گروپێك تێكو پێك بدا. پاشا بەئاشكرا دەیوت كە (پێویستە ڕەگو ڕیشەی تەكەتول لەناو حكومەتدا لەبنەوە هەڵكۆڵین) پیت لەم كابینەیەدا مۆرداری تەختو دۆكی گرافتۆنو لۆردی یەكەم بوو. لەو كاتەدا تەمەنی سی ساڵ بوو، ولاوترین سەرۆك وەزیر بوو دوای پیتی لاو. پیتی گەورە هێندە نەخۆش بوو توانای ئەوەی نەبوو نوێنەرایەتی حكومەت لەپارلەماندا بگرێتە ئەستۆ، بۆیە وەك كۆنتی چاتام چوە ناو ئەنجومەنی لۆردەكانەوەو بەم كارەی، وەك بیبلۆگرافیستێك ئاماژەی پێداوە، هەربەتەنیا ڕۆڵی خۆی وەك لایەنگرێكی ئەنجومەنی نوێنەران لەدەست نەدا بەڵكو چووە ناو

63 Camden





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەنجومەنێكی تەشریفاتیی داخراوی ئەوتۆوە كە هیچ ڕێگەیەكی لەبەردەمدا نەهێشتبۆوە كە بتوانێ سەركەوتنی پارلەمانیی تر بەدەست بهێنێ.

بەڵام پیت سەرەڕای نەخۆشیەكەی، هێور نەبۆوەو بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەكانی خۆی چەندین نامەی بۆ یەك بەیەكی وەزیرەكانی كابینە ڕەوانەكرد تا هزریان بەئاراستەی بۆچونەكانی خۆی بەرێ.

لەكاتێكدا ئامانجە ئەسڵیەكانی ئەو وەك ئاشتی لەگەڵ ئەمریكیەكاندا، و لەناوبردنی مەیلی جیابونەوە، كەمكردنەوەی دەسەڵاتی مەندوبەكانی كۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات، و هێنانەكایەی یەكێتییەكی هەنوكەیی لەنێوان بەریتانیا، ڕوسیاو پروسدا بەرەوپێش چونێكی ئەوتۆی بەخۆوە نەدی.

هەرزوو نەخۆشیەكەی، كەزیاتر نەخۆشیەكی دەرونی بوو، لەگەڵ نیشانەكانی نەخۆشیی جەستەیی كە لەشێوەی ئیفلیج بووندا لێی دەركەوت، ئاوێتەی یەكتر بوون. هاوكارەكانی بەناوی ئەوەوە درێژەیان بەچالاكیەكانی دەدا، و پیت لەڕاستیدا لەمارسی ١٨٦٧ ەوە، لەچالاكی كەوت، و لە ١٤ ی تشرینی یەكەمی (١٧٦٨) ەوە بەڕەسمی دەستی لەكارەكەی كێشایەوە. كەلەش ساغ بوو، دە ساڵی كۆتایی ژیانی، پیت یەكێك بوو لەڕەخنەگرە سەرسەختەكانی حكومەتەكەی گرافتۆنو جێنشینەكانی تری، و چەندین جار بەو نفوزەی كە مابووی ئامۆژگاریی حكومەتەكانی بەریتانیای دەكرد، تا ڕێوشوێنێكی ئاشتیخوازانە بگرنەبەر بۆ چارەسەركردنی كێشەی كۆڵۆنینشینەكانی ئەمریكای باكور.

گرافتۆن تا كانونی دووەمی ساڵی ١٧٧٠، وەك سەرۆكی حكومەتێكی ناكام لەسەر كارمایەوە.

ئەو بەدرێژایی سەرۆكایەتی خۆی ماوەیەك چاوەڕێی كردو دڵی خۆی بەوەخۆش كرد كەپیت چاك بێتەوە، بەوهیوایەی چارەسەرێك بۆكێشە ئاڵۆزەكانی حكومەتەكەی بدۆزێتەوە، بەڵام نەخۆشیی پیت وەك نەخۆشیەكەی جۆرجی سێیەم، موزمین بوو، زۆرجار

مەکتەبی بیروهۆشیاری

كە هەڵیدەدایەوە بەرەوشێتی پەلكێشی دەكرد. سەرەنجام بەكامی دڵ گەیشتو پاشا لەپێناو دۆستایەتیی نێوانیان، دەست لەكاركێشانەوەكەی پەسەندكرد. گرافتون لەماوەی سەرۆك وەزیریەكەیدا گیرۆدەی چەندین كێشەو كۆسپی هەنوكەیی بوو، یاخی بوونەكانی ساڵی ١٧٦٨ یەكێك بوو لەوكێشانە كە بەیارمەتیی (وەی ماوس)[٦٤] ی یاریدەدەری نزیكی دامركایەوە. كێشەیەكی تری ماوەی سەرۆكایەتیەكەی بریتی بوو لەبەردەوامبوونی مەسەلەی ویلكز[٦٥]. بەڵام كێشەی بنەڕەتیی ئەو بارودۆخی ئەمریكاو مەسەلەی كۆلۆنینشینە ئەمریكیەكان بوو، كەهەڵوێستێكی وروژێنەری لەبەرامبەریاندا دەگرتەبەر، ڕێو شوێنە وروژێنەرەكانی (وایت هۆڵ[٦٦]) یش پاساوی زیاتری دەدایە دەستیان. سەرەنجام گرافتۆن لەكانونی دووەمی ساڵی ١٧٧٠ دا لەتەمەنی ٣٤ ساڵیدا، دەستی لەكاركێشایەوە. پیتەر دۆرانت[٦٧] سەبارەت بەگرافتۆن نوسیویەتی: (ئەو بەرلەوەی مێشكی خۆی لەدەست بدا، مەیلی بۆ درێژەدان بە كارەكەی لەدەستداو لێی ساردبۆوە. ویگەكانی راكینگهام، كە تاقمێكی هاوئاهەنگو یەكگرتووبوون، هاتو هاواری زۆریان سەبارەت بەكێشەی ویلكز نابۆوەو چاتامیش نەیارێكی سەرسەخت بوو، ولەوەختو ناوەختدا دەمی دەكردەوەو قسەی دەكرد. پاشا دەست لەكاركێشانەوەكەی بەجۆرێك لە (وازهێنان لەخزمەت) لەقەڵەم دا. وەزیرانی كابینەكەی بەدوای ئەودا دەستیان لەكار كێشایەوە. جێنشینی دیاری ئەو لۆرد نۆرس بوو. رافتۆن دوای وازهێنان، پشتگیریی لەسیاسەتەكانی نۆرس سەبارەت بە ئەمریكا كرد، بەڵام لەساڵی ١٧٧٥ دا كاتێك كە هاوكارەكانی پێشووی بڕیاریان دا گوشار بخەنە سەر كۆلۆنی نشینەكانو هەڕەشەیان لێبكەن، لەگەڵیاندا ناكۆك بوو، لێیان جیابۆوە.

---

[64] Weymouth

٦٥ – John Wilkes ڕیفۆرم خوازی ئینگلیزی كە لەنێوان ساڵانی ١٧٢٧ و ١٧٩٧ دا ژیاوە ـ و.

٦٦ - Whiteholl وایت هۆڵ واتا دەوڵەتی بەریتانیا ـ و.

[67] Peter Durant





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەركاتێك داوا لەبەشێك لەنوێنەرانی گەل (مەبەست نەیارانی سەربەخۆیی ئەمریكایە) بكرێ تا خراپترین سەرۆك وەزیر لەمێژووی بەریتانیا دەستنیشان بكەن، ئەگەری ئەوە هەیە زۆربەیان لۆرد تۆرس بەخراپترین سەرۆك وەزیر لەقەڵەم بدەن.

سەدەو نیوێك لێكدانەوەی مێژوویی هێشتا پێویستیی بە دوبارە كردنەوەی حوكمی نەوەكانی ئایندە سەبارەت بەنۆرس هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نۆرس بەپیاوێكی دەوڵەتی شایستە، نوێنەرێكی بەرجەستەو وتاربێژێكی بەتوانا لەئەنجومەنی نوێنەراندا لەقەڵەم دەدرا. ڕەنگە خەتای ڕۆژگار بوبێ كە بەكامی دڵ نەدەگوزەرا. یا ڕەنگە بە كەڵەكچێتی ئەویان كردبێتەسەرۆكی دەوڵەت. بەڵام ئەوەی كە تائێستا ساغ بۆتەوە هیچ كام لەهاو سەردەمەكانی دەستیان لەم كارە دانەبووە.



لۆرد نۆرس سەرۆک وەزیری بەریتانیا کە کۆڵۆنیە ئەمریکیەکانی لەدەست دا. تابلۆیەکی (ئێن.دانس)ە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە ئەوە بزانین کە نۆرس میراتگری چەندین کێشەی مەزن بوو، بەتایبەت کە بەرلەوەی بێتەسەرکار، پەیوەندیی بەریتانیا لەگەڵ کۆلۆنینشینە ئەمریکیەکان، گەیشتبووە ئەوپەڕی گرژیو قابیلی ئاسایی کردنەوە نەبوو، خودی ئەو لەهەموو کەسێکی تر زیاتر پەی بەو ڕاستیە بردبوو. بەرچاوکردنی هەموو ئەم خاڵانە، ئەگەری ئەوە لەئارادایە حوکمێکی دادپەروەرانەی بەسەردا نەدرابێ، ئەڵبەتە لەدەستدانی کۆلۆنییە ئەمریکیەکان لەگۆشەنیگای خەڵکی بەریتانیاوە لەساڵی ١٧٦٦ و لەورۆژگارانەدا، (ڕوداوێکی بەد)[٦٨] بوو، ئەوکەسانەی لەوکاتەدا (کاتی دەرچوونی جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا) لەیۆرك تاون[٦٩] دەژیان، مافی خۆیان بوو ڕوداوێکی ئاوا بەنیشانەی کۆتایی هاتنی سەردەمی سەروەریی بەریتانیا بزانن.

لەو کاتەدا بەریتانیا لەبەردەم شۆڕشێکی پیشەسازیو بازرگانی نوێدابوو کە ئاکامی گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنۆلۆژیا بوو، گۆڕانکارییەك کەهەرچەندە لەگۆشەنیگای مرۆیی‌و کۆمەڵایەتیەوە بەنرخێکی زۆر تەواو بوو، بەڵام لەبەرامبەردا بەریتانیای بۆماوەی سەدەیەك کردە ناوەندی پیشەسازیی جیهان. جگەلەوە سەرەڕای سیاسەتە کاڵفامەکان‌و هەڵسەنگاندنە هەڵەکانی پاشاو کابینەکەی، هێشتا بەتەواوی ئاشکرا نەبووە کەئەگەر پیت‌و گرافتون کاروباریان لەدەستدا بمایە داخۆ بارودۆخ دوای ساڵی ١٧٧٠ جۆرێکی تر دەبوو، و بەریتانیا لەوگێژاوە ڕزگاری دەبوو یاخود نا.

کاتێك نۆرس لەکانونی دووەمی ١٧٧٠ دا لەجێی دەوڵەتەکەی گرافتون دەست بەکاربووە، گرتەوە، ئومێدێکی ئەوتۆ بە بەردەوام بوونی دەوڵەت نەدەبینرا.

هۆکاری (ئەم بارە نادیارەش) گرژیەکانی ساڵانی دواییـنی سەرۆکایەتیی گرافتۆن‌و هەروەها بەردەوام بوونی مەسەلەی ویلکز بوو کە لەناوەوەو دەرەوەی پارلەمانیشدا

٦٨ ـ ئاماژەیەکە بەماوەی دەسەڵاتی ئیدواردی چوارەم کە ئینگلیزەکان بەماوەی ئاڵتونیی لەقەڵەم دەدەن‌و بەپێوەری باشی‌و خراپی بارودۆخەکانی دەزانن ـ و.

69 York Town





مەكتەبی بیروهۆشیاری

کێشەی نابۆوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لەکۆتایی ئەوساڵەدا، نۆرس بە زۆرینەیەکی بەهێزی پارلەمانی، کاروباری گرتەدەست. بەڵام بەداخەوە ڕێو شوێنە ناگونجاوەکانی لەندەن سەبارەت بەقانونی پول‌و ئەو هەولانەی کە بۆدەستێوەردان لە کاروباری بازرگانیی کۆلۆنینشینە ئەمریکیەکان درا، بارودۆخەکەی بەئاراستەیەکی ئەوتۆدا بردبوو کەپاشگەزبونەوە لێی ئەستەم بوو.

لەساڵی ١٧٧٢ دا توندڕەوەکانی ڕۆد ئایلاند[٧٠] دەستیان گرت بەسەر کەشتیی (گاسپی)[٧١] دا کە بۆگەیاندنی داهاتی کۆلۆنیەکان‌و باجەکانی دەوڵەت بەرەو کەنار هاتبوو.

کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا دەسەڵاتی ئەوتۆیان دەدا بەو کەسانەی لەلایەن لەندەنەوە کرابونە مەندوبی کۆلۆنیە ئەمریکیەکان. و بەشێوەیەك لایەنی چەوسانەوەی تێدا بوو، ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی ئەو کۆلۆنیانە لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە ئیدارەی ناوخۆ ناچاربکەن بارودۆخەکە ڕون بکەنەوە لەکاتێکدا ئەو ئیدارەیە پێی وابوو دەبێ تەنیا لەبەرامبەر لەندەندا ئەوکارە بکا.

پێشهاتی چا لە بۆستن[٧٢] کە دوای ساڵێك ڕویدا، بەریتانیای ناچارکرد بۆ دامرکاندنەوەی کۆلۆنی نشینەکانی هێزی دەریایی‌و زەمینی بەکاربهێنێ.

نۆرس بەهەڵەدا چوو، و نەیتوانی ڕێو شوێنی گونجاو بگرێتەبەر. سەرەنجام لەساڵی ١٧٧٤ دا کۆلۆنی نشینەکان کە تائەودەمە لەیەکتری جیابوون، کۆنگرەیەکی سەرتاسەرییان گرێداو هەڵوێستێکی یەکگرتویان وەرگرت .

70 Rhode Island

71 Gaspi

٧٢ ـ ئەویاخی بوونە بوو کە لە ١٦ ی کانونی یەکەمی ١٧٧٣ دا لەلایەن کۆلۆنی نشینە ئەمریکیەکانەوە دژی ئینگلتەرە لەبەرامبەر سەپاندنی باج بەسەر هاوردەی چا دا کراو تیایدا کۆلۆنی نشینەکان خۆیان کرد بە هیندیە سورەکان‌و چونە ناو ئەوکەشتیە ئینگلیزیانەوە کە لەبەندەری بۆستن لەنگەریان گرتبوو رسیپەچاکانیان فڕێ دایە ناو ئاوی دەریاوە. بۆستن بەندەرێکی گرنگ‌و ناوەندی ویلایەتی ماسا چۆسیتسە ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەرچەند زۆر درەنگیش بوو، بەڵام نۆرس لەساڵی ١٧٧٥ دا پێشنیارە ئاشتی خوازییەكەی خۆی خستەڕووو چەند ڕێو شوێنێكی گرتەبەر بۆ سنورداركردنی هێزی دەریایی، بەڵام لەساڵی ١٧٧٦ داو دوابەدوای جاڕی سەربەخۆیی، شەڕ دەستی پێكرد. ستراتیژی بەریتانیا لە ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی خۆی كەسێ هەزار میل دەبوو، ئەوەبوو كە بەدانانی كۆسپو بەربەست لەنێوان هێزەكانی نێو ئینگلاندو هێزەكانی تر، كۆلۆنی نشین یاخیبوەكانی نەیاری بەریتانیا لەیەكتر دابڕێو بەوشێوەیە لاوازیان كا.

لەمانگی تشرینی یەكەمدا هو[٧٣] (فەرمانبەری ئینگلیزی)، فلادیلفیای داگیركرد. داگیركردنی فلادیلفیا زیاتر سیمبۆلیك بوو، لەبەرئەوەی یەكەمین كۆنگرەی سەرتاسەریی كۆلۆنینشینە ئەمریكیەكان لەوێ گرێ درابوو كە ئاكامەكەی جاڕی سەربەخۆیی لێ كەوتەوە، بەڵام دوای چەند هەفتەیەك هێزەكەی بێرگوبن[٧٤] لەساراتۆگا[٧٥] ناچاركرا خۆی بدا بەدەستەوە. نۆرس بە باشی پەی بەگرنگیی ئەم شكستە برد: "ئاكامەكانی ئەم ڕووداوە ڕەنگە زۆرگرنگو جدی بێو بەدڵنیاییەوە چەندین گۆڕانكاریی بنەڕەتی لەسیستمی ئەودەمەدا لێ دەكەوتەوە.) نۆرس تەواو وەك كەسێك وابوو كەدڵی لەدەست دابێ.

ساراتۆگا بۆ ئەو وەك نەرویژ بوو بۆ چەمبەرلین، بۆیە كە توانای درێژەدانی بەكاركردن نەما ویستی دەست لەكار بكێشێتەوە، بەڵام پاشا گوێی بە داواكارییەكانی نەداو نامەكانی كە وەك بانگەوازی فریاكەوتن دەهاتنە بەرچاو، بەهەند وەرنەگرت.

لەودەمەدا وا باوبوو كە نوسەری نامە ڕاناوی كەسی سێیەم بەكاربهێنێو وشەی من (ڕاناوی كەسی یەكەمی تاك) بەكار نەدەهات. نۆرس لەنامەیەكیدا بۆ پاشا لەكانونی

---

[73] Howe

[٧٤] - جان برگوین John Burgoyne فەرمانـدەی ئینگلیزیو ناسراو بە Gentleman Johny كەلەنێوان ساڵانی ١٧٢٢ و ١٧٩٢ دا ژیاوەو لەشەڕی ساراتوگا شكستی خواردوە ـ و.

[٧٥] – Saratoga گوندێكی خۆرهەڵاتی ویلایەتی نیویوركە كەلەسەر ڕۆخەكانی ڕوباری هاوسنە، ئەوشوێنەی هێزەكانی ژەنەراڵ بیرگوین لە شۆڕشەكەی ساڵی ١٧٧٧ دا تەسلیم بە ژەنەراڵ گیتس بوو ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دووەمی ١٧٧٨ دا نوسیویەتی (پشێوی مێشك لۆرد نۆرسی لەبیركردنەوەو پەی بردن بەمەسەلەكان دورخستۆتەوە) دوای دوومانگ وتی: (گەر لەداریان بدایەو بەسەختی سزایان بدایە بەلایەوە باشتر بوو لەوەی بەردەوام دڵی لەمشتدابێ نەكا درێژەدان بەكارەكەی، كاروبارە گرنگەكانی پاشا تێك بدا.) و زۆر پاڕایەوە: (با بەباری گرانی گوناهەوە، نەچمە ناو گۆڕەوە.) و داوای لەپاشا كرد چاتام بگەڕێنێتەوە سەركار تا كاروباری دەوڵەت بگرێتە دەست. هەفتەیەك دوای ئەوە چاتام لەئەنجومەنی لۆردەكاندا كەوتە سەر زەویو گیانی لەدەستدا.

نۆرس چوار ساڵی تر لەسەر كارەكەی مایەوە. باڵی نەیار لەپارلەماندا تادەهات توندتر دەبووو فۆكسو بێرك[٧٦] و پاشانیش پیتی لاو سەرۆكایەتیی ئەو باڵەیان دەكرد. ئەنجومەنی نوێنەران پێشنیاری بەناوبانگی (دەنینگ[٧٧]) ی پەسەندكردو تیایدا ئەو مەرجە دانرا كە دەبێ نفوزی پاشا كە بەردەوام لەزیادبووندایە، كەم بكرێتەوە ڕێكیف بكرێ.

خۆبەدەستەوەدانی سوپای لۆرد كۆرن والیس[٧٨] لەیۆرك تاون، لەتشرینی دووەمی ١٧٨١ دا، دوایین گورز بوو كە بەر جەستەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا كەوت. لەشوباتی ١٧٨٢ دا، پیت پێشنیاری ڕەخنەگرتنی لەكارەكانی دەوڵەت خستە دەنگدانەوەو دوای دەنگدان، زۆرینەی نۆرس لەكۆی ٤٥٠ دەنگەوە دابەزی بۆ ١٩ دەنگ. لەمانگی مارس دا پیت لەپێشنیارێكی ڕەخنەئامێزی تردا، بۆخۆی قسەی كردو دوابەدوای ئەوە نۆرس لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی كابینەكەی دەستیان لەكار كێشایەوە. ئەوە یەكەمین جار بوو كە شێوازێكی ئاوا بەكاربهێنرێ. بەیاننامەكەی كە ئاراستەی پاشای كردبوو لەگۆشەنیگای پارلەمانیەوە گرنگ بوو: (خاوەن شكۆ باش دەزانێ كە لەم وڵاتەدا پاشا ناتوانێ دژایەتیی بڕیارە ماقوڵەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بكا) ئەو لەتەمەنی ٤٩

---

[76] Burke

[77] Dunning

[78] Lord Cornwallis

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ساڵیدا دەستی لەكاركێشایەوەو چەندین وتاری سوپاس ئامێزی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئینگلتەرە كرد، و سوپاسی ئەنجومەنی نوێنەرانی كرد كە بە درێژایی سەرۆكایەتی دورودرێژی پشتیوانیان لێ كردووە.

١٠ ساڵ دوای ئەوە نۆرس مرد.

كۆنت شیلبرن كە لە ٣ ی كانونی دووەمی (١٧٨٢) ەوە تا ٢٤ شوباتی ١٧٨٣ سەرۆك وەزیر بوو بەیەكێك لەداماوترین پیاوانی دەوڵەت لەسەدەی هەژدەهەمدا لەقەڵەم دەدرێ.

بێ توانایی‌و داماوی ئەو لەبەرئەوە بوو كە لە هەستیارترین ساتەوەختدا كە دانوستانەكانی ئاشتی لەگەڵ ئەمریكیە سەركەوتوەكاندا بەقۆناغی كۆتایی گەیشتبوو، بوو بەسەرۆك وەزیر، لەبەرئەوەی ئەمریكیەكان لەئاستێكدا بوون كە دەیانتوانی مەرجەكانی خۆیان بسەپێنن، و لەلایەكی تریشەوە پلەوپایەی نێودەوڵەتیی بەریتانیا لەسەردەمی ستیوارتەكانەوە بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزیبوو، بۆیە هیچ دەرفەتێكی لەبەردەمدا نەمابوو كە ڕێكەوتنێك بپچڕێ‌و ببێ بەمایەی خۆشحاڵیی خەڵكی. هەرپێشنیارێك كەبەلای پارلەمانی بەریتانیاوە پەسەند بووبێ‌و لەلایەن سەرۆك وەزیرەوە پێشنیاركرابێ بەپەلە لەلایەن ئەمریكیەكانەوە ڕەت دەكرایەوە. لەلایەكی ترەوە هەرچیەك كە لەلایەن ئەمریكیەكانەوە پەسەندكرایە، لەلایەن پارلەمانی بەریتانیاوە كەهێشتا پەی بەگرنگیی جەنگ لەگەڵ ئەمریكیەكانداو سەركەوتنی ئەوان نەبردبوو، ڕەت دەكرایەوە.

وادەهاتە بەرچاو تا پەیمانی ئاشتی بەئیمزا دەگا، هەرحكومەتێك كەلەبەریتانیا دان‌و ستانەكان بەڕێوەببا، دەبێتەقوربانی، و یەك لەدوای یەك لەڕیزەكە دەچنە دەرەوە، تا ئەو دەمەی سەركردەیەك لەگۆڕەپانی سیاسەتی بەریتانیا سەرهەڵبدا كە بەرپرسیارنەبێ لەبەرامبەر جەنگدا. سەركردەیەكی ئاوا دەبوایە زۆر لاو بێ.



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

یەكەمین كابینەی دوكی پۆرتلاند[٧٩] (ئیئتلافی فۆكس ـ نۆرس) لە مانگی مارسەوە تا كانونی یەكەمی ١٧٨٣ ی خایاند. دۆكی پۆرتلاند لەسەر پێشنیارێك سەبارەت بە تەرخانكردنی بەشێك بۆ شازادەی وێلز زیاتر لەوەی جۆرجی سێیەم وەك میراتگری تاج‌و تەخت وەریدەگرت، كەوتە بەر شاڵاوی توڕەبوونی پاشا، بەڵام ئەوە مشتومڕ لەسەر هندستان بوو كە دەستی پاشای كردەوە تاخۆی لەشەڕی ئەو ڕزگاركا، و پیتی لاو بوو بە سەبەبكاری لەسەركار لابردنی ئەو. لائیحەی هندستان[٨٠] بنەماكەی بریتی بوو لە: (ئەندامانی دەستەی فەرمانڕەوایی هندستان لەلایەن پارلەمانەوە دەستنیشان دەكرێن، نەك لەلایەن پاشاوە.) ئەم لائیحەیە لە راستیدا پاداشتێكی بێ سنوور بوو بۆ فۆكس‌و دۆستەكانی.

ئەوبالادەستیەی كە بەوشێوەیە جێگیر بوو، دەیتوانی تا پارلەمان بەردەوام بێ، دەوڵەت لەسەركار بهێڵێتەوەو بودجەیەكی تایبەت بە هەڵبژاردنیش تەرخان بكا بۆ ئەوكاتەی پارلەمان هەڵدەوەشێتەوە.

ئالێرەدا بوو كە پیت هاتە ناو مەیدانەوەو لەبەرامبەر دەوڵەتدا ڕاوەستاو ئیدیعای ئەوەی كرد كە لەئەنجومەنی لۆردەكاندا ناوی پاشایان لەدژی ئەو پێشنیارە (لا ئیحەی هندستان) بەكارهێناوە.

ئەنجومەنی لۆردەكان ئەو پێشنیارەی ڕەت كردەوەو پاشاش ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو لەكانونی یەكەمی ساڵی ١٧٨٣ دا دەوڵەتی لەسەركار لابرد. دەوڵەت نارەزایی دەربڕی كە هەرگیز ئاگادار نەكراوە لەوەی پاشا دژی ئەم هەنگاوەیە. هەرچەندە یەكێك لەئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەكان كە پەی بە ڕای پاشا بردبوو دژی ئەو پێشنیارە دەنگی دابوو، فۆكس هەوڵی دا كە بەرپرسیارێتی بخاتە ئەستۆی وەزیرەكان‌و دوپاتی بكاتەوە كە پایەكانی قانون لەمەترسیدان، بەڵام سەرلەبەری مەسەلەكە بە زویربوونی پاشا ئاو دەدراو ئەویش زۆری بە زۆرو ساختەكاری وەڵام دەدایەوە.

79 Duke of Portland
80 The India Bill

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی یەکەم





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پیتی لاو




**کاریکاتێرێکی ویلیام پیت**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ویلیام پیت كوڕی كۆنتی گەورەی چاتام لە ١٩ ی كانونی یەكەمی ساڵی ١٧٨٣ دا لەتەمەنی ٢٤ ساڵیدا بووە بە سەرۆك وەزیر. ١٩ ساڵی ڕەبەق لەسەر كورسیی دەسەڵات ماوەتەوەو دووەمین كەسە دوای والپۆل كە هێندە لەدەسەڵاتدا مابێتەوە.

ئەگەر والپۆل بەداهێنەری پۆستی سەرۆك وەزیری دابنێین، پیت وەك مێژوو نوسان دەڵێن، لەڕاستیدا یەكەمین كەسە كە بە پێناسەی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ئەو پۆستەی هەڵسوڕاندبێ، لەكاتێكدا پاشا توانای ئەوەی هەبووە بەئاسانی لەسەركار لایبەرێ سەرەڕای پشتگیریكردنی پارلەمان لێی.

بەقسەی خەڵكی ئەوكاتە سەرۆك حكومەتێكی (كاریگەر) و زانا بووە.

سەرەڕای دوو دڵییەكانی پاشا، ئەندامانی كابینەكەی دەستنیشان كردو ڕێو شوێنێكی داهێنا تا لەكاتی پێویستدا وەزیرەكانی پێ لەسەركار لابەرێ. جگەلەوە كابینەكەی پیت لەكابینەكانی تر هاوئاهەنگتر بوو، و ئەو سیاسەتانەی كە لەگەڵ ئەواندا تاوتوێی دەكردن‌و ئەوانیش پەسەندیان دەكرد، بەسیاسەتی گشتی لەقەڵەم دەدراو پێكەوە دەیانخستە بەردەم پارلەمان. وتراوە كە پیت وەك (ویگ) ێك دەستی بەكار كردووە، بەڵام میراتەكەی پیت حزبی توریی[1] دووەم یا حزبی كاردانەوەو دامركاندنەوە بوو، كەدواتر حزبەكەی (پیل)[2] ی لێ كەوتەوە. پیل خۆی بەدەروێشی پیت لەقەڵەم دەدا، لەكاتێكدا خودی پیل بەیەكەمین سەرۆك وەزیری نوێخوازی بەریتانیا دادەنرێ، لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیریەكەی ئەو زیاتر لە سەرۆك وەزیری ساڵانی ١٩٣٠ یا ١٩٥٠ دەچێ نەك ئەوەی والپۆل كە ماوەی سەرۆكایەتیەكەی سەدەیەك بەر لەدەسپێكی كابینەی ڕاستەقینەی پیل كۆتایی پێهات.

---

١ توری واتە موحافیزكار، ئەو حزبەی كەدژی دەركردنی دۆكی یۆرك (جەیمزی دوەم) بوو. ساڵی ١٦٨٩ خۆی لەبنەماڵەی مەلەكیی ستیوارت (خانەدانی مەلەكیی ئینگلتەرەو سكۆتلاند هەرلە جەیمزی یەكەمەوە تا شاژن ئان) نزیك خستەوە، بەڵام دوای ساڵی ١٧٦٠ جۆرجی سێیەمی قبوڵكردو لەناو كڵێساو حكومەتدا، سیستمێكی نوێی پیادەكرد.
دژایەتیی قانونی چاكسازیی ساڵی ١٨٣٢ ی كردو حزبی موحافیزكاری دامەزراند (نەیارەكەی حزبی (ویگ) ە) ـ و.

٢- Peel سەرۆك وەزیری داهاتوی بەریتانیا.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پیت لەساڵی ١٧٥٩ دا، ئەوساڵەی باوكی چەند سەركەوتنێكی مەزنی بەدەستهێنا، لەدایك بوو. باوكی هەر لەمنداڵیەوە خستیە خزمەتی دەربارەوە. كاتێك تەمەنی بوو بە حەوت ساڵان، ڕاو بۆچوونی ئەویان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەكی گرنگی سیاسی وەردەگرت (بێ گومان ئەوەشیان بۆكات بەسەربردن‌و خۆشی نەدەكرد). لەماڵەوە، بە (فەیلەسوف) یا (سیناتۆری لاو) بانگیان دەكردو هانیان دەدا تا بابەت‌و مەسەلە سیاسیەكان، و هەروەها نوسینە لاتینیەكان بخوێنێتەوە. دەگێڕنەوە دەڵێن باوكی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ باخەكەی خۆی‌و داوای لێ دەكرد وتار بۆ درەختەكان بخوێنێتەوەو وای دابنێ كەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانن. ئەو لاوێكی ڕەنجەدر بوو، لەتەمەنی ١٤ ساڵیەوە كە چووە زانكۆی كامبردج، تا ١٧ ساڵی، بەزەحمەت خوێندنی تەواوكرد، لەبەرئەوەی خوێندنی سەرەتایی لەماڵەوەو بەشێوەیەكی نائاسایی تەواو كردبوو، دوای ئەوەش، دەرفەتی بۆ چوونە ناو پارلەمان لەدەستنەداو لەكانونی دووەمی ساڵی ١٧٨١ دا لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا بوو بە پاڵێوراوی ناوچەی هەڵبژاردنی ئەپڵ بی[3] لە وێستمۆرلاند[4].

(ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەكەی ئەودابوو.) ئەو پارلەمانەی بوو بەئەندام تیایدا، ئەوهەستەی لادروستكرد كەپێویستە خۆی لەگەڵ شكستە بەسوێكەی ئەمریكای باكوردا ڕابهێنێ. بەریتانیا لەجەنگدا دۆڕابوو دەبوو خۆی بۆدان‌وستانی ئاشتی ئامادەبكا.

نۆرس، راكینگهام، شلبیرن‌و پۆرتلاند هیچ كامیان لەئاست ئەو ریسواییەدا نەبوون. هیچ كام لەوانەی بەرپرسیارێتیی دەسپێكردنی جەنگیان لە ئەستۆدا بوو، بڕستی ئەوەیان نەبوو هەنگاو بۆ ئاشتی بنێن. پیت هەر تەنیا پاساوی ئەوەی نەبوو كە گەنجە (كاتێك لەشكری بورگوین لەساراتوگا خۆی بەدەستەوەدا، تەمەنی تەنیا ١٨ ساڵ بوو)، بەڵكو كوڕی باوكێكیش بوو كە چەندین جار ئاگاداری كردبۆوە لەوەی خۆی نەدا

---

[3] Appleby
[4] Wostmorland

لەقەرەی ئەو سیاسەتانەی جەنگیان لێ دەكەوێتەوەو ولات لەجەنگەوە تێوە دەگلێنن. جگە لەوە خودی پیت هەر لەسەرەتای چوونی بۆناو پەرلەمان، دژایەتیی خۆی بۆ جەنگ راگەیاندبوو. ئەو لەمشتومڕی تایبەت بەئامادەكردنی وەلامی ئەنجومەن بۆ وتارەكەی پاشا لەكاتی كردنەوەی پارلەماندا، خۆی لەبەرامبەر (نۆرس) دا بینیەوە.

لەچەند هەفتەی یەكەمدا، حەوت وتاری خوێندەوەو تیایدا (ئەو جەنگە نەفرەتبارە، دڕندە، بێ بەزەییە، ناسروشتیە، نایەكسانو شەڕەنگێزە) ی مەحكوم كرد.

لەحەوتی شوباتی ساڵی ١٧٨٢ دا وەك سەرژمێرێك لەچەندین (لۆبی)[٥] ی تایبەت بەپێشنیاری ڕەخنەگرتن لەحكومەت بەشداریی كرد.

ئەم پێشنیارە بە جیاوازییەكی كەمو بەكۆی ٢١٧ دەنگ لەبەرامبەر ٢٣٦ دەنگدا ڕەت كرایەوە. لە ١٥ ی مارسدا توانی لائیحەیەكی ڕەخنەئامێزی تر بخاتە ڕوو.

لەم دانیشتنەدا ئەو یەكێك بوو لەو كەسانەی كە وەك نەیارێك، ڕەخنەی لەحكومەت گرت.

زۆری نەبرد كە نۆرس جێی خۆی دا بە حكومەتەكەی راكینگهام، بەلام راكینگهام كەمێك دوای گرتنە دەستی پۆستی سەرۆك وەزیری، مردو شلبرن جێی گرتەوە. پیت لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا بوو بەوەزیری دارایی. ئەم پۆستە، پۆستێكی زۆر گەورە و گرنگ بوو، و بەڵگەی مێژوویش ئەوەیە كە دوای ٧٠ ساڵ، شاژن ڤیكتۆریا ڕازی نەبوو پۆستی وەزیری ناوخۆ بدرێ بەدیزرائیلی، بەلام ڕێگەی دا پۆستی وەزارەتی دارایی پێ بدرێ. بەلام پیت لەودەمەدا، ئەو پۆستەی قبوڵكرد، لەبەرئەوەی دەسەلاتی ئەو سنوری دارایی تێدەپەڕاند. ئەو تاكە وتەبێژی بەرجەستەی شلبرن بوو لەئەنجومەنی نوێنەرانداو دەبوایە بچێتە ژێرباری هێرشەكانی لۆرد (نۆرس) و لایەنگرەكانیەوە كە لەسەروبەندی دانوستانەكانی ئاشتیدا لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بوون.

---

[٥] - لۆبی هۆڵی چاوەڕوانیی نوێنەرانی ئەنجومەنە كە تیایدا كەسێك یا چەند كەسێك بۆ تێپەڕاندنی پێشنیارێك یا لائیحەیەك قسەو بانگەشە دەكەن بۆ دەستەبەركردنی پشتگیریی نوێنەران ـ و.






لەكاتێكدا پیت خۆی لەدركاندنی مەرجەكانی ئەمریكا دەدزییەوە، زۆر راشكاوانە دەیوت بەرەسمی ناسینی سەربەخۆیی ئەمریكا بڕاوەتەوە، تەنانەت شكستهێنانی ئەو دانو ستانانەش كاریگەرییەكی ئەوتۆی نابێ. پاشا لەڕاگەیاندنی بەرەسمی ناسینی ئەمریكا لەلایەن وتەبێژی حكومەتەوە، زۆر توڕە بوو، بەلام پیتو سەرجەم ئەندامانی تری كابینە، خۆیان لەمبارەیەوە پابەند كردبوو.

شكستە یەك لەدوای یەكەكانی كابینە، بەهۆی مەسەلەكانی پەیوەست بەئاشتییەوە، دوچاری لاوازیی كردو شلبرن لەشوباتی ١٧٨٣ دا دەستی لەكار كێشایەوەو جێی خۆی دا بەئیئتیلافی نۆرسو چارلز جەیمز فۆكس، كە بەپۆرتلاند ناسراوە. دوای ئەم مەسەلەیەو كاتێك پاشا دەستی وەردایە لائیحەی هیندستانی خۆرهەلات، پیت لە ١٩ ی كانونی یەكەمی ١٧٨٣ دا كرا بەلۆردی یەكەمی خەزێنە.

لەسەردەمی قومارە سیاسیە گەورەكاندا، كەم كەس ئامادە بوو سەرمایەی خۆی لەسەر بنەمای پێشبینیەكانی ئەو بخاتە مەترسییەوە. ئەو تاكە ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوو كە لەیەك كاتدا ئەندام پەرلەمانیش بوو، وەزیریش بوو، لەتەمەنی ٢٤ ساڵیدا دەبوو بیرتیژو وریابێو لەمشتومڕە سەرەكیەكاندا لەبەرامبەر لایەنە یەكگرتوەكانو باڵە ناكۆكەكانو دەستەو تاقمە هەلپەرستەكانی ناو ئەنجومەنی نوێنەراندا بەشداری بكات. كاتێك ئاشكرای كرد كە لائیحەی هندستانی لەسەر بنەمای پێشنیارەكانی پێشوو ئامادە كردوە، ڕووبەڕووی پلارو توانجی هەندێك لەنوێنەران بۆوە.

ئەو لائیحەیەی قەواڵەیەكی پوختو قابیلی جێبەجێكردن بوو ڕێگربوو لەبەردەم هەرجۆرە گەندەڵیو پاوان خوازییەكدا كەلە راكینگهام ـ فۆكس ـ نۆرس دەوەشایەوە.

پیت بۆ تێپەڕاندنی ئەم لائیحەیە بەتوندی ڕووبەڕویان بۆوەو داوای لێكردن پێشنیارەكانی خۆیان بخەنە ڕوو. بەوشێوەیە پێشنیاری ڕەخنەگرانەی ئەوانی ئاوەژوو كردەوەو بەئەنجام دانی مانۆڕێكی زیرەكانە وایلێكردن بەناچاری ئەوە ڕەت كەنەوە كە هندستان هەر دەوڵەتیشی هەیە.



تابلۆیەکی ویلیام پیت. کاری (هاپنەر).







ژووری کابینە لەخانوی ژمارە(١٠)ی داونینگ ستریت . تابلۆیەکی ڕۆبێرت واڵپوڵ بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەوە رەتكەنـەوە كـە پاشـا پێویـستی بـەداهات هەیـە بۆدەوڵـەت، بەدڕێژنەكردنـەوەی وادەی قانونیی یاخی بوون[6]، سوپای پاشا بەبێ مۆڵەتو ناقانونی بزانن.

بەگرتنەبەری ئەم رێو شوێنانە لەماوەی سێ مانگدا ڕەگو ریشەی نـەیارەكانی خـۆی وشك كردو لەئەنجومەندا باڵادەست بـوو. ئـەو سیـستمەی كـە بـۆ هندسـتانی دارِشـتبوو ماوەی ٧٠ ساڵی رەبەق بەردەوام بوو. دووهەفتە دوای ئەوە پارلەمان هەڵوەشایەوە، وپیت لەهەڵبـژاردن دا، بەزۆرینەیـەكی بـێ وێنـە سـەركەوتنی بەدسـت هێنـا. ئـەو زۆرینەیـەی بەدەستی هێنا لە ١٠٠ كورسی زیاتر بوو: ١٦٠ كەس لەوانەی دەنگیان لەدژی لائیحەی هیندسـتان دابـوو، كورسـیەكانی خۆیانیـان لەدەسـتدا. دوای ئـەوە بەهـەموو توانایـەوە هـەوڵی دا وڵات كەلـەژێرباری كەڵەكـەبوونی قـەرزەكانی جـەنگ لەگـەڵ ئـەمریكادا دەیناڵاند، پشت راست كاتەوە.

لەودەمەدا بازرگانیو پیشەسازیی وڵات لەحاڵەتێكی ناهەمواردا بوو. سـودی قـەرزە گشتیەكانی وڵات كە ٢٤٠ ملیۆن پاوەند بوو لەگەڵ خەرجیی پاشاو هـەروەها خـەرجیی هێزە سەربازیو دەریاییەكاندا، تێكرِا ٢ ملیـۆن پاوەنـد لەسـەرجەم داهـاتی وڵات زیـاتر بوو. تەنیا سودی قـەرزەكان سـاڵانە خـۆی دەدا لـە ٨ ملیـۆن پاوەنـد، كەئـەوەش نیـوەی داهاتی وڵات بوو. قـەرز خـۆی لەخۆیـدا بـارێكی بـێ قـەبارەو ناهاوسـەنگ بـوو، و ١٤ ملیۆنی بێ متمانەو قابیلی دابین كردن نـەبوو. خۆشـبەختانە پیـت لـە پێـشبینیكردنیا لەباوكی دەچوو و لەبەئاگابوون لەكاروباری دارایشدا، لـەخاڵی، گـرن ویـڵ، كـە سـەرۆك وەزیرێكـی تـری بـەریتانیا بـوو، دەچـوو. گـرن ویـل كەسـێكی وردبـینو كارامـە بـوو

[6] قانونی یاخی بوون قانونێكە لەساڵی ١٦٨٩ وە تا ١٨٧٩ ساڵانە لەپارلەماندا پەسەند دەكـراو لـە (دیـسپلین) ی هێزە زەمینیو دەریاییەكانی دەكۆڵیەوە. برِگـەكانی ئـەم قانونـە لـەناو قـانونی سـوپادا كەلەسـاڵی ١٨٨١ دا پەسـەندكراوە، تۆمـاركراوە. پێویـستە ئـەوە ڕوون بكرێتـەوە كـە لەسـاڵانی ١٨٥٧ و ١٨٥٨ دا سـەربازە بەنگالیەكان دژی فەرماندە ئینگلیزیەكان یاخی بوونو ئەوەش بەیاخی بوونی هیندستان ناسراوە ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لـەكاروباری ژمێریـاریو ئامـاردا. پیـت بـەر لەبـەرپابوونی جـەنگ لەسـاڵی ١٧٩٣ دا هاوشێوەی (گرن ویل) ی خاڵی شارەزایی تەواوی لەئاماردا بەدەستهێنا.

لەماوەی سەرۆكایەتیەكەیدا سودی لەهەموو ئەم ئەزمونانە وەرگرتو لەسەر بنـەمای ئەو ئەزمونانەی هەوڵی دا داهاتەكان رێك بخاتەوە. ئەو بەشێكی زۆری لەكاتەكانی خـۆی بۆئەم كارە گرنگە تەرخان دەكرد.

كاتێك كتێبی (سامانی نەتەوەكان) ی ئـادەم سمیس[7] لەسـاڵی ١٧٧٦ دا بڵاوبـۆوە، پیت بوو بەیەكێك لەدەروێشەكانی ئـەوو دوای لێكۆڵینەوەیـەكی زۆر، برِیـاری ئـەوەی دا بەزیادكردنی قەبارەی كرِینو فـرۆش، داهـات زیادبكـات. گەیـشتە ئـەو دەرەنجامـەی تـا گومرگی لەرِادە بەدەرو زیادەی سەر هاوردەكان لەبەندەرەكاندا كـەم بكرێنـەوە، قـەبارەی كرِینو فرۆشتن زیاتر دەبێ، لەكاتێكـدا گـومرگی لەرِادەبـەدەر، دەبێتـەهۆی بـرەودان بـە قاچاخچیێتی.

ئاكـامی سـەركەوتنی ئـەم هـەنگاوە بەنـدبوو بـە (كاتـەوە)، و تایـەك دوو سـاڵ، كەمكردنەوەی گومرگ، دەبوە هۆی كەمبونەوەی داهات.

لەجێبەجێكردنی ئەم بەرنامەیەدا، باجی سەر جامخانە[8] ی داناو باجی تریشی سەپاند تا كەلێنی داهات كەمتر كاتـەوە. لەلایـەكی تـرەوە چاكسازی لەتاریفـە گومرگیەكانـدا بەرەبەرە ئەنجامی سودبەخشی لـێ كەوتەوە. جگەلەوە بەگورِوتینەوە هـەوڵی دا سیـستمی بازرگانیی ئازاد بێنێتەكایەوە، تەنانەت وەك بەشێك لە پەیماننامەی ئاشتی، پێـشنیاری هێنانەكایەی بازرگـانیی ئـازادی لەگـەڵ وڵاتـی تـازە دامـەزراوی ئـەمریكادا خستەرِوو.

[7] ئابورینـاسو فەیلەسوفی مەزنی سكۆتلاندی كە بە بیردۆزەكەی خۆی وەرچەرخانێكی لەئابوریی جیهاندا هێنایـە كایەوە، لە نێوان ساڵانی ١٧٢٣و ١٧٩٠ دا ژیاوە ـ و.

[8] بەو باجە دەوترێ كەلەسـەر كـاڵای نـاو جامخانـەو هاوشـێوەكانیدا دادەنرێ. ئـەم نەریتـە لەسـاڵی ١٦٥٦ وە تـا ١٨٥١ لەبەریتانیا پەیرِەوی لێدەكرا ـ و.

مەكتەبەی بیر و هۆشیاری

بەگوێرەی ئەم پێشنیارە دەبوایە سەرەتا چەند بەندەرێكی ئازاد لەهندی خۆراوا[٩] دابمەزرێ‌و پاشان سیستمێكی بازرگانیی ئازادی سێ لایەنە جێگیربكرێ. هەروەها هەنگاوی نا بەئاراستەی گرێ دانی چەند رێكەوتننامەیەكی بازرگانی ئازاد لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵات‌و خۆراوای ئەوروپادا، بەڵام تەنیا لەگەڵ فەرەنسادا توانی ئەوە بەئاكام بگەیەنێ.

بەگوێرەی ئەو رێكەوتننامەیە كە لەساڵی ١٧٨٦ دا لەگەڵ فەرەنسادا ئیمزا كرا، دەبوایە گومرگی سەر شەرابی فەرەنسی كەم بكرێتەوە، لەبەرامبەردا، بەرژەوەندیی كاڵا ئینگلیزییەكانیش لەبەرچاو بگیرێ.

لەساڵی ١٧٨٧ دا پیت چەند لائیحەیەكی لەئەنجومەنی نوێنەراندا تێپەڕاند كە زۆربەیان پەیوەست بوون بە چاكسازیی تاریفە گومرگیەكانی سەر بەندەرەكان‌و باجە ناراستەوخۆكانەوە.

بەم رێ‌و شوێنانەی یەك ملیۆن پاوەندی خستە سەر داهات.

ساڵانە یەك ملیۆن پاوەندی تەرخان دەكرد بۆدانەوەو یەكلاییكردنەوەی قەرزەكان. هەروەها لەهەوڵی دانانی چەندین باجی راستەوخۆی تازەدا بوو. لەوانە سەپاندنی باج لەسەر كارەكەرەكان كە مشت‌و مڕێكی ناشایستەی لەناو ئەنجومەندا لێ كەوتەوەو مەبەست لێی زڕاندنی ناوی پیت بوو بەوەی كەدژی رەگەزی بەرامبەرە. پاشان باجی راستەوخۆی تری بەسەر خزمەتكارانی پیاودا سەپاند.

باج لەسەر بەكارهێنان، كەئەمڕۆ لەژێر ناوی VAT (باج لەسەر بەهای زیادكراو) لەبەریتانیا باوە، خرایە سەر فرۆشیارانی كڵاو، عەتر، ئەسپ، سەگی ڕاوو سەعات. توانی لەجیاتی ئەوەی تاریفەی گومرگیی راستەوخۆ بخاتە سەر شەرابی هاوردە ، باجی

---

[٩] چەند دورگەیەكی باشوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاو كەنارەكانی باكوری ئەمریكای باشور كە دەریای كاریبی لەئۆقیانوسی ئەتڵەنتیك جیادەكاتەوە. دورگەكانی باهاماو ئانتیل لەو دورگانەن ـ و.





مەكتەبەی بیر و هۆشیاری

ناراستەوخۆی بخاتە سەر. پێشتر والپۆل نەیتوانیبوو ئەوە بكا، بەڵام هێندەی نەمابوو كە پۆستی سەرۆك وەزیری لەپیت زەوت بكا.

پیت هەوڵی خۆی تەنیا لەدابینكردنی داهاتدا چڕنەكردەوە، بەڵكو خەرجییە زیادەكانیشی كردە ئامانج، بەتایبەت ئەو كاربەدەستانەی كە كارەكانیان گرنگییەكی ئەوتۆی نەبوو، و بەخزم خزمێنەو پلەو پایەی كۆمەڵایەتیان، بۆدابینكردنی بژێوی پچڕیبویان، لەراستیدا كەسانێكی سەربارو خواردە بون‌و هیچ ئەركێكی گرنگیان ئەنجام نەدەدا. لەو رێڕەوەشدا، بەئارامی‌و بەرەبەرە هەنگاوی دەنا، بەڵام ئاكامەكانی بەردار بوون. كاتێك كاربەدەستێك خانەنشین دەكرا یا دەمرد، پڕكردنەوەی شوێنەكەی بەو ئاسانیەی جاران نەبوو. كارەكەشی بەكارمەندێكی بەئەزموونی دەوڵەت دەسپێردرا. كارایی‌و شارەزایی، پێوەری ئەو دەمەی ئابوریناسانی نوێ بوو. لەساڵی ١٧٨٥ دا، هەوڵی دا هێزێكی پۆلیسی كارامەو موچەخۆر بۆ پایتەخت دامەزرێنێ، بەڵام بەهۆی ترسی خەڵكی لەگەڕانەوەی سیستمی سەركوتكاری، ئەو لائیحەیە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند نەكرا. بەڵام ئەو پێشنیارەی دواتر (رۆبێرت پیل) سەرۆك وەزیری دوای ئەو، هەرلەو زەمینەیەدا خستیەڕوو، پەسەندكراو ماوەی چل ساڵی خایاند.

لەسەرەتاكانی دەیەی ١٧٩٠ بەرلەوەی كۆماری فەرەنسا جەنگ رابگەیەنێ، سیاسەتە ئابوریەكانی پیت جێگیر بوبوون‌و بەرەبەرە ئەنجامەكانیان دەردەكەوتن. قەبارەی بازرگانی‌و بەرهەم هێنان، تادەهات روو لە زیادی بوو، داهات زیادی كردبوو پیشەی قاچاخچێتی بەتەواوی لەپێ كەوتبوو، لەبەرئەوەی تاریفەی گومرگی كەم لەگەڵ بەرفراوانكردنی ئەركی هێزە سەربازی‌و دەریاییەكاندا بەمەبەستی ڕێگرتن لەقاچاخچیان‌و دەست بەسەراگرتنی پارەو پولەكانیان، قاچاخچییەكانی دوچاری ئیفلیجی كردبوو.

ئەو میراتەی كە پیت لەگرن ویلەوە بۆی بەجێ مابوو، ئاكامە باشەكانی دەركەوتن.

ئەم پسپۆڕە كارامەیەی بواری ئامار كە بەهەوڵی ماندونەناسانەی خۆی ڕۆژانە چەندین سەعاتو تەنانەت شەوانیش سەرگەرمی تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی وەك داهات، بەرنامە، ڕێو شوێنەكانو چۆنێتی جێبەجێكردنیان بوو، بالاترین پۆستیشی پێ سپێردرابوو، زۆر سەركەوتوو بوو.

پیت سەروەرو باڵادەست بوو لەناو پارلەمانداو متمانەی پاشای بەتەواوی بۆخۆی دەستەبەركرد بوو.

ئێستاش با سەرنجێك لەپاشا بدەین.

ئەو بەردەوام نەخۆش دەكەوتو نەخۆشیەكەشی لەناكاو بوو، و نەدەزانرا نەخۆشیەكەی چەند دەخایەنێ بە بۆچونی زانستی پزیشكیی نوێ نەخۆشیەكەی پۆرفیریا[10] بووە نەك شێتی. ئەم نەخۆشیە كەسی نەخۆش والێ دەكا نیشانەی هاوشێوەی شێتیی لێ دەركەوێ. ئەوكەسانەی لەودەمەدا لایەنگری ئەوە بوون شازادەی وێلز دەسەڵات بگرێتە دەست، بەتایبەت لەهەوڵی ئەوەدا بوون نەخۆشیەكەی پاشا بەشێتی لەقەڵەم بدەن: لەبەرئەوەی ئەگەر تاوی ئەو نەخۆشیە درێژەی بكێشایە شازادەی وێلز دەبووە جێنشینی پاشا، و ئەویش پیتی لەسەركار لادەبرد.

شازادەی وێلز دۆستی فۆكس بوو، و هەردوكیان پێكەوە بەرژەوەندییان لەهاتنەكایەی كۆمەڵگەیەكی گەندەڵو پوچەڵدا هەبوو. شازادە، فۆكسی دڵنیا كردبۆوە لەوەی ئەگەر بەخت یاوەریان بێت، بەرزترین پۆستی پێ دەسپێرێت. یەكەمین جار كە پاشا دووچاری ئەو تاوە هات، زۆری نەخایاند چاك بۆوەو تا پێنج ساڵ نەخۆش نەكەوتەوە. كاتێك نەخۆشیەكە چەندجارێكی تر یەخەی گرتەوە، سەرۆكایەتیی پیت كەوتە مەترسیەوە، مەترسیەكەش ڕاستەقینە بوو.

[10] Porphyria جۆرە نەخۆشییەكی نائاساییی كە ڕەنگە بۆماوەیی بێو نیشانەكانی هاوشێوەی شێتییە-و.





دەسەڵاتی پیت لەباڵادەستیی بەسەر پەرلەماندا بوو. ئەو بەشێوەیەكی گشتی پەیوەندیی لەگەل ئەندامانی پارلەماندا پەیوەندییەكی دۆستانە نەبوو. ساردو وشك بوو لەگەڵیانداو تەنانەت سوكایەتیشی پێدەكردن. كاتێك دەچووە ناو پارلەمانەوە، ڕاستەوخۆ دەچووە سەر كورسیەكەی خۆیو بەدەگمەن لەگەڵ كەسێكدا قسەی دەكرد.

هیچ كەس بەمێشكیدا نەدەهات پیت بچێتە ژوری جگەرەكێشان، چایخانە یا باری (ئانیك)[11] و لەگەڵ ئەندامانی پارلەماندا دەمەتەقێیەك بكاو لێو تەڕكا. نەخۆشكەوتنەوەی بەردەوامی پاشاو چاك بوونەوە یەك لەدوای یەكەكانی ڕێگربووە لەبەردەمماندا كە پەی بەوە بەرین داخۆ حكومەتە سەپێنراوەكەی فۆكس بە پشتیوانیی جێنشینی پاشا دەیتوانی لەپارلەماندا سەركەوتن بەدەست بهێنێو پشتگیری تەواو مسۆگەر بكا یانا. بێگومان بێ پشگیرییەكی ئاوا، حكومەت هەرەسی دەهێنا، بەلام بەهەمان ئەو ڕادەیە، پیتیش، تەنانەت لەوپەڕی بەهێزی دا، لەبەردەم ئەگەری لەسەركار لابردندا بوو لەلایەن پاشا یا جێنشینەكەیەوە. هەربۆیە سەرۆك وەزیرێك، لەسەروبەندی سەدەیەكی نوێدا، ناچار بوو خزمەتی دوو گەورەو سەروەری خۆی بكاو متمانەی هەردوكیشیان بەدەست بهێنێ.

لەساڵی ١٧٨٩ دا شۆڕشی فەرەنسا بەگرتنی باستیل بەئاكام گەیشت. ئەنجامی هەنوكەیی ئەو شۆڕشە لەبەریتانیادا ناوزڕانی زیاتری ڕابەرانی ویگ بوو كەپشتگیرییان لە شۆڕشگێڕانو بنەما شۆرگێڕیەكانی باوی ئەودەمە دەكرد. لەوكاتانەدا ناوەڕۆكی سیاسیی فۆكس دابەزینی توندی بەخۆیەوە دیو هاوپەیمانێتی لەگەڵ (برك) دا بەشەرەقسە كۆتایی هات.

ویگەكان دوبەرەكییان تێكەوتبوو. دەرەبەگە خاوەن زەویو زارەكان هەرهەمویان دژایەتیی شۆڕشگێڕەكانیان دەكردو پاساویشیان بەدەستەوە بوو، لەبەرئەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو بۆخۆشیان ببنە یەكەمین قوربانیی بزوتنەوەیەكی لەوشێوەیە لەبەریتانیادا.

[11] Annic

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پیت كەمێك دوای ئەوە پۆزێكی سیاسیی سەرنج راكێشی لێ دا[12]و سەركەوتوانە توانی ژمارەیەك لە بەدەسەڵاتترین دەرەبەگەكانی ویگ كە دژی شۆڕشگێڕان بوون، بانگهێشت بكا تا هاوكاریی بكەنو تەنانەت لەناو كابینەكەشیدا چەند پۆستێكی گرنگی بۆتەرخان كردبوون. پیت دوای تاوتوێكردنی بارودۆخی ئەوروپا، وەك لێی چاوەڕوان دەكرا، رەفتاری نەكرد، یەكەمین كاردانەوەی هەست كردن بەئاسایش بوو بەوەی كە ئەو شۆڕشە لەمەترسیی توانای سەربازیی پاشای فەرەنسای كەم كردۆتەوە. رەنگە قەیسەری ئەڵمانیاش هەمان هەستی سەبارەت بە قەیسەری روسیە لادروست بووبێ. دوای ئەو رووداوە پاشاكانی ئەوروپا، بە هەڵەداوان لە هەوڵی هێنانەكایەی یەكێتیەكدا بوون، زیاتر بەومەبەستەی كە رەوایی پلەوپایەی خۆیان بهێڵنەوە نەك ئەوەی پارێزگاری لەسنورەكانی خۆیان بكەن. پیت ماوەیەكی كەم لەم كەینو بەینانە بە دوور بوو. ئەو زیاتر نیگەرانی پلانەكانی روسیە دەربارەی توركیا بوو. سەرەڕای ئەو رەخنانەی ئاراستەی كران، پشتیوانیی لەتوركە كافرەكان كرد لەبەرامبەر روسیای پیرۆزدا[13]. پاساوی بۆئەم كارە رونو ئاشكرا بوو، و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا بوو. پیت یەكەمین سەرۆك وەزیر بوو كە ئاماژەی بەوەدا خۆرهەڵاتی نزیك لەبەردەم مەترسیی روسیادایەو بەتایبەت ترسی هەبوو لە هێزی دەریایی روسیاو جموجۆڵەكانیو نفوزی سیخوڕە روسەكان لەئاسیای بچوكو تەنگەی سویسدا، لەكاتێكدا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو كەناڵێك لەوشوێنەدا لێ بدرێ. پیت تەنانەت لەدیزرائیلیش زیاتر ئەوترسە لەدڵیدا بوو، هەردوكیان ئەوەیان لەمیشكیاندا بەرجەستە كردبوو كە دوژمن لەرێی ئەو كەناڵەوە خۆی بۆ هیندستان دەكوتێ.

---

[12] ئەم پۆزە سیاسیە لەورووەوە جێی سەرنج بوو كەسەرجەم وێگەكانی كردە نەیاری شۆڕشی فەرەنسا ـ و.

[13] Holy Russia ئاماژەیە بەوەی كە لەگۆشەنیگای مەسیحیەتەوە، توركەكان بێ دین لەقەڵەم دەدران لەكاتێكدا روسیای ئۆرسۆدۆكس بەهاوئاینی مەسیحیەت لەقەڵەم دەدرا.







ویلیام پیت لەكاتی وتارخوێندنەوەدا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا ساڵی ١٧٩٣



تابلۆی كارڵ ئەنتۆن هیكڵ





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پیــت رەزامەنــدیی پەرلــەمانی لەســەر بــەهێزكردنی هێــزی دەریــایی بــەریتانیا بەدەستهێناو هاوشێوەی بـاوكی بەڵگـەی ئـەوەی هێنایـەوە كەئەگـەر جـەنگێك بـەرپابێ، رەنگە ئەو جەنگە جـەنگێكی دەریـایی بـێ، نـەك جـەنگێكی كیشوەریی زەمینـی بـەو سوپایانەی روبەروی یەكتری دەبنەوە.

ئامانجـەكانی جـەنگ، شكـستهێنانی دوژمــن نابــێ لەبــەرەكانی شــەڕدا بــەڵكو داگیركردنـی كۆلۆنیـەكانی فەرەنـسا دەبـێ لەئـەمریكاو بەتایبـەت لەناوچـەی كـاریبیو خۆرهەڵاتی دووردا. چەمكی خاوەندارێتی كۆلۆنیەكانو زیادكردنیان رەونەقی بازرگانیو كەڵەكەكردنی سامان بوو. پیتەكان چ كوڕو چ باوك، بازرگانیـەكیان كردبـووە ئامـانجی لەپێشینەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوە، كەبەریتانیا تیایدا باڵادەست بێ. پیت هاوكـات ئومێدی بەئاشتیش هـەبوو، و بەرنامـەیـەكی راگەیانـد تایبـەت بـە دانـەوەی ٢٥ ملیـۆن پاوەند قەرزی میللی لەماوەی ١٥ ساڵداو ئەگەر بكرێ لەماوەی ١٠ ساڵدا.

ستراتیژی ئەسڵیی دیپلۆماسیی ئەو بریتی بوو لـەوەی كـەكۆماری هۆڵەنـدە لـەخۆی نزیك كاتەوەو بیخاتە ژێر چاوەدێریی خۆیـەوە. هۆڵەندییـەكان بەشـێوەیەكی تایبـەت لـە پاشەكەوت كردنی دراوی یەدەگ[١٤] دا وەبەرهێنی گـەورەو وردبـوونو لـەو رۆژگـارەدا لـە سیتی سەرگەرمی چالاكیە بازرگانیە گەورەكان بوون. پیت تائەو ئاسـتەش هـەنگاوی نـا كە بەنهێنی بڕێك پارە بۆ هۆڵەندییەكان رەوانە بكا تا بەر بەسـەرهەڵدانی یـاخی بـوونی ناوخۆیی بگرن یا رێگربن لەبەردەم پەلاماری فەرەنسادا كـە ئەگـەری ئـەوەی لـێ دەكـرا مەترسـی بـێ لەسـەر رێـژەی سـەرمایەی هۆڵەندییـەكان بۆنـاو خەزێنـەو سـیتی. دانو سـتانەكانی سـەرەنجام ئاكـامی باشـی لــێ كەوتــەوەو چـالاكیی سـیخوڕانو بـەكرێ گیراوەكانی فەرەنسای راگرت، و بەراگەیاندنی یەكێتیی سێ لایەنـەی نێـوان بـەریتانیا،

---

[١٤] هەروەك چۆن لەلاپەرەكانی پێشوودا ئاماژەی پێكرا پارەیەكە بۆدانەوەی قەرزەگشتیەكان پاشەكەوت دەكرێ ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كۆماری هۆڵەندەو پروس، هەستی خەڵكانێكی زۆری وروژاندو كردنیە لایەنگری خۆی. بەوشێوەیە چاتام بەسەر كورسیی دەسەڵاتەوە خۆی رادەوەشاندو سەردەمی گرن ویل بەگوڕوتینی پیتی لاو، سەری هەڵدا.

لەم كاتەدا نەمساییەكان لەهەوڵی ئەوەدا بوون بەریتانیەكان گیرۆدەی یەكێتییەكی تازەبكەن، تائەو دەسەڵاتە بگەڕێننەوە بۆفەرەنسا.

پیت خوازیاری هیچ كام لەو دوانە نەبوو، و لەم كاتەدا ئیمپراتۆرێكی لاوو بێباك بوو لە میراتگریی تاجو تەختی نەمساو جەنگی لەدژی فەرەنسا راگەیاند. پیت هەوڵی نەدا هەمان رێچكەی نەمسا بگرێتەبەر، لەبەرئەوەی دەیویست بەریتانیا لەپشكۆی ئەو شۆڕشە دورخاتەوە، و لەهەوڵی ئەوەدابوو كەبەر بەكردەوەی تێكدەرانە لەلەندەن، لەباكورو لەئایرلەندەش بگرێ.

لە پایزی ساڵی ١٧٩٢ دا شۆڕشی فەرەنسا شەپۆلێكی توندوتیژیی تری بەخۆوەدی. پاشایان بەگیوتین سپارد بەلژیكیش كەوتە بەرشاڵاوی داگیركارییەوە، هەموو ئەو پەیمانانەی تایبەت بوون بە كۆنترۆڵكردنی (شێڵت)[١٥] پێشێل كران. بەوشێوەیە بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا كەوتنە مەترسییەوە. كۆماری فەرەنسا لەشوباتی ساڵی ١٧٩٣ دا جەنگی دژی بەریتانیا راگەیاند. پیت شانی دایەبەر جەنگو لەكاتێكدا ئامادەكاریی پێویستی نەكردبوو، بڕیاری دا پەلاماری دەنكیرك[١٦] بدا.

فەرمانی بە بەشێك لەهێزی دەریایی دا هێرش بكەنە سەر كەشتییە جەنگییەكانی فەرەنسا كە كەشتیە بازرگانیەكانی هاوپەیمانانیان نوقم دەكرد.

بۆبەدبەختیی بەرپرسیارێتی ئەم جەنگە دەرياييەش بە (گراندویك پیر یورك) سپێردرابوو كە ناوبانگی بەوە دەركردبوو پیاوێكی لۆزەنگەرە.

[١٥] Scheldt روبارێكە لەباكوری فەرەنساوە سەرچاوەی گرتوەو لەباكورەوە بەرەو بەلچیكاو باشوری هۆڵەندە دەچێو دەرژێتە ناو دەریای باكورەوە ـ و.

[١٦] Dunkirk لەفەرەنسایە ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەمانگی ئەیلولدا هەواڵ گەیشت كە دانكرك بەرپەرچی هێرشەكانی ئەوی داوەتەوەو توانای پێشرەویی زیاتری نیە.

ئەم هەواڵە پەژارەیەكی قوڵی خستە ناودڵی بەریتانیاوە، بەڵام لەناكاو هەواڵ گەیشت كە هێزی دەریایی سەركەوتنێكی بەرچاوی بەدەستهێناوە. تۆلۆن[١٧] بارەگای كەشتیگەلی فەرەنسا لەدەریای ناوەڕاست، لەبەرامبەر وەرگرتنی بەڵێنی پاراستنیان لەدەست هێزە شۆڕشگێڕەكان، تەسلیم بەیەكەیەكی هێزی دەریایی بەریتانیا بوو.

ئەم پێشهاتە، دەرفەتێكی دەگمەنی ڕەخساند، بەڵام جێی داخە كە پیت لەكاتی گونجاودا نەیقۆستەوە. ئەگەر زووبەزوو دەست بەكار بوایەو بێ دواكەوتن هێزەكانی بەریتانیای رەوانەی تۆلۆن بكردایە، دەكرا ئەم بەندەرە لەقۆناغێكی تری جەنگدا وەك خاڵێكی لاوازی هێزە شۆڕشگێڕەكانی فەرەنسا بەكاربهێنرێ، بەڵام پیت گرنگیی زیاتری بە جەنگی كۆلۆنیەكان دەدا. بەهەرحاڵ باشوری فەرەنسا هێرشی نەكرایەسەر تا دەرفەتەكە لەدەست چوو. كەشتیگەلی ئینگلیزی جێگیر لەوسنورەدا، بەئاگری سامناكی تۆپخانەی ئەفسەرێكی تۆپچیی لاو بەناوی كاپتن ناپلیۆن پۆناپارتەوە كە فەرماندەیی ئەو قوڵەی پێ سپێردرابوو، لەكەنارەكانی فەرەنسا دورخرایەوەو ناچاركرا پاشەكشە بكا.

ئەم پێشهاتە جەماوەرێتیی پیتی زۆر دابەزاندو جەخت كردنەوەی سیاسی ئەو لەسەر بەرژەوەندیە كۆلۆنیالیەكان، كە دەكرا خەڵكی هێورو خۆشحاڵ بكا، بەپێچەوانەوە ناوبانگی كەسێكی گۆشەگیری بە بالادابڕی. تەنانەت مقۆمقۆی ئەوە هەبوو كە لەبەرامبەر وەرگرتنی بەشێكی زۆر لەكۆلۆنیەكانی فەرەنسادا، ئامادەیە لەگەڵ شۆڕشگێڕە توندڕەوەكانی (پاریس)[١٨] دا بەئاشتی بگا. جەنگی كۆلۆنیەكان سەركەوتوانە بەرەوپێش دەچوو: لەئەوروپا ئارامی سەقامگیربوو، ئارامییەك كە

[17] Toulon

[١٨] - Sans – Culottes كۆماریخوازان یا شۆڕشگێڕانی توندڕەو لەچینەكانی خوارەوەی كۆماریخوازانی پاریس لەشۆڕشی فەرەنسادا لەقەڵەم دەدران ـ و.

بەنرخێکی زۆر بۆ بەریتانیا تەواو دەبوو و مەرجەکەی ئەوە بوو کە یارمەتی دراوی نەدا بەنەیارانی شۆڕش. جۆرجی سێیەم بێزاربوو و نارەزایی خۆی دەربڕی، لەبەرئەوەی ئەو کێشمەکێشەکانی ئەوروپای لەبەرامبەر فەرەنسادا بە جەنگێکی پیرۆز دەزانی، جەنگێك کە بۆ رزگارکردنی پاشاکان لەبەرامبەر شۆڕشگێڕە کافرو خوانەناسەکاندا بەرپا ببوو.

ئامانجە جەنگیەکانی پیت لەئەوروپا زیاد لەپێویست سنوردار بوو.

واپێویستی دەکرد کە رێگە لەشۆڕشی فەرەنسا بگیرێ ئەگەر لە رێڕەوی تیۆری دەربچێ‌و یەکانگیر بێ.

دەبوایە ئاسایشی وڵات لەڕێی سنوردارکردنی بەکرێ گرتنی سیخوڕان‌و راوچیانی مرۆڤ [19] و قەدەغەکردنی کۆڕو کۆبونەوەی زیاتر لە ٥٠ کەس، مەگەر لەوەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان وەرگرتبێ، بەهێز بکرێ. پیت گرنگییەکی ئەوتۆی نەدەدا بە ئازادکردنی فەرەنسیەکان یا جەنگ کردن لەپێناو ئەو پاشایانەدا کە لەگەڵ خەڵکی خۆیاندا لەجەنگدا بوون. هاوپەیمانەکانی بەریتانیاش کە کۆمەك‌و یارمەتیان وەردەگرت حەزیان لەو کارە نەبوو. بەو شێوەیە بەرگری لەئەوروپادا دامرکایەوە:

پروس، هۆڵەندا، ئیسپانیا لەگەڵ فەرەنسادا پەیمانی ئاشتییان گرێ دا. فیدراسیۆنی نەمسا بە وەرگرتنی ٤ ملیۆن پاوەند قەرز درێژەی بەژیانی خۆیدا.

لەمکاتەدا سەرکردەکانی ویگ کە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بووبوون پشتگیریی سیاسیی خۆیان بۆ پیت راگەیاند. دوابەدوای ئەوە فۆکس گۆشەگیر بوو، متمانەی خۆی لەدەستدا.

پیت بەکودەتایەکی پارلەمانی، رابەرانی گاردی جاران، بەتایبەت ویگەکانی راکینگهامی لەکابینەکەی خۆیدا قبوڵ کردو جۆرج کانینگ [20] بوو بەجێگری سەرۆك وەزیر.

---

[19] Agents Provocateures مانا زمانەوانیەکەی فاکتەرە وروژێنەرەکانەو بەوکەسانە دەوترێ کە بەدگومانەکان دژی دەوڵەت هان دەدەن پاشان فریویان دەدەن، بۆیە راوچی مرۆڤ رەنگە پڕبەپێستی بێ ـ و.

[20] George Canning







شا جۆرجی سێیەم. تابلۆی ئالان رەمزی

پیت حەسانەی پارلەمانیی هەبوو، هەرچەندە رۆژ لەدوای رۆژ لەخەڵكی دوور ئەكەوتەوەو بەزەحمەت دەبینرا، بەڵام لەلایەكی ترەوە، متمانەی پاشا كە پێداویستیەكی مانەوەی سەرۆك وەزیر بوو، روولەكزی بوو.

بە سەرهەڵدانەوەی نەخۆشی پاشا ترسی زیاتر سەری هەڵداو شازادە وێڵز خۆی ئامادەكرد تا لەكاتی پێویستدا بەرنامەكانی خۆی لەكاتی گونجاودا جێبەجێ بكا. خودی پاشاش بەنیاز بوو هێنری ئەدینگتن[21] كە سەرۆكی ئەنجومەن بوو بكا بەجێنشینی پیت. لەو ژیاننامە نوێیەدا كە دەربارەی پیت بڵاوكراوەتەوە، دێریك جارت[22] راشكاوانە ئاماژەی بەوە داوە كە (پاشا نەیویستوە ببێتە داردەستی سەرۆك وەزیرێك كە نەجەنگی دەكردو نەئاشتی...)

پێشهاتە دزیوو ناخۆشەكان، بەدوای یەكدا دەهاتن. لەشوباتی ١٧٩٢ دا نەمساییەكان زەمینەسازییان بۆ ئیمزاكردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ فەرەنسادا كردو كەشتیگەلی بەریتانیا لە سپیت هێد[23]، و كەمێك دوای ئەوەش كەشتیگەلی دەریایی باكور لە نۆر[24]، یاخی بوون. فەرەنسیەكان بەنیاز بوون پەلاماری ئایرلەندە بدەن، بەڵام لەئاكامی لافاوێكدا لەكەنداوی بانتری[25] پاشەكشەیان پێكرا. هەوڵێكی تری هێرش كردنە سەر وێڵزی باشوور روبەروی شكست بۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخ بەئاراستەی گۆڕانكاری دەچوو.و قسەوباسی ئەوە دەكرا كە پیت ورەی بەرزبۆتەوە، كاتێك بانگهێشتێكی جۆرج تیرنی[26] ئەندام پەرلەمانی بۆ روبەروبونەوە پەسەندكرد، پشتگیریی خەڵكی لەپیت زیاتر بوو. جۆرج تیرنی لەبەرەی نەیارەكانی ئەودا بوو، پیتیش نیشتمان پەروەرێتی ئەوی لەئەنجومەندا خستبوە ژێر پرسیارەوە. (لەم روبەروبونەوەیەدا هیچ

---

[21] Henry Adding ton
[22] Derek Jarrett
[23] Spithead
[24] Nore
[25] Bantry Bay
[26] George Tierney





كامیان نەپێكران.) دوای ئەم پێشهاتە ئەو راستیە بەرجەستە بوو كە پیت جگە لەوەی شارەزایی لەوەرزش‌و قوماردا هەیە، پیاوێكی ئازاشەو وەك وەجاخزادەیەك ئەگەر پێویست بكا بەرگری لەشەرەفی خۆی دەكا. كاتێك جۆرجی سێیەم لەپەیامێكدا پارلەمانی ئاگادار كردەوە لەوەی فەرەنسا، فلاندەر و هۆڵەندا بەنیازن هێرشێكی سێ قۆڵی بكەنە سەر بەریتانیا، بارودۆخی وڵات رەنگێكی تری لەخۆ گرت.

قسەوباسی زۆر لەناو خەڵكی دا هەبوو سەبارەت بەئینگلیزە یەكگرتوەكان، سكۆتلەندیە یەكگرتوەكان‌و ئایرلەندیە یەكگرتوەكان، لەهەوڵێكدا بۆلاوازكردنی ئەو رژێمەی كە هەبوو.

ئایرلەندە لەحاڵەتی هەڵچوندا بوو. ئایرلەندیە یەكگرتوەكان، بەتایبەت پرۆتستانتەكان، لەهەوڵی داگیركردنی (دبلن) دا بوون. ئەم یاخی بوونە زۆر بێ بەزەییانە لەلایەن هێزەكانی ئینگلیزەوە دامركێنرایەوە.

پیت نامەیەكی نەرمی بۆ فەرمانڕەوای گشتیی ئایرلەندە نوسی‌و ستایشی كرد كە ئەو یاخی بونەی دامركاندۆتەوەو بەم شێوەیە درێژەی پێدا: (ئێستاش كە یاخی بوون دامركێنراوەتەوە ئایا ناكرێ بە فەرمانێك كاربەدەستدانی حكومەت سەرپشك بكرێن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دانوستان بۆهێنانەدیی یەكێتیەك لەگەڵ ئایرلەندەدا؟) لەساڵی ١٧٩٣ دا رێ‌و شوێنێكی گرتەبەر تا كاسۆلیكەكانی ئایرلەندە لەناوچەی هەڵبژاردنی شاردا مافی دەنگدانیان پێ بدرێ، لەبەرئەوەی تا ئەودەمە نوێنەرانی پارلەمانی ئایرلەندە تەنیا نوێنەرایەتی پرۆتستانتەكانیان لەئەستۆدا بوو، و كاسۆلیكەكان مافی هەڵبژاردنیان نەبوو. لەساڵی ١٧٥٥ دا رێ بە لۆرد فیتز ویلیام[27] فەرمانڕەوای نوێی ئایرلەندە درا تا پشتگیریی خۆی لەئازادیی كاسۆلیكەكان رابگەیەنێ. پاشا خۆی لە مەسەلەكەوە هەڵقورتاندەوەو دوای ئەوەی لەلایەن ئوسقوفی مەزنی كانتر بۆری‌و سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكان‌و دادوەری گشتی یەوە رێنوێنی كرا، بەرەسمی رایگەیاند كە

---

[27] Lord Fitzwilliam

بەخشینی ئەو ئازادییە بەكاسۆلیكەكان بە پێچەوانەی ئەو سوێندەوەیە كە لەكاتی تاج خستنەسەریدا خواردویەتی. پاشا بە پیتی وت: (بەخشینی ئازادی بەكاسۆلیكەكان[28] لەسنوری دەسەڵاتی كابینەدا نیە.). بێ سود بوو، لەبەرئەوەی ووتە مێژووییەكانی ئەو بۆ هەمیشە لەناو مێشكی خەڵكی ئایرلەندەدا جێگیر بوبوو.

لەم كاتەدا ئەو یاخیبوونەی بەیارمەتیی یەكەیەكی لەهێزەكانی فەرەنسا لەئایرلەندە سەری هەڵدا بوو، تێكشێنرا. پارلەمانی ئایرلەندە یەكێتیی لەگەڵ وێستمینیستەردا[29] ڕەت كردەوەو پیت رایەكی سەرسوڕهێنەری لەئەنجومەنی نوێنەراندا خستەڕوو: (هیچ كەسێك ناتوانێ بڵێ كەلە بارودۆخی ئێستادا، ولەبەرئەوەی كە ئایرلەندە وەك قەڵەمڕەوێكی جیا ماوەتەوە، پێویستە مافی تەواو بەكاسۆلیكەكان بدرێ. بەخشینی ئەم مافانە مەترسیە بۆسەر وڵاتو پایەكانی سیستمی قانونیی ئایرلەندەش لاوازدەكا). بڕگە گرنگەكانی ئەم وتەیە (لەبەرئەوەی كە ئایرلەندە وەك قەڵەمڕەوێكی جیا ماوەتەوە) ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی ئەگەر ئایرلەندیەكان یەكێتیان لەگەڵ وێستمینیستەردا قبوڵ بكردایە، ئازادیی كاسۆلیكەكان دەهاتەدیو ئاكامێكی ئەو یەكگرتنە دەبوو.

ئەم پاشگەزبونەوەیە بەدوو جۆر قابیلی لێكدانەوە بوو: تەماعی خستە بەر كاسۆلیكەكان ئەگەر ئەوقسەیە ئاوا لێك بدەیتەوە: ئەو یەكێتیە قبوڵكەن تا دەرفەتی ئازادیتان بۆ بڕەخسێ.

لەلایەكی ترەوە پرۆتستانتەكانی وا ئاراستە دەكرد كەئەگەر ئەو یەكێتییەتان قبوڵ نەبێ رەنگە دەوڵەت ناچار بێ لەمەسەلەی ئازادیدا، چەند مافێك بەكاسۆلیكەكان رەوا ببینێ. سەرەنجام بەناوبژیوانیی كاستلەری[30]، وەزیری كاروباری ئایرلەندە، كە بەڵێنی بە

[28] ـ ئازادی كاسۆلیكەكان Emancipation واتا بەخشینی مافی یاسایی، كۆمەڵایەتی، سیاسی، بیریاری، رۆشنبیریو ئەخلاقیو ئازادی لەكڕینو فرۆشتنی موڵكدا. كاسۆلیكەكان لەوكاتەدا لەهەندێ لەم ئازادیانە بێ بەری كرابوون ـ و.

[29] Westminister پارلەمانی ئینگلیز ـ و.

[30] Cast Lereagh





نوێنەرانی ناوچە جیاجیاكانی ئایرلەندە لەناو پەرلەماندا دابوو كە پاداشتیان بداتیو قەرەبویان بۆبكاتەوە، پارلەمانی ئایرلەندە رەزامەندیی لەسەر ئەو یەكێتییە دەربڕیو، قانونی یەكگرتن، لەهەردوو پارلەماندا پەسەندكرا، ولەكانونی دووەمی ١٨٠١ دا جێبەجێ كرا.

بەڵام لەدەرەوەی ئینگلتەرەدا، بارودۆخەكە پەشێوو زریاناوی بووو نیشانەیەكی ئارامی بەدی نەدەكرا.

ناپلیۆن بڕیاری دابوو هێرش بكاتە سەر میسر تادەستی بەریتانیا لەموڵكەكانی لە هیندستان كورت بكاتەوە. ناپلیۆنماڵتای داگیركرد، كە لەوكاتانەدا بەجۆرێك لەجۆرەكان لەژێر پارێزگاریی روسیادا بوو. نیلسۆن (فەرماندەی دەریایی ناسراوی ئینگلیزی) لەشەڕی (نیل) دا چەند یەكەیەكی كەشتیگەلی فەرەنسیی لەهێرشێكی ئازایانەدا لەناوبرد. روسە داخ لەدڵەكان پەیوەندیان بە هاوپەیمانێتی نوێی نێوان نەمسا، بەریتانیا، قەڵەمڕەوی ناپۆلیو توركیاوە كرد. لائیحەی یارمەتیدانی هاوپەیمانان جارێكی تر خرایە روو، و ئەمجارەیان پێشوازی لێكرا، لەبەرئەوەی ئاكامە باشەكانی روونو ئاشكرا بوون.

دوابەدوای سەركەوتنە بەرچاوەكەی سوارۆڤ[31]، روسو نەمساییەكان هێزەكانی فەرەنسایان لەئیتاڵیا دەرپەڕاند. لەكۆماری هۆڵنداش چەند سەركەوتنێك بەدەستهات. پیت ئەگەری دانوستانی ئاشتیی خستەڕوو، بەڵام پاشا قبولی نەكرد. سەركەوتنی پۆناپارت لە مارینگۆ[32]، لەساڵی ١٨٠٠ دا، پێگەی فەرەنسیەكانی لەدانوستانەكانی ئاشتیو جەنگیشدا پتەوكرد. پیت نەخۆشكەوتو كاركردنی لەرادەبەدەر لەپێی خستبوو. شەوانە خەو نەدەچووە چاویو نەیدەتوانی واز لەمەی خواردنەوە بهێنێ.

خۆراك لەوڵاتدا بەتەواوی دابویە كزیو نرخەكانیش لەبەرزبونەوەدابوون. روسەكان لەو هاوپەیمانێتیە دەرچوون، لەبەرئەوەی بەداگیركردنی ماڵتا وەكو ئەوە وابوو ئینگلیزەكان

[31] Suarov

[32] Marengo

مەكتەبی بیروهۆشیاری

پـەلاماری ئـەوانیان دابـێ. ئـەوكات قـەیرانی ئایرلەنـدە سـەری هەڵـدا. مانگێـك دوای یەكخستنی (پارلەمانەكانی ئایرلەندەو ئینگلتـەرە)، پاشـا چـەند راپـۆرتێكی بەدەسـت گەیشت كە باسیان لەوە دەكرد كابینـە بەئاراسـتەی بەخـشینی ئـازادی بەكاسـۆلیكەكان هەنگاو دەنێ. لەراستیدا هێشتا هیچ بڕیارێك نـەدرابوو، لەبەرئـەوەی لـەناو وەزیرەكانـدا راوبۆچونی جیاواز هەبوو. پیت بەدەسـت بەیاننامـە مانادارەكـەی دووسـاڵ لـەوەو بـەری خۆیەوە گیری خواردبوو، لەبەرئەوەی كاسۆلیكەكانی ئایرلەندە مافی خۆیان بوو بڵێن كە لەسەر قسەكانی ئەو بەوهیوایـەی ئـازادیی خۆیـان دەسـتەبەر بكـەن، بەویەكێتییـە رازی بوون، لەكاتێكدا پێشتر هەموو جۆرە یەكێتییەكی لەوجۆرەیان رەت كردبۆوە.

بۆیە چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد كە پیت بەڵێنەكەی خۆی بێنێتە دی. پیتـیش روبـەروی پاشایەكی دەمار گرژو توڕە بوو بۆوە كـە خـۆی بەسـتبۆوە بەوسـوێندەوە كـە لەسـەرەتای تاجداریەكەیدا خواردبووی. كابینەكەی گیرۆدەی دوبەرەكیو جیاوازیی بیروبۆچوون ببـوو. لەلایـەكی تریـشەوە پاشـا چـیتر رێگـای نـەدەدا كابینـە بریـار لەسـەر ئەوشـتانە بـدا كەلەمەودای دەسەڵاتیدا نیە.

ئەگەر پیت پاشـای ناچـار بكردایـە بـە بەخـشینی ئـەو ئازادییـە، بەپاسـاوی ئـەوەی بەیاننامەكەی پابەندی كردووە بەو بەڵێنەوە، ئایا لەوحاڵەتەدا نەدەچووە قاڵبی فریـودانی گەورەو سەروەرەكەیەوە؟ ئەگەر بە ئایرلەندیەكانیشی بوتایـە كـە بەیاننامەكـەی هـەرگیز بەریتانیا پابەند ناكـا، لەوحاڵەتـەدا (ئایـا) ماناكـەی ئـەوە نەبووكـە ئـەوانی فریـوداوە؟ هەربۆیە، دەست لەكاركێشانەوە باشـترین رێگـە بـوو بـۆ خۆرزگـاركردن، بەتایبـەت كـە نەخۆش بوو، و دوچاری دەردی بـێ خـەوی بوبـوو پێویـستیەكی زۆری بـەئارامیو پـشوو هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە پاشا ئامادە بوو دەست لەكاركێشانەوەكەی قبوڵ بكـا، و پێـشتریش سـەرنجی (ئـەدینگتن) ی بـەلای گرتنەدەسـتی پۆسـتی سـەرۆك وەزیـری دا راكێـشابوو، بـەڵام هێـشتا ئەنجومـەنی نوێنـەران بـاوەڕی بـەو پڕوپاگەندانـە نـەدەكرد، لەبەرئەوەی (پیت) ی بەسەركردەی بێ هاوتـای وڵات لەقەڵـەم دەدا. پاشـا جـارێكی تـر




مەكتەبی بیروهۆشیاری

نـەخۆش كەوتـەوە. پیـت لەپراكتیكـدا سـەرۆك وەزیرێكـی پابەنـدی تـاجو تـەخت بـووو شـازادەی وێڵـز ئـەو دەسـەڵاتەی پـێ رەوا دەبینـی تـا لائیحـەی جێنـشینەكەی قۆناغـە قانونیەكانی خۆی لەپارلەمانی دوو ئەنجومەنیدا تەی بكا.

دوای مـاوەیـەك دیـسانەوە پاشـا چـاك بـۆوە. زانـستی پزیـشكی نـوێ دەڵـێ كـە نەخۆشەكانی پروفیریا خێرا چاك دەبنەوە، مەگەر لەتەمەنی پیریدا. لەلایەكی تـرەوە پیـت كە سەرگەرمی تەواوكردنی دەست لەكاركێشانەوەكەی بوو، دیـسانەوە لـەدوایین قۆنـاغـدا دەسـت پێـشخەرییەكی سـەرنج راكێـشی كـرد. بیـستبووی كـە پاشـا ئۆبـاڵی نەخۆشكەوتنەكەی خستۆتە ئەستۆی پێشنیارەكەی پیت سـەبارەت بـە بەخـشینی ئـازادی بەكاسـۆلیكەكان. بۆیـە نامـەیـەكی ئاراسـتەی پاشـا كـردو دڵنیـای كـردەوە كـەتا پاشـا لەژیاندابێ جارێكی تر ئەو مەسەلەیە نەخاتەوە ڕوو.

بۆچی؟ شیكردنەوەكەی دیرك جارت جێی سەرنجە، (ئەگەر بڕیار وابوبێ ئـەو ئازادیـە نەدرێ، ئەی دەسـت لەكاركێـشانەوە لـەپای چـی؟ رەنگـە وای بۆچـوبێ كـە ئـەوە ئـەركی سەرشانی كاسۆلیكەكانی ئایرلەندەیە كە داخوازیەكانی خۆیان بەئاكام بگەیەننو ئەویش بە پابەندكردنی خۆی بـە یارمـەتیـدانیان لەئایندەدا ،كـە لەراسـتیدا ئاسـانكارییەك بـوو بۆگەیشتنیان بەوئامانجـە. دەسـت لەكاركێـشانەوە لەبەرئـەوەی كـە پێـشنیارەكەی قبـوڵ نەكراوە، زۆر مـەنتیقی نەبوو.) وەك دیرك جارت نوسیویەتی: ئایا واتـای نامـەكـەی پیـت ئەوەیە كە دڵنیاكردنەوەیەكی ئاوا زیانی نییە تابتوانێ قەناعەت بە پاشا بكـا؟ یائـەوەی كە ئەو هەرئەوەندە بێدەنگ دەبێ كە جۆرجی سێیەم لەژیانـدا مـابـێ، بـەڵام دوای ئـەوەو لەكاتی دەسەڵاتی پاشایەكی تردا، ئـەو بێدەنگیـە دەشـكێنێ؟) پیـت ٢١ سـاڵ لەپاشـا گەنج تر بوو كەچی ١٤ ساڵ زووتـر لـەو مـرد. ئـەم بۆچـونەیان زیـاتر ڕێی تـێ دەچـێ، هەرچەندە ئەگەرەكەی تریان ئەوەیە كـە ئـەو نـەخۆشو لێكـەوتوو بـوو، و زۆر پێویـستی بەپـشوو هـەبوو، بـەهۆی ئـەو بەیاننامـە مـشتومڕئامێزەیەوە چـاك بونـەوەی دەیخـستە حاڵەتێكی نالەبارەوە.

بەلای (ئەدینگتن) ەوە كێشەیەك نەبوو ناوی (مەسەلەی ئازادی كاسۆلیكەكان)بێ. ئەو وەك وەزیری یەكەم، دەستی پاشای ماچ كردو لەماوەیەكی كورتدا كە جێی سەرسامی بوو رەزامەندیی پاشای سەبارەت بەئاكامی دانوستانەكانی ئاشتی بەدەستهێناو پەیمانی ئاشتی ئامین[33] لەمارسی ١٨٠٢ دا ئیمزاكرا.

ئەوئاشتیە مایەی سەرشۆڕیو دوودڵی بوو لەبەرئەوەی ترسی ئەوە هەبوو كە ناپلیۆن رێزلەو ئاشتییە نەگرێ. ئەم دوو دڵیانە یادی پیتی لەناو دڵی خەڵكیدا زیندوكردەوەو وایلێكردن ستایشی ماوەی دەسەڵاتی ئەو بكەن. كارەكانی پیت لەئەنجومەنی نوێنەراندا هەڵسەنگێندرانو خۆشەویستی خەڵكی بۆی شەپۆلی دەداو بۆ رێزلێنان لەكارو خزمەتە بەنرخەكانی، پێشنیارێك بە زۆرینەی نزیك لەكۆی گشتی دەنگەكان لەئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەندكرا. لەئێوارە خوانێكدا كەلە ٢٨ ی مایسی ١٨٠٢ دا بەبۆنەی ساڵرۆژی لەدایك بوونی پیتەوە رێكخرا، لەچامەیەكدا كەجۆرج كانینگ لەستایشی ئەودا هۆنیبویەوە، نازناوی (ئەو ناخودایەی بەرگەی زریانی گرت.) ی پێ بەخشی شاعیر بەپێشبینی كردنی گەڕانەوەی پیت كۆتایی بەشیعرەكەی هێنا:

ئای! گەر رەشەبا دوبارە هەڵبكا
وسپیدەی ئاشتی نغرۆی تاریكی بێ
ئەو رۆژەی كە ئەو كەڵە پیاوە ئاخ هەڵكێشێ
و ئەو جوامێرە نیگەران بێ
ئەو رۆژە ناخودایەك كە بەرگەی زریانی گرت
دەگەڕێتەوە

ئەو ئاشتیەی ئەدینگتۆن گرێی دابوو، پەیمانی میونیخی چەمبەرلین چەندە لەئاشتی یەكی راستەقینە دەچوو ئەویش بەهەمان شێوە. رۆژ لەدوای رۆژیش ئایندەی ئەو ئاشتییە زیاتر تەماوی دەبوو. پیت لەگۆڕەپانی سیاسەت زۆر دووركەوتبۆوە. ئەو

[33] Walmer Castle





رێو شوێنانەی بەسەر دەكردەوە كە بۆ بەرگریكردن لەكەنارەكانی باشوری ئینگلتەرە لەقەڵای والمەر گیرابووەبەر،و وەك لۆردی فەرمانڕەوای پێنج بەندەرەكەی باشوری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرە لەژێر سەرپەرشتیی ئەودابوو. یا بۆزاخاوی مێشك، رۆژانە خۆی بەچەند وەرزشێكی بیابانیەوە سەرقاڵ دەكردو شەوانەش تا لەهۆش خۆی دەچوو دەیخواردەوە. لەسەرەتاكانی ساڵی ١٨٠٣ دا كەسێك نەبوو پەی بەوە نەبا كە جەنگ هەر بەرپادەبێ.

پیت برِستی لێبرِا. جارێكی تر هاتەوە مەیدان. ئاماژەی بە ئیئتیلافێكی گەورەی وەزیرەكان دەدا بەسەرپەرشتیی خۆیو بەشداریی فۆكس. پاشا لەو چاو قایمیەی ئەو دەمار گرژبوو، بەڵام نەیتوانی بەر بەو زریانە سامناكە بگرێ كە (كانینگ) ی شاعیر پێش بینیی كردبوو.

ناپلیۆن بەنیاز بوو هێرش بكا. ئەو كەشتیە بچوكانەی بۆ هامووشۆ بەناو تەنكاوەكاندا[34] دروستیكردبوونو هیچ ترسێكیان نەدەخستە ناودڵی دەریا سالارەكانی ئینگلیزەوە، رەوانەی ئاوەكانی ئینگلتەرە كرد. لەم ساتەوەختە قەیراناویەدا، پاشا گۆشەگیر بوو و شازادەی وێلز بەرنامەی هاتنەسەركاری فۆكس یا ئەدینگتنی تاووتوێ كرد. لەمایسی ١٨٠٤ دا پیت جارێكی تر دەسەڵاتی گرتەوەدەستو پۆناپارتیش خۆی كرد بەئیمپراتۆری فەرەنسا.

پیت میراتێكی سەختو ناهەمواری لەئەوروپادا بۆبەجێ مابوو. تەندروستی خۆی رۆژلەدوای رۆژ خراپتر دەبوو، و تا یارمەتیە دراویەكانی بۆهاوپەیمانان زیاتر بكرایە، شكستەكان زیاتر دەبوون. ئاسایشی بەریتانیا لەبەرامبەر پەلامارەكانی فەرەنسادا تەنیا بە سەركەوتنە پرِشانازیەكەی نیلسۆن لەترافالگار[35] زامن بوو كە باوەڕی وابوو پێویستە هێزی دەریایی بەر لەهێزی زەمینی كارابكرێ.

[34] Flat – bottomed boat

[35] – بەندەرێكە لەباشوری خۆرئاوای ئیسپانیاو مەغریب كەلەوێ هێزی دەریایی بەریتانیا لەساڵی ١٨٠٥ دا بەسەر كەشتیگەلی فەرەنساو ئیسپانیا دا سەركەوت ـ و.

بەوشێوەیە بەریتانیا سەلماندنی كە هەرگیز داگیرناكرێ. پیت لەسەرە مەرگدا پەی بەو راستیەش برد، بەڵام سەركەوتنەكەی ترافالگار ورەی بەرزكردەوە، ئەو ورەیەی كەپێویستی پێی هەبوو. ئەوەش لە دوایین وتەدا لەمیوانداریێتی سەرۆكی شارەوانی لەندەندا كە وتەیەكی كورتو پوخت بوو بەرجەستە بوو. درەوشاوەترین ودیارترین دەستەواژەكانی ئەو وتە كورتەی لەسەر تابلۆیەك لەدوریی چەند مەترێك لەشوێنی قسەكردنەكەیەوە لە گیلدهۆڵ [36] بۆیادگاری نوسراوە.

سەرۆكی شارەوانی لەندەن لەو میوانداریەدا پیتی بە(رزگاركەری ئەوروپا) لەقەڵەم داوە.

(پیت) یش لەوەڵامدا وتویەتی: (سوپاسی ئەوهەموو رێزەی ئێوەدەكەم. بەڕای من هیچ كەسێك بەتەنیا ناتوانێ ئەوروپا رزگار بكا. ئەگەر بەریتانیا رزگاری بووبێ لەئاكامی هەوڵو كۆششەكانی خۆیەوە بووەو من دڵنیام كە بەریتانیا دەتوانێ ببێتە سەرمەشق بۆ رزگاریی ئەوروپا.)

بەڵام هیواو ئاواتەكانی پیت كە لەسەرە مەرگدابوو، بەگەیشتنی هەواڵی سەركەوتنی ناپلیۆن لەئاوستەرلیز دایانە كزی. ناپلیۆن گەورەی زەوی‌و بەریتانیاش گەورەی دەریاكان بوو. دوای مردنی پیت لەساڵی ١٨٠٦ دا، كێشمەكێش‌و پەلامارەكانی ناپلیۆن بۆسەر زەوی‌و پانتایی دەریاكان ماوەی دەساڵی تری خایاندو پێشڕەویەكانی هەر لە تاگوسە[37] وە، لە پورتوگاڵ، تا روباری مۆسكۆ لەروسیا، بڕی كرد، شەڕەكانی ناپلیۆن لەگەڵ ژەنەراڵی روسی، كۆتۆزۆف‌و گیرۆدەبون‌و لەبەریەك هەڵوەشانی هێزەكانی ناپلیۆن لەناو بەفرە بێبەزەییەكەی روسیاو ئۆكرایندا قۆناغێكی تری ئەو ململانێیە بوو. سەرەنجام

[36] – Guildhall كۆشكی شارەوانی لەندەن ـ و.

[37] - Tagus روبارێكە لەپورتوگال ـ و.





بەربەستی پتەوی ویلنگتۆن[38] لە مەیدانی جەنگی واتەرلودا كۆتایی بە زەبروزەنگی ناپلیۆن هێناو ٤٠ساڵ ئاشتی‌و ئارامی لێ كەوتەوە.

ئەم بەربەستە جارێكی تر، دوای ١٥٠ ساڵ، كاتێك بەریتانیا لەمەیدانی شەڕدا بەتەنیا مابۆوە، بنیاد نرایەوە. پیت هاوشێوەی چێرچیل لەگەڵ وڵاتو بۆ وڵات قسەی دەكرد. هەردوكیان رێگای بەریتانیایان بۆ دەستەبەركردنی سەركەوتنی كۆتایی دەستنیشان كردبوو. رێنوێنی ئەوان ئەوە بوو كە دەبێ بەریتانیا تەنیا پشت بەهەوڵەكانی خۆی ببەستێ‌و یارمەتی لەهێزی خۆی وەرگرێ. ئێستاش هەردوكیان دەتوانن بڵێن كەئەم هەولانە وەك سەرمەشقێك بۆجیهانێكی گەورەتر[39] سەركەوتنی بەدەستهێناوە

[38] – Weling ton فەرمانـدەی بـەناوبانگی ئینگلیـزی (١٧٦٩ـ١٨٥٢) كەلەساڵی ١٨١٥ دا سوپای ناپلیۆنی لە واتەرلوو بەزاند ـ و.

[39] مەبەست، وڵاتانی ترە ـ و.

مه كتەبی بیروهۆشیاری

## لەجەنگەوە تا ئاشتی ١٨٠٦ ـ ١٨٣٤

لەماوەی ئەو ٢٨ساڵەی نێوان مەرگی پیتو هاتنە سەركاری یەكەمین كابینەی كورت خایەنی پیل لە ١٨٣٤ - ١٨٣٥دا، ٨ سەرۆك وەزیری تر جگە لە پۆرتلاند، هاتنە سەركار كە هەمویان لەپێش یەكەمین كابینەی (پیت)ەوە پلەو پایەیان هەبووە،وهەروەها ئەدینگتن كە لەماوەی نێوان هەردو خولی سەرۆكایەتیی پیت دا بە سەرۆك وەزیری گەیشت. لەو هەشت كەسە كۆنتی لیڤەرپول (كەناوی راستەقینەی رۆبێرت جینكسن، لۆرد هاوكسبیری[٤٠]) ە نزیكەی ١٥ساڵ لەكانونی دوەمی ١٨١٢وە تا شوباتی ١٨٢٧مایەوە كە ئەوەش دورودرێژترین ماوەی سەرۆك وەزیری بووە لەسەدەی نۆزدەهەمدا.

ئەوانی تر جگە لەدووەمین كابینەی پۆرتلاند، هەرحەوتیان تێكڕا نزیكەی ١١ساڵ لەنێوان پیتو پیل دا سەرۆكایەتییان كردووە. لەناویاندا پێویستە ئاماژە بە سپێنسەر پێرسڤال[٤١] (ئەو سەرۆك وەزیرەی كە كوژرا) بكەین.

ئەو سەرۆك وەزیرێكی شایستەو بەتوانابوو،و دۆستو هاودەمی نزیكی ویلبەرفۆرس[٤٢]بو لەبەگژاچونەوەی كۆیلەیی‌و سەركردەیەكی كارای كاتی جەنگ بوو كە دەسەڵاتی تەواوی بەخشیە ویلینگتۆن لەنیمچە دورگەی ئایبری[٤٣] (بەدەر لەجەنگی دەریا).


---

[40] Robert Jenkin son, Lord Hawkesbury
[41] spencer  preceval
[42] Wilberforce

[٤٣] لەئیسپانیاو پورتوگال پێكهاتوە ـ و .







سپێنسەر پێرسڤاڵ،
تەنیا سەرۆك وەزیری بەریتانیا كە تیرۆر كرابێ.

تا سەرەنجام سەركێشییەكانی ناپلیۆن لەناو بەفرەكانی روسیادا دامركایەوەو كەوتەبەر هێرش‌و پەلاماری كوشندەی هێزەكانی كۆتۆزۆف.

ماوەی نێوان مردنی پیت تا پێكهێنانی یەكەمین كابینەی پیل، كۆتایی جەنگەكانی ناپلیۆن،و سەرەتای كاریگەریی شۆڕشی پیشەیازی بۆ سەر سیاسەتەكانی بەریتانیا،و نائارامییە كۆمەڵایەتیەكانی زادەی شۆڕشی پیشەسازی، لەخۆدەگرێ. هەروەها لەو ماوەیەدا مەسەلەی ئازادیی كاسۆلیكەكان كە پیت دەستپێشخەری بوو،و لەبەشی داهاتودا لێی دەكۆڵینەوە، بەتەواوی كۆتایی پێهاتو یەكەمین پەرەسەندنی گرنگ لەكاروباری پارلەمانی‌و هەڵبژاردندا بەئەنجام گەیشت،و زنجیرە چاكسازیەك لەم زەمینەیەدا كرا.

پرۆفیسۆر نۆرمان گاش[44] لەكتێبی (سەرۆك وەزیران)دا بە پرسیارێك بەشێكی كتێبەكەی دەست پێدەكا كە ئەزمونێكی باشە بۆ لێكۆڵەرەوان: (لەكاتی شەڕی واتەرلوردا[45] چ كەسێك سەرۆك وەزیری ئینگلتەرە بووە؟) پرسیارەكەی تر رەنگە ئەمەبێ: (دوای ولیام پیت چ كەسێك زۆرترین ماوە سەرۆك وەزیر بووە؟) وەڵامی هەردوو پرسیارەكە كۆنت لیڤەرپۆلە كە ١٥ساڵ سەرۆكایەتیی كردوەو تاكو ئێستا ركابەری نەبووە: مەگەر ركابەرانی وەك والپۆڵو پیتی لاو كە بەرلەو ژیاون.

ئەو سەركەوتنانەی كە كابینەكەی ئەو بەدەستی هێناون سەركەوتنی مەزنن. ناپلیۆن شكستی خواردو دوای جەڵتەیەكی كوشندەی دڵ ، لیڤەر پول لەساڵی ١٨٢٧دا كۆچی دوایی كرد.

سەرۆكایەتیی ئەو لەساڵی ١٨١٢وە، ئەو ساڵەی ویلینگتۆن باداخوسی[46]و سیوداد و (شارۆچكەی) رۆدسگۆی[47] داگیركردوناپلیۆن ناچار كرا لەمۆسكۆ بكشێتەوە، دەستی پێكرد ،و لەساڵی ١٨٢٧یشدا، ساڵی ناڤارینۆ[48] كە بەسەربەخۆیی یۆنان تەواو بوو ،و تیایدا دەریا سالارێكی ئینگلیزی كەشتیگەلی فەرەنسای تێكشكاند، كۆتایی پێهات.

سەركەوتویی ئەو بەند بوو بە (حكومەتێكی پێكهاتوو لەسەرجەم تواناكان)ەوە كە بەری كابینە یەك لەدوای یەكەكانی ئەو بوو. شەش سەرۆك وەزیری دوای ئەو وەك وەزیر لەژێر دەستی ئەودا كاریان دەكرد ، ئەوانیش بریتی بوون لە: كانینگ، گادریچ، ویلینگتۆن، پیل، پاڵمەرستۆن،و (ئابریدین)یش كە نوێنەری تایبەتی ئەو بوو لە نەمسا.

---

[44] Norman Gash

[45] water Loo گوندێكی ناوەندی بەلچیكاو باشوری برۆكسل: لەوێدا بەتەواوەتی شكستی هێنا ـ و .


[46] Badagaz شارێكە لەباشوری خۆراوای ئیسپانیا لەسەر رۆخی روباری گوادیانا ـ و .

[47] Ciudad Rodrigo

[48] Navarino بەندەرێكی باشوری خۆراوای پلۆپۆتری باشوری خۆراوای یۆنانە. لەساڵی ١٨٢٨دا كەشتیگەلی توركیاو میسر لەشەڕێكی دەریاییدا لەم شوێنەدا، لەسەر دەستی یۆنان شكستیان خوارد ـ و .







كۆنت لیڤەرپوڵ كە درێژترین
ماوەی سەرۆكایەتیی هەبوو لەسەدەی نۆزدەهەمدا . تابلۆی تۆماس لاورەنس.

بەر لەوەی بەتەمەنی قانونی بگا، لەناوچەیەكی هەڵبژاردنی ژێر ركێفی خێزانەكەیدا هەڵبـژێردراو دوای سێ ساڵ كرا بەئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی هیندستان (یان ئەنجومەنی حكومەتی هیندستان)و تا ٣٤ساڵ هیچ كاتێك بێ پلەو پایە نەبووە،جگە لەو ١٣مانگەی نێوان ١٨٠٦و ١٨٠٧، لەكاتی كابینەكەی (گرن ڤیل)دا. لەساڵی ١٧٩٣دا ماوەیەك لەژێر دەستی (پیت)دا خزمەتی كرد. یەكێك لەوەزیرەكانی ئەو لەساڵی ١٨٦٥دا، واتە دوای ٧٢ساڵ، هێشتا هەر سەرۆك وەزیر بوو،و كاستلەریو كاینگ وەزیرانی دەرەوە بوون.

دوای چەند ساڵێك خەڵكی لەلیڤەر پۆل پڕبوونو لیی بێزار بون لەبەر ئەوەی رێوشوێنی توندو سەركەوتوكەرانی دەگرتە بەر. (لادیت) ە كان[49] كە لەكاتی دەسەڵاتی (پرسوال)دا ئۆتۆمبیلەكانیان تێك دەشكاند، بێ بەزەییانە سەركوت كران. ئەو رێوشوێنانەی دەوڵەت وای كرد لۆرد بایرۆن[50] یەكەمین وتەی مێژویی خۆی لەساڵی ٢٧ی شوباتی ١٨١٢دا لەئەنجومەنی لۆردەكاندا پێش كەش بكا كە تایبەت بوو بە لائیحەی ئامێرەكان.

لەكاتی سەرۆكایەتی لیڤەر پۆلدا بوو كە (پیتەرلو)[51] رویداو داكۆكی لەو رێو شوێنانە كرد كەلەلایەن سەربازەكانی ئینگلتەراوە پیادەكران.

بێزاری خەڵكی بێ بنەما بوو: نەوەكانی دواتر دەزانن كە لەئینگلتەرە شۆڕشی ژاكوبن[52] لەرێدا نەبوو.

بەڵام لیڤەر پولو سیدماوس[53] (ئەدینگتن) تۆقیبون: سیخورو پۆلیسە نهێنیەكانیان نەیان دەتوانی كاریگەریی تیرۆرستە فەرەنسیەكانو ئایدۆلۆژیەكەیان لەسەر خەڵكی هەڵسەنگێنن. پیتی لاو بەرپەرچی یەكەمین مەترسیی ئەوانی دایەوە. حكومەتەكان، بەتایبەت كاتێك لەئاستی ئەو مەترسیانە بەئاگا نەبن، زیاد لەپێویست گرنگی بەخۆ پاراستن دەدەنو لەدابین كردنی ئاسایشدا زێدەڕۆیی دەكەن. ئەوە بەرگری نەبوو كە حكومەت لەبەرامبەر پارلەمانێكی گرژو ئاڵۆزدا بڵێ: (حكومەت پەی بەچوار لەسەر یەكی ئەو مەترسیە بردبوو وهەستمان كرد نابێ ئەو دەرفەتە لەدەست

[49] Luddites ئەندامانی دەستەی خاوەن ئامێرە ئینگلیزەكان بوون لەساڵی ١٨١١ ـ ١٨١٦دا، هاوكات لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا چەند جارێك یاخی بوونو ئامێرە پیشەسازیەكانیان تێك شكاند. مانای خوازراوی ئەم دەستەواژەیە بەو كەسانە دەوترێ كە دژی پێشكەوتن بن یا كۆسپی بۆ دروست بكەن ـ و .

[50] Lord George Gordon Byron شاعیری ناسراوی ئینگلیزی (١٧٨٨ ـ ١٨٢٤).

[51] Peter Loo

[52] ژاكوبن راهیبێكی مەزهەبی دۆمونیكان بووە و بیروباوەڕی ڕادیكاڵانەی هەبووە. ژاكوبنەكان لە نێوان ساڵانی ١٧٨٩-١٧٩٤ چالاك بوون ـو.

[53] Sidmouth





بدەین، بەڵام جێی داخ بوو بۆئێمە كە بۆچوونەكانمان هەڵەبوون.) هەركاتێك مەترسیەكی ئابوری یا دیبلۆماسی هەبوایە بەرنامەیەكی ئاوا هەرگیز پەسەند نەدەكرا، بەڵام كاتێك مەترسیی راستەوخۆ پەیوەندی بەئاسایشەوە هەبێ، ئەم جۆرە پاساوانە تا رادەیەك قابیلی قبولن.

جگەلەوە. راوبۆچونی گشتی وابووكە كابینەی لیڤەر پۆل جار بەسەر قانوندا بازی داوە.

رۆژگاری (توریسم)[54] ی (كۆنەپەرستی) كە كاستلەری، سیدماوس، ئێڵدن[55] و ڤانسیتارت[56] تیایدا بالا دەست بوون:و رۆژگاری دوایی (توربسم)ی (لیبرال) كە كانینگ، پیل، هاسكینسن[57] و رۆبنسن[58] و رۆبینسی پیاوانی دەسەڵاتداری كابینە بون.

لیڤەر پۆل لەبارەی بالادەستی بەسەر كابینەكەی خۆیدا دوای پیت، بەبەهێزترین كەس لەقەڵەم دەدرا ،و بەهێزتربوو لەو نەوەیەی دوای ئەو هات.

ساڵ هاتو چوو، تا دەهات ئەزمون،و پێگەو ناوبانگی ئەو زیاتر دەبوو و حكومەتەكەشی بەهێزتر دەبوو. لیڤەر پول كەڵەكچێتیو پیلانگێڕی رامالی. دیزرائیلی رستەیەكی بەناوبانگی هەیە كە زۆرچاك پێناسەی ئەو دەكا: (میانە حاڵێك[59] كەسەرۆكایەتی كابینەیەكی میانەحاڵەكان دەكا.)

لیڤەر پۆل وەك سەركردەیەكی كاتی جەنگ، ستراتیژێكی راستی پەیڕەوكرد. تەنیا كاتو ماندوبونی هێزەكانی ناپلیۆن، كە ماوەیەكی دورو درێژ لەنیشتمانەكەی خۆیان دووربون دەیتوانی سەركەوتن زامن بكا،

[54] Toryism
[55] Eldon
[56] Vansittart
[57] Huskisson
[58] Robinson

[59] میان حاڵ كەسێكە نەباشو نەخراپ-

سـەبارەت بەسیاسـەتی دەرەوە، بەتایبـەت دوای ئـەوەی كـانینگ بـوو بەجێنـشینی كاستلەری، بێ هیچ گومانێك پێشكەوتنەكانی دوای جەنگی حكومـەت، زۆر بەرچەسـتە بـوو. بـەریتانیا لـەرژێمی كـۆنگرەو یـەكێتیی پـیرۆزی پاشـاكانی ئـەوروپا هاتـە دەرەوە. كاتێـك كاسـتلەریی پێـشنیاری كـرد جێنـشینیی پاشـا لـەكاتی نەخۆشـیەكەی جـۆرجی سێیەمدا دەبێ قەواڵەی پەیوەندی كردن بەو یەكێتیە پیرۆزەوە ئیمزابكـا[٦٠]، لیڤـەر پـول، كاستلەریی لەسەر كار لابرد. وەڵامی لیڤـەرپول ئـەوەبوو كـە(دەستپێـشخەریەكی ئـاوا.) لەگەڵ رێبازی حكومەتەكەی ئێمەدا ناگونجێ ئەو لەگەڵ چەندین كێشەی ئابوریدا دەستەو یەخەبوو. قـەرزەكانی جـەنگ بـاری سەرشـانی دەوڵـەتی سـەنگین كردبـوو. رەتكردنـەوەی پێـشنیاری نوێكردنـەوەی بـاجو خـەراج لەسـەر داهـات لەلایـەن پارلەمانـەوە لەسـاڵی ١٨١٦دا حكومەتی خستە بارێكی ناخۆشەوە. داهاتی گشتی دەوڵەت ١٢ملیۆن پاوەنـد بوو لەكاتێكدا كە خەرجیەكانی دەگەیشتە ٣٠ملیۆن پاوەند.

گرتنەبەری سیاسەتێكی دەست گێڕانەوەی سەخت لەلایـەن حكومـەتـەوە لـەبوارەكانی بەرگری، كەم كردنەوەی خەرجیە ئیداریەكان، كەم كردنەوەی بودجەی سـاڵانەی دەربـار[٦١]و كەم كردنەوەی موچەی سەرجەم كارمەنـدانی دەوڵـەت بەرێـژەی ١٠٪ لەسـاڵی ١٨١٧دا، تەنیا بەشێك لەو كەلێنەی نێوان داهاتو خەرجیی پڕكردەوە.

لێڤەر پولو وەزیرەكانی زۆر بەباشـی خۆیـان لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتە ئابوریـە نوێیـەدا راهێنا.

ئەو لەو باوەڕەدابوو كە سیاسەتی ئابوریی ئازاد[٦٢] تاكە رێگەی كاراكردنی ئابوریە.

رۆبینسن كە دواتر ناوی نرا گادریچو لەو دەمەدا كۆنتی رایپۆت[٦٣]و وەزیری دارایشی بوو، لەو كەسانەبوو بانگەشەیان بۆ ئەم سیاسەتانە دەكرد.

[٦٠] Walcherenدورگەیەكە ڕوبەڕوی ڕۆخی باشوری خۆراوای هۆڵندە-و

[٦١] Civil List بودجەی ساڵانەی دەربار -و

[٦٢] Laissez Fair واتا خۆهەڵنەقورتاندنی دەوڵەت لە كاروباری بازرگانیی كەرتی تایبەت- و

[٦٣] Earl of Ripon نازناوی گادریچە - و





ساڵانی دوای جەنگو سەرەتاكانی دەیەی ١٨٢٠ رۆژگاری گەشەسەندنی پیشەسازیو بازرگانی بوو. حكومەتی لیڤەر پول لەم كاتەدا بـوو كـە كۆمـسیۆنی دراوی دامـەزرانـدو رێگای دا جارێكی تر لەجیاتی پارە ئاڵتون بدرێ.

لەراستیدا لیڤەر پۆل یەكێك بوو لەیەكەمین لایەنگرانی بازرگـانیی ئـازادو پێـشنیار كردنی قانونێكی نوێ بۆ دانەوێڵە[٦٤] بـە ئازایـەتی لەقەڵـەم دەدرا لەكاتێكـدا نوێنـەرانی باڵی نەیار كە زۆربەیان لەناوچە جیاجیاكانی وڵاتەوە هاتبونو خاوەن ئەزمون بوون.

لەسەرەتاكانی ساڵی ١٨١٢دا لیڤەر پـول جگـە لەرەتكردنـەوەی پێـشنیاری لابردنـی قانونەكانی تاقی كردنـەوەو[٦٥] قـانونی كۆمپانیاكـان، لائیحەیـەكی خـۆش گوزەرانیـشی لەئەنجومەنی نوێنەراندا تێپەڕاند كە لەلایەن نـەیارانی حكومـەتـەوە بەگـەرمی پێـشوازی لێكـرا، بـەڵام لـە لایـەنی ئایدیۆلۆژیـەوە بـە تونـدی دژی ئـازادیی كاسـۆلیكەكان بـوو. لەساڵی ١٨٢٥دا رایگەیاند: (پرۆتستانتەكان دڵسۆزیی تەواوی خۆیان بۆ پاشا دوپـات كردۆتـەوە لەكاتێكـدا دڵـسۆزی كاسـۆلیكەكان یەكدەسـت نـەبووە.) لەسـاڵی ١٨٢٥دا كابینە سەبارەت مەسـەلەی ئـازادی كاسـۆلیكەكان دوبـەرەكی زۆری تورسـی تێكـەوتو لەونێوەدا گوشاری كانینگ لەهەموان زیاتر بوو. لەسەرەتای ساڵی ١٨٢٧دا لیڤـەر پـول رایگەیاند كە ماندوبونو نەخۆشی ناچاری دەكا بەم زوانە دەست لەكار بكێشێتەوە.

لەشوباتی هەمان ساڵدا لەژووری چاوەڕوانی نزیك ژوری كابینەدا، بـاری تەندروسـتی تێك چوو، و دوای پشكنین دەركەوت كە دوچاری جەڵتەی دڵ بوە.

دوابـەدوای ئـەم پێـشهاتە لیڤـەر پـول دەسـتی لـەكار كێـشایەوەو دوای ماوەیـەكیش لەكانونی یەكەمی ١٨٢٨دا كۆچی دوایی كرد. ئـەلیزابیس لانگفـۆرد[٦٦] لەكتێبەكەیـدا كە تایبەتە بەژیاننامـەی پیـاوانی ئینگلیـز سـەبارەت بـەجۆرج كـانینگ دەنوسـێ: ئـەو

[٦٤] New Corn Law قانونێك بوو تایبەت بە ڕێكخستنی بازرگانی دانەوێڵە و

[٦٥] قانونی تاقیكردنەوە كە لە نێـوان سـاڵانی ١٨٢٨-١٨٧٢ لـە بـەریتانیا كـاری پـێ دەكـراو هـەموو ئـەو كەسـانەی كـە خوازیاری دامەزراندن بوون لە دامودەزگاكانی حكومەتدا پابەند دەكرد كە بە تاقیكردنەوەدا تێپەڕن

[66] Elizabeth Lonq ford

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

هاوشێوەی ئەنتۆنی ئایدن[٦٧]، سەرۆك وەزیرێكە كە زیاتر لەبەر ئەوەی وەزیری دەرەوەبووە باس دەكرێ.

سەرەڕای كورتیی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی كە ١٠٠رۆژی خایاند لەنیسانەوە تائابی ١٨٢٧بەكاریگەری دۆستایەتی لەگەڵ پارتی توری، بوو بە سەرۆك وەزیرێكی داستان ئامێز. یانەی كانینگ كە ئێستا هەیە لەبەرئەوە دامەزرا تا ناوەكەی بۆ هەمیشە بەزیندویی بمێنێتەوە.

كانینگ دوای دوو ساڵ لەنوێنەرایەتی ئەنجومەن لەكاتی حكومەتەكەی پیتدا بەوەكالەت بوو بەوەزیری دەرەوە. لەگەڵ فۆكسدا نێوانیان خۆش نەبوو، و رازی نەبوو لە (كابینەی تەكنۆكراتەكان) (واتە لیڤەر پول)دا خزمەت بكا، بەڵام لەكابینەكەی پۆرتلاندا بوو بە وەزیری دەرەوەو بەوشێوەیە جارێكی تر گەڕایەوە ناو حكومەت.

لەگەڵ كاستلەریدا لەسەر مەسەلەی لەشكركێشی بۆ والشین بەشەڕهاتو روبەڕوی یەكتری بونەوە. لەحكومەتەكەی پێرسڤاڵد درێژەی بەخزمەتدا، بەڵام رازی نەبوو لەگەڵ حكومەتە تەمەن درێژەكەی لیڤەر پولدا كاربكا، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابوو كە حكومەتەكەی لیڤەرپول بەردەوام نابێ. بەو شێوەیە تاساڵی ١٨١٦نەبوو بەوەزیرو دوای ئەوە تەنیا پۆستی سەرۆكایەتی دەستەی بەڕێوبەرایەتی چاودێری دراوی قبوڵ كرد. كاتێك كاستلەری لەساڵی ١٨٢٢دا، خۆی كوشت، كانینگ لەوەزارەتی دەرەوە جێی گرتەوە. كانینگ گەورەترین لایەنگری دانیشتنەكانی پارلەمانەكانی ئەوروپا (رژێمی كۆنگرە)بوو. هاوشێوەی پالمەرسۆنی لاویش لەوباوەڕەدابوو كە نابێ بەریتانیا لەیەكێتیی ئەوروپای ئیمپراتۆرەكاندا بێ كەزیاتر پاشا سەركوتكەرەكان ئەندام بوون تیایدا. هەربۆیە نەچوو بۆ كۆنگرەی ڤیرونا[٦٨]كە كاستلەری بەنیاز بوو بچێو لە جیاتی خۆی ویلینگتۆنی نارد. بەلای ئەوەوە بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا لەگرنگیدا لەپلەی یەكەمدابوو بارودۆخەكەی بەلاوە لەبار بوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجە: (من ئاوات

[67] Anthony Eden
[68] Congress of Verana





مه كته‌بی بیروهۆشیاری

دەخوازم كە خوا لەگەڵ بەریتانیادا بێ. هەموو وڵاتێكیش دەتوانێ ئەو ئاواتە بخوازێ. كاتێك سەبارەت بە (ئەوروپا) دەدوێم بەرژەوەندیەكانی بەریتانیام لەبەرچاوە. كاتێك سەبارەت بە (یەكێتی) دەدوێم بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا لەسەری سەرەوە دادەنێم،و ئەوە هێمای سیاسەتەكەی من.).

لەساڵەكانی سەرەتای حكومەتەكەی پیتدا، بازرگانی بەریتانیا گەیشتە ئەوپەڕی رەونەقی خۆی، بە تایبەت كە بەهۆی باڵا دەستی دەریایی ئەو وڵاتەوە، پەیوەندی كردن بە ئەمریكای لاتینەوە كارێكی ئەستەم نەبوو. ئەو بەنوێنەرایەتیی كۆمارە نوێكان هاتو هێزی رەوانەی پورتوگاڵ كردو سوكایەتیی بەئیسپانیا كردو جوامێرانە لەئەنجومەنی نوێنەراندا وتی: (من جیهانی نوێم بۆ ژیان بانگ كرد تا هاوسەنگیی جیهانی كۆن دوبارە بێتەوە)[٦٩].

كاتێك لیڤەرپول لەساڵی ١٨٢٧دا دوچاری جەڵتەی دڵ بوو، كانینگ جێنشینی هەرەدیاری ئەو بوو، هەرچەندە بەكاریگەریی بیروباوەڕو بۆچونەكانی سەبارەت بەئازادیی كاسۆلیكەكان ئەگەری بوونی بەسەرۆك وەزیر كەم بوو.

ئەو دوای پیتی مامۆستاو رێپیشاندەری بیری لەوەكردەوە كە وتەكەی پیت بۆ جۆرجی سێیەم كە تا پاشا لەژیاندا مابێ چیتر مەسەلەی ئازادی كاسۆلیكەكان ناخاتەوەڕوو، ئێستا چیتر بڕناكا، لەبەر ئەوەی ئێستا جۆرجی چوارەم تاجی پاشایەتی لەسەرە. ویلینگتۆن‌و پیل رازی نەبوون لەسەر هەڵبژاردنی كانینگ بە سەرۆك وەزیر، بەڵام كانینگ راستەوخۆ لەلایەن پاشاوە پشتگیری لێكراو بوو بەسەرۆك وەزیر.

ئازادیی كاسۆلیكەكان چیتر مەسەلەیەكی توندو هەنوكەیی نەبوو لەبەر ئەوەی بەرلەوەی ببێتە سەرۆك وەزیر ئەو لائیحەیە لەناو ئەنجومەندا دژایەتیەكی ئەوتۆ نەكرا. تاكە پێشڕەوی لەسیاسەتی دەرەوەدا ئیمزاكردی پەیمانێك بوو لەگەڵ فەرەنساو روسیادا.

[٦٩] ئەم وتانە لە نەریتی سیاسەتی كۆنی بەریتانیاوە سەرچاوەدەگرن كە سیاسەتی دەرەوەی بریتی بوو لە راگرتنی هاوسەنگی لە ئەوروپا، تا هیچ وڵاتێك هێندە بە هێز نەبێ كە بەسەر وڵاتانی تردا باڵا دەست بێ.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەگوێرەی ئەوپەیمانە ئەگەر سولّتانی توركیا كۆتایی بەجەنگ لەگەڵ یۆنانیەكاندا نەهێنێ دەبێ لەلایەن هێزە سەربازیەكانی هەرسی ولاّتەوە تەمبێ بكرێ.

شەڕی ناڤارینۆ كەتیایدا كەشتیگەلی توركەكان تێك شكێنراو ئازادی گەڕاندەوە بۆ یۆنان، دوای مەرگی ئەو بوو.

مزیدریك جۆن رۆبینسن، گادریچ و پاشان كۆنتی رایپۆن [70] لەناو نوكتەنامەكەی [71] داونینگ ستریتدا جێیەكی تایبەتی هەیە. بەدڵنیایەوە ئەو لەناو سەرۆك وەزیرەكاندا، پلەو پایەیەكی بەرزی نیە، بەلاّم نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ كە بێ دەستەوەستانیی ئەو وەك سەرۆك وەزیرێك پەیوەستە بە رۆژگارێكەوە كە پارتی توریچ لەلایەن كەسایەتیەكانی خۆیەوەو چ لەلایەن سیاسەتی حزبەوە، بەتایبەت لەمەسەلەی ئازادیی كاسۆلیكەكاندا دوچاری جیاوازیی بیروڕاو تەكەتول بوبۆوە. ئالێرەدا ئەو راستیە سەلێنرا كە تاچ رادەیەك سیاسەتمەدارێكی بەرجەستە كاریگەریی لەسەر حزبێك هەیە.

گادرج كەرابردوی دورودرێژی لەئەندامێتی ژوری بازرگانی و خەزێنەدا هەبوو، بە پۆستی سەرۆك وەزیری نەگەیشت. كاتێك بوو بەسەرۆكی ژوری بازرگانی نازناوی (رۆبنسنی خۆشبەختی)ی لێنرا.

ئەم نازناوە تارادەیەك بۆ ئەوەبوو كە رێزی لێبگرن لەبەرامبەر خزمەتەكانیدا لەرێی پەرەپێدانی ئابوری دوای جەنگ و سەرۆكایەتیی بێ ركابەری بەریتانیا لەپیشەسازی و بازرگانیدا، تارادەیەكیش بۆ پێكەنین و گاڵتەبوو، لەبەرئەوەی خودی كادریچ هەرگیز دەستبەرداری وشەی خۆشبەختیی ئابوری نەدەبوو.

كادریچ بوو بەسەرۆكی ناقۆلاّترین كابینە لەمێژووی بەریتانیادا. نارێكی نێوان ئەندامانی كابینەش بەهۆی دەستێوەردانی نابەجێی شاجۆرجی چوارەم لەدەستنیشان كردنی یەكە یەكەی وەزیرەكانداو بەسوك سەیركردنی سەرۆك وەزیر بوو.

---

[70] ئەم وتانە لە نەریتی سیاسەتی كۆنی بەریتانیاوە سەرچاوە دەگرن كە سیاسەتی دەرەوەی بریتی بوو لە راگرتنی هاوسەنگی لە ئەوروپا. تا هیچ ولاّتێك هێندە بەهێز نەبێ كە بەسەر ولاّتانی تردا بالاّ دەست بێ.

[71] Joke - book





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

دەگێڕنەوە كە گادریچ زۆر شەو هەبوو پەنای دەبردە بەر گریان. بەوەی كە ئاماژەی پێ درا ناهەقی نەبوو وابكا، بەلاّم دەبوو رێگایەكی باشتری بگرتایەتەبەر تا نەگاتە ئەو ئاستە. دوای ئەو نارەزایانەی بەرامبەر بەشێوازی رەفتاری دەوڵەت دەرهەق بە توریەكان و مەسەلەی ناڤارینۆ (كۆمپانیای بەریتانیا لەشەڕی ناڤاروندا) سەری هەڵدا، كۆتایی سەرۆكایەتیی ئەو كاتێك بوو كە هێریس [72] پێی داگرت لەسەر دامەزراندنی هاسكنسن [73] لەپۆستی سەرۆكی لیژنەی دارایی و هەڕەشەی كرد كە ئەگەر لەو پۆستەدا دابنرێ دەست لەكار دەكێشێتەوە، بەلاّم (كادریچی چاكەكار) (دوای وازهێنان) عاقیبەتی خێربوو. گادریچ لە ١٨٣٠ تا ١٨٣٤ وەزیری كۆلۆنیەكان بوو لەساڵی ١٨٤١ تا ١٨٤٣ لەكابینەكەی (پیل)دا كە بەبەراورد لەگەڵ حكومەتەكانی پێشودا لە بارودۆخێكی ئارامتردا بوو، جارێكی تر كرایەوە بەسەرۆكی ژوری بازرگانی،و لەساڵی ١٨٤٣ تا ١٨٤٦یش سەرۆكایەتی دەستەی كارگێڕی چاودێری دراوی گرتەدەست.

دوكی ویلینگتۆن [74] نزیكەی سی ساڵ، لەتشرینی دوەمی ١٨٢٨وە سەرۆك وەزیر بوو. ماوەی سێ هەفتەش لە ١٨٣٤دا بوە جێنشینی سەرۆك وەزیر. بێ گومان ناوبانگ و پلەو پایەی مێژوویی ئەو بەند بوو بەو لێهاتوییە سەربازیەیەوە كە لە واتەرلوو گەیشتە ترۆپك لەدواین ساڵەكانی تەمەنیدا بوو بەخزمەتكارێكی دڵسۆزی پاشاو نازناوی گەورە پیاوی دێرینی لێنرا.

هەركاتێك پێویستی بكردایە دەهاتە مەیدان و سەرۆك وەزیرێكی دەست نیشان دەكرد، یابۆخۆی سەرۆكایەتیی دەگرتە دەست.

پلەو پایەی كۆمەلاّیەتیی توانای ئەوەی پێبەخشی كە گۆڕانكاری مەزن لەسیستەمی سیاسی و قانونی ولاّتدا بێنێتە دی ئەویش ئازادیی كاسۆلیكیەكان بوو. لەكاتێكدا هیچ

---

[72] Herries وەزیری كابینە

[73] Huski sson وەزیری كابینە

[74] Duke of wellingtoh

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كەسێك بەرادیكالّی لەقەڵەم نەدەدا. ویلینگتۆن جێی متمانە بوو، تاكە كێشەی ئەوەبوو كە لەخەڵكی نزیك نەدەبۆوەو لەكاروباری پیشەسازیو بازرگانیو گۆڕانكاریە كۆمەڵایەتیە گەورەكان كە دەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بوون، غافڵ بوو. حەزیشی لەحكومەتی ئیئتیلافی نەبوو. هەركاتێك هەستی بەوە بكردایە كار لەكار ترازاوەو مەسەلەكە كۆتایی پێهاتووە، بێ گوێدانە هۆكارەكانی هەڵوێستی پێشوی خۆی دەگۆڕیو خۆی لەگەل رۆژدا دەگونجاند.كاتێك رەسڵ[75] پێشنیارەكەی خۆی تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی قانونی نابەرابەری نەیارانی سیاسی لەئەنجومەندا تێپەڕاند، ئەو سەرەڕای ئەوەی پێشتر دژایەتیی كردبوو، پشتگیریی خۆی بۆ قانونەكە دوپات كردەوە. هەر چەندە كەلابردنی دوایین بەربەست لەبەردەم نەیاراندا، سەرەنجام دژایەتی كردنی ئازادیی كاسۆلیكەكانی لاوازتر دەكرد.

ئەوەی جێی سەرنجە هیچ كەسێك جگە لە ویلینگتۆن نەیدەتوانی ئازادیی كاسۆلیكەكان مسۆگەر بكا.

كلێساو ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكی، ئەو ئەنجام گیریەی ئەویان قبوڵ كردبوو.

تەنیا ئەو بەهاو بەرژەوەندیەكانی ئەو مەسەلەیەی بەدی دەكرد.

گوێی بەوەنەدەدا لەدەستوردا مافی دەنگدانو هەڵبژاردن بە پرۆتستانتەكان دراوە بۆیە پێویستە بەرگری لەو مافانەیان بكرێ لەبەرامبەر هەر گۆڕانكاریەكدا كە رووبدا. دەیویست ئاكامەكانی دژایەتیكردنی كاسۆلیكەكان سنورداربكاو رێكەوتن نامەیەك لەگەڵ كلێسای رۆمدا ئیمزا بكا كە لەبەرامبەر ئازادكردنی كاسۆلیكەكاندا، لەمەسەلەی دانانی ئوسقوفە كاسۆلیكەكاندا بەریتانیا مافی ڤیتۆی پێ رەواببینرێ.

هەروەك لەدێڕەكانی داهاتودا بەدی دەكەین، ئەم مەسەلەیە لەئاكامی بەشداری كردنی ئۆكانیل[76] لەهەڵبژاردنە لاوەكیەكانی كلێر[77] دا بەرەوپێش چوونی بەخۆوە دی،

[75] Russel
[76] Oconnell
[77] Clare





مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەرچەندە كلێر كە خۆی كاسۆلیك بوو نەیتوانی كورسیەك لەئەنجومەندا بۆخۆی دەستبەر بكا.

بەم شێوەیە ویلینگتۆن لەمەسەلەی ئازاد كردنی كاسۆلیكەكاندا خۆی یەكلا كردەوە. لەگەڵ پاشادا لەم مەسەلەیەدا ناكۆكیەكی ئەوتۆی نەبوو بەڵكو لەگەل كابینەدا ناكۆك بوو، و لە هەموان زیاتریش لەگەڵ (پیل)دا.

ویلینگتۆن قەناعەتی پێكرد كە پێویستە ئەو كارە بەئەنجام بگاو بێ هاوكاریی (پیل)یش كارەكە بە ئەنجام ناگا. رەنگە پیل پێی باش بوبێ كە دەست لەكار بكێشێتەوە، بەڵام دەستی لەكار نەكێشایەوەو قبوڵی كرد. دوای ١٧ساڵ باجەكەیدا، ئەوكاتەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵەدا لەتۆمەتنامەكەیدا كە دیزرائیلی لەدژی ئەو هۆنیبۆیەوە خرایە روو.

دۆكی كامبرلاند[78] لەكیشوەرەوە (مەبەست ئەوروپایە كە لەو رۆژگارەدا بەریتانیا لەبەر چەند هۆیەكی سیاسی جیا لەئەوروپا لەقەڵەم دەدراو ناپلیۆن پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت) گەڕایەوە بۆ وڵات تاشا جۆرجی چوارەم ئاگاداركاتەوە لەوەی ئازادیی كاسولیكەكان لەگەل سوێندەكەیدا لەكاتی تاج نانەسەری كۆك نییە، هەروەك جۆرجی سێیەمیش ئاگای لەوە بوو، بەڵام پاشا خۆی یەكلایی كردبۆوەو ویلینگتۆن پێشینەیەكی ئەوتۆی لەمەسەلەی چاك سازی هەڵبژاردندا نەبوو، و بەربەرەكانی چاكسازی هەڵبژاردنی دەكرد، بەتایبەت كە نەیدەتوانی چاكسازیی تر لەسیاسەتدا بێنێتەدی.

لەم بارەیەوە لەدارو دەستەی كانینگ غافڵ بوو كە لەسەر مەسەلەیەكی بچوكی پەیوەست بەچاكسازیی هەڵبژاردن دەستیان لەكار كێشایەوەو لەهەوڵی گەڕانەوەیدا بوون، بەڵام گرەی سەركردەی ویگ ئامادەبوو تا بەئامێزێكی كراوەوە پێشوازیان لێبكا. نائارامیو پەشێویەكانی ناوچە گوندنشینەكان كە یاخیبونەكانی (سوینگ)[79] ی لێ

[78] Duke of camberlamd
[79] Swing

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کەوتەوە وای لە ویلینگتۆن کرد لەڕوبەڕوبونەوەی چاکسازیی پارلەمانیدا توند تربێ، هەروەك چۆن لەوتەکەیدا بەبۆنەی کردنەوەی پارلەمانەوە، هەڵوێستێکی سەرسەختانەی لەم بارەیەوە پیشاندا.

حکومەتەکەی ویلینگتۆن لەپارلەماندا شکستی خواردو گرەی بوو بەسەرۆك وەزیر،و چاکسازیی پارلەمانی خستە ناودەستوری ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

چارلز ئیرل گرەی[80]دوەم ماوەی سێ ساڵو نیو سەرۆك وەزیر بوو. ئەو ساڵانەی کەلائیحەی گەورەی چاکسازی، قۆناغەکانی پەسەند کردنی لەپارلەماندا تەی کردو بوو بە قانون.

ئەمڕۆکەش لەدەرەوەی ژوری سەرۆك وەزیر لەئەنجومەنی نوێنەراندا، تابلۆیەك هەڵواسراوە دیمەنی مێژووی (گیلد هال)ی تێدایە کە ئیوارە خوانێکی بەبۆنەی پەسەندکردنی ئەو قانونەوە ڕێکخست.

چارلز ئیرل گرەی دووەم لەکابینەی تەکنۆکراتەکاندا لەساڵی ١٨٠٦دا لۆردی یەکەمی دەریاداری بوو. دوای مردنی فۆکس، وەك وەزیری دەرەوە، سەرۆکی ئەنجومەنو رابەری ویگەکانی لایەنگری فۆکس، لەجێی ئەو دەست بەکار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەرۆژگاری لیڤەر پولدا وەك سەرکردەی باڵی نەیار، تەنیا جاروبار خۆی پیشان دەدا.

بە شکست خواردنی ویلینگتۆن لەتشرینی دووەمی ١٨٣٠دا بوو بەسەرۆك وەزیر. کابینەکەی کابینەیەکی سەرسام کەر بوو، و بەرجەستەترین سیماکانی ویگ لەگەڵ لایەنگرانی کانینگو رادیکاڵەکان، ئەندام بوون تیایدا. لەیەکەمین وتەیدا وەك سەرۆك وەزیر بەئەنجومەنی راگەیاند کە رەزامەندی پاشای لەسەر خستنە رووی لائیحەی چاکسازی بەدەست هێناوە. ئەم راگەیاندنەی بارودۆخەکەی بۆ هەموان روون کردەوە بەڵام ئەو دەبوایە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چ جۆرە لائیحەیەکی چاکسازیی

[80] chorles Earl Grey




مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەبەستە جگەلەوە، چەند لایەنگری هەبوو ئەوەندەش نەیاری هەبوو کە بیروڕای جیاوازیان سەبارەت بەناوەڕۆکەکەی هەبوو.


پانتایی دەنگدان لەوناوچانەدا کەژمارەی دەنگ دەرانیان زۆر کەم بوو[81] (بەگوێرە راپۆرتێکی نوێ، ١٥٤ دەنگدەر)، ٣٠٧ئەندامیان لەکۆی ٦٥٨ئەندام پارلەمان هەڵبژاردبوو) تا شاروشارۆچکەکان بەرفراوان کرا کە یا ئەوەبوو ژمارەی نوێنەرەکانیان لەرادەی قانونی کەمتر بوو یا هەرلەبنەمادا نوێنەریان نەبوو.

گرەی ئەوەی کە ئەمڕۆکە پێی دەڵێن (لیژنەی کابینەی) راسپارد تا لائیحەکە ئامادەبکەنو تێی گەیاندن کەپێویستە راپۆرتەکەیان لەسەربنەمای ئاستی دارایی‌و دابەشبونی زەوی‌و زاری ئەوکات بێ. ئەو لائیحەیەی ئامادەیان کردبوو خرایە بەردەم پاشا، ئەویش خاڵەکانی رون کردەوەو دوپاتی کردەوە کە پەسەند کردنی لائیحەیەکی ئاوا باشترە لەوەی پاشا دەستپێشخەریەکی کابینەی ڤیتۆ بکا.

ستراتیژی ئەو راشکاوانە قایل کردنی پاشا بوو بەوەی کە یادەبێ ئەو لائیحەیە پەسەندبکا یا خۆی بۆ روبەڕوبونەوەیەکی خراپ ئامادەبکا.

لائیحەکەی ئەو بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئەودەمە، بێ دودڵی لائیحەیەکی رادیکالانەو بنەڕەتی بوو: لەبەر ئەوەی ٧٠ناوچەی هەڵبژاردنی دەسڕیەوە، پێشنیاری لابردنی ئەندامێك لەکۆی دوئەندامی زۆربەی ناوچە کانی هەڵبژاردنی دەکرد، ئەوانەی زیاتر لەئاستی رێگەپێدراو بەگوێرەی قانون نوێنەریان رەوانەی ئەنجومەن کردبوو،و ئەوکورسیانەی بەو شێوەیە لەئەنجومەندا خاڵی دەبون دەدرا بەناوچە نوێکان لەوانە ئەوناوچانەی لەبەرفراوابوندابونو ناوچەکانی تری سەربەپارێزگاکان کەژمارەی دانیشتوانەکانیان رولەزیاد بون بوو.

[81] rotten – boroqh لەئینگلتەرە بەر لەدەسپێکردنی قانونی چاکسازیی هەڵبژاردن لەساڵی ١٨٣٢دا بەو قەزاو ناحیانە دەوترا کە ژمارەی دەنگدەرانیان زۆر کەم بوو بەڵام مافی ئەوەیان هەبوو نوێنەر رەوانەی پارلەمان بکەن. لەبەرامبەردا، قەزاو ناحیەی چڕوپڕ هەبوون نوێنەریان لەناو پارلەماندا نەبوو. ئەم نادادپەروەریانە یەکێك بوو لەهۆکانی چاکسازی لەقانونی هەڵبژاردندا ـ و .



لۆرد گرەی کە لەکاتی پەسەندکردنی قانونی چاکسازییە گەورەکاندا لەساڵی ١٨٣٢ دا سەرۆک وەزیر بوو.

لائیحەی ناوبراو تەنیا بەیەك دەنگی ئەرێ ٣٠٢ بە ٣٠١ چووە دانیشتنی دووەمەوە. گرەی داوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی کردو ئەنجومەنی نوێ بە ٣٦٧دەنگ بەرامبەر ٣٣١دەنگ، لائیحەکەی رەوانەی دانیشتنی دووەم کرد. لائیحەکە بەبێ دەنگی نەرێ، قۆناغە قانونیەکانی خۆی تەی کرد خرایە بەردەم ئەنجومەنی لۆردەکان، بەڵام لەوێ رەت کرایەوە.

دوابەدوای ئەم پێشهاتە پاشا داوای لەگرەی کرد دەست لەکار نەکێشێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا رازی نەبوو سیناتۆری بۆ تێپەڕاندنی لائیحەکە دابنرێن. گرەی لەبەرامبەردا، پێی داگرت لەسەر ئەوەی کە بەنیازە لائیحەیەکی تر لەسەر هەمان ئاست





ئامادەو پێشنیارکا. ئەو داوای لەئەندامانی کابینەکەی کرد یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن، هەرچەندە هەندێکیان داوایان دەکرد لائیحەیەکی لاوازتر ئامادە بکرێ تا لەلایەن لۆردەکانەوە قبوڵ بکرێ، و هەندێکیشیان پێیان لەسەر زیاد کردنی ژمارەی سیناتۆرەکان دادەگرت. لەودەمەدا، نائارامیی لەوڵاتدا تا دەهات زیاتر دەبوو.

گرەی بڕیاری دا سەبارەت بەزیاد کردنی ژمارەی سیناتۆرەکان گوشار بەکار بهێنێ. لائیحەیەکی تری پێشنیار کرد کە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەندکراو لەئەنجومەنی لۆردەکانیش چوە دانیشتنی دووەمەوە، بەڵام هەموار کردنێکی تێدا کرا کە لیژنەکەی لاواز دەکرد.

گرەی پێشنیاری بۆ پاشا کرد کە لە دوو ڕێگا یەکێکیان هەڵبژێرێ: ژمارەی سیناتۆرەکان زیاد بکا یا دەست لەکار کێشانەوەی قبوڵ بکا. پاشا دەست لەکار کێشانەوەکەی قبوڵ کرد، بەڵام گرەی ویستی تا پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەپۆستی سەرۆك وەزیریدا بمێنێتەوە. دواتر داوای لەویلینگتۆن کرد حکومەتێکی نوێ پێك بهێنێ، بەڵام ئەو ئەرکەکەی بۆ جێبەجێ نەکراو سەرەنجام پاشا رازی بوو لەسەر ئەوەی کە بۆ تێپەراندنی لائیحەکە ژمارەی سیناتۆرەکان زیادبکا. بەم شێوەیە کارەکە مەیسەر بوو، و ئەمە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ حکومەتە کەم خایەنەکەی گرەیو سەبارەت بەکاروباری دەرەوەش، جگە لەشۆڕشەکەی بەلچیکا، هەموو جێیەك ئارام بوو گرەیو تالیران[82] زۆرچاك پێکەوە کاریان دەکرد. مەسەلەیەکی تر کە لەوە زیاتر گرنگیی هەبوو،و کاریگەری درێژخایەنی هەبوو، هەنگاونانی حکومەتەکەی گرەی بوو بەئاراستەی کۆتایهێنان بەبازرگانیی کۆیلە. ئەوقانونو فەرمانە ناوخۆیانەی لەودەمەدا دارێژران بریتی بون لە: قانونی دامەزراندنو بەرێوەبردنی کارگەکان (ناسراو بەقانونی ئاشلی)[83]، لائیحەی کلێسای ئایرلەندە قانونی دامەزراندنی بانقو دوو هەموارکردنی

---


[82] وەزیری دەرەوەی فەرەنسایە ـ و .

[83] Ashley

مه كتبه‌ی بیرو هوشیاری

یاسایی كـەبریتی بـوون لـە دامـەزرانـدنی چـەند لیژنەیـەكی دادی ئەنجومـەنی دەوڵـەتو یەكەمین فەرمانی كۆمەكی دەوڵـەت بەپـەروەردەو فێركـردن. حكومـەتەكـەی (گـرەی)ش هاوشـێوەی هەنـدێك لەحكومـەتـەكانی پێـشوو، وحكومـەتـەكانی دوای خـۆی لەهـەوڵی بەرنامەیەكدا كە دەیویست لەئایرلەندە پیادەی بكاو ئامانج لێی هێنانەكایەی چاكسازی بوو لەكڵێسای پرۆتستانتی ئایرلەنـدەدا، كـەوت. لـەرێڕەوی ئـەم پێـشهاتانەدا نـاكۆكیو تەكەتول لەناو كابینەكەیدا سەری هەڵداو دەست لەكاركێشانەوەی گـرەی لـێ كەوتـەوە، بـەڵام رۆڵـی گـرەی وەك دارێـژەری قـانونی چاكـسازیی هەڵبـژاردن لەسـاڵی ١٨٣٨دا لەمێژووی بەریتانیادا جێگیرە.

وایكانت ملبۆرن كەسێكی بەرجەستەو نائاسایی بوو، و پلەوپایەی كۆمـەڵایـەتی زۆر لەپالمەرسۆن دەچوو.



شا ژن ڤیكتۆریا ڕۆژی بیستەمی تەموزی ساڵی ١٨٣٧ سەرۆكایەتیی یەكەمین دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران دەكا. لۆرد ملبۆرن قەواڵەیەكی دەوڵەتیی بەدەستەوەیە كە یەكەمین ئیمزای شاژن ڤیكتۆریای لەسەرە.





مه كتبه‌ی بیرو هوشیاری

ئەو نزیكەی ٧ساڵی یەك لەدوای یەك سەرۆك وەزیر بوو، ئەو ساڵانەی كـە شـاژنێكی لاو لەسەر تەختی پاشایەتی بەریتانیا دانیشتو لەڕێی ملبۆرنەوە هێماكـانی سیاسـەتی ناسی: تا ئەو كاتەی راوێژكارێكی نوێو دڵسۆز بەناوی شازادە (ئەلبێرت)ەوە ئەركەكەی ئەوی گرتە ئەستۆ. ئەوە بوو كە پالمەرستۆنی هێنایـە نـاو سیاسـەتی دەرەوە، ئـەو بـوارەی كەپالمەرستۆن برەوی پێداو خستیە ژێر پێی نەوەی دوای خۆیەوە.

ملبۆرن پلەكانی بەرزبونەوەی بەئارامی بڕی. ئەو كـە لەسـاڵی ١٧٧٩دا لـەدایك بـوو لەتەمـەنی ٢٧سـاڵیدا چـوە نـاو پارلەمانـەوەو بەرلـەوەی یەكـەمین پۆسـتی رەسمـی وەك وەزیری كاروباری ئایرلەندە لەكابینەكەی كانینگدا بگرێتە ئەستۆ تەمەنی ٤٦ساڵ بوو.

ماوەیەكیش لەكابینە كەم خایەنەكەی كادریچدا هەمان ئـەو پۆسـتەی پـێ سـپێردرا. لەماوەی سەرۆكایەتیی گرەیدا پۆسـتی وەزیـری نـاوخۆی پـێ درا ئەوشـوێنەی كـە دواتـر چاكسازیی گەورە لەقانونەكانی سزاداندا‌و هێنانە كایـەی پۆلیـسی مترۆپـۆلین، چـەندین كێشەی چارەسەر كردو لەڕێی (پیل)ەوە بەئاكام گەیشت. بەتوندی روبەڕوی ئەو پەشـێویە بۆوە كە لەناوچە گوندنشینەكاندا سەریان هەڵداو هۆكارەكەشی هەژاریو بوو، وهەروەها ئەو گرژیو ئاڵۆزیەش كە لەئاكامی چاكسازیی قانونی هەڵبژاردنەوە سەری هەڵدابوو.

یەكـەمین قـانونی دامەزرانـدنو بـەرێوەبردنی كارگـەكانو هـەمواركردنی قـانونی چاودێری كردنی بێ دەرەتانان لەكارە هەرە باشەكانی ئەو بوون.

دوابەدوای كـەوتنی كابینەكـەی گـرەی، ویلیـامی چـوارەم رەسـڵو (پرۆهـام)[84]ی بـۆ پۆستی سەرۆك وەزیری قبوڵ نەكرد، بەڵام ملبۆرنی وەك ویگێك كە لانی كـەم كـەمترین رقی لێیەتی بۆ ئەوپۆستە پەسەند كـرد. ملبـۆرن پێـشنیارەكەی پاشـای بـە (بڕسـتێكی مەزن)لەقەڵەم دا، بەڵام بۆ قبوڵكردنی پۆستی سەرۆك وەزیری بێ مـەیلی پیـشان نـەدا. لە ڕاستیدا ئەو كارێكی شایستەی كردبوو: گرتنە دەستی سەرۆكایەتیی حزبێك كە هـیچ كەسێك نەیتوانیبوو ئارامیو یەكڕیزیی بپارێزێ، لەلایەن كەسێكەوە كـە لێهـاتویی وەك

---

[84] Brouyham

سەركردەیەك‌و لەهیچ كەسێك شاراوە نەبوو، لێهاتویەك كە هەندێك لەسەرۆك وەزیرەكان خاوەنین‌و هەندێكی تریشیان لێی بێبەرین. بەڵام چوارمانگ بەسەر سەرۆكایەتیی ملبۆرندا تێنەپەڕیبوو كە دوچاری كێشەبوو، بێ گومان سەبارەت بەكابینەكەی نا، بەڵكو سەبارەت بەپاشا. مەسەلەكە ئەوە بوو كە ئالتۆرب سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران دوای مردنی باوكی چووە ناو ئەنجومەنی لۆردەكانەوە تاجێی ئەو بگرێتەوە. پاشا نەیدەویست رەسڵ بچێتە شوێنی، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیر پشتی دەگرت، بۆیە سور بوو لەسەر ئەوەی ملبۆرن دەست لەكار بكێشێتەوە.

ئەوەش دوایین جار بوو كە پاشایەك، سەرۆك وەزیرێك لەسەر كار لابەرێ. دوای ئەوە ناردیان بەدوای (پیل)داو تاهات ویلیگتۆن ئەركی پارێزگاری كردن لەقەلاَكەی گرتە ئەستۆ.

كابینەی كەمینەی پیل بەردەوام نەبوو، ئەوەش دەرەنجامی هەڵبژاردنێكی ناسەركەوتو بوو. لەئەنجامدا ملبۆرن جارێكی تر دەسەڵاتی گرتەوە دەست‌و ٦ساڵی تر سەرۆكایەتیی حكومەتی كرد. گاڵتە ئامێزترین لێكدانەوە كە لەو ساڵانەدا دەربارەی ئەو كرا ئەوە بوو كەسەرەنجام لەپۆستی سەرۆك وەزیریدا مایەوە. دەستپێشخەریی قانونەكانی حكومەتەكەی ملبۆرن زۆر سنوردار بووەو تەنیا قانونی شارەوانی‌و هەنگاونان بەئاراستەی جێبەجێكردنی قانونی چاودێری بێ دەرەتانان بووە.

هاتنی شاژنێكی لاو بۆ سەرتەختی پاشایەتی ژیانێكی تازەی بەبەری ملبۆرندا كرد. ئەو لەجیهانی سیاسەت‌و كۆمەڵ زۆر بە دور بوو سەرۆك وەزیر دەبوایە ئەركی گرنگی فێركردنی ئەو بگرێتە ئەستۆ. كە ئەركێكی سەخت بوو.

شاژن لەبەرامبەر پارلەماندا، نەرم‌و سازگار بوو. ئەو كێشانەی ولیامی چوارەم بۆ سەرۆك وەزیرێكی دەنایەوە زۆر لەو كێشەیە زیاتربوو كە لەوانەبوو شاژنێكی نوێ هۆكاری بێ. ملبۆرن هەموو بەیانیەك شاژنی دەبینی‌و رۆژانی پشوش هەفتەی جارێك دەچووە لای.





لەقەیرانی ژوری نوستنندا، كە لەبەشی داهاتودا لێكدانەوەی بۆ دەكەین، ملبۆرن رێبازێكی قانونی پەیڕەو دەكرد. بەڵام پێگەی پارلەمانیی ئەو رۆژ لەدوای رۆژ لەق تر دەبوو. لەهەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٨٣٧دا ئەو پشتگیری بەدەست هێنا كە لەكاتی دەست بەكاربونی شاژنی نوێدا پێویستی بوو. كابینەكەی بەسەركەوتنێكی كەمەوە درێژەی بەكارەكەی خۆی دەدا.

رەنگە گرنگترین دەست پێشخەریی ئەو لەسێ ساڵی كۆتایی سەرۆكایەتیەكەیدا، ناردنی هاوكاری رادیكاڵی خۆی (دۆرهام) بۆ كەنەدا بوبێ، بەمەبەستی ئاگاداربون لەوكێشانەی لەباكورو باشوری ئەو سەرزەمینەدا سەری هەڵدابوو.

دوابەدوای دارِشتنی قانونی ئازادیی كۆیلەكان، چەند كێشەیەك لەجامایكا سەری هەڵداو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی قانونی‌و پارلەمانیی جامایكا لەلایەن ملبۆرنەوە، دژایەتیی زۆری لەناو پارلەماندا لەدژی وروژاندو زۆرینەی ئەوی بۆ چوار كەمكردەوە. ملبۆرن دەستی لەكار كێشایەوە لەكاتێكدا خودی ئەوو شاژنیش زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەو رووەوە كە ملبۆرن بەدرێژایی سەرۆكایەتیەكەی وەك باوكێك هەڵسوكەوتی لەگەڵ شاژندا دەكرد، لەئامۆژگاریەكانی خۆی بێ بەریی نەكرد، بەتایبەت سەبارەت بەكێشەكانی هاتنە سەركاری پیل رێنوێنیی پێویستی كرد.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی دووەم





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# سێر رۆبێرت پیل



تابلۆیەکی (رۆبێرت پیل)ی لاو





مەکتەبی بیروهۆشیاری

رۆبێرت پیل لەڕووی گرتنەبەری ئەو شێوازەی كە كۆتایی بەژیانی سیاسیی كارای هێنا، لەهەموو سەرۆك وەزیرەكانی تر زیاتر جێی داخ و كەسەرە. پیل سیاسەتمەدارێكی بێ هاوتابوو، و لەو كەسانە بوو كە بەپەنجەی دەست دەژمێردران و بەریتانیایان خستە سەر ڕێچكەیەكی نوێ.

كەسێك لەماوەی ساڵێكدا بەگرتنەبەری سیاسەتێكی جەنجاڵ و گورزوەشێن، پارلەمانی بەقەد نەوەیەكی نوێ[1] بەرەوپێش برد ،و هەر ئەو هەنگاوەی كە بائاگایی یەوە ئەنجام درا، تەكەتولی لەناو حزبەكەیدا لێكەوتەوە،و ژیانی سیاسیی زووتر لەوادەی خۆی گەیاندە هێڵی كۆتایی.

پیل وەك یەكەمین سەرۆك وەزیری سەردەمی نوێ، بۆ نیوسەدەی سیاسەتی بەریتانیا بوو بە نموونە.

پیتی لاو كە پاڵەوان و ڕێنیشاندەری بوو ، حزبێكی (توری)ی نوێی هێنایە كایەوە، وپیل سەرەڕای هاوسۆزیی لەگەڵ ئەم میراتە حزبییەدا، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا حزبی لیبرالی دامەزراند، حزبێك كە گلادستۆن ماوەی چارەكە سەدەیەك سەرۆكایەتیی كرد. ماكولای[2]، گلادستۆنی بەهیوایەك دەزانی بۆ دەمكوتكردنی (توری)یە دزێو سەرسەختەكان.

گلادستۆن موریدی پیل و دیارترین وەزیری كابینەكەشی بوو. كاتێك پیل لەسەر قانونی دانەوێڵە زۆرینەی حزبەكەی كەم كردەوە، بەتاسەوە دوای كەوت.

سەرۆك وەزیرێكی باش بەگشتی ئەو كەسەیە كە پردێك لەنێوان دوو سەردەمدا بنیاددەنێ و نەریتەكانی ڕۆژگاری گەنجێتیی خۆی بەئاراستەی ئایندە دەبا. پیل ئەو تایبەتمەندیەی هەبوو. ئەو ساڵێك بەر لەسەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا لەدایك بوو.

[1] واتە ٢٥ ساڵ ـ و .

[2] Macaulay





لەرۆژی شەڕەكەی ترفاگاردا چووە زانكۆی ئۆكسفۆرد و ساڵێك بەر لەكردنەوەی پێشانگەی گەورەی ساڵی ١٨٥١، كۆچی دوایی كرد. مردنەكەی جێی داخ و كەسەر بوو لەبەر ئەوەی مردنێكی ناوەخت بوو. پیل گۆڕانكاریەكی كۆمەڵایەتیی گەورەی لەسیاسەتدا هێنایە كایەوە.

ئەو (گۆڕانكاریەش بریتی بوو لە) پەیدابونی پیاوانێكی نوێ كە زادەی شۆڕشی پیشەسازی بوون، شۆڕشێك كە سیمای بەریتانیای بەتەواوی گۆڕی. باپیرە گەورەی پیل نەخشەسازێكی گەورەی قوماش بوو. باوكی ئەو پیشەیەی بەمیرات بۆ بەجێمابوو ئەویش پەرەی پێدا.

پیل لەگەڵ بۆچونەكانی پیت دا سەبارەت بەگرنگیدان بە بازرگانی و بەتایبەت بازرگانیی بەرهەمە پیشەسازیەكان وەك هێزێكی بنەڕەتی بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسیەكان، كۆك و تەبا بوو. ئەو لەرۆژگاری شۆڕشی پیشەسازیدا لەدایك بووەو لەو مەسەلە كۆمەڵایەتیانە بەئاگابوو كە زادەی پەرەسەندنی پیشەسازی بوون. باوكی لەساڵی ١٨٠٢دا لەپێشنیاركردنی لائیحەی سوودوەرگرتن لەمنداڵان لەكارگەكاندا، كە لائیحەیەكی مشتومڕ ئامێز بوو، هەمان ڕێچكەی ئاشلی[3] و شافتسبێری[4] گرتبوە بەر.

(پیل)یش چەند هەوڵێكی خستەگەڕ بەمەبەستی ئەنجامدانی چاكسازی لەكارگەكانداو لەم بوارەدا لەگەڵ ئاشلیدا هاوكاریی كرد، هەرچەندە كە هاوكاریی نێوانیان بێ ئاكام بوو. بەگشتی ئەو لەژێر كاریگەریی بزوتنەوەی نوێی بازرگانی ئازاددا، واتە ڕێكخراوی دژی قانونی دانەوێڵەی (كوبدن[5]) و (برایت[6]) دا بوو، هەرچەندە لەهیچ كام لەبیردۆزە رادیكاڵەكانی ئەواندا دەربارەی چاكسازیی قانونی هەڵبژاردن بەشدارنەبوو. تراژیدیای ژیانی سیاسیی ئەو لەوەدابوو كە نەیتوانی پەی بە

[3] Ashley
[4] Shaftesbury
[5] Cobden
[6] Bright

دیاردەی سیاسی نوێی رۆژگاری خۆی، واتە رۆڵو دەسەڵاتی حزب بەرێ. باوەڕی ئەو بە توانای عەقڵو مەنتیق، لەمەترسیەكانی چینی خاوەن زەویو زاری توری كەچەقی قورسایی پشتیوانیی ئەو بوون، دوری خستبۆوە. ئەویش هاوشێوەی پیت پیاوێكی تەنیا بوو، هەرچەندە ئاسانترلەو دەبینراو لەكۆڕو كۆبونەوە جەماوەریەكانو بۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا، كەسێكی سەرنج راكێشو سەر سوڕهێنەر بوو. ژیانێكی خێزانیی گەرمو گوڕی هەبوو، و چەندین شیعری تەڕو ناسكی بۆ هاوسەرەكەی هۆنیبۆوە، بەڵام هاوئاهەنگی گونجانی لەگەڵ هاوكارە موحافیزكارە كانیدا بەلاوە زۆر سەختو دژوار بوو.

پیل سیاسەتمەدارێكی وردو، هەستیارو سەر سەخت بوو، و لەو باوەڕەدا بوو كەنابێ ببێتە گەمەی دەستی ئەو كەسە گێلو نەزانانەی، دەوریان لێدابوو. هەربۆیە هیچ كات رێزی بۆ ئەو كەسە نەزانانە دانەدەنا كە ئەندامێتی حزبیان هەبوو، بەتایبەت دەرەبەگو خاوەن زەوی وزارەكان،و لەبەرامبەر بێتوانایی ئەو كەسانەدا دەمار گرژ دەبوو، هەروەك چۆن خۆی لەو بارەیەوە دەڵێ (ئەگەر بەرێی خۆتدا بڕۆیو پێنج ساڵ سەرۆك وەزیری ئەم وڵاتەبی لەئەنجومەنی نوێنەراندا، لەئاستی تواناكانی تۆدایە... بەڵام ئەگەر... لەهەمان كاتدا ببیە داردەستی حزبو بەواتایەكی تر بیرو باوەڕی كەسانێك قبوڵ بكەی كە بەقەد تۆ زانستو هۆشیارییان نیە، و ئەگەر هەشیان بێ ناتوانن سودی (لێ) وەربگرن، یاسود بەكەسێك بگەێنن: كەسانێك كە سەرجەم ژیانیان بەخواردنو خواردنەوەو راوو نیشانە گرتنەوەو قومارو پێشبڕكێی ئەسپ بەسەربردوە، لەراستیدا ئەمە كۆیلەیەتیەكی بینراوەو من هەرگیز ناچمە ژێرباریەوە.)

پیل سەبارەت بەمەسەلەیەكی تر لەنامەیەكی تایبەتدا بۆ وەزیری داراییەكەی گۆلبرن[7] نوسیویەتی: (وا هەستدەكەم كە سەركردە حزبیەكان دەبێ بەتوانابنو ئەو تایبەتمەندیانەیان تێدابێ كەپێویستە بۆ پلەوپایەكانیانو گرنگترینیان پشودرێژیە لەبەرامبەر هەستی ئەو كەسانەدا كە بەهەند وەرنەگرتنیان دەرەنجامی بێ بەرنامەییو گرنگی پێدانیشیان پێویستی بەپشودرێژیەكی زۆرە.)

پیل وەك دیاردەیەك لەحزبی زۆرینەی دەڕوانیو لەوبارەدا بوو كە دەبێ لەسەر ڕێ لابرێ. ئەم هەستە كاتێك لەودا سەری هەڵدا كە دەیبینی ئەندامانی حزب، بیروبۆچونی

[7] Goulburn





راستەقینەی خۆیان دەشارنەوە. هەموو حزبێك قێزەونە، بەڵام هەندێكیان لەرادەبەدەر. پیل كێشەیەكی تایبەتی هەبوو، ئەویش ناكۆكیی لەگەڵ زۆرینەی ئەندامانی حزبەكەی بوو لەدەمێكی هەستیارو قەیراناویدا كە بۆ ئەو كوشندە بوو. بە ڕابەرایەتیی دیزائیلی كە لەوپەڕی بێ باكی و پڕ ڕووییدا بوو.

(پیل)یش هاوشێوەی پیت سەرەتای ژیانی بەئارامی تێپەڕاند. باوكی پیاوێكی زۆر دەوڵەمەند بوو، هەرچەندە لەدەستبلاویدا نەدەگەیشتە ئاستی پیتی گەورە. رەوانەی (هارو[8]) یان كردو لەساڵی ١٨٠٥دا چوو بۆ ئۆكسفۆرد. دوای ئەوەی خوێندنگەی خەڵكی ئاسایی لەخوێندنگەی وەجاغزادەكان جیاكرایەوە، لە ئەدەبیاتی كلاسیكو بیركاریدا یەكەم بوو. لەساڵی ١٨٠٩دا لە كشل[9]، كە سەر بە (تیپراری[10]) یە، شوێنیكیان بۆ دۆزیەوە.

ئەو دەمە بەرلەوەی بەئارەزوەكەی خۆی بگا، كەنیشتەجێبون بوو لەشارۆچكەی ئۆكسفۆرد، چوو بۆ چیپنهام[11].

ئەوساڵەی بەئەندام پارلەمان هەڵبژێردرا پێشنیاری لیڤەرپولی وەزیری جەنگو كۆلۆنیەكانی بۆ گرتنەدەستی پۆستی جێگری وەزیر پەسەند كرد.

لەساڵی ١٨١٢دا كاتێك لیڤەر پول بوو بەسەرۆك وەزیر پۆستێكی گرنگی پێبەخشی ئەویش وەزیری كاروباری ئایرلەندە بوو. شەش ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە. لەساڵی ١٨١٣دا خۆی لەبڕیاری بەخشینی یارمەتیی حكومەت بەمای نوس[12]كە كۆلێژێكی فێركاری قەشەكانی كاسۆلیك بوو، هەڵقورتاند.

دوای ٣٠ساڵ كاتێك پیل بوو بەسەرۆك وەزیر، مای نوس كێشەی بۆ نایەوە. پیل لەگەڵ چەندین كێشەی قوڵ لەئایرلەندە دەستەویەخە بوو، بڕیاری دا یارمەتیی حكومەت

[8] Harrow
[9] Cashel
[10] Tipperary
[11] chippenlam
[12] Mynooth

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بۆ مای نوس بکا بەسێ ئەوەندە، بەڵام ئەو بڕیارەی، دەست لەکارکێشانەوەی گلادستۆن سەرۆکی ژوری بازرگانیو پیشەسازی لێکەوتەوە.

پیل مەسەلەکانی ئایرلەندەی لەلایەنی سیاسی، فەلسەفی یەوە خستەژێر وردبینیەوەو هەژاریی لەرادەبەدەر، قاتوقڕی، زۆربونی ژمارەی دانیشتوانو پشت بەستنی خەڵکی بە پەتاتە کەتەنیا بەروبومی زۆربەی خەڵکی ئایرلەندە بوو، دوچاری شۆکی کرد.

قەیرانێکی سیاسی لەئایرلەندە بەڕێوە بوو. بەیاننامە بەناوبانگەکەی پیت سەبارەت بەگرێدانەوەی ئازادیی کاسۆلیکەکان بەیەکگرتنی لەگەڵ وێستمینیتەردا، کێشەیەك بوو بەمیرات بۆ پیل مابۆوە، پیل زیاتر نیگەرانی بارودۆخی ئایرلەندە بوو تا ئازادیی کاسۆلیکەکان، کە بە وتەی خۆی (کێشەی هەژاری چارەسەر ناکات).

ئەم بنەمایەی پیل لەجێی خۆیدا بوو، بەڵام بەدرێژایی مێژوو قۆڕەقۆڕی داخوازیە سیاسیەکان لەسکە برسیەکانەوە بەرگوێی کەوتوە لەپشت بەرزایەکانی (پینین[13])ەوە کرێکارانی رستنو چنین، ئامێرە گەورەو گرانەکانی رستنو چنینیان لەیاخی بونەکەی (لادایت[14])دا تێك شکاندبوو، و پیل وەك سەرۆك وەزیر دەبوایە ڕوبەڕوی یاخی بونی (چارتیزم)[15] یەکان بێتەوە کە بانگەوازی نوێو شۆڕشگێڕانەیان دەدا بەگوێی خەڵکیدا.

سەدەیەك دوای ئەوە خوێندکارانی بەشی مێژوو لەنامەکانی خۆیاندا نوسیویانە کە دۆزی چارتیزمیەکان دۆزێکی جودایی خوازانە بووە.

[13] زنجیرە چیایەکە لەسکۆتلەنداوە تا رووباری ترنت لەناوەندی ئینگلتەرە درێژ بۆتەوە ـ و .

[14] دەستەیەك لەکرێکارە ئینگلیزەکان لەساڵانی ١٨١١ ت ١٦دا یاخی بونێکیان بەرپاکردو ئامێرەکانی رستنو چنینیان تێكو پێك شکاند. لەو باوەڕودابون ئەو ئامێرانە هۆکاری بێ کاریی کرێکارانن ـ و .

[15] Chartism بنەماو رێبازی دەستەیەك لەریفۆرمخوازە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانەو بەشێوەیەکی تایبەت لەناوچینی کرێکارانەوە سەریان هەڵداوەو لەنێوان ساڵانی ١٨٣٨ ـ ١٨٤٨دا لەئینگلتەرە چالاك بوون. بیروبۆچونەکانیان لەبڵاوکراوەیەکدا بەناوی بڵاوکراوەی خەڵکی لەساڵی ١٨٣٨دا، خراوەتە ڕوو ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پیل لەساڵی ١٨١٨دا بەهەستێکی ئاوێتە لەبێ دەسەڵاتیو سەرسامیەوە، ئایرلەندەی بەجێ هێشت، بەڵام دەیتوانی ئیدیعای ئەوەبکا کە کارێکی مەزنی لەوێ بەئاکام گەیاندووە کە ئەویش دامەزراندنی پۆلیسی ئایرلەندە بوو.

د. کیتسۆن کلارك[16] لەوتە ستایشئامێزەکەیدا لەیادی (پیل)دا، کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر مردنیدا پێشکەشی کرد دەزگای پۆلیسی ئایرلەندەی بەم شێوەیە وەسف کردووە: (دەزگایەکە ئایندەیەکی رەشو تاریکی هەیە و هێشتا بەباشترین هۆی پاراستنی نەزمو ئارامی لەو وڵاتە کارەساتبارەدا لەقەڵەم دەدرێ.)

ئایرلەندە داخی خۆی بە ناوچاوانی پیلەوەو دواتر ناچاریکرد دوو بڕیاری گرنگ بدا. یەکێکیان ئازادیی کاسۆلیکیەکانو ئەوی تریشیان هەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵە بوو کە هەردوکیان بەپێچەوانەی سیاسەتەکانی پێشوویەوە بوون.

پیل دوای ٨ ساڵ سەرۆکایەتی کە ٦ساڵیانی لەهێڵی پێشەوەی ئایرلەندەدا بەسەربرد هەستی کرد کەپێویستیی بەپشودانو فێربوونە لەریزی دواوەی پارلەماندا[17]. دانانی لەپۆستی لیژنەی دەستپێکردنەوەی پێدانی پارە لەئەنجومەنی نوێنەراندا، سەرەتای ئاشنابونی ئەو بوو لەگەڵ کاروباری دراویدا: و دواتر بوو بەیەکێك لەگەورەترین مامۆستاکانی ئەو بوارە. پیل کە لەسەر رێبازی ئابورناسە کلاسیکیەکان (هەر لەئادەم سمیسەوە تا ریکاردۆ ئابورناسی هاوچەرخ) بوو، دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو تا کار لە دارشتنی بودجەی ڕاستو ورد، ئازادیی زیاتر لەکاروباری کڕینو فرۆشتندا، و جێگیرکردنی سیستمی دراو لەسەر بنەمای زێڕ بکا. چەند وەزیرێکی بەرجەستەی وەك کانینگ، کاستیلەری، هاسکین، ڤینیستارتو رۆبنسن لەلیژنەکەی ئەودا ئەندام بوون کە دوانیان بوون بەسەرۆك وەزیر. ئەنجامگیریەکانی ئەوو ئەو رێنوێنیانەی کە فێریان بوو

[16] Kitson clark

[17] ریزی دواوەی ئەنجومەنی نوێنەران تایبەت بوو بەنوێنەرانی ئەنجومەن، لەکاتێکدا رێزی پێشەوە بۆ سەرۆك وەزیرو ئەندامانی کابینەو سەرکردەی حزبە نەیارەکانی حکومەت گیرابوون ـ و .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

قانونی پایەنامەی بانقی لێ كەوتەوە، كە بەدەستپێشخەریی ئەو لەساڵی ١٨٤٤دا پەسەند كرا.

ئەم قانونە، چالاكیەكانی بانقی ئینگلتەرەو سیاسەتی دراویی بەریتانیای بۆ ماوەی هەشت ساڵ ڕێكخست. پیادە كردنی ئەم قانونە بەدرێژایی ئەو هەشت ساڵە تەنیا سێ جار،و لەكاتی قەیرانەكاندا، هەڵپەسێردرا.

لەتشرینی دوەمی ١٨٢٢دا لۆرد لیڤەرپولی سەرۆك وەزیر، پێشنیاری پۆستی وەزارەتی ناوخۆی بۆ پیل كردو پیل تا نیسانی ١٨٢٧و جارێكی تریش لەحوزەیرانی (١٨٢٨)ەوە تا تشرینی دوەمی ١٨٣٠ تێكڕا ٧ ساڵو سێ مانگ لەو پۆستەدا مایەوە.

بێ دودڵی پیل بەمەزنترین وەزیری ناوخۆی ریفۆرمخوازی ڕۆژگاری خۆی لەقەڵەم دەدرێ.

گرنگترین هەنگاوی پێكهێنانی هێزی پۆلیسی (میترۆ پۆلیتن)ی (پایتەخت) بوو. لەمانگی مارسی ١٨٢٣دا داوایكرد لیژنەیەك پێكبهێنرێ بۆ لێكۆڵینەوە لەم مەسەلەیە. هەرچەندە لێكۆڵینەوەكانی ئەم لیژنەیە پیشانی دا كە بوونی هێزێكی لەوجۆرە لەزۆر ڕووەوە پێویستە، بەڵام سەرەنجام ڕەزامەندیی بۆ وەرنەگیرا. لەبەرئەوەی زیانەكانی لەمەڕ پێشێلكردنی ئازادیەگشتیەكان زیاتر بوو لەسودەكانی لەبابەتی ئاشكراكردنی تاوانەكان.

پێشنیارەكانی پیتیش بەر لە٤٠ساڵ ڕوبەڕوی هەمان كۆسپ و ئاستەنگ بوبۆوە، و پیل ناچاربوو ڕوبەڕوی ڕای گشتییەوە كە لەئاكامی بەگەڕخستنی سیخوڕانو پۆلیسی نهێنی لەساڵانی سەركوتكردندا، وروژابوو، لەمەسەلەی پیتەرلۆدا گەیشبتوە ئەوپەڕی. پیل لەو ماوەیەدا گرنگیی زیاتری بەچاكسازیی قانونی مافەكانی سزادان دەدا، ئەوەش یەكێك بو لەو هەنگاوە بنەڕەتیانەی كەبەر لەو دەستی پێكرابوو، و لەكاتی دەسەڵاتی ئەودا بەئەنجام گەیشت.





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پیل بیروباوەڕەكانی (بێنتام[١٨])ی لەمافەكانی سزادانی ئەودەمەدا (كەوەك زەلكاو داوەستابو) بەكارهێنا. فەلسەفەی بێنتام ناسراو بە Cuibono (هەركەسێك كەسود لەكارێك دەبینێ، ئەگەری ئەوەهەیە لێپرسراوی ئەوكارە بێ - و) ئەوەبو كەپێویستە هەموو شتێك بنەمایەكی باشی هەبێو قابیلی قبوڵ بێ. سەرەتا پیل ئەو لائیحەیەی جێ بەجێ كرد كە لەلایەن سیدماوسەوە ئامادەكرابوو تایبەت بۆ بەچاكسازی لەبارودۆخی زیندانەكاندا.

ئەو دو(لائیحە) قانونیەی خۆی ئامادەی كردبوو، لەساڵانی ١٨٢٣و ١٨٢٤دا قۆناغە قانونیەكانی لەپارلەماندا تێپەڕاندبوو، و پەسەندكرابوو. زیندانە گرنگەكانی خستە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی وەزارەتی ناوخۆوەو چەند ڕێوشوێنێكی نوێی بۆ دانان. ئەوسا سەرجەم بنەماكانی سزادانی گۆڕیو سەرەتا بەچاكسازیی بنەڕەتیو لاوەكیی پێ ڕستی ئەو ئاواتانە دەستی پێكرد كە سزای مەرگیان بۆ دادەنرا. لەماوەی دوو مانگدا پێنج لائیحە كە لەلایەن ئەوەوە پێشنیاركرابون گۆڕان بەقانونو سزای مەرگی لەزۆر حاڵەتدا هەڵوەشاندەوەو سزای سوكتری لەجێی دانا (پێویستە بوترێ كەبەر لەو لەبەریتاینا سزاكانو تەنانەت سزای مەرگیش هاوئاهەنگ نەبوەو بەگوێرەی ناوچەكان، جیاوازیی هەبووە.). دۆزینەوەی سزای سوكتر كارێكی هەروا ئاسان نەبوو: (لەلایەكەوە دورخستنەوەو نەفی كردن وەك پێویست ڕێگر نەبوو لەبەردەم تاوانەكاندا، لەلایەكی ترەوە سزا سوكەكانی وەك داركاری دژایەتی دەكرا. سەرەنجام بەو ئەنجامە گەیشت كە پێویستە جەخت بكاتە سەر دوخاڵ: یەكەمیان نەهێشتنی ناكۆكی، ئەوی تریان كەم كردنەوەی ژمارەی زیندانەكان.

بۆیە لەساڵی ١٨٢٦دا قانونە دانراوەكانی ڕێك خستو یەكی خستن، لەكاتێكدا پێشتر، ئەو قانونانە شێواو و تێكەڵو پێكەڵ بوون و لەهەندێ حاڵەتدا بیروباوەڕەكانی

[١٨] فەیلەسوفی ئینگلیزی لەساڵی ١٨٣٢دا كۆچی دوایی كرد داهێنەری ئەو فەلسەفەیە بوو كە لەو باوەڕەدایە باشەو خراپەی هەرشتێك پەیوەستە بەڕادەی سوودمەندیی بۆ سەرجەم خەڵكی ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەدەكانی ناوەند بەسەریاندا زاڵ بوو. بەسود وەرگرتنێكی باشترو ڕێكو پێك تر لەڕێو شوێنی هەڵپەساردنی سزای سزادراوەكان، سزای لەسێدارەدانی سوكتركردو ئەو تەمەی ڕەواندەوە كە ئەو سزایەی تەنیبوو. جگە لەوە چاكسازیی لەقانونی چاودێركردنی سیستمی دەستەی دادوەران داكرد، و لەكۆتایی ساڵدا خۆی ئامادە كرد بۆ بەرەوپێش بردنی سیستمی ئاشكراكردنی تاوان، و ڕایگەیاند كە سەبارەت بە ئەركەكانی پۆلیسی پایتەخت، لیكۆڵینەوەی زیاتر ئەنجام دەدا. لەساڵی ١٨٢٧دا، لەماوەی سەرۆكایەتیی كورت خایەنی (كانینگ)دا، دەستی لەكاركێشایەوە. كاردانەوەی پیل بەرامبەر ئەو پۆستەی كانینگ بۆی پێشنیار كرد و، ئەو دوژمنایەتیەی لەسەر مەسەلەی ئازادیی كاسۆلیكەكان لەنێوانیاندا سەری هەڵداو گەیشتە ئەوپەڕی، دواتر لەلایەن (بین تینك)ەوە لەمشتومڕەكانی تایبەت بەقانونی دانەوێڵەدا، وەك بەڵگەیەك لەدژی ئەو بەكارهێنران. بین تینك پیلی تۆمەتبار كرد بەوەی كانینگی تا شارای مەرگ ئازار داوە. ماوەی سەرۆكایەتیی گادریچ لەچوار مانگ زیاتری نەخایاندو لەكانونی دووەمی ساڵی ١٨٢٨دا، پیل جارێكی تر لەكابینەكەی ویلینگتۆندا پۆستی وەزیری ناوخۆی پێدرا. بەدرێژایی ئەو ماوەیە كە لەهیچ پۆستێكدا نەبوو، قانونی سزا ئامادەو یەكخرا. هەموو ئەو هەنگاوانەی كە لە ١٨٢٥وە دانران هەڵوەشانەوەی٢٧٥قانون، و سنوردار كردنو یەكخستنی ئەوانەی تری لەچوارچێوەی ٨ قانونی دارێژراودا لێ كەوتەوە. لەشوباتی ١٨٣٠داو پێش لەسەر كارلاچونی حكومەت، پیل چەند لائیحەیەكی چاكسازیی تری لەبواری بنەماكانی دادپەروەری، سكەو ساختەكاری لەبەڵگەنامەكاندا ڕاگەیاند كە ئەگەر پەسەند بكرایە ٩٠٪ی ئەو سزایانەی ڕەوانەی دادگا كرابونەوە بەگوێرەی ئەو قانونە نوێیانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرا.

بەوپێیەی كە دامەزراندنی هێزی پۆلیسی پایتەخت مەسەلەیەكی هەنوكەیی تر بوو، لێكۆڵینەوەیەكی تری دەربارە كراو ئەمجارەیان لێكۆڵینەوەكان ئەنجامی باشتریان لێكەوتەوە. لەنیسانی ١٨٢٩دا، لائیحەی چاكسازی لەپۆلیسی پایتەختدا پەسەند كرا.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەولائیحەیە دەزگایەكی پۆلیسی نوێی دەهێنایە كایەوە كە ناوچەیەكی بەمەودای ١٠میل لەناوەڕاستی لەندەنەوە دادەپۆشی،و بودجەكەی لەداهاتی پۆلیس دابین دەكرا.

بەگوێرەی بەندەكانی ئەم لائیحەیە وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی پێدرا بوو كە ئەو هێزە دابمەزرێنێ. ئەندامانی ئەو هێزە تازەیەی پۆلیس بۆ یەكەمین جار لەئەیلولی ١٨٢٩دا بەجلو بەرگی نوێوە بەسەر شەقامەكانی لەندەندا ڕێیان كردو بەبینینیان ترسەكە هەرزو دامركایەوەو خەڵكی لەندەنو قبوڵیان كرد، و نوكتەیان لەسەر كردن، و پشتیان پێ بەستنو بەیەكێك لەدەستكەوتەكانی (پیل)یان لەقەڵەمدا. خۆراكی كاریكاتۆریستەكانیش بۆماوەی چەند ساڵێك مسۆگەر بوو. ئەو كاریكاتۆریستانە هێزەكانی پۆلیسیان بەنۆرە بە بۆبیو پیلەر[19] ناودەبرد.

پیل لەپۆستی وەزیر ناوخۆدا لێپرسراوێتییەكی تایبەتی لەبەرامبەر ئایرلەندەدا هەبوو، و هەوڵی كاسۆلیكەكانی ئایرلەندە بۆ دەستەبەركردنی مافە دیموكراسیەكان بەسەرپەرشتی یەكێتی كاسۆلیكەكان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەی دەسەند. لەساڵی ١٨٢٥دا حكومەتەكەی لیڤەر پول قانونێكی لەپارلەماندا تێپەڕاند كەئامانج لێی سەركوت كردنی بزوتنەوەی كاسۆلیكەكان بوو، بەڵام قانونەكە كاری پێنەكرا لەبەر ئەوەی ئەنگلزی[20] فەرمانڕەوای گشتیی ئایرلەندە كە كەسێكی لیبراڵو ئازادیخوازبوو لەدەوڵەتەكەی كانینگەوە بەمیراتی بۆ پیل مابۆوە، لەندەنی ئاگادار كرد لەوەی: (ئایرلەندە.... بێ كێشەو ئارامە.) لەئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیادا پێشنیارەكەی بیردیت[21] سەبارەت بەئازادی كاسۆلیكەكان شەش دەنگی تری هاتە سەرو بوو بەزۆرینەو جمو جۆڵی تێكەوت. وەڵامی پیل بەو مشتو مڕەی ئەنجومەن وەڵامێكی نەرێ بوو[22].

لەبەر ئەم مەسەلەیەو مشتو مڕێكی هاوشێوەی تر كە لەئەنجومەنی لۆردەكاندا سەری

[19] Bobbies and peelers

[20] Anglesey

[21] Burdett

[22] پیل لەو دەمەدا دژی ئازادیی كاسۆلیكەكان بوو ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەڵدا سەرۆك وەزیر پشت گیری لە (پیل) نەكرد. هەرچەندە ئەو پێشنیارە لەئەنجومەنی لۆردەكاندا شكستی هێنا، بەڵام ویلینگتۆن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیو چەند تێبینیەكی ئەمنی، دژایەتیی خۆی بۆ پێشنیارەكە دەرنەبڕی. یەكەمین كاردانەوەی پیل بۆ ئەوشكستەی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا، دەست لەكار كێشانەوە بوو، بەڵام لەوكاتەدا كابینە لەبەر ئەو مشتو مڕو ناكۆكیەی لەسەر ناوچەكانی هەڵبژاردنی ژێر ركێفی خێزانەكاندا سەری هەڵدا لەبەردەم مەترسیی لەبەریەك هەڵوەشاندا بوو. بەتایبەت كە هاسكسینو لایەنگرەكانی تری كانینگ لەبەر هەمان هۆ دەستیان لەكار كێشا بۆوە. ئەگەر پیل وازی بهێنایە ئەگەری ئەوە هەبوو حكومەت بكەوێو ویگەكان بۆماوەیەكی نادیار حكومەت بگرێتە دەست. ویلینگتۆن داوای لێكرد درێژە بەخزمەت بدات. پیل ئەو داوایەی قبوڵ كرد، بەڵام رایگەیاند كە ناتوانێ بۆ ماوەیەكی زۆر لەكابینەدا بمێنێتەوە. هەرچەندە كە ئەو هەستەی لادروست ببوو كە هەوڵدان لەدژی بەخشینی ئازادی بەكاسۆلیكەكان بێ ئاكامە، بەڵام لەڕوی تێبینیی حیزبەوە نەیدەویست لەبڕیاردان دەربارەی بەخشینی ئەو ئازادیەدا بەشداربێ.

قەیرانەكە بەبەخشینی پۆستی سەرۆكایەتیی ژوری بازرگانیو پیشەسازی بە فیتزجیرالد[23] قوڵتر بۆوە. لەبەر ئەوەی مانا راستەقینەكەی بەئەنجام گەیشتنی هەڵبژاردنی لاوەكی بوو[24]. (ئەم شێوازە نەخوازراوو بێزارەو تاكۆتایی جەنگی یەكەمی جیهان كاری پێدەكراو وینستۆن چێرچڵ یەكێك بوو لەقوربانیەكانی. لەوكاتەشدا چێرچڵ دوای دەست بەكاربونی لەپۆستی سەرۆكایەتیی ژوری بازرگانیو پیشەسازیدا، كورسیەكەی خۆی لەساڵی ١٩٠٨دا لەدەستدا.) لەو هەڵبژاردنە لاوەكیەدا ئۆكانیل وەك ركابەری كورسی،

---

23 Fitzgerald

٣ یەكێك لەئەركە بنەرەتیەكانی گرنگی دان بوو بەو ناكۆكیانەی لەسەر حەقدەست لەنێوكرێكارانو كارمەندانەدا سەری هەڵدەدا ـ و .

٢٤ بە دەست بەكار بونی فیتزجیرالد لەپۆستی سەرۆكایەتیی ژوری بازرگانیدا، كورسیەكەی لەناو پارلەماندا خاڵی دەبوو، و دەبوایە لەهەڵبژاردنێكی لاوەكیدا پڕ بكرێتەوە ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەبەرامبەر ئەودا راست بۆوەو بەزۆرینەی نزیك لەكۆی دەنگی خەڵكی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەرئەوەی كاسۆلیك بوو، نەیتوانی ئەو كورسیەی ئەو بەدەست بهێنێ. ویلینگتۆن ، (پیل)ی بۆ بەشداریكردن لەزنجیرەیەك دان وستانی نهێنیدا بانگ كرد. لەسەرەتای مانگی ئابدا سەرۆك وەزیر (ویلینگتۆن) راشكاوانە بەپاشای وت قەیرانێك لەبەردەم حكومەتدایەو تاكە رێگەچارەی، بەخشینی ئازادیە بەكاسۆلیكەكانو داوای لێكرد لەو بارەیەوە راوێژ لەگەڵ پیلو سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكاندا بكا. گۆشە نیگای پیل ئەمجارەیان بەپێچەوانەی رابردووەوە، واقیعبین تر بوو: ئەو هێشتا لەبنەمادا دژی بیرۆكەی بەخشینی ئازادی بەكاسۆلیكەكان بوو، بەڵام بەو ئاكامە گەیشت كە دەبێ لەنێوان دوو خراپدا یەكێكیان هەڵبژێرێ.

پاساو هێنانەوەكانی ویلینگتۆن لەجێی خۆیدا بوو لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕازی بوون لەسەر ئازادیی كاسۆلیكەكان. هەر كاتێك حكومەت بكەوتایە زۆرینەیەكی لایەنگیریی كاسۆلیكەكان دەسەڵاتی دەگرتە دەست. ئەودەم ئایرلەندە لەسەروبەندی جەنگێكی ناوخۆدا بوو. ویلینگتۆن وەك ناوبژیوانێكی باش پێشنیاری كرد ئەو مافانەی كەهەن وەك خۆیان بمێنێتەوە بەڵام بۆ ماوەی یەك ساڵ هەڵپەسێردرێن. كاردانەوەی پیل ئەوەبو كە هەربڕیارێك لەو بارەیەوە بدرێ پێویستە بڕیارێكی یەكلایكەرەوە بێ. لەبەرئەوەی كە بەڕوونی ئەوەی بەدی دەكرد كە بەدەر لەبەخشینی یەكسانیی سیاسی تەواو بە (كاسۆلیكەكان) هیچ ڕێگەیەكی تری لەبەردەمدا نییە: و رەنگە تەنیا بتوانرێ كاسۆلیكەكان لەگرتنە دەستی پۆستە گرنگەكانی وەك سەرۆكایەتی ئەنجومەنی لۆردەكان مەحروم بكرێن. هاوكات نارەزایی خۆشی دەربڕی بەرامبەر بەپێشنیارێكی ویلینگتۆن تایبەت بەدابین كردنی موچە بۆ پیاوانی ئایینی ئایرلەندە لەپارەی حكومەت.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ویلینگتۆن لەم بارەیەوە دەڵێ پیل ئامادەیی خۆی بۆ رازی بوون لەسەر ئەم پێشنیارانە پیشانداوە، هەرچەندە کەلایەنی رەسمی بڕیار بەدەست نەبووە بەڵکو تەنیا لایەنێکی راوێژکار بووە.

پیل داوای کرد ئەو رەزامەندیەی بەنهێنی بمێنێتەوە. بارودۆخی ئایرلەندە زۆر گرژو ئاڵۆز بوو، و میلیشیاکانی هەردوو لایەنی ناکۆك[25]، بەدی دەکران. بۆیە کێشەکە بەزەبروزەنگ یا بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کاسۆلیکەکان مەیسەر دەبوو. پاشا هێشتا رەزامەندیی خۆی پیشان نەدابوو. سەرلەبەری ئوسقوفەکانی کلێسای ئەنگلیکان نارازی بون. ویلینگتۆن قەناعەتی بەپیل کردبوو کە تەنانەت ئەگەر سەرجەم نوێنەرانی لایەنگری حکومەتیش رازی بن، بێ هاوکاریی ئەو بەخشینی ئازادی بەکاسۆلیکەکان مەیسەر نابێ. لەنامەیەکدا کە ئاراستەی پیلی کردبوو دوپاتی کردبۆوە کە ئەگەر پیل لەکابینە بچێتە دەرەوە کێشەکان چارەسەر ناکرێن،و ئەگەر پیل وازبهێنێ، دەبێ ئەوانی تریش وازبێنن. لە ١٢ی کانونی دوەمی ١٨٢٩دا سەرەنجام پیل تەسلیم بوو. ئەو بە (دۆك)ی وتبو ئەگەر دەست لەکار کێشانەوەی بەخشینی ئازادی بەکاسۆلیکەکان پەك بخا، ئەوا لەپۆستەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە. لەوکاتەدا پاشا رێی بەکابینە دا مەسەلەکە تاووتوێ بکاو مافی خۆی لەبەرامبەر هەر پێشنیاریکدا لەلایەن کابینەوە پاراست. دوابەدوای ئەم پەرەسەندنانە ویلینگتۆن پێشنیارەکانی حکومەتی تەسلیم بەئەنجومەنی نوێنەران کرد. رۆژی چواری شوبات، لەسەر مێزی نان خواردن، دوابەدوای دانیشتنی عەسری ئەنجومەن، ئەو دەقی ئەو وتەیەی کەبڕیار بوو پاشا بۆ روژی دوایی پێشکەشی بکا، بۆ لایەنگرانی دەوڵەت خوێندەوە، لەکاتێکدا هەموان دەیانزانی کە پیل خۆی یەکلا کردۆتەوە، هەرچەندە تاپێش ئەو دانیشتنەش، جگە لەپاشاو ویلینگتۆن و خۆی هیچ کەس ئاگای لەو مەسەلەیە نەبوو.

---

[25] مەبەست کاسۆلیك و پرۆتستانتەکانە ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

پیل بەم هەڵوێست گۆڕینەی، کەوتە بەرشالاوی نەفرەتی هەندێك لەلایەنگرەکانی و رابەرانی کلێساو کەسایەتیەکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد و ناوچەی هەڵبژاردنی خۆشیەوە، بەجۆرێك کە جنێو نامەیان بۆ هۆنیەوەو چەندین کاریکاتێریان بۆ کێشا، بەو شێوەیە تالاوی بوونی بە (یەهودا[26]) چەشت.

تا دوایین رۆژی ژیانی ئەوەیان بەڕوداوەدایەوە کە بەشدارینەکردنی لەحکومەتەکەی کانینگدا لەبەر ئەوەبوو کە کانینگ کاسۆلیك بووە، هەمان ئەو کاسۆلیکەی کە رەزامەندیی لەسەر ئازادبونیان دەربڕی. دوابەدوای ئەوە سەبارەت بەمەسەلەکانی تریش وەك کەسێکی باوەڕ پێنەکراو لێیان دەڕوانی.

لایەنگرانی پشتگیری لەبەرهەمە ناوخۆییەکانیش لەبەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە پێشتر پیل حزبو بیروباوەڕەکەی پێشووی خستۆتە ژێر پێیەوە، هێرشی توندو تیژیان کردە سەر.

رۆژبێری کە یەکێك بوو لەوکەسانەی ستایشێکی زۆری (پیل)یان کردوە، لەژیاننامەیەکی کورتدا کەنیوسەدە دوای مەرگی پیل نوسیویەتەوە، دەڵێ:(ئەگەربچیتە ژێرباری ئەوەی کە پیل لەگۆڕینی بیروباوەڕی سەرەتایی خۆیدا لەسەر حەق بووە، نەدەبوایە جارێکی تر دوبارەی کاتەوە. خەڵکی ئاسایی ناتوانن دوجار بەرگەی یەك شۆك بگرن...) پیل دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لەئەندامێتیی زانکۆی ئۆکسفۆرد تەسلیم کرد، بەڵام وەڵامی نەدرایەوەو دەستی لەکار کێشایەوە. لەهەڵبژاردنی داهاتودا جارێکی تر بەشداریی کردەوەو شکستی خوارد، بەڵام هەرزوو لەناوچەیەکی هەڵبژاردنی (توری)دا هەڵبژێردرا. بەسەر دەرگای کلێسای مەسیحەوە، هێشتا ئەو بزمارانە دەبینرێن کە بەچەکوش لەسەر دەرگاکە داکوتراوەو پێی نوسراوە (پیل بۆی نیە بێتە ژورەوە)

---

[26] یەهودای ئەسخەریوتی بەگوێرەی سەرگوزشتەیەك سیانزەیەمین حیواریی حەزرەتی مەسیح بووە کە بەماچ کردنی مەسیح، ئەوی فریودا. هەر لەوەشەوەیە کە ژمارە سیانزە بەشوم لەقەڵەم دراوەو چەمکی یەهودا لەوکاتەوە بەمانای خیانەت دێ ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

(NO PEEL). پیل دەربارەی لائیحەی هەڵوەشاندنەوەی قانونەكانی دانەوێڵە وتەیەكی گرنگی پێشكەش كرد كە چوارسەعاتی خایاندو لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەوە بەگەرمی پێشوازیی لێكراو ستایشی كرا.

تەنیا ٣٠كەسی لەنوێنەرانی لایەنگری حكومەت وەك نارەزایی دەربڕینێك چوونە دەرەوە.

لەكۆتایی مانگی مارسدا لائیحەكە بوو بەقانون.

لەتشرینی دوەمی ١٨٣٠دا حكومەتەكەی ویلینگتۆن كەوت. لەبەهاری ئەوساڵەدا دژایەتیەكی زۆری چاكسازیەكانی پارلەمان كرا، لەبەر ئەوەی ئەو چاكسازیانە خوازیاری لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ناوچەكانی هەڵبژاردنی ژێر نفوزی خێزانە وەجاخزادەكانو تەرخان كردنی كورسیی زیاتر بۆ هەندێك لەناوچە نوێكانی شار،و هەروەها هەندێك لەناوچەكانی هەڵبژاردنی قەزاكانیش بوو.

لەحوزەیرانی ئەوساڵەدا جۆرجی چوارەم مردو ولیامی چوارەم ناسراو بەپاشای دەریاوان جێ ی گرتەوە. لەوڵاتدا چەند نیگەرانیەك بەرامبەر دەربار سەری هەڵدا لەبەر ئەوەی شازادەخانم ڤیكتۆریا جێنشینی داهاتو بوو كە تەمەنی تەنیا ١١ ساڵ بوو، و دۆكی كەمبەرلاند كەلای هیچ كەس خۆشەویست نەبوو لەدوای ئەو دەبوە پاشا چەند نیگەرانیەكیش بەرامبەر بە شاژنە لاوەكانو مامە شەڕخوازەكان لەپورتوگال سەریان هەڵدا كە رەنگ بوو بارودۆخەكە بشێوێنن[27]. لەگەڵ ئەوەشدا كە ئاكامی هەڵبژاردنی گشتی نادیار بوو، حكومەتەكەی ویلینگتۆن نەیدەتوانی بۆ ماوەیەكی درێژ بەردەوام بێ[28].

[27] رونكردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەلاپەڕەكانی داهاتودا هەیە ـ و .

[28] دوابەدوای كەوتنی حكومەتەكەی ویلینگتۆن لەتشرینی دووەمی ١٨٣٠دا، لەدەقی ئەسڵیدا ئاماژە بەهاتنەوە سەركاری ئەو نەدراوە. ئاماژە كردن بەنادیاریی هەڵبژاردنی گشتی ئاماژەیەكە بەوەی كە ویلینگتۆن جارێكی تر حكومەتی پیكهێناوەتەوە ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

جموجۆڵێك بەدی دەكرا بۆ ئەگەری ئیئتیلاف لەگەڵ لایەنگرانی كانینگ،و لەسەرویانەوە هاسكیسن، بەڵام قەدەری هاسكیسن وابوو، لەرێورەسمی كردنەوەی هێڵی ئاسنی (لیڤەر پول ـ مانچستەر)دا، كاتێك لەهەوڵی پەڕینەوەدا بوو بۆ ئەوبەری هێڵەكە تا لەگەڵ دوكدا بدوێ، بوو بەژێر (رۆكێت[29])ەوەو مرد. ئیئتیلاف لەگەڵ ویگەكانیشدا لەسەر پێ داگرتنی حزبی ویگ لەسەر چاكسازی پارلەمان شكستی خوارد، لەبەر ئەوەی ویلیگنتۆنو پیل دژی ئەوەبوون. نائارامی لە وڵاتدا، كە دەرەنجامی چەق بەستنی ئابوری بوو، گەیشتە ئەوپەڕیو لەدەوروبەری شوێنی میوانداریی سەرۆكی شارەوانی لەگیڵد هۆڵ یاخی بون سەری هەڵدا. لە ١٥ی تشرینی دووەمدا، حكومەت لەسەر مەسەلەی بودجەی ساڵانەی دەربار روبەڕوی شكست بۆوەو ویلینگتۆنو كابینەكەی دەست لەكار كێشانەوەی خۆیان خستەروو، و ویگەكان بەرابەریی لۆرد گرەی جارێكی تر دەسەڵاتیان گرتەوەدەست.

لەورۆژگارەدا، چاكسازیی پارلەمانی باڵی كێشا بەسەر وێستمینیستەرداو شەپۆلەكەی سەرتا سەری وڵاتی گرتەوە. ئەم مەسەلەیە لەبنەمادا پەیوەندیی بەئەنجومەنی نوێنەرانەوە هەبوو، هەربۆیە پیل لەبری ویلینگتۆن، لەناوەندی بڕیاردا بوو. بەو شێوەیە لەبەرەی دژی حكومەتدا خۆی بینیەوە.

تاساڵی ١٨٣٠ هەموو (تەمەنی سیاسیی)، جگە لە٥ساڵ لەدوای ٢١ ساڵی سەرەتای ئەندامێتی لەپارلەماندا، لەپۆستە رەسمیەكاندا بەسەربرد. ٢٠ ساڵەكەی تری هەرهەمووی ٥ساڵ نەبێ لەبەرەی دژی حكومەتدا بوو.

لەو رۆژگارەدا تای چاكسازی زۆر بەرزبۆوە،و سەرەنجام (پیل)یش چوە ژێر باری ئەو واقیعەوە: لەوبارودۆخەدا، دەبوایە سەركردایەتیی حزبێك بكا كە زۆر بڕستی بەرێوەبردنیی نەبوو. خودی پیل لایەنگری هەڵوەشاندنەوەی ناوچەكانی هەڵبژاردنی ژێر

[29] رۆكێت ناوی یەكەمین لۆكۆمۆتیڤە كە لەهێڵی ئاسنی (مانچستەر ـ لیڤەر پول)دا دەستی بەكار كردووە ـ و .

ركێفی خێزانە كان بوو، و خوازیاری سپاردنی نوێنەرایەتیی پارلەمانیی ئەو ناوچانە بە چەند ناوچەیەكی نوێ لەباكورو چەند شوێنێكی تر بوو، بەڵام زۆر دژایەتیی بەرفراوان بوونو زیادكردنی مافی دەنگدانی دەكردو لەسەر بنەمای بیرو باوەڕ داكۆكیی لەو هەڵوێستەی خۆی دەكرد. لەلایەكی ترەوە نەیدەویست تەنانەت پێشنیارە سنوردارەكانی خۆشی بخاتە روو، لەبەر ئەوەی جارێك حزبەكەی خۆشی راماڵیبوو. ویلینگتۆن دەنوسێ: (پیل لایەنگریی چاكسازیی پارلەمانی بوو بەو مەرجەی ئەو چاكسازیە لەماوەی حكومەتەكەی ئێمەدا بۆ پارلەمان پێشنیار نەكرێ.) لە یەكی مارسی ١٨٣٠دا لۆرد جان رەسل پێشنیاری حكومەتی سەبارەت بەدابەشكردنەوەی (ناوچەكانی هەڵبژاردن) لەسەر بنەمای پێوەرەكانی ئەو دەمە، لەگەڵ زیاد كردنی بەرچاوی ژمارەی ناوچەكانی هەڵبژاردندا راگەیاند،و ئاماژەی بەوەدا كە ١٦٨كورسیش، لادەبرێ.

وەڵامی پیل لەوە وردتربوو كە لایەنگرەكانی چاوەڕوانیان دەكرد.

ئەو بەتەواوی دژی چاكسازی نەبوو، بەڵام دژی ئەو چاكسازیەب وو كە لەراستیدا سەرجەم ئاسەواری رابردوی رادەماڵی و وولاتی نغرۆی قەیرانێكی قانونیو پارلەمانی دەكرد. هەندێك كەس تێبینیان لەسەر ئەو تاكتیكانە هەبوو كە بەكاری دەهێناو هەندێك لەتوریەكانیش لەو باوەڕەدابوون كە بەدڵنیایەوە لەو پێناوەدا سەری دادەنێ. ئەوانە زۆربەی زۆریان بەهەڵەدا چووبون، لەبەر ئەوەی كاتێك حزبی توری توانی لەدژی كەمكردنەوەی ژمارەی ئەندامانی ئینگلیزی پارلەمان[30] لەنێو نوێنەرەكاندا دوبەرەكی دروست بكەن تامی سەركەوتنیان چەشت.

لەئەنجامدا حكومەتەكەی (گرەی) لائیحەكەی كێشایەوەو پاشا بۆخۆی هات بۆ وێستمینیستەر تا پارلەمان هەڵوەشێنێتەوە. لەئەنجومەنی نوێنەراندا هاتو هاوار سەری هەڵدا. پیل كە هێوریەكەی خۆی لەدەست دابوو بەهەموو توانایەكیەوە هاواری دەكرد،

[30] ئایرلەندیەكان لەو ئەندامە غەیرە ئینگلیزانەی پارلەمان بوون كە لەوكاتەدا نزیكەی هەشتا نوێنەریان لەپارلەمانی بەریتانیادا هەبوو ـ و .





بەهاتنەژوورەوەی نوێنەری تایبەتی سەرۆكی تەشریفاتی دەربار، كە هاتبوو تاسەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ گوێگرتن لەفەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان بۆ ئەنجومەنی لۆردەكان بەرێ، پیل لەجۆشو خرۆش كەوتو بێ دەنگ بوو.

ئاكامی هەڵمەتی بەرفراوانی هەڵبژاردن دوابەدوای هەڵوەشانەوەی پارلەمان، سەركەوتنی بەرچاوی لایەنگرانی چاكسازیی پارلەمان بوو، كەزۆرینەیان بەدەست هێنا. هەرچەندە ئەو زۆرینەیە چارەنوسساز نەبوو، و پیل لەناوەڕۆكدا خۆی لەحزبو كارە پارلەمانیەكان لادا: ئەو دەیزانی كەچارەنووسی ئاشكرابووەو پێشنیارە سنوردارەكەی ئەو هیچ ئومێدێكی لەبەردەمدا نەماوەو لائیحەی چاكسازی لەئەنجومەنی نوێنەراندا تێپەڕی بەڵام ئەنجومەنی لۆردەكان رەتی كردەوە. دوابەدوای ئەوە، پاشاگەردانی وڵاتی گرتەوە. لائیحەی سێیەم خرایە روو. چەند هەوڵێك خرایە گەڕ بۆ كۆكردنەوەی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەوانەی بیروبۆچونی جیاوازیان هەبوو، تا بەڵكو بەدەم چەوركردنی گوڕوتینەكەیان كەم بێتەوە: بەڵام ئەو كەلێنەی (كەهەبو) زۆر قوڵ بوو.

پیل جارێكی تر هاتەوە مەیدانو رێنوێنیی لایەنگرەكانی خۆی، لەئەنجومەنی نوێنەرانو لەحزبیشدا كرد كە دژایەتیی بكەن، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەبوو كە ئاكامەكەی بەشكست بگا. جارێكی تر ئەركی بڕیاردان خرایە ئەستۆی ئەنجومەنی لۆردەكان. لە٨ی مایسدا، گرەی بەپاشای وت ئەگەر رازی نەبێ سیناتۆر بۆ ئەنجومەنی لۆردەكان زیادبكرێ[31]، حكومەت دەست لەكار دەكێشێتەوە. پاشا رازی نەبوو، و دەست لەكاركێشانەوەی ئەوانی قبوڵ كرد. جەنگ لەپارلەمانەوە دزەی كردە ناو وڵاتەوە.

لە ناوچە پیشەسازیەكاندا مانگرتنی سەرتاسەری بەرپاكرا. خەڵكی پەلاماری بانقەكانیان دەداو سیتی كاردانەوەی خۆی نواند.

پاشا پێشنیاری پۆستی سەرۆك وەزیریی بۆ پیل كرد، بەڵام پیل كە پەی بەوە بردبوو ئەم پێشنیارە ئەو مەرجەی لەگەڵدایە كە دەبێ چاكسازیی بنەرەتی لەپارلەماندا بكا،

[31] ئەم هەنگاوە بۆ ئەوەبو كە ژمارەی رازی بوان بەبەرنامە چاكسازیەكەی دەوڵەت زیاد بێ ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بۆیە پێشنیارەكەی قبوڵ نەكرد.دۆكی ویلینگتۆن كە نەیدەتوانی بەئارامی دابنیشێ و، لەلایەكی ترەوە پەیوەندیی لەگەڵ (پیل)دا ساردوسڕیی تێكەوتبو، هەوڵی دا چەند كەسێك بۆ پێكهێنانی كابینە، بەسەرپەرشتی سەرۆكی ئەنجومەن، كۆ بكاتەوە، بەڵام سەركەوتوو نەبوو، و هەوڵی پێكهێنانی كابینە بەسەرپەرشتی خودی ویلینگتۆنیش ئەنجامی نەبوو. بەپاشا وترا كە لەئێستادا ئەگەری هاتنە سەركاری حكومەتێك لەجێی (توری)یەكان بەدور دەزانرێ. بۆیە هیچ رێگەیەكی لەبەردەمدا نەمایەوە جگەلەوەی رازی بێ لەسەر داواكاریی زیادكردنی ژمارەی سیناتۆرەكانو ئەنجومەنی لۆردەكانیش بەناچاری قبوڵیان كرد.

پیل روبەڕوی هەڵبژاردنێك بوبۆوە كە تیایدا حزبەكەی بەسەختی شكستی خواردبوو. ئەو كە چاك دەیزانی هیچ ئومێدێك بۆ گرتنەوەدەستی دەسەڵات لەكورت خایەندا لەبەردەمدا نەماوەو، هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخەكەو دژایەتی كردنی قانونی چاكسازی، بێ هودەو بێ ئەنجامە، سەرسەختانە بڕیاری دا حزبەكەی خۆی سەرلەنوێ دامەزرێنێتەوە. بۆیە هەموو كاتەكەی خۆی بۆ حزبەكەی تەرخان كردو ناوی نوێی حزبی موحافیزكارانی بۆ هەڵبژارد. لەلایەكی ترەوە ئەو كە بارودۆخی وڵاتی بەنادیار دەهاتە بەرچاوو پێشبینی ئەوەی كردبوو ویگەكان چەند دەستپێشخەریەك بكەن، لەوتەكەیدا بە بۆنەی كردنەوەی پارلەمانی نوێوە بۆچونەكانی خۆی دەربارەی چاكسازی خستە روو: (... تازە ئەم مەسەلەیە كۆتایی پێهاتوە.) پیل سوربوو لەسەر ئەوەی تەنیا چاو لەئایندە ببڕێ و ئومێدی هەبوو بەوەی پێكهاتەی قانوندانان لەدۆخی ئێستادا، هەڵوێستی ئەو سەبارەت بەمەسەلەی ئەسڵیو پێویستیەكانی هەڵبژێرێ.

پیل كە بووبوو بە سەرۆكی دیفاكتۆی موحافیزكاران، لەبیری ئەوەدابوو حزبەكەی بكا بە یەكەیەكی یەكگرتوترو هێزێكی برەوپێدراوو بەئاراستەی خولی دوای چاكسازی هەنگاو بنێ. دواململانێ ی مەترسیدارو ناكۆكی ئامێز تێپەڕیبوو. ناكۆكیەكی مەترسیداریش سەبارەت بەبازرگانیی ئازادو سیاسەتی پارێزگاریكردن لەبەرهەمە





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ناوخۆیەكان لەبەردەم دابوو كە دوای ١٠ساڵ سەری هەڵدا. لەوماوەیەدا توانی هەناسەیەك بداو كێشەكانی حكومەتی حزبی بەوردی شرۆڤە بكا.

حكومەتی نوێ لەسەر مەسەلەی دەیەكی ئایرلەندەو لائیحەی كلێسای ئایرلەندە بەتوندی گرفتاری جیاوازیی بیروباوەڕ بوبوو. ستانلی كە زۆر لەمێژ نەبوو بوبوو بەسەرۆك وەزیری توریەكان، لەسەروبەندی دەستلەكاركێشانەوەدا بوو، بەڵام تاماوەیەكی تر بڕی كرد. ساڵی داهاتوو دەستی لەكار كێشایەوەو دوابەدوای ئەو گراهام[٣٢]و رایپۆن (گادریچی جاران)و ئاڵتۆریش هەڕەشەی دەست لەكار كێشانەوەی كرد ،و دواتر گرەی دەستی لەكار كێشایەوەو لەكانونی دوەمی ١٨٣٤دا، ملبۆرن دەسەڵاتی گرتە دەست.

دیسانەوە مقۆمقۆی ئەوە سەری هەڵدا كە بنێرنەوە بەدوای (پیل)دا، بەڵام پیل لەو باوەڕەدابوو كە هێشتا كاتی ئەوە نەهاتوە كە دەسەڵات بگرێتە دەست: وای پێ باش بوو هەر لەدوورەوە پەرەسەندنی كێشەكانی وڵات بخاتە ژێر چاودێریەوە، تابزانێ ئەو كێشانە بەكوێ دەگەن.

نەئەوو نەهیچ كەسێكی تریش پێشبینیی ئەوەی نەدەكرد كە لەماوەی كەمتر لەچوارمانگدا پاشا جارێكی تر بنێرێتەوە بەدوای توریەكاندا. لەبەر پێشنیاركردنی لائیحەی حكومەتی كاتی نائاسایی[٣٢] بوو كە هەست بەو پێویستیە كرا.

لائیحەكەی پێشوو هەندێك بڕگەی توندی لێ لابراو خرایە بەردەم ئەنجومەنی لۆردەكان. سیناتۆرەكانی حزبی توری لەسەر قسەی ویلینگتۆن رێگەیان دا لائیحەكە

[32] Goraham

[٣٢] بەو حكومەتە دەوترێ كە بەسەركەوتن لەهەڵبژاردندا نەهاتۆتە سەركار، بەڵكو لەكاتی ناچاریدا لەلایەن سەرۆكی وڵات یا پارلەمانەوە بەدەسەڵاتی تەواوە بێ هەست كردن بەبەرپرسیارێتی لەبەرامبەر پارلەمانداو لەرێی گوشارو زەبروزەنگەوە بۆ دامركاندنەوەی نارەزاییو یاخی بونەكانو نەهێشتنی ئەو مەترسیانەی روبەڕوی ئاسایشی وڵات دەبنەوە، دێتە سەركار ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

تێپەڕێ، بەڵام هەرئەوان بوون كە لائیحەی باجی دەیەكیان[٣٣] بەزۆرینەی دەنگ ڕەت كردەوە.

مردنی باوكی ئاڵتۆرپو بوون بەئەندامی كوڕەكەی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا بۆ پڕكردنەوەی كورسیەكەی باوكی، كابینەی ناچار كرد گۆڕانكاری بكا. میلبۆرن، ڕەسلی كرد بەسەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو هەنگاوەشی سەرجەم ناكۆكیەكانی زیندوو كردەوە. پاشا كە ترسی ئەوەی هەبوو حكومەت بگەڕێتەوە سەر سیاسەتەكانی ساڵی رابردوی خۆی، كابینەی دەنگدا. كاتێك لە١٧ی تشرینی دووەمدا، ناردی بەدوای ویلینگتۆندا، وتی دەبێ سەرۆك وەزیر لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەست نیشان بكرێ، وتەنیا كەسی گونجاو، (خودی) (پیل)ە. (ئەم پێشنیارە نەبوو بەبنەمایەك. سیناتۆرەكان تاسەرەتاكانی سەدەی بیستەمیش، دەبوونە سەرۆك وەزیرو تەنیا لەساڵی ١٩٢٣دا ئەندامێتی لەئەنجومەنی باڵا (لۆردەكان) دا وەك بەهانەیەك بۆ ڕەت كردنەوەی ماركیز كارازۆن[٣٤] پشتی پێبەسترا. هەرچەندە ئەو ڕەخنانەی ڕوبەڕوی خودی كارازۆن كرابونەوە (بەتەنیا) بەس بوون تاببنە ڕێگر لەبەردەم دانانیدا بەسەرۆك وەزیر.)

هەڵبژاردنەوەی پیل وەك كۆمیدیایەك دەهاتەبەرچاو. پیل لەرۆما بوو. هێشتا تەلەگراف[٣٥] دانەهێنرابوو. تەنانەت ئەگەر بەشوێنەكەشیان بزانیایە، لەسەردەمی پێش هێڵی ئاسندا، چەندین ڕۆژی دەخایاند تا بگەڕێتەوە بۆ وڵات.

یانزە ڕۆژی پێچوو تا نێردراویان نارده لای. هێشتا پیل سەرزەنشتی كرد كە بۆچی بەرێگەیەكی تردا نەهاتوە تا ڕۆژێك زووتر بگاتە جێ. خودی پیل ١٣ڕۆژ بەرێوەبوو تاگەیشتەوە وڵات. لەو ماوەیەدا ویلینگتۆن بۆ زامنكردنی بەردەوام بوونی حكومەتی

[٣٣] بەشێك لەوباجانەی كە ساڵانە دەخرایە سەر بەروبومەكشتوكاڵیەكانو تەرخان دەكرا بۆ خەرجیی كڵێساو پیاوانی مەسیحی ـ و .

[٣٤] Maraues كەسێك لە پلەی دۆك نزمترو لەكۆنت بەرزترە ـ و .

[٣٥] تەلەگراف لەساڵی ١٨٤٩دا داهێنرا ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پاشا وەك لۆردی یەكەمو وەزیری دەرەوەو، (لیند هێرست[٣٦] )یش وەك سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكان سوێندی یاساییان خواردبوو. كاتێك پیل هەڵبژاردنی بەسەرۆك وەزیر لەلایەن پاشاوە بەرگوێكەوت، سەرەتا دوچاری دودڵی بوو، و سەرسام بوو، بەڵام تا گەیشتن بەئینگلتەرە كاتی پێویستی لەبەردەمدابوو تائەو دودڵیە بڕەوێنێتەوە. لەلایەكی ترەوە لەبەر ئەوەی حكومەتەكەی پاشا بەبێ ئەو سێ هەفتەونیو بەردەوام بوبوو، نەیدەتوانی پۆستی سەرۆك وەزیری ڕەت بكاتەوە.

بەڵام كێشەكە لەوەدابوو كە هیچ ئومێدێكی بۆ زامنكرنی زۆرینەی دەنگەكانی پارلەمان بەدی نەدەكرد. بۆیە دەبوایە لەهەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەكدابێ. لە ١٠ی كانونی یەكەمی ١٨٣٤دا، بوو بەسەرۆك وەزیرو توانی كابینەكەی خۆی پێكبهێنێ. بەڵام وڵات چاوەڕوانی ئەوەی دەكرد كەحكومەتی نوێ لەبەیاننامەیەكدا سیاسەتی خۆی، ولەوەش گرنگتر، بیروبۆچونی دەربارەی قانونی چاكسازیی لەپارلەمان رابگەیێنێ. بەبوونی بەسەرۆك وەزیر، ناچاربوو دەستبەرداری كورسیەكەی بێ لەناو ئەنجومەنداو جارێكی تر لە تام ۆرس[٣٧] ململانێ بكاتەوە. ئەوەش دەرفەتێكی بۆ ڕەخساند تا بەیاننامەیەكی تایبەت بە هەڵبژاردن بۆ دەنگدەران بڵاو بكاتەوە. دەقی بەیاننامەكە لەكابینەدا خوێندرایەوەو لەسەرتاسەری وڵاتیشدا بڵاوكرایەوە. كاتێك دوابەدوای بەیاننامەكەی پێشووی خۆی لەپارلەماندا، دوساڵ لەوەو بەر رایگەیاندكە (قانونی چاكسازی بەرێگەچارەی كۆتاییو یەكلایی كەرەوە بۆ مەسەلەی نەزمی قانونیو پارلەمانی دەزانێ [٣٨].) كتێبی گەورەی مێژووی سیاسی بەریتانیا لاپەڕەیەكی هەڵدایەوەو بەتێپەڕاندنی سەردەمێك، چوە ناو سەردەمێكی نوێوە.

دوابەدوای هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانو پێكهێنانی پارلەمانێكی نوێ، حكومەتی پیل لەسەر لائیحەی نازناوو ناونیشانە ئایرلەندیەكان لەبەرامبەر ویگەكانو

[36] Lyndhurst

[37] Tam warth

[٣٨] پیل لەودەمەدا وای بەباش دەزانی بەپێودانگی ڕۆژ قسەبكا ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

رادیكاڵەكانـدا كـە لەلایـەن ئایرلەندیـەكانی (ئـۆ كانیـل)ەوە پـشتگیرییان لـێ دەكـرا شكستی خواردو دەستی لەكار كێشایەوە،و جارێكی تر ملبۆرن هاتەوە سەركار.

لەسـاڵی ١٨٣٩دا دەرفـەتێكی تـر بـۆ گەڕانـەوەی پیـل بـۆ دەسـەڵات رەخـسا. لەمشتومڕێكدا دەربارەی هەڵپەساردنی دەستوری جامایكا، ویگەكان تـەنیا بـەجیاوازی ٥ دەنگ زۆرینەیان بەدەست هێنا، ئەوەش بـۆ ئـەوان سـوكایەتی ئـامێز بـوو بـەڵام پیـل بەكاریگەریی (مـەسەلەی ژوری نوستن) دەرفەتی بونی بەسەرۆك وەزیر لەدەستدا.

شـاژن بـەبانوانی ویگـەكان (هاوسـەرانی ویگـەكان) دەورەدرابـوو، و پیـل وەك سەركردەیەكی پارلەمانی سەر بەحزبی توری، لەترسی كاریگـەریی ئـەوان لەسـەر شـاژن گوشاری خستە سەر كۆشك تـا بەرنامەیـەكی بـەرفراوانی جێنـشینی گونجـاو پیادەبكـا، بەڵام شاژن رازی نەبوو. لەساڵی ١٨٤١دا كاتێك كەوتنی دەوڵـەتی ویـگ، جـارێكی تـر پیلی هێنایەوە سەركورسیی دەسەڵاتو، بەسەركەوتن لەهەڵبژاردندا پێگـەی خـۆی پتـەو تر كرد، ئەو مـەسەلەیەش چارەسـەر كـراو شـازادەی یـاوەری شـاژن، سـودی لەدەسـەڵاتی ناوبژیوانیی خۆی وەرگرتو بەرنامەیەكی جێنشینیی لە كەسانێكی دەست بـژێر ئامـادە كرد كە پیل رەزامەندیی لەسەر پیشانداو شاژنی بەو بانوە دەربارییانە دەورەدا كـە بـەلای خۆیەوە پەسەند بوون.

دەوڵەتی ویگ لەسـاڵی ١٨٤١دا لەپێكـەوتو هـەموو توانایـەكی خـۆی لەدەسـتدا. رادیكاڵە پیشەسازو لایەنگرەكانی بازرگـانیی ئـازاد رۆژ بـەرۆژ زیـاتر دەبوونـە بوكـەڵان بـەجۆرێك كلكـی سـەگیان دەخستە لەقانـدن[39]. لەئەنجامـدا حكومـەتی ویگـەكان وەك دوایین خۆدەرختن شانۆییەكی بچوكیان سەبارەت بەبازرگانیی ئازاد نمایش كردو باجی سەرتەختە، شەكرو دانەوێڵـەیان تارادەیـەكی زۆر دابەزانـد. ویگـەكان بـەو مەبەسـتە ئـەو هـەنگاوەیان نـا تـا ناكامیـەكانی خۆیـان پـەردەپۆش بكـەن، لەكاتێكـدا ئـەو هـەنگاوە

[39] وەك زانراوە سەگ بۆ پیشاندانی وەفاداریو راكێشانی سەرنج، كلكی بۆ خاوەنەكەی دەلەقێنێ. لێرەدا بـەكار هێنانی پێچەوانەی هەیە كە هێمای دەسەڵات پەیداكردنی رادیكاڵەكانە ـ و .





رادیكاڵەكانی گەشبین كردو لەوباوەڕەدابوون لەئایندەدا بازرگانیی ئازادیەكان گیر دەبێ، بەڵام پیل لەو كەسانە نەبوو كەبەئاسانی بكەوێتە ئەو داوەوە. ئەو هەرتەنیا بەهێرشكردنە سـەر چاكسازیی بازرگانیـەوە نەوەسـتا، بـەڵكو كـەمهێنانی بودجـەو پێـشینەی دراویو بەواتایەكی تر، سیاسەتی دراویی ویگەكانیشی خستەبەر شاڵاوی هێرشەكانیەوە.

حكومـەتی ویگەكان لەپێ كەوتبو. یەك مـانگی تر مایـەوەو هەوڵیـدا پیـل گـیرۆدەی قانونەكانی دانەوێڵە بكا، بەڵام هەڵبـژاردنی گـشتی ئـەنجام دراو موحافیزكـاران بـە ٧٦ دەنگی زیاد، زۆرینەیان بەدەستهێنا.

بـەدانانی گـولبڕن لەپۆسـتی وەزیـری دارایـدا، پیـل دەسـت بـەجێ دەسـتی كـرد بـە لێكۆڵینەوە لە دارایی گشتی.

ئەو لەوباوەڕەدا بوو كە تەنیا بەگرتنەبەری چەند رێوشـوێنێكی بوێرانـە دەتوانـێ ئـەو كەلێنانە پڕبكاتەوە كە لەحكومەتی پێشوەوە بـەمیرات بـۆی مـابۆوە،و لەهـەمان كاتـدا بودجەی پێویستیش بۆ ئامانجی گەورەی بازرگانیی ئـازاد، كـەوەك قوتـابیو مۆریـدێكی پیت هەوڵی بۆ دەدا، دابین بكا.

پیل رەزامەندیی كابینەی وەرگرت بۆ گەڕاندنەوەی باجی سەر داهـات كـە پیـت وەك باجی تایبـەت بـەرۆژگاری جـەنگ، داینـابوو، و مـاوەی جێبەجێكردنەكەشی بـەكۆتایی جەنگەوە گرێ دابۆوە. لەراستیدا ئـەم باجـە لـەبارودۆخێكی نائاسـاییدا دانرابـوو، لەبـەر ئـەوەی بـەئیمزاكردنی پەیماننامـەی ئاشـتی، سـەرلەبەری پێـشینەو بەڵگەنامـەكانی لەناوچونو دیارنەمان. هەرچـەندە خەزێنـە بـەزۆر یـەك دوو كۆپیـان لـێ هـەڵگرتبوو، و دواتر لەلایەن مێژوونوسانەوە سودیان لێوەرگیرا[40].

پیل لەناوەندی دەسەڵاتدا بوو، هەروەك چۆن سەرۆك وەزیرەكان دوابەدوای سـەركەوتن لەهەڵبژاردنـدا، بـەو دەسـەڵاتە دەگـەن،و لاشـەی حكومـەتی پێـشوو وەلا دەنـێن. ئـەو

[40] نوسەر لەدەقە ئەسڵیەكەیدا بەتەوسەوە نوسیویەتی كە خەزێنە یەك دووكۆپیی لـەو بەڵگەنامانـە لـە لەناوچـون پاراست تا بكەوێتە بەردەستی مێژوونوسان ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەسەڵاتە، بەگرێ دانەوەی پێشنیارەكەی لەگەڵ بەرنامەی بازرگانی ئازاددا كە بەتاكە ڕێگەی دەزانێ بۆ هێوركردنەوەو هاوسەنگ كردنەوەی داوەستانی پیشەسازیو هەژاریو نائارامی لەكارگەكانو ناوچە پیشەسازیەكاندا، پتەو تر بوو. ئەم هەنگاوەی دەستكەوتێكی سیاسیش بوو، ئەویش پچڕینی پەیوەندی، یا جیاكردنەوەی ویگەكانی وڵات بوو لەرادیكاڵەكانی سەرمایەداری نوێ.

كاتێك دانیشتنی نوێ گرێ درا، پیل لائیحەی باجی سەر داهاتی وەك ڕێوشوێنێكی دراوی لەڕوی ناچاریەوە نا، بەڵكو وەك ڕێگەیەك بۆ پێكهێنانی ئامانجێكی گەورەی نیشتمانی، خستە ڕوو. پارلەمانەكان لەهەموو سەردەمێكدا سەلماندویانە كە بەرگەی گورزێكی دراوی دەگرن: سەرەتا بەو مەرجەی كە لەهەناسە كەوتبن*، دووەم ئەگەر ئەو گورزە بەشێك بێ لەستراتیژێكی بەرنامە بۆ دارێژراو، و ئومێدێكی بۆ ئاینده لێبكەوێتەوە.

بەهەرحاڵ سنورداربونی دەسەڵاتی ئەو لەزۆربەی سەرۆك وەزیرو وەزیرانی دارایی سەردەمی ئێستا كەمتر بوو. پیل لە ٣/٤ ملیۆن پاوەند دەستكەوتی باجی بە سەر داهات، بۆ پڕكردنەوەی ١/٨ملیۆن پاوەند زیادەی داهاتی بۆ پڕكردنەوەی كەمهێنانی بودجەی حكومەتی ویگەكان تەرخان كرد. دەیویست بەشێك لەو زیادەیە لەپێناو گۆڕینی بنەڕەتیی تاریفەی گومرگیی ساڵانی سەرەتای سەرۆكایەتیی پیت، خەرج بكا.

بەگوێرەی بنەمایەكی گشتی، بڕیاردرا ٥٪ی تاریفەی گومرگی (یاكەمتر) بۆ مادده خاوەكان، و ٢٠٪یش بۆ كاڵا بەرهەم هێنراوەكان تەرخان بكرێ.

هاوكات، چاوخشاندنەوە بەقانونەكانی دانەوێڵەدا (و ئاستی پشتگیریكردنی لەكاڵا ناوخۆیەكان كەم كردەوە، بەشێوەیەك كە ئەو دەستكاری كردنە نەبێتە مایەی مەترسی،و هەوڵیدا پشتگیریكردن لەبەروبومە كشتوكاڵیەكان لەگەڵ پشتگیری كردن لەبازرگانی كە پشتگیریەكی زیاتر بوو، هاوسەنگ بكا.) پیل لەچاوخشاندنەوەدا بێ هاوتابو.

* مەبەست (لۆكۆمۆتیڤ)ە ـ و ؟





مەكتەبی بیروهۆشیاری

چۆنیەتی ئیدارەدانی مەسەلەی پۆلیسی پایتەخت بەڵگەیەكی بەرچاوی ئەو لێهاتوییەی ئەوە.

توانای پێشبینیكردنی زۆر بەهێزبوو وەك وەزیری ناوخۆش پەی بەوەبردبو كە ناتوانێ هەنگاوێكی دەم ودەستو لەناكاوبنێ. لەمەسەلەی قانونەكانی دانەوێڵەدا، بەتەواوی ئەو هەستی بەوە دەكرد، كە دەبێ بەرە بەرە هەنگاو بنێ، تا سەرەتا كابینەكەی،و دواتر حزبەكەی، پەلكێش بكا. زۆر عاقلانە ئەوەی كردو پێشهاتەكانو مشتومڕی ناو ئەنجومەنو مشتو مڕی ناوخەڵكیش، پاڵنەر بوون بۆ ئەو مەسەلانەو كارئاسانییان بۆ كرد.

دوابەدوای چاكسازیی دراویی، چاكسازی پێكهاتەییو بنەڕەتی وەك قانونی بانق لەساڵی ١٨٤٤دا، كە پێشتر ئاماژەی پێدراو قانونی كۆمپانیاكان، هاتە گۆڕێ. قانونی كۆمپانیاكان یەكەمین كاردانەوەی جددی بوو بەرامبەر بەو ڕاستیەی كە ئابوریی بەریتانیا تادێ زیاتر دەكەوێتە ژێر دەستی كۆمپانیا گشتیەكان كە هەندێكیان زۆر بچوكن.

لەبەر ئەوەبو كە قانونی كۆمپانیاكان لەبەریتانیادا بەپێویستیەكی هەنوكەیی لەقەڵەم دەدرا، سەدان كۆمپانیا، كارەكانی خۆیان بۆ ڕاكێشانی هێڵی ئاسن خستە ڕوو. چالاكیی هەندێك لەكۆمپانیاكان لەبواری پیشەسازیی پەیوەست بەهێڵی ئاسنەوە، هاوشێوە بوو، هەندێك كۆمپانیاش كە لەبیناسازیدا تایبەت مەند نەبون، بەڵكو بەوهیوایە بەشداریان كردبوو كە كارەكانیان بەكۆمپانیاكانی تر بفرۆشنەوەو سودێك بۆخۆیان مسۆگەر بكەن.

یەكێك لەگرنگترینو وردبینترین ئەو هەنگاوانە، قانونی ڕێوشوێنەكانی هێڵی ئاسنی ساڵی (١٨٤٤)بوو. ئەوەش یەكێك بوولەكارەكانی گلادستۆن جێگری سەرۆكی ژوری بازرگانیو پیشەسازی كە بەڕێنوێنی ڕایپۆن كاری دەكرد.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

(لەبەر ئەوەی گادریچ بۆ گێڕانەوەی دوایین رۆڵی خۆی جارێكی تر هاتەوە مەیدان). گلادستۆن لەبواری هێڵی ئاسنو لەكاری سەختو ئالۆزی نوسینەوەی تاریفەی گومرگیشدا، راستەوخۆ لەگەڵ (پیل)دا كاری دەكرد. هێڵی ئاسن كێشەیەكی تەواو نوێو تارادەیەك فەلسەفیشی بۆ قانون دانەران هێنایە كایەوە.

فەلسەفەی ئەو دەم، لەبواری كشتوكاڵدا نەبێ، هانی پێشبڕكێ لەهەموو بوارەكانی تردا دەدا. هێڵی ئاسن بەچاوی جێنشینی شارێكانو كەناڵەكان لێی دەڕوانرا كە تیایدا خاوەن زەویو ئاوەكان، رێگای زەمینیو رێگای ئاوییان لێ دەدا، و ئەو كەسانەی سودیان لەو رێگایە وەردەگرت، هەروەها شۆفێرانی فارگۆنو بەلەمەكانیش، باجو گومرگی رێگایان وەر دەگرت. یەك یا دوو هێڵی ئاسن لەسەرەتادا، لەسەر ئەو بنەمایە بەرنامەی بۆ دارێژرا، بەڵام هەرزوو ئاشكرابوو كە تاكە ئەنجامی هاتنەكایەی ئەو كۆمپانیا ڕكابەرانەو ئامێرە مەرگهێنەكانیان كە خێراییان لەسەعاتێكدا سی میل زیاتر بوو، ئەو رووداوە كوشندانەبوو كە رۆژانە زیانی گیانیو مادیان لێ دەكەوتەوە[41]. پارلەمان بەپەسەند كردنی چەند لائیحەیەكی جیا بۆ هەر هێڵێكی ئاسن، مۆنۆپۆڵییەكی ناوخۆیی و مۆنۆپۆلیەكی بەرفراوانیشی هێنایە كایەوە كە دەبوایە، نەك هەر بەتەنیا لەرووی سەلامەتی یەوە، بەڵكو لەڕووی خزمەت گوزاریشەوە، لەوەش زیاتر، كرێو نرخەكانیش بۆ گواستنەوەی كاڵا دەستنیشان بكرێ،و بخرێتە ژێر چاودێریەوە. پیل لەسیاسەتی دەرەوەدا، بەتوانا، خاوەن ئامانجو هێور بوو، وئابەردین وەزیری دەرەوەش بەئەمەكو دڵسۆز بوو، بەڵام رۆڵێكی ئەوتۆی نەبوو. پێشینەی ئەو كاتێك كە لەجەنگی كریمەدا سەرۆك وەزیر بوو ئەم بۆچونە پشتڕاست دەكاتەوە. لەراستیدا ئەوە پیل بوو كە سیاسەتی دەرەوەی هەڵدەسوڕاند. ئابردین هیچ كام لەو ئازادیانەی نەبوو كە پالمەرستۆن

[41] كۆمپانیاكانی هێڵی ئاسن كە زەویە بێ خاوەنەكانیان بەكار دەهێنا، زۆربەی جار رێگەیەكی دورودرێژتریان دەبڕی لەچاو ئەو كۆمپانیانەدا كە بەو زەویانەدا تێدەپەڕین كە خاوەنیان هەبوو. لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بتوانن پێیان بگەنەوە، بەخێرایییەكی زیاتر دەڕۆیشتن تا لەماوەیەكی كورتدا خەڵكیو كاڵاكانیش بگەێننە جێی مەبەست ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

(لەوەزارەتی دەرەوە) لەكاتی سەرۆكایەتیی ملبۆرندا هەیبوو. كاتێك دەسەڵاتی گرتەدەست، بەریتانیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبارێكی باشدا نەبو.

بەریتانیا لەودەمەدا لەگەڵ چینو ئەفغانستاندا لەجەنگدابوو جگە لەوەش لەسەرهێڵی سنوریی كەنەداو ئۆرگۆنو ماین، لەگەڵ ئەمریكادا دەستەو یەخەبوون.

تایجەنگ لەو ناوچەیەدا لەسەر دەستنیشان كردنی سنور بەرز بوبۆوە. چەند كێشەیەكیش لەگەل فەرەنسادا، لەسەر ژنو ژن خوازیەكی ئیسپانیایی سەری هەڵدابوو لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هێنابوە كایەوە كە نفوزی فەرەنسا لەئیسپانیا، لەئاكامی شوكردنی شاژنی لاو بەكوڕی لویس فلیپ، زیاتربێ. بەڵام لەكۆتاییدا، هەردولا رێك كەوتنو بەدەست پێشخەریی ئابەردین (لێك گەیشتنی دڵەكان) راگەیەنرا. لەگەڵ ئەوەشدا كێشەكان كۆتاییان پێنەهاتو جارێكی تر لەسەر تەبشیریەكو كونسوڵی بەریتانیا لەكاتی هێرشەكانی فەرەنسادا بۆسەر تاهیتی،و هەروەها لەسەر چەند نەخشەیەك كە ئیدیعای ئەوە دەكرا فەرەنسا بۆ گرتنی مەغریبو تەنجە[42] (دوابەدوای لكاندنی جەزائیر) دایڕشتوە، چەند ناكۆكیەك سەری هەڵدا.

ترس لەجەنگ، كە پارلەمان جەختی لەسەر دەكردەوە، پیلی ناچار كرد تا رێوشوێنەكانی بەرگریكردن لە كەناڵ[43] بەهێز تر بكا.

لەكۆتایی حكومەتەكەی پیلدا، گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە زۆر ئارامتر بوو ودووایین كاری ئەو وەك سەرۆك وەزیر، بەرلەوەی لەسەر قانونەكانی دانەوێڵە دەست لەكار بكێشێتەوە، یەكلایی كردنەوەی ناكۆكیەكانو كێشە سنوریەكان بوو لەگەڵ ئەمریكادا.

بیروبۆچونی ویلینگتۆن سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی قانونەكانی دانەوێڵە كە كۆتایی بەحكومەتەكەی پیل هێنا، ئەوەبو كە: (ئەم پەتاتە خراپە بوو كە... پیلی تۆقاند.) لەراستیدا لەناوچونی بەرهەمی پەتاتەی ئایرلەندە، وایلێكرد سوربێ لەسەر

[42] Tangier لەشارەكانی مەغریبەو بەندەرێكی گرینگیشە لەكۆتایی باكوری تەنگەی جەبەل تاریق ـ و .

[43] مەبەست كەناڵی ئینگلیزیە كە كەوتۆتە نێوان فەرەنساو بەریتانیاوە، بەرامبەر كەنارەكانی نۆرماندی ـ و .

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵە لەوێ. لەبەر ئەوەی لەكاتی حكومەتەكەی (پیل)دا مەسەلەی قانونی دانەوێڵە، لەگۆڕانكاریەكانی ئایرلەندە بەدەرنەبوو.لەدوایین رۆژگارەكانی حكومەتی ویگەكاندا، گوشار خرایە سەرپیل تا دەربارەی باجی پشتگیری لەسەر دانەوێڵەی دەرەكی، بیروبۆچونی خۆی دەربڕێ. ئەویش لەوبارەیەوە ئاماژەی بەبارودۆخی نائاسایی‌و نیگەرانكەری وڵات داو وتی: (ئەگەر گۆڕانكاریەكی بچوك لەقانونەكانی دانەوێڵەدا ئەو نیگەرانیانە چارەسەر بكا.... من بەپەرۆشەوە پێشنیار دەكەم ئەو قانونانە دەستكاری بكرێ‌و بگۆڕدرێ‌و ئەگەر پێویستیش بكا هەڵوەشێنرێتەوە.) كاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست، بەهێنانەكایەی گۆڕانكاریی بنەرەتی لەدەست نیشانكردنی ئاستی بەجاكاندا، تواني چەند گۆڕانكاریەكی سنوردار لەقانونەكانی دانەوێڵەدا بێنێتە كایەوە. لەساڵی (١٨٢٨)وە، نرخەكانی ئاستی هاوسەنگیكردنی بەها چاكسازیی تێداكراو لەساڵی ١٨٤٤دا، پیل بە هەوڵو كۆششەكانی چەند رێوشوێنێكی نوێی دانا لە بەرنامەی یەك چوارەمی تەنێك ٥٦شیلینگ وەك نرخێكی مام ناوەندی‌و ٤٥ شیلینگ وەك نرخێكی لانی كەم، كە لەئەنجامدا گەنمی دەرەكی چەند پێویست بوایە هێندە دەهێنرایە ناو وڵاتەوە. باجی سەر كاڵا هاوردەییەكانیش كرا بە یەك شیلینگ بۆ هەر كاڵایەك كە نرخەكەی ٧٣شیلینگ بێ‌و ١٦ شیلینگ ئەگەر نرخەكەی ٥٦شیلینگ بێ‌و ٢٠ شیلینگ ئەگەر نرخەكەی ٥٠ شیلینگ بێ.

لەساڵانی سەرۆكایەتیی (پیل)دا. بارودۆخی ئایرلەندە روی لەخراپی كرد، و هەژاری بەربڵاو بوو، و یاخی بون وەك پەتا بەسەرتاسەری ئایرلەندەدا بڵاو بۆوەو گۆڕەپانی سیاسی كەوتبوە ژێر كاریگەریی چالاكیەكانی (ئەنجومەنی هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی) یەوە، بەسەرۆكایەتیی ئۆكانیل كە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی یەكێتیی ئایرلەندە لەگەڵ ئینگلتەرادا بوو، لەبەر ئەوەی هەرچەندە ئازادیی كاسۆلیكەكان بەئاكام گەیشتبوو، بەڵام كاسۆلیكەكان پشكێكی زۆر كەمیان لەپلەو پایە حكومیەكانی هەردو بەری





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دەریا[٤٤]، بەتایبەت لەئایرلەندە، هەبوو. نەزم‌و قانون رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر شیرازەی دەپچڕا.

تا لەتشرینی یەكەمی ١٨٤٣دان ئۆكانیل‌و ژمارەیەك لەلایەنگرەكانی دەست گیر كران. دیسانەوە ئایرلەندە سەرەنجی بەریتانیای بەتەواوەتی بەلای خۆیدا راكێشا. پیل بەداخوازیی بنەڕەتیی ئایرلەندە رازی نەبوو، بەڵام یارمەتیدانی مەی نۆس كاسۆلیكەكانی كرد بە سێ ئەوەندەو ئەم كارە بوو بەهۆی دەست لەكاركێشانەوەی گلادستۆن كە دەست لەكاركێشانەوەیەكی مەنتیقی نەبوو بەڵكو دڵی رەنجابوو.

لەساڵی ١٨٤٥دا ئافەتی پەتاتە كە ئافەتێكی بەكتریایی بوو گورزێكی سەنگینی لەبەروبومی ئایرلەندە وەشاند. ئەم ئافەتە روبەرێكی بەرفراوانی ئەوروپای گرتەوە، بەڵام بۆ ئایرلەندە كارەسات و قات‌و قڕی‌و برسێتیی لێ كەوتەوە. دوو زانا رەوانەی ئەوێ كران تا بارودۆخەكە هەڵسەنگێنن. ئەو دوو زانایە رایانگەیاند كە ئەگەر تۆوی پەتاتە بەبڕی تەواو نەخرێتە بەردەست جوتیارانی ئایرلەندە، بەروبوم تا نیوەی ئاستی ئاسایی خۆی واتە ٣/٨ كەم دەبێتەوە، و ئاشكرایان كرد كە ئەگەر خاك ئاڵودەبێ كارەساتێكی هاوشێوە لەساڵی داهاتودا رودەدا، بۆیە پیل گەیشتبوە ئەو قەناعەتەی كە تاكە رێگە بۆ بەرگرتن لەبرسێتی ئازاد كردنی هاوردەی دانەوێڵەیە. ناچار بو لەبەرامبەر گوشارە رو لەزیادبوەكانی ئەنجومەنی دژایەتیكردنی قانونی دانەوێڵەدا كە ئامانجی هێنانە كایەی بازرگانیی ئازادی دانەوێڵە بوو، خۆی یەكلایی بكاتەوە.

پیل پەی بەوە برد كە ئەگەر داخوازیەكەی ئەوان، بەوشێوەیەی ئەنجومەن دەیەوێ، بێنێتە دی رەنگە مەودای داخوازیەكانیان بەرفراوانتر بكەن‌و سەرلەبەری سیاسەتی تاریفە بخەنەبەر هێرشەوە بەپاساوی ئەوەی تاریفە گومرگیەكان، هۆكاری بەرزبونەوەی نرخەكانن.

كابینە زۆر بەتوندی دوچاری دوبەرەكی‌و جیاوازی بیرو بۆچون بوو. پیل بەهاوسەنگی‌و سەنگینی ئیدارەی دەدان‌و رێنوێنیی دەكردن تا ناكۆكیەكان وەلانێن.

[٤٤] مەبەست ئایرلەندەو ئینگلتەرەیە ـ و .

بەرنامەیەكی هێوركەرەوە لەلایەن دەوڵەتەوە گەڵاڵەكرابوو كە ئەگەر قانونی دانەوێڵە هەڵوەشێنرایەتەوە كاریگەریی دەبو، بەڵام دەبوایە پارلەمان پەسەندی بكردایە. پیل بەئەندامانی كابینەكەی وت ئەگەر دەوڵەت هەموو هێزێكی خۆی بخاتەگەڕ لەدژی هەر گۆڕانكاریەكی پێویستو واقیعیانە لەقانونەكانی دانەوێڵەدا، دەكەوێتە ژێر مەترسیەوە.

ژمارەیەك لەئەندامانی كابینە ساردبونەوەو گراهام سەرۆك وەزیری ئاگادار كردەوە.

پیل پێشنیاری كرد بەندەرەكان بەباجێكی كەمترەوە كە دواتر دیاری دەكرێ، بەروی دانەوێڵەی دەرەوەدا بكرێنەوەو پارلەمان ئاگادار بكرێ لەوەی دەوڵەت بەنیازە قانونێكی نوێ بۆ دانەوێڵە پێشنیار بكا، بەڵام تەنیا سێ وەزیر پشتیوانیان لێكرد. لەم كەینو بەینەدا فەرمان ڕەوای گشتی ئایرلەندە داوای دەسەڵاتی نائاسایی كرد. پیل بەكابینەكەی وت كە بەڵێن نادا تاسەر پابەندی ئەو قانونەی ئێستای دانەوێڵە بێ‌و رازی نییە لەسەر بەخشینی دەسەڵاتی نائاسایی بە فەرمانڕەوای گشتی.

لەوكاتەدا لۆرد جۆن رەسڵ یەكەمین ژمارەی (ئەدینبۆرگ)ی بڵاوكردەوەو تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵەی كرد. هێشتا پیل نەیدەتوانی زۆرینەی وەزیرەكان والێبكا پشتگیری لە بیروبۆچونەكانی بكەن، چ جای بگا بەوەی یەكڕیزیی كابینە بپارێزن، بۆیە لائیحەیەكی دەربارەی كەم كردنەوەی، بەرەبەرەی باجی سەر دانەوێڵەی لەماوەی هەشت ساڵدا، پێشنیار كرد. بەو شێوەیە ژمارەیەكی زیاتر لەوەزیرەكان پشتگیریان لێكرد، بەڵام ستانلی‌و باكلوچ[45] رایانگەیاند كە دەست لەكاردەكێشنەوە. پیل لاوازبوونی كابینەكەی خۆی بەشاژن (وئەلبیرت) رایگەیاندو رەزامەندیی كرا لەسەر ئەوەی داوا لەرەسڵ بكرێ تا حكومەتی نوێ پێك بهێنێ. پیل تا ئەو ئاستە رۆیشت كە نامەیەك ئاراستەی رەسڵ بكاو پشتگیریی خۆی بۆ پێشنیارەكانی سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵە پێ راگەیاند، بەڵام ئەو نەیدەتوانی بەڵێنی پشتگیریی حزبو تەنانەت كابینەكەی خۆشی بدا، كاتێكیش بیستی كە رەسڵ رازی بوو

[45] Buccleuch





بەپێكهێنانی حكومەت هەستی بەئاسودەیی كرد، بەڵام پاش كەمێك رەسڵ پەشیمان بۆوەو پیل ناچار بوو بەشاژن بڵێ كە لەو حاڵەتەدا جگە لەدرێژەدان بەكارەكەی رێگەیەكی تر شك نابا.

وادەیەكی بۆ كابینە داناو پێی وتن كە هەرتەنیا لەوەدا سەرپشك بن كە ڕازی بن یا رازی نەبن بەو باجەی لەسەر دانەوێڵە دانراوە بەڵكو پێویستە بڕیار لەوە بدەن كە چ كەسێك دەبێتە سەرۆكی حكومەت، پیل، گرەی یا كوبرن؟ ستانلی دەستی لەكار كێشایەوە، بەڵام پیل پشتیوانیی كابینەكەی خۆی بەدەستهێنا.

ئەوسا دەبوایە ڕوبەڕوی حزبەكەی خۆی و پارلەمان بێتەوە. لە٢٧ی كانونی دوەمدا، كەم كردنەوەی گومرگ لەلیستێكی دورودرێژدا هات، كە سابون، تەختەو توتنی دەگرتەوە رایگەیاند، و ووتی كە سەبارەت بەقانونەكانی دانەوێڵە تاساڵی ١٨٤٩كەم كردنەوەی قۆناغ بەقۆناغ بەئەنجام دەگاو پاشان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

زۆرینەی ویگەكان بەگەرمی پێشوازیان لەوبڕیارەی حكومەت كرد، لەكاتێكدا بێ دەنگیەكی دژێوو قورس باڵی بەسەر بەرەی موحافیزكارەكاندا كێشابوو. لۆرد جۆرج بینتینك[46]و دیزرائیلی كە راوێژكاری نارەسمی سیاسیی ئەو بوو، سەرۆكایەتیی زۆرینەی توریەكانی لایەنگری پشتگیری لەكاڵا ناوخۆییەكانی گرتبوە ئەستۆ. (بەدرێژایی) ئەو چوار مانگە كە تێپەڕی (ئەنجومەن) بو بەشانۆی یەكێك لە تاڵترین مشتومڕەكانی مێژوی پارلەمانی بەریتانیا. لەورووەوە تاڵترین بوو كە ناكۆكیو دوبەرەكی كەوتە ناوحزبی توریەوەو زۆرینە دابەزیە سەر كەمینەی لایەنگری پیلو ئۆباڵی پەیمان شكێنیو ریسوایی حزبیان خستە ئەستۆی ئەوان، تاڵترین لەورووەوە كە توریەكان هەستیان دەكرد كە نەك هەرتەنیا حزبەكەیان خۆی گیرۆدەی چەندین ساڵ ناكۆكی كردوە ، بەڵكو لەوچەند ساڵەی كە لەبەردەمیاندایە، هەر ئاوا لەحاڵەتی ناكۆكیو دوبەرەكیدا دەمێننەوەو دەبنە حزبێكی پێكهاتوو لەچەند باڵێكی ناكۆكو سەركردەكانیان

[46] Lord Cearge Bentinck

رابەرایەتی ئەو باڵانەدەكەن، تاڵ ترین لەو روەوە كە توریە تورەكان پەیمان شكێنیی (پیل)یان لەمەسەلەی ئازادیی كاسۆلیكەكان هەر لەبیرماوەو هێشتا ژمارەیەكی زۆریان زۆر بەتوندی دژی چاكسازییەكانی پارلەمان بوون، دواجار تاڵترین لەو روەوە كە لە قەیراناویترین شەوانی مشتو مڕو ناكۆكیی پارلەماندا، دیزارئیلی رابەرایەتیی ئەو هێرشانەی دەكرد كە بەرق‌وكینەیەكی زۆرو توانایەكی ماڵ وێرانكەرەوە، كە بەرلەو و دوای ئەویش زۆر بەدەگمەن لەناو پارلەماندا بەدی كراوە، دادەبەزیە سەر پیل‌و لایەنگرەكانی. پیل چاوەڕێی هێرشێكی لەوجۆرەی لەلایەن دیزرائیلیەوە نەدەكرد. رەنگە وایزانیبێ كە دیزرائیلی توانای ئەوەی نیە، بەڵام بەرلەوەی هەوڵوێستی خۆی بەرامبەر بەهەڵوەشاندنەوەی قانونی دانەوێڵە رابگەیەنێ، لەو بارەیەوە بەدگومان بوو.

پیل گوێی بۆ هێرشەكەی كوبرن بۆسەر قانونەكانی دانەوێڵە لەمشتو مڕێكدا كە بەدەستپێشخەریی خودی كوبرن سەری هەڵدا، شل كردو دوچاری شۆك بوو بەوەی كە درێژەی قسەكانی بەسیدنی هێربێرت سپاردو وتی: (تۆ دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیەوە، پەیوەندیی بەمنەوە نیە.) دیزرائیلی یەكێك لەدەستەواژە هەرە لاوازەكانی هێربێرتی سەبارەت بەجوتیاران كە دەڵێ (بۆ یارمەتی دەپارێنەوە)ی هەڵبژاردو نەشتەری تیژی هێرشەكانی ئاراستەی دوو وەزیری كابینەكەی پیل كردو ئاماژەی بەوەدا كە پیل ئەركی وەڵامدانەوەی بە (نۆكەرەكانی) سپاردوە، ئەوەش (پیل)ی زۆر ئازاردا.

لەدانیشتنی دوەمی لائیحەی هەڵوەشانەوەی قانونەكانی دانەوێڵەدا، كە لەلایەن (پیل)ەوە پێشنیار كرابوو لەلایەن ویگەكان‌و رادیكاڵەكانەوە پشتگیریی لێدەكرا، لائیحەكە بە ٩٧دەنگی زیاد پەسەند كرا. لەنێو موحافیزكارەكانی ئامادەی ئەو دانیشتنە ١١٢ كەسیان لەبەرژەوەندیی پیل‌و ٢٣١كەسیشیان دژی ئەو دەنگیان دا. دوای ئەوە پیل زانی كە بەكۆتایی گەیشتووە. ژمارەیەك لە لایەنگرانی پێشوی كاتێك ئەنجومەن سەرگەرمی یەكلایی كردنەوەی لائیحەی حكومەتی باری نائاسایی ئایرلەندە بوو، كە پیل رۆڵی هەبو تیایدا، لە (لۆبی)دا پەیوەندیان بە نەیارەكانیانەوە كردو بەو





شێوەیە تۆڵەی خۆیان لێكردەوە. لەدانیشتنی سێیەمدا پیل كە تورەبوبوو لەو تۆمەتانەی دیزرائیلی دابویە پاڵی‌و پێی وتبوو كە بەدرێژایی ژیانی پاوانخوازێكی سیاسی بوە، لەوەڵامدا پێی وتبوو: (ئەی باشە بۆچی پێشتر ئامادە بوە بەختی خۆی لەگەڵ مندا تاقی بكاتەوەو لەكابینەكەی مندا بەشداری بێ؟) دیزرائیلیش سوربوو لەسەر ئەوەی سود لەمافی وەڵامدانەوەی خۆی وەرگرێ‌و هاوكات لەگەڵ رەتكردنەوەی ئەو ئیدیعایەی پیل، وتی هەرگیز (داوای ئەوەی نەكردوە پۆستێكی لەناو كابینەكەی ئەودا پێ بدرێ.) پیل بەڵگەیەكی زۆر گرنگی ناو نامەیەكی دیزرائیلی كە لە٥ی ئەیلولی ١٨٤١دا بۆی ناردبوو لەگیرفانیدا بوو كە زۆر بەچاكی دەیتوانی لەدژی ئەو بەكاری بهێنێ، بەڵام بەپێویستی نەزانی لەو كاتەدا بیخاتە روو. دەبێ بپرسین بۆچی؟ رەنگە پیل خۆی لەوە پێ

گەورەتر بوبێ كە دەست بداتە یەخەی دیزرائیلی. یا لەڕووی ئەدەبەوە بەشیاوی نەزانیوە نامەیەكی تایبەت ئاشكرا بكا. ئەگەرە گەورەكەشیان ئەوەیە كە دەیزانی چیتر ناتوانێ درێژە بەژیانی سیاسیی خۆی بدا. بڕیاری وازهێنانی ، كاتێك داوا لەرەسڵ كرا پۆستی سەرۆك وەزیری بگرێتە دەست، بڕیارێكی یەكلایی كەرەوە بوو، كاتێكیش كە ئەو رازی نەبوو، پیل ئارەزوی مەرگی كرد، بەڵام ئەگەر لەودەمەدا ئارەزوی مەرگی كردبێ، لێرەدا، واتە لەپارلەمان، خودی مەرگ گەیشتبوە جێ. پیل لەسەرەتای قسەكانیدا كەمێك سست بوو، بەڵام هاتەوە سەرخۆی‌و بڕیاری دا وتەكەی خۆی بەوپەڕی گوڕوتینەوە پێش كەش بكا. دوابەدوای ئەم وتەیە بوو كە لائیحەكەی لەدانیشتنی سێیەمدا پەسەند كرا. رەنگە لەو ساتە وەختەدا كە پیل دووچاری سستی بوو دواتر بڕیاریدا خۆڕاگربێ، ئەم قسەیەی (بۆلینگبروك)[٤٧]ی هاتبێتەوە یاد: (من هەرگیز زۆران لەگەڵ تونچییەكدا ناگرم.) لەبەر ئەوەی دواتر وتی: (ئەم قسەیە سەرنج راكێشە كە هەركاتێك روبەڕوی بۆنارلا دەبمەوە دێتەوە یادم.)لەم كاتەدا لائیحەی مافەكانی سزادانی ئایرلەندە خرابوە

[٤٧] Bolingbroke نازناوی هێزی چوارەمی پاشا ی ئینگلتەرەیە ـ و .

– واباو بوە كە لەكاتی شەڕی دەستەو یەخەدا كەسێكی تریان وەك شایەد دەست نیشان دەكرد ـ و .

بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. لەدانیشتنی دووەمی ئەو لائیحەیەدا بن تینك، (پیل)ی تۆمەتبار كرد بەوەی تاشارای مەرگ ئازاری بەكانینگ گەیاندوە.

بن تینگ ئیدیعای ئەوەی كرد كاتێ پیل بیروباوەڕی خۆی دەربارەی بەخشینی ئازادی بەكاسۆلیكەكان گۆڕی حوكمی بێ ئابڕوییو ناشایستەیی لەسەرۆكایەتیدا بەبالآدا بڕا. پیل كە زۆر بەتوندی توڕەبوبوو، بڕیاریدا ڕوبەڕوی بێتەوە داوای لەلۆرد لینكۆڵن كرد ببێتە شایەتی ئەو روبەروبونەوەیەیان، بەڵام رۆژی دوایی لینكۆڵن، پیلی پەشیمان كردەوەو قەناعەتی پێ كرد لەجیاتی شەڕ باشترە سەرسەختانە بەرگری لەپەیوەندیی خۆی لەگەڵ كانینگدا بكا.

رۆژێك دوای پەسەند كردنی لائیحەی هەڵوەشانەوەی قانونەكانی دانەوێڵە لەئەنجومەنی لۆردەكاندا، پیل لەدانیشتنی لائیحەی مافەكانی سزادانی ئایرلەندە روبەڕوی شكست بۆوە، ٧٤كەس لەلایەنگرانی بین تینكو دیزارئیلی وەك نەیاری ئەو لائیحەیە دەنگیان دا. دوشەممەی هەفتەی دوایی، پیل دەستلەكاركێشانەوەی حكومەتی راگەیاندو دوای ئەوە هەرگیز هیچ پۆستێكی تری نەگرتە دەست. هەرچەندە هەروەك ئەندامێكی پارلەمان مایەوەو لە مەسەلە گرنگەكانی ولاّتدا وەك مەسەلەی ئایرلەندەو بازرگانی ئازاد، دەهاتەوە مەیدانو رۆڵی بەرزی خۆی دەگێڕا. پیل چەند رۆژێك بەر لەمردنی، دوایین وتەی خۆی لەبەردەم ئەنجومەندا دەربارەی پێشهاتی دۆن پاسیفیكۆ[47] پێشكەشی كرد. لەو وتەیەدا لەسەر بنەمای ئەو پێشینەیەی كە لەسیاسەتی دەرەوەدا هەیبوو، و بەهاوسەنگیو وردەكار ناسرابو، سیاسەتی دەرەوەی بەژەنگو ژراو سەركێشانەی پالمەرستۆنی سەرزەنشت كردو لەدەست تێوەردان لەكاروباری ناوخۆی ولاّتانی تر ئاگاداری كردەوە. ئەو شەوە پیل شان بەشانی باڵی یەكگرتووی موحافیزكار دەنگی دا.

47 Don pacifico



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

بۆرۆژی دوایی، ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٥٠ لەئەسپ كەوتە خوارەوەو ئازارێكی زۆری پێ گەیشت. كاتێك هەواڵی ئەم روداوە بە (لەندەن) دا بلاّو بۆوە، هەزاران كەس لەخەڵكی ئاپۆرەیان كردو وەك رێزلێنانو ستایش بۆی بێدەنگ بوون. لەو كۆبونەوە مەزنو مرۆڤدۆستانەیەدا، ژمارەی ژنانو پیاوانی رێكپۆش یا ئەكتەرەكانی سەر شانۆی وێستمنیستەر بەقەد ژمارەی میوە فرۆشەدەستگێڕەكانو عەرەبانچیو كرێكاران نەبوون كە هەر هەموویان تا ساتەوەختی مەرگی ئەو دەستیان لەكار هەڵگرتبوو شەونخونیان دەكرد بەدیاریەوەو وەك رێزلێنانێك بێ دەنگییان هەڵبژاردبوو. پیل بالآدەست بوو بەسەر پارلەمانەكەی سەردەمی خۆیداو لەسایەی ئەو بالآدەستیەدا بوو كە كاری زۆری بۆ ولاّتەكەی بەئەنجام گەیاند، و زیاتر لەهەر سیاسەتمەدارێكی تر ولاّتەكەیو پێكهاتەو سیاسەتەكانی پێبەپێی رۆژگار بەرەوپێش برد ،و گەیاندیە كۆڕی جیهانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. ئەو حزبێكی نوێی بەكەسایەتی نوێوە هێنایە كایەوە كە بون بەلیبرالەكانی ئایندە، هەرچەندە هێندە لەژیاندا نەمایەوە كە بەری رەنجی خۆی بەچاوی خۆی ببینێ.

پەیكەرەكانی تەنانەت لەو شارانەشدا كە هیچ پەیوەندیەكی لەگەڵیاندا نەبوە بەبەرزیەوە راوەستاون، و سەركردە سیاسیەكانی ئەمڕۆ لەیادیانە كە لەسەردەمی منداڵیاندا، ئەویان دیوەو بیروباوەڕەكانیان لەیادەوەریاندا تۆمار كردوە.

ناوەرۆكی دوایین وتەی ئەو لەپۆستی سەرۆك وەزیریدا، كە لەسەر تابلۆكەی هەڵكەنراوە ئاوابوو: (من ناوێك لەدوای خۆم بەجێدێڵم كە هەر كەسێكی پاوانخواز كە هات و هاواری پشتگیری لەكالاّ ناوخۆیەكانی ناوەتەوە، نەفرەتی لێدەكا، لەبەر ئەوەی كارەكەم زیانی بەبەرژەوەندیە شەخسیەكانی ئەو گەیاندەوە. بەڵام لەبەرامبەردا رەنگە لەنێو زەحمەتكێشانی كۆمەڵدا ئەوانەی نانی رۆژانەیان بەعەرەقی ناوچاوانیان پەیداكردوە، و لەوە بەولاوە هێزی لەدەستچویان بەنانی تەواو بێ باج بەدەست هێنا، ناوێك بەیادگار بەجێ بێڵم كە جاروبار زیكری خێری بكرێ. شیرینی ئەو یادەش لەوەدایە كە لانی كەم زوڵمیان لێ نەكراوە.)

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

## سیاسەتی ماوەی ئینتیقالی
## ١٨٤٦ ـ ١٨٥٤

لۆرد جۆن رەسڵ[1] ـ كۆنت رەسڵ لەساڵی (١٨٤٦)ەوە تاساڵی ١٨٥٢ سەرۆك وەزیری ئەنجومەنی نوێنەران بووەو ماوەی كەمتر لەیەك ساڵ لە (١٨٦٥)ەوە تا ١٨٦٦ جگە لەئەندامێتی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا، سەرۆك وەزیریش بووە.

جۆرج رەسڵ دوابەدوای دەست لەكاركێشانەوەی پیل لەساڵی ١٨٤٦دا، هەوڵیدا رێبازێكی نوێ بگرێتەبەر. بەپێچەوانەی (پیل)ەوە كە لەئاكامی بەهەندوەرنەگرتنی حزبەكەیەوە، تیاچوو، رەسڵ سەلماندی كە گرنگیی بەحكومەتی حزبیو بەحزبەكەی دەدا. ئەو لە لایەنگرانی دەوڵەتی ئازاد بوو: و لەو ڕووەوە هاوشانی(ئەنتۆنی ویجوود بێن)[2] بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا (رەسڵ زیاتر لە یەك سەدە بەر لە ئەنتۆنی بێن ((پلەی سیناتۆر بەدرێژایی تەمەن)) ی داهێنا، بەڵام وەك بەرازێكی هیندیی ڕەسەن ناوزەدكردنی خۆی بۆ سیناتۆر بەدرێژایی تەمەنی قبوڵ نەكرد). كار كردن لەگەڵ رەسڵدا لەچەندین رووەوە ئاسان نەبوو: ولیامی چوارەم لەسەر ئەو حكومەتێكی لەبەریەك هەڵوەشاند. ئەو رێنوێنیی كابینەی نەدەكردو كەسایەتیی خۆی بەرویاندا نەدەدایەوە، بەڵكو تەنیا سەرۆكایەتیی دەكردنو هەولی دەدا بیروبۆچونی تایبەتی هەریەكەیان بگورێ بۆ بڕیارێكی هاوبەش. ماوەی شەش ساڵ بەم شێوەیە حكومەتی بەرێوە برد. لەراستیدا سەرۆك وەزیرێكی راستەقینە دەبێ شتێك بێ لەنێوان پیلو رەسڵدا: لەبەر ئەوەی ناشێ حزب یا باری سەرنجی هەریەك لە وەزیرەكان پشت گوێ بخرێ، و بەهەمان شێوە ناشێ وەك نۆكەرێك تەماشای سەرۆك وەزیر بكرێو كەسایەتیو پلەو پایەی بەهەند وەر نەگرێ.

---

[1] Lord Jahn Russel
[2] Anthony wadqewood Benn





مه كتەبی بیر و هۆشیاری



لۆرد جۆن ڕەسڵ

رەسڵ حەزی دەكرد لەگەڵ سەرۆك وەزیرەكانی پیش خۆیدا، جیاوازیی هەبێ: بەتایبەت كە دوابەدوای دەست لەكار كێشانەوەی پیل، توانیویەتی لەهەڵبژاردنە گشتیەكەی بەریتانیادا ٣٣٠ كورسی بۆخۆی دەستەبەر بكا، بەڵام بارو دۆخو هەلو مەرجی رۆژگار ناچاری كرد چەندین بڕیاری سەختو دژوار بدا: قاتو قڕیەكەی ساڵی ١٨٤٦ی ئایرلەندەو ئاكامەكانی، قەیرانی دراویی ساڵی ١٨٤٨، بوژانەوەی بزوتنەوەی توندڕەوی (چارتەریزم) لەساڵی ١٨٤٨دا، لەگەڵ شۆڕشەكانی سەرتاسەری ئەوروپادا،

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ناچاری كرد پاراستنی ئەزمونو قانون بخاتە پێش هەموو شتێكەوە. ئەو دەیتوانی بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران، كە ئۆرگانێكی سەربەخۆو بڕیار بەدەست بوو، دووشێواز بگرێتەبەر: یا ئەوەتا سەربەخۆ كاربكا، یا بڕیاردان بخاتە ئەستۆی پارلەمان.

لەیەكێك لەقەیرانەكانی ئایرلەندەدا تایبەت بەگرنگی دان بەئەنجومەنەكانی پارێزگاری لەهەژارانو بێ دەرەتانان لەئایرلەندە كە دوچاری مایە پوچی بوون، رەسڵ ئەندامانی پارلەمانی ئایرلەندەی سەرپشك كرد كە لەدوو رێگە یەكێكیان هەڵبژێرن: پشتگیری دراویی ئەو ئەنجومەنانە لەداهاتی باجی سەر داهات: یا وەرگرتنی یارمەتیە دراویو نادراویەكان. لەمەسەلەی بازرگانیی ئازاددا هەر تەنیا ئەوەنا، بەڵكو لایەنگرەكانیشی لەئەنجومەنی نوێنەراندا كە لایەنگرەكانی پیل پشتگیریان لێدەكردن، بەشێوەیەكی دەستە جەمعی هاوكاریان كرد تا بازرگانیی ئازاد بخاتە گەڕ. رەسڵ پێشنیاری ئەوەی بۆ لایەنگرانو شوێنكەوتوانی پیل كرد كە پەیوەندی بەكابینەكەیەوە بكەن، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی خۆیان ئامادە نەكردبوو، قبوڵیان نەكرد. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك وەزیر بەدرێژایی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی لەلایەن ئەوانەوە هاوكاری كرا.

رەسڵ كە بۆ چركەیەكیش لەقاتو قڕیو برسێتیەكەی ئایرلەندە غافڵ نەبوو، سەرەنجام سیستمێكی بەرفراوانو پڕخەرجی لەئایرلەندەدا هێنایە كایەوە كە لەكاتی پێویستدا خۆراكی بۆ خەڵكی برسیی ئایرلەندە دابین دەكرد. یەكێك لەدیاردەكانی ئەم سیستمە بنیادنانی چەند ناوەندێكی نان خواردنی گشتی بوو كە تیایدا بەخۆڕایی سوپ دەدرا بەخەڵكی. لە قەیرانە دراویەكەی ساڵی ١٨٤٨دا ناچار بوو یارمەتی لەئایرلەندە ببڕێ، بەڵام دەستی لەسیاسەتی راستودروستی خۆی هەڵنەگرتو بە رەهنكردنی موڵكو ماڵی پرۆتستانتە داماوەكان لەلای كاسۆلیكە دەوڵەمەندەكان، قەیرانی دراویی ئایرلەندەی چارەسەر كرد.

رەسڵ لەلایەنگرانی بیروباوەڕی بازرگانیی ئازادبوو بەكەم كردنەوەی باجی سەر شەكر، درێژەی بە بەرنامەكەی پیل دا لەمەڕ ئازادی كڕینو فرۆشتن. بەرنامەكانی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

سەبارەت بەقانون دانانیش گرنگ و پڕ بایەخ بوون. بۆنمونە قانونی پشتگیری لەهەژارانو بێ دەرەتانانی ئینگلتەرە، زیاد كردنی یارمەتیەكانی حكومەت بۆ پەروەردەو فێركردن، پشتیوانی كردنی لائیحەی ١٠ سەعات كاركردن لەكارگەكاندا، لائیحەی تەندروستیی شارەكان، هەموو ئەمانە بەرنامەی چاكسازیی گرنگ بوون. ئەو لائیحەیەی كە لەساڵی ١٨٥٠دا خستیە بەردەم ئەنجومەن تا (دۆمینیۆن) یێكی ئۆتۆنۆم لەئوستورالیادا دابمەزرێنێ، ولائیحەی هەڵوەشانەوەی قانونەكانی كەشتیوانی، لائیحەی پێش كەوتوو دووربین بوون.

لەحكومەتەكەی ئەودا ناوەند بوونی نەبوو. تەنانەت خۆش گوزەرانترین، دڵخوازترینو گرانبەها ترین لائیحەو رێوشوێنی حكومەتیش قابیلی دەستكاریو چاكسازی بوو لەلایەن هەربالێكی پارلەمانەوە. ئەمەبوو چەمكی دەوڵەتی ئازاد، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر چەمكی (ئازاد)دەكرایەوە وەك لەسەر چەمكی (دەوڵەت). رەسڵ زیاتر لەسەرۆك ئەنجومەنێك دەچوو وەك لەسەرۆك وەزیرێك[3]. بروهام[4] بیروڕایەكی رۆشنتری لەم بارەیەوە خستۆتە روو: (حكومەتێكی بەهێز كە بەگشتی زۆر خۆشەویست نەبێ، لە دەوڵەتێكی لاواز باشترە... هەر سەرۆك وەزیرێك لەسەرۆك وەزیرێكی بێ دەسەڵات باشترە...) رەسڵ پەنای بردە بەر چەند چاكسازیەكی پارلەمانی كە لەپارلەمان خۆی بۆ ئامادە نەكردبوو. رەنگە ٢٠ساڵی تر ئەو ئامادەییەی بەدەست بهاتایە. لەلایەكی ترەوە وڵات لەجاران زیاتر پێویستی بەحكومەتێكی بەهێز بوو. پێشنیارێكی خستە روو تایبەت بە دانانی سیناتۆر بۆ هەموو تەمەن[5] كەلەلایەن حزبەوە پێشوازی لێنەكراو بەشێكی زۆری وڵات بێدەنگیی لەبەرامبەردا هەڵبژارد. رەسڵ لەپراكتیكدا لەلایەن پالمەر ستۆنەوە دەسەڵاتی

[3] لەڕوی حەزكردن لەقانون دانانو رێزگرتن لەدەسەڵاتی قانون دانانەوە ـ و.

[4] Brougham

[5] رەسڵ لایەنگری باڵادەستیی پارلەمانو حكومەتی پارلەمانی بوو بەسەر وڵاتداو پێشنیارەكەی لەمەڕ سیناتۆر بەدرێژایی تەمەن بۆ سود وەرگرتن بووە لەئەزمونەكانی بواری قانون دانان بۆ بەرێوەبردنی هەرچی باشتری وڵات ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لـێ زەوت كرا. پالمەرستۆن پیاوی مەیدانی كار بـوو كـە چـارەنووس وایكردبـوو دەسـتو پەنجە لەگـەڵ سیاسـەتی پراكتیكـدا لەئـەوروپادا نـەرم كاتـەوە، و دەرفـەتێكی ئـەو تـۆی لەبەردەمدا نەبوو كەپەنا بۆ بنەما تیۆریەكان بەرێ.

جۆن پرێست[6] لەژیاننامەكەی ئەودا نوسیویەتی كە سەربەخۆ كاركردنی پالمەرستۆنو سەركێشیەكانی لەلایەن هاوكارانی رەسڵەوە پەسەند نەبوو، بەڵام زۆر گوێیان پێ نـەدەدا. حكومـەتی دێربـی كـە دوابـەدوای رەسـڵ هاتـە سـەركار زۆری نەخایانـد: و دوای ئـەوە ئابردینو پالمەرستۆن بۆمـاوەی ١٣سـاڵ لـەژمارە ١٠ی داونیـنگ سـتریتدا مانـەوە. لـەم ماوەیەدا، چـەند مەسـەلەیەكی تونـد تـر لەسـەر گۆڕەپـانی نێودەوڵـەتی سـەریان هەڵـدا لەوانە، جەنگ لەگەڵ روسیا. دوای ئابردین، قبوڵكردنی پۆستی سەرۆك وەزیری تەنیا لە پیاوێكی زانا دەوەشایەوە ئەویش پاڵمەرسـتۆن بـوو. تاكـاتی مـەرگی پاڵمەرسـتۆن هـیچ كەسێك هەوڵی ئەو پۆستەی نەدا.

دوای ئـەوەش رەسـڵ بانگكرایـەوەو حكومـەتەكەشـی زۆر پەلـە بـوو. ئـەو لەتەمـەنی ٧٣ساڵیدا جـارێكی تـر چاكـسازیی پارلـەمانی خـستەوەروو كـە لەلایـەن گلادسـتۆنەوە پـشتیوانی لێكـرا. ئـەم پێـشنیارە لەلایـەن حزبەكەیـەوە گـوێی پێنـەدراو گروپەكـەی پالمەرستۆنیش دژایـەتیان كـرد. ئـەوەبو دوای هەشـت مـانگ دەسـتی لـەكار كێـشایەوە. بیروباوەڕەكـانی راسـتو دروسـت بـوو، بـەڵام لـەكاتێكی نـەگونجاودا خرابونـە روو. ئـەو پێشنیارەكەی خستە بەرنامەی دانیشتنی پارلەمانەوە لەكاتێكدا مەسەلەكە وایلێهـاتبوو ئێستا كـە دیزرائیلـی یـا گلادسـتۆن لەهـەوڵی بەدەسـتهێنانی دەسـتكەوتی حیزبیـدان، خەڵاتەكە بەر كامیان دەكەوێ. دوای دووساڵ دیزرائیلی لەڕوی رەسەنایەتیەوە نـا، بـەڵكو لەروی غـەریزەوە، لائیحەیەكی چاكسازیی خستەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران كە بەبـەراورد لەگەڵ ئەوەی رەسڵ وێرابوی بیخاتە روو، كەمێك زیاتر بوو.

---

[6] Jahn prest





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئیـدوارد سـتانلی چـواردەهەمین كـۆنتی دێربـی[7] كـە بەحكومـەتێكی زۆرینـە جێـی رەسڵی گرتەوە، بە نۆرە سێ كابینەی پێكهێنا. یەكەمین كابینەی لەشوباتەوە تا ئەیلولی ١٨٥٢، تارادەیەك سەلادنی كە حزبی توری دوای ئـەو دووبەرەكیـەی لەسـەر قانونـەكانی دانەوێڵە دوچاری بـوو. توانـای پێكهێنـانی حكومـەتی هەیـە. بەدرێـژایی ٢٨سـاڵ دوای كارەساتەكەی ساڵی ١٨٤٦، توریەكان ماوەی زیاتر لەچوار ساڵو نیو كاروباریـان گرتـە دەست كە دوو مـانگیان، دیزرائیلی لـەجێی دیربـی دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت. بـۆ حزبـی توری، ئەم مـاوەیە زۆر باش نەبوو. مێژوو، ئەوانی فڕێـدابووە دواوە. سـەركەوتنی دێربـی[8] لەوەدابوو كە جارێكی تر بیانهێنێتەوە سەرشـانۆی مێـژوو، و رێ لەبـەردەم سـەرۆكایەتی سەرسوڕهێنەری دیزرائیلیـدا هـەمواركا كـە لـە ١٨٧٤وە تـا ١٨٨٠ی خایانـد. سـتانلی لەحكومەتەكەی (گرەی)دا وەزیری كاروباری ئایرلەندەبوو، و نەیاری سەرسەختی (دانیێڵ ئۆكانیل)یش بوو. گرەی كردی بەوەزیری كۆڵۆنیەكانو جەنگ. سـتانلی ئـەو وەزیـرە بـوو كە ئـازادكردنی كۆیلـەكانی لـەئیمپراتۆریی بـەریتانیادا لەئەسـتۆدا بـوو، بـەڵام لەسـەر مەسەلەی كڵێسای ئایرلەندە دەستی لـەكار كێـشایەوە. لەسـاڵی ١٨٣٤دا پێـشنیارێكی (پیـل)ی بـۆ ئەنـدام لەكابینەكەیـدا رەت كـردەوە، بـەڵام سـەرەنجام لەسـاڵی ١٨٤١دا وەزارەتی جەنگو كۆڵۆنیەكانی لەكابینەكەی ئەودا قبوڵكرد. بوو بەئەندامی ئەنجومـەنی لۆردەكانو لەمشتو مڕی قانونەكانی دانەوێلەدا گۆڕەپانەكەی بۆ دیزرائیلـی چـۆڵ كـرد تا رابەرایەتیی ئەو ململانێیـە ئاڕاسـتە بكـا ئـەو بەشـداریی لـەو هێرشـانەدا نـەكرد كـە لەلایەن (دیزرائیلی ـ بین تینك)ەوە دەكرایە سەر پیـلو هێـشتا ئـەو ئومێـدەی لەدەسـت نەدابوو كە رۆژێك دێ لایەنگرانی پیل لەگەڵ موحافیزكارەكاندا یەك بگرن.

---

[7] Edward Stanley Fourteenth Earl of Derby

[8] مەبەست هەمان ئەو ستانلیەیە كە نازناوی كۆنت دێربی ی هەبوو.

مه کتەبی بیروهۆشیاری



ئێدوارد ستانلی، چواردەیەمین کۆنتی دێربی.

دوای ئـەوەی رەسـل لەسـاڵی ١٨٥١دا وازی لەدەسـەڵات هێنـا، ئـەو هـەوڵێكی بـۆ پێكهێنانی دەوڵەت خستە گەڕو لەساڵی ١٨٥٢دا توانی كابینەكەی خۆی پێـك بهێنـێ. كابینەكەی ئەو بەكابینەی (كێ. كـێ؟ ویلینگتـۆن) ناسـراوە. لەبـەر ئـەوەی دۆك گـوێی گران بوو، داوای كرد ناوی سەرجەم ئەندامانی كابینـە نوێكـەی بـەدەنگێكی بـەرز بـدەن بەگوێیدا. لەو كابینەیەدا دیزرائیلی كرا بەوەزیری دارایی. ئەو بودجەیەی خـستیە بـەردەم ئەنجومـەن چارەنوسێكی سەیری هەبوو، لەبەر ئـەوەی ئاشـكرابوو كـە خـشتەی باجـەكانی هەڵەیە.





مه کتەبی بیروهۆشیاری

توریەكان مـاوەی ١٨سـاڵ لەدەسـەڵات دابـڕان، هەرچـەندە لەسـاڵی ١٨٥٥دا كاتێـك دێربی لەریزی پێشەوەی جێنشینانی ئابەردیندا بوو، بەخت كەمێك رووی تێكردن.لـۆرد ئیلین بۆرۆ[9] ئەوكاتەی كـە سـتانلی بـۆ وەرگرتنـی فـەرمانی سـەرۆك وەزیریەكـەی بـەرەو كۆشك بەڕێ كەوت ئاگاداریكردەوە لەوەی كە: (تـا دەسـتەكانی مـاچ نەكـەیت، ژورەكـە بـەجێ نەهێڵـێ.) بـەڵام رێـك پێـچەوانەی ئـەوی كـرد، وڵات سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی پالمەرستۆن بكا بەسەرۆك وەزیر، لەبەر ئەوەی دێربی نەیتوانیبوو ئەو سیاسـەتە پیادەبكـا كە پێویست بوو. هۆكارێكی تری شكستی ویگەكان پیلانەكەی پالمەرسـتۆن بـوو لـەدژی لائیحەی تاوانەكان كە وردەكاریەكەی لەلاپەڕەكانی داهاتوودا هاتووە.

دووەمـین كابینـەی دێربـی كـە لەشـوباتی ١٨٥٨دا پێكهـات، تـوانی ناكۆكیـەكانی لەگەڵ فەرەنسادا سەبارەت بەپیلانێك، چارەسەر بكا. لـەو ماوەیـەدا مەسـەلەی نەشـیاوی جولەكەكان لەكاروبارە كۆمەڵایەتیەكانـدا هەڵوەشایەوەو هـەوڵی حكومـەت بـۆ ئـەنجام دانی چاكسازی لەپارلەماندا روبەروی شكسـت بـۆوە. جـارێكی تـر چاكـسازی پارلـەمان هاتەوە گۆڕێو لەوەبەدواوە كاتێك دیزرائیلـی هـەوڵێكی هاوشـێوەی لەسـاڵی ١٨٦٨دا، ململانێی نێوان حزبەكان بۆ چاكسازی، باڵی كێشا بەسەر شانۆی سیاسەتی بەریتانیادا. سەرۆك وەزیر فەرمانی هەڵبژاردنی نوێی دەركرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا كـە ٢٥ دەنگـی تری بەدەستهێنا هەروەك جاران وەك حكومـەتێكی كەمینە مایـەوە. چـەند سـاڵێكی بـێ هودەی بەسەر برد كەتیایدا دێربی زیاتر كاتی خۆی لەنوزلی بە وەرزش و تەرجەمەی نوێی ئیلیادە[10] بەسەر دەبرد. لەساڵی ١٨٦٦دا، دوای گەڕانـەوەی بـۆ دەسـەڵات، جـارێكی تـر مەسـەلەی چاكـسازی پارلـەمانی هێنایـەوە گـۆڕێ. لێـرەدا دیزرائیلـی لەئەنجومـەنی نوێنەراندا، فرسەتی لەلیبرالەكان هێناو لائیحەكەی لەئەنجومەندا تێپەڕاند.شەش مـانگ دوای ئـەوە دێربـی لەبەرامبـەر دیزرائیلیـدا شكـستی خـوارد. چـۆنێتی دەسـت لـەكار

[9] Lord  Ellenborouqh

[10] ئیلیادە، شیعری حەماسیی هۆمێر شاعیری یۆنانیە كە بەسەرهاتی داگیر كردنی ترۆی دەگێڕێتەوە ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

کێشانەوەکەی سوکایەتیەکی زۆری تێدابوو، لەبەر ئـەوەی بەرلـەوەی بـەرەسمی بـچێتە لای شاژنو دەست لەکار کێشانەوەکەی پێش کەش بکا، شاژن سەبارەت بەجێنشینی سـەرۆك وەزیر لەگـەڵ دیزرائیلیـدا دوابـوو. ئـەوەی کـە تائیـستا دەربـارەی دێربـی نوسـراوە بـاس لەشکستی ئەو دەکا. هەربۆیە بەرلـەوەی بەشـێوەیەکی یەکلاییکـەرەوە بـیروڕای خۆمـانی لەسەر دەربڕین باشتروایە چاوەڕێی بایۆگرافیاکەی لۆرد بلیك بکەین کـە بـەم زوانـە بـڵاو دەکرێتەوەو بیرو ڕای ئەویش سەبارەت بەچواردەیەمین سـەرۆك وەزیـری بـەریتانیا بـزانین. پانزەهەمین کۆنتیش هەروەك دەبینین، بەسەر هاتێکی تری هەیە.



جۆرج هامڵتن، چوارەمین کۆنتی ئابەردین

جۆرج هامیلتۆن گۆردن[11] کۆنتی ئابردین لە١٩ی تشرینی دووەمـی (١٨٥٢)وە تـا سەرەتای شوباتی ١٨٥٥ بوو بەسەرۆك وەزیری کابینەیـەکی ئیئتلافـی. ئـەو لـەرۆژگاری

[11] Georqe Hamilton Gordon, Fourth Earl of Aberdeen





گەنجێتیدا بوو بە جێنشینی باپیری[12]، بۆیە بەپێچەوانەی دێربی، سەرۆك وەزیـری پێـشوو، و پالمەرسـتۆن سـەرۆك وەزیـری دوای خـۆی، بـوو بـە ئەنـدام لەئەنجومـەنی نوێنەرانـدا[13]. لەسالانی کۆتایی جەنگدا، چەندین پۆسـتی دیپلۆماسـی پـێدراو تاسـاڵی ١٨٢٨ هـیچ چالاکیەکی پارلەمانی بەئەنجام نەگەیاند تا لەوساڵەدا لەکابینەکەی ویلینگتۆندا بوو بـە وەزیر.

کاتێـك لایـەنگرانی کـانینگ لەسـەر مەسـەلەی نفـوزو گەنـدەڵی لەناوچـەکانی هەڵبژاردندا دەستیان لەکار کێـشایەوە، بـوو بـەوەزیری دەرەوە. لـەم پۆسـتەدا ململانـێو کاری ئەسڵیی ئەو هێنانەکایەی وڵاتێکی سەربەخۆی پاشایەتی بوو لەیۆناندا. لەیەکەمین کابینـەی تەمـەن کـورتی (پیـل)دا، مـاوەی چـوار مـانگ پۆسـتی وەزارەتـی جـەنگو کۆلۆنیەکانی لەئەستۆدابوو. کاتێـك پیـل لەسـاڵی ١٨٤١دا حکومـەتی زۆرینـەی خـۆی پێکهێنـا، وەك وەزیـری دەرەوە گەڕایـەوە نـاو کابینەکـە. ئـەمجارەیان دەرگـیری مەسـەلەی کۆتایی هێنان بە جەنگ لەگـەڵ چین و دانوسـتان لەگـەڵ ئـەمریکادا، سـەبارەت بـەدوو نـاکۆکیی لـەباکوری خۆرهـەڵاتو بـاکوری خـۆراوا بـوو. هـەروەها هـەوڵی زۆری دا بـۆ پەرەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ فەرەنسادا (ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بوبـێ)و ئـەو کەسـە بوو کە دەستەواژەی (لێك گەیشتنی ڕاستەقینەی نێوان هەردوو وڵات)ی بەکار هێنا.

لەکاتی هەڵوەشانەوەی قانونەکانی دانەوێڵەدا، پشتگیریی تەواوی لەپیل کردو کاتێك حکومەت کەوت پەیوەندیی بەلایەنگرانی (پیـل)ەوە کـرد. دوای مـەرگی پیـل بەرابـەری لایەنگرانی پیل هەڵبژێردرا. لەسەردەمێکدا کە گۆڕانکاریی سیاسیی گەورە بـەرێوەبوو، تاکـە حکومـەتێك کـە ئومێـدی بـەردەوام بـوونی لێـدەکرا، حکومـەتی ئیئتلافـی بـوو. هەربۆیە دانوستان لەگەڵ ئابردیندا، وەك سەرکردەیەکی ئیئتیلافی بەهێز کـرا. لەسـاڵی

[12] مەبەست پڕکردنەوەی کورسی باپیرێتی لەئەنجومەنی لۆردەکاندا ـ و .

[13] بون بەئەندام لەئەنجومەنی لۆردەکاندا لـەڕوی ئـەزمونی سیاسـیو نفـوزەوە بەدەسـت کـەوتێك لەقەڵـەم دەدرا، لەکاتێکدا ئەندامێتی لەئەنجومەنی لۆردەکاندا لەگەڵ ئەوەدا قابیلی بەراورد نەبوو ـ و .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**١٨٥٢دا ئەو بەکابینەیەکی پێکهاتوو لەشەش کەس لەلایەنگرانی پیل، شەش کەس لەئەندامانی حزبی ویگ،و رادیکالێك، بوو بەسەرۆك وەزیر.**

**ئەگەر جارێکی تر ئەم دەستەواژەیە بەکار بێتەوە، دەبێ بوترێ کابینەکەی ئەو (کۆکەرەوەی هەموو تواناکان) بوو لەبەرئەوەی گلادستۆن، گراهام، رەسڵ و پالمەرستۆن بەشدار بوون تیایدا. ئەمە سێیەمین حکومەت بوو کە لەساڵی ١٨٥٢دا پێکهێنرا، بەڵام هەرزوو هاتە سەربار. ئەو بودجەیەی گلادستۆن وەك وەزیری دارایی لەساڵی١٨٥٣دا رێکی خستو دایە دەست ئەنجومەن یەکێك بوو لەدەستکەوتە گەورەکانی ئەو حکومەتە. لەهەمان ساڵدا پالمەرستۆن. کە پۆستی وەزارەتی ناوخۆی پێ درابوو، لەبواری دانانی قانونی چاودێریکردنی کارگەکاندا دەستکەوتی بەرچاوی هەبوو.**

**سەبارەت بە پەیوەندیەکانی دەرەوەش هەروەها جەنگ لەخۆرهەلاتی نزیکدا بەسەر یەکدا کەڵەکە بوونو بەریتانیاو فەرەنسا لەساڵی ١٨٥٤دا جەنگیان لەدژی روسیا راگەیاند.**

**ئەو پێشهاتانەی کە دەستلەکارکێشانەوەی کورت خایەنی پالمەرستۆنی لێ کەوتەوەو بە ڕووکەشی ئاکامی چاکسازیەکانی پارلەمان بوو، و لەراستیدا دەرەنجامی چۆنیەتی ئیدارەدانی جەنگ بوو لەلایەن ئابەردینەوە[١٤]، و هەروەها کەوتنی دەوڵەتی ئابەردین، لە بەشی داهاتوودا شرۆڤە دەکرێ.**

**ئابەردین سەرۆك وەزیرێك نەبوو بتوانێ ئیدارەی جەنگ بدا. سیاسەتی ئەو زیاتر لەئەسکویس[١٥] دەچوو وەك لە لۆید جۆرج. لەراستیدا سەرۆکایەتیی لاوازی ئەو لەکاتی جەنگدا، تاکە تۆمەتێك نیە بخرێتە پاڵی.هەندێك لەلێکۆڵەرەوەکان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ئابەردین هەر لەسەرەتاوە ڕوونی بکردایەتەوە کە بەریتانیاو فەرەنسا هەرەشەکانی خۆیان لەدژی روسیا دەبەنە سەر، جەنگ بەرپا نەدەبوو. لێکۆڵەرەوە هاوچەرخەکانو**

---

[١٤] مەبەست لەئابەردین هەمان (جۆرج هاملتۆن گۆردن)ە کە نازناوەکەی چوارەمین کۆنتی ئابەردین بو ـ و .

[15] Asduith





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**مێژوو نوسەکانیش لەوباوەڕەدان کە بانگهێشتکردنی پالمەرستۆن بۆ گرتنە دەستی پۆستی سەرۆك وەزیریو پێکهێنانی حکومەتی نوێ، لەئەنجامی نارەزایی دەربڕینی خەڵکی بەریتانیاو رەت کردنەوەی سیاسەتەکانی حکومەتی ئابەردین بووە. بەریتانیا نزیکەی ٤٠ ساڵ بوو جەنگێکی گەورەی بەرپا نەکردبوو. ئەو وتارانەی کە رۆژنامەنوسان سەبارەت بەبێ توانایی، گوێ پێنەدانو غافڵ بوونی کاربەدەستان دەیاننووسی، ئەوپەڕی نارەزایی لەسەر تاسەری وڵاتدا لەدژی حکومەتەکەی ئابەردینو وروژاندبوو. تا ئێستا هیچ کەس لەوەی نەکۆڵیوەتەوە کە ئەگەر جەنگ نەبوایە، حکومەتی ئابەردین چۆن لەبۆتەی تاقی کردنەوەوە دەهاتە دەرەوە، بەڵام من چەند بەڵگەیەکم لەبەردەستدایە کە دەیسەلمێنن کە ئەگەر جەنگ نەبوایە ئەوو گروپە بەتواناکەی دەیانتوانی ببنە یەکێك لەکاریگەرترینو سەرکەوتوترین حکومەتەکانی مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم.**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی سێیەم






مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مه كتەبى بيروهۆشيارى

# ڤايكانت پاڵمەرستۆن



لۆرد پاڵمەرستۆن لەسەرەتای دەسەڵاتیدا





مه كتەبى بيروهۆشيارى

پاڵمەرستۆن[١] لەناو سەرجەم سەرۆك وەزیرەكانی سەردەمی خۆیدا داستان بووەو لەوەبەدواوە بەردەوام وەك داستانێك باسی لێوەكراوە. ئەو لای خەڵكی خۆشەویست و، ئەستێرەی كۆڕو كۆبونەوەكان،و كەسێكی خۆش گوزەران بوو. شێوازی رەق‌و سەرسەختی لەپۆستی وەزیری جەنگدا وایكرد نازناوی (لۆردی پێ بەرد)ی پێ ببەخشن. دواتر نازناوی (لۆرد كیۆپید) یان بەسەردابڕی لەبەر ئەوەی خولیای عەشق‌و عاشقی لەسەردابوو سەرەنجام نازناوی (سەربازی گژینژ)یان بەسەردادا لەبەر ئەوەی پەیڕەویی لەمافی هیچ كەسێك نەدەكرد.

كاریكاتۆریستەكانی ئەو رۆژگارە وەك كەسێكی زیتەڵ‌و شاد وێنەیان دەكێشا. رەنگە ئەوەی دەیگێڕنەوە راست بێ كە ئەو لەتەمەنی ٧٨ساڵیدا لەكاتی لێكۆڵینەوەو لەسكاڵایەكی تەڵاقدا، بەتۆمەتی داوێنپیسی راپێچی دادگا كراوە، بەڵام ئەمجۆرە پڕوپاگەندانە، لەو دەمەدا بۆتە مایەی ترس‌و نیگەرانی بۆ ركابەرە سیاسیەكانی كە نەكا ئەو ناوبانگەی لەهەڵبژاردنە سەرتاسەریەكانی وڵاتدا سەركەوتنی بۆ دەستەبەر بكا بەتایبەت كە لەو كاتەشدا بەدڕەوشتی كۆمەڵگەی ئینگلتەرەی تەنیبوو.

بەدرێژایی ٥٨ساڵ ئەندامێتی لەپارلەماندا، ٤٨ساڵ لەپۆستی وەزیری‌و سەرۆك وەزیریدا بەسەر بردووە.

لەسەردەمی جێگۆڕكێی حزب‌و گروپە حزبیەكاندا[٢]، ئەو تەختەیەكی سەرئاوكەوتوی گیرۆدەی شەپۆلەكان نەبوو، بەڵكو خۆی سواری شەپۆلەكان دەبوو.لەگونجاو ترین كاتدا سەنگەری لەحزبێكەوە دەگواستەوە بۆحزبێكی ترو زۆر بەئاسانی رێبازەكەی خۆی دەگۆڕێ. كاتێك لەساڵی ١٨٠٧دا چووە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانەوە توریەكان (حزبەكەی پیت) (حزب یاخود لایەنگری سروشتی حكومەت)بوون. لەساڵی ١٨٣٠ تا ١٨٦٥

[١] Viscaunt palmerston ڤایكانت هەمان پلەی ڤیكتۆنی فەرەنسیە كە لە بارون بەرزترو لە كۆنت كەمترە ـ و .

[٢] لەروانگەی گەیشتن بە دەسەڵاتەوە ـ و .





ویگەكان بوون بە حزب و بە لایەنگری سروشتی حكومەت. پالمەرستۆن زۆر بەوردی ئەو كاتەی دەستنیشان كرد كە پێویست بوو هەنگاوی گەورە بنێ‌و حزبەكەی خۆی بگۆڕێ. ئەو كە لەلایەنگرە سەرسەختەكانی كانینگ بوو، لەگەڵ توریە رادیكاڵەكاندا كە خوازیاری هێنانەكایەی بازرگانیی ئازاد بوون چووە ناو حزبێكەوە، كە لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا، ناوی خۆی نا لیبرال،و باڵی لایەنگری (پیل)یش لەناو حزبی توریدا پەیوەندیی پێوەكرد.

هێزی جۆن تێمپڵ[٣] (ناوە ئەسڵیەكەی پارلەرستۆن ـ و) كە لەناوخێزانەكەیدا بە (هاری)[٤] بانگیان دەكرد، لەساڵی ١٧٨٤دا لەدایك بوو. باوكی سیناتۆرێكی ئایرلەندی بوو كە هەل‌ومەرجی ئەندامێتی ئەنجومەنی لۆردەكانی بۆ نەرەخسابوو[٥]. پالمەرستۆن لەناوچەی هەڵبژاردنی ژێر نفوزی خێزانەكەیەوە لەدورگەی (وایت[٦]) چووە ناو پارلەمانەوە بەو مەرجەی هەرگیز تەنانەت لەكاتی هەڵبژاردنیشدا، پێ نەخاتە ناو ئەو ناوچەیەوە. لەبەرئەوەی گەورەی ئەو ناوچەیە ترسی ئەوەی لەدڵدابوو كە پالمەرستۆن دەنگ دەرانی ئەوێ بەلای خۆیدا رابكێشێ.

ئەو لەوكاتەدا لە پۆستی جێگری وەزیری دەریاوانیدا بوو. دوابەدوای چوونە ناو پارلەمانەوە بۆ ماوەی شەش مانگ لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا بێ دەنگ بوو. دوای ئەوە سێ وتەی گرنگی پێشكەشكرد ،و تیایدا داكۆكیی لەتۆپبارانی كۆبنهاگن لەلایەن هێزی دەریایی بەریتانیاوە كردو وتی ئەو هەنگاوە بۆ بەرگریگرتن لە پەیوەندیكردنی كەشتیگەلی دانیمارك بە ناپلیۆنەوە هەنگاوێكی پێویست بوو. لەو وتەیەدا ئاماژەی بەخاڵێك دا كە دوای نیوسەدەش پابەند بوو پێوەی: (ئەگەر مافی نەتەوەكان بەرژەوەندیە بنەڕەتیەكانی بەریتانیا پیشێل نەكەن، پێویستە ئەو مافانە بپارێزن.) بەڵام ئەو لەو

[٣] Henry Jahn Tempel

[٤] Harry

[٥] توێژێك لەسیناتۆرەكان كە تەنیا ئەندامانی بەتەمەنی ئەو چینە لەئەنجومەنی لۆردەكانداكورسییان هەبوو ـ و .

[٦] lsle of wight

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەمەدا بەویستی خۆی ١٩ساڵ خۆی لەپۆستێكی نیمچە بنبەستدا بەند كردبوو. سپێنسەر پیرواڵ كە هێندە نەبوو ببوو بە سەرۆك وەزیر كاری خەزێنەداریی بۆ پێشنیار كرد، بەڵام پالمەرستۆن كە تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو، ئەو پێشنیارەی قبوڵ نەكرد: پالمەرستۆن هەستی كرد كە لەوپۆستەدا ناتوانێ كەسێكی رەوان بێژبێ، لەكاتێكدا پۆستی وەزیری جەنگ پێویستی بەرەوان بێژی نەبوو.

هەربۆیە دواتر پۆستی وەزارەتی جەنگی قبوڵ كردو ١٩ساڵی رەبەق لەو پۆستەدا مایەوە. لەو پۆستەدا زۆر بەزەبرو زەنگ بوو لەلایەنگرانی سزای داركاری بوو لەسوپادا، بەڵام دواترو لەڕووی مرۆڤ پەروەریەوە پێشنیاری كەم كردنەوەی ئەو سزایەی لەسوپادا كرد. لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتیەكی توندی ئەو پێشنیارەی كرد كە ئەگەر سەربازێك لەرووی باری جەستەییەوە سزاكەی دوابخرێ، دوای سارێژبونەوەی برینەكانی لەو سزایە ببەخشرێ. خزمەتی پالمەرستۆن بەسوپا زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە گرنگیەكی زۆری بە هەتیوكەوتوەكانی سوپا[٧] دەدا. (كۆلێژی سەربازی) ساند هێرستی[٨] دامەزراند لەكاتێكدا پێشتر، ئەفسەرەكانیان رەوانەی ئەكادیما سەربازیەكانی دەرەوەی وڵات دەكرد تافێری پیشەی سەربازی بن. زۆربەی جار لەگەڵ فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكاندا لەسەر دەستنیشانكردنی سنوری ئەرك‌و دەسەڵاتەكان لەململانێدا بوو، و بەرگری نامەیەكی بۆ داكۆكی كردن لەبیرو بۆچونەكانی لەوبارەیەوە ئامادە كردكە لە ٣٠٠٠٠ وشە پێك هاتبوو. لەحكومەتەكەی لیڤەرپۆلدا درێژەی بە خزمەت دا و دواتریش پەیوەندی بە كانینگەوەكرد. لەو ماوەیەدا بوو كە جارێكی تر پۆستی سەرۆكی خەزێنەیان بۆ پێشنیار كرد، بەڵام لەبەرئەوەی كە گرتنەدەستی پۆستێكی نوێ پەیوەست بوو بە سازدانی هەڵبژاردنی لاوەكیەوەو لەو كاتەدا پارلەمان لەپشودا بوو، بۆیە هەر

---

[٧] مەبەست منالانی سەربازە كوژراوەكانە ـ و .

[٨] Sandhyrst شارێكە لەباشوری خۆراوای بیركشیری ئینگلتەرە كە كۆلێژی سەربازیی مەلەكیی لێ یە ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەپۆستی وەزیری جەنگدا مایەوە. دوای ئەوەش كانینگ لەبەر رازی نەبوونی جۆرجی چوارەم، لەپێشنیاری پۆستی خەزێنە پەشیمان بۆوە، بەڵام سەرەنجام پالمەرستۆن پەیوەندیی بەكابینەكەیەوە كرد.

لەمایسی ١٨٢٨دا، دوای ئەوەی لەگەڵ (هاسكین)دا لەسەر مەسەلەی ناوچەی هەڵبژاردنی رێتفۆردی خۆرهەڵات[٩] تێك چوون، وازی لەكابینەكەی ویلینگتۆن هێناو لەگەڵ ئەوەدا كە لایەنگری كانینگ بوو وازی لەحزبەكەی هێناو لەویگەكان نزیك بۆوە. لەم ماوەیەدابوو كە وتەیەكی سەركەوتوی دەربارەی مەسەلە دەرەكیەكان پێش كەش كردو میگل[١٠]ی مامی شاژنی پورتوگالی بەئاژاوە گێڕی تۆمەت بار كرد. دوای ماوەیەك دژایەتیی خۆی بەرامبەر كودەتاكەی لویس فیلیپ[١١] لەفەرەنسا پیشانداو داكۆكیی لەمافی نەتەوە بچوكەكان‌و كەمینە ئازادیخوازەكان كرد. هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٨٣٠ كە دوابەدوای مردنی شا جۆرجی چوارەم بەئەنجام گەیشت ویگەكانی بوژاندەوەو، حكومەتە توریەكەی ویلینگتۆنیشی خستە وەزعێكی نالەبارەوە. هەر بۆیە پالمەرستۆن ئامادە نەبوو بەتەنیایی پەیوەندیی بەحكومەتی توریەوە بكاو پێشنیاری كرد لۆرد گرەی و لانس داون[١])یش كەهەردوكیان ویگ بوون بێنە ناو حكومەتەوە.

راشكاوانە ڕایگەیاند كە لایەنگری لە چاكسازیی پارلەمانی دەكا. بەو شێوەیە خۆی لەتوریەكان دوور خستەوە. پالمەرستۆن‌و گرەی لەڕێی (پرینسێس لیڤن[١٣])ەوە یەكتریان ناسیبوو. كاتێك گرەی بوو بەسەرۆك وەزیر، پالمەرستۆن پۆستی وەزارەتی دەرەوەی گرتە دەست. ماوەی ١٥ساڵ‌و نۆمانگ لەو پۆستەدا. مایەوەو ئەوەش لەمێژووی بەریتانیادا بەدرێژترین ماوە دادەنرێ لەوپۆستەدا، دوای ئەوە ماوەی نۆساڵ‌و نیو لەپۆستی سەرۆك

---

[9] East Retford

[10] Miguel

[١١] Luis philipe پاشای فەرەنسا لە ١٨٣٠وە تا ١٨٤٨ ـ و .

[13] Princess Lieven

مەکتەبی بیروهۆشیاری

وەزیریدا مایەوە. بەدرێژایی پۆستەكەی لەوەزارەتی كاروباری دەرەوەدا (داوینگ ستریت) دا، جەنگێكی گەورەی ئەوتۆ لەنێوان بەریتانیاو وڵاتانی تردا بەرپا نەبوو.

ئەوكات سەردەمی شكۆمەندیو مەزنیی بەریتانیابوو. كەشتیگەلی بەریتانیا ركابەری نەبوو،و پالمەرستۆن لەرەوتی بەدوا داچونو جێبەجێ كردنی سیاسەتو دەست پێشخەریەكانی خۆیدا لەسەرتا سەری جیهاندا، تەنیا ساتێكیش دوودڵ نەبوو لەوەی سود لەتوانا دەریایەكانی وڵاتەكەی وەرگرێ یا ئەو توانایە بداتەوە بەچاوی وڵاتانی تردا. بێ هیچ دودڵیەك دەست پێشخەریو سەركێشیەكانی خۆی لەسیاسەتی دەرەوەدا پیادە دەكرد،و لە بەدواداچونی سیاسەتی خۆیدا كە هەمان بەدواداچونی بەرژەوەندیەكانی بەریتانیابوو، بێ باكانە لێدوانی دەداو لێدوانەكانیش بەسیفەتی رەسمی بوونو راشكاوانە پلارو توانجی دەگرتە پاشاو دەسەڵاتدارە لوت بەرزەكانی جیهانو سوكایەتیی پێ دەكردن. سیاسەتەكەی لەراستیدا نمونەی (دیپلۆماسیی كەشتیی تۆپدار) (یا زمانی زەبرو زەنگ)بوو.

زمانی ئەو زمانی نیشتمانپەروەرێكی دەمارگیرو توند رەو بوون كە دەیویست هەمووشتێك لەبەرژەوەندیی وڵاتەكەیدابێ، بەڵام بەپێچەوانەی زمانە توندەكەی، حەزی لەجەنگ نەبوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە شەیدای ئاشتی بوو. لەڕاستیدا، سیاسەتو دەستپێشخەریە وروژێنەرەكانی كە زۆربەی جار مەترسیدار بون بەو مەبەستە داڕێژرابوون كە مەترسیو هەڕەشە لەبەریتانیا دور خەنەوەو ئاشتیی بۆ دەستە بەر بكەن.

چەندین بەڵگە لەبەردەستدایە كە ئەگەر ئەو لەساڵی ١٨٥٣ ـ ١٨٥٤ دا وەزیری دەرەوە بوایە جەنگی كریمە روینەدەدا.

بێزاربوو لەدانیشتنو دەیویست هەموو كەسێكو هەموو شتێك بخاتە جۆشو خرۆش. بەدڵنیایەوە نادیپلۆماسیترین وەزیری دەرەوەی گشت سەردەمەكان بوو، لەبەرئەوەی لەو كەسانەبوو كە باوەڕی بەوە هەبوو راشكاوانە قسەبكاو راشكاوانە كار بكا. گەر بەرێكەوت یەكێك لەهەنگاوە مەترسیدارەكان ئەنجامی پێچەوانەی لێ بكەوتایەوە،





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەگەری ئەوە هەبوو بەریتانیا بەناچاری جەنگی بەرپابكردایە، بەڵام لەبەر ئەوەی جڵەوی سیاسەتی دەرەوەی لەدەستدابوو، ئەو ئەگەرە دوور بوو.

پالمەرستۆن فەلسەفەی سیاسیی خۆی لەساڵی ١٨٤٨دا ئاشكراكردو وتی: (بەرفراوان بوونی بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا پێویستە تاكە ئامانجی وەزیرێكی دەرەوەی ئینگلیز بێ.) بەبۆچونی ئەو بەریتانیا دۆستو دوژمنی هەمیشەیی نەبووەو راگرتنی هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندیی بەریتانیادا بووە. بەبڕوای ئەو (حكومەتە پارلەمانیەكان) هاوپەیمانی سروشتی بەریتانیا بوونو بەرژەوەندیی بەریتانیا وای خواستوە كە پشتگیریی دەوڵەتە پارلەمانیەكان لەسەرتاسەری جیهاندا بكا.

كاتێك ناپلیۆن بوو بەئیمپراتۆرو پالمەرستۆن پێشوازیی لێكرد، شاژن لەسەر قسەی رەسڵ فەرمانی پێدا كە سەرجەم تەلەگرامو بەیاننامە گرنگەكانی تایبەت بەپەیوەندیەكانی دەرەوە بۆ رەوانە بكا، بەڵام پالمەرستۆن ئەو فەرمانەی پشتگوێ خست. ئەو سەرپێچیكردنە بوو بەهۆی ئەوەی شاژن (و شازادەی یاوەر) لەسەر كار لابەرن.

لەگەڵ ئەوەشدا دوای شكستهێنانی حكومەتە، ئینگلیزیەكەی دێربی ـ دیزرائیلی ، لەساڵی ١٨٥٢دا، ئابەردین جارێكی تر هێنایەوە ناو حكومەت. بەڵام ئەم جارەیان وەك وەزیری ناوخۆ لەناو كابینەدا بوو، لەبەر ئەوەی شاژن بەتوندی دژی ئەوەبوو كە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی پێ بدرێ. لەو ساڵە پڕمەترسیانەدا، ئەو هەنگاوە سەیرە (گۆڕینی پۆستی پالمەرستۆن) هاوشێوەی دانانی وینیستۆن چێرچڵ بوو لەساڵی ١٩٣٧دا لەپۆستی سەرۆكی ژووری بازرگانیو پیشەسازیدا لەلایەن (نەویل چەمبەرلین)ەوە.

بەڕووكەشی ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە بوو كە لەو دەمەدا، شاژنو شازادەی یاوەری گرنگییان بە هەموو لایەنەكانی پەیوەندیەكانی دەرەوە دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا دوای سێ ساڵو سێ مانگ دابڕان پالمەرستۆن كرا بەسەرۆك وەزیر تا رابەرایەتیی ئەو جەنگە بگرێتە دەست كەتەنیا لەسەر دەستی ئەو ئاشتی لێ دەكەوتەوە. بەرێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە لەلایەن پالمەرستۆنەوە بەدرێژایی ساڵانی دەیەی ١٨٣٠و لە ١٨٤٦وە تا ١٨٥١

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەپراكتیكدا (نەك هەر بەناو) باشترین شێوەی بەڕێوەبردن بوو. لەحكومەتەكانی گرەی، ملبۆرن‌و رەسڵدا وادەهاتە بەرچاو كە پالمەرستۆن سەرجەم جیهانی خستۆتە ژێر ركێفی خۆیەوە.لەسالآنی ١٨٣٠ ـ ١٨٣١دا بەلـچیكا دوچاری قەیرانێك بووبوو. بەلجیكیەكان بەناچاری، كوڕەكەی (لویس فلیپ)یان بەپاشای خۆیان هەڵبژاردبوو. پالمەرستۆن كە هیچ جۆرێك مەیلی بۆ یەكێتیی نێوان فەرەنساو بەلـچیكا نەبوو شێوازێكی گرتەبەر كە تایبەت بوو بەخۆی. بەرەوانەكردنی نامەیەكی مۆرنەكراو بۆ باڵوێزی بەریتانیا لەپاریس، لەرێی باڵوێزخانەی فەرەنساوە لەلەندەن. دەرباری فەرەنسای لەو یەكێتیە ئاگادار كردەوە. لەكاتێكدا دڵنیابوو لەوەی نامەكە لەباڵوێزخانەی فەرەنسا دەكرێتەوەو دەخوێنرێتەوەو ناوەرۆكەكەشی دەخرێتە بەردەست حكومەتی فەرەنسا. كاتێك سەرەنجام فەرەنسیەكان لەبەلچیكا بەئاكام نەگەیشتن‌و سكالآیان لەدەستتێوەردانی بەریتانیا كرد، پالمەرستۆن نامەیەكی تری بەهەمان شێوە رەوانەكردو سكالآی لەقسە ناهاوسەنگەكانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا كرد.

لەقەیرانەكەی پورتوگالدا، بەرلەوەی پۆستی وەزارەتی دەرەوە بگرێتە دەست، پشتگیریی خۆی بۆ شاژنی لاو دوپات كردەوە: (جیهانی شارستانی زەنگی بێزاریی خۆی بۆ میگل لێ دەدا.)[١٤]. وەك وەزیری دەرەوە، هەرچەندە بەنیاز نەبوو راستەوخۆ دەست لەو مەسەلەیە وەربدا، بەڵام سازو ئامادەبوو تا لەكاتی پێویستدا بەسود وەرگرتن لە كەشتیگەلی بەریتانیا دەست تێوەرداو بێگومان ئاواتە خوازبوو كە چەند كردەوەیەكی وروژێنەر ئەنجام بدرێ تا بەوپەڕی گوڕوتینەوە دەست بەكاربێ. كاتێك دۆن پیدرۆ[١٥] باوكی ماریا[١٦] فەرمان ڕەوای بەرازیل كەشتیگەلێكی لە ئارزور[١٧] بۆ پەلاماردانی

[١٤] میگل مامی شاژنی پورتوگال كە دژی دەست تێوەردانی بەریتانیا بوو لەبەرازیل خەڵكیی لەدژی بەریتانیا هان دەدا ـ و .

[15] Don pedro

[16] Maria

[١٧] چەند دورگەیەكی پورتوگالی ناو ئۆقیانوسی ئەتلەنتیكی باكوور ـ و .





میگل ئامادە كرد، پالمەرستۆن فەرمانی پێدا بێ لایەنیی خۆی بپارێزێ، بەڵام كاتێك گوێبیستی ئەوەبوو كە ٢٠٠٠٠ سەربازی ئیسپانی لەسنوری نێوان ئیسپانیاو پورتوگالەوە ئامادەن بەرگری لەمیگل بكەن، ئیسپانیای ئاگادار كردەوە لەوەی ئەگەر دەست لەكاروباری پورتوگالی بەریتانیا وەردا ئەو پشتگیری لەپیرۆر دەكا.

پالمەرستۆن بۆ پاراستنی سەروەت‌و سامانی بەریتانیا سڵی لەروبەروبوونەوە لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا نەدەكردەوە،و فەرمانی بەدەریا سالار پاركەر دا كەشتیگەلەكەی خۆی كە لەدووریی سێ میل[١٨] لەدەرەوەی كایەی خۆی لەنگەری گرتبوو، لە دژی هەر دەستدرێژیكارییەك بەكار بهێنێ كە رەنگە بكرێتە سەر بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا .

كاتێك دوای ساڵێك زریانە دەریایەكان پاركەریان ناچار كرد رێی بەندەر تاگس[١٩] بگرێتەبەر، پالمەرستۆن فەرمانی بەمیگل دا كە فرسەت نەهێنێ: (هەر سوكایەتیەك كە بەئالآی شاهانەی بەریتانیا بكرێ هەرچەندە كە كەشتیی هەڵگری ئەو ئالآیە زۆر بچوكیش بێ، بەریتانیای مەزن توڕە دەكاو بەهەموو توانایەكیەوە تۆڵە دەكاتەوە..... هەر جۆرە دژایەتیكردنێك كە رێگربێ لەبەردەم ئەم فەرمانەدا، بەكارێكی دوژمنكارانە لەقەڵەم دەدرێ.)

بەسەرهاتێكی تری مامێكی شەرەنگێزی تر، دواتر لەئیسپانیادا سەری هەڵدا،و ئەو كاتە بوو كە باوكی شازادە ئیزابێلا مردو شازادە لەتەمەنی سێ ساڵیدا بوو بەشاژنی ئیسپانیا . كاتێك كارلۆسی مامی ئەو شازادەیە پەیوەندیی بە (میگ)ەوە كرد

[١٨] لەسەدەی هەژدەهەمدا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای باشور سنوری كەنارە ئاوییەكانی خۆیان بە مەودای تۆپخانە كە لەو دەمەدا سێ میل بوو، دەستنیشان كردبوو بەوپێیەی مافی ئەوەیان هەبوو لەكاتی پێویستدا تا ئەو مەودایە رێ بگرن لەهاتنە ناوەوەی كەشتیەكانی دەرەوە ـ و .

[١٩] Tagus بەئیسپانی تاهوو بەپورتوگالی تژوە درێژترین روباری نیمچە دورگەی ئایبرییە (كە لەئیسپانیاو پورتوگال پێك دێ). ئەو روبارە لەخۆرهەڵاتی ئیسپانیاوە سەرچاوە دەگرێ‌و ٦٠٠میل بەئاراستەی باكوری خۆراوا دەڕواو پاشان سەرتاسەری باشوری خۆراوا تەی دەكاو لەوێشەوە دەرژێتە ناو ئۆقیانوسی ئەتلەنتیكەوە. بەندەری تاگوس دەكەوێتە شوێنی بەیەك گەیشتنی روبارو ئۆقیانوسەوە ـ و .

پالمەرستۆن هاوپەیمانییەكی چوارقۆڵیی لەگەڵ تالیران (وەزیر دەرەوەی فەرەنسا)و وڵاتانی دیكە (پورتوگالو ئیسپانیا) پێكهێنا بۆ ئەنجامدانی كردەوەیەكی دەستەجەمعی لەنیمچە دورگەی (ئایبری)دا. (حەز دەكەم روخساری مترنیخ[٢٠] ببینم كاتێك ناوەرۆكی ئەم پەیمان نامەیە دەخوێنێتەوە.) كارلۆسو میگل تەسلیم بە دەریاسالاری ئینگلیز (پاركەر)بوون. كارلۆس لەبەریتانیا بوو بە پەنابەر، بەڵام لەوێ هەڵاتو دوابەدوای ئەوە جەنگێكی ناوخۆی خوێناوی لەئیسپانیا سەری هەڵدا.

لەساڵی ١٨٣٤دا پالمەرستۆن بە نوێنەرایەتیی پۆڵۆنیەكان هاتە ناوەوە.

جاسپەر ریدلی[٢١] لەژیاننامەكەی ئەودا نووسیویەتی (پالمەرستۆن بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێ، وەك پاڵەوانێكی ئازادیخواز لە ئەوروپادا ناسرابوو. ئینگلیزەكانو ئەوانی تریش لەو دەمەدا پالمەرستۆنیان بە سیمای (زیندو)ی كەسایەتی جۆن پۆڵ دەبینی . ئەو زمانی فەرەنسیی زۆر بەباشی دەزانیو لەنیشتمانەكەی خۆیدا جێگیربوو كە هەواری جیهانی ئەرەستۆكراسیی نێودەوڵەتی بوو، ئەو جێیەی كەتیایدا پەیوەندیە تایبەتەكان بەبێ هۆ نەدەبووە قوربانیی ناكۆكییە سیاسیو میللیەكان.)

دوابەدوای حكومەتە كورت خایەنەكەی پیل لە ١٨٣٤وە بۆ ١٨٣٥، پالمەرستۆن وەك وەزیری دەرەوە گەرایەوە ناو حكومەتو رێگربوو لەشوكردنی ماریا (شاژنی ئیسپانیا) بەشازادەیەكی فەرەنسیو بەسود وەرگرتن لەكەشتیگەلی بەریتانیا، رابەرایەتیی روبەروبونەوەی بازرگانیكردن بەكۆیلەوەی گرتە ئەستۆ. دوای چەند پێكدادانێكی لەگەڵ كەشتیگەلی پورتوگالدا، لائیحەیەكی بۆ پارلەمان پێشنیار كرد تا رێگە بە كەشتیە جەنگیەكانی بەریتانیا بدرێ كەشتیە پورتوگالیەكان لەناو ئاوی ئازاددا بپشكننو دەست بەسەر ئەو كەشتیانەدا بگرن كە كۆیلەیان باركردووە. لەساڵی ١٨٤٤دا لەبەرەی نەیاردا گەورەترین وتەی ژیانی لەدژی بازرگانیكردن بەكۆیلەوە پێش كەش كرد، كەسێ

[٢٠] راوێژكاری نەمسا ـ و .

[21] Jaspar Ridley





سەعات درێژەی كێشا، دوای ئەوە چیتر پێویستی نەدەكرد رونی بكاتەوە كە كەشتیگەلی بەریتانیا لەچ شوێنێكدا دەست بەكار دەبێ. لەجەنگی تریاكدا لەگەڵ چیندا پالمەرستۆن لەلایەنی ئەخلاقیەوە تا ئەو ئاستە دابەزی كە بەرژەوەندیی قاچاخچیەكانی تریاك شكایەوە، لەبەرئەوەی ئینگلیز بوون.[٢٢] پالمەرستۆن لەساڵی ١٨٤٦دا، دوای كەوتنی حكومەتەكەی پیل گەڕایەوە ناو كابینەو جارێكی تر دەستی كردەوە بەخەباتی ئازادیخوازانە.

لەكاتی شۆڕشە ئەوروپیەكانی ساڵی ١٨٤٨دا جارێكی تر هەلومەرجێكی لەباری بۆ رەخسا بۆ درێژەدان بەچالاكیەكانی. لەودەمەدا كۆنەپەرستێكی ئەڵمانی ئەم شعرەی بەسەردا هەڵداوە:

**Hat der Teufel einen sohn**
**So ist er Sicher palmerstan**

ئەگەر شەیتان منداڵێكی هەبێ
بێ گومان ئەوە پالمەرستۆنە

دوژمنە دێرینەكانی ئەو گیزۆ[٢٣] لەفەرەنسا،و مترنیخ لەنەمسا، لەدەسەڵاتدا نەمانو لویس ناپلیۆن دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەودەمەدا بەسەر بەشێكی بەرفراوانی ئەوروپادا باڵادەست بوو، و قەڵەمڕەوی كاری ئەو رۆژ بەرۆژ بەرفراوانتر دەبوو. لەجەنگی نێوان ئیمپراتۆریی نەمساو (ساردنی)دا، رووبەڕووی نەمسا وەستایەوە.

[٢٢] مەسەلەی دژایەتیكردنی بازرگانیی كۆیلە لەلایەن بەریتانیاوەو راگرتنی كەشتیی وڵاتانی تر لەناو ئۆقیانوسەكانی جیهاندا بەپێی چەند بەڵگەیەكی مێژوو تەنیا پاساوێك بووە بۆ بەرفراوان كردنی سیاسەتی كۆڵۆنیالیی بەریتانیا لەسەرتاسەری جیهاندا ـ و .

[23] Guizo

رادۆسكیی[٢٤] ی پیر، فەرماندەیی هێزەكانی نەمسای لەدژی چارلیز ئالبێرت[٢٥] فەرماندەی هێزەكانی شانشینی بچوكی ساردنی لەئەستۆدابوو،و سەرەنجام تێكیشكاند. پالمەرستۆن پێشنیاری ناوبژیوانیی نێوان بەریتانیاو فەرەنسای كردو سەرەنجام رازی بوو بەوەی كەمەسەلەكە بخرێتە بەردەم كۆنفرانسی برۆكسێل. شاژنی بەریتانیاو ئالبێرت لەگەڵ سیاسەتەكانی پالمەرستۆندا لەبەرامبەر ئیتاڵیادا ناكۆك بون، لەبەر ئەوەی مەسەلەكە هێشتا پەیوەندیی بەیەكێتیی ئیتاڵیاوە نەبوو. هێرشی پالمەرستۆن بۆسەر نەمساییەكان لێك ترازانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەكان هەردوولای لێ كەوتەوە .

دوای ئەوەی رادێنسكی لەئاكامی سەركەوتنیدا بەسەر هێزەكانی (ساردنی)دا، بێ بەزەییانە رەفتاریان كردو (هانی ناو)[٢٦] و(ویندیش گرتس)[٢٧] (كەدوو سەركردەی نەمسایی بون ـ و .) یاخی بوانیان تێكو پێك شكاند، پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات روی لەئاڵۆزی كرد، بەڵام نەمساییەكان ناچاربوون خۆیان بۆ روبەروبونەوەی یاخی بوونی هەنگاریەكان بەسەركردایەتیی كۆسۆس[٢٦]، پاڵەوانی نەتەوەیی، ئامادە بكەن، بەتایبەت كە هەنگاریەكان لەلایەن پالمەرستۆنەوە پشتیوانییان لێ دەكرا دوابەدوای ئەوە نەمساییەكان داوای یارمەتییان لە روسیا كرد. پاشان هەنگاریەكانو پۆڵەندیەكان شكستیان خوارد. هەنگاریا، بەتایبەت دوای ئەو شكستە، بوو بەگۆڕەپانی بێبەزەییانەترین شەپۆلی تۆڵەسەندنەوەی هێزەكانی نەمسا.بۆ بزوتنەوە نەتەوەییەكان ئەوساڵە ساڵێكی بەدبوو. خەڵكی( شلسویك- هۆلستاین)[٢٨] دژی دانیمارك ڕاپەرینو پالمەرستۆن پێشنیاری ناوبژیوانیی كرد. لەم پێشهاتەدا نەمسا داكۆكی لەدانیمارك كردو پروسیا خۆی بۆ جەنگی ئەو دوو وڵاتە سازدا. بەم خۆسازدانە، پالمەرستۆن ترسی ئەوەی

---

[24] Radotzky
[25] charles Albert
[26] Haynav
[27] Kossuth

[28] Schleswig  - Hoistein





هەبوو جەنگێكی گەورە لەئەوروپادا بەرپابێ، بۆیە بڕیاری دا رێ لەوجەنگە بگرێ. لەوەشدا سەركەوتو بوو. هەرچەندە هەندێك لەئامانجەكانی خۆی نەپێكا، بەڵام چیی لەدەست هات بۆ پارێزگاری كردن لەئاشتی كردی.

لەساڵانی ١٨٤٩ ـ ١٨٥٠دا كارێكی كرد كە هەرلەپالمەرستۆن دەوەشایەوە، ئەویش پشتگیریكردن بوو لە بەرەگەز ئیسپانییەك بەناوی دۆن پاسیفیكۆ وە كە (لەجەبەل تاریقی سەر بەبەریتانیا هەر لەسەرەتای لەدایك بوونەوە بەهاوولاتیەكی ئینگلیز لەقەڵەم درابوو)، بەڵام دواتر بوو بەهاوولاتیەكی پورتوگاڵیو بووبە كونسوڵی پورتوگال لەئەسینا.

دۆن پاسیفیكۆ لەئاكامی یاخی بونێكدا سامانەكەی لەدەستداو داوای قەرەبونەوەیەكی قورسی لەكار بەدەستانی حكومەتی یۆنان كرد كە لەرادەبەدەر بوو. داواكەی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە پشتگیریی لێكرا. لەم كەینو بەینەدا. كەشتیگەلی بەریتانیا لەدەریای ناوەڕاستدا جێگیربوو. فەرماندەی كەشتیگەلی بەریتانیا دەقی قانونییاخیبونی بۆ نەمسایەكان خوێندەوە. دوای ئەو زەبروزەنگەی دەرهەق بەهەنگاریەكان كردبووی، كەشتیگەلی بەریتانیا دوای بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەركە، بەمەبەستی هەڕەشە كردن لەتوركیا، لەوێ لەنگەریان گرت[٢٩]. كاتێك كەشتیگەلی بەریتانیا گەیشتە داردانێل، پالمەرستۆن بیری لەوە كردەوە كە باشتر وایە سوود لەو دەرفەتە وەرگرێو هەڕەشە لەیۆنانیش بكا. دوابەدوای ئەوە یۆنان لەلایەن كەشتیگەلی بەریتانیاوە گەمارۆی دەریایی درا، تا ئەو كاتەی حكومەتی یۆنان رازی بوو لەسەر ئەوەی قەرەبوی پاسیفیكۆ بكاتەوە. لەحوزەیرانی ١٨٥٠دا، ئەم مەسەلەیە مشتو مڕێكی توندو ناكۆكیەكی گەورەی لەناو پارلەماندا لێ كەوتەوە،و پالمەرستۆن لەیەكێك لەوتە هەرە سەركەوتوەكانی ژیانیدا، كەتیایدا خۆی بەخاوەن حەق خستەروو، داكۆكیی لەو هەنگاوە گومان لێكراوەی خۆی كرد: (هەروەك چۆن هاوولاتیەكی رۆم لەسەردەمی

---

[٢٩] وەك پێشتر ئاماژەی پێ درا پالمەرستۆن لایەنگری بزوتنەوە ئازادیخوازەكان بوو وئەو كارەشی لەو پێناوەدا بوو.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كۆنـدا بـەوتنی Civis Romanus Sum (مـن هاووڵاتیـەكی رۆمـانیم ـو) حورمەتی خۆی دەپاراست، هاووڵاتیەكی بەریتانی لەهەر كوێ بێ دەبێ دڵنیابێ لـەوەی بەریتانیا پارێزگاری لـێ دەكـا لەبەرامبـەر هـەر ناداپەروەریەكـدا كـە لەلایـەن بێگانـەوە دەرهەقی بكرێ.)

پالمەرستۆن كەسێك بـوو شـایانی سـتایش بـوو. هـەموو ئـەو كەسـانەی هەواڵـەكانی ئەنجومەنیان لەرۆژنامەكاندا خوێنـدبۆوە پـشتگیریان لـێ كردبـوو وشـەپۆلی بـەرفراوانی لایەنگری لێی سەرتاسەری وڵاتـی گرتـەوە. دوای هـەژدە مـانگ پالمەرسـتۆن پۆسـتەكەی خۆی لەدەستداو زۆر بێ ئەدەبانە لەلایەن شاژنەوە لەخزمەت دەركرا.

كۆشكی پاشایەتی دەستتێوەردانەكانی پالمەرستۆنی لەئەوروپادا بەلاوە پەسەند نەبوو وشـاژن ولەهـەمویان زیـاتریش شـازادە ئـەلبێرت لەباڵادەسـتیو سـەربەخۆیی ئـەو لەئاراستەكردنی پەیوەندیەكانی دەرەوەدا بێزار بوونو لەو سەردەمەدا وەزیـری دەرەوە لـە وەزیرەكانی تر باڵا دەست تر بوو ودەشێ بـوترێ بـە بەرجەسـتەبوونی دەسـەڵاتی پاشـا و نوێنەری راستەوخۆی وڵات لە قەڵەم دەدرا. شاژن ڤیكتۆریا چەند جارێك سەرۆك وەزیـری ئاگـادار كردبـۆوە لـەوەی كـەنابێ پالمەرسـتۆن پـەیام ئاراسـتەی باڵوێزەكـانی ئـەو لەسەرتاسـەری جیهانـدا بكـا ، وپێویـستە پێشتر پەیامـەكان رەوانـەی لای ئـەو بكـا بـۆ پەسەند كردنیان. رەسڵ (سەرۆك وەزیری ئەوكاتە) ئاگادار كرایەوە لەوەی ئەگەر جارێكی تر ئەوە دووبارە بێتەوە، شاژن پێدادەگرێ لەسەر دەست لەكار كێشانەوەی وەزیری دەرەوە.

سەرەتا پالمەرستۆن بە رەوانەكردنی نامەیەك بـۆ شـاژنو، هـەروەها قـسەكردن لەگـەڵ شازادەی هاودەمیدا، سەری دانەواندو رازی بـوو، بـەڵام دوای دیـداری ژەنـەراڵ هـای نـاو لەلەندەن، بارودۆخ رووی لەئاڵۆزی كرد. لەم پێـشهاتەدا، لەروانگـەی شـێوازی پێـشوازی كردن لەمیوانێك، بەهەڵەدا چوو، بەڵام هەستی گشتی وای دەخواست.

ژەنـەراڵ هـای نـاو بـەهۆی ئـەو زەبروزەنگـە لەرادەبـەدەرەی دەرهـەق بـەیاخی بـوانی ئیتاڵیاو هەنگاریا، لەبەریتانیادا ببووە مایەی بێزاریی خەڵكی. خەڵكی لەندەن لـە روی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

گاڵتە پێكردنەوە بەژەنەراڵ Hyena (واتە كـەمتیار و درنـدە) یـان نـاودەبرد. ژەنـەراڵ های ناو لەكاتی بەسەركردنەوەی كارگەیەكی دروستكردنی بیرەدا لەلایەن كرێكارەكانەوە هێرشی كرایەسەرو داركاری كرا،و ناچاربوو پەنا بەرێتـە بـەر میوانخانەیـەك، تـا پـۆلیس (بەهانایەوە بێ). شاژن ئەو پێشهاتەی پێناخۆش بوو، داوای كرد نامـەی داوای لێبـوردن رەوانەی ڤیەننا بكرێ. پالمەرستن لەگەڵ ئەوەشـدا كـە ئـەو رەفتـارەی خـەڵكیی بەرامبـەر هـای نـاو پێـی خـۆش بـوو، ولەسـەر ئـەو داوایـەی شـاژن رازی بـوو، بـەڵام ئـەو نامـەی لێبوردنەی كە ئامادەیكرد وردو مەرجدار بوو.

هاوكات لەگەڵ داوای لێبوردن لەوەی دەرهەق بەو ژەنەراڵە نەمساییە كراوە ئامـاژەی بەوەشدا كە هەركەسێك پێشنیاری ئەوەی بۆ ژەنـەراڵ كـردووە كەسـەردانی لەنـدەن بكـا، كـارێكی خراپـی دەرهـەق كـردووە. شـاژن رەشنوسـی ئـەو لێبوردننامەیـەی خوێنـدەوەو نـارەزایی بەرامبـەر ناوەڕۆكەكـەی دەربـڕیو پێیـداگرت لەسـەر ئـەوەی پالمەرسـتۆن لێبوردننامەیەكی تەواوو بێ مەرج رەوانـەی ڤیـەننا بكـا وتیایـدا رەخنـە ئاراسـتەی ئـەو دیدارەی های ناو نەكرێ. پالمەرستۆن لەوەڵامدا پێی وت كە دەرفەتی دەست كـاریكردنی لێبوردننامەكە بەویستی شاژن بەسەر چووە لەبەر ئەوەی لێبوردننامەكە رەوانـەی ڤیـەننا كـراوە. شـاژن فەرمانیـدا لێبوردننامەیـەكی بەویـستی ئـەو ئامـادەو رەوانـە بكـاو لێبوردننامەی پێشوو پوچەڵ بكاتەوە. پالمەرستۆن رازی نـەبوو، وبەرەسـڵی وت كەدەسـت لەكار دەكێشێتەوە، بەڵام دواجار رازی بوو بەوەی لێبوردننامەی یەكـەم پوچـەڵ بكاتـەوە. پێـشهاتێكی تـر سـەردانەكەی كۆسـۆس نیـشتمان پـەروەری هـەنگاری بـوو بـۆ لەنـدەن. كۆسـۆس لەهـەموو شـوێنێك وەك پاڵـەوانێكی نەتـەوەیی پێـشوازی لێكـرا. شـاژن لەرۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست)[30] دا خوێندیەوە كە بڕیارە پالمەرستۆن بەرەوپیری بچێ،و پێشوازی لەیاخی بوویەك بكا كە دژی ئیمپراتـۆری نەمـسا راپـەڕیوە. بۆیـە بەهەڵـەداوان فەرمـانی بەرەسڵ دا كە نەهێڵێ پالمەرسـتۆن پێـشوازیی لـێ بكـا. سـەرەڕای پێـداگرتنی

[30] Morning post

مەكتەبی بیروهۆشیاری

رەسڵ، پالمەرستۆن بانگ ێشتەكەی هەڵنەوەشاندەوە[٣١]. مەسەلەكە خرایە بەردەم كابینەو پالمەرستۆن باری سەرنجی زۆرینەی ئەندامانی كابینەی قبوڵ كردو لەو باوەڕەدابوو نابێ كۆسۆس ببیبینێ. بەڵام دوای دوو رۆژ چەند ستایشنامەیەكی لەدوو ناوچەی هەڵبژاردنی رادیكاڵەوە پێگەیشت كە تیایدا پیرۆزباییان لەو هەڵوێستەی پالمەرستۆن بەرامبەر گەلی هەنگاریا كردبوو. ئەو ستایشنامانە بەلای شاژنەوە لەپێشوازی كردنەكەی پالمەرستۆن لەكۆسۆس خراپتر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو مەسەلەیە تا ئەو رادەیە بەلای خەڵكیەوە پەسەند بوو نەدەكرا لەسەر ئەوە پالمەرستۆن لەسەر كار لابرێ. دوای مانگێك كودەتاكەی لویس ناپلیۆن بەئەنجام گەیشت. لەم پێشهاتەدا هەرچەندە كە كابینە بڕیاری دا بێ لایەن بێ، بەڵام پالمەرستۆن بە والیسكی[٣٢] باڵوێزی فەرەنسای وت كە بەگەرمی پێشوازی لەلویس ناپلیۆن دەكا.

باڵوێزی شاژن لەپاریس ئاگاداركرایەوە لەوەی بێ لایەنی خۆی بپارێزێ، بەڵام كاتێك بەوتوێژەكانی نێوان پالمەرستۆنو والیسكیی زانی داوای رون كردنەوەی كرد، پالمەرستۆنیش لەوەڵامدا وتی كە ئەوە باری سەرنجی خۆیەتیو سیفەتێكی رەسمیی نیە.

شاژن داوای بینینی رەشنووسی بروسكەی حكومەتی بەریتانیا حكومەتی فەرەنسا داوای دەستكاریكردنی بروسكەكەی كرد، بەڵام پێی راگەیەنرا كە كارلەكار ترازاوەو بروسكەكە رەوانە كراوە. شاژن دەم ودەست داوای كرد پالمەرستۆن لەسەر كار لابرێو رەسڵ داوای لێكرد دەست لەكار بكێشێتەوە. هێشتا ئەوە ساغ نەبۆتەوە كە داخۆ پالمەرستۆن بەئەنقەست ئەوكارەی بەئەنجام گەیاندووە یاخود كەمتەرخەمی تێداكردووە، بەڵام ئەو مەسەلەیە پێچەوانەی مەسەلەی (های ناو)ەوە بووئەمجارەیان دەبوایە دەست لەكاربكێشێتەوە . ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو رۆژنامەكانی ئەو سەردەمە لەدژی لەسەركارلابردنی پالمەرستۆن هەڵوێستیان وەرگرتو ئۆباڵی مەسەلەكەشیان خستە ئەستۆی شازادە ئەلبێرت. پالمەرستۆن هێندە توڕە بوو رۆژنامەنوسێكی بەكرێگرت تا

٣١

32 Waleski





مەكتەبی بیروهۆشیاری

نامیلكەیەك لەدژی ئەلبێرت بنوسێ، بەڵام توڕەبونەكەی كۆنتڕۆڵ كردو نەیهێشت نامیلكەكە بڵاو بكرێتەوەو پارەی نوسەرەكەشی بەتەواوی دا . سەرەڕای ئەو نووسینانەی لە رۆژنامەكاندا بڵاوكرانەوە و سەرەڕای ئەو مشت و مڕەی كە لە پەرلەماندا لەسەر ئەو مەسەلەیە سەری هەڵداو تیایدا رادیكاڵەكان لەسەر كار لابردنی پالمەرستۆنیان مەحكوم كرد ، ئەو هەر درێژەی بەبێدەنگیەكەی خۆی دا. لێرەدا رادیكالیزم (توندڕەوی)ەكەی ئەویش گەیشتبووە سنوری خۆیو وای بەباش زانی هێرش نەكاتە سەر دەربار.

دوای دوومانگ حكومەت لەسەر لائیحەی مێلیشیاكان شكستی خوارد. پالمەرستۆن پێشنیاری چاكسازیەكەی لەو لائیحەیەدا كردبوو تا بەگوێرەی ئەوە هێزێكی میللی بەچاودێریی ناوەند بێتە كایەوە. دوابەدوای ئەم پێشهاتە بووكە پالمەرستۆن لێدوانێكی دا كە لەمێژودا تۆماركراوە: (ئەمەش گورزی من بوو لەوەڵامی گورزە كاریگەرەكەی رەسڵدا). لەو ماوەیەدا حكومەتێكی موحافیكاری كورت خایەن بەسەرۆكایەتیی لۆرد دێربی هاتە سەركار كە دیزرائیلی وەزیری دارایی بو تیایدا. وابڵاو بوو كە پاڵمەرستۆن بەشداریی لەكابینەكەی دێربیدا دەكا، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیر بەشێوەیەكی نارەسمی پەیوەندی بەپالمەرستۆنەوە كردو پێ دەچوو سەرەتا پێیڕاگەیاندبن كەپێشنیاری بەشداریكردنی لەو كابینەیەدا قبوڵ كردووە، بەڵام مەسەلەی بازرگانیی ئازاد لەنێودابوو كە ئەوەش كارەكەی دژوارتر دەكرد. دەوڵەت پارلەمانی هەڵوەشاندەوەو بەو هەنگاوەی سەد كورسی بەدەست هێنا. موحافیزكاران گەیشتبونە ئەو قەناعەتەی كە پشتگیری كردن لەكاڵاخۆماڵیەكان مەسەلەیەكە كۆتایی پێهاتووە و پاڵمەرستۆن بەو پێشنیارەی كە رەنگدانەوەی گۆڕانكاری بوو لە بیروباوەڕی ئەواندا سەبارەت بەبازرگانیی ئازاد، ئەوانی لەبەرامبەر باڵی نەیاری حكومەتدا لەناو پارلەماندا پاراست. لەگەڵ ئەوەشدا حكومەتەكەی دێربی لەكاتی پێشنیاركردنی بودجەدا بۆ پارلەمان كەوتو ئابەردین حكومەتێكی ئیئتلافیی لەویگەكانو لایەنگرەكانی پیل پێكهێنا. دیسانەوە داوا لەپالمەرستۆن كرا كە پەیوەندی بەوحكومەتەوە بكاتەوە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

شاژن رازی نەبوو پۆستی وەزارەتی دەرەوەی پێ بدرێو سەرەنجام پالمەرستۆن وەك وەزیری ناوخۆ چووە ناو كابینەكەوە. هەرچەندە زۆر دڵی بەو پۆستەوە نەبوو، بەڵام چەندین كارو چالاكیی سودبەخشی لەوپۆستەدا بەیادگار بەجێهێشت. بەهاوكاریی نزیك لەگەڵ شافتسبیێری[33]دا (ئاشلی جاران، زاوای پالمەرستۆن) چەند چاكسازیەكی تری لەقانونی كارگەكاندا لەپارلەماندا تێپەڕاند. كە تایبەت بوو بەسەعاتەكانی كاری ژنانو كوڕانی ژێر ١٨ساڵ (كە لەهەفتەیەكدا شەست سەعاتی بۆ دەستنیشانكرابوو)و لائیحەكە شافنسبیێریی نائومێد كرد. لەلایەكی ترەوە قەدەغەی دەخستە سەر كاركردنی كرێكارانی لاو لەسەعات شەشی بەیانیەوە تا شەشی ئێوارە. جگە لەوە لائیحەیەكی تایبەت بە سەندیكا كرێكاریەكانی خستەبەردەم ئەنجومەن كە رێی لەبەردەم سەندیكاندا هەمواردەكرد ئەگەر پێویستی كرد لەپێناو بەرەوپێش بردنی ئامانجی ئاشتی خوازانەیاندا یەك بگرن، بەڵام مانگرتنی ئاشتی خوازانەی قەدەغە دەكرد.

ئەمەش پێویستی بەتێپەڕاندنی قانونێكی تر بوو كە لەساڵی ١٨٥٩داخرایە روو.

لەگەڵ ئەوەشدا لائیحەكەی پالمەرستۆن لەئەنجومەنی لۆردەكان وەرگیرایەوە. بەتێپەڕاندنی لائیحەی حەقدەستی نەقدینە پالمەرستۆن كێشەی كانزا چیانو كرێكارەكانی تریشی چارەسەر دەكرد. ئەو لائیحەیە خاوەن كارەكانی ناچار دەكرد كە هەقدەستی كرێكاران بەپارەی رەواج پێدراوی وڵات بدەن، لەكاتێكدا تا بەرلەو قانونە، خاوەن كارەكان بۆیان هەبوو كرێكارەكانیان ناچاربكەن كە ئەو پارەیەی وەك هەقدەست وەری دەگرن لەفرۆشگەكانی تایبەت بە كۆمپانیاو كارگەكاندا خەرج بكەن.

پالمەرستۆن لە ریزی پێشەوەی ئەو كەسانەبووكە دژایەتیی پیس كردنی ژینگەی دەكرد لە رێی خستنەڕووی لائیحەیەكەوە بە ناوی (لائیحەی كەم كردنەوەی دوكەڵ) .

لائیحەیەكیشی بۆ رێكخستنی بازرگانیی مەی تێپەڕاند. گۆڕانكاری لە رێ وشوێنە وشك و دەست و پێ گیرەكانی تایبەت بە زیندانە ئینفیرادیەكاندا كرد و بەشێكی زۆر لە

[33]Shaftesbury





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پێشێلكاری و تاوانەكانی لە سیستمی دورخستنەوە جیاكردەوە . هەروەها شێوازێكی ماقوڵو پەسەندی بۆ هەڵسوكەوت لەگەڵ پێشێلكارە لاوەكاندا گرتەبەرو چەندین خانەی تەنبێكردنی بنیاد نا.

وەك ئەندامێكی كابینە بەردەوام بارودۆخی ئەوروپای خۆرەڵاتی لەنزیكەوە دەخستە ژێر چاودێریەوە.رای گشتی خەڵكی كە لەژێر كاریگەریی بڵاوكراوەو وتارەكانی ئەواندابوو، رۆژ بەرۆژ زیاتر لەدژی روسیا دەوروژا.

ناپلیۆن[34] ئیدیعای ئەوەی دەكرد كە پارێزگاری لەكاسۆلیكەكانی توركیا دەكاو روسەكانیش لای خۆیانەوە بەمافی خۆیانیان دەزانی كە داكۆكی لەمەسیحییە ئەرسۆدۆكسەكانی ناو توركیا بكەن.

قەیسەر سیاسەتێكی توندی بەرامبەر توركەكان گرتبووە بەرو بەمەبەستی دەست وەردان لەكاروباری ئەو وڵاتەدا ئیدیعای مافی زیاتری دەكرد ، كە مەبەستە راستەقینەكەی كۆنترۆڵ كردنی تەواوی كاروباری ناوخۆی توركیا بوو. روسیا بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە: (توركیا پیاوە نەخۆشەكەی ئەوروپایە) لەراستیشدا توركیا لەنا ئومێدیدا دەژیا. دەوڵەت تارادەیەكی زۆر شیرازەی لەدەست دابوو، لەپارێزگا دوورە دەستەكاندا خەڵكی بەئاشكرا راپەڕیبوون و وڵات لەحاڵەتی داخوراندا بوون.

مۆرنینگ پۆست كە رۆژنامەیەكی لایەنگری پالمەرستۆن بوو لەهەوڵی بانگەشەكردندا بوو بۆ ئەوەی كە حكومەتەكەی ئابەردین لاوازو وڵات پێویستی بەپیاوێكی وەك پالمەرستۆن هەیەو بەو ئەزمونانەی بەدەستی هێناوە دەتوانێ رێگربێ لەبەردەم سەركێشەكانی ناپلیۆنو قەیسەردا.

پالمەرستۆن پێشتر ئەزمونی لەدەرپەڕاندنی روسەكان لەمۆڵداڤیاو ڤالاشیو (شازادە نشینەكان) كە رۆمانیای نوێیان لێ پێكهاتبوو، بەدەست هێنابوو، بەڵام دوای ماوەیەك دیسانەوە سەروكەللەی روسەكان لەناوچەكەدا دەركەوتەوە. پالمەرستۆن لەوەزارەتی ناوخۆوە

[34] مەبەست ناپلیۆنی سێیەمە ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چەند راپۆرتێكی تایبەتو وەستایانەی لەسەر بارودۆخی ئەوروپای خۆرهەڵات بۆ ئابەردین رەوانەكرد.

پالمەرستۆن پێویستیی خستنەڕووی هەوڵی زیاتری لە پێناو ئاشتیدا دوپات كردەوەو ئاماژەی بەوەدا كە هەركات روسیا ئاگادار كرایەوە لەوەی هێرشكردنی بۆ سەرشازادە نشینەكان ئاكامەكەی هاتنی كەشتیگەلی بەریتانیاو فەرەنسا دەبێ بۆ بۆسفۆرو دەریای رەش، روسیا لەو هێرشەی پاشگەز دەبێتەوە.

رۆژنامەكان رای گشتییان لەدژی كردەوە سەركوتكاریەكانی هێزەكانی روسیا دەوروژاند. پالمەرستۆن لەم پێشهاتانەدا دەستی هەبوو. لەبەر ئەوەی رۆژنامەكان بەتایبەت (مۆرنینگ پۆست)لەپێشهاتەكانی ئەوروپای خۆرهەڵات ئاگادار دەكرد: لەلایەكی ترەوە لە٧ی تشرینی یەكەمدا پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم كابینەكە كەشتیگەلی بەریتانیا رەوانەی دەریای رەش بكرێو هەركەشتیەكی روسی لەسەرڕێی خۆی بەدی كرد دەستبەسەری بكاتو بیگەڕێنێتەوە بۆ بەنداوەكانی توركیاو تەنیا لەحاڵەتی پاشەكشێی هێزەكانی روسیا لەو شانشینانە، ئەو كەشتیانە ئازاد بكرێن، بەڵام توركەكان دەست پێشخەرییان كردو بەراگەیاندنی جەنگ لەدژی روسیا، رێگربوون لەبەردەم دەست تێوەردانی بەریتانیادا.

پالمەرستۆن پێی لەسەر پشتگیریكردنی تەواوی توركەكان داگرت، بەڵام ئابەردین وەك هەمیشە درێژەی بەبێ دەسەڵاتیی خۆی داو هیچ هەنگاوێكی نەنا. پالمەرستۆن هەڵمەتێكی لەدژی پێشنیارەكانی رەسڵ خستەگەڕ كە زۆرینەی ئەندامەكانی كابینە پشتگیریان لێدەكرد، وهەم لەم مەسەلەیدا وهەم لەمەسەلەی ئەورپای خۆرهەڵاتیشدا ئابەردین خستبویە ژێر گوشارەوە.

لەلایەكی ترەوە شازادە ئەلبێرتیش گوشاری خستبووە سەر ئابەردین كە سود لەو هەڵوێستەی پالمەرستۆن وەربگرێو وەك پاساوێك بەكاری بهێنێ بۆ ناچاركردنی بەدەست لەكار كێشانەوە. ئەلبێرت وەك هەمیشە لەدیدو بۆچونی خەڵكی وڵاتەكەی خۆی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بێئاگابوو، نەیدەزانی كە داخوازیی خەڵك بۆ هاتنەسەركاری پالمەرستۆن رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت.

ئابەردین بۆ پالمەرستۆنی نووسی كە ناچێتە ژێرباری رێ و شوێنەكانی وەزیری ناوخۆوە سەبارەت بە دژایەتی كردنی چاكسازی لە پارلەماندا و وتی ئەگەر دەست لەكار بكێشێتەوە پەسەندی دەكات. ئەمە نمونەیەكی تر بوولەوەی كە ئابردین لەئاستی ئەو پلەیەدا نەبوو كە پێی رەوابینراوە، لەبەر ئەوەی تەنانەت بەرپابوونی جەنگیش ئەوی لەخەو رانەچڵەكاند. ئابەردین ئاواتەخوازبوو پالمەرستۆن لەكابینەكەدا نەمێنێ، لەبەر ئەوەی بەكەسێكی رێگری دەزانی لەكاتی جەنگو قەیرانەكاندا، لەبەردەم چاكسازیی پارلەماندا. ئابەردین لەرووی سیاسیەوە هێندە گەمژە بوو كەرەنگە وای زانیبێ پالمەرستۆن سەرزەنشت دەكرێت لەبەرامبەر بیروبۆچونە دواكەوتوەكانیدا دەربارەی چاكسازیی پارلەمان.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بۆچونانەی ئابەردینەوە، رەنگە زۆربەی خەڵكی وای بۆچووبن كە هۆكاری راستقینەی دەست لەكار كێشانەوەی پالمەرستۆن پێداگرتنی بووبێ لەسەر مەسەلە نێودەوڵەتیە مەترسیدارەكان ، هەمان ئەو مەسەلانەی كە پالمەرستۆن زۆرترین ئەزمونی دەربارەیان هەبووە.تەنیا سەرۆك وەزیرێكی نەزان پالمەرستۆنی لەوكاتە قەیراناویەدا لەشوێنەكەی جارانی خۆیدا لەریزی دواوەی پارلەماندا دادەنا: هیچ گومانێكی لەپاڵنەری راستەقینەی پالمەرستۆندا نەبوو ئاشكرابوو كە ئەو نارازیە لە ئیدارەی هەڵەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت لەكاتی جەنگدا .

لە دەسەڵاتی رۆژنامەكان بێ ئاگانەبوو . رۆژنامەكان ئابەردینیان مەحكوم كردو هێرشیان كردەسەر شازادە ئەلبێرت. لەبەر ئەوە لەهیچ كەس شاراوە نەبوو كە پالمەرستۆن بەپلانی هاوبەشی ئەلبێرتو ئابەردین ناچار بووە دەست لەكار بكێشێتەوە. ئەم بەسەرهاتە زۆری نەخایاندو لەماوەی ٨رۆژدا پالمەرستۆن دەسەڵاتی گرتەوە دەست.

ئاشكرابوو كە چەندە بارودۆخەكە زیاتر بشێوێ ژمارەیەكی زیاتر لەخەڵكی لەدەورەی پالمەرستۆن كۆدەبنەوە.

لە٢٧ی شوباتی ١٨٥٤دا، بەریتانیاو فەرەنسا وادەیەكیان بۆروسیا دەست نیشان كرد كە لەماوەی یەك مانگدا هێزەكانی خۆی لەشانشینەكان بكێشنەوە.

بەڵام وەڵامی ئەو وادەیە نەدرایەوەو لە٢٨ی مارسدا بەریتانیاو فەرەنسا جەنگیان لەدژی روسیا راگەیاند. ئەوە بەیەكەمین جەنگی گەورەی بەریتانیا دوای واتەرلۆ لەقەڵەم دەدرێ بەتایبەتی كە سەركردەیەكی وەك ئابەردین كە سەرۆكی حكومەت بوو دەیویست دوژمنەكانی لەنزمترین ئاستدا بهێڵێتەوە تا هەرچی زووترە هەلو مەرجی ئاشتی بێتەدی. پەنابردنی بەریتانیا بۆ جەنگ سەلماندی كە لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردودا گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ لەبیروباوەڕی سەربازیی بەریتانیادا نەهاتۆتە دی. هیچ كەسێك نەیدەزانی لەكوێوە دەبێ هێرش دەست پێبكا.

جەنگ بنەمایەكی تایبەتی نەبوو. پالمەرستۆن لایەنگری[٣٥] لە پەلاماردانی داگیركردنی قەڵای سواستۆپڵ[٣٦] دەكرد. پێشنیارەكەی ئەو دەربارەی هێرشكردنە سەر قەفقاز لەرێی توركیاوە خرایە ئەستۆی توركەكان. بڕیاردرا كەشتیگەلی جەنگیی بەریتانیا هێرش بكاتەسەر كرۆنشتات[٣٧] كە قەڵای دەریای سەینت پیتەر سۆبرگ[٣٨] بوو. هێرشكردنە سەر كەریمە هەرلەسەرەتاوە خراپ بەرنامەی بۆدارێژرا بوو. كەمی ژمارەی فەرماندە سەربازیەكان، نەبوونی بەرنامە رێژیەكی گشتگیری سەربازی ، زانیاریی كەمو هەڵە دەربارەی لاوازترین خاڵەكانی بەرگری قەڵای سواستۆپڵ، نەبوونی ستراتیژ وسود وەرگرتن لە تاكتیكێكی لاواز، بوونی یەكەیەكی پشتیوانیی ناكاراو خۆ ئامادەنەكردن

---

[٣٥] كەریمە نیمچە دورگەیەكی روسیایە كەپانتایەكی ٩٩٠٠میلی چوارگۆشەیە لەناو دەریای رەشدایەو بەشێك لەئۆكراینی ئێستا پێك دێنێ ـ و .

[٣٦] سواستۆپڵ شارێكی سەردەریایەو سەربە روسیایە ـ و .

[٣٧] Kronstad بەندەرێكی روسیایە لەكەنداوی میتلاند ـ و .

[٣٨] Petersburg پایتەختی جارانی روسیای قەسەری، لینینگرادی ئێستا ـ و .





بۆ روبەروبونەوەی بڵاوبونەوەی ئەو پەتایەی زیانێكی گیانی گەورەی بەهێزەكانی بەریتانیاو فەرەنسا گەیاندو لەهەر ١٠ كەسدا كەسێكی كوشت، هەموو ئەم فاكتەرانە هۆكاری نائومێدی بوون لەناوخۆی ولاتدا . ئەمەیەكەمین جەنگ بوو كە تیایدا پەیامنێرێكی جەنگی بەتواناو بەئەزمون راپۆرتی لەسەر دەركردو رەوانەی دەكردەوە. رتاپۆرتەكانی دەبلیو. ئێچ. رەسڵ[٣٩] پەیامنێری تایمز هەرزوو خەڵكی ورووژاندو فلۆرەنس نایتینگڵ[٤٠] بەبیستنیان، بەهەڵەداوان بەرەو كەریمە بەرێ كەوتن . لەكۆی ٣٠٠٠٠ سەرباز، ٦٠٠٠ لەجەنگدا كوژرانو ٨٠٠٠ برینداربون یان دوچاری پەتابوون. لەم هەلومەرجەدا، پێویست بوو هێزی زیاتر رەوانەی بەرەكانی جەنگ بكرێن، بەڵام هێزی دەریایی لەشوێنێكی جوگرافیی هەڵەدا لەنگەری گرتبوو.[٤١] سەرەنجام كە نارد گواستنەوەی سەربازەكانی گرتە ئەستۆ.

ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بەسەرمای لەرادەبەدەر، نەبونی كەلو پەلی خۆپاراستن لەو سەرمایە، بارودۆخی سوپای سواستۆپڵ كە رۆژانە ژمارەیەكی زۆریان لێدەكوژران، سەرۆكایەتیی ئابەردینیان لەناخەوە هەڵتەكاند.

رەسڵ وەزیری دەرەوەی ئەو كاتە، لەسەر ناكۆكی سەبارەت بە بەرێوەبردنی جەنگ، دەستی لەپۆستەكەی خۆی كێشایەوەو داوای كرد پالمەرستۆن وەزارەتی جەنگ بگرێتە دەست. روباك لەئەنجومەنی نوێنەراندا پێشنیاری سەرزەنشتكردنی حكومەتی خستەروو كە بەدوو لەسەرسێی ئەو دەنگانەی ئامادەی دانیشتنەكە بوون پەسەندكراو حكومەت دەستی لەكار كێشایەوە. وتەكەی پالمەرستۆن كە تیایدا راستگۆیانە بەرگریی لەحكومەت كرد ، هاوشێوەی وتەكەی چێرچڵ بوو دوای كەوتنی نەرویژ لەمایسی ساڵی ١٩٤٠دا.

---

[39] H . Russel

[٤٠] ئەو ژنە قارەمانەیە كەلەجەنگی كەریمەدا بریندارانی سارێژ دەكردو بەخانمی چرابەدەست ناسراوە ـ و .

[٤١] مەبەست كرۆنشتاتە ـ و .

مه کتەبی بیرو هۆشیاری

ئەنجومەنی نوێنەران پاساوەكانی ئەوی لەداكۆكی كردنی لەكابینەی پێشوو قبوڵ نەكردو بەو شێوەیە پیشانیدا كەپێی باشە خودی ئەو پۆستی سەرۆكایەتیی وەزیران بگرێتە دەست.

لەو رۆژگارەدا سەرتاسەری وڵات لەگەڵ پالمەرستۆندا بوون، بەڵام لەو رووەوە كە دەبوایە پێكهێنانی حكومەت بەباڵی ئۆپۆزسیۆن بسپێردرێ، بۆ بانگهێشتی دێربی سەر بەباڵی ئۆپۆزسیۆن كرا تا حكومەت پێك بهێنێ‌و ئەویش تا ئەو ئاستە هاتەپێشەوە كە داوا لەپالمەرستۆن بكا ئەگەر حەزبكا وەزارەتی جەنگ بگرێتەدەست.

پالمەرستۆن قبوڵیكرد بەو مەرجەی كلارندۆن لەپۆستی وەزارەتی دەرەوەدا بمێنێتەوە، لە كاتێكدا دەیزانی كە كلارندۆن تاسەر ئێسقان هاوكاری كردن لەگەڵ دێربیدا رەت دەكاتەوە .

كاتێك هەموو رێگەكان تاقیكرانەوەو ئاكامەكەی بەشكست شكایەوە، شاژن ناردی بەدوای پالمەرستۆنداو بەوشێوەیە ئەو لە٦ی شوباتی ١٨٥٥دا، بو بەسەرۆك وەزیر. كابینەكەی پالمەرستۆن كابینەیەكی نمونەیی بوو: كلارندۆن وەزیری دەرەوە، گلادستۆن وەزیری دارایی، گراهام وەزیری دەریاداری، پانمیور[42] لەحزبی ویگەكان، كەپێشتر وەزیری جەنگ بوو، وەزارەتی جەنگی پێدراو پۆستی سەرداری جەنگیش هەڵوەشایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر كەئەنجومەنی نوێنەران كۆبۆوە، پالمەرستۆن، گلادستۆن‌و هێربێرت گراهامی لەدەستدا.

هۆكارەكەش ئەوەبوو كە روباك پێی داگرت لەسەر ئەوەی لێكۆڵینەوە لەچۆنێتی بەرێوەبردنی جەنگ بكرێ‌و پالمەرستۆنیش كە تائەوكاتە نەچوبوە ژێربارەوە، تەسلیم بوو. دوابەدوای ئەوە ئەوسێ وەزیرە كە هەرسێكیان لەلایەنگرانی پیل بوون، وەك نارەزایی دەربڕینێك، دەستیان لەكار كێشایەوە. پالمەرستۆن بەخێرایی شوێنەكانی پڕكردنەوە. بەوشێوەیە لەسەر شانۆی سیاسی وڵاتدا بێ ركابەربوو، و بەبراكەی وت: (ئێستا من

[42] panmure





مه کتەبی بیرو هۆشیاری

قابیلی رەت كردنەوە نیم.)[٤٣] هاتنە سەركاری ئەو گیانێكی نوێی كردبەبەری دەوڵەتداو بەرەكانی جەنگ بوژانەوەو هێزی زیاتر رەوانەی ئەوجەنگە كرا.

ئەو گۆڕانكاریانە تەنیا بەدڵی دیزارئیلی نەبوولە نامەیەكدا نوسیویەتی: (ئەم پالمەرستۆنە كە وادێتە بەرچاو قابیلی رەت كردنەوە نیە، كابرایەكی هۆقەبازەو وەك بیرەیەكی سەرخۆشكەرە نەك وەك شەمپانیایەك. كەلاكێكی كۆنی بێ ناوەرۆكە كە نەچاوی دەبینێ‌و نەگوێی دەبیستێ‌و ددانەكانیشی تاقمن، كە ئەگەر لەكاتی قسەكردنیدا ركێفیان نەكا، لەدەمیەوە دەكەونە خوارێ. ئەمە هەمان ئەو پیاوەیە كە وڵات ئومێدی بە وزەو تواناو زیرەكی‌و قسەزانی ئەوە، وتا ئەوكاتەی شكست دێنێ، خەڵكی هەر شەیدای دەبن.)

لەبەهاری ساڵی ١٨٥٥دا پالمەرستۆن ئەگەری دانوستانی ئاشتی تاووتوێ كردو لەكاتی سەردانە رەسمیەكەی ناپلیۆنی سێیەمدا بۆ لەندەن لەم بارەیەوە وتوێژی لەگەڵدا كرد. بەمردنی نیكۆلای یەكەم‌و دەست بەكاربونی ئەلكساندەری دووەم لەجێی ئەو، كە بە كەسێكی ئازادیخوازناو دەبرا، دەرفەتی زیاتر بۆ ئاشتی رەخسا.

نەمساییەكان بڕیاریاندا بۆ داگیركردنی دوو شازادەنشین، هێزێكی گەورە رەوانەی ئەو شوێنانە بكەن، بەڵام روسەكان نیازی خۆیان بۆ پاشەكشە ،كە یەكێك بوو لەمەرجە بنەڕەتیەكانی ئاشتی، خستەروو. پالمەرستۆن كە بەپێچەوانەی ناپلیۆنەوە متمانەی بەخۆی زۆر بەهێز بوو وپێگەی خۆی بەهێز دەبینی، زیاتر پێی لەسەر مەرجەكانی داگرت‌و رایگەیاند كە روسەكان نەك هەر تەنیا لەدەریای رەش بچنە دەرەوە بەڵكو دەبێ كەریمەش تەسلیم بەتوركەكان بكەن. لەم بارودۆخەدا، جەنگیش هەر بەردەوام بوو. هاوپەیمانان سەركەوتنی زیاتریان لەكەریمە بەدەست هێنا، سواستۆپڵ كەوت،و كەشتیگەلی روسیا لەناو دەریای رەشدا لەناوچوو. رووسەكان ترسی ئەوەیان هەبوو كە لەوەرزی بەهاردا هێرشێكیان لەباكورەوە بكرێتە سەرو هاوپەیمانان لەمێنلاندەوە هێرش بەرن‌و كرۆنشتات

[٤٣] مەبەست شاژن‌و دەربار بوو كە ناچاربوون قبوڵی بكەن ـ و .

داگیر كەن‌و لەسان پیتەرسبۆرگ نزیك ببنەوە. لەگەرمەی ئەم نیگەرانیانەدا لەناكاو نەمسا وادەیەكی دەستنیشان كردو روسەكان لەئاشتی زیاتر رێگەی تریان لەبەردەمدا نەما.

دانوستانی ئاشتی لەپاریس دەستی پێكراو بۆ رۆژی دوایی هەردولا لەسەر راگرتنی جەنگ رێك كەوتن. لەكاتی دانوستانەكاندا پالمەرستۆن پێی لەسەر لانی زۆری مەرجەكانی خۆی دادەگرت، لەكاتێكدا ئەندامانی كابینەكەی خۆی‌و تەنانەت فەرەنسییەكانیش باوەڕیان بەئاشتیەكی گونجاوتر هەبوو. بەهەرحاڵ بەگوێرەی پەیمانی ئاشتی، دەریای رەش لەچەك داماڵرا.

دووشازادە نشینیش لێك دران‌و ولاتی نوێی رۆمانیایان پێك هێنا: بەروكەش لە ژێر دەسەلاتی سولتانی توركیا دابوون. لە كاتێكدا لەهەموو كاروبارەكانیادا سەربەخۆبون‌و سەرۆك وەزیرەكەی پالمەرستۆن لەكاتی ئاشتیدا تارادەیەكی زۆر ئارام بوو ونۆساڵ‌و نیوی تر لەدەسەلاتدا مایەوە.

لەسەردەمێكدا كەدڵسۆزی‌و لایەنگریی حزبی گۆرانكاری‌و جێگۆڕكێی بەسەرداهاتبوو، وپارلەمان دەسەلاتی دانان‌و لابردنی حكومەتەكانی لەدەست دابوو، ئەو دەسەلاتی تەواوی هەبوو. تا دارشتنی قانونی چاكسازی لەساڵی ١٨٣٢دا، هەر جۆرە گۆرانكاریەكی گەورە لەدڵسۆزیی ئەندامانی حزبێكدا (گۆران لەبیروباوەڕیاندا) وەك بومەلەرزەیەك وابوو. دوای ئەوە، بۆیەكەمین جار پیت پەرەی بە حزبی توری داو (حزبی موحافیزكار)ی دامەزراند كە نەوەیەك بەردەوام بوو.

دوابەدوای پەسەند كردنی قانونی چاكسازی لەساڵی ١٨٦٧دا، بازنەی كاری حزبەكان بەگوشاری دیزرائیلی‌و گلادستۆن‌و ئەوانەی دەوروبەریان، تادەهات سنورداتر دەبوو بەشێوەیەك كە (جۆزیف) چەمبەرلین حزبی لیبرالی تەمەن هەشتا ساڵی لەسەر مەسەلەی حكومەتی نەتەوەیی‌و حزبی توری لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا لەسەرمەسەلەی چاكسازیی تاریفە پارچەپارچە كرد.





لەماوەی نێوان دووقانونی چاكسازیش تاقمچێتی لەسەر بنەمای بیروباوەڕی سیاسی‌و شەخسی پێكهێنراو رەواجی پێدرا، بەلام هاوشێوەی روبارێكی بەستوو لەوەرزی توانەوەی سەهۆڵدا (بەهار) چۆڕایەوە. بەهەرحاڵ لەسەردەمی ئەوپەڕی دەسەلاتی پارلەماندا هەروەك والتەر بیجهات دوپاتی دەكاتەوە، ئەوە ئۆرگانی هەڵبژاردنی گەل بوو كابینەكانی دەهێنایە سەركار یا لایدەبرد.

لۆردبلیك لەلێدوانەكانیدا لەئەكادیمیای بەریتانیا ئاماژەی بەوەداوە كەهەریەك لەو شەش پارلەمانەی لەنێوان سالانی ١٨٤١و ١٨٦٥دا هەڵبژێردراون، بەر لەهەڵوەشانەوەی خۆیان، لانی كەم یەك‌و، هەندێ جاریش دوو، حكومەتیان خستبوو.

لەوسەردەمە زریاناویەی مێژووی ئینگلیزدا كە پالمەرستۆنی پیر زیاتر لەنۆ ساڵ جگە لەشانزە مانگ لە (١٨٥٨) تا (١٨٥٩)، لەسەر كورسیی دەسەلات مایەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەنەبوو كە بەسەر پارلەماندا بالادەست بوو هیچ گروپێكی ئایدۆلیژیش لەگۆڕەپانەكەدا نەبوو، بەڵكو لەبەر ئەوە بوو كە لەناو خەڵكیدا دەسەلات‌و نفوزی هەبوو. دوابەدوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٥٧لۆرد شافتسبیێری وتی: (پێ ناچێ هیچ پێوەر، بنەما یا هاوارێك كە كاریگەری لەسەر بیروڕای خەڵكی هەبێ‌و لەهەڵبژاردندا چارەنوس سازبێ، بوونی هەبێ. تەنیا شكستێكی سادە هەیەو ئەویش ئەمەیە كە: (ئایا لایەنگری پالمەرستۆن بوی یا نەبوی؟ ئایا هەی یا نیت؟) هەرچەندە كە پشتگیریی پارلەمان وەك لی بیابان هەردەم قابیلی گۆڕان بوو، بەلام پالمەرستۆن هەر نەسرەوت‌و بەپێوەمایەوە.

رەخنەی ئەوەیان ئاراستە كرد كە لەبەرامبەر یاخیبونەكەی هیندستاندا كەم تەرخەم بووەو گرنگی پێ نەداوە. شاژن پێی وت ئەگەر ئەندامی پارلەمان بوایە لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە لاوازەیدا بەرامبەر بەو یاخی بونە، سەرزەنشتی دەكرد. لەساڵی ١٨٥٨هەڵەیەكی دەگمەنی كرد. دوابەدوای پیلانەكەی ئۆرسینی[44] بۆكوشتنی ناپلیۆنی سێیەم‌و ئیمپراتریسی ئۆژنی[45] لەسەر رێی ئۆپراو ئاشكرابوونی ئەو راستیەی كە

[44] orsini
[45] genie

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئۆرسینی نەك هەرتەنیا پەیوەندیی لەگەڵ پەنابەرە ئیتاڵیەكانی نیشتەجێی لەندەندا هەبووە، بەڵكو بۆمبەكانیشی لەئینگلتەرە دەستەبەر كردوە. پالمەرستۆن، لائیحەی (پیلان گێڕان بۆ كوشتن)ی لەوەڵامی پێداگرتنی فەرەنسادا بۆلێكۆڵینەوەی زیاتر لەو مەسەلەیە، خستەبەردەم ئەنجومەن.

بەڵام لەدانیشتنی دووەمدا تاكتیكەكانی دیزرائیلی شكستی بەدەوڵەت هێنا.

بەو شێوەیە چەند مانگێك دوای سەركەوتنی پالمەرستۆن لەهەڵبژاردنی گشتیدا، دەستی لەپۆستی سەرۆك وەزیری كێشایەوەو دێربی بوو بەسەرۆك وەزیرو دیزرائیلیش بە وەزیری دارایی.

حكومەتەكەی دێربی زۆر گوێ رایەڵو پشودرێژ بوو، هەربۆیە شانزە مانگ بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا هەڵبژاردنێك ئەنجام درا كە ئاكامەكەی یەكلایی كەرەوە نەبوو. دیزرائیلی بانگهێشتی پالمەرستۆنی كرد بێتە ناو كابینەوە،و وتی هەرچەندە كە ئەو لە كابینەدا پۆستی وەزارەتی دەرەوە ناگرێتەدەست، بەڵام بەسەرجەم سیاسەتی دەرەوەدا، باڵادەست دەبێ بالمەرستۆنو رەسڵ كە تا ئەوكاتە بەرامبەر یەك وەك سەگو پشیلە وابوون، چەند وتوێژێكیان ئەنجامداو دوابەدوای ئەوە، لە٦ی كانونی دووەمدا، حزبی لیبرالی پارلەمانی[٤٦]لە ویلیزورم كە پێشتر شوێنی حەوانەوەی پالمەرستۆن بوو، كۆبۆوە. ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە كە دەوترێ حزبی لیبرالی تێدا دامەزراوە. ئەوە هێمای كۆتایی سەردەمی ویگەكان بوو، بەڵام چ كەسێك رابەرایەتی ئەو حزبە نوێیەی دەگرتە دەست: روسڵ یا پالمەرستۆن؟شاژن ناردی بەدوای گرانڤیلدا، بەڵام ئەو هەرزوو گەیشتە ئەو قەناعەتەی كە ناتوانێ حكومەتێكی بەهێز پێك بهێنێ: و ئەوە پالمەرستۆن بوو كە دەیتوانی حكومەتێكی ئاوا بێنێتە سەركار. كاتێك دێربی لەپارلەماندا متمانەی پێ نەدرا، پالمەرستۆن دەسەڵاتی گرتە دەست. حكومەتە نوێكەی ئەو بەشێوەیەكی گشتی لەسەر شانی: ویگەكان، رادیكاڵەكانو لایەنگرەكانی پیل بوو، گلادستۆنیش بوو بە

[46] arliamen targ Liberal party





مەكتەبی بیروهۆشیاری

وەزیری دارایی. پالمەرستۆن هەرزوو لەگەڵ قەشەكاندا دوچاری كێشە هات. ئەوان داوایان لەدەوڵەت كردبوو كە لەبەر بڵاوبونەوەی پەتا لەسكۆتلەندا رۆژێك وەك رۆژی نەتەوەیی و بۆ نزا رابگەینێ، بەڵام پالمەرستۆن زۆر بەتوندی وەڵامی دانەوەو وتی لەجیاتی ئەوە باشتروایە باری تەندروستی لەئەدنبرە گرنگی زیاتری پێبدرێ.

بەئاماژە بەوەی كە هەموو منداڵێك بەباشی لەدایك ئەبێ،و ئەوە پەروەردەو فێر كردنو دەوروبەری خراپە كە منداڵ دەخاتە سەررێی خراپە، خۆی خستە ناو گێژاوێكی ترەوە.

ناچاریان كرد لەو قسەیەی پاشگەزبێتەوە، مەگەر رونی بكاتەوە كەمەبەستی بەدرۆ خستنەوەی بنەمای یەكەمین گوناه نەبووە.[٤٧] هەنێك لەقەشەكان سكاڵای ئەوەیان هەبو كە پالمەرستۆن وەك (دەسەڵاتێكی دەرەكی) لەگەڵ كڵێسادا هەڵسو كەوت دەكا.

دوابەدوای ئاگركەوتنەوە لەناو كابینەكانی پارلەماندا كەوێرانكاریی بوونی لێ كەوتەوە، پالمەرستۆن بڕیاری دا بینایەكی نوێ بۆپارلەمان بنیاد بنێ.

پالمەرستۆن نەخشەی (سكۆت)[٤٨]ی بۆ وەزارەتی دەرەوە كە لەشێوازی (گۆتییك)ەوە وەرگیرابوو رەت كردەوە، وقەناعەتی پێكرد كە نەخشەیەكی تر بەكامی دڵی پالمەرستۆن ئامادەبكا. نەخشەی یەكەم بۆ بەڕێوەبەرانی هێڵی ئاسنی میدئێز پێشنیاركراو هەر لەسەر ئەو نەخشەیەئوتێلی هێڵی ئاسنی (سەینت پانكراس)[٤٩] دروستكرا.

ئەو لەپێناوی بەرژەوەندیەكانی خۆیدا، پارلەمانی فەرامۆش كردو بەردەوام لەخەڵكی نزیك دەبۆوە. بەزمانی ئەمڕۆ، ماوەیەك دەستی لەكار كێشایەوەو لایەنگرانی خۆی لەناو

[٤٧] مەبەست یەكەمین گوناهی ئادەمی باوكی مرۆڤە كە سەرپێچیی لەفەرمانی خواوەند كردوەو سێوێكی لەدرەختەكە كردۆتەوەو لەبەهەشت دەركراوە و .

[48] Scott

[49] st. poncras

مەكتەبی بیروهۆشیاری

خەڵكیدا بەسەر كردەوەو بەو شێوەیە تۆڵەی لەپارلەمان كردەوە. جاسپەر ریدلی[٥٠] كە ژیاننامەی پالمەرسۆتی نوسیوەتەوە، دەڵێ لەوە بەدواوە وێنەی پالمەرستۆن گۆڕا.

چیتر كاریكاتۆریستەكان وەك جاران وێنەی ئەویان نەدەكێشا، بەڵكو وەك دیدەوانێكی كۆنی تۆپخانە وێنەیان دەكێشا كە لەپشت تۆپێكەوە لەناو قوللەی قەڵایەكەوە تۆپچییەك ئاراستەدەكا.

گەورەترین كێشەی خۆگونجاندن بوو لەگەڵ گلادستۆندا .گلادستۆن پیاوێكی دەوڵەتی بەرجەستەو ژیر بوو. لەسەردەمی (پیت)و (پیل)ە وە خاوەنی باشترین شێواز بوو لەنوسینەوەی بودجەدا. هەڵسوكەوتی قەشەییانەی هەر سەرۆك وەزیرێكی دوچاری پەشێوی دەكرد. مەسەلەی چاكسازیی پارلەمانی لەبەرنامەی كاری پارلەماندا تا دەهات زیاتر بەرەو سەر دەكشاو چەندین بەرنامەی سنوردار بۆ بەرفراوان كردنی مەرجەكانی هەڵبژاردن دەخرایە روو. مەسەلەكە زۆرمشت و مڕسازو هەستیار بوو.

لەمایسی ساڵی ١٨٦٤دا، گلادستۆن بێ ئاگاداركردنی (پێش وەخت)و راوێژ لەگەڵ سەرۆكی حكومەتدا، وتەیەكی پێش كەش كردو تیایدا وتی كە بەراستی نازانێ خەڵكانێك خاوەن عەقڵو توانای هەڵسەنگاندنیان باش بێ مافی بەشداری كردنیان لەهەڵبژاردنو دەنگداندا نەبێت. پالمەرستۆن كە سەبارەت بە بیروهۆشی جددیی گلادستۆن دوچاری دودڵی ببووەو دوای بیستنی ئەو قسەیە، پەشۆكاو لەخۆی پرسی ئەی ژنان؟ شاژن گلەییەكی دۆستانەی كرد. لەدیدی سەرۆك وەزیرەوە، ئەم وتەیە وەك ئەوە وابوو بانگهێشتی بزوتنەوە كرێكاریەكان بكرێ كە بۆ خستنە رووی داخوازی مافی گشتی بەشداری كردن لە هەڵبژاردندا راپەڕن، ونەچنە ژێرباری چاكسازیی پارلەمانیی سنوردارەوە.

گلادستۆن لەو بارەیەوە بەنوسراو سەر زەنشت كرا، لەبەر ئەوەی پالەمەرستۆن لەو باوەڕەدابوو كە ئەم شێوەی بیركردنەوەیە، وڵات دەداتە دەست سەندیكا كرێكاریەكان.

[٥٠]per Kidley





مەكتەبی بیروهۆشیاری

شافتسبێری لەبیرەوەریەكانیدا نوسیویەتی پالمەرستۆن تەنیا رقی لەدوو كەس بوو: برایت[٥١]كە كەسێكی رەوشت نزم بوو وگلادستۆن. پالمەرستۆن بەشافتسبێریی وت: (گلادستۆن هەرگیز وەك هاوكارێك هەڵسوكەوتی لەگەڵ مندا نەكردووەو باری سەرنجی منی بەلاوە گرنگ نەبو.) لەوەش زیاتر بەشافتسبێریی وت كە گلادستۆنی لەدارستانی لایەنگرانی پیلەوە هێناوەتە ناو كابینەوە: (زۆر نابا گلادستۆن دەگەڕێنمەوە بۆ ئەو جێیەی كەلێوەی هاتووە،و هەركاتێك جێی منی گرتەوە ئەوكاتە دەتوانێ بیروبۆچونە سەیروسەمەرەكانی خۆی پیادە بكا.) لەشوێنێكی تردا وتویەتی لەوباوەڕەدایە گلادستۆن حزبی لیبرال لەناو دەباو خۆی لەشێتخانەدا دەبینێتەوە. لەو هەڵبژاردنەدا كە كراوە، سیاسەتی دەرەوە بەئەندازەیەك گرنگیی پێدەدرا كە لەئاكامدا دەوڵەتی دێربی كەوتو پالمەرستۆن جارێكی تر دەسەڵاتی گرتەوە دەست.

دوای چەندین ساڵ پشتیوانی كردن لەمافی حكومەتە قانونیەكان لەبەرامبەر كەمینە یاخی بووەكاندا، لەژێرگوشاری رولەزیاد بوی رەسڵ دا، ناچار بوو داكۆكی لەیەكێتیی ئیتاڵیا بكا. ساردنی[٥٢] پێشەنگی شۆڕی ئیتاڵیا، دوابەدوای شۆڕشی كاڤۆر[٥٣] لەپێناو ئازاد كردنی ئیتاڵیادا، لەگەڵ نەمسادا بەجەنگ هات. رەسڵ خۆی بۆ یەكێتیی ئیتاڵیا تەرخان كردو فەرەنساش پشتگیری لە ریزۆجی مینتۆ كرد[٥٤].

سەرەتا پالمەرستۆن بەتوندی لایەنگری لەو رژێمەی ئیتاڵیا دەكرد، بەڵام لەژێر گوشاری یەك لەدوای یەكو بەردەوامی رەسڵدا، كارگەیشتە ئەو جێیەی وەك یەكێك لەبنیات نەرانی یەكێتیی ئیتاڵیا بناسرێ. فەرەنسا، بنیادنەری راستەقینەی وڵاتی سەربەخۆی ئیتاڵیابوو. گەرچی (فەرەنسا) لەكاتی هێرشەكانی گاریباڵدیدا بەئاگاوە

[٥١]iqht

[٥٢] دورگەیەكی خۆرائاوای ئیتاڵیایە ـ و .

[٥٣]cavour

[٥٤] Risargimente سەردەمی مێژویی یا بزوتنەوەی ئازادیو یەكێتی سیاسی ئیتاڵیایە كە لە١٧٥٠وە تا ١٨٧٠درێژەی هەبوو ـ و .

هەڵسوكەوتی كردو لەلایەن بەریتانیاشەوە پشتگیریی لێدەكرا، بەڵام رەوتی روداوەكان لەئیتاڵیا خۆی لەخۆیدا بەئاراستەی یەكێتیەك دەڕۆیشت كە پالمەرستۆن لەژیاندا نەما تابەچاوی خۆی ببینێ كە نزیكەی بە درێژایی ماوەی سەرۆك وەزیریەكەی پەیوەندیی لەگەڵ فەرەنسادا خراپە بوو، بەجۆرێك كەهاوشێوەی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی پیت، بەراستی ترس لەهێرشی فەرەنسا لەئارادا بوو (و خودی پالمەرستۆن چەندین جار ئەوەی دوپات كردۆتەوە). یەكێك لەناكۆكیە قوڵەكانی لەگەڵ گلادستۆندا لەسەر داپینكردنی بودجە بوو بۆ بەهێزكردنی رێوشوێنی سەربازی لەكەناڵی ئینگلیزی[55]. لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست روبەروی بەهێزبونی توركەكان لەبەرامبەر بزوتنەوەی سەربەخۆ خوازی مارۆنیەكانی[56] لوبنان ببۆوە چالاكانە جموجۆڵی دەستپێكرد بۆ رێ گرتن لە بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەی هەڵكەندنی كەناڵی سویس لەلایەن فەرەنسیەكانەوە، بەڵام بێ ئاكام بوو: نیگەرانیەكانی بەرامبەر بەگەیشتنی هێزە دەرەكیەكان بۆ هیندستان، لەرێگەی كەناڵێكەوە، نیگەرانیەكانی پیت دێنێتەوە یاد.

هەمان ئەو نیگەرانیانە وایكرد دیزرائیلی پشكێكی خاوەندارێتی ئەو كەناڵە دوای هەڵكەندنی بكڕێ.

پشتیوانیی بەهاتو هاواری پالمەرستۆن لەویلایەتە كۆنفدراڵیەكان لەجەنگە ناوخۆییەكانی ئەمریكادا. ئەویش لەژێر دەمامكێكی بێ لایەنیدا، بەپێچەوانەی بیروباوەڕە ئاشتی خوازیەكانی ئەوەوە بوو، ولەبەردەم مێژودا قابیلی بەرگری لێكردن نەبوو. بۆیە یەكەمین جار لەكانونی دوەمی ١٨٦١دا، لەنامەیەكدا كە بۆشاژنی نارد ئاماژەی بەوەدا كە (بەم زووانە كۆنفدراسیۆنی گەورەی باكور لەبەریەك هەڵدەوەشێ.)

[55] بەریتانیا لەو باوەڕەدابوو كە لە رێ ی بەهێزكردنی كەناڵی ئینگلیزیەوە خۆی لەبەرامبەر ئەگەری هێرشی فەرەنسادا سازو ئامادە دەكا. ئەم ترسە لەسەردەمی دەسەڵاتی ناپلیۆنەوە لەفەرەنسا سەری هەڵداو تاماوەیەكی زۆر درێژەی هەبوو.

[56] مارۆنیەكان ئەندامی مەزهەبی بونیات (یەكێتی كلێسا كاسۆلیكیەكانی یۆنانو رۆم)نو بەزۆری لەلوبنان نیشتەجێن، بەزمانی سامی باكوری خۆراوا یا ئارامی (زمانی ئێستای خەڵكی فەلەستینو سوریا)ە، نوێژدەكەن.





پالمەرستۆن ئەم جارەیان لەهەڵسەنگاندنی باردوخی باكورو تەنانەت لەنكشایەر[57]و هەستو نەستی خەڵكی ئەو ناوچانە بێ ئاگابوو.

لەوسەردەمەدا بێكارییەكی زۆر لەنكشایەری گرتبۆوەو دانیشتوانی ئەودەڤەرە بەدەست برینی پشكی هاوردەی لۆكەوە دەیانناڵاند. كرێكارانی كارگەكانی رستنو چنینی لەنكشیر (یاداشت نامەیەكیان) بۆ ئەبراهام لینكۆڵن ناردو تیایدا ئاماژەیان بەوەدا كە هەرچەندە بەهۆی نەبونی لۆكەوە لەباردۆخێكی نالەباردانو بەدەست بێكاریەوە دەناڵێنن، بەڵام بەهەمو توانایەكیانەوە پشتگیری لەخەباتەكەی ئەو لەپێناوی ئازادیی مرۆڤدا دەكەن.

هەرچەندە لەندەنیەكان زۆربەیان پشتگیرییان لەباشور دەكرد، بەڵام پالمەرستۆن كەمترین لایەنگریی لێدەكردن[58]،و لەو روەوە هەڵوێستی شاژن لەهەمویان هاوسەنگ تر بوو. پێشینەی پالمەرستۆن لەروبەڕوبونەوەی كۆیلەییدا، لەبەرامبەر بڕیارەكەی لینكۆڵن سەبارەت بەئازادكردنی كۆیلەكان،و بەخشینی مافی كۆمەڵایەتی پێ یان، ئەو گرنگیەی جارانی نەما.

كاردانەوەی بەرامبەر دەركردنی مەیسونو[59] سلایدل[60]، كە دووكاربەدەستی سیاسیی ئەو كۆنفدراسیۆنە بوون لەترێنت لەلایەن كەشتیەكی جەنگی فیدرالیەوە، هەڵەیەكی گەورەی كرد. ئەوكاردانەوەیان بەسەری هەڵدا.

[57]Lancshire

[58] سەبارەت بەلایەنگری یا دژایەتیكردنی پالمەرستۆن بۆ یەكێتیی باشور، پێویستە ئەوە رون بكرێتەوە كە لایەنگریی ئەو لەیەكێتیی باشور لەكاتی جەنگی ناوخۆدا سەری هەڵدا، لەبەر ئەوەی كە ئەوپشتگیریەی بەپێویست دەزانی، بەڵام پشتگیریی تەواو لەباشور، لەكاتێكدا كەباشور لایەنگری بازرگانی كردن بەكۆیلەوە بوو وپالمەرستۆن دژی بوو، نەدەكرا پشتگیریەكی هەمەلایەن بێ،و پالمەرستۆن ناچاربوو خۆی واپیشان بدات كە كەمتر لایەنگری ئەو یەكێتیەیە -و .

[59]ason

[60]idell

سەرەتا بە رەوانەكردنی نامە لەلایەن رەسڵەوە بۆ واشنتۆن كە داوای لێكردن داوای لێبوردن بكەن، دوەمیشیان بە رەوانەكردنی سێ هەزار سەربازی ئینگلیزی بۆ كەنەدا كە هەردوكیان هەڵە بوون. هێندەی نەمابوو بەریتانیا جەنگ لەدژی لینكۆڵن رابگەیەنێ. كوڕی باڵیۆز ئادام[٦١] لەبیرەوەریەكانی خۆیدا نوسیویەتی ئەگەر سیستمی تەلەگرافی سەرتاسەری ئۆقیانوسی ئەتڵەنتیك (كە ئەوروپای بەئەمریكاوە گرێ دەدایەوە) بكەوتایەتە گەڕ، بەریتانیا لەگەڵ ئەمریكادا دوچاری جەنگ دەبوو.

گوێی پێنەداو ناوردبینی وایكرد كە كەشتی ئەلەباما[٦٢] لەكارگەیكەشتیسازیی (بێركن هێد)ەوە بەرەوە دەریا بخزێ، نەك سیاسەت.

ئەم كارە زیانێكی قورسی بەكەشتیگەلی بازرگانیی یەكێتیی[٦٣] گەیاند. گلادستۆن رێزو حورمەتی بۆخۆیو بۆ وڵاتەكەشی دەستبەر كرد، كاتێك وەك سەرۆك وەزیر، رەزامەندیی پیشان دا لەسەر ئەوەی ئەمریكیەكان داخوازیی خۆیان بە قەرەبووكردنەوەی ئەو زیانانەی لێ یان كەوتوە، بخەنە بەردەم دیوانی دادپەروەریی نێودەوڵەتی.

---

[61] Adam

[62] Alabama

[٦٣] یەكێتی یا Union ناوی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكایە ـ و .









دوو وێنەی لۆرد پالمەرستۆنو لەیدی پالمەرستۆن





هەرچەندە ئەو حوكمەی كە لەوبارەیەدا درا، بەنرخێكی گران بۆ باجدەرانی (ئینگلیزی) تەوابوو. بەرلەوەی دوایین دیمەنی جەنگی ناوخۆی ئەمریكا بەئیمزای بەڵگەنامەی تەسلیم بوون لەپارێزگای ئاپۆماتاكس[٦٤] پیشان بدرێو لنكۆڵن[٦٥] بكوژرێ، باری تەندروستیی پالمەرستۆن، كە تەمەنی گەیشتبووە هەشتاساڵ، زۆر تێك چوبوو. زۆربەی كات هۆشی لای خۆی نەبو لەپارلەمانو لەكابینەدا خەوی لێدەكەوت. گرین ویل كارگێڕی دەستەی راوێژكارانی دەربار نوسیویەتی: (پالمەرستۆن لەكابینەو لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەردەوام خەوی لێدەكەویو بەراكێشانی كلاوەكەی بۆسەر چاوی، هەوڵ دەدا خەولێكەوتنەكەی بشارێتەوە.) سەرەرای ئەوەش، لەساڵی ١٨٦٥دا پارلەمانی هەڵوەشاندەوەو بەم كارەی زۆرینەی خۆی زیاتر كرد. لەم كەینو بەینەدا گلادستۆن كورسیەكەی خۆی لە (ناوچەی هەڵبژاردنی) ئۆكسفۆرد لەدەستداو پالمەرستۆنی هاندا تا باری سەرنجێكی پڕمانای تر (كەدوایین بۆچونی ئەو بوو لەو ماوەیەدا كەهۆشی لای خۆی نەمابوو) بخاتەڕوو. دوای سێ مانگ پالمەرستۆن مرد.

گومانی تێدانیە كەپالمەرستۆن مەزنترین كەسایەتی بووە لەمێژوی داونینگ ستریتداو لەدیدی خەڵكی وڵاتەكەشیەوە وەكو بتێك وابوو. ئەو سنوری ناوچەكانی هەڵبژاردنی تێپەڕاندو چووە ناو دڵی خەڵكیەوە، بەجۆرێك هیچ كام لە هاوسەردەمەكانی نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە. هیچ كام لەوەزیرانی دەرەوەو سەرۆك وەزیرەكان بەئەندازەی ئەو لەنێو سەرۆك وەزیرانو كاربەدەستانی باڵای ئەوروپاو جیهاندا سەروەر نەبووە. حزبی لیبرالی لەسەیرانگاكەی جارانی خۆی لەئالماك، ئەو شوێنەی كەبەر لەنیو سەدە جێی حەوانەوەی بوو، دامەزراند.

---

[٦٤] APPomatox شارێكە لەناوەندی ویلایەتی ڤێرجینیا كە لەوێدا ژەنەراڵ(لی). لە٩ی نیسانی ١٨٥٦دا تەسلیم بەژەنەراڵ گرانت بوو ولەئاكامدا جەنگی ناوخۆیی كۆتایی هات ـ و .

[٦٥] ئەبراهام لینكۆڵن ١٨٠٩ ـ ١٨٥٩، شانزەیەمین سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتوەكان بەدەستی ئەكتەرێكی شانۆیی ئەمریكی بەناوی جۆن ویلكزبوس كوژرا ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مێژوو نوسان ،ئەوانەی لەو سەردەمەی ئەودا ژیاون لەوەسفکردنی کورتی ئەودا لەپێشبڕکێدا بوون: (موحافیزکار لەناوەوەو ئازادیخواز لەدەرەوە)، کە وەسفێکی لەرادەبەدەر کورت کراوەیە. دیزرائیلی بەو (توری)یەی وەسف کردوە کەسەرۆکایەتیی کابینەیەکی رادیکاڵی کردوە. لۆرد سالیسێری چاکتر پێکاویەتی و دەڵێ: (پالمەرستۆن خوازیاری راوبۆچونی رادیکاڵەکان، دامەزراندنی ویگەکانو سیاسەتی توری یەکان بوو.)، بەڵام ئەمەشیان پێناسەیەکی زۆر سادەیە. سیاسەتی ئەو سەبارەت بەچەندین مەسەلەی هاوشێوەی سیاسەتی ئازاد کەیەکێك بوو لەکلیلەکانی سیاسەتی دەرەوەی، ململانێ لەدژی کۆیلەیی بەدرێژایی ژیانیو دوانەکەوتن لەچاکسازیی پارلەمانی، بەڵگەی ئەوەن کەرێبازی سیاسیی سەبارەت بەچەندین مەسەلە،لەبنەمادا رێبازێکی واقیع بینانە بووە سیاسەتی بەرامبەر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، بۆنمونە لەحاڵەتی ئیتاڵیادا ،و بەشێك لەلایەنەکانی سیاسەتی بەرامبەر خۆرهەڵاتی نزیك کەتیایدا ١٨٠پلە ئاراستەی گۆڕی، واقیعبینیەکی کەم بەها نەبوو.

رەنگە شێوازی کارکردنی کە ئاوێتەیەك بووە لەزیرەکیو خۆشویستنو خۆدەرخستن، لەسیاسەتەکەی گرنگ تربێ.

ئەو شێوازەش، دوابەدوای ئەوەی جێی ئابەردینی گرتەوە ،لەبەرێوەبردنی جەنگی کەریمەدا رەنگدانەوەی هەبوو، بەتەواوەتی ئاراستەی ئەو جەنگەی گۆڕی،و هەروەها لەچەندین لایەنی سیاسەتی دەرەوەیدا، هەستی پێکراوە. پالمەرستۆن دەیویست بەریتانیا لەسەرو هەموو وڵاتانی دنیاوە بێ.

هەموو سەرۆك وەزیرێك چێژ لەکارەکەی خۆی نابینێ،و کەم سەرۆك وەزیر هەیە بەقەد پالمەرستۆن چێژی لەکارەکەی خۆی بینیبێ.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی چوارەم



سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بێنجامین دیزرائیلی



**دیزرائیلی لەگەڵ شاژن ڤیکتۆریادا**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

دیزرائیلی كۆنتی بێكنسفیلّد[1] ، یەكەمین سەرۆك وەزیرە كە لە بەڵگەنامەیەكی رەسمیدا، بە سەرۆك وەزیر ناوبرابێ، ئەوەش لەكاتی ئیمزاكردنی پەیمانی بەرلینیدا، لەساڵی ١٨٧٨دا، كە ناوی خۆی لەخوارەوە بەناوی بیكنسفیلد لۆردی یەكەمی خەزێنەو سەرۆك وەزیری خاوەن شكۆ شاژنی بەریتانیا ئیمزاكردوە.

ئەو پیاوێكی رچەشكێنی سەردەمەكەی خۆی بوو. پیاوێك كە زیاتر لە هەر كەسێكی تری سەردەمەكەی بەجۆرێك خۆی دروست كرد كە بەگەرمی لەئامێزی بگرن. ئەو كەسایەتیەكی بێ هاوتای هەموو سەردەمەكانە. لۆرد بلیك نوسەری بەرجەستەترین ژیاننامەی دیزرائیلی، حوكمێكی گرنگی دەربارەی داوە. دەنوسێ: (ئەستەمە بتوانی بیهێنیتە بەرچاوی خۆت كە گلادستۆن لەهەر سەردەمێكی تردا، جگە لەسەردەمەكەی خۆی، بژی، بەڵام زۆرئاسانە بیهێنیتە بەرچاوی خۆت كە دیزرائیلی هەم دەتوانێ ئەمڕۆ بژیو هەم لەسەردەمی (لۆرد نۆرس) یشدا.)

دیزرائیلی زیاتر لەهەموو ئەوانەی پێش خۆیو زۆربەی جێنشینەكانیشی، لەبەرزبونەوە و بەردەوام بوونی ناوبانگیدا، تا رادەیەكی زۆر قەرزداری ئەنجومەنی نوێنەرانە. هەرچەندە كارەساتبارترین وتەی لەمێژوی پارلەماندا پێش كەش كرد، بەڵام وانەكەی خۆی لەبەربوو، و بەهێزی زمانە سەرسوڕهێنەرەكەی، پێشەواكەی خۆی (رۆبێرت پیل) كە لەبیرو بۆچونی پێشوی خۆی سەبارەت بەقانونەكانی دانەوێڵە پاشگەز بوبۆوە، تێك شكاند.

كاتێك بۆیەكەمین جار دوای ساڵی ١٨٧٤ زۆرینەیەكی دڵنیاكەری بەدەست هێنا، چیی ویست لەئەنجومەنی نوێنەراندا كردی، تا بەرەو ئەنجومەنی لۆردەكان هەنگاوی نا. دەسەڵاتی بەسەر پارلەماندا تارادەیەكی زۆر زادەی توانای رەوانبێژیی بوو.

---

[1] Eavl of Beacon sfield





هونەرەكەی لەوەدابوو كە بە دەستەواژەیەكی كورت، بابەتی قسەكەی ڕوون دەكردەوەو بۆخستنەرووی ناوەرۆكەكەی، بەگوێرەی پێویست پەنای بۆ وشەی داهێنراوو فەلسەفی دەبرد.

چاپی دووەمی كتێبی وتەكانی ئۆكسفۆرد، پێنج ستون و نیوەی لاپەڕەیەكی بۆ پوختەی وتەكانی دیزرائیلی تەرخان كردوە كە لەپارلەمانداو لەسەرتاسەری وڵاتدا پێشكەشی كردون بەش بەحاڵی خۆی بێ هاوتایە. لەبەر ئەوەی ئەگەر ویلینگتۆن بخەینە لاوە، دەبینین ئەو روبەرەی كە لەوكتێبەدا بۆ وتەكانی دیزرائیلی تەرخان كراوە، لەو رووبەرە زیاترە كە بۆ وتەی سەرجەم سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا پێكەوە تەرخان كراوە. دیزرائیلی كە سەرەتا لە بنەماكانی سیاسەت بێ ئاگابوو، وپشتی بەهەستی سروشتیی خۆی دەبەست، لەهونەری سیاسەتدا گەیشتە پلەی مامۆستایی.

ئەو هەنگاوانەی كە لەروی ستراتیژیو فەلسەفیەوە بێ بایەخ دەهاتنە بەرچاو، بەرگی كارامەییو مەنتیقی بە باڵادا دەبڕین.

ئەوەی بەریتانیا دەبێ زۆر لێی بترسێ، سەرۆك وەزیرێكە كە یەكەمین كاردانەوەی لەروی نەستەوە (نەست بریتیە لەعەقڵی سروشتی لەبەرامبەر عەقڵی ئەزمونیدا ـ و.) كاردانەوەیەكی هەڵە بێو توانای ئەوەی نەبێ كە خۆی لەگەڵ بنەما عەقڵیە ناسراوەكاندا بگونجێنێ.

لەهەمووی گرنگتر ئەوەبوو كە دیزرائیلی بەرگی عەقڵانیەتی بەباڵای خۆی بڕیو دواتریش بەباڵای حزبەكەی، بەشێوەیەك كە لەسەردەمی دوای ئەودا ناویان نا (سیاسەتی چینایەتی)، بەڵام ئەو كارەی لەڕووی كاتەوە بە رادەیەك درێژ كردەوە تا زۆرینەی ئەندامانی حزبەكەی لەپارلەماندا نەتوانن لەگەڵ كاری خۆیاندا بیگونجێنن.

ئابوریناسانی كلاسیكی ئەو سەردەمە سێ فاكتەری زەوی، سەرمایەو كاریان بە (فاكتەری بەرهەمهێنان) دەزانی. دوفاكتەرەكەی یەكەم پەیوەندیی بەچینی سەروی

مەكتەبی بیروهۆشیاری

خۆشگوزەرانەوە هەبوو، وفاكتەری سێیەمیش پەیوەندیی بەچینی بێ دەرەتانی كۆمەڵەوە هەبوو.

سیاسەتی بەریتانیا بەدرێژایی ئەو ساڵانە، تارادەیەك، لەهەوڵی ئەوەدابوو(هەوڵێك كە هەمیشە لەروی هۆشیاریەوە نەبوو) یەكێتیەك لەنێوان دوفاكتەر لەو سێ فاكتەرە بێنێتە دی. شافتسبیێریی وەجاخزادە لەگەڵ ئۆستلەر[2] و ژمارەیەك لەتوریەكان، خۆیان بۆ فاكتەری سێیەم واتە (كار) تەرخان كردبوو ، وهەوڵیان دەدا تا قانونی كارگەكان لەپارلەماندا تێپەڕێنو كۆتایی بهێنن بەكاركردنی منداڵان لەكارگەكانو لەكانەكاندا . دیزرائیلی كە وەك رادیكاڵێكی پابەند ژیانی سیاسیی خۆی دەستپێكرد، فەلسەفەیەكی زێڕینی بۆخۆی هێنایە كایەوە كەبەگوێرەی ئەوە یەكێتی سیاسی لەنێوان كارو زەویدا بەپێویست زانیو ئەوەش پەیوەندیەكی رەمزیی بوو لەنێوان نەریتە كۆنەكانی سەردەمی گوندنشینیی بەریتانیاو چینی كرێكاری كارگەكاندا لەبەرامبەر هێزەسیاسیەكاندا، كە لەگەڵ ئەو سەرمایەدارو خاوەن كارگانەدا كەبیروباوەڕی شەیتانانەو تاریكیان هەبوو، یەكیان گرتبوو. چیرۆكێكی سیاسیو زۆر گرنگی هەیە بەناوی (سبیل[3] یا دوگەل) لەوەسفی وڵاتێكدا لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا دابەش بووە، كە لەژێر كاریگەریی چیرۆكی شوكردنی كچی پشكنەری كارگە، كە لەچارتەریستەكان بوو، بەوەچاغزادەیەكی خاوەن زەویی یانگ ئینگلاند[4] بەناوی ئێگەرمۆنت[5] دابوو.

سەرەنجام كاتێك بەرگی رادیكالیی خۆی فڕێ داو بەدەسەڵات گەیشت، یەكەمین كەس بوو كەخۆیو حزبەكەی، لەگەڵ خاوەن موڵكە تازە پێداكەوتوەكانی شاردا، ئەو پیاوە پڕوپوچانەی كە پارەوپولی بێ شوماریان هەبوو (كەرپارەكان)،و زیاتر خاوەن

---

[2] Oastler

[3] Sybil یەكێك بو لەو ژنانەی كە لەسەردەمی كۆندا لەچەندین شوێنی جیهاندا بە وتەبێژی خودا ناسرا بوو، پێیان دەوت پێغەمبەرو سروشی ئاسمانییان لەزمانی ئەوەوە دەبیست ـ و .

[4] young England

[5] Egremont





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بیروباوەڕی جێگیرو هاوسەنگ بوون،و بەگوێرەی قانونی چاكسازی ساڵی ١٨٦٧ مافی دەنگدانیان بۆخۆیان دەستەبەر كردبوو، یەكیان گرت.

ئەو قانونە بەهەوڵو كۆششی دیزرائیلی لەو ئەنجومەنی نوێنەرانەدا پەسەند كرا كەزۆربەی ئەندامەكانی لایەنگری خۆی بوون.

كایەیەكی تر كە دیزرائیلی، لەقۆناغێكی پێگەیشتنی زیاتری فیكریی خۆیدا چووە ناویەوە، جیهانی سیاسیی دەوروبەری، یابەواتایەكی تر، ناسینی دەسەڵاتی خزبی بوو.

بۆ روبەڕوبونەوە لەگەڵ (پیل)دا كە كاتوبڕستی لاف لێدانی بەسەر دەوروبەری خۆیدا نەبوو، یارمەتیی لەحزبەوە وەرگرتو پاشان حزبیەكی پابەندی لێدەرچوو. لەراستیدا كارامەیی ئەو لەبەڵگە هێنانەوەدا، وایكرد كەحزب بە بەشێكی بنەڕەتی لە دیموكراسی بناسێنێ: (لەو باوەڕەدام كەبەبێ حزب، حكومەتی پارلەمانی پێك نایەت.) لەشیكردنەوەی رۆڵی دیزرائیلی لەمێژووی بەریتانیادا، بەتایبەت پێگەی ئەو لەیەكێك لەبڕگە مێژوویەكاندا، تایبەتمەندیەكی بنەرەتیی لەكەسایەتیی ئەودا هەیە، بەتایبەت لەساڵانی سەرەتای دەسەڵاتیدا، كەتوانای ئەوەمان پێدەبەخشێ كەگۆڕانكاریەكانی سەردەمەكەی ئەو تاووتوێ بكەین،و ئەو رۆڵەش هەڵسەنگێنن كە لەمێژووی سیاسیو فەلسەفیی سەردەمەكەی خۆیدا گێڕاویەتی.

دیزرائیلی تاگەیشتن بەكامڵبونی فكریو سیاسی، كەسێكی بێ بیروباوەڕ بوو (تەنیا لەوكاتانەدا نەبێ كەبەرژەوەندیی خۆی لەكایەدابوبێ و وا پێویستی كردبێ).

ئامانجەكانی روونو ئاشكرابون، لەساڵانی سەرەتادا مێشكی هەر لای ئەوەبوو كەبچێتە ناوپارلەمانەوە. ئەودەمە گرنگ نەبوو بەلایەوە كەبەردی چ كەسێك دەنێ بەسنگیەوە،و لەچ سەنگەرێكدایە. دووەمینیان كاتێك بەپارلەمان گەیشت، ئامانجی داهاتوی ئەوەبوو كە لەقەنەفەكانی دواوەی پارلەمانەوە خۆی بگەێنێتە سەر قەنەقەكانی پێشەوەو بە رابەرایەتی سیاسی بگا. تەمەنی دیزرائیلی بەبەراورد لەگەڵ زۆربەی ركابەرو هاوسەردەمەكانیدا بۆدەست پێكردنی ژیانی سیاسی، لەسەرەوە بوو. پیل، گلادستۆن،

پالمەرستۆن، وهەنـدێكی تـریش، لەتەمـەنی ٢١و ئـەو دەوروبـەرەدا، لـەرێی ناوچـەكانی هەڵبژاردنی ژێرنفوزی خێزانەكانیانەوە چوبوونە ناو پارلەمانەوەو لەماوەی یەك دوساڵدا بەپلەو پایەی سیاسیی باڵا گەیشتبون.

لەكاتێكدا كە دیزرائیلی تا تەمەنی ٣٨ ساڵی نەچووە نـاو ئەنجومـەنی نوێنەرانـەوە. كاتێك پیل كابینەكەی خۆی پێكهێنـا، دیزرائیلـی كـە هـیچ ئومێـدێكی بـەوە نـەمابوو لەوكابینەیەدا پلەیـەكی پێبـدرێ، تاتەمـەنی ٤٧سـاڵی بـەوەزارەت نەگەیشت. یەكـەمین پۆستی لەساڵی ١٨٥٢دا كە كەمتر لەساڵێكی خایاند، وەزیـری دارایـی بـوو كـە تیایـدا لەبەر ئامادەكردنی خشتەیەكی هەڵەی باج ئابرِوی چوو.

هەرچـەندە كـە پێـی نەخـستبوە نـاو گۆرِەپـانی سیاسـەتەوە پیـشبینی دەكـرا لەپاڵەوانەكانی ناو چیرۆكەكانی زیاتر سەركەوتن بەدەست بهێنێ.

لەسـاڵانی سـەرەتای دەسـەڵاتدا لـە ١٨٥٢دا،و ١٨٥٨تـا ١٨٥٩،و لـە ١٨٦٦ تـا ١٨٦٨، وا دەهاتە بەرچـاو كـە ئەسـتێرەیەكی رێنیـشاندەری جێگیرشـك نابـا بـۆ دەسـت نیشان كردنی ئاراستەی سیاسەتی خۆی.

پالمەرستۆن كە پەیرِەویی لەهیچ بنەمایەكی ئەخلاقی نـەدەكردو رێبـازێكی جـێگیری نـەبوو، تـەنیا لەهـەوڵی ئـەوەدابوو كـە لەهـەموو حاڵەتێكـدا خـۆی لەگـەڵ پارلەمانـدا بگونجێنـێ. هـەر ئـەو سیاسـەتەش بـوو بـەهۆكاری ئـەوەی كـە لەمەسـەلەی لائیحـەی چاكسازیدا دەستپێـشخەری لەگلادسـتۆن بكـاو بەرلـەوەی ئـەو هـەنگاو بنـێ، لائیحـەی چاكـسازی لەسـاڵی١٨٦٧ [٧]دا لەئەنجومـەنی نوێنەرانـدا تێپەرِانـدو بـەناوی خۆیـەوە بەئەنجامی گەیاند، لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی رابردووەوە، لەودەمەدا، ئەنجومـەنی نوێنـەران بەهـەمان ئەنـدازە بەلایـەوە گـرنگ نـەبوو، كـە نائاسـودەكردنی نـەیارەكانیو، گـۆرِینی لائیحەیـەك بـەقانون، بەلایـەوە گـرنگ بـوو. سـەرەنجام لەسـاڵی ١٨٧٤دا، دوای سـەركەوتنێكی بەرچـاو لەهەڵبژاردنـداو دەسـتەبەركردنی زۆرینەیـەكی حزبیـی ئـەوتۆ

[٧] داهێنەری ئەسڵی لائیحەی چاكسازی خودی گلادستۆن بوو-و





كەشەش یا حەوت ساڵی دانیشتنی لەسەر قەنەفـەی پێشەوەی خەزێنـە [٨] بـۆ زامـن كـرد، گۆرِانكاریی لەو سیاسەتمەدارە بەئەزمونەدا كە تەمـەنی خـۆی لـە٧٠سـاڵ دەدا، دروسـت بوو.ئەم سەركەوتنە نەك هەرتـەنیا هێـزی هـەناو، بـەڵكو متمانـەو توانایـەكی ئەوتۆشـی لەدیزرائیلیـدا هێنایـە كایـەوە كـە چـۆنیەتی سـود وەرگـرتن لـەو زۆرینەیـەی، كـە دەستكەوتێكنی سەرسورِهێنەر بوو بۆی، بخاتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە، لـەو سـاڵانەدا كـە مێشكی وردی ئەو پەی بەفەلسەفەیەكی گـەورەترو بـەرفراوانتر بـرد، ئـەویش بیروبـاوەرِی نوێی سەبارەت بەرۆڵی بەریتانیا لەجیهاندا، دانـانی سـنورێك بـۆ فراوانخـوازیی روسـیا، گرنگی دان بەهندستانو سوێسو خەونی ئیمپراتۆری بوو.

بەپێـچەوانەی هەنـدێك لەبۆچـونەكانەوە، دیزرائیلـی لـەئامێزی هەژاریـدا پـەروەردە نەبووە. ئیسحاق دیزرائیلی[٩]ی باوكی كەسێكی ئـەدیبو زانـابووە، تـا ئـەو رادەیـەی كـە ژیانێكی ئاسودە بۆخۆیو خێزانەكەی دابین بكا، بەلام دوو برای لەوێنچستەر خوێندیان[٧].

لەلەندەن پەروەردە بوو، وسەرەتای منداڵیی لەهۆلبێرن[١١]و بلـومبێری[١٢] بەسـەر بـرد. وەك جولەكەیـەك پـەروەردە كـراو وانـەی عیبریـی خوێنـد، بـەڵام لەتەمـەنی ١٢سـاڵیدا لەكلێسای ئینگلتەرە چووە سەرئاینی مەسیحی.

لەتەمەنی ١٥ساڵیدا، وازی لەقوتابخانە هێنا، كە نازانرێ بۆچیو، ماوەیەك لەماڵەوە سەرگەرمی خوێندنو خوێندنەوە بوو.

[٨] Treasurt Bench قەنەفەی پێشەوەی لای راستی سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانە كە سەرۆك وەزیرو وەزیـری داراییو وەزیرەكانی تـر لەسـەری دادەنیـشن.لێـرەدا مەبەسـت گرتنـە دەسـتی پۆسـتی سـەرۆك وەزیـریو لـۆردی خەزێنەیە لەلایەن دیزرائیلەوە ـ و .

[9] lsaa c D,lrsraeli

[11] Holborn
[12] Bloombury

سێ ساڵو نیو لەخوێندنگەیەكی پارێزەریدا كاری كردو فێربوو، تا بۆی دەركەوت كەشیاوی ئەوكارە نیە.

لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا وازی لەخوێندن هێنا. ئەو دەم خاوەنی هیچ نەبوو، بەڵام لاوێكی خاوەن متمانەو هیواخواز بوو[13].

دیزرائیلی چووە ژێر كلێشەی بڵاوكەراوەیەكی ناسراوەوە تا بەپارە كۆمەكی بكا بۆ دەركردنی رۆژنامەیەك لەبەرامبەر رۆژنامەكانی تایمزو سپێكتەیتەردا[14]، بەڵام رۆژنامەكەی شكستی هێناو لەجیاتی ئەوە، چیرۆكێكی بەناوێكی خوازراوەوە بڵاو كردەوەو تیایدا سوكایەتیی بەو كەسە كردبوو كە بۆی چاپ كردووە،و ئەوەش تارادەیەك دەنگی دایەوە، بەڵام سەرەنجام خەڵكی پێیان زانی كە ئەو چیرۆكەكەی نوسیوە.

لەتەمەنی ٢١ساڵیدا مامەڵەیەكی بازرگانیی كرد كە زیانێكی زۆری لێكردو خستیە ژێر باری قەرزەوە،و تەنانەت تا كاتی سەرۆك وەزیریەكەشی بەدەستیەوە ناڵاندی. بەشێوەیەك ناچاربوو دەست لەمو لەو پانكاتەوەو خۆی بخاتە ژێرباری سودێكی سەنگینی قەرزەكانیەوە.

ئەو شكستە كاری لەمێشكی كردو نەخۆشی خست. كەتەمەنی بوو بە ٢٥ساڵ، خێزانەكەی بۆ بەرزكردنەوەی ورەی ئەو گواستیانەوە بۆ باكینگهام شایەر[15]، لەبەر ئەوەی بێكارو بێمتمانە بوو،كەس نەیدەگرتە خۆی. لە ١٨٣٠ بۆ ١٨٣١، سەفەرێكی دورودرێژی بۆ ناوچەی دەریای ناوەڕاستو خۆرهەڵاتی نزیك كرد كە ژیانی بەتەواوی گۆڕی، وزانیاریەكی باشی بۆچیرۆكەكانی كۆكردەوە كە چاك بۆوەولەسەفەر گەڕایەوە دەستی كردەوە بەخوێندنو جلو بەرگی سەیروسەمەرەتری دەپۆشی. ژیانی ئاسایی

13 Individualism واتە تاكانەیی ، رێبازێكەلەسەر بنەمایسەربەخۆیی تاكەكەس و ئازادی تاكەكەس لە سیاسەت و ئابووریدا .

مانا لاوەكیەكانی تری بریتیین لە خودپەرستی و هەل پەرستی — و.

14 Spectator

15 Buckigham shire



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

دەست پێكردەوەو لەگەڵ ژنێكدا ئاشنابوو خۆی بەكاری سیاسیی رادیكاڵانەی دور لەواقیعەوە سەرقاڵ كرد.

لەساڵی ١٨٣٤دا ئاشنایی لەگەڵ لۆرد (لیند هیرست)دا پەیدا كرد. خاتو هینریتا سایكس[16] كە خۆی بارونێتو هاوسەرەكەشی بارون بوو،و نفوزی سیاسی هەبوو، ئاسۆیەكی سیاسیی بەرفراوانی لەبەردەم دیزرائیلیدا وولاكردو رێی بۆخۆش كرد تا لەگەڵ لیند هێرستدا ئاشنابێ.

زۆر حەزی دەكرد بچێتە ناو پارلەمانەوە، بەڵام نەیدەزانی لەچ رێگەیەكەوە بچێ. لۆرد بلیك لەم بارەیەوە دەنوسێ: (زۆر ئەستەمە بزانرێ كە ئەو لە چالاكیە سیاسیەكانی خۆیدا لە (١٨٣٢)وەوە تا (١٨٤٦)، لەرێی چ ئامانجێكی مەنتیقیدا هەوڵی داوە، بەڵام ئەوە رونو ئاشكرایە كە سور بوو لەسەر ئەوەی خۆی بەپلەو پایەیەكی باڵابگەینێ.)

هەندێك لەئاكارو هەڵسوكەوتەكانی كۆسپو بەربەستی خستبوە سەر رێی: بە كاریگەریی مۆدێلی قژیو ئەو جلو بەرگە سەیروسەمەرانەی لەبەر دەكردن،و بە روكەش وەك كەسێكی نائاسایی دەهاتە بەرچاو، كەسێكی سەركێشو گەردن كلۆفتو خاوەن قەڵەمێكی ژەهراوی ، و هەموو ئەمانە رێگەی چوونە ناو گۆڕەپانی سیاسەتی بۆ ناهەموار كردبوو.

تەنانەت شێوازی چیرۆكنوسیەكەشی كە رەنگی سیاسەتی پێوەدیار بوو، وبەچاو قایمیەوە كەسایەتیە سیاسیە ناسراوەكانی دەكردە كاریكاتێری گاڵتەجاڕی، ئەوەش زیاترخەڵكی لێ ڕەواندەوە. لەبەر ئەوەی كە شارەزاییەكی ئەوتۆی لەبنەماكانی سیاسەتدا نەبوو، بیری چونە ناوحزبیشی لەمێشكدا نەبوو، تا تەمەنی ٤٠ساڵی لەگەڵ ژمارەیەك لە وەجاغزادەكانی ئینگلتەرەدا كە تازە خوێندنی زانكۆیان تەواوكردبوو، ئاشنابوو، وپەیوەندیی لەگەڵدا بەستنو ئەودەم پەی بەوەبرد كە حزب چییەو چۆن دەتوانێ بۆمەرامەكانی خۆی بەكاری بێنێ. ئەوەش لەچیرۆكەكانیدا رەنگی داوەتەوە.

16 Henritta sykes

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەوڵی بێ وچانی بۆ بەدەست هێنانی كورسیەك لەساڵانی ۱۸۳۰دا، لەكاتێكدا بوو كە هیچ پەیوەندیەكی حزبیو هیچ دۆستێكی خاوەن نفوزی نەبوو،و تەنیا پەیوەندیەكی سنورداری بەرادیكاڵیزمەوە هەبوو، بەرلەوەی ئەم ڕێبازە، (وەك) وانەیەك لەخوێندنگەی برایتو كابدنی مانچێستەر جێگیربكرێ.

های وایكۆمب[17] كورسیەكی گونجاوی نزیك بوو، بەڵام لەژێر چ ئاڵایەكداو لەژێر دروشمی چ بیروباوەڕێكی حزبیدا دەیتوانی خۆی بپاڵێوێ.

دیزرائیلی سەبارەت بەچاكسازی، مەیلێكی بەلای حزبی توری دا هەبوو، ولەبەرامبەردا، لەویگەكان بێزار بوو: لەلایەكی ترەوە وادەهاتە بەرچاو كە دۆخەكە لەبەرژەوەندیی توریەكاندا نیە. بۆیە هەر لەسەر كورسیە رادیكاڵەكەی مایەوە (دواتر ئیدیعای ئەوەی كرد كە كورسیی توریی بۆ پێشنیار كراوەو رەتیكردۆتەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەكی بۆ ئەم ئیدیعایە نەخستە روو.)و لەسەر بنەمای ئەوەی كە هەڵبژاردن ئەمجارەیان بەگوێرەی قانونی چاكسازی، لەسەربنەمایەكی نوێ ئەنجام دەدرێ، و ژمارەیەكی زیاتر لەپاڵێوراوەكان خۆیان ناونوس دەكەن، رایگەیاند كە: (من دەبمە پاسەوانی بەرژەوەندیەكانی رادیكاڵ) ، بەڵام دوو ئەندامی ویگ مردنو ئەو ناچار بوو لەناوچەیەكی هەڵبژاردنی ئاست نزم كە ژمارەی دەنگدەرانی زۆر كەم بوو، لەسەر بنەمای تۆماری پێشوو، خۆی بپاڵێوێ.

بالوەری دۆستی كەدواتر نازناوی (لۆرد لاتین)ی پێدرا، هەوڵیدا وەك ویگێك مۆڵەتی ناوزەدیی هەڵبژاردنی بۆ وەرگرێ، بەڵام نەیتوانی. بەدڵنیایەوە ئەگەر بەدەستی بهێنایە سەرەڕای بێزاریی لەویگەكان قبوڵی دەكرد. سەرەنجام وەك پاڵێوراوێكی رادیكاڵ (بەنەبونی پاڵێوراوی توری) لەبەرامبەر پاڵێوراوێكی ویگدا ۲۰ بە ۱۲ شكستی خوارد. (پاڵێوراوەكەی ویگ بەدەستەبەركردنی ۲۰دەنگ زیاتر لەبەرامبەر ۱۲دەنگی دیزرائیلیدا، لەهەڵبژاردنی ئەو ناوچەیەدا سەركەوتنی بەدەست هێنا.) دوای شەش

[17] High wycombe





مەكتەبی بیروهۆشیاری

مانگ هەڵبژاردنی گشتی لەسەر بنەمای ناونوسكردنی نوێ، ئەنجام درا. لەم هەڵبژاردنەدا، ئەو وەك پاڵێوراوێكی سەربەخۆ بەشداریی كردو بەرنامەیەكی خستەروو كە ئاوێتەیەكی زیرەكانە بوو لەفەلسەفەی سیاسیی كۆمەڵایەتیی ویگو توری كەپێكەوە چنرابوون.

لەو بەرنامەیەدا هەردوكیانی دەدایە بەرشاڵاوی هێرشەكانی، بەڵام لەهەمان كاتدا بەهیوای دورخستنەوەی یەكێك لە ویگەكان، دەنگی توریەكانی بەلای خۆیدا راكێشا . دیزرائیلی لەدوایین خولی دەنگداندا بەشداریی كردو بە ۱۱۹دەنگ لە بەرامبەر ۱٤۰ دەنگدا لەبەرامبەر پاڵێوراوی دووەمی ویگدا شكستی خوارد. دوای ئەوە هەوڵیدا زیاتر خۆی لەسیاسەتی توریەكان نزیك خاتەوەو لەهەڵبژاردنی ناوچەی هەڵبژاردنی باكینگام شایەردا بەشداری بكا، بەڵام كاتێك توریەكان پاڵێوراوێكی رەسمیان بۆ ئەو ناوچەیە خستەروو، كشایەوە دواوەو كەمێك دوای ئەوە لەهەوڵی ناوزەدیدا بوو بۆ ناوچەی مارلیبۆن[18] ، بەڵام ئەمجارەیان وەك پاڵێوراوێكی تەواو رادیكاڵ بەشداریی لەهەڵبژاردندا كرد.

بۆ مسۆگەركردنی پشتگیری لۆرد دورهام[19] خۆی لەباڵی چەپی لیبراڵ نزیك خستەوە، بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە داخوازیەكەیان رەت كردەوە. لەساڵی ۱۸۳٤دا، وەك پاڵێوراوێكی سەربەخۆ لەناوچەی هەڵبژاردنی وایكومب خۆی ناونوس كرد. لەم ناوچەیەدا، توری پاڵێوراوی نەبوو، وبارودۆخی دیزرائیلی بەشێوەیەك نەبووكە یارمەتیەكی تۆریەكان بە بڕی ۵۰۰ پاوەند رەت كاتەوە بەمەبەستی دورخستنەوەی یەكێك لەویگەكان. ئەم یارمەتیە لەلایەن (لیند هێرست)ەوە بۆ دابینكردنی خەرجیی هەڵبژاردنی دیزرائیلی تەرخان كرابوو. ئەوەش بێگومان ئەنجامی دۆستایەتیی سێ لایەنەی (لینهێرست، هنریتاسایكس،و دیزرائیلی)و بێزاریی لیندهێرست بوو لەپیل.

[18] Marglebone
[19] Lard Durham

دوای شكستێكی تر كە هێندەی نەمابوو بەسەركەوتن بشكێتەوە، دیزرائیلی وازی لە رێبازی رادیكاڵی هێناو هەوڵی خستەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی ناوزەدیی توری لەكینگزلین[٢٠] ، بەڵام نەیتوانی ناوزەدیی توریەكان بەدەست بێنێ. بۆیە نامەیەكی ئاراستەی سەرۆكی حزبی توری كردو تیایدا داوای ئەندامێتی لەیانەی كارلتۆنی[٢١] توری كردو بەوشێوەیە بەرەسمی بوە پاڵێوراوی توری لەناوچەی هەڵبژاردنی تانتون[٢٢] ، بەڵام جارێكی تریش شكستی خواردەوە، لەكاتێكدا هەڵبژاردنی تر لەرێدا نەبوو. مردنی پاشا هەڵبژاردنی گشتیی داهاتوی پێش خست.

ولیامی چوارەم لەساڵی ١٨٣٧دا مرد. ئەو پێشهاتەی كە دیزرائیلی لەسیبل بەوردی باسی لێوەكردوە.و ئەو لەناوچەی هەڵبژاردنی میدستۆن[٢٣] خۆی ناونوس كردو سەرەنجام هەڵبژێردرا. دواتر لەگەڵ بێوەژنی هاوڕێ توریەكەی خۆی (ویندام لویس)[٢٤]دا، كە ساڵی ١٨٣٨دا مرد بوو بەهاوسەر . ئەو راستیەی دیزرائیلی لە هەوڵ و كۆششی دژواری خۆیدا بۆ سەركەوتن لە هەڵبژاردندا ، بودجەیەكی كەمی تەرخان كردوە، لەو بەرگریەدا بەرجەستە دەبێ كە لەرێگەكانی راكێشانی رای گشتی لەكاتی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٨٣٤دا لە وایكۆمب كردی: (خەڵكی ئاسایی گیرۆدەی هەستو سۆزی خۆیانن، ئەوە ئەركی سەرشانی پیاوانی ناسراوو خاوەن نفوزی كۆمەڵگەیە كە جاروبار ئەو بیروباوەڕوباری سەرنجانە قبوڵ بكەن كە باوەڕیان پێی نیە، لەبەر ئەوەی بەهەرحاڵ خەڵكی پێویستیان بەجۆرێكی تر لەسەركردەكانە.)[٢٥]

---


[20] King’s Lynn
[21] Carlton ciud
[22] Taunton
[23] Maidstone
[24] Wyndham Lewis
[٢٥] مەبەست راكێشانی پشتگیریی رابەرانی حزبیو پارلەمانو كەسایەتیە خاوەن نفوزەكانی ترە لەپێناوی ئاراستەكردنی دەنگدەراندا بۆ بەرژەوەندیی خۆی ـ و .







وتاری دیزرائیلی لەكاتی هەڵبژاردنە گشتیەكەی (ئایلسبێری)دا ساڵی ١٨٦٨







پێشینەی دیزرائیلی لە سەرەتای دەیەی ١٨٤٠دا، سەرنج راكێش نەبوو. كاتێك پیل لەساڵی ١٨٤١دا كابینەكەی پێكهێنا، تەنانەت پۆستێكی بێ بایەخیشی بۆ دیزرائیلی پێشنیار نەكرد. دیزرائیلی كە دەیبینی ساڵانێكی دورودرێژ لەتەمەنی بەفیڕۆ دەچێ، نامەیەكی تاڵو ناماقوڵی بۆ سەرۆك وەزیر نووسی. رەنگە لەو دەمەدا كارێكی ئاوا قابیلی بەخشین بووبێ، بەڵام لەم رۆژگارەی ئێستاماندا زۆر دەگمەنە.

ئەوەی كەزیاتر شایستەی سەرزەنشتكردنە قسەیەكی دیزرائیلی بوو كە تیایدا (پیل)ی بە (پاوانخوازێكی سیاسی) لەقەڵەم دابوو.

دیزرائیلی پێنج ساڵ دوای پێشهاتی دانیشتنی سێ یەمین لائیحەی هەڵوەشانەوەی قانونی دانەوێڵە ئیدیعای ئەوەی كرد.

پیل كە لەو مەسەلەیە دڵی رەنجا، پرسیبووی: ئەی بۆچی (دەیویست بەختی سیاسیی خۆی لەگەڵ بەختی مندا بكاتە یەكو لەكابینەكەی مندا پۆستێك بگرێتە دەست.) نكۆڵێكردنی دیزرائیلی لەوەی كە هەرگیز ئەو داوایەی لەپیل نەكردوە مەگەر عەقڵی خۆی لەدەست دابێ، نەك هەرتەنیا لەراستیەوە دوور بوو، بەڵكو بەسەركێشیەكیش لەقەڵەم دەدرا، لەبەرئەوەی ئەگەری ئەوە هەبوو پیل هەرهەمان سات ناوەڕۆكی ئەو نامەیە ئاشكرا بكا كە دیزرائیلی لەوبارەیەوە بۆی نوسیبوو.

دوابەدوای دەست لەكاركێشانەوەی پیل، پاشماوەی لایەنگرانی پشتگیریكردن لەكاڵا خۆماڵیەكان، سەنگو گرنگیەكی پارلەمانی ئەوتۆیان نەمابوو. سەركردەكانیان بریتی بون لە ستانلی كەدواتر بو بەچوارەمین كۆنتی دێربی، لۆرد جۆرج بنتیك، كەدیزرائیلی كردبوو بە بتی خۆی،و زۆر پێویستی پێی بوو، و گرانبی و دیزرائیلی، كە چەندین ساڵ دژایەتیی دەوڵەتیان كردو هیچیشیان بەهیچ نەكرد.

لەساڵی ١٨٤٩دا، دیزرائیلی بوو بە رابەری كاریگەری باڵەكەی خۆی لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا،و كاتێك گرانبی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا بووبە جێنشینی باوكی، بەرەسمی پشتگیریی لێكرا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەو ماوەیەدا جۆش‌وخرۆشێك لەناو حزبدا سەری هەڵدا. دیزرائیلی بە دێربیی وت پێگەی چینی وەجاغزادەی وڵات لەمەترسیدایە ، و ئەركی سەرشانیەتی كە بەهەر نرخێك بووە پارێزگاریان لێبكا.

دوای ئەم ئاگاداركردنەوەیە بەو پەڕی توانایەوە لەیەكێك لەبەهێزترین وتەكانی خۆیدا هێرشی كردەسەر ئەو لایەنانەی دژایەتیی قانونی دانەوێڵەیان دەكرد ، بەڵام بۆخۆشی دەیزانی كە لە رادەبەدەر پێیداگرتوەو كار لەكار ترازاوە .

دوای كەمتر لە سێ ساڵ لەهەڵوەشانەوەی قانونی دانەوێڵە، دیزرائیلی بە واقیعبینیەكی بەدبینانەوە وتی: (پشتیوانی كردن لەكاڵا خۆماڵیەكان بابەتێكی مردووە و تەنانەت نەفرەت لێكراویشە.) ئەو بۆچونەی ئەو، لەكاتی ژیانیداو دوای مردنیشی ، بۆچونێكی راست بوو، جۆزێف چەمبەرلاین، دوای نیوسەدە لەرێی زیندو كردنەوەی پشتیوانیكردن لەكاڵا خۆماڵیەكانەوە، حزبی مەحافیزكاری بەش بەش كردو بالدوین دوای سێ چارەكە سەدە، لەهەوڵیدا بۆ پشتیوانی كردن لەكاڵا خۆماڵیەكان، لەیەكەمین هەڵبژاردنی گشتیدا كەبەشداریی تێدا كردبوو، دۆڕاندی.

زۆر دژوارە كە بەتایبەت دوای رەت كردنەوەی پشتیوانیكردن لەكاڵا خۆماڵیەكان دیزرائیلی بەهەل پەرست لەقەڵەم نەدەین. خودی ئەو هەرگیز ئەو تۆمەتەی قبوڵ نەبوو، لەبەر ئەوەی دەیویست بیرو بۆچونەكانی خۆی لەبەرنامەی فەلسەفەیەكی گەورەتر كە زەوی، شارە پڕ رەونەق و بازاڕ ئاساكان،و بەها كۆنەكانی كۆمەڵی گوندنشینی پەرەپێدەدا، بكاتە بیر و بۆچونێكی ماقوڵ. ئەوەبوو لەماوەی چەند ساڵێكدا توانی سنوری بیرو بۆچونە نوێكەی خۆی سەبارەت بەگوندەكان بەرفراوانتر بكاو مەیلی لەبن نەهاتوی موڵكدارەكانی شار تێربكا.

سەركەوتوانە توانی چەند بڕیارێك بداو لەو مشتومڕانەدا كەپەسەندكردنی دوەمین قانونی چاكسازیی لێكەوێتەوە گلادستۆنی هێنایە سەررێ، بۆیە پێویستی كرد جارێكی تر فەلسەفەیەك دابهێنێ تا پاساوی ئەو بڕیارانەی خۆی پێ بداتەوە.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەودەمەدا بارودۆخێكهاتە گۆڕێ كەپێویستی نەدەكرد دیزرائیلی ماوەیەكی زۆر چاوەڕوان بێ تا پۆستێك لەكابینەدا بگرێتە دەست، لەبەرئەوەی رەسڵ سەرۆك وەزیری لیبراڵ، لەرەوتی هەنگاوەكانیدا بە ئاراستەی چاكسازی زیاتری پارلەمانی، روبەڕوی بەرگری پالمەرستۆن‌و ئەندامانی تری كابینە بۆوەو دەستی لەكار كێشایەوە. دێربی كابینەی نوێی پێكهێناو دیزرائیلی بوو بە وەزیری دارایی ، و بۆیەكەمین جار لەتەمەنی چل‌وحەوت ساڵیدا بەپلەی وەزارەت شادبوو.

بەرنامەی بۆ بودجەیەك دارشت كە ئامانج لێی، دوای رەت كردونەوەی بەردەوام‌و هەمیشەیی قانونی پشتیوانیكردن لەكاڵا خۆماڵیەكان، دەم چەوركردنی وەجاغزادە موڵكدارەكان[26] بوو: ئەگەر ئیمە كەمێك سنگ فراوان بین، دەتوانین چاوپۆشی لەو هەنگاوەی دیزرائیلی بكەین. كۆی گشتی بودجەكەی راست دەرنەچوو، وئەو ژمارەیە نەبوو كەچاوەڕوان دەكرا.

دیزرائیلی لەجیاتی وردبونەوە لەژمارەكان، وەك هەمیشە زیاتر خەریكی قسەكردن‌و زمان لوسی بوو سەرئەنجام، بودجەكەی هەڵە دەرچوو . بەئاسانی دەتوانین بیهێنینە بەرچاومان كە باقیی بەسەرهاتەكەی بەكوێ گەیشت.

گلادستۆن وەك نەهەنگێك كە ئاو لەتەوقی سەریەوە فیچقە بكا بودجەكەی گرت بەدەستیەوەو بۆ سوكایەتیپێكردن پیشانی نوێنەرانیدا. لەلایەكی ترەوە باڵی نەیار، ناكۆكیەكانی خۆیان بەخێرایی وەلاناو هاوپەیمانیەكی نوێ لەنێوان ویگەكان و لایەنگرانی پیلدا گرێ درا، و حكومەتی كاتیی توری دوای دوو مانگ، لەسەر شانۆی دەسەڵات دوورخرایەوە. دوای ئەم روداوە، حزبی توری ماوەی ١٣ساڵ و نیو گۆشەگیر بوو وتەنیا شانزە مانگ، لە ١٨٥٨ ـ ١٨٥٩ دەسەڵاتی گرتەوە دەست.

---

[26] هەروەك لەلاپەڕەكانی پێشودا ئاماژەی پێكرا، لەئاكامی هەڵوەشانەوەی قانونی پشتیوانی لەكاڵا خۆماڵیەكان بەروبومە كشتوكاڵیەكانی خاوەن موڵك‌و وەجاغزادە ئینگلیزیەكان روبەڕوی پێشبڕكێی بەروبومە كشتوكاڵیە دەرەكیەكان بۆوە ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، حزبی توری بەرلەوەی بۆماوەیەكی دوورودرێژ دوچاری ئیفلیجی بێ، نەیدەزانی چارەنوسی بەكوێ دەگا،و لەساڵی ١٨٥٤دا، ئەو هیوایەی خستە دڵی خۆیەوە كە حكومەتە ئیئتیلافیەكەی ویگ‌و لایەنگرانی پیل، بەكاریگەری دژواریەكانی جەنگی كەریمە، لەبەریەك هەڵوەشێ.

بەڵام بەردەوام بونی حكومەتەكەی پاڵمەرستۆن كە دوابەدوای شكستی حكومەتەكەی ئابەردین لەبەڕێوەبردنی جەنگدا، دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو هیوایەی ئەوانی بەبادا.

بەبۆچونی دیزرائیلی، جەنگ ڕێگری بەرەوپێش چوونی سیاسەتەكانی بەریتانیاو بە واتایەكی تر ڕێگری بەرەوپێش چونی سیاسیی بینجامین دیزرائیلی (لەپەنجاكانی تەمەنیدا) بوو. مالمسبیێری[27] هاوكاری لەو بارەیەوە نوسیویەتی: (دیزرائیلی زۆر لەجەنگ بێزارە، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدایە كە جەنگ، حكومەت ئیفلیج دەكا.)

دوابەدوای جەنگی كەریمە، لەڕاستیدا شكستێكی ئەوتۆ ڕوینەداو دیزرائیلی چەندین ساڵی بە پتەوكردنی پێگەی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتی كڵێسادا بەسەر برد. بەتایبەت كە كەللەرەقەكان[28] هێرشی توندیان بۆسەر كڵێسای ئینگلتەرە دەست پێكردبوو. لەلایەكی ترەوە مەسەلەی چاكسازیی پارلەمانیش مێشكی جەنجاڵ كردبوو. ئەم كارە بەلای موحافیزكارەكانەوە ئاسان نەبوو وئومێدێكی ئەوتۆیان نەبوو بەوەی كەبتوانن كێبڕكێ لەگەڵ لیبراڵە تازە پێداكەوتوەكاندا بكەن كە بەگوڕوتینێكی زۆرەوە كاریان دەكرد.

دێربی و دیزرائیلی لائیحەی چاكسازیی پارلەمانی تورییان ئامادە كردبوو، وخستبویانە لاوە بۆرۆژی خۆی تا ئەگەر پێویستی كرد، تەسلیمی ئەنجومەنی بكەن. لەساڵانی ١٨٦٠دا، توری لەحاڵەتی ئامادە باشیدا بوو.

---

[27] Malmesbury.

[28] پرۆتستانتە ئینگلیزەكان بوون كەوازیان لەئەندامێتی كڵێسای روسیی ئینگلتەرە هێناو بەتەواوی بیروباوەڕی ئاینی كڵێسای ئینگلیزیان رەت كردەوە ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

تۆماركردنی قانونێكی چاكسازی ئاوا لەناو كتێبی قانونە پەسەندكراوەكانی ئەنجومەندا دەستكەوتێكی سیاسیی گەورە بوو بۆ حزبی توری: هیچ كەسێك‌و، تەنانەت دیزرائیلیش نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بكا كە چۆن لەو پێشبڕكێیەدا سەركەوتن بەدەست بێنێ.

بەكاریگەری تاكتیكەكانی ئەوبوو كە لائیحەی ساڵی ١٨٦٦ی رەسڵ ڕەت كرایەوەو موحافیزكاران گەڕانەوە بۆ دەسەڵات ، و سەرەنجام دیزرائیلی پێی خستە ناو خانوی ژمارە ١٠ی داونیگ ستریت.

توریەكان سەبارەت بە چاكسازی* تاكە ستراتیژێكیان پەیڕەو نەكردو بەمانایەكی تر بەرەو یەك ستراتیژ هەنگاویان نەدەنا. دیزرائیلی بەنیاز نەبوو لائیحەیەك لەم بارەیەوە بخاتە بەردەم ئەنجومەن. ئەندامانی كابینەش بەرنامەیەكی ئاوایان نەبوو، وپێشنیار یا ڕەشنوسێك كە دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدا بێ ببێتە قانون، لەبەر دەستدا نەبوو. دێربی، سەرۆك وەزیری ئەو دەم، بڕیاری دا هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئامانج بڕوا.

دوای دەستەبەركردنی ڕەزامەندیی پارلەمان، لە دانیشتنی داهاتودا، لائیحەیەك خرایە روو.

ئەم لائیحەیە داوای ئەوەی دەكرد كەسێك لەچەندین ناوچەی هەڵبژاردندا مافی دەنگدانی هەبێ لەگەڵ پاشكۆیەكی مافی دەنگدانی ژنان دا : هێشتا مافی دەنگدانی خزمەتكارو نۆكەرانی ماڵان بابەتێك بوو كەقابیلی خستنە روو نەبوو. لەمشتومڕی تایبەت بەبڕیارەكاندا، دیزرائیلی زۆر خۆی پیشان نەدا، بەڵام دژایەتیی بڕیاری كۆتایی حكومەتی كردوو بەڵێنی دا دەست بەجێ لائیحەیەك بۆخستنەبەردەم ئەنجومەن ئامادەبكا. هەوڵیدا بێ خۆئامادەكردنی پێشوەخت، لائیحەیەك ئامادە بكا، بەڵام ئامارەكانی هەڵەبوون. هەموو ئەو پێشنیارانەی كەلەلایەن ئەندامانی تری كابینەوە دەخرایە روو یەك بەیەك ڕەت كردەوەو پێشنیاری نوێی لەجێ داناو بەو كارەی ناكۆكی‌و

---

* مەبەست چاكسازیی پارلەمانییە ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوبەرەكیی خستە نـاو كابینـەوە، ئـەوەش دەسـت لەكاركێـشانەوەی كرانبـۆرن[29] و پاشـان سالیسبیێریی لـێ كەوتەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرەنجام، خـودی ئـەو بـراوە بـوو. لیبراڵـەكانی غـافڵگیر كـردو لائیحەیەكی خستە بەردەم ئەنجومەن كە لەوەی دێربیو لەوەی خۆشی كەپێشتر بەنیازبوو پێشنیاری بكا پێشكەوتوتر بوو، ومافی دەنگدانی نۆكەران و خزمـەتكارانی مـاڵانیـشی لەخۆ گرتبوو.

ئەوەی مـایەی سەرنجە ئەوەیە كە خودی ئەویش هـەرگیز بـەنیاز نـەبوو تـا ئـەو رادەیـە بەرەوپێش بچێ.

گەمـەی ئـەو لەئۆركێـسترایەك دەچـوو كـە لـەدەرەوەی نۆتـە دەیـژەنی. ئـەو گەمـە شێتانەیەی بەمەبەستی یاریكردن بوو بەمێشكی گلادستۆن كەپێشنیارێكی هاوشێوەی سەبارەت بەچاكسازیی پارلەمانی خستبوە روو.

ئەو كارەی ئەنجامی باشی بەدەستەوەدا وكاتێك ئۆركێستراى شـێتی لـەژەنین كـەوت، دیزرائیلی گەمەكـەی بردبـۆوە، وبەلائیحەكەیـەوە لەسـەر قەنەفـەی پێشەوەی ئەنجومـەنی نوێنەران دانیشتبوو.

بەدڵنیاییەوە ئەو هـەرگیز بـەنیاز نـەبوە لائیحەیـەك بخاتـە روو كـە مـافی دەنگـدانی نۆكەرانو خزمەتكارانی مالآن لە خۆبگرێ، بەڵكو مەبەستی ئەوە بوە ئاوەكە لێڵ بكـاو ماسی تێدا بگرێ ، یا هەروەك قومارچییەكان دەڵێن لێزانانە ئاسی خۆی فڕێدا.

پاشان ئیدیعای ئەوەی كرد كـە هـەمو ئـەم كارانـەی لـەپێناو (فێركردنـی حزبەكـەی خۆیدا) ئەنجام داوە.

دیزرائیلـی دەیتـوانی ئیـدیعای ئـەوە بكـا كەحزبەكـەی پەرەسـەندنێكی گرنگـی دیموكراسیی بەخۆوە دیوە، بەڵام نەیدەتوانی ئیدیعای ئـەوە بكـا كـە خـۆی نەخـشەی ئـەو پەرەسەندنەی دارشتوە. ئەنـدامانی پارلـەمانی سـەر بـەحزبی تـوری دوای پەسـەندكردنی

[29] Crandborne





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لائیحەكەی دیزرائیلی، بەبۆنەی ئەو سەركەوتنەوە لەیانـەی كارلتۆنـدا ئاهـەنگیان گێـڕا. هەروەك بڕیاری لێدرا، دیزرائیلی بەشدارییی لەو ئاهەنگەدا كردو لەلایـەن ئامادەبوانـەوە بەگوڕوتینێكی زۆرەوە پێشوازیی لێكرا.

پێكی مەی بەسەلامەتی ئەو پیاوە فڕكرا كە لـەگونجاوترین كاتـدا هاتـە ناومەیـدانی پێشبڕكێوەو بەسود وەرگرتن لەگونجاوترین دەرفەت، پێشبڕكێكەی بردەوە.

دێربی بەسەختی نەخۆش كەوت. دەبوایە ڕێورەسمێكی تایبەت بەئەنجام بگا بۆ دەسـت لەكاركێـشانەوەی كەئـەوەش پێویـستی بـەكات بـوو. لـە دیزرائیلیـی پرسـی كـە ئایـا ئامادەیی ئەوەی هەیە لەجێی ئـەو دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت؟، بێئـەوەی دێربـی بزانـێ، شاژن كەدەیزانی دیزرائیلی جێنشینی دەستنیـشانكراوی سـەرۆك وەزیـرە، سـكرتێرەكەی راسپارد تا رای دیزرائیلی لەو بارەیەوە وەرگرێ. ئـەو كـارەی شـاژن سەرپێـچیكردن بـوو لەقانون، لەبەر ئەوەی هێشتا دێربی دەست لەكار كێشانەوەكەی تەسلیم نەكردبوو.

بەڵام لەبەر ئەوەی دێربی بەهایەكی ئـەوتۆی لـەلای شـاژن نـەبوو، زۆر گرنگیـی بـەو لایەنە نەدا. دێربی هیواخوازبوو كە بەگوێرەی نەریتی باو، دەست لەكار كێشانەوەی خۆی بدا بە خودی شاژن لەكاتێكدا شاژن سادەوسـاكار داوای لێكـرد كـە دەسـتبەجێ دەسـت لەكار بكێشێتەوە.

دیزرائیلی، بـوو بـە سیاسـەتمەداری (خۆشەویـستو) پەسـەندی (شـاژن) كـە (لـەناو خەڵكەوە سەری هەڵـدابوو). شـاژن لەنامـەیەكیـدا بۆكـچەكەی ئامـاژەی بـەو مەسـەلەیە دابوو (لەكاتێكدا بەر لەچەند ساڵێك پێچەوانەی ئەم مەسەلەیەی بـەم شـێوەیە خـستبوە سەر كاغەز: ژمارەیەك لەپیاوان، ژمارەیەك لەخەڵكی)[30].

[30] مەبەست لەژمارەیەك لەپیاوان، ئەندامانی كابینەو مەبەست لەژمارەیەك لەخەڵكی حزب بوو. بەمانایەكی تر مەبەست ئەوەبوو كە جاران حزب بەشتگیریی پارلەمان سەرۆك وەزیری هەڵدەبژاردو ئێستاش شاژن سەرۆك وەزیـر هەڵدەبژێرێ ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دورۆژ دوای ئەوە دیزرائیلی فەرمانی سەرۆك وەزیری لەدەستی شاژن وەرگرت، شاژن دیسانەوە نوسی: (ئەو لیّوان لیّوە لەشیعرو عەشقو جوامیّری.)و كاتیّك ئەژنۆی خستە سەرزەوی تا دەستەكانم ماچ كا، دەستی بە هەردوو دەستی گرت و وتی: (بە عەشقو دڵسۆزیو پەیمانی ئەبەدی.) لەوە بەدواوە نامەكانی دیزرائیلی بۆ شاژن پڕبون لە ریاییو مەرایی، دەڵێن خودی پالمەرستۆنیش دانی بەوەدا ناوە كە ریاییو مەرایی بۆشاژن كردوە.

بەڵام ئەو پەیوەندیە تاسەر بەوشیّوەیە نەمایەوە. لەساڵی ١٨٥١دا، شاژن سەرزەنشتی كرد لەبەرامبەر بەئاكام نەگەیشتنی ئەو هەوڵانەی دران بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی توری بە سەرپەرشتیی ستانلی، ئەو بەسەرهاتەش راست بوو. لەدانوستانەكانی تایبەت بەپێكهێنانی حكومەت لەساڵی ١٨٥٢دا، دێربی، دیزرائیلیی بۆگرتنەدەستی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ پێشنیاركرد.

شاژن لەبەر رێوشوێنە تەشریفاتیەكانی وەك سوێند خواردنی ئوسقوفەكانو هی تریش دەبوایە بەردەوام پێشوازی لەوەزیری ناوخۆ بكا،و لەبەر ئەوەی زۆر حەزی بەبینینی نەدەكرد، بۆیە بە دێربیی وت: (من بەرێز د... قبوڵ ناكەم و هەڵسوكەوتی لەگەڵ سێر (رۆبێرت پیل)دا هەرگیز بەلامەوە پەسەند نییە)، بەڵام سەرەنجام قبوڵی كرد كە وەك وەزیری دارایی بێتە ناو كابینەوە. شاژن دێربیی ئاگادار كردەوە: هیوادارم بەگرتنەدەستی ئەوپۆستە گەورەیە، چاو بەهەڵسوكەوتی خۆیدا بخشێنێتەوە كەمێك بەخۆیدا بچێتەوە.

من تەنیا لەسەر گفتی تۆ دیزرائیلی قبوڵ دەكەم.) دیزرائیلی چەندساڵێك بەر لەگەیشتنی بەدەسەڵات ماندونەناسانە كاری دەكرد. شاژن هەوڵەكانی ئەوی سەبارەت بەهێشتنەوەی ویگەكان لەدەسەڵاتدا بەهەند وەرگرت، هەرچەندە دیزرائیلی بە مەبەستێك ئەو كارەی كردبوو كە لەگەڵ مەبەستە شەخسیەكانی شاژندا زەوی تائاسمان جیاوازیی هەبوو.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دیزرائیلیو هاوسەرەكەی لەساڵی ١٨٦١دا بەرەسمی لە كۆشكی پاشایەتی ویندسۆر[٣١] پێشوازیی لێكرا.

گرنگیدانی زۆری دیزرائیلی بەپرسەی هاوسەری شاژن، لەناو خەڵكیدا دەنگی دایەوەو شاژنی خستە ژێر كاریگەرییەوە، بەشێوەیەك كەدواترو لەرێورەسمی ژن هێنانی شازادەی وێڵز (ئیدواردی حەوتەم)دا بانگهێشتكرا.

یاداشتی دیزرائیلی سەبارەت بەو دیدارەی كۆشكی ویندسۆر پیشانی دەدا كە چ ئایندەیەك چاوەڕوانی كردووە.

لۆرد بلیك لەو بارەیەوە دەڵێ: (دیزرائیلی بەسیحری خۆی شاژنی شەیدا كردووە. بە كاریگەریی ئەفسونی ئەوە كە شاژن دەردەكەوێو دیار نامێنێ. (دەڵێی داستانی پەریانە بەرجەستە دەبێ.) دیزرائیلی هیچ كێشەیەكی لەگەڵ حزبەكەیدا نەبوو. ماوەیەكی دورودرێژ بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا باڵادەست بوو، لەوەش زیاتر ئەوە بوو كە شاژنی بەكامی دڵی خۆی پەروەردە كرد.

پەیوەندیی باشی دیزرائیلی لەگەڵ دەرباردا نیشانەی ئەوە بوو كەخەوی خۆش دەبینێ. خەوی ئاڵتونی دەربارەی سیاسەتی وڵاتو ئیمپراتۆریی خۆرهەڵات، ئەو خەونانەی كە لەخولی دووەمی سەرۆك وەزیریدا بەخستنەرووی لائیحەی نازناوە سەڵتەنەتیەكان بۆ ئەنجومەن، لەساڵی ١٨٧٦دا، هاتنەدی. شاژن دڵی زۆر بەو لائیحەیە خۆش بوو. دیزرائیلی بەسەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكانی وت: (شاژنە ئیمپراتۆر خوازیاری تاجی پاشایەتی خۆیەتی)[٣٢]

دووسەرۆك وەزیری پێشوو نەیان توانیبوو ئەو ئارەزوەی شاژن بهێننەدی، بەڵام دیزرائیلی بیرێكی تری لەسەر دابوو، بیری لەوە دەكردەوە لەكاتێكی گونجاودا ئەو

---

[31]Windsor

[٣٢] واتە شاژن ڤیكتۆریا دەیەوێ بەپلەی باڵای ژنی ئیمپراتۆر بگاو ئیمپراتۆرییەكی لەبەر دەست دابێ، نەك هەرتەنیا نازناوی شاژنی پێ رەوا ببینرێ كە زیاتر نازناوێكی تەشریفاتیە. كەڵكەڵەی ئیمپراتۆریەت لەلایەن دیزرائیلییەوە خراوەتە مێشكی شاژنەوە ـ ه .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لائیحەیە بخاتە روو. بەهەرحاڵ دەبوایە بەرلەدانیشتنی ١٨٦٨ی ئەنجومـەن ئـەو لائیحەیـە بەلایەكدا بخا، لەبەر ئەوەی خستنەرووی لائیحەیەكی لەو جۆرە دەبوایە لەو وتەیەی شاژندا كە بڕیاربوو لەرێوڕەسمی كردنەوەی ئەنجومەندا پێشكەشی بكا، ئاماژەی پێبدرێ.

(بەدرێژایی مێـژووو، سیاسـەتێك (هەرتـەنیا سیاسـەتی پارلـەمانی نـا) بەوتەیـەكی دڵنشین رێی خۆی كردۆتەوە یا خود سـاڵێك یـا زیـاتر بـێ دەنـگ مـاوەتـەوە. هەرچـەندە حكومەتەكانی ئێستا حەسانەی دوایین رستەی ناو وتەیەكی پارلەمانیان هەیە كە دەڵـێ: پەیوەستە بەبڕیاری تۆوە.)

بەڵام دیزرائیلی كەم تەرخەمیی كردو بە رابەری باڵی نەیاری نەوت كە ئەم رستەیەش لەكۆتایی وتەكەدا دابنێو بەم كارەی، بەخۆڕایی كێشەی بۆخۆی زیاد كرد. ئەم رسـتەیە، ئەو دەمو ئێستاش بە رێڕەوێكی راست لەرووی مانا قانونیەكەیەوە لەقەڵەم دەدرێ.

یەكەمین خولی سەرۆك وەزیریی دیزرائیلی زۆری نەخایاندا. ئەو فەرمانی هەڵبژاردنی دا، بەڵام پاسەوانە پارێزەرەكان[٣٣] ـ كە تازە مافی دەنگدانیان بەدەست هێنـابوو پـشتیان تێكرد. دیزرائیلی كە لەوكاتەدا تەمەنی ٦٤ساڵ بوو دەبوایە دوای ئەوشكستە خـۆی بـۆ ئەوە ئامادەبكا كە ٦یا ٧ساڵی تر لـەباڵی نـەیاری دەوڵەتـدابێ، بـەڵام هـەرزوو روبـەڕوی مـەسەلەیەك بۆوە كە دەشێ چارەنوسی هەر سەركردەیەكی حزبـی بـێ كـە لەهەڵبژاردنـدا شكستی خواردبێ.بەڵام هەمیشە بەوشێوەیەش نیە.

حزبی موحافیزكـار بەدرێـژایی مێـژووی خـۆی، لەدورخـستنەوەی سـەركردە شكـست خواردوەكانیدا له ،-بۆنمونە- حزبی كرێكاران یا لیبراڵ، بێ بەزەیی تر بـووە. تەنانـەت گلادستۆنیش كە لەهەشتاكانی تەمەنیدابوو.

[٣٣] Praetorian guard لەسەردەمی رۆمـی كۆنـدا بەپاسـەوانی ئیمپراتـۆری دەوتـرا. لێـرەدا مەبەسـت لـەو نۆكەرو خزمەتكارانەیە كە دیزرائیلی مافی دەنگدانی بۆ زامن كردن بەڵام، ئەوان سپڵە دەرچوونو دەنگیـان بـۆ نەدا ،و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

چـەقۆكان لەسـەر ملـی دانرابـوون. زۆر بەزەحمـەت خـۆی لـەپیلانێكی نهێنـی بـۆ دورخستنەوەی قوتار كرد.

پیلانەكـە بەكۆبونەوەیـەكی حزبـی لـە بێرگلـی هـاوس[٣٤] تـەوابوو: لـەوێ یـەكێك لەنوێنەرانی پارلەمان لەحزبی توریدا دیزرائیلیی بە (جولەكە دۆزەخیەكە)ناو برد.

ژمارەیەكی زۆر لەهاوكارە كۆنەكانی لەناو حزبـدا گەیـشتبونە ئـەو قەناعەتـەی كـە دەبێ لەحزبدا نەمێنێ.

هەندێكیشیان پێیان دادەگرت لەسەر ئـەوەی لـۆرد دێربـی نـوێ سـەرۆكایەتی حـزب بگرێتـە ئەسـتۆ، بـەڵام سـەرەنجام نـەیانتوانی لەسـەر جێنـشینێك پێـك بـێن كـە بـەلای هەموانەوە پەسەندبێ، لەبەر ئەوەی هێشتا دیزرائیلـی نفـوزی لـەناو پارلەمانـدا مـابوو، وبەكاریگەری ئەو دوو وتەیەی كە لەمانچستەر و كریستال پالاس[٣٥] پـێش كەشـی كـردن، لەو پلەیەی خۆیدا مایەوە.

دیزرائیلـی تاسـاڵی ١٨٧٥، چـاوەڕێی هەڵبـژاردنێكی گـشتی نـەبوو، هەرچـەندە كەلەساڵی ١٨٧٣دا، ركابەرێكی وەك گلادستۆن لەبەرامبەریدا وەستابوو.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو دەرفەتەی لەبەردەمدا بوو كە دەسەڵات بگرێتـە دەسـت، بەڵام خۆی نەدا لەقەرەی.

ئەو لەچاوەڕوانیی هەڵوەشـانەوەی ئەنجومـەنو هەڵبـژاردنی لاوەكیـدا بـوو تابتوانـێ (جامی بادە پڕكا). بەڕەچاوكردنی پیریو پشوتەنگیی سروشتیی سەرجەم سـەركردەكانی باڵی نەیار[٣٦]، ئەو هەنگاوەی ئەو دەركەوتنەوەیەكی لێزانانەو وردبوو، وئەنجامی باشیـشی لێكەوتەوە.

هەڵبژاردنی گشتی لەساڵی ١٨٧٤دا كرا، نەك ١٨٧٥. لـەمانگی كـانونی دووەمـی ئەو ساڵەدا گلادستۆن لەگەڵ كابینەكەیدا تێك چوونو روبەڕوی چەند كێشەیەكی تربۆوە،

[34] Burghley House
[35] Cristal Palace

[٣٦] دیزرائیلی لەم كاتەدا رابەری باڵی نەیاری دەوڵەتی توری بوو —و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بۆیە بڕیاری دا بەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی لەناکاوو پێش وەخت سەرکێشییەك بکا. ئەو ئاکامەکەی کە لەو هەڵبژاردنە پەلەیە کەوتەوە تەواو بەپێچەوانەی پێش بینیەکانی دیزرائیلیەوە بوو.

لەمبەری دەریای ئایرلەندەوە[37] بارودۆخ ئاسایی بوو، بەڵام لەئایرلەندە لایەنگرانی حکومەتی ناوخۆ[38] بە فیداکردنی ئەندامانی لیبرالی پێشووی پارلەمان (مەبەست ئەندامانی ئایرلەندەیی پارلەمانی بەریتانیایە) سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێناو بۆیەکەمین جار دیزرائیلی زۆرینەیەکی کاریگەرو بێ رکابەری دەستەبەرکرد کە لەراستیدا بەیەکەمین زۆرینە لەقەڵەم دەدرێ کە لەساڵی (١٨٤١)ەوە لەبەرژەوەندیی سەرۆك وەزیرێك بەدەست هاتبێ.

زۆرینەکەی زەفەری پێنەدەبراو رابەرایەتیەکەشی بێ رکابەر بوو. جارێکی تر چوەوەسەر نوکە لوسەکە، بەڵام ئەمجارەیان هەستی بەئاسودەیی دەکرد. بۆیەکەمین جار دەستی کراوە بوو کە بیروباوەڕێکی جێگیرو درێژ خایەن بۆخۆی هەڵبژێرێ‌و فەلسەفەیەك بێنێتە کایەوە تایبەت بەبەریتانیاو ئەو جیهانەی بەدڵنیاییەوە لەژێر دەستیدابوو.

سەبارەت بەوەی کە پەیوەندیی بە رۆڵی نوێی بەریتانیاوە لەجیهاندا هەبوو، رەنگە هێشتا هەستێکی رون‌و ئاشکرای لادروست نەبوبێ. کاتێك مرۆڤ سەرنج لەودەسەڵاتە دەدا کەسەرۆك وەزیرێکی نوێ، بەتایبەت لەسەرتای دەستبەکاربونیدا لەناو کابینەکەیدا بەکاری دەهێنێ، بەتایبەت ئەگەر تازە دیزرائیلی ناسیبێ، بەسەرسامیەوە دەیەوێ بزانێ ئەو تا چ رادەیەك ئەو دەسەڵاتەی دەبەخشێ‌و تاچ ئاستێك لەناوکابینەکەیدا مانۆردەکا.

ئەمەش تارادەیەك پەیوەستە بە وردبونەوە لەهاوسەنگیی هێز لەناو کابینەدا کە کەسایەتی ناسراوو بەهێز، وەجاغزادەکان، وپارلەمانتارە گەورەکانی تێدایەولەسەر ئەو

---

[37] مەبەست خودی ئینگلتەرەیە. ئینگلزەکان هەر ئایرلەندیەکان بە ئەو بەری ئاوەکەو بەریتانیا بە ئەم بەری ئاوەکە ناو ئەبەن و.

[38] Home rulers





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بنەمایە، دەبێ سیاسەت‌و فەلسەفەو پێگە کۆمەڵایەتیەکان، بێ هیچ دوودڵیەك ریزبەندی‌و دابەش بکرێ.

دیزرائیلی تا گەیشتن بەپلەی یەکەم لەسەر ئاستی جیهان، دەبوایە لەهەر قۆناغێکی ئەو رێگەیەی کە لەبەردەمیدایە، مانۆربکا. مۆرلی[39]، دوای ٢٥ساڵ دەربارەی دیزرائیلی نوسی: (ئەو لەنێو هاوشانەکاندا کەسی یەکەم بوو . << He was primus inter pares.>> ) تەنانەت سەبارەت بەمەسەلە جیهانیەکانیش، لەگەڵ دێربی لاودا، کە وەزیری دەرەوەی بوو هەڵی دەکرد هەرچەندە کەدژی بیرو بۆچونەکانیشی بوو لەمەسەلەکانی خۆرهەڵات‌و روسیادا، بێ هیچ دودڵیەك واهەستی دەکرد کەپێویستە هەڵبکا.

دێربی نەیارێك بوو کە گەیشتە سنوری بێ وەفایی‌و تەنانەت خیانەتی سیاسیش‌و لەرێی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەرباری روسیاو هاندانی قەیسەر لەسەر ئەوەی گوێ بە بۆچون‌و داخوازیەکانی دیزرائیلی نەدا، هەوڵی دا سیاسەتە خۆرهەڵاتیەکانی دیزرائیلی تێك‌و پێك بدا.

لەکابینەیەکی سەردەمی نوێدا، دێربی دەبوایە دەرکرایە یا پلەکەی نزم کرایەتەوە، بێ ئەوەی تەنانەت بزانێ لەکوێوە لێی دراوە: دیزرائیلی ماوەی دوو ساڵ بواری دا دێربی درێژە بەوگەمە مەترسیدارو کاڵتەجاڕیەی بداو ئەوجا دەست بەکاربوو.

چوە لای لۆرد سالبێری ـ هاوتای کانینگ ـ و داوای لێکرد بێتەوە مەیدان‌و جێی ئەوکەسە بگرێتەوە کە نوزلی[40] پێشنیاری کردبوو تا جارێکی تر هاوسەنگیەکە رابگرێتەوە.

جگە لە هەڵوێستە روون‌و ئاشکراکانی سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوە، لەو مەسەلە گرنگانەشدا کەپەیوەندیی بەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە هەبوو چەند یادگاریەکی لەدوای خۆی جێهێشتووە.

---

[39] Morley

[40] Knowsley

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەروەك چۆن سـەبارەت بـەكاروباری دەرەوە هەرخوێنـدكارێكی كـوڕیان كـچ دەبـێ دەستەواژەی (ئاشتیی پڕشانازی) لەمێشكی خۆیدا بەرجەستەبكا. سەبارەت بـەكاروباری نـاوخۆش دەبـێ روخساری (Sanitas sanitatum, omnia sanitas)ی دیزرائیلی بیر بكەوێتەوە.

دەیان ساڵ بوو پەتاو ترسو دڵەڕاوكێی زادەی ئەو پەتایەو هەروەها روبارە پیسەكانو نەخۆشـیە درمیـەكان ژیـانی هـەموانی خـستبوە مەترسـیەوە، یـەكێك لەگـەورەترین بەرێوبەرەكانی بـواری خزمـەتگوزاریی وڵات كـە نـاوی (سـكلەیتەر بـوس)[41] بـوو قـۆڵی هیمەتی لـێ هەڵماڵیو چەند قانونێكی دەربارەی تەندروستیو ژینگە داڕشت. لەلایەكی ترەوە كراس[42] لەوەزارەتی ناوخۆ قانونێكی كـاری پێـشكەوتوی داڕشـت: قـانونی خـاوەن كارو كارمەندەكان كەجێی قانونە كۆنەكەی (ئاغاو سەپان)ی گرتەوە.

قانونی پلانگێڕیو پاراستنی سامان[43]، قـانونی پلانگێـڕی لەبەرژەوەنـدی سـەندیكا كرێكاریەكان دەگـۆڕیو ڕێ بـەمانگرتنی ئاشـتیخوازانە دەداو بەیاسـایی لەقەڵـەم دەدا. ئەم چاكسازیانە تا ٣٠ساڵی تر درێژەی هەبوو.

سەبارەت بەقانونی كار، دیزرائیلی بەهـەموو توانایەكیـەوە داكـۆكیی لـەكراس كـرد لەبەرامبەر ئەندامانی تری كابینـەدا، كـە دەیـان وت ئەوقانونـە رێنوێنیـە گونجاوەكـانی راپۆرتی كۆمسیۆنی شاهانەی ساڵی ١٨٤٧تێدەپەڕێنێ.

قانونی شوێنی نیشتەجێبونیش داڕێژراو شوێنی نیـشتەجێبونی كرێكـارانو قـانونی موڵكە كشتوكاڵیەكانیشی گرتـەوە كـە داكـۆكیی لـەمافی كرێـچی دەكـرد لەبەرامبـەر خاوەن مـوڵكو زەویەكاندا ،و قانونی پـەروەردەو فێركردنـی سـاڵی ١٨٧٦یـش (یادگـاری هەمـان ئەو كاتەیە).

[41] Sclater Booth
[42] Morrant
[43] Beveridge





مەكتەبی بیروهۆشیاری

كاتێـك دوای شكـستی هەڵبژاردنەكـەی ١٨٨٠، دیزرائیلـی، داونیـنگ سـتریتی بەجێهێشت، دەیتوانی لافی ئەوە لێبدا كـە لـە پەرەپێـدانی قانونـدانانی كۆمەڵایەتیـدا رۆڵێكی گـەورەی هـەبووەو لەسـەرجەم سـەرۆك وەزیرەكـانی پـێش خـۆی زیـاتر خزمـەتی كۆمەڵی بەریتانیای كردوە.

بەبۆچـونی سـیبل كـە لەهـەموو كەسـێك زیـاتر گرنگیـی بـە (بـارودۆخی نـاوخۆی بەریتانیا) دەداو بانگەشەی بۆدەكرد، ئەوە یادگاریەكی كەم نەبوو.

بەشێك لەمێژووی سیاسیی بەریتانیا لە چارەكی سێیەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، كـە تیایـدا ئامـاژە بەسـەنگەرگیریو روبەڕوبونـەوەی كەسـایەتیەكان لەگـەڵ یـەكتردا كـراوە، نەوەكانی داهاتوی خستۆتە ژێر كاریگەرییـەوە. بەتایبـەت ئەوەدەمـەی كـە لەپارلەمانـدا دیزرائیلـیو گلادسـتۆن لـەریزی پێـشەوەی ئەنجومـەنی نوێنـەران لەپـشت مێـزی وتـار خوێندنەوەوە هێرش دەكەنە سەر یەكتریو وەك هەور دەگرمێنن.

گلادستۆنو دیزرائیلی ماوەی ٨ساڵ وەك دوو رابـەری دوو حزبـی دژبەیـەك روبـەڕوی یەكتر بونەوەو بەدرێژایی ئەو ماوەیە كە بەنۆرە وەزارەتی داراییان گرتبوە دەست بـەردەوام تانەو تەشەریان لەیەكتری دەداو ددانیان لەیەكتری جیڕ دەكردەوە. .

گرنگترین بەشی پێكداهەڵشاخانیان، دوابەدوای سەركەوتنی دیزرائیلی لـە ١٨٤٧دا، رویـدا: هەرچـەندە لەراسـتیدا گلادسـتۆن لەسـاڵی ١٨٧٥دا، دەسـتی لەسـەرۆكایەتیی حزبەكەی خۆی كێشایەوە، بەڵام هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی لەمیدلۆتیان[44] لەكۆتایـەكانی ساڵانی١٨٧٠دا، سـەركەوتنی لیبراڵـەكانی لەسـاڵی ١٨٨٠دا لـێ كەوتـەوە، گـورزێكی راستەوخۆبوو بۆ دیزرائیلیو سیاسەتەكانی: لـەئاكامی ئـەوەدا گلادسـتۆن لەپراكتیكـدا بوو بە رابەری حزبەكەی،و شـاژن ناچـار بـوو دوابـەدوای سـەركەوتنی لیبراڵـەكان بنێـرێ بەدوای گلادستۆندا، هەرچەندە بەئاشكرا سەركەوتنی لیبرالەكانی پێ ناخۆش بوو.

[44] Midlo thian بەشێكە لەسكوتلەندە كە ناوەندەكەی شاری ئەدیبۆرگە ـ و .

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەسـالآنی ۱۸۷۰دا شـەڕەكانی نێـوان دیزرائیلـیو گلادسـتۆن زیـاتر لەسـەر مەسەلەكانی پەیوەست بەسیاسەتی دەرەوە بوون.

لەم بارەیەوە دەكرێ ئامـاژە بەكێشەكانی دیزرائیلی سـەبارەت بەپەیوەنـدی لەگـەڵ روسیا ،و هەڵسوكەوتی دێربی بدرێ، بـەڵام دیزرائیلـی دوای ئـەم پێشهاتانە، سـەبارەت بەئامانجەكانی خۆی، بیروبۆچونی ئاشكراتری دۆزیەوە.

سـەركەوتنەكەی سـاڵی ۱۸۷٤ ، متمانـە بـەخۆو ٦سـاڵ ئاسـودەیی لەبـەڕێوەبردنی حكومـەتـدا بۆدەسـتەبەركرد ،و توانـای ئـەوەی پێبەخـشی تـا تواناكـانی خـۆی لـەبواری پەیوەندیەكانی دەرەوەدا بەرجەستە بكا.

لەرۆمانەكەیدا بەناوی ئێندیمیۆندا[٤٥] یەكێك لەكارەكتەرەكانی ئاماژەیەكی بـە (لـۆرد رۆیهامپتۆن)[٤٦] تێدایە: ئەو پیاوێكە بەقەد پوشێك بەلایەوە گرنگ نیە كە داهـات زیـاد دەكا یا كەم. ئەو بیر لەسیاسەتی واقیعی[٤٧] دەكاتەوە: یا بە دەربڕینێكـی تـر هێـشتنەوەی دەسەڵاتی ئێمە لەئەوروپا.

سیاسەتی ئەو لەكاتی دەسەڵاتیدا زیـاتر تـەرخان بـوو بـۆ داهـاتو دەسـتكەوتەكانی باج، بەڵام لەماوەی ئەو ٦ساڵەدا لە (۱۸٦۸)وە تـا (۱۸۷٤) كـە تیایـدا سـەرۆكایەتیی بـاڵی نـەیاری گرتبـوە ئەسـتۆو سـەرۆك وەزیـری سـێبەر بـوو[٤٨] ، لەگـەڵ (سیاسـەتی واقیعی)یدا زۆر بەچاكی ئاشنا بوو.

---

[٤٥] Endymion لەداستانەكانی یۆناندا ناوی ئەوشوانە لاوو قۆزەیە كەئارتمس خواوەندی مانگ شەیدا دەبـێ ـ و .

[46]Lord Roehamp ton

[٤٧] real - politik یاسیاسەتی پراكتیكی بـەمانای سیاسـەتێكی نەتـەوەیی پـاوان خوازانـە دێ كـەئامانجی ئەسڵیی بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەكانەـ و.

[٤٨] لەلاپەڕەكانی داهاتودا شرۆڤە دەكرێ ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو بەپێچەوانەی گلادستۆنەوە، بەبیروباوەڕە پێشوەخت ئامادەكراوەكان كـاری خـۆی دەست پێنەكرد ، بەڵكو ڕێگەیەكی هەڵبژارد كە لەمێشك(و) بیروباوەڕی گشتیەوە نزیـك بوو.

جگەلەوە توانای ئەوەی هەبوو ئامانجە ستراتیژیەكانی خـۆی داڕێـژێ،وبەهـەمان ئـەو كارامـەییەی كە توانای ئەوەی پێ بەخشی ئەنجومەنی نوێنەران بخاتە ژێـر ركێفـی خۆیـەوە لەكاتی گونجاویشدا جێبەجێیان بكا.

كاتێك مـەسەلەی خۆرهەڵاتی نزیكی هێنایە گۆڕێ زۆرینـەی ئەنـدامانی كابینەكـەی كـە هەنـدێكیان كـاتی خـۆی لەنـەیارە سەرسـەختەنی ئـەو بـوون، پـشتگوێ خـست. باڵادەستیی تەواوی ئـەو بەسـەر كابینـەدا كاتێـك بـوو كەژمارەیـەك لـە نـەیارەكانی نـاو كابینەكـەی یـەك لـە دوای یـەك دەسـتیان لـەكار كێـشایەوە. ماوەیـەكیش شـاژن، كـە لەمـەسەلەی روسو توركەكاندا هەڵی دەدایە، دوچاری ناكۆكیـەكی گـەورەبوو لەگەڵیـدا ، بەڵام لەبەرئەوەی شەیداو دیلی سەرۆك وەزیرە ئەفسوناویەكەی بوو، بیروبۆچونەكانی ئەوی قبوڵ كردو لەبری ئەو ژەهرەكەی خۆی بە (دێربی)دا رشـتو بەلەسـەركار لابردنـی ئـەو، رۆڵی خۆی بەتەواوی گێڕا.

توركیـا ، ئیمپراتـۆریی عوسمـانیی گەنـدەڵ و كـۆنو بـێ بـەزەیی تادەهـات زیـاتر دادەوەری. لەبەرامبەر بزوتنەوە نەتەوەییەكاندا كە لەچەندین بەشـی ئیمپراتۆریەتـدا (كـە ئەمرۆ بولگاریا ، رۆمـانیاو یوگسلافیا یان پێ دەوترێ) سەریان هەڵدابوو.

ئەو ئیمپراتۆریە لەپراكتیدا كۆنترۆڵی میسری لەدەستدابوو ، ودەسەڵاتێكی ئەوتۆشی بەسەر ئاسیای بچوكدا نەمابوو كە ئیستا عەرەبو ئیسرائیلی تێدا نیشتەجێیە.

سیاسەتی جێگیری بـەریتانیا ئـەوە بـوو كـە رێنـەدا هەرەسـهێنانو دابەشـبوونی ئـەو ئیمپراتۆریە سەركوتكەرە، كە لەسـەرەمەرگدابوو بـەرفراوان بـونی دراوسـێ بـەهێزەكانی روسیاو ئیمپراتۆری نەمسا- هەنگاریای لـێ بكەوێتەوە.

دیزرائیلی لەو مەسەلەیە كە لەسەرەبەندی تەقینەوەدا بوو نزیك نەبۆوە. ئامانجەكانی نزیك بوون لەو ئامانجانەوە كە لەولاتەكەیدا باوەڕیان پێی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو كە دەسەڵاتی داری كایزربۆند[٤٩] یایەكێتی سێ ئیمپراتۆری پڕوس، نەمسا- هەنگاریاو روسیا كەم كاتەوە، لەكاتێكدا كە دەسەڵات‌و نفوزی فەرەنسیەكان لەئاكامی جەنگی نێوان پروس‌و فەرەنسا كەم بوبۆوە.

ئەو دەیویست توركیا لەسەر ئاستی ناوخۆ، ولەسەر ئاستی ئەو سەر زەمینانەش كە بەسەریاندا باڵادەست بوو دەست لەبیروباوەڕو شێوازەكانی سەدەكانی ناوەڕاست هەڵگرێ‌و هەنگاوێك بەرەوپێش بنێ.

رۆژبەرۆژ زیاتر گرنگیی بەو رێڕەوە ئاویە دەدا كە دەچوەوە سەر هیندستان.

كردنەوەی كەناڵی سویس لەساڵی ١٨٦٩دا، رێگەی هیندستانی بۆ سوپا، بەرپرسان‌و بازرگانان بۆچەندین هەفتە،و هەزاران میل، كەمتر كردبۆوە. سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكان كەیرنس[٥٠] دوابەدوای كڕینی بەشێكی كەم لەپشكەكانی ئەو كەناڵە لەلایەن دیزرائیلیەوە، بۆی نووسی: (ئێستا كەناڵ‌و هیندستانیشە. هەرتەنیا هیندستان نییە. هیندستان تەنیا ژمارەیەكی رەمزە لەكاتێكدا كەناڵەكە دەزگایەكە رەمزەكان دروست دەكا)[٥١]

روبوڕوبونەوەی یاخیبونەكەی هێرزوگۆڤین[٥٢]، كە دەكەوێتە باكوری خۆراوای ئیمپراتۆریەتی توركیاوە، دەستی پێكرد: سوڵتان بیهودە وزەی خۆی بۆ دامركانەوەی یاخی بونێك بەفیڕۆدەدا كە لەسەر راكێشانی هێڵی ئاسن سەری هەڵدابوو، بێ ئەوەی خەرجی‌و داهاتی ئەو هێڵە ئاسنە بخاتە بەرچاوی خۆی. لەندەن كە ٣/١ی قەرزی

[٤٩] Drei Keiserbund لەزمانی ئەڵمانیدا بەمانای یەكێتیی سێ قەیسە ردێ ـ و .

[50] Cairns

[٥١] ئاماژەیەكە بە ئامانجە كۆلۆنیالیزمەكانی ئایندەی بەریتانیاو دلگەرم كردنی دیزرائیلی، كەبەریتانیا دەتوانێ لەرێی ئەو كەناڵەوە چەند هیندستانێكی تر بۆخۆی دەستەبەر بكا ـ و .

[٥٢] Herzegovina ناوچەیەكە لەخۆراوای ناوەندی یوگسلافیا ـ و .





راكێشانی ئەوهێڵە ئاسنەی گرتبووە ئەستۆ، مەیلی راستەقینەی هەبوو كەچەند چاكسازیەك لەتوركیادا بەئەنجام بگا.[٥٣]

لەوكاتەدا سووربوو لەسەر ئەوەی نەهێڵێ قەیسەر لەدابەشبونی توركیا سودمەند بێ. كەناڵی سویس رێگەیەكی ژیاری بوو،و چوارپێنجەمی هاموشۆكەی تایبەت بوو بەكەشتیە ئینگلیزیەكان. دوابەدوای داگیركردنی سوڵتاننشینە دێرینەكانی ئاسیا[٥٤] لەلایەن روسیاوە، لەساڵانی ١٨٦٠داو، نزیكتربونەوەی روسیا لەهیندستان لەرێی باكورەوە، دیزرائیلی نیگەرانی پاوانخوازیی روسیا بوو لەناوچەی دەریای قەزوین. جوگرافیاكەی وەك زۆربەی سەرۆك وەزیرەكانی تر زۆر باش نەبوو. لە ساتەوەختێكدا واهاتە بەرچاوی كە دەریای قەزوین ئاوێكی ئازادە. ترسی ئەوەی هەبوو روسیا قوستەنتینیە بگرێ‌و لەوێوە هەڕەشە لەكەناڵەكە بكاو غافڵ بوولەوەی كەناڵی سویس‌و قوستەنیتنیە هەزاران میل لەیەكترەوە دوورن.

قەیران لەدوای قەیران سەری هەڵدا. دوابەدوای كوشتنی هەردوو كونسوڵی فەرەنساو ئەڵمانیا لەسالۆنیك[٥٥]، بەرلین هەڕەشەی كرد.

دیزرائیلی هیچ گرنگییەكی بەوكارە توندو تیژی‌و تاوانانە نەدا كەهێزەكانی عوسمانی دەرهەق بە بولگاریا كردبوویان لەسەر بنەمای ئەو زانیاریە هەڵانەی كە سێر هێنری ئیلیۆت[٥٦] كاربەدەستی بەریتانیا لەدی پۆرت[٥٧]بۆی رەوانە دەكرد .

ئەوەش یەكێك بو لەكەمتەرخەمیەكانی دیزرائیلی.

[٥٣] لەبەرئەوەی نەیدەویست ئەو پارەیەی بەقەرز دابووی بەتوركیا لەویاخی بونەدا خەرج بكرێ،و دەیویست چاكسازی، ببێتەمایەی ئاشتی‌و ئارامی لەهێرزۆگۆڤین ـ و .

[٥٤] مەبەست ئۆزباگستان، تاچیكستان‌و قرقیزستانە ـ و .

[٥٥] Salonika شارۆبەندەری دەریایی یۆنان كە دەكەوێتە باكوری خۆرهەڵاتی كەنداوی سالۆنیكەوە ـ و .

[56] Sir Henry Elliot

[٥٧] The parte دەرباری عوسمانی لەقوستەنتینیە (ئەستەمبوڵی ئێستا) ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەكاتێكدا كە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی (میدلۆتین)دا، هاتو هاوكاری نارەزایی دەربڕینی گلادستۆن لەبەرامبەر سەركوتكردنی نەتەوە بچوكەكان[٥٨] بەرز بوەوەو ناراستەوخۆ پشتگیری لەدەست تێوەردانی روسیا دەكرد، دیزرائیلی زیاتر گرنگیی بە پەیوەندیی ولاتان لەگەڵ یەكتریو هاوسەنگیی هێز دەدا، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئامۆژگاریەكانی گلادستۆنی بەفریو لەقەڵەم دەدا.

هێشتا هەڵوێستێكی توندی وەرنەگرتبوو، و تا ئەودەمە پەیوەندیی لەگەڵ شوالۆف[٥٩] باڵوێزی روسیادا ئاسایی بوو. هێشتا خۆی بە یەكپارچەیی خاكی ئیمپراتۆریی توركیاوە پابەند نەكردبوو، وهێشتا بەرەیەكی دوژمنكارانەشی لەبەرامبەر (سان پیتەرسبۆرگ)[٦٠]دا پێك نەهێنابوو. دیزرائیلی نەخۆش بوو، كابینەكەشی لەئاكامی جیاوازیی بیروباوەڕی ئەندامەكان بەتوندی لێك ترازا بوو.

كاتێك گلادستۆن سەرگەرمی پێشكەشكردنی وتەیەك بوو، دیزرائیلی خەونی بەشاژن، ئیمپراتۆری‌و هیندستانەوە دەبینی.

ولات گیرۆدەی دوبەرەكی بووبوو: بەرەیەك لایەنگریی لەتوركەكان‌و بەرەیەكی تریان لایەنگریی لەروسەكان دەكرد. هاوشێوەی ئەو دوبەرەكیەی كە سەدساڵ دوای ئەوە لەسەر بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا سەری هەڵدا،و سەرەنجام بەریفراندۆمێك مەسەلەكە یەكلابۆوە.

هێشتا شاژن لایەنگریی لەتوركەكان دەكرد: هەڵچون‌و قسە توندەكانی گلادستۆن لە پاساوهێنانەوەكەی دیزرائیلی زیاتر، شاژنی هاندا. هەروەك لۆرد بلیك نوسیویەتی: (گلادستۆن شەڕی بیروباوەڕی دەكرد، لەكاتێكدا شاژن‌و دیزرائیلی زیاتر شەڕی سیاسەتێكی پراكتیكیان دەكرد. چەندە ترس‌و بێزاریی گلادستۆن لەتوركەكان زیاتر بوایە، ترس‌و بێزاریی دیزرائیلیش لەروسەكان زیاتر دەبوو.)

---

[٥٨] مەبەست سەركوتكردنی بولگاریا، رۆمانیاو یوگسلافیایە لەلایەن هێزەكانی عوسمانیەوەو لەگەڵ ئەوەشدا كەبەریتانیا پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، بەڵام لەكاتی خۆیدا ڕێی لێنەگرت ـ و .

[59] Shuvalov

[٦٠] پایتەختی روسیای قەیسەری ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سربستان[٦١] جەنگی لەدژی (توركیا) راگەیاند. دەوڵەتی خاوەن شكۆ شاژنی بەریتانیا بێ لایەن مایەوە. دێربی بەنیاز بوو ئاگربڕ لەنێوان هەردولادا بەدی بێنێ‌و پێشنیاری گرێدانی كۆنفراسێكی كرد بەبەشداری ٦ ولاتی گەورە.

ئەوەی جێی سەرنجە سالسبێری كە هێشتا بەرەسمی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی نەگرتبووە دەست، نوێنەرایەتیی بەریتانیای لەوكۆنفرانسەدا گرتبووە ئەستۆ. روداوەكان یەك لەدوای یەك بوون‌و رای گشتی بۆ تەیار دەكرا.

روسیا شوڵی لێهەڵكێشابوو، و مەترسیشی هەبوو. دیزرائیلی لەمیوانداریی لۆردی سەرۆكی شارەوانیدا وتەیەكی پێشكەش كردو[٦٢] تیایدا ئەگەری تێوەگلانی بەریتانیای لەجەنگێكدا بەگوێ دادا: (سەرچاوەكانی بەریتانیا، بەتایبەت ئەگەر دەرگیری (جەنگێكی هەق)بێ، لەبن نایە... بەریتانیا ولاتێك نییە كاتێك جەنگێكی دەست پیكرد لەخۆی بپرسێ ئایا توانای جەنگێكی ترو جەنگی سێیەمیشی هەیە، یانا. بەریتانیا كاتێك چووە ناو جەنگێكەوە، هێندە خۆڕاگر دەبێ، تا ئەوەی پێویستە بەئاكام بگا.)

قەیسەر رایگەیاندبوو كە ئەگەر كۆنفراس شكست بێنێ، روسیا بەتەنیا دەست بەكاردەبێ تا چۆك بەتوركیا دابداو ناچاری بكا چاكسازی بكا: ((خوای پەروەردگار یارمەتیمان بدە تا ئەركە پیرۆزەكەمان بەجێ بگەیێنین.))

دیزرائیلی، لەهەمان كاتدا كە دەستبەكاربوو بۆ لاوازكردنی یەكێتیی سێ ئیمپراتۆرەكە، ناچاریش بوو كاردانەوە بنوێنێ.

هەستی دەكرد دەبێ توركیا بەر لەدەست تێوەردانی روسیا هەڵپە بكا بۆ چاكسازی.

---

[٦١] سربستانی ئەمڕۆ بەشێكە لەكۆماری یوگسلاڤیاو كەوتۆتە خۆرهەڵاتی ئەو ولاتەوە لەكاتێكدا پێشتر ولاتێكی سەربەخۆ بوو ـ و .

[٦٢] نەریتی باوی بەریتانیا وابوو كە لۆردی سەرۆكی شارەوانی وەك گەورەی هاوولاتیانی ئینگلیز لەروداوو پێشهاتەكان ئاگادار دەكرایەوە. لەلایەكی ترەوە لۆردی سەرۆكی شارەوانی سەرۆكایەتیی كاروباری دارایی‌و شاری لەندەنیشی لەئەستۆدا بوو لەبەر ئەوەی جەنگ پارەی پێ دەویست.

لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کە بالۆێزی بەریتانیا لەتورکیا لایەنگری تورکەکان بوو، بۆیە تورکەکان وەڵامی داخوازیە هەنوکەیەکانی لۆرد سالسبێریان سەبارەت بە چاکسازی نەدایەوە.

لەم هەلو مەرجەدا دەبوایە دیزرائیلی باڵیۆزی بەریتانیا لەتورکیا بانگ بکا، بەڵام نەخۆش کەوتنی دیزرائیلی لەلایەك‌و، نادڵسۆزیی دێربی وەزیری دەرەوەی لەلایەکی ترەوە، رشتەی مەسەلەکانی لەدەستی ئەودا نەهێشتبوو.

هەوڵەکان لەپێناو پاشگەزکردنەوەی نەمسا لە پشتگیریکردنی روسیا بێ ئاکام بوو. بەریتانیا حەزی دەکرد لە ناوخۆی ئیمپراتۆریی تورکیادا چاکسازی بە ئەنجام بگاو ئەو هەرێمانەی لەنەژادێکی ترن، بۆ راپەڕاندنی کاروباری ناوخۆی خۆیان ئۆتۆنۆمییان پێ رەوا ببینرێ، بەڵام روسیا دەیویست ئەو هەرێمانە لە تورکیا جیاببنەوەو سەربەخۆبن، تا دواتر بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. سەرەنجام هێزەکانی روسیا لەمانگی حوزەیراندا پەلاماری بەشە ئەوروپییەکەی تورکیای دا، بەڵام لەئەنجامی بەرگریی تورکەکاندا ناچاربوو بەرەو پلونا[٦٣] بکشێنەوە.

لەم بگرەو بەردەیەدا، تای جەنگ لەلەندەندا تادەهات بەرزتر دەبۆوەو ئەو رۆژە هات کە جینگوزیم[٦٤] سەری هەڵدا: (ئێمە ناجەنگین تاگوڕوتینی نیشتمان پەروەری تیاماندا جۆش نەدا. ئێمە کەشتیمان هەیە، سەربازمان هەیەو پارەشمان هەیە).

دوای ئەوەی سالسبێری لەسەر درکاندنی نهێنیەکانی دەوڵەت بۆ روسیا لەدێربی رەنجاو لایەنی دیزرائیلی گرت، دیزرائیلی رەزامەندیی کابینەی وەرگرت

[٦٣] Plevna شارێکی باکوری ناوەندی بولگاریایە کە لە ساڵی(١٨٧٧) دا،دوای (١٤٣) رۆژ ، گەمارۆ ، لە دەست تورکەکان رزگاری بوو - و .

[٦٤] Jingoism واتە نیشتمان پەروەری توندڕەوو دەمارگیر — و





بۆدەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ نەمساداو بۆ داواکردنی شەش ملیۆن پاوەند بۆجەنگ لەپارلەمان‌و رەوانەکردنی کەشتیەجەنگیەکان بۆ داردانێل[٦٥].

دێربی بۆسێیەمین جار دەستی لەکار کێشایەوە، بەڵام کاتێك ئاشکرابوو کەهەڵەیەکی رەمزی سەبارەت بەنیازەکانی روسیا کراوە جارێکی تر گەڕایەوە سەرکارەکەی خۆی. شاژن بە گەڕانەوەی دێربی بۆسەر پۆستەکەی دەمارگرژ بوو.

دوای ئەوە ئاگربڕ راگەیەنرا، بەڵام کاتێك ئەوهەواڵە بەلەندەن گەیشت کە گوایە رووسەکان دەرفەتی ئەو ئاگر بڕەیان قۆستۆتەوە، کابینە بڕیاریدا کەشتیگەلی بەریتانیا رەوانەی قوستەنینیە بکا.

جەنگ نزیك بۆوەو ئەگەر روسەکان بچونایەتە ناو پایتەختی تورکیاوە، بەدڵنیاییەوە بەریتانیا جەنگی لەدژی روسیا رادەگەیاند. کابینە هەڵوێستی خۆی توندتر کردو ئەو سەربازانەی بڕیار وابوو رەوانەی هیندستان بکرێن رەوانەی ناوچەی دەریای ناوەڕاست کران.



**لۆرد بیکنسفیلد لەکتێبخانەکەیدا لەهوگندن**

[٦٥] رێڕەوێکی ئاویی سەر دەریای مەڕمەڕە لە تورکیا — و.

پارلەمان دەنگی بۆ رەوانەكردنی هێزی یەدەگ داو ئەمجارەیان دێربی بۆ دوایین جار دەستی لەكار كێشایەوە. دواتر وازی لەحزبەكەشی هێناو لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٨٨٠دا رووبەڕووی گلادستۆن بۆوە.

پەیمانی سان ستیفانۆ[٦٦] كە (لەلایەن روسەكانەوە) بەسەر توركەكاندا سەپێنرا، لەلایەن لەندەنەوە رەت كرایەوە. بەریتانیا بەتوندی دژی جیاكردنەوەی (بولگاریای گەورە) لەجەستەی توركیاو داگیركردنی ئاسیای بچوك و كەنارەكانی دەریای رەش بوو لەلایەن روسەكانەوە لەبەر ئەوەی رێگەی گرنگی بازرگانیی بۆ خۆرهەڵاتی دەخستە مەترسیەوە.

بەڵام سەرەنجام روسەكان پابەند بوون بەبەڵێنەكانی پێشوی خۆیانەوە سەبارەت بە راوێژ كردن لەگەڵ هێزە گەورەكانی ئەوروپاداو دیزرائیلی پیرو نەخۆش لەكۆنگرەی بەرلین، كە لە١٤ی حوزەیرانەوە تا ٤ی تەموزی ١٨٧٨درێژەی كێشا، گەورەترین سەركەوتنی سیاسی ئەو سەردەمەی بەدەست هێنا.

دیزرائیلی بەسەرجەم ئامانجەكانی خۆی گەیشت كە بریتی بوو لەدامەزراندنی (بولگاریایەكی بچوك)و زامن كردنی سنورێكی پارێزراو بۆ بەشە ئاسیاییەكەی توركیا. لەبەرامبەردا، چووە ژێر باری بەرفراوان بونی روسیاوە لەبەری دەریای رەشەوەو دورگەی قوبروسیشی دەستكەوت كە پێگەیەكی زامن بوو بۆ بەریتانیاو دەیتوانی لەوێوە بەئاسانی چالاكیەكانی داهاتووی روسیا بخاتە ژێرچاودێریەوە،و سەرەنجام لەوانەی جوگرافیادا دەرچوو.

باڵادەستیی دیزرائیلی بەسەر كۆنگرەی بەرلیندا جێی ستایشی بیسمارك بوو: (ئەم جولەكە پیرە پیاوی مەیدانە ((Der alter Jude, das ist der Mann)).)

راپۆرتی رەسمیی دیزرائیلی بۆ پارلەمان سەبارەت بەوەی (ئاشتیەكی پڕ شانازی) بۆ وڵاتەكەی بەدەستهێناوە، بەزۆرینەی ١٤٣دەنگ لەئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەندكراو

[66] San Stefano





سەرجەم ئەندامانی توری دەنگیان بۆ پەیمانەكە دا. دوای ئەوەی بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەدەسەڵاتدا مایەوە، هیچ شتێكی گرنگ ئەنجام نەدرا. وەك ئەوەی برِستی قانوندانانی لەدەستدابێ، بەتایبەت ئەو كاتەی گیرۆدەی كێشەكانی جەنگی زولو[٦٧] و یاخی بونەكەی ترانسڤاڵ[٦٨] بوو.

دوابەدوای دەركردنی نوێنەرایەتیەكی روسی لەئەفغانستان لەلایەن رۆبێرتسەوە[٦٩]، ئەندامانی نوێنەرایەتیەكی ئینگلیزی كە بۆ بەهاناوەچونی باردۆخی شێواوی كابول رەوانەی ئەفغانستان كرابوون، كوژرانو رۆبێرتس ناچار بوو جارێكی تر پەلاماری ئەفغانستان بداتەوە، بەڵام روسەكان هیچ كۆسپێكیان نەختە رێ.

لەساڵی ١٨٨٠ دا، دیزرائیلی، كەدڵنیابوو لەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتودا سەركەوتن بەدەست دێنێ، پارلەمانی هەڵوەشاندنەوە، بەڵام بەپێچەوانەی پێشبینیەكانیەوە دوچاری شكستی گەورەبوو.

شاژن زۆری پێناخۆش بوو، وبەگریانەوە بۆكچەكەی نوسی: (تەندروستیی زۆر لەمەترسیدایە.) ساڵێك دوای ئەوە، لە١٩ی نیسانی ١٨٨١ دا، دیزرائیلی لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدا بەنەخۆشی برۆنشیت كۆچی دوایی كرد.

لەم كۆستە نیشتمانیەدا ئاڵاكان لەسەرتاسەری ئیمپراتۆریی بەریتانیادا تانیوە داگیران. زەنگە سەنگینو گەورەكانی كڵێسای گەورە لێدرانو یانەكانی لەندەن وەك رێزلێنانێك داخران. گلادستۆن لەپلەی سەرۆك وەزیریدا بریاری دا رێورەسمێكی بەخاك سپاردنی پرشكۆی بەبەشداری سەرجەم چینو توێژەكانی كۆمەڵ لەكڵێسای وێستمینیستەر بۆ رێك بخا، بەڵام دیزرائیلی وەسیەتی كردبوو رێورەسمی بەخاك سپاردنی سادەبێ و لەگۆرستانی هاگندن، بەتەنیشت گۆری (مێری ئان)ی هاوسەریەوە بینێژن.

[٦٧] Zulu لەخێڵەكانی پانتۆی باشوری خۆرهەڵاتی ئەفریقانو سەرزەمینی زولو ئێستا ناوچەیەكە لەناتال كە دەكەوێتە ئەفریقای باشورەوە ـ و .

[٦٨] ویلایەتیكی باكوری خۆرهەڵاتی كۆماری ئەفریقای باشوروپایتەختەكەی پریتۆریایە ـ و .

[69] Roberts

ئێستا كە سەدەیەك بەسەر مردنی ئەو (سیاسەتمەداره مەزنە)دا تێپەڕدەبێ هەركات كە وتەو بەرهەمە ئەدەبییەكانی دەخوێنرێنەوە، دیزرائیلی وداستانی ژیانی ئەو دووبارە ئەبنەوەو لەگۆشەو كەناری لاپەڕەكانی نوسینو وتەكانیدا بەگوڕوتینی ژیانو قۆشمەیی تایبەت بەخۆیەوە رادەپەڕیو چەند سالێكی تر درێژە بەژیانی خۆی دەدا.

جارێكیان نوسیویەتی: (لەبەر ئەوەی خەڵكی بەریتانیا لەناو هەوای تەمو مژاویدانو چینێكی ناوەندی بەهێزیشیان هەیە، پێویستیمان بەسیاسەتمەداری مەزن هەیە)[70]،

بەڵام دیزرائیلی هەرچۆنێك ناو بری لەپێشهاتی قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبێ هەرگیز سیاسەتمەدارێكی مەزن نەبووە. ئەوەی كردی ئەوەبوو كەسەرەتا چینی وەجاغزادەی خۆش حاڵ كردو ئەوان زەردە خەنەیان بۆ كرد، پاشان لەگەڵ ئەودا بەوانی تر پێكەنینو سەرەنجام ئەویان لەریزی خۆیاندا وەرگرت.[71]

---

[70] بەریتانیا بەدرێژایی مێژووی خۆی چەندین جار لەپشت هەوای تەمو مژاویی كەناڵی ئینگلیزیەوە روبەروی كەشتیگەلی دوژمنە دێرینەكەی خۆی فەرەنسا بۆتەوە. ئاماژەی دیزرائیلیش بۆ ئەم خاڵە مێژووییە دەگەڕێتەوە كە تەنیا سەركردەیەكی بەرجەستە دەتوانێ دوژمن لەشوێنی خۆیدا رابگرێو نەهێڵێ دەست درێژیو هێرش بكا ـ و .

[71] ئەم ئەنجامگیرییە، باری سەرنجی تایبەتی نوسەرە (وەك سەرۆكی پێشوی حزبی كرێكاران) بەرامبەر دیزرائیلی سەرۆك وەزیری موحافیزكار ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری


# بەشی پێنجەم



سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا
مەکتەبی بیروهۆشیاری

مه‌کته‌بی بیر و هۆشیاری

# ویلیام یۆئارت گلادستۆن



**گلادستۆن لەتافی لاویدا**





مه‌کته‌بی بیر و هۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

گلادستۆن[1] كەسایەتیەكی بەهێزی هەبوو لەناو ٥٠ سەرۆك وەزیرەكەی مێژووی بەریتانیادا، ولەرووی دەرونیەوە ئالۆزترین تایبەتمەندیی فیكری هەبووە. هەندێك لەمێژوو نووسان، كەمەیلیان بەلای ئەوەدا هەیە بەچاوی كەسایەتیە دوو رەهەندەكان لەسەرۆك وەزیرەكان بڕوانن، تەنیا ئاماژە بەنوسینو وتەكانیان دەكەن، وەك ئەوەی جگە لەو نوسینانەیان ژیانێكی راستەقینەیان نەبووبێ.

ئەم جۆرە مێژوونوسانە لەو راستیە غافڵن كە سەرۆك وەزیرەكانیش وەك خەڵكانی ئاسایی وان: نە لەمرۆڤ كەمترنو نەزیاتریشن. ئەوانیش خاڵی لاوازی ئەخلاقیو هەرلاوازیەكی تریشیان هەیە كە مرۆڤ دووچاری دەبێ،و بەهەمان شێوە وەك هەموو مرۆڤێكی تر گیرۆدەی شلەژانو بیركردنەوەو حەزو ئارەزوەكانی خۆیان دەبن.

كێشەو پرسی خێزانییان هەیەو هەندێك جاریش كێشەی داراییان هەیەو رەنگە ئەم كێشانە بیروهۆشیان پەرت بكا. ئەو بیرو هۆشەی كە دەبێ بەتەواوی بۆ قەیرانە ناوخۆییو نێودەوڵەتیەكانی تەرخان بكەن.

مێژووش بەڵگەی ئاشكراو دیاری لەوبارەیەوە خستۆتە ڕوو. گلادستۆن لەژێر كاریگەریی ئایندا بوەو بەڕای هەندێك كەس، وشكە سۆفی بووە.

لەتافی گەنجیدا لەو دووڕێیانەدا چەقی بەستبوو كە ئایا ڕێی كلێسا بگرێتە بەر یا خو بداتە سیاسەت. دوای پێشكەشكردنی لێكۆڵینەوەیەكی سیاسیی بەپێز لەئۆكسفۆرد یوتیونی هاوڕێی كەكوڕی دۆكی نیوكاسڵ[2]بوو بەباوكی ناساند كە سەرپەرشتیاری دەنگەكانی ناوچەی هەڵبژاردنی (نیو ئارك[3])بوو. لەهەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانیدا ئازاری زۆری چەشت: كلێسا یاسیاسەت؟سەرەنجام ناوزەدی حزبی توری لەناوچەیەكی گرنگی ژێرنفوزی دۆكێكی پایە بەرزی توریدا قبوڵ كرد. لەوە بەدواوە بوو بە توریەكی توخ، بەڵام هەركاتێك ژیانی روبەڕوی قەیرانێك دەبۆوە پەنای دەبردەوە بەرئایین. بۆنمونە

[1] willam Ewart Gladeston
[2] Duke of Newcastle
[3] Newark





مەكتەبی بیروهۆشیاری

جارێكیان بەهەڵەداوان نامەیەكی ٢٠٠٠٠وشەیی لەسەر بنەمای بەیاننامەیەكی پاپا پایی نۆیەم نوسی تیایدا ئاماژەی بەوە كرد كە پاپا قابیلی هەڵنوتان نیە.

لەژیانی تایبەتی خۆیدا شەوانە لەناوشاردا پیاسەی دەكرد تا ڕێگەی راست پیشانی ئەو ژنانە بدا كە بەنیازی لەشفرۆشی بوون. تەنانەت لەساتەوەختە قەیراناویەكانی ژیانیشیدا لەخوشكە مەی خۆرو گومڕاكەی كە لەدەرەوەی وڵات دەژیاو مەزهەبی كاسۆلیكی هەڵبژاردبوو، غافڵ نەبوو.

سەفەرە یەك لەدوای یەكەكانی بۆ كیشوەری (ئەوروپا) بۆ بەهاناوەچونی خوشكەكەی بەجۆرێك نائاسودەی كرد كە كاریگەریی لەسەر روحی دانا.

بەحەق باشترین سەرۆك وەزیری دارایی بەریتانیا بوو. ئەویش بوو كە ڕێوشوێنێكی نوێی لەشیكردنەوەو وردكردنەوە، بەرنامەڕێژیو لێكدانەوەی بودجە هێنایە كایەوە.

لەسەر بنەمای نەریتی باوی سەردەمی پیت ـ پیل، بودجەی ساڵی ١٨٥٣ی ئەو بە سەركەوتنێكی پارلەمانی لەقەڵەم دەدرێ كە لەساڵی ١٨٦٠یشدا دوبارە بۆوە، بەڵام لەساڵی ١٨٦٣دا كە ناكامانە هەوڵیدا باج بخاتە سەر ئەو پارەو سامانو موڵكانەی دەبەخشرێن یا وەقف دەكرێن، بودجەكەی بە بن بەست گەیشت، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو كۆمەكە خێرخوازانە بۆ خۆدزینەوە بوو لەباج.

هاوسۆزیی ئەو لەگەڵ مافی نەتەوە بچوكەكاندا كە ئیلهامی لەبانگەشەی هەڵبژاردنەكەی هەرێمی میدلۆتین [4]وەرگرتبوو، هاوكات لەگەڵ پێشهاتەكانی ئیتاڵیادا گەیشتە ترۆپك.

لەو سەردانەیدا كە بۆئیتاڵیا ئەنجامیدا، لەدادگاییكردنی وەزیرێكی لیبرالدا بەناوی كارلۆ پۆریۆ[5]دا ئامادەبوو، بیستی كەئەو وەزیرە لەسایەی حكومەتە سەركوتكەرەكەی

[4] ناوی پێشوی ئەدینبۆرگ كە هەرێمێكە لەباشوری خۆرهەڵاتی سكۆتلاند .و

[5] Cario poerio

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

فریدیندا پاشای (ناپۆڵی)دا حوكمی ٢٤ساڵ زیندانی لەگەڵ كاری سەختدا بەسەردا دراوە.

ئەم پێشهاتە دەستپێكی خەباتێك بوو بۆ ئەو كە بەئەندازەی خەباتی باڵی چەپی حزبی كرێكاران لەپارلەمانی ئەمڕۆی ئیمەدا دژی سەركوتكردن لە شیلی، راستگۆیانەو رەسەنە. گلادستۆن باوەڕی بەم خەباتە هەبوو هەربۆیە، لەمێژوودا، وەك یەكێك لەبنیات نەرانی ئازادیو یەكێتیی ئیتاڵیا ناوی دەبرێ.

بیروباوەڕێك كەدوای تەمەنێك شرۆڤەكردنو لێكۆڵینەوە لەبەرهەمی مێژووییو ئەدەبیاتی كلاسیكی یۆنان، بۆ ئەو زۆر بەرێزو بەنرخ بوو.

گرنگیدان بەمافی نەتەوە بچوكەكان هۆكاری بنەڕەتیی روبەڕوبونەوەكانی بوو لەگەڵ دیزرائیلیدا لەساڵی ١٨٧٠دا. ئەم بنەمایە رۆڵی سەرەكیی لەگەورەترین سەرقاڵیی فیكری ژیانیدا واتە ئایرلەندەدا گێڕا. پێویستە چاكەكاری لەنیشتمانەكەی خۆیەوە دەستی پێبكردایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بیویستایە خەبات بۆ مافی كەمینە ئیتاڵیو سلاڤیەكان بكا لەبەرامبەر سەركوتكەرە ئەوروپییەكاندا، ناچاربوو سەرەتا خەبات لەرێی گەلی ئایرلەندەدا بكا.

رەنگە ئەو خەباتەی پاڵنەرێكی تریشی هەبووبێ: سەرقاڵیی فیكریی پێشوی سەبارەت بەمافو ئەركەكانی ئەنگلیكانە خاوەن نفوزەكان، هانیدا تا ئەو وڵاتە كە زیاتر بەمەزهەبی كاسۆلیكەوە پەیوەست بوو، لەدامێنی بەریتانیا پاك بكاتەوە.

جگە لەوە ئایرلەندا وڵاتێك بوو كە ٨٠ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەریتانیای هەڵدەبژاردو نوێنەرەكانی دوای هەر هەڵبژاردنێك، هاوسەنگیی ئەنجومەنیان رادەگرتو هەركاتێك لەبەرژەوەندیاندا بوایە پشتیوانییان لەحزبێكی تر دەكرد تا بەئامانجەكانی خۆیان بگەن.





هەموو هەوڵەكانی خۆی لەو مەسەلەیەی ئایرلەندەدا چڕكردەوەو لەسەر حسابی دوبەرەكییەكی كوشندەی ناو حزبەكەی، لەسەركار مایەوە تا ئامانجەكەی بپێكێ كە دامەزراندنی حكومەتێكی نەتەوەیی بوو لەئایرلەندە.

بەدرێژایی هەفتاكانی تەمەنیو لەبەشێكیش لەهەشتاكانی تەمەنیدا سەرۆكایەتیی حزبەكەی دەكرد، ئەم بیروباوەڕە بەسەر حزبەكەیدا باڵادەست بوو: حزبێك كەرۆژ بەرۆژ یاخی تر دەبوو، زاتی ئەوەی نەبوو خۆی لەشەڕی ئەو رزگار بكا. لەدوایین تاقیكردنەوەم لەئۆكسفۆرد، لەدێری یەكەمی پرسیارەكانی مێژوودا رووبەڕوی ئەم پرسیارە بوومەوە: (حزبی لیبرال دوای مردنی گلادستۆن هیچ ئەركێكی بۆ نەمایەوە. بۆچی؟ رای خۆت بنوسە.)

وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە وەڵامێكی نەرێ بوو. بەڕای من ئەم سەرقاڵیە فیكریەی گلادستۆن دەربارەی ئایرلەندە بوو كە رێگەی نەدا ئەندامانی لاوی حزبی لیبرال بەداخوازیە بنەڕەتیەكانی خۆیان بگەن، كە بریتی بوو لەچاكسازیی كۆمەڵایەتی، لە كاتێكدا كەدەزانین لۆید جۆرج لەكابینەكەی (ئاسكویس[6])دا ئەو ئامانجەی بەرەوپێش برد.

هەربۆیە پێیدەچێ بۆچونەكەی من راست بێ، مەگەر پێچەوانەی ئەوە بسەلمێنرێ.

خاڵێكی تریش كەپێویستە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە كە لیبراڵە لاوەكان كەوتبوونە ژێر كاریگەریی كاریزمای گلادستۆنەوەو توانای ئەوەیان نەبوو بیروباوەڕە حزبیەكانی خۆیان بخەنە روو. كەسیشیان زاتی ئەوەیان نەدەكرد لەبەرامبەر گلادستۆندا بكۆكن، ئەم راستیەش لەهیچ كەس شاراوە نیە. یەكێك لەگەورەترین پێشهاتەكانی سەردەمی گلادستۆن ١٨ساڵ بەرلەوەی خانەنشین بێو دوابەدوای وازهێنانی لەسەرۆكایەتیی حزب، بەدواداچونی یەكێك لەبەڵێنەكانی كە لەبانگەشەی هەڵبژاردنەكەی (میدلوبن)دا دابووی، واتە گرنگی دان بە چارەنوسی نەتەوە بچوكەكان بوو.

---

[6] Asquith

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بۆهەركوێیەك بچوایە لەلایەن خەڵكیەوە بەگوڕوتینەوە پێشوازیی لێدەكراو لەو بارەیەوە هیچ سیاسەتمەدارێك نەیدەتوانی هاوشانی ئەو بێ. بەهەمان شێوە هیچ كەسێك نەیدەتوانی وەك ئەو خەڵكی بخاتە ژێر كاریگەریی قسەو وتەكانیەوە. گەورەیی ئەو ئامانجەی كە هەوڵی بۆدەدا، وایكرد شاژن نارەزایی خۆی بكێشێتەوەو دان بەوەدابنێ كە جگەلەو هیچ كەسێكی تر شیاوی سەرۆكایەتیی حزب نیە، ورێگەی تری لەبەردەمدا نیە ئەوەنەبێ بنێرێ بەدوای گلادستۆندا. بەتایبەت كە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٨٠ دیزرائیلی لەگۆڕەپانەكەی دورخستبۆوە.

ویلیام یۆئارت گلادستۆن، لەساڵی ١٨٠٩دا هاتە دنیاوە. نازناوی خێزانەكەیان سەرەتا گلادستۆنز بوو لەساڵی ١٨٣٧دا كە بەپلەی وەزارەت گەیشت بەپێی فەرمانی دادگا كرا بەگلادستۆن. باوكی كە لەناوچەی هەڵبژاردنی هاتین دەژیا، زەوی وزارێكی كشتوكاڵیی زۆری هەبوو، یەكێك بوو لەگەورە كۆیلەدارەكانی ئەو ناوچەیە. لەساڵی ١٨٣٨دا، گلادستۆن كە لەدەوڵەتی (پیل)دا جێگری وەزیری كۆلۆنیەكان بوو، وتەیەكی دووسەعاتیی بۆ بەرگریكردن لەكۆیلەكانی پێشووی ناوچەی هیندی خۆراوا پێشكەشكرد.

ئەو كەخوێندنی لەئیتۆن[7] و كلێسای مەسیح تەواوكردبوو، لەساڵی ١٨٣٢دا هاتە ناوئەنجومەنەوەو لەساڵی ١٨٣٤دا، بەر لەوەی لەوەزارەتی كۆلۆنیەكان دەست بەكاربێ، بوو بە جێگری لۆردی خەزێنە.

زۆربەی ئەوساڵانەی كە لەباڵی نەیاردا بەسەری برد ،و لە ١٨٣٥تا ١٨٤١درێژەی كێشا، بەسەفەركردن، خوێندنەوە(زیاتر بابەتە مەزهەبیەكان) و دیدار لەگەڵ قەشەی وڵاتانی تر،و نوسینی بابەتە مەزهەبیەكاندا، بەسەری برد.

پەیامە بەناوبانگەكەی لەساڵی ١٨٣٨دا كەتیایدا پێی لەسەر بیروباوەڕە هەڵەوتوندەكانی خۆی داگرت و ودواتر لێ ی پەشیمان بۆوە، لەژێر ناوی (دەوڵەت

---

[7] Eton





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەپەیوەندیەكانیدا لەگەڵ كلێسا)دا پێشوازییەكی ئەوتۆی لێنەكراو (مەكولە) مێژوونوسی ئینگلیزی بەئاماژە بەچەند بڕگەیەك لەو پەیامە، گلادستۆنی بە (هیوای توریە سەرسەختەكان) وەسف كرد.

لەساڵی ١٨٤١دا كە پیل كابینەی زۆرینەی خۆی پێكهێنا، گلادستۆن چاوی لەوەبوو كەپۆستێكی لەو كابینەیەدا پێ ببڕێ، بەڵام كرا بەجێگری سەرۆكی ژووری بازرگانیو پیشەسازی كە ئەوەش زۆر خەمباری كرد.

پیل هەوڵیدا دڵنیای كاتەوە كە لەبەرئەوەی رایپۆن (هەمان ئەو گادریجەی جارێكی تر دەسەڵاتی گرتبۆوە دەست) سەرۆكی ژوری بازرگانیو پیشەسازی كەسێكی پیرە، لەراستیدا گلادستۆن كارە گرنگەكان رادەپەڕێنیو ئەو لە سەرۆك وەزیرەوە نزیك دەبێ.

گلادستۆن كەهێشتا نەهاتبۆوە سەرخۆی بە(پیل)ی وت (لەراستیدا ئامادەیی گرتنە دەستی ئەو كارەی نییە لەبەر ئەوەی هیچ دەربارەی بازرگانیو كڕینو فرۆشتن نازانێ.) بەڵام لەبیروباوەڕەكانیدا دانی بەوەداناوە: (من هەمیشە هیوام وابووە كەپۆستێكم لەئاستێكی ئاوادا پێ نەدرێ و بۆیە هیچ كات هەوڵم نەداوە وخۆم بۆكارێكی لەوجۆرە ئامادە نەكردووە. كاری لەوجۆرە لەگەڵ حەزی مندا نایەتەوە... زانستی سیاسەت، زانستی حوكم كردنی خەڵكیە، لەكاتێكدا منیان دانابوو حوكمی كەلوپەلو كاڵا بكەم.)

لەراستیدا رایپۆن كەسێكی بێتوانا بوو. گلادستۆن لەبیرەوەریەكانیدا نووسیویەتی كە: (ئەگەرچی سەرەتا مێشكی من وەك كاغەزێكی سپی وابوو، هیچ زانیارییەكی سەبارەت بەبازرگانی تێدا نەبوو، بەڵام لەماوەی مانگێكدا زانیاریە بازرگانیەكانی من لەهی لۆرد رایپۆن زیاتر بوو.)

سەرەنجام كاتی گونجاو هاتو پۆستی سەرۆكایەتیی دەستەی چاودێری دراو لەساڵی ١٨٤٣دا چۆڵ بوو ورایپۆن لەوێ دەست بەكاربوو. گلادستۆن بەگرتنە دەستی سەرۆكایەتیی ژوری بازرگانیو پیشەسازی چووە ناو كابینەوە. ئەو لەو دەمەدا راستەوخۆ

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەگەڵ سەرۆك وەزیردا سەرقاڵی چاوخشاندنەوەی گشتی بەتاریفەدا، ئامادەكردنی بودجەو ئەو چالاكیانەی تریش بوو كە حكومەت دەیویست سیاسەتی نوێ ترو بەرفراوانتریان دەربارە پیادەبكا.

ماوەیەك كاری لەسەر وردەكاریەكانی كارو پیشەی وەك ١٢سەعات كاركردن لەرۆژێكدا،و لەهەندێك پیشەدا ١٤سەعات یا تەنانەت ١٦سەعات كاری شەوانەرۆژیی دەركردو تەنیا لەیەك كۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەراندا زیاتر لە١٢٠جار سەبارەت بەگۆڕانكاریە دراویەكان قسەی كرد. كارە باشەكانی لەبواری بازرگانیو پیشەسازیدا بێشومار بوو.

جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كەدووەمین چاوپیاخشاندنەوەی گەورە بەتاریفەدا لەساڵی ١٨٤٥دا بەلای ئەوەوە لەچاو پیاخشاندنەوەكەی ساڵی ١٨٤٢باشترەو بەگرنگترین سەركەوتنی قانوندانانی دەزانی لەماوەی دەسەڵاتیدا.

بەڵام بەرلەوەی ئەو گۆڕانكاریانە لەبودجەی نوێدا پیادە بكرێ لەسەر بەخشینی كۆمەك بە مەی نوس دەستی لەكار كێشایەوە. پەی بە تواناكانی گلادستۆن برد،و گلادستۆن سەرقاڵی دارشتنی پێكهاتەو جۆری بەرێوەبردنی كاروباری ئابوری بوو، رابەرەكەشی سەرقاڵی هەمواركردنی رێ بوو لەبەردەمیدا تا بیكاتە وەزیری دارایی داهاتووی كابینەكەی، و بەوشێوەیەش رێی لەبەردەم بودجە گەورەكانی ساڵانی دەیەی ١٨٥٠ هەموار كرد.

ئەوەی پیل بۆ گلادستۆنی كرد،و رازی نەبوونی گلادستۆن لەسەرەتادا لەسەر قبوڵكردنی ئەو پۆستە رەنگدانەوەی لەهەموو كابینەكانی تردا هەبوو.

كەسانێك هەن ناوبانگیان هەیە لەوەدا كە دەبێ دەستیان لەپێشتەوە بابدەی تا پۆستێك قبوڵ دەكەن. كاتێك حكومەتی حزبی كرێكاران لەساڵی ١٩٦٤دا پێكهێنرا، دوو وەزیری نوێ، لەدەرەوەی ژوری كابینە یەكتریان بینیو كارەكانیان لەگەڵ یەكتردا گۆڕیەوە، پاشان گەڕانەوە ناو كابینەو ئەوەی لەسەری رێككەوتن بەسەرۆك وەزیریان





مەکتەبی بیروهۆشیاری

راگەیاند، بەڵام سەرۆك وەزیر پێی وتن بگەڕێنەوە بۆ هەمان ئەو وەزارەتانەی بۆتان دەست نیشان كراوە. هەفتەیەك بەسەر ئەم بەسەرهاتەدا تێنەپەڕیبوو كە هەردوو وەزیر خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕیبوو بەوەی سەرۆك وەزیر دوو وەزارەتی گونجاوی بۆ داناون.

گلادستۆن یەكێكە لەو دەست لەكاركێشانەی بەشێوەیەكی سروشتیو خۆبەخۆ دەست لەكار دەكێشنەوە، لەرۆژگاری ئەمرۆشماندا كەسانی وەك ئەو هەن.

گلادستۆن لەبەرنامەكەی پیل تایبەت بەدانانەوەی باج لەسەر داهات رازی نەبوو وپێی داگرت لەسەر ئەوەی لەجیاتی ئەوە، باج لەسەر خانوو دابنرێ، بەڵام تا ئاستی دەست لەكاركێشانەوە پێی دانەگرت.

لەساڵی ١٨٤٢دا كەهێشتا نەببوو بەوەزیر، دەیویست گومرگی سەر دانەوێڵە زیاتر لەوەی كە پیل وگەورە وەزیرەكانی لەرووی سیاسیەوە بەعاقڵانەیان دەزانی، كەم بكاتەوە. بەپیلی وت ئەگەر سەرەنجەكانی ئەو بەهەند وەرنەگرین دەست لەكار دەكێشێتەوە. گلادستۆن دەڵێ: (پیل بەم قسەیە ((زۆر دڵگران))بوو، ئەو دوای ئەوەی شەو تا بەیانی لەو بارەیەوە لەگەڵ هاوسەرەكەیدا راوێژی كردو بەدڵنیایەوە چەندین سەعات دوعاو نزای كرد،و سەرەنجام لەنامەیەكدا لەقسەكەی خۆی پاشگەز بۆوەو داوای لێبوردنی كرد.)

گلادستۆن لەبیرەوەریەكانی خۆیدا نوسیویەتی: (بینیم پێشینەی جیاوازیی باری سەرنجمان لەنێواندا نەبووە تا لەسەر ئەو بنەمایە پاساو بۆ ئەو قسەیەی خۆم بهێنمەوە. بەبۆچونی من ناكۆكی لەسەر مەسەلە بچوكوكانە كە كەم كەم كاروبارەكانی حكومەت بەبن بەست دەگەیەنێ.)

دەست لەكار كێشانەوەی لەسەر مەی نوس زیاتر لایەنی كەللەرەقیی پێوەدیاربوو تا بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی. لەنامەیەكدا لەژێر ناوی (كلێساو حكومەت) بەخشینی كۆمەكی بەمەی نوس، كە ساڵانە ٩٠٠٠پاوەند بوو، مەحكوم كرد،و هەرگیز لەو بۆچونەی خۆی پاشگەز نەبۆوە.

پیل ئەو كۆمەكەی بۆ ٣٠,٠٠٠ زیاتر كرد تا ئەو كەلێنە گەورەیە پڕكاتەوە كە لەرووی تەرخانكردنی بیروباوەڕ لەنێوان كەمینەی كلێسای ئینگلیكانو زۆرینەی كاسۆلیكەكاندا هەبوو. پیل، گراهامو كەسانی تریش هەولیاندا قەناعەت بەگلادستۆن بكەن دەست لەكارنەكێشێتەوەو سەرەنجامیش پەیان بەوە نەبرد كە ئەو لەچی نارازیە. لەسێی شوباتدا، بەرەسمی دەست لەكاركێشانەوەی خۆی پێشكەش كرد، بەلام درێژەی دا بەپەیوەندیە باشەكانی خۆی لەگەڵ حكومەتداو لەناو پارلەماندا بەتوندی داكۆكیی لێ دەكرد. دواتر لەو بڕیارەی پاشگەز بۆوەو رایگەیاند كەبیروباوەڕەكانی خەیاڵ پلاوانە بوەو لە بیروباوەڕی سەدەكانی ناوەراستەوە نزیك بوەو لەگەڵ ئامانجەكانی ژیانێكی سیاسیو نیازەكانی سەردەمێكی نوێدا نەهاتۆتەوە. بۆیە كاتێك لائیحەكەی مەی نوس پێشنیار كرا، دەنگی بۆدا.

لەگەرمەی قەیرانی قانونی دانەوێڵەدا، لەكانونی یەكەمی ساڵی ١٨٤٥دا، پیل داوای لەگلادستۆن كرد بگەڕێتەوە ناو كابینەو وەك وەزیری كۆڵۆنیەكان جێی ستانلی بگرێتەوە. بەپێی قانونەكانی ئەو دەمە، دەبوایە واز لەكورسیی نیوئارك بهێنێو هەوڵی هەڵبژاردنێكی تربدا، بەلام دۆكی نیوكاسڵ كە سەرسەختانە پشتیوانی لەكالا خۆماڵیەكان دەكرد، چی لەهەگبەكەیدا بوو لەدژی گەڕانەوەی ئەو بەكاری هێنا. گلادستۆن هەوڵی زۆری دا رێگەیەكی تر بدۆزێتەوە، بەلام سەركەوتوو نەبوو. تا گەڕانەوەی لەزانكۆی ئۆكسفۆرد لەساڵی ١٨٤٧دا، ماوەی بیست مانگ، لەدەرەوەی پارلەمان بوو، بەو پێیە نەیتوانی لەمشتومڕە توندو قەیراناویەكانی تایبەت بەقانونی دانەوێڵە بەرگری لەسەرۆكەكەی بكا لەبەرامبەر دیزرائیلیو بن تینكو زۆرینەی روگرژیی توریەكان لەگەڵ( پیل ) دا دەرگیر بوبوون.

دوابەدوای كەوتنی كابینەكەی پیل، گلادستۆنو لایەنگرانی پیل بۆماوەیەك لەگۆڕەپانەكەی دوور كەوتنەوەو هەوڵوێستێكی روونیان نەبوو. جاری واهەبوو پشتیوانیان لەحكومەتی ویگ دەكرد، و لەكاتی پێشنیاركردنی لائیحەی بازرگانیی





ئازاددا پشتگیریان كردن، جاری واش هەبوو پەیوەندییان بەهاوكارانی پێشویانەوە دەكرد لە (لۆبی)ی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

١٨٥ئەو ساڵە بوو كە گلادستۆن دادگایی كردنەكەی (پوریو)ی تێدا بەدی كردو چەند بەڵگەیەكی دەربارەی پاشای دوسیل كۆكردەوەو ئەوەش بەیەكێك لە قەیرانە روحیە گەورەكانی ژیانی تەواو بوو.

سێرفیلیب ماگنێس[8] لەو ژیاننامە دورودرێژو سەرنج راكێشەدا كە دەربارەی گلادستۆن نوسیویەتی، ئاماژەی بەو ئاگاداركردنەوە توندە داوە كە گلادستۆن بۆ ئابەردینی وەزیری دەرەوەی ئەو دەمەی ناردوەو دەنوسێ: (گلادستۆن لەناكاو هەروەك گڕكانی ڤیزو[9]تەقیەوەو چی لەتوانایدل دا بوو بۆ داكۆكی كردن لەپۆریۆ درێغیی لێنەكردو لەكاتێكدا هێشتا رقو كینەی دانەمركابۆوە گەڕایەوە بۆ لەندەن.)

ماگنێس وەسفی حاڵی ئەوی كردووە كاتێك كەنوێنەری لۆرد ستانلی (دواتر چواردەیەمین كۆنتی دێربی) لەوێستگەی شەمەندەفەر پێشوازیی لێكردووە.

ستانلی كە بەنیازبوو كابینەی كەمینە پێك بهێنێ دەیویست رای گلادستۆن بۆ قبوڵ كردنی پۆستی وەزارەتی دەرەوە وەرگرێ، بەلام گلادستۆن لەجیاتی ئەوەی گوێ لەقسەكانی ئەو بگرێ چیی لەدڵدابوو هەڵی ڕشتو رقی بارو دۆخی ناهەمواری ئیتاڵیای بەفیلمۆری نوێنەر رشت.

ئەمە سەرەتای ئاشنابونی گلادستۆن بوو بەمافی نەتەوە بچوكەكان كە خەباتیان دەكرد لەپێناو رزگاركردنی خۆیاندا لەدەست رژێمە سەركوت كەرەكان. هێندە خەیاڵی پەرتو مێشكی جەنجاڵ بوو كاتێك رازی بوو ستانلی ببینێ كە ئەو لە پێكهێنانی حكومەتدا شكستی هێنابوو وحكومەتی رەسڵ بۆ ماوەیەكی كەم كاروباری گرتە دەست.

---

[8] Sir phiiip Magnus

[9] گڕكانی ڤیزو لەئیتاڵیایە . و

ئابەردین هەموو ئەو بەڵگانەی تاووتوێ كرد كە لەلایەن گلادستۆنەوە كۆكرابونەوەو بەسود وەرگرتن لەو پەیوەندیە دۆستانەیەی لەگەڵیدا هەیبوو داوای لە شوارتسنبێرگ[10] وەزیری ناوخۆی نەمسا كرد چەند روونكردنەوەیەك بدا بەداگای نیپۆلیتن.

ئەو روونكردنەوانەی كە لەبەریتانیا وەری گرتبوو تایبەت بوون بە شێوازی هەڵسوكەوتی بەریتانیا لەگەڵ سەرپێچیكارانی سیاسی لەئایرلەندەو دورگەكانی ئایونین‌و سەیلان. (بەریتانیا دەیویست لەو رێیەوە بەدادگای ناوبراو بڵێ كە چاو بە جۆری هەڵسوكەوتی لەگەڵ سەرپێچیكارانی سیاسیدا بخشێنێتەوە.)

گلادستۆن بەرەبەرە رووی كردە بیروباوەڕی لیبرالی. پێشتر لایەنگریی خۆی بۆ بازرگانیی ئازاد دوپات كردبۆوەو سەبارەت بە پەیوەندییەكانی دەرەوەش سەلماندبووی كە بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی هەیە.

كێشەكەی ئەو لەو نێوەدا وابەستەیی حزبی بوو. ئۆبالی ئەو كێشەیەی دۆن پاسیمینكۆی خستبوە ئەستۆی پالمەرستۆن. بالادەستی پالمەرستۆن رێگربوو لەبەر دەم پەیوەندیكردنی گلادستۆن بە ویگەكانەوە، و بەوپێیەی هیچ ئومێدێكی بەئەخلاقی سیاسی بەدبینانەی دیزرائیلی نەبوو، و لەپێ كەوتنی (پیل)ی لەسەر دەستی ئەو لەبیرنەچوبۆوە، نەیدەتوانی پەیوەندی بەپاشكۆی حزبی توریەوە بكا.

هەوڵی رەسڵ لەپێناو درێژەدان بەیەكڕیزیی حزب بێ ئاكام بوو وستانلی بوو بەسەرۆك وەزیر، و پۆستی وەزارەتی دارایی بەدیزرائیلی سپارد.

ئەو هەڵبژاردنە گشتیەی دوابەدوای ئەوە ئەنجام درا ویگەكان‌و توریەكانی بەیەكسانی (نەدۆڕاو نەبراوە) هێشتەوەو راگرتنی هاوسەنگی كەوتە دەست لایەنگرانی (پیل)ەوە.

بودجەكەی دیزرائیلی كارەسات بوو. (گلادستۆن بەهاوسەرەكەی وتەوە كە ئەوبودجەیە بودجەیەكی ریاكارانەیەو مایەی بێزاریە.) كاتێك ئاشكرابوو كەخشتەی باجی وەزیری دارایی لەبنەمادا هەڵەیە، گلادستۆن لەیەكێك لەگەورەترین‌و

[10] phillimorwe





سەركەوتوترین هێرشە كوشندەكانیدا لە دژی لێپرسراوانی دارایی وڵات، لەمێژووی پارلەمانی بەریتانیادا، دیزرائیلیی لە پێ خست. ئەوە یەكەمین رووبەڕوبونەوەی بوو لەگەڵ دیزرائیلیدا كە هێشتا سەرۆك وەزیر نەبوو وتا ١٥ساڵی تریش هەر نەبوو بەسەرۆك وەزیر. ئەو بودجەیە كەلەلایەن گلادستۆنەوە بە (كۆمەڵەفریوێكی پێكهاتوو لەچەندین چاوبەست‌و جادوگەری) وەسف كرا، لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە رەت كرایەوە. دوابەدوای ئەوە حكومەتێكی نوێ بەسەرۆكایەتیی ئابەردین هاتە سەركار كە ئاوێتەیەك بوو لەویگەكان‌و لایەنگرەكانی پیل، و تیایدا رەسڵ وەك وەزیری دەرەوە، پالمەرستۆن وەك وەزیری ناوخۆ، گلادستۆن وەك وەزیری دارایی‌و گراهام لۆردی دووەم بەشداربوون . ململانێی گلادستون وەك كەسی ژمارە ٢ی كابینە، لەگەڵ دیزرائیلی هەر درێژەی هەبوو . لەرووی كەللەرەقیەوە لەو باوەڕەدابوو كە بەرگی وەزارەتی دارایی تەنیا بەبالای ئەودا براوە.

بودجەی ساڵی ١٨٥٣ی گلادستۆن یەكێك بوو لەگەورەترین بودجەكانی ئەو سەدەیە. بڕیار وابوو باجی سەرداهات لەماوەی ٧ساڵدا بەم شێوەیەبێ: ٧پێنس باج لەسەر یەك پاوەند داهات بۆ دووساڵی (یەكەم)، ٦پێنس بۆ دووساڵی (دوەم)، ٣پێنس بۆ سێ ساڵی (كۆتایی)،و نەهێشتنی باجی سەر داهات لەساڵی ١٨٦٠دا.

دەبوایە باجی سەر داهات بەپێوەرێكی رووله دابەزین درێژەی هەبێ تا ئەو بتوانێ گومرگ كەم كاتەوە یا نەیهێڵێ.

گومرگ لەسەر ١٣٣جۆر كاڵا هەڵگیراو لەسەر ١٣٣ جۆری تریش كەم كرایەوە. هەر بودجەیەك ئامانجێكی هەیە. جا ئەو ئامانجە هاندانی پاشە كەوت بێ (بودجەی حكومەتەكەی مك میلان[11])، چاكسازیی كۆمەلایەتی بێ (بودجەكانی لوید جۆرج‌و چێرچیل)، یا وەبەرهێنان بێ لەپیشەسازیە بەرهەم هێنەكاندا (سەرجەم بودجەكانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی وەزیرانی دارایی بەریتانیا.).

[11] Macmillan

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بودجەكەی گلادستۆن لەپێناو ئابوریەكی بێبەزەیدا بووە: ئەو زۆر بەتوندی داكۆكی لەو بیرۆكەیە دەكرد كە لەئابوریدا پێویستە نەشیش بسوتێ نەك كەباب. ئامانجەكەی ئەوەبوو پارەكە تا ئەودەم لەخزمەتی دەوڵەتدا بووە ((بچێتە خزمەتی خەڵكیەوەو لەناو گیرفانی خەڵكیدا كەڵەكەببێ‌و بەری هەبێ)).

هیوای ئەو بەنەهێشتنی باجی سەر داهات لەئاكامی جەنگی نێوان روسیاو توركیادا گۆڕا بەنائومێدی. گلادستۆن دژی تورك بوو دوای ٢٥ساڵ نەك هەرتەنیا دژایەتیی بۆ توركەكان كەمی نەكرد، بەڵكو زیادیشی كرد. كە دەیبینی ستراتیژی بودجەكەی ژێرو ژوربووە زۆر توڕەبوو ورێگەی تری لەبەردەمدا نەبوو جگەلەوەی دوپێنسی تر بخاتە سەر باجی داهات.

لەوبارەیەوە بەئەنجومەنی نوێنەرانی وت: (خەرجی جەنگێك هەر هەمان ئەو سەر زەنشتە ئەخلاقیەیە كە خواوەند دەیسەپێنێ بەسەر زۆربەی ئەو نەتەوانەدا كە هەوای داگیر كاری‌و باڵادەستی لەكەللەیان دەدا.) من [هارۆڵد وێڵسن] بەرلەوەی ببمە سەرۆك وەزیر ئەو دەربڕینەم لەدژی مك میلان لەمشتومڕی تایبەت بەكاریگەری‌و ئاكامە ئابوریەكانی پەلامارەكەی سویس بەكار هێنا.

نوسەری ژیاننامەی گلادستۆن دەنوسێ: (گلادستۆن كە لە جەنگی كەریمەو هەموو ئەو شتانەش كەپەیوەندییان بەوجەنگەوە هەبوو بێزاربوو، وبۆ زاخاوی مێشك، دەستی دایە چاكسازی لەكاروباری زانكۆكان‌و فەرمانگە حكومیەكاندا. ئەو چاكسازیانەی لەو دوو بوارەدا بەئەنجامیگەیاندن مێژویی بوون‌و، لەچەندین رووەوە لەو چاكسازیانە باشتر بوو كە لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا لەو بوارانەدا بەئەنجام دەگا.

گلادستۆن هەوڵیدا لائیحەیەك ئامادەبكا بۆ چاكسازی لەناو زانكۆكەی خۆیدا (ئۆكسفۆرد)و لەگەڵ ئەوەشدا كەدژایەتیی زۆر كرا هەموو هەوڵێكی خستە گەڕ تا سەرجەم خەڵكی بتوانن بەشداری لە تاقیكردنەوەی دامەزراندن لەفەرمانگەكانی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

حكومەتدا بكەن، لەكاتێكدا كە دامەزراندن لەوەزارەتەكاندا تەنیا بۆ چینێكی تایبەت بوو.

شاژن لەكارەكانی ئەو نیگەران نەبوو دەیپرسی داخۆ تاكوێ برېكا؟ بەرنامەچاكسیازیەكانی بەردەوام و قۆناغ بە قۆناغ بوو، ولەڕوی پراكتیكەوە لەساڵی ١٨٧٠دا كاتێك بەپلەی سەرۆك وەزیری گەیشت، تەواو بوون: دامەزراندن لەسەرجەم دام‌و دەزگا حكومیەكاندا ئازادبوو، هەروەك چۆن پێشتر دامەزارندن لەوەزارەتی هیندستاندا بۆ هەموان ئازادبوو.

تاكە وەزارەتێك كەوەك خۆی مایەوەو لەسەر سیستمە كۆنەكانی خۆی بەردەوام بوو وەزارەتی كاروباری دەرەوە بوو.

خراپ بەڕێوەبردن، پشت گوێخستن‌و زیانەكانی جەنگی كەریمە كە هۆكارەكانی بریتی بوون لەرابەرایەتی هەڵەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەكان‌و نەخۆشیە درمیەكان، رەخنەی زۆری وروژاند، بەجۆرێك كەپێشنیارەكەی روباك لەساڵی ١٨٥٥دا، سەبارەت بەپێكهێنانی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە لەشێوەی بەڕێوەبردنی جەنگ، لەپارلەماندا پەسەند كرا. دوابەدوای ئەم پێشهاتە، حكومەت دەستی لەكاركێشایەوەو دێربی رازی نەبوو كابینەیەكی نوێ پێكبهێنێ. بەو شێوەیە موحافیزكاران نرخی ئەوجەنگەیان داو ماوەی ٢٠ساڵ لەبازنەی دەسەڵاتدا نەمان.

دوابەدوای ئەوە داوا لەرەسڵ كرا دەوڵەتێك پێك بهێنێ، بەڵام نەیتوانی. پاشان ئابەردین لەگەڵ لایەنگرانی (پیل)دا كۆبۆوەو داوای لێكردن پەیوەندی بەكابینەكەی پالمەرستۆنەوە بكەن، ئەوەبوو سەرەنجام كابینەیەك پێكهێنرا كە جگە لەماوەیەكی سارد و سڕی كورت، ١١ساڵ بەردەوام بوو. گلادستۆن بەبەشداریكردن لەو كابینەیەدا رازی بوو، بەڵام دوای دوو هەفتە لەسەر ناكۆكییەكی تارادەیەك بچوك كە پەیوەندیی هەبوو بە پارلەمان‌و سەرۆك وەزیرو رێڕەوی سەرۆكی دەوڵەتەوە، دەستی لەكار كێشایەوە.

ئەوەش بەنرخێكی زۆر گران تەواو بوو.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

وەك سەربازێك وابوو كە لەگۆڕەپانی جەنگ هەڵاتبێ‌و كاتێـك وەك تاكـە دەنگێـك، خوازیاری ئاشتی بوو لەڕێی دان‌و ستانەوە، هێندەی تر لەبەرچاو كەوت.

كاتێـك پالمەرسـتۆن لەسـەر مەسـەلەی پیلانگێڕیەكـەی ئۆرسـینی دوچـاری شكـست هـات، گلادسـتۆن ئامـادە نـەبوو لەگـەڵ حكومـەتەكـەی دێربیـدا كاربكـا. دیزرائیلـی سەردانی كردو داوای لێكرد بەشداری لەو حكومەتەدا بكا، بەڵام بێ ئاكام بوو.

ئەو لەوبارەیەوە بەدێربیی وت: (من لەسەر ئەژنۆ بەرەو لای ئەو ڕۆیشتم*).

كاتێك گلادستۆن لەدەرەوەی وڵات بوو، داوای لێكـرا بەنوێنەرایـەتی دەوڵـەت بـەرەو دورگەكانی ئایۆنین، كە یەكێتیەكەی لەگەڵ یۆناندا كەوتبووە مەترسیەوە، بەرێ بكەوێ. ئەمجارەیان بەخۆشحاڵیەوە داواكەی پەسەند كرد.

كە گەڕایەوە، حكومەت لەسەر لائیحەیەكی بچوكی چاكسازی شكستی خواردبوو، و جـارێكی تـر هەڵبـژاردنی گـشتی ئـەنجام درابـوو. دێربـی دەسـتی لـەكار كێـشایەوەو گلادستۆن هانی ئیئتیلافەكەی دێربی و پالمەرستۆن‌و وەلانانی دیزرائیلیدا.

بەڵام ئەو بیرۆكەیە سەری نەگرت‌و گلادستۆن پێشنیارەكەی پالمەرسـتۆنی قبـوڵ كـرد كە سەرپشكی كردبوو لەهەڵبـژاردنی هـەر پۆسـتێكدا كەبیـەوێ،و وەك وەزیـری دارایـی گەڕایەوە نـاو كابینـە. گلادسـتۆن تـەنیا لەبەریـەك مەبەسـت ئـەو پۆسـتەی قبـوڵ كـرد: لەپێناوی ئیتاڵیادا (ئەو مەسەلەیەی بە كەسە نزیكەكانی خۆی وتبوو) ریزۆرجی مێنتـۆ گیرۆدەی لافـاو بووبـوو، و سـاڵی ١٨٥٩لـەرووداوەكانی مێـژوودا. وەك سـاڵی یـەكێتیی ئیتاڵیا تۆمار كرا.گلادستۆن هاوكارێـك بـوو كـە كـاركردن لەگەڵیـدا هـەردەم سـەخت‌و هەندێك جار ئەستەمیش بووە. چەندین جار نزیك بووە لەوەی لەحكومەتەكەی پالمەرستۆن جیابێتەوە، بەڵام هەموو جارێك سۆزی دۆستایەتیی بەربەست بـووە لەبەردەمیـدا. لەگـەڵ ئەوەشدا كە نەخۆشی هـەوكردنی سـینگ هەراسـانی كردبـوو، تـوانی دووەمـین بودجـەی گەورەی خۆی ئامادەبكاو بیخاتە روو. لەلێكدانەوەو پاساوهێنانەوە بۆ دووەمین بودجەی

---

* مەبەست ئەوەبوو كەنازی ئەوم كێشا ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

خـۆی ئاوادەڵـێ: (دۆسـتی دێرینمـان كـە پێـشتر لـەناو كۆشـك‌و تـەلارە بـەرزەكانی سەرزەمینی ئێمەدا [پارلەمان، كابینەكان]شەڕی دەستەویەخەی دەكردو ١٠یا ١٥ساڵ بەر لەئێستا لەوشوێنانە بەدەرنرا، لەو دەمەوە تاكو ئێستا خۆی لـەناو كـون‌و كەلەبـەرە تەنگ‌و تارەكاندا قایم كردوەو دەیەوێ درێژە بەژیانی خـۆی بـدا. ئێـستا داوا لـەئێوە... [نوێنەرانی ئەنجومەن] دەكەین بزانن دەتوانن ئەمجارەشیان لەو كون‌و كەلەبەرانە بیهێننە دەرەوە.)

بەمەبەستی قەرەبووكردنەوەی كەم كردنەوەی تاریفە گومرگیەكان،و دابین كردنی پارە بۆ بەرنامە نوێكەی هێـزی دەریـایی بـەریتانیا بـۆ دروسـتكردنی كەشـتیە جەنگیـەكان‌و دابین كردنی خەرجیی لەشكركێشیەكان بۆسەر چین (كە دژی بوو)، بـاجی سـەر داهـاتی ١٠پێنسی تر بەرزكردەوەو جارێكی تر تاریفە گومریگەكانی دابەزاندەوە.

پێشنیارەكانی پێشوازیەكی گەرمیان لێكراو تەنانەت ناپلیۆنی سێیەم لەنامەیەكدا پیرۆزبایی لێكرد.

كاتێك لەسەركەم كردنەوەی تاریفەی گومرگی سەركاغەز لەگەڵ لۆردەكاندا دوچاری كێشە بوو، بڕیاریدا كۆمەكی چاپەمەنیەكان بكا (ئەویش بەدابین كردنی كاغەز بۆیان).

گلادستۆن ئەو ئیدیعایەی لۆردەكانی ڕەت كـردەوە كـە دەیـان گـوت مـافی خۆیانـە دەسـت لەقانونـە دراویـەكان وەردەن‌و بەیەكخـستنی گـومرگی سـەر كاغـەزو قانونـە دراویـەكانی تـر، گـورزی لـێ وەشـاندن‌و دژایـەتیكردن بـە رادەیـەك هێنـدەی نـەمابوو لائیحەكە ڕەت بكرێتەوە، بەڵام سەرەنجام سەركەوتنی بەدەست هێنا.

سـەركەوتنەكەی ڕێـی لەبـەردەم روبەروبونەوەیـەكی تـردا دوای پـەنجا سـاڵ، كـە ڕەت كردنـەوەی لائیحـەی دراوی لەلایـەن لۆردەكانـەوە بەپەسـەند كردنـی قـانونی پارلـەمان تەواوبوو، هەموار كردنی لیژنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی تایبەت بـە وردبونـەوە لەحیـسابە حكومیەكان (PAC) دامەزراند كەماوەی ١١٥ساڵە ترس‌و دڵـەڕاوكێی خـستۆتە دڵـی بیرۆكراتەكانەوەو بەم كارەی ئەوەی زامن كرد كـە تەنانـەت پێـسنێكیش بـەبێ ئاگـاداری

پارلەمان خەرج نەكرێ. لەم دەساڵەی دواییدا چەندین لیژنە هەڵبژێردراو و لیژنەی لاوەكی تری پەیوەست بەو لیژنەیەوە دامەزراوە، بەڵام هێشتا لیژنەكەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وردبونەوە لەحیسابە حكومیەكان، پێشەنگی هەموو ئەو لیژنانەی ترە.

خزمەتكردن لەم لیژنەیەداو، لەوەش زیاتر ئەندامێتی تیایدا، (دەستەبەر كردنی یەكێك لەكورسیەكانی)بەلای ئەندامانی لاوو هەل پەرستی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە یەكێكە لەئارەزوەكان.

لەكاتێكدا كە گلادستۆن هەر خۆی بەكاروباری خەزێنەوە سەرقاڵ دەكرد، كاروباری دەرەوە باروودوخی ئیتاڵیا كەشەیدای بوو، بەرەو باشی دەچو. ئەویش لەبەرەكەی پالمەرستۆندا وەك لیبرالێكی نوێ، ئایندەیەكی درەخشانی بەدی دەكرد، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگە ناوخۆییەكانی ئەمریكادا، لەناكاو پەژارە دایگرت.

كالڤامییە ئەگەر بگوترێ لەبەر ئەوەی باوكی گلادستۆن كۆیلەی هەبووە بۆیە كوڕەكەی بەوشێوەیە پشتگیریی لەباشور [باشوری ویلایەتە یەككگرتوەكانی ئەمریكا ] دەكرد.

ئەو پشتیوانیی لەبنەمای كۆیلەداری نەدەكرد، بەڵام لەخودی باشوور بۆنا. ئایا بەبۆچونی ئەو باشور نەتەوەیەكی بچوك بوەو لەپێناو ئازادیدا خەباتی كردوە؟ رەنگە، بەڵام ئەو بەتەواوی بێ ئاگابوو لەوەی لەباكور چی دەگوزەرێ، لەكاتێكدا دەبوایە بەوردی لەباردۆخی ئەوێ بەئاگا بوایە. لەساڵی ١٨٦٥دا لەناوچەی هەڵبژاردنی ئۆكسفۆرد لەسەر مەسەلە ئایدۆلۆژیەكان شكستی خواردو دەست بەجێ بوو بەناوزەدی ناوچەی هەڵبژاردنی باشوور وخۆراوای لەنكشیر،و سەركەوتنیشی بەدەست هێنا.

هۆكاری شكستەكەی ئەوەبوو كە بۆچونەكانی سەبارەت بەكۆنفدراسیۆن لەباكوری بەریتانیا هیچ پشتگیرییەكی لێ نەكراو ئەو لەهەستو نەستی خەڵكی ئەو دەڤەرە بێ ئاگابوو: ئەنجامدانی رێورەسمی ساڵیادی ئەبراهام لینكۆڵن لەلایەن كرێكارانی برسیو بێكاری كەرتی رستنو چنینی لەنكشیر بەیەكێك لەبەئەمەكترینو رەسەنترین دەست





پێشخەریە مێژویەكان لەقەڵەم دەدرێ،كە سەرەڕای قەدەغەی سەر رەوانەكردنی لۆكەی خاو لەباكوری ئەمریكاوە بۆ بەریتانیاو، لەوێشەوە بۆ لەنكشیر، پشتیوانی خۆیان لەئەبراهام لینكۆڵنو بیروباوەڕەكانی دوپات كردەوە.

لەكاتێكدا حكومەت لافی ئەوەی لێدەدا كە لەناكۆكی نێوان لێنكۆڵن و (جێفەرسرن دەیڤیس[١٢] )دابێ لایەنە، گلادستۆن بێ هیچ هۆیەك چەند قسەیەكی توندی دەرپەڕاند. (گومانی تێدانیە كە جێفەرسۆن دەیڤیسو سەركردەكانی تری باشوور، سوپایان پێكهێناوەو پێ دەچێ سەرقاڵی پێكهێنانی هێزێكی دەریایی بن. ئایا ئەمە هێنانەكایەی ولاتێكی سەربەخۆ ناگەیەنێ؟) سێر فیلیپ ماگنێس دەنوسێ : (ئەو لێدوانە لەسەر تاسەری جیهاندا دەنگی دایەوەو مشتو مڕی نایەوە،)و ئەو باری سەرنجەی لای خەڵكی دروست كرد كە پالمەرستۆن داكۆكی لەكۆنفدراسیۆن دەكا. ئەمە پەڵەیەك بوو بەپێشینەی گلادستۆنەوە كە هەرگیز پاك نەبۆوە.

هەروەك هەندێك لەهاوكارەكانی ئاماژەیان پێدا: یەكێك لەهۆكارەكانی ساردوسڕیی سەرۆك كۆمارو سەرۆك كۆنگرێسەكانی داهاتووی ویلایەتە یەككگرتوەكان بەرامبەر بەریتانیا هەمان ئەو لێدوانەی گلادستۆن بوو. ئەو ساردو سڕیە تەنانەت لەكاتە قەیراناویەكانیشدا كە ئاشتی جیهان لەمەترسیدابووە،و لەبەرامبەر نەوەی نوێشدا، هەربەردەوام بوو.

ئایا گلادستۆن كێشەیەكی لەبابەتی بەرێوەبردنی خەزێنەدا هەبوەو ویستویەتی خۆی قوتار بكا، یا ئەوەی كە لەگەڵ رزگاركردنی ژنەكانی لەندەندا لەبەدڕەوشتی نەیتوانیبوو خۆی لەكێشەكانی خۆی رزگار بكا؟ بەهەرحاڵ، بەدڵنیایەوە لەودەمەدا چەند لێدوانێكی نامەسئولانەی دا كە رەنگە ئەو هۆكارانەی سەرەوە یا چەند هۆكارێكی تر هەبن بووبێتنە مایەی پەشێویی دەرونیو نائاسودەیی روحی بۆی. هەروەك زانیمان، لەساڵی

[١٢] jefferson Davis ١٨٠٨ــ ١٨٨٩ ئەفسەری سوپاو رابەری سیاسیی ئەمریكاو سەرۆكی ویلایەتە كۆنفیدراسیۆنەكەی ئەمەریكا لەنێوان ساڵانی ١٨٦١ـ ١٨٦٥دا . و

مەكتەبی بیروهۆشیاری

١٨٦٤دا، لەسەر مەسەلەی چاكسازیی پارلەمانی لەناكاو تەقیەوە، لەكاتێكدا هێشتا حزبەكەی سەبارەت بەقۆناغی داهاتووی مافی دەنگدان بەسەرەتای ڕێكەوتنێك نەگەیشتبوو.

گلادستۆن بێ ئەوەی لەلایەن پارلەمانەوە سەرپشك كرابێ، لەمشتو مڕی تایبەت بەلائیحەی چاكسازیی باری كەسێتیدا وتی: (راشكاوانە دەڵێم هەركەسێك لەبەر هەڵسوكەوتی ناگونجاو، یا بەشداری كردن لەچالاكیی سیاسیی مەترسیداردا، لەمافی دەنگدان بێ بەری نەبێ، لەروی ئەخلاقیەوە مافی ئەوەی دەبێ كە لەسنوری قەوارەی قانوندانانداندابێو هەموو مافەكانی پێ رەوا ببینرێ.) پاشان ئاماژەی بەچەند مەسەلەیەك داكە  هێندەی تر لێدوانەكانی بوون بەمایەی گومڕایی، بەڵام نەیتوانی بۆ رەواندنەوەی بەدگومانی، رون كردنەوەی زیاتر بخاتە روو، لەبابەتی: گونجاویی ئەو كەسە(ژیربێو گەورەبێ)، ڕێز لەنەزم قانون بگرێ، لەبەرامبەر گوشاردا خۆراگربێ، پشت بەقانون ببەستێ، ڕێز لەكەسانی لەخۆی پایە بەرزترو گەورەتر بگرێ، كە هەموو ئەوانە بۆ دەنگدان پێویستن.

دیزرائیلی نارەزایی بەرامبەر ئەو (تۆم پیت[١٣])ەدەر بڕی.

شاژن بەسەرۆك وەزیری وت كە (لەوهەنگاوە سەیرو سەربەخۆیەی بەڕێز گلادستۆن زۆر بەداخە.) پالمەرستۆن بەزمانێك كە زۆرجار لەگەڵ هەندێك لەفەرمان ڕەوا سەركەوتوەكانی ئەوروپادا قسەی پێدەكرد، سەرزەنشتی كردو بۆی نووسی: (تۆ بەئاشكرا بنەمای مافی دەنگدانی گشتیت پێشنیار كردوە كە من هیچ كاتێك ناتوانم قبوڵی بكەم. من بەتەواوی ئەو بیرۆكەیە رەت دەكەمەوە كە هەركەسێكی ژیر یا كەسێك كەهیچ كەمو كوڕیەكی نەبێ، مافی ئەخلاقی بۆ دەنگدان هەبێ... رەنگە ئەم قسانەی تۆ سەركەوتنت لەناوچەی هەڵبژاردنی لەنكشیر بۆ زامن بكا، هەرچەندە دوودڵیشم لەوە،

[١٣] Tom paine ١٧٣٧ـ ١٨٠٩ بە رەگەز ئینگلیزی, رابەری سیاسیو تیۆریسیانی شۆڕشی ئەمەریكا كە لەسیاسەتە شۆڕشگێریەكانی فەرەنساشدا ڕۆڵێكی چالاكانەی گێڕا





بەڵام دەترسم لەسەرتاسەری بەریتانیادا شكستت پێ بهێنێ.)و بەتانەو تەشەرەوە پرسی: (بۆ هەرپیاوێكی ژیرو بۆ هەرژنێكی ژیر نا؟) هەروەها رەخنەی لەگلادستۆن گرت كە نوێنەرانی سەندیكا كرێكاریەكانی هانداوە گوشار بخەنە سەر پارلەمان.

قسەكانی گلادستۆن لەئاستی لێكدانەوەدا نەبوون مەگەر ئەوەی بڵێین لەسەر لێواری پەشێوی فیكریو دەرونیدا بووە سێ ساڵ دوای ئەوە كەوەك رابەری باڵی نەیار هەوڵیدا رێچكەیەكی هاوسەنگ تر دەربارەی چاكسازیەكان بگرێتەبەر، لەلایەن دیزرائیلیەوە غافڵگیر كرا.

مردنی پالمەرستۆن لەساڵی ١٨٦٥دا،و دوایین كابینەی رەسڵ، پارلەمانی خستە حاڵەتێكی شڵەژانو بێ سەرەو بەرەبییەوە. دوای حكومەتە كورتخایەنەكەی دێربی لە ١٨٦٦وە تا ١٨٦٨، حكومەتە كورت خایەنەكەی دیزرائیلی هاتە سەر كار.

لەحكومەتەكەی دێربی دا بوو كە دیزرائیلی لەسەر دەستی گلادستۆن هەستایە سەرپێ و دوەمین قانونی چاكسازی لەپارلەماندا تێپەڕاند.

بەڵام حكومەتەكەی دیزرائیلی لەلایەن دەنگ دەرانەوە رەتكرایەوەو لەكانونی یەكەمی ١٨٦٨دا، گلادستۆن بوو بەسەرۆك وەزیر. ئەو پارلەمانەی لە ١٨٦٨دا هەڵبژێردرا ٦ساڵ بەردەوام بوو، وئیتر دیزرائیلی هیچی لەدەست نەدەهات.

سەرەڕای قسە بەناوبانگەكانی گلادستۆن، هیچ پەرەسەندنێكی جدی لەمەسەلەی چاكسازیی پارلەمانیدا بەئەنجام نەگەیشت.

كارل ماركس هەڵسەنگاندنێكی راستو دروستی تری لەوبارەیەوە خستۆتەڕوو: (لەبەریتانیا، خۆشبەختیی بەردەوام كرێكارانی لەجۆشدان خستووە... ئامانجی زۆرینەی چینی ناوەندی خاوەن زەوی (بورژوازیی زەوی) هێنانەكایەی چینێكی ناوەندی سەرمایەدارو چینێكی ناوەندی كرێكار (پرۆلیتاریا)[*] بوو لەپاڵ بورژوازیدا... ئەوەش وزەو تینی شۆڕشگێڕیی كرێكارانی بەریتانیای سڕیەوە...)

[*] پرۆلیتاریا بەمانای لاوازترینو چەوساوەترین شۆڕشی چینی كرێكار دێ ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

گلادستۆن دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیری گرنگی بەمەسەلەی ئایرلەنـدە دا. ئەو بەرلەوەی بەپلەی سـەرۆك وەزیریـی بگـا پێـشنیاری كردبـوو كەپـشتیوانیی دەوڵـەت لەكلێسای ئایرلەندە ببڕدرێ،و چەندین راپۆرتی دەربارەی چاكسازی ئایرلەنـدە تێپەڕانـدو دوای سێ ساڵ لائیحەی زانكۆی ئایرلەندەی خستەڕوو كە دیزرائیلی لـەرەت كردنەوەیـدا رۆڵی هەبوو.

یەكەمین كابینـەی هیـۆرو كاریگـەربوو. یـەكێك لەپێـشكەوتنە هـەرەدیارەكانی ئـەو كابینەیە سـپاردنی سـكاڵاكەی ویلایەتـە یـەكگرتوەكانی تایبـەت بەپێـشهاتی كەشـتیی ئالاباما بـوو بـە دادگـای نێودەوڵـەتی. حـوكمی دادگـاو ئـەو لائیحەیـەی كـە بـاج دەرە ئینگلیزەكـان دەبوایـە پێـشبینیان بكردایـە، هـەردوكیان قـورس و قـابیلی خۆڵـێلادان نەبوون.

بـەڵام گرنگیـی ئـەو هـەنگاوەی گلادسـتۆن لـەوەدابوو كـە نـەزمی دادوەری لەناكۆكیەكانی نێوان دو وڵاتدا كردە نەریتێكی باو.

چاكسیازیەكانی ئەو زیاتر تایبەت بوون بـەرێكخراوو دامـەزراوەكان: لەوانـە هێنانـە كایەی تاقیكردنـەوەی قبـوڵ بـۆ دامەزرانـدن لـەوەزارەتو دامـەزراوە حكومیـەكانـدا بـۆ هەموان، لابردنـی عمولـەی سـەر كڕینـی پێداویـستیی سـەربازیو چـەند چاكسازیەكی سەربازیی تری كاردۆڵ[14] وەزیری جەنگ، چاكسازی لەسیستمی دادا، بڕینی یارمـەتیی دەوڵەت بۆ كلێسای ئایرلەندە، نەهێشتنی تاقی كردنـەوە ئاینیـەكان لـەزانكۆدا، دەنـگ دانی نهێنیو قانونی پەروەردەو فێركردنی فۆرستەر[15]كە دەستپێكی وەرزێكی نـوێ بـوو لەمێـژوی پـەروەردەو فێركردنـدا،و بـەو پـێ یـە خوێنـدن لـەقۆناغی سـەرەتایدا بـوو بەزۆرەملـێ، بەڵام تاساڵی ١٨٩١، بەخۆڕایی بوو.

لەشـوباتی ١٨٧٤دا، لەلایـەن دەسـتەی دەنگـدەرانی ناوچـەی هەڵبژاردنـەوە رەت كرایەوە.

[14]Cardwell
[15]Forster





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسـاڵی ١٨٧٥دا دەسـتی لەسـەرۆكایەتیی حزبـی لیـبراڵ كێـشایەوەو كـونجی گۆشەگیریی گرت، بەڵام زۆری نەخایاند كە لەناوچەی هەڵبـژاردنی میـدلۆتین ململانێـی هەڵبژاردنی خۆی لەسەر بنەمای داكۆكیكردن لەمافی نەتەوە تازەهەڵكەوتوەكان دەست پێكردو هەڵمەتێكیشی دژی سیاسەتە خۆرهەڵاتیەكانی دیزرائیلی خستەگەڕ.

سـەردەمی شـكۆمەندیو مـەزنیی گلادسـتۆن لێـرەوە دەسـتی پێكـرد:و لـەوەی كـە لەرابردودا رویدابوو وئەوەشی كە بەدوایدا هات، واتە ئەو ماوەیـە بەسـۆیەی كـە ١٥سـاڵ مێشكی بەریتانیای سەرقاڵ كردو بەسەر سیاسەتەكانیدا باڵادەست بوو، زیاتر بڕی كرد. هیچ سیاسەتمەدارێك بەدرێژایی مێژوو بەقەد ئەو لەلایەن خەڵكیەوە بەگەرمی پێشوازیی لێنەكراوە. وەك ئەو پێشوازیەی كە بەدرێژایی سەفەرەكەی بۆ سكۆتلاند، لەوێستگەكانی هێڵی ئاسن، لەرێگـەو بانـەكان، لـەو هۆڵانـەدا كـە وتـەكانی تێـدا پێـشكەش دەكـرد،و خەڵكی بۆ پەیداكردنی كورسیەك دەستو قاچیان دەشكا، لێی كرا.گلادستۆن هەر تەنیا رابەری حزبێك نەبوو بەڵكو رابەری خەڵكیش بوو. هـیچ سیاسـەتمەدارێك بـەر لـەو ودوای ئەویش تا ئەو رادەیـە سـەركەوتنی بەدەسـت نـەهێناوە. كاتێـك دیزرائیلـی بەشـێوەیەكی چاوەڕوان نـەكراو بـەنرخی چاوبەرەوژێربوونی شـاژن، لەهەڵبژاردنەكـەی سـاڵی ١٨٨٠دا شكستی هێنا، شاژن ناچار بوو بنێرێ بەدوای گلادستۆندا.

هیچ كەسێكی تر لەناو حزبی لیبرالدا، بەدەر لـەوەی بـەناو یـا بـەرەسمی رابەرایـەتیی حزبی لەئەستۆدابوبێ، بەو پلەو پایەیەی ئەو نەگەیشت.

گلادستۆن پلەی سەرۆك وەزیریی لەگەڵ پۆستی وەزیری دێربیدا یەكخست، بەڵام ئـەم جارەیـان بـەو گوڕوتینـەی جارانـەوە هەڵـسوكەوت لەگـەڵ بودجـەدا نـەدەكراو لـەژوری بازرگانیو پیشەسازیشدا ئەو پەرۆشیە بەدی نەدەكرا كـە بـەر لـە ٤٠سـاڵ هـەبوو، لەبـەر ئەوەی لەحەفتاكانی تەمـەنیدابوو.

لەكاتێكدا رابەرایەتیی رەسمی موحافیزكاران لەگیانەڵادابوو، ئەو دەبوایە رووبـەڕووی پەلامـارە چەتەگەریەكانی حزبێكی بەناو (حزبی چوارەم) بێتەوە كە زۆربەی ئەندامـەكانی

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەوەجاغزادە موحافیزكارەكان بوون‌و بەچاوی خۆی ئەو سوكایەتیە بەدیبكا كە هیچ سەرۆك وەزیرێك خۆی لەژێر باریدا رانەگرتبوو.

یەكێك لەپێشهاتە هەرەدیارەكانی ئەو ماوەیە، پەشێوی‌و گرژی ناو پارلەمان بوو لەسەر مەسەلەی برادلاف [16] كە كافرێكی بێ دین بوو تا ئەو رادەیەی ئامادە نەبوو بۆ بەدەستهێنانی كورسیەكەی ناوپارلەمان سوێند بخوا.

مەسەلەی ئایرلەندە دەیتوانی هەر سەرۆك وەزیرێك ئیفلیج بكا. قانونی زەوی‌و زاری ئایرلەندە كە لەداهێنانەكانی گلادستۆن بوو دەرەنجامی بەرزكردنەوەی ئاستی داواكاریەكانی ئایرلەندە كە پارنیل [17] رابەرایەتی دەكرد، نەبوو. گلادستۆن بۆ روبەروبونەوە لەگەڵ پارتێكدا ناچاربوو جارێكی تر لائیحەی دەسەڵاتی نائاسایی بۆ پاراستنی نەزم‌و قانون لەئایرلەندەدا لەپارلەماندا تێپەڕێنێ.

پشتگیریی خەڵكی ئایرلەندە بۆ پاراستنی هاوشێوەی پشتگیریان بوو لەئۆكانیل بەر لەچل ساڵ، بەڵام گلادستۆن كەسێك نەبوو بەئاسانی بچێتە ژێربار.

بەوتنی ئەوەی: (هێشتا شارستانێتی نەمردووە) (پارنێڵ)ی لەزیندانی كیلماینهامدا قایم كردو پاشان بڕیاری دا دان وستانی لەگەڵدا بكاو چەند مەرجێكی سیاسی لەبەرامبەر ئازادكردنیدا بەسەردا بسەپێنێ.

كابینەكەی گلادستۆن لەكاروباری دەرەوەدا گیرۆدەی بارێكی نالەبار بوبوو. ئەودەمەی دیزرائیلی بێباكانە لەئەوروپا دانیشتبوو گلادستۆن سیاسەت‌و خۆ نواندنەكانی ئەوی بەدزێوو، سووك ناودەبرد، بەڵام سیاسەتی دەرەوە بەئاستی دەستكەوتەكانی لەمەحەك دەدرێ، و تارادەیەك لەبەر ئەوەی گلادستۆن سیاسەتی دەرەوەی لەسەرۆك وەزیرەكەی پێشوی خۆیەوە بەمیرات بۆ مابۆوە، بەخت زۆر یاوەری نەبوو. هێرشەكانی بۆسەر دیزرائیلی وایكرد كە تارادەیەك واز لەكردەوە ئیمپریالیستەكانی بهێنێ. دوابەدوای ئەوەبوو كە بنكە سەربازیەكەی بەریتانیای لەشاری

---

[16] Bradlagh

[17] parnell





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

قەندەهارو ئەفغانستان كشاندەوە. گلادستۆن لكاندنی (ترانسفال)ی مەحكوم كردبوو،و هاوكات رووبەڕووی یاخی بوونی ئەوێ‌و میسریش، كە خاڵی سەرەكیی ستراتیژیەكەی دیزرائیلی بوو لەخۆرهەڵاتی نزیكدا، بوبۆوە.

خەتای گلادستۆن نەبوو كە یاخیبوون لەترانسڤاڵ‌و سودان سەری هەڵدابوو، بەڵام هەردوو یاخی بوونەكە كارەساتباربوون بۆی.

(بویر)ەكان لە ماجویا [18] شكستیان بەئینگلیزەكان هێناو (كالی)ی فەرمانڕەوای ئینگلیزی (ناتال) یان كوشت. دوابەدوای ئەوە، نەتەوەپەرستیی توند ڕەو، جارێكی تر لەبەریتانیا بوژایەوەو باڵی نەیاری حكومەت، رۆژنامە گرنگەكان‌و تارادەیەك شاژنیش برەویان پێدا.

پەیمانی پریتۆریا سەربەخۆیی ترانسڤالی دەهێنایە دی، و بەریتانیاشی سەرپشك دەكرد كە چاودێریی پەیوەندیەكانی دەرەوەی بكا جگە لەپەیوەندیەكانی لەگەڵ وڵاتانی (ئۆرانژ)دا.

سەرەتا ترانسڤاڵ گەرەوی شاژنی قبوڵ كرد، بەڵام دوای سێ ساڵ، پەشیمان بۆوە، ئەوەش رق‌و كینەی خەڵكی بەریتانیای وروژاند.

گلادستۆن روبەڕوی بەربەرەكانیی تری وڵاتانی ئەوروپا بۆوە لەسەر زەویە كۆلۆنیالیەكان.

لەگەرمەی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمدا كە دیزرائیلی سەرقافڵەی بوو، لەهەركوێ وڵاتە بەهێزەكانی ئەوروپا بیریان لەپاوان خوازی بكردایەتەوە، ئەو ناچار دەبوو دەست‌و پەنجە لەگەڵ چەند كێشەیەكدا نەرم كا، لەوانە دورگەكانی نیو هێبراید [19] لەگینیای نوێ‌و لەكەنارەكانی خۆرهەڵات‌و خۆراوای ئەفریقا. جارێكیان وتی: (من بەخێرهاتنی ئەڵمانەكان دەكەم وەك دراوسێی نوێی ئێمە لەئەفریقای باشورو تەنانەت لەترانسڤاڵیش.) هیچ وڵاتێكی تر، بەو شێوەیە لەلایەن دیزرائیلیەوە پێشوازیی لێ

---

[18] Kilmainham

[19] Majuba

مەكتەبی بیروهۆشیاری

نەكراوە، بەڵام ئەگەر ئەو ناچاریش بووبێ ئەوان وەك دراوسێی دیكتاتۆر قبوڵ بكا، بەدڵنیایەوە شێوازێكی بەخێرهێنانی بۆ دەدۆزینەوە.

گلادستۆن بەپێچەوانەی سروشتی خۆیەوە فەرمانی هێرشكردنی بۆسەر میسردا. لەساڵی ١٨٨٢دا عورابی پاشا لەمیسر یاخیبونی بەرپاكردو لەپەلامارەكەیدا بۆسەر ئەسكەندەریە ژمارەیەك لەئینگلیزەكان كوژرانو كونسوڵی بەریتانیا بریندار كرا.

گلادستۆن پێی باش بوو باری سەرنجی وڵاتانی ئەوروپا بزانێ، بەڵام ئەنجومەنی ئەوروپا بەتایبەت بیسمارك وایان پێباش بوو رووی خۆیان وەرگێڕن. كاتێك گلادستۆن دەستبەكاربوو، هەروەك لەوتەكەیدا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا دەردەكەوێ، هەم رووبەڕووی پەلامارە خوێناویەكەی عورابی پاشا بۆسەر ئەسكەندەریە بوبۆوە،و هەم روبەروی هەڵوێستی عورابی پاشاش بوبۆوە كە نكوڵی لەوە دەكرد میسر قەرزداری خۆراوابێ. ئەم یاخیبوونە بەسەركەوتنی سێرگارنێت ۆلسلی[20] لە (تەل ئەلكەبیر)[21] ، تێك شكێنرا،و گلادستۆن بەبیستنی هەواڵی سەركەوتنی هێزەكانی بەریتانیا، فەرمانی دا وەك رێزلێنانێك لەو سەركەوتنە لەهایدپارك تۆپ بتەقێنرێ.

دوابەدوای ئەم پێشهاتە (جۆن برایت[22])ی ئاشتی خواز دەست لەكار كێشانەوەی لەكابینە راگەیاندو وتی كە بەبڕوای ئەو گلادستۆن لەدیزرائیلی خراپترە.

بەڵام دوابەدوای ئەوە پێشهاتو روداوی زیاترو دزێوتر لەهاوسنورەكەی میسر، واتە لەسوداندا سەری هەڵدا. (مەهدی)ی یاخی كە ئیسلامییەكی توندڕەو بوو، هێزێكی سەربازیی گەورەی لەو سەرزەمینەدا پێكهێنابوو. لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٣دا هێزێكی سەربازی میسری كە لە١٠٠٠٠سەرباز پێكهاتبوو لەژێر فەرمانەدەی ئەفسەرە ئینگلیزەكاندا لەگەڵ هێزەكەی مەهدیدا بەجەنگ هاتن، بەڵام هەرهەمویانی لەناو برد.

[20] Colley
[21] orange
[22] New Hebrid





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوابەدوای ئەوە مەهدی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر سوداندا شكا. شاژن كە بڕستی لێبڕابوو فەرمانی بەگلادستۆندا تۆڵەی ئەو كردەوە بێ بەزەییانە بكاتەوە، بەڵام سەرۆك وەزیرەكەی لەو باوەڕەدا بوو كە ئەم جۆگەلەی خوێنە لە رادەبەدەر درێژبۆتەوە.

بەڕای ئەو لەو هەل ومەرجەدا تاكە رێگە ئەوە بوو كە یارمەتیی حكومەتی میسر بدرێ تا سەربازگە پەراگەندەكانی خۆی بكشێنێتەوە.

لەلەندەن سیاسەتمەداران ناكۆكییان تێ كەوتبوو و بوبوون بە چەند باڵێك.

لۆرد راندۆڵف چێرچڵ[23] سەر بە حزبی توری و ئەندامی ئەو حزبەی كە بەحزبی چوارەم ناسرابوو، لەو باوەڕەدا بوو كە نابێ بەریتانیا لەمیسر بمێنێتەوە، چ جای لەسودان. وەزیرانی كابینە بەبێ گلادستۆن، كە لە(هاواردین[24]) سەرگەرمی پشودان بوون بڕیاریاندا ژەنەراڵ گۆردن[25]ناسراو بەگۆردن چینی كە پاڵەوانێكی نەتەوەیی بوو رەوانەی سودان بكەن. گلادستۆن تا رادەیەك بەبێ بیركردنەوە ئەو بڕیارەی ئەوانی پەسەند كرد.

لەنێو فەرمانڕەواكانی كۆلۆنیەكانی بەریتانیادا لەسەرتاسەری جیهاندا، هیچ كەسێك لەسەرپێچیو لوت بەرزیدا شانی نەداوە لەشانی گۆردن.

ئەم مل هوڕە بەناوبانگە، بێ گوێدانە ئەو فەرمانانەی بۆ كشانەوە لە سودان پێی دەدرا، بڕیاریدا خۆی چیی بەچاك زانی ئەوەبكاو هیچ گرنگیەك بەفەرمانەكانی ناوەند نەدا، لەبەر ئەوەی لەوباوەڕەدا بوو كە خەڵكی بەریتانیا پشتگیریی لێدەكەن. ناهەقیشی نەبوو، بەڵام پشتگیریكردنی خەڵكی لێی كەپەنگی دوای باران بوو.

گلادستۆن هیچ دەسەڵاتێكی بەسەر ئەودا نەدەشكاو بۆخۆشی هەر زوو پەی بەو راستییە برد. لەگۆڤاری (پەنچ[26])دا كاریكاتێرێكی چاپكراو پیشانی دەدا كە گلادستۆن

[23] Sir Garnet Wolseley
[24] Tel- el- Kebir
[25] john Bright
[26] Lord Randolf Chur chill

پەیڕەوی لە هەر بڕیارێك دەكا كە گۆردن بێ گوێدان  بە فەرمانەكانی ناوەند دەری دەكا. ئەو كاریكاتێرەی بڕی‌و لەلای خۆی هەڵی گرت.

گۆردن كە لەخەرتوم بوو بێ گوێدانە فەرمانەكانی گلادستۆن، داوای لەلەندەن كرد ئامێرو پێداویستیی سەربازی بۆ تێكشكاندنی مەهدی بۆ ڕەوانە بكا. لەبیرەوەریەكانیدا دانی بەوەداناوە كە: (بەڵێ من پەیڕەویم لەدەوڵەتی خاوەن شكۆ شاژن‌و كاربەدەستەكانی بەریتانیا نەكردووە، بەڵام ئەمە سروشتی منەو ناتوانم جڵەوی بكەم،)و هەروەها دەڵێ: (ئەگەر من سەرۆك بوومایە هەرگیز هیچ كارێكم بەخۆم نەدەسپارد، لەبەر ئەوەی من قابیلی چاكسازی نیم.) كاتێك هێزەكانی مەهدی لەهەموو لایەكەوە گوشاریان خستە سەر خەرتوم، ئەو پەی بەوەبرد كە پەیوەندیكردن بەجیهانی دەرەوە كارێكی دژوارە. داونینگ ستریت بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستیدابوو، لەو باوەڕەدابوو كە هێشتا هێزەكانی بەریتانیا دەرفەتی كشانەوەیان لەبەردەمداماوە.

بەڵام گۆردن سەرگەرمی پیادەكردنی تاكتیكەكانی خۆی بوو وبازرگانێكی كۆیلەی ڕاسپاردبوو تا بانگەشەی سیاسیی بۆبكا ئەوەش مایەی بێزاریی وەزیرە لیبرالەكان بوو كە دژی پەیوەندیكردنی ئەو بوون بەكۆیلەدارەكانەوە. كابینە هەروەك پێشوو خوازیاری بانگ كردنەوەی گۆردن بوو. هارتینگتین[27] وەزیری جەنگ پێشنیاریكردهێزێكی پشتیوانی ڕەوانەی سودان بكرێ، بەڵام گلادستۆن حەزی لەجەنگ نەبوو.

خەڵكی نەعرەتەی جەنگیان دەكێشاو زۆرینەی كابینە لەبەرامبەر پێشنیاری دەستەیەك لەنوێنەرانی پارلەماندا كە خوازیاری جەنگ بوون بەمل شۆڕی چۆكیان دادا.

دوابەدوای ئەوە هێزێكی سەربازی بەفەرماندەی وێلزلی بۆ ڕەوانە كردن بۆ سودان ئامادەكران. ئەم فەرماندە ئینگلیزیە دەیویست كەسێك لەمل شكان ڕزگاربكا كە بە پێچەوانەی فەرمانەكانی ئەوەوە، دوای ئەوەی كە ڕوون بۆوە كەڕێی كشانەوە لەبەردەمیدایە ئامادە نەبوو پاشەكشە بكا.

[27] Hawarden





لەو ساتەوەختەدا گۆردن لەكۆشكەكەی خۆیدا دانیشتبوو بەو كێشەیەی گلادستۆن پێ دەكەنی. ویلزلی سەركەوتوانە چووە ناوخەرتومەوە، كە بەر لەدوو ڕۆژ كەوتبوو، بینی گۆردن كوژراوە. شاژن كە بەدرێژایی ئەم قەیرانە بەدەنگێكی دلێر هێرشی كردبووە سەر گلادستۆن، بروسكەیەكی ڕەقی بۆ نارد كە  تارادەیەك گرامەرەكەشی تەواو نەبوو.

شاژن بەئەنقەست فەرمانی دابوو كە ئەو بروسكەیە بەنهێنی ڕەوانە نەكرێ‌و بەشێوەیەكی ئاشكراو لەڕێی فەرمانگەی پۆستەوە ڕەوانە بكرێ تا ناوەڕۆكەكەی بەرچاوی هەموكەسێك بكەوێ. لەو بروسكەیەدا بەتانەو تەشەر ڕەخنەی لەگلادستۆن گرتبوو كەپێش وەخت دەست بەكار نەبوەو كەمتەرخەمیی كردوە. خودی گلادستۆن (ڕەنگە لەبەر ئەوەی كە دڵی ڕەنجا بوو یا لەبەر ئەوەی كەناوچەی داونینگ ستریت لەرووی دەرونیەوە بەردەوام لەژێر ڕەخنەدابوو)، كەمتەرخەم بووە كەئەوشەوەی هەواڵی دەرەوە گەیشتوە، هیچ گرنگیەكی پێ نەداوە.

ئەو لەو شەوەدا چووبوو بۆ بینینی شانۆیی‌و دواتر بەپاساوی ئەوەی كە ئەو هەواڵانە هێشتا ساغ نەبوونەتەوە، خۆی پەڕاندەوە.

تا ئەو جێ یەی من (نوسەر) لەیادمە هیچ سەرۆك وەزیرێك لەسەدەی بیستەمدا، ڕەنگە جگە لە ئاسكۆیس، لەبەرامبەر مەسەلەیەكی ئاوا هەستیاردا بەوشێوەیە كەمتەرخەم نەبووە . كابینەكەی گلادستۆن لە ١٨٨٠تا ١٨٨٥لەروی قانون دانانەوە دەربارەی (بارودۆخی ئینگلتەرە) دەستكەوتێكی ئەوتۆی نەبووە. ئینگلتەرە لەپەیوەندیەكانی دەرەوەیدا ناچالاك‌و بێ دەرەتان بوو، تەواو بەپێچەوانەی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی دیزرائیلیەوە.

كابینە لەسەر مەسەلەی ئایرلەندەو بەتایبەت مەسەلەی لابردنی قانونی دەسەڵاتە نائاسایەكان دوای بەسەرچونی وادەكەی، دووچاری دوبەرەكی‌و ناكۆكی بوو.

جۆزیف چەمبەرلین[28] و دیلك[29] لەسەر لێواری دەست لەكار كێشانەوە بوون. دەوڵەت لەڕووی بودجەوە شكستی خواردبوو، بەڵام نەیدەتوانی پارلەمان هەڵوەشێنێتەوە لەبەر ئەوەی دەفتەرە نوێكانی تایبەت بەتۆماركردنی هەڵبژاردن كە بەگوێرەی قانونی چاكسازیی هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٨٤زیادكردنی دەنگەكانی پارێزگا پێویست بوون، هێشتا ئامادە نەبوون.

سالیسبێری حكومەتی كاتیی (توری)ی پێكهێنا. شاژن لەگەڵ ئەوەشدا كە هێشتا لەگەڵ گلادستۆندا ناكۆك بوو، پلەی (كۆنت)ی بۆ پێشنیار كرد. ئەو كارەی ئەو بەڕووكەش كارێكی سروشتیو نائیداری بوو، بەڵام لەراستیدا دەیویست بەدەم چەوركردن گلادستۆن لەدەسەڵات دوربخاتەوە.

سالیسبێری بێئەوەی گوشاری زۆر بخاتە سەر پارلەمان، درێژەی بە حكومەتە كەمینەكەی خۆیدا.

بەڵام گلادستۆن لەكۆتایی ساڵی ١٨٨٤دا كە ئەودەم لەپاڵ نەیارەكانی دەوڵەتدابوو لەدەسەڵات كەوتبوو سەرەنجام بڕیاریدا كۆڵ نەدا تا بیرۆكەی (حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە) پەسەند دەكرێ.

لەساڵی ١٨٨٥دا بڕیاریدا بیرۆكەی دامەزراندنی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە بكاتە تەوەری سەرەكیی خەباتی سیاسیی داهاتوی خۆی، بەڵام لەو كاتەدا پارلەمان لەدۆخێكدا نەبوو كە هانی بدا خەباتێكی ئاوا دەست پێ بكا.

ئێستا، كە لەدەسەڵات كەوتبوو، پێی داگرت لەسەر ئەوەی لەپێناو ئامانجێكدا خەبات بكاو وەك خەباتگێڕێكی دێرین بەدیهێنانی بیرۆكەكەی خۆی بەچاوی خۆی ببینێ، لەبەر ئەوەی وەك كەسێك كە باوەڕی بەمافی نەتەوە بچوكەكان هەبوو، نەیدەتوانی ئۆتۆنۆمی ئایرلەندە، كە خواستی خەڵكەكەی بوو، پشت گوێی بخا.

[28] Joseph Chamberlaine
[29] Dilke





بەریتانیا پەیڕەوی لەمەزهەبی ئەنگلیكان دەكردو[نەریتو، بنەماو باوەڕە قبوڵ كراوەكانی لەلایەن] كلێسای ئینگلتەرەوە (كۆنفۆرمیست)پێ قبوڵ نەبوو. ئایرلەندە جگە لە ئەلستەر[30] هەرهەمووی، پەیڕەوی مەزهەبی كاسۆلیك بوو. بەڵام سەرۆك وەزیرێك هەبوو كەخۆی تەرخانی مەسەلەی ئایرلەندە كردبوو ولەتەمەنی ٧٦ساڵیدا دەیوست تەنیا لەپێناوی ئامانجێكدا، كە جێگیربوونی حكومەتی نەتەوەیی بوو لەئایرلەندە هەوڵ بدا.

بەڵام هێشتا هەڵبژاردنێك لەرێدا بوو كە دەبوایە بۆ سەركەوتن تیایدا هەوڵبدا. بەهەرحاڵ ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە جارێكی تر گرنگیی ئیرلەندەی بەرجەستەكردوە.ئەوە یەكەم جار نەبوو كە ئایرلەندیەكان كاریگەرییان لەهاوسەنگ كردنی هێزە سیاسیەكاندا هەبێ، لەبەر ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا حزبی لیبرال ٣٣٥كورسی، موحافیزكاران ٢٤٩كورسی، و ناسیۆنالیستەكانی ئایرلەندەش ٨٦كورسیان بەدەست هێنا. ئەگەر ئایرلەندیەكان لەگەڵ موحافیزكارەكاندا یەكیان بگرتایە ئەوا هیچ كەسێك براوە نەدەبوو.

گلادستۆن بەهیوابوو كە سالیسبێری، لیبرالەكانو ئایرلەندیەكان بانگهێشت بكا بۆ ئەوەی لەپارلەماندا هاوكاری بكەن تا ئەو بتوانێ بەوشێوەیە مەسەلەی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە لە وێستمینیستەر بۆ هەمیشە چارەسەر بكا.

بەلای ئەوەوە تەنیا مەسەلەیەك بوونی هەبوو: رۆزبێری دوابەدوای سەردانەكەی بۆ هاواردین، بە هامیلتۆنی وت كە گلادستۆنی پیر تەنیا مێشكی لای ئایرلەندەیە. گلادستۆن پێش بینیی كردبوو كە ئەگەر لەحاڵەتێكدا توریەكان دژایەتیی خستنەرووی مەسەلەی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندەیان كرد، ئەو دەتوانێ بەسودوەرگرتن لەهەڵوێستی حزبی لیبراڵ لەبەرامبەر مەسەلەیەكی ناوخۆدا (قانونی دەسەڵاتی نائاسایی لەئایرلەندە كە وادەكەی لەتەواوبوندا بوو) زۆرینەی رەهای توریەكان تێك بشكێنێ.

٣٠ Ulster پارێزگای پێشوی ئایرلندە كە بەشی باكوری لەئێستادا بە رەسمی بە ئایرلندەی باكور ناودەبرێ ـ و

مەكتەبی بیروهۆشیاری

گلادستۆن سوربوو لەسەر ئەوەی سەرەتا رێگەی یەكەم بگرێتەبەر. سەردانی بارەگایەكی حزبی (توری)ی لەئیتۆن هۆڵ چێستەر[31] كردو بەلفۆر[32]ی خوشكەزای (سالبیێرسی)ی راسپارد كە بە حزب بلّێ جگە لەهێنانە كایەی حكومەتی نەتەوەیی لەئایرلەندە هیچ شتێكی تر ناتوانێ رزگاری بكاو ئێستاش دەبێ حزب ئەو مەسەلەیە بۆ هەمیشە چارەسەربكا، بەلاّم كابینەكەی سالیسبیێرسی ئەو بیرۆكەیەی رەت كردەوە گوایە لەبەر ئەوەی بابەتی رۆژ نیە.

هەندێك لەموحافیزكاران گومانی ئەوەیان دەكرد كە گلادستۆن لەهەولّی ئەوەدایە دووبەرەكی بخاتە ناو حزبی موحافیزكارەوە، بەلاّم وانەبوو. بەلّكو حزبەكەی خۆی مەترسیی دوبەرەكی لەسەر بوو كە تیایدا چەمبەرلین چاوەڕوان بوو، ئامادەی ئەو دوبەرەكییە بوو.

دوای ١٨ساڵ وەك ئەندامێكی بەرجەستەی كابینەی توریەكان، هەمان رێگەی گرتەوە بەر.

جگە لەچەمبەرلین، ئەوانی تر ئەو مەسەلەیە (مەسەلەی حكومەتی ئایرلەندە) یان بۆ قوتدەچوو. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە كاتێك بیروباوەڕە نوێكەی گلادستۆن سەبارەت بەحكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە بۆ یەكەمین جار پێ یان (ئەندامانی حزبی لیبرال) راگەیەنرا، پێیان لەسەر ئەوە دانەگرت كە رابەریی حزب بگۆڕێ،و ئەوە بە ئەفسونو توانای ئەو پیرەمێردە بوو كە نەوەی نوێی حزب نەیدەتوانی ئاسۆی نوێ بەرووی حزبەكەی خۆیدا والاّبكا.

كاتێك پارلەمان كۆبۆوە، حكومەتی سالیسبیێری حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندەی رەت كردەوەو، بڕیاری خۆی سەبارەت بەخستنەرووی قانونی نوێی دەسەلاّتی نائاسایی لەئایرلەندەدا راگەیاند. گلادستۆن هەستایە سەرپێ‌و ووتی كە حزبەكەی بەو پەڕی توانایەوە مەسەلەی (حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە) تا كۆتایی دەبا.

[31] Eaton Hall Chester
[32] Balfour





مەكتەبی بیروهۆشیاری

توریەكان پرسییان: (بەبێ هارلینگتۆن‌و چەمبەرلین؟) گلادستۆن وەلاّمی دایەوە: ((بەلّێ.... من ئامادەم بێ یارمەتیی هیچ كەسێك ئەو ئامانجە بەرەو پێش بەرم.))

دوابەدوای ئەم پێشهاتە نوێنەرانی لیبراڵ بەپشتیوانیی نوێنەرانی ئایرلەندە هەولّیاندا پێشنیارەكەی خۆیان دەربارەی چاكسازیی زەوی‌و زار لەسەر بنەمای ((سێ ئاكر زەوی‌و یەك سەرگا)) تێپەڕێنن. لەم ململانێیەدا توریەكان شكستیان خواردو گلادستۆن بۆجاری سێیەم بوو بە سەرۆك وەزیر، بەلاّم لیبرالەكان ناكۆكییان تێكەوتو هەندێكیان لەو باوەڕەدابوون كە كاتی ئەوە هاتووە گۆڕانكاری لەحزبدا بكرێ.

دوابەدوای ئەوە بالّێكی نوێ لەژێر ناوی یەكێتیخوازەكانی لیبرال ( Liberal unionsts) ئامادەبوو لەحزبی لیبرال جیابێتەوە. گلادستۆن ئامادەبوو لەسەر هەر مەسەلەیەكی تر لەگەلّیدا هەلّبكا، مەسەلەی ئایرلەندە نەبێ. لائیحەی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندەی ئەو كە بە ٣٤٣دەنگ لەبەرامبەر ٣١٣دەنگ چووبوە دەنگدانی دووەمەوە بەجیابونەوەی چەمبەرلین‌و لایەنگرەكانی لەحزبی لیبرال شكستی خوارد.

گلادستۆن بێ باكانە لەسەر قەنەفەی پێشەوەی پارلەمان دانیشت‌و راپۆرتی خۆی بۆ شاژن نوسی. بەیانی رۆژی داهاتوو قەناعەتی بەكابینە دلّساردو ناكامەكەی خۆی كرد كە داوای هەلّوەشانەوەی پارلەمان بكا.

شاژن رازی بوو. هەلّبژاردنی داهاتوو ئاكامێكی خراپتری لێ كەوتەوە . راندۆلّف چێرچلّ كە هەولّی دەدا لەو هەلّبژاردنەدا براوەبێ گلادستۆنی بەپیرەمێردێكی لاسار وەسف كرد. پیرەمێردیش بەهەمان گوڕو تینەكەی رۆژانی هەلّبژاردنی ناوچەی (میدلۆتین)ەوە لەتریبیۆنێكەوە* هەلّپەی بۆ تریبیۆنێكی تر دەكردو لەپێناو سەركەوتندا ململانێی دەكرد، بەلاّم كاتێك دەنگەكانیان جیاكردەوە موحافیزكاران ٣١٦دەنگ،

* بەو سەكۆیە دەوترێ كە تا بەر لە سالّی ١٨٨٢پالّێوراوانی پارلەمانی ئینگلتەرە لەسەری رادەوەستان‌و بۆ دەنگدەران دەدوان ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

یەكێتی خوازانی لیبرال ٧٩دەنگ، لیبراڵەكانی لایەنگری گلادستۆن ١٩١دەنگو ناسیۆنالستەكانی ئایرلەندەش ٨٥دەنگیان بەدەست هێنابوو.

لەو هەڵبژاردنەدا كە لەراستیدا ریفراندۆمێك بوو لەدژ یا بۆ دامەزراندنی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە زۆرینەی ئەو دەنگانەی دژی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە بوون، ١١٨دەنگ بوو.

ئیتر كاتی ئەوە هاتبوو گلادستۆن وازبێنێ، لەبەر ئەوەی وەك رۆژ لای رون بوو كە دەبێ ماوەی شەش ساڵ لەباڵی نەیاردا بمێنێتەوە، بەڵام پیرەمێرد بەپێچەوانەی قسەكەی چێرچڵەوە (سەبارەت بەلاساری)، پەلەی نەبوو بۆ دانیشتن. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشە حزبەكەشی هیچ هەوڵێكی نەدا بۆ رزگاربوون لێی. حزبەكانی سەدەی بیستەم ئەو برستەیان نیە.

كەئەوان پێیان نەگوت: (ئیتر بەسە) بەپێچەوانەوە هەموان یەك قسەبوون كە هەتوانێكی زیوین بۆ برینی رابەری حزب دەستەبەر بكەنو لەو رێیەوە رێزو پێزانینی خۆیانی بۆ دەربڕن، پیشانی دەدا كە ئەوان بەعەقڵیەتی باوەڕبوون بە چارەنوسەوە، رازی بوون ماوەی شەش ساڵ باڵی نەیاری حكومەت بنو دەیانویست لەژێر سایەی هەمان ئەو رابەرەی پێشویان كە لەو كاتەدا تەمەنی ٨٢یا ٨٣ساڵ بوو، بەپشت بەستن بەهەمان ئەو مەسەلەیەی كە بۆخۆیانو بۆ وڵاتیش تاقەت پڕوكێن بوو لەهەڵبژاردندا شكستی پێ هێنان،و تەنانەت ئەگەری شكستی تریش لەرێدابوو، بەشداری لەهەڵبژاردندا بكەن.

لەكاتێكدا ئەندامانی لاوی حزب چاوەڕوانیی بەدەستهێنانی زۆرینەیان دەكردو كەڵكەڵەی گەیشتن بەدەسەڵات لەمێشكیاندابوو. بەوشێوەیە گلادستۆن ئەمجارەشیان مایەوەو رزگاری بوو. لەو كاتەدا پارنێل دوچاری دەردەسەری بووبوو دوای ئەوەی رۆژنامەی تایمز قسەی بەدەمەوە كردبوو.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو رۆژنامەیە لەسەر زاری پارنێلەوە ئەوەی ئاشكرا كردبوو كە پارنێل هەوڵی داوە تۆمەتی كوشتنی لۆرد فریدریك كاڤینیش[33] فەرمانڕەوای ئایرلەندەو (تی. بی. بێرك)[*]ی سكرتێری رەت بكاتەوە، یا لەبایەخی كەم بكاتەوە: (لكاندنی تۆمەت بەئێمەوە بۆتە كارێكی ئاسان.... بەڵام.... هەرچەندە روداوی مەرگی لۆرد كاوندیش بۆمن جێی داخە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم كە بێرك هەقی خۆی دراوەتێ.)


تایمز بێ منەتی كرد كە ئەگەر جورئەت دەكا با داوا لەسەر هەر كەسێك تۆماربكا كە قسەی لەدژی هەڵبەستوە. دوابەدوای ئەوە كۆمسیۆنێك پێكهێنرا كەهیچ نرخێكی نەبوو، جگە لەوەی ئاسكویسی بەناوبانگ كرد ، دوای ئەوەی بەڕێوبەری رۆژنامەی تایمزی لەپێ خست. ئەو نامەیەی كە گەیشتبووە دەستی تایمزو ئەو قسەیەی لەسەر هەڵبەسترابوو، دەركەوت كەنامەیەكی ساختەو بێ بنەمایە. نوسەری ئەو نامەیە كە كەسێك بوو بەناوی (پیگۆت[34]) كاتێك دەستگیركرا خۆی كوشت.

بەڵام پارنیل هەرزوو كێشەكەی بۆ گلادستۆن نایەوە. داواكاری تەڵاق كە لەرێی هاوكارێكی حزبییەوە بەناوی (كاپتن ئوشی[35])یەوە درابوو بەدادگاو وەك موەكیلی دووەم ناوی پارنێل برابوو، لەراستیدا روبەڕوبونەوەیەك بوو لەگەڵ حزبی لیبرالی ئینگلتەرەو روبەڕوبونەوەیەكی بەرفراوانتریش بوو لەگەڵ ئەو دەنگدەرانەدا كە دەنگیان بۆ حزبی لیبرال دابوو.

دوابەدوای ئەوە گلادستۆن لەرێی (مۆرلی[36])یەوە، پەیامێكی ئاراستەی پارنێل كرد كە دەست لەكار بكێشێتەوە، بەڵام ئەو بەقسەی نەكردو لەئاكامدا حزبی ئایرلەندە بوو بە دوو بەشەوە: ٢٦نوێنەری حزب پشتگیریان لەپارنێل كردو ٤٤كەسەكەی تریشیان لێی جیابونەوە.

---

[33] Lord Frederick Cavendish
[*] T.B. Burke
[34] Pigott
35 Captain Oshea
[36] Ponsonby



**دیزرائیلی، تابلۆی جۆن میلاس**







**گلادستۆن تابلۆی جۆن میلاس**

لەوكاتەدا گلادستۆن سەرقاڵی رۆڵێكی نەریو تەنانەت ئاژاوە گێڕانە بوو لەناو پارلەماندا. بەلیبرالەكانی یۆكشایەری دەوت تا مەسەلەی ئایرلەندە چارەسەر نەكریَ ئەستەمە كارێكی سود بەخش لەناو پارلەماندا بەئەنجام بگا، و لەهەمان كاتدا كەخۆی بۆ مەسەلەی ئایرلەندە تەرخان كردبوو، سەرقاڵی ئەژماركردنی تاكتیكەكانی تێكشكاندنی بەربەستەكانی بەردەمی بوو. سێر هێنری پۆنسۆنبی[37] سكرتێری تایبەتی شاژن قسەكانی گلادستۆنی لەگەڵ ئەندامانی حزبی لیبرالدا لەیادداشتەكانی خۆیدا تۆمار كردوە. لەو قسانەدا زمانێك بەكار هاتووە كەمرۆڤ دوودڵ دەكا لەوەی داخۆ گلادستۆن مێشكی لای خۆی بوبیَ یان نا.

حزبەكەی رۆژ لەدوای رۆژ پشوتەنگ ترو (لەبەرامبەر رابەردا) سەركێش تر دەبوو. لەبەر ئەوەی گلادستۆن هیچ گرنگییەكی بەمەسەلە كۆمەڵایەتیەكان كە بەلای ژمارەیەكی زۆر لەهاوكارەكانیەوە، بەتایبەت ئەندامە لاوەكانی حزبەوە زۆر لەمەسەلەی ئایرلەندە گرنگتربوو، نەدەدا.

لەساڵەكانی ١٨٨٦ و ١٨٨٧دا لەئاكامی بێكاریی كرێكاراندا، چەند یاخیبونێك لەشاری لەندەندا سەریان هەڵدا . لەساڵی ١٨٨٩دا كە كاردینال مانینگ هەستو سۆزی میللەتی بزواند، مانگرتنێكی گەورە لەبەندەری لەندەن ئەنجام درا.

ژمارەیەكی زۆر لەئەندامانی حزبەكەی گلادستۆن كاتێك كە جۆزیف چەمبەرلین پرسی: ((بۆ دەبیَ ٣٠ملیۆن كەس لەخەڵكی ئینگلتەرە لەبەر ئەوەی كە ٣ملیۆن كەسی (دانیشتوانی ئایرلەندە) دڵسۆزی ئینگلتەرە نین لەهەنوكەییترین چاكسازیی كۆمەڵایەتی بیَ بەری بن؟)) پشتگیریان لەراو بۆچونەكەی كرد سەبارەت بەگوشار خستنەسەر گلادستۆن.


گلادستۆن بەراستی وروژێنرا تا دەربارەی بارودۆخی ئینگلتەرە لەنیوكاسڵ قسەبكا، بەڵام قسەكانی سەرنج راكێش نەبوونو هیچ كەسێكی نەخستە ژێر كاریگەرییەوە. بەو

[37] Cardinal Manning





شێوەیە بەرنامە بەناوبانگەكەی نیوكاسڵ بەهەمان ئەو خێراییەی كە دارێژرابوو فەرامۆش كرا.



چارلز ستیوارت پارنێڵ

گلادستۆن وەك نارەزاییەك لەكریسمسی ١٨٩١دا، ماوەی دوو مانگو نیو بۆ بەسەر بردنی پشوو بۆ دەرەوەی وڵات چوو. لەو دەمەدا قسەوقسەڵۆكی زۆر دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان لە كایەدا بوو، سەرەنجام لەحوزەیرانی ١٨٩٢دا هەڵوەشایەوە. (مۆدێرنترین رابەرانی باڵی نەیار خۆشحاڵ دەبن بەوەی ماوەی سیَ رۆژ لەكریسمسدا مۆڵەت وەر گرنو پشوبدەن.*) تا بەر لەریسواییەكەی پارنێل، لیبرالەكان دەیانتوانی

* ئاماژەیەكی بەتانەو تەشەرە بەگلادستۆن كە توانیویەتی دومانگو نیو بۆ پشوودان بڕوا ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

تارادەیەكی زۆر پشت بەئایرلەندیەكان ببەستن لەبەر ئەوەی تورییەكان پێشینەیەكی خراپیان هەبوو. تەنانەت دوای ئەم ریسواییەش لیبرالەكان پشتیان بەزۆرینەی ١٠٠دەبەست. لەوكاتەدا لیبرالەكان بە ١٧٣دەنگو ٨١دەنگی ناسیۆنالیستە ئایرلەندیەكانو یەك دەنگی نوێنەری حزبی كرێكاران لەپارلەماندا بەزۆرینەی ٤٠دەنگ لەسەرو ٢٦٩نوێنەری موحافیزكارو ٤٦نوێنەری یەكێتیخوازانی لیبرالەوە بوون.

حكومەتەكەی سالسبێری لە ١١ی ئابدا دوابەدوای پێشنیاری سەندنەوەی متمانە لێی، كە لەلایەن (ئاسكۆیس)ەوە خرایە روو، لەئەنجومەنی نوێنەراندا شكستی خوارد. دوابەدوای ئەوە گلادستۆن لەرێی سكرتێری شاژنەوە فەرمانی پێكهێنانی چوارەمین كابینەی خۆی پی راگەیەنرا.

گلادستۆن كە ناكامانە لەهەولێ ئەوەدابوو قەناعەت بەشاژن بكا، پانسوینی راسپارد بەشاژن بڵێ كە حكومەتی نەتەوەیی هەنگاوێكی تەواو موحافیزكارانەیە: (هێنانەكایەی حكومەتی نەتەوەیی ئاشتیو خۆشیو شادی بۆ ئایرلەندە دەستەبەردەكاو وا لەئایرلەندیەكان دەكا بەرامبەر بەتاجو تەختی ئینگلتەرە وەفادار بنو تەنانەت بیانكا بە (توری)یش.) دەنگدانی دووەمی لائیحەی حكومەتی نەتەوەیی لەشەوی ٢١و ٢٢ی نیسانی ١٨٩٣دا بە ٣٤٧دەنگ بەرامبەر ٣٠٤دەنگ بەئەنجام گەیشتو پاشان خودی سەرۆك وەزیر سەرۆكایەتیی لیژنەیەكی گرتەدەست كە لائیحەكەی دەخرایە بەردەم و ئەویش سەبارەت بە زۆربەی دەستكاریەكان دەدوا. سەرەرای سود وەرگرتن لەگیوتین[38] (بۆدەمكوتكردنی باڵی نەیار) بۆ كورتكردنەوەی مشتو مڕەكان، لائیحەكە هەموو خولی هاوینەی پارلەمانی داگیر كرد ،و گلادستۆن لەسەرجەم دانیشتەنەكانیدا ئامادەبوو. لەشەوی ١و٢ی ئەیلولدا دەنگدانی سێیەم بە ٣٠٧دەنگ لەبەرامبەر ٢٦٧دەنگدان بە ئەنجام گەیشت. هارتینگتۆن كە تا ئەوكات لەباڵی نەیاردا خۆی لەهەر روبەڕوەبونەویەك لەگەڵ گلادستۆندا سەبارەت بە بەرنامەی حزبی بۆ حكومەتی نەتەوەیی لادابوو،و

[38] گیوتین بەمانای پارلەمانیەكەی شێوازی رێگەگرتنە لەكێشەنانەوەو لابردنی كۆسپو بەربەستەكان ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەوكاتەدا وەك دۆكی دۆنشیر لەئەنجومەنی لۆردەكاندابوو، ئەمجارەیان مەسەلەی رەت كردنەوەی لائیحەكە هێنایەگۆڕێو لۆردەكان دە بە یەك رەزامەندییان لەسەر كرد.

سێرفیلیپ ماگنێس دەنگدانەوەی شكستهێنانی ئەو لائیحەیەی لەولاتدا وەسف كردووە: (دەوترێ كە لەسەرتاسەری بەریتانیادا [لەوسەری باكوری سكۆتلەنداوە تا باشوری ئینگلتەرە] هیچ كەس ورتەی لێ نەهات لەبەر ئەوەی ولات شەكەت بووبوو ئەو مەسەلەیەش گرنگیی خۆی لەدەستدا بوو، برستی لەهەموان بڕیبوو. زۆر لەهاوكارانی گلادستۆن بەخشكەیی خۆیان قوتار دەكرد.)

بەلام پیرەمێرد وازی نەدەهێنا. داوای لەكابینەكرد لەهەلوەشاندنەوەی پارلەماندا یارمەتی بدەن،و لەژێر ناوی (سیناتۆرەكان لەدژی خەلكی) هەلمەتی هەلبژاردنی داهاتووی دەست پێكرد بەلام كابینە پشتگیریی لێنەكرد.

٢٥ساڵ بەر لەو [مێژووە]، كاتێك بۆ یەكەمین جار فەرمانی سەرۆك وەزیریەكەی كە لەلایەن شاژنەوە دەركرابوو پێی راگەیەنرا، گلادستۆن كەسەرقاڵی چاندنی نەمامێك بوو، هەر لەسەر كارەكەی خۆی بەردەوام بوو. دوای كەمێك وەستاو ئارەقی ناوچەوانی سڕیو وتی: (ئەركی من دابین كردنی ئارامییە بۆ ئیرلەندە.) دەزانین كە ئەو ئامانجە خۆی نەپێكاو جێنشینەكانیشی دوای سەد ساڵ هێشتا نەیانتوانیوە ئارامی بۆ ئایرلەندە دابین بكەن.

دوابەدوای ئەم پێشهاتە، ئیتر لەسەركارمانەوەی گلادستۆن پاساوی نەبوو. خەونی ئەو سەبارەت بەئایرلەندە نەهاتە دی. ئیتر نەیدەتوانی جارێكی تر لەژێر دروشمی (سیناتۆرەكان لەدژی خەلكی)دا خەبات بكا. كابینەكەی ئەندامەكانی یەك لەدوای یەك لائیحەی حكومەتی نەتەوەییان رەت كردبۆوە وچیتر دەرفەتی خۆ نواندنیان پێ نەدەدا. زۆر چاكیش ئەو راستییەی دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا جێی سەرسوڕمانە كە ئەو وازهێنانی لەو كاتەدا بەعاقلانە نەدەزانی بەشێوەیەك كە تەنانەت لە ئەدینبۆرگ بڕیاری خۆی سەبارەت بەخستنەرووی لائیحەی نوێ لەكۆبوونەوەی داهاتوودا پاشان

روبەڕوبوونەوەیەكی تر لەسەر مەسەلەیەكی تر سەری هەڵدا ئەویش كاردانەوەی دەوڵەت بوو بەرامبەر پێشنیاری باڵی نەیار كە خوازیاری زیادكردنی بودجەی هێزی دەریایی بوو.

گلادستۆن ئەو پێشنیارەی بەناقانونی لەقەڵەم دا. بە بۆچونی ئەو لەوە بەدواوە هەر پێشنیارێك لەلایەن باڵی نەیارەوە بخرێتە روو جا چ ئەوانەی پێشتر خراونەتە روو یا ئەوانەی دواتر دەربارەی چاكسازی لەدۆخی نیشتەجیبووندا كشتوكاڵ یا پەروەردەو فێركردندا دەخرانە روو دەبێ بەناقانونی وەربگیرێو باڵی نەیاری پارلەمان دەبێ ئیفلیج بێ.

ئەگەری ئەوەهەیە دووشتی تێكەڵ كردبێ، بەڵام پێشنیاری راگەیەنراو كە تەنیا دەخرێتەروو سروشتێكی پرسیاری یا فەرمانی نیە. دووەمیشیان چاكسازییە لەخەملاندنی سالآنەی لائیحەی دارایی كە هەركاتێك پێشنیاری زیادكردنی خەرجی یا باج بكرێ، بەگوێرەی بنەما پارلەمانیەكان لەدەرەوەی قانونە.

بەڵام گلادستۆن بەو شتانەوە لەدژی زیادكردنی خەرجی لەراستیدا دەیویست تۆڵە لەباڵی نەیار بكاتەوە بەشێوەیەك تاماوەیەكیش هاوكارەكانی ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو كە نەهەر تەنیا لەمەسەلەی ئایرلەندەدا پێ داگرێ، بەڵكو رەنگە دارایی گشتیش بگۆڕێ بەمەسەلەیەكی نوێ.

لە٩ی كانونی دووەمی ١٨٩٤دا بۆ ماوەی سەعاتێك قسەی بۆ كابینە كرد، بەڵام سەبارەت بەناقانونیبونی پێشنیارەكەی باڵی نەیار، لەیەك شوێندا نەبێ، ئەندامانی كابینە پشتگیریان لێنەكرد، ئەویش ئەوەبوو كە گلادستۆن دژایەتیی بەكارهێنانی رێگەی جۆراوجۆری لەپێناو زیادكردنی پارەدا* كرد.

چەندە تەمەنی گلادستۆن بەرەو ژور هەڵكشایە لێدوانو ئەنجامگیریەكانی ئاڵۆز تر دەبوون. رۆژێكیان بێ ئەوەی بەكەس بڵێ لەناكاو ئینگلتەرەی بەرەو فەرەنسا

* زیاد كردنی پارە بۆ دابین كردنی خەرجیی هێزی دەریایی بەریتانیا ـ و .





بەجێهێشت.دوابەدوای ئەوە كابینە نوێنەرێكی رەوانەی فەرەنسا كرد تا چاوی بەگلادستۆن بكەوێ ورای دەربارەی زیادكردنی خەرجی هێزی دەریایی وەرگرێ. نوێنەرەكەی لەكاتێكدا دۆزیەوە كەسەرقاڵی نوسینی بروسكەیەك بوو بۆ شاژن سەبارەت بەرێوڕەسمی خانەنشینكردنی فەرمان رەوای هیندستان.

بەڵام ئامادە نەبوو سەبارەت بەمەسەلەی هێزی دەریایی هیچ پەیامێك ئاراستەی كابینە بكا، لەبەر ئەوەی پێشتر خۆی لەو مەسەلەیەدا گلەیی كردبوو. لەو بارەیەوە بەدەمار گرژیەوە وتی: (لەبنەمادا ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەكی گەمژانەیە و وادەزانن چ كەسانێك ئەو پێشنیارەیان كردوە؟ كەسانێك كە كاتێك من سالەهای ساڵ لەسەرو كاروباری دەوڵەتەوە بووم، هێشتا ئەوان لەدایك نەببوون.) كاتێك سەرۆك وەزیر یا رابەری باڵێكی نەیار بۆ ئەو ئاستە دابەزێو بەو شێوەیە بیربكاتەوە، كاتی ئەوە هاتەوە وازبێنێو كاروبار بداتە دەست كەسێكی تر. قەڵەمی بەدەستەوە گرتو نامەیەكی دورو درێژو پڕهەستو سۆزی نووسی كە زیاتر هەڵڕشتنی داخی دڵی بوو، بەڵام جارێ خستیە ناو گیرفانی پاڵتۆكەیەوە. ئەو نامەیە دەبوایە پۆست بكرایە. ناوەڕۆكەكەی گوزارشتی لەتەسلیم نەبوونی دەكرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەتەواوی دژی دەست لەكار كێشانەوەبوو لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدابوو كە سەرۆك وەزیرەكان مافی بازدانیان پێ رەوا بینراوە.

كێشەكە لەوەدابوو كە كابینەكەش بەرادەیەك نوستنی موگناتیسی (هیپنتۆتیزم)یان بۆ كرابوو كە هێندەی نەمابوو بیروباوەڕەكەی ئەو قبوڵ بكەن.

سێر ئەلجێرنان وێست[39] نوێنەری كابینە كە رەوانەی بایاریتس[٤٠] كرایەوە: ئایا گلادستۆن پێی لەسەر شتێك دادەگرت؟ كاتێك چەند لائیحەیەكی تریش لەلایەن

[39] sir Algernan West

[٤٠] Biarritt شارێكە لەباشوری خۆراوای فەرەنسا لەسەر كەنارەكانی كەنداوی بیكی،و جێگەیەكی گونجاوە بۆ پشودانو كات بەسەربردن ـ و

ئەنجومەنی لۆردەكانەوە[٤١] رەت كرایەوە یا روبەڕوی رەخنە بۆوە، گلادستۆن جارێكی تر بەپێشنیاركردنی هەڵوەشانەوەی پارلەمان هەوڵی دا سەرنجی كابینە بەلای چەند مەسەلەیەكی تردا ببا.

بەڵام ئەمجارەیان كابینە وێرایو بروسكەیەكی بۆ گلادستۆن رەوانە كرد كە گوزارشتی لەیەك دەنگی ئەندامانی كابینە دەكردو ناوەرۆكەكەی بەم شێوەیەبوو: (پێشنیارەكەی بەرێزتان قابیلی پیادەكردن نییە.). گلادستۆن گەڕایەوە بۆ لەندەن تا درێژەبە هەوڵەكانی خۆی بدا.

ئەندامانی كابینەی بانگهێشت كرد بۆ خوانێكی نانی ئێوارە. هاوكارانی پێشبینیان دەكرد لەو دانیشتنەدا دەست لەكار كێشانەوەی خۆی رابگەیێنێ.

كەشو هەواكە گرژ بوو، گلادستۆن هەڵسوكەوتی رەق بوو، لەراستیدا هەڕەشەی لەهەموان كرد. لەو دەمەدا رۆژنامەكان لەرووی رەشنوسی ئەو بروسكەیەوە كە نوسیبووی پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاو كردەوە كە گلادستۆن وتویەتی دەست لەكار كێشانەوە (لەداوینگ ستریت بێپێشینەو بێ بنەمایە.) بەڵام ئەو پڕوپاگەندانە بەدرۆخرانەوە.

سەرەنجام لەیەكی مارسدا، نزیكەی دوو مانگ دوای ئەو مشتو مڕەی كە لەپارلەماندا سەری هەڵدا، لەدانیشتنێكی كابینەدا دەست لەكار كێشانەوەی خۆی پێش كەش كردو ئەو وەزیرانەی پێش وەخت خۆیان ئامادە كردبوو بەو بۆنەیەوە وتەیان پێش كەش كرد ،و ئەوانەشی كە پێش وەخت خۆیان ئامادە نەكردبووهەر وتەیان پێش كەش كردو یەك لەدوای یەك بەچاوی فرمێسكاویەوە لەشوێنەكانی خۆیان دانیشتنەوەو دانیشتنەكە كۆتایی پێهات.

دوای ئەوە گلادستۆن هەركاتێك ئاماژەی بەدوایین كابینەی خۆی بكردایە، [بەكابینەی گریان] ناوی دەبرد. شاژن بەرێزێكی تایبەتەوە دەست لەكار كێشانەوەكەی

[41] Lord Spencer





قبوڵ كرد، بەڵام وەك نەریتی باوی ئەو دەمە لێی نەپرسی چ كەسێك دەكاتە جێنشینی خۆی. ئەگەر بیپرسایە ئەو لۆرد سپێسنەری پێشنیار دەكرد تا هاركۆت[٤٢] بەپۆستی سەرۆك وەزیری شاد نەبێ.



گلادستۆن و هاوسەرەكەی لەگەڵ نەوەیەكیاندا

شاژن رۆزبێریی بۆ سەرۆك وەزیری دەستنیشان كرد. دوایین ساڵەكانی ژیانی بەزۆری لەهاواردن بەسەر برد. بەتەواوی خۆیو وەختی خۆی بۆ مەسەلەی ئایین تەرخان كرد لەوانە، چەندین وتاری دەربارەی مەسەلە ئاینیەكان نوسیو كتێبخانەی (سەینت داینیۆل[٤٣])ی لەهاواردین دامەزراند. لەساڵی ١٨٩٥دا جارێكی تر لەكونجی خانەنشینی

[42] Harcourt
[43] Deiniols Library

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هاتە دەرەوەو چووە ناو خەڵكیەوە. لەخۆپیشاندانەكانی دژی قەتڵو عامی ئەرمەنەكانـدا بەشداریی كردو وتاری خوێندەوە. وادەهاتە بەرچاو كە دیسانەوە شنەی میدلۆتین هەڵی كردۆتەوە: لەكۆبونەوەكەی لیڤەر پۆلـدا، گلادسـتۆن كـە تەمـەنی ٨٤سـاڵ بـوو، مـاوەی ٨٠دەقیقە قسەی كرد.

رۆزبێری رابەری باڵی نـەیار لـەناو حزبـی لیبرالـدا، دوای ئـەوەی گوێبیـستی دەسـت پێشخەریەكەی گلادستۆن بوو لەمەسەلەی ئەرمەنیەكانـدا، دەسـتی لەرابەرایـەتیی بـاڵی نەیار كێشایەوە تا ئەو رادەیەی كە گلادستۆنی بە (پێشەوای ئێمە) ناوبرد[٤٤].

گلادستۆن بـەر لەبیـست سـاڵیش میـدلۆتین هـەمان پلـەو پایـەی پـێ رەوابینـراوەو بەپێشەوای رابەر ناوبراوە، بەڵام تەمەنی ٦٤ساڵی لەكوێ و ٨٤ساڵی لەكوێ.

لە١٩ی مایسی ١٨٩٨، گلادستۆن لەهاوردن كۆچیدوایی كـرد و لەسـەر پێـشنیاری سالـسبێری و بـەلفۆر، كـە لەلایـەن پارلەمانـەوە پەسـەند كـرا، لەوێـست میـسنیستەری ئابی[٤٥]بەخاك سپێردرا.

لەگۆشەنیگای سیاسیەوە ژیانی گلادستۆنیش، هەروەك پیل كۆتایەكەی بەسوێ بـوو. كێشەی پیل پەیوەندیی خراپی بوو لەگـەڵ حزبەكەیـدا، لەكاتێكـدا گلادسـتۆن سـەرەڕای ئەوەی بیروباوەڕەكانی درێژبونەوەی حزبی توری بوو، بەڵام حزبی لیبراڵی سـەردەمی خـۆی دامەزراند. لەوەش زیاتر خودی ئەو، حزبێك بوو بۆخۆی و ئەگەر هەناسـەی ژیـان بەخـشی خۆی پێ نەبەخشیایە، بۆ ساتێكیش بەپێوە نەدەما.

هەرچەندە لەهەندێك بواردا لەدوای رۆژگارەوە بوو، بەڵام بەمانای شۆڕشگێڕی و مەیل بەلای رادیكالزمدا، زیاتر لەمەدا بـەدی دەكـرا، هـەروەك چـۆن بینیمـان كـە لەتەمـەنی

[٤٤] ئاماژەیەكە بەوەی كە رۆزبێری رابەری نوێی حزبی لیبراڵ بەرادەیەك شەیدای گلادستۆن بـوو كـە بەشایـستەی پلەی رابەریی دەزانی و، بەپێشەوا ناوی دەبرد ـ و .

[٤٥] Westminster Abbey كلێسایەكە بەشێوەیەكی بیناسازی كوتێل بنیاد نراوەو شـوێنی تـاجگوزاریی پاشایانی شینگلیز بـووە. زۆربـەی كەڵـەپیاوو پاڵـەوانانی ئینگلیـز لـەناو ئەوكلێـسایەداو لەدەوروبەریـدا بـەخاك سپێردراون ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

٨٢ساڵیدا دەیویست پارلەمان هەڵوەشـێنێتەوە،و ئەنجومـەنی لۆردەكـان لـەجێی دانـیو مەسەلەی ئایرلەندە بۆ هەمیشە چارەسەر بكا.

بەڵام واقیعێكی قوڵتر بوونی هـەبوو. ئـەو كەسـانەی بـەر لـەو دەسـەڵاتیان لەدەسـت دابوو، هەموویان سیاسەتمەداربوون، لەكاتێكدا ئەو سیاسـەتمەدار نـەبوو. بەبۆچـونی ئـەو سیاسەت هاتنەدیی دنیایی (هەموو لایەنێكی دنیاییش نا) داخوازیەكانی خودابوو، كە لـەو سەرچـاوەیەوە كـە ئـەو سیاسـەتمەدارانە پەیوەنـدییان پێـوەی نـەبوو ئیلـهامیان وەر دەگرت.

هەڵبژاردنی سیاسەت لەبری كلێسا، لەلایەن ئەوەوە، بەتاڵەمویەكەوە بەند بوو، بـەڵام ئەو هیچ كات هەستی بەوە نەدەكرد كە بۆخۆی ئەو رێگەیەی هەڵبژاردوە. ئیدیعای ئەوەی دەكـرد كـە بەچـەند شـێوازێكی تـر پـەیڕەوی لەفەرمانـەكانی خـودا دەكـاو یـەكێك لـەو شێوازانە سیاسەت بوو. هەر لەبەر ئەو هۆیەبوو كە هەستی دەكـرد نابـێ لەكابینەیەكـدا كە شوێنێكی سنوردارە بـاس لـەبیروباوەڕەكانی خـۆی بكـا، بـەڵكو دەبـێ لەناوەنـدێكی گەورەتری وەك پارلەمانـدا ئەركی ئامۆژگاری بگرێتە ئەستۆ.

ئەگەر ٨ساڵ زووتر خانەنشین بكرایە، ئایا مێژوو پلەو پایەو بەهایەكی تری پـێ رەوا دەبینی؟ بەمانایەك، نەخێر! لەبەر ئەوەی ئەو لەسـاڵی ١٨٨٦وە دەسـتكەوتێكی ئـەوتۆی نەبوو جگە لەوەی ئەگەر خانەنشین بوایە تا ئەو رادەیە نەدەبوە مایەی بێزاری و ماندوبونی هاوكارەكـانی، یـەڵام بـە مانایـەكی تـر تەمـەن درێـژی، توانـاو رەنگـە ئاڵۆزبونیـشی بیروەریـەكی بـەجێ هێـشتبێ كـە ئـەو و حزبەكەشـی كـردە داسـتان، هـەروەك چـۆن دیزرائیلی و حزبەكەی بوونە داستان.

بەدرێژایی مـاوەی حكومـەتی ئاشتیی ئاسكۆیس كە حكومـەتێكی تەواو جیاواز بـوو، (ئاسكۆیس لەكابینەی چوارەمی گلادستۆندا پۆسـتی وەزیـری نـاوخۆی گرتـە دەسـت)و بەدرێژایی مـاوەی حكومـەتەكەی لوید جۆرج،و دوای ئەوەش، گلادستۆن بە پیاوی مەزنو بەتەمـەنی حزب ناو دەبرا. لەیادمـە بـەر لـەوەی بـچمە زانكـۆ ژوورە بـچوكەكەم (نوسـەر)

پۆرتریێتیێكی گەورەی گلادستۆنی تیێدابوو كە لەلایەن (میدلیس)ەوە كیێشرابوو لەگەڵ سەرمیێزیێكدا كە ناوی گلادستۆنی بەپیتی رەش لەسەر چنرابوو وەك ریێز لیێنانیێك بۆ مردنەكەی هەرچەندە ئەو ماڵەی تیێیدا دەژیام موڵكی حزبی كریێكاران[*] بوو.

ئەوەی كە لەم رۆژگارەدا گلادستۆن چیتر داستان نیە، لەكاتیێكدا دیزرائیلی هیێشتا بەلای موحافیزكارەكانەوە داستان ونیشانەی ئەو گۆڕانەیە كە لە چەمكی دەسەلاتی سیاسیدا بەدی هاتووە . جگە لەوە ئەمڕۆ حزبی لیبرال بەبەراورد لەگەڵ حزبەكەی جاراندا، لەسیێبەر زیاتر هیچی تر نیە،و نەوەی نویێی باڵی چەپ، چیتر پابەندی ئەو بنەما حزبیە نیە كە گلادستۆن پیێشەنگی بوو.

[*] بەبیرهیێنانەوەی ئەو كارانەیە كە گلادستۆن بۆ كریێكارانی سەردەمی خۆی كردی ـ و.





## بەرەو سەردەمی نویێ ١٨٨٥ ـ ١٩٠٨

رۆبیێرت ئارسەر تالبۆلت گاسكۆین سیسیل[1]، سیێیەمین ماركویسی سالیسبیێری لەبنەماڵەیەكی دیێرینی كاربەدەستانی دەوڵەت بوو كە بنەوبنەچەی دەچیێتەوە سەر بیێركی لەسەردەمی شاژن ئەلیزابیسدا.

لەحوزەیرانی ١٩٦٦دا، بانگهیێشتی (كلیمیێنت ئەتلی)م كرد كەشەیدای یاری چیێكەرز بوو،و تازە هاوسەرەكەی مردبوو، دوای دڵنیابوون لەوەی بانگهیێشتەكەم قبوڵ دەكا،تا پشوی كۆتایی هەفتەم لەگەڵدا بەسەر بەریێ. ئەو كارەساتەی بەسەری هاتبوو بەبەراورد لەگەڵ جارانیدا بیێ دەنگتری كردبوو، بەجۆریێك دەبوایە قسەكانم لەگەڵیدا لەقاڵبی چەند پرسیاریێكی زۆر ووردا دارشتایە تا وەڵامیێكی زۆر كورتو یەك وشەیی لیێ ببیەم: ((كلیمیێنت جگە لەخۆت،و دوور لەمەیلی سیاسی، پیێم بڵیێ لەنیێو سەرجەم سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیادا كامیان بەباشتر دەزانی.)) وەڵامەكەی ئەمەبوو: ((سالیسبیێری)).

سالیسبیێری كە هاوشیێوەی پیت لەقۆناغی خویێندنگەو زانكۆدا لاوازو نەخۆش بوو، بەمەبەستی چاك بوونەوە گەشتیێكی دەریایی بەدەوری دنیادا كرد. سەردانی وڵاتە گرنگەكانی قەڵەمڕەوی بەریتانیای كردو گەڕایەوە بۆ وڵات .

بەدریێژایی ئەو سەفەرە ئەزمونیێكی چڕوپڕی سەبارەت بەو ململانیێو كیێشمەكیێشانەی كە لەئەفریقای باشوور لە پەرەسەندندا بوو، و هەڵپەی خەڵكی

[1] Robert Arthur Tulbot Gascoyne – Cecil
2 Clement Attlee

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئوستورالیا بۆ دۆزینەوەی ئالتون، بەدەستهێنا:ئەزمونێك كە هیچ كام لەهاو سەردەمەكانی بەئەندازەی ئەو نەیانبووە.

لەو ساڵانەی كۆتاییدا كە لەپارلەماندا چالاكیی دەكرد ئەفریقای باشور لەسەروی مەسەلە مشتو مڕسازەكانەوە بوو.

بیرو بۆچوونی هاوسەردەمەكانی یا مێژوونوسانی دوای ئەوان سەبارەت بەسیاسەتەكانی ئەو سەبارەت بەجەنگی ئەفریقای باشور هەرچییەك بێ، بەقەد ئەوەی كە سالیسبێری ئەو سەرزەمینانەی دەناسی گرنگیی نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی سەرەتای ژیانی لەكەشو هەوایەكی ئارامو دوور لەجەنجاڵیدا بەسەر برد، بەر لەوەی بچێتە ناوكاری سیاسەتەوە كارامەیی لەو پیشەیەدا بەدەست هێنابوو.

شێوازی ژیانی بەجۆرێك بوو كە پارەیەكی ئەوتۆی دەست نەدەكەوتو بەنوسینی وتاری تایبەتیو ورد لەبواری سیاسەتو مەسەلەكانی پەیوەست بەئیمپراتۆریەوە بۆ بڵاوكراوەی وەرزیی (كوارتەرلی ریڤیو**Quarterly Reveiw**[1])، بژێوی ژیانی دابین دەكرد. وەك سەرۆك وەزیرێك كە ماوەی ١٤ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە، زیاتر لەهەر سەرۆك وەزیرێكی تر دوای لیڤەرپول خزمەتی كردووە، تەنانەت گلادستۆنیش لەڕووی دورودرێژیی ماوەی سەرۆكایەتیەوە پێی نەگەیشتۆتەوە. دوای ئەو هیچ سەرۆك وەزیرێك ماوەی سەرۆكایەتیەكەی تەنانەت بە ١٠ساڵیش نەگەیشتووە. ئەو سەردەستەی سەرجەم سەرۆك وەزیرەكانی سەردەمی خۆی بوو.

لەحكومەتی (دێربی)دا، لەفەرمانگەی كاروباری هیندستاندا خزمەتی كردووە،و دواتر لەبەر دژایەتیكردنی پێشنیارەكانی دێربی،و هەروەها دیزرائیلیش، لەمەسەلەی چاكسازیی پارلەماندا، دەستی لەكار كێشایەوە. سەرەرای ئەوەی كاركردنی لەژێر ئاڵای حكومەتەكەی دیزرائیلیدا بەمێردەزمەو لەفەرهەنگەكەی خۆیدا بەكەسێكی كەمو بێ رەوشت لەقەڵەم دەدا، لەساڵی ١٨٧٤دا، گەڕایەوە سەركارەكەی لەفەرمانگەی كاروباری





هیندستانو وەك وەزیری دەرەوە لەجێی پانزەیەمین كۆنتی دێربی دەست بەكار بوو، لەو پۆستەیدا هاوڕێیەتی سەرۆكەكەی خۆی كرد كە لەكۆنگرەی بەرلین لە گەڵیدابوو.

كاتێك گلادستۆن لە ١٨٨٥دا، شكستی خوارد، شاژن ناردی بەدوای سالیسبێریدا،و بۆ ماوەی ٧مانگ سەرۆكایەتیی حكومەتێكی كەمینەی گرتە دەست.

گلادستۆن ماوەی پێنج مانگ دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام سالیسبێری لەهەڵبژاردنی داهاتودا سەركەوتنی بەدەست هێناو ماوەی ٦ساڵ تا ١٨٩٢، سەرۆك وەزیربوو.

هیچ ماركویسێك بەئەندازەی ئەو بە وتاری یەك لەدوای یەك لەسەرتاسەری وڵاتدا لەخەڵكی نزیك نەبۆتەوە. سالیسبێری تاكە سەرۆك وەزیرێكە كە لەسەدەی ١٨ بەدواوە پلەی لۆردی یەكەمی خەزێنەی پێ نەدراوە. ئەو پلەیە بەهەریەك لەنۆرس كۆت، دەبلیو. ئێچ. سمیسو بەلفۆر رەوا بینراوە كە هەریەكەیان وەك لۆردی یەكەم لە داونینگ ستریت جێگیربوون.

كابینەكەی كەسێكی تاكڕەوی سەربەخۆی بەناوی راندۆڵف چێرچڵ تێدابوو كە سالیسبێری لەشەڕی دەست لەكاركێشانەوەی ئەو رزگاری بوو، وەك چۆن كەسێك لەكاتی خوێندنەوەی رۆژنامەدا مێشێك لەخۆی دەردەكا.

لەساڵی ١٨٩٢دا، هەڵبژاردنی گشتی گلادستۆنی بۆماوەی ساڵو نیوێكی تر گەڕاندەوە سەردەسەڵات. ئەو جێی خۆی بە رۆزبێری دا كە دەست لەكاركێشانەوە نائاساییەكەی جارێكی تر سالیسبێریی گەڕاندەوە سەردەسەڵات،و لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٨٩٥دا پێگەی خۆی پتەوتركرد.

لەبەر نیگەرانیی گلادستۆنو یاخی بوونەكەی ئایرلەندە كە هۆكاری ئەو نیگەرانیە بوو، سالیسبێری ناچاربوو كاتێكی زۆر بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشە سەختو ئاڵۆزە تەرخان بكا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرەڕای ئەو نوکتانەی لەسەر ئۆتێل سیسیل[1] دەستاو دەستی دەكرد ئەو بەلفۆری خوشكەزای كرد بەفەرمان ڕەوای ئایرلەندەوئەو پیاوە شۆخو ڕێك پۆشە، بوو بە چەكوشێك بۆ كەللەسەری ئایرلەندیە سەرسەختەكانو نازناوی (بەلفۆری خوێناوی)یان بەسەردا بڕی.

سالیسبێری كەسێكی ئیمپریالیست بوو. بەریتانیا لەماوەی سەرۆكایەتیی ئەودا، كینیا، ئۆگەندە، نایجیریاو ڕۆدیسیاشی خستە ژێر دەسەلاتی خۆی ،وئاوەكانی باكوری (نیل)یشی كۆنترۆڵ كرد.

بەلاَم ئەو نەیدەویست كێشەو دەردەسەری بۆنەژادی سپی بنێتەوە، بەڵكو دەیویست هێڵێكی كەناریی پتەو بۆ بەریتانیا بێنێتەكایەوەو ئەو سەرزەمینانەی دەكەونە پشت ئەو كەنارانەوە بەكرێ بدا بە كەشتیە بازرگانیەكان.

ئەو لەكاتی سەرۆك وەزیریەكەیدا، ماوەی ۱۱ساڵ وەزیری دەرەوەش بوو،و بەرلەوەی گرنگی بە ئەوروپا بدا گرنگیی بە ئەفریقادا. بەپێچەوانەی سیاسەتەكانی بەرامبەر ئەفریقا، لەمەسەلەكانی تری پەیوەست بەكاروباری دەرەوەدا، سیاسەتێكی ساردو سڕ، ڕووكەشو ناپابەندی گرتبوە بەر: بەباوەڕی ئەو لەئەوروپادا یەكێتیەك نەبووە لەو ئاستەدابێ كە بەریتانیا ببێتە ئەندام تیایدا. دەستەواژەی (گۆشەگیریی شكۆمەند) تایبەتە بەو، هەرچەندە بۆ گاڵتەپێكردن، زیاتر بەجۆزیف چەمبەرلاین دەوترا، نەك ئەوروپا.

لەبۆنەیەكدا، نامەیەكی بەشێوازەكەی دیزرائیلی، بۆ وڵاتە بەهێزەكانی ئەوروپا نارد كە ئاكامەكەی گرێدانی كۆنگرەیەكی گەورەی ئەوروپا بوو وكۆنفرانسێكیشی بۆ باڵوێزە ئەوروپیەكان لە قوستەنتینیە لێ كەوتەوە،و هەركە زانی ڕوسیا بەنیازە چین داگیربكا، (و هەرزووش دەركەوت كە ڕاستی كردووە،) وتوێژەكانی لەگەڵ ڕوسیادا ڕاگرت.

لەبەرامبەر ئەفریقادا زۆر هۆشیارو بە ئاگابوو وسەبارەت بەمیسریش بڕیاری یەكلایی كەرەوەی دابوو كە ڕووبەڕووی هەر ئیدیعایەكی فەرەنسا بوەستێتەوە.





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەحكومەتەكەی سالیسبێریدا بوو كە كیچنەر[3] بەتوندی بەرپەرچی فەرەنسای دایەوە لە (فاشودا)[4]. جارێكی تر پێگە بەرگریەكانی تەنگەی[*] لەرووی ئەگەری هێرشی فەرەنسادا قایمتر كرد. سەبارەت بەئەفریقا بڕیاردانی پێش وەختو دەمار گیرانەی ۵۰ساڵی رابردوو مێشكی تەنیبوو وبەردەوام بەرامبەر بویرەكان بەدگومان بوو،و سەرەڕای ئاكامی بەسوێی پەلامارەكەی جەیمسن[٣]نەیتوانی ئامادەكاریو پلانەكانی چەمبەرلین لەئەفریقای باشوردا كۆنترۆڵ بكا. بەرێكەوت نیە كە سالیسبێری ئەو پێشهاتانەی گرتە ئەستۆی خۆی كە بەجەنگی ئەفریقای باشور تەواو بوو: ئەو پێشهاتەی كە خودی ئەو بە (جەنگی جۆ[٤]) ناوی دەبرد.

لەساڵی ۱۹۰۰دا، لەتەمەنی ۷۰ساڵیدا، جڵەوی كاروبارەكانی لەدەست دەرچوو. (هەڵبژاردنی خاكی[5]) كاری چەمبەرلین بوو نەك ئەو. لەحوزەیرانی ۱۹۰۲دا خانەنشین كرا،و دڵنیابوو لەوەی بەلفۆر جێی دەگرێتەوە. دوابەدوای دەستلەكاركێشانەوەی گلادستۆن، ئارچباڵد فیلیپ پریمرۆز[6] پێنجەمین كۆنتی ڕۆزبێری لەلایەن خودی شاژنەوە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیری پێشنیار كرا. لەنێو سەرجەم سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیادا چەندكەسێكیان هەن كە لەرووی دەرونیەوە شیاوی لێكۆڵینەوەنو زیاتر جێی سەرنجن. ئەو لە تافی لاویدا هەروەك دیزرائیلی متمانەیەكی زۆری بەخۆی هەبوو، هەرچەندە ژیانی زۆر لەو باشتر بوو.

---

[3] Kitchener
[4] Fashoda

[*] مەبەست تەنگەی (مانش)ە كە كەوتۆتە نێوان ئینگلتەرەو فەرەنساوە- و .

[٣]Jameson

[٤] Joes War جۆ كورتكراوەی (جۆزیف)ەو لێرەدا مەبەست لەو جەنگەیە كە جۆزیف چەمبەرلین لەئەفریقای باشور هەڵایساندی- و .

[5] Khaki Election
[6] Archibald philip primrose

لەسەردەمێكدا كە دیزرائیلی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو كە رێگەیەك بۆ چوونە ناو كۆمەڵگەی سیاسیی ئینگلتەرە بدۆزێتەوە، رۆزبێری سێ ئارەزووی خۆی، بەم شێوەیە خستە روو: ((ژنێك بێنێ كە سامانێكی زۆری بۆ بەجێ مابێ، گەیشتن بەنازناوی دێربی[٧]،و گەیشتن بەپلەی سەرۆك وەزیری))و بەسەرجەم ئارەزووەكانی خۆی گەیشت.

لەگەڵ كچی بنەماڵەیەكی بەناوبانگو دەوڵەمەند (رۆدشیڵد)[٨]دابوو بەهاوسەر. دەڵێن لەكاتێكدا سەرقاڵی گواستنەوەی ژنەكەی بووە كەسو كاری وازیان نەهێناوە،و ئەویش ناچاربووە بەرِەقی پێیان بڵێ: (بچنەوە ناو خێوەتەكانتان ئەی وەچەكانی ئیسرائیل.)لەكاتی سەرۆك وەزیریەكەیدا بەو ئارەزووەی گەیشت كە ببێتە دێربی، یەكجاریش نا، بەڵكو دووجار، چەند ساڵێك یەك لەدوای یەك ئەسپەكانی[٩] ئەو لەپێشبڕكێكانی غارغارێنی ئەپسۆمدا یەكەم دەبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا نەك هەرتەنیا كاڵفامو ناشارەزا نەبوو، بەڵكو بە پیاوێكی سیاسیی جدی لەقەڵەم دەدرا.

دوابەدوای ئەو چاكسازیانەی لەدابەشكردنەكانی وڵاتدا ئەنجام دراو پێكهێنانی ئەنجومەنی شاری لەندەنی لێ كەوتەوە، پێگەی كۆمەڵایەتیی ئەو لەئاستێكدابوو كە وەك یەكەمین سەرۆكی ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردرێ.

توانای قسەكردنی لەبەردەم ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكیدا، بەتایبەت لەچینی كرێكاران، تەنیا لەگەڵ (ئاینورین بیڤان)[١٠]دا قابیلی بەراورد بوو. بیڤان نیو سەدە دوای ئەو سەرۆك وەزیر بووە.

[٧] دێربی ناوی پێشبڕكییەكی ئەسپ سواریە كە لەئەپسام دوانزی ئینگلتەرە ئەنجام دەدرێ. براوەكان نازناوی (دێربی)یان پێ دەدرێ ـ و .

[٨] Rothschild ناوی خاوەن بانكێكی ئەڵمانیە (١٧٤٣ – ١٨١٢) كە لەگەڵ كورِەكانیدا لە لەندەنو ڤیەنا سەرای (رۆت شیلت)یان بەڕێوەدەبرد ـ و.

[9] Epsom Dawns

[١٠] Aneurin Bevan رابەری سۆسیالستەكانی بەریتانیا (١٨٩٧ ـ ١٩٦٠) .





هەروەك بینیمان، كاتێك گلادستۆن دەستی لەكار كێشایەوە شاژن داوای لێنەكرد جێنشینێك بۆخۆی پێشنیار بكا. ئەگەر بڕیار بوایە لەنێوان سپێنسەر كەبەلای گلادستۆنەوە پەسەند بوو، هاركوت، یەكێكیان هەڵبژێررێ، شاژن رۆزبێریی هەڵدەبژارد*.

رۆبێرت دۆدس جەیمز[١١] چەند بابەتێكی لەسەر ئەفسونو سەرنج راكێشیی ئەو نووسیوە. هیچ گومانێك لەوەدانیە كە كاریگەریی لەسەر هەموو كەسێك هەبووە، ئەوەش لەبەر زانایی‌و هۆشیاریی قوڵی بووە لەمێژوو سیاسەتدا.

رۆزبێری هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی گلادستۆنی لەمیدلۆتین لەرووی دارایی‌و ئامادەكاریەوە رێك خست، بەڵام لەرِووی ئەخلاقیەوە رازی نەبوو پێشنیارەكەی گلادستۆن سەبارەت بە ئەندامێتی لەكابینەكەیدا قبوڵ بكا، لەبەرئەوەی لەوباوەڕەدابوو كە رەنگە خەڵكی بڵێن ئەوە پاداشتی ئەو چاكەیەیە كە لەگەڵ گلادستۆندا كردویەتی.

سەرەنجام بوو بەجێگری وەزیری ناوخۆ بۆ كاروباری سكۆتلاند.

هێندەی نەمابوو لەسەر مەسەلەكانی ئایرلەندە دەست لەپۆستەكەی بكێشێتەوە، بەڵام كوژرانی لۆرد فریدریك كاوندیش لەئایرلەندە پەشیمانی كردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووس وایكرد لەبەر هۆیەك كە رەنگە بێ بایەخ ترین هۆبێ بۆ دەست لەكار كێشانەوەی سەرۆك وەزیران لەمێژوودا، دەستی لەپۆستی سەرۆك وەزیریەكەی كێشایەوە.

سەفەرێكی بۆ دەرەوەی وڵات كردو سەردانەكەی بۆ دۆمینیۆن پیشانیدا كە هەنگاوی یەكەمی بەرەو ئیمپریالیزم ناوە.

لە كابینە تەمەن كورتەكەی ساڵی ١٨٨٦دا، وەك وەزیری دەرەوە لێزانانە قەیرانی باڵكانی دامركاندەوە. لەساڵی ١٨٩٠دا، كاتێك كە لەهیچ پۆستێكی حكومەتدا نەبوو،

* ※ مەبەست لەوەیە كەشاژن ئەو كەسەی هەڵدەبژارد كە خۆی مەبەستیەتی نەك ئەو دوو كەسە ـ و .

[11] Robert Rhodes James

مەرگی (هانا)[12] ی هاوسەری دوچاری خەمۆكیەكی دەروونیی قووڵی كردو تاكۆتایی تەمەنی بەدەستیەوە ناڵاندی. پاشان گیرۆدەی نەخۆشیی بێخەوی بوو بەجۆرێك كە نەیتوانی چالاكیی سیاسی كاریگەر بەئەنجام بگەیەنێ. لەساڵی ١٨٩٢دا، جارێكی تر لەكابینەكەی گلادستۆندا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی گرتە دەستو ئەندێشەو توانای خۆی لەمەسەلەی ئۆگەندادا بەكارهێنا.



**ئارچیباڵد فیلیپ پریمروز**
**پێنجەمین كۆنتی رۆزبێری**

كاتێك گلادستۆن دەستی لەكار كێشایەوە ئەو بوو بەسەرۆك وەزیری حكومەتێك كە نزیكەی ٢٠ساڵ بەهۆی سەرقاڵیی گلادستۆنەوە بەمەسەلەی ئایرلەندەوە ئارامیو هاوسەنگی لەدەست دابوو. ئەگەر رۆزبێری گرنگیەكی زۆری بەمەسەلەی (بارودۆخی

[12] Hannah





بەریتانیا) پیشاندایە، رەنگ بوو پردێك لەو بیست ساڵە بەرەو داهاتوو بنیاد بنێو حزبەكەی پێدا بپەڕێنێتەوە.

بەڵام نەیتوانی خۆی لەزریانی ئایرلەندە لادا.

لەیەكەمین وتەیدا بە ئاماژە بەوەی كە حكومەتی نەتەوەیی لەئایرلەندە دانامەزرێ، مەگەر ئەوەی زۆرینەیەك لەئینگلتەرە دەنگی بۆ بدەن، گرنگیدانی خۆی بەو مەسەلەیە پیشاندا. ئەوەش مانای رەتكردنەوەی كارەكانی پێشووی گلادستۆن بوو كە دەیویست بەپشتی ٨٠كەسی ئایرلەندی ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا حكومەتی نەتەوەیی لەئایرلەندەدا بێنێتە كایەوە.

هەرچەندە سكۆتلەندیو وێلزیەكانیش لەم مەسەلەیەدا بەشداربوون، بەڵام بەرووكەش رۆزبێری نەیدەویست ناویان بێنێ. ئەگەر تاكە بنەمایەك بۆ سەرۆك وەزیران هەبوایە، ئەو (بنەمایە) بریتی دەبوو لەوەی: ((بامێشكت پەرت نەبێ، بەڵام ئەگەر پەرتیش بوو دەری مەخە.)) نائاسودەیی فیكریی رۆزبێریی كردبووە كەسێكی بودەڵە: بەجۆرێك كە لەلایەن شاژنەوە سەرزەنشت كرا.

كەم خەویش هێندەی تر تینی بۆ هێنابوو وبڕستی لێبڕیبوو.

كەسێك كە لەكاتی حەوانەوەدا نەتوانێ بخەوێ،و تەنانەت شەوانیش بیر لەچەند شتێك بكاتەوە، یان نیگەرانی ئەو مەسەلانەبێ كە بەرۆژ لەگەڵیاندا دەر گیربووە، ناتوانێ ئەركی سەرۆك وەزیری بەباشی راپەڕێنێ.

ئەم نیگەرانیانە توانای بیركردنەوەیان لێ زەوت كردبوو وسەرەنجام بەرەو هەڵدێری شكستیان برد. بەسەرهاتی شكستەكەی ئەوەبوو كە لەمشتومڕەكانی تایبەت بەمەسەلەی رەوانەكردنی هێزی پشتیواندا دوابەدوای دەنگدانێكی لەناكاو سەبارەت بەبڕی ئەو باروتەی لەناو عەمبارەكانی سوپادا هەیە، حكومەت شكستی هێنا.

سەرۆك وەزیرێك كە دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا بشكێ، لەو كاتەدا دەتوانێ لەهەڵبژاردنی چەند رێگەیەكدا سەرپشك بێ. یەكێك لەوانە گەڕاندنەوەی دەنگدانو

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەگەر پێویستیش بكا داوای متمانە پێ بەخشینەوە بكـا: ئەنجامەكەشی زانـراوەو هـیچ دوودڵیەكی تێدانیە.

ڕێگەیەكی تر ئەوەیە كە ئەگەر بەكاریگەریی نەخۆشیو كەم خەوی لەحاڵێكی خراپدا بوو بێ، دەیتوانی بۆخۆی دەست لەكاربكێشێتەوە، بـەڵام ئـەو ڕێگەیـەی كـە هەڵیبـژارد دەست لەكاركێشانەوەی سەرجەم كابینەكەی بوو، بەوشێوەیە دەرفەت بۆ توریەكان ڕەخسا كەبێنە پێشەوەو داوای هەڵبژاردنی گشتی بكەن.

لـەو هەڵبژاردنـەدا موحافیزكـاران (هاوشـێوەی لیبراڵـەكانی دەسـاڵی ڕابـردوو،) حكومـەتیان گرتـە دەسـت ولیبراڵـەكان حكومـەتیان تەسـلیم كـردو مـاوەی ١٠سـاڵ لەگۆڕەپانەكە چوونەدەرەوە.

ڕۆزبێری هەروەك ڕابەری فەخری بۆ حزبەكەی مایەوەو چووە باڵی نەیاری حكومەتەوە. تەنانەت بەو حاڵەشەوە سەرقاڵیی فكریی بەرامبەر گلادستۆن هەروەك بینیمان ڕایكێشا بەلای خەباتی ئەو سیاسەتمەدارە بەتەمەنەدا لەدژی ئـەو كـارە توندو تیژیانـەی بەرامبـەر ئەرمەنیەكان كـراون و لەبەیاننامـەیەكدا ڕایگەیانـد كـە ڕابەرایـەتیی حزبەكـەی تەسـلیم بەگلادستۆن دەكا.


ئەمە بڕیارێك بوو كە دەبوایە لەلایەن حزبەوە بدرایە نەك لەلایەن ڕابەرە دەست لەكار كێشاوەو گۆشەگیرەكەیەوە.

ڕۆزبێری هیـچی نـەمابوو، جگـە لەهەڵوێـستی تونـدی دەربـارەی جـەنگی ئـەفریقای باشوور،و دووركەوتنەوەی هەرچی زیاتری لەحزب.

كاتێك ڕۆزبێری دەست بەكاربوو هەموو شتێكی هەبوو: توانـا، لێهـاتوییو هونـەری دانوستان، توانای ڕابەریی،و كار كردنە سەر خەڵكی. شكستی خـوارد لەبـەر ئـەوەی بـێ بڕستو نا تەندروست بوو لەكاتێكدا ڕابـەر پێویـستی بـەو دوو شـتە هەیـە: ئـەو توانـای ئەوەی نەبوو بەتەكانێك بێتەوە سـەرخۆیو درێـژە بـەژیانی ئاسـایی خـۆی بـدا: لەهـەموو ئەمانەش گرنگتر نەیدەتوانی بنوێ.







ئارسەر جەیمز بەلفۆر

ئارسەر جەیمس بەلفۆر[١٣] ، كە دواتر بوو بـەكۆنتی بـەلفۆر، خوشـكەزای سالیـسبێری، ئاوێتەیەكی سەیر بوو لەسیاسـەتمەدارێكی تونـدڕەو (بەڵگـەی ئـەوە نازنـاوی (بـەلفۆردی خوێناویە) كە كاتێك فەرمان ڕەوای ئایرلەندەبوو بەسەریدا بڕا)و مامۆستایەكی زانكـۆ، (بەڵگەی ئەوەش بەرهەمەكانیەتی لەبواری لێكۆڵینەوەدا لەژێر نـاوی ((داكـۆكی كـردن لـەگومانی فەلـسەفی))، ((بنـەماكانی بـاوەڕ)) ،و وتارەكـانی دەربـارەی ((یـەزدانو مـرۆڤ)). گومـانی فەلـسەفی بەشـێكی زۆری لـەژیانی سیاسـیی ئـەو داگیركردبـوو ولەراستیدا ئیلهامی لەگومانەكەی خۆی وەرگرت.

---

[13] Arthur James Balfour

بەهیچ شێوەیەك لەسەرۆك وەزیر نەدەچوو وكابینەكەی زیاتر لەسیمینار دەچوو نەك كابینە.

ماوەی سەرۆك وەزیریەكەی سێ ساڵو نیوی خایاند، و لەساڵی ١٩٠٥دا، دەستی لەكار كێشایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی كە لە دوایین ساڵەكانی حكومەتەكەی سالیسبێریدا چالاكانە سەرپەرشتیی حكومەتی گرتبوە دەست، دەتوانین بڵێین زیاتر لەسێ ساڵو نیو سەرۆك وەزیربووە.

مێردەزەمەی ئەو هەمان مێردەزەمەكەی سالانی كۆتایی حكومەتەكەی گلادستۆن بوو، واتە جۆزیف چەمبەرلین كە بە بیروباوەڕی (پشتگیری لەكالا خۆماڵیەكان) حكومەتی لیبرالی مایە پوچ كردو بەنیازیش بوو حكومەتی ١٠ساڵەی یەكێتیخوازان (بەشێك لەناوی حزبی یەكێتی خوازانی لیبرال كە لەحزبی لیبرال جیا بۆوە)، دوای هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٨٩٥دامەزرا، دووچاری هەمان چارەنووس بكا.

جیابونەوە لەحزبی لیبرالی باڵی نەیار، لەسەر مەسەلەی ئەفریقای باشوور، ماناكەی بڕینی هەر هیوایەك بوو بە بوژاندنەوەی حزبی لیبرال:و چەمبەرلین بە گرنگی دانی زیاتر بەسیاسەتە ئیمپریالیستیەكان، حزبەكەی بۆ جیابوونەوە پەلكێش كرد. دوای ئەو جیابوونەوەیە كۆتایی حكومەتەكەی بەلفۆرد، تەنیا مەسەلەی كات بوو.

بەلفۆرد كەسێكی ریفۆرمخواز بوو.[14]

لیژنەی بەرگری لەئیمپراتۆریی، كە سەرۆك وەزیرانی دۆمینیۆنەكان ئەندام بوون تیایاندا، دامەزراند.

پێكهاتەكانی وەزارەتی جەنگی بنیاد نایەوەو ڕێگەی دا پلانەكانی بەرگری بەگوێرەی سیاسەتە نوێكانی قەیسەری ئەڵمانیا لەدژی بەریتانیا گۆڕانكاریی تێدا بكرێ. ڕێگەشی هەموار كرد لەبەر دەم هاتنەدیی ئاشتیی نێوان بەریتانیاو فەرەنسادا كە پەیماننامەی ئینگلتەرەو فەرەنسای لەساڵی ١٩٠٤دا لێ كەوتەوە.

[14] Austen Chamberlain





لەكاتی جەنگی نێوان روسیاو ژاپۆندا، بەوریاییەوە چاودێریی پێشهاتەكانی دەكرد. ئۆستن چەمبەرلین دواتر دەربارەی ئەو وتی: ((هیچ سەرۆك وەزیرێك تا ئەو رادەیە رۆڵی كاریگەری لەسیاسەتی دەرەوەدا نەبووە. ئەوە بەو مانایە نییە كە لەبەهای خزمەتەكانی لانسداون[15] وەزیری دەرەوەی ئەو كات كەم كەینەوە، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە ئەگەر هزری بنیادنەرانەی بەلفۆرو پشتگیریی بەردەوامی لەوەزیری دەرەوەی سەبارەت بە راپەڕاندنی سیاسەتی دەرەوە،و تەنانەت تێگەیشتنی بۆ ئەو سیاسەتەو گرنگی پێدانی نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو لانسداون بتوانێ ئامانجە گەورەكانی لەسیاسەتی دەرەوەدا بپێكێ.))

ئۆستین چەمبەرلین كەسێك بوو لەگەڵ هەر سەرۆك وەزیرێكدا كاری بكردایە ستایشی دەكردو رەنگە هەمان ئەم وشەو دەربڕینانەشی چەندین جار بۆ خەڵكانی تریش بەكاری هێنابێ، نەڤیل چەمبەرلین نەبێ كە لەگەڵ ئەتۆنی ئایدنی وەزیری دەرەوەیدا پەیوەندییان ساردوسڕ بوو.

لەچەند رویەكەوە خزمەتەكانی بەلفۆر بۆ وڵاتەكەی، دوای وازهێنان لە حكومەت (چەند ئەوەندە) بەرچاوترو درەوشاوەتر بوو.

هەرچەندە كە لەساڵی ١٩١١دا دەستی لەرابەرایەتیی حزبەكەی كێشایەوە، بەڵام لوید جۆرج لەكابینەكەی كاتی جەنگدا زیاتر پشتی بەوو بە (كارسن)[17] یش دەبەست، وەك لەوەی پشت بە (بۆنارلا)ببەستێ.

(ئاسكویس)یش پشتی بەرێنماییەكانی ئەو دەبەست، لەبەر ئەوەی كە بەلفۆرد، تەنانەت لەباڵی نەیاریشدا، ئەندامێكی هەمیشەیی لیژنەی تازە دامەزراوی داكۆكی لەئیمپراتۆری بوو.

بەلفۆر لەپێشهاتە مێژوویەكەی ١٩١٦دا، كاتێك ئەسكویس لەژێر گوشاردا لەبەرژەوەندیی لۆید جۆرج دەستی لەكار كێشایەوە، رۆڵێكی یەكلایی كەرەوەی گێڕا.

[16] Lansdowne
[17] Carson

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەلفۆر تەنیا لەلایەن تاکە  وڵاتێکیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو لەلایەن جولەکەکانی سەرانسەری جیهانیشەوە، هێشتا بەرێزەوە ناودەبرێ. لەبەر ئەوەی لەسایەی پەیمانی بەلفۆری ساڵی (١٩١٧)ەوە بوو کە فەلەستین کرا بە (نیشتمانی نەتەوەیی جولەکەکان).

هەر بۆیە جێنشینەکانی ئەو، هەر لەوەزیرانی دەرەوە تا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، ساڵانە بانگهێشت دەکرێن بۆ ئیسرائیل تا لەئاهەنگی ساڵیادی پەیمانی بەلفۆردا وتە پێشکەش بکەن.

لەکاتی ئیمزاکردنی ئەو پەیمانەدا- هەندێك کەس دەڵێن ئیمزا کردنی ئەو بەڵێنە لەبەر ئەوەبووە کە دکتۆر شایم وایزمان[18]، بە بەرهەمی ئەسیتۆن لەجەنگەکانی بەریتانیادا کۆمەکی کردوە-  لەو باوەڕەدا بوو کە تەنیا ئیمزاکردنی پێشنیارێکی وەزارەتی دەرەوە دەبێو هیچی تر، هەرچەندە دۆستایەتیی لەگەڵ وایزماندا دۆستایەتیەکی دێرین بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك کەوەك سیاسەتمەدارێکی چالاك وازی لەگۆڕەپانی سیاسەت هێنا، بۆی دەرکەوت کە پەیمانێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتوە کە بەگرنگترین ڕووداوی ئەو سەردەمە لەقەڵەم دەدرێ.

کاتێك لیبرالەکان دوای سەرکەوتنە بەرچاوەکەیان لەهەڵبژاردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٠٦دا، دەسەڵاتیان گرتە دەست هینری کامپبیل بانەرمان[19] بوو بە سەرۆك وەزیر.

ئەو دوای ڕۆزبێری، رابەرایەتی لیبرالەکانی گرتە دەست،و جوامێریو ئازایەتیو هەروەها پشودرێژیی لەکاتی ئینیشقاقەکەی حزبی لیبرالدا لەسەر جەنگی بویر، پۆستی سەرۆك وەزیریی بۆ زامن کرد.

جگە لەوە هەروەك بوتا[20] دەڵێ، مەحکوم کردنی راشکاوانەو دەم ودەستی ئەو شێوازەی لەئۆردوگاکانی زیندانییە سیاسیەکانو دیلە جەنگیەکاندا لەساڵانی ١٩٠١ - 

---

[18] Dr. chaim Weizmann

[19] Henry Cawpell – Bannerman

[20] Louis Botha سیاسەتمەدارو رابەری سەربازیی ئەفریقیای باشورو یەکەمین سەرۆك وەزیری یەکێتی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

١٩٠٢دا پەیڕەوی لێدەکراو ناوبردنیان بە (شێوازی دڕندانەو دوور لەشارستانی)، ئاشتیو ئاسایشی بۆ ئەفریقای باشوور دەستەبەر کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوەی ئیمپریالیستانەی لیبرال بەرامبەر بەو قسانە وای لەسکویسو یەکێتی لیبرالەکان[21] کرد کە پاڵێوراوەکانی خۆیان لەدژی لایەنگرانی کەمپبیل بانەرمان هان بدەن.

کۆمەکی کەمپبیل بانەرمان بەحزبەکەی، وگەیاندنی بەسەدەی بیستەم، دوای ئەو هەوڵانەی کە گلادستۆن بۆ درێژەدان بەبونی ئەو یادگارە مێژوویە*دای، هەرگیز وەك پێویست رێزی لێنەگیراوە، بەڵام راپۆرتە سەرنج راکێشەکەی جۆن وێڵسن[22] کە بەڕای من یەکێکە لەباشترین بایۆگرافیە سیاسیەکانی ئەم سەدەیە، ڕەنگە راستی سیاسیەکانی بەنەوەی نوێ گەیاندبێ: ((هەڵسوڕاوە لیبرالەکانی ساڵی مێژوویی ١٩٠٦، زۆر چاکیان لەیادە کە سەرۆك وەزیرێکی داهاتوی ئەم وڵاتە، لەسەفەرەکەیدا بۆ سکۆتلەندە، کە لەتافی لاویدا بەئەنجام گەیاند، شەوێکی لەستیرلینگ[23] بەسەر برد.

ئەو کەسە من بووم. لەگەشتێکدا منیان بۆ بینینی پەیکەری کەمپبیل بانەرمان هێنایە ئەویو داوایان لێکردم چی دەربارەی ئەو کەسایەتیە دەزانم بیڵێم. باوکم کە لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٠٨دا، کاری بۆ چێرچڵ کردبوو، ماوەی حکومەتەکەی کامپبیل بانەرمانی بەچاکی لەیاد بوو(بیرەوەریەکانی ئەو ماوەیەی) بۆ گێڕابومەوە.

نەك هەر تەنیا نەوەی لیبرالەکان، بەڵکو ئەو نەوە یەش کە لەساڵی ١٩٠٦دا دەنگیان بۆ پاڵێوراوەکانی لیژنەی نوێنەرانی کرێکاران دابوو، هەردووکیان ستایشی کەمپبیل بانەرمانیان کردبوو.))

---

* مەبەست حزبی لیبرالە

[23] Stirling Shire


[21] Liberal Ieague

[22] John Wilson

بەدەستپێشخەریی خۆی سكویسی ڕەوانەی خەزێنەو لۆید جۆرجیشی ڕەوانەی ژوری بازرگانیو پیشەسازی كردو هەردوكیانی بۆ ئەو دو پۆستە سازو ئامادە كرد.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە كە ئەگەر كامپبیل بانەرمان نەمردایە ـ كە مرد ـ (ئەو تاكە سەرۆك وەزیرە كە لەسەردەمی نوێدا لەژمارە ١٠ مرد)دەیتوانی لەئاسكویس زیاتر سەركەوتن بەدەست بێنێ.

ئەو سەرۆك وەزیرێك بوو كە دەست پێشخەریی بۆ شۆڕشێكی كۆمەڵایەتیی درەنگ وەخت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا كرد، كە سكویس تارادەیەك،و لوید جۆرج تا ڕادەیەكی زۆر، ڕۆڵیان تێدا گێڕا. كامپبیل بانەرمان ئاسكوتلەندیەك بوو كە بەدرێژایی ئەندامێتی لەئەنجومەنی نوێنەراندا نوێنەری شاری ستێرلینگ بووە.



سێر هێنری كەمپبێڵ بانەرمان





بەرلەوەی بێتە ناو پارلەمانەوە، لەتەمەنی ٣٢ساڵیدا، ماوەی ١٠ساڵ سەرقاڵی كاری بازرگانی بوو: دوای ئەوە لەماوەیەكی كەمدا بەخێرایی بەچەند پۆستێكی خوار وەزارەت گەیشت،و لەحكومەتەكەی گلادستۆندا لەساڵی ١٨٨٤ـ ١٨٨٥دا، كرا بە فەرمانڕەوای ئایرلەندە،و لەساڵی ١٨٨٦و لەنێوان ساڵانی ١٨٩٢ ـ ١٨٩٥دا وەزیری جەنگ بوو.

پلەی داهاتووی لەساڵی ١٩٠٥دا، پۆستی سەرۆك وەزیری بوو. لەساڵی ١٨٩٩دا، وەك ڕابەری لیبراڵەكان جێی ڕۆژبێریی گرتەوە. ڕەنگە هیچ كەسێك جگە لە كەمپبیل بانەرمان نەیتوانیبێ بەدرێژایی جەنگی بویر یەكریزیی حزب بهێڵێتەوە.

كێشەكان تا سەركەوتنی گەورەی حزبی لیبراڵ لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٥دا،و دوای ئەوەش هەر درێژەی هەبوو.

كاتێك بەلفۆر دەستی لەكاركێشایەوە، زەمینەسازیی چرو پڕ لەلایەن ئاسكویس و ئیمپریالیستە لیبراڵەكانی ترەوە كرا تا ڕێگربن لەبەردەم گەیشتنی كەمپبیل بانەرمان بەپلەی سەرۆك وەزیری: تەنانەت پاشا هەوڵیدا، بەفیتی ئەوان، قەناعەتی پێبكا كە دوای ئەندامێتی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا، پۆستی سەرۆك وەزیری بگرێتە دەست.

كاردانەوەی كەمپبیل بانەرمان لەبەرامبەر هەموو ئەم جموجۆڵانەدا، هەمان ئەو كاردانەوەیە بوو كە لەپارلەماندا لەبەرامبەر وتە بەپۆزەكەی دەیویست جارێكیتر دەستی لەئەنجومەنی نوێنەران گیربێ، هەیبوو.

كەمپبیل بانەرمان تەنیا سێ وشەی وت: (كاری بێ مێشكانە بەسە.) تا هاتنە سەركاری ئەتلی، هیچ سەرۆك وەزیرێك تەنیا بەچەند وشەیەك بەو سەركەوتنە مەزنە نەگیشتووە.


ڕابەرایەتی بەتواناترین حكومەتی سەدەی بیستەمی (بەبۆچونی هەندێك، دەشێ بوترێ تا ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٧٠،) كرد. ڕوناكبیرانی وەك هاڵدەین[٢٤]، بیریل[٢٥]و

---

[24] Haldane
[25] Birrell

مەكتەبی بیروهۆشیاری

برایس[٢٦] و هەروەها كەسایەتیەكی بەرجەستەی وەك وینیستۆن چیرچیلْ، كە دلّی لەموحافیزكاران هەلّكەندرابوو، لەحكومەتەكەی ئەودا بەشداربوون. جگە لەوە بناغەی یەكێتیی (لیبرال ـ كرێكاران)ی دانا، كە رێی لەبەر دەم پەیوەندی كردنی ئەندامانی حزبی كرێكارانو سەندیكا كرێكاریەكان بەحكومەتی كاتیی جەنگی سكویسو لوێد جۆرجەوە هەموار كرد. كاتێك بوو بەسەرۆك وەزیر تەمەنی نزیكەی ٧٠سالْ بوو، بەلاّم دوای ماوەیەك باری تەندروستیی تێك چوو.



هێربێرت هێنری ئاسكویس

[26] Bryce




مەكتەبی بیروهۆشیاری

لە٣ی نیسانی ١٩٠٨دا دەستی لەكار كێشایەوە،و لە ٢٢ی نیسانی هەمان سالّدا لەژمارە (١٠) كۆچیدوایی كرد.

هێربێرت هێنری ئاسكویس[٢٧] لە١٢ی ئەیلولی ١٨٥٢دا، لەمۆرلی[٢٨]، نزیك لیدز[٢٩] هاتۆتە دنیاوە.

رۆژێك بەرلەمردنی دۆكی ویلینگتۆن هاتە ئەم دنیایەوەو لەسالّی ١٩٢٨دا كە بالوین[٣٠] سەرۆك وەزیر بوو مارگرێت تاچەر[٣١]و ئەنتۆنی وێجوود بێن[٣٢] تەمەنیان سێ سالاّن بوو، كۆچی دوایی كرد.

لەدوایین كابینەی گلادستۆندا وەزیری ناوخۆ بووە. ئەوو پیل باشترین وەزیری ناوخۆ بون لەمێژووی سەدەی نۆزدەی بەریتانیادا.

ماوەی ٨سالّو ٨ مانگ لەكاتی جەنگو ئاشتیدا سەرۆك وەزیر بووە، كە بەدرێژترین ماوەی سەرۆك وەزیری لەسەدەی بیستەمدا لەقەلّەم دەدرێ، و بەجیاوازی سێ رۆژ، لەپێش وینیستۆن چیرچلّەوەیە.

سەرۆكایەتیی كاتی ئاشتیی ئاسكویس لەمێژووی بەریتانادا دیارو بەرجەستەیە. ئەو لەگەورەترین ماوەی چاكسازیی كۆمەلاّیەتیی بەریتانیادا كاربەدەست بووە. كاتێك لۆردەكان ئیدیعای ئەوەیان كرد كە مافی رەت كردنەوەی لائیحەیەكی گرنگی داراییان هەیە، دوایین شەڕی گرنگی لەدژی ئەوان كرد، بۆیە جێی خۆیەتی لەمێژووی پارلەمانی بەریتانیادا بەشێكی جیا تایبەت بكرێ بەو.

ئەو بەریتانیای بۆ جەنگێكی گەورە ئاراستە كردو دوابەدوای ئەو جەنگە لەروی سیاسیەوە شكستی خوارد، لەبەر ئەوەی كەسێكی مەزاجی بوو و شیاوی

[27] Herbert Henry Asquith
[28] Morley
[29] Leeds
[30] Baldwin
[31] Margaret Thatcher
[32] Anthany Wdegwood Benn

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

رابەرایەتیكردنی جەنگێك نەبوو، جگەلەوە لۆید جۆرج كە سەرەتا لەنزیكەوە هاوكاریی دەكرد، سەرەنجام لێی دور كەوتەوە.

ئاسكویسی لاو دوای مەرگی باوكی، لەگەڵ تیری ی مامیدا، لەمێرفیل نیشتەجێ بوو، كە چەند میلێك لەماڵی باوكو باپیرانیەوە دووربوو. قۆناغی سەرەتایی لەهاردسفیلد[٣٣] و قوتابخانەی مۆراڤیەكانی[٣٤] فالنك[٣٥] تەواو كرد.

دوای مردنی مامی بەرەو لەندەن بەرێ كەوتو لای یەكێك لەخزمەكانی مایەوە، لەوێ چووە (قوتابخانەی شاری لەندەن)[٣٦] كە یەكێكە لەدرەخشانترین یادگارەكانی جویت باڵیۆت[٣٧].

بەمەبەستی قاڵبوون لەپیشەی نوسیندا پەیمانگەیەكی فێربوونی كردەوە، بەڵام داهاتێكی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە بۆ دابین كردنی بژێویی خۆی، بەردەوام بۆ رۆژنامەی سپێكتەیتەرو ئیكۆنۆمیست بابەتی دەنوسی. وەك پارێزەرێك توانی بەرێوبەری رۆژنامەی تایمز راپێچی بەردەم كۆمسیۆنی لێكۆڵینەوەی پارنیێڵ بكا، و بەوەش ناوبانگێكی بۆ خۆی پەیداكردو بەبەڵگەوە سە لماندی كە نامەكانی پیگۆت ساختەن، بەو شێوەیە چۆكی بەخۆیو رۆژنامەكەشی دادا.

لەساڵی ١٨٨٦دا، بەنوێنەرایەتیی ناوچەی ئیست فایف[٣٨] هەڵبژێردرا و بوو بەئەندامی پارلەمان: لەساڵی ١٨٩٢دا، لەلایەن گلادستۆنەوە كرابە وەزیری ناوخۆ.

---

[33] Huddersfield

[٣٤] Moravian مۆراڤی بەشێكە چیكسلۆڤاكیاو مۆراڤیەكان ئەو كۆچ بەرانەن كە لەساكسۆنی ئینگلتەرە نیشتەجێبوون. مۆراڤیەكان سەربە پرۆتستانتەكانن‌و تەنیا ئینجیل بەسەرچاوەی باوەڕ دادەنێن‌و پەیڕەوەی لەبیروباوەڕی (هاس) رابەری مەزهەبیو نەتەوەیی بۆهیمیەكان دەكەن ـ و .

[35] Fulneck

[36] Citgat London School

[37] Jowett Balliol

[38] Eeast Fife





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

گەیشتن بەو پلەیە بەرزبوونەوەیەكی گەورەبوو بۆ ئەو، لەبەر ئەوەی گلادستۆن تا ئەو دەمە جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە دەبێ ئەندامی كابینە قۆناغەكانی تری تێ پەڕاندبێ ئەوجا لەناو كابینەدا قبوڵ بكرێ.

دوای رەت كردنەوەی لائیحەی حكومەتی نەتەوەیی لەلایەن لۆردەكانەوە لەساڵی ١٨٩٤دا ،و كەوتنی حكومەتی رۆزبێری لە ١٨٩٥دا، كاتی زیاتری بۆ مافناسی تەرخان كرد.

دوای ئەوەی لەگە (مارگۆت تێننانت[٣٩]) دا بوون بەهاوسەر (هاوسەری دووەمی) پانتایی ژیان‌و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانی بەرفراوانتر بوون‌و خەرجیی ژیانی زیاتر بوو ،و پێویستی بەداهاتی زیاتر بوو.

بەدرێژایی ئەو دە ساڵە كە لیبراڵەكان لەباڵی نەیاردا بوون، مەسەلەی گرنگ‌و سەرەكییان جەنگی ئەفریقای باشوور بوو كە تیایدا ئاسكویس‌و رۆزبێری، گرەی و هۆڵدین لەباڵی (ئیمپریالیستەكان) دا بوون،و پشتگیریان لەو جەنگە دەكرد.

لەگەڵ كامپبیل بانەرمان‌و لۆید جۆرجدا باڵی لایەنگری بویرەكانیان بەرێوە دەبرد. حزبی لیبرال ناكۆكی گەورەی تێكەوت: بەجۆرێك وادەهاتە بەرچاو قەرەبوكردنەوەی كارێكی ئەستەم بێ.

كۆتاییی جەنگ نەیتوانی ئەو كەلێنە پڕبكاتەوە.

دژایەتیی لیبراڵەكانیش بۆ قانونی مشت‌ومڕسازی پەروەردەوفێركردن لە ساڵی ١٩٠٢دا (هەر)نەیتوانی ریزەكانیان یەكخاتەوە، هەرچەندە كەلیبراڵەكان لەرووی دژایەتیكردنی كلێسای رەسمیی ئینگلتەرەو پەیڕەوی لەمەزهەبی پرۆتستانتەكانەوە، روی لێكچوونیان هەبوو،و ئەو دژایەتی كردنە دەیتوانی ببێتە پاڵنەرێكی باش بۆ یەكخستنەوەی ریزەكانیان.

---

[39] Margat Tennant

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بودجەی ساڵی ١٩٠٢كە گومرگێكی بەسەر هاوردەی دانەوێڵەدا دەسەپاند، ئەویش نەیتوانی ببێتە فاكتەری یەكخستنەوەیان.

جۆزیف چەمبەرلین كە پێشتر لەحكومەتەكەی گلادستۆندا دوبەرەكیی خستە ناو لیبراڵەكانەوە، هەرهەمان خزمەتیشی دەرهەق بەیەكێتیی خوازە لیبراڵەكان كرد. لەمایسی ١٩٠٣دا، چەمبەرلین، دوای ئەوەی زانی كە ریچی[40]، وەزیری دارایی سەر بە حزبی موحافیزكار، بەنیازە گومرگی سەر دانەوێڵە لابەرێ، بە ئاشكرا لەوەزیری داراییو سەرۆك وەزیر دووركەوتەوەو وازی لێ هێنان،و رایگەیاند كە داهاتوی ئیمپراتۆریی بەریتانیا بەداهاتی گومرگەوە بەندە.

هاوسەری ئاسكویس نوسیویەتی رۆژێكیان ئاسكویس، كە رۆژنامەیەكی تایمزی بەدەستەوە بوو هاتەوە بۆ ماڵەوەو وتی:(ئێمە تەنیا پێویستمان بەكاتە تا دەسەڵات بگرینە دەست.)

ئەو كاتەی كە ئەو باسی دەكرد تەنیا سیو یەك مانگی تر بوو، بۆ لیبراڵەكان مایەی شادمانی بوو. كە ئەو كاتەش هات هیچ كەسێك بەئەندازەی ئاسكویس هەوڵی دەستە بەركردنی دەسەڵاتی نەدا.

ئەوو هاوكارەكانی بەهیوای حزبێك بوون كە دەمێك بوو یەكڕیزیی خۆی لەدەستدابوو. ژمارەیەك لە لایەنگرەكانی چەمبەرلین كە لەسەر مەسەلەی ئایرلەندە لەلیبراڵەكان دابڕابوون، گەڕانەوە.

بابەتەكە هێندە سەرنج راكێش بوو كە وینیستۆن چێرچڵ ئەندامی حزبی موحافیزكار سەر بە ناوچەی ئۆڵد هام[41]، لەهۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە تێپەڕی[42]و بەشداریی لەو مشتومڕەدا كرد كە لەوێ سەری هەڵدابوو.

[40] Ritchie
[41] Oldham

[42] مەبەست لەوەیە كە وینیستۆن چێرچڵ وازی لەحزبی موحافیزكار هێناو پەیوەندیی بەحزبی لیبراڵەوە كرد ـ و.



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

مەكتەبی بیروهۆشیاری

خۆشە مرۆڤ لەژیاندا ببینێو سەرهەڵدانی دەسەڵاتی حزبێك بەچاوی خۆی ببینێ (مرۆڤ) ئەگەر لاو بێو بەلاوی سەرهەڵدانی حزبەكەی ببینێ، وەك ئەوە وایە بەئاسماندا رێ بكا. ئاسكویسیش لەرووی سیاسیەوە لاو بوو ئیمپریالیستە لیبراڵەكان بەرەو كۆلۆنیەكان بەرێكەوتبونو لەسەروبەندی هەڵبژاردنەكەی ١٩٠٦دا وا پێدەچوو كە مۆڵەتیان وەرگرتبێ.

لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا ئاسكویس، گرەی، هۆڵدین (باڵی كەمینەی حزبی لیبراڵ) (پەیمانی ریلۆگاس)[43]یان ئیمزاكرد. ریلۆگاس ئەو جێیە بوو كە گرەی راوەماسیی لێدەكرد.

لەو پەیمانەدا كە جۆرێك بوو لەپیلانگێڕی، ئامادەكاریی بۆ ئەوە دەكرا كە كەمپبیل بانەرمان، كە پالێوراوی زۆرینەی حزبی لیبراڵ بوو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیری، پۆستی سیناتۆری پێ بدرێ، (تا یەكێك لەخۆیان پۆستی سەرۆك وەزیری پێبڕێ)، ئاسكویس ببێتە رابەری ئەنجومەنی نوێنەرانو وردەكاریەكانیشی بخرێتە بەردەست شا ئیدوارد.

بەڵام بەرلەوەی پیلانگێڕان بەتەواوی بچنە ژێر كلێشەی پاشاوە، چەند مەسەلەیەكی تر سەری هەڵدا، بەجۆرێك كە لەوە ترسان نەكا یاخیبونێك لەناو حزبی لیبراڵدا سەرهەڵبدا: بۆیە رازی بوون هەنووكە چاوپۆشی لە نەخشەی دەستەبەركردنی دەسەڵات لەلایەن باڵی كەمینەوە بكەنو داوا لە پاشا بكەن كە چەند پۆستێكی تایبەتیان لەناو كابینەكەی بانەرماندا بۆ هەڵكرێنێ.

لەبەر ئەوەی ئەو پۆستانەی داوایان دەكرد پۆستی گرنگ بوونو ئەگەری ئەوە هەبوو بانەرمان نەچێتە ژێربارەوە، ئاسكویس راسپێردرا كە بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ هەڕەشە لە بانەرمان بكا.

[43] Relugas

بەڵام كەمپبیل بانەرمان زیرەكیكردو بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەو سنوردار بكا پرسی ئاسكویس لەم دوو پۆستە كامیانی دەوێ: خەزێنە یا سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی لۆردەكان؟

ئەو كۆبونەوەیە كۆتایی پێهات و بڕیاردرا كە دارودەستەی ئاسكویس هەر لەناو باڵی نەیاری حزبی لیبرالی زۆرینەدا بمێنێتەوەو پۆستێك وەر گرێ، جگە لەوەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی.

بڕیاردرا ئاسكویس ڕەوانەی میسر بكرێو نامەیەكی یاسایی بەنرخی ١٠٠٠٠جونەی بۆ خدێویی پێشوی میسر ببا بەڵام نەكرا. بەلفۆر پەیڕەوەی لە ڕۆزبێری كردو دەستی لەكار كێشایەوە.

بەو كارەی كاڵای حكومەتی بەباڵای زۆرینەی لیبراڵدا بڕێ، بەجۆرێك بۆ وڵات ڕوون بۆوە كە باڵی زۆرینە حكومەت دەگرێتە دەست.

لەگەڵ ئەوەشدا باڵی كەمینە لەدوایین ساتەكاندا بەهەڵەداوان مانۆڕێكی كردو گوشاری خستەسەر پاشا كە ئەندامێتیی لەئەنجومەنی لۆردەكاندا بۆ كەمپبیل پێشنیار بكا: پاشاش كاتێك بانەرمان بۆ وەرگرتنی فەرمانی سەرۆك وەزیری بەرەو دەربار بەرێكەوت ئەم پێشنیارەی بۆ خستە روو، بەڵام لەو شەوە چارەنووسسازەدا، ئاسكویس لەكوێ بوو؟ لەگەڵ ماركویس سالیسبێریدا سەرگەرمی بەزمێكی شەوانە بوون. سەیر ئەوەیە كاتێك پێیان ڕاگەیاند كە كابینە لەحاڵەتی پێكهێناندایە، كالڤامیی سیاسیی بەرادەیەك بوو كە دیسانەوە گەڕایەوە بۆ (هەمان) بەزمی شەوانەی.

بەهەرحاڵ ئاسكویس پۆستی خەزێنەی گرتەدەستو وەك وەزیری دارایی سێ بودجەی بۆ حكومەت ئامادە كرد. بودجەی دووەمی جیاوازیی دەكرد لەنێوان ئەو داهاتانەدا كە لەڕێی كاروباری سیاسییەوە بەدەست دەهاتو ئەو داهاتانەش كە لەكارو كاسبییەوە بەدەست نەدەهات.





بودجەی سێیەم كە گرنگیی بەكاتی خانەنشینی دەدا، ئەودەمەی ئاسكویس بەپلەی سەرۆك وەزیری گەیشت خرایە بەردەم پارلەمان. بازرگانیی ئازاد جارێكی تر پشتگیری لێكرا.

كۆنفرانسێكی كۆمۆنوێڵس گرێدرا كە تیایدا، گوشاری دۆمینیۆنەكان بۆ پێش خستنی كاڵا ئیمپراتۆریەكان، لەلایەن دەوڵەتی خاوەنشكۆ پاشای ئینگلتەرەوە دژایەتی كرا. چێرچڵ ئەو گوشارەی ئاوا وەسف كرد: ((تاریفەی ئیمپراتۆری كەوتە بەر پەلامار. لەخشتەی كاری كۆنفرانس لابراو قەدەغە كرا.))

لەساڵی ١٩٠٧دا، كەمپبیل بانەرمان دوچاری جەڵتەی دڵ بوو، لە٣ی نیسانی ١٩٠٨دا دەستی لەكار كێشایەوەو كەمێك دوای ئەوە لەژمارە ١٠ كۆچی دوایی كرد.

پاشا بەمەبەستی پشودانو حەوانەوە چووبوو بۆ بیاریتس (لەفەرەنسا)،و ئەوە بەكاریگەریی كەشو هەوای خۆشی بیاریتس بوو كە پاشا لە٨ی نیساندا ناردی بەدوای ئاسكویسداو ڕایسپارد تا حكومەتێك پێك بهێنێ.

بەو شێوەیە ئاسكویس لە ئوتێل دوپالە[44] فەرمانی سەرۆك وەزیریەكەی لەدەست پاشا وەر گرت.

پێشتر، كاتێك چێرچیل پۆستی جێگری وەزارەتی كاروباری كۆلۆنیەكانی لەئەستۆدابوو، پاشا دژایەتیی بەخشینی هەر پۆستێكی بەچێرچیل كردبوو، بەڵام ئەمجارەیان پاشا لەبیاریتس پێشنیارەكەی ئاسكویسی سەبارەت بەبەخشینی پۆستێكی باڵاتر بە چێرچیل قبوڵ كرد،و سەرەنجام پۆستی سەرۆكی ژووری بازرگانیو پیشەسازیی بەپلەی وەزیری بۆ پێشنیار كرد،و ئەو یەكەمین كەسە لەو پێنج كەسەی كە لەو پۆستەدا بوونو تاكو ئیستا لەسەدەی بیستەمدا بەپۆستی سەرۆك وەزیری گەیشتبن.

[44] Hotel du palais

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چێرچڵ بەرنامەیەكی گەورەی چاكسازیی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای (لانی كەمی ستاندەرد) هەڵو مەرجی كارو هەقدەست ئامادە كردو پوختەكەی خستە بەردەستی ئاسكویس.

لەو بەرنامەیەدا بیمەی بێكاری، بیمەی پەككەوتویی، بوژاندنەوەی دارستانەكان، چاودێریی حكومەت بەسەر هێڵەكانی ئاسنو پەروەردەوفێركردنی بەزۆر تا تەمەنی ١٧ساڵی، هەرهەمووی وەك پێكهاتەكانی بەرنامەیەكی گشتگیر جێی كرابۆوە، كە تەنیا لەمەسەلەی قانونی پشتگیریكردن لە بێدەرەتاناندا لە راپۆرتە ناتەواوەكەی كۆمیسیۆنی قانونی پشتگیریكردن لە بێ دەرەتانان كە لەلایەن (ویب)[٤٥] ە كانەوە نوسرابوو، زیاتر بڕی دەكرد.

ئاسكویس بایی هێندە ئازایەتیو جوامێریی سیاسیی هەبوو كە بەرنامەیەكی چاكسازیی ئاوا گشتگیرو بەرفراوان قبوڵ بكا. كاتێكیش چێرچیل سیستمی ئاڵوگۆڕی كاری خستەروو یەكەمین هەنگاوی لەسەر رێگەی بیمەی بێكاری نا، چێرچیلی لە پشتیوانیی تەواوی سیاسیی خۆی دڵنیا كردەوەو (بێڤریج)ی راسپارد كە بێتە یاریدەدەری چێرچیل.

لوید جۆرج كرا بەوەزیری داراییو شۆڕشی كۆمەڵایەتی دەستی پێكرد.

بەڵام لەساڵی ١٩٠٨دا، دابینكردنی سەرمایە بۆ ئەو شۆڕشە، روبەڕوبونەوەی لەگەڵ لۆردەكاندا لێكەوتەوە. خۆشبەختانە لەوكاتەدا دەسەڵات بەدەست كەسێكەوە بوو كە لەڕووی سیاسییەوە تیژبینو لەرووی سیاسیشەوە زیرەك و هۆشیاربوو، بەسەر پارلەمانیشدا باڵادەست بوو.

لائیحەی دارایی، كە بودجەكەی لۆید جۆرجیشی لەخۆ دەگرت، لەلایەن لۆردەكانەوە رەت كرایەوەو قەیرانێكی سیاسیی باڵی بەسەر وڵاتدا كێشا. ئاسكویس كە باشترین

[٤٥] Sidney James Webbs (١٨٥٩ ـ ١٩٤٧) و هاوسەرەكەی دوو ئابوریناسی ئینگلیزبوون ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پێگەی قانونی هەبوو، بڕیارێكی لەئەنجومەنی نوێنەراندا تێپەڕاند كە ئەو هەنگاوەی سیناتۆرەكانی وەك كارێكی ناقانونی رەت دەكردەوە.

دوابەدوای ئەوە ئاسكویس توانی پارلەمان هەڵوەشێنێتەوە.

ئەم هەنگاوە دەسەڵاتی لیبراڵەكانی، بێ گومان بەپاڵپشتی ئایرلەندیەكانو كرێكاران، سەقامگیر كرد.

شا ئیدواردی حەوتەم مردو جێنشینەكەی (جۆرجی پێنجەم) رەزامەندییەندا لەسەر زیادكردنی ژمارەی سیناتۆرەكان بۆ تێپەڕاندنی لائیحەكە. دوای هەڵبژاردنی دووەم كە دیسانەوە ئاسكویس سەركەوتنی تێدا بەدەست هێنا، رێگەی پێدرا ژمارەی سیناتۆرەكان زیاد بكا.

(ئاسكویس لیستێكی بەناوی ٢٥٠كەس ئامادە كردبوو.) دوابەدوای ئەم پێشهاتە، لۆردەكان تەسلیم بوون و لائیحەی دارایی بوو بەقانون.

ئەو ماوەیە بەلوتكەی سەركەوتنەكانی ئاسكویس لەقەڵەم دەدرێ، هەرچەندە روبەڕووی چەند مەسەلەیەكی مەترسیدار بۆوە: لەوانە لەئایرلەندە رووبەڕووی دابەشكردنی چەكو كردەوەی توندوتیژیی بۆوە بەسەرپەرشتیی كارسۆن كە توریەكی ناسراو بوو . لەئینگلتەرەش رووبەڕووی مانگرتنە بەرفراوانەكانی كەرتی پیشەسازی بۆوە، جگە لەو زنجیرە خۆپیشاندانانەی كە بەمەبەستی دەستەبەركردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان بە ئەنجام گەیشتن، بەڵام هەموو ئەمانە پێگەی دەسەڵاتیان لەرزۆك نەكرد.

لۆید جۆرج وەزیری دارایی، بەكۆمەكو پشتیوانیی چێرچڵ، رابەرایەتیی گەورەترین شۆڕشی كۆمەڵایەتیی لەمێژوی بەریتانیادا كرد.

لە ٤ی ئابی ١٩١٤دا، بەریتانیاو فەرەنسا لەگەڵ ئەڵمانیادا بەجەنگ هاتن.

لەودەمەدا دوو ناهەقییان دەرهەق بە ئاسكویس كرد، یەكەم ئەو غافڵگیر نەبوو، لەبەر ئەوەی لەساڵی ١٩١١وە، خۆی بۆ روبەڕوبونەوەی مەترسی سازداو نوێكردنەوەی هێزی دەریایی ئەڵمانیای بەهەند وەر گرتبوو: جگە لەوە چێرچڵی لەوەزارەتی ناوخۆ

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

نەهێشتو كردی بەسەرپەرشتیاری دەریاداری،و رێكەوتننامەی دەریایی نێوان بەریتانیاو فەرەنسای لەساڵی ١٩١٣دا لە پارلەماندا تێپەڕاند:بە گوێرەی ئەو رێكەوتننامەیە بڕیاردرا بەریتانیا پشت بە هێزی دەریایی فەرەنسا لەدەریای ناوەڕاستو فەرەنساش پشت بەهێزی دەریایی بەریتانیا لەدەریایی باكور ببەستێ.

ئەوە نیشانەی خۆئامادەكردن بوو بۆ جەنگ كە چێرچیل ٥١٪ی پشكی كۆمپانیای نەوتی ئێرانو بەریتانیای لەبەر دەستدابوو، تا لەكاتی سەرهەڵدانی جەنگدا بڕی نەوتی پێویست بۆ وڵاتەكەی زامن بكا. (كتێبی جەنگ) ئامادەكراو لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩١٤دا، پەڕەكانی هەڵدرایەوە.

لەوەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی كە ئاسكویس بەبەراورد لەگەڵ چەمبەرلین دا، لەساڵی ١٩٣٩دا، بەریتانیای زۆر باشتر بۆ جەنگ ئامادە كرد.

دوەمیشیان ئەوەی كەسەرۆك وەزیرێكی تەمبەڵو دەغەڵ بووە، هاوشێوەی ناهەقیەكەی یەكەمیان پوچو بێ بنەمابوو.

بەپێچەوانەوە، چالاكو كارابوو، لە پێناو پشتیوانیكردنی چێرچیلدا ئامادەبوو هەر ستراتیژیك بگرێتەبەر بۆ قوتاركردنی هێزی دەریایی لەو ئیفلیجیەی كە لەفەرەنسادا دوچاری بوبوو.

لەنامەیەكدا بۆ ڤێنیشیاستانلی[٤٦] كە شیكەرەوەیەكی ئەو دەمە بوو چوار ئەگەری خستۆتەروو:

١ـ شلسویگ[٤٧] (پێشنیاری وینیستۆن)، ٢ـ سالۆنیك یادالماشیا[٤٨] (پێشنیاری لۆید جۆرج).. ٣ـ گالیپۆلیو[٤٩] قوستەنتینیە (پێشنیاری كیچنەر)[٥٠] ٤ـ ئیزمیرو ئەفیس[٥١]

47 Venetia Stanley

٤٧ Schleswing شارێكە لەئەڵمانیای خۆراوا لەنزیك سنوری دانیمارك ـ و .

٤٨ Dalmatia ناوچەیەكە لەكرواتیا، لەسەر كەنارەكانی خۆرهەڵاتی دەریایی ئەدریاتیك كە جاران بەشێك بوو لەشانشینی نەمساو.

٤٩ گالیپۆلی نیمچە دوورگەیەكە لەبەری ئەوروپای توركیا لەنێوان داردانێلو كەنداوی سارۆسدا ـ و .

50 Kitchener





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

(پێشنیاری ئێف . ئیی . سمیسو ئەندامەكانی تری كابینە ـ وەمن ئەمەیان بەگونجاوتر دەزانم لەوانی تر.)

دواجار لەناو هەموویاندا گالیپۆلی پەسەندكرا. دوای ئەوەی كیچنەر رازی نەبوو لەسەر رەوانەكردنی هێزی پێویست لەكاتی گونجاودا، چێرچیل پشتیوانیی خۆی لەدەستداو لەبەرامبەر ئەوسوكایەتی پێكردنەدا ناچار بوو دەست لەكاربكێشێتەوە.

دانانی كیچنەر گەورەترین هەڵەی ئاسكویس بوو. دوای ئەوەی بەریتانیا بۆ ماوەی سێ ساڵ دەرگیری قەتڵو عامە خوێناویەكانی فەرەنسا، پیرە[٥٢]، سوم[٥٣]و پاشندال[٥٤]بوو.

ساردبونەوەی خەڵكیو پارلەمان لەئیفلیج بوونی بەسوێی هێزەكانی بەریتانیا لەفەرەنسا (فاكتەری سەرەكی)ی كۆتایی هاتنی سەرۆكایەتی ئاسكویس بوو. بەردەوامبوونی جەنگ لەفەرەنسا بەریتانیای روبەڕوی كێشەی كەم بونەوەی گوللە تۆپ كرد. حكومەتێكی ئیئتلافی بەسەر پەرشتیی ئاسكویس هاتەسەركار كە تیایدا لوید جۆرج لە وەزارەتی خەزێنەوە چووبوو بۆ وەزارەتی تازەدامەزراوی تەقەمەنیەكانو دوای ئەوەش بوو بەوەزیری جەنگ.

شەڕەكانی سوم، دەستەو تاقمی نوێی لەناو وڵاتدا هێنایە كایەوە. لۆید جۆرج لەگەڵ سەرانی موحافیزكاردا یەكیگرت. لۆرد نۆرس كلیف[٥٥] خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەكانی تایمزو دەیلی مەیل[٥٦] شاڵاوێكی ژەهراویی لەدژی ئاسكویس دەست پێكرد.

لۆید جۆرج لەسەردانێكیدا بۆ پاریس ئاماژەی بە دەست لەكار كێشانەوەدا.

٥١ Ephesus شارێكی مێژوویی یۆنانە كە جاران زۆر ئاوەدانو پڕ جونبو جۆش بوو. كە وتۆتە ئاسیای بچوك (توركیای ئێستا)وە ـ و .

52 Ypres

٥٣ Somme روبارێكە لەباكوری فەرەنسا كە چەندین شەڕی گەورەی لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانیدا لەنزیكیەوە كراوە ـ و .

54 Passchendaele

55 Lord north sliffe

56 Daily mail

ئەو كە لەوكاتەدا لەلایەن توریەكانەوە بەتوندی پشتگیریی لێدەكرا، داوای كرد ئەنجومەنێكی جەنگی هەمیشەیی، كە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ، پێك بهێنرێو كۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەكان بگرێتە دەست.

بڕیاردرا ئاسكویسیش ئەندام بێ لەو ئەنجومەنەدا. لۆید جۆرج بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكەی خۆی یارمەتیی لە (ماكس ئایتكن)[57]ەوە وەرگرت كە دواتر نازناوی لۆرد بیوربرۆكی پێ بەخشرا، بەو هیوایەی كە بونارلای هاوكاری، كە تا ئەو كاتە لەئاسكویس دور نەكەوتبۆوە، بتوانێ ئەو بەرنامەیە بەرەو پێش بەرێ.

ئەو چوار هەفتەیەی كە بە ٥ی كانونی یەكەمی ١٩١٦كۆتایی هات، چەندین جمو جۆڵو مانۆر و ئامادەكاری بێهاوتای لەمێژووی بەریتانیادا تێدا كرا.

بۆنارلا لەسەر دوو پەت یاریی دەكرد، شتێكی بەلۆید جۆرج دەوت و شتێكیشی لەئاسكویس دەشاردەوە. ململانێی رۆژنامەكان گەیشتبووە ئەوپەڕی. هێندە بەس بوو كە لۆید جۆرج بە تاكتیكێك دەست لەكار بكێشیتەوە تا حكومەتەكەی ئاسكویس بكەوێ. سەرانی توری ئامادە نەبوون بەشداری لە حكومەتە ئیئتیلافیەكەی ئاسكویسدا بكەن: ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری كردن لەحكومەتی لۆید جۆرجدا راگەیاند.

دوابەدوای ئەوە ئاسكویس هەرگیز وەك رابەرێكی نەتەوەیی دەرنەكەوت.

لەهەلو مەرجێكدا كە هیچ پاڵێوراوێكی رەسمی لەبەرامبەر لۆید جۆرجدا نەبوو، (هەڵبژاردنی كۆپۆنی*) ساڵی ١٩١٨ی ئەو، لیبراڵەكانی لایەنگری ئاسكویسی لەپێ خست.

لەگەڵ ئەوەشدا چارەنوس وایكرد ئەو رۆڵێكی گەورە لەمێژوودا بگێڕێ.

ئەنجامی هەڵبژاردنەكەی كانونی یەكەمی ١٩٢٣، بێبەر بوو، و سەركەوتنی بۆ هیچ حزبێك لێ نەكەوتەوە.

---

[57] Max Aitken – Lord beaverbrook

* كۆپۆنی لەوروەوە كە لۆید جۆرجی لیبرال خۆی دابووە پاڵ موحافیزكارانو بەردەوامبوونی حكومەتەكەی بەوانەوە بەند بوو ـ و .





موحافیزكاران گەورەترین حزبی تەنیا بوون، بەڵام پێكهاتەی لیبراڵەكانو حزبی كرێكاران لەڕووی ژمارەوە لەوان زیاتر بوون. ئەوەش دوایین دەرفەتی بۆ ئاسكویس رەخساند تا كاریگەریی لەسەر مێژووی سیاسی داهاتوی بەریتانیا هەبێ،و لەراستیشدا بڕیارەكەی ئەو رێرەوی ئەو مێژووەی گۆڕی.

ئاسكویس بڕیاریدا كە دەبێ حزبی كرێكاران بواری ئەوەیان پێ بدرێ كە دەركەون،و ناشبێ دووحزبی كۆنتر بەیەكخستنی ریزەكانیان دەرفەتی بەردەم حزبێكی تازەتر رابماڵن، و پێویستە لەهەلو مەرجی گونجاودا سوود لەو دەرفەتە وەربگیرێ لە بەرژەوەندیی لایەنگرانی بەردەوام بوونی حكومەتی قانون.

كرێكاران، كە هەندێك لە حزبە كۆنەكان ترسی ئەوەیان هەبوو دەرفەت لەبەردەم شۆڕشی سوردا هەموار بكەن، دەتوانن لەهەلو مەرجێكدا كە گرنگتریان رێزگرتنە لەقانونو بەرژەوەندیەكانی وڵات، حكومەت بگرنە دەست.

هەموو جۆرە توندڕەوییەك لەسیاسەتی ناوخۆو دەرەوەدا قەدەغەیە.

هەركات حكومەتی نوێی كریكاران سیاسەتی توندڕەوانە پیادەبكا، دەتوانرێ دەست بەجێ لەدەسەڵات دور خرێنەوە.

ئەو سیاسەتمەدارە دیرێنە بارودۆخەكەی بەو شێوەیە بەڕێوەدەبرد تا ئەو كاتەی مەترسیی سور سەری هەڵدا، یا لەسەروبەندی سەرهەڵداندا بوو.

ئاسكویس، كە پشت ئەستور بوو بە ئەزمونەكانی خۆی، نەیدەویست پشتگیریی لەئیئتلاف لەگەڵ توریەكاندا بكا كە لەناكۆكی زیاتر هیچی لێ نەدەكەوتەوە. نەشیدەویست جارێكی تر بگەڕێتەوە بۆ دانوستانەكانی ١٩١٦.

بڕیاردرا حزبی كرێكاران لانی كەم وەك حزبێك كە رەنگە لەحكومەتدا بەشداربێت بناسرێ، بەو مەرجەی بارودۆخ لە هەموو روویەكەوە ئارام بێ. بۆیە دەتوانین بڵێین كە ئاسكویس بەم كارەی هاوسەنگییەكی لەنێوان هێزە سیاسیەكاندا راگرت كە تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵە درێژەی هەیە،و رەنگە لەساڵانی داهاتووشدا هەر درێژەی هەبێ.

هاوسەنگیەك كە پێگەیەكی جێگیرتری لەپێگەی بەریتانیا لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا، بۆ ئەو وڵاتە دەستەبەر كردووە، بەڵام ئەو هاوسەنگیەی بەنرخی كشانەوەی حزبەكەی خۆی بەدەستهێنا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٤دا، كە حزبەكەی رەمزی مەك دۆناڵد[58] لەسەر مەسەلەی كامپ بیل* و قەواڵەی ساختەی زینۆڤیڤ[59] لەناوچوو، ئاسكویس كورسیەكەی خۆی لە پەیسلی[60] لەدەستدا.

لەو كاتەدا تەمەنی ٧٢ساڵ بوو ولەرووبەرووبونەوەیەكی دەستەو یەخەدا لەگەڵ حزبی كرێكاراندا شكستی خوارد.

رێگەی گەڕانەوەی نەمابوو. ساڵی ١٩٢٥، بوو بەكۆنتی ئۆكسفۆرد و لەساڵی ١٩٢٨دا، كۆچی دوایی كرد.

---

[58] Ramsay MacDonald

* ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بەكەمپبیل بانەرمانەوە نییەو نوسەر تا كۆتایی كتێبەكە جگە لەئاماژە پێدان هیچ رونكردنەوەیەكی لەو بارەیەوە نەداوە ـ و.

[59] Zinovisv

[60] Paisley ناوەندی ناوچەی رینفرۆ لەسكوتلاند كە دەكەوێتە خۆراوای گلاسكۆوە ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی شەشەم





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# دەیڤید لۆید جۆرج



**لۆید جۆرج لەتافی لاویدا**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەو ژیاننامەیەدا كە بەم دواییە بلاّوی كردۆتەوە، كێنیس مۆرگان[1] لۆیدجۆرجی لەنێو هەموو سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیادا بەفیلە سەركێشەكە وەسف كردوە.

لۆرد بیوربروك دوای بەراوردكردنی دوو سەركردەی كاتی جەنگی بەریتانیا لەسەدەی بیستەمدا، دەڵێ: (رەنگە چێرچیل پیاوێكی مەزن بێ، بەڵام جۆرج سەرنج راكێش ترو ئێسك سوك ترە.)

ئەو سیاسەتمەداری سیاسەتمەداران بوو. لەخەڵكی تێ دەگەیشتو لەلای خەڵكیەوە هاتبوو، و وەك مافناسێك، لەنێو ئەواندا، كاری كردبوو.

دەشێ بوترێ كە تائەوكاتە هیچ سەرۆك وەزیرێك وەك ئەو هەڵقولاّوی چینی ژێرەوەی كۆمەڵ نەبووە. پێویستە بگوترێ رەمزی مك دۆناڵدیش كە دواتر دێینە سەر ئەویش، وەك لۆید جۆرج هەڵقولاّوی ناو خەڵك بووە.

لۆید جۆرج، بۆ نمونە، لەشەڕەكانیدا لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەكەی خۆی، ئوسقوفی (سەینت ئاسف[2])دا كە دواتر بوو بەدۆستی بەنوێنەرایەتی ئەو خەڵكەی بەخەڵكی خۆی ناو دەبردن،ولەوەش زیاتر چەندین ساڵ بە نوێنەرایەتیی خەڵكی وێڵز، كە هاوشاریی خۆیان بوون، دەربارەی باجی كڵێسا، رێنوێنییەكانی كڵێساو نەمانی كڵێسا، مشتو مڕی كرد.

ململانێكانی كەتیایدا هەموو شەوێك وەڵامی ئوسقوفەكانی دەدایەوە لەچیرۆكێكی ناسراودا تۆمار كراوە،و لەبایۆگرافیەكەی (فرانك ئاون[3])دا، بەناوی سەفەری زریاناویدا هاتووە. لێرەدا بەشێكی دەخەینەڕوو: (( سەرۆك ووتی: ئێستاش من ئەندامی ئەنجومەنی گوندەكانی (كارنارڤۆن[4]) تان پێدەناسێنم. ئەو هاتووە بۆ ئێرە تاوەڵامی قسەكانی شەوی رابردوی ئۆسقوف ئیسف بداتەوە كە دەربارەی نەمانی كڵێسای وێلز

---

[1] Kennth Margan
[2] St. Asaph
[3] Frank Owen
[4] Caernarvonshire ناوچەیەكی جارانی وێڵزە ـ و ز





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

كردبووی. خوشكانو برایان، بەبڕوای من ئوسقوفی سەینت ئیسف یەكێكە لەگەورەترین درۆزنەكانی كریشایۆن،[5] بەڵام سوپاس بۆخوا كە ئێمە بەڕێز لۆید جۆرج شك دەبەینو ئەمشەو ركابەری ئەوە.[*]))

لۆید جۆرج، بەرلەوەی بچێتە ناو پارلەمانەوەو دوای ئەوەش لەپێناوی هێنانەكایەی حكومەتێكی نەتەوەیی بۆ وێڵز تێكۆشاو كاتێكیش توانای قەناعەت پێكردنو كارامەیی لەقسەكردندا لەڕێی چەند ئامانجێكی گەورەتردا بەكارهێنا، وادەهاتە بەرچاو كە لەخەڵكی دوور كەوتۆتەوە، گوایە وەڵامی نامەكانیانی نەدەدایەوەو دەیئاخنینە ناو سندوقی نامەی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە.

شەڕی ئەو لەدژی بەخشینی پلەو پایە بوو بەو كەسانەی شایانی نین، (پێویستە سەرنج بدەین كە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكەیدا تا چ رادەیەك لەو ڕێیەدا بەرەوپێش چووە،)و بەرنامەی چاكسازیی كۆمەڵایەتیی كە كاتێك وەزیری دارایی بوو لەئەنجومەندا تێپەڕاند، زیاتر دژی بەخشینی ئەو ئیمتیازانە بوو وەك لەوەی بەرنامەیەك بێ بۆ خۆشگوزەرانی.

مرۆڤ تیادەمێنێ لەوەدا كە داخۆ لەسەپاندنی باجی زیاتر بەسەر دەوڵەمەندەكاندا زیاتر هەستی بە رەزامەندی دەكرد یا لەباشبونی باری كۆمەڵایەتیی ئەو خەڵكەی داهاتی ئەو باجەیان بۆ خەرج دەكرا؟ بەكەمێك وردبونەوە دەبینین ئەو لەپێناو خەڵكیدا كاری كردوەو یەكێك بووە لەو كەسانەی كە لەگەڵ بۆچوونەكەی چەمبەرلیندا كۆك بووە كە دەڵێ: ((چاكسازیی كۆمەڵایەتی زۆر هەنوكەیی خەڵكی پشت گوێ خراوە.)،و بۆیە كاتێك بو بەوەزیر لائیحەی چاكسازیی كە نزیكەی چارەكە سەدەیەك لەبەر سەرقاڵیی لۆردی پیر (گلادستۆن) كەوتبوە ناو بۆتەی فەرامۆشیەوە، خستە بەردەم ئەنجومەن.

---

[5] Creashion

[*] ئەو رستەیە لەدەقە ئەسڵیەكەیدا بەزمانی خەڵكی وێڵز نوسراوە ـ و .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چێژی لە ململانێ وەردەگرتو بەپەرۆش بوو بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەرگرێ كە بۆی ڕەخسابوو تا خزمەتی خەڵكی نارِازیی وڵاتەكەی پێ بكا.

پەندێك هەیە كە دەڵێ دۆكێك[٦] لەكەشتیەكی جەنگیی $D$[٧] مەترسیدارترەو خەرجیشی زیاترە.

ناوی ئەو لەناو پێرِستی دوورودرێژی سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیادا وەك رەوانبێژترین كەس تۆمار كراوە. هەواڵو راپۆرتەكانی ناو رۆژنامە ناوخۆیی و نەتەوەییەكانی ئەو دەمە بەڵگەن بۆ پێشوازیكردنی بەرفراوانو بێ وێنەی خەڵكی لە وتەو لێدوانەكانی لەسەرتاسەری وڵاتدا.

وتە رەوانەكانی لەپارلەماندا هەستو نەستی خەڵكی دەگەیاندە ترۆپك. قسەكانی مرۆڤیان دەخستە ژێر كاریگەرییەوە. ئەویش ئەو بەهرە خودادادیەی خۆی لەكۆڕو كۆبەنەوە تایبەتەكانو لەسەر كورسیی وتار خوێندنەوەش بەكار دەهێنا. پێشینەی ئەو لەمشتو مڕەكانی ناو پارلەمانداو هەروەها توانای بەزاندنی ئەو كەسانەی كە لەكۆڕو كۆبونەوە گشتیەكاندا پرسیاری سەختو دژواریان دەكرد، جێی ستایشە. سروشتی دەربڕینەكانی بەڵگە بوون بۆ ئەوەی ئەوقسانەی لەنیوەشەودا لەبەر روناكیی چرا ئامادە نەكردووە.

تا كۆتایی، واتە ئەوسالآنەی ئومێدێكی ئەوتۆی بۆ دەستەبەركردنەوەی دەسەڵات نەمابوو، ئەو بەهرەو توانایەی هەرمابوو.

لەسییەكاندا، كە تەمەنی لەحەفتاكاندا بوو گوێی بۆئەو مشتومڕانە شل دەكرد كە دەربارەی كۆمەك بەبێكاران لەناو ئەنجومەندا سەری هەڵدا.

سێر ویلیام جاویت[٨] دادوەری گشتی ئەو مشتومڕانەی بەنوێنەرایەتیی دەوڵەت بەرێوەدەبرد. جاویت سەرەتا وەك نوێنەری حزبی لیبرال بۆ ناوچەی پریستۆن[٩]

[٦] دۆك باڵاترین نازناوی بەجێماوی وەجاغزادەكانی ئینگلیزە، دوای شازادە- و .

[٧] Dreadnought ناوی گەورەترین كەشتیی جەنگی ئینگلیزە ـ و .

[8] Sir William Jowitt





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵبژێردرابوو، بەڵام زۆری نەخایاند رەمزی مك دۆناڵد تەماعی خستەبەرو كەوتە داوی دەوڵەتەوەو ئەو پۆستەی قبوڵ كرد كە لەناو حكومەتدا بۆی پێشنیاركرابوو، پەیوەندیی بەحزبی كرێكارانەوە كرد ،و جاریكی تر خۆی پاڵاوتەوەو هەڵبژێردرایەوە.

لەئیئتیلافەكەی موحافیزكاراندا بەسەرپەرسشتیی مك دۆناڵد،و دواتر باڵدوین، بەنوێنەرایەتی (حزبی نەتەوەیی كرێكاران) لەناو دەوڵەتدا دەست بەكاربوو. لە (دەست گرتنەوەكانی) ساڵی ١٩٣١دا، دەوڵەت یارمەتیە كەمەكانی خۆی بۆ خەڵكی بڕیو پێوەری تواناكانی خێزانی هێنایە كایەوە، كە بەگوێرەی ئەوە كچانی لاو كە تا ئەو دەمە چاویان لەدەستی باوكیان بوو، بەڵام كاریان دەست دەكەوت، ناچاربوون لەخێزانەكانیان جیاببنەوەو كارێك بۆخۆیان بدۆزنەوەو لەكاتێكدا كەبێ كاری گەیشتبووە ئەو پەڕی، دەوڵەت قانونێكی تێپەڕاند كە هیچ كەسێك نەتوانێ پارە لە (سندوقی حكومەت بۆ یارمەتیدانی بێكاران) وەرگرێ، مەگەر بیسەلمێنێ كە رۆژانە سەردانی كارگە دوور و نزیكەكان دەكاو كاری دەست ناكەوێ. بێ گومان ئەو بێ كارانە یەكێك لەسزاكانیان ئەوەبوو كە بنی پێڵاوەكانیان دەسوا. لەكاتێكدا جاویت سەرقاڵی ستایش كردنی رێ و شوێنەكانی (دۆزینەوەی كار بەدۆستایەتی)بوو لۆید جۆرج بەتەوسەوە زەردەخەنەیەكی كردو هەستایەسەرپێ، روی كردە دادوەرو لەكاتێكدا دانی بەهەموو وشەكاندا دەنا بەسەر زەنشتەوە وتی: (تاكو ئێستا هیچ كەسێك وەجاخزادەیەكی رێزدارو خوێندەواری تۆمەتبار نەكردوە بەوەی كە لەرووی دۆستایەتیەوە هەوڵی دۆزینەوەی دەرفەتی كاركردنی نەداوە)).

یەكێك لەگوێگرەكان هەمان ئەو وشانەی دوبارە كردەوە تا كاریگەری تەواو بەجێ بهێڵێ.

[9] priston

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەمەسەلەیەكی تردا سێر جۆن سیمۆن[١٠]، دوژمنی دێرینی، كەوتە بەرشاڵاوی سوكایەتی پێكردنی لۆید جۆرجەوە. سیمۆن كە لە حزبی نەتەوەیی كرێكاران دابڕابوو گاڵتەی بە هاوكارەكانی پێشوی خۆی دەكرد.

لۆید جۆرج دەستی خێری لەسەر دانا و وتی: ئەو وەجاغزادە بەرێزو خوێندەوارە دووجار لە ساڵۆنی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە رەت بووە[١١] و هەرجارێكیش ئەوێی پیس كردوە. وشەی پیس چەند چركەیەك لەگوێی ئامادەبواندا دەنگی دایەوە. لۆید جۆرج وردەكاریی هونەری رەوانبێژی فێری نەوەیەك و فێری خوێندكارە پارلەمانیەكانی خۆی كرد. هارۆڵد مك میلان ماوەیەك لەمەوبەر لەكاتێكدا كە زۆر بەجوانی جوڵەی بەجەستەی خۆی دەكرد بەنوسەری ئەم كتێبەی وت كە چۆن لۆید جۆرج فێری ئەوەی كردووە لەكاتی قسەكردندا دەستەكانی بەكار بهێنێ. ئەو وتی لەكاتی قسەكردندا پیویستت بەجوڵەی مەچەك و دەست و پۆزلێدانی بێ مانا نیە، لەبەرامبەردا پێویستە جوڵەی سەرجەم مەچەك و شان و تەنانەت پشتیش، لەگەڵ هەموو جەستەدا بەوشەكانەوە گرێ بدەیتەوە.

لۆید جۆرج بنیادنەری چاكسازیی كۆمەڵایەتی، چەكوشی لۆردەكان و مەردی مەیدان بوو. كاتێك زیانەكانی جەنگ لەڕادەبەدەر بوون و ئاسكویس كۆنترۆڵی كاروباری لەدەستدا، حزبەكان و وڵاتیش هانایان بۆ ئەو برد. ئەو توانا و لێهاتوییەی كە لەپلەی وەزیری تەقەمەنی و وەزیری جەنگدا بەكاری هێنابوو، لەپێناو هەوڵەكانی جەنگدا بەكار هێنرایەوە.

هەموو هەوڵێكی خۆی خستەگەڕ بۆ تەیار كردنی سەرلەبەری بەریتانیا و خەڵكی وڵاتەكەی: بۆ یەكەمین جار كەشتیەبازرگانیەكانی پڕچەك كرد و رەوانەی ئۆقیانوسەكانی كرد، تا لەكاتی پەلاماردانیاندا بتوانن بەئاسانی بەرگری لەخۆیان بكەن، بەڵام لەو

[10] Sir John Simon

[١١] ئاماژەیەكە بە گۆڕینی حزب.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ساڵانەی دواییدا، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩١٨، چەند نیشانەیەكی مێشك پوچیی لێ دەركەوت و لەجیاتی چارەسەركردنی كێشەكانی بێكاری، نیشتەجێبوون و (وەك خۆی بەڵێنی دابوو) هێنانەكایەی ((بەریتانیایەك كە شوێنێكی شیاوبێ بۆ پاڵەوانان))، كاتی خۆی زیاتر بەفریودان و سوكایەتی پێكردنی نەیارەكانی بەفیڕۆدەدا. هەر ئەوەش بوو بەهۆی كەوتنی.

ئەو شێوازەی كە لەقەیرانەكەی (كاناك[١٢])دا گرتیەبەر، و هێندەی نەمابوو جەنگی لێبكەوێتەوە، بۆ یەكەمین جار خستیە خانەی كەمینەوە. هاوشێوەی گلادستۆن ئەو قەناعەتەی لا دروست بووبووكە مافێكی خودایی لەبیر كردووەو گرنگترین فاكتەری مانەوە لەدەسەڵاتدا، دابین كردنی زۆرینەیە، لەكاتێكدا ئەو زۆرینەیەی پشتگیریان لێدەكرد لێی دوور كەوتنەوە.

ئەو (كۆپونەی) كە لەهەڵبژاردنەكەی ١٩١٨دا دابووی بەئەندامە باڵاكانی حزبی موحافیزكار، كۆپونی ئیئتیلاف بوو. هەركاتێك ئەوان دژایەتییان بكردایە یا دژی ئیئتیلاف بوەستانایە، ئەو نەیدەتوانی نرخی كۆپونەكانی بدا، بەڵام كاتێك دوای ١٧ساڵ خزمەت كە ٨ساڵیان (لەپۆستی) سەرۆك وەزیریدا بوو، خانەنشین كرا، دەیتوانی ئیدیعای ئەوەبكا كە چەند ئامانجێكی گەورەی پێكاوە. یەكەمیان ئەوەی كە باوكی چاكسازیە كۆمەڵایەتیەكان بوو. دووەمیان ئەوەی كە بەریتانیای لەجەنگدا سەرخست. سێیەمینیان ئەوەی كە رۆڵێكی گرنگی لەپەیماننامەی ئاشتی ڤێرسای دا گێڕاو كینزو[١٣] چەندانی تریش لەسەر تێهەڵكێشكردنی چەند بڕگەیەكی پەیوەست بەسزادان رەخنەیان لێگرت. ئەو پەیمان نامەیە بەپێچەوانەی پێش بینی زۆر كەسەوە ماوەیەكی زۆر بەردەوام بوو بەدەر لە هیتلەر، بوو بەپەندێكی باش بۆ هەركەسێك كە بیەوێ قانون و بنەما نێودەوڵەتیەكان پێشێل بكا.

[12] Chanak

[١٣] جۆن مینارد كینز، ئابوریناسی ناسراوی بەریتانی.

چوارەمینیشیان ئەوەی کە ڕێگەچارەیەکی بۆ مەسەلەی ئایرلەندە دۆزیەوە کە بەدرێژایی نەوەیەك بەردەوام بوو. ئەوەی کە گلادستۆن نەیتوانی بیکا ئەو کردی. ئەتلی دوای ٢٥ساڵ ئەو هەوڵەی ئەوی بەئاکام گەیاند، ئەویش ئیمزاکردنی پەیمانێك بوو کە دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی ئایرلەندەی لێ کەوتەوە، بەڵام هەم لە ڕێگەچارەکەی لۆید جۆرجو هەم لەرێگە چارەکەی (ئەتلی) شدا شەش ناوچەی ئەلستەر لەو بنەمایەدا بێ بەری کران.

کەچی هەر ئەو ئایرلەندەیە بوو کە لە پێی خست.

بەشێکی باڵادەستو سەرسەخت لەنوێنەرە ئیئتیلافیە موحافیزکارەکان لەسەر ئەوە لێی خۆش نەبوون، هەرچەندە کە ئەوان زیاتر لە چەند وەزیرێکی موحافیزکاری وەك چەمبەرلین، بێرکنهیدو بەلفۆر کە پشتگیریان لێکردبوو تورە بوون، نەك لەخۆی.

بەروکەش مەسەلەی کاناك هۆکاری کەوتنی بوو، بەڵام هۆکاری راستەقینە ئایرلەندە بوو.

بەو شێوەیە چووە ریزی ئەو سەرۆك وەزیرە ناسراوانەوە کە بوون بەقۆچی قوربانی ئایرلەندە: پیت لەساڵی ١٨٠١دا، پیل بە هۆی پەتاتەی گەنیوەوە،و گلادستۆنیش.

چێرچیل لەکتێبە چوار بەرگیەکەیدا (مێژووی جەنگی یەکەمی جیهان)) لەژێر ناونیشانی (قەیرانی جیهانو ئاکامەکەی)دا لەو بارەیەوە بیروبۆچوونی خۆی بەدرێژی خستۆتە روو: ((تا ئەو جێیەی بەڕێز لۆید جۆرج بتوانێ بەدبەختیەکانی خۆی بە مەسەلەی ئایرلەندەوە گرێ داتەوە رەنگە ئەویش وەك ئەسکویس، ستراوفۆرد، پیتو گلادستۆن،و وەك زۆرێك لەپاشاو سیاسەتمەدارە گەورەو بچوکەکان لەمێژووی ٧٠٠ساڵەی بەریتانیادا، نەتوانێ لەژێرباری کێشەکانی ئایرلەندەدا بەسەلامەتی بێتە دەرەوە.))





دەیڤید لۆید جۆرج لە وەچەی دێرینی وێڵشەو لە ١٧ی کانونی دووەمی نێوان دوایین دەوڵەتی پالمەرستۆن تا کۆتایی دەوڵەتی کاتی جەنگی چێرچیلدا ژیاوە. باوکی خەڵکی پێمبرۆکشایەر[١٤] بووەو لەوێ مامۆستا بووە.

دەیڤید تەمەنی هەژدە مانگ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد. خێزانەکەی بە ناچاری بۆ درێژەدان بە ژیانیان چونە لای برایەکی دایکی (ریچارد لۆید) لە (لینستامدیونی[١٥])، نزیك (کریك سیس[١٦]). لەگەڵ گەیشتنیاندا بۆ ئەوێ، براکەی تری لۆید جۆرج هاتە دنیاوە.

ئەو خانووەی تیایدا دەژیان خانویەکی ئاسایی بوو، بەڵام لەوێ لەهەموو رویەکەوە ئاسودە بوون.

ریچارد لۆید پێڵاو دروو بوو وکەسێکی رادیکاڵو وتاربێژێکی میللیش بوو. ئەرکی بەخێوکردنو پەروەردەو فێرکردنی دەیڤیدی لاوی گرتە ئەستۆ. لەساڵی ١٨٧٧دا، لەناوەندێکی مافناسیدا لە پۆرتیورادۆس[١٧] وانەی مافناسی خوێند،و بەدرێژایی ئەو ماوەیە خاڵی یارمەتی دەدا.

لەساڵی ١٨٨٤دا، لەلەندەن تاقی کردنەوەی داو پاشان نوسینگەیەکی راوێژکاریی مافی لە (کریکس)کردەوە.

لەپێشەکی ئەو بایۆگرافیەدا کە فرانك ئاون نوسیویەتی ئاماژە بەوە دراوە کە لۆید جۆرج لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەیەکدا ناوبانگی دەرکرد.

کێشەکە ئەوەبوو کە قەشەی ناوچەی لانگ رۆتن[١٨] ڕێگەی نەدا تەرمی کرێکارێکی پیری کانەکان لەناو زەویەکەی کڵێسادا بەخاك بسپێردرێ، لەبەر ئەوەی ئەو کرێکارە سەر بە کڵێسای رەسمیی ئینگلیزی نەبوو.

[14] Pembrokeshire
[15] Llanystumduwy
[16] Circcieth
[17] porturados
[18] Liangrothen

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

قانونەكەی سالّی ١٨٨٠، هەموو جۆرە رەگەزپەرستیەكی قەدەغە كردبوو، بەلاّم سەبارەت بەچۆنێتی بەخشینی زەوی بەكلێسا چەند خالّێكی ئالّۆز هەبوو كە ئەو مەسەلەیەی دژوار تركردبوو. بەهەرحالّ قەشە رێگەی نەدا درێژە بەهەلّكەندنی گۆڕەكە بدەن و فەرمانیدا درێژە بەهەلّكەندنی گۆڕەپانەكە بدەن و ئەوەی هەلّكەندراوە داپۆشرێتەوە. كرێكارەكانی ئەویّ چوونە لای لۆید جۆرج. ئەو پێی وتن كە لەسەر هەلّكەندنی زەویەكە بەردەوام بن و شەو درەنگانێك تەرمەكەیان بەخاك سپارد.

قەشە لەدادگا شكاتی كردو بردیەوە، بەلاّم لۆید جۆرج ئەو حوكمەی رەت كردەوەو تێی هەلّچۆوە.

دادوەری دادگای پارێزگا ئەمجارەشیان هەر لەبەرژەوەندیی قەشە حوكمی‌دا، بەلاّم لۆید جۆرج دیسانەوە تیّ هەلّچۆوە. ئەوەبوو لە دادگای بالاّی لەندەن كالریدج[19] دادوەری گشتی دادگا لەبەرژەوەندی كرێكارەكە حوكمی دا.

بەوشێوەیەو بە پەنابردن بۆ چەند دادگایەك توانی حوكمەكە بەلای هاوشاریەكانی خۆیدا داشكێنێتەوە. زۆری نەخایاند بەنوێنەرایەتی هاوشاریەكانی و بەنوێنەرایەتی گەلی وێلّزیش سكالاّكانی لەدادگای بالاّی پارلەماندا خستەروو.

لەسالّی ١٨٩٠دا لەناوچەی هەلّبژاردنی كارنارۆن كە چوار هەزار دەنگدەری هەبوو بەجیاوازیی ١٨دەنگ سەركەوتنی بەدەست هێناو بوو بە ئەندام پارلەمان.

بۆ قسەكردن پەلەی نەبوو ، بەلاّم كاتێك لائیحەی غەرامەكردنی ئەو خاوەن مەیخانانەی كە مۆلّەتەكانیان بەسەر چووبوو خرایە روو، و لەلایەن ئەندامە وێلّشیەكانی ناو پارلەمانەوە كە لۆید جۆرج یەكێك بوو لەوان مشتومڕی لەسەر كرا، داواكرا ئەو پارەیە تەرخان بكریّ بۆ یارمەتیدانی دامو دەزگاكانی پەروەردەو فێركردنی وێلّش.

---

[19] Coleridge





مەكتەبی بیرو هۆشیاری

وتەكەی پێشوازییەكی گەرمی لێكرا، بەلاّم بەر لەچەند هەفتەیەك لەناو ئینگلیزەكاندا ناوبانگی بەوە پەیدا كرد كە بە پێشكەش كردنی وتار لەچەندین شوێنی جیاجیای ولاّت دەیەویّ سەرەتا نوێنەرانی وێلّش و دواتریش نوێنەرەكانی تر لەپیّ بخا.

گلادستۆن رای لێنەبوو، لەبەر ئەوەی سەركێش و ئاگرین بوو وئەوەش بەئاراستەیەكی هەلّەیدا برد. بەدرێژایی شەش سالّ زۆربەی وتەكانی لۆید جۆرج دەربارەی ئەو سكالاّیانە بوو كە لەدژی هەرێمی وێلّز دەخرانە ڕوو. هێندەی نەمابوو كە لەسالّی ١٨٩٥دا كورسیەكەی خۆی لەئەنجومەندا لەدەست بدا.

لەسالّی ١٨٩٦دا، لەداوایەكی پەیوەست بەمافی سەرپەرشتیكردنی منداڵێكدا تێوەگلا، بەلاّم دوای چەند مانگێك تۆمەتەكەی لەسەرلاچوو.

تا دەهات چالاكیەكانی خۆی لەكاروباری حزبی لیبرالدا چڕتر دەكردەوە. سەرەتا سكالاّنامەی وێلّشیەكانی بەكێشەو گرفتی ئینگلیزەكانەوە گریّ دەدایەوە، بەلاّم دوای ماوەیەك نوكی تیژی هێرشەكانی ئاراستەی حكومەتەكەی سالسبێری كرد ،و بۆ نمونە رەخنەی توندی لەهەنگاوێكی حكومەت گرت سەبارەت بە بەخشینی چەند ئیمتیازێك بەخاوەن زەویەكان ـ لۆردەكان ـ .

كاتێك پەی بەشێوازەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بردو شارەزایی تێدا پەیدا كرد، گرنگیی زیاتری بەمەسەلەكانی پەیوەست بە ناوچەكانی پشت دەریاكان دا، لەوانە ئۆگەندا، پێشهاتی فاشوداو لەوەش زیاتر پەلامارەكەی جەیمسن و رەخنەی توندیشی لە سیاسەتەكانی جۆزیف چەمبەرلین سەبارەت بەئەفریقای باشور گرت كە جەنگی بویری لیّ كەوتەوە.

لەئینشیقاقە گەورەكەی حزبی لیبرالدا، لۆید جۆرج بەوپەڕی تواناوە دژایەتی بالّی ئیمپریالیستی حزبی كردو بەتەواوی لە دژی سیاسەتی جەنگ پەسەندیی ئەوان وەستایەوە.

ڕەوانبێژیەکەی ڕەهەندی تری بەخۆوە دی کاتێك لەسەرانسەری وڵاتدا قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد کە دژی جەنگ بوونو خۆپیشاندەرانی نەیار پەلاماری لایەنگرانی بوێرەکانیان داو لێیان دان.

ڕاکردنەکەی لەکۆبونەوەیەکی شێتانە لە پێرمینگهام بە جلو بەرگی پۆلیسیەوە (لەکاتێکدا جلەکانی کورت بوون بە بەری) وەك داستانێك دەگێردرێتەوە، بەڵام هیچ گومانێك لەوەدانیە کە لەوپێشهاتەداو چەند جارێکی تریش ژیانی خۆی خستۆتە مەترسیەوە.

بۆ ئەوو بۆ یەکێتی لیبرال ئەوە پەیمانی ڤێرینیگینگو[٢٠] ڕازی بوونی جۆزیف چومبەرلین بوو لەسەر چاکسازیی تاریفە کە ریزەکانی حزبی لیبرالی یەکخستەوە. کاتێك کەمپبیل بانەرمان کابینەکەی خۆی لەکانونی یەکەمی ١٩٠٥دا پێکهێنا لۆید جۆرج بوو بەسەرۆکی ژوری بازرگانیو پیشەسازی.

دوای مردنی کەمپبیل بانەرمان، لەنیسانی ١٩٠٨دا، ئاسکویس جێی گرتەوەو لۆید جۆرج پۆستی وەزارەتی دارایی گرتە دەست. لەهەلومەرجێکدا کە کێشەوگرفتی نوێ لەئایرلەندە سەری هەڵدابوو، ململانێیەکی سەرەنج ڕاکێش لەسەر مەسەلەی مافی ژنان لەوێستمینیستەر لەکایەدابوو، و لەکاتێکدا دوو تۆمەتی ئاراستەکرابوو کە پەیوەست بوو بەژیانی تایبەتی خۆیوبە پەیوەندیەکی خۆشەویستیەوە، سەرقاڵی ئامادەکردنی بودجەیەکی جەماوەری بوو*.

بۆ ئامادەکردنی بودجەیەکی ئاوا ناچاربوو دژایەتیی تەرخان کردنی پارەی زیاتر بکا بۆ سوپا، و ناکامانە هەوڵی دا داخوازییەکی هێزی دەریایی سەبارەت بە بەرنامەیەکی

---

[٢٠] Vereeniging شارێکە لەئەفەریقای باشور و دەکەوێتە باشوری ترانسڤاڵەوە، ئەو پەیماننامەیەی تێدا ئیمزا کرا کە لەساڵی ١٩٠٢دا کۆتایی بەجەنگی بویر هێنا ـ و .

* لەدەقە ئەسڵیەکەیدا ناونیشانی بودجەی جەماوەری ئاماژەی پێ کراوە کە دەستپێکی چاکسازی قووڵی کۆمەڵایەتی بووە لەلایەن لۆید جۆرجەوە ـ و .





نوێی دروستکردنی کەشتیی جەنگی ڕەت بکاتەوە، ئەو داخوازیەی کە لەودەمەدا لەگەڵ دروشمی ((هەشت (کەشتی جەنگی) مان دەوێو چاوەڕێ ناکەین[٢١])).

هەرچەندە لەلایەن چێرچلەوە پشتگیری لێ دەکرا، بەڵام لەبەرامبەر ئەو داخوازیەدا چۆکی دادا. چێرچیل ململانێکەی ئەوی لەگەل هێزی دەریاییدا ئاوا کورت کردۆتەوە: ((سەرەنجام بەرێگەچارەیەکی سەیر گەیشتن کە لەجۆری خۆی بێ وێنە بوو. دەریادارێك داوای شەش کەشتیی کردبوو، و ئابوریناسان پێشنیاری چوار کەشتیان کردبوو، و سەرەنجام ئێمە ڕەزامەندیمان لەسەر هەشت کەشتی دا.)) مۆرلی لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر چێرچیل دەریادار بوایە ((ئێمە پێویستمان بە شانزە کەشتی دەبوو نەك هەشت کەشتی.))هەربۆیە دەبێ لۆید جۆرج چێژی لەو ململانێیە وەرگرتبێ.

دوابەدوای هەوڵێکی دورودرێژ لەبواری خەرجییە گشتیەکاندا- هەوڵێك کە ئەمرۆکەش دەبینین کەچەند سەختو دژوارەو چەند وزەی دەوێ-بە (چارلز ماستەرمان[٢٢])ی وت: ((من بە ڕاستی پێویستم بە پشوو هەیە، بەڵام هێشتا شەڕێکم لەبەردەمدایە)). ئەو شەڕانە تایبەتمەندیی وەزیرەکانی دارایی بووە لەهەموو سەردەمو ڕۆژگارێکدا.

ئەوە ململانێکانی ئەو بوون لەگەڵ لۆردەکاندا (هەرتەنیا لەمەسەلەی بودجەدا نا) کە سیاسەتی جۆش دەدا.

لۆید جۆرج لە سەروبەندی تەسلیم کردنی (لائیحەی پیدانی مۆڵەت بە مەیخانەکان)دا گەڕایەوە بۆ جموجۆڵەکانی لۆرد لێنز داون کە سەرکردەی سیناتۆرە توریەکان بوو، ناونیشانی لائیحەی حکومەتی موحافیزکاری گۆڕی بۆ ((جاڕنامەی بەرهەم هێنەرانی بیرە)).

---

[21] We want eight. And we wont wait

[22] Charles masterman

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لێنز داون سەرجەم سیناتۆرە توریەكانی بۆ ماڵەكەی خۆی بانگ كرد كە ٨٠٪ی دەسەڵاتی لۆردەكانیان لەدەست دابوو، لەوێ رێك كەوتن لەسەر ئەوەی ئەو لائیحەیە رەت كەنەوە.

لۆید جۆرج وتی: (ئەم وەجاخزادەیە لەماوەی دوو سەعاتدا شەكری وای شكاندوە كە لەرۆژگاری تاریكی چارلزی یەكەمەوە تا ئەمڕۆ هیچ پاشایەكی ئینگلتەرە قسەی وای دەرنەپەڕاندووە.)

كاتێك نوێنەرێكی موحافیزكاران سیناتۆرەكانی بە (سەگی پاسەوانی قانون) لەقەڵەم دا لۆید جۆرج بەر لە دەست پێكردنی مشتو مڕ دەربارەی بودجە، بەهێنانەوەی نمونەیەك دەربارەی سەگ رووی دەمی كردە بینەرێكی سكۆتلاندیو ووتی: پیاو سەگە توكنەكەی بەرێز بەلفۆری بیر دەكەوێتەوە! كەسەرقاڵی كاری رۆژانەیەتی: ((بە وەڕین بەخێرهاتنی میوانەكەی دەكاو گاز لەو كەسانەش دەگرێ كە خاوەنەكەی ئاماژەیان بۆ دەكا.))

جۆرج لەمشتو مڕەكەی پارلەماندا دەربارەی چاكسازیی كۆمەڵایەتی وتی: ((زۆرمان دەربارەی ئۆتۆنۆمیی ئایرلەندە بەر گوێ كەوتووە. ئێستا ئۆتۆنۆمیمان بۆ ئایرلەندە دەوێو هەروەها بۆ سكوتلاندیش! لەبەر ئەوەی مافی ئەوەمان نیە حوكمی خۆمان بكەین. ٥٠٠ یا ٦٠٠ نوێنەری بەرێز- بەداوای لێ بوردن لەوەجاغزادە بەرێزەكان[٢٣] - لەئەنجومەنێكی تردا كە بە رێكەوت لە رووی بەختەوە رێیان تێی كەوتوە. لەباكورەوە، لەباشورەوە، لەخۆراواو لەخۆرهەڵاتەوە، بێ ئەوەی هیچ كەسێك لەهەڵو مەرجێكی تایبەتدا رایسپاردبن هاتونەتە ئەوێ تا رێ بەگەل بدەن كە چ قانونێك بۆ خۆیان دابنێن.

[٢٣] مەبەستی سیناتۆرەكانە- و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

**ئەوانە نوێنەری چین؟ ئەوانە نوێنەری سامان نین، نوێنەری سەرمایە نین، نوێنەری دەیەكی ئەوەش نین[٢٤]، ئەوانە نوێنەری خاوەن موڵكو خاوەن زەویەكانن ..))**

ئەمە گەورەترین شەڕبوو كە لەكاتی خستنەرووی لائیحەی چاكسازی لە ساڵی ١٨٣٢بەدواوە كرابێ. شەڕێك كە بەهەمان جۆشو خرۆشەوە لەدەرەوەی ئەنجومەنیش درێژەی هەبوو.

بەناوبانگترین وتەی لۆید جۆرج لە لایم هاوس[٢٥] پێشكەش كرا.

لایم هاوس، دەستەواژەیەك بوو كە توریەكان بۆ ووروژاندنی خەڵكی بەكاریان دەهێنا. كرێی زەڵكاوو زەویە بە قورولیتە داپۆشراوەكان لەئەنجامی بەرفراوان كردنی بەندەردا هەر جریبی ٢ تا ٣ پاوەند زیادی كردو زەویەكانی ئەو شوێنە جریبی بە ٢٠٠٠، ٣٠٠٠، ٦٠٠٠، ٨٠٠٠، پاوەند دەفرۆشرا. ناكرێ هەموو وتە ووروژێنەرەكانی ئەو (لۆید جۆرج) یەك بەیەك دابنێین، بۆیە تەنیا نمونەیەكی لێ دێنینەوە: **((كێ هەوڵی پەرەپێدانی ئەم ناوچەیەی دا؟ كێ ئەم زەڵكاوانەی ئاوەدان كردەوە؟ ئایا ئەو كەسە خاوەن موڵك یا خاوەن زەوی بوو؟ ئایا لەئاكامی ماندوبوونی ئەودا بوو؟ ئایا بە بیروهۆشی ئەو ئاوەدان كرایەوە؟ نەخێر وا نەبوو! ئەوە لە ئاكامی هەوڵی دەستە جەمعیی هەموو ئەو كەسانەدا بوو كە سەرقاڵی كاری بازرگانی بوون لەو بەشەی شاری لەندەندا، واتە فرۆشیاران، بازرگانان، خاوەن كەشتیەكان، كرێكارانی بارهەڵگرو هەركەسێكی تر جگە لەموڵكدارو خاوەن زەویەكان.))**

ئەو پەرەپێدانی بەشی خۆرهەڵاتی شاری لەندەنی بە چاك بوونەوەیەك شوبهاند كە بە دەستنیشان كردنی چارەسەری گونجاوی باری تەندروستیی نەخۆشێك لەلایەن دكتۆرێكەوە دێتەدیو كۆمەڵگەیەك پێی شاد دەبێ،و ئاماژەی بەو كۆمەك و یارمەتیانەدا كە لەپێناو خۆشگوزەرانیی خەڵكیدا پێش كەش كراون.

[٢٤] مەبەست لە باجی یەك دەیە كە تایبەت بوو بە كڵێسا.

[٢٥] بەشێكە لە ئیست ئێندی لەندەن- و.



هاوسەری (لۆید جۆرج) و منداڵەکانی





ئەو خاوەن موڵكێكی دوورەپەرێزی لەگەڵ كرێكارێكی كانەكانـدا بـەراورد كـردووە، خاوەن موڵكێك كە هیچ رۆڵێـك لـە ژیـانی كۆمەڵایەتیـدا نـاگێڕێ لەكاتێكـدا كـە ئـەو زەحمەتكێشە رۆڵی كارا لەژیانی كۆمەڵایەتیدا دەگێـڕێ، بـەڵام لـەرەنجو ماندوبوونـدایـە. بەو شێوەیە دیمەنێك دەخاتەروو كە هەرگیز لەبیر ناكرێ.

رۆژنامەی تایمز لۆید جۆرجی مەحكوم كرد. پاشا بەزمانێكی توندو نائاسایی گلەیی لەسەرۆك وەزیر كـردو دوابـەدوای ئـەوە نامـە لـەنێوان وەزیـری دارایـیو دەربـاردا ئـاڵو گۆڕكرا.

لۆید جۆرج لە دانیشتنی سـێیەمی لائیحەكـەدا وتەیـەكی پێـشكەش كـردو تیایـدا لۆردەكانی خستە ژێر پرسیارەوە كە بە چ هەقێك ئیدیعای دەسەڵاتی لـەو جـۆرە دەكـەن. ((با پێتان بڵێین سەرقاڵی چین، ئەوانە خەریكن خەڵكی ناچار بكەن شۆڕش بەرپابكەن. رەنگە سیناتۆرەكان فەرمانی شۆڕشێك دەربكەن، بەڵام ئەوە خەڵكە كە رابەرایـەتیی شـۆڕش دەكـەن. ئەگـەر ئـەوان دەسـت پێبكـەن بـاش دەكـەنو (سـیناتۆرەكان) هـەر بەمێشكیشیاندا نایە. ئێستا ئێمە پرسیارەكانی خۆمان دەدەین بەگوێی ئەوانـدا، بـەڵام بەتوندیو بەپشتیوانیی قانون وەڵامان لێیان دەوێ.))

ئـەو پرسـیارەكانی كـرد. وەك تـیر دڵـی لۆردەكـانی پێكـاو دەسـەڵاتی خـستە ژێـر پرسیارەوە كە بە چ هەقێك رێگە بە خۆیان دەدەن خواستی خـەڵكانێك پـشت گـوێ بخـەن كە بە هەوڵو كۆششی خۆیان برەویان بە پیشەسازیو سامانی وڵاتەكەیان داوە.

((ئەمانـــە چـــەند پرســـیارێكنو دەكـــرێن. وەڵامـــەكان مەترســـیی لەبەریـــەك هەڵوەشاندنەوەی نەزمێك دێنێتە كایەوە كە سیناتۆرەكان نوێنەرایەتیی دەكەن. بەڵام ئەو وەڵامـانە ئاوی ژیانن بۆ لێوی وشكو تینوی خـەڵكانێك كـە رێگـەی خـاكیی سـەردەمە تاریكەكان كە ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوا تیشكێكی لـێ بەدەركەوێ، تەی دەكەن.))

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لۆردەكان هەروەك ئاماژەی پێدرا بودجەكەیان رەت كردەوەو هەڵبژاردن بە دوو خول ئەنجام دراو بڕیاری پاشای نوێ بە دانانی سیناتۆری نوێ پەسەند كردنی لائیحەكەی لێ كەوتەوە.

لەگەڵ دەستپێكی سەردەمێكی نوێدا چەند مەسەلەیەكی نوێ سەریان هەڵدا وەك هەڕەشە كردن لەئاشتیی ناوچەی دەریای ناوەڕاست، مەترسیی سەندیكا كرێكاریەكان، یاخی بوونی سەندیكا كۆنەكان، بەهێزبونی بە بەرنامەو پلەبەپلەی هێزە سەربازیەكانی ئەڵمانیاو چەند مەسەلەیەكی تر كە ئایرلەندەیان خستە سەرلێواری جەنگێكی ناوخۆ.

بەلای لۆید جۆرجەوە ئەو سەردەمە، لائیحەی بیمەی نەتەوەیی‌و جەنگێكی بەچێژتری لەخۆ دەگرت. (دوشس)*ەكان وتبویان یا لەزاری ئەوانەوە بیستراوە كە لەجیاتی كارەكەرەكانیان زمان لەو پولی بیمانە هەڵناسوون كە لۆید جۆرج لەچوار پێنسەوە كردونی بە نۆ پێنس.

لەو ماوەیەدا یەكەمین كێشە كە ڕووبەڕووی لۆید جۆرج بۆوە مەسەلەی ماركۆنی[26] بوو كە تیایدا لەگەڵ رەفس ئیسحاقدا[27] كاڵفامانە گرەویان لەسەر پشكەكانی كۆمپانیای ماركۆنی ئەمریكا كردبوو، نەك لەسەر پشكەكانی كۆمپانیای ئینگلیزی كە حكومەت ئیمتیازی گرنگی تەلەگرافی بێ سیمی پێ دابوو و خەزێنە سەرمایەكەی بۆ دابین كردبوو. بەوپێیە ئەو مەسەلەیە كاریگەرییەكی خراپی بەجێ هێشت. پایخ[28] ئەنجامی لێكۆڵینەوەكانی لیژنەی تایبەت بەلێكۆڵینەوە لەو مەسەلەیەی لەكاریكاتێرێكدا چڕكردۆتەوە. لەو كاریكاتێرەدا (جۆن بول[30]) بەرچاو دەكەوێ كە پێیان

---

* دوشس ژن یا بێوەژنی (دۆك)ەو لە ناوەڕۆكدا بەو ژنانە دەوترا كە پلەیان لەئاستی (دوك)دا بوو و پێیان دەوترا دوشس ـ و .

26 Marconi

27 Rufus Isaacs

28 پایخ بڵاوكراوەیەكی كاریكاتێری بوو بەرێز پایخ پاڵەوانی كاریكاتێرەكانی بوو ـ و .

30 Jahn Bull





دەڵێ: (بڕۆن رۆڵەكانم، ئێوە بێ ئەوەی ئابڕوتان لەكەدار بێ لە دادگا دەچنە دەرەوە. تاكە لەكەیەك كە پێتانەوە بنوسێ ئەوەیە كە بە روسپی لەقەڵەم دراون.)

لۆید جۆرج لەساڵی ١٩١٣دا، باجێكی خستە سەر بەهای شوێن كە كاریگەریی ئەوتۆی لەسەر كۆمەڵگە نەبوو لەكاتێكدا خەڵكی هەر لەژێر كاریگەریی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٩دا بوون. بودجەكەی ساڵی ١٩١٤ی ئەو لە بودجەی ساڵی ١٩٠٩، رادیكاڵ تر بوو ((باجی سەر داهاتی زیادە))ی تێدابوو.

لێرەدا ڕووبەڕووبونەوەیەك لەنێوان ئەو و سەرۆكی ئەنجومەندا لەسەر مەسەلەی پەیڕەو وپرۆگرام سەری هەڵدا. سەرۆكی ئەنجومەن وتبوی ئەمە (لائیحەیەكی دراوی) نیەو لەگەڵ (قانونەكانی پارلەمان)ی ساڵی ١٩١١دا ناگونجێ،و ئەگەر لۆردەكان رەتی كەنەوە ناتوانرێ داكۆكی لێبكرێ.

ئەو چەند ساڵە بۆ لۆید جۆرج بەكامی دڵ نەبوون، بەڵام ئاسكویس ئەوپەڕی سودی لێ وەرگرت.

مانگرتنێكی دی هێڵی ئاسنی دامركاندەوە. رەوانەی ئایرلەندە كرا تا لایەنە ناكۆكەكان لەیەكتری نزیك خاتەوەو بە بەرنامەكانی خۆی داخوازیەكانی پەیوەست بە هێنانەكایەی حكومەتێكی نەتەوەیی بۆ ئایرلەندە لەشەش ناوچەی باكوردا بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەڵپەساردو سەیر لەوەدایە كە تارادەیەك لەگەڵیاندا پێكهات.

بەڵام لە هاوینی ١٩١٤دا، وادەهاتە بەرچاو كە بارودۆخ لەبارە بۆ هەڵایسانی جەنگێك لەسەر لائیحەی چاكسازی لەسەر بنەمای وەلاتانی ئەلستەر..

كاتێك پێشهاتی تیرۆركردنی جێنشینی نەمسا لە سەراییڤۆ[31] ئاگری جەنگی لەئەوروپا هەڵایساندو ئینگلتەرە بەرەبەرە پەل كێش كرایە ناو كێشمەكێشمە ئەوروپییەكان، بارودۆخەكە بەتەواوی گۆڕا.

---

31 Sarayevo

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لـە ٣٠ی ئابـدا بـەلفۆر پێـشنیاری كـرد لائیحـەی ئەلـستەر دوابخـرێو پاشـان جـۆن ریدمۆند[32]، سەركردەی ئایرلەندی، لەیەكێك لـەدیارترینو ئازایانـەترین ناوبژیوانەكانـدا لەمێژووی پارلەماندا بەڵێنی دا كۆتایی بە ناكۆكیەكانی ئایرلەندە بێنـێو رەزامەنـدیی سەرجەم سەركردەكانی ئایرلەندە بەدەست بێنێ تا بەریتانیا بتوانێ هێزەكـانی خـۆی لـە ئایرلەندە بكێشێتەوە و رەوانەی هەر شوێنێكی دنیای بكا كە پێویستی پێ‌ی هەبێ.

هەڵایسانی جەنگ لۆید جۆرجی بەئاگا هێنایەوە، لەبەر ئەوەی لەبـەردەم قـەیرانێكی دارایدا بوو كە دەبوایە بەسەریدا زاڵ بێ.

قانونەكەی ساڵی ١٨٤٤ی پیل جارێكی تر سودی لێ وەرگیرایـەوەو پێـدانی ئـاڵتون راگیرا.

لـەماوەی یـەك هەفتـەدا بـارودۆخ كـۆنترۆڵ كـراو ئەسكەناسـی یـەك پاوەنـدیو دە شیلینگی بلاو بۆوە.

بەو شێوەیە وەك وەزیرێكی نەتەوەیی سەیردەكرا. بودجە نائاساییەكەی كـاتی جـەنگ لەبەر هۆی سیاسی قابیلی لـێ پێچینەوە نەبوو.

وتەیەكی ئاگرینی پێشكەش بە وێڵشەكانی دانیشتوی لەندەن كـردو داوای لێكـردن خۆیان بۆ جەنگێكی داهاتوو سازو ئامادە بكەن. دوابەدوای ئەوە گەشتێكی بەناو وڵاتدا كردو خەڵكیی هاندا پەیوەندی بە ریزەكانی سـوپاوە بكـەن. لـەماوەی چـەند مـانگێكـدا لەگـەڵ كارگـەی بەرهـەم هێنـانی تەقەمـەنیو چـەند ناوەنـدێكی تـری بەرهـەم هێنـانی تەقەمەنیـدا رێـك كـەوت كـە رێگـە بـدەن كـارە هونـەریو تایبەتیـەكان بـەكرێكاری نیوەكارامـەو تەنانـەت ناكارامـەش بـسپێرن. پەیوەنـدیی لەگـەڵ رادیكاڵەكانـدا كـە هەنـدێكیان مـەیلیان بـەلای ئاشـتیدا هـەبوو و بـەرەو سـستی چـوو، بەپێـچەوانەشەوە پەیوەندیی لەگەڵ موحافیزكارەكاندا پتەوتر بوو.

---

[32] Jahn Redmand





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەدوایین رۆژی ساڵی ١٩١٤دا، لە دوتوێی نامەیەكی كراوەی ٣٠٠٠هـەزار وشـەییدا كە بە شێوازێكی جوان نوسرابوو، راوبۆچونی خۆی دەربارەی رەوتـی جـەنگو سیاسـەتی جەنگ بۆ ئاسكویس بەیان كردبوو: ((لە (بەرەی خۆراوادا) كارەكان گرێ‌كوێرەیـان تـێ كەوتووەو هێزەكانی هەردوولا دوچاری ئیفلیجی بوون. ئەگەر بـەریتانیا درێـژە بـەهێرش بدا ئەگەری ئەوە هەیە ((زیانی گیانیی قورسی)) لـێ بكەوێتەوە. بۆیە پێویستمان بەوە هەیە كە لە چەند شوێنێكی تری جیهان ((سەركەوتنێكی گـەورە)) بەدەسـت بهێـنن.))

لۆید جۆرج پێشنیاری دوو هەنگاوی سەربازیی سەربەخۆو جیـا لەیـەكتری كـرد: سـەرەتا دابەزاندنی هێزێكـی هاوبەشـی یـەك ملیـۆن كەسـیی بـەریتانی، سربـستانی، رۆمـانیو یۆنانی لەكەنارەكانی نەمسا- هەنگاریا لەدەریای ئەدریاتیك، بـۆ ناچـاركردنی ئـەڵمانیا بە كێشانەوەی هێزەكانی لەبەرەی خۆراوا، تا بەریتانیا بتوانێ كۆمەك بە هاوپەیمانـەكانی بكا كە لەژێر هەڕەشەدانو ئیتاڵیاش هان بدا بەشداری لەوجەنگەدا بكا بـەوەی تـەماعی بەشێك لە خاكی نەمسای بخاتە بەر.

پێشنیاری دووەمی لۆید جۆرج پەلامـاردانی راستەوخۆی توركیا بوو.

بە بۆچونی ئەو پەلامارێكی لەو جۆرە ((دەرفەتی ئەوە بۆ بەریتانیا دەڕەخسێنێ كـە سـەركەوتنێكی بەرچـاو بەدەسـت بێنـێ.)) پلانەكـەی بریتـی بـوو لـە دابەزانـدنی ١٠٠٠٠٠سەربازی ئینگلیزی لە كەنارەكانی سوریاو لـەناوبردنی ئـەو ٨٠٠٠٠ سـەربازە توركەی لەوێ جێگیر كرابوون، تا بەو شێوەیە روسـیا لەگوشـاری سـەربازیی توركیـا لـە قەفقاز رزگـاری بـێو هێزەكـانی خـۆی رەوانـەی جـەنگی ئەڵمانـەكان بكـاو بـەریتانیاش بتوانێ فەلەستین داگیربكا.

لۆیـد جـۆرج ئاسكویـسی ئاگـادار كردبـۆوە لـەوەی ئەگـەر پێـشنیارەكانی رەت بكرێتـەوەو حكومـەت دەسـت بخاتـە سـەر دەسـتو تەسـلیمی روداوو پێشهاتەكانی بـێ بەریتانیا بێ ورە دەبێ لەبـەر ئـەوەی هەركـە خـەڵك پـەی بەوەبـەرن كـە لەبـەرەی خـۆراوا رووبەرووی شكست دەبنەوە، بڕستی ئەو تەنگەژە ئابوریە توندەیان نابـێ كـە بەدڵنیایـەوە

بەریتانیا روبەروی دەبێتەوە. لۆید جۆرج لە كۆتایی نامەكەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجام گیرییەی كە: پێویستە دەمو دەست دوا بڕیار لەو بارەیەوە بدرێ. كاتێكیش شورای جەنگ بەمەبەستی تاووتوێكردنی هەڵبژاردنی یەكێك لە بەرەكانی جەنگ كۆبۆوە جارێكی تر پێشنیارەكانی پێشوی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنی بەرەی ئەدریاتیك‌و سوریا خستەروو.

شورای جەنگ رازی بوو لەسەر ئەوەی بەرەیەكی نوێ بدۆزێتەوە: ئەویش بەناچاری وەك یەكەمین ئامانج، (داردانێل)ی هەڵبژارد. لەوە بەدواوە لۆید جۆرج پشتگیریی لە ئۆپەراسیۆنە جەنگیەكانی داردانێل كرد، بەڵام هاوشێوەی چێرچیل رەخنەی لەو باری سەرنجانە دەگرت كە دەیان گوت داردانێل سەركەوتنی لێ ناكەوێتەوە، بەتایبەت باری سەرەنجی كیچنەرو وەزارەتی بەرگری.

لۆید جۆرج راشكاوانە رەخنەی لە وەزارەتی جەنگ گرت. چێرچیل لە نامەیەكی تایبەتدا نووسی ((دوربینی‌و ئازایەتیی لۆید جۆرج بێ هاوتایە. ئەو هیچ كاتێك تیانامێنێ. لەدیدی ئەودا هیچ كارێك مەحاڵ نیەو هیچ پلانێك ناوازە نیە.))

((بۆ هیچ كارێك تیا نامێنێ)) وەسفێكی پڕ بەبەری لۆید جۆرج بوو. لەمارسی ١٩١٥دا، ئاسكویس لە راپۆرتێكدا بۆ ڤێنشاستانلی ئاماژەی بەوە داوە كە لۆید جۆرج تەنانەت بە زینداتی‌كردنی ئەو كەسانەش رازیە كە لەكاتی جەنگدا ئامادە نەبوون كاربكەن. ئەو لەریزی پێشەوەی ئەو سەرۆك وەزیرانەدا بووكە پێیان وابوو دەبێ شوێنە پیرۆزەكانی بەیت لەحم‌و قودس لە توركەكان بستێنرێنەوەو داگیر بكرێن.

٤ساڵ بەر لەپەیمانی ڤێرسای دژی تێكشكانی توندوتیژ ئامێزی ئەڵمانیا بوو دوای سەركەوتن لەجەنگداو لەو باوەڕەدابوو كە ئەڵمانیایەكی لاواز دەبێتە هۆی زیادبونی دەسەڵاتی روسیا لەئەوروپادا.

لۆید جۆرج كەمیی تەقەمەنیی خستە ژێر پرسیارەوە (لەبەر ئەوەی لە دان‌و ستانەكانیدا لەگەڵ یەكەكانی بەرهەم هێنانی تەقەمەنیدا شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا





كردبوو)، و هەنگاوی نا بۆ كۆتایی هێنان بەو كێشەیە. دانانی كیچنەریش لەدەستەی سەرۆكایەتیی هێزە چەكدارەكان، كە بەرپرسیار بوو لەو بێ‌بەندوباریەی لە مەسەلەی كەمیی تەقەمەنیدا هەبوو خۆی دوورەپەرێز دەگرت لە چارەسەر كردنیداو هیچ هەوڵێكی لەو پێناوەدا نەخستەگەڕ. لۆید جۆرج هەنگاوێكی سەیری نا. وا بڵاوبۆوە كە كرێكارانی كارگەیەكی بەرهەم هێنانی تەقەمەنی لەنزیك كارلایل[٣٣] بەردەوام سەرگەرمی مەی خواردنەوەن‌و ئەوەش بەرهەم هێنانی تەقەمەنی سست كردووە.

لۆید جۆرج پەردەی لەسەر مەسەلەی كارلایل هەڵماڵی‌و بە (ئەزمونی كارلایل)ی ناو بردو دوابەدوای ئەوە كارگەكانی بەرهەمیهێنانی بیرەو مەیخانەكانی ئەوێی كرد بە موڵكی دەوڵەت.

ئەو دۆخە تا هاتنەسەركاری حكومەتەكەی ئیدوارد هیس هەرئاوا مایەوە تا لە سەرەتاكانی دەیەی ١٩٧٠دا، دوای سەرهەڵدانی رەخنەو گلەیی لەو شوێنانەدا، كارگەكان لەدەوڵەت سەندرانەوەو درانەوە بەخاوەنە ئەسڵیەكانی خۆیان.

لەمایسی ١٩١٥دا، لۆید جۆرج بە ئاراستەی دەوڵەتی ئیئتیلافی هەنگاوی نا. بە هاندانی لۆید جۆرج بوو كە بۆنارلا سەركردەی موحافیزكاران لە بەرەبەیانی ١٧ی مایسدا داوایكرد كەمیی تەقەمەنی دەبێ دەستبەجێ قەرەبوو بكرێتەوە: هەر بە هاندانی لۆید جۆرجیش بوو كە چێرچیل وازی لەدەریاداری هێنا.

لۆید جۆرج داوای لەبۆنارلا كرد چەند دەقیقەیەك لە خانوی ژمارە ١١چاوەڕوانبێ و خۆشی راستەوخۆ چوو بۆ لای ئاسكویس لە خانوی ١٠و وەك دواتر ئاماژەی پێداوە (بارودۆخەكەی بەتەواوی بۆ سەرۆك وەزیر رون كردۆتەوە.)) زۆر راشكاوانەو بێ پەردە پێی وت كە تاكە رێگە بۆ خۆپاراستن لەشاڵاوی هەمەلایەنەی موحافیزكاران بۆ سەر دەوڵەت‌و پارلەمان، ئەوەیە كە دەست بەجێ پێشنیاری حكومەتی ئیئتیلافییان بخرێتە بەردەم.

---

[33] Carlisle

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئاسكویس لەژێر گوشاری لۆید جۆرجدا چۆكی دادا. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ كاتێك چیرچل لۆید جۆرجی هان دا كە پێكهێنانی دەوڵەتی ئیئتلافی دوابخا، لۆید جۆرج پێی داگرت لەسەر ئەوەی لەوە زیاتر ناتوانێ ئەو مەسەلەیە دوابخا.

دەوڵەتی ئیئتلافی پێكهێنراو لۆید جۆرج كرا بە وەزیری تەقەمەنی. ئەو بەچیرچلی وت : ((تاكە ئامانجێك كە لەئێستادا بیری لێدەكەمەوە ئەوەیە كە لەم جەنگەدا سەركەوتن بەدەست بێنین.)) ئەو پۆستە لەهەموو لایەنێكەوە بۆ ئەو گونجاو بوو، لەبەر ئەوەی تواناو لێهاتویی ئەوی لەهێنانەكایەی وەزارەتێكی بەهێزدا سەلماند. لۆید جۆرج لە ڕاستیدا لە سفرەوە دەستی پێكردو وەزارەتێكی سەرفرازو خاوەن ڕۆڵی هێنایە كایەوە كە لە وایت هۆڵ [٣٤] بەردەوام وەك وەزارەتێكی گرنگ باسی لێ دەكرا.

ڕۆڵو گرنگیی ئەم وەزارەتە ئازایەتیەكەی دەگەڕایەوە بۆ وەزیرێك كە كاربەدەستی یەكەم بوو تیایدا نەك بۆ مێژووی دامەزراندنی. هەم لەگەڵ یەكەكانی پێشوی بەرهەم هێنانی تەقەمەنیو هەم لەگەڵ ئەو كۆمپانیا نوێیانەی كە پێشتر هەرگیز تەقەمەنیو پێداویستیی سەربازیان بەرهەم نەهێنابوو، پەیوەندیی نوێی بەست كە ئەمڕۆكە ئەو پەیوەندیانە بە ((دوو لایەنی پیشەسازی)) ناودەبرێ: پەیوەندیەك كە بەرلەو هیچ وەزیرێكی تر نەیتوانیوە بیهێنێتە كایەوە.

ئەو پەیوەندیە جیاواز بوو لەگەڵ پەیوەندیە پچڕپچڕەكانی ژووری بازرگانیو پیشەسازیی جاران، كە لەسەر بنەمای سیاسەتی دەست تێوەرنەدانو چەند ڕێوشوێنێكی قانونیی دەستوپێگیر داڕێژرابوو.

ئەو لە ئاسكویسو هاوكارە لیبرالەكانی كە بەقەد ئەندامانی نوێی توری ناو كابینە ناسراو نەبوونو لەو باوەڕەدابوون كە دەبێ بەریتانیا درێژە بەئاشتیو ئارامیەكەی خۆی بدا ،و نابێ هیچ كەسێك ئەو دۆخەی پێشوو بشێوێنێ، دووربینتر بوو. هەندێ كەسیش

---

[٣٤] White Hall ناوچەیەكە لەشاری لەندەن كە سەرجەم وەزارەتەكانی تێدا كۆبۆتەوە. جگەلەوە بەدەوڵەتی بەریتانیاش دەوترێ. و .





ماوەی ٧ساڵ لە كابینەدا مابوونەوەو نیشانەكانی ماندوبوونیان پێوە دیاربوو. خودی ئاسكویس لەو كەسانە بوو. ئەو ماندوبوونە دەرەنجامی پابەندیە كۆمەڵایەتیەكانی كابینەیەكی سەردەمی ئیدواردی حەوتەم (١٩٠١ ـ ١٩١٠)و چالاكیە ئیداریەكانی پەیوەست بەوەوە بوو.

ئەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕەخنەی لەكارەكانی ئاسكویس دەگرتو بە خستنەرووی پێشنیاری ڕەوانەكردنی سەربازانی ئینگلیزی بۆ بەندری سالۆنیك لەیۆنان بۆ ڕێگرتن لەشكستی سربستانو هەروەها وروژاندنی مەسەلەی خزمەتی سەربازی، ئاگری ناكۆكی خۆشتر كرد.

ئەو دوو بابەتەی بە چڕوپڕی لەشواری جەنگدا باس كرد.

لەتشرینی یەكەمی ١٩١٥دا زۆر بەتوندی كیچنەرو ئاسكویسی لە مەترسیەكانی وێڵ كردنی هاوپەیمانێكی خۆیان ئاگاداركردەوەو وتی ئەگەر بەریتانیا، سربستان وێڵكا و ڕوبەڕوی چارەنوسی خۆی بكاتەوە ((خۆرهەڵات پەی بەوە دەبا كە بەریتانیا چۆنو لەچ كاتێكدا دۆستەكانی خۆی پشت گوێ دەخاو سبەی چەندین وڵاتی بەهێزتری دنیاش بەدی دەكەین كە هەمان ڕێچكەی ئەڵمانیا دەگرنەبەر.))

لۆید جۆرج زیاتر ووتی ((ئێمە لەهەموو كارەكانماندا هەمیشە دوو سێ هەفتە درەنگتر دەست بەكار دەبین.)) لۆید جۆرج دوو مانگ دوای ئەوە لە وتەیەكیدا لەبەردەم پارلەماندا كە تیایدا ڕەخنەی لە شێوازەكانی ئاسكویس لە بەڕێوەبردنی جەنگدا گرت هەمان ئەو مەسەلەیەی دوبارە كردەوە:((ئێمە زۆر درەنگ بەڕێ دەكەوین! زۆر درەنگیش دەگەینەجێ! زۆر درەنگ بڕیار دەدەین! زۆر درەنگ ئامادە دەبین! وەك ئەوەی لەم جەنگەدا مۆری گاڵتەجاڕی ((زۆر درەنگ)) لە تەوێڵی هاوپەیمانان درابێ. ئەگەر هەنگاوەكانمان گورجو گۆڵتر نەكەینەوە ئەو ئامانجە پیرۆزەی كە لەپێناویدا ئەو هەموو خوێنە ڕژا شوێن ون دەبێو نەفرەتی ئەبەدی بەسەرماندا دەبارێ. من داوا لەبەڕێوبەرانو كرێكارانی كارگەكان دەكەم كارێك نەكەن هێمای ((زۆر درەنگ)) بەسەر دەرگای

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**كارگەكانیانەوە هەڵبواسرێ!))** ئەم ئامۆژگاریانە هەمیشە ئامانجی نەدەپێكا. دوای هەفتەیەك. لەشەوی لەدایكبوونی مەسیحدا، كاتێك لۆید جۆرج لە كلاید كرێكارانی هان دەدا دەمو دەست بەرهەم هێنانی تۆپەكان بۆ رەوانەكردنیان بۆ بەرەكانی جەنگ زیاتر بكەن، كرێكارەكان بەهاتو هاوار بەرویدا هەڵشاخانو ناچاریان كرد سەكۆی وتار خوێندنەوەكە بەجێبهێڵێ.

دواكاریەكانی لۆید جۆرج تایبەت بە خزمەتی سەربازیش بە هەمان ئەندازە پێویستی بە ئازایەتیی سیاسی هەبوو.

ئەم داوایانەی ئەو زیاتر لە هاوكارە یەكێتیخوازە نوێكانی وەك لیبرالەكان دووریان دەخستەوە- لەبواری پیشەسازیدا ترسی ئەوە هەبوو كە خزمەتی سەربازی ناو سوپا بگۆڕێ بە خزمەتی سەربازیی پیشەسازی- لەگەڵ ئەوەشدا لۆید جۆرج هەر بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەكانی. چێرچیل لەنامەیەكدا بۆ هاوسەرەكەی نوسی: ((ئەو هەمیشە رێگەی راستی هەڵبژاردوەو لەهەموو كەسێك زیاتر لەم جەنگەدا بەئاراستەیەكی راستدا هەنگاو دەنێ.))

كابینە تاكۆتایەكانی حكومەتەكەی ئاسكویس دوچاری جیاوازی بیروڕا بوو، سەرەنجام ئاسكویس بە (نابەدڵی) رازی بوو، بەڵام حكومەتەكەی بەرەو كۆتایی دەچوو.

من پێشتر ئاماژەم بەو پێشهاتانە دا كە دەستلەكاركێشانەوەی ئاسكویسی لێ كەوتەوە، و دوبارەكردنەوەیان لێرەدا بە پێویست نازانم. بە هەرحاڵ لۆید جۆرج دەسەڵاتی گرتەدەست و چۆنێتی بەڕێوەبردنی جەنگی بە تەواوی گۆڕی. كابینەیەكی جەنگی لەپێنج وەزیر پێكهێناو ناوی نا لیژنەی جەنگ. ئەم لیژنەیە بەدەسەڵاتی نائاساییەوە بە رەسمی كارەكانی خۆی دەست پێكردو جێی لیژنەی بەرگریی مەلەكیی گرتەوە. سكرتاریەتێك بەناوی سكرتاریەتی كابینەی جەنگ بۆ ئەم لیژنەیە دامەزرێنرا . جیاوازیەكەی ئەوەبوو كە تیمێكی بەهێزتر بوو و دەسەڵاتی زیاتریشی پێدرا تا زانیاری پێویست لە وەزارەتو دامو دەزگا حكومیەكان وەرگرێو ئۆپەراسیۆنەكان هاو ئاهەنگ بكا.





لەپاڵ ئەم سكرتاریەتەی جەنگدا، سكرتاریەتێكی تایبەتیشی بۆخۆی داناو ناوی نا (دەوروبەری باخ) شوێنی ئەم سكرتاریەتە لە بینا كاتیەكانی باخی خانووی ژمارە ١٠دا بوو.

ئەم كارەی گلەییو گازندەی زۆری لە وایت هۆڵ لێ كەوتەوە: لەبەر ئەوەی گۆڕانكاریی لەوجۆرە هەمیشە كاردانەوەی دەبێ.

سكرتاریەتی تایبەتی وینیستۆن چێرچلیش كە لە لایەن پرۆفیسۆر (لیندەمان)[*]ەوە سەرپەرشتی دەكرا، كاردانەوەی هاوشێوەی لێكەوتەوە. بەتایبەت كە لێندەمان لای خەڵكی زۆر خۆشەویست نەبوو.

لۆید جۆرج ئەزمونەكانی پێشوی وەك وەزیری تەقەمەنیو وەزیری جەنگ، خستە خزمەتی ئەم پۆستە نوێیەوە. سەرەتا ناچاربوو لەگەڵ هێزی دەریایدا دەرگیربێو بەرگری ئەوان لە بەرامبەر گرتنە ئەستۆی ئەركی پاراستنی كەشتیە بازرگانیەكان تێك بشكێنێ.

مێژوونوسان دەربارەی ئەوەی ئایا لۆید جۆرج لەو جەنگەدا سەركەوت، لەمشتو مڕدان. ئەو ئیدیعایەی ئەوان پشت ئەستورە بە هەڵبژاردنە كۆپۆنیەكەی ساڵی ١٩١٨. گومانی تێدانیە كە بڕیارە یەكلایكەرەوەكانی ئەو سەركەوتنی بەریتانیای لە جەنگی ژێر دەریاییەكانی ئەڵمانیادا، زامن كرد ،و ئەگەر ئەو سەركەوتنە نەبوایە هەرگیز سەركەوتنی كۆتایی بەدەست نەدەهات. بەهەمان شێوە بەڵگەیەك لەبەر دەستدا نیە كە ئەو سەركەوتنە بۆ ئەو بگەڕێنێتەوە.

لەسەرەتای شوباتی ١٩١٧دا، دوو مانگ بەر لەوەی لۆید جۆرج كاروبار بگرێتە دەست، فەرماندەی گشتیی ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا فەرمانی بە فەرماندە دەریاییەكانی ئەڵمانیا دا رووبەڕووی هەموو ئەو كەشتیە بازرگانیانە ببنەوە كە لەبەندەرەكانی هاوپەیمانانەوە هاتونو دەم ودەست نوقمیان كەن.

[*] Lindemann

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەڵمانـەكان، كـە لەسـاڵی ١٩١٦دا كـاری خۆیـان هەفتانـە بـە ١٦٠٠٠٠تـۆن[٣٥] دەستپێكردبوو، وا بەنیاز بوون كە مانگی ٦٠٠٠٠٠تۆن كەشتی نوقم كەن و لە ماوەی چوار مانگدا چۆك بەبەریتانیا دابدەن. لـەمانگی شوباتدا كێشی ئـەو كەشتیانەی كـە نوقمیـان كـردن گەیـشتە ٣١١,٠٠٠، لـەمانگی مارسـدا ٣٥١,٠٠٠و لەشـوباتدا ٥٢٦,٠٠٠تـۆن: لـەو مانگـەدا كـۆی گـشتی ئـەو زیانانـەی بەكەشـتیە بەریتانیـەكان، كەشتیەكانی هاوپەیمانان و كەشتیە بێ لایەنەكان گەیشتبوون، گەیشتە ٨٦٧,٠٠٠ تـۆن. وەزارەتـی دارایـی بەدرێـژایی ئـەو ماوەیـە رازی نـەبوو ئـەركی پاراسـتنی كەشـتیە بازرگانیەكان لە ئەستۆبگرێ.

ئەو ئامارانەی دەخستە رووكە قابیلی نكۆڵی لێكردن نەبوون بـۆ سـەلماندنی ئـەوەی بەرێ خستن و پاراستنی ٢٥٠٠ كەشتیی بازرگانی كـە هەفتانـە دێنـە نـاو بەندەرەكانـەوە كارێكی ئەستەمە.

بـەر لـەوەی لۆیـد جـۆرج كاروبـار بگرێتـە دەسـت هـیچ كەسـێك لـەو ژمارانـەی نەكۆڵیبۆوە. لەكاتێكدا بەشێكی زۆری ئەو (كەشتیە بازرگانیانـە) لـە راسـتیدا بوونیـان نـەبوو[٣٦]ـ و بریتـی بـوون لـە كەشـتیەكانی راوەماسـی كـە لـە راو دەگەڕانـەوە، یـا ئـەو بەلەمانەی لەناو روبارەكاندا كەلوپـەل و خـەڵكیان دەگواسـتەوە،و بـۆ نمونـە، هامـوشـۆی دورگەی بچوكی (وایت[٣٧]) یان دەكرد.

فەرماندەیەكی ئاسـایی ٤,٠٠٠بەلـەمی گواسـتنەوەی خـەڵوزی بـەردینی بـێ هـیچ پارێزگاریەك تەنیا بەكۆمەكی كەشتیەكانی راوەماسی كە پڕچەك كرابـوون سـەركەوتوانە گەیاندبووە بەندەرەكانی برێـست[٣٨] شـێربۆرگ[٣٩]و لوهـاڤر[٤٠]كەتـەنیا ٩ بەلـەمیان نـوقم] كرابوون.

---

[٣٥] قورسایی كەشتیە نقوم بوەكان بەتەن ـ و .

[٣٦] ئاماژەیەكەو ساختەكاریەی كە لەئامارەكانی وەزارەتی دەریاداریدا كراوە ـ و.

[37] Wight

[38] Brest





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لۆیـد فەرمانیـدا كەشـتیەبازرگانیەكان بپـارێزرێن و پڕچـەك بكـرێن و شـێوازی نـوێ بگیرێتـە بـەر بـۆ لـە نـاوبردنی ژێـر دەریاییـەكانی ئـەڵمانیا (بەكەشـتیە سـیخوڕیەكانی ((كیو))شەوە) ،و كەشتیی نوێ دروست بكرێ، وهەوڵی زیاتر بدرێ بۆ بەرهەم هێنـانی خۆراكی زیاترو برێكی كەمتر كاڵا، بەڵام كاڵای چاك لە دەرەوە بهێنرێ.

لەناوەڕاسـتی هاوینـدا، بـەریتانیا ئـەو مەترسـیەی ركێـف كـرد كـە سەرچـاوەكەی ژێردەریاییەكانی ئەڵمانیا بوو، بەرەو ئامێرەكانی هاوپەیمانان ئاڕاستە كرابوو.

لەوكاتەوە تا كاتی ئیمزاكردنی پەیمانی كۆتاییهێنان بە جەنگ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا كەمتر لە ١٪ی ئەو كەشتیانەی بەرەو بەریتانیا دەچوون، یا بەنـدەرەكانی ئەوێیان بەجێ دەهێشت، نوقم كران.

نەبوونی كات، رێگربوو لە بەردەم لێكۆڵینەوە لە لایەنەكانی تری ئەو شێوازە نوێیەی لەجەنگدا بەكارهات، هەرچەندە كـە رەنـگ بـوو ئـەو لایەنانـەی تـر كاریگەریـشیان زۆر نەبوبێ.

بەداخـەوە، سـەرەرای هـەموو ئـەو هەوڵانـەی لۆیـد جـۆرج، گۆڕانكاریـەكی ئـەوتۆ لەئۆپەراسیۆنە سەربازیەكانی كیشوەری ئەوروپادا روینەدا. ئـەو لـە ئاسـكویس زیـاتر، و بەدەسـتێكی پڕتـرەوە، روبـەروی ژەنەراڵـەكانی بـەرەی خـۆراوا بـۆوە، بـەڵام ئـەو هەوڵانـە ئاكامێكی باشتری لـێ نەكەوتەوە.

سـەرەرای ئـەو ئەنجامگیریانـەی سـەبارەت بـە دەسـتپێكردنی ئۆپەراسـیۆنەكان لـە داردانێڵ كران، هاوپەیمانان نەیانتوانی بەدەر لە فەرەنسا، لەشوێنی ترەوە، جەنگ لەگەڵ دوژمنـدا دەست پێبكەن.

تـا لـە تـشرینی یەكـەمی ١٩١٧دا، ئەڵمانـەكان ناچـاربوون بـۆ راگرتنـی روسـیای قەیسەری هێزێكی سەربازیی گەورە لەبەرەی خۆرهەڵات جێگیربكەن.

---

[39] Cherbourg

[40] Le Havre

مەكتەبی بیروهۆشیاری

گواستنەوەی لینین بە فارگۆنێكی مۆرومۆم كراوی هێڵی ئاسن، لەرێی ئەڵمانیاوە بۆ شوێنی كۆبونەوەی لەگەڵ بەلشەفیكە روسەكاندا مەترسیی روسیای نەهێشتو دەستی ئەڵمانیای كردەوە تا سەرجەم هێزەكانی لە بەرەی خۆراوا كۆ بكاتەوە، ئەوجێیەی كە زەرەرو زیانەكان تیایدا لەجاران زیاتربوو، ئەو جێیەی كە بەرگریەكەی هێندە پتەو بوو هێرش كردنە سەری بە مانای مەرگ بوو بۆ ئەو هێرشبەرانەی بە نیازبوون بە پەڕینەوە لە مەیدانەكانی مینو قوڕو لیتەدا، رێی خۆیان بكەنەوەو پێشڕەوی بكەن،و ئەو جێیەی كە ١٠٠,٠٠٠سەرباز لە پێناوی چەند سەد مەترێك پێشڕەوی تیایدا، گیانیان لەدەستدا.

لۆید جۆرج بۆ پەلە كردن لە گەیاندنی كۆمەك بۆ بەرەكانی جەنگ، هیچ دەرفەتێكی لەدەست نەدا.

خوێندكارانی مێژوو دەپرسن كە پاش شەڕی قورسی سێیەمو ئاكامە بەسوێكانی، بۆچی رێگەی دا شەڕی پاشندال بكرێ.

ئێرە جێی شرۆڤەكردنی ئەم جۆرە ئەنجام گیریانە نیە، بەلام لە هێرشەكەی (پاشندال)دا ٣٠٠,٠٠٠كەس گیانیان لە دەستدا،و لە ئەنجامدا ئێمە (ئینگلیزەكانو هاوپەیمانان) ناوچەیەكمان بەدەست هێنا كە پانتاییەكەی بەقەد (گرین پارك)ی لەندەن دەبێ.

لۆید جۆرج دڵنیابوو لەوەی كە هێرشێك، بریتی دەبێ لەچەند ئۆپەراسیۆنێكی سنوردار كە بۆ ماوەیەك ئەڵمانەكان سەرقاڵ دەكا تاهێرش نەكەنە سەر فەرەنسا.

لۆید جۆرج لەو لایەنەوە گومڕابوو، لەبەر ئەوەی هیچ كاتێك ئەڵمانەكان هێرشێكی گەورەو هەمەلایەنەیان ئەنجام نەدا، هەر بۆیە هێرشە پچڕپچڕەكان بۆسەر هێزەكانی ئەڵمانیا، جگە لەشكست خواردنو بەرزبونەوەی ئاماری زەرەرو زیانەكان بە بەرژەوەندیی ئەڵمانەكان، ئاكامێكی تری لێ نەكەوتەوە.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بە تاووتوێكردنی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستماندایەو باری سەرنجی (هەیگ[41])ە بەرامبەر لۆید جۆرجو (ئەم تاوتوێكردنە تا رادەیەك سیاسییە نەك ئەكادیمیك)و باری سەرنجی لۆید جۆرجیشە بەرامبەر بە هەیگ ، پەردە لەسەر چەندین نهێنیی تاڵ هەڵدەماڵن.

بۆچی لۆید جۆرج هەیگی لەسەر كار لابرد؟ وەڵامی ئێمە ئەوەیە كە لۆید جۆرج دەترسا لەوەی (رۆبێرتسن[42]) یش كە رێزێكی زۆری بۆ دادەنا دوای ئەو بكەوێ. مانۆری ژەنەراڵەكانو هەروەها جیابونەوەی روسیا لە هاوپەیمانانو دانوستان دەربارەی دانانی فەرماندەی گشتیی هێزەكانی هاوپەیمانان، هەرهەمویان چەند بەشێكن لە تراژیدیایەكی كلاسیك كە پێویستی بەتاوتوێكردنێكی تایبەت هەیە.

بەهاتنە دەرەوەی روسیاو ئەڵمانیا لە جەنگ، هاوپەیمانان رووبەڕووی مەترسی بوونەوە. هاوسەنگیی نێوان هێزی سەربازی كاراو هێزی یەدەگ تێك چوو، بەلام تەنانەت بەر لەو پێشهاتەش ژەنەراڵەكان ئومێدێكی ئەوتۆیان نەبوو كە لەو جەنگەدا سەركەوتن بەدەست بێنن، لەبەر ئەوەی ئەو راستیە سەلێنراو بوو كە راگرتنی هاوسەنگیی زەرەرو زیانەكان لەكاتی بەرگری كردندا مەیسەردەبێ.

بەكارهێنانی (تانك)یش، كە هاوشێوەی ژێر دەریایی، لەسەر ئاستی جەنگی زەمینی دەیتوانی گۆڕانكاری لەشەڕدا بكا، بێ سود بوو.


لەیەكەمین هێرشی تانكەكاندا لە كامبرای[43]، پێگەكانی دوژمن تێكشكێنران، بەلام لەبەرئەوەی ژەنەراڵەكان هێزی پیادەیان لە پشت تانكەكاندا جێگیر نەكرد بۆ بەهێزكردنی ئەو شوێنانەی داگیریان كردبوو، هەموو ئەو سەركەوتنانە بەفیڕۆ چوون.

---

[41] Haig فیلدمارشاڵ (سێر دۆگلاس هەیگ)ە ـ و .

[42] Robertson ژەنەراڵ برایان رۆبێرتسنە ـ و .

[43] Cambrai



**دۆگلاس هەیگ**





ئەڵمانەكان لە ماوەی ١٠ رۆژدا سەرجەم ئەو شوێنانەیان گرتەوە. لەگەڵ یەكەمین پێشرەویی هاوپەیمانانەدا زەنگی كڵێساكان لێدران، بەڵام هەواڵی كشانەوەی هاوپەیمانان دوای چەند رۆژێك بە كابینەی جەنگ راگەیەندرا.

هێرشەكەی پاشنداڵ شكستی هێنابوو، ئێمە ئیمتیازی ستراتیژیی یەكەمین بەكار هێنانی تانكەكانمان لەدەستدابوو.

لەسەرەتای ساڵی ١٩١٨دا، هاوپەیمانان بەشێوەیەك دووچاری نائومێدی بووبوون كە هیچ كەسێك بەمێشكیدا نەدەهات جەنگ لەو ساڵەدا كۆتایی پێبێ.

بەڵام لە بەرامبەردا، ئەڵمانەكان بە هەوڵو كۆششی سەختو بێ وچانیان بۆ پێشرەویی زیاتر، سوپاكەی خۆیان لەناوبرد. هێرشی ئەڵمانەكان لەمارسی ١٩١٨دا هێزەكانی بەریتانیاو فەرەنسای بەجۆرێك رامالی كە تەنانەت لە كۆی سەرجەم پاشەكشێكانی ئەڵمانیا بەدرێژایی ئەو جەنگە، زیاتر كشانەوە دواوە.

بەو هێرشە پاریسو سەرجەم بەندەرەكانی كەناڵی ئینگلیزی كەوتنە مەترسیەوە. هەواڵ گەیشت كە لە لەندەن كابینە، ورەی (خۆی لەدەست داوە). كەمیی بێ وێنەی هێزی یەدەك، هاوپەیمانانی رووبەرووی ئایندەیەكی نادیارو بێ پشتو پەنا كردەوەو مقۆمقۆی ئەوە سەری هەڵدا كە بەریتانیا سەرجەم هێزەكانی خۆی لە فەرەنسا بكشێنێتەوە. بەڵام لۆید جۆرج دژی هەرجۆرە پاشە كشەیەك بوو. لەكاتێكدا كە سەرۆكی گشتیی ئەركان، بۆنالاری بە (خەمبارترین)ئەندامی كابینە وەسف كرد، لۆید جۆرج بە پێچەوانەی ئەوەوە ((رووخۆشو گەشبین))بوو. ئەو بەگوڕوتینەوە هەنگاوی نا و سەرەتا قەناعەتی بە ئەمریكیەكان كرد كە پەلەبكەن لەناردنی هێزەكانی خۆیانداو هاوكات بەڵێنی لێ وەر گرتن كە هێزە ناتەواوەكانی خۆیان (كەهێشتا پێداویستیەكانیان بەتەواوەتی پێنەگەیشتبوو) رەوانەی شوێنە مەترسیدارەكان بكەن.

پاشان بەرەو فەرەنسا بەرێ كەوت تا سێر دۆگلاس هەیگ بخاتە ژێر فەرمانی مارشال (فوش[٤٤])ی فەرەنسیەوە. ئەم بڕیارانەی كاریگەربوونو لەمانگی مایسدا كەشو هەوای جەنگ گۆڕا. دوای شەش مانگ، لە تشرینی دووەمدا، دوابەدوای وازهێنانی قەیسەری ئەڵمانیاو هەڵاتنی بەرەو هۆڵەندە، بە تەسلیم بوونی تەواوی هێزە چەكدارەكانی ئەڵمانیا، پەیماننامەی كۆتایی هاتنی جەنگ ئیمزا كرا.

لۆید جۆرج لەو جەنگەدا سەركەوتو بۆ سەلماندنی ئەوەش هەڵبژاردنێكی سەركەوتوو، بەڵام بێ ئامانجو كورتبینانەی بە ئەنجام گەیاند. ئیدیعای سەركەوتنەكەی بێ هۆدە نەبوو: سەركەوتنی لە ڕووبەڕوبونەوەی ژێر دەریاییەكانی ئەڵمانیادا بەس بوو بۆ پاساو دانەوەی ئەو ئیدیعایەی هەوڵی بێ وچانی لە پێناو زیادكردنی تەقەمەنیو تەیار كردنی كەرتی پیشەسازی بۆ بەرهەم هێنانی تفاقی جەنگ،و لەهەموو ئەوانەش زیاتر هەوڵی بێ وچانی لەكاتی هێرشە بەرفراوانەكەی ئەڵمانیادا بۆ گەیشتن بە سەركەوتنەكەی ساڵی ١٩١٨ لۆید جۆرجیان كردە چوارەمین سەركردەی مەزنی كاتی جەنگی بەریتانیا.

دوای جەنگ ئەو زیاتر پشتی بە هاوكارە موحافیزكارەكانی خۆیو ئەو سەرمایەدارانەی كە پەلكێشی كردبوونە ناو ئەو جەنگەوە، لەناویاندا نەوەی نوێی خاوەن ڕۆژنامەكان، بەست.

دوو كەسایەتیی ناسراوی بواری چاپەمەنی لە نۆرس كلیف، كە ڕۆتەر مەیر[٤٥]و بیور برۆك بوون كرد بە وەزیرو كەسایەتیەكی تریشی كرد بە دیپلۆماتێكی پایەبەرز و ئەندامی یەدەگ بۆ پڕكردنەوەی پۆستە باڵاكان.

جۆرج لە پلەی سەرۆك وەزری دەوڵەتی لیبرالدا لە هەموان پایە بەرزتربوو،و دەسەڵاتی بەسەر هەموو وەزیرەكاندا دەشكا. دڵنیابوو لە هاوكارە یەكێتیخوازە هەرە نزیكەكانی خۆی ئاڤێستن چەمبەرلین، كارسۆن، كەرەزۆنو ئێف. ئی سمیس، بەڵام گرنگیەكی ئەوتۆی بە بۆنارلاو ستانلی بالدوین نەدا.

44 Gen. Ferdinamd Foch
45 Rothermere





لەو چوارساڵەدا، لە ئیمزاكردنی پەیماننامەی كۆتایی هاتنی جەنگەوە، تا كەوتنی حكومەتەكەی، نەیتوانی بەرتانیا تەیار بكا بۆ ئاشتی بە بەراورد لەگەڵ تەیاركردنیدا بۆ جەنگ، هەروەها لەو ماوەیەدا شەپۆلێكی نارەزایی بەرامبەر نەمانی هەندێك لە دامو دەزگاكانی سوپاو دەست وەردان لە كاروباری سەربازیدا سەری هەڵدا: لەگەڵ ئەوەشدا چالاكیەكانی ماوەی دوای جەنگی بەتەواوی نەرێ نەبوو.

دەسەڵاتی تەواوی دا بە (ئەدوین مۆنتاگیو[٤٦]) كە یەكێك بوو لە وەزیرە لیبرالەكانی تا یەكەمین قۆناغی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی هیندستان پیادەبكا( ئەم قۆناغە چاكسازیەكانی (مۆنتاگیو - چێلسفۆرد[٤٧])ی لەساڵی ١٩١٩دا لێ كەوتەوە) بەكارهێنانی هێزە چەكدارەكانی بۆ تەقەكردن لە خۆپیشاندەرە هیندیەكان لە ئامریتسار[٤٨] مەحكوم كرد، هەروەها پشتیوانیی لە هاوكارە لیبرالەكەی خۆی، چێرچیل كرد لە دوو بەرنامەی گرنگدا: سەرەتا، دەرهێنانی سوپاكان لەحاڵەتی تەیاركردن بەگوێرەی بەرنامەیەكی تایبەت، و لەسەر بنەمایەكی یەكسان كە بۆماوەی ١١مانگ ڕۆژانە ١٠,٠٠٠كەسی لەحاڵەتی تەیار كردن بۆ جەنگ دەردەهێنران،و دووەمینیان كەم كردنەوەی پابەندیە سەربازیەكانی بەریتانیا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستو كەم كردنەوەی خەرجییەكانی بۆ كەمترین ئاست.

بە پشتیوانیی هال فیشەر[٤٩] سێ یەمین وەزیری لیبرالو سەرۆكی دەستەی ئەمیندارەكانی فێركردنو پەروەردە، هەنگاوێكی شۆڕشگێڕانەی نا بە ئاراستەی راگرتنی دەست تێوەردانی سەربازیی بەریتانیا لە روسیاو كردنەوەی دەرگای دانوستانی راستەوخۆ لەگەڵ بەلشەفیكەكاندا لە لەندەن - ئەم دانوستانانە یەكەمین رێكەوتننامەی بازرگانیی لە نێوان بەریتانیاو یەكێتی سۆڤیەتدا لێ كەوتەوە.

46 Edwin Montague
47 Montague – Chelmsford
48 Amritsar
49 H. A. L. Fisher

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەگەڵ ئەوەشدا كاتێك بەڵشەفیكەكان لەساڵی ١٩٢٠دا پەلاماری پۆلۆنیایاندا و وارشۆیان خستە ژێر مەترسیەوە، لۆید جۆرج خۆی ئامادە كرد بۆ دیاری كردنی وادەیەك بۆ روسیاو بۆ ئەو مەبەستە وتەیەكی لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا پێش كەش كردو تیایدا وتی: ((پێشێل كردنی سەروەریی نەتەوەیی وڵاتێك ((مەبەست پۆلۆنیایە-و)) بە بیانوی تۆڵە لێ كردنەوە یان تەنبێ كردن بەهیچ جۆرێك پاساو نادرێتەوە.))

سەركەوتنە گەورەكانی لۆید جۆرج لەو چەند ساڵەدا بریتی بوون لە پەیمانی ئاشتییو ڤێرسای و پشتگیری كردنی لە بیرۆكەكەی وودرۆ ویلسن[50] بۆ دامەزراندنی كۆمەڵەی نەتەوەكان ـ هەرچەندە ئەو بیرۆكەیە لە لایەن كۆنگرێسی ئەمریكاوە كە دژی بوو رەت كرایەوە ـو چارەسەر كردنی مەسەلەی ئایرلەندە.

لۆید جۆرج چەندین كاری تریشی بە ئەنجام گەیاند (لێرەدا ئاماژە بەو مەسەلە مشتومڕئامێزانە نادەین كە مێژوونوسان بەمەبەستی بەدناوكردنی ئاماژەیان پێداوە.)

لەساڵی ١٩١٩دا، وەزارەتی تەندروستیو وەزارەتی گواستنەوەی دامەزراند. كۆمسیۆنێكی بۆ كاروباری دارستان دامەزراند بە مەبەستی بوژاندنەوەی ئەو دارستانانەی درەختەكانیان بۆ پێداویستیەكانی جەنگ بڕدرابونەوە. قانونی دابین كردنی كارەبا، قانونی خاوەنداریێتیی زەوی لەساڵی ١٩١٩دا، رێگەی لەبەردەم لێپرسراوە ناوخۆیەكاندا هەموار كرد بە چەند مەرجێك زەوی بكڕن. هاوكات قانونی قەدەغەكردنی گرانفرۆشیی لەئەنجومەندا تێپەڕاندو ژووری بازرگانیو پیشەسازیی سەرپشك كرد تاقیباتی ئەو كەسانە بكا كە قازانجی لەرادەبەدەر لە فرۆشتنی كاڵاو پێداویستیە گشتیەكانی خەڵكی دەكەن.

سندوقی یارمەتیدانی خێزانی كرێكارە بێكارەكانی دامەزراند، كە موچەی دەدا بە منداڵو هاوسەری كرێكارە بێكارەكان. لە دوایین ساڵی سەرۆك وەزیریی لۆید جۆرجدا

[50] Woodrow Wilson




مەكتەبی بیروهۆشیاری

ژمارەی بێكارەكان تا نیوە كەم بۆوە. زۆربەی زۆری موحافیزكارە لایەنگرەكانی لۆید جۆرج خۆیان ناونا یەكێتی خواز.

ئەو كەسانەی ئەو نازناوەیان خستە سەر نازناوی ئەسڵیی بنەماڵەكانیان وەك چۆن تازە زاوایەك ناوی بنەماڵەی هاوسەرەكەی بە داشێك دەخاتەسەر ناوەكەی خۆی. ئەوەش لەكاتێكدابوو كە هەلومەرجی چارەسەركردنی مەسەلەی ئایرلەندە بە موحافیزكاران راگەیەنراو وروژاندنی تا پەیوەندیەكانی خۆیان لەگەڵ حكومەتی لیبرالدا پتەوتربكەن: نازناوی یەكێتیخواز بۆ ئەوان مانایەكی زیاتری هەبوو، هەر تەنیا بەكاریگەریی لۆید جۆرج نەبوو.

قبوڵ كردنی ئەو كاریگەریە تا رادەیەك زۆرەملێ بوو، لەبەر ئەوەی هاوسەنگیی هێزەكانی ناوپارلەمان، بەكاریگەریی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩١٠، شێوابوو، ئەوانی كردبوو بە كەمینە.

بەهەرحاڵ ئەوان توانای سەپاندنی مەرجەكانی خۆیانیان نەبوو، (لۆید جۆرج)یش تاكە سەرۆك وەزیرێكی لیبرال بوو كە سەركەوتنی لە جەنگدا دەستەبەر كردبێ.

لەلایەكی ترەوە بۆنارلا نەیتوانی حكومەت پێك بهێنێ، بەڵام لە ساڵی ١٩١٨، بەدواوە مەسەلەی هەڵبژاردنی كۆپۆنیی لۆید جۆرج، كە كورت بینیی پێوەدیاربوو، موحافیزكارانی كرد بە زۆرینەی رەها لە ناوپارلەماندا.

بارمتە موحافیزكارەكان لەناو حكومەتەكەی لۆید جۆرجدا، بەتایبەت ئەوانەی كە دڵسۆزیی خۆیان بۆ سەلماندبوو، لەماوەی سەرۆكایەتیەكەشیدا لەگەڵیدابوون، لەتەنگانەدا بەهانایەوە دەهاتن. لەو ماوەیەدا چەند نیگەرانیەك سەری هەڵدا وەك چەندوچونەكەی گریگۆری[51]، كە لەچەندوچونە ئابڕوبەرەكان بوو. سەرەنجام قەیرانی كاناك دەرفەتەكەی رەخساندو زەمینەی سازو ئامادە كرد.[52]

[51] Gregory

[52] مستەفا كەمال پاشا ناسراو بە ئەتاتورك دامەزرێنەری توركیای نوێ ـ و .

مەکتەبی بیروهۆشیاری

تا دووساڵ لۆید جۆرج سەرەڕای ئاگادار كردنەوە یەك لەدوای یەكەكانی چێرچیلو مۆنتاگیو كە ئەم سیاسەتە بەكارەساتێك تەواودەبێ، بەڵام ئەو پشتیوانیی لە یۆنانیەكان كرد لەدژی توركەكان.

قەیرانی كاناك بەسەركوتكاریی توركەكان دەرهەق بە ئەرمەنیەكان هاوكات لەگەڵ ئەوەدا كە مستەفا كەمال[٢] بەئاراستەی مەرامەكانی خۆی لە توركیای ئەوروپادا هەنگاوی دەنا، دەستی پێكرد.

یۆنان مۆڵەتی لە هاوپەیمانان وەرگرت كە بچێتە ناوقوستەنتینیەوە،و دوابەدوای ئەوەش هێزێكی سەربازیی رەوانەی تراسیا[٥٣] لەكەنارە ئەوروپایەكانی توركیا كرا. هاوپەیمانان پێشنیارەكەی یۆنانیان رەت كردەوەو چەند هێزێكی پێكهاتوو لە سەربازە فەرەنسیو ئینگلیزیو ئیتاڵیەكانیان بەمەبەستی درێژەدان بە ئاشتی رەوانەی ئەو ناوچانە كرد.

مستەفا كەمال بڕیاریدا هێزوتوانای خۆی پیشانی یۆنانیەكان بداو لە پەلامارێكی سەربازیی سەرسوڕهێنەردا هێڵەكانی سوپای یۆنانی تێكشكاند. توركەكان ئەسمیرنا[٥٤]یان تاڵانكردو ئاگریان تێبەردا:و لەوێوە بەرەو قوستەنتینە بەرێ كەوتن، بەڵام دوو بەتالیۆنی سوپای بەریتانیا بە فەرماندەیی ژەنەراڵ هارنگتن[٥٥] هاتنە سەر رێیان.

ئەو فەرماندە ئینگلیزە خۆی لەبەردەم سوپایەكی ورە بەرزدا بینیەوە كە بە شمشێرەوە لە پێشڕەویدا بوون. بۆیە لەهەلومەرجێكی ئاوادا باشتر وابوو هێزەكانی هاوپەیمانان، كە لەو ناوچەیەدا جێگیر بووبوون، بە یەكگرتوویی بمێننەوەو یەكێتیی خۆیان پیشان بدەن،

---

[٥٣] Tharace پاتراسیا وڵاتێكی كۆن بوو لەباشوری خۆرهەڵاتی نیمچە دورگەی باڵكان كە لەوپەڕی بەرفراوانبونیدا تا روباری دانوب لەباكور درێژ دەبۆوە،و ئێستا بولگاریاو چەند بەشێكی یۆنانو توركیا دەگرێتەوە. تراسیا خۆراوا لەیۆنانو تراسیای خۆرهەڵات لەتوركیایە.

[٥٤] ئیزمیری ئێستا

[55] General Harinqton





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بۆیە هارینگتن داوایكرد (سێ ئاڵا) بشەكێتەوە نەك تەنیا ئاڵایەك، بەڵام هێزە فەرەنسیو ئیتاڵیەكان فەرمانی پاشەكشەیان پێ دراو هارینگتن بەتەنیا مایەوە.

كابینە بۆ تاوتوێكردنی ئەو قەیرانە لە ٧ی ئەیلولدا كۆبۆوە. لۆید جۆرج پێی وابوو كە دەبێ كردەوەیەكی یەكلاكەرەوە بەئەنجام بگەیەنرێ و بە هاوكارەكانی وت: ((نابێ لەهیچ هەلو مەرجێكدا رێگەبدەین نیمچە دورگەی گالیپۆلی لەلایەن توركەكانەوە داگیربكرێ. ئەم نیمچە دوورگەیە لەكاتی جەنگدا ستراتیژیترین شوێن بوو لە جیهانداو داخستنی كەناڵەكانی ((لە ١٩١٥دا)) جەنگی بۆ دووساڵی تر درێژ كردەوە. كێ باوەڕدەكا كە ئەوە ئێمە بووین رێگەماندا نیمچە دوورگەی گالیپۆلی لەلایەن ئەوانەوە داگیربكرێ لەكاتێكدا دەبوایە بجەنگینو رێگە نەدەین بكەوێتە بەردەستی ئەوان.)) لۆید جۆرج پێشنیاری ئەوەی بۆ هاوكارەكانی خۆی كرد كە رازی بن لەسەر ناردنی هێزی دەریایی زیاتر بۆ داردانێل،و توركەكان ئاگاداربكەنەوە لەوەی ئەگەر هەوڵی پەڕینەوە لەبۆسفۆر بدەن، ((كەشتیگەلی بەریتانیا دەست بەجێ بەرپەچیان دەداتەوە.))

مانگی داهاتووش ئەم بۆچوونەی لۆید جۆرج، كە هەندێك كەس بە بۆچونێكی جەنگ خوازانەیان لەقەڵەم دەدا، بەسەر بڕیارەكانی كابینەدا باڵادەست بوو. سەرۆك وەزیر كە بە پشتیوانیی خەڵكی دڵ گەرم بوو، لە ١٥ی ئەیلولدا بە ((لۆرد كێرزۆن[٥٦])) وەزیری دەرەوەی راگەیاند ((هەر هەنگاوێك بنێین بە ئاراستەی دەركردنی توركەكان لەئەوروپا وڵات پشتگیریان لێدەكا))و بۆ رۆژی دوایی بەهاوكارەكانی وت: ((مستەفا كەمال دەبێ بزانێ كە ئەگەر بە ٦٠,٠٠٠سەربازەوە لە كەناڵەكانەوە بپەڕێتەوە روبەروی ٦٠,٠٠٠سەربازی (ئینگلیزی) دەبێتەوە. (سود وەرگرتن لە) كەشتیگەلی ئینگلیزی لەجێی خۆیدایەتی.)) هەروەها وتی كاتی ئەوە هاتووە كە ((هەنگاوێكی یەكلایی كەرەوە بنێین.)) لۆید جۆرج لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی كابینەكەیەوە پشتگیریی لێ

---

[56] Lord Cwrzon

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دەكرا. هامار گرینوود[٥٧] پێشنیاری كرد داوا لە نویزلانـدو ئوسـترالیا بكرێ هاوكـاریی هێزەكانی بەریتانیا بكەن.

پێشنیارەكەی لەلایەن ۆرسینگتن ئیڤانز[٥٨] وەزیـری جـەنگ‌و لـەلاین چێرچیلیـشەوە، پەسەندكرا.

كابینە داوای لە چێرچیل كرد بەیاننامەیەك بۆ راگەیاندن ئامادەبكاو تیایدا ئامـاژە بەوە بدا كە بەریتانیا بۆ دانـانی سـنورێك بـۆ پێـشڕەویی توركـەكان كـردەوەی سـەربازی ئـەنجام دەداو داوای لێكـردن لـەو بەیاننامـەیـەدا داوا لـە(دۆمینیـۆن[٥٩])ە كـان بكـا ((لەپێناوی بەرگری كردن لەو بەرژەوەندیانەی قوربانیی زۆریان بۆداوە،و بۆ بەرزڕاگرتنی لەخۆ بوردەیی سەربازانی ئانزاك[٦٠])) سەرباز رەوانەی ئەو جەنگەبكەن.

ئەوە هەنگاوێكی نائاسایی بوو ( Cetait magnifique)، بەڵام بەداخەوە كە بەرلەوەی ئەو تەلەگرافە بگاتـە دەسـت سـەرۆك وەزیرەكـانی دمینیـۆن، دەقەكـەی لـەناو رۆژنامـەكانی جیهاندا بڵاوكرایەوە. ئەوەش كەنەداو ئوستورالیای توڕەكرد.

هەرچەندە كە یاسای بنەرەتیی وێنستمینیستەر تاساڵی ١٩٢٦ ئیمزا نـەكرا، لەگـەڵ ئەوەشدا دۆمینیۆنـە ئۆتۆنۆمـەكان لەسـەر ئاسـتی كاروبـاری جیهـان، خۆیـان بڕیـاردەر بوون‌و بەئەندامی سەربەخۆی كۆمەڵەی نەتـەوەكان لەقەڵـەم دەدران. مـاكێنزی كیـنـگ[٦١] لـەرێی فـەرمانڕەوای گـشتیی بـەریتانیا لـە كەنـەداوە پـەیامێكی تونـدی رەوانـەكردو دوابـەدوای ئـەوە پـەیامێكی تـری بـۆ لەنـدەن نـاردو تیایـدا ئامـاژە بـەوە درا بـوو كـە پارلەمانی كەنەدا خۆی لەو بارەیەوە بڕیار دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا چێرچیل گوشاری خستە

---

57 Hamar Graenwood
58 warthington Evams

٥٩ وڵاتانی ئۆتۆنۆمی ئەندام لەكۆمۆنوێڵسدا ـ و.

٦٠ Anzacs بەسەربازانی سوپای هاوبەشی نیوزلەنداو ئوستورالیا دەوترێ كە لـەكاتی جـەنگی یەكـەمی جیهاندا دامەزرا ـ و.

٦١ Mackenzi King ولیـام لینـد مـك كنـزی كینـگ (١٨٧٤ ـ ١٩٥٠) سـەرۆك وەزیـری كەنـەدابوو لەساڵانی (١٩٢١ ـ ١٩٢٦) (١٩٢٦ـ ٣٠)و ١٩٣٥ـ ١٩٤٨) دا ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

سەر كەنەدا تا لە بەیاننامەكەیدا پشتیوانیی خۆی بـۆ ئەوهـەنگاوەی بـەریتانیا دووپـات بكاتەوەو وتی: ((رەنگە پێویست بەوەنەكا كۆبونەوە بە پارلەمان بكەن.))

بیلی هیوز[٦٢] كەسایەتیی هەرە بەرجەستەی ئوستورالیاش نیازی نـەبوو لـەو بارەیـەوە هاوكاری بكا،و سكاڵای ئەوەی كرد كـە خـەڵكی ئوسـترالیا بەرلـەوەی ئـەو بەیاننامـەیـە بگاتە دەست حكومەت لە رێی رۆژنامـەكانەوە لە ناوەڕۆكەكەی ئاگادار بـوون: و ئـەوەش رێگرە لەبەردەم تاووتوێ كردنی تەواوی ئەم داخوازیەدا ((كە مافی رەوای حكومـەتێكی نەتەوەییە)). ئەو هەروەها وتی زۆر هەڵەیە كە حكومەتێك لەدركاندنی چەند مەسەلەیەك لە رۆژنامەكاندا سڵ بكاتـەوە، بـەڵام حكومـەتی ئوسـتورالیا لـە هەفتـەكانی رابـردوودا لەوپێشهاتانە ئاگادار نەكراوەو ئێستاش دوای ئاشـكرابوونی نـاوەرۆكی بەیاننامەكـە لـە رۆژنامەكانـدا، دەركـەوتووە كـە حكومـەتی ئوسـتورالیا لـە نێـوان جـەنگ‌و ئاشـتیدا سەرپشك نەكراوە بەڵكو داوای لێكراوە پەیوەندی بەو جەنگەوە بكا كە بـەریتانیا بڕیـاری لێداوە: ((پێویستە زۆر راشكاوانەو بێ پێچ‌و پـەنا ئـەوە بڵـێم كـە ئـەم جـۆرە هەنگاوانـە یەكێتی‌و یەك پارچەیی ئیمپراتۆری دەخاتە مەترسیەكی گەورەوە.))

ئەمانــە قــسەی درشــت بــوون‌و ئــەو وەڵامانــەی تــریش كــە لــە نیوزلانــدو نیوفاوندلاندیشەوە[٦٣] گەیشتبوون، هەر، بەهەمان شێوە بوون.

سیاســەتمەداران هــەر لــە ماڵەكــەی خۆیانــدا ئاســودەن و بــە ئاســانی رەخنــە لەكەسایەتیەكانی تر دەگرن، پشت گوێیان دەخەن یا بـە سـەرپێیی وەڵامـی نامـەكانیان دەدەنەوە. كارە (نەرێ)كـانی كەسـایەتیە گرنگـەكانی كەنـەداو ئوسـتورالیاش بـێ هـیچ دوودڵیەك بەو شێوەیە بوو.

بەڵام ژەنەراڵ سمەتس[٦٤] لەئەفریقای باشوور بەقەد هاوكارەكانی لە ئۆتاواو كانبێرا لە بەردەستدا نەبوو و نەیانتوانی پەیوەندیی پێوەبكەن. پاشا لە بـالمۆرال[٦٥] چـاوەڕوان بـوو و فەرمانی دا شەمەندەفەرە تایبەتیەكەی لە بۆلیتەر[٦٦] چاوەڕوان بێ.

---

62 Billy Hughes
63 Newfoundland

بەگوێرەی بنەماكانی سیاسەتی بەریتانیا، پەیڕەوی ڕێنوێنیـەكانی داونینـگ سـتریت بوو، بەڵام لەهەمان كاتیشدا بە پاشای دۆمینیۆنەكانی پشت دەریاكانیش لەقەڵەم دەدرا بۆیە لەكۆشكی پاشایەتی گرامپین لە (بـالمرال)ەوە نامەیـەكی پڕلـە تێبینیـی بـۆ لۆیـد جۆرج نارد. لەلایەكی ترەوە پوانكارێ[٦٧] هەڵوێستێكی دوژمنكارانەی گرتبووە بەر. بـەو شـێوەیە بـەریتانیا لـە پراكتیكـدا گۆشـەگیربوو، بـەڵام هاوشـێوەی گۆشـەگیریەكەی هارینتگتن نەبوو كە بـەو هێـزە بچوكەیەوە ڕۆژانـە لەلایـەن توركەكانـەوە بەفەرمانـدەیی مستەفا ئەتاتورك هەڕەشەی لێدەكرا.

بیوربروك كە لە هەموو شوێنێك‌و هەموو كاتێكدا بەرچـاو دەكـەوت، هـەروەك هـیچ روی نەدابێ هاتە ناو مەسەلەكەوەو ڕێی قوستەنتینیەی گرتەبەر.

ماوەیەك لـەدۆفیل[٦٨] لای ئاغاخـان[٦٩] مـابۆوە كـە دەترسـا ئاكامـەكانی قەیرانەكـەی كاناك دامێنی سەرجەم جیهانی ئیسلامیش بگرێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا لۆیـد جـۆرج هـەر سوور بوو لەسەر ئەوەی بەر بە پێشڕەویی توركەكان بگرێ‌و توانـای سـەربازیی بـەریتانیا نمایش بكا. بەگشتی ئەو لەو باوەڕەدابوو كە ((ئەگەر بزانێ كە ئێمە دەست بەكار بـووین بۆ ناردنی هێزی سەربازی زیاتر مستەفا كەمال واز لە هێرش كردن دەهێنێ.))

باوەڕی تەواویشی بەوە هەبوو، ئەوە بوو لە١٨ی ئەیلولدا، بەكابینەكـەی وت ((تـەنیا بە نمایش كردنی هێزو ورەی بەرز... دەتوانرێ ڕێ لە جەنگ بگیرێ))و دوو ڕۆژ دوای ئەوە پێی داگرت لەسەر ڕەوانە كردنـی هێـزی پـشتیوان لـە میـسرەوە بـۆ گـالیپۆلی‌و ژەنـەراڵ هـارینگتنی ئاگـادار كـرد كـە هـەركاتێك پـەلاماردرا ((ئێمـە بـە شەڕفرۆشـتنێكێكی ئاشـكرا بـە ئیمپراتـۆری ی بـەریتانیای لەقەڵـەم دەدەیـن)). كاتێـك لـە٢٧ی ئەیلولـدا

---

[64] General Smuts

[٦٥] Balmoral لەسكۆت لەندە - و.

[66] Ballater

[٦٧] Reymamd poincare سەرۆك وەزیری فەرەنسا بوو ـ و .

[68] Deawille

[٦٩] Agakhan رابەری مەوزهەبی ئیسماعیلیە و .





چێرچیل لۆید جۆرجی ئاگادار كردەوە لەوەی بەریتانیا هێزی تەواوی نییە بۆ پارێزگـاری كردن لە كاناك‌و گالیپۆلی، لۆید جۆرج پێی داگرت لەسەر ئەوەی هەردووكیان بپارێزن‌و رایگەیاند كە بەجێ‌هێـشتنی كانـاك ڕەنگـە گـەورەترین گـورز لـە ئـابڕوی ئیمپراتـۆریی بەریتانیا بوەشێنێ.

هــەڵاتن لەكێــشەو مەترســیەكان (لەدەســتدانی تــەواوی متمانــەو ناوبــانگی ئێمە)دەگەیەنێ.

سەرەنجام بەكامی دڵی لۆید جۆرج، هێزی پشتیوان مایەوەو فەرمانیان پێدرا بە هیچ شێوەیەك پاشەكشە نەكەن. لەم كاتەدا هارینگتین لە كاناك لەژێر گوشارێكی توندا بوو. هێزێكـی گـەورەی توركـەكان تادەهـات زیـاتر لـەكاناك نزیـك دەبوونـەوە. زانیاریـە موخابەراتیـەكان ئاماژەیـان بـەوە دەدا كـە توركـەكان لـە٣ی ئەیلولـدا هێـرش دەبـەن. هارینگتین پەنای بـۆ دیپلۆماسیەت بـرد ، لەهەلومەرجێكـدا كـە لەلایـەن بـەریتانیاوە ڕێوشـوێنێكی ئـەوتۆی بـۆ دانـەنرا، لەگـەڵ توركەكانـدا دان‌و سـتانی دەسـت پـێ كـرد. سەرەنجام لە١١ی تشرینی یەكەمدا پەیماننامەی مودانیە[٧٠] ئیمزاكرا.

ڕۆژێـك بـەر لـەئیمزا كردنـی ئـەو پەیماننامەیـە دەسـەڵاتێكی سـاختەی پێـدرا كـە هـەركاتێك خـۆی بیـەوێ‌و بـەگونجاوی بزانـێ لـەدژی توركـەكان جـەنگ بـەرپا بكـا. پەیماننامەی مودانیە ڕێی لە جـەنگێك گـرت كـە لەبنـەمادا هەڵـە بـوو: و لەشـوێنێكی هەڵەدا دەكرا: و هێزەكانی هەردوولاش لە هیچ ڕوویەكەوە بارتەقای یەكتر نەبوون.

بەڵام ڕۆژنامەی تایمز كە تینوی خوێن بوو، نامەی نوێنەرێكی توری ی چاپ كرد كـە تیایدا داوای كردبوو كۆبونەوەیەكی هاوبەشی پارلەمان گرێ بدرێ.

ئێـستا ئاشـكرابووە كـە لەودەمـەدا ٨٠كـەس لەنوێنـەران خوازیـاری هەڵوەشـانەوەی ئیئتیلافە حكومیەكە بوون. بەو شێوەیە ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی لە كاناك جێـی خـۆی دا بە ڕووبەڕووبونەوەی سیاسی لە وێستمینیستەر. بە بۆنارلا دەسـتی پێكـرد، كـە لۆیـد

---

[70] Pact of Mudania

مەكتەبی بیروهۆشیاری

جۆرج، لەكاتی جەنگدا لە بەرژەوەندیی موحافیزكارەكانی تر، پێشتگوێی خستبوو، هەرچەندە كە بۆنارلا سەركردەی موحافیزكارەكانیش بوو.

بۆنارلا سادەوساكار پرسی ئەی دوای ئەوە؟ شیكردنەوەی ئەو بۆمەسەلەكان، سەرجەم دیزەوگۆزەكانی لەسەری دەوڵەتدا شكاند: هەرچەندە كە خودی لۆید جۆرجی مەحكوم نەكرد.

بەڵام بیوربرۆك ((بە مەحكوم كردنی رەگو ریشەو لقوپۆپی سیاسەتی كاناك)) وەسفی دەكرد.

سەیر لەوەدایە كە (دەیلی ئێكسپرێس)یش كە (رۆژنامەیەكی ئینگلیزیە) ئاماژەی بە هەمان خاڵ داوە. خودی ئەو لە رۆژنامەكەیدا نووسی ((رەنگە سەرۆك وەزیرێكی نوێ كاروبار بگرێتە دەستو سەرەنجام كابینەیەكی تر بێتە سەركار.)) ئێستا ئیتر ئامانج نە توركەكان بوو و نە یۆنانیەكان، بەڵكو خودی لۆید جۆرج بوو.

(كاناك)یش مەیدانی جەنگ نەبوو. ئۆستن چەمبەرلین بۆ رێ گرتن لەوەی ببێتە داردەستی لۆید جۆرج، پێشنیاری هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی كرد. ئەوە رێگەیەك بوو لۆید جۆرجی لەو گێژاوە دەهێنایە دەرەوە. یەكێك لە ئەندامانی كابینە تا ئەودەم بێدەنگیی هەڵبژاردبوو ئەویش ستانلی بالدوین بوو كە لەوماوە كورتەیدا وەك سەرۆك وەزیر بەبێ دەنگی مایەوە.

هەر زوو دەركەوت كە ئەو رۆڵی سەرەكیی لەو پێشهاتانەدا هەیە. ستانلی بالدوین زۆر درەنگ هاتە ناوكابینەوە و بەرلەوە لە پۆستی یاریدەدەری دارایی سەرۆكی خەزێنە سەرگەرمی خزمەت كردن بوو.ئەو كە تا رادەیەكی زۆر سادەو راستگۆ بوو، كاتێك دەیبینی لۆید جۆرج بە زمانی رەخنە لەگەڵ دۆستە دێرینەكانی خۆی دەدوێ سەرسام دەبوو.

گومانی تێدانیە كە ئێمە هەموومان بۆ ئەوە نەهاتوینەتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە كە رەخنە لەكارەكانمان بگیرێ.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بیروباوەڕ ئێمەی پەلكێش كردۆتە ناو ژیانی سیاسیەوە.

ئەی ئەو ئامانجو بیروباوەڕانە چییان لێ هات؟

لۆید جۆرج و هاوكارەكانی سالآنێكی دوورودرێژ خۆیان بۆ ئەو ئامانجە تەرخان كردبوو، بە پێویستیان دەزانی كە لە دەستپێكی هەموو مشتو مڕێكی تاكتیكیدا ئەو ئامانجانە دووبارە بكەنەوە.

بەڵام كاتێك كۆبونەوەی یانەی كارلتۆن بەئەنجام گەیشت بالدوین لەوێ بوو. سەرەتا سالیسبێری دژایەتیی خۆی بەرامبەر بەردەوام بوونی ئەو ئیئتیلافە دەربڕیو دوابەدوای ئەویش لیو ئەیمریو[71] بالدوین.

ئەی بۆنارلا؟ ئەو دەیزانی كە لۆید جۆرج بیری هەڵبژاردنێكی نوێی لەمێشكدایە: و رەنگە نەیزانیبێ كە پاشا دژی ئەوەیە. كەسێكی گرنگی تر كە لەو پێشهاتانەدا رۆڵی هەبوو (كەرەزۆن)ی وەجاخزادە بوو كە رەنگە بەنیازی سەرۆكایەتی بووبێ. بۆنارلا، كە یەكێك بوو لەو كەسانەی رەخنەیان لە ئیئتیلاف دەگرت، لەوكەین وبەینەدا بێ مەیلیی پیشانداو پرسی كەرەزۆرن دەڵێ چی: پێی وترابوو كە كەرەزۆن لایەنگری كۆتایی هێنانە بەو ئیئتیلافە.

ئەم جمو جۆڵە بەكاریگەریی هەڵبژاردنە لاوەكیەكەی (نیوپۆت) پەرەی سەند.

هەڵبژاردنێك كە تیایدا توریەكی سەربەخۆ لەپێناو دەستەبەركردنی كورسیەكدا تێدەكۆشا كە پێشتر لیبرالێكی ئیئتیلافی لەسەری دانیشتبوو.

سەرەنجام دەستەبەری كرد، لەكاتێكدا كەپاڵێوراوی حزبی كرێكاران دووەم و لیبرالیش بەزەحمەت سێ یەم بوو.

موحافیزكاران لە ١٩ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٢دا، هەرچەند سەعاتێك دوای راگەیاندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنە لاوەكیەكەی نیوپۆرت، بانگ كران بۆ یانەی كارلتۆن. بیوربروك چوو بۆلای بۆنارلاو ئەویش دوو نامەی پیشانی بروك دا: یەكێكیان

[71] Leo Amery

ئاراستەی ناوچەی هەڵبژاردنەكەی كرابوو كە تیایدا ئاماژەی بەوەدابوو كە بەم زووانـە واز لەسەرۆكایەتیی حزبی موحافیزكاران لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا دێنێ،و دوەمینیـشیان نامەیەك بوو تایبەت بە نەچوونی بۆ كۆبونەوەكەی یانەی كارلتۆن.

بیوربروك قەناعەتی پێكرد كە نامەكان بدڕێنێو دوای ئەوە بە سەرجەم رۆژنامەكانی راگەیاندن كە بۆنارلا بەشداریی لەكۆبونەوەكەی یانەی كارلتۆندا دەكا.

(ئەوستن) چەمبەرلین، لەوتەیەكیدا لەو كۆبونەوەیەدا، بێ هودە، ئیدیعای ئەوەی كرد كە هیچ ناكۆكیەك لـەنێوان هـەردوو بـاڵی ئیئتیلافـی( لیـبرال ـ موحافیزكـار) دا نیـە. هەندێك كەس باوەڕیان پێنەكرد. هەنێكی تریش هەستیان دەكـرد ئەگـەر لـە رابردوشـدا ناكۆكیان لەنێواندا نەبوبێ، لەئێستادا دەبێ، لانی كەم لەسەر ((ئایرلەندە)) ناكۆكییان هەبێ.

بالدوین بەخوێن ساردیەوەو لەسەرخۆ وتەكەی پێش كەش كرد. زۆر بەسادەیی وتی كە سەرۆك وەزیر ((هێزێكـی جوڵێنـەری گـەورە))یـە. هێزێـك لـە ئێـستادا حزبـی لیـبرالی لەناوبردوەو ئەگەر ئاگایان لە خۆیان نەبێ حزبی موحافیزكاریش لەناو دەبـا. چارەسـەری مەسەلەكە بەوە دەكرا كە كاربەدەستێكی پایەبەرزی توری پشتگیری لە بالدوین بكا.

سێرلزلی وێلسن[٧٢] ڕێكخەری گشتیی[*] حزبی موحافیزكار پێشتر سەرجەم ئەنـدامانی ئاگادار كردبوو لەوەی وای بەباش دەزانێ موحافیزكـاران وەك حزبێكـی سـەربەخۆ بـەرەو ناوچەكانی هەڵبژاردن بچنو رابەری تایبەت بەخۆیان هەبێ تا درێژە بـە ئیئتیلافەكـەیان لەگەڵ لیبرالەكاندا بدەن.

لێرەدا بۆنارلا، رابەری پێشووی حزب، لەژێر گوشاری بیوربروكدا ناوبژیوانیی كـردو وتی گرنگ (ئەمە)یە كە حزبی موحافیزكار بە یەكگرتویی بهێڵنەوە، وەك لەوەی لـەبری ئەوە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، لە بەرگی ئیئتیلافدا سەركەوتن بەدەست بێنن.

---

[72] Sir Les Wilson

[*] ئەو كەسەیەكە رێك خـستنو دیـسپلینی حزبـی لەناوپارلەمانـدا لەئەسـتۆدایەو چـاودێری ئامـادەبونو ئامـادە نەبونی ئەندامانی پارلەمانیی حزب لەكاتی دەنگداندا دەكا ـ و.





سەرەرای دوا داوای لە بەلفۆر (كە خۆی پێشتر سەرۆك وەزرێكی موحافیزكار بوو) بۆ هێشتنەوەی ئەو ئیئتیلافە، هاتە سەر قسەكەی بۆنـارلا. كۆبونـەوەی حـزب بـە زۆرینـەی ١٨٧دەنگ، لەبەرامبەر ٨٧دەنگدا، بڕیاری دا كە دەبێ حزب لەو ئیئتیلافە بكشێتەوە.

لۆید جۆرج لەبەردەم پاشادا ئامادە بوو و دەست لـەكار كێـشانەوەی خـۆی تەسـلیم كرد. پاشا وتی: ((بەداخەوە كـە وازدەهێنـێ، بـەڵام رۆژێـك لـە رۆژان دەبـی بـە سـەرۆك وەزیر.))پاشا بەهەڵەدا چوبوو.

لۆید جۆرج كەسێك نەبوو كە بەئاسـانی بـچێتە ژێـر بـاری ژیـانێكی سیاسـیەوە كـە دوانەی لاوازیو بێ توانایی بێ.

لەو هەڵبژاردنە بێزار بوو كە بۆنارلا سەركەوتوانە مۆڵەتی لـە پاشـا بـۆ وەرگرتبـوو. توریـەكان بەزۆرینـەی ٧٧دەنـگ بەسـەر حزبـەكانی تـردا سـەركەوتن. حزبـی كرێكـاران بەرەسمی چووە ناو باڵی نەیارەوە.

ئەو لیبرالانەی كە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەكـەدا بەشـدارییان كردبـوو لەكاتێكـدا كـە پۆستەری وێنەكانی لۆید جۆرجو ئاسكویسیان بەدەستەوە گرتبوو لەیەكتری جیابوونەوە.

٦٠ كەس لەنوێنەرانی لیبرال پشتگیرییان لـە ئاسـكویس كردبـوو و ٥٥ كەسیـشیان لایەنی لۆید جۆرجیان گرتبوو.

ستانلی بالدوین كرا بەوەزیری دارایی. چێرچیل بەزۆرینەیەكی زۆر كورسیەكەی خۆی لەداندی[٧٣] لەدەست دا. هەمیشە هەموو شتێك بەكامی دڵ نابـێ. لۆیـد جـۆرج تەمـەنی ٥٩ساڵ بوو و چارەنوسی وایكرد ماوەی ٢٠ساڵ دەنگی ئەو لە سیاسەتەكانی بەریتانیادا دەنگدانەوەی هەبێ، نەك دووبارە ببێتەوە بەهێزێك.

لەدەمێكی سیاسەتی بەریتانیادا، دوای هەڵبژاردنـە گـشتیەكەی سـاڵی ١٩٢٣، كـە تیایـدا هاوسـەنگیەك لـە نێـوان سـەرجەم هێزەكانـدا هـەبوو، ئاسـكویس هـەنگاوێكی یەكلایی كەرەوەو مێژویی نا كە بە هاتنەسەركاری حزبی كرێكاران تەواوبوو.

---

[٧٣] Dundee بەندەرێكی دەریاییە لەخۆرهەڵاتی سكۆتلاند ـ و .

مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

لۆید جۆرج هیچ هەوڵێكی نەخستەگەڕو لەئاكامـدا جـارێكی تـر پەیوەنـدیی نێـوان هەردوو باڵی ئینشیقاقی حزبی لیبرال گرژیی تێكەوتەوە.

لەسالآنی داهاتووشدا هەر حزبی لیبرال نەیتوانی ریزەكانی خـۆی یەكخاتـەوە، لەبـەر ئەوەی لۆید جۆرج ئامادە نەبوو بودجەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی خـۆی لەگـەڵ بودجـەی باڵی زۆرینەی لیبرالدا ((كـە بـە٥نوێنـەر زیـاتر لەئەنجومەنـدا، بـەحزبی رەسمـی لەقەڵـەم دەدرا))یەك بخا.

لەساڵی ١٩٢٩دا، بە بەرنامەیەك بەناوی خۆیەوە، بە ناوی بەرنامـەی (نیودیـڵ لۆیـد جۆرج)* سەرۆكایەتیی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بە حزبە كۆنەكەی خۆی سپارد. ئەم بەرنامە ئابوریـە بەرهـەمی بیروبۆچـونەكانی جـۆن مینـارد كینـزو ئابورینـاسـێكی تـر بـوو كـە كتومت پەیڕەویی لە بەرنامەی (نیودیل)ی سەرۆك رۆزفێلت لەئەمریكا دەكرد.

بەرنامـەی لیبرالـەكانیش وەك بەرنامەكـەی رۆزڤێلـت، كـشتوكاڵی كردبـووە تـەوەری سەرەكیی خـۆی، بـەڵام لـە كۆتـایی ئـەم هەڵمـەتی هەڵبژاردنـەدا لیبرالـەكان تـەنیا٥٩ كورسیان بەدەستهێناو كاتێك مك دۆناڵد (حكومەتی نەتـەوەیی) بـە پـشتگیریی نزیـك لەكۆی دەنگی توریەكان پێكهێنا، ئامـادە نـەبوو پـشتگیری لـە لیبرالـەكان بكـا، بـەڵام حزبەكەی خۆی بەسەر سێ باڵدا دابەش بوو، ولایەنگرانی سامۆئیلو لایەنگرانی سایمۆن پەیوەنـدیان بـە حكومـەتی ئیئتیلافیـەوە كـرد. ئـەو كورسـیەكەی پارلـەمانی، لەسـاڵی ١٩٣١و ١٩٣٥دا پاراست.

* New Deal یا ((رێو شوێنی نوێ)) بەرنامەیەكی ئابوریـە كـە بەئیلـهام وەرگـرتن لـەجۆن مینـارد كینـز ئابوریناسی ئینگلیزی، رۆزڤێلت سەرۆكی ئەمریكا بەمەبەستی چارەسەركردنی باری ئابوری وڵاتەكـەی جێبـەجێ كرد. ئەم بەرنامەیە سێ بنەما بۆ چارەسـەركردنی قـەیرانی ئـابوری دەخاتـە روو كـە بریتیـەلـە دەسـت تێـوەردانی دەوڵـەت لـەكاروباری ئـابوری لـەرێی: سـودوەرگرتنی راسـت لەسەرچـاوەی دراوی، دۆزینـەوەی دەرفـەتی كـارو پـشتگیری لـەخاوەن پیـشەكان. ئـەم بەرنامەیـە، سیاسـەتی ئـابوریی ئـازاد: (laisez – faire)، خـستە لاوەو سیستمێكی نوێی ئابوری كە ئاوێتەیەك بوو لەئابوریی ئازادو كـۆنترۆڵی ئـابوری لەلایـەن دەوڵەتـەوە جـێ بـەجێ كرا- و.





مه کته‌بی بیر و هۆشیاری

كاتێك چێرچیل بوو بە سەرۆك وەزیر لەرێی بیوربروكەوە رای لۆید جۆرجی سـەبارەت بەقبوڵ كردنی پۆستی وەزارەتی كشتوكاڵ وەرگرت **.

دوابەدوای ئەوە چەند نامەیەكیان ئاڵوگۆڕكرد، بەڵام لۆید جۆرج بەگشتی مەیلی بۆ قبوڵ كردنی هیچ پۆستێك نەبوو. هۆكەشی تارادەیەكی زۆر ئەو دوژمنایەتیـەی بـوو كـە لەگەڵ چامبەرلیندا هەیبوو، لەبـەر ئـەوەی بەچـاكی هەسـتی بـەوە دەكـرد كـە ئـەو دژی ئەوەیە لۆید جۆرج بێتە ناوكابینەوە.

لە دوایـین سـاڵی ژیانیـدا لۆیـد جـۆرج دوچـاری لاوازیـی جەسـتەییو فیكـری بـوو. كۆبونەوەی لەگەڵ هیتلەردا خستیە بەر شاڵاوی رەخنـەوە، لەبـەر ئـەوەی بـە بۆچـونی زۆر كەس ئەم دیدارە لە بەهێزبوونو هاندانی هیتلەر زیاتر هیچی تری لـێ نەكەوتەوە.

لەساڵی ١٩٤٣دا، لەگەڵ فرانسیس ستێڤینسدا[٧٤] بوونە هاوسەر و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا، بووبە كۆنت لۆید جۆرجی دوایفۆرو[٧٥] ڤایكۆنتی گوایند[٧٦]. لە مارسی هەمان سـاڵدا كۆچـی دوایـی كـرد. چـەندین هەڵـسەنگاندن بـۆ ژیـانی سیاسـی،و بەتایبـەت رابەرایەتیی لەجەنگی یەكەمی جیهاندا كرا.

لەنوسینی ئەم بەشەدا كەمتر سودم لـە كتێـب وەرگرتـوەو زیـاتر سـودم لەقـسەكانی دووكەس لەئەندامانی بنەماڵەكەی لۆید جۆرج وەرگرتووە واتە گویلیم[٧٧] كـە لـە جـەنگی جیهانیی دووەمدا سێ ساڵ كارم لەگەڵدا كردووەو میگان[٧٨]، كە هەردوكیان لـە هـاوڕێ نزیكەكانی منن.

** پێشنیاركردنی پۆستی وەزارەتی كشتوكاڵ بۆ لۆید جۆرج لەبەر ئـەوە بـوو كـە بەرنامـەی (نیودیـڵ)ی لۆیـد جۆرج پەرەپێدانی باری كشتوكاڵیی كردبووە تەوەرەی سەرەكی خۆی ـ و.

[74] Frances Stevenson
[75] Earl Lloyd of Dwyfor
[76] Viscount Gwynnedd
[77] Gwilym

[٧٨] Megan كچی لۆید جۆرج ـ و .

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەرچەندە گویلیم بە پەیوەندی كردن بە حكومەتی نەتەوەییەوە تارادەیەك لەو پیرەمێردە دووركەوتبۆوە، بەڵام هەرگیز لێك دانەبڕان، بەتایبەت كاتێك گویلیم لەساڵی ١٩٤٢دا، بە پۆستی وەزارەت گەیشت، بەڵام میگان ئەوی (لۆید جۆرجی) تا كۆتایی تەمەنی بە رادەی پەرستن خۆش دەویستو دەوڵەمەندترین سەرچاوەی چیرۆكەكانی ژیانی لۆید جۆرجو شیكردنەوەی بڕیارەكانی باوكی،و جوڵێنەری هەموو ئەو بڕیارانەش بوو.

لۆید جۆرج پیاوی بیروكاربوو و بیری مێژوویی[79] لە سەردابوو. مەشقو راهێنان لە بواری مافناسیدا بەجۆرێك كارامەی كردبوو كە دەیتوانی رووبەڕوی هەركێشەیەك بێتەوە، یا كەسانی تری رێنوێنی دەكرد بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان، بەڵام كەسێك كە توانای ئەوەی هەبووبێ كێشەكانی چارەسەربكا، چۆن كێشەكانی لەگەڵ ژەنەراڵەكاندا بۆ چارەسەر نەكرا مەسەلەیەك كە نەك تەنیا بۆ بەریتانیا كوشندە بوو، بەڵكو بە لەدەستدانی گیانی سەدان هەزار كەس تەواو بوو، لەكاتێكدا بەو هەموو تواناو لێهاتوییەوە دەبوایە بەرامبەر ژەنەراڵەكان یەك قسە بوایە نەك لاوازو بێ توانا.

رەنگە لەناو سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیادا كەسانێكی كەم هەبن كە لە رووی توانای هۆش‌وگۆشەوە لە لۆید جۆرج لێهاتوتر بن، بەڵام ئەو رێیدا ئەو ئیلهامانەی كە لە هۆشو زیرەكیەوە بۆی دەهات وەك ئەو شەپۆلانەی خۆیان دەكێشن بەكەنارەكاندا، پێكدابدەن.

هێزی ئەو ئیلهامانە لە جەنگدا (سەرەڕای هەڵەكانی[80]) سەركەوتنی بۆخۆیو وڵاتەكەشی دەستەبەر كرد، بەڵام هێزی ئەو ئیلهامانە لەكاتی ئاشتیدا، متمانەی بەهێزی بە خۆی نەهێشتو دوچاری گومڕایی كردو لە سیاسەتی ئەرێ وە بەرەو سیاسەتی نەرێ راپێچی كرد.

---

[79] لەدەقە ئەسڵیەكەدا ئاماژە بەبیری سیلتی دراوە كە مانا مەجازیەكەی مێژووییە. میللەتی سیلت (Celt) لەمیللەتە دێرینەكانی ئەوروپان ـ و .

[80] هەڵەكردن لەهەڵسوكەوت لەگەڵ ژەنەراڵەكاندا ـ و .





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە كە لە پلەی سیاسەتمەدارێكدا، سەرەنجام، نەیتوانی بە پەیوەندی كردن بە حزبی لیبرالی ئاسكویسەوە زۆرینەیەك بێنێتە كایەوە.

پێ دەچوو تەنانەت پەی بە پێویستیی هێشتنەوەی پەیوەندیەكی لەو جۆرەش نەبردبێ. دووڕویی ئەو لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩١٨دا، سەركەوتنێكی تاكتیكیو كورت خایەنی بۆ دەستەبەر كرد. لە كاتێكدا كە لایەنگرەكانی سەركەوتنێكی بەرچاویان بەدەست هێنا.

بەو شێوەیە تێگەیشتنی لە ستراتیژی سیاسی لەدەست داو حكومەتە سەپێنەرەكەی كە رۆژ بەرۆژ سەپێنەرتر دەبوو، ئەو راستیەی سەلماند. یەكلایی كردنەوەی مەسەلەی ئایرلەندە لەلایەن ئەوەوە نەیاری زۆری بۆ دروست كرد ،و مەسەلەی كاناك دەرفەتی پێویستی بۆ نەیارەكانی رەخساند.

پاسەوانانی كۆن، واتە هەمان ئەو حزبە لیبرالەی كە دەبوایە وەك هێزێكی سیاسی پشتی پێ ببەستایە، لە پێناو چەند ئیمتیازێكی كورت خایەندا بەدەستی خودی ئەو لەناو برا.

وەك سەرۆك وەزیرێك، وەك ریفۆرمخوازێكی كۆمەڵایەتیو وەك رابەرێكی جەنگ، كەم تەرخەمیی نەكرد، بەڵكو ئەو بنەمایانەی پشت گوێ خست كە لە سیاسەتدا باڵادەستن، یا چاوی لێ پۆشین.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## پێشهاتی لابەلا:

## سەرۆك وەزیری ون

کاتێك ئاندرۆ بۆنارلا[١] لەوێستمینیستەر ئابی[٢] بەخاك سپێردرا، ئاسكویس وتی (پێویست)و گونجاو دەبوو ئەگەر ((سەرۆك وەزیری ون)) لەتەنیشت ئارامگەی ((سەربازی ون)ەوە بەخاك بسپێردرێ. لۆید بلیك لەژیاننمەكەیدا دەربارەی سەرۆك وەزیری ون ئاماژەی بەوقسەیەی ئەو داوە.

بۆنارلا كە لەكەنەدا هاتۆتە دنیاوە، لەتافی لاویدا هاتووە بۆ سكۆتلاندو خوێندنی لەوێ تەواو كردووە. پاشان لەبانقێكی بارزرگانیو كۆمپانیایەكی بازرگانیی كانزادا كاری كردوە. لەساڵی ١٩٠٠دا، لەتەمەنی ٤٢ساڵیدا، چۆتە ناو پارلەمانەوە. لەساڵی ١٩٠٦دا كورسیەكەی لەگلادستۆن لەدەستدا، بەڵام هەرزوو بۆ دەستەبەركردنی كورسیی دالویچ[٣] دەستبەكار بوو.


دوای لەدەستدانی ئەو كورسیە لەساڵی ١٩١٠دا، لەبوتل[٤]هەڵبژێردرا. لەحكومەتەكەی سالسبێریو بەلفۆردا سەرۆكایەتیی ژوری بازرگانیی پێ سپێردرا. كاتێك بەلفۆر لەساڵی ١٩١١دا، دەستی لەسەرۆكایەتیی حزب كێشایەوە، بۆنارلا بەسەرۆك هەڵبژێردرا.

---

[1] Andrew Bonar Law
[2] Westminster Abbey
[3] Dulwich
[4] Bootle







**ئەندرۆ بۆنارلا**

هەرچەندە كە لۆید جۆرج سەرۆكی دەوڵەتی ئیئتیلافی لەساڵی ١٩١٦دا، زیاتر سودی لە بۆنارلا وەرگرت نەك بەلفۆر، بەڵام رەنگە ئەوە یەكێك بووبێ لەهەڵە گەورەكانی، لەبەر ئەوەی لۆید جۆرج ناچار بوو دارودەستەكەی خۆی لەنێو موحافیزكاران‌و سەرمایەدارەكاندا هەڵبژێرێ، بێ ئەوەی واقیعی پارلەمان لەبەرچاو بگرێ كە باڵ بەسەر هەر حكومەتێكی ئیئتیلافیدا دەكێشێ.

بەهەرحاڵ كۆبونەوەكەی یانەی كارلتۆن لەساڵی ١٩٢٢دا، دەست بەجێ،و بۆ هەمیشە، كۆتایی بەرژێمەكەی لۆید جۆرج هێناو بۆنارلا بوو بەسەرۆك وەزیر.

ئەو تەنیا ماوەی حەوت مانگ سەرپەرشتیی حكومەتی نوێی ئیئتیلافی گرتەدەست،و دوای ئەوە گیرۆدەی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ناچار بوو دەست لەكار بكێشێتەوەو لە تشرینی یەكەمی ١٩٢٣دا كۆچی دوایی كرد. ئەودەمەی سەرۆكی حزب بوو پشتگیریی تەواوی لەهەڵوێستەكانی ئەلستەر دەكرد. ئەو حزبیەكی پرۆفیشناڵ بوو و كاتێك ئاسكویس سەرۆك وەزیری ئەو كات، زۆربەی شەوان لەئێوارە خوانەكاندا دەبینرا، ئەو ئەركە پارلەمانی‌و حزبیەكانی خۆی رادەپەڕاند.

لەساڵی ١٩٢١دا لەبەر نەخۆشی دەستی لەسەرۆكایەتیی كارای حزب كێشایەوە، بەڵام بەبڕیاری ئەو بووكە حزبەكەی روی لە لۆید جۆرج وەرگێڕاو موحافیزكارەكان لەحكومەتی ئیئتیلافی كشانەوە. لەو بەشەی پێشوودا ئاماژەمان بەو مەسەلەیە كردووە. لەپێكهێنانی حكومەتەكەیدا دوچاری كێشە بوو. لەبەرئەوەی لانی كەم نەیدەتوانی بانگهێشتی ئەوستن چەمبەرلین سەركردەی دێرینی حزبی موحافیزكار بكا، بۆ بەشداری كردن لەحكومەتەكەیدا.

نەیدەتوانی بانگهێشتی (چێرچیل) یش بكا كە بە ڕواڵەت لیبراڵ بوو، و لەپێشهاتەكەی (كاناك) دا دەستی هەبوو. بالدوین ئەو ئەركەی گرتە ئەستۆ كە چارەنوس وایكرد وەك سەركردەیەكی موحافیزكار جێی ئەو بگرێتەوە.





هەموو موحافیزكارە ناسراوەكانی تر لەگەڵ لۆید جۆرجدا مانەوە، ئامادە بوون لەیانەی كارلتۆندا، ئەو جێیەی كە بۆنارلا تا ڕادەیەك بەزۆریی بیووربروك چوو بوو، مەرجی پێویست بوو بۆ (كۆپۆنی[٥]) نوێی موحافیزكاران، بەڵام حكومەتەكەی حكومەتێكی نەناسراو (یا حكومەتی ئەمانە كێن؟) نەبوو وكەسانی وەك لیو ئامری، وور (دواتر لۆرد هالیفاكس[٦])، هاگ (دواتر هەیلسهامی گەورە[٧])، سێر (ساموێل هۆر[٨])و نەویل چەمبەرلین[٩] لەناو كابینەكەیدا بوون.

بالدوین كە رۆڵی كاریگەری لە شكست پێهێنانی حكومەتەكەی لۆید جۆرجدا هەبوو، بوو بە وەزیری دارایی‌و ئەوەش، وەك دەبینین ناكۆكیی نێوان ئەوو بۆنارلادا هێنایە كایەوە كە هێندەی نەمابوو بە دەستلەكاركێشانەوەی سەرۆك وەزیر تەواوبێ، بەڵام ئەركی بنەرەتی ئەو زامن كردنی یەكڕیزیی نوێی حزب بوو: ((دەبێ لەگەڵیاندابم لەبەر ئەوەی رابەریانم.))

بۆنارلا مافی ئەوەی هەبوو كە لەهەوڵی بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنێكی گشتیدا بێ. ئەو هەڵبژاردنە زۆرینەیەكی بەرچاوی بۆ زامن كرد (هەڵبژاردنێك كە جێی رەزامەندیی بالدوین نەبوو كە بیروباوەڕەكانی واقیعبینانە نەبوو).

شەش مانگ دوای پێكهێنانی حكومەتەكەی، بۆنارلا پێشنیاری ئەوەی بۆ كرا كە بۆ زامن كردنی سەلامەتی خۆی سەفەرێكی دەریایی بكا.

بەڵام ئەو دوچاری شێرپەنجەی گەروو بوبوو ناچاری كرد لە مانگی مایسدا دەست لەكار بكێشێتەوە.

---

[٥] كۆپۆن پارچە كاغەزێكە كە لەبەرامبەریدا كاڵا یا خزمەتگوزاری بەهەڵگرەكەی رەوا دەبینرێ. لێرەداو پێشتریش بەناوی (هەڵبژاردنی كۆپۆنی) هاتووە ـ و .

[6] Wood Lord Halifax
[7] Hogg . Hailsham
[8] Sir Samuel Hoare
[9] Neville Chamberlain

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

**هەرچەندە هەوڵی نەدا جێنشینێك بۆ خۆی دەست نیشان بكا، بەڵام پاشا گومانی نەبوو لەوەی كە ئەو (بالدوین) پێشنیار دەكا بۆ ئەو مەبەستە.**

**بەهەرحاڵ بالدوین لەلایەن پاشاوە هەڵبژێردرابوو، و پێویستی بەوە نەبوو كە لەو بارەیەوە راوێژ لەگەڵ كەسێكدا بكا كە لەسەرە مەرگدا بوو.**

**جگە لەوە جەی. سی. سی. دەیڤیدسن[10]، دواتر لۆرد دەیڤیدسن، كە رازگری هەموو ئەو كەسانە بوو كە لەو پێشهاتانەدا بەشداربوون، بۆ دەرباری ئاشكراكرد كە سەرۆك وەزیریش وەك زۆر كەسی تر لاریی لەوە نیە بالدوین جێی بگرێتەوە.**

[10] J. C. C. Davidson





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی حەوتەم





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# ستانلی باڵدوین



**باڵدوین و هاوسەرەکەی لەچەکەرز دوای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٢٤**





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

وێنەی ستانلی باڵدوینیان وەك خاوەن موڵكێكی گەورەو تەمبەڵ بۆ كێشاوین كە بەگۆچانەكەی خۆی پشتی بەرازەكان دەخورێنێ، زۆر حەزی لەوەیە باسی سەروەریەكانی یۆنانو گەورەیی رۆم بۆ ئەنجومەنی كلاسیك بكا، و لەقاڵبی سیاسەتمەدارێكیشدا ئەو كەسەیە كە زۆر گوێی بەهیتلەر نەداوەو سەبارەت بەنوێكردنەوەی چەكو تەقەمەنی دەنگدەرانی ناوچەی هەڵبژاردنەكەی خۆی گومڕاكردووە،و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەنگاوی خێرای ناوە، كەسێك كە لەقۆناغەكانی سەرەتای سیاسەتی رازیكردنی [هیتلەر]دا سەرپەرشتیی كاروباری پێ سپێردرابوو و سەرەنجام لەكاتی جەنگدا هەوڵێكی گەورەی، لەپێناو دابین كردنی تەقەمەنیی پێویست بۆ پاراستنی دەروازە پۆلۆنیەكانی وڵاتەكەی، خستەگەڕو پەرەی پێدا. ئەوەی كەبەسەردەمی باڵدوین ناودەبرێ، سیمپۆزیومێكە[1] بۆ تاوتوێكردنو لێكۆڵینەوە لەنەوەیەك. هەندێ كەسیش خەڵاتی دەكەن لەبەرامبەر بەڕێوەبردنی قەیرانێكی قانونیدا كە بەوازهێنانی ئیدواردی هەشتەم تەواوبوو. ئێستا دەرفەت رەخساوە بۆ هەڵسەنگاندنێكی نوێ. تاكو ئێستا ئەو هەڵسەنگاندنانەی بۆی كراوە تەنانەت لەمەسەلەی نوێكردنەوەی چەكو تەقەمەنیدا تای تەرازووەكە بەلای باڵدویندا دادەشكێنێو وینیستۆن چێرچیلش ئەو وێنەیەی رەتكردۆتەوە كە باڵدوین وەك كەسێكی ناكارامەو كلاسیكو تەمبەڵ دەناسێنێ. ئەو تاكە هاوكاری پێشوی باڵدوین بوو لەكابینەكەیدا كە لەرێ ورەسمێكی بچوكدا كە لەساڵی ١٩٤٩دا، بەیادی باڵدوین لەنزیك ماڵەكەیدا لەۆرسێستەرشایەر[2] ئەنجامدرا،و چەند كەسێك بەشدارییان تێدا كرد، وتەی پێشكەش كردووە، بەڵام ئەی رای چێرچیل چی بوو؟ ((باڵدوین خۆڕاگرترین سیاسەتمەدارە كە تاكوئێستا لەژیانمدا ناسیبێتم.)) ژیانی سیاسیی چێرچیل تا ئەو كاتەی لەو رێورەسمەدا وتەی پێش كەش كرد،و لەیەكەمین هەڵبژاردنیەوە لەپارلەماندا، ٤٤ساڵی تێپەراندبوو.

[1] Symposium ئەنجومەنێكە كەتیایدا كۆمەڵە كەسێك بابەتێك تاووتوێ دەكەن ـ و .

[2] Worcestershire





مەكتەبی بیروهۆشیاری

٤١ساڵ بەرلەوە وەزیری كابینە بوو. لەكابینەكانی ئاسكویس، لۆید جۆرج، باڵدوینو چامبەرلیندا، هەروەها لەكابینەكەی خۆشیدا خزمەتی كردبوو.

لەماوەی زیاتر لەسێ ساڵ كابینەسازیو كابینەشكێنیدا، رابەرسازیو رابەرشكێنیدا، هاورێ بازیو پاشقول گرتندا، لەنزیكەوە ئاشنایی لەگەڵ كەسانی بێ بەزەیی وەك لۆید جۆرج، بیركنهێند كەرەزۆن و كارمۆندا هەبوو(ئەوە ئەگەر نەمانەوێ ناوی خاوەن رۆژنامەكانی وەك نۆرس كلیف، رادەرمایەرو بیور بروكیش ببەین).

ئەوەی كە پاڵی بەچێرچلەوەنا ئەو لێدوانە دەربارەی باڵدوین بدا دوو بنەمای تەواو جیاواز لەیەكتری هەیە: یەكەمیان كاتێك هەردوكیان لە كابینەی دووەمی باڵدویندا لەنزیكەوە پێكەوە هاوكاریی یەكتریان دەكردو [لەو كابینەیەدا] توانای خۆڕاگریی باڵدوین بۆ بەرگریكردن لەچێرچیلو پشتگیری كردن لێی بەكار هێنرا، دوەمینیان كاتێك كەتوانای خۆڕاگریی باڵدوین لەسەردەمی ناكۆكیە سیاسیەكاندا (كە هەرگیز لایەنی شەخسی نەبوو)لەمەسەلەكانی هیندو لەوەش زیاتر، لەمەسەلەی نوێكردنەوەی چەكو تفاقدا، بەرجەستە بوو. ئەوان بەدرێژایی ئەو ماوەیە دۆستی یەكتر بوون، بەڵام چێرچیل كە سەبارەت بەمەسەلەی هیند رێگەیەكی هەڵەی گرتبووە بەر، لەمەسەلەی نوێكردنەوەی چەكداو لەمەسەلەی مەترسیەكانی هیتلەردا رێگەیەكی راستی گرتبووە بەر، هەردەبوو ئاماژە بە توانای لە بن نەهاتووی باڵدوین لە بەرگری كردن و بەرپەرچدانەوەدا بدا.

كاتێك باڵدوین، لەساڵی ١٩٣٧دا، دەسەڵاتی دایە دەست چەمبەرلین، وەك نەریتی باوی ئەو سەرۆك وەزیرانەی خانەنشین دەكرێن، ستایشی ئەویش كرا.

دە ساڵ دوای ئەوە كاتێك كۆچی دوایی كرد، هیچ كەسێك بەشداریی لە رێورەسمی بەخاكسپاردنیدا لەگۆڕستانی كڵێسای وێستمینیستەر [وێستمینیستەر ئەبێ] دا نەكرد، بەجۆرێك كە ژووری بازرگانیو پیشەسازی ناچاربوو هەر بۆ رواڵەت لەوێ ئامادەبێو رۆڵێك بگێڕێ.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بالّدوین شایستەی ئەوەیە کە لەمێژوودا وەك (ئاشت کەرەوە) یەك ناوی بەرێ. ئەو توانی کەرتی پیشەسازی، کە بەردەوام لەحاڵەتی هەلّچونو تەقینەوەدا بوو، هێور کاتەوە. بالّدوین لەدەمێکی سەختو دژواردا بوو بە سەرۆك وەزیر. دوای تێپەڕینی کەمتر لە پێنج ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی جەنگدا، ئەو کێشەو ململانێیانەی کە ئاسکویس ناچاربوو لەسەروبەندی ئەو جەنگەدا دەستو پەنجەیان لەگەڵدا نەرمکاتەوە، چڕوپڕتر بوونەوە.

بێکاریی دوای جەنگ، بەرفراوان بوونی دیموکراسیی کارگەیی لەئاکامی جەخت خستنەسەر بەرهەم هێنانی تەقەمەنی لەکاتی جەنگدا، نەوەی نوێی سەرمایەداری کەرتی پیشەسازی، بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوخۆ،و ئەو رەهەندە نوێ یەی کە لەگەڵ شۆڕشەکەی سۆڤیەتدا هاتبووە کایەوە. نیشانەی دژوار بوونی زیاتری بارودۆخەکە بوو بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی ئاسکویسدا.

بالّدوین، بەهەق، لەململانێکانی پیشەسازیی خەلّوزی بەردیندا لەساڵی ١٩٢٦دا، وەك (ئاشت کەرەوە) یەك ناوی دەرکرد ،و هەندێك جار لەبەرامبەر رۆژنامەی (بریتیش گازێت[3]) ی حکومیدا کەبەشێوەیەکی نارەواو وروژێنەر هێرشی دەکردە سەر کرێکاری کانەکان (ئەو هێرشانەی خراوەتە پاڵ چێرچیل، هەڵبەستراوە)و هەڵوێستێکی زۆر جیاوازی گرتەبەر لەکاتێکدا لەپراکتیکدا ئەوان هاوکاریی نزیکیان پێکەوە هەبوو. بەر لەسەرهەڵدانی مانگرتنی گشتیش، بالّدوین، بەر لەهەموو کەسێکی تر چێرچیلی راسپارد بۆ ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە لەکەرتی پیشەسازیی خەلّوزی بەردیندا.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە کۆمیسیۆنی مەلەکی بەسەرپەرشتیی سامۆیلّ [4] راپۆرتی دەربارەی بارودۆخی ئابوریی کەرتی خەلّوزی بەردینو داخوازیی خاوەن کانەکان بەتایبەت کەم کردنەوەی هەقدەستو زیاد کردنی سەعاتەکانی کارکردن ئامادە دەکرد،

---

[3] British Gazette
[4] Samued





مەکتەبی بیروهۆشیاری

یارمەتیی بەرفراوانو [هەمەلایەنە]ی پێشکەشی کرێکاری کانەکان کرد، یارمەتیەك کە کەم وەزیری دارایی هەیە [چێرچیل] خۆبەخشانە بیدا.

هەردووکیان [بالّدوینو چێرچیل] لەبەر چەند هۆیەکی قانونی بەتوندی مانگرتنی سەرتاسەریی کۆنگرەی سەندیکا کرێکاریەکانیان مەحکوم کرد، لەبەر ئەوەی زانیاریان لەبەردەستدابوو کە روسەکان بە رەوانەکردنی پارە بۆناو ئینگلتەرە خەرجیی مانگرتنەکەیان دابین کردووە، تابڵێسەی مانگرتنەکە دانەمرکێتەوە.

بریتیش گازێت بەرهەمی ئیدارەیەکی هاوبەش بوو. رۆژنامەیەکی ترنەبوو بەوشێوەیە کاربکا. هەندێك جار وەك هەولّێکی هاوبەش، لێدوانەکانی بالّدوین هەرلەبەر ئەوەی لەلاپەڕەی یەکەمدا دابنرێ بلاّودەکرایەوە.

کاتێك مانگرتنی گشتی کۆتایی پێهات، بالّدوین بەرەو فەرەنسا بەرێ کەوتو چێرچیل سەرپەرشتیی تەواوی ئەو هەولاّنەی گردەتە دەست کە بۆچارەسەرکردنی کێشەی کەرتی خەلّوزی بەردین خرابووە گەڕ. وەزیری دارایی [چێرچیل] بالّدوینی ئاگادار کرد لەوەی دەیەوێ داکۆکی لەفیدراسیۆنی کرێکارانی کانەکان بکا لەبەرامبەر خاوەن کانەکاندا، و لەنامەیەکدا زمانە تایبەتیەکەی خۆی بۆ سوکایەتی پێکردنی خاوەن کانەکان بەکار هێنا. ئەوە چێرچیل بوو کە بە پاڵپشتیی بالّدوین، گوشاری توندی خستە سەر خاوەن کانەکان تا بەدانوستانی سەرتاسەری رازی بن. ئەو دژایەتیی خۆی بۆ دان وستانی ناوچەیی راگەیاند، کە داخوازیەکی خاوەن کانەکان بوو، بەو مەرامەی کە دوبەرەکی لەنێوان ناوچەکاندا بنێنەوە، و سەندیکای ناوچەیەك بەکەن بەگژ سەندیکای ناوچەیەکی تردا، سەرەنجام، بالّدوینو چێرچیل، هەردوکیان خۆیان لەو مەسەلەیە دزیەوە، جێی سەرنجە هارۆڵد لاسکی[5] کە کەسێکی ئاسان نەبوو و بەئاسانی رازی نەدەکرا، دوای ئەوە سەرکردەی کرێکارانی کانزاکانی تا داونینگ ستریت بەڕێ کرد، چێرچیلی بە (پیاوێکی مەزنترو کارامەتر) و بالّدوینیشی بە (مل هوڕێکی نائاسایی) ناوبرد.

---

[5] Harold Laski

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەكۆتاییدا هەردووكیان وەك یەك تۆمەتبار كران بەوەی چوونەتە ژێرباری خاوەن كانەكانەوە. لەكۆتایی مانگرتنەكەدا ئەندامانی موحافیزكار نەیانتوانی هێزی سەندیكای كرێكاران هان بدەن كەبچنە پاڵ حكومەتەوە. هەرچەندە لەو دەمەدا هیچ كەسێك ئەوەی نەدەزانی، بەڵام لەراستیدا ئەوە باڵدوین بوو كە وتووێژەكانی مۆند تێرنەری[٦] (لەنێوان خاوەن كارگەیەكی پیشەسازیی كیمیایی مەلەكی ((١٢١))و سەركردەیەكی سەندیكای كرێكاریی رستن‌و چنینی خوری) رێكخست، كە مەبەست لێی هێنانەكایەی نەزمێكی نوێ بوو لە پەیوەندییە پیشەسازیەكاندا.

بەگشتی رۆژنامەكان كەسێكی (ئاشت كەرەوە)یان خۆش ناوێ، هەر وەك چۆن فیلیت ستریت[٧] دژایەتی كرد. [هەروەها،] سەرۆك وەزیرێكیش كە بۆ كۆنترۆڵكردنی كابینەكەی رۆڵی ئاشت كەرەوە بگێرێ دوچاری هەمان بەلا دەبێ.

هەر كات لەبەجێ گەیاندنی ئامانجێكی هاوبەش‌و سیاسەتە هاوبەشەكاندا سود لە لێهاتویی سیاسیی خۆی وەرگرێ بۆ پاراستنی یەكرێزیی كابینە حوكمی ئەوەی بەسەردا دەدرێ كە پەرت بووەو رێگەیەكی هەڵەی گرتۆتە بەر.هەركاتێك شەڕی كرد، وەڵامی بوختان بەبوختان‌و تۆمەتیش بەتۆمەت دەداتەوە، كاتێك لەم ناكۆكیەدا لایەنی هەق دەگرێ وەك پاڵەوانێك دەناسرێ، بەڵام لەبەرامبەردا كابینەكەی لەبەر یەك هەڵدەوەشێ. كاتێك كەدوای هەوڵێكی زۆر دان وستانێكی تاقەت پڕوكێن لەگەڵ خاوەن پیشەكان یا حزبێكی ناكۆكدا، سەرەنجام فۆرمۆڵەیەكی گونجاو بۆ نەهێشتنی ئەو ناكۆكیە دەدۆزێتەوە، بە (فریو) لەقەڵەم دەدرێ و تەنانەت بە (خۆبەدەستەوەدان) یش.

هەرقسەیەك كە لەكەرتی پیشەسازی یا لەكۆبونەوەیەكی حزبیدا بكرێ‌و دۆخەكە ئاڵۆزتر بكا وەك قسەیەكی سیاسەتمەدارانە ستایشی لێدەكرێ، هەرچەندە كە لەچارەسەر

[6] Mand - Turner

[٧] Feet Street نوسینگەكانی رۆژنامەكانی لەندەن ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

كردنی مەسەلەكاندا، جیاوازی هەیە لەنێوان سەركردەیەكی موحافیزكارو سەركردەیەكی حكومیی كرێكاراندا.

ستانلی باڵدوین لە٣ی ئابی ساڵی ١٨٦٧دا هاتە دنیاوە. ماوەی ژیانی لەسەرۆك وەزیریی دێربی یەوە دەستی پێكردو تا سەرۆك وەزیریی ئەتلی درێژەی هەبووە.

باوكی لەكارگەیەكی دارشتەدا لەستۆرپۆرت،[٨] كەمولكی خێزانەكەیان بوو، و لەكارگەیەكی ئاسنگەریدا لە ویلدن[٩]، كە لەنزیك ماڵەكەی خۆیەوە بوو ئاسنی ئامادەكراوی بەرهەم دەهێنا، كاری دەكرد. كەمێك بەرلەوەی باڵدوین لەدایك بێ، سامانی خێزانەكەیان دابەش كراو باوكی كارگەی ئاسنگەریەكەی بەركەوت. دوای (ئەم دابەش كردنە) سەرمایەكەی خۆی لەگەڵ سەرمایەی ئەوانی تردا یەكخستو (كۆمپانیای باڵدوین)ی لەساڵی ١٩٠٢دا، دامەزراند.

دواتر ئەم كۆمپانیایە لەگەڵ كۆمپانیایەكی تردا یەكخران‌و كۆمپانیای (ریچارد تۆماس‌و باڵدوین[١٠])یان پێكهێنا كە تا بەر لەوەی خۆماڵی بكرێ، كۆمپانیایەكی ناسراو بوو. جگەلەوە سەرۆكی هێڵی ئاسنی گرەیت وێسترن[١١] و پشكداری بانقیش بوو. كۆمپانیای خێزانەكەیان كۆمپانیایەكی دەوڵەمەند بوو و باڵدوین هەرگیز پێویستی بەقەرزی بانق نەبوو.

ستانلی باڵدوین كاتێك كە لە هارو وكامبریج دەیخوێند، خوێندكارێكی تارادەیەك تەمبەڵ بوو، بەڵام خوێندنی تەواو كردو بازرگانیی كردە پیشە. ئەو یەكێك بوو لەو پێنج سەرۆك وەزیرەی پێشینەی چالاكیی بازرگانیان هەبووە.

هەوڵی زۆری دەدا بۆ ئەوەی كارە تەكنیكیەكان فێربێ، و هەمیشە دەچوو بۆسەر كارەكەی‌و لەگەڵ سەرجەم كرێكارو كارمەندەكانیدا ئاشنایی هەبوو. راستیی ئەوەی كە

[8] Stourport
[9] Wilden
[10] Richard Thomas Baldwi
[11] Great Western Railway

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كۆمپانیاكەی كۆمپانیایەكی خێزانی بووە، رەنگە بیروبۆچونی رۆمانسی سەبارەت بە پەیوەندیی خاوەن كارو كرێكاری تیایدا خولقاندبێ.



لە(هارۆ) ـ باڵدوین كەسی دووەم لەلای چەپەوە لەدانیشتوەكان

باوكی ئەندام پەرلەمانی سەر بەحزبی موحافیزكار بوو، بۆ ناوچەی وێست ڤۆریستەرشایەرو[12] دواتر بۆ ناوچەی بیودلی.[13] لەساڵی ١٩٠٤دا بۆ نوێنەرایەتیی ناوچەی كیدەر مینیستەر[14] قبوڵ كرا، بەڵام سەركەوتنی بەرچاوی لیبرالەكان لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٦دا، شكستهێنانی ئەوی لێكەوتەوە . باڵدوین تەمەنی

[12] West Vorcester Shire
[13] Bawdley
[14] Kidderminister





مەكتەبی بیروهۆشیاری

نزیكەی ٤٠ساڵ بوو، لەو سەردەمەدا كە خولی پارلەمان حەوت ساڵی دەخایاند، هیچ زامنێك نەبوو كە تابەر لەساڵی ١٩١٣، هەڵبژاردنێكی گشتیی تر ئەنجام بدرێ، بەڵام باوكی لەساڵی ١٩٠٨دا مردو ئەو بوو بە میراتگری كورسیەكەی. هەرچەند پشتیوانیی لەچاكسازیی تاریفەدا كردو رەخنەی لەبودجەكەی لۆید جۆرج گرت، بەڵام تا بەر لە هەڵایسانی جەنگ نەیتوانی خۆی دەربخا. لەبری ئەوەی بچێتە هۆڵی نوێنەرانەوە، پێی باش بوو بچێتە ژووری جگەرەكێشانو پایپەكەی خۆی بكێشێ،و لەو بارەیەوە نمونەیەكی كامڵی نوێنەرێكی پارلەمان بوو. بەواتایەكی تر واخۆی دەردەخست كە بیرێكی تری لەمێشكدایە.

شەپۆلی مانگرتنەكانی ساڵانی بەر لەجەنگ، كە لەرووی بەرفراوانیو لەرووی پاڵنەرەوە بێ پێشینە بوو، هانی دا تا لەسەر بنەمای ئەزمونەكانی خۆی لەسەر مەسەلەكانی كرێكاران بدوێ. ئەو كرێكارانە كە مانیان گرتبوو ئەوانەی ئەو نەبوون. لە كۆمپانیاكەی باڵدوین هیچ نیشانەیەكی مانگرتن بەرچاو نەدەكەوت،و ئەو راگەیاندنە كەدەبێ گۆڕانكاریی نوێو نەخوازراو لەكەرتی پیشەسازیی بەریتانیادا كەبەر لەنیوسەدە لەسەربنەمای نەزمی نوێی سەندیكاكانی كرێكاری دامەزرابوو، بكرێ. (نەزمێك كەتیایدا كرێكارانو خاوەن كارەكان سەبارەت بەسەعاتەكانی كاركردنو هەقدەستو بەشێوەیەكی گشتی هەلومەرجی كاركردن بەرێكەوتنێك گەیشتبونو پێویستی بەوەنەدەكرد مان بگرن)، ئەو لەلێكۆڵینەوەكانی خۆیدا بۆی دەركەوت كە جیاوازیی ئاشكرا هەیە لەنێوان پەیڕەوانی یەكێتیەكانی كرێكارانو[15] لایەنگرانی سەندیكاكانی كرێكاراندا. ئەمە تێروانینێك بوو كە بەردەوام راپێچی دەكرد بەئاراستەی قبوڵ كردنو تەنانەت هاندانی هێنانەكایەی كرۆكێك لەناو حزبی كرێكاراندا،و پتەوكردنی لەبەرامبەر نفوزی رێبازە دەرەكیەكاندا.

[15] Syndicalist

هەڵایسانی جەنگ خەمباری کرد، لەبەر ئەوەی سەرەنجی دەدا کەشیرازەی کاروبار بەتەواوی تێك چووە. رەخنەی لەحکومەتی ئەوکاتە گرت لەبەرئەوەی گرنگیی تەواو بەمەسەلەی تەقەمەنی نەداو بەمەسەلەیەکی هەنوکەیی نەزانی، و پشتگیریی لەحکومەتی ئیئتیلافی کرد، و دوای ماوەیەك دودڵی سەبارەت بە لۆید جۆرج، سەرەنجام پشتیوانیی لەوازهێنانی حکومەتەکەی ئاسکویس کرد.

بوو بە نوێنەری پارلەمانی بۆنارلاو بەپێچەوانەی ئەرکی ئاسایی خۆیەوە خۆی لەمەسەلە داراییەکانەوە هەڵدەقورتاند.

دوای ئەوە کرا بە جێگری دارایی خەزێنە کەپۆستێکی گرنگەو پلەیەك لە خوار وەزیرەوەیە. لەودەمەدا تەمەنی ٤٩ساڵ بوو. ئەرکەکانی خۆی بەباشی بەجێ دەگەیاندو کارامەیی خۆی بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ بانقی (ئینگلتەرە)دا سەلماند.

زۆری نەخایاند کە بەپێچەوانەی پێشبینی خۆیەوە وەك پیاوی ئایندەی خەزێنەی بەریتانیا تەماشا کرا، بەڵام هێشتا لەجێگرێکی دارایی زیاتر نەبوو. لەکۆتایی جەنگدا، هەڵبژاردنی کۆپۆنی کەسانێکی هێنایە سەرکار، کە کینز بە (پیاوانی زەحمەت کێش)ی ناو دەبردن. ئەمانە کەسانێك بوون کەبەدرێژایی جەنگ کاری باشیان کردبوو و سەربەزبوون. کۆمپانیاکەی باڵدوینیش دەچوە ئەو ریزبەندیەوەو رەنگە هەرلەو چوارچێوەیەدا بوبێ کاتێك باڵدوین بە(تایمز)ی راگەیاند کە پێنج یەکی هەموو سەرمایەکەی، کە دەیکردە ٥٠٠,٠٠٠پاوەند، لەپێناوی ئەوجەنگەدا تەرخان کردووە.

ئەو قەواڵەی کۆمەکی بێ بەرامبەری بە حکومەت وەك جێگری سەرۆکی خەزێنە بەکورتکراوەی (ج. س. خ) ئیمزاکرد کە لەسەر ئاستەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری وڵاتدا دەنگی دایەوە، وادەهاتە بەرچاو کە کەسی کۆمەك بەخش بیەوێ خەڵکی بزانن ئەو کۆمەکەی کردووە، جگەلەوە هەموو ئەوقەواڵەی قەرزانەی سوتاند کە دابووی بەحکومەتو بۆ ئەو مەبەستەش رێورەسمێکی تایبەتی بەئەنجام گەیاند. ئەو





دەیتوانی بەبێ دەنگوسەنگ تر ئەو کارەبکا، بەڵام ویستی ببێتە سەرمەشق بۆ کەسانی ترو بۆ ئەو مەبەستەش نامەی بۆچەندین کەس ناردو داوای لێکردن وەك ئەو بکەن.

بۆنارلا پێشنیارێکی سەیری بۆ کرد تاوەك نوێنەری پاشاو فەرمانڕەوای گشتی بەرەو ئەفریقای باشورو ئوستورالیا بەڕێ بکەوێ. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە بیوربروك ئەو پێشنیارەی بۆ دوورخستنەوەی ئەو کەسە کردووە کە لە بۆنارلاوە نزیکە.

لەراستیدا ئەوە بۆنارلا بوو کە قەناعەتی بە لۆید جۆرج کرد باڵدوین بکا بەسەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی باڵدوین بۆ مەبەستێك ئەوکارەی کرد، و لائیحەیەکی لەژێر ناوی (لائیحەی پارێزگاریکردن لەپیشەسازی) لەپارلەماندا تێپەڕاند.

بەڵام بەپێچەوانەی لائیحە بەهاتو هاوارەکەیەوە، خۆی بێدەنگترین کەسی ناو کابینە بوو. ماوەیەکی زۆر بوو ئەو پرسیارەی دەکرد کە ((بۆچی لۆید جۆرج ورەی هەموو ئەوکەسانەی پەیوەندیی پێیانەوە هەیە تێك دەشکێنێ، هەر لەنوێنەری پارلەمانەوە تا فەرمانبەری حکومەت، ئەندامانی سەندیکا کرێکاریەکان، یاخەڵکی...؟)) لەپەیوەندیەکانی لۆید جۆرج لەگەڵ خاوەن رۆژنامەکانیشدا بێزاربوو، بوونی نۆرس کلیف، بیروبروكو رۆتەر مەیەری بەپیلانێك لەدژی دەستەی وەزیران لەقەڵەم دەدا.

مەبەستی ئەوەبوو ((یەکریزیی حزبی دوبارە دروست بکاتەوەو بیپارێزێ.)) رەنگە ئەزموونی دورودرێژی وەك نوێنەرێکی پارلەمان، نەك وەك وەزیرێك وای لێکردبێ هێندە پێ لەسەر ئەو مەسەلانە دابگرێ. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا دەست تێوەردانانی باڵدوین لەکۆبونەوەکەی یانەی کارلتۆندا، چارەنوس سازبوو. بەرلەوەی کێشەی کاناك سەرهەڵبدا، هیچ کەسێك پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە باڵدوین لەماوەی چەند هەفتەیەکدا ببێتە وەزیری داراییو دوای حەوت مانگیش بکرێ بەسەرۆك وەزیر.

خۆڕاگرترین سیاسەتمەداران هەمیشە خۆڕاگر نایەنە بەرچاو. ئەم حوکمە دەبێ بەسەر مەسەلەیەکدا بدرێ کە باڵدوین لەو ماوە کەمەدا کە لەخەزێنەدا کاری دەکرد، رووبەڕووی بۆوە.

دواتر شارەزایان تا رادەیەك بەكۆی دەنگ باڵدوینیان تۆمەتبار كرد بەوەی كە لەپەیوەندیە گشتیەكانی خۆیداو بەتایبەت لەسەرپەرشتیكردنی دانو ستانەكانیدا لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكادا سەبارەت بە یەكلاكردنەوەی قەرزەكانی جەنگ، كارامە نەبووە.

سەرپشك كرابوو كەبەرەو واشنتۆن بەرێ بكەوێو مەسەلەی ئەو قەرزانە، وادەی دانەوەیانو سودی قەرزەكانیش یەكلایی بكاتەوە. هیچ گومانێك لەوەدانیە كە مەرجە سەختو سەپێنراوەكانی ئەمریكای قبوڵ كردووە : ئەو پرسیارەی دەكرێ ئەوەیە كە ئایا ناچار بوو هەموو ئەو مەرجانە قبوڵ بكا؟و ئایا نەیدەتوانی دان وستانەكان بۆكاتێكی تر دوابخاو بڵێ كە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەكەی تا ئەومەرجانە لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی وڵاتەكەیدا تاووتوێ بكا؟ مشتومڕئامێزترین خاڵی تری ئەو مەسەلەیە ئەوەیە كەنەدەبوایە بێ دڵنیابوون لەوەرگرتنی قەرەبوو لەئەڵمانیا،و قەرزەكانی بەریتانیا لەسەر هاوپەیمانان لەكاتی جەنگدا، وڵاتەكەی خۆی بۆدەیان ساڵ پابەند بكا بە پێ دانی بودجەیەكی ساڵانەی قورس.

باڵدوین هەڵلایەكی گەورەی لەناو بەریتانیادا نایەوە كاتێك مەرجەكانی ئەمریكای لەو دانوستانانەدا ئاشكرا كرد كەهێشتا نەخرابووە بەردەم كۆنگرێسی ئەو وڵاتەوە.

لەوەش خراپتر ئەوەبوو كە كابینە ئەو مەرجانە قبوڵ بكا. بۆ هەموو لایەك ئاشكرا بوو كەبۆنارلا ئەو مەرجانەی قبوڵ نەكردوەو بەباڵدوینی راگەیاندوە: ((ئەگەر ئەومەرجانە قبوڵ بكەم نەفرەت لێكراوترین سەرۆك وەزیر دەبم لەمێژووی بەرتانیادا.))

پاشا دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی بۆنارلاو لێدوانەكانی باڵدوینی مەحكوم كرد كەلەكاتی گەیشتنەوەیداو دابەزینی لەكەشتیەكەی دابووی: دەنگۆی ئەوە هەبوو كە لەوتارێكیدا لەرۆژنامەیەكدا بێ ئەوەی ناوی خۆی لەسەر دابنێ، ئەو مەرجانەی مەحكوم كرد بوو، بەڵام تاكوئێستا بەڵگەی تەواو بۆ پشت راست كردنەوەی ئەوە لەبەر دەستدا نیە.

باڵدوین دوای ئەوە روونی كردەوە كە ئەومەرجانەی لەسەری رێككەوتوون پێویستە لەلایەن كۆنگرێسەوە پەسەند بكرێ و ئاماژەی بەوەشدا كە لەو هەلو مەرجەدا لەوەباشتر دەستەبەر نەدەكرا:((هەركاتێك ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی پیرانی ئەمریكا ئەو





مەرجانەیان پەسەند كرد، پێویستە بەشێك لەقەرزەكانی ئێمە بدرێنەوەو كێشەكەی ئێمە لەوسنورە تێناپەڕێ...) خەڵكی بەریتانیا بە (رێكەوتننامەیەكی كاتی) رازی بن. لەلایەكی ترەوە خستنەڕووی هەرپێشنیارێكی جیاواز لەوە بێ سود دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەمریكیەكان نەیاندەتوانی لەوەزیاتر بەلای ئێمەدا دایشكێنن.

ئەو نەیدەزانی كەهەركەسێك ئەو مەسەلەیەی بەرگوێ كەوتبێ مێشكی خوێنی تێزاوەو دەمار گرژی كردووە. لەبەر ئەوەی دەبوایە باری سەرنجی كابینەی بەهەند وەربگرتایە. هێڵێكی تەلەگراف لەنێوان لەندەنو واشنتۆندا هەبوو دەیتوانی لەو رێیەوە پەیوەندی بكا.

یادەیتوانی كەسێك رەوانەی وڵات بكاتەوە بۆ وەرگرتنی رای كابینە، یا ئەوەی خۆی سەری لەبەریتانیا بدایەتەوە. ناچێتە عەقڵەوە كە لەماوەی ئەو پێنج یا شەش رۆژەدا كە بەكەشتی سەفەرەی كردووە نەیتوانیوە بەسود وەرگرتن لە سیستمی پەیوەندیی كەشتیەكەوە پەیوەندی بەداونینگ ستریتەوە بكا.

لەساڵی ١٩١٠دا، سیستمی پەیوەندی لەنێوان كەشتیو كەناردا هێندە پێش كەوتوو بووە كە توانیویانە دكتۆر كریپن[16] دەستگیر بكەن. رۆژنامەكانی بەریتانیا وردەكاریو دان وستانەكانیان لەگەڵ ئەمریكیەكاندا چاپ كردبوو، كاردانەوەی لەندەنیش بەباشی بڵاوكرایەوە.

هەروەها بەمێشكدا نایە كەپێشتر باڵدوین و هاوسەفەرەكانی لەسەر كەشتیەكە ئەو مەسەلەیان تاوتوێ نەكردبێو مشتو مڕیان لەسەر نەكردبێ. چەندین جار رویداوە كەتیمێكی وتوێژكار ئەو زەحمەتەیان خستۆتە ئەستۆو بۆ راوێژ لەسەر مەسەلەكان لەئەمریكاوە گەڕاونەتەوە بۆلەندەن. لەهەر دان وستانێكدا ئەو ئەگەرە بەدوور نازانرێ.

جگەلەوە، سەرپەرشتیاری وەفدی وتوێژكار جۆری كاردانەوەی كابینەی لەبەرچاوە. ئەوانە چاوەڕوان دەبن تا مەرجەكان گەڵاڵە دەكرێنو لەسەری رێك دەكەون ئەودەم دانوستانیان لەسەر دەكرێ.

---

[16] Dr. Henry H.Crippen



**ستانلی باڵدوین و هاوسەرەكەی لەمانگی هەنگوینیدا ـ ساڵی ١٨٩٢**





بەڵام ئەوەی كەچاودێرانی دەرەكی لێ غافڵ دەبن ئەوەیە كە وەفدی وتووێژكار زۆرجار لەدەرەوەی وڵات دەكەونە ژێر كاریگەریی ئەو وڵاتەوە كە وتووێژەكانی تێدا ئەنجام دەدەن و پێیان وایە لەندەن [ناوەند] شێت بووە یا لەدەرەوەی قۆناغەكەدایە، لەندەن [ناوەند] یش هەمان خوێندنەوەی بۆ ئەوان دەبێ. دەقی ئەو بروسكانەی كە لەنێوان ناوەندو وەفدی وتووێژكارەكاندا ئاڵوگۆڕكراوە ئەم راستییە پشت راست دەكەنەوە.

زەحمەتە باوەڕبكرێ كە بەدرێژایی هەفتەیەك سەفەری دەریایی، لەسەر مێزی نان خواردن، یا لەكاتی پیاسەكردندا لەسەر كەشتیەكە سەرۆكی وفدی وتووێژكار دەربارەی ئەوەی كەدەبێ بۆ پەیام نێرانی رۆژنامەكانی (ئەوانەی كە بەرەو پیری دەچن) روون بكاتەوە پێشتر بیری لێنەكردبێتەوە.

گومانی تێدانیە كە باڵدوین لەو بارەیەوە لەگەڵ هاوكارانی خۆیدا راوبۆچونیان ئاڵو گۆڕكردوەو پێش وەخت وشەكانی ئامادە كردوە: شێوازی لێدوانەكەی وەك لەرۆژنامەكاندا بڵاوكراوەتەوە زۆر لەوە وردتر بووە كەبڵێین لەدەمی دەرچووە. راستی ئەوەی كە ئەو بەلەبەر چاوگرتنی مەترسیی دەركردن لەكابینە ئەو لێدوانەی داوە، پیشانی دەدا كەپێشتر قسەكانی خۆی هەڵسەنگاندوە، و تەنانەت ئەگەری ئەوەشی بەدوور نەزانیوە كە دەستلەكاركێشانەوەی خودی سەرۆك وەزیریشی لێبكەوێتەوە.

بۆنارلا بەكابینەی وت كە ئەگەر مەرجەكانی ئەو دانوستانە لەلایەن كابینەوە پەسەند بكرێ دەست لەكار دەكێشێتەوە.

سەرەنجام دانیشتنی كابینە بۆ رۆژی دوایی دواخرا. سەرۆك وەزیر لەودانیشتنەدا ئامادە نەبوو و زۆرینەی ئەندامانی كابینە مەرجەكانیان پەسەند كردو لەكۆتاییدا بۆنارلاش پەسەندی كرد. ((خۆڕاگرترین سیاسەتمەداری چێرچیل)) گرەوەكەی بردبۆوە. ئەو سەركەوتنێكی تریشی لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەدەست هێناو بەوشێوەیە سەركەوتنێكی پارلەمانیشی دەستەبەر كرد.

لەكاتی كردنەوەی دانیشتنی نوێی پارلەماندا لەشوباتی ساڵی ١٩٢٣دا، بەكاردانەوە رقەكەی بەرامبەر رەمزی ماك دۆناڵد جارێكی تر گەمەكەی بردەوە. بۆنارلا كەبەدەست نەخۆشیی شێرپەنجەوە دەیناڵاندو لەسەرلێواری مەرگ بوو، لە٢٠ی مایسی ١٩٢٣دا، دەستی لەكار كێشایەوەو لەمانگی تشرینی یەكەمدا كۆچی دوایی كرد.

ئەو سەركردە موحافیزكارانەی كەبەختی خۆیان لەگەڵ لۆید جۆرجدا یەكخستبوو لە ڕیزەكە چووبوونە دەرەوەو هەڵبژاردنەكەی لەنێوان باڵدوین‌و ماركۆس كەرەزۆندا بوو. پاشا (بەوپێیەی كە ئێستا ئاشكرابووە) پشتیوانیی لەباڵدوین دەكرد، بەڵام لەبەر ئەوەنا كەهەڵبژاردنی سەرۆك وەزیر لەنێو لۆردەكاندا كێشەی بەدواوە بووە. بنەماڵەی بۆنارلا بەتەشریفاتی دەرباریان راگەیاند ((سكرتێرە تایبەتەكەی پاشا ئەمەی بە سالیسبێری وتوە)) كە ((ئەگەر پاشا رای ئەو [بۆنارلا] وەرگرێ پێشنیاری ئەوەی بۆدەكا كە سەرۆك وەزیر هەروەك جاران لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا هەڵبژێردرێ.))

پاشا نوێنەرێكی خۆی ناردە لای كەرەزۆن تا پێیڕابگەیەنێ كە بۆئەو پۆستە هەڵنەبژێردراوە. كەرەزۆن ئەو هەنگاوەی پاشای وا لێك دایەوە كە لەئاییندەدا ڕێی داوینگ ستریت دەگرێتەبەر،و لەگەڵ ئەوەدا كە دوچاری نائومێدی بووبوو، بەڵام بانگهێشتەكەی باڵدوینی بۆ مانەوە لەپۆستی وەزیری دەرەوەدا قبوڵ كرد.

چونكە ئەگەر ئەوپێشنیارەی رەت بكردایەتەوە باڵدوین داوای لە ئەوستن چەمبەرلین دەكرد ئەو پۆستە بگرێتەدەست. باڵدوین لایەنگری راستەقینەی سیاسەتی پشتگیری كردن لەكاڵا خۆماڵیەكان بوو.

ئەو كەسێكی راستگۆ بوو. لەو باوەڕەدا بوو كە چارەسەر كردنی كێشە پیشەسازی‌و بازرگانیەكانی بەریتانیا تەنیا بە (((هێشتنەوەی پیشەسازی بەرهەم هێنی بەریتانیا)) مەیسەر دەبێ كە تەنانەت لە ((قانونی پاراستنی پیشەسازیەكانیش)) زیاتر بڕەدەكا. ئەو قانونەش بەدڵسۆزی‌و هەوڵ‌و كۆششی ئەو پەسەند كرابوو. لەپلەی سەرۆك وەزیریدا بیروباوەڕە فیكرییەكانی خۆی خستە خزمەتی مەسەلە كۆمەڵایەتیەكانەوە. بە بۆچونی






ئەو تەنیا بەدانانی قانونەكانی پشتگیری ڕێگەكان والادەبن، بەڵام ئەو میراتەی كە بۆنارلا بۆی بەجێ هێشتبوو، لەپارلەماندا كۆسپ‌و بەربەستی هێنایە سەر ڕێ، لەبەر ئەوەی بەڵێنی دابوو كەهیچ گۆڕانكاریەكی گرنگی دارایی بەئەنجام نەگا مەگەر بە حوكمی هەڵبژاردنی گشتی.

(بەواتایەكی تر ئەوە جۆرێك بوو لەگەڕانەوە بۆ رای گشتی.)باڵدوین لەڕووی بیرباوەڕەوە مەیلی بەلای بنەمای (پشتگیری) دا هەبوو، بەڵام دەبوایە ڕێز لەومیراتە بگرێ كە گەڕانەوە بوو بۆ رای گشتی لەرێی هەڵبژاردنەوە.

دەشیتوانی بەراستگۆییەوە بڕیارەكەی خۆی رابگەیێنێ‌و بڵێ لەبەر ئەوەی جگە لەرێی پیادەكردنی سیاسەتی ((پشتگیری)) ڕێگەیەكی تر بۆ بەرەوپێشبردنی كارەكان شك نابا، بۆیە دەبێ پرس و را بەدەنگ دەران بكا، بەڵام كارێكی ئاوا لەروی سیاسیەوە كاڵفامانە دەبوو.

ئەگەری ئەوە هەبوو رەخنەگرانی سەردەمی لۆید جۆرج وردبینیەكەی باڵدوین بە بیروبۆچونی سیاسەتمەدارێكی سادەو بێ ئەزمون لەقەڵەم بدەن، بەڵام ناچار بوون سەر لەناوچەی هەڵبژاردنەكانی خۆیان بدەن (( وەك چۆن خودی باڵدوینیش ناچار بوو سەر لەو ناوچانە بدا))، تا ببینن ئایا دەنگدەران، ئەم گۆڕانكاریە مێژوییە لەسیاسەتدا كە هاوشێوەی بەڵێنەكانی سەرۆك وەزیری پێشوو مێژوویی بوون، پەسەند دەكەن یاخود نا.

موحافیزكاران لەرووی زۆرینەوە هێشتا لەپێشەوە بوون لەبەر ئەوەی ٢٥٧كورسیان هەبوو، بەڵام كە حزبی كرێكاران ١٩١كورسی‌و لیبرالەكان ١٥٨كورسیان بەدەست هێنا، حكومەتی زۆرینە پێكهێندرا. ئەو لەبەرامبەر حزبەكەیدا كەمتەرخەمیی كردو ئەندامانی حزب رەخنەیان لەشێوەی سەرۆكایەتیەكەی گرت. ئەو مەسەلەیە لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٩شدا، جارێكی تر دوبارە بۆوە.



**لەكۆنفرانسی مەلەكیی چەكەرز لەساڵی ١٩٢٣ دا ـ لەچەپەوە بۆ ڕاست:**
**(سموتس ـ ئەفریقای باشور)، (وارن ـ نیوفۆندلاند)، (ماسی ـ نیوزیلاند)وباڵدوین.**

موحافیزكاران كە چنگو ددانیان خوێناویە، كاتێك سەرۆكەكەیان حزبەكەیان بەرەو شكست پەلكێش دەكا، لەخەڵكانی تر بێ بەزەیی تر دەبنو بەخوێنی سەری تینوو دەبن. نمونەی بەرجەستەی ئەمە باردوخی ساڵانی ١٩٢٩ ـ ١٩٣٠ ـ ١٩٦٤ ـ ١٩٦٦ و ١٩٧٤بوو، هەرچەندە لەساڵی ١٩٤٥ یا ١٩٥٠دا كاردانەوەی لەوجۆرەیان نەبوو.

دوابەدوای ئەوە باڵدوین دەست لەكار كێشانەوەی خۆی تەسلیم بەپاشا كرد. لێرەدا خاڵێكی قانونی دێتە ناوەوە. لەشكستەكەی دیزرائیلیەوە لەساڵی ١٨٦٨دا، وا باو بوو





كەكاتێك حكومەتێك زۆرینەی پارلەمانیی خۆی لەدەست دەدا بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەنجومەنی نوێنەران بێ دەستی لەكار دەكێشایەوە.

بەڵام ئەم نەریتە لەسەردەمی دووحزبدا باو بوو. ئاكامی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٣، بەرابەر بوو، بەزمانی ئەمڕۆ هەڵبژاردنێكی ((هەڵپەسێردراوو لەكار كەوتوو) بوو (كە براوەی نەبوو).

باڵدوین لەو باوەڕەدا بوو كە لەلایەنی پارلەمانییەوە ناتوانێ حكومەتێكی پتەو پێك بهێنێ، بەڵام پاشا هاتە ناو مەسەلەكەوەو فەرمانی پێدا درێژە بەحكومەتەكەی خۆی بدا، مەگەر ئەوەی لەپارلەماندا شكست بخوا. باڵدوین بەنابەدڵی رازی بوو. لەساڵی ١٩٢٩دا، كە جارێكی تر حزبەكەی زۆرینەیەكی هاوشێوەی بەدەست هێنا ئەو بەرێزەوە داوای كرد كە ئەمجارەیان ئەو ئەركەی نەخەنەوە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا هەرچەند هیچ حزبێك زۆرینەی رەهای حزبیی بەدەست نەهێنا بوو بەڵام چیتر ئەو رابەری گەورەترین حزبی ناو پارلەمان نەبوو.

دوای ئەوەی ئاسكویس هەموو لایەكی دڵنیاكردەوە لەوەی كە كرێكاران هیچ هەڕەشەیەك لەپێكهاتەی سیاسیی بەریتانیا ناكەن، بڕیاری دا دەرفەتێك بۆ حزبی كرێكاران بڕەخسێنێ كە دەسەڵات بگرنە دەست و چەند خاڵێكی خستە ناو وتە رەسمیەكەی پاشاوە كە ئاراستەی نوێنەرانی گەلی كردو لەئاكامدا باڵدوین شكستی خوارد و حزبی كرێكاران هاتە سەركار، بەڵام لەماوەی ساڵێكدا لائیحەی چاكسازیی لیبراڵەكان پەیوەست بەمەسەلەی كەمپ بیلەوە، مەك دۆناڵدی لەدەسەڵات خستو باڵدوین بەزۆرینەیەكی گەورە سەركەوت. باڵدوین لەلوتكەدا خۆی بینیەوەو دڵنیا بوو چوار یا پێنج ساڵ لەدەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

ئەو كابینەیەی كە پێكی هێنا، جێی سەرنج بوو. بەرەسمی داوا لەنەڤیل چەمبەرلین كرا جارێكی تر پۆستی وەزیری خەزێنە بگرێتەوە ئەستۆ، بەڵام ئەو حەزی دەكرد وەزارەتی گوزەران و ژیان بگرێتە دەست. جگەلەوە چەند پێشنیارێكی ئامادە كردبوو

تایبەت بەچاكسازی لەدەسەڵاتەكانی حكومەتە ناوخۆیەكاندا[١٧] لەبوارەكانی دانانی نرخی بیناسازیدا.

رەنگە كاتێك كە لەژووری كابینە چۆتە دەرەوە داخی ئەوەی هەڵكێشابێ كە بۆچی نەیتوانیوە كاتی خۆی بەجۆرێك رێكبخا كە لەكاتی گونجاودا خۆی بگەیێنێتە چێرچیل كە لە ژووری چاوەڕوانی دا دانیشتبوو، هەرچەندە كە چێرچیل بە نوێنەرێكی موحافیزكار دەژمێردرا. لەنێو سەرسامیەكی گشتیدا چێرچیل كرا بەوەزیری دارایی: هیچ كەسێك بەقەد خودی چێرچیل بە ئەندامێتی ی لەو كابینەیەدا سەرسام نەبوو.

سیاسەتی دارایی ئەو، بەتایبەت لەمەسەلەیەكی گرنگی وەك گەڕانەوە بۆ پشتیوانەی ئاڵتون، لەساڵی ١٩٢٥دا، و مەسەلەی بودجەكان نیشانەی تێگەیشتنێكو بیركردنەوەیەكی دراویی نوێ بوو. ئەمڕۆكە بەگشتی ئەو باوەڕە لەكایەدایە كە چێرچیل لەگەڕانەوەدایە بۆ پشتیوانەی ئاڵتونو هێشتنەوەی ئێستەرلینگ لەبەهایەكی بەرامبەردا لەگەڵ دۆلاردا لەساڵی ١٩١٤دا، رێگەیەكی هەڵەی گرتۆتە بەر، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ كە ئەو لەسەردەمی مۆنتاگیو نۆرماندا[١٨] ژیاوە كە لەسەر بنەمای حیكمەتی عەقڵ گوشارێكی توندی هێنابوو كەبەهای بەرامبەریی پاوەند لەودەمەدا كە لەگەڵ ساڵی ١٩١٤دا، جیاوازیەكی زۆری هەبوو لەسەر بنەمای ٤,٨٨ دۆلار دوبارەبێتەوە .

خودی چێرچیل هەستی دەكرد كەئەو بەها بەرامبەرە لەنرخی راستەقینەی زیاترەو بەریتانیا بەرەو كەم بونەوەی هەناردەو لاسەنگیی بودجەی دەبا، تا ئەودەمەی دوای شەش ساڵ حكومەتی ناسراو بەحكومەتی ((میللی)) پێكهێنراو بەكەم كردنەوەی نرخی بەرامبەریی پاوەند لەبەرامبەر دۆلارداو وازهێنان لەسیاسەتی پشتیوانەی ئاڵتون پاوەندی لەهەڵدێر دوورخستەوە. ئەمجارەیان چێرچیل بەتوندی ڕووبەڕووی لایەنگرە سەرسەختەكانی نۆرمان وەستایەوەو كینزو ئابوریناسە واقیعیەكانی سەردەمی نوێی

---

[١٧] Loc Government دەزگایەكی هاوشێوەی شارەوانیە كەتیایدا كاروباری شارێك یا ناوچەیەك لەلایەن خودی دانیشتوانەكەیەوە بەرێوەدەبرێ ـ و .

[18] Montague Normam





كرد بەگژ بانكی لەندەندا. مەترسیەكانی گەڕانەوە بۆ بەهای ساڵی ١٩١٤ی خستەروو، دووپاتی كردەوە كە پەرەسەندنی بێكاری وادەكا بەهایەكی بەرامبەریی گونجاو پەیڕەو بكرێ تا بەریتانیا بازرگانی دەرەكیی خۆی پەرەپێبدا.

بەڵام لەم بەسەرهاتەدا گەمەكەی دۆڕاندو تەسلیم بوو، و هەم ئەوو هەم باڵدوینیش لەبەرامبەر هێزی حكومەتی دووەمدا واتە (تریدنیدل ستریت[١٩])دا چۆكیان دادا.

باڵدوین دژە تێز یا خاڵی بەرامبەری لۆید جۆرج بوو. كاری ئەو ئەوە بوو چاودێری بكا كە كاروباری حكومەت لەلایەن وەزارەتەكانەوە بەڕێوە بچێ.

ئەو تەنیا رابەرایەتیی ئۆركێستراكەی لە ئەستۆ گرتبوو، خۆی ماندوو نەدەكرد. هیچ كەسێك ناتوانێ لەیەك كاتدا كاری دووكەس بكا. [كار]ی سێ كەس ئەوە هەرباسی مەكە. بەوشێوەیە چێرچیل لەو نێوەدا فەوتا، هەرچەندە كەباڵدوین بەدرێژایی ماوەی سەرۆكایەتیەكەی سەبارەت بەچەندین مەسەلەی تریش نەك هەرتەنیا مەسەلە داراییەكان لەگەڵ چێرچیلدا راوێژی دەكرد.

یەكێك لە سەركەوتنەكانی باڵدوین بەرفراوانكردنی دامێنی كاری رێكەوتننامەی ئایرلەندە (لۆید جۆرج) بوو كە ژمارەیەك لەمەسەلە هەڵپەسێردراوەكان، بەتایبەت مەسەلە سنوریەكان كە لەكاتی دەسەڵاتی لۆید جۆرجدا چارەسەر كرابوون یەكلایی كرانەوە. باڵدوین بەرپرسیارێتی چارەسەركردنی ئەو مەسەلانەی بەچێرچیل سپاردو بەدەست خستنە ناودەستی سەركردەكانی ئایرلەندە ئەنجامەكەی پەسەند كرد.

وەزیرێكی تر كە زۆر هاندراو پشتگیریی لێكرا تا بیروبۆچونەكان بگۆڕێ بۆ واقیع، نەڤیل چەمبەرلین بوو هەروەك دواتر دێینە سەری. ئەو گەورەترین چاكسازیی لەكەرتی نیشتەجێكردن، بەرنامە رێژیی زەویو زار، حكومەتی ناوخۆییو هەروەها تەندروستی بەئەنجام گەیاندووە.

---

[١٩] Threadneedle Street شەقامێكی شاری لەندنە كەبانقی ئینگلتەرەی لێیە ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

باشترین وەزیری نیشتەجێكردنو حكومەتی ناوخۆ بوو لەم دەستەیەداو لەو بارەیەوە هیچ كەسێك جگە لە ئەنیورین بیون، كە ٢٠ساڵ دوای ئەوە هاتە سەركار، ناگاتەوە پەو.

باڵدوین لەبزوتنەوە مێژوییەكەی ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٦دا، كە مانگرتنی گشتیی كرێكارانی كانەكانو مانگرتنی سەرتاسەریی لێ كەوتەوە، لێپرسراوی باڵابوو. هۆی ئەسڵیی ئەو مانگرتنە گەڕانەوەی حكومەت بوو بۆ پشتیوانی ئاڵتون لەسەر بنەمای بەرامبەرییەكی هەڵە.

پیادەكردنی ئەم سیاسەتە گورزی لەپیشەسازیە هەناردەییەكان وەشاند. بۆ نمونە پیشەسازی رستنوچنین بەقەد پیشەسازیی خەڵوزی بەردین زیانی لێ نەكەوت لەبەر ئەوەی لەئەنجامی بەرزبوونەوی ناواقیعیانەی بەهای پاوەنددا تاكە رێگە بۆ زیادكردنی هەناردە بریتی بوو لە كەم كردنەوەی تێ چونی بەرهەمەكان تا بگاتە ئاستی ئەو نرخەی كە لەلایەن بانقی لەندەنەوە دەستنیشان كرابوو.

خاوەن كانەكانی خەڵوزی بەردینو گروپی گراد گریندەكان[20] كە دوچاری تەنگژەیەكی زیاتر بووبوونو هەرگیز كەرتی پیشەسازی بەریتانیایان ئاڵۆدە نەكردبوو، بڕیاریاندا هەقدەستەكان كەم كەنەوە. لەنێو ئەوانەدا یەك دوو حاڵەتی لابەلا سەریان هەڵدا كە لایەنی سیاسەتمەدارانەی هەبوو. ئەو كەسانە گەیشتبوونە ئەو دەرەنجامەی كە لەڕێی مۆدێرنیزەكردنو وەبەرهێنانی گەورەوە بە بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای نوێ دەتوانرێ تێچونەكان كەم بكرێتەوە. مەسەلەی كەم كردنەوەی هەقدەستەكان لەساڵانی ١٩١٨و ١٩١٩شدا پێشنیار كرایەوە، كە تیایدا بەرێز جەستن سانكی[21] (دواتر سەرۆكی دادگای داد پەروەری سەر بەحزبی كرێكاران) سەرۆكایەتیی سەیرترین لیژنەی لێكۆڵینەوەی گرتبووە ئەستۆ.

لیژنەی ناوبراو، جگە لەسانكی، لەنوێنەرانی خاوەن كانەكانی خەڵوزی بەردینو گەورە سەرمایەدارە پیشەسازیەكانی تر، كرێكارانی كانەكانو ئەو سەندیكا

[20] Gradgrinds
[21] Mr. Justice Sankey





كرێكاریانەی كەهیچ پەیوەندیەكیان بەپیشەسازیی خەڵوزی بەردینەوە نەبوو پێك هاتبوو. ئەم كۆمیتەیە پێنج راپۆرتی ئامادەكرد: سەنعەتچییەكان ئامانجی خاوەن كانەكانیان بۆ هەرس ناكرێو ناكۆكی قووڵ لەنێوان بۆچونی كرێكارانی كانەكانو ئابوریناسە سەربەخۆكاندا هەیە كەزۆربەیان سەر بە باڵی چەپن.

سانكی پێشنیاری خۆماڵی كردنی پیشەسازیی كرد. (ئەو خەڵكی وێڵز بوو، جارێكیان لەمیوانداریی ئێوارە خوانێكی ئەنجومەنی گفتوگۆی كۆلێجی عیسادا پێی وتم كە ناچار بووە كرۆكی بابەتەكەو ناوەرۆكی راپۆرتەكە بەتەلەفون بەلۆید جۆرج رابگەیێنێ كە بۆ دانوستانی ئاشتی بەرەو پاریس بەڕێ كەوتبوو. لەبەر ئەوەی مەسەلەكە لەپاریس دزەی كردبوو بۆیە سانكی بەزمانی وێڵز ئاشكرای كرد. رۆژنامەنوسان كە ئەبڵەق بوبوون پەنایان بردە بەر شارەزایانی زمان بۆ تەرجەمەكردنی دەقی راپۆرتەكە. یەكێك لە بەناوبانگترین رۆژنامەكان بۆ ئەوەی لەپێش ئەوانی ترەوە هەواڵی دەستی یەكی ئەویان دەست كەوێ لەپەلەپەلیدا شارەزایەكی زمانی كرواتییان* هێنابوو).

باڵدوین كرێكارانی كەرتی پیشەسازیی لەسەرۆك وەزیرەكانی پێش خۆی باشتر دەناسیو بە ئاگا بوولەوەی خۆی لەڕوبەروبونەوەی لەوجۆرە لابدا. بەراستیش هاوسۆزیی لەگەڵ كرێكارانی كانەكاندا هەبوو. ئەوو چێرچیل بە تەرخانكردنی موچەی یارمەتی بۆ كرێكارانی كانەكان لە مان گرتن دووریان خستنەوە. بەو شێوەیە بەدرێژایی ئەو ماوەیە كە كۆمیسیۆنی مەلەكیی پێكهاتوو لەسێ ئەندامی (سەربەخۆ) كە ئەركی ئەوەی خرابووە ئەستۆ تا دەربارەی بارودۆخی پیشەسازیی خەڵوزی بەردین راپۆرت ئامادەبكا كرێكارانیان لەسەر كارەكانیان هێشتەوە.

سێر هێربرێت سامۆئێل سەرۆكایەتیی ئەو كۆمسیۆنەی گرتبووە ئەستۆ. ئەندامەكانی تری ئەو كۆمیسیۆنە بریتی بوون لەسێركێنیس لی[22] (خاوەنی كارگەی

* زمانی سلاڤی ی خەڵكی سربستان و كرواتیا- و.

[22] Sir William Beveridge

سەهۆڵ)و سێر ویلیام بێڤەریج.[23] ئەمانە پێشنیاری راگرتنی موچەی یارمەتی، نوێ کردنەوەی دەزگای بنەماکانی پیشەسازی (بەمەبەستی بەگەڕخستنەوەی)، و کەم کردنەوەی هەقدەستیان کرد. فیدراسیۆنی کرێکارانی کانەکان بەسەرۆکایەتی ئەی. جەی کۆك[24] وەڵامی دوو داواکاریی خاوەن کانەکانیان بەم شێوەیە دایەوە: (کەمتر وەرناگرین و یەك دەقیقە زیاتر کار ناکەین.) کرێکارانی کانەکان لەبری ئەوەی بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانیان درێژە بەخەبات بدەن زیرەکانە شورای گشتیی کۆنگرەی سەندیکا کرێکاریەکانیان پێشێل کرد و ئەوانیش بێ دواکەوتن مانگرتنی سەرتا سەرییان راگەیاندو ئەوەش یەکەمین و تەنیا کێشمەکێشمی پیشەسازیی لەوجۆرە بوو. باڵدوین لەگەڵ کرێکارانی کانەکاندا هاوسۆز بوو، بەڵام پابەندبوونی بە بنەما قانونیەکانەوە رێگربوو لەبەردەمیدا کە حکومەت و پارلەمان بخاتە ژێر گوشارەوە. جگەلەوە سەرچاوە موخابەراتیەکانی بەریتانیا راپۆرتیان خستبووە بەردەستی کە سۆڤێت پارەی رەوانەی ناو بەریتانیا کردوە بەو مەرامەی مانگرتنەکە درێژەی هەبێ.

ئەوو چێرچیل کەلەنزیکەوە پێکەوە هاواریان دەکرد، خۆیان خستە ناو ئەو هەڵڵایەوە. هەردووکیان خۆڕاگرانە لەهەوڵی ئەوەدابوون کە هەم دەروویەك بکەنەوە بۆ رزگارکردنی حکومەت لەم ئاستەنگەو هەم رێگەیەکیش بدۆزنەوە کە کۆنگرەی سەندیکا کرێکاریەکان پێی رازی بن بێ ئەوەی پریستیژیان لەکەداربێ، پریستیژیش چەند لەقەیرانە نێودەوڵەتیەکاندا گرنگە بەقەد ئەوەش لەکاروباری پیشەسازیدا گرنگیی هەیە، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بەوەبکا زەبروزەنگ بەکار بهێنرێ. هەندێك لەشارەزایان هەوڵیان دەدا جیاوازیەك دابنێن لەنێوان شێوازی سیاسەتمەداراندی باڵدوین لەگەڵ مەیلی چێرچیلدا بەلای روبەروبونەوەداو جیاوازیەکەی نێوانیان بەرجەستە بکەن.

بەڵام دەستەواژەی ((هیچ دەرگایەك دانەخراوە)) لەلێدوانەکانی باڵدویندا کە لەرۆژنامەی (گازێت)) (بڵاوکراوەی رەسمیی حکومەت)دا بڵاوکرایەوە، لەراستیدا هەر

[23] Sir William Beveridge
[24] A.J.Cook





هەمان دەستەواژەیە کە بەر لە پێنج رۆژ چێرچیل لەوتەیەکدا لەبەردەم پارلەماندا بەکاری هێنا: ((دیسانەوە... من هیوادارم، هەوڵ دەدەم و نزادەکەم کە هێمنی بەرقەرار بێ...)) بەڵام باڵدوین دەستەواژە هاوشێوەکەی خۆی بەم شێوەیە درێژە پێدا: ((من رێژێمی قانونیی بەریتانیا لەهەر پێشێلکاریەك دەپارێزم.))

لەگەڵ ئەوەشدا کە مانگرتنی سەرتاسەری کۆتایی پێهات کرێکارانی کانەکان لەکۆتایی هاوینەوە تا سەرەتای پایز لەدەرەوەی کانەکان مانەوەو لەهەوڵی تێرکردنی سکیاندابوون، و کە هەوا ساردتر بوو لەناو چاڵ و چۆڵەکانی پاشماوە پیشەسازیەکاندا بەدوای خۆڵەمێشی خەڵوزی بەردیندا دەگەڕان تا لەبەر گڕەکەیدا خۆیان گەرم بکەنەوە.

لە دوومانگی کۆتاییدا دوای ئەوەی بەناچاری وازیان لە دروشمی (کەمتر وەرناگرین و زیاتر کار ناکەین) هێنا، هەوڵێکی هێمنانەیان خستەگەڕ بۆ هێشتنەوەی نەزمی سەرتاسەریی هەقدەستەکان لەجیاتی پێشنیار کردنی ((دەستنیشان کردنی هەقدەست بەگوێرەی ناوچەکان)) کە تیایدا خاوەن کانەکان لە هەوڵی ئەوەدابوون ناوچەیەك لەدژی ناوچەیەکی ترو سەندیکای کرێکارانی کانەکان لەدژی سەندیکاکانی تر بوروژێنن.

ئەوەبوو کە واقیعی پێداویستیەکانی جەنگ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا لاپەڕەیەکی لە بەرژەوەندیی کرێکارانی کانەکان هەڵدایەوەو نەزمی سەرتاسەریی هەقدەست کاری پێکرا.

ئەوە ئەزمونێکی زیاناوی بوو، و بەهەڵوەشانەوەی کۆنگرەی سەندیکا کرێکاریەکان (TUC) پەیوەندیە پیشەسازیەکان تا ماوەیەك بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزی. تاساڵی ١٩٢٧، کە وتووێژەکانی مۆند- تێرنەر ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم ئەو پەیوەندیانەدا هێنایە کایەوە.

سێر ئەلفرێد مۆند[25]، دواتر لۆرد مێلچیت[26] (خاوەن کار) لە بەشی تازەدامەزراوی ئای سی ئەی (پیشەسازیی کیمیایی مەلەکی)و بێن تێرنەر[27] سەر بە کرێکارانی رستن و

[25] Sir Aifred Mond
[26] Lord Melchett

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چنینی خوری، نارەسمیانەو بێ ئەوەی لەلایەن خاوەنكار یا كرێكارانەوە راسپێردرابن، پێكەوە كۆبوونەوە و وتووێژیان دەستپێكردو بەم هەنگاوەشیان توانیان لاپەڕەیەكی نوێ لەمێژووی پیشەسازیدا هەڵدەنەوە.

چاپەمەنیەكانو ئەوكەسانەش كە كەوتبوونە ژێر كاریگەریی ئەو پێشهاتەو پشتگیریی تەواویان لێكرد. كەم كەس ئەو راستییەی دەزانی كە باڵدوین نەخشەدارێژو بنیادنەری ئەو هەنگاوە مێژوویە بووە.

لەنێو سەرۆك وەزیرەكاندا، تەنیا كەسێكی وەك باڵدوین ئەو توانایەی هەبوو كە كاتێك وتووێژەكانی دوو لایەن سەری دەگرت خۆی لەستایش كردنیان لادەدا، لەبەر ئەوەی نیگەرانی ئەوە بوو نەكا بەو كارەی ئەوسەركەوتنە بخاتە مەترسیەوە.

لەباقی ساڵەكانی ئەو خولە پارلەمانیەی نێوان ساڵانی ١٩٢٤- ١٩٢٩دا، پێشهاتێكی ئەوتۆ روی نەدا، جگە لەگەشە سەندن لە ئەورووپاو سست بوون لەبەریتانیادا. لەئابی ساڵی ١٩٢٨دا، نەڤیل چەمبەرلین بەشێوەیەكی تایبەت دەربارەی باڵدوین نووسی ((لەدەمێكدا كە ئێمە پێویستیمان بەهەنگاوی خێراو بەگوڕم هەیە، ئەو بەموحافیزكاریو سستیی خۆی ئازارمان دەدا.))

لەگەڵ ئەوەشدا حكومەتەكەی باڵدوین دەستبەكار بوو تا بە بەرنامەیەكی بەرفراوانو كارای كەم كردنەوەی باج، كە مەبەست لێی دەرهێنانی پیشەسازی بوو لەژێرباری باجو هەروەها زیادكردنی بەرهەمو دۆزینەوەی دەرفەتی كار بەتایبەت لەو ناوچانەدا كە دوچاری سستی بووبوو، ئەو سستیە تێك بشكێنێ.

سەرلەبەری ئەو بەرنامەیە لە لێدوانێكی ئەندامێكی موحافیزكاری پارلەمان بەناوی هارۆڵد مك میلانەوە[28]، كە ناوچەی هەڵبژاردنەكەی كەوتبووە ناو كایەی ئەو سیستەمە ئابوریەوە، سەرچاوەی گرتبوو، و چێرچیلو راوێژكارەكانی قۆستیانەوە،

[27] Ben Turner
[28] Harold Masnillan





مەكتەبی بیروهۆشیاری

باڵدونیش قۆناغ بەقۆناغ پشگیریی لەو بەرنامەیە كرد كەماوەی دووساڵ لە دامودەزگا جۆراوجۆرەكانی حكومەتدا كاری تێدا كرابوو.

پشتگیری باڵدوین دیسانەوە لەپشت پەردەوە بوو، بەڵام پتەوو بەهێز بوو چێرچیل لەو بارەیەوە بۆ هاوسەرەكەی نووسی: ((سەرۆك وەزیر بەئیرادەیەكی پتەوەوە هاتە ناو مەسەلەكەوەو جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێوستە بجولێین،))و دواتر باڵدوین لەنامەیەكیدا بۆ چێرچیل روونی كردەوە: ((ئەو پارەوەی كە كابینەی توریەكان سەركەوتوانەو بەباشی قوتیان دا پارویەكی گەورە بوو.))

هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٩ كە باڵدوین ئامادەكاریی بۆ كردبوو بەشكستێكی گەورە تەواو بوو. لەم هەڵبژاردنەدا حزبی كرێكاران بە گەورەترین حزبی تاك لەقەڵەم درا، بەڵام هێشتا لەكەمینەدا بوو.

باڵدوین دەستیلەكاركێشایەوەو مك دۆنالد دووەمین كابینەی خۆی پیكهێنا.

دەست بەكاربوونی ئەو هاوكات بوو لەگەڵ داوەستانی قورسی ئابوریدا. رێژەی بێكاری لەبەرزبونەوەدابوو، و سەرەتا دوو ملیۆنو پاشان لە كانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٣دا سێ ملیۆن كەس بێكاربوون .حكومەت هیچ جۆرە سیاسەتێكی ئابووریی بۆ رووبەڕوبونەوەی ئەو بارودۆخە بێپێشینەیە نەبوو لەبەر ئەوەی ئەم قەیرانە سەرانسەری جیهانی پێشكەوتوی پیشەسازیو بازرگانیی گرتبۆوە .خەزێنە بە فیلیپ سنۆودن سپێردرابوو[29] كە ئەویش مەیلی بەلای بازاڕی ئازاددا زیاتر بەكاریگەریی ریچارد كۆبدن بوو وەك كەی هاردی.

دوای جەنگی جیهانی هێشتا پشتگیریەكی كەم لەشێوەی پشتگیری لەخزمەتگوزاریە پیشەسازیەكانو قانونی مادە رەنگاوەرەنگەكان بەرچاو دەكەوت، بەڵام مەیلی بۆ چاكسازی لەبازرگانیی ئازادا سەرەنجام بەهەڵوەشانەوەی ئەو قانونە تەواو بوو،

[29] Philip Snwden

مەكتەبی بیروهۆشیاری

و زیادبوونی ژمارەی بێكارانی لێكەوتەوە. بەو شێوەیە یەكێك لەپیشەسازیە ناوخۆییەكان پەكی كەوت.

رەمزی مك دۆنالد كە سەرۆكی حكومەتێكی ئیفلیج بوو چەندین لێدوانی بێ مەبەستی دا، كە جگە لەدانانان بەئیفلیجیی حكومەتدا هیچ ناوەرۆكێكی تری نەبوو. ئەو بارودوخە كۆمەڵایەتیە سەیرەی كە ئەو تێی كەوتبوو سەردەمی ئاسكویسمان دێنێتەوە یاد. لەساڵی ١٩٣١دا، قەیرانێك لەئاكامی پشت بەستن بە ستەرلینگ سەری هەڵدا.

ستەرلینگ دراوێكی جیهانیەو نەوەی نوێ لەساڵانی ١٩٦٠و ١٩٧٩ شایەدن كە چ هێرشێكی گەورەی كرایە سەر، ئەو هێرشانەی كە زادەی هەڵسەنگاندنی راست یان ناراستی سیاسەتە ناوخۆیەكان بوون. ئەو سیاسەتانەی كە لەژێر كاریگەریی بنەما وروژێنەرو ئەفسانەییەكانی ئابوریناسە كورت بینەكانی وڵاتدا بوون.

بەدڵنیایەوە قەیرانی لەو جۆرە رەنگە زادەی هۆی جۆراوجۆر بێ، بەڵام ئەو رێنوێنیانەی كەدەكرێ بەزۆری كەم كردنەوەی خەرجیەكانی دەوڵەتە.

بارودۆخی ئابوریو كۆمەڵایەتی بەریتانیا لەساڵی ١٩٣١دا، بەو شێوەیە بوو. كینز پێشنیاری ئەوەی دەكرد كە لەكاتی داوەستانی گەورەی ئابوریدا كە هەڵاوسان بەهۆی بێكارییەوە سنوردار دەبێو نرخەكانی دادەبەزن، سیاسەتە ئابوریەكانی دەبێ لەسەر بنەمای كەم هێنانی گشتی دارێژرێ. بەواتایەكی تر پێویستە حكومەت بەتەرخان كردنی پارە بۆ كارو چالاكیە گشتیەكان گرنگیی سەرەكی بەكەمهێنانی گشتی بدا تا جارێكی تر كەرتی پیشەسازی بخرێتەوە گەڕ، بەڵام لە ساڵی ١٩٢١دا، گەورە ئابووری ناسان ڕایانگەیاند كە قەرەبووكردنەوەی بێكاری بەشێكە لەخەرجییە گشتیەكانی بەریتانیاو لەئەنجامی ئەوەدا ستەرلینگ كەوتە بەرشاڵاوی هێرش. مك دۆناڵد ترسی لێ نیشتو لیژنەیەكی سەرپشك كرد بۆ لێكۆڵینەوە لەومەسەلەیە. ئەو لیژنەیە زیاتر لەو كەسانە پێكهاتبوو كە بیرو بۆچونی كۆنیان سەبارەت بە ئابووری هەبوو. لیژنەكە كە





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بە لیژنەی مانگی مایس ناودەبرا لاسەنگیی بودجەی بە ٢٠ ملیۆن پاوەند مەزەندە كرد (دواتر ئاشكرابوو ١٧٠ملیۆن پاوەندە.) و پێشنیاری كرد حكومەت بەكەم كردنەوەی بیمەی بێكاری كە خۆی لەخۆیدا كەم بوو هەروەها موچەی فەرمانبەرانی حكومەت، ٦٧ملیۆن پاوەند پاشەكەوت بكا.

حكومەتەكەی حزبی كرێكاران پێ داگرتنی مك دۆناڵدو سنودنی لەو بارەیەوە قبوڵ نەكردو مك دۆناڵد سەردانی پاشای كردو مۆڵەتی لێ وەرگرت كە حكومەتی میللی پێكبهێنێ.

باڵدوین كە بەمەبەستی پشودان بەرەو ئەیكس[٣٠] بەرێ كەوتبوو بەپەلە گەڕایەوەو لەوێستگەی ڤیكتۆریا بەجانتاكەیەوە رووبەڕووی ئاپۆرەی كامێرای پەیامنێران بۆوە. هێندە پەلەی كردبوو بەدرێژایی سەفەرەكەی بەكەشتیو شەمەندەفەر بواری ئەوەی نەبوو جلەكانی بگۆڕێ.

باڵدوین پێشبینیی دەكرد پاشا ئەركی پێكهێنانی حكومەت بەو بسپێرێ: لەكاتێكدا پاشا بیری تری لەسەر دابوو، هەربۆیە مك دۆناڵدی راسپارد. سنودن، تۆماسو سانكی پەیوەندییان بە مك دۆناڵدەوە كرد لەكاتێكدا نەڤیل چەمبەرلین، هورو كانلیف لیستەر[٣١] پەیوەندییان بە كابینە بچوكەكەی توریەكانو سامۆئێلی سەر بە حزبی لیبرالەوە كرد. تەنیا چواردە نوێنەری حزبی كریكاران پەیڕەوییان لە مك دۆناڵد كرد. دوابەدوای ئەوە باجی سەر داهات بۆ پێنج شلینگ بۆ هەر پاوەندێك زیادی كرد- لەكاتێكدا كە دەبوایە كەم كرایەتەوە-و موچەی بێكاریو موچەی فەرمانبەرانی حكومەتو سوپاش كەم كرایەوە كە ئەمەیان راپەڕینی هێزی دەریایی لەئینۆر گۆردن[٣٢] لێكەوتەوە.

٣٠ Aix لەفەرەنسایە و .

31 Cunliffe - Lister
32 Invergardon

مەکتەبی بیروهۆشیاری

چەندە ئاستی متمانە بەرزتر بوایەتەوە بێكاری زیاتر دەبوو، بەڵام بە گوژمێكی كەمتر. لەساڵی ١٩٣٣دا، بەرە بەرە ڕێژەی بێكاری كەم بۆوە. لەساڵانی ١٩٣٠دا ڕێژەی بێكاری بەرە بەرە دابەزینی بەخۆیەوە دی تا لەخولی نوێ كردنەوەی چەكدا لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهاندا لەناوەندەكانی چاكسازیداو لەباشوری دەوڵەمەندو پڕ ڕەونەقدا بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزی، لەكاتێكدا لەناوچە كارەسات بارەكانو لەهەندێك شوێنی باكور، لە وێڵزو سكۆتلاند بێ كاری هەر هەبوو. لەئەیلولی ١٩٣١دا، مك دۆناڵد داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی كرد. سنودن (وەزیری دارایی حكومەتە میللیەكەی مك دۆناڵد) بەزمانە تاڵەكەی خۆی حزبی كرێكارانی بە ((حزبێك لەقەڵەمدا كە هەلاّتنی پێ باشترە لەمانەوە))،و پێشبینی كرد كە ئەگەر حزبی كرێكاران سەركەوتن بەدەست بێنێ، ((بەڵشەفیزمی شێت لە ولاّتدا بالاّدەست دەبێ.)) بەڵام حزبی ناشناڵ لیبراڵ[٣٣] سەركەوت. ژمارەی نوێنەرانی لایەنگری دەوڵەت ٥٥٦كەسو ژمارەی نوێنەرانی باڵی نەیار تێكڕا ٥٦ كەس بوو، بەپێچەوانەی حكومەتەكەی پێشوەوە ئەمجارەیان نوێنەریان لەناو كابینەدا نەبوو.

باڵدوین وەك سەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەتیو[٣٤] بەهۆی لایەنگرەكانیەوە، دەسەلاّتی راستەقینەی، لەكابینەدا، لەدەستدابوو، و دوای ماوەیەك لێپرسراوێتیەكی گرنگو گەورەی خرایە ئەستۆ. ئەو قانونی بنەڕەتیی مێژووی وێستمینیستەری لەپارلەماندا تێپەڕاند ،ئەو قانونەی كە یەكسانیی لە حوكمكردندا بە دۆمینیۆنە ئۆتۆنۆمەكان رەوا دەبینی.

دۆمینیۆنەكان لە یەك شتدا یەكگرتو بوون ئەویش دڵسۆزیی هاوبەشیان بۆ ولاّتی دایك (واتە بەریتانیا)بوو.

[33] National Liberal

[٣٤] ئەنجومەنی دەوڵەت یا دەوڵەتی میللی پێكهاتەیەك بوو لەئەندامانی حزبی لیبراڵ، كرێكارو موحافیزكار ـ و.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەرپەرشتیی وەفدێكی بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسی ئابوریی ئۆتاوا خرایە ئەستۆ كە سیستمی (بەباشتر زانینی مەلەكی) ی لێكەوتەوەو خەونەكەی سێ ساڵ پێشتری جۆزیف چەمبەرلینی هێنایەدی.

ئەم سیستمی بەباشتر زانینە كێشەیەكی بۆ لیبرالەكان نایەوە. یا بەقەولی لایەنگرانی سامۆئێل[٣٥] سیستمی ((ڕێپێدراوە سنور دارەكان))ی هێنایە كایەوە.

لایەنگرانی سایمۆن باكیان لە (سیستمی بەباشتر زانین) نەبوو.

لەكاتی پەسەندكردنی قەواڵەی ئۆتاوا لەلایەن پارلەمانەوە، ئەو سیستەمەیان بە ((ڕێكەوتن بۆ جیاوازی*)) لەقەڵەم دا. ئەم بابەتە لە پاشكۆی كتێبێكی مندا بەناوی ((سیستمی حكومەتی بەریتانیا))دا ئاماژەی پێدراوە، بەڵام زۆری نەخایاند كە ((ڕێپێدراوە سنوردارەكان)) هەڵوەشایەوە.

بۆماوەی پێنج ساڵ لە ١٩٣٠وە تا ١٩٣٥، سەرەتا ئەودەمەی كە باڵدوین لەحكومەتەكەی مك دۆناڵدا سەركردایەتیی باڵی نەیاری لەئەستۆدابوو،و پاشان ئەو دەمەی كەسەرۆكی ئەنجومەنی دەوڵەتی میللی بوو لەناو كابینەكەی مك دۆناڵدا مەسەلەی هیندستان باڵی كێشابوو بەسەر بەشێكی زۆری چالاكیەكانی باڵدویندا.

لەماوەی دەسەلاّتی حكومەتەكەی كرێكاراندا لە ١٩٢٩وە تا ١٩٣١، مك دۆناڵد لەژێر گوشاری ئیروین* (دواتر لۆرد هالیفاكس) لەهیندستان، و وەزیرەكانی خۆیو حزبەكەیدا، پێشنیاری چەند چاكسازیەكی لە ڕژێمی حكومەتیی هیندستاندا كرد. حزبی موحافیزكار بەم پێشنیارە وروژاو باڵدوین وتەیەكی لەو بارەیەوە پێشكەش كردو موحافیزكارانی سەرسام كرد. نوێنەرانی پارلەمانی حزبی كرێكاران پێشوازیەكی گەرمیان لەوتەكەی ئەو كرد، بەڵام موحافیزكاران بە ڕووی گرژەوە بێ دەنگییان هەڵبژارد. چێرچیل یەكێك بوو لەو كەسانەی كە دژی ئەو پێشنیارانە قسەی كردو نەویل

[35] Samulite

* مەبەست هەمان (سیستمی بەباشتر زانین)ە كە تایبەت بوو بەو كالاّیانەی رەوانەی بەریتانیا دەكران ـ و.

* Irwin

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چەمبەرلین بە سنوربەزێنو بەپەلەی لەقەڵەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا چێرچیل رازی نەبوو بەشداری لەهەڵمەتە سەرشێتانەكەی بیوربوروك -روتەر مەیەر دا بكا كە لەدژی ئەو پێشنیارە خستبویانە گەڕو پێی وتن: (نایەوێ بەپەیوەندی كردن بەوانەوە، رێ لەبەردەم لەناوچونی حزبەكەیدا هەموار بكا.) لەوەڵامی زێدە رەویەكانی سەرانی رۆژنامەكاندا باڵدوین قسەیەكی كورتو سەرنج راكێشی كرد (دەڵێن ئەو قسەیە قسەی ((رادیارد كیپلینگ[٣٦]))ی پورزای بوە) كە ئەمە بوو: ((دەسەڵات بێ بەرپرسیارێتی، مافێكی بەمیراتی بەجێ ماوە بۆ كەسانی بودەڵەو بەد ڕەوشت لەهەموو سەردەمێكدا.))

كاتێك دەوڵەتی ئیئتیلافی لەساڵی ١٩٣١دا، پێكهێنرا باڵدوین بەهەق یا بە ناهەق بەو ئەنجامە گەیشت كە لەدەقی پێشنیارەكانی* حزبی كرێكاراندا شتێك هەیە كە بۆپاراستنی دەوڵەت پێویستە.

هەرچەندە لەبنەمادا پێكهێنانی دەوڵەتی ئیئتیلافی كاتیەو بۆماوەیەكی كورت ئەنجام دەدرێ، و دوای ئەوە ئەندامانی دەوڵەتی ئیئتیلافی جارێكی تر دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕە سیاسیە باوەكانی خۆیانو پەیمانی بۆ نوێ دەكەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باڵدوین هەر بەردەوام بوو لەسەر پشتیوانیكردن لەو پێشنیارانە.

هاوشێوەی ئەم بارودۆخە لەسەردەمی ئێستاماندا ((بەڵێننامەی كۆمەڵایەتی)) یە لەنێوان حكومەتی حزبی كرێكارانو كۆنگرەی سەندیكا كرێكاریەكاندا: بەگوێرەی ئەو بەڵێننامەیە پێویستە حكومەتی كرێكاران چەند خاڵێكی گرنگ لەبەرچاوبگرێ كە مانەوەی حكومەتی كرێكارانی پێوە بەندە.

باڵدوینیش سەبارەت بەسیاسەتی بەریتانیا لەهیندستان هەستی بەوە دەكردو بۆ داكۆكیكردن لەبیروبۆچونەكانی خۆی لەسەر بنەمای پێشنیارەكانی حزبی كرێكاران، درێغیی لەهیچ هەوڵێك نەدەكرد.

[36] Rudyard Kiplinq

* پێشنیارەكانی تایبەت بە چاكسازی لە رژێمی حكومەتی هیندستاندا- و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

باڵدوین لەكاتێكدا دوپاتی دەكردەوە كە ئەوپێشنیارانە هەرگیز سەربەخۆیی هیندستانی لێ ناكەوێتەوە، بەڵكو مەبەست لێیان خستنەگەڕی چاكسازیە لەسیستمی حكومەتی چیندا، لیژنەیەكی هاوبەشی هەڵبژاردەی لەهەردوو ئەنجومەن پێكهێنا، لەكاتێكدا بەهیوابوو بەو لێدوانانەی لە توندیی رەخنەی موحافیزكاران كەم كاتەوە. ژووری بازرگانی مانچستەر لەترسی ئەوەی ئەو هەنگاوانە كاریگەرییان لەسەر بازرگانیی لۆكە هەبێ، بەخستنەرووی چەند بەڵگەیەك، رەخنەیان لەچەند لایەنێكی ئەو پێشنیارە گرت. ئەوەش ترسی خستە دڵی وەزیرە توریەكانەوەو دوابەدوای ئەوە لەرێگەی لۆرد دێربییەوە چەند رێوشوێنێك گیرایە بەر تا دەقی نامەكەی [ژووری بازرگانی] گۆڕانكاریی تێدابكرێ. نامەكەی كە هێندە نەبوو لەمانچستەرەوە رەوانەی لەندەن كرابوو، نەخرابووە بەرچاوی لیژنەكەوە،و ئەوی كەدواتر خرایە بەرچاوی لیژنەكە بەهیچ شێوەیەك باری سەرنجی پێشوی ژووری بازرگانی نەبوو. ئەم مەسەلەیە دواتر ئاشكرابوو، و داوا لەلیژنەیەكی تایبەت كرا (نەك لەچێرچیل) كە لێكۆڵینەوە لەو ئیدیعایانە [ئیدیعای شاردنەوەی] باری سەرنجی ئەسڵیی ژوری بازرگانیو گۆڕینیدا بكرێ،و ئەگەر بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنرایە ئەنجومەنی نوێنەران سەرزەنشت دەكرا.

راپۆرتی كۆتایی لیژنەكە، هیچ كەسێكی خەتابار نەكرد، ئەو نامەیە كە لەكاتی خۆیدا وەستایانە لە لیژنەكە شاردرایەوە ئێستا لەبەردەستدایە و پیشانی دەدا كە ئەو تۆمەتانە لەجێی خۆیاندا بوونو وەزیرەكان شایەدیی درۆیان داوە.

گومانی تێدانیە كە باڵدوین لەم كەینو بەینەدا خەتابار بووە، هەمان ئەو باڵدوینەی كە راستگۆییەكەی لەسەر هەموو زارێك بوو، بەڵام ئەم پێشهاتە بەروونی پیشانی دەدا كە ئەو و بە تایبەتیش هەندێك لەهاوكارەكانی لەوپێناوەدا كە هاوئاهەنگیو یەكڕیزیی دەوڵەت بپارێزن ئامادەبوون هەركارێك بكەن. چێرچیل بێخەتا بوو، بەڵام ناوبانگی ئەویشی زڕاند، لەبەر ئەوەی لەودەمەدا وتبووی كە ئیدیعاكانی هەڵە بوون.

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

گەورەترین بابەتی مشتو مڕ دەربارەی كاتی سەرۆكایەتیی باڵدوین، چ ئەودەمەی لەگەڵ مك دۆناڵدا كاری دەكردو چ دوای ساڵی ١٩٣٥، كە بوو بە سەرۆك وەزیر، مەسەلەی نوێكردنەوەی چەكو كاردانەوەی ئەو بوو لە بەرامبەر سەرهەڵدانی مەترسیی رووڵەزیادبووی هیتلەردا كە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو تۆمەتە بدەین كە لەكاتی گرتنەبەری سیاسەتی رازیكردندا* درایە پاڵی.

ئەو تۆمەتە دوای ئەوەی چەمبەرلین بوو بەجێنشینی گەیشتە ئەوپەڕی. سەرەتا پێویستە تۆمەتی ئەوەی لەسەر لابەرین كە گوایە شاردنەوەی بڕیارەكەی سەبارەت بەنوێ كردنەوەی چەك، وەستایانە، دەنگ دەرانی لەساڵی ١٩٣٥دا گومڕاكردوە.

ئەو قسانەی كە چەندین جار دەدرانەوە بە چاویدا هەمان ئەو قسانە بون كە لەبەردەم پارلەماندا كردنی: ((وای دابنێین كە سەرجەم ناوچەكانی وڵاتم كردووەو بە خەڵكیم وتووە كە ئەڵمانیا سەرقاڵی نوێكردنەوەی چەكەو پێویستە ئێمەش بكەوینە خۆمان. ئایا لەوباوەڕەدایت كە خەڵكی لەسایەی ئەم دیموكراسیە ئارامەدا، لەچاوتروكانێكدا بە دەورمدا كۆببنەوەو بەدەنگ بانگەوازەكەمەوە بێن؟ من ناتوانم بیر لە شتێك بكەمەوە كە دڵنیام كاریگەریی نەرێی لەسەر هەڵبژاردن دەبێ.)) ئەم قسانە ئەوە پشت راست دەكەنەوە كە باڵدوین هەڵبژاردنی لەئاسایشی نەتەوەیی بەلاوە گرنگتر بووەو وەك لە ناوەرۆكی ئەو قسانەوە دەردەكەوێ ئەو مەبەستی لەو هەڵبژاردنەی ساڵی ١٩٣٥ نەبوو كە خۆی بانگەشەی بۆكرد، بەڵكو مەبەستی لەساڵانی ١٩٣٣و ١٩٣٤ بووە.

لەقسەكانیدا وتی ((من سەبارەت بەساڵانی ١٩٣٣و ١٩٣٤دەدوێم.))لەراستیدا ئەو هەڵبژاردنی لەهەموو مەسەلەكانی تر بەلاوە گرنگتر نەبووە. بەڵكو لەبەرچەند هۆیەكی

* سیاسەتی رازیكردن سیاسەتێكە چەند ئیمتیازێك بە دوژمن دەدا. ستانلی بالدوین لەبەرامبەر سیاسەتی پاوانخوازانەی هیتلەر لەئەوروپادا، لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهاندا هەوڵیدا بەوسیاسەتە ئارامی كاتەوە، بەڵام ئەوسیاسەتە، هیتلەری هاندا پەرە بە پاوان خوازیەكەی بدا ـ و.





ئینتەرناسیۆناڵی، مەسەلەی چەكداماڵینی وەك سیاسەتێكی بەرنامە بۆداڕێژراوی خۆی هەڵبژاردبوو.

دوو رۆژ بەر لەهەڵبژاردنە لاوەكیەكەی ناسراو بە هەڵبژاردنی ((ئاشتی خوازانە))لە ئیست فۆلهام[37] كە تیایدا پاڵێوراوی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهۆی مەیلی گشتی بەلای چەك داماڵیندا، شكستی خوارد، كابینە- بێگومان بەشێوەیەكی نهێنی -بڕیاری دابوو كە هەوڵێك بۆ ((كەم كردنەوەی چەك لەجیهاندا)) بخاتە گەڕ. ئەوەش سەرەڕای داخوازیی وەزیرانی جەنگو دەریاداری بۆ نوێكردنەوەی بێ دواكەوتنی چەك، و سەرەڕای ئاگادار كردنی باڵدوین لەلایەن وەزیری هێزی ئاسمانیەوە كە: ((بەهێزتر كردنی هێزی ئاسمانی لەلایەن پارلەمانو خەڵكی سەرانسەری وڵاتەوە پشتگیری تەواوی لێ دەكرێ.))

باڵدوین هەموو ئەو داخوازیو هەڵسەنگاندنانەی پشت گوێ خستو قەناعەتی بەوە نەبوو كە بارودۆخەكە مەترسیدار بێو توانای هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیای لەوە پێكەمتربوو كە فەرماندەكانی هێزی دەریایی، ئاسمانیو زەمینیو چێرچیلێش خەملاندبوویان.

پاشان لەبەرامبەر سەرسامیی ئەوكەسانەدا كە لەساڵی ١٩٣٤دا، پشتگیرییان لەبچوككردنەوەی ئەو مەترسیانەو رەت كردنەوەی پێشبینیەكانی چێرچیل سەبارەت بەتوانای هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا كردبوو، دوای شەش مانگ، خودی باڵدوین بەئەنجومەنی نوێنەرانی وت كە هەڵسەنگاندنەكانی پێشوی دەوڵەت دەربارەی توانای هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا ((بەتەواوی هەڵە بووە.)).

لەهەڵبژاردنە سەرانسەریەكەی ساڵی ١٩٣٥دا، باڵدوین بەرنامەی بنەڕەتیی نوێ كردنەوەی چەكی راگەیاند، بەڵام بەرنامەكە بەو شێوەیە بەرفراوان نەبوو كە هەرسێ فەرماندەكانو راوێژكارە سەربازیەكان داوایان كردبوو، و تۆمەتی راستەقینەی ئەوان بۆی ئەوە نەبوو كە گوایە دەنگدەرەكانی سەبارەت بە مەسەلەی نوێكردنەوەی چەك گومڕاكردوە، بەڵكو تۆمەتی ئەوەیان دەدایە پاڵی كە پابەند نەبووە بەجێبەجێكردنی

[37] Fast Fulham

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

تەواوی ئەو بەرنامەیەی كە رایگەیاندووە. لە راستیدا چەمبەرلین پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی خەرجیی نویٚ كردنەوەی چەك كەم كاتەوە.

وەزیرانی دارایی وەك خوی هەمیشەیی خۆیان ئەركیان ئەوەیە هەموو بەرنامەیەكی خەرجی بخەنە ژێر گومانو پرسیارەوە،و ئەوەش تەنیا بەرنامە بەرگریەكانی نەدەگرتەوە. ئەمڕۆكە ئاشكرابووە كە لەكۆتایی سییەكانی سەدەی رابردودا، ئەنجامگیریەكانی وەزیری دارایی تەنیا لەسەر بنەمای نیگەرانیەكانی بەرامبەر بەخەزێنەی نەتەوەیی نەبوەو تا ئەو ئاستەی كە بە پەیوەندیی نێوان (چەمبەرلینو هاریس وێڵسن[38])ەوە پەیوەستە، ئەم كێشە نانەوەیە بۆنی پیلان گێڕیی لێوەدەهات: كە لەبەشی داهاتودا ئاماژەی پێدەدەین.

بۆچونی باڵدوین سەبارەت بەنوێكردنەوەی چەك بەشێوەیكی سەرسوڕهێنەر بۆچونێكی ئاڵۆز بوو. چەند جارێك مەسەلەی زیادكردنی خەرجیی بەرگری، بەتایبەت بۆ هێزی ئاسمانیی مەلەكی راگەیاند: بەڵام لەمێشكی خۆیداو زیاتریش لەلێدوانە رەسمیەكانیدا، بەكورتی ئەو مەسەلەیەی ئاوێتەی هەوڵەكانی چەك داماڵین كردووە.

ئەو بەمەبەستی خۆلادان لە پێشبڕكێی چەك، خوازیاری چەك داماڵین بوو، بەڵام بەومەرجەی كە ئەگەر لەسەر ئەو چەكداماڵینە پێكهاتبن، بەریتانیا لە وڵاتەكانی تر كەمتر چەكی خۆی كەم كاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە ناچاربوو قەرەبوی ئەو نابەرامبەریانە بكاتەوە كە لەساڵانی رابردودا لە ئاكامی پەرەسەندنی خێرای چەك لەوڵاتەكانی تری ئەوروپادا بە بەراورد لەگەڵ بەریتانیادا هاتبووە كایەوەو خۆی بگەیێنێتە ئاستی ئەو وڵاتانە.

باڵدوین رایگەیاند پێویستە لە هەر رێكەوتننامەیەكدا هەندێك لەو وڵاتانە چەكەكانی خۆیان كەم كەنەوەو هەندێكی تریشیان زیادی كەن. مەسەلەكە لەوەش ئاڵۆزتر بوو، دەبوایە (هاوسەنگی)یەكە لە رووی چۆنایەتیەوە بوایە نەك چەندایەتی: و

[38] Harace Wilson





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوەش پێویستی بە چاوخشاندنەوە بوو بە خەرجیی گشتیو بەراوردكردنی ژمارەی فڕۆكەو تانكو تۆپەكان.

لەساڵانی رابردودا لەسەر ئەو بنەمایە بەرنامە بۆ وڵات دادەرێژرا كە تا ١٠ساڵی ئایندە هیچ جەنگێكی گەورە روو نەدا[39].

دوابەدوای ئەوە ئەو بۆچونە گۆڕا بەوەی كەبەدرێژایی ((ساڵی بەرگری)) رەنگە گریمانێكی ئاوا ببێتە مایەی گومان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا كە لیژنەی مەلەكیی بەرگری لەساڵی ١٩٣٣دا پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو گریمانەی كرد، هیچ بەرنامەیەكی نائاسایی بۆ ئەو ساڵە دانەڕێژرا. ئەو هەولانەی بەئاراستەی چەك داماڵین دەدرا هاوكات لەگەڵ جەخت خستنەسەر (چۆنایەتی) ی چەكەكان تا دەهات بڕیارەكەیان ئاڵۆزتر دەكرد، بەڵام لەساڵی ١٩٣٣دا، هیتلەر لە كۆنفرانسی چەك داماڵینی وڵاتانی ئەوروپاو كۆمەڵی ئینتەرناسیۆناڵی چووە دەرەوە.

ئەو لەهەموو كەسێكی تر زیاتر، مێشكی بەلای چۆنایەتیی چەكدا دەچوو، و ئەو مەرامەی لەمێشكیدابوو بەرەو نویٚ كردنەوەی چەكی دەبرد.

كەشتیە جەنگییە بچوكو چڕوپڕ دروستكراوەكانی هەڕەشەی ئەوەی دەكرد شۆڕشێك لەجەنگی دەریاییدا بەرپابكا،و زۆر لە كەشتیگەلی كۆنو بەتەمەنی بەریتانیا كاراتربێ. تەنانەت لەم مەسەلەیەشدا چەك داماڵین گرنگیی خۆی هەبوو: كاتێك كابینەكەی باڵدوین لەساڵی ١٩٢٨دا، بەرنامەی هێزی دەریایی تاووتوێ كرد، شارەزایانی كاروباری دەریاداری وەزیرەكانیان ئاگادار كردەوە لەهەر جۆرە بڕیارێك بۆ دروستكردنی كەشتیی جەنگی هاوشێوەی كەشتیە جەنگیەكانی ئەڵمانیا لەبەر ئەوەی ئەوە هەنگاوێك دەبێ بە

[39] ئەم مەسەلەیە لەرووی بەرنامەڕێژییەوە گرنگیەكی زۆری هەبوو بەتایبەت كەبەرنامە رێژیو رێكخستنی بودجە بۆ كاتی ئاشتی لەگەڵ بەرنامەرێژیی جەنگو بودجەی جەنگدا جیاوازیی زۆری هەبوو ـ و.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئاراستەی پێشێل كردنی رێكەوتننامەی دەریایی واشینتۆن كە سنورێكی لەنێوان ئەمریكا، بەریتانیاو ژاپۆندا دەستنیشان كردبوو.

لەساڵی ١٩٣٣دا، لەكاتێكدا بالدوین ژاپۆنی بەمەترسیەكی هەنوكەیی، بەڵام كەم بایەختر ناودەبرد، وتی: ((ئێمە ئەڵمانیا بەدوژمنی راستەقینەو یەكلابۆوەی خۆمان لەقەڵەم دەدەین‌و سیاسەتی بەرگریی ((دوورخایەن))ی ئێمە پێویستە دژی ئەو ئاراستە بكرێ.)) خەملاندنە ئاسمانیەكانی ساڵی ١٩٣٤، لەخەملاندنەكانی ساڵی پێشوو كەمتربوو ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو ئاگادار كردنەوەیەوە بوو كە لەساڵی ١٩٣٢دا دابوی: ((فڕۆكەی بۆمب هاوێژ هەمیشە سەركەوتووە، تەنیا بەرگریەك كەهەبێ هێرشە واتا ئەگەر بتەوێ بەزیندویی بمێنیتەوە زیاتر لەدوژمن‌و لەو خێراتر مرۆڤەكان بكوژە....))

ئەم لێدوانە لێكدانەوەی زۆری بۆكرا. هەندێك كەسی ناكام كردو هەندێكی تریشی خستنە جونب‌و جۆش.

ئەوانەی پێیان لەسەر نوێكردنەوەی چەك دادەگرت هەناسەیەكی ئاسودەیان داو گەیشتنە ئەو ئەنجامگیرییەی كەباڵدوین بەنیازە وڵات لەبەرامبەر فڕۆكە بۆمب هاوێژەكانی دوژمندا پڕچەك بكا، بەڵام هەندێكی تریش قسەكەیان وا لێكدەدایەوە كە بۆمب هاوێژ هەمیشە سەركەوتووە بۆیە لەبەر خۆیانەوە دەیان وت ئەگەر وایە ئەی مەبەست لە نوێكردنەوەی چەك دەبێ چی بێ؟ چێرچیل كە بەردەوام لەمەترسیی ئەڵمانیا ئاگاداری دەكردنەوە لەهەمویان نیگەرانتر بوو.

رەنگە باڵدوین بە بیردۆزە جیاوازەكانی خۆی سەبارەت بەنوێ كردنەوەی چەك،و چەك داماڵین سەری لەخۆی‌و لەكەسانی تریش شێواندبێ. رەنگە ویستبێتی بە لەبەرچاوگرتنی كات‌و بارودۆخ رۆڵێك بگێڕێ، بەڵام لەراستیدا لەگەڵ تێپەڕینی هەرساڵێكدا كاتی بەفیڕۆدەداو لەكاروان بەجێ دەما.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەوە بەدواوە كابینەو لیژنەی بەرگری چەند سوربوون لەسەر ئەوەی پێداویستیە سەربازیەكان بخەنە بەردەم پارلەمان هێندەش سوربوون لەسەر نەخشەسازی، بەرهەم هێنان‌و كاراتركردنی چەك.

هەوڵەكانی كۆنفرانس مەسەلەی چەكداماڵینی نەگەیاندە هیچ كوێ‌و هەموجارێك تیرەكەی بەر بەرد دەكەوت. چێرچیل یەكەمین كەس بوو كە بە نهێنی خەڵكی ئاگادار كردەوە لە هەوڵەكانی ئەڵمانیا بۆ نوێ كردنەوەی چەكەكانی.

هیتلەر هەرتەنیا لەپێناو پێشێلكردنی رێكەوتننامەی ڤێرسای بەرنامەی نوێ كردنەوەی چەكی پیادە نەكرد بەڵكو كاتێك كە بوو بە راوێژكاری ئەڵمانیا ٧ملیۆن بێكار لەئەڵمانیادا هەبوو.

لەخەملاندنی ئاسمانیی ساڵی ١٩٣٤دا باڵدوین وتی: **((هەركاتێك هەوڵەكانی ئێمە لەپێناو گەیشتن بەرێكەوتننامەیەكی گشتیدا رووبەڕووی شكست بۆوە، و نەمانتوانی بەو هاوتاییە بگەین كەپێشتر ئاماژەم پێدا، لەوحاڵەتەدا هەر حكومەتێك كە لەم وڵاتەدا دێتەسەركار جا چ حكومەتی میللی بێ چ ئەم حكومەتە بێ دەبێ ئەوەبخاتە بەرچاوی خۆی كە ئەم وڵاتە لەرووی هێزوتوانای سەربازیەوە چیترو بەهیچ شێوەیەك نابێ لەو وڵاتانە كەمتربێ كە لە مەودای پێكانی ئێمەدان.))**

مەبەستی ئەڵمانیابوو، بەڵام خەملاندنەكانی لەخەملاندنەكانی ساڵی رابردوو كەمتر بوون. جارێكی تر كاتێك كە لاوازیی توانا ئاسمانیەكانی بەریتانیا (توانای چەندایەتی) ئاشكرابوو بەڵێنەكانی سەبارەت بە زیادكردنی توانا ئاسمانیەكانی وڵات بردەسەر، دەستەواژەی نوێی ((توانای ئاسمانی)) (توانای چۆنایەتی) كە دوای ئەوە گشتگیر بوو، چەمكێكی رەمزی‌و نوێی هەبوو، دواتر ئاشكرا بوو كە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ژمارەی فڕۆكەكانی راف (كورت كراوەی هێزی ئاسمانیی مەلەكیی بەریتانیا)دا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو چەمكەنوێیە چەمكێكی گومان لێكراو بوو، چەندە توانای ئاسمانیی ئەڵمانیا پێش توانای ئاسمانیی بەریتانیا بكەوتایەتەوە ئەم چەمكە زیاترو زیاتر بەكار دەهێنرا بێ ئەوەی لەپراكتیكدا بچوكترین گرنگیی هەبێ.

كاتێك ژمارەی فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا گەیشتە دووهێندەی ژمارەی فڕۆكەكانی بەریتانیا، بەكارهێنانی ئەو چەمكە بۆ پاساودانەوە گەیشتە ئەوپەڕی: ((ئەڵمانیا لە((توانای ئاسمانیدا)) ناتوانێ پێشبڕكێ لەگەڵ (بەریتانیادا) بكا.)) ئەو پێ داگرتنە سەیرە لەسەر چەمكی ((توانای ئاسمانی)) بەڕادەیەك بوو كە كابینە یەكێك لەناوەندەكانی راهێنانی راف (هێزی ئاسمانی مەلەكی بەریتانیا)ی داخست.

چەمبەرلین وەك لەبەشی داهاتوودا ئاماژەی پێدەدەین دەست بەكاربوو بۆ داڕشتنی بودجە بۆ بەرنامەیەكی بەرفراوانتر بۆ بەرهەم هێنانی پێداویستیە سەربازیەكان.

ئێستا دەبێ بپرسین كەبۆچی هەوڵو كۆششەكان تەنیا لەساڵی جەنجاڵو قەیراناویی ١٩٣٩دا چڕكرانەوە نەك پێشتر؟

بەرنامەی دامەزراندنی ٤١ بەتالیۆنی سوارەی سەربازی لەساڵی ١٩٢٣دا، دوای تێپەڕینی ١٠ساڵ هێشتا جێبەجێ نەكرا بوو.

ئەو بەرنامەیە ساڵێكی تری خایاند تا ساغ بێتەوە كە ئایا مەسەلەی چەكدامالێن بەرەوپێش دەچێ یاخود نا، لەكاتێكدا كە ئەڵمانیا هەنگاوی خێرای دەنا بەئاراستەی نوێ كردنەوەی چەكەكانیو لەهەموو ولاتەكانی تر لەو بوارەدا لەپێشتر بوو.

مەك دۆناڵد لەمانگی مارسدا پێشنیارەكانی بەریتانیای رەوانەی كۆنفرانسی چەكدامالینی جنێف كردو پێی داگرت لەسەر ئەوەی كە دەبێ سوپای فەرەنسا لە ٦٩٤,٠٠٠سەربازەوە كەم بكرێتەوە بۆ ٤٠٠,٠٠٠سەرباز ئەوەش لەكاتێكدا بوو كە كۆنفرانس مشتومڕی سەبارەت بە پێویستیی زیادكردنی ژمارەی سەربازەكانی سوپای ئەڵمانیا دەكرد!





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوابەدوای رێوڕەسمی جەژنی سیلور لەمایسی ١٩٣٥دا، مك دۆناڵد كە هیچ شتێك لەهەگبەكەیدا نەمابوو و هیچی لەدەست نەدەهات، وەك سەرخۆش بەلارەلار داوینگ ستریتی بەجێهێشت.

لە٧ی حوزەیراندا باڵدوین سێیەمین كابینەی خۆی پێكهێنا. بۆ بەدبەختیی باڵدوین وەزیرەكانی لەرووی هەستو سۆزەوە هەڵدەبژارد: هور[٤٠] كرا بە وەزیری دەرەوە- دواتر باڵدوین لەوكارەی خۆی پەشیمان بۆوە، هەرچەندە لەو كاتەدا دانانی هەركەسێكی تر لەجێی سایمۆن (وەزیری دەرەوەی پێشوو) بە هەنگاوێك بەرەوپێش لەقەڵەم دەدرا - و كانلیف لیستەر پۆستی وەزیری هێزی ئاسمانیی گرتەدەست. ئەو سیاسەتمەدارێكی كارامەو رۆشنبیر بوو، بەڵام كەسێك نەبوو بتوانێ بە تەیار كردنی سەرچاوە پیشەسازیەكانی بەریتانیا، بەرنامەی نوێ كردنەوەی چەك كە هەر لەسەر كاغەز مابۆوە بگۆڕێ بە بەرنامەیەكی پۆڵاو ئاسنی زەمینیو ئاسمانی (مەبەست بەرهەم هێنانی تۆپو تانكو فڕۆكەیە ـو[٤١]).

هور زۆر نەمایەوە. مۆسۆلینی هەر لەوكاتەدا كە خەڵكی بەریتانیا دەنگیان بۆ نەزمێكی ئاسایشی دەستەجەمعیو كۆمەڵی ئینتەرناسیۆناڵی داو تۆماری دەنگەكانیان لەپێناو ئاشتیدا گەیشتە ئاستێكی بێ هاوتا، پەلاماری حەبەشەی داو گازی ژەهراویی لەدژی خێڵە چەكدارەكانی حەبەشە بەكارهێنا. باڵدوین دوای بیستنی ئەم هەواڵە وتی ((ئەم پیاوە دڕندەیەكی تەواوە)).

باڵدوین، ئایدنی راسپارد لەگەڵ مۆسۆلینیدا دانوستان بكاو بەڵێنی روبەرێكی بەرفراوانی زەوی وزاری پێ بدا لەهەركوێ كەبیەوێ جگە لەچەندین زەویو زاری بەپیتی حەبەشە، بەومەرجەی دەست بەرداری جەنگ بێ.

---

[40] Hoare

[٤١] مەبەست ئەوەیە كە لەدانانی ئەندامانی كابینەدا تواناو لێهاتویی وەزیرەكان لەراپەراندنی ئەركەكانی سەرشانیاندا بەهەند وەرنەگیراوە لەكاتێكدا دەبوایە هەردوو وەزیری هێزی ئاسمانیو وەزیری دەرەوە پۆستەكانیان ئاڵو گۆڕ بكردایە ـ و .

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو كە لە قەرەبووی ئەو زەویانەدا كە لەحەبەشە دادەپچڕا چەند ناوچەیەك لەسۆماڵی بەریتانیا بدرێ بەحەبەشە.

باڵدوین بەرلەوە هوری نارد بۆ ژنێف تا بە كۆمەڵەی نەتەوەكان بڵێ كە حكومەتی بەریتانیا رازیە لەسەر ((بەرپەچ دانەوەی بەردەوامو دەستەجەمعیی هەرجۆرە دەست درێژیەكی نارەواو بێ پاساو)).

تەنانەت هێزی دەریایی بەرچاوی رەوانەی دەریای ناوەڕاست كرد، بەڵام جێی داخە كە نەفەرەنساو نە هیچ كام لە دۆمینیۆنەكان پەیڕەوییان لەو هەنگاوە نەكرد بەجۆرێك كە باڵدوین ناچاربوو نكۆڵی لەوە بكات كە نیازی ((كردەوەیەكی یەكلایەنەی لەو ململانێبییەدا))هەبوبێ. ئەو بەشێوەیەكی تایبەتی لەوە دەترسا كە ئیتاڵیەكان لە بەرامبەر ئەم لەشكركێشیەی هێزی دەریایی بەریتانیادا، لەماڵتا یا ئەسكەندەریە تۆڵە بكەنەوە.

هور لەكۆتاییساڵدا بەرەو كیشوەری (ئەورووپا) بەرێ كەوت. ئەركەكەی رونو ئاشكرابوو، بەڵام دەسەڵاتێكی ئەوتۆی پێ نەدرابوو. لەگەڵ (لاڤال[٤٢]) وەزیری دەرەوەی فەرەنسادا رەشنوسی پەیمانێكیان ئامادەكرد كە پێشنیاری ئەوەی دەكرد بەشێكی بەرفراوان لەسوڵتان نشینی هایلاسلاسی كە تەنانەت لەقەڵەم ڕەوی ئەو سەرزەمینانەشی تێدەپەڕاند كە لەلایەن ئیتالیاوە داگیر كرابوو بدرێ بە مۆسۆلینی[٤٣].

ئیدن[٣] كە چەند بروسكەیەكی نێوان بین هورو باڵدوینی بەرچاو كەوتبوو ئاگادار كردنەوەیەكی دا. بالدوین سەرەتا وەك هەموو سەرۆك وەزیرێك لە هەڵوێستێكی ئاوادا كاردانەوەیەكی ئاسایی پیشانداو وتی: ((دوو دڵیەكە هەرچییەك بێ كەسەكە بانگ

---

[٤٢] Laval پێیر دو لاڤال ـ و .

[٤٣] ئەم باجە باڵدوین دای لەترسی تۆڵەسەندنەوەی ئیتاڵیەكان لەپیادەكردنی سیاسەتی رازیكردن Uppeasement لەلایەن بەریتانیاوە ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بكەن.)) كابینە كە نەویل چەمبەرلین رابەرایەتیی دەكرد* بەرەو لەبەریەك هەڵوەشاندنەوە دەچوو، كانلیف لیستەر خۆی بۆ دەست لەكاركێشانەوە ئامادە دەكرد.

سەرەنجام باڵدوین وەك لە سەرۆك وەزیرێك چاوەڕوان دەكرێ بە نەرمی هوری خستە لاوەو بەو شێوەیە رەزامەندیی وەزیرەكانی زامن كرد. دوابەدوای ئەوە ئیدن[٤٤] كرا بە وەزیری دەرەوە. ڤانسیتارت[٤٥] بوو بە یاریدەدەری وەزیری دەرەوەو دواتر بەكۆمەكی چەمبەرلین كە نەیدەویست هیچكام لە ئەندامە سەرسەختەكانی دژە هیتلەری ناو كابینە لایەنگریی لە رێكەوتننامە ریسواكەی پاریس بكەن بەرەبەرە پلەكەی بەرزكرایەوە.

بۆچوونی لەسەر پەیمانی هور- لاڤال بەم شێوەیە بوو: ((دەست درێژكەر خەریك بوو زیاتر لەوەی داگیری كردبوو دەستەبەر بكا هەرچەندە كە لەوە كەمتریشی پێ دەبڕا.)) بەڕاستی مۆسۆلینی، بەگرتنی سەرجەم حەبەشە كۆتایی بەو پەشێویە هێناو هایلاسلاسی بوو بەپەنابەر لە بەریتانیا تا سەرەنجام لە درێژەی ئەو جەنگەدا یەكەیەكی بچوكی ئینگلیزی ئیتاڵیەكانی لەو سەرزەمینە دەركرد.

تەنانەت ئەوكاتەش كە باڵدوین هیتلەری بەمەترسیەكی گەورە لەقەڵەم دا رازی نەبوو وەزارەتی پشتیوانی دابمەزرێنێ.

جگە لەوە هاوشێوەی ساڵانی ١٩١٤تا ١٩١٦، رێگەی نەدا كۆنتراكتە جەنگیەكان بدرێ بەكۆمپانیا ئەندازیاریە مەدەنیەكان. بەجۆرێك كە بەڵێندەرە رەسمیەكان نیمچە بێكار دەمانەوە.

بەرنامەیەك راگەیەنرا بۆ دامەزراننی چەند كارگەیەكی (یەدەگ[٤٦])).

---

* مەبەست لەرابەرایەتی ئاماژەیە بەحاڵەتێك كە بەهۆی بوونی بیروڕای جیاواز لەناو كابینەدا، وەزیرێك رێنوێنی ئەو وەزیرانەی تر دەكا كە لەگەڵیاندا ئەوەدا هاوبیربن ـ و.

[٤٤] Eden ئەنتۆنی ئیدن ـ و .

[45] Vansittart

[٤٦] ئەو كارگانە كەلەراستیدا بوونیان نیە بەڵام لەكاتی پێویستدا ئامادەن بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی كاتی جەنگ بكەونە گەڕ ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەم كارگانە ماوەیەكی دورو درێژ لە حاڵەتی یەدەگدا مانەوە. لەبەرامبەردا چەندین سەربازی یەدەگی هێزی دەریایش هەبوون كە وەك پێویست مەشقی سەربازییان پێنەدەكرا.

دوای ئەوەی باڵدوین دامەزراندنی وەزارەتی پشتیوانیی رەت كردەوە گوشاری خرایە سەر تا وەزارەتی بەرگری دابمەزرێنێ‌و ناوی چێرچیل وەك كەسایەتیەك كەدەبێ ئەو وەزارەتەی پێ بسپێرێ هاتە گۆڕێ، لەبەر ئەوە نا كە ئەزمونێكی لەجەنگی یەكەمی جیهاندا هەبوو، بەڵكو لەبەر ئەوەی بەردەوام لەمەترسیی ئەڵمانیا ئاگاداری كردبونەوە و گوێیان لێنەگرتبوو، سەرەنجام بۆیان دەركەوت كە تا چ رادەیەك ئاگاداركردنەوەكانی لەجێی خۆیدا بووە.

پەیامی باڵدوین بۆ دامەزراندنی ئەو وەزارەتەو سپاردنی بەچێرچیل، ئەوە بوو كە ئێوە دەبێ كارتی جۆكەرتان بۆ رۆژی خۆی لەدەستدابێ.

نابێ لەبەر ئەوەەی هیتلەر نەوروژێنین ئەو كارتە براوەیە رەت كەینەوە. ئەم قسانە پیشانی دەدەن كە باڵدوین سور بووە لەسەر ئەوەی بەئاگاوە هەنگاو بنێ.

هەربۆیە ئەو مافناسێكی بەناوی سێر (تۆماس ئینسكیپ[47])ی لەو پۆستەدا دانا كە هیچ ئەزمونێكی لەبواری كاروباری بەرگری یا بەرهەمهێنانی پێداویستیی بەرگریدا نەبوو.

دانانی كەسێكی بێ مەترسیی وەك ئەو لەپۆستی وەزیری بەرگریدا هەڵەیەكی تەواوی باڵدوین بوو، لەبەر ئەوەی پێی وابوو هیچ كارێكی جگە لە بەرزكردنەوەی ورە یا دڵنیا كردنەوە لەدەست نایە.

ئینسكیپ نائومێدی كرد. ئەو سەرجەم ژمارەو داخوازیە هەنوكەییەكانی لێپرسراوانی بەرگریی لەدەستدابوو، لەسەربەنەمای ئەو زانیاریانە راپۆرتێكی ترسناكی دەربارەی دواكەوتنی لەڕادەبەدەری بەریتانیا لە بواری پێداویستیە بەرگریەكاندا بۆ

---

[47] Sir Thamas Inskip




مەكتەبی بیروهۆشیاری

كابینە ئامادەكردو چەند بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگریشی خستەروو دەربارەی ئەوەی ئەو كەلێنانە لەسالآنی داهاتودا قوڵتر دەبنەوە.

باڵدوین بە دەستنیشانكردنی ڤایكۆنت سوینتۆن[48] وەك وەزیری هێزی ئاسمانی جارێكی تر دوچاری نائومێدی بوو.سوینتۆن ناوی پێشوی فیلیپ لۆید گریم[*] بوو دواتر ناوی فیلیپ كانلیف لیستەری لەخۆی نا كە بەمیراتی بۆی مابۆوە. بە ڕووكەش هیچ كەسێك لەو بێمەترسی ترو ئەڵقە لەگوێ تر نەبوو.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەو ناوبانگەی كە لەسەرەتاكانی سەردەمی بالدویندا دەری كردبوو، كاتێك پێی خستە ناو وەزارەتی هێزی ئاسمانیەوە دەفتەرو تۆمارەكانی كردەوەو راستیەكانی بۆ دەركەوت بە توڕەییەوە گەڕایەوە بۆ ژووری كابینەو گۆمەكەی شڵەقاند.

تۆماری سپیی وەزارەتی بەرگری لەساڵی ١٩٣٩دا ئاماژەی بەوە دەدا كە هێزی ئاسمانی ٢٥٠ فڕۆكەی جەنگی هەیەو بڕیارە كۆی فڕۆكەكان بۆ بەكارهێنانیان لە بەرەكانی پێشەوەی جەنگ بە ١٧٥٠ فڕۆكە بگا.

بەڵام سوینتۆن رایگەیاند كە تا نیسانی ١٩٣٧بەرهەمهێنانی فڕۆكە لەئەڵمانیا گەیشتۆتە ١٥٠٠فڕۆكەو نیازیش وایە بگاتە ٢٠٠٠فڕۆكە.

هەر لەو هەفتەیەدا، هیتلەر فەرمانی بە هێزەكانی ئەڵمانیا دا بچنە ناو رایندلاندەوە[49] لەكاتێكدا بەپێی بەندەكانی پەیمانی ڤێرسای، ئەڵمانیا بۆی نەبوو بچێتە ناو راینلاندەوە.

كاردانەوەی باڵدوین ئەوەبوو هاوكارەكانی ئاگاداركردەوە لەوەی كەنابێ هیچ هەنگاوێك بەهاوكاری لەگەڵ فەرەنسادا بنرێ.

ئەو وتی مەترسیی ئەوە لەئارادایە كە ((ئەوكارە ئەڵمانیا بەرەو هەڵدێر بەرێ، بەڵام رەنگە تەنیا ئاكامی ئەو كارە بە بەڵشەفیك بوونی ئەڵمانیا بێ.))

---

[48] Viscount Swintor
[*] Philip Lloyd Graeme
[49] Rhineland

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەنتۆنی ئیدن كابینەی ئاگادار كردەوە لەوەی كە ئەگەر بەریتانیاو فەرەنسا پێكەوە هەنگاو نەنێن لەئایندەیەكی نزیكداو لەهەل‌و مەرجێكی زۆر ناگونجاوتردا جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیادا بەرپا دەبێ، بەڵام سەرەڕای ورياكردنەوەكانی ئیدن، باڵدوین بە توندی دژی هەر هەنگاوێكی هاوبەشی بەریتانیاو فەرەنسا وەستایەوەو توانی قسەی خۆی بسەپێنێ.

لەو نێوانەدا ئیسكیپ‌و سوینتۆن چەند هەوڵێكیان خستەگەڕ بۆ تەیاركردنی كەرتی پیشەسازی وڵات بۆ بەرهەم هێنانی چەك. ڤانسیتارت پشتگیریی لە بۆچونەكانی وەزیرانی هێزی ئاسمانی‌و بەرگری كرد، بەڵام سێر سامۆئێل هورو نەویل چەمبەرلین دەوڵەتیان ئاگادار كردەوە لەوەی كە پیادەكردنی بەرنامەیەكی ئاوا وڵات دەخاتە ژێر بارێكی قورسی داراییەوە،و باڵدوینیش لایەنگریی لەوان كرد.

ئاكامەكەی بەوەكەوتەوە كە بەریتانیا دووساڵ لە پێشبڕكێی چەك دواكەوت‌و دەرەنجامەكەشی لەساڵی ١٩٤٠دا، دەركەوت.

لەوساڵەدا هەموو ئەو كەم‌و كورتیانەی شارەزایان بەدرێژایی چەندین ساڵ باڵدوینیان لێ ئاگادار كردبۆوە بەباشی بەرجەستە بوون.

گومانی تێدانیە كە باڵدوین ئاگای لەهەموو ئەو كەموكورتیانە بووە لەبەر ئەوەی بەدرێژایی ساڵی ١٩٣٦ دوو جار پێشوازیی لە وەفدێكی پێكهاتوو لەنوێنەرانی لیژنەی بەرگریی پارلەمان كرد كە بریتی بوون لەئەندامانی باڵای حزبی موحافیزكار، راوێژكارە تایبەتەكان، نوێنەرایەتی پارلەمان‌و سیناتۆرەكان بەسەرپەرشتیی ئۆستن چەمبەرلین كە ماوەی پێنج ساڵ وەزیری دەرەوە بوو لەكابینەكەی ئەوداو پێشتریش وەزیری دارایی بووە. سەرەتای كۆبونەوەكان لەرۆژانی ٢٨و ٢٩ی كانونی دووەم ئەنجام دران‌و بەدرێژایی دوو رۆژ ئەوكەم‌و كورتیانەیان بە وردی تاوتوێ كرد.

وەفدی نوێنەران ((نیگەرانی‌و دڵە راوكێی قوڵ))ی خۆیان سەبارەت بە كارایی بەرنامەی بەرگریی بەریتانیا خستە روو و بەوردی خاڵە لاوازەكانی هێزی ئاسمانی، سوپا،





مەكتەبی بیروهۆشیاری

هێزی دەریایی‌و سەرجەم پیشەسازیە سەربازیەكانیان دەست نیشان كردو زۆر بەوردی توانا سەربازیەكانی ئەڵمانیاو مەرامەكانی تاووتوێ كران.

چێرچیل كە ئەندامی ئەم وەفدە بوو باڵدوینی هاندا چەند گرێ بەستێك لەگەڵ كۆمپانیا ئەمریكیەكاندا ئیمزا بكا بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی هێزی ئاسمانی.

لۆرد ترینچارد[50] پێشنیاری كرد پێوەرێكی باڵاتر بۆ كار كردن لەهێزی ئاسمانیدا رەچاو بكرێ.ئاماژە بەكەم‌و كورتی لەجۆرەكانی تەقەمەنیدا درا. چێرچیل دوپاتی كردەوەكە ئەگەر باڵدوین متمانەی سەندیكا كرێكاریەكان بەلای خۆیدا رابكێشێ ئەوانیش لەم تەنگژەیەدا بەهانایەوە دێن و رۆڵێك دەگێڕن. وەڵامی باڵدوین ئەوەبوو كە ئەڵمانیا لەگەڵ خۆراوا بەجەنگ نایە، بەڵكو ئامانجی ئەو خۆرهەڵاتەو وتیشی: ((من هەڵە ناكەم))و دوبارەی كردەوە: ((من لەو باوەڕەدانیم كە ئەڵمانیا بیەوێ لەدژی خۆراوا دەست بەكاربێ لەبەر ئەوەی خۆراوا هەروا ئاسان نیەو كێشەی گەورەی بۆ دەنێتەوە.))

پاشان باڵدوین ئەم مەسەلانەی بۆ وەفدەكە ئاشكرا كرد كە ماوەی ٣٥ساڵ بەنهێنی مایەوە: ((ئامادە نیم ئەم وڵاتە لەپێناوی كۆمەڵەی نەتەوەكان یا هەركەسێك‌و هەرشتێك پەل كێش بكەم بۆ جەنگ. تەنیا مەترسیەك لەئارادایە... وای دانێین روس‌و ئەڵمانەكان بەجەنگ بێن‌و فەرەنسا وەك هاوپەیمانێك لایەنگری لە روسیا بكا... لەو حاڵەتەدا ئێوە هەست ناكەن كە پێویستە بەهانای فەرەنساوە بێین. ئایا وانیە؟ ئەگەر بڕیاربێ جەنگێك لە ئەوروپا سەر هەڵبدا من حەز دەكەم ئەو جەنگە لەنێوان نازیەكان‌و بەلشەڤیكەكاندا بێ.)) باڵدوین وەڵامی هیچ پرسیارێكی نەدایەوە، هەروەها ئینسكیپ وەزیری هاوئاهەنگكەری بەرگریش كە ئامادەی ئەو كۆبونەوەیە بوو.

بەڵام وردەكاریی وتووێژەكانی ئەو كۆبونەوانەی بۆ وەزارەتی هێزی ئاسمانی‌و وەزارەتی جەنگ كە لەخاڵە ئەسڵیەكاندا داكۆكی لێدەكردن رەوانە كرد.

[50] Lord Trenchard

وەزیری هێزی ئاسمانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە کران: ((ددان بەوە دا دەنرێ کە دەرهاویشتەی جەنگی پیشەسازیی فرۆکەسازیی بەریتانیا لەگەڵ دەرهاویشتەی جەنگی ئەڵمانیادا بەرامبەر نیە.)) ئەو دوو وەزارەتە لە وەڵامەکەی خۆیاندا ئاماژەیان بەوەدا کە (تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی پشتیوانی سەربازیدا.))

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك وەفدی ناوبراو دوای چوار مانگی تر لەگەڵ باڵدویندا کۆبوونەوە ئەو هەر نەچووە ژێر باری ئاگادارکردنەوەکانی ئەوانەوەو دیسانەوە دژایەتیی دامەزراندنی وەزارەتی پشتیوانیی کردەوە. لەبەر ئەوەی بەوەفدی یەکەمجاری رایگەیاندبوو کە بەرنامەی نوێ کردنەوەی چەك ((پەیوەستە بەئەنجامدانی هەڵبژاردنەوە))، چێرچیل لەوەڵامی ئەوەدا وتی: **((بیستومە دەوڵەت وتویەتی کە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بەرپرسیار نیە لەنوێ کردنەوەی چەك. ئەو بۆچونە بە هیچ جۆرێك قبوڵ ناکرێ. بەرپرسیارێتی وەزیران لەبەرامبەر ئاسایشدا پێویستی بە پشتگیریی سەرلەنوێی خەڵکی نیە، لەبەر ئەوەی لە راستیدا دەوڵەت بۆ ئەوە هاتۆتەکایەوە کە ئاسایشی خەڵکی دابین بکا.**

**سەرۆك وەزیر لەهەردوو ئەنجومەنەکەدا زۆرینەی هەیەو هەردوو ئەنجومەن ئامادەن دەنگ بۆهەر هەنگاوێك بدەن کە بەپێویستی بزانن بۆ بەرگریکردن لە وڵات. وڵاتەکەی ئێمەش درێغیی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیدا نەکردوەو من بەگونجاوی نازانم کە مەسەلەی گرنگی بەرگریکردن لەوڵات دوابخرێ.))**

پشت گوێ خستنی مەسەلەکانی پەیوەست بە بەرگریەوە لەلایەن باڵدوینەوە لەکانونی دووەمو شوباتی ١٩٣٧دا گەیشتە ئەوپەڕی کاتێك لۆرد سوینتۆن ژمارەو تۆماری پێویستی خستە روو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەڵێنەکەی باڵدوین سەبارەت بەیەکسانیی ئاسمانی لەسایەی گۆڕانکاریە نوێکاندا قابیلی جێبەجێ کردن نیە، لەبەر ئەوەی توانای ئاسمانیی ئەڵمانیا کە لەساڵی ١٩٣٤دا هێشتا لەبەریتانیا کەمتر بوو





لەساڵی ١٩٣٩دا بەپێی ئەو بەرنامانەی کە هەیە زۆر لەوەزیاتر دەبێ، بەڵام دوایین قسە نەویل چەمبەرلین کردیو پرسی: ((ئایا بەڕاستی پێویست دەکا کە بۆ تەواوکاریی لەبەرنامەکەی خۆماندا بەساڵی ١٩٣٩وە بنوسێین؟))

باڵدوین لەبەرامبەر ئەوقسەیەدا، هیچی نەوت و کابینە رازی بوو لەسەر ئەوەی ئەو بەرنامەیەی کە دانراوە بۆ بەهێزکردنی توانای ئاسمانی لەساڵی ١٩٤١دا بەئاکام بگا، بێ ئاگا لەوەی بەو کارە ئەڵمانیا دوای چەند ساڵێك بە باڵادەستیی ئاسمانی دەگاو لە سایەیدا بە مەرامەکانی خۆی لەئەوروپا دەگا بێ ئەوەی هیچ ترسێکی لە بەریتانیاو توانای بەرپەچدانەوەی بەریتانیا هەبێ.

باڵدوین دوای تاج کردنەسەری پاشای ئینگلتەرە لەساڵی ١٩٣٧داو تا کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی رازی نەبوو پشتگیری لەسوینتۆن بکا بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەیەکی ئاسمانیی گونجاو، بەڵام لەپایزی ساڵی ١٩٣٦دا قەیرانێکی تر لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکاندا رەنگی دایەوە کە بۆماوەیەکی کەم ناوو ناوبانگی باڵدوینی پێ زیاد بوو و مەسەلەی بەرگری کاڵ بۆوە.

لەپایزی ١٩٣٦دا لەسەر مەیلی پاشا بۆ بە هاوسەر بوون لەگەڵ خاتو سیمپسندا[51] قەیرانێك سەری هەڵدا. خوێنەرانی هەندێك لەرۆژنامە کەم تیراژەکان کەم تازۆرێك ئاگایان لەمەسەلەکە بوو. بەڵام لەگەڵ قسە راشکاوەکانی ئۆسقوف برادفۆرددا[52] کە ئەو هەواڵەی بەرگوێ کەوتبوو، لەئامۆژگاریەکەیدا رەخنەی لەپاشا گرتبوو لەسەر ئەوەی بەکەمی هاموشۆی کڵێسا دەکاو سەرقاڵی شتی ترە، ئەو مەسەلەیە لەناکاو وەك بۆمب تەقیەوە. دوابەدوای ئەوە رۆژنامەکان کە هەموو ئاگایان لەو کەینو بەینە بوو، دەترسان رۆژنامەیەکی نەیار ئەو ئامۆژگاریە راشکاوانەی ئوسقوف بۆ زامنکردنی پەلەپیتکەی قەیرانەکە بەکار بهێنێ هاوکات پێکەوە بابەتەکەیان بەکامی دڵ بڵاوکردەوەو کێشەکەیان نایەوە.

---

[51] Mrs Simpson
[52] Bishop of Bradford

لەو نێوەدا بالّدوین نیگەرانی دوو لایەن بوو: كاردانەوەی پارلەمان و دۆمینیۆنەكان، بەڵام لەبەر ئەوەی كەسایەتیەكی بەهێزو خۆراگری هەبوو، هەردەم وەك باوكێك رەفتاری دەكردو لەسەرو ئەمانەشەوە بە ئەركی قانونیی خۆیەوە پابەند بوو ، كێشەكەی بەباشترین شێوە چارەسەركردو ئاوێكی وا ساردی كرد بەسەر قەیرانەكەدا كە هەروەك هیچیش لەكایەدا نەبوبێ.

دوابەدوای تاج نانسەری شاجۆرجی شەشەم بەوپەڕی ئابڕومەندیەوە دەست لەكار كێشانەوەی خۆی پێشكەش كرد. كەمن ئەو سەرۆك وەزیرانەی لەكاتی وازهێنانیاندا لەلایەن سەرانی ولاّتانی دنیاوە ستایشیان لێبكرێ:

پەلەیان كرد كاتێك لەسەر ئەوەی چەمبەرلینی بەجێنشینی خۆی دەست نیشان كرد مەحكومیان كرد: هەمان ئەوكەسەی كەپێشینەی سەبارەت بە نوێ كردنەوەی چەك بەهیچ جۆرێك لەحزبەكەی شاراوە نەبوو.

ئەمڕۆكە حزبە گرنگەكان رابەرەكانی خۆیان لەناو دەوڵەتو هەروەها لەناو بالّی نەیاردا هەڵدەبژێرن. بالّدوین دەیتوانی كارێك بكا چەمبەرلین میراتگری ئاشكراو حەتمیی ئەو نەبێ: دەیتوانی ئیدن كە بتی لاوی نەوەكەی خۆی بوو، لەحزبەكەی خۆی زیاتر بڕی دەكرد ، بۆ سەرۆك وەزیری پەروەردە بكا.

ئەو لە تەمەنی ٦٧ساڵیدا دەستی لەكاركێشایەوەو تاساڵی ١٩٧٦دوایین سەرۆك وەزیر بوو كە بێ ئەوەی شكست بخوا یا لە پارلەماندا سوكایەتیی پێ بكرێ، یا دەنگ دەران نائومێدی بكەن، یا بەكاریگەری نەخۆشی وازبهێنێ، خۆبەخشانە واز لەدەسەڵات بهێنێ.

وازی هێنا لەكاتێكدا لەهەر چوار دەوریەوە هاواری ستایشو ئافەرین بەرز دەبۆوەو لەناو گوێیدا دەزرنگایەوە، بەڵام تاجەنگ نزیك تر دەبۆوەو سیاسەتی لایەنگرانی چەمبەرلین رونتر دەبۆوە و هاوارەكانی ستایشو ئافەرین دەگۆڕا بۆهاواری نارەزایی.





ساڵانی دوایی ساڵانێكی ناخۆش بوون. سەرەتا وەك هێوركەرەوەیەكی قایمكارو دووەم وەك كەسێك كە زیاتر گرنگیی بە بیروبۆچونەكانی خۆی بدا نەك بەرژەوەندیەكانی ولاّتەكەی، كەوتە بەرشاڵاوی رەخنەو نارەزایی.

دوای مردنی لەساڵی ١٩٤٧دا هیچ كەسێك بەباشە باسی نەكرد تا لەساڵی ١٩٤٩دا، چێرچیل ستایشی كرد.

بالّدوینیش لانی كەم كاتێك چێرچیل پێویستی بەكۆمەكو هاندانی سەرۆك وەزیرێك بوو، پشتیوانی لێ كردو هانی دا.

هۆی ئەوەی كە لەبەرەبەیانی سەرهەڵدانی هیتلەردا لەبەر نەبوونی بەرنامەیەكی بەرگریی هەنوكەییو كامڵ نەیتوانی ولاّتەكەی خۆی بۆ روبەروبونەوەی هیتلەر سازو ئامادە بكا، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی كە گوێی بە ئاگادار كردنەوەكانی چێرچیلو ئەو وەزیرانەی نەدا كە مەترسیەكەیان بەباشی هەڵسەنگاندبوو.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی هەشتەم




سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ڕەمزی مک دۆناڵد



ڕەمزی مک دۆناڵد





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئاسا بریگس[1] كە رەخنەی لە ژیاننامە بەپێزەكەی دەیڤید ماركواند[2] دەربارەی جەیمز رەمزی مك دۆناڵد گرتووە، ئاماژەی بەوەداوە كە نوسەران مەیلیان بەلای ئەوەدا هەیە كە لە وەسفی یەكەمین سەرۆك وەزیری حزبی كرێكاراندا، مك دۆناڵد وەك پیاوێك نا، بەڵكو وەك داستانێكو تەنانەت دوو داستانیش پێناسە بكەن.

((وادێتە بەرچاو كە دوو مك دۆناڵد هەبووبن، یەكێكیان پەیرەوی سۆسیالزمو ئەوی تریان سەرۆك وەزیر. ئەم درامایە هاوشێوەی چیرۆكەكەی هێنریی پێنجەم لەدوو بەشو چەندین بڕگەی جیاواز پێك هاتووە. مێژوونووسانی سۆشیالزم مەیلیان بەلای ئەوەدا هەیە رۆڵی مك دۆناڵد لەبەشی یەكەمدا كەم بایەخ بكەن یا لانی كەم بچوك كەنەوەو بڵێن كە رۆڵی خۆی بەباشی نەگێڕاوە.

لەبەشی دووەمی كتێبەكەدا مێژوونووسانی غەیرە سۆشیالست نەكەوتونەتە ژێر كاریگەریی رۆڵی مك دۆناڵدەوە و هەندێكیان وەك ((تەپڵێكی پوچ)) (وەك جارێكیان چێرچیل ئاماژەی پێدا) دەیخەنە لاوە)).

هیچ سەركردەیەكی سۆشیالست لەرووی لێهاتویی لە پێشكەشكردنی وتەو رەوانبێژیو توانای رێكخستنەوە بەقەد مك دۆناڵد لەهێنانە كایەی حزبی كرێكاراندا كاریگەر نەبووە.

بێ گومان زۆركەس، لەوانەش سەركردەكانی كۆنگرەی سەندیكا كرێكاریەكان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە هەڵمەتە بەگوڕوتینەكانی (كەی هاردی)دا بەشداریان كرد، بەڵام جگە لەوانە هەزاران كەسی بێ ناونیشان پەیوەندیان بەبیروباوەڕی كۆمەڵگەیەكی نوێوە كرد، كە هەندێكیان لەژێر كاریگەریی ئایینداو هەندێكی تریشیان لەژێر كاریگەریی نووسەرە سۆشیالیسەكاندا بوون.

لەكاتێكدا ئەمانە لەڕووی چینو رەگەزی كۆمەڵایەتیەوە یەكسان بوون، بەڵام بیروباوەڕو ئامانجی زۆر جیاوازیان هەبووە، و یا باری سەرنجی شۆسیالیستییان هەبووە، و

[1] Asa Briggs
[2] David Marquand




مەكتەبی بیروهۆشیاری

یا لیبرالی لایەنگری كرێكارانو بێ ئایدۆلۆژیا بوون. ئەو ژنو پیاوانە بوون كە مەبەستیان بوو بەجۆرێك،و لەدەرفەتێكدا، كۆمەڵەكەی خۆیان بنیاد بنێن، بەڵام بەرتانیایان بە كۆمەڵگەیەكی (پایەبەرز) دەزانی كە نغرۆی گەندەڵیو پاشا گەردانیو دزێویو پیسو پۆخڵیی سەردەمی پیشەسازیی سەدەی نۆزدەهەم بووە، بۆیە هیممەتیان كرد بۆ نەهێشتنی ئەو نایەكسانیو ئەو مامەڵە نامرۆیانەیەی لەدەوروبەری خۆیاندا بەدییان دەكرد.

ئەوان ئیلهامیان لەمێری ئینگلاند یا لەئامارە بێ سودەكان وەردەگرت: ئەو سرودە جەنگیانەیان دەچڕی كە زۆر جیاواز بوون لەیەكتریو بەواتایەكی تر هەركەسەو سازی خۆی دەژەنی.

ئەوە مك دۆناڵد بوو كە هارمۆنیو هاوئاوازیەكی نوێی لەنێوان سرودەكانی ((كەی خەڵكی رزگار دەكەن)) ی ئیبێنزەر ئیلیۆتو (( ئینگلتەرە راپەرە))ی ئیدوارد كارپێنتەر[3] و ((سەرزەمینی چاوەڕوان كراو))، (ئینتەر ناشناڵ)، (ئالای سور)و (پێویستە ئاوابێ) دا هێنایە كایەوە.

لەساڵی ١٩٠٦دا، كاتێك رەمزی بە بۆنەی هەڵبژاردنی ٢٩ نوێنەری حزبی كرێكارانەوە بۆ پارلەمان لە كوینز هۆڵ[4] ئێوارەخوانێكی رێكخستبوو، ئاسۆیەكی نوێی لەبەردەم خۆیدا والاكرد. ئەو وتی: ((تاكو ئێستا حزبی كرێكاران لە سیاسەتدا گوێ رایەڵ، بچوكو لاوەكی بووە. كوخ ناچار بووە لەپێناو كۆشكداو بۆ بەرژەوەندیی ئەو بجەنگێو كۆشك هیچ كات دەست بەكار نەبووە كە لەبەرژەوەندی كوخدا چەند قانونێك دابنێ.

مانگی رابردوو كوخ وتی: ((لەمەودوا من لەپێناوی خۆمدا دەجەنگم، بۆ خۆم هەوڵ دەدەم. بۆخۆم قانون دادەڕێژم، لەبەر ئەوەی ئەزمونەكان پیشانیان دام كە ئەگەر ئەوە نەكەین هیچ كەسێكی تر لەجیاتی ئێمە نایكا.))

[3] Edward Carpenter
[4] Queens Hall

مەكتەبی بیروهۆشیاری

حزبی نوێی پارلەمانی درێژە دەدا بە خەبات و تێكۆشانی خۆی لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا لەپێناو لائیحەی مافی كار، چاكسازیی كۆمەڵایەتی و هەڵوەشانەوەی قانونی ڤیكتۆریایی كە چالاكیی سەندیكا كرێكاریەكان سنوردار دەكا،و بانگەشە بۆ هێنانە كایەی ئەزمونی نوێی جیهان دەكاو لەپێناویدا تێدەكۆشێ. ئەندامانی كەم ئەزمونی پارلەمان كە هەندێكیان چەندین ساڵ بەر لەوەی هیچ كام لە٢٩ نوێنەرەكەی حزبی كرێكاران بچنە ناو كابینەیەكی كرێكارانەوە، چەند پلەو پایەیەكیان لە ناو كابینە ئیئتیلافیەكەی كاتی جەنگدا پێ دراو بە رابەرێتیی كەی هاردی و سەرپەرشتیی مك دۆناڵد لەگەڵ شێوەی كاری پارلەماندا ئاشنا بوون.

ئەوانە لە ساڵانی سەرەتای هاتنیان بۆ ناو پارلەمان دوچاری ناكامی بوون بە تایبەت ئەو كاتانەی كەژمارەیان لەدابەزیندا بوو،و سەرزەمینی بەڵێنیان بۆ ماوەیەك دواكەوت.

خودی مك دۆناڵد لەو ماوەیەدا گورزێكی كارێگەی پێكەوت ئەویش مردنی مارگرێد مك دۆناڵدی هاوسەری بوو لە ساڵی ١٩١١دا، كە ژنێكی قارەمان و خۆشەویست بوو لای چینی كرێكاران. لەیادمە لە سەرەتاكانی ساڵانی ١٩٢٠دا كە منداڵ بووم سەیری رۆژ ژمێرێكی بزوتنەوەی هەرەوەزیی كرێكارانم دەكرد كە بە دیواری مەتبەخەكەماندا هەڵواسرابوو. لەو رۆژژمێرانە بوو كە روداوە مێژووییەكانی ساڵانی رابردووی تێدابوو. لەژێر یەكێك لەو رۆژانەدا ئەمە نوسرابوو: ((مردنی مارگرێت مك دۆناڵد ١٩١١.)) دایكم بۆی باس كردم كە ئەو ژنێكی چەندە باش بووەو لای هەموان خۆشەویست بووە.

سەرەرای ئەم پێشهاتە تاڵە، مك دۆناڵد بەردەوام سەرقاڵی بەرنامەرێژی بوو: سەردانی ناوچە جیایاكانی وڵاتی دەكردو لەگەڵ خەڵكیدا دەدواو، وتاری دەنووسی: بەرنامەو بەیاننامەی ئامادە دەكرد، كاری رێكخستنی ئەنجام دەدا، و هەر كە قسەكانی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ساڵانی پێشووی كەی هاردیی بیردەكەوتەوە كە گوتبووی سەیری (دەفتەری تۆماری ناوەكان[*])بكە هەستی دەجوڵا.

كاتێك مك دۆناڵد بوو بە سەرۆكی حزب رێورەسمێكی بۆ سازدرا.

لەو رێورەسمەدا كەی هاردی چەند وێنەیەكی خۆی و مارگرێتی بۆ كرد بەدیاری و وتی: ((ئێمە پێویستمان بەوە نیەو كە دەستەیەك یا گروپێكی كۆمەڵایەتی، بەهای بوونی حزبی كرێكاران بسەلمێنن. هەروەك چۆن لەحەساری كلێسای سەینت پیل سەبارەت بە رێن[٥] نوسراوە: ((ئەگەر دەتەوێ ئەو ببینی تەماشایەكی دەوروبەری خۆت بكە....) لە دەورو بەری ئێمەشدا خەڵكانێكی زۆر هەن كەئارەزووی بەرپابوونی بزوتنەوەیەكی گەورەیان هەیە، بەڵام تا كەسێك نەبێ كە هەموان لەدەوری یەكتر كۆبكاتەوە هیچ بزوتنەوەیەك، بەشایەدیی مێژوو سەركەوتوو نابێ... گاڵتە ئامێزە ئەگەر سەبارەت بە تواناو لێهاتویی مك دۆناڵد، رابردوو، وزەو تێكۆشانی لە پێناوی ئەواندا (كە خەون بەگۆڕانكاریی كۆمەڵایەتیەوە دەبینن) بدوێین. ئەو دەتوانێ گورزی توند بوەشێنێ، بەڵام لە هەمان كاتدا دەتوانێ سەخت تێبكۆشێ و لەبەرامبەر ئەو كارانەدا كە تاكو ئێستا بە ئەنجامی گەیاندون، رێزی لێدەگیرێ و ستایشی لێدەكرێ.))

مك دۆناڵد لەو كەسانە بوو كەپێیان وابوو چاكسازیی كۆمەڵایەتی، موچەی كاتی خانەنشینی و بیمەی میللی لۆید جۆرج، حزبی تازە دامەزراوی (كرێكارانی) لەپەل و پۆخستووە، یاخود لە هەلومەرجێكی سەخت و دژواردا نەبێ بەریتانیایەكی نوێ سەر هەڵنادا: ((كۆمەڵگەیەك كە گیرۆدەی ترس و دڵە راوكێ بێ و برسێتی بڕستی لێ بڕیبێ ناتوانێ بە ئاراستەی سۆشیالیزم هەنگاو بنێ، بەڵكو تەنیا كۆمەڵگەیەك دەتوانێ پێداویستیە روحیەكان لە تاكەكاندا بەئاگا بێنێتەوەو زەمینە بڕەخسێنێ بۆ بەرجەستە

---

[*] ناونوسین لەناو حزبی كرێكاراندا۔ و .

[٥] Christopher Wren كریستۆفەرێن ١٦٢٣ ـ ١٧٢٣ بیناسازی ئینگلیزی۔ و ز

بـوونی غـەریزە كۆمەڵایەتیـەكان بەئاراسـتەی بـەدیهاتنی سۆشـیالیزم كـە پێـشتر لەتێركردنی پێداویستیە مادیەكانی تاكەكاندا، تارادەیەك سەركەوتوو بووبێ...)).

مك دۆناڵد بەدرێـژایی جـەنگی یەكـەمی جیهـانی لـەناو حزبـدا دوچـاری شكـستی سەخت بوو. ئـەو بەتونـدی دژی جـەنگ بـوو، لەكاتێـكدا ئەنـدامانی پارلـەمانیی حـزب پشتگیرییان لەجەنگ كردبوو، وەك ئەندامانی كابینەی كـاتی جـەنگیش، دەوڵـەتیان بـۆ جـەنگ هانـدابوو، بەهێزیـشیان كردبـوو. لەهـەڵو مـەرجێكی ئـاوادا كـە حـزب لـە بارودۆخێكی نائومێدانەدا لەبەریەك هەڵوەشابوو ئەو ( با جارێ لەوە گەڕێین لەسەر هەق بووە یاخود نا ) جوامێرانە پابەند بوو بە بیروباوەڕەكەی خۆیەوەو دەستی لێ بەرنەدا.

هەرگیز نەچوە پاڵ ئەو كەسانەوە كە حەزیان دەكرد ئەڵمانـەكان سـەركەوتن بەدەست بێنن. لەو باوەڕەدا بوو كە ئـەو جەنگـە زادەی دوژمـنایـەتیی خێڵـەكیی نێـوان حكومـەتـە مـەلەكیەكانەو لایەنگری ئەوەبوو لەرێی وتوێژەوە ئەو ناكۆكیانە چارەسـەر بكـرێن، بـەڵام هیچ كەسێك پـشتگیریی لـە بۆچـونەكانی نـەكرد بەتایبـەت لـەناو بزوتنـەوەی یـەكێتیی كرێكاراندا.

ئـەو كورسـیەكەی لـە لایـستەر[6] لەدەسـت دا، بـەڵام لەسـاڵی ۱۹۲۲دا بـە دەسـتە بەركردنی كورسی ئەیبراڤۆن[7] گەڕایەوە مەیدان.

كاردانەوەی حزب بەرامبەر بە سیاسەتەكانی لۆیـد جـۆرج لـەدوای جـەنگ هـەر زوو زەمیەنـەی لـەبار كـرد بـۆ ئاشـتبونەوەی لەگـەڵ حزبـدا ،و مـك دۆناڵـد لـە هەڵبژاردنـە سەرانسەریەكەی ساڵانی ۱۹۲۲و ۱۹۲۳دا، سەرۆكایەتیی حزبی گرتە دەست.

لەساڵی ۱۹۲۳دا هەروەك پێشتر بەدیمان كرد حزبی كرێكاران دووەمین حزبـی گـەورە بوو لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانداو ئاسكویس رازی بوو لەسەر ئەوەی بێتە ناو حكومەتەوە، لەكاتێكدا ئەمجارەیان لەبەرامبەر مەترسیی هەمیشەیی ڤیتۆی حزبی لیبرالـدا حەسـانەی هەبوو.

---

[6] Leicester
[7] Aberavon





مك دۆناڵد لەرۆڵی دوو سەرەیدا وەك سەرۆك وەزیرو وەزیـری دەرەوە لەگـەڵ روسـیادا پەیوەندیی دروست كردو لەئاكامی ئەو پەیوەندیەدا بوو كە مەسەلەی كەمپ بیـل ئـاڵۆز بوو.

رازی نەبوونی مك دۆناڵد لەسەر قبوڵ كردنی پێشنیارەكەی حزبی لیبرال بۆ بەئـەنجام گەیشتنی لێكۆڵینەوەیەكی سەربەخۆ سەبارەت بەو مەسەلەیە، هـەموو لایـەكی سەرسـام كرد. ئەگەرێكی زۆر بەهێز هەیە كە خودی سەرۆك وەزیر دەستی هەبووبێ لـەو حوكمـەی دادوەری گشتیدا. چوار ساڵو نیـو سـەرۆكایەتیی باڵـدوین، بـۆ مـك دۆناڵـد بـە مـاوەی پشودان لەقەڵەم درا.

سەرەڕای گرنگیدانی لەڕادەبـەدەری بـاڵی نـوێ بـە ئایـدۆلۆژیا ،و تەقـەلاكانی حزبـی سەربەخۆی كرێكاران بۆ گەیشتن بە ((سۆشیالیزم لەسەردەمی ئێمـەدا))، ئـەو گرنگیـی تەواوی بە پاراستنی یەكڕیزیی حزبەكەی دا. لە سـاڵی ۱۹۲۹ وەتـا ۱۹۳۱ جـارێكی تـر سەرۆكایەتیی حكومـەتێكی كەمینەی گرتـە دەسـت، لـە كاتێـكدا كـە حزبـی كرێكـاران گەورەترین حزبـی تـاك بـوو لـەناو ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا. ئـەمجارەیان وەزارەتـی دەرەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیریدا نەكرد بەیەك، بەڵكو ئەو پۆستەی بە هێندەرسن[8] بەخشیو بەوەش (جەی. ئێچ. تۆمـاس[9])ی لەخۆی رەنجاند كە گلەیی ئەوەی دەكرد فێڵی لێكـراوە. هـەروەك دەزانین پەیوەندیی نێوان مك دۆناڵدو هێندەرسـن گـرژو ئـاڵۆز بـوو، بـەڵام هەڵبـژاردنی تۆماسیش بەكارەساتێك لەقەڵەم دەدرا.

---

[8] Henderson
[9] J.H. Thomas



ڕەمزی مك دۆناڵد لەتەمەنی ٢١ساڵیدا، ساڵی ١٨٨٧





دوو ساڵ دوای ئەوە مك دۆناڵد سەرۆكی دەوڵەت بوو: بێ گومان سەرۆكی دەوڵەتێكی ئیئتیلافی نا، بەڵكو دەوڵەتێك كە ئاوێتەیەك بوو لە باڵێكی بچوكی ئینشیقاقی حزبی كرێكاران‌و چەند وەزارەتێك كە تەنیا یەك دوانێكیان نوێنەری پارلەمان بوون . گوزارشتی وردتری ئەو مەسەلەیە ئەوەیە كە مك دۆناڵد هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووە ئەو ئاكامەی لێ بكەوێتەوە. ئەو تا دوایین ساتەكان لەو باوەڕەدا بوو كە حزبەكەی لەوەدا كە بەبۆچونی خۆی بەپێویستی دەزانی پشتگیریی لێ دەكەن. (لە راستیدا گوشارە داراییەكان ئەو بۆچونەیان لادروست كردبوو.) لەو بەشەی پێشوودا پەیوەندیی نێوان مك دۆناڵدو باڵدوینمان باس كرد. هەرچەندە ئەو لەسیاسەتی توریەكان لەبەرامبەر هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٣١دا، كە خۆی داوای كردبوو هەستی بەبێ ئومێدی دەكرد ، بەڵام كە دەیبینی تەنیا وەزیرێكی موحافیزكار كە ژەهری خۆی بەسەر حزبی كرێكاراندا رشتووە ئەسنۆدنە، بڕیاری دا بۆ ماوەی چوارساڵی تر سەرپەرشتیی دەوڵەتی ئیئتیلافی بكا.

ئەم ئیئتیلافە درێژەی هەبوو تاوەكو بەهۆی لاوازیەكی سیاسیی پێش وەختەوە مك دۆناڵد لەپێ كەوت.

داستانی خیانەتی ئەو لە حزبی كرێكاران تاكو ئێستاش هەر درێژەی هەیەو ئەو كەسانەش كە لەودەمەدا ،و دوای ئەوەش، پشتگیرییان لە پێكهێنانی حكومەتی ئیئتیلافی دەكرد ، تەنانەت بە وشەیەكیش لایەنگرییان لێ نەكرد. رەنگە لەبەرئەوە بووبێ كە پێشینەی باڵدوین لەرووی پشتگوێخستنی مەترسیی هیتلەر لەكەدار بوبێ،و ئیئتیلافەكەی پێشوی مك دۆناڵد- باڵدوینیش بەشێكی لەو ناوبانگە زڕاوە بە مك دۆناڵد رەوا دیبێ، بەڵام لەراستیدا ئەوە پەشێویی جیهان بوو كە یەكەمین سەرۆك وەزیری كرێكارانی لەناو برد ، هەروەك چۆن دەوڵەتەكانی سەرانسەری ئەورووپاو هووریشی لەئەمریكا لەپێ خست.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مـك دۆنالـد دەیویـست حزبـی کرێکـاران کـە هێنـدە لـە دامەزراندنیـدا زەحمـەتی کێشابوو، لەبری حزبی لیبرال و وەك هەڵبژاردنێکی سروشـتی بـۆ موحافیزکـاران بخرێتـە روو: سیاسەتی لۆید جۆرج لەساڵانی دوای جەنگ و ئینشیقاقە کوشندەکەی ئاسـکویس و لۆید جۆرج رۆڵێکی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی مەرامەکەی مك دۆناڵددا گێڕا.

هارۆڵد مك میلان لەدوایین کتێبیدا ((پیاوانی جاران)) بەشـی تایبـەت بـە رەمـزی دۆناڵد بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: ((مێژوونوسان، سەرهەڵدانی حزبـی کرێکـاران لـە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە گرنگترین گۆڕانکاری لەقەڵـەم دەدەن لەمێـژووی دوورودرێژی سیاسەتە حزبییەکانی ئینگلتەرەدا. کەللەخڕەکان[10]- دەرباریەکان، ویگـەکان – توریەکان، لیبرالـەکان- موحافیزکـاران... تـا سـاڵی ١٩١٤، سیـستمی دوو حزبیـی لەجێی خۆی نەترازاو بوو، پێشبینی دەکرا لەجێی خۆی بترازێ. لیبرالیەکانی لایـەنگری کرێکـاران (ناسـراو بـە لیـب لاب **leb-lab**) و ئەنـدامانی حزبـی کرێکـاران لـە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ حزبی لیبرالدا هێندە ناکۆك نین بە ئەندازەی ئـەوەی کـە کۆنـە رادیکاڵەکانی وەك کوبـدن و برایـت لەپەیوەندیانـدا لەگـەڵ ویگـەکانی وەك لـۆرد جـۆن رەسڵدا ناکۆکن.

ئەوانە رەنگە منگە منگ بکەن و رەخنە بگرن، پێ داگرن، چەنە بدەن و جاروبـاریش بە هەڕەشە ئیمتیازێك بپچڕن، بەڵام دواجار قبوڵی دەکەن کە دەوڵەتێکی لیبرال لەسـەر کار بهێنێتەوە یا لیبرالێکی باڵی نەیار لەناو نەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەسـاڵی ١٩٢٣دا، حکومەتێکی کرێکاران پێکهێنرا کە هەرچەندە لەئەنجومەنی نوێنەرانـدا کەمینـە بـوو، بەڵام دەوڵەتێکی کرێکارانی راستەقینە و سەربەخۆ بوو کە لەموحافیزکاران و لیبرالەکان پێکهاتبوو.))

لەسـاڵی ١٩٢٢وەوە، حزبـی کرێکـاران بـەحزبێکی ئەڵتـەرناتیف لەقەڵـەم دەدرا تـا لەکاتی پێویستدا حکومەت پێك بهێنێ.

[10] ئەندام پارلەمانی ئینگلیزی لەسەردەمی چارلزی یەکەمدا کە سەری پاك دەتاشی ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

رەمزی مـك دۆنالـد لـە ١٢ ی تـشرینی یەکـەمی ١٨٦٦دا، لـە گـەڕەگێکی هـەژار نشینی دەرەوەی شاری لۆسی ماوس[11] کە دەکەوێتە باکوری سکۆتلاندەوە هاتـە دنیـاوە. هیچ سەرۆك وەزیرێك بەرلەو یـا دوای ئـەو سـەرەتای ژیـانی هێنـدە تاریـكوتون نـەبووە. دوابەدوای تەواو کردنی خوێنـدن، وەك مامۆسـتایەکی بـێ مۆڵـەت وانـەی وتۆتـەوە. کـە تەمەنی بوو بە ١٨ساڵ لە چەندین شوێنی بەریتانیا چەندین کاری جۆراوجۆری کرد.

لە بریستۆل بوو بە یاریدەدەری قەشەیەك کـە لەهـەوڵی ئـەوەدا بـوو لـە کلێـساکەیدا کۆمەڵێك کوڕ و پیاوی لاو ئاراستە بکا تا لەرێی ئامانجێکی ئایینیدا هەنگاو بنێن.

بـەڵام زۆری نەخایانـد کەوتـە ژێـر کاریگـەریی دەسـتەو تاقمـە سۆشیالیـستە ناوخۆییەکانـەوە، لـەپێش هەموویانـەوە فیدراسـیۆنی سۆشـیال دیمـوکرات (ئـێس . دی. ئێف.) بە سەرۆکایەتیی هیندمان[12] و بوو بە لێپرسراوی ناوخۆی (ئێس . دی. ئێف.).

لەساڵی ١٨٨٥دا، فیدراسیۆنی ناوبراو سێ پاڵێوراوی لە هەریەك لە نۆتینگهـام[13]، هامپستید[14]، کێنینگتن[15] ناساند.

ئەوانە زۆر بەخراپی رەفتاریان دەکرد، بـەڵام ئـەوەی کـە ناوبـانگی فیدراسـیۆنی زۆر لەکەدارکرد ئەوە بوو کـە گوایـە پاڵێوراوەکـان بـە ((پـارەی توریـەکان)) هاتونەتـە نـاو مەیدانەوە، تا دەنگی لیبراڵەکان لاواز بکەن. مك دۆناڵد بۆ ماوەیـەکی کـورت گەڕایـەوە بـۆ لوسـی مـاوس و پاشـان جـارێکی تـر رێـی لەنـدەنی گرتـەوە بـەر. ئـەو کـە بەسـەر شەقامەکانی لەندەنـدا لەهـەوڵی دۆزینـەوەی کارێکـدا هـەنگاوی دەنـا کـارێکی دەست کەوت بەهەفتەی دە شیلینگ. کارەکەی بریتی بوو لە پۆسـتکردنی نامـەکانی یـەکێتیی نەتەوەیی پاسکیل سـواران.دواتـر بـوو بـە خزمـەتکار هەفتـەی بـە ١٢شـیلینگ و شـەش پێـنس. هاوکـات لەگـەڵ گروپـە سۆشیالیـستە بـچوکەکاندا چـالاکیی ئـەنجام دەداو لـە

[11] Lossiemoauth
[12] Hyndman
[13] Nottingham
[14] Hamostead
[15] Kennington

مەكتەبی بیروهۆشیاری

تشرینی دووەمـی سـاڵی ١٨٨٧دا، یەكـشەممەی خوێنـاویی بینـی، ئەوكاتـەی هێزەكـانی سـوپاو پـۆلیس خۆپیـشاندانێكیان دامركانـدەوە كـە تیایـدا خۆپیـشاندەران ئازادانـەو بەكامی دڵ قسەیان دەكرد.

بۆ درێژەدان بەخوێندن لەبواری زانستدا پەیوەندیكرد بە كۆلێژی (بریـد بێـك[16])ەوە، بەڵام زۆر بەسـەختی نـەخۆش كـەوت و نـەیتوانی درێـژە بەخوێنـدن بـدا. پاشـان بـوو بـە سكرتێری تایبەتی بازرگانێكی چـا كـە بیروبـاوەڕی رادیكالانـەی هـەبوو، لەهەڵبژاردنـە لاوەكیەكەی ساڵی ١٨٨٩دا، بەئەندام پارلەمان هەڵبژێردرا. هاوكات لەگـەڵ ئـەوەدا كـە لۆید جـۆرج دەرگـیری مەسـەلەی حكومـەتی میللـی بـوو بـۆ وێلـز، مـك دۆنالـدیش تـا ماوەیەك دەرگیری مەسەلەی حكومەتی میللی بوو بۆ سكۆتلاند.

لەكۆتایی هەشتاكانی سەدەی هەژدەهەمدا، پەیوەندیی بـە ئەنجومـەنی (فـابین[17])ەوە كردو لەگەڵ جۆرج بێرنارد شۆ دا زنجیرە وتارێكیان نووسی. ماوەیەك سكرتێری گشتیی رێكخراوێكی سەیروسەمەرە بوو بەناوی ((پەیڕەوانی ژیانی نوێ))وەو هەر بەهۆی ئەوەوە بوو كە ئەگـەری بـوونی بـە سـكرتێری گـشتیی ئەنجومـەنی فـابین خرایـە روو. لەسـاڵی ١٨٨٩دا، كۆنگرەی سەندیكا كرێكاریەكان، كە بە درێژایی ئەو ماوەیە بە یەكێتیو یەك ڕیزیەكی تۆكمەتر لەهەر بزوتنەوەیەكی سۆشیالیستی تر بـەرەو پـێش چـوو، لیژنەیـەكی هەڵبژاردنی كرێكـاریی دامـەزرانـد كـە مەبەسـت لێـی نـاونووس كردنـی ژمارەیـەك لـە پالێوراوەكانی حزبی كرێكاران بوو لەناو سەندیكا لیبرالەكاندا. هەنـدێك لـە ئەنـدامانی باڵی چـەپی كـۆنگرە، كرێكارانیـان هـان دەدا تـاوەك ئایرلەندیـەكان حزبێكـی تایبـەت بەخۆیان دابمەزرێننو وەك كارتێكی گوشار بەكاری بێنن، بەڵام هیچ كـام لـەو تەگبیرانـە

16 Birdbeck

[17] ئەنجومەنی فابین ئەنجومەنێك بوو كە ستراتیژەكەی بریتی بوو لە بەرەوپێش چوونی پلە بەپلـەی كۆمەڵایـەتیو خۆلادان لە رووبەروبونەوەی راستەوخۆی لەگەڵ دەوڵەتـدا. ناونـانی بـەفاین دەگەرێتـەوە بـۆ فـابیۆس ماكـسیمۆی سەركردەی رۆم (لەساڵی ٢٠٣پێش زاینی مردووە)، ئەبێ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ هانیبـال فەرمانـدەی كارتـاژدا رووبەرووبێتەوە شكستی پێهێنا ـ و .





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئاكامێكی ئـەوتۆیان لـێ نەكەوتـەوە، تـا ئـەوەی لەسـاڵی ١٨٩٣دا، حزبـی سـەربەخۆی كرێكاران لە برادفۆرد دامەزرا.

مـك دۆنالـد دوای یارمەتیـدانی حزبـی سـەربەخۆی كرێكـاران لـە هەڵبژاردنەكـەی لاشفیلد[18]دا، پەیوەندیی بەرێكخراوی ناوبراوەوە كرد .

لەساڵی ١٨٩٤دا بە ئەندامی كۆمیتەی جێبەجێكردنی ئەنجومەنی فابین هەڵبژێردرا.

چـەندین رێكخـراوی سۆشیالیـستیی تـر پەیـدا بـوون و دوابـەدوای سـەرهەڵدانی ململاننێـی نێوانیـان، بـە قەیرانێكـدا تێپـەڕین. بـۆ نمونـە ئەنجومـەنی فـابین لەگـەڵ (ئینتەرناسـیۆناڵی دووەمـی نـوێ[19])دا كـە كۆنفرانـسەكەیان لـە لەنـدەن بەرێوەدەچـوو لەململانێ دا بوون.

لەودەمەدا مك دۆناڵد بە تونـدی رووبـەرووی جـەنگی بـویر وەسـتایەوەو دەسـتی لـە ئەندامێتیی كۆمیتەی جێبەجێكردنی فابین كێشایەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئەنجومەنـە بـە زۆرینەی دەنگی ئەندامەكانی دەركردنی بەیاننامەیەكی دژی ئەو جەنگەی رەت كردبۆوە.

فابینیەكان (ئەنـدامانی ئەنجومـەنی فـابین) هـەر بـەردەوام بـوون لەسـەر رێبازەكـەی خۆیان كە هەڵوێست وەرگرتنە لـە مەسـەلە هەنوكەییـەكانو ئەمڕۆكـەش هـەر پـەیڕەوی لەهەمان رێباز دەكەن.

لەساڵی ١٨٩٨دا، كۆنگرەی سـەندیكا كرێكاریـەكان بەیاننامەیـەكیان پەسـەندكرد كە لەلایەن كرێكـارانی هێڵـی ئاسـنەوە دارێـژرابوو، سـەندیكا كرێكاریـەكانی هانـدەدا

18 Shaffield

[19] New second International یەكێكە لەرێكخراوە شۆسیالیستیە نێودەوڵەتیـەكان كـە لـەكۆتایی سەدەی نـۆزدەو سـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا هاتۆتـە كایـەوە. ئینتەرناسـیۆناڵی یەكـەم لـەژێر نـاوی سـەندیكای ئینتەرناسـیۆناڵیی كرێكارانـدا لەسـاڵی ١٨٦٤دا لەلایـەن مـاركسو ئەنگلـسەوە دامـەزرێنرا تـا سـەندیكا كرێكاریەكانی سەرجەم وڵاتان یەكبخات. ئینتەرناسـیۆناڵی دووەم لـەژێر نـاوی ئینتەرناسـیۆناڵی سۆشیالیـستدا لەساڵی ١٨٨٩دا دامەزرا تا رێ لەبەردەم یەكخستنی زیاتری حزبـە سۆشیالیستەكانی وڵاتـانی دنیـادا هـەموار بكا. ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم (یـا ئینتەرناسـیۆناڵی كۆمۆنیـست) لەسـاڵی ١٩١٩دا لەلایـەن بەڵـشەفیەكانەوە دامەزرا تا چالاكیی بزوتنەوە كۆمسیۆنیەكان لەسەرانسەری دنیادا هاوئاهەنگ بكا ـ و .

مەكۆی بیر و هۆشیاری

پشتگیری لەحزبە كۆمەڵایەتیـەكانی چینی كرێكـار بكـەنو كۆمیتەیـەكی پارلـەمانیان هەڵبژارد.

كـۆنگرەی پلیمـۆس[20]، دوای ئەنجامـدانی راپرسـیەك پێـشنیارەكەی پەسـەند كـرد. لەمانگی كانونی یەكەمی هەمان ساڵدا چەند كۆبوونەوەیەك لە نێوان نوێنـەرانی حزبـی سـەربەخۆی كرێكـاران، فیدراسـیۆنی سۆشـیال دیمـوكرات، فابینـەكانو كۆمیتـەی پارلـەمانی ئـەنجام درا. دوو مـانگ دوای ئـەوە كۆنفرانـسێك لـەهۆڵی یـادەوەری لـە فارینگـدن سـتریت[21]، بـەئامادەبونی ١٢٩گـروپ كـە نوێنەرایـەتی ٥٧٠,٠٠ئەنـدامیان لەئەسـتۆ گرتبـوو، بەمەبەسـتی دامەزرانـدنی رێكخراوێكـی نـوێ كـە گـۆڕا بـە حزبـی كرێكاران گرێ درا، و مك دۆناڵد بەسكرتێری حزب هەڵبژێردرا.

لەهەڵبژاردنە گشتیەكەیساڵی ١٩٠٦دا، حزبی نوێ ٢٩ نوێنەری رەوانەی پارلـەمان كردو مك دۆناڵد جارێكی تر لە كاتێكـدا كـە پێبـەپێی لیبرالـەكان لەپێـشبڕكێدا بـوو لەناوچەی لیستەر هەڵبژێردرا.

دوای ئـەوە حزبـی كرێكـاران بـاڵی نـەیاری لـەناو ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا پێكهێنـا، هەرچـەندە كـە بـەهیچ شـێوەیەك ئامـادە نـەبوو لەگـەڵ بـاڵی نـەیاری موحافیزكـاردا هەڵوێستی یەك بخا. ئەوان پشتگیرییان لەهەنگاوە رادیكاڵەكانی دەوڵەت دەكـردو لـەناو لیژنـەی یاسـادانانی ئەنجومەنیـشدا تـا رادەیـەك توانیـان گـوڕوتینی زیـاتر بـە قانونـە لیبرالەكان ببەخشن.

مك دۆناڵـدو هاوكارەكـانی پـشتگیریان لـە لائیحـەی حكومـەت بـۆ هەڵوەشـانەوەی قانونی رێنوێنیە ئاینیەكانی ساڵی ١٩٠٢كرد، بەڵام پێیان لە بەرەكـەی دەوڵـەت زیـاتر راكێشاو پێیان داگرت لەسەر ئەوەی سەرلەبەری سیستمی پەروەردەو فێركـردن لەلایـەنی ئایینیەوە گۆڕانكاری تێدا بكرێ.

---

[20] Plymauth
[21] Farringdon street







**كایر هاردی، ئەوپیاوەی كە گوڕوتینی دەمارگیریەكەی لەهەمووكەس زیاتر لەهێنانەكایەی حزبی كرێكارانی بەریتانیادا كاریگەریی هەبوو.**

دوای ئەوەی رابەرایەتیی هاردی کەوتە بەر شالاوی رەخنەی سنۆدن‌و چەند کەسێکی ترەوە، ئەستێرەی بەختی مەك دۆناڵد گەشایەوە، بەڵام ئەوە هێندرسن بوو کە بوو بەسەرۆك (واتە لە راستیدا رابەر)ی نوێنەرانی حزبی کرێکاران لەناو پارلەماندا.

مەك دۆناڵد کە رۆڵێکی بچوکی لە بودجەدا گێڕا بە لائیحە ناسراوەکەیەوە (لائیحەی مافی کارکردن) ناوبانگی دەرکرد هەرچەندە کە لە خوێندنەوەی دووەمدا شکستی خوارد. ئەو سەرکەوتوانە لە جەنگ‌و ململانێ لەگەڵ هاردی‌و حزبی سەربەخۆی کرێکاراندا بەشداریی کردو سەرکەوتنی بەدەست هێنا. پێویستە بوترێ کە حزبی ناوبراو پشتگیریی لە پالێوراوێکی حزبی سۆشیال دیموکرات (کەناوی نوێی فیدراسیۆنی سۆشیال دیموکرات بوو) لەبەرامبەر حزبی کرێکاراندا، لەهەڵبژاردنە لاوەکیەکەی نیوکاسڵدا کردبوو.

لەهەڵبژاردنەکەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٠دا، حزبی کرێکاران کە ئەودەم نوێنەرانی پارلەمانیی کرێکارانی کانەکان پەیوەندییان پێوەکردبوو، ٤٠ئەندام،و لەهەڵبژاردنەکەی تشرینی دووەمدا ٤٢ئەندامی لەپارلەماندا هەبوو.

مەك دۆناڵد هەر بەتەنیا ئینشیقاقەکەی حزب و رەوانەکردنی چەند نوێنەرێکی بێ توانای حزبی کرێکاران بۆ ئەنجومەن پەستی نەکردبوو، بەڵکو رۆڵی لەڕادەبەدەر لاوازی حزب لەپارلەماندا ناکامی کردبوو: لەبەر ئەوەی حزبی کرێکاران وەك حزبێکی سەربەخۆ جێپێی خۆی بەهێز نەکردبوو.

هێندرسن جارێکی تر بوەوە  بە رابەری پارلەمانیی حزب. نەریت وابوو کە رابەر بە دوو ساڵ جارێك بگۆڕێ، بۆیە هندرسن دوای تێپەڕاندنی ماوەکەی وازی هێنا. بە رووکەش وادیاربوو کە مەك دۆناڵد جێی ئەو دەگرێتەوە، تەنانەت لە دەیلی تەلەگراف‌و دەیلی کرۆنیکلیشدا ئاماژەیان بەناوی مەك دۆناڵد کردبوو وەك کەسێك کە پێویستە رابەرایەتیی حزبی کرێکاران لەناو پارلەماندا بگرێتە ئەستۆ.





بەڵام خودی ئەو هیچ مەیلێکی بەلای ئەو پۆستەدا نەبوو، لەبەرئەوەی سکرتێری حزب بوو، هەستی دەکرد کە ئەگەر رابەرایەتیی پارلەمان قبوڵ بکا، پلەو پایەی وەك رابەری حزبی کرێکاران دەکەوێتە مەترسییەوە. لێپرسراوانی حزب هەوڵیاندا لەو بارەیەوە دڵنیای بکەنەوە، بەڵام دوای چەند لێکۆڵینەوەیەك پێیان راگەیاند کە پشتیوانیی تەواوی لێناکرێ.

جۆرج بارنس[22] کە دواتر بوو بە ئەندامی کابینەی کاتی جەنگ، کرا بە رابەری پارلەمانیی حزبی کرێکاران لەناو پارلەماندا، بەڵام حزب دوابەدوای فەتواکەی ئازبۆرن[23] لەکانونی یەکەمی ١٩١٤دا، چالاك‌و کارا بۆوە: ئەوەش ئەو حوکمە بوو کە لەلایەن کۆمیسیۆنی قەزایی ئەنجومەنی لۆردەکانەوە دەربارەی سەندیکای کرێکارانی هێڵی ئاسن دەرکراو راگەیەنرا کە سەندیکای کرێکاری بۆی نیە بەشێك لە بودجەی خۆی لەپێناو مەرامە سیاسیەکانیدا خەرج بکا. ئەم پێشهاتە حزبی پارلەمانیی کرێکارانی هاندا کە چاو بە بارودۆخی خۆیدا بخشێنێتەوەو یەك ریزو یەك دەنگ کاربکەن.

لەساڵی ١٩١١دا، دوابەدوای دەست لەکار کێشانەوەی بارنس، مەك دۆناڵد بوو بە رابەری پارلەمانی‌و رابەری گەورەی حزب.

لە سەرانسەری مێژووی پارلەمانیی حزبی کرێکاراندا، هەڵبژاردنی رابەر بەو شێوەیە بەئەنجام نەگەیشتووە. (لەساڵی ١٩٧٠داو دوابەدوای شکستێکی هەڵبژاردن بوو کە من پۆستی سەرۆکایەتیی حزبی پارلەمانیی کرێکاران (پی. ئێڵ. پی)م لە رابەرایەتی حزب جیا کردەوەو داوام لە حزبی پارلەمانیی کرێکاران (پی. ئێڵ. پی)کرد کە سەرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێ.) بەڵام لەساڵانی ١٩٢٣، ١٩٢٩، ١٩٦٤، ١٩٧٤دا دەربار تەنیا داوای لە سەرۆکی (حزبی پارلەمانیی کرێکاران)کرد کە کابینەی کرێکاران پێك بهێنێ (نەك رابەری حزبی کرێکاران).

[22] George Barnes
[23] Osbourne



**ڕەمزی مك دۆناڵد دوای مردنی هاوسەرەكەی لەگەڵ دوان لەكچەكانیدا لە ساڵی ١٩١٧دا**





**هەڵایسانی جەنگی یەكەمی جیهانی كێشەیەكی بۆ حزب دروستكرد. هەرچەندە مك دۆناڵد بە رابەری حزب دەژمێردرا، بەڵام دژی جەنگ بوو،و كاتێك حزبی پارلەمانیی كرێكاران بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا لە بەرژەوەندیی بودجەی جەنگی دەوڵەتی ئاسكویس، كە یەكسان بوو بە ١٠٠ملیۆن پاوەن، دەنگ بدەن، مك دۆناڵد دەست بەجێ دەستی لەكار كێشایەوە. ئەو لەلایەنی سیاسییەوە جەنگێكی خراپی لە بەردەمدا بوو، لەكاتێكدا هەم وەك نوێنەرێكی پارلەمان، هەم لەناو حزبو هەم لەناو وڵاتیشدا رۆڵێكی پێسپێردرا بوو، و بینی بەرەبەرە سەركردەكانی حزبی كرێكاران پەیوەندیی بە كابینەكانی ئاسكویسو لۆید جۆرجەوە دەكەن.**

**ڕێكەوتننامەی ئاشتی كە ناوەرۆكەكەی كەوتە بەرشاڵاوی رەخنەی كینزو لیبراڵەكانی دەرەوەی حكومەت، پێگەی ئەوی پتەو كردەوە.**

**لە كۆتایی جەنگدا وازی لەپارلەمان هێناو لەكۆتایی ١٩٢٢دا، لە وتارێكدا نووسی ((ئێمە جگە لە بیرەوەریەكانمان هیچ شتێكمان نیە شانازی پێوەبكەین)). لەساڵی ١٩٢٢دا، لە ناوچەی ئەبریۆن هەڵبژێردراو چووە ناو پارلەمانێكەوە كە تیایدا حزبی كرێكاران بۆ یەكەمین جار بە دووەمین حزب لەقەڵەم دەدرا (پلەیەك دابەزین).**

**هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٣، كە بیرو بۆچونی ناواقیعیو خەیاڵ پلاوانەی باڵدوین باڵی بەسەردا كێشابوو، بەڵێنەكەی بۆنارلای سەبارەت بەسیاسەتی پشتگیری لە كاڵا خۆماڵیەكان لە یاددا زیندوو دەكردەوە، بەبن بەست گەیشت،و هیچ كام لە حزبە بەشدارەكان زۆرینەی كاریگەریان بۆ پێكهێنانی حكومەت بەدەست نەهێنا. لە ئەنجامدا ئاسكویس بۆ ئەوەی حكومەت پێكبهێنێ حزبی كرێكارانی بۆ هاوكاری بانگهێشت كرد، لەكاتێكدا قاچەكانی ئەو حزبەی بەستبۆوە.**

**بڕیارەكەی ئاسكویس تایبەت بەبەخشینی دەرفەت بە حزبی كرێكاران بۆ پێكهێنانی حكومەت لەكانونی دووەمی ١٩٢٤دا،و لەوتەكەی پاشادا بۆ لادانی**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

باڵدوین، نیشانەی ئەوە بوو كە یەكەمین حكومەتی كرێكاران لەسەروبەندی گرتنەدەستی سەرۆكایەتیی وڵاتدایە.

هەركاتێك حزبی كرێكاران زۆرینەی پارلەمانیی بەدەست دەهێنا، قەوارە كۆنەكە(چینی كۆنو سەرەوەی كۆمەڵ[٢٤]) لەناو وڵاتو دەوڵەتو سەرمایەدارەكانی دەرەوە، هاواریان لێ بەرز دەبۆوە كە شۆڕشی سور لەئینگلتەرە بەرپابووە یا بەرشاڵاوی داگیركاریی بەڵشەفیكەكان كەوتوە.

بەڵام ڕەوتی مەسەلەكان بەجۆرێك بوو كە هەر هەنگاوێكی حكومەتی كرێكاران بەپشتگیری ئاسكویسەوە بەند بوو، دەنا هیچ بەهایەكی نەبوو،و هەركاتێك بچوكترین سەرپێچی یا جموجوڵی بەرفراوانی ئایدۆلۆژی لەلایەن ئەوانەوە سەری هەڵدایە، ئاسكویس دەیتوانی مافی حوكم كردنیان لێ زەوت بكا. ئەم پێشهاتە لە مەسەلەكەی كەمپ بیل[٢٦]دا رویداو وەك بینیمان مك دۆناڵد راست كردنەوەكەی حزبی لیبرالی (سەبارەت بە لێكۆڵینەوەكە) رەت كردەوەو لەئەنجامی ئەوەدا بۆماوەی چوار ساڵونیو لە دەسەڵات دورخرایەوە.

حكومەتی كرێكاران لە ٢٢ی كانونی دووەمی ١٩٢٤دا هاتە سەركارو زیاتر لە ٩مانگ مایەوە. لەزۆر كۆڕو كۆمەڵدا دیمەنی سەرۆك وەزیرە سۆشیالستەكان كە بۆ دەست ماچ كردن دەچوون بۆ دەربارو جلو بەرگی تەشریفاتیو دەرباریان دەپۆشی

[٢٤] مەبەست لەچینی كۆمەڵایەتیی باڵادەستی ئینگلتەرەیە كە بەشێوەیەكی گشتی لەبەرامبەر هەرگۆڕانكاریەكی گەورەدا دەوەستنەوەو لەدەرباریەكانو موحافیزكارانو سەرمایەدارە گەورەكان پێك دێن ـ و .

[٢٦] مەسەلەی كەمپ بیل مەسەلەیەكە پەیوەندیی بەسۆڤیەتەوە هەیەو جێی داخە كە نوسەر جگە لەئاماژە دان بەمەسەلەكە، هیچ رون كردنەوەیەكی تەواوی لەو بارەیەوە نەداوەو بەدواداچونەكانی وەرگێڕیش لەومەسەلەیەدا ئەنجامێكی ئەوتۆی نەبووە. مەسەلەی كەمپ بیل دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٤و مەبەست ئەو كەمپ بیل بانەرمانە نیە كە لە ١٩٠٥تا ١٩٠٨ سەرۆك وەزیری بەریتانیا بووە. بەداخەوە نوسەر چەند مەسەلەیەكی تری وەك مەسەلەی وێڵكسو جەنگی جێنگیز ئایرو چەندین مەسەلەی تری بێ رون كردنەوە لەكتێبەكەدا هێشتۆتەوە ـ و.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

زیاتر لەوەی مایەی نیگەرانی بێ، مایەی پێكەنینو گاڵتەجاڕی بوو. كاریكاتێریستو كۆنتێسەكان لەو هەستەدا هاوبەش بوون كە ئەمانە كەسانێكی بێ وەیو سازشكارن.

بەڵام لە راستیدا یەكەمین ئەزمونی حزبی كرێكاران لەبەرێوەبردنی دەوڵەتدا كەم بایەخ نەبوو، شوێنەواری لە دوای خۆی بەجێ هێشت. مك دۆناڵد سور بوو لەسەر ئەوەی خۆی پۆستی وەزارەتی دەرەوە بگرێتە دەستو رەنگە هۆكاری كەوتنی ئەوە بووبێ كە دەیویست بەدەستێك دوو شوتی هەڵگرێ. لە بەرێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەدا بیرۆكەی نوێو سەرنج راكێشی نەخستە روو. مك دۆناڵد ناچار بوو دەست بەجێ ئەو كێشانە تاووتوێ بكا كە زادەی داگیركردنی ناوچەی روهر بوو لەلایەن فەرەنساوە كە بەر لە ساڵێك لەبەر نەدانی قەرەبووی جەنگی لەلایەن ئەڵمانیاوە بەئەنجام گەیشت.

ئەو توانی فەرەنساو ئەڵمانیا قایل بكا بە قبوڵ كردنی سازشنامەیەكی نوێ لەرێی دەستەی وەزیرانی ئەودیو دەریاكانەوە بەسەرپەرشتیی ژەنەراڵ داوس[٢٧] كە ژەنەراڵێكی ئەمریكیە.

ژەنەراڵ داوس لەكۆتایی ئەو ساڵەدا كرا بە جێگری سەرۆكی ئەمریكا. ئەو هەنگاوە وەك هەنگاوێكی كاریگەرو ئاشتیخوازانە لەسەربنەمای راگرتنی هاوسەنگی نێوان فەرەنساو ئەڵمانیاو، كۆتایی هێنان بەدوژمنایەتیی نێوانیان، لەلایەن هەموانەوە پەسەند كراو پێشوازیی لێكرا. ئەو لەلایەنگرە ئایدیالیستەكانی خۆی كەمتر مەیلی بەلای چەمكی كۆمەڵەی نەتەوەكاندا هەبوو.

هەرچەند بۆخۆی سەردانی ژنێڤی كردو یەكەمین سەرۆك وەزیری بەریتانیا بوو كە چوو بۆ ئەوێ.

لەوتەكەیدا كە كاریگەریەكی زۆری بەجێ هێشت پێی داگرت لەسەر وەرگرتنی ئەڵمانیا لە كۆمەڵەی نەتەوەكاندا. تارادەیەك رۆڵی كاریگەری گێڕا لە هێنانەكایەی

[27] General Dawes

(پرۆتۆكـۆڵی ژنـێڤ)و لێكدانـەوە، و تارادەیـەك نوسـینەوەی بەڵێننامـەی كۆمەڵـەی نەتەوەكاندا گێڕا.

رێوشوێنی سازدانی دەستدرێژكاری‌و ئەگەری پـەنابردن بـۆ كـردەوەی سـەربازی دژی دەست درێژ كار، كە پێی لەسەر دادەگرت، بووە مایەی ئەوەی هەندێك لە داكۆكیكارانی ئاشتی سەرزەنشتی بكەن.[28] ئەو مەسەلەیە كاتێك حزبی كرێكـاران لـە دەسـەڵاتدا نـەما بەچارەسەر نەكراوی مایەوە.

پـەرەی دا بـە پەیوەندیـەكانی بـەریتانیا لەگـەڵ یـەكێتیی سـۆڤێتدا، بـێ ئـەوەی دەستەواژەی پوچ‌و بێ مانای ((چەپ لەگەڵ چەپدا وتو وێژ دەكا)) بێتە گۆڕێ.

سیاسەتی ئەو بەرامبەر سۆڤێت لەسـەر بنـەمای دان‌وسـتانی جدی‌و مـەنتیقی لـە مەسـەلە بازرگانیەكانـدا (بەیەكـەمین رێكەوتننامـەی بازرگـانیی نێـوان بـەریتانیاو سۆڤێتیشەوە)و پێدانی قـەرز بـوو، بـەڵام هـەر رێكەوتننامـەیـەك لەگـەڵ سـۆڤێتیەكاندا رەخنەی باڵی راستی دەوروژاند، جگەلەوەی ئـەو رەخنانـە لـە مەسـەلەكەی كـەمپ بیلـدا گەیشتە ترۆپك.

پێشینەی حكومەتی كرێكاران لەسەر ئاستی وڵات (بەرەی ناوخۆ) كەم بایـەخ بـوو. سنۆدن وەزیری دارایی حكومەتی حزبی كرێكاران كەسێكی بێ وەی‌و راست‌و ڕەوان بـوو و بە وردی پەیڕەوی لە نەریتە باوەكـان دەكـرد. بـاجی ناراسـتەوخۆی بـە بـڕی ١٤ملیـۆن پاوەند كەم كردەوەو، ئیـدیعای ئـەوەی كـرد كـە بودجەكـەی ((گـەورەترین هـەنگاوە كـە تاكوئێـستا بـە ئاراسـتەی بیردۆزی رادیكـاڵی نـانی بـەیانی بـێ بەرامبـەر بـۆ هـەموان نرابێ)): هەرچەند بێكاری كەمێك كەم بووە، بەڵام هێشتا هەر لە ئاستێكی بـەرزدابوو، مـك دۆناڵـدو سـنۆدن لـەژێر گوشـاری زۆری حزبـی كرێكـارانی سـەربەخۆو نوێنـەرانی پارلەمـانیی حزبی كرێكاراندا ناچار بوون چەند هـەنگاوێكی نائاسـایی بنـێن لەوانـە بـە

[28] لەو روەوە كە قـابیلی جێبـەجێ كـردن نـەبوو وڵاتـانی ئەنـدام لەكۆمەڵـەی نەتەوەكانـدا بەپێـشێل كردنێكـی سەروەرێتی خۆیان دەزانی ـ و .





كارەبـایكردنی هێڵـەكانی ئاسـن. بـێ گومـان دەوڵـەت، سیاسـەتی خـۆی لـەو بـوارەدا راگەیاند، بەڵام جێبەجێی نەكرد. گەورەترین سەركەوتنی دەوڵـەتی كرێكـاران لـە مـاوەی ئەو نۆ مـانگەی دەسەڵاتیدا لـە چارەسـەركردنی كێـشەی نیـشتەجێبووندا خـۆی بینیـەوە. جۆن ویتلی[29] وەزیری بیناسازی كە یەكێك بوو لە ئەندامە هەرە دیارەكانی بـاڵی چـەپی كابینەو خەڵكی سكۆتلاند بوو، لائیحەیەكی خستە بەردەم پارلەمان كە بە دابین كردنـی پارەی پێویست لێپرسراوانی حكومەتی نـاوخۆ (شـارەوانیەكانی ناوچـەكان كـە لەلایـەن خەڵكیەوە بەرێوە دەبران ـ و)ی هاندا بـۆ پیـادەكردنی بەرنامـەی گـەورەی بیناسـازی بـە مەبەستی بەكرێدانیان وەك ئاپارتمانی نیشتەجێ بوون.

بەرنامەیـەك پیـادەكرا بـۆ هانـدانی كـەرتی بیناسـازی تـا پـەرە بـە تواناكـانی بـدا لەمەودای دووردا.

سی. پی. تریڤلیان[30] وەزیری پەروەردەو فێركردن چەند هەنگاوێكی نا. لێپرسـراوانی پـەروەردەوفێركردن لـە ناوچـە جیاجیاكانـدا لـەڕێی تریڤلیانـەوە هانـدران كـە درێـژە بـە بەرنامەكانی خۆیان بدەن بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی واقیعی پەروەردەو فێركردن.

سیاسەتی راگەیەنراوی ئەو ئەوەبوو كە ((پێویستە ئاسانكاری تەواو بۆ منداڵ بكـرێ تا لە ژیانی كۆمەڵایەتیی ئایندەدا بتوانێ رۆڵێكی بنیادنەرانە بگێڕێ.)) جگە لەوە ئـەو وەك بەرێوبەرێكی زۆر سەركەوتوو ناوبانگی دەركرد و لە حكومەتەكەی ساڵانی ١٩٢٩تا ١٩٣١پەرەی بەو ناوبانگەی خۆی دا. بەو شێوەیە سەلمێنرا كە كرێكاران بە راستی توانای حكومەت كردنیان هەیە.

[29] John wheatley
[30] c.p. Trevelyan



**یەكەمین دەوڵەتی حزبی كرێكاران لەبەریتانیا: لەچەپەوە بۆ ڕاست: ڕەمزی مك دۆناڵد، جی.ئەیچ. تۆماس‌و ئارسەر هێندرسن لەكۆشكی باكینگهام دێنە دەرەوە ـ كانونی دووەمی ١٩١٧**

لە هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٩٢٤دا، موحافیزكاران ١٥٥ ئیمتیازی نوێیان دەستەبەر كردو ژمارەی نوێنەرەكانیان لەناو پارلەماندا گەیشتە ٤١٣كەس: حزبی كرێكاران ٤٠ ئیمتیازی لەدەست داو ژمارەی نوێنەرانی پارلەمانییان تێكڕا بۆ ١٥١كەس كەم بۆوە: لیبرالەكان ١١٨ئیمتیازیان لەدەست داو ژمارەی نوێنەرەكانیان لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا تەنیا ٤٠كەس بوو.





بەڵام دەنگی خەڵكی لەبەرژەوەندیی حزبی كرێكاراندا لەملیۆنێكەوە بوو بە ٥,٤٠٠,٠٠٠كەس.

مانەوە بۆ ماوەی چوارساڵ‌ونیو لە باڵی نەیاردا ماوەیەكی دورو درێژو مك دۆناڵدی دوچاری ئیفلیجی كرد. حزبی سەربەخۆی كرێكاران لەبری ئەوەی هێزێكی جوڵێنەر بێ بۆ حزب، زیاتر گۆڕا بۆ گروپێكی توند ڕەوو لە بەرەی ((سۆشیالیزم لەسەردەمی ئێمەدا)) تێ دەكۆشا. مانەوەی حزبێك لە باڵی نەیاردا بۆ ڕابەری هەر حزبێك سەخت‌و دژوارە. ڕابەر و كابینەی سێبەری حزبی نەیار ناچارن هەفتانە بە بەڵێ‌و نەخێر وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە كە حەز ناكەن لێیان بكرێ. لە ترسی ئەوەی كە وەڵامێكی هەڵە بدەنەوەو دواتر لەسەریان بكەوێ. ئەمە مەسەلەیەكە دەوڵەت لە بەرامبەریدا هەڵوێست وەر دەگرێ، لەبەرئەوەی ئەوە دەوڵەتە كە ڕێڕەوی گشتی سیاسەت دەستنیشان دەكا.

بە قەولی پێشینان لە وەڵامی پرسیاری ((ڕێی ئێكس لەكوێوەیە؟) دا بێ سودە ئەگەر باڵی نەیار وەڵام بدەنەوە كە: ((ئەگەر من بەرەو ئێكس بڕۆم لێرەوە بەڕێ ناكەوم.)) ئەوە دەوڵەتە كە لەسەر بنەمای سیاسەت‌و تواناكانی خۆی بڕیار دەدا بەچ ڕێیەكدا بڕوا.

ڕەنگە سیاسەتی باڵی نەیار وابخوازێ كە لە خاڵێكی جوگرافیایی ترەوە بەرەو جێی مەبەست بەڕێ بكەوێ، بەڵام مشتومڕی پارلەمانی، بەتایبەت لە مەسەلە قانونیەكانداو سەبارەت بە مەسەلەكانی پەیوەست بە ڕەوتی جێبەجێ كردنی كارەكانی حكومەت، تەنیا دەكرێ جەخت لەسەر ئەو مەسەلانە بكاتەوە كە زادەی بەرنامەڕێژیی ستراتیژیك‌و كاردانەوە تاكتیكیەكانی حكومەتە. (بەواتایەكی تر نابێ باڵی نەیار شێوەی كاری دەوڵەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵكو دەتوانێ سەبارەت بە ئەنجامی كارەكە بۆچونی خۆی بخاتە ڕوو.) ئەگەر چارەنوسی هەر ڕابەرێكی باڵی نەیار ئەمەبێ ئەوە كاری ڕابەرێكی كرێكاران بە ژەنگ‌و ژوار ترو ئاڵۆزتر دەبێ، لەبەر ئەوەی پێویستە هەفتانەو هەندێ

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

جار، سەعات بە سەعات لە هەوڵی ئەوەدابێ یەكڕیزیی حزبەكەی بپارێزێو بەرەو تاكە ئامانجێك ئاراستەی بكا.

حزبەكانی باڵی چەپ لە حزبە راسترەوەكان زیاتر لە بەردەم دووبەرەكیو ئینشیقاقدان. تەنانەت ئەگەر لەسەر ستراتیژی گشتیی سیاسەتیش كۆك بن، كەسانێك پەیدا دەبن كە حەز بكەن بە خێراییەكی زیاتر بەرەو ئامانج هەنگاو بنێن،و كەسانی تریش پەیدا دەبن كە بیانەوێ بۆ گەیشتن بە ئامانج لەسەر خۆ هەنگاو بنێن، بەڵام لە حزبێكی چەپدا ناكۆكیی قوڵتریش هەیە لە نێوان ئەو ئایدۆلیژیستانەدا كە میانڕەوترن.

لەكاتێكدا ئەوانیش هەر بەهەمان شێوە ئایدیالیستن، بەڵام كاردانەوەی كەمتریان هەیە بەرامبەر مەسەلەكان. مك دۆناڵد نە ئەهلی تیۆری بوو نە زۆریش توندڕەو بوو. دەیڤید ماركواند ئەوی بە كەسێك لە قەڵەم داوە كە بڕوای وایە دەشێ بەرەبەرە (شاری دڵخواز) بێتە دی: هەركە ترسو نیازت لەژیانی مرۆڤ كردەوە ،چیتر ململانێی چینایەتی لە ناودا نامێنێ. ئیسە بریگس رەخنە لە كتێبەكەی ماركواند دەگرێ ودەڵێ:

((سۆشیالیزمەكەی ئەو سۆشیالیزمێكی مەبدەئی بوو نەك پراكتیكی...))

تەنیا قاچەكانم ڕێنوێنی بكە. نامەوێ هیچ ببینم

لەبەرئەوەی تاكە هەنگاوێكم ماوە بگەمە جێ

لەیەكێك لەو دوو خولەدا كە من رابەری باڵی نەیار بووم حزبی كرێكارانم بە گالیسكەیەك شوبهاند كە ((مادام گالیسكەچی چالاكانەو بەخێرایی لێی دەخوڕێ، سەرنشینەكانی هێندە خۆشحاڵ یا هێندە پەرێشانن كە گالیسكەچییەكە نەخەنە زەحمەتەوە، بەڵام هەركە لە دووڕیانێكدا دەوەستێ هەركەسێك كە دادەبەزێ سەری بەسەر نەخشەكەدا شۆڕدەكاتەوە. ئالێرەدایە كە چەرمەسەریەكان دەست پێ دەكەن.))

هەربۆیە كە رابەرێكی حزبی كرێكاران زیاتر باوەڕی بە بەیاننامەی سیاسی هەیە تا مشتومڕ لەسەر رەنگی دیوارەكانی شاری دڵخواز، هەمان ئەو مشتومڕەكەی حزبە راست رەوەكان دڵیان پێی خۆشە. تەنیا رابەرێكی حزبی كرێكاران كە رێبازێكی تری





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

گرتەبەر هیو گیتسكڵ[31] بوو كە دوای سێیەمین شكستی یەك لەدوای یەكی حزبی كرێكاران لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٩دا، بوو بە رابەر.

حزب لەكۆنفرانسی كۆتایی هەفتەدا لە بلاك پۆل ژیایەوە. هیو گیتسكڵ مشتو مڕەكەی خستە گەڕو داوای لە كۆنفرانس كرد لە ئاییندە بڕوانێو لە رووی كۆمەڵناسیەوە شیكردنەوەیك ئەنجام بدا كە داخۆ خێزانێكی ئاسایی لە بەریتانیای هارۆڵد مك میلاندا كە وتبوی: ((تاكو ئێستا بەریتانیایەكی ئاوا باشتان بەخۆتانەوە نەدیوە))، بەدوای چیدا وێڵ بێ.

ئەو دەیویست حزب دوورخاتەوە لە مادەی ٤ی پەیڕەوو پرۆگرامی ساڵی ١٩١٨كە لەلایەن (سیدنی ویب[32])ەوە داڕێژرابوو، رەنگدانەوەی ئامانجە بەناوبانگەكانی حزب بوو سەبارەت بە ((خۆماڵی كردنی هۆكانی بەرهەم هێنان، دابەش كردنو ئاڵو وێر)). تەنیا توندڕەوەكان بەچاوی بەیاننامەیەكی سیاسی لێیان دەڕوانی، لەكاتێكدا ئەو ئەندامانەی واقیع بین تر بوون هاوتایان دەكرد لەگەڵ دەستەواژە ئاڵۆزەكانی ناو كتێبی ئەندێشە روحیەكانی یۆحەنادا.

گۆبەندەكە درێژەی هەبوو. گیتسكڵ تا ئەو جێیەی پەیوەست بوو بە كۆنفرانسەوە بە وتە ئاشتیخوازانەكەی ئەنیۆرین بیون قوتاری بوو.

ئەوە دوایین وتەی ئەو بوو لەو كۆنفرانسەدا بەرلەوەی دوچاری نەخۆشیە كوشندەكەی بێ، بەڵام كاتێك ئەندامانی حزبی كرێكاران لە كۆنفرانسی (بلاك پۆل)ەوە گەڕانەوە بۆ لەندەن، لیژنەی جێبەجێكاری نەتەوەیی كە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی باڵی راست، بەتایبەت سەندیكا راستڕەوەكاندا بوو هاتە مەیدانەوە.

ئەوە بەسوێترین كات بوو بۆ حزبی كرێكاران لە دوای جەنگ. دوابەدوای ململانێیەك كە سەرەتاكەی زۆر بەسوێ بوو، بەڵام بەگیانێكی ئاشتیخوازانە كۆتایی هات،

31 Hugh Gaitskell
32 Sidneg webb

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

قەواڵەیەك پەسەند كرا كە هەرسێ ئەندامە لاوەكەی .N. C. C (لیژنەی جێبەجێكاری نەتەوەیی) لەسەری كۆك بوون جگە لە سێر هاری نیكۆلاس[33].

حزبی كرێكاران لە شەستەكانی سەدەی رابردودا لە هەوڵی ئەو داخوازیە پیرۆزەدا بوو كە خوایە ئەندێشەو كردەوەو رەفتارمان لە پیسیی پاك بكەیتەوە، بەڵام ئێستا نا. مادەی چوارەم وەك ئامانجێكی دوور جارێكی تر هاتەوە گۆڕێو بڕیاردرا لە گونجاوترین دەرفەتدا كە خواوەند بیڕەخسێنێ،و نەك لەدەرفەتێكدا كە مرۆڤ بەدەستی بێنێ، پیادەبكرێ.

لەو نێوەدا چەند پێشنیارێكی پراكتیكی بۆ ساڵانی داهاتوو پەسەند كرا. حزبی كرێكاران لە شەستەكانی سەدەی رابردودا لە كۆنفرانسەكەی ساڵی ١٩٦٠دا لەڕێی نوسەری ئەم كتێبەوە تەكانێكیداو مشتو مڕ لەڕێی (هیو گیتسكل)ەوە ئەنجام درا: دوای رەتكردنەوەی سێ دەستكاریكردنی باڵی چەپ، قەواڵەی كۆتایی دوای ئەنجامگیریی سەرۆكی كۆبونەوەكەو گوێگرتن لە راپۆرتی رەسمیی كۆنفرانس ((بەستایش‌و چەپڵە رێزان پەسەند كرا)).

بەو شێوەیە حزبی كرێكاران پەیڕەوی لە بەیاننامە پراكتیكیەكان كردەوە. ئەو بەیاننامانەی كە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی رۆژ، بەر لە بەڕێوەچونی هەر هەڵبژاردنێكی گشتی ئامادە دەكران: ئەو بنەمایەش بریتی بوو لەوەی كە كۆدەنگی لەسەر ناوەرۆكی هەر بەیاننامەیەك لەكاتێكدا كەحزب حكومەت هەڵدەبژێرێ،و یا لەباڵی نەیاردایە،و بەتایبەت كاتێك لەباڵی نەیاردایە، كارێكی ئەستەمە، بەڵام كاتێك كە بەیاننامەكە كۆدەنگیی لەسەر كرا، دەبێ هەر باڵێك لە هەوڵی ئەوەدابێ كە باڵەكانی تر هانبدا پەیڕەویی لێبكا. بۆ نمونە بەیاننامەی حزبیی لە ساڵی ١٩٤٥دا، لەژێر ناوی ((با روبەڕوی داهاتو ببینەوە)) تایبەت بوو بە حكومەتەكەی ئەتلی یاخود

[33] Sir Harry Nicholas

* ئەو تایتڵەو تایتڵەكانی تر، بەیاننامەكانی حزبی كرێكارانن كە لەدەمە جیاوازەكاندا بەگوێرەی بارو دۆخەكان بۆ بەرجەستەكردنی بەرنامەكانی حزب بڵاودەكرانەوە ـ و .





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بەیاننامەی ((با پێكەوە كار بكەین)): بەیاننامەی حزبیی ((بەریتانیا یەهۆی حزبی كرێكارانەوە سەردەكەوێ)) بەیاننامەیەك بوو كە بە درێژایی هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٩٧٤و دوای ئەوەش بۆ نەوەی داهاتوو بڵاوكرایەوە. هەروەها قەواڵەیەكی تریش كە سازشی لەسەر كرا، لەژێر ناوی ((كرێكارانی دەوڵەت))دا، كە تایبەت بوو بە حكومەتەكەی مك دۆناڵد. ئەم قەواڵەیە لە كۆنفرانسی حزبی كرێكاراندا كە لە تشرینی یەكەمی ١٩٢٨دا لە بێرمینگهام گرێ درا پەسەندكرا.

ئەنجامگیریەكەی ماركواند نەك هەر لەرووی هەڵسەنگاندنی قەواڵەیەكەوە، بەڵكو لەرووی پێناسەكردنی مك دۆناڵدو مك دۆناڵدیزمیشەوە جێی سەرنجە: ((ئەم قەواڵەیە لە بنەمادا بەری ئەندێشەیەكی بەرز بوو كە لە شوێنێكدا لە خستنەرووی لایەنی ئایدیالیستیی سۆشیالیزمدا، ئاوازێكی بێزاركەری لەخۆ دەگرت، بەڵام بەدڵنیایەوە لە گەشبینیی زانستیی رۆژەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەم قەواڵەیە حزبی كرێكارانی وەك بزوتنەوەی سەرجەم چینەكان لەدژی كەمینەیەكی پێكهاتوو لە خاوەن موڵكەكان،و سۆشیالیزمی وەك رێبازێك وەسف كردووە كە هەر تەنیا تایبەت نیە بە چینی كرێكاران، بەڵكو رێبازی هەموو ئەو ژن‌و پیاوانەیە كە كاردەكەن‌و دەیانەوێ ((سەرچاوەكانی زانست بخرێتە بەردەستی هەموان و هەل‌ومەرجێك بێتە كایەوە كە سەرجەم مرۆڤەكان ژیانێكی ئابڕومەندانەو سەربەرزانەو پێشكەوتوانەیان پێ رەوا ببینرێ.)) هەروەها داوای كرد كە بەبێ هەڵپەو بەبێ وەستان، زەوی، سوتەمەنی، هۆكانی گواستنەوەو بیمەی ژیان بدرێ بەدەوڵەت. پێویستە باج لەسەر بنەمایەكی زانستی‌و بە لەبەرچاوگرتنی توانای پێدان، رێك بخرێ.

خەرجیی سەربازی كەم بكرێتەوە،وخزمەت گوزاریە كۆمەڵایەتیەكان بەرفراوان بكرێن. ئامانجی كۆتایی هێنانەدیی ((كۆمۆنوێڵسێكی سۆشیالست))ە، لەسەر ئەو بنەمایەی كە یارمەتی‌و هاوكاری ((قانونی ژیان))ە.))

سەبارەت بەمەسەلەی بێكاریو خراپتربوونی باری ئابوری ((حزبی كرێكارو گەل)) لەراستیدا جگە لە دەمەتەقێی كەم بایەخ هیچ گوناهێكیان نەبوو. هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٩، جگەلەوەی كەحكومەتەكەی باڵدوینی لەزۆرینە خست، هیچ ئاكامێكی لێنەكەوتەوە. حزبی كرێكاران بەپێچەوانەی ساڵی (١٩٢٤)ەوە، كە هێشتا لەئەنجومەنی نوێنەراندا كەمینە بوو، لەو هەڵبژاردنەدا بوو بە گەورەترین حزبی تاك. دوابەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكە، باڵدوین دەستی لەكار كێشایەوەو مەك دۆناڵد دووەمین كابینەی پێكهێنا.

لەودەمەدا رووبەرووی یەك ملیۆن بێكار بوەوە: هەرچەندە كە گەشەیەكی كەم لە ئاسۆی ئابوریی ناوخۆدا دەبینرا، بەڵام یەك مانگ بەر لە هەڵبژاردنەكەی تشرینی دووەمی دا ١٩٢٩، ئەمریكا لە بازاڕی بۆرسەو پشكدا لەناكاو رووبەرووی شكست بۆوە و ((داوەستانی گەورە))ی ئابوری سەری هەڵدا. لەودەمەدا ئەمریكا بەجۆرێك بەسەر ئابوریی وڵاتانی تردا باڵادەست بووكە هیچ وڵاتێك، هەر لەپێش كەوتوەوە تا پەرە ئەستێن، نەیتوانی خۆی لە كاریگەریو ئاكامەكانی قوتار بكا.

لەجیهانی دوای جەنگدا، هەمیشە دەوترا كە ئەگەر ئەمریكا بپژمێ سەرجەم دنیا نەخۆش دەكەوێ. لەساڵی ١٩٣١دا، نە پژمە هەبوو نە هەڵامەت، بەڵكو گرژبونێك هەبوو كە هەر زوو دامێنی ئابوریی وڵاتانی تری گرت.

لەماوەی یەك ساڵدا ریزی دوورودرێژی خەڵكی كە لە بەریتانیا لەبەردەم ناوەندەكانی دابەش كردنی پارەو خۆراكدا كۆدەبونەوە بوو بە دوو ئەوەندەو گەیشتە دوملیۆن كەس، هیچ حكومەتێكو هیچ حزبێكی دەسەڵاتداریش دەرەقەتی بارودۆخێكی ئاوا نەدەهات. هیچ كام لە راوێژكارانی دەوڵەتو تەنانەت دایناسۆرەكانی[٣٤] بانقی ئینگلتەرەش توانای ئەوەیان نەبوو رێگە چارەیەك بۆ ئەو

[٣٤] دایناسۆر لەگیانلەبەرە زەبەلاحەكانی بەر لەمێژووە. مانای مەجازی لەو رستەیەدا كۆنە پسپۆڕانی بانقی ئینگلتەرەیە - و .





كێشەیە بدۆزنەوە، تەنیا ئەوە نەبێ كە پێ داگرن لەسەر ئەوەی كە (لەهەڵو مەرجی داوەستانی ئابوریدا) ، پێویستە (خزمەتگوزاریە گشتیەكان بۆ نزمترین ئاست كەم بكرێتەوە) ئەمە تاكە ئامۆژگاریی ئەوان بوو.

لە دەرەوەی كەرتی دەوڵەتیدا، كینز، كان[٣٥]، كول و[٣٦] هۆبسن[٣٧] بۆ هێنانە كایەی هەڵاوسانی درۆیین بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ نرخە كۆنەكانو گەڕانەوە بۆ باری نائاسایی ئابوریی دوای ئەو داوەستانە، و ئامادەكردنی بودجەی ناهاوسەنگ گوشاریان هێنا.

مك دۆناڵد لەكانونی دووەمی ١٩٣٠دا ئەنجومەنی راوێژكاریی ئابوریی دامەزراند. ئەو ئەنجومەنە كە خۆی سەرۆكایەتیی دەكرد لەپانزە ئەندام، لەوانە كینز، ئار.ئێچ. تاونی[٣٨]، جی. دی. ئێچ. كولو ئێچ. دی. هێندرسن[٣٩] پێك هاتبوو، بەڵام وەك دوای ماوەیەك كۆل پێی راگەیاندم لایەنگرانی هێنانەكایەی هەڵاوسانی درۆینە (ئەو ئابوریناسانەی كە ناوبران) ژمارەیان لە ئابوریناسە كۆنەكانو راوێژكارانی كەرتی دەوڵەتیو خاوەن بانقەكان كەمتر بوو، دواجار قسەیان لەو ئەنجومەنەدا بۆ نەدەچووە سەر.

لۆید جۆرج كە بە بەرنامەی ((تەگبیری نوێ))ی خۆی لە ژێر دروشمی ((ئێمە دەتوانین بەسەر بێكاریدا زاڵبین)) بەشداریی لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٢٩دا، كردبوو، بیروبۆچونەكانی خەزێنەو خاوەن بانقەكانی ناوچەی دراویی شاری لەندەنی خستە بەر شاڵاوی رەخنەو گاڵتە پێكردنەوە.

لەو بارودۆخەدا كابینە چارەی نەما جگە لەوەی بچێتە ژێر باری ئەو ئاستەنگەوەو مك دۆناڵد هەوڵی دەدا بە دانانی كەسانی شارەزا چارەیەك بۆ سیاسەتی ئابوریی خۆی بدۆزێتەوە. ((جەی. ئێچ. تۆماس))ی كرد بە وەزیری بێ كاریو تۆم جۆنستن[٤٠]، سێر

[35] Kahn
[36] Cole
[37] Hobson
[38] R. H. Tawney
[39] H. D. Henderson
[40] Tom Johston

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئۆزۆڵد ماسلی[٤١] و جۆرج لانسبێری[٤٢] وەك سێ یاریدەدەری ئەو دامەزراند. ماسلی كە لەو دەمەدا سەر بەباڵی چەپ بوو، تاكە كەس بوو كە بەبەرنامەیەكی تا رادەیەك رێ هەمواركەر كە بریتی بوو لە چاودێریی حكومەت بەسەر پیشەسازیو بانقەكانەوە، بە مەبەستی دابین كردنی سەرچاوەی دراویی پێویست بۆ ئاوەدان كردنەوەو زیادكردنی خەرجی لەرێی زیادكردنی موچەو هەق دەستو موچەی یارمەتی، دەست بەكار بوو. جگە لەوە لایەنگریی لەسیاسەتی پشتگیری كاڵا خۆماڵیەكانیش دەكرد.

بەڵام سنۆدن وەزیری دارایی، كە لەو كاتەدا بەتەواوی باوەڕی بە بنەماكانی كوبدن لە ئابوریدا هەبوو، نەك هەرتەنیا لەدژی ئەو هەنگاوانە وەستایەوە بەڵكو زۆری نەخایاند كە پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی چەند قانونێكی پشتگیریی دوای ساڵی ١٩١٨ی كرد، لەوانە قانونی پشتگیری لە بەرهەمی بۆیە[٤٣].

سنۆدن پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی كە بۆ زاڵ بوون بەسەر كێشە ئابوریەكاندا، پێویستە بازرگانی ئازاد ترو بودجە هاوسەنگ بێ. هەوڵەكانی بۆ دۆزینەوەی سیاسەتێكی تر بێئاكام مانەوە. ماسلی دەستی لەكار كێشایەوەو (كراسە سورەكەی كەوتە ژێر سێبەری كۆنەپەرستیەوە[٤٤]) و جی. ئێچ. تۆماس بوو بە وەزیری دۆمینیۆنەكان. دوای ئەم پێشهاتە مك دۆناڵد رایگەیاند كە خۆی دەچێتە ژێر باری روبەروبونەوەی بێكاریەوە كە لە ماوەیەكی كورتدا لە دوو ملیۆن كەسەوە گەیشتە ٢,٥ملیۆن كەس. لەو كاتەدا، و سەرەڕای سور بوون لەسەر پیادەكردنی سیاسەتی هەڵاوسان یا كەمكردنەوەی نرخەكان كە بۆچونێكی تەواو هەڵە بوو، و رەت كردنەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە متمانەی بازاڕەكانی بەدەوڵەت زیاد كردبوو، پاوەندی خستە ژێر گوشارێكی قورسەوە.

---

41 Sir Oswald mosleg
42 Georq Lansburq

٤٣ تاكە قانونێك كەپشتگیری لەبەرهەم هێنانی بۆیە دەكرد لەبەرامبەر هاوردەی بۆیەی ئەڵمانیدا و كێ بڕكێیەكی توندی لەگەڵ دەكرد ـ و .
٤٤ مەبەست لەوەیە كە كۆنەئابوریناسەكان سەركەوتن ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

حكومەتی كرێكاران ١٩٢٩ ـ ١٩٣١، گیرۆدەی قەیران بوبوو. قەیرانێك كە تیایدا دەوڵەت (سەدان جار،) مردو زیندو بۆوە. بەكاریگەریی ئەو قەیرانە بوو كە لەوە بەدواوە گرنگیەكی ئەوتۆ نەدرا بە كارەكانی دەوڵەت لەسەرجەم بوارەكانداو بەتایبەت لەجێبەجێ كردنی ئەو پێشنیارە چاكانەدا كە لە پەیڕەوو پرۆگرامی (حزبی كرێكارو گەل)دا هاتووە[٤٥].

چەند پێشنیارێك خرایە روو، بە تایبەت بۆ خستنە گەڕی بەرنامەیەكی بەرفراوانی دروست كردنی رێگەوبان بە مەبەستی دۆزینەوەی دەرفەتی كاری زیاتر، بەڵام مشتو مڕی ئەوە سەری هەڵدا كە ئەم هەنگاوە تا چ رادەیەك كرێكارانی بێكار بەلای خۆیدا رادەكێشێ، و ئەو ترسە روولەزیادبووەی كە زیادبوونی خەرجیەكانی حكومەت تاچ رادەیەك متمانەی ولاتانی تر بەپاوەند لەق دەكا. ئەو هەوڵە گەورەیەی درا بۆ دانانی تاریفەی گومرگی لەسەر هاوردە كشتوكاڵیەكان لەلایەن سنۆدنو لایەنگرانی بازرگانیی ئازادەوە دژایەتییەكی توند كرا، و ئەم بەرنامەیە بەتەواوی خرایە لاوە. پاشان پەنابرا بۆ رێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكان، بۆبەرگرتن لە زیاد كردنی تاریفە گومرگیەكان، لەبەر ئەوەی رۆژ بەرۆژ ولاتانی زیاتر پەنایان دەبردە بەر سیاسەتی زیادكردنی تاریفەو پشت بەخۆبەستن.

گرنگیدان بەو كێشانەی زادەی ئەو قەیرانە ئابوریە بوون بەجۆرێك كاتی مك دۆناڵدیان زەوت كردبوو كە بە پێچەوانەی كابینە كورتخایەنەكەی (١٩٢٤)ەوە، دەرفەتێكی ئەوتۆی بۆ نەمایەوە تا بۆچونەكانی خۆی سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوە بخاتە روو. لەساڵی ١٩٢٩دا، بەپێچەوانەی ساڵی (١٩٢٤)ەوە، بۆ خۆی وەزیری دەرەوەش نەبوو.

---

٤٥ هەندێك لەئابوریناسان لەو باوەڕەدان كە دەوڵەت بازرگانێكی باش نییە ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئارسەر هێندەرسن[46] كرابە وەزیری دەرەوەو لەماوەیەكی كورتدا لەسەر ئاستی حزبو لەسەر ئاستی گەورەتری ولاتیشدا بەهۆی بیرو بۆچوونە نێودەوڵەتیەكانیەوە سەبارەت بە پشتگیریكردن لەكۆمەڵەی نەتەوەكانو دەست پێشخەریەكانی لەبواری چەك داماڵیندا، ناوبانگێكی زۆری پەیداكردو كردیە پاڵەوان. بەداخەوە ئەو و مەك دۆناڵد رۆژ بەرۆژ لە یەكتری دوور دەكەوتنەوەو دوژمنایەتی لەنێوانیاندا دروست بوو. چەندین جار هێندەرسن گەیشتە ئەوەی دەست لەكار بكێشێتەوە.

چەند نیشانەیەك بەدی دەكرێ كە مەك دۆناڵد رۆژنامەكانی لەدژی وەزیری دەرەوەی خۆی هاندابێ.

مەك دۆناڵد سوربوو لەسەر ئەوەی بۆ خۆی سەرپەرشتیی پەیوەندیەكانی نێوان ئینگلتەرەو ئەمریكا بكاو دانوستانەكانی كۆنفرانسی دەریایی لەندەن ١٩٣٠ـ ١٩٣١ بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە.

دەستنیشانكردنی سنورێك بۆ جبەخانەی دەریایی هەردوولا، كە سەرەنجام لەسەری پێك هاتن، لەلایەن وەزیرانی پەیوەندیدارەوە لە كابینەكەی بالڎویندا وەك چەكێك لەدژی ئەوكەسانە بەكار هێنرا كە خوازیاری نوێكردنەوەی چەك بوون بۆ بەرپەچ دانەوەی بەرنامە دەریاییەكانی هیتلەر.

یەكێك لە گەورەترین دەست پێشخەریەكانی حكومەتەكەی مەك دۆناڵد بەرەوپێش چوونە لە بواری چاكسازیە قانونیەكانی سیستمی حوكمڕانیی هیندستاندا. بەرنامەی ناوبراو لەلایەن زۆرینەی موحافیزكارانەوە بە توندی رەت كرایەوەو وەك بینیمان بالڎوین لەناو حزبەكەیدا نەك هەر لەساڵانی ١٩٣٠ـ ١٩٣١دا، بەڵكو لە ((حكومەتی نەتەوەیی))شدا، كە دوابەدوای ئەو پێكهێنرا، چەندین كێشەی نایەوە.

سنۆدن بەشداریی لە خولێكی نوێی دانوستانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە قەرەبووكردنەوەدا كرد كە لە لاهای بەرێوە چوو، لەگەڵ هەردوو لایەنی ئەوروپیدا بەرەقی

[46] Arthur Henderson




مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەڵ سوكەوتی كردو سوكایەتیی پێكردن، و بێئەوەی بچوكترین ئیمتیازیان بداتێ وەك پاڵەوانێك گەڕایەوە بۆ ولات.

ئەو سەركەوتوانە ئەركەكەی خۆی بەجێهێناو ئێستاش هەر لەیادمە كە لەناوچەی هەڵبژاردنەكەی خۆی (كۆلن ڤالی[47])بە چ شێوەیەك پێشوازیی لێكرا وەك ((ئەو پیاوەی كە بەرپەچی نوێنەرانی هەموو ئەو ولاتانەی داوەتەوەو لەجێی خۆیاندا داینیشاندوون)).

ئێم. ژاسپەر[48] سكرتێری ماندوونەناسی كۆنفرانس كە بەلچیكی بوو هانای بۆ سەرجەم وەزیرانی دارایی بەشدار لەو كۆنفرانسەدا برد بۆ قەناعەت پێكردنی وەزیری دارایی سەرسەختو پۆلاینی بەریتانیا، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ ئیمتیازێكیان بداتێو دەیوت: ((تۆ سكرتێرێكی پلە یەكیت بەرێز ژاسپەر لەبەر ئەوەی لە كاری چاكە ماندوو نابی))، بەڵام ساڵێك بەسەر ئەو كەینوبەینەدا تێپەڕیبوو كە ئەوروپیەكان وتیان هەر ملیۆن پاوەندێك كە وەزیری دارایی سەرسەختانە بە زۆر لە هاوكارەكانی پچڕی لەو كۆنفرانسەدا، لەدانو ستانەكانی تایبەت بەپاوەندی ئیستەرلیندا كە كەوتنی حكومەتی كرێكارانی لێكەوتەوە ١٠ملیۆن پاوەندی خێركرد.

كەوتنی حكومەتی كرێكاران، رێبازی ئەسنۆدنیشی گۆڕیو لە ئەنجومەنی لۆردەكاندا بوو بە ئەندام كە پریستیژێكی زیاتر، بەڵام دەسەلاتێكی كەمتری هەبوو. راپۆرتی ٦٠ لاپەڕەییو دراماتیكی ماركواند سەبارەت بە قەیرانە داراییەكانی ساڵی ١٩٣١، كە حكومەتی كرێكارانی لەناو بردو حزبی كرێكارانی دوچاری ئینشیقاق كرد ،و حكومەتی ئیئتیلافیی نەتەوەیی هێنایە سەركار، تا رادەیەك لەگەڵ تراژیدیا كلاسیكیەكانی یۆناندا لەرووی چۆنایەتیەوە نەك لەروی رەهەندی كاتەوە قابیلی بەراوردە. ئەو راپۆرتە وەك شانۆییەك وابوو كە پێشبینیی پێشهاتەكانی ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٧٧ی دەكرد.

[47] Colnevalley
[48] M. Jaspar

مەکتەبی بیروهۆشیاری

زەوتكردنی متمانە لە ئیسترلینی، كاردانەوەی بازاڕەكان بەرامبەر بە هەنگاوەكانی حكومەت، وەهمی خەرجیەكانی حكومەت، سوربوونی هەڵسوڕێنەرانی بازاڕ لەسەر ئەوەی قوربانیەك بۆ كەمكردنەوەی خەرجیەكانی حكومەت بدۆزنەوە، ئەو قوربانیەش كۆمەكی حكومەت بوو بۆ نزیكەی سێ ملیۆن بێكار بە بڕی یەك پاوەند لەهەفتەیەكدا، هەموو ئەمانە نیشانەكانی بارودۆخی ئابوریی ساڵی ١٩٣١بوون كە لە دەیەی ١٩٧٠شدا هاوشێوەكەی بەدی كراوە.

كاتێك تراژیدیاكە بەرفراوانتر بوو، هەڵسوڕێنەرانی بازاڕ بۆ كوشتن هاتنە گۆڕێ، ئاشكرابوو كە ئەگەر بەقەد ئەو پارەیە لە هەندێك لە بەرنامەكانی تری حكومەتدا، پاشەكەوت بكرێ، هەر بەش ناكا، ئامانجی ئەوان وەك جاران (چەند)نەبوو، بەڵكو (چۆن)بوو، هەرچەندە تەنانەت ئەو ئامانجە (چەندایەتیانە) لەهەمان كاتدا (چۆنایەتیشن). ئەو بڕە پارەیەی لەبەرچاو گیرابوو ١٢,٥ملیۆن پاوەند بوو كە بە كەم كردنەوەی ١٠٪ی موچەی بێكاری، پاشەكەوت كرا و موچەی بێكاریی كرێكاران بۆ ١٨شیلینگ لەهەفتەدا دابەزی.

وەهمێكی تر درێژەدان بوو بە پێدانی ئاڵتون لەسەر بنەمای سیستمی بەرامبەری جێگیركراو لە ساڵی ١٩٢٥دا. كەمیی ئاڵتون بەشێوەیەك ترسناك بوو كاتێك داخوازیی كۆتایی لەسەركرا پاشەكەوتی ئاڵتونی بەریتانیا بەرەو نەمان دەچوو،و پشتیوانەی ئاڵتون بۆ پاوەند لەحاڵەتێكدا دەپارێزرا كە دراو لەماوەی چەند سەعاتێكدا لەبەردەستدا بوایە. هەرئەوەش بوو وایكرد كە حكومەتی كرێكاران بە ئیئتیلاف رازی بێ و لەماوەی چوار هەفتەدا وازی لەپشتیوانەی ئاڵتون هێنا، بەهای پاوەندی دابەزاند،و قانونێكی تێپەڕاند. بەگوێرەی ئەو قانونە بانق چیتر ناچار نەبوو پابەندبێ بەبەهای رەسمیەوە. قەیرانی نێودەوڵەتیی دراو زادەی شكستی بازاڕی بۆرسەی ئەمریكا بوو. لەمانگی مایسی ١٩٣١دا بانقی گەورەی كریدت ئانشتاڵت[49] ی (نەمسایی) مایە پوچ

[49] Kreditanstalt





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بوو. سەنگی دراویی ئەڵمانیا، كە لاواز ببوو، توانای ئەوەی نەبوو لەبەرانبەر بەرزبونەوەی لەناكاوی دراوی دەرەكیدا خۆی راگرێ.

وەزیری دارایی ئەڵمانیا، بروینینگ[50]، و وەزیری دەرەوە، سەردانی مك دۆناڵدیان كردو داوایان لێ كرد قەرەبوو كردنەوەكان هەڵپەسێرێ. هوور[51] سەرۆكی ئەمریكا دوای ئەوەی نامەكەی مك دۆناڵدی بەدەست گەیشت پێشنیاریكرد قەرەبوو كردنەوە بۆماوەی ساڵێك دوابخرێ.

پاریس ئەو پێشنیارەی رەت كردەوەو دوابەدوای ئەوە وتووێژی لەسەر كراو دووهەفتەی خایاند. لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا پاشەكەوتی دراوی ئەڵمانیا كەمی كردو لە ١٣ی كانونی دووەمدا پێدانی نەقدینە راگیرا. مك دۆناڵدیان ئاگادار كردەوە لەوەی ئەم تەنگەژەیە دامێنی بەریتانیاش دەگرێتەوە. زۆری نەخایاند كە لە١٥ی كانونی دووەمدا بانقی ئینگلتەرە زیانی قورسی لێكەوت كە هاوشێوەكەی لەساڵی ١٩٥٠، ١٩٦٠، ١٩٧٠دا بەدی كراوە.

لەسەرەتای ئابدا چواریەكی پاشەكەوتی بانقی (ئینگلتەرە) رەوانەی دەرەوە كرا، و زنجیرەیەك راوێژی خێرا لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا بەئەنجام گەیشت: مك دۆناڵدو هیندرسن سەردانی بەرلینیان كرد. هێندرسن بەرەو پاریس بەرێ كەوت (داوا لە سەرۆك وەزیران كرا كە رێگەبدا لە كاتی بەشداریكردن لەپێشبڕكێی یاریی (گۆڵف)دا وێنەی بگیرێ). ئەمریكیەكان پێشنیاریان كرد كۆنفرانسێك لە لەندەن گرێ بدرێ كە ئامانجی ئەسڵیی ئازادكردنی ئەڵمانیەكان بوو لە زیندانەكانی فەرەنسا بەرەفتی كەفیل. كارەكان بەكاریگەریی زیادبوونی ناكۆكیەكانی نێوان مك دۆناڵدو هیندرسن، بەباشی بەرێوە نەچوو. هێندرسن لە پاریس بەدەستەكەی خۆی یاریی دەكرد. چەند پێشنیارێكی بێ ناوەرۆكی خستە روو، بە مك دۆناڵدی وت كە فەرەنسیەكان ئەو پێشنیارەیان خستۆتە روو.

[50] Bruning
[51] Hoover

فەرەنسیەكان پێیان ناخۆش نەبوو چەقینی ئەڵمانیەكان لەناو قوردا ببینن. ئامادەكاریی بۆ ئەنجامدانی كۆنفرانسێك لە ٢١ی كانونی دووەمدا كرا، بەڵام فەرەنسیەكان رازی نەبوون بەشداریی تێدابكەن،و ئەو مەرجەیان دانا كە سەرەتا ئەڵمانەكان رەزامەندی دەربڕن لەسەر ئەوەی لە پاریس بێنە خزمەتی فەرەنسیەكان.

ئەو داوایەیان پەسەند كرا، بەڵام بە ئەڵمانیەكان وترا كە وەرگرتنی قەرز لە فەرەنسا بەچەند پابەندییەكی سیاسیەوە پەیوەستە،و دەبێ ئەڵمانیەكان مەرجەكانی رێكەوتننامەی ئاشتی تا ١٠ساڵی تر واتا تاساڵی ١٩٤١، قبوڵ بكەن و پەیڕەوی لێبەكەن.

كۆنفرانسی لەندەن بۆ مك دۆناڵد بەشكست شكایەوە. بەریتانیا پارەی نەبوو بە قەرز بیدا بە ئەڵمانیاو مك دۆناڵد نەیتوانی قەناعەت بە فەرەنسیەكان بكا لەبەرامبەر ئەو قەرزەدا مەرجی سیاسی دانەنێ.

لە یاداشتنامەكەیدا نووسیویەتی كە فەرەنسا بەرپرسیارە لەشكست خواردنی پێشنیارەكەی هور: ((چەندە بڵێین فەرەنسا دوژمنی راستەقینەیە كەمان گوتوە، ئێمە دەبێ بۆ روبەڕوبونەوەی (ئەم دوژمنە) تەنانەت گرەو لەسەر شەرەفی خۆشمان بكەین))

یەكەمین ئاكامی شكست خواردنی كۆنفرانسەكەی لەندەن وەشاندنی گورزێكی تر بوو لە پاوەند. وەك ماركواند دەڵێ: ((ئەو قەیرانەی كەسەرەتا بە نەقدینە دەستی پێكرد، بەرەبەرە بوو بە قەیرانی متمانە (یا كەم بوونەوەی متمانە بەپاوەند.) نرخی دراو لەبانقدا بەرز بۆوە ((لەدەیەی ١٩٦٠دا زانیمان كە هەنگاوێكی لەو جۆرە لەبری ئەوەی باری ئابوری رابگرێ زیاتر لەوەی خۆمان چاوەڕوانی دەكەین دەمان ترسێنێ.)

سەڕافەكان شاڵاویان بۆ پاوەندی ئیستەرلینی برد: ئەوانە نەیاندەتوانی پارەكانی خۆیان لە بانقەكانی ئەڵمانیا بهێننە دەرەوە لەبەر ئەوەی پارە لەو بانقانەدا بلۆك كرابوو. لیژنەی مانگی مایس كە بیروبۆچونی شارەزایانی ناوچەی دراویی لەندەن تیایدا باڵادەست بوو لەراپۆرتەكەی خۆیدا داوای كرد هەنگاو بنرێ بۆ دانانی سنورێك بۆ





كەمهێنانی بودجە كە زادەی پێدانی موچەی بێكاری بوو لەكاتێكدا كە بێكاری گەیشتبووە لوتكە. ئەندامانی باڵی چەپی لیژنەی راوێژكاریی ئابوریی مك دۆناڵد لەوانە كینزو كول پێشنیاری ئەوەیان بۆ سەرۆك وەزیر كرد كە گوێ بە راپۆرتەكەی لیژنەی مانگی مایس نەداو رەتی بكاتەوە.

لە دەمێكدا كە دیفلاسیۆن (كەم كردنەوەی نرخەكان) بێ پێشینە بوو، بانقداران و پسپۆڕانی ئابوری نیگەرانی مەترسیی هەڵاوسان بوون.

لە شەشی ئابدا سەرۆكی بانقەكانی قەرەبوكردنەوەی لەندەن نارەزایی نامەیەكی بڵاوكردەوە و تیایدا داوای لە مك دۆناڵد كرد جارێكی تر متمانە بۆ پاوەند بگەڕێنێتەوە. بانقی ئینگلتەرە ٦٠ملیۆن لیرەی تری لەدەست داو تەنیا پشتی بە پاشەكەوتێكی نەقدینەی كەم قایم بوو، و چاوی هیوای بڕیبووە نەقدینەی فەرەنساو ئەمریكا. مك دۆناڵد بەرەسمی پێشنیارەكەی كینزی رەت كردەوە.

ئەوەی بەریتانیا رووبەرووی بوبۆوە گورزێكی كلاسیكی بوو لە پاوەندو مك دۆناڵد تواناو ئەزمونی ئەوەی نەبوو بچێتە ژێرباری ئەو پێشنیارە كارەساتبارانەوە. لە هەل و مەرجێكی ئاوادا گوشارەكان بەراستی گەورەو تاقەت پڕوكێنن.

لەكاتێكدا لیژنەی مانگی مایس كەمهێنانی بودجەی بە ١٢٠ملیۆن پاوەند مەزەندە كردبوو، سنۆدن بە لیژنەی ((ئابوری))ی كابینەی وت كە دوایین ژمارەكان پیشانی دەدەن كەمهێنانی بودجە دەگاتە ١٧ملیۆن پاوەند. لەلایەكی ترەوە سەرۆك وەزیر بە رۆژنامەكانی راگەیاند كە ئەندامانی حكومەت لە بڕیاردانەدا بۆ پاراستنی هاوسەنگیی بودجە (هاوبیر)ن.

بەڵام بەو شێوەیە نەبوو، ناكۆكیەكان روو لە زیادبوون بوو.

هەندێك كەس پێشنیاری ئەوەیان دەكرد كە لەبری كەمكردنەوەی خەرجی، باج زیاد بكرێ. سنۆدن لە ١٧ئابدا داوایكرد باج بە بڕی ٩٠ ملیۆن پاوەند زیاد بكرێ و خەرجیش بە بڕی ٩٩ملیۆن پاوەند كەم بكرێتەوە، كە ٦٧ملیۆنی كەمكردنەوەی بیمەی كاتی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بێكاری دەبوو، و موچەی كاتی بێكاریی بە ڕێژەی ٢٠٪ كەم دەكردەوە. هەروەها داوای لەوكەسانە كرد كە سەرقاڵی كاركردنن، لەگەڵ خاوەن كارەكانیاندا، یارمەتی خۆیان بۆ سندوقی دەوڵەت زیاتر بكەن.

بەكاریگەریی پێشنیارەكانی سنۆدن ماوەی دە ڕۆژ مشتومڕ لەناو كابینەدا بەردەوام بوو و دەركەوت كە ئەندامەكانی تاچ ڕادەیەك لەناو یەكدا ناكۆكن.

كابینە زنجیرەیەك كۆبونەوەی یەك لەدوای یەكی بەئەنجام گەیاندو هەرزوو ئاشكرا بوو كە زۆرینە لەدژی مك دۆناڵدو ئەنسودنن، و زۆرینە لایەنگری هێندرسنە. سنۆدن تێگەیشت كە دەرفەتێكی ئەوتۆی لەبەردەمدا نەماوە. ئەو دەیزانیو ئەوانیش دەیانزانی كە ئەگەر دەست لەكاركێشانەوەكەی بەر لە چەند هەفتەیەك بوایە بەو ڕادەیە كابینە بێ متمانە نەدەبوو.

سەرۆك وەزیرو سنۆدن لەگەڵ ڕابەرانی باڵی نەیار كۆبونەوەو لە وردەكاریی بارودۆخەكە ئاگاداریان كردن. هاوكات هێندرسن سەرگەرمی ڕاگۆڕینەوە بوو لەگەڵ لیژنەی ڕاوێژكاریی حزبی كرێكارانی پارلەمانیدا. دەبوایە خودی مك دۆناڵد ئەو كارەی ئەنجام بدایە نەك ڕێگەبدا هاوكارێكی خۆی كە سەرقاڵی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی كابینە بوو.

ئەو لەگەڵ كۆنگرەی سەندیكا كرێكاریەكان (توك **TUC**) دا كۆبۆوە. سیتراین[52] كە هەمیشە كەسێكی بەدەسەڵات بوو ((دوای ١٥ساڵ بە توندی فەرمانی بە وەزیرەكانی ئەتلی دەدا كە چی بكەنو چی نەكەن))، و بە مك دۆنالدی وت كە توك (كۆنگرە) ((ناچێتە ژێر ئەو بارە قورسەوە كە بڕیارە بخرێتە سەرشانی كرێكارانی بێكار.)) تەنیا هەر ئەو نەبوو، بەڵكو دەمڕاستێكی تریش هەبوو كە سەرپەرشتیاری دەستەو تاقمەكەی[53] شا چارلز بوو.

52 Citrine

٥٣ هەمان ئەو ڕژێمە كۆنەی كە لەلاپەڕەكانی پێشودا ئاماژەی پێكرا ـ و .





(بوین) كە لە دەم پیسیدا هیچ كەس شانی لەشانی نەدەدا پشتگیریی لەسیتراین كرد. ئەو ورياكردنەوەیە بۆ مك دۆناڵد پێویست بوو. ئەو لەلایەكەوە (توك) گورزی لێ وەشاندبوو، لەلایەكی ترەوە ناوچەی دراویی لەندەن (سیتی)،و هەروەها زۆرینەی كابینە كە لە لایەن حزبی كرێكارانی پارلەمانیەوە پشتگیری لێدەكرا، و سنۆدنو ئەندامە نەیارەكانی تری كابینە، و حزبی موحافیزكار كە باسی لەبزوتنەوەیەكی نەتەوەیی دەكرد، بەڵام لەراستیدا مەرامی سیاسیی لەپشتەوە بوو.

لەو كاتەدا حزبی توری پشتیوانیی خۆی بۆ كەمكردنەوەی موچەی بێكاری ڕاگەیاندو كاتێك لەقەیرانێكی ئابوریدا، باڵێكی موحافیزكاری نەیار هەڵوێستێكی ئاوا وەردەگرێ، بازاڕەكان دەست بەجێ كاردانەوەیان دەبێ. بەو پێیە جیهان وێنەی بەریتانیای وەك ئاوێتەیەك لە بێ سەرەوبەرەیی، دوودڵی، دواكەوتن، ململانێی سیاسیی ناوخۆ، و كابینەیەكی لەبەریەك هەڵوەشاوو گیرۆدەی ناكۆكی بینی، ئەم وێنەیەش كۆپیی ئەسڵیی واقیعەكە بوو .

پاوەند كەوتە ژێر گورزێكی ترەوەو بانقداران گوشارەكانی خۆیان زیاتر كرد.

بەو شێوەیە هەر مەسەلەی كات لەكایەدا بوو، بەڵام جموجۆڵەكانی دراو كاتیشی خستبووە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە. ڕوونو ئاشكرا بوو كە دەبوایە لەنێوان كەم كردنەوەی موچەی بێكاریو كەوتنی حكومەتو ڕەنگە دابەزینی بەهای پاوەندیش یەكێكیان هەڵبژێردرێ.

مك دۆناڵد ڕاشكاوانە بڕیاری دابوو كە پشت بە پشتیوانەی ئاڵتون ببەستێ و لەو ڕێیەوە نرخی پاوەند دابەزێنێ.

پێویستە گەر بكرێ توك دەرس دابدرێو گەر یاخی بونیش كرا پێویستە روبەڕوی بوەستنەوە. سەرەنجام جەنگ هەڵبژێردرا. مك دۆناڵد بەو كابینە لەبەریەك هەڵوەشاوەیەوە ناچار بوو بچێتە ژێرباری داخوازیە سەختو دژوارەكانی سێر ئێرنست هارڤی[54] جێگری

54 Sir Ernest Harvey

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕێوەبەری گشتیی بانق ((لەبەر ئەوەی مۆنتاگیۆ نۆرمان[55] نەخۆش بوو)) و داخوازیی ئەو هاوكارانەی كە ئەركی تەیاركردنی كۆمەكو یارمەتیەكانی ئەمریكایان بۆ بەریتانیا پێ سپێردرابوو.

دەلاڵی سەڕافە گەورەكان دەست بەكار بوون. هەرتەنیا سەڕافە گەورەكانی شەقامی ترەیدنیدل (لەندەن) نا بەڵكو خودی ئەمریكیەكانیش دەستیان لەو كارەدا هەبوو.

دەوڵەت لە دوایین ساتەكانی تەمەنی خۆیدابوو و دەمانچەكە ئاراستەی دڵی كرابوو. نارەزاییەكی وادەئاسا ئاڕاستەی داوینگ ستریت كرا. نارەزاییەكە لەلای بانقی (فیدراڵ ریزێرڤ[56])ەوە هاتبوو. پێشنیار سەبارەت بە قەرزێكی دەوڵەتی لەم هەلو مەرجەدا قابیلی جێبەجێكردن نەبوو: تێكرای ئەو بڕە پارەیەی كە دەوڵەت دەیتوانی كۆی بكاتەوە قەرزێكی كورت خایەن بوو لەنێوان ١٠٠ملیۆنو ١٦٠ملیۆن پاوەندا. كە ئەوەش مسۆگەر نەبوو مەگەر بۆ رۆژی دوایی: ئەوەش پەیوەست بوو بەوەی كە فەرەنسیەكان نەقدینەیەكی هاوشێوە پێشنیار بكەن. هەرچەندە ئەمە پەیامێكی راستەوخۆی بانقدارێكی فیدرالیی ئەمریكا بوو بۆ سەرۆك وەزیر، بەڵام بە شێوازێكی پەلاماردەرانە گوشارەكانی سەر دەوڵەتی زیاتر دەكرد. ئەوە بەس نەبوو كە دەوڵەت پێشنیارەكانی خۆی سەبارەت بە خەرجی ئاشكرا بكا. مك دۆناڵد ناچاربوو زەمانەتی ئەوەبكا كەپێشنیارەكانی دەوڵەت لەلایەن بانقی ئینگلتەرە و (سیتی) یەوە پشتگیریی تەواوی لێ دەكرێ، لەبەر ئەوەی كۆمەكی ئێف. ئار. بی (بانقی فیدراڵی ریزێرڤ) پەیوەست بوو بە كاردانەوەی خەڵكی بەرامبەر بەو رێو شوێنانەی كە دەوڵەت پیادەی دەكردن. جێی ئاماژە پێكردنە كە دوابەدوای شكستی فەرەنسا، هیتلەر سەرەرای هەڵپەكانی لە فەرمانگەی هێڵی ئاسن (**Compiegne**)دا دوای ئیمزاكردنی بەڵێننامەی

55 Montague Norman

٥٦ Federal Reserve Bank بانقێكی ئەمریكیە و .




مەکتەبی بیروهۆشیاری

خۆبەدەستەوەدان، زیاتر دوژمنە شكست خواردوەكەی بەلاوە گرنگ بوو تا بانقی فیدرال ریزێرڤ و هەڵوێستی بەرامبەر دەوڵەتی بەریتانیا.

من دەستەواژەیەكی ((بانقدار لەناكاو هەڵپەی كرد)) كە چەپ ڕەوەكان دوای ساڵی ١٩٣١بەكاریان دەهێنا بە زێدەڕۆیی دەزانم.

هەرسین، لە ئێف. ئار. بی. ئەوپەڕی هەوڵی دا تا پشتیوانە دابین بكا. ئەویش پشتیوانیەكی كورت خایەنی مەرجداری ٣٠تا ٤٠ ملیۆن پاوەندی. مك دۆناڵد بڕیاری خۆی داو رێگەی دا ئەو هاوكارانەی ناو كابینە كە لەگەڵیدا بوون بمێننەوە، تا حسابیان بۆبكرێ.

ئەو دەیزانی كە ئەگەر لەسەر ئەوە جەنگێك بەرپا بكا تەنیا لەسەر بنەمای ئەوە دەبێ كە دەوڵەتێك گرنگی زیاتر بە ئەندامێتی لەكۆمەڵگەی دراویی نێودەوڵەتی دەدا تا بە هێڵە حزبیەكانی. دەبوایە لەماوەی چەند سەعاتێكدا بڕیاری خۆی بدا. پاشەكەوتەكان زۆر كەم بوون. تەنانەت پشتیوانەی نەقدینەش لە دۆخێكی نادیاردا بوو. ئەوەی كە جێی دوودڵی نەبوو هەلومەرجی وردو رونوئاشكرای بودجەی موچەی بێكاری بوو كە بە یەكێك لەرێگەكانی پەیداكردنی پشتیوانە لەقەڵەم دەدرا، ئەوە ئەگەر پشتیوانە هەر هەشبوایە.

ئاكامی حەتمی بۆ كەسێكی وەك مك دۆناڵد، پێكهێنانی حكومەتی ئیئتیلافی بوو. تەنیا دوودڵیەك ئەوەبوو كە داخۆ سەركردەیەكی حزبی كرێكاران سەرپەرشتیی حكومەتێكی لەوجۆرە دەكا یا سەركردەیەكی موحافیزكار.

مك دۆناڵد بە تەواوی نەیدەزانی كە چەند كەس لە ئەندامانی كابینەكەی لایەنگریی لێ دەكەن: هەرچەندە ئاشكرابوو كە ژمارەیان كەم دەبێ. ئەگەر ئەوەشی نەكردایە سەرەرای دەست لەكار كێشانەوەكانیان ئەو هەر دەیتوانی درێژە بە كابینەی حزبی كرێكاران بدا. هەروەها نەیدەزانی چەند كەس لە نوێنەرانی پارلەمان پشتگیریی لێ دەكەن. مەسەلەكە لەدەستی پاشادا بوو، لەبەرئەوەی پاشا لە سەرەتادا بیری لەوە

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەكردەوە كە داوا لە باڵدوین بكا حكومەتی نوێ بگرێتە دەستو باڵدوین لەكاتی گەڕانەوەیدا لە سەفەر وایدەزانی كە ئەركی پێكهێنانی حكومەت بەو دەسپێردرێ.

بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە كە پاشا بە لەبەرچاوگرتنی كاردانەوەكانی كەرتی پیشەسازی بڕیاری دابێ مك دۆناڵد بۆ ئەومەبەستە راسپێرێو باڵدوینو هاوكارەكانیشی رازی بوون كە لەژێر دەستی ئەودا خزمەت بكەن.

مك دۆناڵد لە یەكەمین هەڵسەنگاندنی سیاسییدا دوچاری هەڵەبوو.

ئەو لەو باوەڕەدابوو هەركاتێك كابینەی كرێكاران پەی بە كێشەكان بەرێ پشتگیریی لێ دەكەن. پێشبینیی نەدەكرد كە زۆرینە ئەو مەرجانە رەت كەنەوە كە ئەوو سنۆدن بە پێویستیان دەزانی. تا سەرەنجام لە دوایین ساتەكانی ئەو رۆژەدا پەی بەو راستیە برد.

كاتێك بێ ئومێد بوو ویستی (جگە لەوە چارەی تری نەبوو) حكومەتێكی ئیئتیلافی كورت خایەن پێك بهێنێو لەو رێیەوە ئەو مەرجە دژوارانە بسەپێنێ، تا لە دەرفەتێكی رەخساودا جارێكی تر حكومەتێكی حزبیی ئاسایی (لەحزبی كرێكاران) پێك بهێنێ.

ئەم حیسابەشی هەر واقیعبینانە نەبوو، هەرچەندە هێندرسن تا رادەیەك دڵی لەرزی، بەڵام نەیتوانی لەدژی ئەو مەرجانە دەست لەكاربكێشێتەوەو رێگە بدات مك دۆناڵد ئەو كارە چەپەڵە بكاو بەتەنیا بچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتیەوە. تا رادەیەكی زۆر ئەو راستیە ساغ بۆتەوە كە كاتێك حكومەتی (نەتەوەیی) پێك هێنرا مك دۆناڵد چاوەڕێی نەدەكرد لە هەڵبژاردنی گشتیدا دژی حزبە كۆنەكەی خۆی ململانێ بكا. تەنانەت دوای ئینشیقاقیش هەر بەوشێوەیە بیری دەكردەوە، بەڵام گوشارەكان زۆر قورس بوون: پاوەند هێشتا لاواز بوو و بارودۆخی سیاسیش مەترسیدار بوو.

رەنگە كاردانەوەی توندی هاوكارەكانیشی، نەعرەتەی ((ئەی ناپاك))ی حزبی كرێكاران لە سەرانسەری وڵاتدا ،و ئەوەی كە ناوچەی هەڵبژاردنەكەشی وەك دیكتاتۆرێك توانجی تێدەگرتو رەخنەی لێدەگرت، وایلێكردبێ كە ددان جیڕكاتەوە.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پێكهێنانی حكومەتی ((نەتەوەیی) تەكانێكی كورت خایەنی بەجموجۆڵە دراویەكان دا هەرچەندە كە بارودۆخی ئابوری چەندین مانگ لە لوتكەی لاوازیدا مایەوە. بە سەرنجدان لە راستیە حاشا هەڵنەگرەكان دەبینین كە حكومەتێكی موحافیزكار لەسەر ئاستی دەرەوە زیاتر جێی متمانەیە، جا هەر ژمارەیەك پێویست بێ بۆ راگرتنی ئەو هاوسەنگیە.

٢٠ساڵ لەمەوبەر نوسەری ئەم كتێبە بەجێگری ئەوكاتەی بەڕێوبەری گشتیی بانقی ئینگلتەرەی راگەیاند كە موحافیزكاران لەجموجۆڵەكانی دراو لەسەرئاستی جیهان متمانەی تا ٣٠٠ملیۆن دۆلار زیاتریشیان بە حكومەتێكی كرێكاران هەیە، كە لەرووی بارودۆخی هەناردەو هاوردەدا لەگەڵ حكومەتێكی موحافیزكاردا لە هەمان ئاستدا بن.

بەپێچەوانەشەوە كاتێك هەڵاوسانێكی ناوخۆیی سەرهەڵبدا حكومەتێكی كرێكاران بە كاریگەریی هاوكاریكردنی سەندیكا كرێكاریەكان ئیمتیازێكی هاوشێوەی دەبێ. ئەمە راستیەكە بەدرێژایی چەندین ساڵی یەك لەدوای یەك جێگیر بووە.

مك دۆناڵد وەك سەرۆك وەزیرێكی كرێكاران دەبوایە سوكایەتیی پارەبەخشەكان قبوڵ بكاو وەك سەرۆك حكومەتێك كە زۆرینەی ئەندامەكانی موحافیزكار بوون، دەیتوانیو (ئەوەش سەلێنراوە) كە تەنانەت بە لادان لەستاندەردی ئاڵتونیش خۆی لە دەردەسەری رزگار بكا. ئەو حكومەتەی هاتە سەركار نەیدەتوانی سروشتی موحافیزكارانەی خۆی بشارێتەوە. سانكی[57]، جۆویت[58]، ئەیچسن[59]،و لۆرد ئەدڤۆكەیتی سكۆتلاندی[60]، ئەمانە ئەندامانی بەرجەستەی كابینە بوون. چواردە نوێنەری پارلەمان دەستەی ((كرێكارانی میللی)) یان لەناو دەوڵەتدا پێكهێنا: لیبراڵەكان بە بوونی سیمۆیل، سایمۆن، سینكلەر[60] و ئیساك فۆت[62] لەرووی چۆنایەتیەوە بەهێزتر بوون، مك

---

[57] SanKeg
[58] Jowitt
[59] Aitchison
[60] Lord Advocate
[61] Sinclair

مەکتەبی بیروهۆشیاری

دۆناڵدیش كە لە راستیدا وەك زیندانیەك وابوو،دڵی خۆی بەوە خۆش دەكرد كە ئەم پێكهاتەیە كاتییەو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هێڵی راستەقینەی حزبی دەبێتە تەوەری ململانێ.

داستانی مك دۆناڵدی ناپاك لەكەرتی پیشەسازیو كانەكاندا بڵاوبۆوە. ئەم داستانە تارۆژگاری ئەمڕۆش بڕەدەكاو وەك تۆمەتێكی كاریگەر دەدرێتە پاڵ هەر نوێنەرێكی حزبی كرێكاران، كە گومانی ئەوەی لێ بكرێ لەگەڵ دوژمندا سازش بكا. ئەو گورزی بەیاننامەیەكی خوارد كە ناوچەی هەڵبژاردنەكەی خۆی (سی هام[٦٣]) لەدژی دەری كردبوو. تەنانەت (مالكۆلم[٦٤])ی. كوڕیشی، كە یەكێك بوو لەدوو سەرۆكە گەورەكەی كۆمۆنوێڵس لەدوای جەنگ (فەرماندەكەی تریان لۆرد كریدن[٦٥] كوڕی ئیساك بوو) لە ئاهەنگی سەدەمین سالڕۆژی لەدایكبوونی باوكیدا كە خێزانەكەی رێكی خستبوو، لێم نزیك بۆوەو بەبێ متمانەییو شەرمێكی زۆرەوە داوای لێكردم كە ئەگەر دەكرێ بەو بۆنەیەوە وتەیەك پێش كەش بكەمو راشكاوانە دڵنیای كردمەوە كە ئەگەر لەوتەیەكدا ئاماژەش بە ساڵی ١٩٣١و ساڵانی دوایش بداو لایەنی مەحكوم كردنی بۆ باوكی تێدابێ كێشە نیەو قابیلی درك كردنە.

ئەو نامانەی لەنێوان جیم میدلتن[٦٦] سكرتێری حزبی كرێكارانو مك دۆناڵد ئاڵوگۆڕكرابوون، لەو رێورەسمەدا خوێنرانەوە. نامەكان زیاتر خەمناك بوون تا تاڵ. دەقی ئەو نامانە لەكۆتایی ئەم بەشەدا دانراوە.

هەرچەندە باڵدوین لەو حكومەتە ئیئتیلافیەدا زۆر بەڕێزەوە رەفتاری كردو جگە لە سەرۆكایەتیكردنی كۆبونەوەكان رازی نەبوو هیچ پۆستێك وەرگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ كاتێك گومان لەوەدا نەبوو كەحكومەت حكومەتێكی موحافیزكارە. تەنیا لەمەسەلەی

[62] Isaac Foot
[63] Seaham
[64] Malcolm
[65] Lord Caradon
[66] Jim Middleton





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هیندستاندا هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ درا، رابەرایەتی موحافیزكار وەك ئیمتیازێكو وەك كۆمەكێك بە مك دۆناڵدو هاوكارەكانی روبەڕووی نوێنەرانی پارلەمانی توریەكان وەستایەوە.

حكومەتەكەی ئەو لەلایەن پارلەمانەوە پشتگیریی تەواوی لێ دەكرا: هەر هەڵبژاردنێك كەدەكرا ئامانجێكی تاڵی لێدەكەوتەوەو بە نەمانی هاوكارە حزبیەكانی خۆی تەواو دەبوو. دوابەدوای داخوازیی بەئەنجام گەیشتنی هەڵبژاردن گلەییو گازندەی لەو زمانە كرد كە هاوكارە موحافیزكارەكانی پێی دەدوان. لەراستیدا رەقترین هێرش لەدژی حزبی كرێكاران لەلایەن فیلیپ سنۆدنەوە بوو كە بە زمانێكی ژەهراویەوە هاوكارەكانی پێشوی خۆی لەناو كابینەدا بەهەڵاتن لەكاتی تەنگانەدا تۆمەتبار دەكردو پێشبینیی ئەوەی كرد كە ئەگەر حزبی كرێكاران دەسەڵات بگرێتە دەست ((شۆڕشی سور))یش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. مك دۆناڵد كە لەو پێشهاتەدا ناوبانگی زڕابوو، لەسەر مەسەلەی بازرگانیی ئازاد دەستی لەكار كێشایەوە: لەكاتێكدا سروشتی راستەقینەی حكومەتی موحافیزكاری دوای ئەوهەموو خۆماندوكردنەی لەپێناویدا بۆ ئاشكرا بوو.

ئەنجامی هەڵبژاردنەكە گەورەترین سەركەوتن بوو لە مێژوودا. پاڵێوراوانی دەوڵەت ١٤,٥٠٠,٠٠٠دەنگیان بەدەست هێناو حزبی كرێكاران ٦,٦٠٠,٠٠٠: گروپی كرێكارانی میللیی مك دۆناڵد لەپارلەماندا ١٣ئەندام، موحافیزكاران ٤٧١ئەندام لیبراله لایەنگرەكانی سمیویل ٣٣ئەندام، لایەنگرانی سایمۆن ٣٥ئەندام، حزبی كرێكاران ٤٦ئەندام، حزبی سەربەخۆی كرێكاران كە تازە جیابۆوە ٦ئەندامو لیبرالەكانی لۆید جۆرج ٤ ئەندام.

وەزیرە بەرجەستەكانی كرێكاران جگە لە لینسبێری، ئەتلی و كریپس[٦٧] هەرهەموویان شكستیان خوارد. ساڵانی دوایی مك دۆناڵد وەك سەرۆك وەزیرێك كاری دەكردو (( بە گوتەی هەندێك كەس پۆزی لێدەداو خۆی وەك سەرۆك وەزیرێك پیشان

[67] Cripps

دەدا)). سەفەرێكی دوورودرێژی بۆ دەرەوەی وڵات كردو بۆ هەر جێیەك بچوایە وەك سەرۆك دەوڵەتێك پێشوازیی لێدەكرا: لەكاتێكدا كە لە ناوەوەی وڵاتدا هیچكات خۆی بە سەرۆكی دەوڵەت ناو نەدەبرد.

دوایین ساڵەكانی مك دۆناڵد، سەرەتای ساڵەكانی ئەو كەسانە بوو كە بەشایەدیی مێژوو گیرۆدەی ئافەتی كوللە بوبوون.

ئەم مەسەلەیە لە دوایین كابینەی كەسێكی ماندوی وەك باڵدوینو كابینەكەی نەڤیل چەمبەرلین میراتگری سەركەوتنەكەی ساڵی ١٩٣١ی موحافیزكاران روونتر بۆوە.

مك دۆناڵد پێی نابووە تەمەنی پیریەوەو تادەهات ماندوترو نەخۆشتر دەبوو و پەكی كەوتبوو. قسەكانی بێ سەرەوبەرەبوونو وشەكانی تەواو نەدەكرد.

مەزنترین رەوانبێژی شۆشیالیزم لە ئینگلتەرە، بەرلەوەی خودی مك دۆناڵد ماڵئاوایی بكا، مردبوو.

مك دۆناڵد لە تشرینی دووەمی ١٩٣٧دا، لە سەفەرێكی دەریاییدا كۆچی دوایی كرد. ئەو حزبەی كە هێنایە كایەوەو توانی لە ژیانی واقیعی بەریتانیادا ئاراستەی بكا، لەناو چوو. ئەگەر جەنگ بەرپا نەبوایە حزبی كرێكاران بەقەد تەمەنی نەوەیەك لە دەسەڵات دوور دەكەوتەوە.

لەراستیدا ٩ساڵ دوای ١٩٣١رابەری حزبی كرێكاران بوو بە جێگری سەرۆك وەزیرو دوو ساڵ لەو پلەیەدا مایەوە. ١٤ساڵ دوای ١٩٣١باڵادەستیی حزبی كرێكاران لەناو پارلەماندا گەیشتە ئاستێك كە تەنانەت بە سەركەوتنەكەی ساڵی (١٩٠٦)یش بەراورد نەدەكرا.ئەوەی كە ئەمڕۆكە حزبی كرێكاران دەتوانێ تەنانەت لەحاڵەتی كەمینەشدا، حزبی بەهێزی دەوڵەت بێ دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەكانی مك دۆناڵد.

ئەوەی كە ئەمڕۆكە حزبی كرێكاران وەك حزبێكی سروشتیی دەوڵەت دەناسرێو لەساڵی ١٩٤٥ەوە نزیكەی ١٦ساڵ دەزگای خەزێنەی لەبەردەستدابووە، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەكانی كلیمێنت ئەتلی.





**نامە گۆڕینەوەی نێوان جیم میدلتن سكرتێری حزبی كرێكارانو جەیمز رەمزی مك دۆناڵد سەرۆك وەزیر بە بۆنەی پێكهێنانی دەوڵەتەوە لەئابی ١٩٣١دا.**

(ج. ر. م. )ی ئازیز ٢٧ی ئابی ١٩٣١

چەندە لەم مەسەلەیە سەرسام بوومو تیاماوم بەجۆرێك كە ناتوانم نامەیەكی دورودرێژ بنوسم، هەست بە (تاریكیەكی گەورە)ش دەكەم. ئەوەی چەند هەفتەیەك بەر لەئێستا بۆم نوسیویت ئێستاش هەر درێژەی هەیە. سەبارەت بە بەهای ئەم بارودۆخە منیش وەك هەموو دۆستە سیاسیەكانی تۆ بە توندیو بەشێوەیەكی سروشتی هەست دەكەم كە دەمكوت نەكراوم. سەبارەت بە مەسەلەی تۆ دەبێ بڵێم هەموان بە ترسو پەژارەیەكی قوڵەوە لێی دەڕوانن. تۆ شانوشەوكەتی پاڵەوانێك دەخەیتە روو كە چارەنوس وایكردووە فەرماندەیی بكا.

خۆشحاڵم كەتۆ سەرەڕای هەموو ئەو نیگەرانیو بەدبەختیانەی ئەم چەند رۆژەی دوایی، بۆ پشوی كۆتایی هەفتە هاتویت بۆ لوسی ماوس.

ئەوە رۆژگارە ناخۆشەكانی ٢٠ساڵ بەر لە ئێستام دێنێتەوە یاد.

دڵنیام كە سەرچاوەی هەڵقوڵاوی تواناكانی تۆ لە پشت هەموو ئەو پێشهاتانەی ئێستاوەیە. هەمان ئەو توانایانەی بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە سەرچاوەی ئاسودەییو ئارامیو پاكی بوون.

ئەو توانایە لەنێو هەموو ئەو تەپو تۆزو غەڵبەغەڵبو هاتوهاوارەدا دەمێنێتەوەو بۆ هەندێكمان لە حەساری دەرەوەی پەرستگا، روحێك دەمێنێتەوە كە زۆر ئازیزو نازدارەو هەستی راستو دروستیی ئەو ئەركانەمان پێ دەبەخشێ كە رۆژانە ئەنجامی دەدەین.

دڵسۆزت

ج. ئێم

هیلاكس لوسی ماوس ٢٩ی ئابی ١٩٣١

مه كتەبی بیروهۆشیاری

**میدڵتنی ئازیز**

**نامەكەت خۆشحاڵی كردم، هەرچەندە كە بە شیكردنەوەی وردەكاریی پێشهاتەكان لە ئێستادا ناگەین بە ئاكام. من دەزانم كە كارێكی باشم بۆ وڵاتەكەم‌و حزبەكەم كردووەو ئەو پشتیوانیەی كە لەلایەن دۆستە دێرنەكانمەوە لە بزوتنەوەی سۆشیالستدا لێم دەكرێ گوڕوتینی پێبەخشیوم. هەركە كاروئەركی رۆژانەم تەواو كرد گرنگیی تەواو بە بۆچونی حزب دەدەم بێ ئەوەی هیچ دووبەرەكیەك لەناو ریزەكانی حزبدا بنێمەوە، یا ململانێ وكێشمەكێش بێنمە كایەوە. من بێزارم لەو ستایشەی كە لە ئێستادا لێم دەكرێ‌و هیچ نرخێكی بۆ دانانێم. ئەوەی لەم كاتەدا خەمبارم دەكا، ئەو زیانەیە كە زادەی كارە ناتەواوەكانمانە، بەڵام من سەخت تێدەكۆشم تا كارەكان بەئاكام بگەن. بە هەرحاڵ من حزبم رزگار كرد كە هێندەی نەمابوو لە ماوەی هەفتەیەكدا بە سوكایەتی‌و بە شەق لە دەسەڵات دەركرێ. خەڵكی تر لە كارە باشەكانی من سودمەند دەبن و لە سایەی فیداكاریەكانی مندا دەتوانن بەیاننامەی وەك بەیاننامەكەی دوێنێ دەربكەن و چاوەڕوان بن تا دەسەڵات دەگرنەوە دەست.**

**من دڵم پارەپارەیە لەوەی پشتیوانیی كەسانی وەك تۆ لە دەست دەدەم. جگە لەو كاتەی كە دەردەكرێم‌و لەو حاڵەتەدا هەستێكی باشم دەبێ.**

**پێ دەچێ سەرەنجام توانیبێتمان وڵات لە دەست قانونی (وادەی قانونی) قوتار بكەین: هەرچەندە كە هێشتا بەتەواوی یەكلایی نەبۆتەوە. كاتێك ئێمە لەو رێگەیە وورد دەبینەوە كە لە بەردەمماندایە ناچارین كە بەڕێ بكەوین و مەترسیی ئەوە هەیە كە رێگەكەمان لەوە درێژ تربێ كە بیرمان لێی كردۆتەوە. من ئەوكارەی كە دەستم داوەتێ تا كۆتایی لە گەڵیدا دەڕۆم‌و ناگەڕێمەوە.**

**تۆ باس لە ٢٠ساڵ لەمەوبەر دەكەی، ئەمرۆكە من بەقەد ئەو رۆژگارەی ئەوسا هەست بە گوشار و تەنیایی دەكەم. بەڵام ئێستاش وەك ئەوسا هەر پابەندم بە بنەماكانەوە و دەزانم چ شتێك پێویستە.**





مه كتەبی بیروهۆشیاری

**سەبارەت بە تۆ هیچ كات بەدەر لەوەی كەئێستا لەمێشكدایە بە مێشكدا نایەت،و سەرەتا رام بەرامبەر بە تۆ چۆن بووە ئێستاش بەهەمان شێوەیە،هەمان ئەو رۆژەی كە هاتیت بۆ لام تا پێكەوە كاربكەین.**

**باوەڕ بكە من هەمیشە لەبەرامبەر تۆدا بە دڵسۆزی دەمێنمەوە.**

**ج. رەمزی مك دۆناڵد**

**پەراوێزی نامە: ئێستا مالكۆڵم و ئیشبیل مایەی شادمانیی منن. هەردوكیان بە دەستپێشخەریی خۆیان هاتوون تا پشتگیریم لێبكەن. بڕیارە مالكۆڵم لەسەر پێشنیاری هاوكارەكانم كە شێوازی كارەكەی ئەویان بەدڵە، لەناو حكومەتدا هاوكاریم بكا.**

**ج.ر.م**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی نۆیەم






مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# نەڤیل چەمبەرلین



**نەڤیل چەمبەرلین لەپشت مێزی سەرۆکایەتییەوە**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لە هەر نوسینێكدا كە باسی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیایی تێدا كرابێ نەڤیل چەمبەرلین وەك كەسێكی سەیرو ناوازە، یا ناهاوئاهەنگ ترین كەسایەتیی ناو مێژوو، یا كەسێك كە چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەكرا ببێتە سەرۆك وەزیر، باسی لێكراوە، ئەوەش راستییەكە پەردەپۆش ناكرێ. ئەوەی كە ئەگەری سەرۆك وەزیر بوونی بە دوور زانراوە لەو روەوەیە كە تا تەمەنی ٥٠ساڵی نەبوو بە ئەندام پارلەمان هەرچەندە كە لە ماوەی چوارساڵدا دوای چونی بۆ پارلەمان كرا بە وەزیری دارایی.

لەكاتێكدا كە هیچ سەرۆك وەزیرێك لەسەردەمی نوێدا هێندە درەنگ نەچۆتە ناو پارلەمانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵانی گرنگی ١٩٣٧بەدواوە كە تیایدا بوو بە سەرۆك وەزیر، تا سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پشتگیری تەواوی لێ دەكرا:و بەرهەمێكی پارلەمانیی ساڵانی قەیراناوی ١٩٣٠بوو.

لەنێو هەرسێ چەمبەرلینەكەدا، واتە جۆزیفو هەرسێ كوڕەكەی ئۆستنو نەوێل، ئەگەری ئەوەی پاڵێوراوی داونینگ ستریت بێ، زۆر لاواز بوو. ئەگەر جۆزیف یاخی بوونی یەكێتیخوازە لیبراڵەكانی لە پای سیاسەتی ئایرلەندە، كە بە شكستی لائیحەی حكومەتی نەتەوەیی ئایرلەندە لەساڵی ١٨٨٦دا تەواوبوو، و ٣٠ساڵ لیبراڵەكانی لە دەسەڵات دوور خستەوە، ئاراستە نەكردایە، ئەگەری ئەوە هەبوو كە جێی گلادستۆن بگرێتەوە: و ئەگەر جارێكی تر لەسەر مەسەلەی پشتگیریكردن لە كاڵا خۆماڵیەكان، یەكێتی خوازەكانی لەبەریەك هەڵنەوەشاندایەتەوەو بەوكارەی رێی لەبەردەم سەركەوتنە گەورەكەی لیبراڵەكان لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٦دا هەموار نەكرایە، رەنگە پاڵێوراوی رابەرایەتیی موحافیزكاران بوایە.

ئۆستن لەساڵی ١٩٠٣دا، ١٥ساڵ بەر لەوەی نەویل بێتە ناو پارلەمانەوە، بوو بە وەزیری دارایی.

بە دوور نەدەزانرا كە وەك رابەری موحافیزكاران لە ساڵی ١٩١١دا بێتە جێنشینی بەلفۆر، بەڵام كورتی هێناو رێی لەبەردەم بۆنارلادا هەموار كرد، بەڵام( بێركهند)ی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

بەدگومان سەبارەت بەو دەڵێ: ((هەرجارێك ئۆستن چوبێتە ناو گەمەكەوە، شكستی خواردووە.))

رەنگە نەوێل خۆشی هەرگیز بەمێشكیدا نەهاتبێ كە بچێتە پارلەمانەوە: بەڵام هەڵسوكەوتی نابەجێی لۆید جۆرج لەگەڵیدا وەك بەرێوبەری گشتی خزمەتگوزاریە میللیەكان،و رەوا نەبینی هیچ پۆستێك پێی لە كابینەكەی دا ،و راسپاردنی چەند وەزیرێك بۆ داكۆكیكردن لە سیاسەتەكانی ، هەموو ئەمانە گوڕوتینیان پێ بەخشی كە بە هەر نرخێك بێ پێ بنێتە ناو پارلەمانەوە.

ئەو لە پلەی لۆردی سەرۆكی شارەوانیی پێرمینگهامدا كاتێكی خۆشی دەگوزەراند، تا ئەوكاتەی لۆید جۆرج هێنای بۆ وایت هۆڵ. لێرەدا چەمبەرلین گەورەترین پۆستی بەڕێوەبەرێتی شاری لە مێژووی حكومەتە ناوخۆیی یەكاندا پێ بڕا. لەوساڵانەدا كە لە حكومەتەكەی باڵدویندا وەك وەزیری كاروباری ژیانو گوزەران خزمەتی دەكرد سودێكی زۆری لەو پێشینەیەی خۆی وەرگرت.

دوای هاتنی بۆ پارلەمان لەساڵی ١٩١٨دا، كاتێك لۆید جۆرج لە دەسەڵاتدا بوو، ئومێدێكی ئەوتۆی بە وەزارەت نەبوو. لۆید جۆرج جارێكیان دەربارەی ئەو وتبوی:((لەساڵی گرانیەكەدا، سەرۆك شارەوانیەكی خراپ نەبووە.))لەگەڵ ئەوەشدا لە كابینەكەی باڵدویندا لە (١٩٢٤)ەوە تا (١٩٢٩) گرنگترین چاكسازیی لە بواری دابینكردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و حكومەتی ناوخۆدا كرد كە لەوسەدەیەدا بێ هاوتا بووە. لەحكومەتە نەتەوەییەكەی مك دۆناڵددا لە (١٩٣١)ەوە تا (١٩٣٥) لە كاروباری ئەو دەمەدا، نفوزی خۆی سەپاندو كاتێك باڵدوینی پیر لە ساڵی ١٩٣٥دا حكومەتی لە مك دۆناڵد وەرگرت، ئەو نفوزەی زیاتر پەرەی سەند.

وەك جێنشینی باڵدوین ركابەری نەبوو،و كاتێك حكومەتیشی گرتە دەست هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو كە بەتەواوی بەسەر كابینەكەیدا كە ئەندامەكانی زۆر ناسراونەبوون باڵادەست دەبێ. بەدرێژایی ساڵانی (رازی كردن) لەگەڵ ئەوەشدا كە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

كاری( ئیدن )ی وەزیری دەرەوەی دژوار كرد ،و لەگەڵ هەموو ئەو رەخنەیەی كە روبەڕوی كرایەوە، بەڵام هیچ كەسێك لەناو كابینەدا روبەروی نەوەستایەوە.

... چێرچیل یەك دوو جار وەك نوێنەری پارلەمان خۆی بۆ رانەگیراو نارەزایی دەربڕیو توریە لاوەكانی وەك مك میلان، بوسبی و هاوبیرەكانیشیان نارەزاییان دەربڕی: بەڵام چەمبەرلین دەسەڵاتی تەواوی بەسەر كابینەكەیدا دەشكا ولە هەموو مەسەلەكان بە ئاگا بوو. سەركەوتنی لە بیرمینگهام بەشێوەیەك بوو كە لە جێبەجی كردنی سیاسەتەكانیدا هیچ بەربەستێكی لەبەردەم خۆیدا نەدەبینی: لەبەرئەوەی ئەو سیاسەتانەی كە بەنیازبوو پیادەیان بكات، پێشكەوتوو و چارەساز بوون .

لەلایەكی ترەوە زۆربەی نوێنەرانی موحافیزكار لەو جۆرە بوون كە زۆر دەمەدەمیان لەگەڵدا نەدەكرد. یەكێك لە سەرۆك شارەوانیە ناسراوەكان بەناوی هێربێرت مۆریسنەوە كە لە حكومەتی ناوخۆدا لە چەمبەرلین ناسراوتر بوو، ئەزمونێكی زۆرتریشی لەپارلەماندا هەبوو، جارێكیان وتویەتی: ((دایكی پارلەمانەكان چاوەڕوانی ئەوە لە منداڵەكەی خۆی (حكومەت) دەكا كەباشترین سیاسەت بەرێوەبەرێ. بەرێوەبردنێك كە ئاستەكەی لە بەرێوەبردنی شارەوانی زۆر باڵاترە.)) تراژیدیای بەریتانیا بەتایبەت لەسەر ئاستێكی گەورەتری جیهاندا، ئەوەبوو كە لە ساڵانی قەیراناویی بەر لە جەنگدا، چەمبەرلین ئەركی وەلآمدانەوەی هیتلەری پێ سپێردرابوو.

ئەزمونی لە بەرێوەبردنی شارو كاروباری شارەوانیدا تواناكانی ئەوی لە بەرێوەبردنی ولآتێكدا نەدەخستە ژێر پرسیارەوە: بەڵام ئەو ئەزمونە گونجاو نەبوو بۆ بەرێوەبردنی گەورەترین روبەروبونەوەی ئینتەرناسیۆناڵی كە بەریتانیاو هاوپەیمانەكانی ناچاربوون شانی بدەنە بەر. مەسەلە بێتوانایی ئەو نیە. زۆركەس هەن بێ توانانو هیچیش لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، بەڵام ئەوەی جێی داخ،وحەسرەتە ئەوەیە كە ئەولەم پێشهاتانەدا گوێی لەكەس نەدەگرتو دڵنیابوو لەوەی كە راست بیردەكاتەوە. پیاوە مەزنەكان لەكاتی بڕیارداندا تێدەفكرنو یاخود لانی كەم راوێژ بەكەسێكی شارەزا دەكەن.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

هاوڕێی خۆشەویستو لایەنگری خۆی (سێر هاریس ویلسن [1])ی كرد بە راوێژكاری خۆی، بەڵام وەك پێویست شارەزا نەبوو و وەك وەزیری كار، تەنیا لە بواری ئاشتیو ناوبژیوانیو سیاسەتی دەست تێوەرنەداندا ئەزمونی هەبوو.

زۆر بەسوێیە كە ئەو دوو كەسە لەو رۆژگارەدا، لێهاتوییی خۆیان تەنیا لە پیاهەڵدانی یەكتریا بەكار هێنانەوەو ئاماژەیان بە تواناو لێوەشاوەیی یەكتری داوە، بەڵام هەر بەوەوە نەوەستاون و دەستیان كردوە بە هەڵگێڕانەوەی راستییەكان:و زۆر شتی گرنگیان لە كابینە شاردۆتەوە .

لەوەش زیاتر زۆر بە سانایی ئەو ئەندام پارلەمانانەی رەخنەیان لە كاری دەوڵەت دەگرت بە كەسانی نابەڵەدو نەزان ناو دەبرد: چێرچیل، ئێلیو هەندێك لە ئەندامانی باڵی نەیارو ژمارەیەكی روو لە زیادبوی ئەندامانی پارلەمان كە هەندێكیان پێشینەی خزمەتو ئەزمونی دیپلۆماسیان هەبوو، بە داهۆڵی سەرخەرمان یا كەسانێك كە دڵسۆزیان بۆ ولآتەكەیان جێی گومانە، ناودەبران.

رۆژنامەكان، دەیلی تەلەگرافو یۆركشایەر پۆست[2] نەبێ لە هەر قەیرانێكدا دەینایەوە، داكۆكیان لە چەمبەرلین دەكرد: نە ئەوانو نە دوایین نوێنەرانی خۆڕاگری حزبی موحافیزكاریش، رەخنەیان ئاراستەی بێتوانایی یەكە بەیەكەی ئەندامانی كابینەكەی چەمبەرلین نەكرد. بە بەراورد لەگەڵ تواناو لێهاتویی كابینەكەی ئاسكویسدا كە لەساڵی ١٩١٤ دا بەریتانیای راپێچی جەنگ لەگەڵ قەیسەری ئەڵمانیادا كرد، كابینەكەی چەمبەرلین تەنانەت لەگەل ئەنجومەنێكی شاری بیرمینگهامیشدا لە خراپترین رۆژگاری قاتو قڕیدا قابیلی بەراورد نییە.

چەمبەرلین میراتگری تیمێكی لاواز بوو هەرگۆڕانكاریەكیش لە حكومەتدا مەبەست لێی زیادكرنی لانی ناوەندی نوێنەرانی پارلەمانی ناو كابینە بوو.

[1] Sir Horace Wilson
[2] Yorkshire post

مەكتەبی بیرو هۆشیاری

لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتی حكومەتەكەی چەمبەرلین تا سێیەمی ئەیلولی ١٩٣٩و نۆ مانگ دوای ئەوەش، نوێنەرانی پارلەمانی ناو حكومەت گوشارێكی ئەوتۆیان نەخستە سەر حكومەت. نەرویژ لەدەست چووبوو، پێكهێنانی حكومەتێكی نیشتمانی[٤] پشتگیری لێدەكرا:بەڵام رازی نەبوونی حزبی كرێكاران لەسەر خزمەت كردن لەژێر ركێفی حكومەتەكەی چەمبەرلیندا، ناچاری كرد دەست لەكار بكێشێتەوەو ئەوەش رێی لەبەردەم هاتنە سەركاری چیرچیلدا هەموار كرد.

نەویل چەمبەرلین لە ١٨ی مارسی ١٨٦٩، لە سەردەمی هاتنەسەركاری یەكەمین حكومەتی گلادستۆندا، لەئێجباتن[*]، لەبێرنگهام هاتە دنیاوە.

خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە ساوسپۆرت[٥]و رەگبی[٦] تەواو كرد بە مەبەستی كاركردن لە كەرتی بازرگانیدا، خولی كارگێڕی‌و ژمێریاریی تەواو كرد. لەساڵی ١٨٩٠دا لەگەڵ باوكیدا چوو بۆ هیندی خۆراواو لەوێ سەرقاڵی بەرهەم هێنانی رووەكی سیسل بوو كە پەتی پێ دەڕێسرێ.

شوێنێكیان لە دورگەكانی باهاما بۆ نیشتەجێبوونی خۆیان هەڵبژاردو (نەڤیل)ی تەمەن ١٧ساڵ لەوێ نیشتەجێبوو: و كۆمپانیای **Andros Fibre**ی بەرێوەبرد كە خۆیان خاوەنی بوون. ئەم كۆمپانیایە زەویەكی بە پانتایی**٢٠,٠٠٠**دۆنم تەرخان كردبوو بۆ رواندنی رووەكی سیسل. كۆمپانیاكە زەرەری كردو هەندێك لەو كەسانەی كە لەبارەی ئەو شكستەوە تۆمەتیان دابووە پاڵی، مەسەلەكەیان زۆر گەورە كرد، لەكاتێكدا ئەو شكست هێنانە هۆكارەكەی خراپ بەرێوەبردن نەبوو، بەڵكو دەستنیشانكردنی شوێنێكی ناگونجاو بوو.

[٤] حكومەتی نیشتمانی واتە حكومەتی سەرجەم حزبەكان‌و لەنوێنەرانی حزبەجۆراو جۆرەكان پێك دەهێنرێ. حكومەتی نیشتمانی لەكاتێكدا پێك دەهێنرێ كەوڵات دەرگیری جەنگێك دەبێ بەمەبەستی پێش گرتن لەناكۆكی‌و هاوكاری حزبەكان لەگەڵ یەكتردا ـ و .

[*] Edgebaton
[5] Southport
[6] Rugby





مەكتەبی بیرو هۆشیاری


لەو كەین‌و بەینەدا باوكی ٥٠,٠٠٠پاوەند لە سەرمایەی خۆی لەدەست دا،و نەویل گەڕایەوە بۆ بێرمینگهام،و بوو بە بەڕێوەبەری كۆمپانیایەك بەناوی (ئیلیۆت[٧])ەوە كە تایبەتمەند بوو لە بەرهەمهێنانی مس، كانزای برنج‌و كانزای زەرددا.

هەروەها كۆمپانیایەكی ئەندازیاریشی بەناوی (هاسكنس‌و كوڕەكانی[٨])یەوە بەرێوە دەبرد كە زیاتر پەیكەری كانزایی بۆ كەشتی یە بازرگانیەكان‌و بۆ هێزی دەریایی دروست دەكرد.



**نەڤیل چەمبەرلین لەباوەشی دایكیدا**

[7] Elliot
[8] Hoskins & Sons



چەمبەرلین لەتافی لاویدا

ئەویش هاوشێوەی باڵدوین، بۆنارلا و مك میلان یەكێك بوو لەو سەرۆك وەزیرانەی داهاتووی بەریتانیا كە ئەزمونیان لە كارو پیشەسازیدا هەبوو: وهەموویان لەیەك ماوەدا پێكەوە لەو بوارەدا كاریان دەكرد.





مامۆستای سەندەی سكول[9] ، ئەندامی كارای ژووری بازرگانی، سكرتێری یەكێتی ی یەكێتیی خوازانی لیبرال، بە دەنگ بانگەوازەكەی فەرمانگەی سیاسەتە شارییەكانەوە چوو.

لە پێشینەی داو رەنگە لەمێشكیشیدا ئاماژەی ئەوە نەبوبێ پیشانی بدا كە مەیلی بەلای سیاسەتی نیشتیمانیدا هەیە. لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٦دا رۆڵێكی ناوچەیی كارای لە بەرژەوەندیی باوكیدا گێڕاو لایەنگریی خۆی بۆ سیاسەتی پشتگیری كردن لە كالا خۆماڵیەكان پیشاندا كە لایەنگرانی چەمبەرلین (باوكی) بانگەشەی بۆ دەكردو خوازیاری پیادەكردنی بوون لەسەر ئاستی ئیمپراتۆریی بەریتانیا.

لەساڵی ١٩١١دا بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی شاری بێرمینگهام هەڵبژێردرا. مەودای كاری ئەم ئەنجومەنە ناوچەیەكی بەرفراوان بوو كەسنورەكانی بەپێی فەرمانێكی پارلەمان بەرفراوانتر كرابوو، بوبوو بە دووەمین شاری گەورەی ئیمپراتۆری. ئەركی ئەو لە ساڵانی داهاتودا ئەوەبوو كە ئەنجومەنی ناوبراو بگۆڕێ بۆ ناوەندێكی داهێنانو چاكسازیی شاری . ((سۆشیالیزمی شاری)) دروشمی حزبی كرێكاران بوو كە هێشتا هیچ رۆڵێكی لە حكومەتی نیشتیمانیدا نەبوو. ئەودەمەی رابەرانی كرێكاران لەو بوارەدا وتەیان پێش كەش دەكرد، ئەو لە سەرەتادا بوو. ساڵی ١٩١٤بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی شارو دەستەی قانون دانەری ئەنجومەن: ساڵی داهاتوو بە تاوێكی نائاسایی كرا بە لۆردی سەرۆكی شارەوانی.

لەو پۆستەیدا ئۆركێسترای شاری بێرمنگهامی دامەزراند كە یەكەمین ئۆركێسترای ناوخۆیی بوو كە لە شارێكی غەیری پایتەختدا دابمەزرێ: و سەرەڕای رازی نەبونی بانقداران، بانقی پاشەكەوتی قەڵەمڕەوی شارەوانیی بێرمینگهامی دامەزراند. لەكاتێكدا هێشتا لە پلەی لۆردی سەرۆكی شارەوانیدا بوو، لەلایەن سەرۆك وەزیری ئەوكاتەوە بۆ داوینگ ستریت بانگ كرا و پۆستی بەرێوبەری گشتیی خزمەتگوزاریی

---

[9] Sunduy School

مەکتەبی بیروهۆشیاری

نیشتمانیی بۆ پێشنیار كرا: كە پۆستێكی نوێ بوو و مەبەست لێی تەیاركردنی هێزی مرۆیی بوو لە سەرانسەری وڵاتدا. پێشنیاركردنی ئەو پۆستە بۆی لەلایەن لۆید جۆرجەوە كارێكی بێ بەزەییانە بوو، لەبەرئەوەی سنوری دەسەڵاتی ئەو پۆستە، نادیارو ناكۆكی ئامێزبوو: لەوەش گرنگ تر ئەو پێشبینیی دەكرد پۆستێكی لەسەر ئاستی وەزیری بۆ پێشنیار بكرێ لەبەر ئەوەی پێشنیارێكی هاوشێوەیان بۆ سێر (ئۆكلاند گێدیس)[10] ی جێنشینی كردبوو. جگە لەوە ئەو پۆستە پۆستێكی پڕ لەپرسیارێتیو مەترسیدار بوو، لەبەر ئەوەی پارلەمان دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو لە نزیكەوە دەست لە كاروبارییەوە وەرداو رەخنەی لێ بگرێ : و دەبوایە لەگەڵ وەزیرەكاندا دەستەو یەخەبێ.

جۆن دیلۆن[11] ئەندامی ئایرلەندیی پارلەمان لەو بارەیەوە دەڵێ: ((ئەگەر بەرێز چەمبەرلین فریشتەیەك بوایە، یا ئەگەر هێندبنۆرگو بیسماركو سەرجەم پیاوە مەزنەكانی جیهان هەرهەموویان لەیەك پیاودا كۆبونایەتەوە، نەیاندەتوانی بچنە ژێرباری ئەو ئەركەوە كە بەو سپێردرابوو، لەبەر ئەوەی ئەركەكەی لەو دەسەڵاتانەی كەپێی درابوو زیاتر بوو.)) سەرەنجام دوای حەوت مانگ چەمبەرلین دەستی لەپۆستەكەی كێشایەوە. ئەو كە ناهەقی نەبوو دەمارگرژی پیشانبدا، دواجار كارنامەیەكی بەم شێوەیە نوسی: ((ئەگەر دەوڵەت پێشنیارەكانی منی قبوڵ بكردایە.... ئێمە دەمانتوانی سەدان هەزار كەس تەیار بكەین. ئەگەر بەرێز هەیگ[12] لەجێی من بوایە چی لێدەكردن. ئایا دەیتوانی بە پشتیوانیی ئەوان ئۆستەندو[13] زیبروگە[14] بگرن؟)) ئەزمونی لە وایت هۆڵ گرنگیی رۆڵی پارلەمانی لابەرجەستە كردبوو. لەدەستدانی نۆرمانی ئامۆزای كە لە فەرەنسا كوژرا: و دەربارەی وتبوی: ((دڵسۆزترین هاوڕێم بوو.)) وای لێكرد نامەكانی

[10] Sir Auckland Geddes

[11] John Dillon

[12] Haig فیڵدمارشاڵ سێر دۆگلاس هەیك فەرماندەی هێزەكانی بەریتانیا لەجەنگی یكەمی جیهانیدا ـ و .

[13] Ostend، ئۆستەند بەندەرێكی دەریاییە لەباكوری خۆراوای بەلچیكا ـ و .

[14] Zeebrugge شارێكی باكوری خۆراوای بەلچیكا لەسەر كەنارەكانی دەریای باكور ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

كۆبكاتەوەو ئامادەیان بكا بۆ چاپ. یەكێك لەو نامانە كاریگەرییەكی قوڵی بەجێهێشت: (( ئەم جەنگە نەفرەت بارە هێندە بێویژدان بوو هێندە وێرانكەر بوو كەهیچ شتێك ناتوانێ قەرەبوی كاتەوە، مەگەر هەوڵو تێكۆشانی بێ وچان لەرێی ئاوەدان كردنەوەو نۆژەنكردنەوەی هەموو ئەوشتانەی لەناو چوون ـ من هیوادارم ئەوانەی ماون یا ئەوانەی دوای ئێمە دێن، هەرگیز، هەرگیز ئەوە فەرامۆش نەكەن كە ئەم ئاوەدانیە بە نرخی چ فیداكارێك بەدەست هاتوە.))

لەو دەمەدا چەمبەرلین بڕیاری دا خۆی بۆ پارلەمان بپاڵێوێ و دوابەدوای ئەوە لە ناوچەی لەیدی وود[15] ناوزەد كرا. هاوكات پلەو پایەی كۆنتی بەریتانیای مەزنی بۆپێشنیار كرا لە بەرامبەر كارو خزمەتەكانیدا لە وایت هۆڵ، بەڵام قبوڵی نەكرد.

لەساڵی ١٩١٨دا، كە تەمەنی نزیكەی ٥٠ساڵ بوو، بوو بە ئەندام پارلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا لەیاداشتنامەكەیدا نووسیویەتی : ((لەژیانی كاركردنمدا تێك شكاوم، شەرمەزاریە بۆ من كە لە٥٠ساڵیدا بچمە ناوئەنجومەنی نوێنەرانەوە. ئایا لەم تەمەنەدا دەتوانم چاوی ئومێد لە پلەو پایەیەكی بەرز ببڕم؟)) یەكەمین وتەی لە پارلەماندا دەربارەی چاكسازیی قانونی سنوردار كردنی كرێخانو بوو، كە دەیتوانی بەچاوبەستراوی مشتو مڕی لەسەربكا. پێشنیارەكەی لەلایەن دادوەری گشتییەوە پەسەند كرا.

دوای هەفتەیەك جارێكی تر چوەوە پشت تریبیۆنەكەو سەبارەت بە كەناڵو رێڕەوە ئاویەكان قسەی كردو كەمێك دوای ئەوە دەستكاریكردنی لائیحەی كارەبای تێپەڕاند. هەموو ئەم بابەتانە پەیوەست بوون بە كاروباری شارەوانیەوە.

لەم كاتە دا حكومەتە ئیئتیلافیەكەی لۆید جۆرج كەوتبوە ژێر گوشارەوەو ئۆستنی برای چەمبەرلین بوو بە رابەری حزبی یەكێتی خواز.

چەند هەفتەیەك بەر لەوەی كۆبونەوەكەی یانەی كارلتۆن ئەنجام بدرێ، ئەو كۆبونەوەیەی كە بڕیاری كۆتایی هاتنی حكومەتی ئیئتیلافی تێدا درا، چەمبەرلین لە

[15] Ladywoo

ئەمریكای باكور بوو. كە لە سەفەرەكەی گەڕایەوە، لەحكومەتەكەی بۆنارلادا كرا بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆستە.

قبولّ كردنی ئەو پۆستە بۆ ئەو ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئۆستن لەو كەسانە بوو كە لە یانەی كارلتۆن لەگەلّ كەمینەدا دەنگی دابوو.

چەند مانگێك بەسەر ئەو پۆستەدا تێنەپەڕیبوو كە چەمبەرلین لە پۆستی وەزارەتی كاروباری ژیانو گوزەراندا دەست بەكار بوو.

كە بالّدوین هاتە سەركار، سەرەتا كاروباری خەزێنەی پێسپێردرا، بەلاّم تەنیا بۆچەند هەفتەیەك: لەبەر ئەوەی بالّدوین هەلّبژاردنەكەی سالّی ١٩٢٣ی بەدروشمی ((پشتگیری كردن لە كالاّ خۆمالّیەكان))بە ئەنجام گەیاند.

چەمبەرلین بودجەی پێشكەش بە پارلەمان كرد. دوابەدوای كۆبونەوەكەی پلیمۆس كە تیایدا بالّدوینو چەمبەرلین قسەیان كرد، هەلّبژاردن راگەیەنرا. بالّدوین ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو بۆ یەكەمین جار ناراستەوخۆ ئاماژەی بەوەدا كە بڕیاری داوە بەجۆرێك خۆی لەو بەلّێنە بكێشێتەوە كە بە بۆنارلای داوە. چەمبەرلین راشكاوانەتر قسەی كردو وتی ((ئەگەر تا زستانی داهاتوو بارودۆخی بێكاری باشتر بوو، پێویستە خۆمان لەو بەلّێنە بكێشینەوە.)) رۆژنامەی تایمز لێكدانەوەی بۆ ئەو مەسەلەیە ئاوا بوو: ((كابینە بەنیازە سەبارەت بە مەسەلەی چاكسازی لە تاریفەدا، راپرسی بەخەلّك بكا، لە ئێستاشەوە ئاشكرایە كە كێشمەكێشو ململانێیەكی توند هەیە لە نێوان ئەو كەسانەی كە خوازیاری هەلّبژاردنی پێشوەختەنو ئەوكەسانەدا كە لەو باوەڕەدان گەڕانەوە بۆ ڕای خەلّكی دەبێ تا سالّی داهاتوو دوابخرێ.)) ئەم بۆچوونە بوو بە واقیعو چارەنوسی كارەكە ئاشكرابوو. مەسەلەی بنەڕەتی دەستنیشانكردنی كات بوو و بالّدوین بڕیاری ئەنجامدانی هەلّبژاردنێكی خێرای دا. ئەو هەنگاوە ئاكامێكی نادیاری لێكەوتەوەو چارەنوسی ئاسكویسو لیبرالەكان بەژمارەی دەنگەكانەوە گرێ درایەوە. ئەودەنگانەی كەهاتنە سەركاری یەكەمین كابینەی مك دۆنالّدی لێكەوتەوە.







چەمبەرلین بەجلوبەرگی وەزارەتی داراییەوە

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بالّدوین بەتوندی سەرزەنشت کراو رەخنەی لێگیرا، لەبەر ئەوەی حزبی دەسەڵاتداری بەریتانیای بەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێش وەخت خستە مەترسیەوە.

دوابەدوای ئەم شکستە کە کەوتنی حکومەتەکەی بالّدوینی لێ کەوتەوە، بەهێنانە دەرەوەی ئۆستن چەمبەرلین لە سێبەر، کابینەی (سێبەر)ی خۆی بەهێز کرد.

هەروەها لەبیری ئەوەدابوو کە وینیستۆن چێرچیل بکاتە توریەکی دۆست. ساڵێك دوای مەسەلەکەی کەمپ بیلو ((نامەکەی زینۆیف))، بالّدوین جارێکی تر دەسەڵاتی گرتەوە دەستو سەرەڕای نارەزاییە ناراستەوخۆکانی پاشا، لە کابینەکەی خۆیدا ((ئۆستن چەمبەرلین)ی کرد بە وەزیری دەرەوە. پاشا ئاگادار کرا لەوەی کە بانگهێشتی وینستۆن چێرچیل دەکرێ کە پەیوەندی بەکابینەوە بکا، و پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ئەو (چێرچیل)و نەڤیل چەمبەرلین، بانگکران بۆ نوسینگەی بالّدوین لە داونینگ ستریت. کاتێك سەرۆك وەزیر رای چەمبەرلینی سەبارەت بە قبوڵکردنی پۆستی وەزارەتی خەزێنە وەرگرت، ئەو داوای پۆستی وەزارەتی کاروباری ژیانو گوزەرانی کردو لە هاتنەدەرەوەیدا چێرچیلی بینی کە لە ژوری چاوەڕوانیدا دانیشتبوو.

پێنج ساڵ دوای ئەوە چەمبەرلین بەو پۆستە شاد بوو کە تەمەنێك ئەزمونی تیایدا هەبوو. لەو پۆستەدا خۆی تەرخان کرد بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لەحکومەتی ناوخۆدا و بۆ بنیادنانی یەکەی نیشتەجێبوون.

هارۆڵ مك میلان لە کتێبەکەیدا بەناوی ((پیاوانی رابردوو)) دەنوسێ: ((ئەو یەکێکە لە مەزنترین ریفۆرم خوازەکانو کەسێکە کە بیرۆکەکانی لە بواری چاکسازیدا کردە واقیع. ئەوکەسانەی کە ئەمڕۆکە تەنیا لە روانگەی رێکەوتننامەکەی میونیخەوە لە نەڤیل چەمبەرلین دەڕوانن و ساڵانی بەژەنگو ژاری سەرۆك وەزیریەکەی بە روودا دەدەنەوە، بێ ئینسافیە ئەگەر خزمەتە نیشتمانیەکانی بخەنە بۆتەی فەرامۆشیەوە.))

مانگێك دوای دانیشتنی لەسەر کورسیی وەزارەت، چەند فەرمانیکی سەبارەت بە رێکخستنی ٢٥ لائیحە لە سەرجەم بوارەکانی وەك بنیاد نانی یەکەی نیشتەجێو





مەکتەبی بیروهۆشیاری

حکومەتی ناوخۆ ، دەستنیشان کردنی کرێ، چاکسازی لەحکومەتی ناوخۆدا، خانوو کرێ، مولّك، بەرنامە رێژی زەویی‌و حکومەتی ناوخۆدا دەرکرد ،کە لە کۆی ٢٥پێشنیار، ٢١یان پەسەند کرانو بوون بە قانونو بەبارتاقای تەمەنی نەوەیەكو زیاتریش لە حکومەتە ناوخۆییەکانی سەرانسەری وڵاتدا پیادە کران.

هەندێك لەو قانونانە هێشتا هەر کاریان پێدەکرێو بەڵگەی هەوڵو کۆششەکانی حکومەتەکانی پێشوون لەو بوارەدا. پێویستە چەمبەرلین لە مێژوودا وەك یەکێك لە ریفۆرم خوازە کۆمەڵایەتیە هەرە مەزنەکانی سەردەمی خۆیو سەردەمەکانی تریش لەبواری نیشتەجێبوونو حکومەتی ناوخۆدا ناوی ببرێ.

ئەینورین بیون بنیاد نەری خزمەت گوزاریی نیشتمانیی ژیانو گوزەران کە گەورەترین داهێنەرە لە بواری نیشتەجێبونو حکومەتی ناوخۆدا تاکە کەسە کە لەو بوارەدا هاوشانی چەمبەرلین بێ، بەڵام چەمبەرلین لە پەیوەندیە تایبەتەکانی خۆیدا لەگەڵ نوێنەرانی پارلەماندا کەسێکی لوت بەرز و لەخۆ رازی بوو.

قانونی هەڵسەنگاندنو دەستنیشان کردنی کرێ کە بە هەوڵی ئەو پەسەندکرا حکومەتی ناوخۆی بۆ ماوەی نیو سەدە پێش خست. ئەم قانونە دەسەڵاتی دانانی نرخ و کرێی دا بە ئەنجومەنی ناوچەکان و قەزاو ناحیەکان. بنەمایەکی سادەی بۆ دانانی نرخ بە گوێرەی باجی سەر داهات دارِشت : لەکاتێکدا کە پێش ئەو قانونە نرخ دانان چوارچێوەیەکی رونو ئاشکرای نەبوو هەڵسەنگاندنەکانی خستە ناو چوارچێوەیەکی دیاری کراوەوە (بە ستاندارد کردن).

سیستمی نرخ دانانی پێنج ساڵە (پێنج ساڵ جارێك)ی دانا، تا نرخ دانان لەگەڵ نرخی رۆژدا، هاوئاهەنگ بکا.

١٢,٠٠٠کەس لە دانیشتوانی شار، قەزا، ناحیە، گەڕەکەکان، کارەکانی خۆیان دایە دەست ٦٤٨نرخ دانەر کە لەلایەن خەڵکیەوە هەڵدەبژێردران،و ٦٠٠ناوەندی کۆنی سەردەمی ڤیکتۆریا، شوێنی خۆیان دا بە ٣٤٣ناوەندی نوێی هەڵسەنگاندنی نرخەکان.

بەشێوەیەكی گشتی ئەوەی چەمبەرلین هێنایە كایەوە تا رۆژگاری ئەمرۆش درێژەی هەیە. ئەو بە بوژاندنەوەی حكومەتی ناوخۆ لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، نەزمێكی نوێی دیموكراسیی لە ناوخۆ،و ئەوەی ئەمرۆكە پێی دەوترێ ((بەشداری (لەچالاكیە ناوخۆیەكاندا) بنیاد نا.))

ئەو لەلایەن كاربەدەستانی حزبی كرێكاران باڵی نەیارەوە، كە زۆربەیان لە حكومەتە ناوخۆیەكاندا ئەزمونیان هەبوو، رەخنەی ئاراستە نەدەكرا: بەڵكو لەلایەن حزبەكەی خۆیەوە رەخنەی لێدەگیرا. هەندێكیان نارەزاییان دەر دەبڕی كە ئەو لائیحەیە ((حكومەتی ناوخۆی كردۆتە حكومەتێكی نیشتمانی لەسەر حسابی ئازادیەكانی خەڵكی ناوچە جیاجیاكان.)) بەڵام راستیەكەی ئەوەیە كە چاكسازیەكانی ئەو، دەسەڵاتی راستەقینەی لەسەر ئاستی نیشتمانی گواستەوە بۆ ئاستی ناوخۆ تا چاودێریی ناوخۆیی دیموكراتیكی (گەلی)زامن بێ.

لە سەروبەندی هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ۱۹۲۹دا، بەر لەوەی پێشبینیی ئەنجامەكانی ئەو هەڵبژاردنە لەلایەن باڵدوینەوە بە هەڵە بشكێتەوەو بەپێچەوانەی ئەوەی كە پێشبینیی دەكرد شكست بخوا، لە چەمبەرلینی پرسی لە حكومەتی نوێدا وەزارەتی كۆلۆنیەكانی دەوێ یا وەزارەتی دارایی. چەمبەرلین كە بەرامبەر ئەسڵ‌و فەسڵی خۆی وەفادار بوو ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو بۆ هەڵبژاردنی، ئەو پۆستەی كە پێشتر باوكی هەوڵی بۆ دابوو وەزارەتی كۆلۆنیەكانی هەڵبژارد. بەڵام هەڵبژاردن شكستی خواردو موحافیزكاران تەنانەت لە هەڵبژاردنێكدا كە ئەنجامەكەی نادیار بوو، پێ گەیەكی پتەویان نەبوو. دوای ئەم شكستە، باڵدوین جارێكی تر كەوتە بەر هێرش‌و چەمبەرلین لە نامەیەكیدا بۆی، رەخنەی لێگرت. بەڵام لەقۆناغی غەیبەت كردن‌و لە پاشە ملە قسەكردندا كە دوای هەموو شكستێكی هەڵبژاردن دیتە گۆڕێ، چەمبەرلین لە دەرەوەی وڵات بوو.





بەرەو ئەفریقای باشوور بەرێكەوتبوو لەوێ زنجیرەیەك وتاری پێشكەش كردو تیایدا پشتگیریی لەچاكسازی ناوخۆیی ،و لە راو بۆچونەكانی باوكی دەربارەی ((چاودێری كردنی نەژادە دواكەوتوەكان‌و پێشكەشكردنی یارمەتی بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو قەڵەمڕەوانەی گەشەیان نەكردووە)) كرد.

لە گەڕانەوەیدا لەو سەفەرە، بوو بە سەرۆكی حزبی موحافیزكار كە پۆستێكی خراپ نەبوو بۆ ئەو، رێی لەبەردەمیدا هەموار كرد تا وەك جێنشینی باڵدوین تەماشا بكرێ.

ئایا باڵدوین بەو سادەییە دەچووە ژێر باری ئەوەوە كە چەمبەرلین جێی بگرێتەوە،و ئەو نفوزە بەرفراوانەی كە وەك بوژێنەرەوەی حكومەتە ناوخۆیەكان بۆ خۆی دروست كردبوو، تەیار بكا، یابە پێچەوانەوە، بەبەخشینی ئەو بەرتیلە (سەرۆكایەتیی حزب) ویستویەتی دوری خاتەوەو وازی پێبهێنێ؟

لەراستیدا كاتێك باڵدوین كەوتە بەر شاڵاوی دارودەستەی بیوربروك و رود رمەیەر، چەمبەرلین سەلماندی كە تاوەرێكی دەسەڵاتە.

كاتێك بالدوین لەودەمەدا كە ((دەسەڵاتی بێ بەرپرسیارێتیی)) هەبوو، كەوتە بەرشاڵاوی دژوارترین هێرشەوە، چەمبەرلین بەرامبەر هەموو ئەو كەسانە وەستایەوە كە گوشاریان دەهێنا بۆئەوەی چەمبەرلین ببێتە رابەری حزب.

بەڵام كاتێك باڵدوین بڕیاریدا لە مەسەلەی سیاسەتی هیندستاندا پشتگیریی لە مك دۆناڵد بكا، چەمبەرلین چیتر پشتیوانیی لە باڵدوین نەكردو تەنانەت دژایەتیشی كرد.

ئەو پێشهاتانەی پێكهێنانی حكومەتی نیشتمانیی مك دۆناڵدی لێكەوتەوە لە بەشەكانی پێشودا ئاماژەی پێكراوە. لە حكومەتی نوێدا باڵدوین تەنیا چاودێریی راوێژكاریی لەئەستۆدابوو.

هێربێرت ساموێل سەركردەی لیبراڵ‌و شیكەرەوەی بێ لایەن، یارمەتیی ئەوانی بۆ حكومەتی نوێ هەڵسەنگاندوەو دەربارەی باڵدوین دەڵێ: ((باڵدوین لە كابینەدا زۆر بەكەمی قسەی دەكرد، بەجۆرێك دەشێ بگوترێ لە بێدەنگیەوە نزیك بوو. زۆر بە

دەگمەن دەستپێشخەر دەبوو بۆ خستنەرووی پێشنیارێك، بەلاَم زۆرجار كاتێك مشتو مڕێك بەرەو بن بەست دەچوو، لەدوایین ساتەكاندا، قسەی دەكردو بە رادەربڕینێكی كورت كە نیشانەیەكی تەواو بوو لە عەقڵێكی تەندروست، كۆمەكی پێدەكردین تا بە ئاكامێك بگەین.)) ئەمە وەسفی باڵدوین بوو كە لەراستیدا فەرمانی ئۆتۆمبیلەكەی بە وردیو نەرمی هەڵدەسوڕاند: واتە ئاراستە كردن بەبێ هێزی مۆتۆڕ(مەكینە) یا مافی سروشتیو تایبەتی كاپتنی كەشتیەك لەكاتی زریاندا، لەكاتێكدا چەمبەرلین لە مۆتۆرخانەی كەشتیەكەدا بوو. ساموێل دەربارەی ئەو دەڵێ: ((لەولاوە، نەڤیل چەمبەرلین هەردەم ئامادەبوو كە بەتایبەت لە مەسەلە ئابوریەكاندا كە لەودەمەدا لەژێر دەسەلاَتی ئەودا بوو و بەشێوەیەكی تایبەت سەرپشك كرابوو، ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕا. بۆچونەكانی ئەریو راشكاوانە بوو، لە تاقیب كردنیاندا چ لەكابینەداو چ لە لیژنەكاندا، سور بوو لەسەر ئەوەو هەوڵیشی دەدا لە وتوێژەكانی نێوان ئەندامانی كابینەدا، رای خۆیی بسەپێنێ. چەمبەرلین رەوشت بەرز، وخۆش مەشروب بوو،و هەردەم لەهەوڵی ئەوەدابوو دۆستانە گوێ بۆ راوبۆچونەكانی بەرامبەر رادێرێ، بەلاَم بیرێكی داخراوی هەبوو.)) چەمبەرلین ئەندامی وەفدی نوێنەرایەتی بەریتانیا بوو لە دانوستانەكانی لۆزاندا كە كۆتایی بەمەسەلەی قەرەبوكردنەوەكانی ئەڵمانیا هێنا.

لەو بارەیەوە بۆ خوشكەكەی نوسی ( ((وای بۆ دەچم سەرۆك وەزیر زۆر چاوی لە كۆمەكی من بڕیبێ. لە لایەنە تەكنیكیەكانی دانوستانەكەدا روبەروی كۆسپی زۆر بۆتەوە، و زمانی فەرەنسی نازانێ، بۆیە حەزدەكا من ئەو بەشە لە دانوستانەكان بەرێوەبەرم. ئێستا بەبێ من لەگەڵ هیچ یەك لە وەفدەكاندا وتووێژ ناكا.

من بووم بەلایەنی بەرامبەری فەرەنسیەكان. وایگرامەكان[16] دەڵێن هێریۆت[17] ستایشی كردووم. ئەڵمانەكانیشی هەر بەمن سپاردوە، هەرچەندە دەبێ بڵێم كە ئەمانەو

[16] Wigrams

[17] Herriot فەرەنسیو رابەری سیاسیو نوسەری بەناو بانگ كە لەو دانوستانانەدا بەشداری كردبوو ـ و .





بەتایبەت ڤۆن پاپن[18] بەراستی بێ مێشكن.) دوای ئەوە، چەمبەرلین لە كۆنفرانسەكەی ئۆتاواشدا هاورێیەتی باڵدوینی كرد.

رەنگە جوانترین ساتەوەختەكانی ژیانی، بەتایبەت لەبەردەم خێزانەكەیدا ئەو كاتە بووبێ كە ئەو خشتەی گومرگەی كە دۆمینیۆنەكانی لێبەخشرابوو پێشكەش بە پارلەمان كرد[19]. هەمان ئەو مەسەلەیەی كە جۆزێف چەمبەرلین دەوڵەتی بەلفۆری پێ خستو سەركەوتنی گەورەی لیبرالەكانی لە هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٦دا لێ كەوتەوە. بەوشێوەیە ئەو لەبەردەم زۆرینەیەكی پارلەمانیدا قسەی دەكرد كە ژمارەیان لە زۆرینەیەكی بەر لە چارەكە سەدەیەك زۆر زیاتر بوو.

هەستو سۆز باڵی بەسەر دەوروبەردا كێشابوو: و لە دەربڕینێكیدا كە ئاماژەیەكی لە وەفای كورێك بۆ باوكی تێدا بوو، بە دەنگێكی لەرزۆكەوە وتی: ((لەمێژووی دوورودرێژی سیاسەتی ئێمەدا بەدەگمەن رویداوە كە كورێك كاری ناتەواوی باوكی بە ئەنجام بگەیەنێ. من رۆڵەی پیاوێكم كە رۆژگارێك بە ئاواتەوە بوو كارێك بە ئاكام بگەیەنێ و ئەم شانازیەش بە من بڕا كە مۆری خۆم، بخەمە سەر ئەوكارەی باوكم دەستی پێكرد، بەلاَم لە رووی ناچاریەوە بەنیوە ناچڵی بەجێی هێشت.

ئێستا ٢٠ساڵ بەسەر ئەوكارەدا تێدەپەڕێ كە جۆزێف چەمبەرلین هەوڵو كۆششی مەزنی خۆی لە رێگەی بەرژەوەندیەكانی ئیمپراتۆریو چاكسازیی تاریفەدا دەست پێكرد ،و ١٧ساڵ، بەسەر مردنی ئەویشدا تێدەپەڕێ.

ئەو لە ژیاندا نەما تا هاتنەدیی ئامانجەكانی بەچاوی خۆی ببینێ، بەلاَم ئەمڕۆكە ئەو ئامانجانە هەرچەندە تەواو بەو شێوەیە نیە كە ئەو دەیویست، بەلاَم بەدەستكاریكردنێكی كەمەوە، سەرەنجام چووە قۆناغی جێبەجێكردنەوە.

[18] فرانز ڤۆن پابن Franz Von papen ١٨٧٩ ـ ١٩٦٩ فەرماندەی سەربازی، سیاسەتمەدارو دیپلۆماتی ئەڵمانی ـ و .

[19] پێشتر ئاماژە بەوەدرا كە جۆزیف چەمبەرلین باوكی نەڤیل چەمەرلین لایەنگری سیاسەتی پشتگیری كردن لەكالاَ خۆماڵیەكان بوو ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

(ماندوبونەكەی بەفیڕۆ نەچوو). تێپەڕینی رۆژگارو ئەو زیانانەی كە لە وڵاتەكەمان كەوت، زۆرێك لەو كەسانەی هێنایە سەربار كە لەودەمەدا نەیاندەتوانی بۆچونەكەی ئەو پەسەند بكەن. دڵنیام ئەگەر پێشبینیی ئەوەی بكردایە كە ئەم پێشنیارانە، كە بەری ماندوبونی مێشكی ئەون، ئەمڕۆ دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران، و لەو ئەنجومەنەشدا دوان لە رۆڵەكانی كە وارسی ناو و خوێنی ئەون، لە هەردوو لای ئەنجومەندا ئامادە دەبن، تالاَوی ئەو نائومێدییەی لەبیردەبردەوە كە لەو دەمەدا چەشتی.))

دوای كۆتایی هاتنی وتەكەی، ئۆستن چەمبەرلین لەشوێنی خۆی هەستاو چووە لای براكەی‌و بەبێ دەنگی تەوقەی لەگەڵدا كرد. لەو ساتەوەختەدا ٨٦ساڵی رەبەق بەسەر ئەوكاتەدا تێپەڕیبوو كە پیل كۆتایی بە قانونی دانەوێڵە هێناو لۆرد بن تینك، دیزرائیلی‌و هاورێبازەكانی تری دژی وەستانەوە. چیتر هیچ كەسێك باوەڕی بەوە نەدەكرد كە پشتگیری لە كاڵا خۆماڵیەكان ((نەك هەرتەنیا مردووە بەڵكو نەفرەتیشی لێكراوە)).

بەو شێوەیە حزبێكی موحافیزكاری تر، كە زۆربەی ئەندامەكانی لەخاوەن كارگەو پارەدارەكان بوون   و خاوەن موڵك‌و فیودالەكانیشیان لەگەڵدا بوو، ئاهەنگی سەردەمێكی نوێی ((پشتگیریی لە كاڵا خۆماڵیەكانیان)) دەگێڕا. چەمبەرلین بە چەند هەنگاوێك پێگە و متمانەی خۆی پتەوتر كرد ،كە ئەویش كەم كردنەوەی سودی ٢٠٠٠ملیۆن پاوەند قەرزی جەنگ بوو لە (٥٪)ەوە بۆ (٢٠٥٪)جگە لە هێنانە كایەی سندوقی هاوتا كردنی خەزێنە. وەزیرێكی دارایی كارەكەی ئەوە بوو خەرجی كەم كاتەوە بەڵام ئەو بە پێچەوانەی هاوتاكانی خۆیەوە پێی لە مەودای تێبینیە ئاساییەكانی خەزێنە درێژتر دەكرد ، لەبەر ئەوەی خۆی لە هەموو مەسەلەكاندا بەشارەزا دەزانی. لە حوزەیرانی ١٩٣٤دا باڵدوین پێشنیاری وەرگرتنی قەرزێكی بەرگریی خستە روو، بەڵام چەمبەرلین دژی وەستایەوەو ناوی نا ((رێگەیەك بەرەو لەناوچوون)).





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوای مانگێك لە وەڵامی سەرۆكی ئەركانی هێزی ئاسمانیدا كە تەنیا داوای ١٠ملیۆن پاوەندی كردبوو بۆ پڕكردنەوەی كەم هێنانی خەرجیی هێزی ئاسمانی، پێشنیاری ئەوەی بۆ كرد كە هێزی ئاسمانی ((هێزی یەدەگی خۆی پاڵ پێوەنێ)).

لەمانگی شوباتی ١٩٣٦دا، بۆچونی براكەی سەبارەت بەوەی كە چێرچیل بكرێ بە وەزیری بەرگری رەت كردەوەو، سێر تۆماس ئینسكیپی بۆ ئەو پۆستە بە گونجاو زانی: و لە یاداشتنامەكەیدا دەربارەی ئەو نوسیویەتی: ((بەهاتنی ئەو هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، بەڵام لانی كەم كێشەی ترمان بۆ نانێتەوە.)) بەڵام دوای مانگێك كاتێك ئینسكیپ دەوڵەتی هاندا گوڕوتین بە بەرنامەی نوێ كردنەوەی چەك ببەخشێ‌و دەسەڵاتی نائاسایی پێببەخشرێ، چەمبەرلین كە وەك هەمیشە لوتی لە كاروباری تریشەوە دەژەنی، و دیسانەوە رازی نەبوو و وتی: ((هەنگاوی داهاتووی ئەڵمانیا، ئەوە ناگەیەنێ كە ئێمە راپێچی جەنگ بكرێین.))

چەمبەرلین لە ١٩٣٣وە تا ١٩٣٧ ، كە تیایدا دوو سەرۆك وەزیر لەسەر كار بوون، بەسەر سیاسەتی بەرگریی وڵاتدا باڵادەست بوو و لەو ماوەیەدا سێ وەزیری پایە بەرزی ناچار كرد بە كەم كردنەوەی خەرجیی ئەوەی كەئەوان بەلانی كەمی خەرجیی بەرگریان لەقەڵەم دەدا. ئەو رۆژ بەرۆژ بەسەر كابینەدا باڵادەست تر دەبوو: باڵدوین كە دوابەدوای دەست لەكار كێشانەوەی مك دۆناڵد جارێكی تر بوەوە بە سەرۆك وەزیر بەرە بەرە هەموو كارەكانی بەو سپاردو ئەویش بەڵگە بوو بۆ ئەوەی كە دەبێتە جێنشینی.

باڵدوین دوابەدوای تاج لە سەرنانی شا جۆرجی شەشەم دەستی لەكار كێشایەوەو چەمبەرلین لە ٢٨ی مایسی ١٩٣٧دا جێی گرتەوە. نزیكەی سێ ساڵ سەرۆك وەزیر بوو و هەشت مانگی كۆتایی ئەو ماوەیە جەنگ دەستی پێكردبوو. سەرلەبەری سەرۆك وەزیریەكەی تا سەرهەڵدانی جەنگ لە ئەیلولی ١٩٣٩دا، لەژێر كاریگەریی دوو مەسەلەی گرنگدا بوو، كە بریتی بوون لە نوێ كردنەوەی چەك‌و سیاسەتی رازی كردن .

جێی سەرسوڕمانە كە سەرۆك وەزیرێك بەو هەموو پێشینەیەوە لە كاری چاكسازیدا، لە ماوەی سەرۆكایەتیەكەیدا هیچ كارێكی گرنگی لە بواری چاكسازیی ناوخۆدا ئەنجام نەدا.

لەو ژیاننامانەدا كە دەربارەی ماوەی سەرۆك وەزیریی چەمبەرلین نوسراوە پەرەسەندنە ناوخۆییەكان مەودایەكی زۆر كەمیان داگیر كردوە.

یان مك لۆرد[٢٠] كە ٩٣لاپەڕەی بۆ ماوەی سەرۆك وەزیریی ئەو تەرخان كردووە تەنانەت دێڕێكیشی دەربارەی قانونو بڕیارە ناوخۆیەكان نەنوسیوە. لە كتێبەكەی فرانیس ولیامزدا[٢١] بەناوی (جۆرێك لە فەرمانڕەوایان)ەوە هیچ ئاماژەیەك بەو بوارە نەدراوە.

سێر كەیس فیلینگ[٢٢]، ١٣٨ لاپەڕەی لەكتێبە ٤٥٠لاپەڕەییەكەی خۆی تایبەت كردوە بە ماوەی سەرۆك وەزیریەكەی ئەو و تەنیا لە چوار لاپەڕەدا ئاماژەی بە كارەكانی ئەو لەبواری قانون دانانی ناوخۆدا كردووە.

چەمبەرلین ئەو هەنگاوانەی كە لە كاتی سەرۆكایەتیەكەی باڵدویندا لە بوارەكانی بیمەی نیشتیمانی لە بەرژەوەندی فەرمانبەراندا، یەكخستنی قانونەكانی كارگەكانو قانونی پەروەردەكردنی جەستەدا دەستی پێكردبوو، بەئاكام گەیاند. هەروەها لە ئامادەكردنی كتێبێكی سپیدا دەربارەی شیر ((كتێبی سپی راپۆرتێك بوو لە لایەن دەوڵەتەوە بڵاوكرایەوەو چەند زانیارییەكی سەبارەت بە بابەتێكی تایبەت لەخۆدەگرت ـ و .)رۆڵێكی بەرچاوی گێڕا. ئەم كارەی، كارەكانی پێشوی لە بواری چاكسازیی كۆمەڵایەتیدا دێنێتەوە یاد، بەڵام ئەمڕۆكە سودیان لێنابینرێ.

تا بەرلە رێكەوتننامەی میونیخیش سەرقاڵی هێنانە كایەی ناوەندێكی زانیاریی پیشەسازی بوو تایبەت بە دەستنیشان كردنی شوێنی ناوەندە پیشەسازیەكان، كە

---

[20] Lain Macleod
[21] Francis Williams
[22] Sir Keith Feith Feiling





پیشەسازیە كشتوكاڵیەكانیشی دەگرتەوە. لەماوەی سەرۆكایەتیی ئەودا لائیحەی خەڵوزی بەردین تێپەڕێنرا.

ئەم لائیحەیە وەك چۆن لەساڵی ١٩٢٦دا بۆ باڵدوین پێشنیار كرابوو، مافی خاوەنداریێتی[٢٣]ی خۆماڵی دەركردو لكاندنی زۆرە ملێی كۆمپانیا تایبەتەكانی دەرهێنانی خەڵوزی بەردینی دەسەپاند.

لائیحەی نیشتەجێكردن بریتی بوو لە بەخشینی كۆمەكی دراوی بە گەڕەكە قەرەباڵغو هەژارنشینەكان، پاكسازیو پەرەپێدانی باخچە و سەوزایی ناو گەڕەكەكان.

سێر سامیوێل هور وەزیری ناوخۆ لە حكومەتەكەی چەمبەرلیندا لائیحەی دادوەریی تاوانی لە ئەنجومەندا تێپەڕاند. لە حكومەتەكەی چەمبەرلیندا رێكەوتننامە بازرگانیەكانی نێوان بەریتانیاو ئەمریكاو كەنەدا ئیمزاكرا كە مەوداكەی لە رێكەوتننامەی ئۆتاوا بەرفراوانتر بوو: لەهەندێك حاڵەتدا نەبێ‌كە نەدەگەیشتە ئاستی ئەو رێكەوتننامانە. بەگوێرەی ئەو رێكەوتننامانە، گومرگی سەرگەنمی ئەمریكا كەم كرایەوەو لەبەرامبەردا، بڕیاردرا ئەمریكاش گومرگی سەر كاڵا بەریتانیەكان سوك بكا. بەڵام هەموو ئەمانەی كە ئاماژەیان پێدرا بۆ حكومەتێك كە دوو ساڵ و نیو لە داوینگ ستریت حوكمی كردو بۆ سەرۆك وەزیرێك كە لە هەموو سەرۆك وەزیرەكانی سەدەی بیستەم زیاتر دەسەڵاتی بەسەر كابینەكەی خۆیدا دەشكا، بەدەستكەوتنێكی زۆر گەورە لە قەڵەم نەدەدرا .

فرانسیس ویلیامز لەم بارەیەوە دەڵێ: ((هەرچەندە چەمبەرلین لە بەرێوەبردنو ئاراستەكردنی كابینەكەیدا زۆر زۆر بەگوڕوتین بوو، بەڵام وەك پێویست رۆڵی بە وەزیرەكانی نەدەدا بەڵكو لەچاوی ئەودا، ئەوان تەنیا لایەنێكی جێبەجێكار بوونو

---

[٢٣] مافی خاوەنداریێتی بریتیە لە قەرەبووكردنەوەی ئەو خاوەن زەویانەی زەویەكانیان لەلایەن كۆمپانیاكانی نەوت یا خەڵوزی بەردینو هاوشێوەكانی بەكار دەهێنرێ.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

جاروبار بانگدەكران تا راپۆرت دەربارەی كارەكانی خۆیان بخەنە بەردەست‌و فەرمانی پێویستیان پێبدرێ.

بێگومان چاوەڕێی ئەوەی لە وەزیرەكانی كردووە كە دەربارەی وەزارەتەكانی خۆیان راوبۆچونی خۆیانیان هەبێ، بەڵام بەو مەرجەی بالادەستیی ئەو بەسەر وەزارەتەكانیەوە قبوڵ بفەرمون. جگەلەوە لەخۆباییبوون‌و خۆبەزلزانینێكی بێ وێنەشی هەبوو دەرهەق بەو كەسانەی لەژێردەستی ئەودا كاریان دەكرد: ئەو كەسانەی كە بۆ ئەوەی بەرژەوەندیە ئابوریەكانیان نەكەوێتە مەترسیەوە ورتەیان لێوە نەدەهات و رەخنەیان لێ نەدەگرت.))

هارۆڵد مك میلاند لە كتێبەكەی خۆیدا بەناوی ((پیاوانی رابردوو)) بە لەبەر چاوگرتنی ئەو پەیوەندیە نزیكەی كە لەگەڵ چەمبەرلیندا هەیبوو، ئاوا كەسایەتیی ئەوی هەڵسەنگاندووە: ((بەرلەوەی ببێتە سەرۆك وەزیر خۆبەزلزانی‌و لوت بەرزیی چەمبەرلین لە هیچ كەس شاراوە نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی بوو بە سەرۆك وەزیرو بەتایبەت دوای رێكەوتننامەكەی میونیخ، خۆبەزلزانی‌و لوت بەرزییەكەی زیاتر بوو و زێدەڕەویی پێوەدیار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بگوترێ كە هەمیشە بە مرۆڤێكی سەرسەخت و ئاڵۆز ناسراوە،و بەتایبەت لە مشت‌و مڕەكاندا سەركێش‌و چاونەترس بوو.

هیچ كات خۆی بە دەستەوە نەدەدا، و زۆر بە دەگمەن هەڵسوكەوتی ئاشتیخوازانە بوو. پێی وابوو لە هەموو مەسەلەكاندا خۆی لەسەر هەقە. باڵدوین بەجۆرێك پێچەوانەی ئەو بوو. هەرتەنیا سەبارەت بە بیروبۆچونی كەسانی تر نا، بەڵكو سەبارەت بە بۆچونەكانی خۆشی دڵنیا نەبوو.

باڵدوین بەپشو درێژیەكی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەكاندا دەكرد. چەمبەرلین پێش وەخت حسابی خۆی لەگەڵ هاوكارەكانیدا یەكلایی كردبۆوە. بۆچونەكانی راشكاوانە،و هەنێك جار بێبەزەییانەش بوو. ئەو زەحمەتی ئەوەی نەدەدایە بەرخۆی كە لەگەڵ لایەنگرەكانی خۆیدا رێك بكەوێ، چ جای لەگەڵ نەیارەكانیدا. زۆر بەدەگمەن لەژوری جگەرەكێشان دادەنیشت یا بەشداریی لە كۆڕوكۆبونەوەی دۆست‌و هاوكارەكانی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

خۆیدا دەكرد. دكتۆر جۆنسن بە كەسێكی وەسف كردوە كە ((بۆ ئەوە نابێ لەهیچ یانەو ئەنجومەنێكدا ببێتە ئەندام.))

مك میلان زۆر چاك پێكاویەتی. لەماوەی ٥٠ساڵی رابردودا و رەنگە ساڵانێك بەر لەوەش، سەرۆك وەزیرە سەركەوتوەكان كەسانێك بووبن كە رۆژانە چەندین سەعاتیان لەگەڵ دۆست‌و هاوكارەكانیان لەژوری جگەرەكێشان، چایخانە، یا ژووری نان خواردن بەسەر بردبێ. چێرچیل، ئەتلی ، مك میلان و چەندانی تریش لەو جۆرە كەسانەبوون. دۆگلاس هیوم و هەیس كەمتر.

ئەمڕۆكە ئەو باوەڕە لە نێودا هەیە كە رەنگە سەرۆك وەزیرێك لە یەكە یەكەی ئەندامانی كابینەكەی گرنگتربێ، بەڵام دەسەڵاتی لە كابینەكەی زیاتر نیە. چەمبەرلین دەیویست لە سەرجەم هاوكارەكانی خۆی بەدەسەڵاتتر بێ و ئەوەشی سەلماند. بەڵام راسپۆتینێكیان تێدابوو بە ناوی ویلسن[٢٤] كە ئەگەر ئەندامانی كابینە هەموویان بە یەكێك حساب بوونایە، ئەو بەتەنیا بەرامبەر بوو بە دوو یان بە سێ. هاریس وێلسن بە پێچەوانەی ئیدنەوە كە وەزیرێكی دەرەوەی بەئاگاو كارامە بوو، كەسێكی زۆر بێئاگاو گەمژە بوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئیدنەوە لە بەرامبەر چەمبەرلیندا ئەڵقە لەگوێ بوو. ئەتلی جارێكیان لە چاوپێكەوتنێكیدا وتی: ((ئەوە كامیان بوو، لۆید جۆرج یا چێرچیل، كە دەیوت چەمبەرلین هەمیشە لە دەمی بۆریەكی زێرابی شارەوانیەوە لە كاروباری دەرەوەی دەڕوانی؟)).

لەراستیدا ئەوە قسەی لۆید جۆرج بوو. لە بەشی پێشوودا دیمان كە فەرماندەكانی هێزی زەمینی و ئاسمانی‌و دەریایی لە مارسی ١٩٣٢دا پێشنیاری لابردنی بنەمای ١٠ساڵەی ئەگەری جەنگیان[*] خستە روو.

[24] Horace Wilson

[*] ئەوەی كە ڕەنگە تا (١٠) ساڵی تر جەنگێكی تر سەرهەڵنەدا، بۆیە پێویست ناكا بەریتانیا سەرچاوەی دراویی‌و هێزی مرۆیی خۆی لە خۆئامادەكردن بۆ جەنگدا خەرج بكا- و.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی ٨ساڵی رابردودا تا ئەوكاتە هیچ هەنگاوێگ بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەمو كوڕیانە نەنرا.

هێرشی ژاپۆنیەكان بۆ سەر باكوری چین، لە شوباتی ١٩٣٣دا كابینەی ناچار كرد جارێكی تر چاو بە باری بەرگریی وڵاتدا بخشێنێتەوە،و لۆردی یەكەمو وەزیری جەنگو وەزیری هێزی ئاسمانی زۆر بەتوندی كابینەیان وریا كردەوە، بەڵام چەمبەرلین ئەمەی راگەیاندو تێیگەیاند كە لەوان زیاتر عەقڵی پێدەشكێ: ((سەركێشییە دراوی و ئابوریەكان تاكو ئێستا جددی ترین و هەنوكەییترین سەركێشی بوون كە وڵات روبەڕویان بوبێتەوەو.... دەبێ ئەوددەمە بیر لە سەركێشیی تر بكەینەوە كە وڵات كاتو دەرفەتی ئەوەی هەبێ،و باری دارایشمان باشتر بێ.))

مك دۆناڵد وەك سەرۆك وەزیر پشتگیریی لە بۆچونەكەی ئەو كردو وتی: ((لەهەلو مەرجێكی دارایی ئاوادا كە وەزیری دارایی روونی كردەوە پێویستە كابینە وەك رابردوو لە بەرامبەر كەموكوڕیەكانی بەرگریی وڵاتدا، شانی بەرپرسیارێتی بداتە بەر.))

لە ١٤ی كانونی دووەمی هەمان ساڵدا سێر رۆبێرت ڤینسی تارت لە وەزارەتی دەرەوە زانیاریی نهێنیی دەربارەی جبەخانەی ئەڵمانیا خستە بەردەست.)) چەمبەرلین بەكابینەی وت: ((نابێ ئێمە هۆكاری لاوازكردنی پێگەی فەرەنسا بین)) سەرەنجام كابینە بڕیاریدا نیگەرانیی رەسمیی خۆی بەرامبەر نوێكردنەوەی جبەخانەی ئەڵمانیا رابگەێنێ.

لە ١٤ی مایسی ١٩٣٤دا ئەو مەسەلەیە جارێكی تر تاووتوێ كرایەوە. سێر جۆن سایمۆن[٢٥] وەزیری دەرەوە وتووێژەكانی تایبەت بە چەكداماڵینی بەرێوەدەبرد و پێشنیاری كرد بۆ بەرگرتن لە شكستهێنانی كۆنفرانسی چەك داماڵین، ئیمتیازی زیاتر بە ئەڵمانیا بدرێ: ((مەترسیی ئەڵمانیا، هەركاتێك پەرەبسێنێ، زیاتر، هەڕەشە لە خۆرهەڵات و باشور دەكا تا لەخۆراوا. پێدەچێ نەمسا، دانزیگو مێمڵ[*] زیاتر روبەروی ئەو مەترسیە

[25] Sir John Simon
[*] Memel





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ببنەوە.)) چەمبەرلین وتی: ((كاتێك كابینەیەك لە ماوەی پێنج ساڵدا خەرجیەكەی ٧٠,٠٠٠,٠٠٠پاوەند بێ پێویستە بزانێ (لەبەرامبەر جەنگدا) چ ئەڵتەرناتیڤێكی هەیە.))

لە ٢٥ی حوزەیراندا لەبەرامبەر داخوازیی دابینكرنی سەرچاوەی دراوی بۆ بەرنامەیەكی بڕیارلێدراو، وتی: ((دەبێ چاكەتەكانمان ئەوەندە كورت بكەینەوە كە لەگەڵ جلەكانماندا بگونجێ.)) (ناتوانین پێ لە مەودای تواناكانی خۆمان زیاتر راكێشین.)و راشكاوانە پێشنیارێكی باڵدوینی تایبەت بە وەرگرتی قەرزێكی بەرگری رەت كردەوەو وتی ئەم كارە ((هەنگاونانە بە ئاراستەیەك كە سەرەتاكەی لە رێگەیەكی پانو پۆڕو هەموار دەچێ، بەڵام بەهەڵدێری لەناوچون كۆتایی دێ.)) جگە لەبەرنامەی ئەولەویەت دان بە هێزی ئاسمانی كە بە لەبەرچاوگرتنی پڕچەك بوونی خێرای ئەڵمانیا رۆژ بەرۆژ زیاتر لەكاروان جێدەما، چەمبەرلین لە هەموو حاڵەتەكانی تردا سودی لە مافی ڤیتۆی خۆی وەرگرت .ئەو هەردەم شانازیی بەوەوە دەكرد كە رێز و متمانەیەكی لە بن نەهاتووی هەیە. لەو بارەیەوە بۆ خوشكەكەی نوسی: ((وەك دەبینی من تەنیا دەسەڵاتی رەسمیی سەرۆك وەزیریم نەدراوەتێ، بەڵكو لەراستیدا سەرۆك وەزیری راستەقینەم[٢٦].

لەم كابینەیەدا لە بری ئەوەی بڵێم ((تۆ پێویستە ئەم كارە بكەی)) ناچارم بڵێم ((ئایا بیرتان لێ كردۆتەوە)) یا ((وەڵامی تۆچیە؟)).)) لەنیسانی ١٩٣٥دا كابینە روبەروی قەیرانێك بۆوە كە هۆكارەكەی كەم كردنەوەی یەك لەدوای یەكی خەرجیی بەرگریی وڵات بوو لە لایەن چەمبەرلینەوە.

لۆرد لەندەن دێری[٢٧] بە كابینەی راگەیاند كە بڕیاری یەكجارەكیی ئەوان، كە خەڵكی لێی ئاگادار بوون، سەبارەت بە گەیشتن بە بەرامبەریو هاوسەنگی لەگەل هێزی ئاسمانی

[٢٦] ئاماژەیەكە بەو دەمەی كە هێشتا وەزیری دارایی بوو- و .

[27] Lord Lononderry

ئەڵمانیادا بە ئەنجام نەگەیشتوەو ئومێدی ئەوەشی لێناكرێ بە ئەنجام بگا: ((ئێمە لە سەرجەم بەرنامەكاندا (لەئەڵمانەكان) لەدواترین‌و ئەم كەلێنە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێ.))

بەكابینە راگەیەنرا كە ئەڵمانەكان لە ماوەی دووساڵدا زیاتر لە دووهێندەی بەریتانیا فرۆكەیان دەبێ. چەمبەرلین هێوروئارام بوو و قەناعەتی بە كابینە كرد كە پشت بە هەمان پێشنیارەكەی باڵدوین ببەستن كە دەڵێ: ((هێزی ئاسمانیی ئێمە هێزێكی ((كەمتر))نابێ)) چەمبەرلین پێشنیاری ئەوەشی كرد كە دەبێ لە خستنەرووی ئەم جۆرە ژمارانە بۆ پارلەمان‌و ولات خۆمان لادەین، بەڵام گرنگی بە مەسەلەی توانای ئاسمانی‌و دەسەڵاتی ئاسمانی بدەین.))

لەحوزەیرانی ١٩٣٥دا، لەندەن دێری وازی هێناو سوین تۆن كرا بە وەزیری هێزی ئاسمانی.

بارودۆخ هەر روو لە خراپی بوو و گوشار هێنانی چێرچیل بۆ ناو كابینە تادەهات زیاتر دەبوو. دژایەتیكردنی ئەندامێتیی چێرچیل لە كابینەدا لەو روەوە بوو كە بوونی ئەو لە كابینەدا رەنگە لە مەسەلەی هەڵبژاردنی جێنشینێكدا بۆ باڵدوین، كە بە گوێرەی بەرنامە دەبوایە چەمبەرلین بێ، كاریگەریی هەبێ.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٣٦دا ژمارەیەك لە ئەندامانی كابینە لەوانە ئیدن، سوێن تۆن‌و دەف كوپەر[٢٨] رەخنەیان لەو پاڵ لێدانەوەیەی دەوڵەت گرت، بەڵام چەمبەرلین هەر دژایەتیی بەرنامەكانی زیادكردنی چەكی دەكرد.

چەمبەرلین لە ٢٨ی مایسی ١٩٣٧دا، جێی باڵدوینی پیری گرتەوە. هەرچەندە ئەو پیرترین كەس بوو كە جێی سەرۆك وەزیرێك بگرێتەوەو تەنیا دوو ساڵ لە باڵدوین بچوكتر بوو، بەڵام هیچ نیشانەیەكی ماندوێتی بە سیمایەوە دیار نەبوو.

بە گوێرەی ئەو نامانەی كە بۆ خوشكەكەی نوسیوە لەو دەمەدا لە پلەیەكدا بووە كە دەیتوانی فەرمان بدا.

---

[28] Duff Cooper





هالفۆكس چاوی بە هیتلەر كەوت‌و كەوتە ژێر كاریگەریی توندی ئیدیعاكانیەوە كاتێك خۆی وەك ئاشتیخوازێك پیشان دەدا.

دوابەدوای ئەوە چەمبەرلین لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پێی داگرت لەسەر ئەوەی كە دەبێ پارلەمان دەربارەی ئەم مەسەلانە بكەوێتە وتووێژەوە. مەسەلەی گەورەبوونی كەلێن لە بەرنامەی فرۆكە سازیدا لە دانیشتنی بەر لە كریسمسی كابینەدا خرایە بەر باس‌و چەمبەرلین لە بیردۆزی بەرامبەری لەگەڵ ئەڵمانیادا پاش گەز بۆوەو وتی: ((هیچ بەڵێنێك تاسەر نیە[٢٩])). لەم كاتەدا بۆ خۆی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیای هەڵدەسوڕاندو دەیویست ئیدن بكا بە سكرتێری تایبەتی پارلەمانیی خۆی، بەڵام دەركەوت كە ئەو لەگەڵ چەمبەرلیندا لە بەرەیەكدا نین، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی چەمبەرلینەوە، رقی لە مۆسۆلینی بوو و گفتوگۆی تایبەتی‌و راستەوخۆی چەمبەرلین لەگەڵ گراندی[٣٠] باڵوێزی ئیتاڵیادا تورەی كرد.

هەر بۆیە ئەو قۆناغ بە قۆناغ،و زیرەكانە، ئیدن‌و دەزگای‌وەزارەتی دەرەوەی لە چاڵەكە هێنایە دەرەوە .

ئەوان لەسەر دوو مەسەلە، كە هەردووكیان پەیوەندیان هەبوو بە لێپرسراوێتیەكانی وەزارەتی دەرەوە، رووبەروی یەكتری بوونەوە.

سەرۆك رۆزفێڵت تازە دەستپێشخەریی بۆ ئەنجامدانی وتووێژێكی ئینتەرناسیۆناڵی دەربارەی بارودۆخی مەترسیداری جیهان كردبوو.

ئیدن بەنیاز بوو پشتگیریی بەریتانیا لەو پێشنیارە رابگەیەنێ، بەڵام چەمبەرلین ئەو پێشنیارەی بە پێشنیارێكی بێ بنەما لە قەڵەم داو رەتی كردەوە.

ئەو بەرنامەی وتووێژكردنی لەگەڵ دیكتاتۆرەكاندا دارشتبوو و ئامادە نەبوو دەست تێوەردانی ئەمریكیەكان لەو مەسەلەیەدا قبوڵ بكا.

---

[٢٩] مەبەست ئەو بەڵێنەیە كەبالدوین سەبارەت بەبەرامبەری لەگەڵ ئەڵمانیادا دابوی ـ و .

[30] Grandi

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

ئیدن لە یادداشتی رۆژانەیدا لە ١٨ی كانونی دووەمی ١٩٣٨دا نوسیویەتی: ((ئەوەی جێی ترسە ئەوەیە كە نەڤیل وادەزانێ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەگەڵ دیكتاتۆرەكاندا پێك بێ. یەكێك لە رەخنەكانی لە دەست پێشخەریەكەی رۆزڤێلت ئەوە بوو كە گەڕانەوە بۆ مافە نێودەولّەتیەكان دیكتاتۆرەكان دەوروژێنێ))

مەسەلەكەی تر، پەیوەندیەكانی بوو لەگەڵ ئیتاڵیادا.

یادداشتەكانی چەمبەرلین ئاماژەی بە هەموو ئەوشتانە داوە كە دەبێ لەم بوارەدا بوترێ: ((لەمانگی حوزەیراندا لەگەڵ گراندی دا كۆبوومەوەو، نامەیەكی دۆستانەم بۆ مۆسۆلینی نووسی. ئەو وەڵامێكی زۆر جوانی دامەوەو ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ دەستپێكردنی وتووێژ لە پێناو نەهێشتنی هەر ناكۆكیەك كە هەبێ. من ئەم نامەیەم پیشانی وەزیری دەرەوە نەدا، لەبەر ئەوەی هەستم كرد رەخنەی لێدەگرێ.))

لە شوباتی ساڵی ١٩٣٨دا، سەرۆك وەزیر بەئیدنی وت كە بە نیازە وتووێژ لەگەڵ ئیتاڵیادا دەست پێبكا، بێ ئەوەی لە سەرەتادا پیداگرێ لەسەر ئەوەی كە هێزەكانی ئیتاڵیا لە ئیسپانیا بكێشێنەوە كە دوابەدوای جەنگێكی خوێناوی ناوخۆ بووبوو بەگۆڕەپانی هێرشی رانەگەیەنراوی هێزەكانی نازی و فاشیست. ئیدن گفتوگۆكانی خۆی لەگەڵ ئەودا بەم شێوەیە تۆمار كردووە: ((نەڤیل چەمبەرلین وتی زۆر چاك دەزانین كەچی دەكا. ئەو دەیویست دەمو دەست وتووێژەكانی دەست پێبكا... من داوام لێكرد پەلە نەكاو پێم وت ئێمە هێشتا لە مەسەلەی ئیسپانیادا هیچ پێشڕەوییەكمان نەكردوە. نەڤیل چەمبەرلین دەمارگرژ بوو، دەمار گرژتر لەوەی تا ئەودەمە لێم بەدی كردبوو. بە هەنگاوی گەورە ئەمسەرو ئەوسەری ژورەكەی تەی دەكردو بە گرژییەكی زۆرەوە وتی ((ئەنتۆنی تۆ چەندین دەرفەتت لە دەست دا، ئەگەر وا بكەیت ناتوانی بەردەوام بیت.)) ئەوقسانەی دەركردنی ئەوی دەگەیاند و بە ئاشكرا رەنگدانەوەی بڕیاری كەسێك بوو كە دەیویست لە شەڕی وەزیری دەرەوە رزگاری بێ. بەڵام ئیدن وەك لە یادداشتەكانیدا





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

نوسیویەتی، دەڵێ: ((ئەگەر باوەڕت بەو كەسە هەبێ، كە وتووێژی لەگەڵدا دەكەی، ئەوا لەسەر هەقی. چەمبەرلین لەوەڵامدا وتی: ((باوەڕم هەیە.))

چەمبەرلین لە نامەیەكی تریدا بۆ خوشكەكەی لەو بارەیەوە نوسیویەتی: ((من بەرەبەرە گەیشتومەتە ئەو دەرئەنجامەی كە ئەنتۆنی نایەوێ هیچ وتووێژێك لەگەڵ هیتلەر و مۆسۆلینیدا بە ئەنجام بگاو كە من ئەو كارەم كرد، دەبێ ئەو وازبێنێ و بڕوا. لەراستیدا ئەو لە كابینە دەركرا.

هارۆڵد مك میلان، لەو بارەیەوە دەڵێ كە ((ئەو (چەمبەرلین)... بەپێچەوانەی بنەماكانی دۆستایەتیەوە كە باوەڕ پێكردنی زەحمەتە، ئیدنی ناچار كرد دەست لە كار بكێشێتەوە... ئەم چیرۆكە بە ژەنگو ژارە كە لە كاتی خۆیدا ئاشكرا كرا تایبەتمەندیەكانی درامایەكی یۆنانی لە قاڵبی ئیتاڵیادا بەرجەستە دەكرد.)) بۆیە ئەگەر پالمەرستۆن لەبەر گوێ نەدان بە داخوازیەكەی شاژن ڤیكتۆریا سەبارەت بە بینینی تەلەگرافەكانی وەزارەتی دەرەوە بەر لەرەوانە كردنیان، لەسەر كار لابرابێ، ئیدنیش لەبەر ئەوە پۆستی وەزیری دەرەوەی لێ سەندرایەوە كە دەیویست ئەو تەلەگرافانەی داونینگ ستریت ببینێ كە نە ئەو و نە وەزارەتەكەی زانیاریان دەربارەی نەبووە.

لەمانگی نیساندا چەمبەرلین لە وتارێكیدا لە بێرمینگهام سەبارەت بە ئایندەی مژدەبەخشی پەیوەندیی دۆستانەو دێرینی نێوان بەریتانیاو ئیتاڵیا دواو هێرشی كردە سەر ئەوكەسانەی كە لەناو حزبی كرێكاران و حزبی لیبرالدا رەخنەیان لەسیاسەتەكانی ئەو گرتووە.

بەڵام نیشانەكانی زۆرداری بەرە بەرە دەردەكەوتن. لیژنەی كاروباری دەرەوەی حزبی موحافیزكار لایەنی ئیدنیان گرت. ئاكامی مشتو مڕەكە بەوە گەیشت كە كاتێك چێرچیل كاریگەری لەوبارەیەوە پێشكەش كرد، نوێنەرێكی موحافیزكار دژی دەوڵەت دەنگی داو ٢١نوێنەریش دەنگیان نەدا. ئەمە سەرەتایەكی بچوك بوو بۆ نارەزاییەكی گەورە تر كە دواتر سەری هەڵدا وكۆتایی بە سەرۆكایەتییەكەی چەمبەرلین هێنا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەرچەندە سەرەتا بەریتانیا دووساڵی كارەساتباری بەرێ كرد. لەمانگی مارسدا چەمبەرلین پشتگیریی كابینەی سەبارەت بە رەتكردنەوەی داخوازیی لێكۆڵینەوە لە بەرگریی ئاسمانی دەستەبەر كرد.

دوای هەفتەیەك لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی كابینە كە ئەندامەكانی زیاتر بریتی بوون لە دۆستانی نزیكو بەوەفای سەرۆك وەزیر هەوڵیاندا مەترسیی هێرشی نزیكی ئەڵمانیا بۆ سەر چیكۆسلۆڤاكیا بشارنەوە. سایمۆن لەم بارەیەوە وتویەتی: ((دیاردەیەكی نوێو ساختە لە مێژوودا بێ هاوتایە)). چەمبەرلین بە ئەنجومەنی نوێنەرانی وتبوو كە دەوڵەت چاو بە خەرجیی بەرگریدا دەخشێنێتەوە: ئەنجومەنی نوێنەران وا لەو قسەیە گەیشت كە بەرگریی وڵات بەهێز دەكرێ وتووێژەكانی كابینە لە ٢٢ی مارسدا سەلێنەریی ئەو راستییەیە:

((بە كابینە راگەیەنرا كە لە ئێستادا لیپرسراوانی خزمەتگوزاریی بەرگری فەرمانیان پێدراوە خەرجیی بەرگری كەمكەنەوەو ئاماژە بەوە درا كە ئەم فەرمانە بە پێچەوانەی راگەیاندنەكەی دەوڵەتەوەیە تایبەت بە كارا كردنی ئامادەیی چەكداری.))

دوو رۆژ دوای ئەوە بە رەزامەندیی كابینە، چەمبەرلین رایگەیاند كە پەرە بە جبەخانە دەدرێ: ((خێراكردنی بەرنامەكانی ئێستا بە پێویست دەزانرێ.))و ئاماژەی بەوەدا كە مەبەست، خێراتركردنی بەرنامەكانی راف (هێزی ئاسمانیی مەلەكی)و بەرگریی دژە ئاسمانیە.

لە مانگی نیساندا رایگەیاند كە لەگەڵ مۆسۆلینیدا بە رێكەوتنێك گەیشتون. بەگوێرەی ئەو رێكەوتنە، داگیركردنی حەبەشە بە رەوا نەزانراوە. چەمبەرلین لەو بارەیەوە بە ئەنجومەنی نوێنەرانی راگەیاند: ئیتالیا رازی بوو لەسەر ئەوەی هێزەكانی خۆی لە لیبیا كەم كاتەوەو رێ كەوتوون لەسەر ئەوەی بەریتانیاش پێگەی خۆی لە كەنارەكانی فەلەستین بەهێزتر نەكا: ((من لەو باوەڕەدام ئێمە بتوانین لە داهاتوودا پشت بە دۆستایەتیی ئیتاڵیای نوێ ببەستین كە لەسەر چەند بنەمایەكی پتەو بنیاد نرابێ.






مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەروەك چۆن رۆژگارێك پشتمان بە دۆستایەتیی ئیتاڵیای كۆن دەبەست.)) چێرچیل چەمبەرلین و كابینەكەی ورياكردەوە: ((تۆ هەموو ئەو ئامرازە راستەقینانەی كە بۆ ئاسایشو مانەوەی وڵات پێویستن بە ئومێدی زامنكردنی ئاشتیو ئاسایشێكی بێ بنەما، تورِ هەڵدەدەی.)) سیاسەتی چەمبەرلین لە بەرامبەر نوێكردنەوەی چەكدا تا رادەیەك كەوتبووە ژێر كاریگەریی ئەو مەیلەی كە بەلای كەم كردنەوەی خەرجیدا هەیبووە، بەڵام سیاسەتی بنەڕەتیو لەو باوەڕەوە سەرچاوەی دەگرت كە دەتوانێ لەگەڵ دیكتاتۆرەكاندا دانوستان بكا: ئەم سیاسەتە لەگەڵ سیاسەتی نوێكردنەوەی چەك بە سادەیی دوو رووی دراوێك بوون. لە ئەنجامدا، سوین تۆن بڕیاری دا دەست لەكار بكێشێتەوە.

سەرگوزەشتەی میونیخ كە لێكدانەوەی كتێبێكی تایبەتی دەوێ، لە چەندین كتێبی مێژوودا ئاماژەی پێدراوە: لەوانە لەلایەن چێرچیلەوە لە چەند كتێبێكدا بەناوی (چێرچیل)ەوە كە لەلایەن (مارتن گیلبێرت[٣١] )ەوە نوسراوە. پێشتر گیلبێرت لایەنگری چەمبەرلین بوو.

[31] Martin Gilbert



**نەڤیل چەمبەرلین لەگەڵ ئەدۆلف هیتلەردا**





جگە لەوە لێكۆڵینەوە بەپێزەكەی یان مك لود كە هەرچەندە بە شێوەیەكی گشتی ئەویش لە لایەنگرانی چەمبەرلین بوو، بەڵام زیاتر لایەنی زانستیانەی هەیەو مەبەست لێی داكۆكی كردن لەو نیە. چەمبەرلین دڵنیابوو لەوەی كە دەكرێ ئەو قەیرانە چارەسەر بكرێ كە زادەی ئامانجی داهاتووی هیتلەر واتە چیكۆسلۆڤاكیا بوو.

بۆ ئەو مەبەستە لۆرد رانسیمین وەزیری خانەنشینكراوی سەر بە حزبی لیبرالی نیشتمانیی رەوانەی پراگ كرد.

گرنگیدانی چەمبەرلین بە بارودۆخی چیكۆسلۆڤاكا لە هەواڵێكی رادیۆییەوە دەربارەی ((وڵاتێكی دوورەدەست كە هیچی وای لە بارەوە نازانین)) دەستی پێكردو گەیشتە قۆناغی نیگەرانیو پاشا بریاری دا كە ناوبژیوانییەكی شەخسیی بێهاوتا بخاتە گەر. ئەو ناوبژیوانییە سەردانی (بادگۆردسبێرگ[٣٢])و (میونیخ)ی لێكەوتەوە. ئایا بەراستی باوەڕی وابوو كە پەیوەندیە شەخسیەكانی لەگەڵ دیكتاتۆرەكاندا سەركەوتنی لەو هەوڵە ناوبژیوانانەدا بۆ مەیسەردەكا؟ یا هەستی دەكرد كە گرنگیدانی بۆ ماوەی دووساڵ بە سیاسەتی (رازی كردن) بەفیڕۆ دەڕواو متمانەی نامێنێ؟، ئەمەیان جێی مشتومڕێكی زۆرە، بەڵام نامە تایبەتەكانو تۆماری وتووێژەكانی كابینە هەموو ئەمانە ئەو راستیە بەرجەستە دەكەن كە باوەڕێكی تەواوی بەوە هەبووە كە ئەو تەنیا كەسێكە كە بتوانێ لەگەڵ دیكتاتۆرەكاندا بسازێ. سێ جار سەفەر كردن بۆ ئەڵمانیا، كە سەفەرەكەی بۆ گۆدسبێرگ یەكەمین گەشتی ئاسمانیی ئەو پیاوە تەمەن ٧٠ ساڵە بوو، بەشایەدیی مێژوو لەهەمو رویەكەوە سوكایەتی ئامێز بوو.

راستیی ئەوەی كە ئەو سەفەرانەی سوكایەتی بۆ بەریتانیا بەبارهێنابێ یاخود نا، لەو دەمەدا ساغ نەبۆوە: و تەنانەت زۆرینەی خەڵكیش لەو باوەڕەدا نەبوون. رۆژنامە زەردەكانی بەرەی كۆنەپارێز (جگە لە دەیلی تەلەگرافو یۆركشایەر پۆست)

---

[32] Bad Godesbery

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پشتیوانییان لێدەكرد: و نزیك لە زۆرینەی رای گشتی هەستیان بەو ئاسودەییە دەكرد كە مەترسیی جەنگیان لێ دوور خراوەتەوە.

خودی چەمبەرلین هیچ گومانێكی لەوەدا نەبوو كە توانیویەتی مەترسیی جەنگ دوور بخاتەوە. كاتێك جارنامەی میونیخی بە دەستیەوە گرت و بەرزی كردەوە و رایگەیاند كە: ئەم قەواڵەیە ((ویستی خەڵكی هەردوو وڵات (ئەڵمانیاو بەریتانیا)یە تا هەرگیز جارێكی تر لە دژی یەكتری نەجەنگن.)) و ئیدیعای ئەوەی كرد كە ئاشتییەكی پڕ لەشانازی دەستەبەر كردوە. بەجۆرێك كە ئیدیعاكەی دیزرائیلی لە گەڕانەوەیدا لە كۆنگرەی بەرلین بە بەراورد لەگەڵ ئەو كارەی خۆیدا بەكەم بایەخ و بچوك لەقەڵەم دا.

چەمبەرلین دەیزانی كە شیرازەی كابینەكەی تێكچوە و ئەو یەكڕیزیەی لە نێوان وەزیرەكانیدا هەبوو ئێستا نەماوە،و تا دێ زیاتر رووبەڕوی نارەزایی سەبارەت بە مەسەلەی نوێكردنەوەی چەك دەبێتەوە.

لۆرد هۆلیفۆكس یەكەم كەس بوو كە سەركەوتویی سەفەرەكەی چەمبەرلینی خستە ژێر پرسیارەوە و راشكاوانە وتی كە بە رای ئەو دەبێ نازیسم لەناو ببرێ.

لۆرد (هیلزهام[٣٣])ی (باوك) بێ متمانەیی خۆی بەرامبەر گفتەكانی هیتلەر پیشاندا.

دۆف كوپەر كە لەسەر ئەو وتوێژانە هاتە سەر ئەوەی دەست لەكار بكێشێتەوە، فەلسەفەی سەفەركردنی بۆ میونیخ بە تەواوی رەت كردەوەو پێشنیاری كرد كە باشتروایە هێزی دەریایی لە نزیكترین دەرفەتدا بخرێتە حاڵەتی ئامادە باشیەوە.

هۆر- بلیشا وەزیری جەنگ و ۆڵتەر ئیلیۆت[٣٤] كە یەكێك بوو لە پیاوانی دێرین و بەدەسەڵاتی ناو كابینە، پشتگیریان لێ كرد. ئێنسكیپ، كینگزلی وود[٣٥] و ستان

[33] Lord Hailsham
[34] Walter Eliot
[35] Kingsley Wood





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

هۆپ[٣٦] و مالكۆڵم مك دۆناڵد تاكە كەسایەتیی سەردەمی ئیئتیلافی بەر لە ١٩٣١ی حزبی كرێكاران، داكۆكییان لە سەرۆك وەزیر كرد.

چەمبەرلین بارودۆخەكەی بە دژوار و تاقەت پڕوكێن لە قەڵەم دا و بە هاوكارەكانی خۆی لەناو كابینەدا راگەیاند ( وەك لە تۆماری وتوێژەكانی كابینەدا هاتوە) كە لەو كاتەوەی بۆتە وەزیری دارایی بەردەوام هەستی بەو بەرپرسیارێتیە كردووە كە باری سەنگینی دابینكردنی چەك كەمەری میللەت دەشكێنێ. ئەوەش یەكێك بوو لەوفاكتەرانەی كە ئەو باوەڕەی لا درووست كرد كە پێوستە هۆكارەكانی پێشبڕكێی جەنگ لەناو ببرێ. لەو بارەیەوە وتویەتی: ((من لەو باوەڕەدام ئێستا ئێمە ئومێدێكی زیاترمان هەیە: لەبەر ئەوەی ئەو كۆبونەوانەی لەگەڵ دەسەڵاتە دیكتاتۆریەكاندابە ئەنجاممان گەیانددوە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخساندوین كە لەگەڵیاندا ڕێكبكەوین و لەو رێیەوە كۆتایی بە پێشبڕكێی چەك بهێنین. پێویستە وڵاتانی تریش هان بدەین هەمان رێچكە بگرنەبەر دەنا راگرتنی ئەو پێشبڕكێیە تەنیا لەلایەن ئێمەوە جۆرێك دەبێ لەشێتی. بۆیە لە ئێستادا نابێ درێغی لە هیچ هەوڵێك بكەین بۆ پڕكردنەوەی كەم و كورتیەكانمان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە كە لە سایەی پەرەسەندنی ئەو پەیوەندیانەدا دەم و دەست پەرە بە توانا سەربازیەكانمان بدەین.))

هەرهەمان قسەشی لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا دوبارە كردەوە، بەڵام كەسایەتیە بەرجەستەكانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران بە بیستنی زیاتر شپرزە بوون.

ئەتلی وتی : ((وا هەست دەكەین كە لە ناو دڵی تراژیدیایەكداین. ئێمە هەست بە كەمی دەكەین. ئەمە سەركەوتنی مەنتیق و سەركەوتنی مرۆڤ نییە. بەڵكو سەركەوتنی هێزی نەزانیینە)) سێر ئار چیباڵد سینكلەر[٣٧] رابەری لیبرالەكان لەناو ئەنجومەندا وتی: ((سیاسەتێك كە نادادپەروەری بەسەر میلەتێكی بچوك و لاوازدا بسەپێنێ و پیاوان و ژنانی ئازاد بچەوسێنێتەوە هەرگیز ناتوانێ بێتە بناغەی ئاشتیەكی هەمیشەیی)).

[36] Stanhope
[37] Sir Archibald Sinclair

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئیدن وتی خۆ بەدەستەوەدانی یەك لەدوای یـەك تەنیاهـەر سـوكایەتیی یـەك لـەدوای یەكی لێدەكەوێتەوە.

نوێنـەرانی تـوریش هـەروەك چـۆن ولاّت پێـشوازیی لـە چـەمبەرلین كـرد ، ئـەوانیش پشتگیریان لێكرد ، بەلاّم ریـچاردكوری بۆنـارلا سـەلماندی كـە سەرسـەختو سـەربەخۆیە. چەمبەرلین لەوبارەیەوە بۆ خوشكەكەی نوسی: ((جاروبـار هـەوڵ دەدەم بـە خوێندنـەوەی ژمارێـەك لـەو نامـە و تەلەگرافـە بـێ شـومارانەی كـە هێـشتا بـە لێـشاو بـۆم دێ ،و نوسەرەكانیان هەست بە ئارامی دەكەنو پێزانینی خۆیـان دەردەبـڕن، گـازی ژەهراویـی (رەخنەكان) پوچەڵ كەمەوە. سەرجەم جیهان ستایشی مـن دەكەن، جگـە لـە ئەنجومـەنی نوێنەران، بەلاّم ئەوێ ئەو جێیەیەكە تیایدا هەست دەكـەم خـودی خـۆمم (واتـە لەپلـەی سەرۆك وەزیریدا نا بەڵكو وەك تاكێكی ئاسایی)، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەنگی لـە گوێمـدا دەزرینگێتەوە (ئازارم دەدا).)) ئەو قۆناغـەیە كە سەرۆك وەزیرێك بـۆ قەرەبووكردنـەوەی كاردانـەوەی پارلـەمان، چـاوێك بـە سـندوقی پۆسـتی نامەكانیـدا (كـە پـڕە لـە نامـەی پـشتیوانی) دەخـشێنێتەوەو دەڵـێ دیموكراسـی لـە مەترسـیدایە، بـەلاّم لەراسـتیدا چەمبەرلین پارلەمانی بەسەلامەتی تەی كردبوو.

مشتو مڕی تایبەت بە رێكەوتننامەكەی میونیخ لـە پارلەمانـدا كۆتـایی پێهـاتو كابینە جارێكی تر كاروباری ئاسـایی خـۆی دەسـت پێكـردەوەو هەركەسـەو بەكارەكـەی خۆیەوە سەرقاڵ بوو. ئەو ئەندامانەی كابینە كە ئەو قەیرانەیان بە خاڵێكی لاواز بۆ ولاّت لەقەڵەم دەدا گوشاریان هێنا تـا بـۆ بـەهێزكردنی توانـا سـەربازیەكانی ولاّت هـەنگاوی خێرا بنرێ و چەمبەرلاین وەك هەمیشە توانای سنورداری خەزێنەی دەدایەوە بە چاویاندا. چەمبەرلین بەرەبەرە كارێكی كرد گرنگیەكی ئەوتۆ بە دەنگی كابینە نەدا. ئـەم كـارە بـۆ ئەو لە بێدەنگ كردنی پارلەمان ئاسانتر بوو و كێشەیەكی ئەوتۆشی بۆ دروست نەكرد.

هیچ كام لە ئەنـدامانی كابینەوتەنانـەت سـەرجەم كابینـەش بەقـەد هـاریس وێڵـسن بەدەسـەلاّت نـەبوو. هەریەكـەیان لانـی كـەم دوای هەڵبـژاردنیان لـە پارلەمانـدا، ئـەو





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پۆستانەیان پێ درابوو، بەلاّم هـاریس وێڵـسن لـەو بنەمایـە بـەدەر بـوو. دەسـەلاّتی ئـەو بەرادەیەك بوو كە ئەو هەقەی دەدا بە خۆی كە لـەجیاتی سـەرۆك وەزیـر روونكردنـەوە بـە وەزیری هێزی ئاسمانی كینگزلی وود بدا كە زیادكردنی پێشنیارێك تایبـەت بـە سـنوری توانـای بەرهـەم هێنـانی فڕۆكـە ((تـا ئاسـتێك كـە بەرامبـەر بـێ بـە توانـای ئاسمـانیی ئەڵمانیەكان)) بەهیچ جۆرێك قبوڵ ناكرێ، لەبەرئەوەی ئەڵمانیەكان ((وا لێكی دەدەنەوە كە ئێمە بڕیارمان داوە لەپشتەوە خەنجەر لە رێكەوتننامەكەی میونیخ بدەین.))

ئەگەر تا ئەو دەمە دوودڵییەك هەبوبێ لەوەدا كە رێكەوتننامەكەی میونیخ جۆرێكـە لەخۆبەدەستەوەدان:ئەوا ئەو بۆچونە هەموو گومانێك دەڕەوێنێتەوە. هەروەها وتی: ((زۆر ئەسـتەمە كـە ئـەڵمانیا رێـز لـە بێلایـەنیی بەلـچیكا نـەگرێ.)) رەنگـە هێڵـی مـاژینۆ پتەوترین بەربەستی بەرگری بوبێ كە تا ئەو دەمە بنیاد نرابێ. ئەم كارە دە مانگ بەر لە سەرهەڵدانی جەنگ و ١٧مانگ دوای كەوتنی فەرەنسا، بە ئەنجام گەیەنرابوو.

ئەندامانی بەدەسەلاّتی كابینە بۆ ئامادەیی تەواو گوشاریان دەهێنا. هـالیفۆكس بـە لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی راگەیاند كە بە گوێرەی ئەو زانیاریانـەی گەیشتۆتە دەسـتمان هیتلەر وتویەتی: ((ئەگەر لە جێی چـەمبەرلین بومایـە بـۆ ئامـادەكردنی ولاّتەكـەم لـە بەرامبەر هەڕەشەی گەورەترین جەنگدا، بۆ ساتێكیش دوانەدەكەوتم:و خۆم سازو ئامادە دەكرد. ئەگەر ئینگلیزەكان تا بەهاری سـاڵی ١٩٣٩سـەرجەم هێزەكـانی خۆیـان تـەیار نەكەن ئەوا ئیمپراتۆریە جیهانیەكەیان لەدەست دەدەن. جێی سەرسـوڕمانە كـە ولاّتـانی دیموكراسی ئاوا رێ لەبەردەمماندا هەموار دەكەن بۆ گەیشتن بە مەرامەكانمان[38].))

بەرهەمە سەربازیەكان هەروەك جاران لە سەر بنەمای كـاتی ئاشـتی درێـژەی هـەبوو. ئەو كەسـانەی لـە دەرەوەی حكومـەت بـوون و لـە كـاتی حكومـەتەكـەی لۆیـد جۆرجـدا،


---

[38] ئەم راپۆرتە لەو تەلەگرامە سـاختەیە دەچـێ كـە ئینگلیزەكـان بـۆ راپـێچ كردنـی ئـەمریكا بـۆ جـەنگ ناردبویانو بەدوو، دەزانرێ هیتلەر دڵسۆزیەكی ئاوا بەرامبەر بەئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بنوێنێو لێدوانی لەو جۆرەی لەدژی خۆی بدا ـ و .

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بەریتانیایان بۆ جەنگ تەیار كردبوو، سەریان لە كاری حكومەتەكەی چەمبەرلین دەرنەدەكرد: و لەو سیستمەی تێ نەدەگەیشتن، بەڵام چەمبەرلین هێشتا نەهاتبۆوە هۆش خۆی: ئەو لەو باوەڕەدا بووكە دەتوانێ قەناعەت بە دیكتاتۆرەكان بكاو لەو بارەیەوە نامەی بۆ خوشكەكەی نووسی.

سەرقاڵی چاندنی تۆوی باشتر بوو لەگەڵ فرانكۆی دیكتاتۆری ئیسپانیادا، لەبەرئەوەی پێی وابوو كە دەتوانێ رێ لەبەردەم پەرەپێدانی پەیوەندیەكانی نێوان بەریتانیاو ئیتاڵیا هەموار بكا: ((دیسانەوە دووبارەی دەكەمەوە كە سەرەنجام ئێمە سواری شانی دیكتاتۆرەكان دەبین... ئەگەر ئەوانە هەر لە سەرەتای دەست بەكاربوونی منەوە تێگەیشتنێكی راستیان بۆ سیاسەتەكەی ببوایە رەنگە رازی تر بونایە لەوەی كە هەیە....)) تا كۆتایی مارسی ١٩٣٩ وەك جاران لە نامەكانیدا كە بۆ خوشكەكەی دەنوسی ئاماژەی بەوە دەدا كە بارودۆخ ئاساییەو بۆ هەر جێیەك بچێ ((بەدرێژایی رێ،)) لەلایەن خەڵكیەوە بەگەرمی پێشوازی لێدەكرێ.



چەمبەرلین لەمیوانداریەكی تایبەتدا لەماڵی ئەلێك دۆگلاس ـ ساڵی ١٩٣٨





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پۆڵەندە لەبەردەم هەڕەشەدا بوو. ئەندامانی پارلەمان و لەوانە سەرجەم ئەو كەسانەی لە بەرژەوەندیی رێكەوتننامەی میونیخ دەنگیان دابوو، بە چاوی مەحەكی تاقیكردنەوە لەو مەسەلەیە (بارودۆخی پۆڵەندە)یان دەڕوانی، بەڵام ئەو بۆ خوشكەكەی نوسیبوو كە ئەوەی بەریتانیای نیگەران كردووە سنوری وڵاتان نیە، بەڵكو هەڕەشەكردنە لە سەربەخۆییان و ئەو بەلایەوە گرنگە ((بەڵام ئەوە ئێمەین كە دەتوانین قسە لەوە بكەین كە داخۆ سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە كەوتۆتە مەترسییەوە یاخود نا.)) پۆڵەندیەكان دوابەدوای داگیركردنی چیكۆسلۆڤاكیا بۆیان دەركەوتبوو كە هەڕەشەلێكردنیان بەر لە داگیر كاری، بێ بنەما نەبووە.

لەناوەوەی وڵاتیش، تەنانەت خاوەن كارگەكانیش دەنگیان لێ بەرز بوبۆوەو دەیانگوت كە دەبوو دەمێك بوایە وەزارەتی پشتیوانیی دامەزراندرایە.

سەرەنجام هاتە ژێربارو ئەو وەزارەتەی دامەزراند و پارێزەرێكی ئەندامی حزبی لیبرال بەناوی بریگن كرا بەوەزیر. من (نوسەر) لە سەرەتای ساڵی 1940دا بۆ ماوەیەكی كەم لەو وەزارەتەدا خزمەتم كردوە: هەرچەندە دەكرا سود لە ئەزمونی وەزارەتی تەقەمەنی ئینگلتەرە لە كاتی جەنگی یەكەمدا وەربگیرێ، بەڵام پێكهاتەی نوێی وەزارەتی پشتیوانی لەژێر سەرپەرشتیی بریگندا تەنانەت دوكانێكی بچوكیشی بۆ بەرێوە نەدەبرا.

پەیوەندی لەگەڵ روسیاش بۆ خۆی مەسەلەیەك بوو. ئەگەر چەمبەرلین تێگەیشتنێكی بۆ مێژوو هەبوایە- وەك چۆن لەسەر هەموو سەرۆك وەزرێك پێویستە كەهەیبێ - هەوڵی زۆری دەخستە گەڕ بۆ پەرەپێدانی ئەو پەیوەندیانە. لەبەرئەوەی هێزێكی كیشوەری (مەبەست ئەڵمانیایە) توانای ئەوەی نییە كە لە دوو بەرە جەنگ بەرپا بكا: دوای چوار ساڵ دەبینین كە هیتلەر چۆن لەناو بەفرەكەی روسیادا گیری خواردوە. هەروەك چۆن دیكتاتۆرێكی تر (ناپلیۆن پۆناپارت) لەساڵی ١٨١٢دا گیری خوارد. هەرچەندە چەمبەرلین دەرفەتێكی جیهانیی بۆ رەخسا، سەلماندی كە مێشكی بچوكەو لەئاستی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڕێوەبردنی شارێك زیاتر بڕناكا* جارێكی تر بۆ خوشكەكەی نووسی: ((بەدبینی‌و دودڵیم بەرامبەر بەهای یارمەتیی روسەكان بەجۆرێكە كە ئەگەر رۆژێك لەرۆژان بە پێویستی بزانین كارێك ئەنجام بدەین، رەنگە چاوپۆشی لەو یارمەتیە بكەین.))

لەكاتێكدا ئەوە ستالینگراد، لینینگرادو مۆسكۆ بوون كە زۆر زووتر لە ئەمریكیەكان هاتن بەهانای ئەوروپای خۆراواوەو لەدوایین رووبەروبونەوەدا لەفەرەنسا، چۆكیان بە هیتلەر دادا. جگەلەوە ئەگەر چەمبەرلین لەساڵی ١٩٣٩دا كاردانەوەیەكی تری هەبوایە ئەركی چێرچیل لە ساڵانی كۆتایی جەنگداو ئەركی خۆراواییەكان لە رێكەوتننامەكانی دوای جەنگدا، زۆر ئاسانتر دەبوو.

دوایین قەیران لەسەر دانزیك سەری هەڵدا. چەمبەرلین دوای داگیر كردنی چیكلۆسلۆڤاكیا لەلایەن ئەڵمانیاوە، نەمانی نەمسای بەچاوی خۆی دی.

لەلایەكی ترەوە بینی كە چۆن مۆسۆلینی شەڕەنگێزانە پەلاماری ئەلبانیای دا.

سیاسەتی رازیكردن لەودەمەدا سودێكی زۆر كەمی بۆ چەمبەرلینی بازرگانی بێرمینگام دەستەبەر كرد.

بەسەرلێشێواویەوەو لەكاتێكدا تا رادەیەك كۆنترۆڵی كابینەی لەدەست دابوو، چەند بەڵێنێكی بە پۆلەندەو رۆمانیا دا، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی مەودای جوگرافی، لە رووی سەربازییەوە قابیلی جێبەجێكردن نەبوو.

هیتلەر داوای دەربەندی (دانزیك)ی دەكرد كە ئەڵمانیای بە پروسی خۆرهەڵاتەوە گرێ دەدایەوە.

چەمبەرلین هێشتا ئومێدێكی هەبوو (بەڵام بەوشێوەیەش نەبوو كە دەبوایە ببێ) كە ئەگەر داوایەك لە هیتلەر بكا بە كاریگەریی رێكەوتننامەكانی بادگۆدسبێرگ‌و میونیخ بەدەنگیەوە بێ.

* مەبەست ئەوەیەكە ئەو بۆ شارەوانی خولڤابو نەك بۆ بەرێوەبردنی وڵات‌و سیاسەتمەداری ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵام هیتلەر لە یەكی ئەیلولدا پەلاماری پۆڵەندەی دا هەرچەندە بۆ رۆژی دوایی كابینە داوای كرد وادەیەك بۆ هیتلەر دەستنیشان بكرێ و نیوەشەوی هەمان رۆژی بۆ دیاری بكرێ، بەڵام چەمبەرلین و بەتایبەت هاریس وێڵسن هێشتا هیوابڕاو نەبووبوون لەوەی كە قەناعەت بە هیتلەر بكەن لە پۆڵەندە بكشێنەوەو دەست بە وتووێژ بكا.

چەمبەرلین بەرەو ئەنجومەنی نوێنەران بەرێ كەوت كە نزیكەی تێكڕای ئەندامەكانی چاوەڕوانی ئەوەبوون دوای دەست نیشانكردنی وادەیەك‌و ئاگادار كردنەوەیەكی بەهێز كە ئەگەر هیتلەر نەیەتە سەربارو رازی نەبێ، بەریتانیا جەنگ لەدژی ئەڵمانیا رابگەیەنێ.

بەڵام چەمبەرلین بەپێچەوانەی ئەوەی كە چاوەڕوان دەكرا، باسی لە خولێكی تری وتووێژ كرد، هەرچەندە ئەمجارەیان كشانەوەی هێزەكانی ئەڵمانیای كردبووە پێش مەرج: ((هەركاتێك ئەڵمانیا رازی بوو لەسەر ئەوەی هێزەكانی خۆی بكێشێتەوە، ئەودەم دەوڵەتی خاوەن شكۆ پاشای بەریتانیا لەوە دەكۆڵێتەوە بارودۆخەكە وەك پێشوی لێبێتەوە، بەرلەوەی ئەڵمانیا لەشكركێشی بۆ ئەودیو سنورەكانی بكا.)) ئەگەر هێزەكانی ئەڵمانیا بكشێنەوە، ((رێ لەبەردەم وتو وێژی نێوان ئەڵمانیاو پۆڵەندە هەموار دەبێ))و بەریتانیاش ئارەزوو دەكا (بەشداری) لەو وتووێژانەدا بكا، بەڵام ئەنجومەن كاردانەوەیەكی زۆر توندی نواند. بەقسەی لیو ئامری: ((ئەنجومەنی نوێنەران سەرسام ببوو)). لێپرسراوی دیسپلینی ئەنجومەن سێر وان مارگسن ترسی ئەوەی لێ نیشت كار بگاتە لێدان و پێكدادان.كابینە كە بڕیاری كۆتایی خۆی سەبارەت بە دەست نیشانكردنی وادەیەك بۆ هیتلەر دابوو، بەو قسەیەی چەمبەرلین حەپەسا. ئەتلی لەبەر نەخۆشی نەیتوانی لە ئەنجومەن ئامادەبێ. گرین وود خۆی ئامادە كرد تا گورزی كوشندەی خۆی بوەشێنێ. ئامری داوای لێكرا كە: ((بەناوی بەریتانیاوە قسەبكا)) گرین وود داوای لە ئەنجومەن كرد لە دانیشتنی نیوەڕۆی یەكشەممەدا بڕیاری خۆی بداو بە خەڵكی رابگەیەنێ: ((هەر دەقیقەیەك دواكەوتن واتە هەڕەشە كردن لە ژیانمان.. لە بەرژەوەندیی نیشتمانیمان...و لەق كردنی پایەكانی شەرەفی نیشتمانیمان.))

كابینە هەڵچوو. سایمۆن، هۆر- بلیشا، سێر جۆن ئەندەرس وڵتەر ئیلیۆت،و كۆنت دالادێر[40] چوون بۆ ژورەكەی چەمبەرلین‌و داوایان كرد وادەكە دەستنیشان بكرێ. چەمبەرلین هالیفۆكسی بانگهێشت كرد بۆ نانی ئێوارە . گروپەكەی سایمۆن نامەیەكیان بۆ نارد‌و داوایان لێكرد هەنگاو بنێ. ئیتاڵیەكان كە چەمبەرلین چاوی هیوای تێ بڕیبوون، وتیان كە وا هەست دەكەن (دەرفەتی ئەوە نەماوە) داوا لە ئەڵمانیەكان بكەن گرێدانی كۆنفرانسێك پەسەند بكەن: ((ئەوان بە كشانەوە رازی نابن)) سەعات ١٠ی شەو چەمبەرلین تەلەفۆنی بۆ دالادیە[41] سەرۆك وەزیری فەرەنسا كرد.

یەكلابۆوە كە لەماوەی ٤٨سەعاتدا وادەكە دیاری دەكرێ. سەعات ١١ی شەو كابینە كۆبونەوەیەكی ئەنجامداو بڕیار درا وادەیەك بۆ ئەڵمانیا دەستنیشان بكرێ.وادەكە لەنیوەڕۆی رۆژی یەكشەممەدا بەسەر دەچوو، سەعات ١١ی بەیانی رۆژی یەكشەممە بەریتانیا بەرەسمی جەنگی راگەیاند. لەو هەل‌و مەرجەدا، رەوا بوو كەحكومەتێكی نیشتمانی پێك بهێنرێ، بەڵام چەمبەرلین رێگەی نەدا. بۆیە ئەوە دەوڵەتێكی موحافیزكار بوو كە بەریتانیای راپێچی جەنگ كرد ،و تا مانگی مایس درێژەی بەكارەكانی دا .بەوشێوەیە كابینە بوو بە كابینەیەكی جەنگی‌و بە هێشتنەوەی ((ئەندامانی پێشووی حكومەتەكەی چەمبەرلین))، ژمارەی ئەندامەكانی ئاستی ئاسایی تێپەڕاند. جیاوازیەكی ئاشكرای ئەم كابینەیە لەگەڵ كابینەكانی پێشوودا ئەوە بوو كە وینیستۆن چێرچیل وەك وەزیری دەریاداری‌و لۆردی یەكەمی نوێ ((گەڕایەوە ناو حكومەت))

ئەو چەند مانگەی دوایی ماوەی ((جەنگی خامۆش[42])) بوو، و لێپرسراوانی مەدەنی‌و چەمبەرلینیش لەو باوەڕەدابوون كە جەنگ شكستی دوژمنی لێناكەوێتەوە

---

[40] Earl de warr

[41] Daladier

[42] جەنگی خامۆش لەدەستەواژەكانی جەنگی دووەمی جیهانیەو گوزارشتە لەجۆرە حاڵەتێكە، جەنگێكە هێشتا نەگۆڕاوە بۆ جەنگێكی تەواو. یەكەمین ساڵە، جەنگی دووەمی جیهان ماوەی جەنگی خامۆش بووـ .





بەڵكو بە وتوێژی خێرا و لەكاتی گونجاودا كۆتایی پێدێ. هیچ شتێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتبوو.دیسانەوە بۆ خوشكەكەی نوسی: ((وای بۆ دەچم كە جەنگ تا بەر لەگەیشتنی وەرزی بەهار كۆتایی پێبێ، بێ گومان بە شكست لە مەیدانی جەنگ نا، بەڵكو بە پەی بردنی ئەڵمانیەكان بەو راستیەی كە ناتوانن تیایدا سەركەون:و لە كاتێكدا ئەگەر بتوانن بە زووترین كات بە ئامانجەكانی خۆیان بگەن، بێ ئەوەی هیچ شتێك لەدەست بدەن، بێ هودەیە ئەگەر بە نرخی لاوازتر بوون‌و هەژار تر بوونی خۆیان درێژە بە جەنگ بدەن.

من لەو باوەڕەدام كە ژمارەیەكی زۆر لە ئەڵمانیەكان بەم شێوەیە بیر دەكەنەوە:و لە داهاتوی نزیكدا كاتێك بینیان كە لە رووی سەربازیەوە هیچ پێشڕەوییەك ناكەن هەرزوو ئەو جۆرە كەسانە ژمارەیان زیاتر دەبێ.)) بەو شێوەیە خەیاڵ پلاویەكانی هەر لەجێی خۆی مابۆوە، و دەسەڵاتی لە دەستدابوو. چیتر نەیدەتوانی رای خۆی بەسەر كابینەدا بسەپێنێ.

كابینە كابینەی جەنگی بوو چێرچیلیش بەشێك بوو لەو كابینەیە. پەیوەندیی نێوان چەمبەرلین‌و چێرچیل رەسمی و دروست‌و تا رادەیەك دۆستانە بوو. ئەو كابینەیە نەما بوو كە تاكە كەسێك بتوانێ رای خۆی بەسەریدا بسەپێنێ.

لەكابینەی نوێدا بنەمای كاركردن گۆڕا بوو و چیتر پەیوەست نەبوو بە باری دارایی‌و خەزێنە یا سیاسەتی رازی كردنەوە. بەڵكو كابینەیەك بوو كە دەبوایە هەر هەنگاوێكی و هەر بڕیارێكی و هەر وشەیەكی بە ئاراستەی سەركەوتن بێ لە جەنگدا.

جەنگی خامۆش سەرەتا چەمبەرلینی هێنابووە كایەوە.

لە دەمی ئەوجەنگەدا پۆڵەندا پەلامار دراو سەرانسەری ئەو ولاتە داگیر كرا، بەڵام بەریتانیا لە ئاگری جەنگ دوور بوو.

ئەڵمانیاش زیانی پێنەكەوت جگە لەوەی فڕۆكەكانی بەریتانیا لەبری بۆمب بەیاننامەیان بەسەردا دەباراند. هەندێكیان چەند بڕگەیەك بوو لە وتەكانی پێشووی هیتلەر كە تیایدا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێچەوانەی قسەكانی هیتلەری دەدایەوە

بەروی ئەڵمانیەكاندا. هەندێكی تریان چەند بڕگەیەك بوو لە لێدوانەكانی چەمبەرلین. بە داخەوە بەستەیەك لەو بەیاننامەیە لە ئاسماندا نەكرایەوەو بەر سەری هاووڵاتیەكی مەدەنی كەوت‌و كوشتی‌و ئەوە یەكەم بۆمب بارانی كاغەزیی ئەڵمانیا بوو لەلایەن بەریتانیاوە. هێزە دەریایەكانی هەردوو وڵات چەندین جار لەناو ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا رووبەروی یەكتری بوونەوە: چەندین جار ئاژێری هێرشی ئاسمانی لێدرا بێ ئەوەی لەراستیدا بۆردومانێك بەئەنجام بگا.[*] بەرهەم هێنانی تەقەمەنی جەنگی بەجدی وەرگیرا، هەرچەندە ئەو پێكهاتەیەی كە ئەو ئەركەی خرابووە ئەستۆ هێشتا وەك پێویست كارەكانی رانەدەپەڕاند.

جەنگی تەواوو راستەقینە بە پەلاماردانی نەرویژو دواتریش فەرەنسا دەستی پێكرد، هەرچەندە كە چەمبەرلین لە سەروبەندی هێرشكردنە سەر ئەوروپای خۆراوا بڕیاری دابوو دەست لەكار بكێشێتەوە. پەلاماردانی نەرویژ بۆ خۆراوا كارەساتبار بوو: هێزەكانی موخابەرات و سیخوڕیی خۆراوا هەرگیز پێشبینیی پەلاماردانی نەرویژیان نەكردبوو. ستراتیژ و تاكتیك هەردووكیان هەڵەبوون، لەبەر ئەوەی هێزی ئاسمانیی مەلەكی بەریتانیا هیچ بنكەیەكی ئاسمانیی لەبەردەستدا نەبوو تا لەو رێیەوە پارێزگاری لە هێزی زەمینی پێ بكا لەبەرامبەر بۆمب بارانی ئاسمانی‌و دەستدرێژیی فڕۆكەكانی دوژمندا.

بێ توانایی لە وەڵامدانەوەی دوژمندا كە زادەی كەمیی پێداویستی بوو لە هەموو بوارەكاندا، خۆی لەخۆیدا تۆمەتنامەیەك بوو لە دژی ساڵانی دەسەڵاتی چەمبەرلین. مشت‌و مڕ لەسەر ئەو مەسەلەیە لەناو پارلەماندا دەستی پێكرد.

هەندێك لە نوێنەرانی پارلەمان‌و بەتایبەت موحافیزكاران لە نەرویژ بەشدارییان لە جەنگدا كردبوو.

[*] ئەمانە سروشت‌و نیشانەی جەنگی خامۆشن - و.





هەندێكی تریان بە جلوبەرگی سەربازییەوە لەبەرەكانی تری جەنگەوە گەڕابونەوە. بەرجەستەترینیان سێر رۆجەر كیس[٤٣] پاڵەوانی زیبروگە بوو كە بە جل‌و بەرگی دەریاداریبەوە ئامادەی كۆبونەوەی پارلەمان بوو.

مشتومڕێكی بەژەنگ‌و ژوار بوو.

ئامری كە یەكێك بوو لەسیاسەتمەدارە وردبین‌و راستگۆكان‌و بە ئاماژە بەوەی كە چۆن چەمبەرلین ئاگاداركردنەوە و ورياكردنەوە یەك لەدوای یەكەكانی رەت كردۆتەوە، قسەكانی ئۆلیڤەر كرۆموێڵی[٤٤] لە كاتی مشت‌و مڕەكانی (پارلەمانی درێژخایەن[٤٥])دا دووبارە كردەوەو لەو رێیەوە تانەو تەشەری لە چەمبەرلین گرت: ((ئەو هەموو ماوەیەی كە لێرە جێی خۆت خۆش كردبوو چ كارێكی باشت ئەنجامداوە؟ بڕۆ من فەرمانت پێدەدەم. با هیچ نەبێ ئێمە كارێكی باش بكەین. بڕۆ... لەرێی خوا بڕۆ.))

ئەتلی مشتومڕی باڵی نەیاری دەست پێكردبوو. مۆریسن لە دووەمین رۆژی ئەو مشت‌و مڕەدا رایگەیاند كە حزبی كرێكاران خوازیاری ئەنجام دانی دەنگدانێكی نوێیە. كاردانەوەی چەمبەرلین جێی داخ بوو: پەنای بردە بەر(دۆستەكانی) كە لە(لۆبی)ی نوێنەراندا داكۆكی لە دەوڵەت بكەن.

ئەمە گوتارێكی پارلەمانیی تەواو ئاساییە كە سەرۆك وەزیرێك یا وتەبێژێكی باڵی نەیار ئەندامانی حزبەكەی خۆی بەم شێوەیە بانگ بكا: دۆستانی ((گەورە))، ((گەورەو بەرێز))، ((زاناو بەرێز))، ((پایە بەرز)). چەمبەرلین جگە لە((دۆستان)) هیچی تری پێ نەدەوتین. ئەو كارەی ئەو ئەگەر هیچ ئەنجامێكی تری نەبووبێ، لانی كەم كارێكی گونجاو نەبوو.

[43] Sir Roger Keyea

[٤٤] Oliver Cramwell ١٥٩٩ـ١٦٥٨ سەركردەی سەربازی سیاسی‌و ئاینی ئینگلتەرە بوو ـ و.

[٤٥] پارلەمانی ئینگلتەرە كەلەساڵی ١٦٤٠دا پێكهێنراو لەساڵی ١٦٥٣دا لەلایەن (كرۆموێڵ)ەوە راگیرابوو لەساڵانی ١٩٥٩ ـ ١٩٦٠ دا جارێكی تر كۆبۆوە ـ و.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو پەنای بردە بەر دۆستانی نزیكی خۆی و پەیوەندییە حزبیەكانی و خزمو كەسو كارەكەی خۆی.

توریە گەورەو كۆنەكان كە زمانی رەخنەیان لێكردبۆوە، بە چێرچیل بەراوردیان دەكرد و ئەو سالانەیان بە رروودا دەدایەوە كە دەسەڵاتی بۆخۆی پاوان كردبوو. چێرچیل بەرپرسیارێتیی تەواوی دەوڵەتی وەك فەرمانـدەی هێزی دەریایی لە شەڕی نەروێژدا لەئەستۆ گرت.

لۆید جۆرج لەدوایین كاری گرنگ و ئاكام بەخشی خۆیدا لە پارلەماندا ئاماژەی بە شانازیەكانی رابردووی چێرچیل داو لە كۆتاییدا ئامۆژگاریەكی دۆستانەی چێرچیلی كرد ،و داوای لێكرد خۆی نەكا بە باڵاگەردانی دۆستەكانی. پێی وت: ((هەوڵ مەدە بۆ بەرگرتن لە هەڵنوتنی هاوكارەكانت خۆت بكەیتە پەناگەی هێرشی ئاسمانی.))

سەبارەت بە داخوازیەكەی چەمبەرلین كە داوای لە هەموان دەكرد فیداكاری بكەن وتی: ((ئەگەر راست دەكەی لەپێشدا خۆت فیداكاری بكەو واز لەدەسەڵات بێنە.)) زۆرینەی دەنگەكانی دەوڵەت لە پارلەماندا ٨١دەنگ بوو لە بەرامبەر ٢٤٠دەنگی سەرجەم حزبەكانی تردا. ٣٣كەس لە نوێنەرانی موحافیزكار ، لەوانە راوێژكارانی باڵای شورای مەلەكی لە دژی دەوڵەت دەنگیان دا. هەندێك لەئەندامانی لاوی كابینە پێكەوە یا یەك یەك بەرەو ((لۆبی))چوون. نزیكەی ٦٠ كەس لە لایەنگرانی دەوڵەت دەنگیان نەدا یا لە دانیشتنی تایبەت بە دەنگداندا ئامادە نەبوون.

ئەنجامی دەنگدانەكە بۆ حكومەتەكەی چەمبەرلین كارەسات بار بوو. هاواری ((وازهێنان)) ، ((وازهێنان)) لە هەموو لایەكەوە بەرز بوبۆوەو سەرۆك وەزیر لە پشت كورسیەكەی سەرۆكی ئەنجومەنەوە، چووە دەرەوە.

چانۆن[٤٦] كە لە یاداشتنامە بەناوبانگەكەی خۆیدا ئەم بەسەرهاتەی تۆمار كردووە دەڵێ: ((چیتر وەك جاران، جارانی بەر لە رێكەوتننامەی میونیخو دوای ئەو

---

[46] Channon





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

رێكەوتننامەیەش، كەسێك نەبوو كە هاوشێوەی ئەو پیاوە گۆشە گیرەی ژیانی خۆی بۆ بەریتانیا تەرخان كردبوو، پێشوازی لێبكا.))

چێرچیل بەوپەڕی نەرمونیانییەوە رێنوێنی كرد كە دەست لەكار بكێشێتەوە. چەمبەرلین بەرپرسیارێتی گوێ پێنەدانی نەرویژی لەلایەن حكومەتەكەیەوە خستە ئەستۆی خۆیو حكومەتی لەو مەسەلەیە بە بێ گوناە لەقەڵەم دا، بەڵام دەنگدانەكەی پارلەمان لەبەر بەرپرسیارێتی حكومەت لەبەرامبەر نەرویژدا نەبوو، بەڵكو پارلەمان لەو دەنگدانەدا خودی چەمبەرلینو پێشهاتەكانی ساڵی ١٩٣٤و سیاسەتی ساڵانی ترو سەرۆكایەتیی ئەوی كردبووە ئامانج. پارلەمانێك كە بەرلە دەسەڵاتو نفوزی چەمبەرلین بەردەوام ستیایشی لێدەكرد، بەوپەڕی توانای لێی هەڵگەڕایەوە. بەو پێیەی دەبوایە رابەرێكی تر بۆ دەوڵەت هەڵبژێردرێ، دەبوایە ئیئتیلافێكی نیشتمانیی پێك هاتوو لە حزبی كرێكارانو حزبی لیبرال درووست بكرایە.

بۆ حزبی كرێكاران چەمكی ئیئتیلاف، بیرەوەریی مك دۆناڵدو ساڵی ١٩٣١ی زیندو كردەوە، بەڵام لەو كاتەدا حزبی كرێكاران لەپێناو نەهێشتنی ناكۆكیەكانو گەیشتن بە رێكەوتننامەیەكی پتەو لە بیرن ماوس كۆبۆوە.

چەمبەرلین لە مارسی رابردوودا داوای لە ئەتلیو هاوكارەكانی كردبوو كە پەیوەندی بەحكومەتی ئیئتیلافیەوە، بەڵام ئەوان رەتیان كردبۆوە.

چەمبەرلین دوای كەینو بەینەكەی پارلەمان جارێكی تر لەگەڵ ئەتلیدا كۆبۆوە. وتووێژەكانیان لە دوو پرسیاردا چڕبوبۆوە: ئایا حزبی كرێكاران بەشداری لە حكومەتێكی ئیئتیلافیدا دەكا بە سەرۆكایەتی چەمبەرلین؟ و ئەگەر وەڵامەكەی نەرێیە ئایا ئامادەیە بەشداری لە ئیئتیلافێكدا بكا كە سەرۆك وەزیرێكی تر سەرۆكایەتیی بكا؟ سەرانی حزبی كرێكاران رایانگەیاند كە دەبێ ئەم پرسیارە لە كۆبونەوەكەی حزبی كرێكاراندا (یا كابینەی سێبەری حزبی كرێكاران) لە بێرن ماوس بخرێتە روو، بەڵام ئەتلی كە رایگەیاندبوو ئەوە بۆچونی شەخسیی خۆیەتیو پەیوەندیی بە حزبی

مەکتەبی بیروهۆشیاری

كرێكارانەوە نییە، وتی: ((بەرێز سەرۆك وەزیر راستی مەسەلەكە ئەوەیە كە حزبی ئێمە ناچێتە ژێرباری رابەرایەتیی تۆوە. حزبەكەی ئێمە تۆی ناوێو دڵنیام وڵاتیش تۆی ناوێت.)) سەرلەبەیانی ئەو رۆژە بەرلەوەی ئەو پرسیارانە بخرێتە بەردەم كۆنگرەی حزبی كرێكاران، لەگەڵ هێرشی نازیەكاندا بۆسەر وڵاتە نزمەكان[٤٧]، و فەرەنسا، ئاشتیی ئەوروپا لەبەریەك هەڵوەشاو هاتنەسەركاری سەرۆك وەزیرێكی نوێ كە جڵەوی رابەرایەتیی وڵات لەوكاتەدا بگرێتە دەست، بوو بە پێداویستیەكی هەنووكەیی. ئەتلی وەڵامی پرسیارەكانی چەمبەرلینی بەم شێوەیە دایەوە )) :بەشداری كردن لە ئیئتیلافێكدا بە سەرۆكایەتیی چەمبەرلین ((نا))، بەشداری كردن لە ئیئتیلافێكدا بە سەرۆكایەتیی كەسێكی تر ((بەڵێ)).)) ئەو كەسەش جگە لە چێرچیل نەدەكرا كەسێكی تربێ. كەسێكی تر لەكایەدا نەبوو. ئەڵبەتە ناوی هالیفۆكس دەبرا، بەڵام ئەو نەك هەرتەنیا وەك رابەرێكی نیشتمانی قابیلی قبوڵ نەبوو، بەڵكو كێشەیەكی تریش هەبوو ئەویش ئەندامێتیی بوو لە ئەنجومەنی لۆردانداا.

چەمبەرلین دووچاری شۆك بوو، و تێك شكا، بەڵام هێندە دڵفراوان بوو كە بانگهێشتەكەی چێرچیل قبوڵ بكاو وەك لۆردی سەرۆكی شورای مەلەكی[٤٨] بەشداری لەدەوڵەتی نوێدا بكا.ئەو یەكێك بوو لەپێنج ئەندامەكەی كابینەی جەنگی: وەزیرانی وەزارەتەكان زۆرجار لەدانیشتنی كابینەدا ئامادە نەبوونو تەنیا لەكاتی پێویستدا بۆ ئەو دانیشتنانە بانگ دەكران تا بەشداری لەوتوێژەكاندا بكەن. هەندێك لەئێمە كە لەو دەمەدا لەژیاندا بووین، ئەو سزا شاعیرانەیەمان بینی كە بەرێگرتن لەوەزیری دارایی لەچوونە ناوكابینەوە جێ بەجێ كرا. ئەم رێگرتنە توندە، وەڵامێك بوو بۆ خەزێنە كە بە

[٤٧] بەو وڵاتانە دەوترێ كە لەئاستی ئاوی دەریا نزمترن: وەك بەلچیكا، هۆڵەنداو لۆكزامبۆرگ ـ و .

[٤٨] وەزیری كابینە كەسەرۆكایەتیی كۆبونەوەكانی شواری مەلەكی لەئەستۆدابوو. ئەم ئەركە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا بەلیژنەكانی كابینە سپێردراوە ـ و .





مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەساڵانی رابردوودا رێگەی نەدا بەریتانیا خۆی نەك هەر بۆ جەنگ ئامادە بكا، بەڵكو بۆبەرگرتن لەجەنگیش ئامادە بكا.

چەمبەرلین دوای ئەوە هەرچەند مانگێك ژیا. پزیشكەكان لەراپۆرتی پزیشكیی خۆیاندا نوسیبوویان رەنگە لەئاكامی شۆك و بە دڵشكاویەكی توندەوە دوچاری ئەو شێرپەنجەیە بوبێ. لەوەرزی هاویندا بەسەختی نەخۆش كەوتو لەتشرینی دووەمی ساڵی كارەساتباری ١٩٤٠ دا كۆچی دوایی كرد.

ئەو ساڵانەی كە ئەو لەدەسەڵاتدا بوو چەندین پرسیاری بۆ نەوەكانی داهاتو خستۆتە روو كە دەكرێ ئەو پرسیارانە بكرێ، بەڵام هەرگیز وەڵامی نادرێتەوە: ((ئایا ئەگەر چێرچیل لەساڵی **١٩٣٧**دا ببوایە بەسەرۆكی وەزیر دەیتوانی بەربەو هەموو كاڵفمیانە بگرێ، و سەرجەم تواناكانی وڵات تەیاربكا؟ ئایا دەیتوانی ئەم كارە لەكاتی گونجاوی خۆیدا بەئەنجامبگەیەنی؟)) بێ گومان ژمارەیەكی روولەزیادبووی ئەندامانی كابینەكەی چەمبەرلین هەستیان دەكرد كە دەكرێ كۆتایی بەو سیستمە لەبەرامبەر جەنگدا بهێنرێ. لەو حاڵەتەدا نەدەبوایە چێرچیل لەناو كولەكەدا بانگ بدا، بەڵكو دەبوایە بۆ میللەتو لەگەڵ میللەتدا بدوایە. لێكۆڵینەوە دەربارەی هیتلەر بە زانست مەیسەرنابێ. لەقەڵەمڕەوی فەلسەفەی سیاسیشدا كە لەو بارەیەوە بكۆڵێتەوە.

تەنیا پزیشكێكی شێت ناس كە لەپرانۆیا[٤٩]دا تایبەتمەندی هەبێ دەتوانێ لێكۆڵینەوەیەكی ئاوا بەئەنجام بگەیەنێ، بەڵام ئەو فاكتەرەی كە نابێ لێی غافڵ بین ئەوەیە كە كابینەكەی چەمبەرلین وەك كابینەیەكی راستەقینە ئەركەكانی بەئەنجام نەگەیاند، و رۆڵی كابینەیەكی دروستو راستەقینەی نەگێڕا، لەبەر ئەوەی كابینەیەكی تەواو داخراو بوو.

[٤٩] Paranoia شێتیی خەیاڵی كەتیایدا مرۆڤ خەڵكی تر بەژێردەستو شایانی ئازار دەزانێ ـ و .

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ریچاردكرۆسمان[50] لەو باوەڕەدایە كەسەرجەم كابینەكان بەوشێوەیە دانراون. ئەگەر بیویستایە نمونەیەك بۆ بیردۆزەكەی خۆی بێنێتەوە بێ دودڵی ئەو نمونەیە كابینەكەی چەمبەرلین دەبوو.

چەمبەرلین رازی نەبوو باشترین كەسایەتیی حزبەكەی خۆی بخاتە سەركار یا رێ لەبەردەم گەشەسەندنی نوێنەرانی لاوی پارلەماندا هەموار بكا،و سود لەبونی ئەوان لەناو كابینەدا وەرگرێ. كابینەكەی چەمبەرلین بەزمانی ئەمڕۆ تارادەیەكی زۆر ((بەرنامەڕێژی كرابوو)) بەشێوەیەك كەتەنیا داخوازیەكانی خودی ئەو جێبەجێ بكەن.

هیچ سەرۆك وەزیرێكی دوای جەنگ كابینەیەك لەكەسانی تاك بیروڕا پێك ناهێنێ. حزبێكی پارلەمانی پێویستە لانی كەم نیوبازنەیەك بەپانتایی ۱۸۰پلە لەسیاسەتە نیشتیمانیەكان لەخۆ بگرێ. (پێویستە بەرژەوەندییە نیشتمانیەكانی نیوەی گەل زامن بكا). گرنگی دان بەبەشێكی بچوك لەخەڵكی كە رەنگە نوێنەریشیان هەرنەبێ (و زامنكردنی بەرژەوەندیەكانیان لەسەر حسابی زۆرینە) واتە كارەسات، بەڵام ئەوە سەرلەبەری مەسەلەكە نیە. تراژیدیای ساڵی ۱۹۳۹، وێرانكاریو زیانی گیانیی ساڵانی دوایی، تەنیا زادەی ئەو راستیە بوو كە پارلەمانیش ئەركو بەرپرسیارێتیەكانی خۆی بەراستی بەئەنجام نەگەیاندووەو رەنگە هۆكارەكەشی پێشهاتەكانی ۱۹۳۱و كەوتنی دەوڵەتی حزبی بوبێ.

پشتگوێ خستنی مەسەلە هەنوكەییەكانو گوێ پێنەدانی زۆرینەی موحافیزكار بوو. رەنگە پەیوەندیی بەلاوازی حزبی كرێكاران باڵی نەیارو دوركەوتنەوەی ئەوانی ترەوە بوبێ لەواقیعی حاڵ. نمونەی پارلەمانێكی لەرادەبەدەر كاسەلێس لەرادەبەدەر سستو لەرادەبەدەر پەرت كە لەلایەن چەمبەرلینەوە ئاراستە دەكرا، تەنیا لەسەدەی هەژدەهەمدا بەدی دەكرێ، بەڵام تەنانەت لەو سەردەمەشدا ئەو جۆرە پارلەمانانە بەپەنجەی دەست دەژمێردران. ئەمڕۆكە پارلەمانێكی ئاوا بۆی ناچێتەسەر. حكومەتێكی مۆدێرن

50 Richard Crmssman





مەكتەبی بیروهۆشیاری

نوێنەرایەتیی بەشێكی گەورەتری وڵات دەكاو ئەوەش هەموو ئەو حزبانە دەگرێتەوە كە حكومەت پێك دەهێنن، یا ڕۆڵێكی تێدا دەگێڕن.

حكومەتی ئێستا حكومەتێكی زۆر دەستكراوەترو تایبەتمەندو پابەندە، لەهەموو ئەمانەش زیاتر لەكاردانەوەیدا خێرا، دروست وەك بڵاوكراوەو رۆژنامەكانی ئێستا كە تەنانەت خێراتر لەنوێنەرانی پارلەمان كاردانەوە دەنوێنن. ڕەنگە ئەوە بۆ وردبونەوەی ستراتیژیو بڕیاردانی گونجاو كە لایەنی تاكتیكی هەبێ بەزیان بشكێتەوە، بەڵام زۆر لە سستیو كەمتەرخەمیەكەی ساڵانی چەمبەرلین باشترە. هیچ كام لەو حكومەتانەی دوای جەنگ هاتنەسەركار هەر لەموحافیزكارەوە تا كرێكاران تا ئەو رادەیە تەمبەڵو بێ كار نەبون، رێی ئەوەشیان بەخۆیان نەدەدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر رێیان بدایە بێ گومان لەلایەن خەڵكی ولاتەكەی خۆیانەوە لەسەر كار لادەبران.

كەوتنی دەوڵەتی حزبی لەساڵی ۱۹۳۱دا دیسانەوە پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەبوو.

دوای ئەوە حزبی زۆرینە ناچاربوو هەموو لایەنەكان لەبەرچاو بگرێ یا راوێژ لەگەڵ خەوڵكیدا بكا. بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ درا، چەمبەرلین بەرهەمی ناوازەی دۆخی سیاسیو پارلەمانی ناوازە بوو، بەڵام كەسانی تری سەربەو نەوەیە دەیانتوانی كاردانەوەی تریان هەبێ. چێرچیل بەری ٤٠ساڵ ئەزمونی سیاسی بوو. ئەوە ئەگەر بنەمای میراتگری (بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی باوكیو باپیری سیاسەتمەداربوون ـ و) پشتگوێ بخەین. چەمبەرلین درەنگ هاتە مەیدانەوەو بەچكە مراویی دزێوی سیاسیی خێزانەكەی بوو. ئەوەی كە سەرەڕای ئەو راستیە دەتوانێ بەخێرایی پلەی سەرۆكایەتی تەی بكا، لەناو مێشكیدا چەسپی. پیاوێكی خۆپەرست بوو و دڵنیابوو لەوەی درك بەهەرچیەك بكا راستە.

ئەم قسەیەی بەسەردا دەسەپا، هەرچەندە كەبەرای خۆی پێچەوانەی ئەوەبوو: ((خۆزگە هێندەی ئەو بەئاگاو چاوكراوە بومایە.)) (بەراوردێكە لەگەڵ چێرچیلدا ـ و) لەبەر لووت

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بەرزیی ئەو بوو كە دەوڵەت قەوارەی راستەقینەی خۆی لەدەستداو بەهەڵەداچوو، كەمتەرخەمیی حزبەكەی بووكە رێگەی بەوو بەكابینەكەی دا تا پارلەمانیش لەڕێرەوی هەمیشەییو راستی خۆی لابدا.

سەبارەت بەقەیرانە گەورەكەی ساڵی ١٩٣٨، قەیرانەكەی خودی ئەو، قەیرانی بەریتانیا،و قەیرانی جیهان، بڕیاردان دژوارترە. پەیوەستە بەوەوە كە مرۆڤ لەرێچكەی ژیاندا تاكوێ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، تا پەی بەوەبەرێ كە پێشهاتەكەی میونیخ تا چ رادەیەك بەری ساڵانی پێشوتری خۆیەتی. ئەگەر توێژەر تەنیا ئەو دەمە لەبەرچاوبگرێ كە چەمبەرلین تیایدا باڵادەست بوە ئەوا ئۆباڵەكەی دەخاتە ئەستۆی ئەو، بەڵام تەنانەت ئەو كەسانەش كە دژی رێكەوتننامەكەی میونیخ بوون، دەبێ ئەو حاڵەتە لەبەرچاوبگرن كە ئەوهەموو رێگەیەی لەپێناوی ئاشتیو دانوستانو بۆ ئاشتی بەرەو میونیخ بڕیوە.

لەكاتێكدا ئەگەر هەوڵەكانی ئەو هیتلەری نەهێنابێتەوە هۆش خۆی و نەیخستبێتەسەر رێڕەوێكی نوێ، كە رێڕەوی ئاشتی بوو، خەتاكەی هی ئەو نییە. بەوكارە لانی كەم ئاشكرابوو كە ئۆباڵی جەنگ لەئەستۆی كێدایە. ئەوەش یارمەتیدەربوو لەوەدا كە لەبەریتانیا جیاوازی بیروڕا نەبێ لەسەر ئەوەی كە ئایا نازی مەترسیە یاخود نا.

بۆیە دیسانەوە ئەوە وینیستۆن چێرچیل بوو كە بەبۆنەی مردنەكەیەوە، لەئەنجومەنی نوێنەراندا ستایشی كرد: ((تیروپشكەكە بۆ نەویل چەمبەرلین دەرچوو كە گێڕەدەی گەورەترین قەیرانەكانی جیهان بێ، هیواكانی بگۆڕێن بۆ نائومێدی،و فریوی كەسێكی شەڕخواز بخوا، بەڵام ئەو هیوایانە چی بوون كە گۆڕان بۆ نائومێدی؟ ئەو ئارەزوانە چیبوون كە نەهاتنەدی؟و ئەو باوەڕەی لەدەست چوو چی بوو؟ ئەو هیواو ئارەزوەو ئەو بڕوایە هەرهەمووی بەشێك بوون لەشەرافەتمەندانەترینو خێرخوازانەترین داخوازی و غەریزەی مرۆڤ واتە خۆشەویستی بۆ ئاشتی و رەنجكێشان لەپێناوی ئاشتیدا. هەوڵ دان لەرێی ئاشتیداو بەدواداچونی ئاشتی تا سەرلێواری مەترسیو بەنرخی لەدەستدانی جەماوەر، یا قبوڵ كردنی سوكایەتی تەواوبوو. مێژوو سەبارەت بەوساڵە ترسناكو





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بەسوێیانە هەرچی بڵێو نەڵێ، راستی ئەوەیە نەڤیل چەمبەرلین بەو پەڕی دڵسۆزیەوە كاری كرد. هەموو تواناو هەوڵەكانی خۆی خستەگەڕ. هەوڵەكانی لەپێناو رزگاركردنی جیهان لەدەست جەنگێكی ترسناك و وێرانكەرو كوشندە كە ئێستا دامێنی ئێمەی گرتوە هەوڵی نەپساوە بوون.

بەتەنیا ئەمە تا ئەو جێیەی پەیوەندی بەحوكمی مێژووەوە هەیە، پلەو پایەیەكی بەرزی پێ دەبەخشێ، بەڵام ئەمە كۆمەكێكیشە بۆ وڵاتەكەمانو سەرجەم ئیمپراتۆریەكەی ئێمە، و شێوازی راستی ژیانی ئێمە كەچەندە هەوڵەكانمان درێژە بكێشێو چەندە هەورە رەشەكان رێبازەكەمان تاریك بكەن، ئیتر نەوەی داهاتوو ئینگلیزیزمانی ئێمە هیچ گومانێكیان لەوەدانابێ كە ئۆباڵی ئەو خوێن رێژی و، بەڵاو بەدبەختییەی هەموو ئەو سەرزەمینو میللەتانەی گرتۆتەوەو قوربانیی تریشی لێ دەكەوێتەوە لەئەستۆی ئێمەدا نییە.

هیتلەر بە وشەو پۆزە ئاگرینەكانی بەرپەرچمان دەداتەوەو دەڵێ كە خوازیاری ئاشتی بووە. ئەوكەسانەی تفەنگ بە تاریكیەوە دەنێن لەبەرامبەر ئارامگەی بێ دەنگی نەڤیل چەمبەرلیندا، ئەو پیاوەی هێندە لەرێی ئاشتیدا تێكۆشا چی یان پێیە بیلێن؟))

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی دەیەم





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# وینستۆن چێرچیڵ







مەکتەبی بیروهۆشیاری

**وینستۆن چێرچیڵ کاتێک لەئۆڵدهام بە نوێنەرایەتیی پەرلەمانی بەریتانیا هەڵبژێردرا**

مه كتەبی بیروهۆشیاری

ژیانی پارلـەمانی وینـستۆن لیۆنـارد سپێنـسەر[1] چێرچیـل جگـە لـەو دوو سـاڵەی بەهۆی شكستهێنانی لەناوچـەی هەڵبـژاردنی وێنـدی لەتـشرینی یەكـەمی ١٩٢٢ دا، و هەڵبژاردنی لەناوچەی ئێپپینگ[2] لەتشرینی یەكەمی ١٩٢٤دا، لەدەستی دا، تێكـڕا ٦٥ ساڵ دەگرێتەوە هەرچەندە بەهۆی شكستهێنانی لەوێندی، بۆ ماوەی ١٦ساڵ دواكـەوت، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەسـاڵانی دوای ١٩٢٤ پلەوپایـەی بـاوكی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی پـێ ڕەوابینرا.

ئەو زیاتر لە٢٥ ساڵ وەزیر، و٨ساڵو ٨مـانگ سـەرۆك وەزیـر بـوو كـە بـە درێـژترین ماوەی سەرۆكایەتیی كاتی جەنگو ئاشتی لەم سەدەیەدا لەقەڵەم دەدرێ.

لەكابینـەكانی ئاسـكویس، لۆیـد جـۆرجو بالدوینـدا، لەئـەیلولی(١٩٣٩)یـشەوە لەكابینە جەنگی یەكـەی نـەڤیل چـەمبەرلیندا خزمـەتی كـردووە، گـرنگترین پلەوپایـەی ڕەسمیی ژووری بازرگانیو پیشەسازییو وەزارەتەكانی ناوخۆ، دەریاداری، جـەنگ، هێـزی ئاسمانی، كۆڵۆنییەكانو خەزێنـە جگـە لـەوەزارەتی دەرەوەی پـێ دراوە. لەكابینـە جـۆراو جۆرەكاندا لەگەڵ سیاسەتمەدارە بەرجەستەكانی سـەدەدا هـەر لەكـەمپ بیـل بانەومانـەوە بیگرە تا ئاسكویس، ئەتلەس، ئیدن، مك میلانو هەیس هاوكاریی كردووە.

---

[1] winston Leonard Spencer Churchill
[2] Epping





مه كتەبی بیروهۆشیاری

چێرچیل پیاوێكی پارلەمانیی مەزن بـوو: كەسـێك بـوو كـە دووجـار بـە ناوەڕاسـتی ئەنجومـەنی نوێنەرانـدا تێپـەڕیو[3] لـەحزبی موحافیزكـارەوە بـۆ حزبـی لیـبراڵو بـە پێچەوانەشەوە سەنگەری گواستەوە.

كەسێك بـوو كـە لەتـشرینی یەكـەمی ١٩٤٣ دا، دیـسیپلینی سیاسـیی ئەنجومـەنی شێوە لاكێشەیی لەپارلەماندا پێشنیار كردو زۆریش پێی لەسەر داگرت.

پێی وابوو كە دەبێ لەسەر داروپەردوی ئەو ئەنجومەنەی فڕۆكەكانی هیتلەر وێرانیـان كردبـوو، ئەنجومـەنێك بەهـەمان شـێوازی بیناسـازیی پێـشو بنیـاد بنرێتـەوە: ((ئێمـە تەلارەكانی خۆمان بنیاد دەنێینو پاشان ئەو تەلارانە، ئێمە بنیاد دەنێن ... ئەنجومەنی نوێنەران دوو تایبەتمەندیی هەیە كە ئەندامانی بە ئـەزموونو خـاوەن هـزر قبوڵیانـەو پـشتگیریی لـێ دەكەن. گومانی تێدا نیە كە ئەم شتانە لای خەڵكی دەرەوە سەیر دێنە بەرچاو.

یەكەمین تایبەتمەندی ئەوەیە كە پێویـستە شـێوەكەی لاكێـشەیی بـێ نـەك نیـو بازنـەیی.. ئەنجومەنی نیو بازنەیی، دەرەفەت بۆ هەر تاكێك یا گروپێك دەڕەخسێنێ كە بەدەوری چەقێكدا بـسوڕێتەوەو لەگـەڵ گـۆڕانی بارودۆخەكـەدا، سـێبەرە جۆراوجۆرەكـانی ڕەنگـی پەمـەیی هەڵبژێری[4]. مـن لایـەنگرێكی راسـتەقینەی سیـستمی حزبیمو ئـەو سیـستمەم لەسیـستمی دەستەو تاقم پێ باشترە. بە چاوی خۆم ژمارەیەكی زۆر لەپارلەمانە جدیو ئازاكانم دیوە كە بـە دەستی سیستمی دەستەو تاقم لەناوچوون.

سیستمی حزبی لەگەڵ شێوەی لاكێشەیی ئەنجومەندا زیاتر دێتەوە. بۆ تاكێـك ئاسـانە كـە پلەبەپلەو بە خشپەیی لـەباڵی چـەپەوە بـەرەو بـاڵی راسـت[5] بـچێ، بـەڵام كـرداری پەڕینـەوە لەناوەڕاستی هۆڵەكەوە[6]، لەو جۆرە كردارانەیە كە پێویستیان بە تاووتوێكردنو لێكۆڵینەوەی

---

[3] پەڕینەوە لەمبەری هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بۆ ئەوبەری دەستەواژەیەكە بـە مانـای گـۆڕینی ڕێبـازی حزبـی دێ ـ و.

[4] ڕەنگی پەمەیی لەدەستەواژەی سیاسیدا مانای شكاندنەوەیە بەلای چەپدا ـ و.

[5] گۆڕینی هەڵوێست لەناو حزبێكدا لەچەپەوە بۆ راستو بەپێچەوانەشەوە سیستمی دەستەو تاقم ـ و.

[6] گۆڕینی ڕێباز یا حزب(سیستمی حزبی) ـ و.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

جددی هەیە. من زانیاری زۆرم لەو بوارەدا هەیە لەبەرئەوەی قۆناغە سەختەكانیم بڕیوە، یەك جار نا بەڵكو دووجار هۆڵەكەم تەی كردووە....)

دووەمین تایبەتمەندیی ئەنجومەنی نوێنەران، دەستی چێرچیلی كردەوە تانارەزایی بەرامبەر ئەو ئەندامانەی ئەنجومەن دەربڕێ كە خاوەنی مێز(دێسك)و پلەو پایەن، ئەوەش رێگر بوو لەبەردەم نوێنەرانی خاوەن مێزو پلەوپایەدا، كە چاو لەكەموكورتیەكانی دەوڵەت لەكاتی تەنگانەدا بپۆشن‌و رەخنە لەدەوڵەت نەگرن.

لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا بەرپرسیارێتی سەنگینی لۆردی یەكەمی دەریاداریی لەئەستۆ گرت.

لەهەرەتی جەنگی داردانێڵدا وەزیرێكی لەسەر كار لابراوو شكست خواردوو و بێ متمانە بوو، و لەهەوڵی ئەوەدابوو پۆستی فەرمانداریی بەتالیۆنێك لەفلاندەرز دەستەبەر بكا. لەنێوان هەردوو جەنگەكەدا، وەك وەزیری دارایی سەرەداوی خەزێنەی لەناودەستدا بوو. دوای چەند ساڵێك، ملۆزمێكی سیاسی بوو كە لەلایەن قەوارەی كۆنە پارێزو رۆژنامە كاسەلێسەكانی سەرپەشتیاری ئەو قەوارەیەوە، مەحكوم كرابوو، لەبەر ئەوەی حكومەتەكانی بالدوین‌و چەمبەرلینی ئاگادار كردبۆوە لەوەی كە مەترسیی پۆستاڵی بەرزی چەوساندنەوە، هەڕەشە لەبەریتانیاو جیهانی ئازادو بە شێوەیەكی گشتی لەشارستانێتی ئەوروپاش دەكا.

هەركەسێك كە لەسەر هەر كۆنەكەشتیەكی هێزی دەریایی لەشوێنێكی دوورە دەست خزمەتی كردبێ‌و لەحاڵەتی ئامادەباشیی جەنگیدا بوبێ‌و لە بێسیمەكەی فەرمانداریی هێزی دەرياييیەوە ئەم دوو وشەیەی بەر گوێ كەوتبێ:((وینستۆن گەڕاوەتەوە)) لەشوێنی خۆی راپەڕیوە و شاگەشكە بووە.

لەمایسی ١٩٤٠دا، دوای جەنگی كت‌و پڕی نەرویژو هێرشی هێزەكانی ئەڵمانیا بۆ سەر بەلجیكاو هۆڵەندەو فەرەنسا، بوو بە سەرۆك وەزیرو رابەرایەتیی تیمێكی





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

یەكگرتوی لەوەزیران*، فەرماندەوسەربازەكان، پیاوان‌و ژنانی كرێكاری كارگەكانی فڕۆكەسازی‌و تەقەمەنی‌و هەڵسوڕێنەرانی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەكانی وڵات كرد.

هەریەكەیان بە پەرۆش بوو كە لەژێر ئاڵای چێرچیلدا خۆی‌و بەرژەوەندیەكانی بكاتە قوربانیی ئامانجێكی گەورە.

لەسایەی رابەرایەتی‌و هەوڵ‌و كۆششەكانی ئەودابوو كەبەریتانیا رزگاری بوو و بە پەیڕەوی كردن لەرێبازەكەی ئەوبوو كە لەقەیراناویترین كاتدا ئەوروپا رزگاری بوو.

بەر لەجەنگ، سەرەڕای ئاگاداركردنەوە یەك لەدوای یەك‌و توندەكانی ئەو، بەریتانیا هەر بە لاوازی مایەوە، لەبەرئەوەی هیچ كەس گرنگیی بەو ئاگاداركردنەوانەی نەدەدا. لەبیرەوەریەكانی كاتی جەنگی خۆیدا دەنوسێ: ((كاتێك كە لەگەرمەی مەرگەساتی شەڕی فەرەنسادا بووم بە سەرۆك وەزیر ئاسودەییەكی قوڵ سەرتاپای بونمی گرتەوە))، هەستم دەكرد لەگەڵ چارەنوسدا هەنگاو دەنێم‌و وەك ئەوەی تەواوی ژیانی رابردووم سەرەتایەك بۆبێ بۆ ئەم ساتەوەختەو ئەم رێگەیە.... هەرچەندە كە بێ ئۆقرە بووم، بەڵام خەوێكی قورسم لێ كەوت، لەكاتێكدا هیچ پێویستیم بە بینینی خەونە خۆشەكان نەبوو))

ئەو بەیانیەو هەموو بەیانییەكانی تر شایەدیی ئەوەیان دەدا. لەو پێنج ساڵەدا، هەموو ئەو بەهرانەی لەناخی ئەودا شاردرابونەوە شكۆفەیان كرد.

ئەو بەهرانە بە درێژایی نیوسەدە جەنگ‌و ئاشتی گەشەیان كردبوو.

لەپلەی رابەریی وڵاتێكدا لەجەنگی دووەمی جیهاندا شانی لەشانی چاتام، پیتی لاوو لۆید جۆرج دەدا.

لەو دەمەدا كە هێزەكانی هاوپەیمانان لەدژی ئەڵمانیەكان‌و ژاپۆنیەكان لەفەرەنساو وڵاتانی نزم، لەناوچەی دەریای ناوەڕاست‌و باكوری ئەفریقا، لەسكەندینافیاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و لەمەیدانی ڕووبەڕووبونەوەی خۆرهەڵاتی دووردا لەشەڕدا بوون، ئەو پایەی

* پەیوەست بە حزبە جۆراوجۆرەكان ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

یەكێتی گەورەی ئەتڵەسیی بەكۆمەكی رۆزڤێڵت دادەناو لەو تەلەگرامانەدا كە لەنێوان ئەوو رۆزڤێڵتدا ئاڵوگۆڕ دەكرا، خۆی بە((كەسی پێشوی هێزی دەریایی)) ناو دەبرد، هەرچەندە كە كاتێك رۆزڤێڵت جێگری وەزیری هێزی دەریایی بووە، چێرچیل پلەی لۆردی یەكەمی دەریاداریی هەبووە. بەهرەو تواناكانی لەوپەڕی گەشەسەندا بوو. ئازادیی‌و چاونەترسیی بێوێنەی سیفەتێكی سەرنجڕاكێشی ئەو بوو. لەقەیراناوی ترین‌ومەترسیدارترین ساتەوەختەكاندا، دڵنیابوو لەوەی بەسەركەوتنی كۆتایی دەگاو توانای ئەوەی هەبوو كە لەیەك كاتدا كەسانی ورە نزم سەرزەنشت بكاو ئیلهامیشیان پێ ببەخشێ. هەر ئەو چاونەترسیەی بوو كە وایلێكرد بە تەنیایی روبەرووی مەترسیەكان بێتەوەو هەمووانیشی لێ ئاگادار بكاتەوە.

ئەو دەمەی بەریتانیاو كۆمۆنوێڵس لەگۆڕەپانی جەنگدا تەنیا بوون، ئەو ورەیەی لەودا هەبوو بوو بەكێوێكی لەبن نەهاتوو. دووەمین سیفەتی نائاسایی توانای وەڵامدانەوەی بوو.

وینستۆن چێرچیل بەو ڕەوانبێژیەی‌و لەوەش زیاتر، بەهرەو لێهاتویی لەداگیركردنی دڵی خەڵكیدا، ئەو توانا دەگمەنەی پێ بەخشیبوو كە ئەو هەستە لەلای كەسانی تر دروست بكا كەبەشێكی گرنگن لەگشت. دەیتوانی ئەو هەستە لەهەر كەسێكدا بێنێتە كایەوە كە لەریزبەندیی مرۆییدا بە پلەیەكی بەرزتر لەجاران گەیشتوە. بەهرەیەكی زێڕین لەمێژووی نەتەوەییماندا، كە لەكاتی تەنگانەدا، میللەتی لەخەوێكی گران بێداركردو هانی دا كە لەپێناو پاراستنی بوونی نەتەوەیی خۆیدا سود لەسەرجەم سەرچاوەو تواناكانی خۆی وەرگرێ.

سێیەمین سیفەتی دیاری مرۆڤ بوونی بوو. پیاوێك كە توانای ئەوەی هەبوو سوپاو دەریابرەكان بجولێنێ‌و بەبزاوتێكی ستراتیژی، هەموو جیهان بخاتە ناو دەستی خۆیەوە. دەیتوانی چالاكیی پیرەمێردانەی خۆی لەپەناگەیەكدا پێشكەش بەو فرمێسكانە بكا كە لەڕووی سەرفرازیەوە بەسەر گۆناكاندا رێچكەی دەگرت. یا لەشەقامێكدا لەناو





مەكتەبی بیروهۆشیاری

داروپەردوی خانووە ڕوخاوەكاندا هەنگاو بنێ‌و راستیی ژیانی مرۆڤەكان لەپشت بەیاننامەكانی جەنگەوە بەدی بكا. ئەو ئازایەتیەو ئەو مرۆڤ بوونەی‌و ئەو جۆش‌و خرۆشەی لەو ساڵانەی جەنگدا خستیە ناو خەڵكیەوە لەبەشێكی نەمری مێژووی وڵاتەكەماندا تۆماركراوە. بەشێك كەهەردەم ئەو ناونیشانەی لەسەر دەبێ كە ئەو بۆی داناوە. ناونیشانی: ((باڵاترین ساتەوەختی ژیانمان)) سودوەرگرتنی تەواوو گونجاو لەو سیفەت‌و بەهرانەی كە نیشانە بوون بۆ چەندین ساڵ رابەرایەتیی ئەو، لەتێگەیشتنی مێژوویی مەزنی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. كاتێك دەیوت لەگەڵ((چارەنوسدا هەنگاوم نا)) بیری لەخۆی نەدەكردەوە بەڵكو بیری لە وڵاتەكەی‌و لەكۆمۆنوێڵس دەكردەوە. دەیوت: ((من شێر نەبووم بەڵام، بەشی من ئەوە بوو شێرانە نەعرەتە بكێشم.))



مەكتەبی بیروهۆشیاری






مەكتەبی بیروهۆشیاری

**بلنهایم پالاس**

وینستۆن چێرچیل لە٣٠ی تشرینی یەكەمی ١٨٧٤دا هاتۆتە دنیاوە. لۆرد راندۆلف چێرچیلی باوكی بۆ ماوەیەكی كورت وەزیری دارایی بووە. وینستۆن باوكی تا ڕادەی پەرستن خۆشویستوە، لەكاتێكدا رەنگە شایانی ئەو هەموو خۆشەویستیە نەبوبێ. خوێندكاری لاو كەسێكی ئازادیخواز بوو. لەراپۆڕتی قوتابخانەكەیدا هاتووە كە(سەر راستو راستگۆیە، بەلاّم زۆرجار(منداڵێكی شەیتان)یشە.)) كە خرایە خوێندنگەی(ساندهێرست)[8] نامەیەكی توندی لەباوكییەوە پێگەیشت كە لە٩ی ئابی ١٨٩٣دا نوسرابوو، و تیایدا باوكی رەخنەی توندی لێ گرتبوو كە وەك پێویست هەوڵ نادا و زیرەك نییە. وینستۆن نەیدەزانی كە باوكی بە كاریگەریی نەخۆشی لەسەرە مەرگدایە.

دوو پێشهات لەژیانی چێرچیلدا بەرلەوەی بچێتە ناو پارلەمانەوە ناوبانگیان پێ بەخشی.

یەكێكیان ئەوە بوو كە وەك سەربازێكی دلێرو ئازا لەژێر دەستی كیچنەردا، لەئوم دورمان[9]، خزمەتی كردبوو. دووەمینیان ئەوەی كە نەیتوانیبوو لەئۆردوگای دیلەكانی

---

[8] Sandhurst
[9] Omdurman

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**لۆرد راندۆلف چێرچیڵ**

كە تەمەنی گەیشتە ٢١ساڵ، راپۆرتێكی سەبارەت بە بودجەی ساڵی(١٨٧٦)ی ستافۆرت نۆرس كوت ئامادەكردو راوبۆچونی خۆی بەوردی دەربارەی ئەو بودجەیە خستەڕوو، تەنانەت پێشنیاری دانانی باجی لەسەر ئەو داهاتانەش كرد كە لەرێی كەسابەتەوە بە دەست نەهاتبوون. لەساڵی ١٨٩٧دا، بەیاننامەیەكی سیاسیی تایبەت‌و گشگیری لەسەر بنگلور[10] بۆ دایكی ڕەوانە كرد. بەیاننامەكە بیروبۆچونەكانی ئەوی لەسەر مەسەلەكانی چاكسازی لەهەڵبژاردنـدا، هیندستان، ئیمپریالیزم، ئەوروپا، گۆشەگیریی بەریتانیا لەمەسەلەی بەرگریداو لۆلۆینەكان دەخستەروو، و چەند پێشنیارێكی گرنگیشی تێدابوو سەبارەت بەگرنگیدانی زیاتر بەنەهێشتنی نەخوێندەواری‌و مافی دەنگدان.

لەساڵی ١٨٩٨دا، وازی لەسوپا هێنا تا بتوانێ ئازادانە بچێتە ناو كاری سیاسەتەوە، و لەهەمان ئەو رۆژەدا كە دەستی لەكاركێشایەوە وتەیەكی سیاسی لەبرادفۆرد پێشكەش كردو بەو شێوەیە ژیانی سیاسیی خۆی دەست پێ كرد. لەو وتەیەدا بۆ یەكەمین جار رەخنەی گرت، بەڵام لەگەڵ خۆیدا وتی: ((بەكەمێك مەشق كردن دەتوانم بەباشی


[10] بنگلور لەهیندستانە ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

جەنگی بویر ڕابكا، بەڵام ئەو وەك خولێكی مەشق‌و فێربوون بۆ چوونە ناو جیهانی سیاسەتەوە لەو پێشهاتانەی دەڕوانی. لەو بوارەدا دەیویست لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا بەو ئاستە بگا كە باوكی لەتەمەنی ٤٦ ساڵیدا پێی گەیشتبوو. لەنامەیەكیدا كە لەساڵی ١٨٩٥دا بۆ دایكی نوسیوە دەڵێ: ((من شەیدای سەربازیم، بەڵام وا هەست دەكەم چارەنوس شتێكی تری بۆ داناوم.)) زۆربەی كات، سیاسەتەكانی سەردەمی خۆی تاووتوێ دەكردو سەرجەم ئەو راپۆرتانەی دەخوێندەوە كە لەسەر بارودۆخی سیاسیی وڵاتەكەی لە٢٠ساڵی رابردوودا نوسرابوو.



مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لەبەرامبەر خەڵكیدا بدوێم، ناهێڵم فسیی زمانم رێگری بێ لەبەردەمدا (نەیدەتوانی وشەی س بە تەواوی راڤە بكا).

ئەویش هاوشێوەی ئەنیورین بیون دەبوایە لەهەوڵی ئەوەدا بوایە ئەو زمان فسیەی چاك بكا.

شكستخوادرنی لەهەڵبژاردنە لاوەكییەكەی ئۆڵدهم دا ئەو دەرفەتەی لەبەردەمدا رەخساند كە بچێ بۆ ئەفریقای باشورو سەبارەت بە جەنگی بویر راپۆرت ئامادە بكا.

بۆ ئەومەبەستە بەشداریی لە٤٠ئۆپەراسیۆنی جیاجیادا كرد. لەژێر ئاگری جەنگدا، راپۆرتی جەنگیی خۆی ئامادەكردو رەوانەی ناوەندی دەكردەوە.لەریزی پێشەوەی ئەو كەسانەدابوو كە بە سواری ئەسپەوە چوونە ناو شاری(لەیدی سمیس)[11]ەوە كە گەمارۆی سەری شكێنرابوو. رەخنەی توندی لەكیچنەر گرت: ئەو پیاوەی كە بۆچونە سەربازیەكانی هەموو هەوڵو ماندوبونەكانی چێرچیلی لەرێی ئامادەكردنی هێزدا بەفیڕۆدا، ئومێدەكانی ئەوی سەبارەت بەهێرشكردنە سەر داردانیل بەبادا. رەخنەكانی لەكیچنەر زیاتر لەبەر رەفتاری نامرۆییانەی ئەوبوو دەرهەق بە برینداارانی دوژمن. كاتێك لەساڵی ١٩٠٠دا، لەتەمەنی ٢٦ ساڵیدا لەناوچەی هەڵبژاردنی ئۆڵدهم وەك نوێنەری حزبی موحافیزكار هەڵبژێردرا، پەیمانی لەگەڵ خۆیدا بەست كە تا شارەزایی تەواو لەمەسەلەیەكدا پەیدا نەكا هەرگیز قسەی لەبارەوە نەكا. گرنگ نەبوو بەلایەوە كە لای خەڵكی خۆشەویست نەبێ، بەڵام بەگشتی گرنگیی بەپارلەمانو پاراستنی پێگەی خۆی لەپارلەماندا دەدا.

لەیەكەمین وتەیدا كە لەپارلەماندا پێشكەشی كرد سەرەڕای ئەزمونەكانی وتی: ((ئەگەر من بویریەك بومایە ئاواتم دەخواست لەبەرەكانی جەنگدا شەڕ بكەم.))

[11] Ladysmith لەشارەكانی ئەفریقای باشورە لەخۆراوای ناوەندی ناتال كە ماوەیەكی زۆر لەژێر گەمارۆی بویرەكاندا بوو(١٨٩٩ ـ ١٩٠٠) ـ و.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو كە لەتەمەنی ٢٦ ساڵیدا زیاتر لەهەركەسێكی تری هاونەوەی خۆی لەجەنگەكاندا بەشداری كردبوو، دەوڵەتو پارلەمانی لەو كەسانە ئاگادار كردەوە كە لەڕووی خۆویستیو لەخۆبایی بوونو بێ باكییەوە دەربارەی داهاتوی ئەوروپا دەدوان. هاوكات گرنگیی بە مەسەلە ناوخۆییەكانیش دەدا.

كتێبی(هەژاری)، توێژینەوەیەك دەربارەی ژیانی شارنشینی نوسینی سیبۆم راونتری[12] سەرنجی چێرچیلی راكێشا. ئەو كتێبە لەسەر یۆرك [13] نوسرابوو كە بە پێوەرەكانی ئەو دەمە ناوچەیەكی هەژارنشین بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كاریگەریی دەرونیی قوڵی لەسەر چێرچیلی تەمەن ٢٧ ساڵ بەجێهێشت. هەروەك چۆن باری ئابوریی ئیست ئەند، شەش یان حەوت ساڵ دوای ئەوە، كاریگەریی هاوشێوەی لەسەر عەقڵی هەبوو.

لەو دەمەدا كەم تا زۆر سەبارەت بە دڵسۆزیی بەرامبەر بە حزبی موحافیزكار دوچاری دودڵی بوبوو. دوابەدوای ئەو دودڵیە بوو كە نامەیەكی بۆ رۆزبێری نوسیو ((لەخۆبایی بونو دڵرەقی توری))یو ((حەزی كوێرانەی گروپە رادیكاڵەكان))ی مەحكوم كرد.

لەنامەیەكدا باسی لەئیئتیلافێك كرد: ((توریی لیبراڵ)) ناوێكی باشترە لە((توریی دیموكرات)).

ئەگەر مەسەلەی تاریفە بێتەگۆڕێ دەبێ ئەو كارە بكرێ. ( مەبەست ئیئتیلافی توریی لیبراڵ بووـ و.)

جۆزیف چەمبەرلین بە پێشنیارەكەی دەربارەی(چاكسازیی تاریفە) مەسەلەكەی خستە ڕوو. وازهێنان لەسیاسەتی بازرگانیی ئازاد وایكرد وینستۆن بۆ یەكەمین جار لەناوەندی

[12] Seebohm Rowntree

[13] یۆرك شایەر ناوچەیەكە لەباكوری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرە ـ و.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە تێپەڕێ(حزبەكەی خۆی بگۆڕێو بچێتە ناو حزبی لیبرالیەوە) بۆ ئەو مەبەستەش دەستی كرد بە هێرش كردنەسەر ڕێبازی موحافیزكاری.

ئەو قسانەی كە دژی موحافیزكاران كردی، دواتر كە چێرچیل گەڕایەوە ناو ڕیزی حزبی موحافیزكارو بوو بە رابەری ئەو حزبە لەلایەن پاڵێوراوانی حزبی كرێكاران لەدژی توری بەكارهێنرا:

((... حزبێك كە چەندین بەرژەوەندیی لەئەستۆ گرتووە. ئەو بەرژەوەندیانەی كە پێكەوە گرێ دراوەتەوەو وەك كۆنفیدراسیۆنێكی بەهێزو سامناكی لێ هاتووە.

ئەم بەرژەوەندییانەش لەشێوەی بەرتیل خۆری لەناوەوە، دەستدرێژیكردنە سەر خاكی وڵاتانی تر لەدەرەوە، هۆقەبازی لەسودوەرگرتن لەتاریفە، چەوسانەوەی دامودەزگای حزبی، هەستو سۆزی ڕووكەش، نیشتیمان پەروەری بە بەرزكردنەوەی جامی ئیمپراتۆری، دەست بڵاوی لەخەزێنەدا، دەرگا كراوەكان بەرەو مەیخانەكان، خۆراكی گرانبەها بۆ ملیۆنان كەس و كاری هەرزان لەبەرژەوەندیی ملیۆنێرەكاندا، بەرجەستە دەبن.))

لەساڵی ١٩٠٦ دا بە ئەندامی لیبرالی باكورو خۆراوای مانچستەر هەڵبـژێردراو كرا بە جێگری وەزیری كۆڵۆنیەكان لەحكومەتی لیبرالەكاندا، هاوكات كاری سەختو ئاڵۆزی قانوندانانیشی لەئەنجومەنی نوێنەراندا لەئەستۆ گرت.(مەبەست ئامادەكردنی لائیحە قانونیەكانی دەوڵەتو خستنە ڕوویانە لەئەنجومەنی نوێنەراندا ـ و).

لەساڵی ١٩٠٨دا كرا بە سەرۆكی ژووری بازرگانیو پیشەسازی(پلەیەكە لەئاستی وەزیری كابینەدا ـ و)و جێی لۆید جۆرجی گرتەوە. ئەم دوو كەسە تەنیا كەسانێك بوون كە لەنێو پێنج سەرۆكی ژووری بازرگانیدا بۆ دوو نەوەی داهاتوو بە سەرۆك وەزیری گەیشتن.

لەحكومەتی لیبرالدا بە چەند دەستپێشخەریەكی گرنگ، بەرەو ناوبانگ هەنگاوی نا. كاتێك كە جێگری وەزیری كۆڵۆنیەكان بوو لەبەرامبەر ئەفریقیای باشوردا وەك ئاشتیخوازێك ناوبانگی دەركرد. لەپلەی سەرۆكی ژووری بازرگانیو پیشەسازیدا ڕۆڵێكی سەرەكیی لەبیمە كۆمەڵایەتیەكانو دامەزراندنی ناوەندی ئاڵوگۆڕی كاردا،





گێڕا.(لەنامەیەكیدا كەسەبارەت بە بیمە كۆمەڵایەتیەكان ئاراستەی ئاسكویسی كرد، ئەوەی بە ((لانی كەمی ستاندەرد))وەسف كردو ئاماژەی بەلایەنە چاكەكانیدا.) هەروەها لەو پۆستە نوێیەدا توانی چەندین كاری ئاڵۆزو مشتومڕ ساز لەئەنجومەنی نوێنەران بەرەو پێش بەرێ: ((بەلائیحەی كۆمسیۆنی چارەسەری ناكۆكی لەسەر هەقدەستەكان، روبەڕوی ئەو خاوەن كارگانە بۆوە كە هەقدەستی كەمیان بە كرێكاران دەداو كاری سەختییان پێ دەكردن))كاتێك ئەو لائیحەیە بوو بە قانون، ئەتلی ی لاو یەكێك بوو لەو كەسانەی ئەركی جێبەجێ‌كردنی ئەو هەنگاوە گەورەیان پێ سپێردرابوو، و بانگەشەیەكی باشی بۆ كرد.

لەساڵی ١٩٠٨دا بەرنامەی چاكسازیەكەی خۆی بۆ ئاسكویس باس كرد:

١ـ ئاڵۆگۆڕی كارو بیمەی كاتی بێكاری.

٢ـ بیمەی لەكاركەوتنو روداوی سەركار.

٣ـ پیشەسازیی تایبەتو پەرەئەستێنی حكومی ـ دروست كردنی دارستانەكانو ڕێگاوبانەكان.

٤ـ قانونی نوێی یارمەتیدانی بێ دەرەتانان.

٥ـ پێكەوە لكاندنی كۆمپانیاكانی هێڵی ئاسن لەژێر سەرپەرشتیی حكومەتدا بە زەمانەتی حكومەت.

٦ـ حەڤدەهەمین لائیحەی پەروەردەو فێركردنی زۆرەملێ.

ئێمە هەتوانێكی (بیسماركی)مان لەسەر برینەكانی سیستمی پیشەسازیمان داناو بە ویژدانی ئاسودەوە چاوەڕوانی ئاكامەكەی (هەرچی یەك بێ دەكەین).

(ناسینی ئەو خاڵانەی قابیلی زەفەر پێ بردنن، لەسیاسەتەكانی دەمی جەنگی ئەو بوو ((خاڵە لاوازەكانی هێزەكانی میحوەر)) ناودەبرا.

ئەم هەنگاوانەی چێرچیلو حزبەكەی ناڕەزاییو گوشاری زۆری لەسەریان وروژاند، بە تایبەت ڕۆژنامەكان چییان لەدەست هات بۆ دژایەتی كردنی درێغییان نەكرد.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

لە بیرمینگام وەڵامی دانەوە: ((هەر كارێك كە ئازایانەو جددی بێ بەزاری هەندێك لەرۆژنامەكان. كە بەرژەوەندی تایبەتیان لەپشتەوەیە تاڵ دەبێ.)

هێرشەكانی لەدژی سیاسەتی رازیكردن بۆسەر یەكێك لەرۆژنامەكانی لایەنگری موحافیزكاران كە ڕەوشی دوژمنانەی، بەتایبەت دوژمنایەتیی شەخسیی لەگەڵ چێرچیلدا لای هیچ كەس شاراوە نەبوو، مایەی ئاسودەیی بوو. هەرچەندە كە دوایساڵی ١٩٤٠ بۆچونی سەبارەت بە ڕووبەڕوبونەوەی چاپەمەنیەكان گۆڕی.

چێرچیل هەنگاوی باشی بە ئاراستەی یەكسانیی مافی تاكەكان نا، و لەبواری زامن كردنی بیمەی كۆمەلایەتیدا هەڵمەتێكی راستەقینەی خستەگەڕ، و رایگەیاند: ((ئەگەر بە حەزی من بوایە وشەی "بیمەكراوە"م لەسەر دەرگای هەر كاولاشێكو لەسەر ناسنامەی هەر مرۆڤێك لەكاتی لەدایك بونیەوە دەنوسی.))







مەكتەبی بیر و هۆشیاری

**ئەكتەری ناسراو سایمۆن وارد لەرۆڵی چێرچیلدا**

((ئەوە كەشتیگەلو سوپا مەزنەكانی كیشوەری ئەوروپاو ئەوە مەسەلەكانی هیندستانو ئەوە مەترسیی زەردو مەترسیی رەش نییە كە دەتوانێ گەورەترین گوزر لەئیمپراتۆریو خەڵكی بەریتانیا بوەشێنێ. ئەوەی لەپێمان دەخا، لێرە لەناو خۆماندایە، لەوڵاتەكەی خۆماندایە، لەشارەكانی ئینگلتەرەو سكۆتلاند، كە تا دێ گەورەتردەبێ و لەگوندە بێ دەرەتانەكانماندایەكە بەرە بەرە بچوك دەبنەوەو بەرەو نەمان دەچن، لەدەوروبەری شارەكاندایە. دەبینین كە تۆوی وێرانیو نەمانی ئیمپراتۆریەت لەهەموو ئەم ناوچانەدا وەشێنراوە، ئەوەش ئەو كەلێنە نائاساییەیە كە لەنێوان دەوڵەمەندو هەژاردایە. دڵ هەڵكەندنی خەڵكییە لەزەویو زارە كشتوكاڵیەكان.

نەبوونی بەرچاوی دیسپلینو پەروەردەیە لەناو لاوەكانماندا. كاركردنە بە منداڵان. گەندەڵی ماددی یە كە هەژاریی سەردەمی شارستانێتیی هێناوەتە كایەوە. قانونە شێواوە لەناوچوەكانی پشتگیریكردن لە بێ دەرەتانانە، بڵاوبونەوەی پەتای مەی نۆشینو قاچاخچێتیی (مەی)ە، دڵنیا نەبوونە لە زامنكردنی بژێویو كاركردن، بێكاریە كە دڵی ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكی زەحمەتكێشو بەئەمەكی وڵاتەكەمان دەهەژێنێ.

نەبونی لانی كەمی خۆشگوزەرانیو هەستی ئاسودەییە لەناو كرێكاراندا، لەلایەكی ترەوە تەشەنەسەندنی رابواردنو بێ بەندوباری، ئەمانە دوژمنی راستەقینەی بەریتانیان. دەبێ وریابینو رێ نەدەین ئەم فاكتەرانە پایەكانی دەسەلاتمان بهەژێنێ.))

لەساڵی ١٩١٠دا، دوابەدوای بەئەنجام گەیشتنی یەكەمین هەڵبژاردنی گشتی، چێرچیل بوو بە وەزیری ناوخۆو چاكسازیی گەورەی لەبارودۆخی زیندانەكاندا كرد كە لایەنە كۆمەلایەتیەكەی گرنگی یەكی زۆری هەبوو، و كەمتر بۆ خۆ دەرخستن بوو.

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەكانی حزبی كرێكارانو سەندیكا كرێكاریەكاندا داستانی ئەو ساڵانێك كەوتە ناو ناوانەوەو ئەوەش ئەو كاتە بوو كە ئاشكرا بوو سەربازی

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ڕەوانەی ڕواندا [14] كردووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی كرێكارانی كانەكانی خەڵوزی بەردینی تۆنی پاندی [15].

ئەوە ڕاست نەبوو لەبەرئەوەی ئەو سەرۆكی پۆلیسی ناوخۆی بۆ وتوویژی دۆستانە، وەك ناوبژیوان، ڕەوانەی ئەو شوێنە كردبوو و فەرمانی بەسەربازەكان دابوو كە لەسویندۆن [16] دابەزن.

لەوەڵامی ڕەخنەكانی توری لەپارلەمانداو داخوازیی بانگ كردنەوەی سەربازەكاندا وتی: ((مەسەلەی ڕەوانەكردنی هێزی سەربازیی مەلەكی بۆ دامركاندنەوەی ناكۆكی كرێكاران بێ بنەمایە.))

لەڕووبەڕوبونەوەی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی لۆردانداا لەسەر بودجەكەی لۆید جۆرج، چێرچیل هەڵوێستێكی هەڵمەتبەرانەی گرتە بەرو داوای لەئاسكۆیس كرد لەبری پێشنیاری دانانی ٢٥٠سیناتۆركە لەبەرنامەی ئاسكۆیسدا بوو، ٥٠٠سیناتۆر دانێ. بەڵام هەركە كێشمەكێشەكە دامركایەوە، حكومەتی هاندا كە لەكاروباری ناوخۆدا سیاسەتی ڕازیكردنی سیاسی بگرێتەبەرو لەسەر بنەمای كەسایەتیە سیاسیو پارلەمانییە بەشدارەكان لە ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی پاشادا [17]، پێڕستێك بەناوی ئەندامانی بەرجەستەی باڵی نەیار ئامادەبكاو لەكاتی پێویستدا بۆ دڵدانەوەیان بەكاری بێنێ.

لەساڵی ١٩١١دا، مەودای نیگەرانیەكان لەسیاسەتی دەستدرێژكارانەی ئەڵمانیا بەرفراوانتر بوو. چێرچیلو لۆید جۆرج هەر زوو پەیان بەو مەترسییە برد بەتایبەت لەلایەن هێزی دەریایی ئەڵمانیاوە. چێرچیل كە هێشتا وەزیری ناوخۆ بوو پێی لەسەر بەهێزكردنی هێزی دەریایی داگرت: بڕیار وابوو لەمانگی تشرینی یەكەمدا پلەی لۆردی

[14] Rhondda
[15] Tongpandy
[16] Swindon

[17] پێڕستی تەشریفاتیی بانگهێشتكراوان ـ و





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

یەكەمی پێ بدرێ، بەڵام بەرلەوەی ئەو پلەیە وەرگرێ، پێشنیاری كرد یەكێتیی سێ لایەنە بۆ زامن كردنی سەربەخۆیی بەلچیكا، هۆڵندەو دانیمارك پێك بهێنرێ. دوای ئەوەی پلەی لۆردی یەكەمی پێ درا، بەوپەڕی تواناوە سیاسەتی یەكێتیو زامن كردنی سەربەخۆیی بەرەو پێش برد.

كە جەنگ سەری هەڵدا، چێرچیل دەستبەجێ بە ئەندامی شورای جەنگیی ناوخۆیی حكومەتی ئاسكویس هەڵبژێردرا. ئاسكویس پشتی زۆر بەو ئەستور بوو. جگە لەوە وەزیرانی تازەكارو ئەفسەرانی لاو دەهاتن بۆ لای تا سود لەبۆچونەكانی سەبارەت بە چۆنێتی بەكارهێنانی تانك وەرگرن. ئەوەش لەكاتێكدا بوو كە وەزارەتی جەنگ هێشتا دەرگیری جەنگی بویر بوو.

چێرچیل لەسەر مەسەلەی داردانیل كە پێشتر ئاماژەی پێ درا، دەستی لەكاركێشایەوە.

كیچنەر هەرگیز بۆچونەكانی ئەوی سەبارەت بە جەنگ پشت ڕاست نەدەكردەوە، هەرچەندە كاتێك لەكابینەدا مشتومڕ سەبارەت بە ستراتیژی جەنگی سەری هەڵدا بەڵێنی پشتگیریی دابوو. ڕەنگە ستراتیژەكەی چێرچیل ڕاست بووبێ. (ئەتلی)ش كە لەكابینەدا هەوڵی خۆی لەو بارەیەوە خستبووەگەڕ، بەستراتیژێكی ڕاستی لەقەڵەم دابوو.

ئەگەر ئەو ستراتیژە پیادە بكرایە هاوپەیمانان پێشڕەوییەكی گەورەیان دەكرد. گوشار لەسەر بەرەی خۆراوا، كە بەرەیەكی بێ ئاكام بوو، نەدەماو ئەو هەموو خوێنەش نەدەڕژا. لەكانونی دووەمی ١٩١٥ دا، هانای بۆ ئاسكۆیس بردو لێی پرسی: ((تاكەی تەلی دڕكاوی لەفلاندەرز بجوین؟ ))

مێژوونوسان دەڵێن سەیر ئەوەیە كە لەجەنگێكدا كە شكستی یەك لەدوای یەك پەلاماری قورس ترو یەك لەدوای یەكی لەفەرەنساو بەلچیكا لێ كەوتەوە، لەبری ئەوەی ئەو كەسانە سەرزەنشت بكرێن كەبەرپرسی ڕاستەقینەن، قسەو قسەڵۆكی توریەكان، چێرچیلیان لەبەرچاوخستو ناچاریان كرد دەست لەكاربكێشێتەوە. دوابەدوای ئەو دەست

مەكتەبەی بیر و هۆشیاری

لەكاركێشانەوەیە، وەك كۆلۆنێلێك چوو بۆ بەرەی فەرەنساو لەبەرەكانی پێشەوە روبەرووی واقیعی دزێوی جەنگ بۆوە.

لەنامەیەكیدا بۆ هاوسەرەكەی بەم جۆرە باسی لەدڵساردیی خۆی كردووە:

**((.. خۆزگە دەخوازم وەك ئەو كاتانەی كە فەرماندەی دەریاداری بووم بمتوانیایە بە دەسەڵاتی رەها فەرمان بدەم. پێ دەچێ دنیای سەربازی پێویستی بە هەوڵی نوێو بیری نوێ هەبێ. لەیادمەكە هێزی دەریایی كاتێك ئەو چەنەبازە(بەلفۆر) فەرماندەی بوو، سەرخەوی دەشكاند.))**

دیسانەوە:

**((هەركاتێك بۆ تەنیا ساتێك لە سەرقاڵیی رۆژانەم دەبمەوە، لەناخی دڵمەوە هەست دەكەم كە نارەواییان دەرهەق بە كارەكەم لەدەریاداریدا كردووە، چەندە هەوڵ بدەم ناتوانم ئەوە لە مێشكی خۆم دەركەم. ئەوە خراپ بەڕێوەبردن بوو كە بەرنامەكەی ئێمەی لە داردانێل بەسەریەكدا ترشاندو هەموو ئەو توانا گیانیو مادیانەی بەبادایین. ئەو خراپ بەڕێوەبردنە نەفرەت لێكراوەی كە شایستەی سزایە: ئەگەر لەژیاندا بمێنم رۆژێك لەرۆژان ئەو راستییە بۆ خەڵكی دەدركێنمو داوا دەكەم لێكۆڵینەوەی تێدا بكرێ.))**

بەڵام ئەو رژێمە سیاسیەی كە دژی ئەوە بوو پەردە لەسەر ئەو راستیانە هەڵماڵرێ، نەیهێشت تا لەژیاندا مابوو داوای لێكۆڵینەوەو بەدواداچون لەو مەسەلەیەدا بكا. هەرچەندە من (نووسەر) بنەمای ٥٠ساڵ پاراستنی نهێنیەكانی دەوڵەتم كەم كردەوە بۆ٣٠ ساڵ، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەكانی داردانێل تا ساڵێك دوای مەرگی چێرچیلیش نەهێنرایە بەردەستم.

دوای بڵاوكردنەوەی مێژووی مەلحەمیی ژیانیو رۆڵی مەزنی لەجەنگی یەكەمی جیهاندا، ئەو رۆژە هاتەدی كە چێرچیل بەڵێنی هاتنی دابوو. ئەو گەڕایەوە بۆ پارلەمان تا دەربارەی(( قسەی زلی دەسەڵاتداران))و هێرشە بێ هودەو پڕ خەرجیەیەكانو هەموو





مەكتەبەی بیر و هۆشیاری

ئەو شتانەی كە لەبەرەی فەرەنسادا بەدیی كردبوو. قسە بكا، بەكورتی ئەوەی لەدڵیدایە هەڵبڕێژێ.

لەمانگی مایسی ١٩١٦دا، لەئەنجومەنی نوێنەراندا وتی: **((من هەموو رۆژێك بەخۆم دەڵێم لەكاتێكدا ئێمە لێرەین، یا كاتێك بۆ نان خواردنی ئێوارە دەچینە دەرەوە، دەڕۆینەوە، لەجێیەكی تر چی روودەدا؟ ئەگەر نازانی بزانە كە هەر بیستو چوار سەعات جارێك نزیكەی هەزار مرۆڤی ئینگلیزو بەریتانی لەنەژادی خۆمان كە لەخوێنی خۆیاندا گەوزان، دەخرێنە ناو كفنی خوێناویەوەو بەرەو ئەو گۆڕانە دەبرێن كە بەپەلە پڕوزێ بۆیان هەڵدەكەنرێ، یاخود جەستەی برینداریان دەخرێتە ناو ئەمبیولانسە سەربازیەكانەوەو ئەو پارانەی كە سەرۆك وەزیر راشكاوانە ئاماژەی پێ داوە وەك زیخ خەرج دەكرێ....))**

لەنامەیەكیدا بۆ براكەی. بە ژەنگو ژارتر دەدوێ:

**((ئایا جێی سەرزەنشت كردن نییە كە من لەم ساتەوەختەدا لەبەرەی راستەقینەی جەنگ لەپێناو وڵاتەكەمدا بێ بەری بم؟ من سات بەسات تل دەخۆم، كاتێك دەبینم توانای ئەوەم نیە ژەهری خۆم بەسەر ئەم(بوش)* انەدا بڕێژم (لەجەنگی یەكەمی جیهاندا بە ئەڵمانیەكان دەگوترا، واتا مرۆڤی پڕوپوچ ـ و.)... ئەها جاكی ئازیز خەریكم بەرەبەرە خو بەرقەوە دەگرم...))**

لەساڵی ١٩١٧دا، لۆید جۆرج گەڕاندیەوە بۆ ناو كابینە تا بتوانێ ژەهری خۆی بەسەر بوشەكاندا بڕژێ. پۆستی وەزارەتی پێ سپێردرا. ئەو پۆستەی كە لۆید جۆرج لەپێناویدا دەستی لەخەزێنە كێشابۆوە. چێرچیل سەلماندی كە وەك لۆید جۆرج كارامەو لێهاتووە. بەتایبەت كە ئەزمونەكانی لەبەرەی فەرەنسادا سورتری كردبوو.

هەوڵە ئاشتیخوازەكانی لەگەڵ هێزی كاردا، مشتومڕەكانی لەگەڵ بەڵێندەراندا، وتەكانی لەسەرانسەری وڵاتدا، هەموو ئەمانە رەنگدانەوەی بارودۆخی نائاسایی ساڵی

---

*Boche

**١٩١٧بوون، هەمان ئەو ساڵەی كە ئەڵمانیا ژێر دەریـایی(U- boat)ی خستە كـار، هەمـان ئەو ساڵەی كە گوللە تۆپەكان دەتـەقێنران، بـەڵام لـەخاڵی كردنـەوەی جبەخانـەی تەقەمەنیەكان بەولاوە هیچ كاریگەریـەكی تریـان نـەبوو. هـەموو وزەو توانایـەكی خـۆی لـەپێناو پتـەوكردنی پەیوەنـدیی نێـوان هاوپـەیمانانو بەتایبـەت هاوئاهـەنگكردنی ئۆپەراسیۆنەكانی بەریتانیا لەگـەڵ فەرەنسا، ئیتاڵیـاو ئـەمریكا كـە تـازە هاتبونـە نـاو جەنگەكەوە، خستەگەڕ. لەو مارسە چارەنوس سازەدا چێرچیل بۆ لۆید جۆرجی نوسی:**

**((پێویستە توندبین. پێویستە قانون سەروەر بێ. لـەكاتی پێویـستدا تـەنیا گرنگـی بەراستی بدەو شتەكانی تر دوور تورِ دە. چاونەترسیو هەبوونی بەرنامەیەكی ڕون توانای ئەوەت پێ دەبەخشێ كە فەرماندەیی میللەتێك زامن بكەی، بەڵام ئەگەر دەرەقەتی ئـەو قەیرانە نەیەی ئەوا ڕۆڵی ئێوە كۆتایی هاتووە)) لۆیـد جـۆرج. چێرچـیلی بـە ئـەركێكی نهێنی ڕەوانەی فەرەنسا كردو بەو راپۆرتانەی كە رۆژانە لەبـەرەكانی پێـشەوەی جەنگـەوە ڕەوانـەی ناوەنـد دەكـرا، قەناعـەتی بـە ئەنـدامانی كابینـە كـرد كـە جـەنگ شكـستی نەخواردووە.**

**لـەماوەی چـەند هەفتەیەكـدا تونـدیی پـەلامارەكانی هێزەكـانی ئـەڵمانیا، خـودی ئەڵمانیـەكانی لـەپێ خـستو پێـشڕەویی سـەربازەكانیانی راگـرت. دوای شـەش مـانگ پاشەكشەو قەیرانی نـاوخۆ، ئالآكـان شـەكانەوەو شـەقامەكان پڕبـوون لـەهاوارو شـادیی كۆتایی هاتنی جەنگ. دوو مانگ دوای ئەوە چێرچیل بوو بە وەزیری جـەنگ. پـشتگیری لەلۆیـد جـۆرج كـرد كـە سـور بـوو لەسـەرئەوەی بـەهانای روسـەكانەوە بـچن كـە لەگـەڵ بەڵشەڤیكەكاندا دەرگیر ببون، لەبەرئەوەی لەڕووی سیاسیـەوە لـەو بارەیـەوە هاوبیروبـاوەڕ بوون.**

**بەڵام سەرەنجام هێزەكانی ئینگلیز بێئەوەی هیچ شتێك لەدەست بـدەن، یاشـتێك بـە دەست بێنن، خاكی روسیایان بەجێ هێشت.**

**چێرچیل لەمبارەیەوە وتی:**





**((ئەوە ئەركی سەرشانی خودی روسەكانە كە پیاوەتیو ئازایەتی بنوێنن.))**

**لەسـاڵی ١٩٢١دا بـوو بـەوەزیری كۆلۆنیـەكانو لـەوێ بـە پـشتیوانیی لۆرەنـسی عەرەبـستان هـەردوو ولآتـی پاشانـشینی عێـراقو ئـوردونی گـەورەی دامـەزرانـدو هەلومەرجی گونجاوی بۆ دامەزراندنی ولآتێك بۆ جولەكەكان لە فەلەستین رەخساند، و بە درێژایی تەمەنی پشتگیریی لـێ كـرد. كاتێـك لۆیـد جـۆرج داوای لەچێرچـیل كـرد وتووێژێك بخاتە گەڕ بۆ كۆتایی هێنان بە جەنگی ناوخۆی ئایرلەندە، مایكـل كـۆلینز [18] سـەركردەی ئایرلەنـدی بۆچـونی خـۆی سـەبارەت بـە وتوێـژەكانی پـێشو پـاش پـەیمانی ١٩٢٢ ، ئاوا خستۆتە ڕوو:**

**((بە وینستۆن بڵێین كە ئێمە بەبێ پرسی ئەو هیچ شتێك ناكەین.))**

**رۆڵی چێرچـیل لەئۆپەراسـیۆنەكانی (كانـاك)دا لەبەشـەكانی پێـشودا ئامـاژەی پـێ دراوە. لەساڵی ١٩٢٢دا كە یانەی كارلتۆن حكومـەتەكەی لۆیـد جـۆرجی بـەرەو هەڵـدێر برد ، ئەو نەك هەر تەنیا شان بەشانی لۆید جۆرج وازی لەدەسەڵآت هێنا، بەڵكو كـەمێك دوای ئەوە كورسیەكەشی لە داندی لەدەستدا، بەڵام لەسەر وریاكردنەوەكانی بەردەوام بوو و لەهەوڵی ئەوەدا بوو وێنەیەكی ڕون لەداهاتوو بخاتە روو. چێرچـیل لـەكانونی دووەمـی ١٩٢٤دا پێشبینیی شۆڕشی ئەتۆمیو چەكە ئاراستە كراوەكانی كرد:**



[18] Michael Collins

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

**چێرچیڵ لەساڵی ١٩١٨ دا كاتێك وەزیری جەنگی بەریتانیا بوو**

**((ئایا گەیشتوینەتە كۆتایی؟ ئایا ئەگەری بەكارهێنانی هێزێكی ماڵ وێرانكەرتر لەوەی تا ئێستا دۆزراوەتەوە لەكایەدا نیە؟**

**ئایا ئەو ئەگەرە لەكایەدا نیە كە بۆمبێك بە قەد پرتەقاڵێك دروست بكرێ توانای هەڵتەكاندنی بینا گەورەكانی هەبێ؟ ئایا ناكرێ هێزی هەزار تۆن بارودی بێ دووكەڵ بە جۆرێك چڕ بكرێتەوە كە لەچاوتروكاندنێكدا شارێك خاپور بكا؟ ئایا ناتوانرێ ئەو بۆمبانە لەچەند تەنێكی فڕیوی بێ فرۆكەواندا جێگیر بكرێ‌و لەڕێی بێ سیمەوە بەشێوەیەكی ئۆتوماتیكی‌و بێ وەستان بەرەو ئامانجەكانی دوژمن كە ڕەنگە شار، عەمباری تەقەمەنی، ئۆردوگای سەربازی یا دامودەزگای بەندەریی دوژمن بێ، ئاراستە بكرێ؟))**

بالدوین دەسەڵاتی گرتەوە دەست، و چێرچیلی هاندا كە جارێكی تر بگەڕێتەوە ناو ریزی توریەكان، بەڵام پێی دانەگرت لەسەر ئەوەی لەهەڵبژاردنەكەی ١٩٢٤دا سوێندی وەفاداری بۆ حزبی توری بخوا. هەر كە چێرچیل وازی لە لیبرالەكان هێنا، وەك پاڵێوراوێكی پارلەمانیی توری قبوڵی كرد، و بە سپاردنی پۆستی وەزارەتی دارایی پێی، وێستمینیستەری سەرسام كرد. یەكەمین كاردانەوەی چێرچیل لەبەرامبەر ئەو پێشنیارەی بالدویندا ئەوەبوو كە وتی: ((ئایا مراویەكی پێكراو دەتوانێ مەلە بكا؟)) چێرچیل گرنگییەكی زۆری بە چاكسازیی كۆمەڵایەتی دەداو سەلماندی كە ڕۆڵەی





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

راستەقینەی كابینەی بەر لەجەنگی ئاسكویسە. چاوەڕوانی دەكردو ئومێدی دەخواست كە وەزارەتێك تایبەت بە خزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتی بێتە كایەوە، بەڵام كاتێك بوو بە وەزیری دارایی، ئەو وەزارەتەی كردە پێگەیەك بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەژاری. ئەو چێژەی كە لە بەئەنجام گەیاندنی خزمەتگوزاریەكۆمەڵایەتیەكاندا لەو وەزارەتەدا بینی بە درێژایی ژیانی سیاسیی نەیبینی. لە٢٠ی مارسی ١٩٢٥دا، بۆ نەویل چەمبەرلین وەزیری كاروباری ژیان‌و گوزەرانی نوسی:

((ئەمە تەواو بە پێچەوانەی سیاسەتی گەلەوەیە گەر ڕێگە بدەین ئەو هەل‌ومەرجەی ئێستا بەردەوام بێ. هەل‌ومەرجێك كە تیایدا منداڵانی وردو بێ سەر پەنای بێوەژنێك لەچاودێری‌و گرنگی پێدانی پێویست بێبەری بن، لەبەرئەوەی دایكیان ناچارە چەندین سەعات كاربكاو بە هەوڵ‌و ماندوبونێكی زۆر بژێویەكی كەمیان بۆ دابین بكا. بۆیە ئەوە دەبێ ببێتە پایەیەك بۆ ئەو كارانەی تاكو ئێستا ئەنجام نەدراون....))

لە٢٢ی مارسدا بۆ هاوسەرەكەی نووسی: ((بە درێژایی ڕۆژی(یەكشەممە) كارم كردووە زۆر ماندوم.)) دوای پێشوازیكردنی لە ژمارەیەك لەنوێنەرانی زیندانیە بەتەمەنەكان ئاوا ئامۆژگاری لێپرسراوانی خوار خۆی كرد:

((كاتێك خێزانێك گیرۆدەی بەدبەختی دەبێ، بێكاری، پیری، نەخۆشی یا مەرگی خێزانێك تاچ رادەیەك بە مویەكەوە بەندە، چۆن خێزانێك كە ژیانێكی ئاسودەیان هەبووە لەماوەی چەند مانگێكدا سەرجەم پاشەكەوتەكانی بەبا دەچێ‌و شیرازەی لێك دەپسێ....))

دروشمی ئەو ئەمە بوو((بیمە، بیمە))و داوای لەشارەزایانی بیمەی دەوڵەت دەكرد میكانیزمێك بدۆزنەوە بۆ چۆنێتیی پێشكەش كردنی یارمەتی بیمە.

سەرەنجام بە هەوڵ‌و كۆششی ئەو بڕیاردرا موچەی خانەنشینی لەتەمەنی ٦٥ساڵیەوەو موچەی ژنانی بێوەژن دەم‌و دەست دوای مردنی هاوسەرەكانیان بدرێ. بڕیار درا پیاوانی سەرو ٦٥ساڵ بۆ ماوەی سێ ساڵ، ساڵانە یەك پاوەند لەموچەی خانەنشینیان كە

٢٥پاوەند بوو، وەك یارمەتیی بخەنە سندوقی بیمەی كۆمەڵایەتیەوە، تا بەو پێیە هیچ كەسێك ناچار نەبێ موچەی كاتی بێكاری وەرگرێ كە هیچ كەس ئاواتی بۆ ناخوازێ: ئەم رێو شوێنە كۆمەڵایەتیە، رێزی هەموو كەسێكی زیاتر دەكردو دەبووە هۆی ئەوەی بەهایەكی زیاتر بۆ ئەو موچەی خانەنشینیەی كە وەری دەگرن، دابنێن.

لەنامەیەكیدا بۆ پاشا نووسی، كە بەر لە٢٠ساڵ كاتێك سەرۆكی ژوری بازرگانی بووە پەی بە گرنگیی ئەم چاكسازیە بردووە: ((یارمەتیی دەوڵەت بۆ سندوقی خانەنشینی دوای تەمەنی ٧٠ساڵی دەرفەتێكی گەورەی رەخساندووەو دەتوانرێ وەك یارمەتیەك بۆ بەرنامەیەكی بیمەی هاوكاری بۆ ئەو كەسانەی كە تەمەنیان گەیشتۆتە ٦٥ساڵ، سودی لێ وەربگیرێ....))

بیمەی نیشتمانیی سەرانسەری((موعجیزە))یەكە ((دەرفەت بۆ ملیۆنەها كەس دەڕەخسێنێ تا بەشداریەكی گەورە لەخۆشگوزەرانیی گشتیدا بكەن.)) لە٢٨ی نیساندا، لەوتەیەكیدا سەبارەت بە بودجە ئەو پێشنیارەی راڤەكردو مەسەلەی(موچەی كار)ی بۆ ژنانی بێوەژنو منداڵەكانیان تا تەمەنی ١٤ساڵو نیو، موچەی خانەنشینی بۆ هەموو كەسێك لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا خستەڕوو.

لەراستیدا چێرچیل پێنج بودجەی پێش كەش بە ئەنجومەن كرد. یەكەمین بودجە، چەند پێشنیارێكی سەبارەت بە موچەی خانەنشینی لەخۆگرتبوو. بودجەی ساڵی ١٩٢٦ وەك ئەنگیزەیەك وا بوو.((دەست گرتنەوە))، ٥٪ باجی لەسەر جۆرە گرەوێك دانا. لەساڵی ١٩٢٧دا، باجی سەر توتنی زیاد كرد كە زیاتر پەیوەست بوو بە كۆمپانیای جگەرەی دەوڵەتەوە[19] .

لەو ساڵەدا پێشنیاری حزبەكەی سەبارەت بە كەمكردنەوەی باجی سەر میراتی قبوڵ نەكردو وتی كەم كردنەوەی ئەو باجە هیچ سودێكی بۆ خاوەن زەویو زارەكان لێ ناكەوێتەوە، بەڵكو چینەكانی تر سودی لێ وەردەگرن.

---

[19] lmperial Tobacco Company





لەساڵی ١٩٢٨دا خزمەتگوزاریەكانی دەوڵەتی كەم كردەوەو گومرگی لەسەر هاوردەی نەوتو چەرخی جگەرە دانا(تا هاوردەی شقارتەش لەباج قوتاری نەبێ)، مافی منداڵیشی زیاد كرد.

بەرنامەی لابردنی باجی پیشەسازی كە مكمیلانی لاو پێشنیاری كردبوو پیادە كرد، سەرەنجام لەساڵی ١٩٢٩داگومرگی سەر چای لابردو نەقدینەیەكیشی لەخەزێنە بۆ بەرفراوانكردنی نوسینگەكانی پۆستە تەرخان كرد.

ئەو وتانەی كە دەربارەی بودجە پێشكەشی كردن، هەم لەڕووە بەرفراوانەكەیەوە، هەم لەڕوی شیكردنەوەی وردەكاریەكانی داهاتو خەرجیەوە، جێی سەرنجە.

نەڤیل چەمبەرلین دەربارەی وتەكەی ١٩٢٩ی، چێرچیل وتویەتی: ((یەكێكە لەباشترین ئەو وتانەی كە پێش كەشی كردوەو ئەنجومەنی خستە ژێر كاریگەریی زانایی، جوامێریو نیەت پاكیی خۆیەوە.))

تەنیا چوار وەزیری دارایی پێشوو پێنج بودجەی ساڵانەی رەسمییان پێشكەش بە ئەنجومەن كردووە كە ئەوانیش بریتین لە: والپول، پیت، پیلو گلادستۆن، هەریەكەیان لەكاتی پێشكەشكردیندا سەرۆك وەزیر بوون، یا دواتر بونەتە سەرۆك وەزیر.

پێشینەی چێرچیل لەدەرەوەی كارەكەی خۆی لەخەزێنە پێشتر ئاماژەی پێدرا. لەوانە دەستپێشخەریە ئاشتیخوازانەكەی بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیەكانی كەرتی پیشەسازیی خەڵوزی بەردینو ململانێی توندی لەدژی هەنگاوەكەی سریدیندل ستریت دەربارەی بەرامبەریی پاوەند.

بۆچونەكەی چێرچیل لەو بارەیەوە راست بوو، بەڵام تەسلیم بوونەكەی هەڵە بوو، هەرچەندە كە راپۆرتی تەواوی ئەو مەسەلەیە تا ساڵی ١٩٣١ بڵاونەكرایەوە، كاتێكیش بڵاوكرایەوە چێرچیل لەسەركار نەمابوو، ئومێدیشی بە گەڕانەوە نەبوو. ململانێی لەسەر چاكسازیی قانونی لەهیندستانو رقو كینەی حكومەتە موحافیزكارەكانی داهاتوو،

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

وایكرد كە بەدرێژایی ٨ساڵ لەهەڵبژاردنەكەیساڵی(١٩٣١)ەوە تا سەرهەڵدانی جەنگ لەساڵی ١٩٣٩دا هیچ رۆڵێك لەدەوڵەتی بەریتانیادا نەگێڕێ.

بە درێژایی ئەو ساڵانە چێرچیل هەر ئاگاداركردنەوەی دا، تەنیا ئاگادار كردنەوەو ئاگاداركردنەوە. ئاگاداركردنەوەكانی لەسەر بنەمای چەند راستییەكی بەوردی ریزبەندی كراو بوو. لێپرسراوانی باڵای سەربازیو مەدەنی، بە تایبەت لەوەزارەتەكانی وایت هۆڵ هەستیان دەكرد كە رەت كردنەوەی یەك لەدوای یەكی ئاگاداركردنەوەكانیان لەلایەن داونینگ ستریتو كابینەوە ئەو هەقەیان پێ دەدا كە پارلەمانو میللەت لەرێی چێرچیلەوە لەراستییەكان ئاگادار بكەن.

بەڵام هەستكردنی قوڵی ئەو بە راستیەكان لەبەرامبەر پەردەپۆشكردن یا گۆڕینی رێچكەی راستییەكان لەلایەن دەوڵەتەوە لەباردەبراو بە شێوەیەكی گشتی دەوڵەت هیچ گرنگییەكی بە ئاگاداركردنەوەكانی ئەو نەدەدا.

چێرچیل بێ گوێدانە ئەو هێرشانەی دەكرانە سەری سووربوو لەسەر درێژەدان بە ووتەكانیو بە پرسیارەكانی حكومەتی دەخستە ژێر گوشارەوە.

هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتی هاندا سیاسەتێكی بەرگریی كارا بگرێتەبەرو جەخت بخاتە سەر هێزی ئاسمانیو هەنگاو بنێ بە ئاراستەی هێنانەكایەی یەكێتییەكی سیاسیی كاریگەر، بە تایبەت لەگەڵ فەرەنسادا. پاشان بە پێشكەشكردنی وتە و بڵاوكردنەوەی كتێبو وتار گوشارەكانی خۆی ئاراستەی دەوڵەت كرد. ئەوەبوو بڵاوكراوەی ئایۆنینگ ستاندەرد كە بیوربروك خاوەنی بوو ناوی ئەوی لەلیستی ووتارنووسە هەمیشەییەكانی خۆی سڕیەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف بە ئامێزی واڵاوە پێشوازی لەچێرچیلو وتارەكانی كرد.

كاتێك هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست، چێرچیل هەرتەنیا لەرووی سەربازیەوە نا، بەڵكو سەبارەت بە چەوسانەوەی كەمینەش لەلایەن هیتلەرەوە دەوڵەتی ئاگادركردەوە. لەوەڵامی حكومەتەكەی مك دۆناڵددا كە پێشنیاریكردبوو سەرەتا ئەڵمانیا خۆی پڕ





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

چەك بكاو پاشان وتووێژ لەسەر مەسەلەی چەك داماڵینی وڵاتانی ئەورپا بكرێ[20]، چێرچیل لەسەرەتای نیسانی ١٩٣٢ دا لەئەنجومەنی نوێنەراندا وتی:

((جێی داخە كە دەبینم توانا سەربازیەكانی ئەڵمانیاو فەرەنسا پێك دەگەن.... من لەو كەسانە دەپرسم كە خوازیارن ئەڵمانیاو فەرەنسا لەڕوی چەكو جبەخانەوە هاوشانی یەكتربن: ئایا خوازیاری هەڵایسانی جەنگن؟))

لەمانگی تشرینی دووەمیشدا بە ئەنجومەنی نوێنەرانی وت:

((ئەگەر دانوستانەكانی ژنیف شكست بێنێ رێگە بدەن دەوڵەتی نیشتمانی پێشنیاری گرتنەبەری رێو شوێنی پێویست بخاتە بەردەم پارلەمان لەپێناو بەهێزتر كردنی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا تا هیچ كەسێك زاتی ئەوە نەكا كە بەهەڕەشە كردن لەژیانی ژنانو منداڵانی ئێمە، ناچارمان بكا تەسلیم بین.))

لە مارسی ١٩٣٣دا:

((بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای ئەوروپا، ئایا چاوەڕێی ئەوە لەفەرەنسا دەكرێ هێزی ئاسمانی خۆی بۆ نیوە كەم كاتەوەو ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ سێیەك كەم كاتەوە؟ ئایا ئێوە ئەمە بۆ ئەو وڵاتە پێشنیار دەكەن؟ ئەگەر ئەو پێشنیارەی ئێوەی پەسەند كردو كاری پێ كرد، ئایا لایەنگریی لێ دەكەنو برینەكەی سارێژ دەكەن؟ ... ئێوە باس لەدیبلۆماسیی نهێنی دەكەن، بەڵام چاك بزانن كە جۆرێكی خراپتر لەدیبلۆماسیی نهێنی هەیەو ئەویش جۆرە دیبلۆماسیەكە كە مەودای هیوا بەرفراوانتر دەكاو شروبێكی ئارام بەخش بۆ ئاسودەییو هێوركردنەوەتان دەنوسێ، لەكاتێكدا بە

[20] لەو دەمەدا ئەو مەسەلەیە لەبرەودا بوو كە پێویستە وڵاتانی ئەورپا لەڕوی سەربازیەوە هاوشانی یەك بن تا هاوسەنگیی هێز بێتە كایەوەو رێ لەهەڵایسانی جەنگ بگرێ. ئەڵمانیا دوای شكست هێنانی لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا لەڕوی سەربازییەوە لاواز ببوو و واپێویستی دەكرد برەو بە توانا سەربازیەكانی خۆی بدا، هەربۆیە حكومەتەكەی مك دۆناڵد لەو باوەڕەدا بوو كە نابێ ئەڵمانیا بە لاوازی بهێڵرێتەوە ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

درێژایی ئەو ماوەیە، ئەو كەسانەی چاك دەزانن چی دەقەومێ، سەرقاڵی چاوداگرتنن لەیەكتری.))

كاتێك بیستی یەكێك لەوزەیرەكان قایلە بەوەی كە بەریتانیا پێنجەمین هێزی ئاسمانی دنیابێ، ڕاچڵەكی.

لەمایسی ١٩٣٥دا، چێرچیل بەو نفوزە ژێربەژێرەی كە لەناو كابینەدا هەیبوو پەی بە بیرتاریكیو نهێنیكاریەكانی دەوڵەت بردو زانی كە كابینە لەڕووی چەكو هەروەها لەڕوی توانایی بەرهەمهێنانی چەكەوە دووساڵ لەدوای ئەڵمانیاوەیە:

((ئەو دەم كە كارگێڕی دەیتوانی بارودۆخەكە بگۆڕێو لێی غافڵ بوینو ئێستاش كە كار لەكار ترازاوە، تازە بەتازە بە دوای ڕێگە چارەیەكەوەین كە ئەگەر لەكاتی خۆیدا بیرمان لێ بكردایەتەوە ڕەنگە بارودۆخەكە بە كامی دڵی ئێمە بوایە.

چیرۆكەكە نەگۆڕاوەو بە قەد كۆنیی كتێبە سیبیلیەكان [21] كۆنە. لیستێكی دوورودرێژو تاقەت پڕوكێنە لەئەزمونە ناكامەكانو دان پیانانێكە بەوەی كە وانەو پەند لەمرۆڤ وەرناگرین.))

بە ئەنجومەنی نوێنەرانی وت كە لێدوانەكانی وەزیری هێزی ئاسمانی لەمارسی ١٩٣٥دا كە تیایدا ئاماژەی بەوە داوە توانای ئاسمانیی ئەڵمانیا ناگاتەوە بە نیوەی توانای ئاسمانی بەریتانیا لەساڵی ١٩٣٤داو بەریتانیا وەك جاران لەڕوی سەربازییەوە باڵا دەست دەبێ درۆیەكی شاخدارەو ڕوی دەمی كردە هەر وەزیرێكی كابینە كەباس لەباڵادەستیی بەریتانیا بكا ووتی:

((نا بەرێز، هەموو ئەم ئیدیعایانە سەرتاپا درۆنو ئەو درۆیەش ئێستا لای هەموان ئاشكرایە.))

---

[21] Sibyline Books: كۆمەڵە گوتارێكی سروشتی و ئیلهامیی سەردەمی ڕۆمی كۆنە كە بە زمانی یۆنانی نوسراوەو تایبەتە بە ستایشی ئاینی و سیاسەتی ڕۆمی كۆن – و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەمانگی ئابدا سوین تۆن وەزیری نوێی هێزی ئاسمانیی ئاگادارکردەوەو وردەكاریی مەسەلەكەی خستە بەردەستو بەم شێوەیە ئێمە لەڕوی هاوسەنگیی ئاسمانیو توانای پیشەسازی بۆ بەرهەمهێنانی چەكەوە لەدواوەین .

لەمانگی تشرینی دووەمدا ڕێنوێنیی خەڵكی كرد كە كتێبی (خەباتی من)ی هیتلەر بخوێنینەوەو ببینین چ مەترسیەك بەڕێوەیە، جارێكی تر مەسەلەی داپلۆسینی جولەكەكانی هێنایەوە گۆڕێ. لەنیسانی ١٩٣٦دا سێر ڕۆبێرت وینستارت جێگری وەزارەتی دەرەوە بە نهێنی، دیپلۆماتێكی پایە بەرزی وەزارەتی دەرەوەی ناردە لای چێرچیلو وتی كە ئەویش دژی ئەو پشتگوێخستنو پاڵ لێدانەوەیەی دەوڵەتەو داوای لێكرد هەموو ئەو كەسانەی كە نیگەرانی مەترسیی ئەڵمانیاو هەڕەشەی سەر دیموكراتین لەدەوری یەكتری كۆبكاتەوە.

چێرچیل بە ئەرێ وەڵامی ئەو بانگەوازەی دایەوەو لەو پێناوەدا تەنانەت لەگەڵ ڕابەرانی سەندیكا كرێكاریەكانیشدا دانیشت.

قەوارەی كۆنەپارێز كە دەنگی ڕۆژنامەیان ڕۆژنامەی تایمز بوو، جەختیان لەسەر ئەو بۆچوونە دەكردەوە كە نەعامە زیرەكترین بونەوەری پەروەردگارە. [22]

سەرنوسەرەكەی دژایەتیی خۆی بەرامبەر نائومێدیی پێش وەختو ناوادە دەربڕیو وتی: ((ئەڵمانەكان چەندین جار لەبەیاننامە سیاسیەكانی خۆیاندا بە ڕەسمی ڕایانگەیاندوە كە ئامادەن لەگەڵ ئیمپراتۆریی بەریتانیادا بسازێنو بەلێككگەیشتنێكی گشتی بگەن. ئەم ڕاگەیاندنانە پشتو پەنای ئومێدەكانی ئێمەن.))

ڕۆژنامەكە ((هیوای خواست كە چێرچیل بە ئاگابێو واز لەداخوازیەكانی سەبارەت بە نزیك بونەوەی بەریتانیاو فەرەنسا لەیەكتری بهێنێ كە ڕەنگە لێك تێنەگەیشتنو تۆڵەسەندنەوەی [23] لێ بكەوێتەوە))

---

[22] مەبەست لەوەیە كە دەوڵەت كە بەسەر هەموو كاروبارێكی وڵاتدا باڵادەستە، لەنوێنەرێكی پارلەمان زیاتر ئاگای لەمەسەلەكانە ـ و

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەئەیلولی ١٩٣٦دا، چێرچیل لەوەڵامی هەڵوێستە ژێربەژێرەكانی وەزارەتی دەرەوەدا، وتەیەكی گرنگی لەپاریس پێشكەش كردو تیایدا داوای هاوكاریی نێوان بەریتانیاو فەرنسای كرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی مەترسیی هاوبەش‌و بەرگریكردن لەدیموكراسی.

ئەمجارەیان رۆژنامەكان بۆ یەكەمین جار لەشیكردنەوەكانی خۆیاندا دەستیان كرد بە پشتگیریكردن لەچێرچیل‌و تەنانەت داوایان كرد پەیوەندی بە كابینەشەوە بكا. پەیوەندیەكی نزیك‌و ژێربەژێری تر لەگەڵ چێرچیلدا لەلایەن رۆبێرت واتسۆن وات [24] داهێنەری رادارەوە بنیادنرا كە زۆر دڵ پڕ بوو لەكەمتەرخەمیەكانی هێزی ئاسمانی لەتەواوكردن‌و تاقیكردنەوەی رادار‌دا.

چێرچیل لەسەر داوای خودی ئەو گرنگیی بەو مەسەلەیەداو نامەیەكی توندی بۆ سوین تۆن نووسی. چێرچیل‌و لیندمان كە لەلیژنەی بەرگریی ئیمپراتۆریدا سەرقاڵی لێكۆڵینەوە دەربارەی بەرگریی ئاسمانی بوون هەرزوو هەستیان كرد، و تەنانەت بە سوین تۆنیان وت كە ئەو(چێرچیل) دەتوانێ بە بڵاوكردنەوەی پەشێوی‌و نیگەرانی لەناو خەڵكیداو هێرشی ئاشكرا بۆ سەر دەوڵەت كارێكی باش بكا، بەڵام كێشەی چێرچیل لەوەدا بوو كە ئەندامێتی لەو لیژنەیەدا، دەمی ئەوی لەبەرامبەر خەڵكیدا دەبەست، مەگەر ئەوەی نفوزی خۆی لەناو لیژنەكەدا زیاتر بكردایە. ئەو گرنگیی بە مەسەلەی كەمیی بەرهەمهێنانی تانكیش داو لەوتەیەكیدا لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا باری سەرنجی خۆی بەرامبەر دەوڵەت دوبارە كردەوەو وتی:

((ئەوانە هەر بەردەوامن لەسەر كارە دژو پێچەوانەكانی خۆیان، خۆیان یەكلاكردۆتەوە، بەڵام بڕیار نادەن. بەڵێن دەدەن، بەڵام دوو دڵن. توندن، بەڵام وەك شلەمەنی داچۆڕاون. هەموو بە دەسەڵاتن، بەڵام بێ دەسەڵاتانە هەڵس‌وكەوت دەكەن.))

---

[23] مەبەست وروژانی ئەڵمانیایە ـ و

[24] Robert Watson- Watt





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئاگادار كردنەوەكان بەردەوام بوون‌و نوێكردنەوەی چەك بە شێوەیەكی رێك‌وپێك دەستی پێكرا.

لەگەڵ ئەوەشدا چەمبەرلین نەیدەتوانی درك بەوەبكا كە ساڵی ١٩٣٩ ساڵێكی مەترسیدارە. سەرەڕای بەڵێنەكانی حزبی دەسەڵاتدار سەبارەت بە(باری ئاسایش)، هیچ ئامارێك تایبەت بە بەرگریی ئاسمانی ئاشكرا نەكرا. لەراستیدا ژمارەی ئەو فڕۆكانەی لەبەریتانیا دروست دەكران زۆر لەفڕۆكە ئەڵمانیەكان كەمتر بوو.

لە٤ی شوباتی ١٩٣٨دا، جارێكی تر دەوڵەتی لەمەرامی نازیەكان بۆ پاوانكردنی ئەوروپای ناوەندی ئاگاداركردەوە.

١٢رۆژ دوای ئەوە هیتلەر داوای لەنازیەكانی نەمسا كرد پەیوەندی بە دەوڵەتی نەمساوە بكەن. وادەی چەند هەفتەیەك بۆ دەوڵەتی نەمسا دەستنیشان كرا. لە١٤ی مارسدا چێرچیل وتەیەكی نائاسایی پێكەش كرد:

((ئەوروپا لەبەردەم بەرنامەیەكی دەستدرێژكاریدایە كە بە وردی‌و بە پێی خشتەیەكی زەمەنی قۆناغ بە قۆناغ جێ بەجێ دەكرێ، و ئێمەو وڵاتەكانی تریش تەنیا یەك رێگەمان لەبەردەمدایە ئەویش ئەوەیە یا وەك نەمسا تەسلیم بین یا تادەرفەت لەبەردەمدا ماوە بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو مەترسیە دەست بەكاربین، گەر نەشمانتوانی مەترسیەكە بڕەوێنینەوە، لەبەرامبەریدا بوەستینەوە....

ئەگەر لەچاوەڕوانیدا دانیشتین ئەی ئەو سەرچاوانەمان بۆ چییە كە لەپێناو ئاسایشی خۆمانداو بۆ ئاشتی هەڵمان گرتوون؟ ئایا دۆستەكانمان لێمان دور ناكەونەوە؟ ئایا دۆستە یەدەگەكانمان، یەك بە یەك بەرەو هەڵدێری لەناوچون ناچن؟ قسەی بێ ناوەرۆك تا چەند بڕەدەكا؟ مەگەر لاف‌و گەزافی هێزێكی گەورەو كاریگەری لەپشتەوە بێ؟ ... بۆ نموونە لەئێستاوە تا دووساڵی تر ئێمە لەكوێدا دەبین، سوپای ئەڵمانیا كە بەدڵنیاییەوە لەسوپای فەرەنسا گەورەترە لەكوێدا دەبێ؟ ئایا ئەودەم وڵاتە بچوكەكان لەبری بەشداری كردن لە( كۆنفرانسی چەك داماڵین)ی ژنێڤ خۆیان ئامادە ناكەن تا لەبەرامبەر توانای

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ڕوو لەزیادبوی دێو ئاسایی نازیەكاندا كڕنۆش بەرن‌و باشترین هەل‌ومەرج بۆ خۆیان بڕەخسێنن؟))

تەنانەت دوای(میونیخ)یش، چەمبەرلین داواكەی چێرچیلی سەبارەت بە دامەزراندنی وەزارەتی پشتیوانی ڕەت كردەوە.

چێرچیل لە مشت‌ومڕێكی پارلەماندا چاوی خشاندەوە بە هەموو ئەو ورياكردنەوەو ئاگاداركردنەوەو ئەنجامگیریانەی سالانی رابردوداو بڕیاری دا چیتر داوا لەدەولەت نەكا، بەلكو داوا لەنوێنەرانی توریی پارلەمان بكا:

((نوێنەرانی بەرێزو پارێزەرانی پابەندو دلسۆزو باوەڕدار كە هەردەم‌و لەهەر جێیەك خزمەتی دەولەتی خاوەن شكۆ پاشای ئینگلتەرەیان كردووە، نابێ وابزانن كە باری سەنگینی بەرپرسیارێتی تەنیا بخرێتەسەر شانی كابینە، لەبەرئەوەی لەراستیدا دەسەلاتێكی زیاتر بە ئێوە سپێردراوە. ئەوە بۆ سێ سال دەچێ دەنگێك بەرز نەبۆتەوە كە لەخزمەتی ئەم ولاتەدابێ، ئەوەش جێی داخێكی گرانە. ئەگەر دەنگێك بەرز بوایەتەوە، بەرهەمی ئێمە زۆر لەئێستا باشتر دەبوو.

من راشكاوانە ئەم مەسەلەیە بۆ ئێوە پێشنیار دەكەم كە ئەگەر تەنیا ٥٠نوێنەری ئەندامی حزبی موحافیزكار ئەمشەو بەرەو(لۆبی) بچن‌و دەنگ بۆ ئەم دەستكاریە بدەن هیچ لەتەمەنی دەولەت كەم ناكاتەوە، بەلام ناچاریان دەكا هەنگاو بنێن. ئەمە هەنگاوێك دەبێ بۆ پێشەوەو هێزی راستەقینەی ئێمە دەخاتە گەڕ. ئێمە بەدلنیاییەوە دەبێ وەزارەتی پشتیوانیمان هەبێ، بەلام لەوەش زیاتر پێویستە هەست بەوەبكەین كە پێویستمان بە نوێ كردنەوەی هێزو پریستیژ هەیە لەدەرەوە كە بەراستی بۆ خزمەت بەكاربهێنرێ.....

ئەمەمەسەلەیەكی حزبی نیەو لەبنەمادا پەیوەندیی بە حزبەوە نییە، بەلكو مەسەلەیەكە پەیوەندیی بە ئاسایشی سەرانسەری ولاتەوە هەیە.))





بەلام نەیتوانی لە(لۆبی)پارلەماندا ٥٠نوێنەرو موحافیزكار پەیدا بكا. جگە لەخۆی تەنیا برێندن برەیكن‌و[٢٥] هارۆلد مك میلان لەوێ ئامادە بوون.

لە٩ ی كانونی یەكەمی ١٩٣٨ دا، چەمبەرلین هێرشی كردەسەر هیتلەرو پێی وت كە(توانای هەلسەنگاندنی نیە)).

لەبەهاری سالی ١٩٣٩دا ئەو بەلێنانەی وەلانا كە سەبارەت بە پۆلندەو رۆمانیا دابوی و، لەوە غافل بوو كە بەو كارەی هیچ رێزێك بۆ بەلێنەكانی ناهێلێتەوە.

دوای كەمتر لە٩مانگ، بەریتانیا بۆ رێزگرتن لەیەكێك لە بەلێنەكانی خۆی، واتە پشتگیری كردن لەپۆلەندە، بەشداریی لەجەنگدا كرد. بە هەلایسانی جەنگ، وینستۆن گەڕایەوە بۆ دەریاداری. ئەو پۆستەی كە بەر لە٢٨ سال پێی درابوو. زۆر بە دلسۆزییەوە كاری لەگەل چەمبەرلیندا دەكرد، بەلام بەردەوام ئەوەی لەبەرچاو بوو كە ئینگلتەرە ١٠سال دەرەفەتی لەدەست داوە. لەچواری نیسانی ١٩٤٠ دا، چەمبەرلین سەرۆكایەتیی لیژنەیەكی پێك هاتوو لەسێ وەزیری خزمەتگوزاری(مەبەست خزمەتگوزاریی سەربازیی وەك هێزی زەمینی، دەریایی‌و ئاسمانیە ـ و.)ی بە چێرچیل سپارد.

ئەو پارلەمانە كە پێشتر لەژێر ركێفی سیاسەتی ڕازیكردندا بوو، سەبارەت بە نەرویژ بڕیاری یەكلاییكەرەوەی دا، و چێرچیل وەك رێزگرتنێك لەتێگەیشتنی خۆی بۆ چەمكی بەرپرسیارێتیی هاوبەشی وەزیران بوو كە١٠ سال بەدناوی‌و پشتگوێخستن‌و پال لێدانەوەی حكومەتەكانی پێشوی خستە لاوەو چووە ژێرباری بەرپرسیارێتی تەواوی ئۆپەراسیۆنەكانی نەرویژەوە، تا چەمكی بەرپرسیارێتی هاوبەش جێی خۆی بگرێ، بەلام ئەو كەسانەی كەسالەهای سال لەپاشە ملە قسەیان بۆ هەلدەبەست جارێكی تر دەرەفەتەكەیان قۆستەوەو بە هات‌و هاوار نەیانهێشت قسە بكا.

لێرەدا لۆید جۆرج‌و لیو ئامری ئامێزیان بۆ گرتەوەو ئەوە پارلەمان‌و حزبی كرێكارانی بالی نەیار بوون كە داوایان لێكرد سەرۆك وەزیری بگرێتە ئەستۆ.

[25] Brendan Braken

ئاڕاستە كردنو بەڕێوەبردنی جەنگ لەلایەن چێرچیلەوە لەزۆر ڕووەوە لەوەی لۆید جۆرج لەجەنگی یەكەمی جیهاندا، جیاواز بوو. سەرەڕای تەمەنی زۆری بە درێژایی كات كۆنترۆڵی جەنگی لەدەستدا بوو.

لۆید جۆرج سێ ساڵ سەرۆك وەزیری كاتی جەنگ بوو و چێرچیل پێنج ساڵ.

چێرچیل ناچار بوو ڕووبەرووی دوو ڕەهەندی تر بێتەوە، یەكەمیان ڕكێفكردنی تەواوی ئەوروپا لەلایەن دوژمنەوە كە ٤ساڵی ڕەبەق هێڵە كەناریەكانی ئەوروپاو لەوانە بەندەرەكانی كەناڵی ئینگلیزیی خستبووە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە، دووەمینیان مەسەلەی هێرشە ئاسمانیەكان بوو. ئەگەر ئەو دوایین بەتالیۆنە نەبوایە كە لوفت وافەی [٢٦] لەئەیلولی ١٩٤٠دا لەشەڕی بەریتانیادا شكاند، كارگە جەنگییەكان، كارگە كەشتی سازیو هێڵەكانی پەیوەندیی بەریتانیا بەتەواوی لەناودەچوو. ڕەهەندێكی تر بە هێرشی ئاسمانی بۆسەرخەڵكی مەدەنی هاتە كایەوە.

مەسەلەی شیاویی ڕابەر لەكاتی جەنگدا لەساڵی ١٩٤٠دا زیاتر گرنگیی پەیداكرد وەك لەجەنگی یەكەمی جیهاندا.

كاتێك فرۆكە جەنگییەكانی هیتلەر لێزمە بارانی بۆمبەكانیان بەسەر لەندەنو دواتر بەسەر میلانو شارەكانی باكوردا هەڵڕشت تا هاووڵاتیانی مەدەنی بتۆقنو تەسلیم بن، دەیان هەزار كەس ڕوویان كردە پەناگاكانی ژێر زەویو وێستگەكانی هێڵی ئاسنی ژێر زەویی شاری لەندەن.

ڕابەرایەتیی جەنگی چێرچیل لەو چەند مانگەدا گەیشتبووە ترۆپك، لەبەر ئەوەی دوای تەسلیم بوونی فەرەنسا، ئیتر بەریتانیا بە تەنیا مابۆوە (جگە لەكۆمۆنوێڵس). ئەمریكا وڵاتێكی دۆست بوو، بەڵام لەجەنگدا نەبوو. لەو چەند مانگەدا چێرچیل جوانترین وتەكانی خۆی پێشكەش بە خەڵكیو بەوانە كرد كە لەناو پەناگەكاندا بوون.

[٢٦] هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا ـ و





لەڕێی ڕۆژنامەو بڵاوكراوەكانەوە نا، بەڵكو لەڕێی ڕادیۆوە كە پەیامی چێرچیلی بە تەواویو بە دەنگی واقیعیی پەخش دەكردو دەیدا بە گوێی هەمواندا.

هەرگیز وشەی نازی بەو بێزاریەی كە چێرچیل بە هەوای ئینگلیزیانەی خۆی لەناخی گەرویەوە بە((نارزی)) ناونەبرابوو. ئەگەری ئەوە هەبوو كە ئەو جەنگە چەندین ساڵو بۆ هەمیشە درێژە بكێشێ، بەڵام تەسلیم بوون لەئەندێشەدا نەبوو. ئێمەو مانان كە هەڵسەنگاندنە نهێنیەكانی بەرگریو بە تایبەت بەرگریی كەنارەكانمانو چەكە دژە ئاسمانیەكانمان لەهاوینی ساڵی ١٩٤٠دا تاووتوێ دەكرد زانیمان كە هیچ شتێك جگە لە ڕابەرایەتیەكی ڕاچڵەكێنەری هەستو سۆز، ناتوانێ بەریتانیا لەسەر پێی خۆی ڕاگرێ.

من وەك كاربەدەستێك لەنوسینگەی كابینەكەی چێرچیلدا لەو چەند مانگەی تەنیاییدا پەندو وانەیەك فێربووم. یەكێك لەهاوكارەكانم ئێشكگر بوو كاتێك سەعات ٢ی سەر لەبەیانی سەرۆك ڕۆزڤێڵت تەلەفۆنی كردو وتی دەیەوێ لەگەڵ چێرچیلدا قسە بكا(بە دڵنیاییەوە لەبیری چووبوو كە ئەمریكاو بەریتانیا ٥ سەعات جیاوازیی كاتیان لەنێواندایە).

خەبەركردنەوەی سەرۆك وەزیر كارێكی ئاسان نەبوو، بەڵام هاوكارەكەی من وەزیرێكی كابینە (سێر ئێدوارد بریدجز)[٢٧]ی خەبەر كردەوەو ئەویش بڕیاری دا چێرچیل خەبەركاتەوە.

چێرچیل لەبەرئەوەی لەناكاو خەبەر كرابۆوە، میزاجی تێك چووبوو. بەریتانیا داوای لەئەمریكا كردبوو كە ٥٠ كەشتیشكێنی بەكارهێنراو كەهێزی دەریایی ئەمریكا پێویستی پێیان نەمابوو بە كرێ بدا بە بەریتانیا.

سەرۆكی ئەمریكا بە سەرۆك وەزیری بەریتانیای وت بە مەرجێك ئەو كەشتیشكێنانە دەدا بە بەریتانیا كە بەریتانیاش لەبەرامبەردا، بنكە سەربازیەكانی هیندی خۆراوا بۆماوەی ٩٩ساڵ بە كرێ بداتە ئەمریكا.

[27] Sir Edward Bridges

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەڵام خوازیاری زەمانەت بوو: سەرۆك وەزیر هێندەی نەمابوو باری سەرنجی شەخسیی خۆی پێ بڵێ‌و بە تەوسەوە بڵێ ئەگەر ئەڵمانیەكان سەركەوتوانە هێرش بكەنە سەر بەریتانیا كەشتیشكێنەكان بۆ ئەمریكاو كەنەدا پێشنیار دەكا.

چی لەسەرۆك وەزیرێك چاوەڕوان دەكرێ كە سەعات ٢ی سەرلەبەیانی خەبەری كەنەوە. بۆیە وینستۆن بەم شێوەیە وەڵامی رۆزڤێڵتی دایەوە: بەڵێ بە دڵنیاییەوە من ئەو زەمانەتە دەدەم، بەڵام چارەنوس چۆن دەبینی، ئەی ئەگەر ئەو كەشتییانە بەرلەوەی بگەنە بەریتانیا دەست نازیەكان كەوتن! چێرچیل ئیمتیازێكی گەورەی بەسەر لۆید جۆرجەوە هەبوو ئەویش دڵسۆزی‌و هاوكاریی كلیمێنت ئەتلی‌و هاوكارەكانی لەحزبی كرێكاراندا لەگەڵ دەوڵەتی ئیئتیلافیدا بوو.

لۆید جۆرج تا رادەیەك خەتای خۆی بوو: لەبەرئەوەی لەڕادەبەدەر بە بەڵفۆر كە لەساڵی ١٩١١دا دەستی لەسەرۆكایەتیی حزبی موحافیزكار كێشابۆوە، پشت ئەستور بوو، لەبری ئەوەی بە بۆنارلا كە سەركردەیەكی توریی بە ئاگاو زانا بوو، پشت ئەستور بێ.

لۆید جۆرج لەساڵانی كۆتایی حكومەتەكەیدا لەگەڵ چەند وەزیرێكی ناهاوئاهەنگدا كاری دەكردو لەلیبراڵە ئەسڵیەكان غافڵ بوو. چێرچیل بەر لەجەنگ، تا دەهات زیاتر لەلایەن حزبی كرێكارانەوە پشتگیریی لێ دەكرا. لەساڵی ١٩٣٩شدا تەنانەت (ستافۆرد كریپس)[٢٨] یش داوای لەچێرچیل كرد كە رووبەڕووی چەمبەرلین بێتەوە.

ئەتلی ئەوپەڕی دڵسۆزیی بۆ چێرچیل هەبوو، و بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی كابینەی جەنگی، بە كەسی ژمارە دووی كابینە لەقەڵەم دەدراو لەكۆتایی جەنگیشدا بە رەسمی كرا بە جێگری سەرۆك وەزیر. لەكاتێكدا چێرچیل وەك وەزیری بەرگری بەرپرسیارێتی بڕیارە سەربازیەكانی لەئەستۆدا بوو بۆیە ئەتلی بە كردەوە سەرپەرشتیی

[28] Stafford Cripps





كابینەی دەكرد. چێرچیل بۆماوەی دورودرێژ دیار نەدەماو زۆرترین كاتی خۆی بۆ كۆبونەوە لەگەڵ فەرماندە سەربازیەكان تەرخان دەكردو سەردانی بەرەكانی جەنگی دەكردو لەو ماوەیەدا سەردانێكی ئەفریقای باكوریشی كردو نەخۆشیە كۆن‌و درێژخایەنەكەی چاك بۆوە. ئەتلی كابینەی بەرێوەدەبردو جگە لەوە نوێنەرایەتیی سەرۆك وەزیریشی لەپارلەماندا لەئەستۆدا بوو. جگە لەئەتلی، ئەندامێكی تری حزبی كرێكاران بەناوی هێربێرت مۆریسۆن لەكاتی پێكهێنانی حكومەتی نیشتیمانیدا كرا بە وەزیری پشتیوانی، بەڵام لە پایزی ١٩٤٠دا، كە بۆمباران دەستی پێ‌كرد، كرا بە وەزیری ئاسایشی وڵات.

مۆریسۆن دامەزرێنەری راستەقینەی شارەوانیی مۆدێرنی لەندەن‌و بە یەكێك لەگەورەترین سەرۆك شارەوانیەكان لەجیهانی ئازاددا لەقەڵەم دەدرێ. ئەو بەرپرسیارێتیی بەرگریی وڵاتی(ناسەربازیی) لەئەستۆدابوو وهەر ئەویش بوو كە ورەی ئەو خەڵكەی بەرز دەكردەوە كە لەناو پەناگەكاندا جێگیر بوبوون. دانانی(ئێرنیست بێڤین)[*]یش بە وەزیری كار گرنگیی خۆی هەبوو.

چێرچیل لەساڵی ١٩٢٦دا ناسی‌و رێزێكی زۆری لێ دەگرت. ئەوە نیشانەی مەزنی‌و جوامێریە كە كەسێك نەیارێكی سەرسەختی خۆی بخاتە سەركار، لەبری ئەوەی رقی لێ هەڵگرێ. ئەو وەزیرە موحافیزكارانەی كە داینابوون كەسانی بە تواناو كارامە بوون. بوونی ئیدن سودێكی زۆری پێ گەیاندو(لیتلتۆن)[٢٩] و(وولتن)[٣٠]ی لەكاری بازرگانیەوە هێنایە ناو حكومەتەوە. كینگزلی وود[٣١]كرایە وەزیری دارایی، بەڵام لەساڵانی سەرەتادا، لەدەرەوەی كابینە مایەوە، ئەوەش بە دڵنیاییەوە كاردانەوەی چێرچیل بوو لەبەرامبەرنفوزی نابەجێی خەزێنە لەكاتی دەسەڵاتی چەمبەرلیندا.

[*] Ernest Bevin
[29] Lyttelton
[30] Woolton
[31] Kingslywood

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سکرتاریەتی تایبەتی چێرچیل بە سەرۆكایەتیی پرۆفیسۆر لیدمان، كە دواتر نازناوی لۆرد (چرول)[32]ی پێ درا خزمەتێكی پڕ بەهای پێشكەش كرد. هەرچەندە بوونی ئەم سكرتاریەتە بە وروژاندنی رقی هاوكارانی كابینە تەواو بوو.

ئەم تیمە كاتێك چێرچیل هێشتا لۆردی یەكەم بوو، دانرا، ولەگەڵ چێرچیلدا لەخانوی ژمارە ١٠ی داوینگ ستریتدا جێگیر بوون. لیدمان[33] لەلێهاتوییو خزمەتی راستەقینەدا بێ هاوتابوو، بەڵام هەڵسوكەوتی رەق بوو، و بە قەولی هاوكارانی كابینە، ئەڵمانیانە رەفتاری دەكرد.

ئەو لەساڵانی ١٩٣٠دا كە بە ساڵانی تەنیایی چێرچیل لەقەڵەم دەدرا لەمەسەلە زانستیو سەربازیەكاندا خزمەتێكی زۆری چێرچیلی كردبوو.

لیزمان بە پێچەوانەی ڕەوتی پەیوەندیەكانی ئەودەمەی كە لەنێوان سەرۆك وەزیرانو راوێژكارەكانیاندا هەبوو، لەگەڵ چێرچیلدا زۆر راستگۆ بوو.

تیمەكەی لیزمان لەچەندین پیاوی مەزنو تایبەتمەندی وەك دۆناڵد،(دواتر سێر دۆناڵد) مك دوگال[34] پێك هاتبوو، بەڵام ئەوانە لەوایت هۆڵ بێزاربوونو سكرتاریەتەكەی لۆید جۆرجیان لەبەرچاو بوو كە نوسینگەكەیان لەپەراوێزی باخی خانوی ژمارە١٠ دابوو و بیرەوەریەكانی ئەوانیان لەمێشكیاندا زیندو كردەوە.

لەبەرئەوەی كارمەندەكانی لیزمان كاتێك بە تەلەفۆن پەیوەندیان بەكەسانی ترەوە دەكرد بە ناوی سەرۆك وەزیرەوە قسەیان دەكردو دەیانگوت سەرۆك وەزیر ئەم یا ئەو زانیارایانەی داواكردووە، لەكاتێكدا زانیاریەكان بۆ خۆیان بوو.

چێرچیل لەسەروبەندی شەڕی بەریتانیادا، دەسەڵاتی گرتەدەست. بە درێژایی ئەو جەنگە بە موعجیزەیەكو ئاراستەكردنی وردی كەشتیەكان، كەشتیگەلی ڕەوانە كراو لەتەنگەی دانكیركەوە، رزگاری بوو. هێرشی زەمینیو دەریایی رۆژانەو بۆمبارانی

[32] Lord Cherwell
[33] Lindmann
[34] Donald Mac Dougall





ئاسمانی، هەریەك سەعات جارێك بەئەنجام دەگەیشت. چێرچیل كە كەمێك درەنگ تیمێكی لە وایت هۆڵەوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هێرشانە ڕەوانە كردبوو، ماندونەناسانە بنكەكانی بەرگریی ئاسمانی، بەرگری كەنارەكانو دامەزراوە سەربازیەكانی بە وردی بەسەر دەكردەوە. كاتێك شەڕی بەریتانیا دەستی پێكرد ئەو لەبنكە ئاسمانیەكان بوو، یا سەرقاڵی بەسەركردنەوەی شوێنە بۆردومان كراوەكان بوو، لەكاتێكدا جگەرە چروتەكە لەسەر لێوی بوو و هێمای سەركەوتنیشی بە دەستی دروست دەكرد.

چێرچیل لەپلەی رابەری جەنگیی وڵاتدا، ئامانجی تێكشكاندنی گیانی شكست بوو. ئەو گیانەی كە دوای كەوتنی فەڕەنساو پەیوەندیكردنی ئیتاڵیا بە جەنگەوە بەسەر خەڵكیدا زاڵ بووبوو.

بە ئەركی سەرشانی خۆی دەزانی كە ورەی خەڵكی بەرز بكاتەوەو ئومێدی سەركەوتن لەناو خەڵكیدا بچێنێ. ئەركی ئەسڵیی ئەو نوێكردنەوەو رێكخستنی سەرلەبەری دەزگای جەنگیو زنجیرەی فەرماندەیی بوو، چ لەڕاپەڕاندنی ئۆپەراسیۆنە جەنگیەكاندا، وچ لەدابین كردنی تەقەمەنیدا بۆ درێژەدان بە جەنگ. ئەركی گرنگی نێو دەوڵەتیشی هێنانەكایەی پتەوترین پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەمریكادا لەپلەی یەكەمداو لەگەڵ سەرۆك فرانكلین رۆزڤێڵتدا، دوای ئەوەش لەگەڵ كۆنگریسدا. سەركەوتوانە پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ رۆزڤێڵتدا بەستو لەگەڵ كۆنگریسیشدا بەهەمان شێوە.

سەرەڕای سنورداربونی پەیوەندی لەگەڵ دۆستەكانی بەریتانیادا لەئەوروپای داگیركراودا، توانی ئەو دۆستانەی بخاتە ژێر كاریگەریی خۆیەوە تا هەڵوێستی خۆیان بپارێزنو لەكاتی پێویستدا هاوكاری لەگەڵ هاوپەیمانانەدا بكەن بۆ دەرپەڕاندنی داگیركەران. لەهێشتنەوەی پەیوەندیدا لەگەڵ حكومەتە دورخراوەكاندا( یا حكومەتە ئازادەكان) كە لەلەندەن جێگیر بوبوون، هێندە سەختگیر نەبوو. یەكێك لەو سەركردە دورخراوانەی كە بە زەحمەت پێی ناسێنرا، ژەنەڕاڵ دیگۆل بوو.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

كێشەكە لەوەدابوو كە ئەمریكا پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ (فەرەنسای ڤیشی[٣٥])دا كە لەژێر داگیركاریی نازیەكاندابوو، هەبوو.

تەنیا بە شێك لەو داستانانەی كە دراونەتە پاڵ چێرچیل راستن، كە گرنگییەكی ئەوتۆی نیە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە باشترینیان دەنگدانەوەی راستییان هەیە.

لەزاری ئەوەوە دەگێڕنەوە كە: ((تەنیا پەڕینەوەیەك كە بڕستم بۆی هەبێ پەڕینەوەیە لە لۆرین.[٣٦] ))

كێشەی ئەو لەگەڵ كەسایەتیی دیگۆڵدا ئەوەبوو كە هەردووكیان تێگەیشتنێكی تەواو جیاوازیان بۆ ڕۆڵی دیگۆڵ لەلەندەن هەبوو. لەگۆشەنیگای دیگۆڵەوە مەسەلەكە تەواو ڕون بوو. ئەو خۆی بە سەركردەی شەرعیو راستەقینەی گەلی فەرەنسا دەزانی كە رۆژگاری بەد دوری خستۆتەوەو لەلەندەن گیرساوەتەوە.

لەدیدی چێرچیلەوە، دیگۆڵ ژەنەراڵێكی بەرجەستەی فەڕەنسا بوو كە فەرماندەیی بەشێك لەهێزە شەڕكەرەكانی فەڕەنسای خرابووە ئەستۆ كەلەفەڕەنساوە یا لەباكوری ئەفریقیاوە پەنایان بردبووە بەر لەندەنو وابڕیارە ئەم هێزانە لەئینگلتەرە دوای ئامادەكاریی تەواو بۆ ئازادكردنی فەڕەنسا لەدەست نازیەكان تەیار بكرێن.

چێرچیل چەند هەوڵێكی خستبووە گەڕ تا دیگۆڵ بە خەڵكی بەریتانیا بناسێنیو پەسەندی بكا لایان. یەكێك لەو مشتومڕانەی كە لەنێوانیاندا سەری هەڵدا پەیوەندیی بەو ئاڵتونەی فەڕەنساوە هەبوو كە لەلای بانقی دوفرانس بوو ولەژوری سندوقی[٣٧] بانقی ئینگلتەرە هەڵگیرابوو. بانقی ئینگلتەرە هەمیشە لەبەرامبەر سپاردەی(كڕیارەكانیدا) سەختگیربووەو نەچۆتە ژێرباری گوشاری هیچ حكومەتێكەوە.

[٣٥] Vichg France ڤیشی شارێكە لەناوەڕاستی فەرەنسادا كە پایتەختی كاتیی حكومەتی فەرەنسا بوو لەسالانی ١٩٤٠ ـ ١٩٤٤دا ـ و

[٣٦] Lorraine ناوچەیەكە لەخۆرهەلاتی فەڕەنسا كە لەساڵی ١٨٧١دا درا بەئەڵمانیاو لەساڵی ١٩١٩دا گەڕایەوە بۆ فەرەنسا ـ و

[٣٧] ژورێكی پۆلایین بۆ هەڵگرتنی شتومەكی گرانبەها ـ و.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

(بۆ نمونە لەسەرەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٥دا كەمێك بەرلەوەی رۆدیسیا یەكلایەنە سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ، ئەو بانقە لەبەرامبەر گوشارەكانی حكومەتی بەریتانیادا كە داوای لێكردبوو رێگەنەدا حكومەتی قانونیی رۆدیسیا سپاردەكانی خۆی لەو بانقە راكێشێتەوە، راوەستاو خۆی بەدەستەوە نەدا.) دیگۆڵیش هەمان حاڵەتی بەسەرهات.

بانقی ئینگلتەرە ئاڵتونو دراوی فەرەنسای بە نوێنەرایەتیی(كڕیار)، جا ئەو كڕیارە هەر كەسێك بێ(نەك حكومەتی فەڕەنسا)لای خۆی گل دابۆوەو پارێزگاری لێ دەكرد.

دیگۆڵ دوای ئەوەی چەندین جار سەردانی ئەو بانقەی كردو هەموو جارێك خۆی وەك سەرۆكی فەڕەنسا دەناساند، بەڵام سودی نەبوو، داوای كرد چاوی بە چێرچیل بكەوێ. داوای لێكرد فەرمانێكی حكومی بۆ ئەو بانقە دەربكا. چێرچیل بە فەڕەنسییە تایبەتەكەی كە چێژێكی تەواو چێرچێلیی تێدابوو، بەڵام راستودروست بوو وەڵامی دایەوە:

((Mon cher General. Luand je me Trouve en faee da la Vieille Dame de Threadneedle street. Je Suis tout a fait impotent.

((ژەنەڕاڵی ئازیز، من بەو پیرێژنەی بانق ناوێرم.)) بە دڵنیاییەوە ئەو دەبوایە لەجێی وشەی impotent (واتە بێ توانا ـــ و.) وشەی فەڕەنسی (impuissant)(بێ توانا ـ و.)ی بەكار بهێنایە. ئەمە یەكێكە لەو چیرۆكانەی كە سەبارەت بە چێرچیل دەماودەمی كردووە. بەڕێوەبردنی جەنگ لەلایەن چێرچیلەوە لەو دەسەڵاتەوە نەبوو كە وەك سەرۆك وەزیر هەیبوو: ئەو پلەیەكی تریشی هەبوو كە ئەویش وەزیری بەرگری بوو. بەرپرسانی ئەو دامودەزگاو وەزارەتانەی كە كاری سەربازییان دەكرد ، لەلایەن وەزیرە پەیوەندیدارەكانی ناو كابینەوە بەرێوە دەبران، بەڵام هەر كاتێك پێویستی بكردایە، وەزیرەكانی تریش ئامادە دەبون.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چێرچیل زۆربەی كاتی خۆی لەچێكەرز[٣٨] بەسەردەبرد ئەو كاتانە نەبێ كە لەپارلەماندا یا لەكۆبونەوەكانی كابینەو لیژنە ئەسڵیەكانی كابینەدا پێویستیان پێ‌ی بوو.

بەگوێرەی بەرنامەیەكی سەرزەنشتكاری كاری دەكرد، ووردەكاری هەركارێكی تاووتۆی دەكردو كەمتەرخەمیەكانی دەخستە ژێر چاودێرییەوە. بەردەوام یەكێك یا چەند فەرماندەیەكی ئەركانی لای خۆی گل دەدایەوەو زۆرجار تا درەنگانێك كاری پێ دەكردن. ئەزمونەكانی خۆی بۆ باس دەكردنو ڕێنوێنی پێویستی پێ دەدان، سەبارەت بە چەند بیرۆكەیەكی نوێو سەرنج راكێش بۆ سەركەوتن لەجەنگدا كە خۆی دەیخستنە ڕوو، یا ئەوان دەیانخستە ڕوو، راوبۆچونی لەگەڵدا دەگۆڕینەوە.

هەندێك لەو بیرۆكانە دوای تاووتۆی كردنی ورد دەردەكەوت كە قابیلی پیادەكردن نین، بەڵام كاتێك مەسەلەكەیان بۆ ڕوون دەكردەوە، دڵگیر نەدەبوو ناوچاوانی گرژ نەدەكرد.

لەكۆتایی هەرهەفتەیەكدا زۆرجار دوای نیوەشەو لەژووره ساردو خەمگینەكەی هاوتری[٣٩]دا چەند فیلیمێكیان نمایش دەكرد.



38 CheZuers
39 Hawtrey



مەكتەبی بیروهۆشیاری

**چێرچیڵ لەگەڵ ژەنەراڵ دیگۆڵدا**

دەڵێن چێرچیل پێنج جار فیلمی(لەیدی هاملتۆن) [٤٠]ی دیوە.

لەبەر جوانیەكەی ڤیڤیان لی[٤١] نەبوو. بەڵكو لەبەر دروستكردنەوەی دیمەنە جەنگیەكانی شەڕی تراڤالكار بوو، ولەراستیدا بۆ سوود وەرگرتن بوو لەكەشتییە مۆدێلەكان [٤٢].

40 Hawtrey
41 Lady Hamilton (Miss Viven Leigh) ژنە ئەكتەری شۆخی سینەما
٤٢ مێزی جەنگ كە بەشێك لەنەخشەی جیهانی لەسەر كێشراوە جێ گۆڕكێیان بە كەشتییە مۆدێلەكان دەكردو بەرنامەی ئۆپەراسیۆنە جەنگیەكانیان دادەڕشت ـ و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

چیرۆكێكی خۆش، بەڵام راست دەربارەی چالاكیەكانی دوای نیوەشەوی چێرچیل دەگێڕدرێتەوە. لەناو هۆڵە گەورەكەی چەكەرزدا تابلۆیەكی گەورەی داستانی ئیزۆپ[٤٣] بەرچاو دەكەوێ كە تیایدا شێرێك كەوتۆتە ناو تۆڕی ڕاوچییەكەوەو بەهۆی مشكێكەوە كە داوەكە دەقرتێنێ رزگاری دەبێ. ئەم تابلۆیە یەكێكە لەتابلۆكانی (رۆبنس)[٤٤]ە. بەیانیەكیان چێرچیل دەچێتە ناو ئەو هۆڵەوەو سەیرێكی تابلۆكە دەكاو دەڵێ:(مشكەكە نابینم،) دەمودەست رایسپارد كە پێداویستیی وێنەكێشانی وەك بۆیەو فڵچەو سێپای وێنەكێشانی بۆ بێنن. دانیشتو وێنەی مشكێكی كێشا. هەرچەندە سەرۆك وەزیرەكانی دوای ئەو كاتێك میوانەكانیان دەهاتنە ناو ئەو هۆڵەوە، چیرۆكی ئەو تابلۆیانەیان بۆ دەگێڕانەوە، بەهەرحاڵ هێشتا بە زەحمەت مشكی ناو تابلۆكەیان دەبینی. بە ئازایەتیەكی زۆری دەوێ سەرۆك وەزیرێك بڕیاری دەستكاری كردنی تابلۆیەكی رۆبنس بدا، بەڵام چیرۆكەكە كۆتاییەكی شادی نەبوو. چێرچیل كە لەهەوڵی زیاد كردنی بودجەیەكی یەك ملیۆن پاوەندیدا بوو بۆ كۆلیجی چێرچیل داوای لەدەستەی ئەمیندارانی چەكەرز كرد ئەو تابلۆیە بۆ ماوەی سێ مانگ بدەن بە پیشانگای چێرچیل لەلەندەن. بڕیار درا تابلۆكە لەتۆزو خۆڵی چەند سەد ساڵەی پاك بكرێتەوەو ڕەونەقی پێ بدرێ. ئەم كارەیان سەركەوتوانە بە ئەنجام گەیاند، بەڵام بەهۆی بەكارهێنانی ئەلكهولەوە كارە هونەریەكەی چێرچیل سڕدرایەوە. بینای چەكەزر كە بە چەند تەپۆلكەیەك دەورە دراوە لەئاسمانەوە بە ئاسانی قابیلی بینین نییە، بەڵام ئەو شەوانەی كە مانگ لەئاسماندا پڕدەبوو ودەبوو بە مانگەشەو، چێرچیل لەترسی فڕۆكە بۆمب هاوێژەكان كە لەمانگەشەودا فرسەتیان دەهێناو دەستدرێژییان دەكردە سەر ئاسمانی ئینگلتەرە، ئەو شەوانە لەدیچلی[٤٥] رۆژی دەكردەوە.

---

[٤٣] Aesop داستان نوسی یۆنانی لە كۆتایی سەدەی شەشەمی بەر لەزایین — و.

[٤٤] وێنەكێشی هۆڵەندی ١٦٤٠-١٥٧٧ز — و.

[45] Dytchleg





مەكتەبی بیروهۆشیاری

كێشەكە هەرتەنیا هێرشی ئاسمانی نەبوو. كەمتەرخەمیو پشتەگوێ خستن لەبەرهەمهێنانی چەكو دابین كردنی پێداویستیيەكاندا ئاكامەكانی بە دەركەوتن.

ئەوو لیژنەی بەرگری ناچاربوون چەند فەرمانێك دەركەن بۆ ئەولەویەت دان بە هەندێك لەو پێداویستیانە. دوا بە دوای كەوتنی فەڕەنسا، چێرچیل ناچاربوو چەند بڕیارێك بدا.

بەرگریكردن لەكەنارەكانی ئینگلتەرە لەسەرەوەی لیستی ئەو كارو چالاكیانە دابوو كە دەبوایە ئەنجام بدرێ. دوا بە دوای ئەوە بەرنامەی دروستكردنی كەشتیو فڕۆكەی جەنگی بۆ شەڕی بەریتانیا گرنگییان هەبوو. ئەركی ئەو ئەوەبوو كە لەنزیكترین دەرەفەتدا كەموكورتیەكان پڕبكاتەوە بە تایبەت لەكەرتی بەرهەمهێنانی فڕۆكەی جەنگیدا.

بەڵام ئەو هەنگاوانە وەك پێویست نەنران. بەرنامەی هێزی دەریایی ئەوەبوو كە بەر لەهەموو شتێك گرنگی بە دابینكردنی ئەلەمینیۆم بدرێ. ئەلەمینیۆم مادەیەك بوو زۆر كەم بوو.

سەرپەرشتیارانی دەریاداری بە گوێرەی ڕێنوێنیو پشكەكانی كاتی ئاشتی، ئەلەمینیۆمیان بۆ كەشتیسازی دابین دەكرد.

لەكاتێكدا هێزی دەریایی تەنانەت لەهێزی ئاسمانیش، كە ئەلەمینیۆمی بۆ دروستكردنی فڕۆكە دەویست، خۆی بە لەپێشتر دەزانی. سەرەنجام دوای مشتو مڕو بگرەو بەردەیەكی زۆرو دوای ئەو سكاڵایانەی خرانە ڕوو چێرچیڵ هاتە ناو مەسەلەكەوەو بڕیار درا بۆ هەرلایەك پشكێك دیاری بكرێو هیچ لایەك پێش ئەوی تر نەخرێ.

بە گەڕانەوەی بێ كێشەی سەربازە ئینگلیزەكان لەدانكركو هەركە ئەڵمانیا باڵادەستیی خۆی بەسەر ئاسمانی بەریتانیادا لەدەستدا، و ئەگەری هێرش كردنە سەر هێزی دەریایی كەم بۆوە، چێرچیل بۆ یەكەمین جار دەرفەتی بۆ رەخسا بیری خۆی لەستراتیژێكی درێژخایەندا چڕكاتەوە كە ستراتیژی سیاسی هاوپەیمانێتیش بگرێتەوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەم كاتەدا هیتلەر بە هێرشكردنە سەر روسیا لەحوزەیرانی ١٩٤١دا، دۆخێكی نوێی هێنایە كایەوەوكارەكەی بۆ چێرچیل ئاسانتر كرد.

چێرچیل لەسەردەمی شۆڕشی بەلشەڤیكەكانی روسیاوە رقێكی كۆنی لەچەوساندنەوەی سۆڤێیت لەدڵدا هەڵگرتبوو لەساڵی ١٩١٩ دا، لەكاتی چوونی هێزەكانی بەریتانیا بۆ ناو خاكی سۆڤێیت رۆڵێكی گرنگی گێڕا.

بەڵام كاتێك هیتلەر تۆماری دەستدرێژیە سەربازیەكانی خۆی زیاتر كرد، چێرچیل‌و ئیدن لەمایسی ١٩٣٩دا وێرایان پێشنیاری پەیمانێكی رەسمیی هاوپەیمانێتی بخەنە بەردەم سۆڤێیت.

هەستی سیاسی چێرچیل هانیدا تا دەمودەست‌و لەپێناو ئامانجێكی هاوبەشدا بە چەمكی یەكگرتن‌و یەكبوونەوە بنوسێ. ئەو لەو باوەڕەدابوو كە دەبێ یەكەم جار یەكەمین كار ئەنجام بدرێ.

بە بۆچونی ئەو جەنگەكان(ئەگەر نەڵێین هاوپەیمانان) بە یەكەمین كار یا یەكەمین ئامانج لەقەڵەم دەدرا: هەر وڵاتێك كە لەلایەن هیتلەرەوە پەلامار دەدرا، بەریتانیا دەیكردە هاومەرامی خۆی.

ئەو ئامادە نەبوو((تەنانەت وشەیەكیش))بۆ مەحكوم نەكردنی كۆمۆنیزمی سۆڤێت كە بەقەد تەمەنی نەوەیەك مەحكومی كردبوو بنێتە سەر زمانی، بەڵام:

**((ئێمە ئامانج‌و مەرامێكی نەگۆڕمان هەیە ئەویش ئەوەیە كە سورین لەسەرئەوەی هیتلەرو ئاسەواری رژێمی نازی بسڕینەوەو لەناوی بەرین. هیچ شتێك. ئێمە هیچ قسەیەكمان لەگەڵ دوژمندا نیەو هەرگیز دان‌وستان لەگەڵ هیتلەردا ناكەین. ئێمە لەرێی زەوی، ئاسمان‌و دەریاوە لەگەڵیدا دەجەنگین تا بە یارمەتیی پەروەردگار زەوی لەشەڕی رزگار دەكەین‌و گەلانی سەر زەوی لەكۆت‌و بەندی ئەو دەربێنین. هەر كەسێك یا هەر وڵاتێك كە لەدژی نازیسم بجەنگێ ئێمە یارمەتی دەدەین. هەر كەسێك یا وڵاتێك كە لەگەڵ هیتلەردا بێ دوژمنی ئێمەیە. ئەمە سیاسەتی ئێمەو بانگەوازی گشتیی ئێمەیە.**





**ئەو مەترسیەی هەڕەشە لەروسیا دەكا... وەك ئەوە وایە هەڕەشە لەئێمە بكا. هەر شتێكمان لەدەست بێ بۆ یارمەتی دانی روسیاو خەڵكەكەی ئەنجامی دەدەین.))**

**چێرچیل بێ باكانە بەم بنەمایەی سەدەی هەژدەهەمەوە نوسابوو((هەر وڵاتێك كە دوژمنی بەریتانیا هێرشی بكاتە سەر، هاوپەیمانی ئێمەیە.))**

رەنگە وەك مێژوونوسێك، پەنجەی لەسەر ئەو هەڵەیە دانابێ كە ناپلیۆنی بەرەو هەڵدێر برد. هێرشی هیتلەر(بۆسەر روسیا) لەمانگی حوزەیراندا بە ئەنجام گەیشت، بەڵام ناتوانین بەفر بەهەند وەرنەگرین.

چەمكی هاوپەیمانێتیی گەورە[46] لەمێشكی چێرچیلدا جێگیربووبوو، بەڵام ئەو هاوپەیمانێتییە گەورەیەی ئەو مەبەستی بوو، هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریكادابوو.

ئەوە ژاپۆن بوو نەك ئەڵمانیا كە بە هێرش كردنە سەر پێرڵ هاربەر[47] رێی لەبەردەم هاوپەیمانێتیەكدا هەموار كرد كە جەنگەكەی بردەوە. سەرۆك رۆزڤێلت كە بەشێكی گرنگی لەكەشتیگەلی ناو ئۆقیانۆسی ئارامی لەو هێرشەدا لەدەستدا بوو كاتی بە فیڕۆ نەداو جەنگی لەدژی ژاپۆن راگەیاند.

دوا بەدوای ئەوە هیتلەر جەنگی لەدژی ئەمریكا راگەیاندو نۆكەرە ئیتاڵیەكەشی هاتە ناو جەنگەوە. دەمودەست چێرچیل سەردانی واشینتۆنی كرد: ستراتیژ جارێكی تر تاوتوێ كرایەوەو بە پێ داگرتنی رۆزڤێلت رێك كەوتن لەسەر ئەوەی ئامانجەكانی جەنگ پوخت بكرێنەوە.

كاتێك بۆ جاری دووەم لەسەر كەشتیەیەكی جەنگی ئەمریكی چاویان بە یەكتری كەوتەوە، گەڵاڵەی ئەو ئامانجانە لەدو توێی بەیاننامەی ئەتڵەنتیكدا بڵاوكرایەوە. ستراتیژەكە بریتی بوو لە: سەرەتا سەركەوتن لەئەوروپاو پاشان لەخۆرهەڵاتی دوور، هێنانە كایەی فەرماندەییەكی هاوبەش بۆ بەرە ئەسڵیەكانی جەنگ لەهەریەك لەئەوروپا، خۆرهەڵاتی دور، باكوری ئەفریقا. لەگەڵ ئەوەدا كە جەنگ سەخت‌و درێژەخایەن بوو

---

[46] Grand Alliance
[47] pearl Harbor

چێرچیل لەو ساتەوەختەدا كە هەواڵی پێرڵ هاربەری بیست، وتی: ((من دەمزانی كە ئەمریكا دێتە ناو جەنگەوە .... ئێستا ئەنجامی ئەو جەنگە ڕوونو ئاشكرایە. تەنیا كات، تەنیا دانوستان لەسەر دەستنیشانكردنی ئەركەكان، تەنیا دەستنیشانكردنی ئەولەویەتەكانو خشتەی كاتی شەڕەكان گرنگیان هەیە.))

بە درێژایی ساڵانی چاوەڕوانی، لیژنەكانی كابینە بە سەختی سەرقاڵی بەرنامە دارِشتن بوون بۆ ماوەی ئینتیقالی(لەجەنگەوە بۆ ئاشتی)و لەهەوڵی هێنانە كایەی چەند ڕێكەوتنێكی ئیئتیلافی دا بوون سەبارەت بەو مەسەلانەی كە حزبەكان لێك دوور دەخاتەوە.

ڕاپۆرتی بێڤریج دەربارەی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی، ڕێگەكەی هەمواركرد. بێڤریج لەوایت هۆڵ بێزار بوو. زۆرێك لە لێپرسراوە پایە بەرزەكانی دەوڵەت پێشتر لەژێر دەستی ئەودا خزمەتیان كردبوو لەبەرئەوە دەیتوانی ئەمریان بەسەردا بكا.

لەساڵی ١٩٤٠دا، چەند كارێكی كورت خایەنی لەلایەن وەزیرانی كابینەوە پێ سپێردرا: وایت هۆڵ ئەگەری ئەوەی خستە ڕوو كە كارێكی جەنگیی درێژ خایەنی پێ بسپێردرێو دواتر(وایت هۆڵ) بە خۆشحاڵیەوە بڵێ كە لەبەر كارگێڕیی جەنگ وازی لێ هێناوە، لەكاتێكدا كە وانەبوو، و لەچەند ساڵی داهاتودا بە تەنیا كاری ئامادەكردنی ڕاپۆرتی دەربارەی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی گرتە ئەستۆ.

بە خێراییەك كاری دەكرد كە لەسەرو چاوەڕوانیی ئەوانەوەبوو و لەساڵی ١٩٤٣دا ڕاپۆرتی خۆی خستە بەردەست: دەوڵەت سەرجەم پێشنیارەكانی پەسەند كرد.

قەواڵەیەكی ناوخۆیی دەربارەی سیاسەتی كاركردنی تەواو لەجیهانی دوای جەنگدا، لەلیژنەكانی كابینەدا تاووتوێ كراو وتووێژی لەسەر كرا. ئەم قەواڵەیە ڕەنگدانەوەی بەشێكی زۆری حیكمەتەكەی كینزی بوو لەشێوەی پەیماننامەیەكی نوێدا، بەڵام سەبارەت بەو مەسەلانەی كە حزبە سیاسیەكان لەسەری ناكۆك بوون، تەنیا لەچەند حاڵەتێكدا، ڕێككەوتنی هاوبەشی دەخستە ڕوو.





سەبارەت بە چەند مەسەلەیەكی وەك ئایندەی پیشەسازیی خەڵوز، گاز، كارەباو گواستنەوە ڕێككەوتن نەهاتەدی: نوێنەرانی حزبە سەرەكیەكان چیتر لەپۆستەكانی پێشویاندا نەمابوونو لەبەر جەنگ خانەنشین كرابوون.

لەگەڵ ئەوەشدا كە دەنكن سانديس[48] و چەند كەسێكی تر بەو پەڕی وزەو تواناوە كاریان لەبەرنامەكانی نیشتەجێكردندا كردبوو، بەڵام كارەكانیان كۆسپو بەربەستی هاتە سەرڕێ بەهۆی بڕیارنەدانی كابینە لەسەر بەرنامە ڕێژیی زەویو زارو نرخ دانەنان بۆ زەوی بۆ بەكارهێنانی لەبەرنامەكانی نیشتەجێكردنی گشتیدا. چێرچیل دەبلیو. ئێس. مۆریسنی كرد بە وەزیری بەرنامەدانانی شارو گوندو گومانی تێدانیە كە بەهیوابوو ئەم كارە ئاكامی باشی لێ بكەوێتەوە، وهیچ شتێكی تری لەوبارەیەوە بەرگوێ نەكەوێتەوە.

سێ ڕاپۆرتی پسپۆرانە بە زەحمەتێكی زۆرەوە ئامادەكرا. ئەو سێ پسپۆرە بریتی بوون لەسكۆت[49]، ئەسوات[50] و بارلۆ.[51]لیژنەیەكی كابینەماوەی چەند مانگێك كۆبۆوەو لەو كۆبونەوانەی خۆی ڕاپۆرتێكی ئامادەكرد كە ڕەزامەندی لەسەر درا.

ڕاپۆرتەكە خۆی لەچەندین مەسەلەی مشتومڕ ئامێز لادابوو تەنیا لەسەر پەسەند كردنی كابینە مابۆوە. چیرۆكی ئەنجامگیریی سەرۆك وەزیر(كە پوختەكەیم لەڕێی یەكێك لەوەزیرەكانی ناو ئەو كۆبونەوەیەوە زانی) لەوایت هۆڵ وەك داستانێكی لێ هات. ئەو لێكۆڵینەوانەی كە بەم دواییە لەسەر تۆمارە تاڕادەیەك نادیارەكانی كابینە كراون، چەند گومانێك سەبارەت بە وردەكارییەكان دەوروژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تۆمارانە جیاوازی دروست دەكا. گوڕوتینی چێرچیل بەرامبەر بە مەسەلەكانی پەیوەست بە جەنگو ساردوسڕیی بەرامبەر مەسەلە وەڕسكەرەكانی دوای جەنگ دەردەخا.

[48] Duncan Sandys
[49] Scott
[50] Uthwatt
[51] Barlow

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەمە دوایین بابەتی ناو خشتەی كۆبونەوەكانی كابینەكەی چێرچیل بوو. وینستۆن پەردەی كابینەكەی دادابۆوەو خەریكی پێكردنی جگەرەیەكی چروتی تر بوو بۆ دەركردنی ماندوێتی خۆی.

سكرتێری كابینە سەرنجی بەلای دوایین بابەتی خشتەی دانیشتنی كابینەدا راكێشاو چێرچیل وتی: ((ئا بەڵێ، هەموو ئەم قسە بێ سەرەوبەرانە دەربارەی بەرنامە دانان، سزادانو چاكسازی. پانتاییە بەرفراوانەكان، شارەكان. هەموو ئەمانە تورِ فرِێ دەنو لەبری ئەوە كۆڵانو شەقامەكانی سەدەی هەژدەهەمم بۆ بێنن كە تیایدا گیرفان برِەكان لەبۆسەدانو هەركەسێك كاروكاسبیی خۆی بە سانایی دەكاو ئەم هات وهاوارەی كە پیِی دەوترێ بنەماكانی بەرنامەدانان لەهیچ كونێكەوە دیارنەبوو.))

ئەگەر مۆریسن ژیر بوایە دەبوایە بیگوتایە كە هەمان رِای سەرۆك وەزیری هەیەو دڵنیایە لەوەی سەرۆك وەزیر راپۆرتەكەی خوێندۆتەوە، كە بێ گومان نەیخوێندبۆوە، و بیگوتایە لەقسەكانی سەرۆك وەزیرەوە ئەوە هەڵدەهێنجێ كە رِازیە لەسەر راپۆرتەكە، وكابینەش هەر رِازیەو بەوردی چاو بە بەرنامەرِێژییەكانی خۆیدا دەخشێنێتەوەو كۆڵانو شەقامی گونجاوتر لەبەر چاودەگرێ.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەم قسانەی بكردایە چێرچیلیش دەیوت: ((زۆر چاكە كورِم بەردەوام بە.)) بەڵام مۆریسن زمانی تەتەڵەی كردو وتی((كەواتە من رِاپۆرتەكە وەردەگرمەوە بەرێز سەرۆك وەزیر. ئێوە دەتانەوێ وەریگرمەوەو دووبارە دایبرِێژمەوە.)) وینستۆن وەڵامی دایەوە: ((زۆر چاكە كورِەكەم.))

بەڵام هەمو مەسەلەكانی دوای جەنگی بەریتانیا بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا نەكرا. چێرچیل كە لەكاتی چاكسازیە كۆمەڵایەتیەكانی ساڵانی ١٩٢٠داو بەرلەوەش رِۆڵێكی سەرەكیی گێرابوو بە سەندیكای پزیشكانی بەریتانیای وت پێویستە خزمەتگوزارییەكی تەندروستی میللی بێتەكایەوە. جیاوازیی نێوان جۆری مامەڵەكردنی ئەو لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا كە بەلایەوە پەسەند بوەو ئەو مەسەلانەش كە بەلایەوە پەسەند





مەكتەبی بیروهۆشیاری

نەبووە، لەلایەن سكرتێرە تایبەتەكەیەوە سێر(دەیڤید هەنت [٥٢]) كە دوای هەڵبژاردنە گشتیەكەی تشرینی یەكەمی ١٩٥١، سكرتێری تایبەتی(ئەتلی)ش بووە، بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دراوە! ((لەكاتێكدا ئەتلی توانایەكی برِیاردانی باشی هەبوو، وینستۆن چێرچیل لەهەندێك لەو مەسەلانەدا كە زۆر بەدڵی نەبوو بە جۆرێك خۆی گێڤ دەكردەوەكە لیِی دەترسای. راوێژكارە تایبەتەكانی زۆریان لێ دەكرد تامەسەلەكان یەكلا كاتەوەو برِیاریان لەسەر بدا. بە جۆرێك وردە وردە خەریك بوون حسابی دیكتاتۆرێكمان بۆ دەكرد.

لەو كاتەدا چێرچیل دەیوت: ((ئەمە دەوڵەتێكی دیموكراسیە. پێویستە لەو مەسەلانەدا برِیار بدەن. من بە تەنیایی ناتوانم برِیار بدەم.))

هەنت كە یەكێك بو لە چوار سكرتێرە تایبەتەكەی چێرچیلو ئەتلی، بۆچونێكی بەرامبەر بە جیاوازیی نێوان چێرچیلو ئەتلی هەیە كە جیِی سەرنجە، ئەو دەڵێ:

((كاتێك ئاماژە بە جیاوازیی نێوان ئەتلیو چێرچیل دەكەم خەڵكانێكی زۆر سەرسام دەبن. ئەوەی سەبارەت بەم دوو كەسایەتیە لەمێشكی خەڵكیدا بەرجەستەبووە بە تەواوی هەڵەیە. خەڵكی وا دەزانن كە ئەتلی كەسێكی نەرمو نیانو سازشكارە، بەڵام كەساتیەیەكی بەهێزی نیەو واش دەزانن كە چێرچیل پیاوێكی بەهێزەو لەچاوترووكانێكدا برِیاری خۆی دەدا. بەڵام ئەگەر بڵێم مەسەلەكە تەواو پێچەوانەیە رەنگە وابێتە بەرچاو كە مەبەستم ئەوەیە لەسەنگی ئەو كەم كەمەوە.))

مۆنتگۆمری[٥٣] لەئەلعەلەمەین رِیِی خۆی كردەوەو بە درێژایی كەنارەكانی باكوری ئەفریقیا بە خێرایی لەپێشرِەویدا بوو تاخۆی بگەیەنێتە هێزەكانی ئەمریكا. برِیاری داهاتو ئەوەبوو كە هێرشكردنە سەر ئەوروپای باشور لەچ شوێنێكەوە دەست پێ بكا.

---

[52] Sir David Hunt

[٥٣] Montgomery فەرماندەی ناسراوی ئینگلیزی لەدایك بووی ١٨٨٧، كەنازناوی ڤاكۆنت مۆنتگۆمری، ئەلعەلەمەینی پێ دراو لەجەنگی دووەمی جیهانیدا فەرماندەیی هێزەكانی بەریتانیای لەباكوری ئەفریقیا لەئەستۆدا بوو.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

((خاڵی لاوازی دوژمن)) كە هەمیشە لەسەر زمانی چێرچیل بوو كوێ بوو؟ سیسیلیو ئیتاڵیا پەلامار دران‌و داگیركران‌و پاشان باشوری فەڕەنسا، و یوگسلافیا بە فەرماندەیی تیتۆو بە پاڵپشتی ئەفسەرە بەرجەستەكانی بەریتانیا بەرەو دەستەبەر كردنەوەی سەربەخۆیی لەدەستچوی بەرێوەبوو. چێرچیل گرنگیی بەوەدەدا كە هێرش بۆ سەر ئەوروپا تەنیا لەرێی ئەوروپای خۆراواوە ئەنجام بدرێ. ڕوسەكان هەرتەنیا ئەڵمانیە شكست خواردوەكانیان لەپۆڵەندەوە بە ئاراستەی بەرلین ناچار بە پاشەكشە نەكرد، بەڵكو سەرجەم ئەوروپای خۆرهەڵات واتە بولگاریا، هەنگاریا، ڕۆمانیا، چیكۆسلۆڤاكیاو هەروەها پۆلەندەشیان خستە ژێر دەستی خۆیانەوە. لەكۆتاییدا بەشێك لەئەڵمانیاشیان پچڕیو داگیریان كرد. ئەو بەشە كۆماری دیموكراتیی ئەڵمانیا بوو.

چارەنووسی نەمسا نادیاربوو هەر بەبێ لایەنی مایەوە. هەمو ئەم مەسەلانە وایكرد چێرچیل چەند سەفەرێكی نائاسایی بكا. مۆسكۆ، واشینتۆن، كەنەدا، تاران، ماڵتاو تەنانەت یۆنانیش لەرۆژی كریسمەسی ١٩٤٤دا.



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

مەكتەبی بیروهۆشیاری

**سەركردەكانی كاتی جەنگی بەریتانیا لەرێوڕەسمی نزای سەركەوتندا لەوێستمینیستەر ـ لەراستەوە بۆ چەپ:**

**ئیدن، چێرچیل كە لەوكاتەدا سەرۆكی حزبی نەیار بوو ـ ئەتلی سەرۆك وەزیرو مۆریسن وەزیری دەرەوەی كابینەی نوێی كرێكاران**

جەنگ لەئەورپادا بە تەسلیم بونی ئەڵمانیا لە٧ی مایسی ١٩٤٥دا كۆتایی هات. جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا كە دووەمین پێشڕەوی بوو لەستراتیژی هاوپەیمانانداء هێشتا درێژەی هەبوو.

كەم كەس چاوەڕوانی دەكرد كە ژاپۆن لەناكاو لەپێ بكەوێ. ئەم مەسەلەیە لەبەریتانیا چەند كێشەیەكی بۆ چێرچیل‌و ئەتلی دروست كرد. چێرچیل لەئەتلیی پرسی كە داخۆ وەزیرانی سەر بە حزبی كرێكاران تا كۆتایی جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا لەكابینە ئیئتیلافیەكەدا دەمێنێتەوە یاخود نا. رۆژگار كردیو وەك ساڵی ١٩٤٠، كۆنگرەی ساڵانەی حزبی كرێكاران لەسەروبەندی ئەنجامدانیدابوو. وەڵامەكەی ئەوەبوو كە ئیئتیلاف بە كۆتایی هاتوو لەقەڵەم دەدرێ. لەئەنجامدا دەوڵەتێكی تەواو موحافیزكار پێك هێنراو سەلماندی كە دەوڵەتێكی دڵسۆزە. وەڵامی چێرچیلیش ئەوە بوو كە هەڵبژاردن لەمانگی كانونی دووەمدا دەكرێ. هەقیشی بوو بڕیارێكی ئاوابدا: بەریتانیا هێشتا لەژێر چاودێریی پارلەمانێكدا بوو كە لەساڵی ١٩٣٥دا هەڵبژێردرابوو. واتە درێژخایەنترین پارلەمان لەسەردەمی ستیوارتەوە.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو سەركردانەی حزبی كرێكاران كە چاوەڕێی سەركەوتنی حزبەكەیان دەكرد لەهەڵبژاردنی ئایندەدا ژمارەیان كەم بوو. هەرچەندە هەندێكیان لەیادداشتەكانی خۆیاندا باسیان لەئەگەری سەركەوتن كردبوو.

دالتن[54] لەژیاننامەكەی خۆیدا بە وردبونەوە لەڕابردوی حزب، دڵنیابوونی خۆی لەئەنجامی هەڵبژاردنەكە پیشان دابوو. لەو شەمەندەفەرەدا كە لە(بلاك پول)[55]ەوە بەرێوەبوو بە هەندێكمانی گوت كە حزبی كرێكاران بە دەستەبەركردنی ٢٩٠ كورسی زۆرینەیەكی درێژخایەن لەبەرامبەر موحافیزكاراندا بە دەست دێنێ. ئەو دەنگانەی كە لەهەڵبژاردنەكەی ٥ی كانونی دووەمدا خرانە سندوقەكانی دەنگدانەوە، تا سێ هەفتە جیا نەكرانەوە، تا ئەو دەنگانەی كە لەدەرەوەی بەریتانیا خرابوونە ناو سندوقەكانەوە بگەنە جێ. لەم كاتەدا چێرچیل لەپۆتسدام[56] سەرگەرمی دانوستان بوو لەگەڵ رۆزڤێڵتو ستالیندا.

لەكاتی جیاكردنەوەی دەنگەكاندا گەڕایەوە بۆ لەندەن. لەم هەڵبژاردنەدا كرێكاران سەركەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناو حزبی كرێكاران ٣٩٣ كورسیی بەدەستهێنا. ئەوەی جێی سەرنجە زۆرێك لەو كەسانەی كە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەكرد هەڵبژێردرێن بە ئەندام پارلەمان هەڵبژێردران. دوابەدوای ئەوەی پارلەمانی نوێ بە رەسمی ناسراو دەوڵەت پێكهێنراو ئەتلی لەگەڵ بولین وەزیری دەرەوەدا بەرەو پۆتسدام بەڕێ كەوتن، نوێنەرانی سۆڤێت ڕایانگەیاند كە بە هیچ جۆرێك باوەڕ ناكەن پێشهاتێكی ئاوا لەبەریتانیا ڕویدابێ‌و بەچاوی گومانەوە لەنوێنەرانی بەریتانیایان دەڕوانی. بەهەرحاڵ موحافیزكاران بە رابەرایەتیی چێرچیل چوونە باڵی نەیاری دەوڵەتەوە.

ئەم پێشهاتە بۆ كەسێك كە بەریتانیای بە درێژایی جەنگ ئاراستە كردبوو ولەمانگی حوزەیرانەوە وەك تەنیا وتەبێژی سەرپشككراوی كیشوەری ئەوروپا ناسرابوو،

---

[54] Dalton

[55] Blackpool

[56] پۆتسدام، ناوەندی براندنبۆرگ لەئەڵمانیای خۆرهەلآت لەسەر رۆخی روباری هاوڵو نزیك بەرلین.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

زۆر قورس بوو. پلەوپایەی چێرچیل لەتەواوی ئەوروپاو ئەمریكادا لەهەر سیاسەتمەدارێكی تری ئەو دەمە باڵاتربوو. ئەو گەیشتبووە پلەیەك كە دەیتوانی ڕووی دەمی بكاتە خەڵكی جیهان‌و قسەیان بۆ بكاو رۆژ لەدوای رۆژیش رێزو حورمەتی زیاتر دەبوو.

لەوتەیەكیدا كە لە ٥ی مایسی ١٩٤٦دا، لەشاری(فەلتن)[56]ی ویلایەتی میسۆری پێشكەشی كرد داوای كرد ئەمریكاو بەریتانیا ئەركی پاسكردنی ئاشتی لەئەستۆ بگرن‌و دژی سیاسەتەكانی سۆڤێت ئاگاداركردنەوەی دا: ئەمە هەمان ئەو وتەیەیە كە بە وتەی(پەردەی ئاسنین) ناسراوە، هەر چەند وتەیەكی ئاساییش بوو، بەڵام چێرچیل وایكرد لەسەرانسەری جیهانی ئازاد دا دەنگ بداتەوە. دوای شەش مانگ وتەیەكی لە زوریخ پێشكەش كردو تیایدا داوای لەوڵاتانی ئازدای ئەوروپا كرد كە ئەنجومەنی نوێی ئەوروپا پێك بهێنن. ئەو ئەنجومەنە پێك هێنرا. بە دڵنیاییەوە دەشێ چێرچیل بە یەكێك لەدامەزرێنەرانی ئەسڵیی بزوتنەوەی ئەوروپای نوێ لەقەڵەم بدرێ.

دەوڵەتی ئەتلی ئەركی بەرێوەبردنی وڵاتێكی لەئەستۆ گرتبوو كە جەنگ وردوخاشی كردبوو و ڕووبەڕووی كەمیی خۆراك‌و مادەی خاوبوبۆوەو دوای ئەوەی جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا بێ بەزەییانە بە بۆمبارانی ئەتۆمی ناكازاكی‌و هیرۆشیما كۆتایی هات، دەبوایە خۆی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی كارەساتی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی قەرزو بەكرێ دان[57] ئامادە بكا. لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٠دا، حزبی كرێكاران زۆرینەیەكی لاوازی بەدەستهێنا. كات بەندیی هەڵە لەسەر بنەمای رێنوێنێ هەڵە، وای لەئەتلی كرد لەتشرینی یەكەمی

---

[56] Fulton

[57] Lend- Lease یا بەرنامەی قەرزو بە كرێ دان، قانونێك بوو كە لە١١ی مارسی ١٩٤١ دا لەئەمریكا پەسەند كراو بە گوێرەی ئەو قانونە ئەمریكا لەجەنگی دووەمی جیهانیدا یارمەتیەكانی خۆی كە خۆراك، تەقەمەنی‌و كاڵاكانی تریشی دەگرتەوە، بۆ ئەو وڵاتانە تەرخان دەكرد كە بەرگریكردن لێیان لەبەرامبەر ئەڵمانیاو ئیتاڵیادا بە پێویست دەزانرا- و.

مەكتەبى بیروهۆشیاری

١٩٥١دا، پارلەمان هەڵوەشێنێتەوەو فەرمانی بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردن بدا بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنێكی نوێنەرانی نوێ.

لەكاتێكدا كە هەڵبژاردنەكەی بەهاری ١٩٥٢ كە وەرچەرخانێكی گەورەی لەبارودۆخی ئابوریی وڵاتدا هێنایە كایەوە دەیتوانی پێگەی ئەو لەدەوڵەتدا پتەو بكا.

بەهەرحاڵ چێرچیل دەسەڵاتی گرتەوە دەستو هەرچەندە بە زۆرینەیەكی كەم بوو، بەڵام ئەم قسەیەی كرد كە (یەكێك بەسە)[٥٨]، بەو شێوەیە سێ ساڵو نیو سەرۆكایەتی دەوڵەتی كرد.

وەك كەسایەتیەكی كاتی جەنگو كەسایەتیەكی ئەوروپاییو تەنانەت جیهانیش(كە هەقی بوو ئەو ئیدیعایە بكا) نەدەكرا سەبارەت بە بەهای بڕیارەكانی خۆی لەپێناو كۆتاییهێنان بەخۆماڵیكردنی بازاڕی لۆكەی لیڤەربول(كە لەكاتی جەنگدا خۆماڵی كرابوو) لەناو حزبدا بەو شێوەیەی كە پێویست بوو قسە نەكا.

لەو ڕووەوە كە چێرچیل پیاوێكی بە تەمەن بوو ئەركی سەرشانی هەموان بوو كە ڕێزی لێبگرن، بینینی دیمەنی ئازاردانی لەلایەن نوێنەرانی حزبی كرێكارانی وەك(ئێمریس هیوز)[٥٩]و(سیدنی سیلڤەرمان)[٦٠]وە، دڵو دەرونی مرۆڤی دەهەژاند.



[٥٨] مەبەستی ئەوەبو كە ئەگەر دەوڵەت تەنیا یەك دەنگ زیاتری لەباڵی نەیار هەبێ بۆ درێژەدان بەكارەكەی بەسە و.

[59] Emrys Hughes
[60] Sydney Silverman



مەكتەبى بیروهۆشیاری

وینستۆن چێرچیل ـ تابلۆی ویلیام ئۆرپن



مە کتەبی بیروهۆشیاری

**دیمەنێکی ناوەوەی ئۆفیسی سەرۆك وەزیریی بەریتانیا (سەرەوە)و چەكەرز (خوارەوە)**

چێرچیل رۆژ بەرۆژ لەبەریتانیای دوای جەنگ کە بە خێرایی لەوەرچەرخاندا بوو، لەجیهانی دوای جەنگ، زیاتر دوور دەکەوتەوە، بەڵام شایانی ئەوە بوو کە لەبەرەبەیانی رۆژی تاج لەسەرنانی شاژندا بالاّترین مەدالیای ئینگلیزی پێ ببەخشرێ. لەهەمان رۆژدابوو هەواڵی ئەوە گەیشت کە تیمێکی ئینگلیزی بۆیەکەمین جار لەمێژودا بەسەر لوتکەی ئێڤرستدا سەرکەوتوون.





مە کتەبی بیروهۆشیاری

ئەوەش ڕەوەنەقێکی زیاتری بەو رۆژە بەخشی. جیهان لەگۆڕاندا بوو. پەرەسەندنە ئەتۆمیەکان کە کۆتایی بە جەنگی ژاپۆن هێنا هەر لەوێدا قەتیس نەبوو. توانا ئەتۆمیەکانی بەریتانیاش لەکاتی دەسەڵاتی ئەتلی دا گەشەسەندنی بەخۆوە دی.

توانای وێرانکاریی ئەو بۆمبە ئەتۆمەی کە ناکازاکیو هیرۆشیمای لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد، لەچاو ئەو بۆمبە هایدرۆجینیەی کە ئەمریکا دروستی کرد، هیچ نەبوو.

ئەو چەکە نوێیە لەدورگەی (بیکینی) ی[61] ناو ئۆقیانۆسی ئارام تاقی کرایەوە.

باس باسی ئەو هەورە زیانبەخشانە بوو کە دوابەدوای ئەو جۆرە تەقینەوانە دەیتوانی تا دوری ٥٠٠٠ میل لەشوێنی تەقینەوەکەوە بجوڵێو ژیانی ناوچەیەکی بەرفراوان بخاتە مەترسییەوە.

ئەنجومەنی نوێنەران [62]ئەو مەسەلەیەی تاووتوێ کرد. چێرچیلی بەساڵاچوو بە جۆرێك وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە بەلای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە قابیلی تێگەیشتن نەبوو ئەوەش بەدڵنیاییەوە رەنگدانەوەی راپۆرتە واقیعیەکەی وەزارەتی دەرەوە بوو، بەڵام ئەنجومەن ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی گوێپێنەدانی دەوڵەت بەرامبەر بەو مەسەلە هەستیارە. بۆیە بە جۆرێك بەرپەرچی قسەکانی چێرچیلی دایەوە کە شایستەی کەسایەتیەکی وەك ئەو نەبوو، چێرچیل تەقیەوە.

هەندێك لەئێمە کە لەڕیزی پێشەوەی پارلەماندا کە تایبەت بوو بە باڵی نەیاری دەوڵەت دانیشتبووینو لەکورسیەکەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە نزیك بووین، چێرچیلمان دی کە بەهاتو هاوار لەهۆڵی ئەنجومەن دەچێتە دەرەوە. ئیتر کاتی رۆیشتنی هاتبوو. لەماوەی شەش مانگدا گوشارەکانی قەوارەی حزبیی لەگەڵ بێ چاوڕوییو سپڵەیی لەرادەبەدەری خەڵکی بەریتانیا کە هەمیشە بێ بەزەییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو

---

[61] Bikini

[62] هەمان ئەو قەوارە ناسراوەی کە بە دەسەڵاتترین دەستەو تاقمی سیاسیو ئابوری بەریتانیایەو بە درێژایی مێژوو سەرۆك وەزیرانی خستۆتە سەر کورسیی دەسەڵات، پشتگیری لێکردونو لەپێی خستوون، وتوانی چێرچلیش لەدەسەڵات بخاو ناسراوترین رۆژنامەکانی بەریتانیاشی لەژێر دەستدایە ـ و.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئەو كەسانەدا كردوە كە كاتی خزمەتیان بەسەرچوە، (وەك ئـەو پەنـدەی لای خۆمـان كـە دەڵـێ تازە هات كۆنە خەڵاتە ـ و. ) ناچاریان كرد كە واز لەدەسەڵات بێنێ.

بەلای هەر كەسێكەوە كە لەبەریتانیا پێشینەی ئەندامێتی پارلەمانی هـەبووە، (ئـەو جۆرە كەسانە لەگەڵ دۆستی نزیكو متمانە پـێكراو جیاوازییـان هەیـە،) جاسـەر بەهـەر حزبێـك بـێ، ئـەو پارلەمانـەی كـە لـەكاتی چێرچـیلدا هـەبوو بـە بـەراورد لەگـەڵ پارلەمانەكانی پێشوودا بە خراپترینو بێ بارترین پارلەمان لەقەڵەم دەدرێ.

لانی كەم دەشێ بوترێ كە لەو رۆژگارەدا بەرلەوەی حزبـی موحافیزكـار هەڵبـژاردنی خۆی بۆ دەستنیشانكردنی رابەرێك دەسـت پێبكـا، چێرچیل جێنـشینێكی بـێ هاوتـای لەدوای خۆی دانابوو كە ئەویش ئەنتۆنی ئیدن بوو.

تراژیدیاكە لەوەدابوو كە بالدوین بەر لە١٨ساڵ ئیدنی نەكردە جێنشینی خۆی. ئەگەر ئەوەی بكردایە رەنگە جەنگی دووەمی جیهانی ڕوینەدایە، لەبەرئەوەی مـرۆڤ ناتوانـێ بـە مـەنتیقو عـەقڵ هەڵسوكـەوت لەگـەڵ دەروون نەخۆشـێكی وەك هیتلـەردا بكـا، بـەڵام ئیدنەكەی ساڵی ١٩٥٥ئیدنێكی تر بـوو: ئـەو كـە بەڕاسـتی چـاوی لـە دیكتاتۆرەكـانی ساڵانی١٩٣٠ ترسابوو، دیكتاتۆرێكی تری لەناسردا[٦٣] دەبینیەوەو پەنای بۆ هێرشـەكەی سەر كەناڵی سویس برد كە سەرەنجام لەدەسەڵاتی خست.

وینستۆن چێرچیل، بەر لەهەموو شتێك، كەسایەتیەكی پارلەمانی بوو. ئەو شـەیدای ئەو ئەنجومەنی نوێنەرانە بوو كەچەندین ساڵ سەرۆكایەتیی كردبوو.

ئـەو ئەنجومـەنـە گـوێی بـە ئاگاداركردنـەوەو ورياكردنـەوەكانی چێرچـیل نـەدەداو بـە چاوێكی سوك لـێی دەڕوانیو دوژمـنایەتیی دەكرد. دڵسۆزیی بۆ پارلـەمانو ڕێزگرتنـی لەسەر راستیی ئەو سەردەمەی كـە تاڕادەیـەك فـەرامۆش كرابـوو، (سـەردەمی رابـردوو) وایكرد كە چەند دەستپێشخەریەك بكا كە رەنگە تێ گەیشتنی لەلایەن جیهانی ئەمڕۆوە

[٦٣] جمال عبدالناصر سەرکۆماری میسر ـ و





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئاسان نەبێ. كاتێك ئەنیورین بیڤان[٦٤] و مـن لەنیـسانی ١٩٥١دا، لەدەوڵەتەكـەی ئـەتلی دەستمان كێشایەوە، لەبەرئەوەی نەماندەتوانی سیاسەتی ناواقیعبینانەی چەك كە بەسـەر دەوڵەتدا سەپێنراو بوو قبوڵ بكەین، (بیڤان) یش لەبەر ئاسەواری نەرێی ئـەو سیاسـەتە لەسەر بەرنامەی خزمەتگوزاریەكانی ژیانو گوزەران، نەیدەتوانی قبوڵی بكـا، وینـستۆن هاتە لامانو هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ ئێمە پیشاندا: ئێمە لەبارودۆخێكـدا بـووین كـە بـۆ ئەو ئاشنابوو.

هەرچەندە كەئەو ئاماژەی بەوەدا كە ئێمە وەك ئەو لـە مـەترسـی دوورنـابین، ئێمـە بـە شانازیەوە گۆڕەپانەكەمان بەجێ هێشتبوو، بـەڵام ئـەو چـاوێكیداگرتو وتـی كـە خـۆیو حزبەكەی تا بتوانن ئەو بارودۆخە دەگۆڕن. (مەبەست سیاسەتی چەك بو.)

عەسـری ئـەو رۆژە برانـدن بـراكن [٦٥]هـات بـۆ لامو وتـی كـە لەلایـەن((مـەزنترین سیاسەتمەداری ئەم سەردەمەوە كە بـەڕێز چێرچـیلە)) ڕاسـپێردراوە پـەیامێكم بـداتێ تـا منیش پەیامەكە بە هاوسەرەكەم بگەیەنم.



[64] Aneurin Bevan
[65] Brenden Bracken

مه كتەبی بیروهۆشیاری

**میواندارییی چێرچیل لەشاژن ئەلیزابیس و هاوسەرەکەی**

**لەویستمینیستەر ـ نیسانی ١٩٥٥**

سەرەتا بەرێز چێرچیل داوا لەمن (نوسەری کتێب)* دەكا كە بەرێزیان بە هاوسەرەكەم((بناسێنم))و دەنا رێگە بەخۆی نادا پەیامێك بۆ ئەو(هاوسەرەم) بنێرێ. پەیامەكە ئەوەبوو كە لەكاتێكدا كە من وەك سیاسەتمەدارێكی بەئەزمون هەنگاوێكم ناوەو ئەو هەنگاوە بە بۆچونی ئەو(چێرچیل) چاوپۆشینە لەئیمتیازە حزبییەكان، (واتە دەست كێشانەوە لەپلەی كابینە كە بۆ ویلّسن بە ئیمتیازێكی حزبی لەقەڵەم دەدرا ـ و.) بۆیە ئەو(چێرچیل) نیگەرانی هاوسەرەكەمە كەلەم مەسەلانەدا هیچ گوناهێكی نیە، لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە ئەم پێشهاتە كاریگەریی لەسەر ژیانی دەبێ.

ئەو(چێرچیل) وەك نمونە ئاماژەی بە چەند حاڵەتێك دابوو كە تیایدا هاوسەرەكەی(خانمی چێرچیل) بەهۆی هەڵوێستە سیاسیەكانیەوە ئازاری چەشتبوو.

* لەبەرئەوەی لە تەرجەمە كوردیەكەدا كەسی سێیەمی نێرومێ و لەم حاڵەتە تایبەتەشدا پەیام هێن و پەیام وەرگر وەك كەسی یەكەم بەرجەستە نین بۆیە رونكردنەوەی پێویست لەناو كەوانەكاندا دراوە ـ و.





مه كتەبی بیروهۆشیاری


من سوپاسی(براكن)م كردو رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. سەعات نزیكەی یەكی سەرلەبەیانی بوو وتەنیا چەند كەسێكی خێزانەكەم هێشتا بە خەبەربوون. پەیامەكەم گەیاندو بەپێزانین و فرمێسك باران پێشوازیی لێكرا.

هاوسەرەكەم رایسپاردم  كە لەناخەوە سوپاسی بە بەرێز چێرچیل بگەیەنم.

بۆ سبەیبەیانی كە لەماڵەوە هاتمە دەرەوە هاوسەرەكەم جارێكی تر رایسپاردمەوە كە((ئەو هاوڕێ دێرینە)) (مەبەست چێرچیلە) ببینم و پەیامەكەی پێ رابگەیێنم. عەسری ئەو رۆژە وینستۆنم لەژووری جگەرەكێشەكان دی و چووم بۆ لای و پێم وت پەیامێكم لە هاوسەرەكەمەوە پێیە. ئەو قسەكەی پێ بڕیم و پرسی داخۆ پێشتر بە هاوسەرەكەم ناسێنراوە یاخود نا؟ وئەگەر نا رێگە بەخۆی نادا كە.... وهتد. من دڵنیام كردەوە كە راسپاردەكەیم جێبەجێ كردوەو سوپاسی هاوسەركەمم پێ راگەیاند.

لەناكاو(كە ئەوە بۆ چێرچیل شتێكی دەگمەن نەبوو) فرمێسك بە چاوەكانیدا هاتە خواری و لەرێگا بۆی باس كردم كە جاوربار ژنان بە دەست بڕیارو هەڵوێستە سیاسیەكانی مێردەكانیانەوە ئازار دەچێژن و ئەو پێشهاتانەی بۆ گێڕامەوە كە بە درێژایی ژیانی بەسەری هاتبوون.

كاتێك گەیشتمەوە ماڵەوە سەعات ٢ی سەرلەبەیانی بوو، و ژنەكەم هێشتا نەنوستبو. پرسی داخۆ هاوڕێ دێرینەكەی دیوەو سوپاسی كردووە؟ وتم بەڵێ و هەمویم بۆ گێڕایەوە.



چێرچیل لەرێورەسمی هەشتاهەمی

مه كتهبی بروهۆشیاری

لەناكاو فرمێسك بە چاوەكانیدا هاتە خوارێو وتم دوو رۆژ بەر لەئێستا وەزیـر بـووم‌و ئێستاش بووم بە پۆستەچی نێوان ئەوو وینستۆن چێرچیل كە هەریەكەیان بـە وەرگرتنـی





مه كتهبی بروهۆشیاری

پەیامەكەیان دەستیان كردووە بە گریان. ئەمەیە گیانی پارلەمان، یـا لانـی كـەم گیـان‌و كرۆكی پارلەمانەكانی پێشوو بەو شێوەیە بوو، بەڵام ئەمەیان تایبەت بـوو بـە وینستۆن چێرچیل. دوای ئەوە لەچەندین دەرەفەتدا وەك دوو هاوڕاز پێكەوە دادەنیـشتین‌و قـسەمان دەكرد.

لەسـاڵی ١٩٥٤دا كـە وا بڕیـار بـوو سـەردانی یـەكێتیی سـۆڤێت بكـەم‌و لەگـەڵ سەركردەكانی سۆڤێتدا كۆبمەوە، بەرلەوەی بەڕێ بكـەوم چێرچـیل بانگهێـشتی كـردم بـۆ خواردنەوەی قاوەیەك.

لـەو ماوەیـەدا ئـەنتۆنی ئیـدن نـەخۆش بـوو، و چێرچـیل بـە درێـژایی ئـەو ماوەیـە كاروباری وەزارەتی دەرەوەی بەڕێوە دەبرد. لەو دەمـەدا تەمـەنی ٨٠ساڵ بوو. چێرچیل وتی ((داخوازیەكانی ئێمە بەوان(ڕوسەكان) بلـێ: مەسـەلەكان بەسـەختی نـەگرن‌و ئاسـایش‌و ئـارامی لەبەرچـاو بگـرن. رەنگـە ئێمـە نـەتوانین مەسـەلەكانی خۆمـان لەگـەڵ ئەوانـدا چارەسەر بكەین، بەڵام پێویستیمان بە ئاسایش‌و ئارامی هەیە.))

پاشان سیاستمەداری دێرین پێی وتم:

((لەو سەفەرەتدا سەبارەت بـە بەرهـەم هێنـانی كـاڵا ئیـستیهلاكیەكان لێكۆڵینـەوە بكە. ئەگەر ئەوان بەشێك لەماددەكانی خۆیان بۆ بەرهەم هێنـانی ئـەو كاڵایانـە تـەرخان كرد نیشانەی ئەوەیە كە بە دوای رێگە چارەی ئاشـتییانەدا دەگـەڕێن. ئـەو كارەیـان ئـەوە دەگەیـەنێ(رەنگـە واش نـەبێ) كـە گرنگـی بـە داخوازیـەكانی خـەڵكی ئاسـایی خۆیـان دەدەن)). ساڵی ١٩٥٤، یەكەمین ساڵی دوای جەنگ بوو كە رێگە بە خەڵكی دەرەوە درا لەناو سۆڤێتدا وێنە بگرن. من توانیم وێنەی دایكێكی ڕوسی كە پاسـكلێكی منالاّنـەی كڕیبوو، و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە، بۆ چێرچیل بگرم. لەبەختی رەشم لەكاتی تێپەڕییندا بـە بەردەم بینای زیندانی لوبیانكادا[٦٦] كە (زیندانێكی ئاسایـشە) وێنەكـەم گـرت‌و لەسـەر ئـەوە لەلایـەن ئەنـدامێكی (M.V.W)كـە دواتـر بـو بـە K.G.B(پۆلیـسی نهێنـی

66 Lubyanka Prison

مەكتەبی بیروهۆشیاری

سۆڤێت)ەوە كە زۆر خۆشەویست نەبوون، دەستگیر كرام‌و ماوەی سەعاتێك دەستبەسەر كرام. كامێراو فیلمەكەی ناوی قوتاربوون. لەكاتی دان‌وستاندا لەگەڵ روسەكاندا هەردوكمان(ویلسن‌و چێرچیل) نیگەرانی ئەو هەنگاوە بووین كە من بەنیازبووم بە پشتیوانیی چێرچیل بینێم (بە تایبەت دوای بەسەرهاتی دەست بەسەركردنەكە)، كە ئەویش ئازادكردنی بازرگانێكی ئینگلیزی بوو كە بەهەڵە بە تۆمەتی سیخوڕی لەهەنگاریا دەستگیرو زیندانی كرابوو. ئەم ئەركە زۆر بە چاكی بە ئەنجام گەیەنراو دوا بە دوای ئەوە باڵیۆزخانەكانی ئێمە لەمۆسكۆو بودابست بە چەند تەلەگرامێك خۆشحاڵیی خۆیان بەرامبەر بەو هەنگاوە سود بەخشە دەربڕی. بابەتی زۆر دەربارەی كەم بوونەوەی دەسەڵاتەكانی چێرچیل لەمانگەكانی كۆتایی سەرۆكایەتییدا نوسراوە. لەدیدارەكانمدا لەگەڵیدا لەساڵی ١٩٥٤دا هیچ نیشانەیەكم لەو بارەیەوە بەدی نەكرد.

وتراوە كە لەكۆتایی ئەو ساڵەدا دوچاری جەڵتەی دڵ بوەو پزیشكە تایبەتەكەی ئەوەی لە دۆسێ  پزیشكیەكەیدا تۆمار كردووە.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٥دا هەندێك لەنزیكترین هاوكارەكانی هەستیان بەوە دەكرد كە كاتی ئەوە هاتووە خانەنشین بكرێ‌و بەو شارەزاییەی كە حزبی موحافیزكار لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەیەتی، ئەنجامی خوازراو بەدەست هات. لەو كاتەدا چێرچیل سەرقاڵی پێشنیاركردن‌و بەجێ گەیاندنی كۆنفرانسێك بەبەشداریی سەرانی وڵاتانی جیهان بوو، و پشتیوانیی ئایزنهاوەریشی بەدەستهێنابوو، بەڵام كاتێك بۆچوونی حزبەكەی بیستەوە كە: ((رازیە بەڵام جارێ نا))، دەستی لەكاركێشایەوە. سیاسەتمەدارێك كە ماوەی زیاتر لە نیوسەدە ناوی لە لاپەڕەی یەكەمی رۆژنامەكانی جیهاندا بوو، لەكاتی مانگرتنەكەی (فلیت ستریت)[٦٧] دا بەبێ هەڵلا دەستی لەكاركێشایەوە. تەنیا رۆژنامەی مانچستەرو گاردیان‌و رۆژنامەی شارەكان‌و رادیۆو تەلەفزیۆنیش توانیان هەواڵی دوركەوتنەوەی

[٦٧] فلیت ستریت شەقامێكە زۆربەی رۆژنامەكانی بەرتانیای لەخۆگرتوەو بەگشتی بەرۆژنامەكانی بەریتانیاش دەوترێ -و-.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەگۆڕەپانی سیاسەتی بەریتانیا پەخش بكەن. لەنەوەدەمین ساڵرۆژی لەدایك بوونی چێرچیلدا، ئەنجومەنی نوێنەران رێزی لێگرت.

من وەك رابەری باڵی نەیار پێشنیارم كرد كە ئەو وتە رەسمیانەی بەو بۆنەیەوە پێشكەش كران، وەك نەریتی باوی پارلەمانی ئینگلتەرە لە دووتوێی كوڕاسێكی رەنگ سەوزدا كۆبكرێنەوەو رابەری حزبەكان‌و ئەندامانی باڵای پارلەمان لەماڵەكەی ئەودا ئامادەبن‌و كتێبە سەوزەكەی پێشكەش بكەن. كاتێك رووبەڕووی چێرچیل بووینەوە راچڵەكین، لەبەرئەوەی هیچ كام لەئێمەی نەدەناسیەوە، بەڵام كاتێك شین وێڵ[٦٨] كە یەكێك بوو لەهاوڕێكانی ساڵانی ١٩٢٠و ١٩٣٠ دەستی كرد بەقسەكردن چێرچیل لەناكاو هاتەوە سەرخۆی‌و بەیارمەتی ئەو سەرجەم رووداوەكانی رابردووی بیركەوتەوە. لەكانونی دووەمی ١٩٦٥دا كاتێك من سەرۆك وەزیر بووم لەهاید پارك گەیت[٦٩] سەردانم كرد، بەڵام ئەو هەر هیچ كەسێكی نەدەناسیەوە، و لە ٢٤ی كانونی دووەمدا كۆچی دوایی كرد. تەرمەكەی لەڕێوڕەسمێكی شكۆداردا لەشوێنی كەسایەتیە ناسراوەكانی وڵاتدا لەوێستمینیستەر  هۆڵ دانراو سەدان هەزار كەس بەبەردەمیدا رێیان كرد.

زۆر دژوارە بەچەند دەستەواژەیەك، هەموو ئەو خزمەتانە ئەژمار بكەین كە وەك سیاسەتمەدارێك‌و سەركردەیەكی نیشتمانی‌و جیهانی، و هەروەها وەك سەرۆك وەزیر، پێشكەش بەوڵاتەكەی بەجیهانیشی كردووە. ئەوەی كە دێ دەقی ئەو وتارەیە كە سەرۆك وەزیری ئەو دەم (هارۆڵد مك میلان) بۆ رێزلێنان‌و ستایش كردنی رابەرێكی مەزنی سیاسی، رۆژێك دوای مردنی، لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا پێشكەشی كرد. ئەم وتارە بەئامادەبوونی لەیدی چێرچیل‌و ئەندامانی خێزانەكەی بۆ پشتگیری كردن لەو بڕیارە بوو كە ئەنجومەنی نوێنەران لەوەڵامی پەیامی شاژندا بۆ ئەنجومەن بەبۆنەی كۆچی دوایی چێرچیلەوە دابووی. شاژن لەپەیامەكەیدا پێشنیاریكردبوو كە ئەنجومەن بۆ ماوەی

[68] Shinwell
[69] Hyde park Gate

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەفتەیەك‌و تا كۆتایی رێورەسمی بەخاك سپاردنی لە سەینت پۆڵ[70] وەك رێزلێنانێك بۆ مەرگی ئەو كارەكانی رابگرێ.

ئەنجومەن پڕبوو لەخەڵك. من فەرمانمدا كورسیەكەی چێرچیل كە چەندین ساڵ دوای خانەنشین بوونی لەسەری دادەنیشت‌و لەتەنیشت رێڕەوی هۆڵەكەوەو لەوسەری قەنەفەی تایبەت بەخەزێنەوە دانرابوو، كەسی لەسەر دانەنیشێ. كۆبونەوەی گشتی ئەنجومەن تایبەت بوو بەرێزلێنان لەو. شەوی پێش بەخاك سپاردنی چێرچیل، سەرۆكی ئەنجومەن‌و سێ كەس لەجێنشینانی وینستۆن لەژمارە ١٠ بەسەر تابوتەكەی ئەوەوە لە وێستمینیستەر هۆڵ شەونخونیان كردبوو. كاتێك شەونخونیەكەیان تەواوبوو سێ كەس لەئەندامانی دەستەی بە خاك سپاردنەكە جێی ئەوانیان گرتەوە. من لەو كاتەدا دەبوایە پەیامی ستایش‌و پێ زانینی شاژن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا بخوێنمەوەو وتم:

"داواكارم ئەنجومەن وەڵامی پەیامەكەی شاژن سەبارەت بەكۆچی دوایی وینستۆن چێرچیل‌و فەرمانی بەڕێزیان بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرسەكە لەوێستمینیستەر هۆڵ‌و بەخاك سپاردنی لەگۆڕستانی كڵێسای سینت پۆڵ، بداتەوەو شاژن دڵنیا بكرێتەوە لەوەی كە ئێمە ئەو رێورەسمە بەوپەڕی دڵسۆزیەوەو لەناخی دڵەوە وەك رێزلێنانێك بۆ ئەو پیاوە مەزنە بەئەنجام دەگەیەنین، ئەو پیاوەی لەلای ئەم ئەنجومەنەو سەرجەم میللەتی خاوەن بڕواو دڵسۆزی ئێمە بەزیندویی دەمێنێتەوە.

ئەم ئەنجومەنە لەلایەن خۆیەوەو بەنوێنەرایەتیی میللەت، ئەوپەڕی رێزی خۆی بۆ سیاسەتمەدارو پارلەمانتارو رابەری مەزنی ئەم میللەتە دەردەبڕێ.

ئەمڕۆ هەموو جیهان زەنگەكانی خۆی بۆ پیاوێك لێ دەدا كە لەو ساڵە چارەنوس سازانەدا، داكۆكی لەمافی ژیانی میللەتانی جیهان دەكرد.

كۆمۆنوێڵس، هاوپەیمانانی كاتی جەنگی ئێمە، هاوپەیمانانی ئەمڕۆمان لەئەوروپاو دۆستەكانمان لەسەرتاسەری جیهاندا، و هەموو ئەو كەسانەی كە رێزو بەها بۆ خەباتی

---

[70] St. paul





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ئازادیخوازانەی ئەو دادەنێن، وبۆ ئەو ئاشتیە رەوایەی كە ئەو هەموو توانایەكی خۆی لەپێناویدا بەخت كرد.

وینستۆن چێرچیل‌و ئەفسانەكەی كە ماوەیەكی زۆر بەر لەمەرگی هاتە كایەوەو ئەمڕۆكە درێژە بەژیانی خۆی دەدا، تەنیا موڵكی ئینگلتەرە یا بەریتانیا نییە، بەڵكو موڵكی سەرجەم جیهانەو تەنیا تایبەت نییە بەسەردەمەكەی ئێمەوە بەڵكو موڵكی هەموو سەردەمێكە.

بەڵام ئێمە لەم ئەنجومەنەدا، هۆیەكی تایبەتمان هەیە بۆ رێزلێنانی، ئەو رێزلێنانەی كە شاژن لەپەیامەكەیدا داوای كردووە. لەبەرئەوەی ئەمڕۆكە هەر تەنیا رێز لەسیاسەتمەدارێكی جیهانی ناگرین، بەڵكو رێز لەپارلەمانتارێكی مەزن دەگرین كە یەكێك بوو لەئێمە. كارە مەزن‌و درەوشاوەكانی ئەو لەچوارچێوەی ئەم پارلەمانەداو لەناو هەمان ئەم هۆڵەدا، بەئەنجام گەیشتوون. سێر وینستۆن درێژەیدا بەكارە مەزنەكانی پێشینانی پڕ لەسەروەریی خۆی‌و بەوپەڕی تواناوە كارە درەوشاوەكانی خۆی لەم ئەنجومەنەدا، و لەڕێی ئەم ئەنجومەنەوە، دەست پێ كرد، و لەم ئەنجومەنەداو لەڕێی ئەم ئەنجومەنەوە بەئەنجامی گەیاندن، و بەو كارە مەزنانەی‌و ئەو وتە نەمرانەی، كە تا ئەو كاتەی زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێتەوەو قسەی پێ دەكرێ، هەر بەزیندویی دەمێنێتەوەو خزمەتێكی تایبەتی بەقەوارەی پارلەمانیی ئێمە، كە تەمەنی خۆی لەچەندین سەدە دەدا، كردوەو مەزنتری كردوە. ئەو رۆڵەی ئەم ئەنجومەنەو بەری ئەم ئەنجومەنە بوو هەروەها باوكی ئەم ئەنجومەنەش بوو. سوودی لێ وەرگرت‌و سودیشی پێ بەخشی.

لەماوەی ٦٤ ساڵدا، لەوكاتەوەی كە وەك ئەندام پارلەمانێكی لاو پێی نایە ئەم ئەنجومەنەوە، تا ئەو رۆژە خەمبارەی كە ئێرەی بەجێ هێشت، ژیان‌و بیرەوەریەكانی هەموو یەكێك لەئێمەو بەتایبەت هەرە پیرەكانمان لەخۆ دەگرێ. لەڕوانگەی پارلەمانی‌و لەڕوانگەی نیشتمانیشەوە، كۆچی ئەو بەكۆتایی سەردەمێك لەقەڵەم دەدرێ. ئەو

لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا لەكاتێكدا بەكەسایەتیەكی نیشتمانیو بەناوبانگ لەقەڵەم دەدرا، پێی نایە ئەم ئەنجومەنەوە، لەكاتێكدا كە لەپێناو ئەم وڵاتەدا جەنگیبوو دەربارەی جەنگیش نوسیبوی.

لەئوم دورمان[٧١] فەرماندەیی یەكەیەكی سەربازی لەئەستۆدا بوو كە لەپێشەوەی ئەو كەسانەدا بوو كە پێیان خستبووە ناو شاری (لەیدی سمیس)[٧٢]ەوە، و سەختترین جەنگی لەكوبا دیبوو، ماوەیەكی زۆر دیلی كۆماندۆكانی بویر بوو، هەرچەندە كە بەپێچەوانەی ویستی ئەوانەوە، زۆر بەدیلی نەمایەوە. بەهەموو تواناكانی خۆی بۆ ئاڕاستەكردنی ژیانی پارلەمانی ئێمە تەرخان كرد. گەرمترین جەنگەكان لەكوێ بوایە ئەو لەوێ بوو. درێغی لەهیچ كەس نەدەكردو چاوەڕێی هیچیشی لەهیچ كەسێك نەدەكرد. بۆ حزبێك نەخولقابوو و لەژێر دەستی یەك حزبدا نەبوو، و زیاتر لەهەر ئەندام پارلەمانێكی تر، لەهەر سەردەمێكی پارلەمانیدا، كراوەتە ئامانجی توانجو هێرشی پارلەمانی هەریەك لەسێ حزبە گەورەكەی وڵاتو ئەویش لای خۆیەوە، هێزو توانای رەوانبێژیی خۆی لەدژی هەریەكەیان بەكارهێناوە. ئەگەر ئێمە لەمبەری ئەنجومەنەوە ئەو وشەو دەستەواژانە بەكاربهێنینەوە كە نیو سەدە بەر لەئێستا دەربارەی حزبێك كە دواتر بۆتە رابەری[٧٣]، بەكاری هێنابوو، نوێنەرە بەڕێزەكانی ئەوبەری ئەنجومەنیش گەنجینە دەوڵەمەندەكەی چێرچیل لەقسەی نەستەق بەڕوماندا[٧٤] دەدەنەوە. ئەوە ئەگەر باسی ئەو نوێنەرە بەڕێزانە نەكەین كە لەكۆتایی ڕێڕەوەكەدا ئامادەبوون[٧٥].

---

[٧١] Omdurman شارێكە لەباكوری خۆرهەڵاتی سودان لەسەر رۆخی روباری نیلی سپیو بەرامبەر خەرتوم كە لەدەوروبەری ساڵی ١٨٩٨دا هێزەكانی بەریتانیاو میسر، هێزەكانی خەلیفەیان تێك شكاندبوو.

[٧٢] شارێكی ئەفریقای باشورە كە ماوەیەكی زۆر لەژێر گەمارۆی بویرەكاندا بووسەرەنجام هێزەكانی بەریتانیا كە چێرچیلیش بەشێك بوو لەوان گەمارۆكەیان شكاند ـ و.

[٧٣] حزبی موحافیزكار كە لەلای راستی ئەنجومەن دادەنیشت ـو.

[٧٤] حزبی كرێكاران كە لای چەپی ئەنجومەن دادەنیشت ـو.

[٧٥] مەبەست حزبی لیبراڵە كە لەكۆتایی ئەنجومەندا دادەنیشت ـو.





٤٠ ساڵ دوای بەئەندام بوونی لەپارلەماندا، ئەركی دانانی لیژنەیەكی بۆ بنیادنانەوەی پارلەمان پێ سپێردرا. ئەو رایگەیاند كە شەیدای شێوازی بیناسازیە كۆنەكەی پارلەمانەو شانازیی پێوە دەكا، لەو رووەوە كە رووی جیاوازی حزبەكان لەگەڵ یەكتریدا بەئاشكرا بەدی دەكرێ. بەو زیرەكیە هەمیشەییەی كە هیچ كات لێی نەبۆوە بیرەوەریی تێكۆشانی كۆنی خۆی هاتەوە یادو ئاماژەی بەوەدا كە چۆن یەك جارنا بەڵكو دوجار لەمبەری هۆڵی پارلەمانەوە پەڕیوەتەوە ئەوبەر.

كاتێك لەسەر ئەو كورسیە دادەنیشت، ئەو كورسیەی كە وای بۆ دەچم ئەنجومەن بەكۆی دەنگ كۆك بن لەسەرئەوەی ئەم دوای نیوەڕۆیە كەسی لەسەر دانەنیشێ، لەو ساڵانەی دوایدا، دوایین پارلەمان، بەبێ دەنگی چاودێری ململانێكانی دەكرد كە رەنگە بەلای ئێمەوە سەرنج راكێش بووبێ، بەڵام ئێمە نازانین كاتێك رابردووی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆیو كێشمەكێشە گەورەكانی رابردووی بیر دەكەوتەوە، و پاشان لەگەڵ كێشمەكێشەكانی ئێمەدا بەراوردی دەكرد، چی بەمێشكدا دەهات. رەنگە ململانێكانی ئێمەی زۆر بەلاوە بێ نرخ بووبێ. ئەو پارلەمانتارێكی مەزن بوو كە هیچ كاتێك دوچاری بێ بڕستی نەبووەو هەردەم دەم بەخەندە بووە.

ئەو كەسانەی بەچاوی هەڵسوڕێنەرێكی حزبی، یا كەسێكی زیرەك، یا وەك كوڕی رۆژ لێیان دەڕوانی حوكمێكی هەڵەیان بەسەردا داوە. ئەو سەربازێكی دێرین بوو و مشتومڕی حزبیش لەڕاستیدا بەجۆرێك لەجەنگ لەقەڵەم دەدرا. لەڕاستیدا ئەو بۆ سەركەوتن لەو جەنگەدا، چەكی زمانی هێنایە ناو جەنگەكەوە. چەكێك كە بەبارتاقای ئامانجەكەی بەكاردەهێنرا، بریینداری دەكرد، بەڵام هەرگیز نەی دەكوشت، كاریگەریی بەجێ دەهێشت، بەڵام هەرگیز كاولی نەدەكرد.

هەركاتێك پلەیەكی باڵای دەوڵەتی بەدەست بهێنایە، ئەم چەكەی خۆی (چەكی زمان) لەبەرامبەر ئەو پەرلەمانانەدا كە دەهاتنو دەڕۆیشتن بەكار دەهێناو كاتێكیش دەیدایە پاڵ باڵی نەیاری دەوڵەت پارلەمانتارێكی بێ خەوش بوو، و بەقسە بروسك

ئاساكانی دەوڵەتەكانی دەهێنایە لەرزین. كاتێك لەسەر ئەو كورسییەی كۆتایی ڕێڕەوەكەدا دانیشت زۆر بەلایەوە گرنگ نەبوو، وەك بڵێی چیتر بڕستی نەمابێ‌و هێزو توانای خۆی لەدەستدابێ.

یەكەمین پۆستی لەكابینەدا سەرپەرشتیكردنی خەزێنەبوو. لەو پۆستەدا لێهاتویی خۆی وەك یەكێك لەئەندازیارانی شۆڕشی كارگێڕیی مرۆیی لەوڵاتەكەی ئێمەدا سەلماند.

یەكەمین هەنگاوی بە ئاڕاستەی بیمە كۆمەڵایەتیەكان نا.

پاشان وەزارەتی ناوخۆو دوای ئەویش وەزارەتی دەریاداری ئەو بوارەی كە خۆی حەزی لێ دەكرد، گرتە دەست. خزمەتكردنی لەم دوو وەزارەتەدا ئاوێتەیەك بوو لەسەركەوتن‌و شكستەكانی پەیوەست بەجەنگی یەكەمی جیهانەوە. لەپۆستی وەزارەتی كۆلۆنیەكان، جەنگ‌و خەزێنەدا بەوپەڕی دەسەڵات‌و پاشان ساڵانی دوركەوتنەوەی لەدەسەڵاتی بەدوادا هات. لەساڵانی بەر لەجەنگدا وڵاتەكەی‌و جیهانیشی ئاگاداركردەوە لەوەی سایەی پۆستاڵی چەوسانەوە باڵ بەسەر سەرجەم ئەوروپای بێ خەمدا بكێشێ، و دوای ئەوەبوو كە باڵاترین‌و شكۆمەندترین ساتەوەختەكانی ژیانی تێپەڕاند.

بەڕاستی دەتوانین بڵێین كە نیو سەدەی زریاناوی لەمێژووی پارلەمان دەبێ تەنیاو تەنیا بەسەركەوتن‌و ناكامیەكانی وینستۆن چێرچیل تۆمار بكرێ.

تا مێژوو بنوسرێ‌و بخوێنرێتەوە ناوی ئەو بەسەر سەری ساڵانی جەنگی جیهانیەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو ئەو پیاوە بوو كە رابوردوی زیندو كردەوەو گیانی كردەوە بەبەر مارلبۆرۆ[٧٦]داو لەبەر ئەو ڕۆڵە مێژووییەی لەپێنج ساڵ لەو ساڵە چارەنوسسازانەی جیهاندا گێڕای، گیانی كردەوە بەبەری ئەو ئەفسانەیەی مێژووی خەڵكی ئینگلیزی زماندا. ئەو مێژووی دروست كرد لەبەرئەوەی بەچاوی مێژووەوە لەو پێشهاتانەی دەڕوانی كە بۆ خۆی ڕۆڵی تیایاندا دەگێڕا. هەست‌و نەستی ناخی خۆی كاتێك كە لەگەرمەی

[٧٦] Marlborough دۆكی یەكەمی مارلبۆرۆ، نازناوی جۆن چێرچیل ١٦٥٠ ـ ١٧٢٢ سەركردەو سیاسەتمەداری ئینگلیزیە بەدرێژایی جەنگەكانی جێنشینی ئیسپانیا ـو.





كارەساتەكەی شەڕی فەرەنسادا داوای لێكرا رابەرایەتی وڵات بگرێتە دەست بەم شێوەیە بۆ ئێمە دەربڕی: ((من هەست دەكەم لەگەڵ چارەنوسدا هەنگاو دەنێم. وەك ئەوەی سەرجەم ژیانی رابوردوی من پێشەكیەك بووبێ بۆ ئەم ساتەوەختەو بۆ ئەم ڕێبازە. دە ساڵ دووری لەگۆڕەپانی سیاسەت. لەسەرقاڵی ئاسایی حزبیی دوورخستمەوە. ئاگاداركردنەوەكانی من لەماوەی ٦ ساڵی رابوردودا بەڕادەیەك یەك لەسەر یەك، وردو لەجێی خۆیدا بوو، كە هیچ كەسێك نەیدەتوانی نكولێم لێ بكا. هیچ كەسێك سەرزەنشتم بكا لەبەرئەوەی كە هۆكاری هەڵایسانی جەنگ بووم، یا بۆچی خوازیاری ئامادەكردنی وڵات بووم بۆ جەنگ. لەبەرئەوەی من زانیاریی تەواوم لەسەر مەسەلەكان هەبوو و دەمزانی كە بەهەڵەدا نەچووم. بۆیە هەر كاتێك لەپێناو هەڵهاتنی گزنگی ئومێد بێ بڕست بوویێتم، چاك دەنوستم، لەكاتێكدا پێویستم بەبینینی خەونە خۆشەكان نەبووە، لەبەرئەوەی راستیەكان لەخەونەكان باشترن)).

پێشینەی سەركردایەتی لەو پێنج ساڵە چارەنوسسازەدا ئاوێنەیەكی باڵا نمایە. باس كردن لەگرنگی‌و هەڵسەنگاندنی لەتوانای ئێمە بەدەرە. ئەو پێنج ساڵە باڵاترین ساتەوەختەكانی ژیانی ئەوو بەریتانیا بوو. پشتگیریی تەواوی لێ دەكرا لەلایەن سەركردەكانی سەرجەم حزبەكانەوە، سەرجەم سوپاوە، سەرجەم ئەو ژن‌و پیاوانەوە كە لەكارگەكانی بەرهەم هێنانی تەقەمەنیدا كاریان دەكرد بێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی سەر بە چ حزب‌و دەستەو تاقمێكن، و بێ ئەوەی بچوكترین بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاو بگرن. پیاوان‌و ژنان لەهەر ئەركێكدا كە دەیانگرتە ئەستۆ هەستیان دەكرد تواناو لێهاتوییەكیان هەیە كە پێشتر پەیان پێ نەبردووە. هەریەكەیان ببوون بەمرۆڤێكی نائاسایی.

جگە لەتوانای ئیلهام بەخشین بەخەڵكی لەمەترسیدارترین ساتەوەختەكانیشدا ئازارو چاونەترس بوو. لەبەر ئەو ئازایەتیەی بوو كە شاژن فەرمانی پێدا كە رۆژی دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەكان[٧٧] پێ نەخاتە كەنارەكانی نۆرماندیەوە.

ئازایەتیەكەی لەو كاتەدا كە بەتەنیایی لەبەرامبەر دەوڵەتو پارلەماندا وەستابوو ئاگادار كردنەوەی دەدانێ، ئیلهام بەخش بوو بۆ بەریتانیاو كۆمۆنویڵس كاتێك بەتەنیایی لەگۆڕەپانی شەڕدا وەستابوون. قسەزانیو كار تێكردن، شەیدابوون بەئازادیو لێهاتوویی لەئیلهام بەخشین بەكەسانی تر، لەپێناو ئەوەدا كە ئەوەی ئەو داوای دەكا ئەوانیش داوای بكەن، دیارترین تایبەتمەندیی رابەرایەتی ئەوبوو. مرۆڤدۆستیەكەیو قۆشمەییەكەشی بەجێی خۆی. لەسەرو هەموو ئەمانەوە توانای ئەوەی هەبوو هەركاتێك بەریتانیا روبەڕوی مەترسی گەورە بێتەوە، میللەتی لێ ئاگادارو هوشیار بكاتەوە، و دەیتوانی هەر ژنو پیاوێك لەپێناو ئامانجێكدا تەیار بكا. ئەمانە لەتوانای هیچ كەسێكدا نەبوون. بۆ گەیشتن بەئامانج، پەنای بۆ گەورەترین بەها كولتوریەكانی ئێمە بردو شیعرە بەناوبانگەكەی لۆرد بایرۆن ((خوێن، فرمێسكو عەرەقی ناوچاوان))ی كردە دروشم. مەزنترین ژیاننامەنوسی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەبراهام لینكۆڵن لەبەشی كۆتایی كتێبەكەیدا نوسیویەتی: ((كاتێك دەتوانین بەوردی باڵای درەختێك بپێوین كە كەوتبێتە سەر زەوی)). ئەم دەربڕینە زۆر شایستەی وینستۆن چێرچیلە، لەبەرئەوەی ئەو درەختی قەد پتەوو دێرینی مێژووە، بەڵام هێشتا كاتی پێوانی نەهاتووە. ئێمە لەم ساتەوەختی ستایش كردنەدا، قوڵترین هاوسۆزیی ئەنجومەنی نوێنەران ئاراستەی لەیدی چێرچیلو سەرجەم بنەماڵەكەی دەكەین. ساڵانی زریاناویمان تێپەڕاندوە، بەڵام هێشتا ساڵانی هەڵسەنگاندنمان لەبەردەمدا ماوە. ئەمە ساتەوەختی ئامادەبوونی دڵەو هەموو ئەنجومەن یەك دڵ بۆ دەربڕینی رێزی خۆی بێ دەنگ دەبێ.

---

[٧٧] D-Day یا رۆژی دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكان، رۆژی شەشەمی حوزەیرانی ١٩٤٤، كە تیایدا هێزەكانی بەریتانیاو ئەمریكا پێكەوە هێرشیان كردە سەر باكوری فەرەنسا ـوـ.





رۆژێك لەڕۆژان دەنگی چێرچیل لەسەر سەكۆكانی هەڵبژاردنەوە بەرگوێ دەكەوت، دەنگی تۆپە تورەكانی گالیپۆلی، فلاندەرز، كرونلو فۆلكلانت، بانگەوازی ئاگاداركردنەوەكانی چێرچیل دەربارەی مەترسیی ((نازی))، لورەی ئاژیرەكانی هێرشی ئاسمانیو دەستپێكی بۆردومانەكانی كەنارەكانی نۆرماندی بەرگوێ دەكەوت، بەڵام ئێستا هەموو ئەو دەنگانە خامۆش بوونو بێ دەنگیو ئارامی جێی گرتۆتەوە. ئەم بێ دەنگیە لێوانلێوە لەڕەنگدانەوەو بیرەوەری. هەر كەسێك پەیوەندیەكی بەچێرچیلەوە هەبووبێ، یادی بەرز رادەگرێ. كاتێكیش ئەو بیرەوەریانە دەوترێنو دەوترێنەوە، كاتێك جیهان رێزی لێ دەگرێ، و كاتێك سەرانی جیهان لەم سەردەمی (جێت)ەدا رایدەگەیەنن كە دەیانەوێ لەئەنجومەن ئامادەبن تا یادی ئەو بكەنەوەو رێزی لێ بگرن ئێمە لەم ئەنجومەنەدا شتێكمان بەبیردا دێ، شتێك كە هەندێكمان وا هەستمان دەكرد كە دەبوایە لەكاتی رێزلێنانی لەلایەن پارلەمانەوە ئاراستەی بكرێ. ئەو هەستە لەهەر یەكێكماندا دروست بووبوو، و زۆربەمان، بەخۆشمەوە بیرمان لەڕێوڕەسمێكی شكۆمەندتر دەكردەوە كە شایستەی رێزگرتن لەنەوەی رابوردو بێت، هەر یەكێك لەئێمە لەسەر بنەمای ئەو بیرەوەریەی كە لەگەڵ ئەو پیاوە مەزنەدا هەیەتی بیر لەوە دەكاتەوە كە بەشێوەیەك لەشێوەكان رێزی لێ بگرێ، بەڵام ئێستا كە جیهانێك بۆ رێزگرتن لەو لێرەدا كۆبۆتەوەو نوێنەری ناردووە، هەرهەمووومان لانی كەم ئەوە دەزانین كە ئەگەر بۆ خۆی تابلۆیەكی بۆ سەر كێلی گۆڕەكەی هەڵبژاردایە، دەقەكەی ئەمە دەبوو: ((پیاوێكی باشی ئەنجومەنی نوێنەران بوو)).


مەکتەبی بیر و هۆشیاری

سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا
مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# بەشی یانزەهەم

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

# کلیمێنت ئەتلی



**کلیمێنت ئەتلیو شاجۆرجی شەشەم پاشای بەریتانیا لەساڵی ١٩٤٥ دا**





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هیچ كەس بەقەد كلیمێنت ریچارد ئەتلی[1] بەنابەدڵی پۆستی سەرۆك وەزیریی وەرنەگرتوە. هیچ كەسو تەنانەت خۆشی چاوەڕوانی ئەوە نەبوو بەو پلەو پایەیە بگاو هەرگیز هەوڵی بۆ نەدابوو. هیچ حەزو ئارەزویەكی بۆ ئەو پۆستە نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی ئەو شەش ساڵو كسورەی كە تیایدا سەرۆك وەزیر بوو چەندین كاری مەزنی لەكاتی ئاشتیدا بەئەنجام گەیاند كە لەئاستی هەریەك لە سەرۆك وەزیرەكانی پێشوی خۆیدایە، ئەوەش زادەی پێنج ساڵ ئەزمونی ئەو بوو لەپۆستی جێگری سەرۆك وەزیردا.

ئەتلی ئەو پۆستەی بەكردەوە لەساڵی ١٩٤٠داو بەرەسمیش لەساڵی ١٩٤٢دا گرتە دەستو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی كە بەریتانیا دەرگیری مەترسیدارترین جەنگی جیهانی بوو، بەردەوام بوو لەسەر بەجێگەیاندنی ئەركەكانی وەك جێگری سەرۆك وەزیر.

ئەتلی سەلماندی كە حزبی كرێكاران دەتوانێ حوكم بكا. حزبی كرێكاران لەو دەمەدا چیتر وەك ساڵانی ١٩٢٣ ـ ١٩٢٤و ١٩٢١ ـ ١٩٢٣ ڕێ خۆشكەر نەبوو لەبەردەم هاتنە سەركاری حكومەتە كەمینەییە كورت خایەنەكان. حزبی كرێكاران بوو بەلایەنێكی سروشتیی ((حكومەتی حزبی)).

ماوەی ئینتیقالیی لەجەنگی تەواوەوە تا ئاشتی زۆر سەركەوتوانە بەئاكام گەیاند لەكاتێكدا لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانەوە لەنێوان ساڵانی ١٩١٨و ١٩٢٢، بێ توانایی‌و دڵساردی باڵی بەسەر حكومەتدا كێشابوو، و لەو لایەنەوە جیاوازیەكی ئاشكرا لەنێوان ئەو دوو ماوەیەدا بەدی دەكرێ. بەپێچەوانەی ماوەی ئینتیقالیی دوای جەنگی یەكەمی جیهانیەوە، لەماوەی ئینتیقالیی نوێدا بێكاری بەرچاو نەدەكەوت.

ئەتلی‌و وەزیرەكانی ئەو هێزەی كە لەبەرەكانی جەنگەوە گەڕابوونەوە بۆ وڵات، و هەروەها كرێكاری كارگەكانی تەقەمەنی‌و فڕۆكەسازی كە كارێكی ئەوتۆیان نەمابوو بیكەن، خستە سەر ئەو كارانەی كە دەبوایە لەدوای جەنگ ئەنجام بدرانایە. ئەوان هەر ئەركی بنیادنانەوەی وێرانكاریەكانی جەنگو ئەو كارانەشیان پێ نەسپێردرا كە بەهۆی

---

[1] Clement Richard Attlee





جەنگەوە ڕاگیرابوون، بەڵكو دەبوایە كەموكوڕیەكانی ساڵانی بەر لەجەنگیش لەبواری دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ‌و پەروەردەو فێركردنیشدا قەرەبوو بكەنەوە. بێ گومان بەشێك لەو هەنگاوانە بەدواداچونی بەرنامەكانی ئێرنست بۆین بوو كە لەكاتی جەنگدا بۆ دوای جەنگ دارێژرابوو. بۆیە ئەتلی ش ئەو دەمەی كە لیژنەی كابینەی لەبواری دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ‌و قوتابخانە پێ سپێردرابوو، چەند بەرنامەیەكی ئامادەكردبوو كە دەبوایە لەكاتی ئاشتیدا پیادە بكرێن. بەرنامەی خانوی كاتی((پێش وەخت دروستكراو)) لەبەرنامەكانی كاتی جەنگ بوو، كە لەدەوڵەتی چێرچیلەوە بۆ دەوڵەتەكەی ئەتلی مابۆوە. وەزیرەكانی ڕاسپێردرابوون كە لەماوەی سێ ساڵ دوای كۆتایی جەنگ كارەكانی بنیادنانی ٤٠٠,٠٠٠ یەكەی نیشتەجێی هەمیشەیی بەئەنجام بگەیەنن (بەبەراورد لەگەڵ ٧٥,٠٠٠ یەكەی نیشتەجێی دوای كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی) ئەوە جگە لەبنیادنانی ٢٤٠,٠٠٠ خانوی پێش وەخت دروستكراو.

ئەتلی (بەرنامەی خۆشگوزەرانی)ی دوای جەنگی ڕاگەیاندو هەرخۆشی سەرپەرشتیی كرد. ئەم بەرنامەیە وەرچەرخانێكی بنەڕەتی بوو لەبواری خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكاندا.

ئەتلی ئەزمونێكی ئەوتۆی لەكاروباری كۆمەڵایەتیی حكومەتە ناوخۆییەكاندا هەبوو كە هیچ سەرۆك وەزیرێك جگە لەچەمبەرلین نەیدەتوانی ئیدیعای ئەوە بكا كە لەو بوارەدا هاوشانی ئەوە. بە وردەكاریەكی زۆرەوە كاری لەسەر ئەو بەرنامانە دەكرد.

جگە لەوە وەك سەرۆك وەزیرێكیش، بەوپەڕی ئارامیەوەو بێ ئەوەی هەڵلا بنێتەوە، بۆ خۆی ئەولەویەتەكانی خەرجیی دەوڵەتو ئەو كاتەشی دەستنیشان دەكرد كە پارلەمان بڕیاری لەسەر گۆڕانكاری‌و وەرچەرخانە كۆمەڵایەتیەكانی دوای جەنگ دەدا.

ئەتلی سودی لەمافی خۆی وەك سەرۆك وەزیر بۆ تێپەڕاندنی مشتومڕی دووەمی لائیحەی بیمەی نیشتمانی وەرگرت. ئەو هەروەها بەدڵتەنگیەوە دەربارەی ئێست ئێندو بەرنامەكانی بەر لەچل ساڵی حزبی كرێكاران قسەی كردو سەرنجی ئەنجومەنی بەلای

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەزمونەكانی خۆیدا لەئیست ئیند راكێشاو رایگەیاند كە دەرفەتێك هاتۆتە پێشەوە تا ئەو بەرنامەیە جێ بەجێ بكرێ كە ئاواتی بۆ خواستووە، هەرچەندە ئەو كارە بەشێكیش نیە لەسیاسەتی كابینە.

هەروەها سەبارەت بەخۆماڵی كردن یا خستنە ژێر چاودێریی خزمەتگوزاریەكانی بەخاك سپاردنیش لەلایەن شارەوانیەوە قسەی كرد. قسەكانی ٣٥ دەقیقەی خایاند كە تا ئەو دەمە بەیەكێك لە درێژترین وتەكانی ئەو لەقەڵەم دەدرا.

لەبواری گرنگیدان بەهەندێك مەسەلەی جیهانی، حكومەتەكەی ئەو دەستی دایە چەندین كاری مێژوویی مەزن. بەدەستپێشخەریی ئەو بڕیار درا ماوەی ئینتیقالیی بەریتانیا لەئیمپراتۆریەوە بۆ كۆمۆنوێڵس (بەرژەوەندیی هاوبەش) بەشێوەیەكی ئاشتیانە تەی بكرێ، و ئەو كارەشی خستە ئەستۆی خۆی. دژوارترین قۆناغی ئەو كارە سەربەخۆیی‌و مافی چارەی خۆنوسینی هیندستان، پاكستان، سەیلان‌و بۆرما بوو. ئەم بەرنامەیە بەشێك نەبوو لەمیراتی بەجێماوی دەوڵەتی ئیئتیلافیی كاتی جەنگ: چێرچیل رازی نەبوو لەسەر پێشنیارەكانی‌و وەزیری كاروباری هیندستانیش بەتەواوی دژی بوو. ئەتلی لەم قۆناغەدا ئەو كارە مەزنەی لەحوزەیرانی (١٩٤٥)ەوە دەست پێ كرد، و بەگوێرەی ئەو خشتەیەی ئامادەی كردبوو بڕیار وابوو كە لەماوەی دوو ساڵدا بەریتانیا كۆتایی بەحوكم كردنی ئەو وڵاتە بێنێ. بۆ ئەو مەبەستە (كۆنت مۆنت باتن)ی وەك نوێنەری مەلەكی بەدەسەڵاتی تەواوەوە راسپارد بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەركە. پێشتر حكومەتەكانی موحافیزكارو كرێكاران ئەم قۆناغانەیان تا كۆتایی تەی كردبوو، بەڵام مەسەلەكە تەنیا لەچوارچێوەی مشتومڕە پارلەمانیەكاندا قەتیس مابوو.

كلیمێنت ئەتلی بنیادنەری بێ هاوتای كۆمۆنوێڵسی نوێیە. كۆمۆنوێڵس تا كاتی نوسینی ئەم كتێبە لە ٣٥ وڵات پێكدێت، كە پەیوەندیی نزیكیان پێكەوە هەیەو شاژنی بەریتانیا وەك سەرپەرشتیاری كۆمۆنوێڵس بەرەسمی دەناسن. كۆمۆنوێڵس لەو دەمەوە كە دامەزراوە تا ئێستا چواریەكی وڵاتانی ئەندامی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان‌و





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

چواریەكی ژمارەی دانیشتوانی جیهان پێك دێنێ. یەكێك لە پڕ لەشانازترین ساتەوەختەكانی ژیانی سیاسیی ئەتلی ئەو تەشریفاتە بوو كە بەو بۆنەیەوە لەوێستمینیستەر هۆڵ ئەنجام دراو تیایدا پاشا بەرەسمی بینای نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی لە ٣١ی تشرینی یەكەمی ١٩٥٠دا كردەوە. دوا بەدوای بەئەنجام گەیشتنی رێوڕەسمی كردنەوە كە سەرۆكی ئەنجومەنی لۆردەكان‌و سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران‌و نوێنەرانی هەردوو ئەنجومەن ئامادەی بوون، ئەنجومەنێكی گەورە لەسەرۆك پارلەمانەكانی كۆمۆنوێڵس لەنەژادی رەش، زەردو قاوەیی پێك هێنرا، كە زۆربەیان جلوبەرگی باوی وێستمینیستەریان لەبەردابوو، ئەوانی تریش جلوبەرگی نەتەوەیی وڵاتەكانی خۆیان. زۆربەی ئەندامانی كابینە كە ئامادەی ئەو رێوڕەسمە بوون چاویان پڕبوو لەئاو. ئەگەر بمانەوێ بەڕستەیەك هەموو ژیانی ئەو پێناسە بكەین دەبێ بڵێین كە سیاسەتمەدارێك بوو بەردەوام ((هەستی ئەرك))ی لەلابوو. ئەو دەمە بانگەوازی ئەركی بەرگوێ كەوت كە لەتافی لاویدا پێی خستە گەڕەكی ئیست ئێندەوەو لەنزیكەوە بەبارودۆخی كۆمەڵایەتیی ئەو شوێنە ئاشنابوو. كاتێك جەنگ دەستی پێ كرد، دەم‌و دەست پەیوەندی بەسوپاوە كردو كە گەڕایەوە بەسەرۆكی شارەوانی ستێپنی[1] هەڵبژێردرا، هەرچەندە كە ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شاریش نەبوو. كە كاتی هەڵبژاردنی گشتی هات، هاوڕێكانی لەئیست ئیند بۆ ئەندامێتی پارلەمان ئەویان كاندید كرد. دوای هەڵبژاردنەكەی ١٩٣١ كە ژمارەی ئەندامانی حزبی كرێكاران بۆ نزمترین ئاست دابەزی، سەرۆكایەتی كاتیی حزبی كرێكارانی قبوڵ كرد. كاتێك كەسایەتیە گرنگترەكانی حزبی كرێكاران گەڕانەوە ناو پارلەمان زانرا كە ئارسەر گرین وود كە خۆشەویستی حزبی كرێكاران بوو ناتوانێ زۆرینە بەدەست بێنێ‌و لایەنگرانی گرین وودیش نەیاندەتوانی هێربێرت مۆریسن وەك سەرۆكی حزب قبوڵ بكەن. سەرەنجام ئەتلی

[1] Stepney

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەسەرۆك هەڵبژێردرا. لەحکومەتە ئیئتیلافیەکەی وینستۆن چێرچیلیشدا، لەئاکامی بارودۆخێکی هاوشێوەدا لەنێوان وەزیرەکانی کابینەدا، ئەو بوو بەجێگری سەرۆك وەزیر.

هەمان ئەو بارودۆخە بوو بەهۆی ئەوەی حزبی کرێکاران لەهەڵبژاردنەکەی ١٩٤٥دا، سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بێنێ لەکاتێکدا ئەو سەرکەوتنە بەلای خۆیەوەو بەلای خەڵکی بەریتانیاشەوە مایەی سەرسامی بوو. رەنگە دوای ئەم سەرکەوتنە بەخۆی گوتبێ باشە دەی ((ئەرکێکمان خرایە سەر شان و دەبێ بەئەنجامی بگەیەنین)). کاتێك حزبی کرێکاران بەجیاوازیەکی زۆر کەم لەبەرامبەر حزبی رکابەردا لەهەڵبژاردندا شکستی خوارد، ماوەی چوار ساڵی تر لەپلەی سەرۆکایەتیی حزبدا مایەوە، تا تەمەنی گەیشتە ٧٣ ساڵ. ئەو ماوەیە بەس بوو تا مۆریسن هیچ هیوایەکی بەهەڵبژاردن نەمێنێو تیمێکی نوێو لاوتر سەرکردایەتیی حزبی کرێکاران بگرێتە دەست. ریچارد رۆز[٢] لەدوایین کتێبی خۆیدا باشی نوسیوە کە ئەتلی ((بۆ خزمەت کردن خوێندویەتی نەك بۆ رابەری)).

هەیلیبێری[٣] بەر لەهەموو شتێك قوتابخانەیەك بوو کە قوتابی بۆ خزمەتکردنی وڵات پەروەردە دەکرد ژمارەیەکی زۆر لەدەرچوانی ئەم قوتابخانەیە بوون کە حوکمی ئیمپراتۆریەکەیان کرد یا پەیوەندیان بەهێزە چەکدارەکانەوە کرد. ئەو لەخێزانێکی سەنگینو بەپلەو پایەو دەوڵەمەند بوو. باوکی راوێژکارێکی قانونیی سەرکەوتوو بوو. خێزانەکەی لەخانویەکی خۆشدا لەپوتنی[٤] کە لەو دەمەدا لەگوندێکی نزیك شاری لەندەن دەچوو ژیانیان بەسەر دەبرد.

خوشکەکانی وەك خوشکەکانی وینیستۆن چێرچیل بەڕێوەبەر بوون. کە لە ئۆکسفۆرد دەیخوێند بەخوێندکارێکی زیرەك لەقەڵەم نەدەدراو حەزیشی لەسیاسەت نەبوو. زۆر قسەی نەدەکرد. تەنیا یەك جار لەئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی کۆلێج بۆ لایەنگری

2 Richard Rose
3 Haileybury
4 Putney





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەبەرنامەی پشتگیریکردنی سنوردار لەکاڵا خۆماڵیەکان قسەی کرد. خوێندنەوەی لەبواری مافناسیدا تەنیا بۆ ئەوە بوو کە کارێکی پارێزەری بۆ خۆی دابین بکا. کاتێك لەئۆکسفۆرد هاتە دەرەوە، هەر بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی ئەو بابەتانە، بەڵام هەرگیز بەڕەسمی نەبوو بەپارێزەر. یەکەمین هەقدەست کە وەر یگرت لەبەرامبەر ئامادەکردنی لائیحەیەکی قانونیدا بوو بۆ توێژی خاوەن ئوتێلەکان. داواکاریی دامەزراندنی بۆ دوو پۆستی قانونی پێشکەش کرد. یەکێکیان کۆمیسیۆنی کڵێساو ئەوی تریان کۆمیسیۆنی خێرخوازی بوو، بەڵام هیچ کام لەو دوو پۆستەی بەدەست نەهێنا. ئەگەر ئاوێتەی ئەو کارە ببوایە رەنگە بەدرێژایی تەمەنی ئەو کارەی بکردایە. شەوێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینی کاتی قوتابخانەی چوو بۆ خانەی هەیلی بێری، ئەو یانەیەی کە لەستیپنی لەلایەن خوێندکارە کۆنەکانی هەیلی بێریەوە بەڕێوە دەبراو ئەوی پێ خۆش بوو، و بڕیاریدا بەردەوام سەر لەو یانەیە بدا. بەو شێوەیە بوو بەئەندامی هەمیشەیی یانەو لەساڵی ١٩٠٧دا لەتەمەنی ٢٤ ساڵیدا کرا بە بەڕێوەبەری یانەکەو لەو کاتەوە ماڵەکەی خۆی بەجێ هێشتو لەیانە نیشتەجێ بوو. ئەتلیو تۆمی برای کە لەیانەیەکی شاری هۆکستن[٥] کاری دەکرد، بەکاریگەریی بارودۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتی ئەو دەمەی ئینگلتەرەو کارکردنی سەختو هەقدەستی کەمو بەکورتی باری خراپی کرێکاران دوچاری ترسو دڵەڕاوکێ بوون.

دوای تێپەڕینی ٤٧ ساڵ لەبیرەوەریەکانی خۆیدا بارودۆخی ئەو رۆژانەی لێکداوەتەوەو باسی ئەو ژنە کرێکارانەی کردووە کە لەبەرامبەر دروونی دوو پانتۆڵدا بۆ کارگەیەکی دروون ((چارەکە پەنسێکیان هەقدەست وەردەگرتو هێشتا دەزوەکەش لەسەر خۆیان بوو))، و ئەگەر خۆشیان بکوشتایە هەفتەی زیاتر لەپێنج شیلینگیان پەیدا نەدەکرد.

بەڵام لەکاتێکدا هەق خوراویی ملیۆنان کرێکاری زەحمەتکێشو ئەو نادادپەروەریەی کە بەرەو ژیانێکی ئاوا سەخت راپێچی کردبوون دەبووە مایەی ئازار بۆی، بەڵام خۆشحاڵ

5 Hoxyon

بوو كە دەیبینی پێكەوە كۆكو تەبانو ستایشی ئەو پەیوەندیە بەتینەی نێوانیانی دەكرد. لەژیاننامە كورتەكەیدا بەناوی ((بەسەرهاتەكە ئاوا بوو)) نوسیویەتی: ((دەست گرتنەوە كە چەندە بەلای چینی ناوەڕاستەوە گرنگە (لەنێو كرێكاراندا) بەقەد دەستو دڵ فراوانیو بەخشندەیی ڕێزی لێ نەدەگیراو خێرو خێراتی مەسیحی، بەڕاستی كاری پێ دەكرا، لەجیاتی ئەوەی تەنیا هەر بەقسە بێ)). ئەوەی كە بەڕاستی كاری تێ كرد یەكڕیزیی كۆمەڵایەتیو سەرفرازیی كرێكارانی كانەكان بوو كە سەرەڕای هەلو مەرجی دژواری ناوچەكانی وێلز، سكۆتلاند یا نۆرس ئیست زۆر بەچاكی پەیڕەوی لێ دەكرا. كرێكارێكی كانەكان چەندە هەژاریش بووبێ شتێك لەكیسەكەیدا هەبوو كە یارمەتی هاوكارەكەی خۆی پێ بدا یا بیدا بەخێزانێك كە بەهۆی پەك كەوتنی نان پەیداكەرەكەی یا مردنی بەهۆی دارِمانی كانێكی خەڵوزی بەردینەوە هەژارتر بوبوون.

كلیمێنتو براكەی هەوڵیاندا ئەو مەسەلەیە تاووتوێ بكەن تا بزانن هۆكاری خراپیی باری ئابوری چییە كە ئەو هەلومەرجە دژوارەی هێناوەتە كایەوەو چۆن دەتوانرێ لانی كەم هەلومەرجێكی گونجاو بۆ تەندروستیو پەروەردەو فێركردن دەستەبەر بكرێ. بۆ ئەو مەبەستە زنجیرەیەك لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتییان دەست پێ كردو سەردانی زۆر شوێنیان كردو تەنانەت لەبزوتنەوەی سەندیكالیزمیشدا[٦] ئامادەبوون، بەڵام هیچی وایان نەخستە سەر زانیاریەكانیان. پاشان رویان لەرێكخراوە سیاسیەكان نا. فیدراسیۆنی ((سۆشیال دیموكرات)) كە لەلایەن هیندمانەوە دامەزرێنرابوو لەرادەبەدەر گرنگیی بەئایدۆلۆژیا دەداو گرنگی بەپێداویستیە كۆمەڵایەتیەكان نەدەدا.

[٦] پێشتر ئاماژە بەوە درا كە بزوتنەوەیەكی سیاسیی رادیكاڵ بووەو لەو باوەڕەدا بووە، كە بەهەڵمەتێكی راستەوخۆ لەرێی مانگرتنو كاری تێكدەرانەوە، پێویستە پیشەسازیو دەوڵەت بخرێنە ژێر كۆنترۆڵی سەندیكا كرێكاریەكانەوە ـوـ.







ئەتلی (لەلای گۆشەی چەپەوە) لەگەڵ دایكیو باوكیو براو خوشكەكانیدا

مەکتەبی بیروهوشیاری

کلیمێنت ئامادەی کۆبونەوەیەکی ئەو فیدراسیۆنە بوو کە تیایدا ئایلمەرمۆد[7]، سیدنی وێب[8]و بێرنارد شۆ قسەیان کرد. ((هەرهەموویان زۆر سەرەتایی و تازە پێداکەوتو دەهاتنە بەرچاو)).

هەردوو برا پەیوەندیان بەحزبی سەربەخۆی کرێکارانی (کەی هاردی)ەوە کرد کە زۆربەی ئەندامەکانی لەڕوانگەی ئایینیو ئەخلاقیەوە لەمەسەلە کۆمەلاّیەتیو ئابوریەکانیان دەڕوانی.

کلیمێنت کاروباری ڕاگەیاندنی لەئەستۆ گرت. کەوتە ژێر کاریگەیی توندی ڕاپۆرتەکەی کەمینەی کۆمسیۆنی مەلەکی دەربارەی قانونی یارمەتیدانی بێ دەرەتانان، کە لەلایەن وێبەکانو بیڤەریجەوە نوسرابوو، و لەو دیدارانەدا کە لەچەندین ناوچەی ولاّتدا ڕێکخرابوون سەبارەت بەو ڕاپۆرتە قسەی کرد، بەلاّم ئەم چالاکیانە سودێکی ئەوتۆی بۆ ئەو نەبوو. ماوەی ٩ مانگ لەسالاّنی ١٩٠٩ تا ١٩١٠ بوو بەسکرتێری جێگرەکەی توینبی هۆڵ[9]. پاشان چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەئەنجام گەیاند بۆ ئەو ڕێکخراوەی کە بەگوێرەی قانونی بەدواداچونی سکالاّی کرێکاران (لەبابەتی هەقدەست) دامەزرابوو، و سیستمی کاری سەختی بەهەقدەستێکی کەم خستە بەر لێکۆڵینەوەوە. پاشان زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بەئەنجام گەیاند بەمەبەستی بەکارهێنانی لەئاراستە کردنو لێکدانەوەی هەڵمەتەکانی لۆید جۆرج لەساڵی ١٩١١دا لەلێکۆڵینەوە کۆمەلاّیەتیەکاندا لایەنی سیاسیو ڕێکخراوەیی بەتەواوی لەبەرچاو دەگرت. ئەتلی هەرگیز بەتەنیا سۆشیالیستێکی تیۆری نەبووەو هەمیشە ڕەخنەی لەو کەسانە دەگرت کە گرنگیی زیاتر بەلایەنی تیۆری ئەو ڕێبازە دەدەن زیاتر لەوەی گرنگی بەلایەنە پراکتیکیەکەی بدەن. بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٠٨دا بەشداریی لەکۆنگرەی حزبی کرێکاراندا کرد.

---


[7] Aylmer Maude

[8] سیدنی جەیمس وێب ئابوریناسی ئینگلیزی ١٨٥٩ ـ ١٩٤٧و بیاتریس پۆتەری هاوسەری ١٨٥٨ ـ ١٩٤٣ نوسەرو ریفۆرمخوازی کۆمەلاّیەتی بەوێبەکان ناسراون ـو.

[9] Toynbee Hall







(ئەنجومەنی کرێکارانی ناوچەی ستێپنی) ئاڵدەرمان ئەتلی لەریزی پێشەوە کەسی چوارەمە لە پێشەوە

بیرەوەریەكانی سالانی رابردوی بەم شێوەیە نووسیەوە: ((بەدرێژایی سالانی ١٩٠٧ تا ١٩١٤ خوێندكارێكی حزبی كرێكاران و بزوتنەوەی سۆشیالیستی بووم و ئەندامێكی ئاسایی بووم و خوێندەوارییەكی ئەوتۆم نەبووە)). راوبۆچونی دەربارەی ئەندامانی ئەو گروپە كرێكاریەی لەهەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٠٦دا هەڵبژێردران چەند لایەنێك ئاشكرا دەكا: ((ئەو گروپە گروپێكی دەمارگیر نەبوو بەڵكو گروپێك بوو سەرجەم كرێكارانی لەخۆ گرتبوو بێ ئەوەی لەلایەن گروپێكی تایبەتەوە پاوان كرابێ و بانگەشەی بۆ سۆشیالیزمێك دەكرد كە زیاتر پەیوەست بوو بەئینجیلەوە وەك لەوەی پەیوەست بێ بەكارل ماركسەوە... و زیاتر رێگەیەكی بۆ ژیان پیشاندەدا نەك بیروباوەڕێك و بنەمایەكی ئابوری...)).

ماوەیەك بێ كار بوو تا بەیارمەتی وێبەكان لەكۆلێژی ئابوریی لەندەن بوو بە مامۆستا. دواتر ئاماژەی بەوەدا لەبەرئەوە داوایان لێكردووە لەوێ وانە بڵێتەوە كە ((زانیاریی پراكتیكی باشی دەربارەی بارودۆخی كۆمەڵایەتی هەبووە))، نەك لەبەر لایەنی ئەكادیمی كە خودی ئەتلی ئیدیعای ئەوەی نەدەكرد كە شارەزایی تیایدا هەیە. بەسەرهاتێكی ئەو رۆژگارە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: ((رۆژێكیان رێكەوتی كچێكی پێ پەتیم كرد لێی پرسیم بۆ كوێ دەچی، وتم بۆ چا خواردنەوە دەڕۆمەوە ماڵەوە. وتی منیش دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە تا بزانم چامان هەیە)). لەنزیكەوە ئاگای لەگەمارۆكەی سەر سیدنی ستریت بوو. بەشداریی لەهەڵمەتی گەیاندنی خۆراك بۆ كرێكارە مانگرتوەكانی بەندەرەكانی لەندەندا كرد. هەروەها رۆڵی سەرەكیی گێڕا لەتێكۆشان بۆ دەستەبەركردنی مافی دەنگدانی ژنان. كاتێك ئاگری جەنگ لەساڵی ١٩١٤دا هەڵایسا وەك ئەفسەرێك پەیوەندیی بەفەوجی لەنكشایەری باشورەوە كرد و لەگالیپۆلی و میسۆپۆتامیا خزمەتی كرد و لەوێ بریندار بوو، و گوازرایەوە بۆ ماڵتاو بەو شێوەیە نەیتوانی لەئۆپەراسیۆنە جەنگیەكانی ئەو هێزەدا بەشداری بكا كە تیایدا خزمەتی دەكرد. هێزەكەی لەو ئۆپەراسیۆنانەدا نزیكەی ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ كەسی لێ كوژرا. دواتر بۆ درێژەدان





بەخزمەت رەوانەی فەرەنسا كراو پەیوەندیی بە یەكە زرێ پۆشەكانەوە كرد و بەشداریی لەشەڕی پاشنداڵدا كرد. تا سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی لەساڵی ١٩٣٩دا، و دوای ئەوەش، لەنێو زۆربەی ئەندامانی ئاسایی حزبی كرێكاراندا بەمەیجەر ئەتلی دەناسرا.

خزمەت كردنی لەجەنگدا كاریگەریی قوڵی لەسەر دەرونی هەبوو. بەگوڕوتینێكی زۆرەوە لەفەوجی لەنكشایەر كێشەكانی پەیوەست بەجەنگ و بەرگریی تاووتوێ دەكرد و بەمێشكی شیكەرەوەی خۆی چارەسەری بۆ دەستنیشان دەكرد. ئەو ئەزمونانەی بەدەستی هێنان كردیان بەیەكێك لەبەرجەستەترین بەرپرسانی حزبی كرێكاران و ئەو ئەزمونانەی لەحكومەتەكانی كاتی جەنگ و دوای جەنگیشدا بەكارهێنا. ئەوە هەر تەنیا زادەی ئەزمونەكانی كاتی جەنگ نەبوو. لەقسەوباسەكانی سەرمێزی نان خواردنی نیوەڕۆ یا ئێوارە لەگەڵ ئەندامانی كابینەدا لەشوێنی نان خواردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا چەندین جار سەبارەت بە بیروبۆچونی هەندێك لەخەڵكی وڵاتانی ئەوروپا بەدرێژایی جەنگ لەگەڵیاندا دانیشتوە یا لەكاروباری جەنگدا كاری لەگەڵدا كردوون بۆ هاوكارەكانی خۆی دەدواو باری سەرنجی خۆی لەو مەسەلانەدا دەخستەڕوو.

ئەو بەشێوەیەكی تایبەت لەئیتالی و فەرەنسیەكان دەمارگرژ بوو كە هەریەكەیان بەش بەحاڵی خۆیان لە پاشەملە باسی خراپەی ئەڵمانیەكانیان دەكرد، بەپێچەوانەشەوە بەردەوام ستایشی سەربازانی كۆمۆنوێلسی دەكرد. رەنگە دژایەتی كردنی بۆ بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا لەپەنجاكانەوە تا مردنی تا رادەیەكی زۆر پەیوەندیی بەو بیروبۆچونانەی كاتی جەنگیەوە هەبوبێ بەرامبەر بەو وڵاتانەی ئەوروپا. دوای كۆتایی هاتنی جەنگی ئەوروپا كاتێك گەڕایەوە بۆ لەندەن بەسەرۆكی شارەوانی ستێپنی هەڵبژێردرا. هەوڵەكانی بەر لەجەنگی بۆ هەڵبژاردن لەئەنجومەنی راوێژكاریی دەوڵەتی یا ئەنجومەنی دەوڵەتیی یارمەتیدانی بێدەرەتاناندا كە ئەركی ئامادەكردن و رێكخستنی قانون و لائیحەكانی تایبەت بە بێدەرەتانانی پێ سپێردرابوو، روبەڕوی شكست بۆوە، بەڵام دوای جەنگ كە



ئەتلی (کەسی دووەم لای راست ریزی پێشەوە) لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا





بوو بەئەندامی ئەو ئەنجومەنە شارەزایی باشی پەیداکرد لەبوارە کۆمەڵایەتیەکانی دابین کردنی خانوو، دیاری کردنی باج‌و نرخ، کە دواتر لەسەرەتای چونە ناو پارلەمانیەوە سودی لێ وەرگرت. لەو ماوەیەدا کە بەرێوەبەری فەرمانگەی کارەبا بوو شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا کردو دواتر لەمشتومڕەکانی تایبەت بەرێوشوێنەکانی حکومەتی موحافیزکار سەبارەت بە بەرهەم هێنانی کارەبا سودی لێ وەرگرت.

هەر لەبەر ئەو پێشینەیەی لەبواری کارەبادا ئامادەکاریەکانی هەنگاوە سەرەتاکانی خۆماڵی کردنی پیشەسازیی کارەبای لەدوای ساڵی ١٩٤٥ پێ سپێردرا. سەرەنجام بوو بە پاڵێوراوی ناوچەی لایم هاوس[10] و لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا، بە دەستەبەرکردنی ٩٦٨٨ دەنگ لەبەرامبەر ٧٧٨٩ دەنگی پاڵێوراوی موحافیزکار - لیبرالەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

دوای بوونی بەئەندامی پارلەمان هەر زوو کرا بەجێگری پارلەمانیی رەمزی مەك دۆناڵد. لەهەڵبژاردنی ١٩٢٣و ١٩٢٤دا بەزۆرینەی دوو بەیەك لەپاڵێوراوی موحافیزکاری بردەوە. ئەوە لەساڵی ١٩٢٩شدا بەهەمان شێوە دووبارە بۆوە. زۆری نەبرد کە بەشێوەیەکی رێکوپێك سەبارەت بەخەرجیە سەربازیەکان قسەی دەکردو کرا بەئەندامی لیژنەی دەستنیشانکردنی کرێ‌و نرخ دانان. لەحکومەتەکەی حزبی کرێکاراندا لەساڵی ١٩٢٣وە تا ١٩٢٤ جێگری وەزیری جەنگ بوو.

لەکۆتایی بیستەکاندا بوو بەسەرۆکی کۆمسیۆنی باری قانونیی هیندستان‌و ماوەیەکی زۆر بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پێویست لەهیندستان مایەوەو لەئەنجومەنی نوێنەران دورکەوتەوە. بەهۆی سەرقاڵ بونیەوە لەکۆمیسیۆن لەساڵی ١٩٢٩دا هیچ پۆستێکی لەدەوڵەتدا نەبوو، بەڵام کاتێك کورسیەکەی دۆك نشینی لانکستەر لەساڵی ١٩٣٠دا بەتاڵ بوو، درا بەوو دوای دە مانگ کرا بە بەرێوبەری گشتیی پۆستە کە بەزرترین پۆست بوو تا بەر لەپەیوەندیکردنی بەدەوڵەتە

[10] Lime house



ئەتلی لەساڵی ١٩٣١ دا كاتێك كە جێگری سەرۆكی حزبی كرێكاران بوو لەگەڵ جۆرج لانزبێری سەرۆكی حزب





ئیئتیلافیەكەی چیرچیلەوە، لەساڵی ١٩٤٠دا. رەنگە لەبەر كەم ئەزمونی لەپێكهاتە ئیداریەكانی وەزارەتەكاندا بووبێ كە لەكاتی پێكهێنانی كابینەكەیدا دەسەڵاتی تەواوی دا بەوەزیرەكانی‌و هەر كاتێكیش كەمتەرخەمیەكی تێدا بەدی دەكردن لەسەر كار لایدەبردن.

بەدەست لەكاركێشانەوەی مەك دۆناڵد كابینەی كرێكاران كەوت‌و حكومەتی نیشتیمانی بەسەرۆكایەتیی موحافیزكاران پێكهێنرا. سەركەوتنەكەی لەساڵی ١٩٣١دا وایكرد كە كەمتر لە ٥٠ ئەندامی حزبی كرێكاران بچنە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانەوە. (ئەتلی)یش كە یەكێك بوو لەو نوێنەرانەی حزبی كرێكاران كە لەناو ئەنجومەندا مابونەوە، لەبەر شارەزایی لەوەزارەتدا، كرا بەجێگری جۆرج لانسبێری[11] سەرۆكی حزبی كرێكاران. لانسبێری پیاوێكی خۆشەویست‌و نەرم ونیان بوو، بەڵام بۆ ئەو پلەیە گونجاو نەبوو.

لەساڵی ١٩٣٤دا كە بەهۆی روداوێكەوە چەند مانگێك لەنەخۆشخانە كەوت، ئەتلی سەرۆكایەتیی تەواوی حزبی كرێكارانی گرتە دەست. بەدرێژایی ماوەی ئەو پارلەمانە، ئەتلی سەرەڕای ئەوەی وەك هەمیشە كەم دوو بوو، بەڵام لەئەندامەكانی تری پارلەمان زیاتر قسەكانی لەتۆماری دانیشتنەكانی ئەنجومەندا بەرچاو دەكەوت. هەفتانە سێ یا چوار جار سەبارەت بەبابەتێك دەدوا. ئەو وتانەی تەنیا دەربارەی مەسەلە سەرەكیەكان نەبوو، و بەردەوام داوای دەكرد لەسەر مەسەلە قانونیەكان بدوێ، لەبەرئەوەی یەكێك بوو لەو نوێنەرە كەمانەی باڵی نەیار كە ئەزمونەكانی رێگەیان پێ دەدا تا دەربارەی لائیحەو پێشنیارەكانی نوێنەران مشتومڕ بكا. كەمێك بەر لەئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٩٣٥، لانسبێری بەكاریگەریی ئەو هێرشە توندانەی كە بوین‌و سەركردەكانی تر لەكۆنگرەی ساڵی ١٩٣٥ی حزبدا لەدژی دەیانكرد، دەستی لەكاركێشایەوە.

[11] George Lansbury

مەکتەبی بیروهۆشیاری

بوین تۆمەتی ئەوەی دایە پالّی کە ((لەهەر کۆنگرەیەکدا بیروبۆچونەکانی خۆی دەسەپێنیّ و هەولّ دەدا لای هەموان پەسەندی بکا)). هاوکات سەرکردەکانی یەکێتیی کرێکاران کە ئەتلی یا حزبی کرێکارانی پارلەمانی بەشێك نەبوو لێیان، پشتگیریی خۆی بۆ نویّ کردنەوەی چەك راگەیاندبوو. ئەتلی وەك رابەری کاتیی حزبی کرێکاران هەلّبژێردرا، بەلاّم کەم کەس پیّی وابوو کە رابەرایەتیەکەی ئەتلی کاتییە، لەبەرئەوەی ژمارەیەك لەوەزیرانی پێشوی کابینە کە کورسیەکانیان لەسالّی ۱۹۳۱دا لەدەستدابوو، ئەگەری ئەوەیان دانابوو هەر کە بالدوین هەلّبژاردنی گشتی راگەیاند، بگەرێنەوە سەر پۆستەکانی خۆیان. لەهەلّبژاردنەکەی ۱۹۳۵دا، ۱۵۰ کەس لەنوێنەرانی حزبی کرێکاران چونە ناو پارلەمانەوە. پالێوراوەکانی رابەری بریتی بوون لەگرین وورد، مۆریسن، ئەتلی. لەیەکەمین دەنگداندا ئەتلی لەکۆی ۱۳۵ دەنگ ۵۸ دەنگی بەدەست هێنا. لەبەرامبەردا مۆریسن تەنیا ٤٤ دەنگی بەدەست هێنا. گرین وود کە ۳۲ دەنگی بەدەست هێنابوو چووە دەرەوەر لەخولی دووەمی پێشبرکێکەدا هەموو ئەو کەسانەی دەنگیان بەگرین وود دابوو دەنگیان بۆ ئەتلی دا. پەیوەندی نێوان گرین وودو مۆریسن شەکر بوو، بیّ گومان لایەنگرەکانیشیان هەمان شێوە بوون. لەئەنجامدا ئەتلی بە ۸۸ دەنگ لەبەرامبەر ٤٤ دەنگدا سەرکەوتو پلەی رابەرایەتیی جێگری حزبی بەدەستهێنا. زۆری نەبرد کە ئەزمونەکانی خۆی لەبواری بەرگریدا لەخزمەتی حزبەکەیدا بەکارهێنا، و بەو ئاراستەیە پەروەردەی کرد. لەمشتومڕی تایبەت بەحەبەشە ئەو لایەنگریی لەئاسایشێکی دەستە جەمعی دەکرد. تا دەهات زیاتر بەلای پشتگیریەکی سنوردار لەنویّ کردنەوەی چەکدا دای دەشکاندەوە لەبەرامبەر مەترسیەکانی هیتلەرو مۆسۆلینیدا، بەو مەرجەی کە نویّ کردنەوەی چەکی بەریتانیا بەشێك بیّ لەکردارێکی هاوبەش لەچوارچێوەی ((کۆمەلّەی نەتەوەکاندا)) تا رێگر بیّ لەبەردەم ئەو ولاّتە دەستدرێژکارانەی کە بەنیازی پەلامارданو لەناوبردنی ئەوانن. هەر لەو پێناوەشدا داوای کرد قەدەغە بخرێتە سەر ناردنی نەوت بۆ ئیتالیا.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەسالّی ۱۹۳۷دا ئیدنو سالسبێری دەستیان لەکار کێشایەوەو بەرەی چەمبەرلین، هاریس وێلّسن کۆنترۆلّی تەواوی کاروباریان گرتە دەست. ئەتلی روبەڕوی چەند ئاستەنگێك بۆوە. ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی حزبەکەی لایەنگری ئاشتی بوون. ئەوانی تر دژی جەنگ نەبوون، بەلاّم لایەنگرییان لەجەنگێکی ((کاپیتالیستی)) نەدەکرد. سەندیکا گەورەکان بەرە بەرە پشتگیریی خۆیان بۆ نویّ کردنەوەی چەك پیشان دەدا. رای کاریگەری ئەوان کارێکی کرد کۆنگرەی حزبی سالّی ۱۹٦۳ لەئەدینبۆرگ، بەو ئاراستەیە ببڕیّ. کۆنگرە، بەزۆرینەی دەنگ پشتگیریی ناوەڕۆکی بەیاننامەی رەسمی سەبارەت بەسیاسەتو بەرگری کردو لایەنگری خۆی بۆ چەمکی ئاسایشی دەستە جەمعی پیشاندا، و رایگەیاند کە ((پێویستە توانای سەربازیی ولاّتانی پابەند بە (کۆمەلّەی نەتەوەکانەوە) گریّ بدرێتەوە بەتوانای سەربازی هێزە دەستدرێژکارەکانەوە)) ئەتلیو زۆرێك لەئەندامانی حزبەکەی لەسەر نویّکردنەوەی چەك بۆ بەرپەرچدانەوەی مەترسی هیتلەر کۆك بوون، بەلاّم دلّنیا نەبوون لەوەی کە چەمبەرلین سیاسەتی بەرگریو دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای ئاسایشی دەستە جەمعی دادەڕێژیّ. سەرەڕای روبەڕوبونەوەکانی پێشو، بەلایەوە ئاسانتر بوو کە پشتگیری لەبەرنامەی نویّکردنەوەی چەکی بالدوێن بکا بەتایبەت ئەگەر سیاسەتی دەرەوەو بەرگری پێکەوە لەلایەن (بالدوین ـ ئیدن) ەوە ئاڕاستە بکریّ. سەرەڕای پشتگیری کۆنگرەو سەندیکاکان، لەکاتێکدا ئەتلی پشتگیریی لەنویّکردنەوەی چەك دەکرد، هەستی دەکرد کە دەست لەکارکێشانەوەکەی ئیدن گومانو دوودلّیەکانی ئەویان پشت راست کردۆتەوە. لەمشتومڕێکی پارلەمانیدا لەتشرینی دووەمی ۱۹۳۷دا داوای کرد زانیاری بخرێتە بەردەست سەبارەت بەبەرنامەکانی دەولّەت لەبواری بەرگری، خۆسازدانی پێش وەخت لەبەرامبەر هێرشە ئاسمانیەکاندا، چۆلّ کردن، بەرگریی دژە ئاسمانی، بەهێزکردنی هێزی ئاسمانیو دەستنیشانکردنی شوێنی کارگەکان بۆ پاراستنیان لەبەرامبەر هێرشە ئاسمانیەکاندا. تەنانەت بەر لەئەنجامدانی کۆنگرەی حزبی کرێکاران لەئەدینبۆرگ، بەنیگەرانیەوە



**کلیمێنت ئەتلی**







**هارۆڵدمك میلان**

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئاشكرای كردبوو كە لە ئامادەكاریەكانی دەوڵەت لەو بوارانەدا رازی نییە، و وتبوی ئەو كەلێنانەی لەو بوارانەدا بەدی دەكرێن ((هەروەك چۆن پێشتر لەئەنجومەنی نوێنەراندا ئاماژەم پێدا، هۆكارەكەی ئەو سیاسەتە ناگونجاوەی دەرەوەیە كە دەوڵەت پەیڕەوی لێ دەكا)). كاتێك چەمبەرلین بۆ كۆبونەوە لەگەڵ هیتلەردا بەرەو میونیخ بەڕێكەوت، ئەتلی بەر لە بەڕێكەوتنی لەگەڵیدا كۆبۆوە: لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوە بۆتە شێوازێكی باوی نێوان سەرۆك وەزیرو رابەری باڵی نەیاری دەوڵەت كە لەكاتە قەیراناویەكاندا یا لەدۆخە گرنگو هەستیارەكاندا وتوویژ لەگەڵ یەكتردا بكەن. ئەتلی سەبارەت بەوتوویژەكانی خۆی لەگەڵ سەرۆك وەزیردا، دەڵێ: (پێم راگەیاند كە زۆر باوەڕم بەو قومارە نییە كە لەگەڵ (هیتلەر) دا دەیكا)). لەكاتی سەرهەڵدانی جەنگدا هەروەك لەبەشی پێشودا ئاماژەی پێ درا، ئەتلی لەنەخۆشخانە كەوتبوو. ئەو هەر زوو گەڕایەوە، و وەك سەرنجمان دا رۆڵێكی كاریگەری لە لەسەركارنەمانی دەوڵەتەكەی چەمبەرلیندا گێڕا. كاتێك چێرچیل حكومەتەكەی خۆی پێكهێنا، ئەتلی بوو بەوەزیری راوێژكار، ئەو پۆستەی كە بەپێی بارودۆخەكە، دەكرا دەسەڵاتی رەهای هەبێ یا هیچ دەسەڵاتێكی نەبێ، بەڵام ئەمجارەیان دەسەڵاتی تەواوی هەبوو. چێرچیل كە وەك سەرۆك وەزیر نا بەڵكو وەك وەزیری بەرگری رۆڵێكی چالاكی لەبەڕێوەبردنی جەنگدا دەگێڕاو شەوو رۆژ سەرقاڵی بڕیاردان بوو لەسەر ئۆپەراسیۆنە جەنگیەكان، بەوپەڕی قەناعەتەوە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، و لە ساڵانی دواتریشدا بەڕێوەبردنی كاروباری ئابوریی دەوڵەتیشی لەناوخۆدا بەو سپاردبوو. كاتێك بەریتانیا تەنیا مابۆوە، سەرەنجام پەیوەندیی بەو یەكێتیە گەورەیەوە كرد كە خۆی بەشێك بوو لێی، بەڵام رۆڵی سەرەكیی تێدا گێڕا، چێرچیل ناچاربوو بۆ ئەنجامدانی وتوویژە دووقۆڵیەكان لەگەڵ رۆزفێلت یا ستالینداو بەشداری كردن لەدانیشتنەكانی كۆنفرانسەكانی سەرانی یەكێتی سێ قاق كاتێكی زۆرتر لەدەرەوەی وڵات بەسەربەرێ. نەخۆش كەوتنی چێرچلیش لەئەفریقای باشور هۆكاری دوركەوتنەوەی بوو لەوڵات بۆ ماوەیەكی زۆر. ئەوەبوو ئەتلی كە لەساڵی (١٩٤٠)ەوە لەژمارە ١١ی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

داونینگ ستریت سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەركەكانی خۆی بوو، جگە لەئەركە ئیداریەكانی تایبەت بەئاڕاستەكردنی دەوڵەت، ناچار بوو ئەركی ئامادەكردنی راپۆرتی تایبەت بەكاری دەوڵەتیش بۆ پارلەمان بگرێتە ئەستۆ. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو بەتەنیایی باری قورسی بەرپرسیارێتیەكانی دەوڵەتی خستە سەرشانی خۆیو هەرگیز هەوڵی نەدا تیمێك لەڕاوێژكارانی دڵسۆزو هاوبیری خۆی لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە. ناچاریش بوو لەگەڵ سكرتاریەتەكەی چێرچیلدا بەسەرپەرشتیی پرۆفیسۆر لیندمان (دواتر لۆرد چرول)دا هەڵ بكاو روبەڕوی پاوانخوازیەكانی ئەویش بێتەوە. هەرچەندە كە چونە ژێر باری پۆزەكانی سەرۆك وەزیر دژوار بوو بۆی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەگەڵ چێرچیلدا بەئەمەك بوو. نەیدەتوانی پیلانگێڕیەكانی هەندێك لەئەندامانی موحافیزكاری كابینەكەی ئاسكویس كە لەكابینەكەی چێرچیلدا ئەندام بوون نادیدە بگرێ، بەڵام چێرچیل لەو كاتەدا لەگەڵ ئاسكویسدا جیاوازیی هەبوو، و (ئەتلی)یش بۆنارلا، بەلفۆر، یا كارسن نەبوو، ئاماژە كردن بەوەی كە ئەگەر ئەتلی ئەندامی كابینەكەی چەمبەرلین بوایە، تا چ رادەیەك دڵسۆز دەبوو بۆی، هیچ سودێكی نییە، لەبەرئەوەی ئەوە ئەتلی بوو كە رێی لەبەردەم لەسەركارلاچونی چەمبەرلیندا هەموار كرد. بە تواناو لێهاتویی چێرچیل سەرسام بوو، و رەنگە هەر لەبەرئەوە هەندێك لەهەڵسوكەوتەكانی چێرچیلی قبوڵ كردبێ. لەڕۆژانی سەرەتای جەنگدا لەو باوەڕەدا نەبوو دەوڵەتێك بەسەرۆكایەتیی چێرچیل بێتە سەركار. یەكەمین جار كە چاوم بەئەتلی كەوت، لەتشرینی یەكەمی ١٩٣٩دا بوو. چەند كەسێك لەدەوری كۆبوبونەوەو لێیان پرسی بەڕای ئەو چ كەسێك جێی چەمبەرلین دەگرێتەوە. من پرسیم: چێرچیل؟ ئەتلی لەوەڵامدا وتی: ((چێرچیل نا. ٦٥ ساڵ تەمەنێكی زۆرەو چێرچیل بۆ ئەم كارە زۆر پیرە)). بەڵام ئەو بەهەڵەدا چووبوو. چێرچیل تەمەن كورتیی لەباوكیەوە بۆ بەجێ نەمابوو، و تەمەنی درێژ بوو، و ئەتلی خۆشحاڵ بوو بەوەی لەوەدا هەڵەی كردوە، بەڵام بۆی دەركەوت كە چێرچیل لانی كەم لەهەندێك مەسەلەدا كەسێكی ئاسان نییە. ئیئتیلافی كاتی جەنگ سەبارەت بەهەندێك لەو

مەسەلانەی کە سەرجەم حزبەکان لەسەری کۆك بوون، بەدوور نەدەزانرا. لەو بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بەبەرنامەکەی بێڤەریج تایبەت بەئاسایشی کۆمەڵایەتی بدەین. ئێمە ئاگامان لەچارەنوسی ئەو کارە هەیە کە دەوڵەتی ئیئتیلافی سەبارەت بەبەرنامەڕێژیی شارو گوند ئەنجامی داوە. مشتومڕەکانی ساڵانی ١٩٤٣و ١٩٤٤ لەسەر ئایندەی خاوەندارێتیی گشتی یا تایبەتی خەڵوزی بەردین، هێڵی ئاسن، گازو کارەباش هەر لەو جۆرە بوو، و هەمان چارەنوسیشی هەبوو. هۆکارەکانی لەبەریەك هەڵوەشانی حکومەتی جەنگی کە لەسەرجەم حزبەکان پێك هاتبوو، پێشتر ئاماژەی پێ درا. حزبی کرێکاران دڵنیا نەبوو لەوەی کە دەوڵەتی ئیئتیلافی تا کۆتایی جەنگی ژاپۆن بخایەنێ، لەبەرئەوەی کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا بەو خێراییە، دوای کۆتایی جەنگی ئەوروپا، کۆتایی پێ بێ. تەنانەت کەم کەسیش پێشبینی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی دەکرد کە چێرچیل خوازریاری ئەنجامدانی بوو. راوبۆچونی سوپاو راوبۆچونی هاوسەرانی ئەو کەسانەی لەڕیزەکانی سوپادا بوون هۆکاری سەرکەوتنە گەورەکەی حزبی کرێکاران بوو. هەرچەندە ئەتلی لەبەرامبەر چێرچیلدا هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی ئارامی بەئەنجام گەیاندبوو، بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانیی سەرکەوتنی ئاوا نەبوو. راوبۆچونە سیاسیەکانی چێرچیل لەو ململانێی هەڵبژاردنەدا لەڕادەبەدەر لەژێر کاریگەریی رێنوێنیەکانی (بیوربروك)و (براکن)دابوو، بەڕادەیەك کە تۆمەتی گەورەی دەدایە پاڵ ئەو سەرکردانەی حزبی کرێکاران کە بەدڵسۆزیەوە کاریان لەگەڵدا کردبوو. ئەتلی ناچاربوو لەکاتی هەڵبژاردندا وەڵامی دەست تێوەردانەکانی پرۆفیسۆر لاسکی[12] بداتەوە کە بیروبۆچونەکانی ناگونجاوبوون‌و کاروباریان بەرەو پێش نەدەبرد: ((ئەگەر ماوەیەك بێ دەنگ بی زۆر باشە)).

[12] Professor Lasky





ئەتلی لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٥داو دوا بەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان، لەگەڵ (ڤای)[13]ی هاوسەریدا لەئوتێلی ویستگەی پادینگتن[14] چای دەخواردەوە بەو شێوەیە بەرلەوەی بۆ وەرگرتنی فەرمانی سەرۆك وەزیریەکەی بانگ بکرێ بۆ دەربار، ئاهەنگی سەرکەوتنی حزبی کرێکارانی لەجێیەکی ئارام گێڕا. لەبارەگای حزبی کرێکارانیش لەلەندەن، عەسری ئەو رۆژە میوانداریەك رێکخرا، بەڵام مۆریسن‌و لاسکی سەرقاڵی چەند کارێك بوون. ئەتلی دەست بەکاربوو بۆ پێکهێنانی حکومەت. وا بڕیاربوو دوای چەند سەعاتێکی تر بۆ بەشداری کردن لەکۆنفرانسی پۆتیسدامدا، کە هاوپەیمانان گرێیان دابوو ئینگلتەرە بەجێ بێڵێ. مۆریسن‌و لاسکی مشتومڕێکی قانونیان هێنایە گۆڕێ‌و داوایان کرد مەسەلەی رابەری پارلەمانیی حزب ساغ بکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەتلی رابەری پارلەمانیی حزبی کرێکاران بوو لەپارلەمانداو ئێستاش پارلەمانی نوێ پێك دەهێنرا. رێکخەری گشتیی کۆبونەوەکە ویلیام وایتلی، ئێرنست بەوین‌و چەند کەسێکی تریش بوون. هەریەك لەنوێنەرانی پارلەمانیی حزبی کرێکاران کە لەهەڵبژاردنەکەی ئەو هەفتەیەدا هەڵبژێردرابوون، یا دوبارە هەڵبژێردرابوونەوە بۆ ئامادەبوون لەکۆبونەوەی حزبی کرێکارانی پارلەمانیی لەبیڤەر هۆڵ[15]، لەلەندەن بانگ کرابوون.

زۆربەی ئەندامە نوێکان لەئاکامی هەڵبژاردنەکە شاگەشکە بووبوون‌و بەبینینی نیشانەکانی سەرکەوتن لەناوچەکانی هەڵبژاردندا، گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمە هەڵبژاردنێکی گشتیی پوختە.

مانۆڕەکەی مۆریسن بەزۆرینەی دەنگ تێك شکێنرا. رێکخەری گشتی کە سەرۆکایەتیی کۆبونەوەکەی لەئەستۆدا بوو تەنیا ناوی وەزیری دەرەوەی[16] (وەك پاڵێوراو)

[13] کورت کراوەی ڤایڤیلێت واتا وەنەوشە -و-.

[14] Paddington

[15] Beaver Hall

[16] رێکخەری گشتی ئەندامێکی پارلەمانە کە کۆنترۆڵی ئامادەبوونی ئەندامانی حزبی پەیوەندیدار دەکا.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

برد. دوو سەد كەس لەئەندامانی نویٚ لەناكاو ئەو بیرە بەمێشكیاندا هات كە رەنگە ئەو پۆستە مێژووییە بەیەكێك بسپێردریٚ، و بەوە شاگەشكە بوبوون.

ئێرنست بەوین هەستایە سەر پیٚو پێشنیاری ئەوەی كرد كلیمێنت ئەتلی وەك رابەری پارلەمانیی حزب، پشتگیری لیٚ بكریٚ. پاشان دەنگدان بەشێوەیەكی شەفەهی بەئەنجام گەیشتو پێشنیارەكە پەسەند كرا.

ئەتلی كابینەكەی پێكهێناو بەرەو پۆتسدام بەرێكەوت. دەسەڵاتی ئەتلی لەناو كابینەدا بەندبوو بەوەوە كە بەردەوام ئەجێندەی وتووێژەكانی كابینەی سەبارەت بەكارە ئەنجامدراوەكان تاووتویٚ دەكرد. ئاشكراكردنی بەڵگەنامەكانی دەوڵەتی بەریتانیا لەسەر بنەمای ئاشكراكردنی بەڵگەنامەكان دوای ٣٠ ساڵ، ئەنجامی بڕیارەكانی كابینەی كرێكاران لەساڵی ١٩٤٦دا دەخاتەڕوو. توێژەرەوەكان دوای لێكدانەوەی ئەو بەڵگەنامانە سەرسام بوون لەو دەسەڵاتەی كە ئەتلی لەو وتووێژەدا هەیبووە. نوسەری ئەم كتێبە تا ساڵی ١٩٤٧ پەیوەندیی بەكابینەكەی حزبی كرێكارانەوە نەكرد، بەڵام ئەگەر كابینەی كرێكاریی ساڵی ١٩٤٦ هاوشێوەی ساڵی ١٩٤٧و ساڵانی دوای ئەوەش بووبیٚ، ئەوە نابێتە مایەی سەرسامی.

ئەوەی كە ئەتلی كردی ئەوەبوو كە جڵەوی پێنج ئەسپی سەركێش واتە ئێرنست بەوین، هێربێرت مۆریسن، هیو دالتن[17]، ستافۆرد كریپسو ئەسیۆرین بیوتی توند بەدەستەوە گرتبوو. بیون لە دوو كەسی تریان سەركێش تر بوو. مۆریسن هێندە بیٚ وەفا نەبوو بەرامبەری كە بەدوای دەرفەتێكدا بگەڕیٚ تا بێوەفایی بەرامبەر بكا. ئەو شایستەی پۆستی سەرۆكی شورای دەوڵەتیو رابەری ئەنجومەنی نوێنەران بوو، بەڵام وریا نەبوو، و زەمینەی بۆ خۆش نەكردبوو. كاتێك من جێگری وەزیر بووم ئەنیۆرین بیون پیٚی وتم كە مۆریسن جگە لەكارمەندەكانی خۆی لایەنگری تری نییەو لەدرێژخایەندا دەدۆڕیٚ. هەرواش بوو، ئەوەبوو دوای لەسەركارنەمانی بەوین داوای پۆستەكەی ئەوی كردو پیٚی

[17] Hugh Dalton





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەسەر وەزارەتی دەرەوە داگرت. بەوەش مایە پوچیی خۆی خێراتر كرد. كریپس مافناسێكی بەرجەستەبوو، و باڵی چەپی كرێكاران بەتوندی پشتگیریی لیٚ دەكرد، بەڵام ئەتلی حسابێكی ئەوتۆی بۆ نەدەكرد. وەك چۆن لەقەیرانەكەی ١٩٤٩دا پیٚی وتم: ((ستافۆر كاڵفامێكی سیاسیە)). داڵتن بەپێچەوانەی دەنگە گەورەكەیەوە شێوازی كاركردنی سەنگێكی ئەوتۆی نەبوو. لەقەیرانەكەی ١٩٤٧دا كە ئەو (وەك وەزیری دارایی) لەپیٚ كەوت، كاتێك داوای لێبوردنی لەسەرۆك وەزیر دەكرد، ئەتلی بیٚ باكانە پایپەكەی بەبا دەكرد.

هەرچەندە متمانەشی لەدەستدابوو، بەڵام توانی بگەڕێتەوە ناو كابینە.خۆڕاگریی سەرۆك وەزیر لەكابینەدا نیشانەی ئازایەتیو لێهاتوویی بوو. بەدرێژایی شەش ساڵی جەنگ، نان پشك بەندی نەكرا لەكاتێكدا لەساڵی ١٩٤٧دا لەسەرانسەری جیهاندا خستنەڕوی گەنم لەئاستی داوادا نەبوو، و نەیدەتوانی بەر بەبرسێتی بگریٚ. كاتێك ئەو ژمارانە خرایە كابینە بیٚ هیچ دودڵیەك بڕیاری پێویست دراو پشكبەندی بۆ نان راگەیەنرا.

هەمان جوامێری لەساڵی ١٩٤٥دا كاتێك كە بەرنامەی قەرزو بەكرێدان راگیرا، بەدی كرا. جارێكیان چێرچیل بەرنامەی قەرزو بەكرێدانی ((بە دەستو دڵ فراوانترین هەنگاو لەمێژوودا)) وەسف كردبوو لەسەرێكیشەوە وابوو. بەریتانیا نیگەرانی دابین كردنی خەرجیی ئەو خۆراكو ماددە خاوانە نەبوو كە بەرەزامەندیی كۆنگرێسی ئەمریكا بەئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا تێدەپەڕیٚو دەگەیشتە بەندەرەكانی بەریتانیا، بەڵام بەریتانیاش لەبەرامبەردا، نرخێكی دابوو، و وەك بەشێك لەرێكەوتننامەكانی پەیوەست بەبەرنامەی قەرزو بەكرێدان، خۆشبەختانە هەندێك لەبازاڕەكانی خۆی لەشوێنە دورە دەستەكانی جیهان لەوانە ئەمریكای لاتین تەسلیم بەفرۆشیارە ئەمریكیەكان كردبوو. ئەم هەنگاوەی بەریتانیا لەكاتی جەنگدا هیچ كێشەیەكی دروست نەدەكرد، لەمەسەلەی گواستنەوەشدا جۆرە دەست گرتنەوەیەكی لەبەرژەوەندیی بەریتانیا تێدابوو، بەڵام ئەو بازاڕانەی كە

لەدەست چوون زەحمەت بوو جارێكی تر دەستەبەر بكرێتەوەو هەرواش بوو. قەرزو بەكرێدان بەریتانیای پابەند كرد كە دەست بەرداری مافەكانی خۆی بێ لەهەندێك بواری تەكنۆلۆژیدا (واتە ئەو داهێنانانەی كە خودی بەریتانیا خاوەنیان بوو دەبوو خۆی سودیان لێ ببینێ).

هەرچەندە رۆڵی بەریتانیا لەتەكنیكی پیشەسازیدا بەدرێژایی سالانی جەنگ بەگشتی كەم بوبۆوە، بەڵام دۆزینەوەو داهێنانەكانی زانایانو تەكنۆلۆژیستەكانی ئێمە لەئاستێكی بەرزدا بوو: رادار، ئەنتی بایۆتیك، فڕۆكەی جێتو دەستكەوتەكانی بەریتانیا لەبواری لێكۆڵینەوەی ئەتۆمیدا، هەموو ئەمانە لەئاست شۆڕشێكی پیشەسازیدا بوون، بەڵام بەپێی بەرنامەی قەرزو بەكرێدان، ئەم داهێنانانە بێ هیچ بەرامبەرێك وەك بەشێك لە هاوكاریە جەنگیەكانی هاوپەیمانان دەخرایە بەردەست ئەمریكا. ئەگەر چێرچیل سوربوایە لەسەرئەوەی ئەو داهێنانانە بێ بەرامبەر نەبێ دانەوەی قەرزەكانمان لەكاتی جەنگداو دوای جەنگیش زۆر جیاواز دەبوو، وجۆرێكی تر دەبوو. دەوڵەتەكەی ئەتلی ناچار بوو بچێتە ژێر باری ئەو میراتە تەكنۆلۆژیەوەو تالاوەكەی بچێژێ. لەبەرئەوەی كۆنگرێس رەزامەندیی لەسەر ئەوە دابوو كە بەرنامەی قەرزو بەكرێدان تا كۆتایی جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیاو ژاپۆندا درێژەی هەبێ، نەك لەوە زیاتر. كاتێك جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیادا كۆتایی هات زۆر كەس پێش بینیی ئەوەیان دەكرد كە جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا ساڵێكی تر یا زیاتر درێژە بكێشێ، بەڵام ئەو بۆمبە ئەتۆمانەی بەناكازاكیو هیرۆشیمادا دران، ئەو پێش بینیەیان پوچەڵ كردەوە. سێ مانگ دوای كۆتایی جەنگ لەئەوروپا، ژاپۆن خوازیاری ئاشتی بوو. سەعاتێك بەسەر ئەم پێشهاتەدا تێنەپەڕیبوو كە سەرۆك ترومان هەرچەندە كە حەزیشی نەدەكردو گومان لەوەدا نییە كە حەزی نەدەكرد، بەئەتلی راگەیاند كە قەرزو بەكرێدان رادەگیرێ. لەو دەمەدا لەچوارچێوەی بەرنامەی قەرزو بەكرێداندا، هەناردەی بنەڕەتیی ئێمە سالانە ٢٠٠٠ ملیۆن پاوەند بەنرخی ساڵی ١٩٤٥ داهاتی هەبوو. بەریتانیا هیچ رێگەیەكی بۆ





زیادكردنی هەناردە بۆ ئەمریكا لەبەردەمدا نەبوو، و هەر كاتێكیش كە ئەتلی لەهەوڵی ئەوەدا بوایە لەرێكەوتننامەكانی دوای جەنگی ئەوروپاداو هەروەها لەمەسەلە دوو قۆڵیەكاندا شتێك بپچڕێ، ڕیشی گیرابوو. یەكێك لەو مەسەلانە پەیوەستە بەگواستنەوەی دەریاییەوە. ئەمریكا دورگەكانی (كەناردەر)[18]ی خستبوە ژێر ركێفی خۆیەوە تا هێزەكانی خۆی كە ماوەی مانەوەیان لە هاوكارە ئینگلیزیەكانیان زۆر كورت تر بوو رەوانەی وڵات كاتەوە. ((كەشتییە ئینگلیزیەكان ئەمریكیەكانیان رەوانەی وڵاتەكەیان دەكردەوە، لەكاتێكدا ئەو سەربازە ئینگلیزیانەی ماوەی شەش ساڵ لەبەرەكانی جەنگدا مابونەوە، دەبوایە هەر چاوەڕوان بن. ئەتلی داوای كرد كە ئینگلتەرە مافی خۆیەتی ئەو كەشتیانە (بۆ گەڕاندنەوەی هێزەكانی خۆی) بەكاربهێنێو لەوەشدا سەركەوتوو بوو. كۆتایی قەرزو بەكرێدان بریتی بوو لەوتووێژكردن بۆ وەرگرتنی قەرز لەئەمریكا. قەرزێك كە دانەوەو سودەكەشی بارێكە بەسەر شانی بەریتانیاوەو دەبێ تا سەدەی بیستو یەكەم هەر لەژێر ئەو بارەدا بمێنێتەوە. جگە لەوەی ئەو قەرزە قەرزێكی سەر راستو سانا نەبوو: باڵادەستەكانی ئابوری كە بەقەولی كینز لەوەزارەتی دەرەوەو خەزێنەی ئەمریكادا ژمارەیان زۆر بوو، چەند مەرجێكیان بۆ ئەو قەرزە دەستنیشان كردبوو، لەناویاندا ئەوەی كە بەریتانیا رازی بێ لەسەرئەوەی تا هاوینی ١٩٤٧ پاوەندەكەی بەتەواوی قابیلی گۆڕین بێ[19].

لەبەرئەوەی كریپس نەخۆش بوو، من (نوسەری كتێب) لەئەنجامی سەرهەڵدانی ئەم دۆخەدا ناچارم لەژمارە ١١ ئەركەكانی ئەو بگرمە ئەستۆ، ئەویش لەهەلو مەرجێكدا كە سەرلەبەری جیهانو ئەوروپای كەمەرشكاو تینوی دۆلار بوو، و هەركەسێك لەبەریتانیا هەر پارەیەكی هەبوایە، یا دەست كەوتایە، دەیكرد بەدۆلار.

[18] Cunarders

[19] واتە قابیلی گۆڕین بێ بەدۆلار. بەو مانایەی كە هەركەسێك لەبەرامبەر پاوەنددا داوای دۆلاری كرد، بەریتانیا بێ هیچ كۆسپێك دەمو دەست بۆی بگۆڕێ. ئەوەش كاریگەریەكی نەرێی زۆری لەسەر گەنجینەی دراوە دەرەكیەكانی بەریتانیا دانا -و-.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

سەبارەت بەبەرنامەی قەرزو بەکرێدانو مەبەستی ئەسڵی لەپێشنیار کردنیدا، و هۆی راگرتنەکەی، و ئەو مەرجانەی کە جیّی گرتەوە، هەر بۆچونێك بخرێتە ڕوو، ناتوانرێ گومان لەوە نەکرێ کە ئەم بەرنامەیە ((دەستو دڵ فراوانترین هەنگاوی مێژوو)) بووە. ئەمە بۆچونی ئەتلی بوو، بەڵام دەریشی نەبڕی. هاوپەیمانیی روسەکان لەگەڵ خۆراوادا بەرەو لەبەریەك هەڵوەشان دەچوو. ژمارەیەك لەئەمریکیەکان، بەتایبەت بایرنس[20] وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەکاتێکی قەیراناویدا، بەپێچەوانەی هاوکارەکانیەوە لەپێنتاگۆن لەبەرامبەر داخوازیە جۆراوجۆرەکانی روسەکاندا شل بوون. بەوین لەمۆسکۆ لەکۆبونەوەی شورای وەزیرانی دەرەوەی هاوپەیمانان، کە نیشانەی کۆتایی هاوکاریی کاتی جەنگ بوو، بەرپرسانی باڵای سوپای ئەمریکای ئاگادارکردەوە لەوەی بایرنس بەو سیاسەتەی کە لەبەرامبەر روسەکاندا گرتویەتەبەر بەنیازە وڵاتانی ئەوروپا بکاتە قۆچی قوربانی. من کە لەو دەمەدا وەزیری بازرگانیی ئەودیو دەریاکان بووم، لەسەر داوای بەوین لەلایەن ئەتلیەوە رەوانەی مۆسکۆ کرام تا لەدوایین هەفتەی وتووێژەکاندا یارمەتیی بەوین بدەم. بەوین کە بەر لەدوو هەفتە بە کاریگەریی ئەو مەسەلانەی کە لەسەری ناکۆك بوون، دوچاری جەڵتەیەکی دڵ بووبوو، و گەیاندبویە شارای مەرگ، هەموو وردەکاریەکانی بۆ باس کردم. ئەتلیو بەوین لەبەرامبەر پاوانخوازیەکانی سۆڤیێتدا، ڕۆڵێکی سەرەکیان لەدامەزراندنی ناتۆدا گێڕا. لەڕێوڕەسمی بیستو پێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبی کرێکارانی بەریتانیادا لەساڵی ١٩٧٥دا، من ئەم پرسیارەم کرد: ((ئەگەر ناتۆ دامەزرایە چ کەسێك لەساڵی ١٩٤٨دا دەیتوانی لەوە دڵنیا بێ کە ئیتالیاو فەرەنسا نەکەونە ناو باوەشی کۆمۆنیزمەوە؟ نەك هەر تەنیا ناتۆ بەڵکو تەنانەت ((بەرنامەی مارشاڵ))یش؟

ژەنەراڵ مارشاڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەوتەیەکیدا کە لەحوزەیرانی ١٩٤٧دا لەزانکۆی هارڤارد پێشکەشی کرد ئاماژەیەکی خێرای بەو مەسەلەیەدا (وزیاتر نا) کە

[20] Byrnes





مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەگەر وڵاتانی مایەپوچی ئەوروپایی بەرنامەی چوارساڵەی بنیادنانەوەو گەڕانەوە بۆحاڵەتی بەر لەجەنگ ڕێك بخەن، رەنگە ئەمریکا دراوی پێویستیان بۆ دابین بکا.

ئێمە هەرگیز ئەوەمان بۆ ساغ نەبۆوە کە ئایا ئەم پێشنیارە پێشنیارێکی راستەقینەیەو پشتی پێ دەبەسترێ یاخود نە، بەڵام ئەتلیو بەوین لەسەر ئەو ئەنجام گیریەی کە پێشنیارەکە پێشنیارێکی راستەقینەیە، بڕیاریان دا هەنگاو بنێن. ئەوان پێشنیارێکیان قبوڵ کرد کە لەپراکتیکدا تەسلیم نەکرابوو، وداوایان کرد کۆنفراسێك (تایبەت بە بنیادنانەوەی ئەوروپا) ئەنجام بدرێ کە بە درێژایی هاوینی ١٩٤٧بەردەوام بوو.

لەو بارودۆخەدا کە وڵاتانی ئەوروپا یەك لەدوای یەك بەرنامەرێژیی سۆشیالیستییان قبوڵ کردبوو، ((بەرنامەکەی مارشاڵ)) ڕۆڵێکی چارەنوسسازی لەرزگارکردنی ئەوروپادا گێڕا. (ئەم بەرنامەیە داوای کۆمپانیا تایبەتەکانی ئەمریکاشی لەپشتەوە بوو.) وبێ ئەوان ئەو وڵاتە ئەوروپیانە نەیاندەتوانی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

ئەم مەسەلەیە لەمشتومڕە تایبەتیەکاندا لەدیدی ئەتلییەوە تا ڕادەیەك مایەی گاڵتە پێ کردن بوو، بەڵام ئەو لەلێدوانە گشتیەکانیدا بە کورتی ئاماژەیەکی پێ دەداو دەڕۆیشت.

سەرەنجام کاتی ئەوەهات کە ئەتلی بەرنامە گەورەکەی خۆی کەکۆتایی هێنان بوو بە دەسەڵاتی بەریتانیا لەهیندستان، جێبەجێ بکا. لەساڵی ١٩٤٦دا وەفدێکی پێکهاتوو لەسێ ئەندامی کابینەی ڕەوانەی هیندستان کرد کە بریتی بون لە: پیتیك لۆڕەنس[21]، کریپس و ئەی. ڤی. ئەلکساندەر[22] تا لەگەڵ پێکهاتە جیاجیاکانو لایەنە ئایینیە سەرەکیەکانی هیندستاندا سەبارەت بەو مەسەلەیە وتووێژ بکەن.

دوای ئەوەی وەفدەکە راپۆرتی خۆی ڕەوانەی ناوەند کردەوە، ئەتلی بڕیاریدا دەست بەکاربێ. ئەو چەند ئەزمونێکی لەئەندامێتی لەکۆمیسیۆنی سایمۆندا بە دەست

[21] poethick – Lawrence
[22] A.V. Alexander

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هێنابوو، و دەیتوانی سودیان لێ وەرگرێ. ئەگەر داوا لەهیندستان بكرایە وتووێژ بكا، چەندین ساڵی پێ دەویست تا بە رێكەوتنێك بگەن، و بەرەو دواوە دەچوو. ئەتلی یەكێك بو لەو یەكەمین كەسانەی كە پەی بەموعجیزەی بەرنامەدانانو كات بەندی بردبوو.

كاتێكی بۆ ئەو كارە دەستنیشانكرد كە تەنانەت (راج)ێكی ئینگلیزیشی لەخشتە دەبرد.

ئەو كارەشی بە هیندیەكان سپارد ـ و بەو كەسانەی كە دەیانویست ببنە پاكستانی یا بەنگالی ـ تا سازشنامەیەكی یەكجارەكیو قانونی بۆ نیمچە دورگەی هیندستان رێك بخەن. هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵكو بڕیاریدا لۆرد لویس مۆنتی باتن كە فەرماندەی گشتیی هاوپەیمانان بوو لەجەنگی ئاسیادا، وفەرماندەی هێزەكانی هیندستان بوو تەسلیم بونی بێ قەیدومەرجی ژاپۆنی تەسلیم كرابوو، وەك نوێنەری پاشا دابنێ. لۆرد لویس ئەم پێشنیارەی قبوڵ كرد بەو مەرجەی دەسەڵاتی تەواوی هەبێ، بەڵام ئەتلی بە شێوەیەك كە مایەی سەرسامیی مۆنتی باتن بوو پێی راگەیاند كە ئەمە ئەركێكەو (كارێك كە دەبێ بە ئەنجام بگەیەنرێو پۆستێك نیە كە پێویستیی بە دەسەڵاتی تەواو هەبێ). بەو شێوەیە بە ئاسانی بەرنامەكەی پیادە كرد. بۆیە مۆنتی باتن بۆی دەركەوت كە سەبارەت بە دەسەڵاتی تەواو ناتوانێ لەوە زیاتر پێ داگرێو هەستی كرد كە دەتوانێ لەگەڵ جێبەجێ كردنی بەنامەی چوونە دەرەوەی هێزەكانی بەریتانیا لەهیندستان یاری بە باشترین كارتی خۆی بكا.

(لۆرد مۆنتی باتن جۆرێكی تر باسی ئەو وتووێژەی خۆی لەگەڵ ئەتلیدا دەكا كە تایبەتمەندیی ڕەوشتی ئەتلی دەخاتەڕو. بەرلەوەی دیدارەكەی لەگەڵ ئەتلیدا كۆتایی پێ بێ مۆنتی باتن بە ئەتلی وت كە لەناو فەرماندەكانی سوپادا دانانی فلان كەس وەك سەرۆكی ئەركانی گشتیی سوپا نیگەرانیەكی زۆر بەرچاو دەكەوێ، و وتی كە بەبۆچونی





مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو سێر ویلیام سلیم[23] بۆ ئەو پلەیە گونجاوە. ئەتلی رەزامەندیی پیشان داو ئەو رەزامەندیەشی مۆنتی باتنی سەرسام كرد.

ئەتلی وتی: سلیم ئەو كەسەیە كە پێویستیمان پێیەتی پاشان سەرۆك وەزیر ئاماژەی بەوەدا كە دانانی فلان كەس یەكجارەكی نیە، بەڵكو ئەو كەسە دەزانێ كە سەبارەت بە دانانی ئەو مقۆمقۆ كراوە، پاشان ئەتلی پێی وتم ((لەو بارەیەوە هیچی پێ مەڵێ.))

مۆنتی باتن ئەو پەڕی كارامەییو ئەفسونی خۆی بەكارهێناو پێی لەسەر ئەو بەرنامە دیاریكراوە داگرت. پەیوەندیەكانی لەگەڵ نەهرۆو لیاقەت عەلی خاندا كە بڕیاربوو ببنە سەرۆك وەزیرانی دوو وڵاتی جیای نیمچە كیشوەری هیندستانو پاكستان، زۆر باش بوو، و هەر زوو ئاكامەكانی بەدەركەوتن. لەكانونی دوەمی ١٩٤٧دا، ئەتلی لائیحەی سەربەخۆیی هیندستانی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. ئەم لائیحەیە بێ هیچ دەنگێكی نەیار پەسەند كراو لە١٥ی ئابدا هیندستانو پاكستان سەربەخۆبوونو بوون بە ئەندامی كۆمۆنوێڵسی بەریتانیا. چێرچیل كە لە١٩٢٩ـ ١٩٣١دا ڕازی نەبوو ئەو جۆرە بەرپرسیارێتیانە بەو لێپرسراوانە بسپێردرێ كە پلەوپایەیان نزمترەو، نوێنەرانی موحافیزكاریش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، دواتر ستایشی مۆنتی باتنی كرد كە سەركەوتوانە ئەو ئەركەی بەجێ گەیاندوەو ستایشی سەرۆك وەزیریرشی كرد كە كەسێكی ئاوای بۆ ئەو ئەركە دەستنیشان كردووە. بۆرماو سەیلانیش دوای ماوەیەك سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. هەرچەندە بۆرما نەكرا بە ئەندامی كۆمۆنوێڵس.

داڵتن بەرلەوەی بودجەكەی خۆی تەسلیمی پارلەمان بكا چەند زانیاریەكی دەربارەی ئەو بودجەیەو پێشنیارەكانی خۆی دابوو بە رۆژنامەنوسێك. داڵتن چاوەڕوانی ئەوەی نەدەكرد ئەو زانیاریانە بەر لەتەسلیم كردنی بە ئەنجومەنی نوێنەران بڵاوبكرێتەوە، بەڵام لەكاتێكدا ئەو لەئەنجومەندا سەرقاڵی قسەكردن بوو، چەند دانەیەكی رۆژنامەی

[23] Sir William Slim

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئایۆنینگ ستاندەرد كە وردەكاریی بودجەكەی تێدابوو لەنێوان نوێنەرانی باڵی نەیاری ڕێزی پێشەوە دەستاودەستی دەكرد.

مـن هـەر لـەو كاتـەدا ئـەتلیم دیـوە بـشڵەژێو دەمارگرژبـێ. داڵـتن چـووە ژێربـاری بەرپرسیارێتیی تەواوی ئەو مەسەلەیەوەو داوای لێبـوردنی لەئەنجومـەنی نوێنـەران كـرد. وینستۆن چێرچیل لەڕووی گەورەییەوە قسەكانی ئەوی قبوڵ كردو هاوسۆزیی خۆی بۆ دەربـڕی، بـەڵام عەسـری هـەمان ئـەو ڕۆژەو ڕەنگـە دوای كۆبونـەوەی لەگـەڵ كابینـەی سێبەردا، چێرچیل، ئیدن، سێر جۆن ئەندەرسن [24] و كلیمێنت دەیڤسن[25] رابـەری لیـبراڵ پێشنیاریان كرد لیژنەیەكی هەڵبژێردراو لەئەنجومەنی نوێنەران لەئاشكرابونی ناوەڕۆكی بودجە بكۆڵێتەوە. داڵتن دەسـتی لـەكار كێـشایەوەو كـریپس جـێی گرتـەوە. ئـەتلی وەك هەمیشە كۆنترۆڵی تەواوی خۆی، كابینەكەیو ئەنجومەنیشی لەدەسـتدابوو. وەڵامـی ئـەو بە پارلەمـان كورتو ڕاشكاوانەبوو، و جۆرێك لەقۆشمەییـشی پێـوە دیـاربوو. لەیەكـەمین مشتومڕی پارلەمانیدا لەساڵی ١٩٤٥دا، چێرچیلی بە((هاورێی بەرێز)) ی ناوبردبوو بەو شێوەیە ئەوپەڕی ڕێزی خۆی بۆ سەرۆك وەزیری پێشوو رابەری كاتی جـەنگ دەربـڕی. لەكۆتایی ئەو دانیشتنەدا كە چێرچیل هێرشی كـردە سـەر دەوڵـەت، ئـەتلی هەڵبژاردنـە گشتیەكەی هێنایەوە یـادو ئامـاژەی بـەو پۆسـتەرەدا كـە وێنـەی چێرچـیلی لەسـەر بـوو لەسەرانسەری وڵاتدا بە دەست خەڵكییەوە دەبینراو لەسەری نوسرابوو: دەنگ بدەن....(بە پاڵێوراوی ناوخۆی موحافیزكاری ناوچە). لەناوچەی ئۆكسفۆرد كە كوینتن هـەیگ خـۆی كاندید كردبوو نوسەرێكی قۆشمە نوسیبووی:

((ئەگەر ئێمەتان خۆشدەوێ هەیگەكەی ئێمەشتان خۆش بوێ)).

لەبۆنەیەكی تردا كە ئەتلی مەسەلەیەكی تایبەتی تاووتوێ دەكرد، چێرچیل قسەكەی پێ بڕیو وتی ئەو مەسەلەیە چەندین جار لەكابینەی كاتی جەنگدا خراوەتـە ڕوو. ئـەتلی

[24] Sir John Anderson
[25] Clement Dais





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەوەڵامدا وتی: ((پێویستە بە نوێنەری بەرێزی ئەنجومـەن بڵـێم كەقسـەی تاكـە كەسـێك نابێتە بنەما.))

وتەكانی ناو پارلەمانی بە گشتی كورت بوون. توانای ئەوەی هەبوو بە چەند وشەیەك كۆتایی بە مشتومڕی دوورودرێژی ناو پارلەمان بێنێ. جارێكیان كە چێرچیل بێ قـووڵ بوونەوەی پێویـست هێرشـی كـردە سـەر چـەند بەیاننامەیـەكی حكومـەتو دواتـر خـۆی بینیەوە كە ناتوانێ بەرگری بكا، ئەتلی بـە كابینـەی وت: ((هـەر كاتێـك كێـشەیەكتان لەگەڵ چێرچیلدا هەبوو پانتۆڵەكـەی بـە بزمـار داكـوتن ئـیتر ناتوانـێ بێتـە خـوارەوە.)) جارێكیان سەبارەت بە پەیوەندی كردن بە خاوەن پیشەكانو هێرشی ڕۆژنامەكان بۆ سـەر حزبی كرێكاران وتی: ((وەزیرێكـی تـوری دەتوانـێ لـەماوەی هەفتەیەكدا دە كـردەوەی نابەجێ بەئەنجام بگەیەنێ بێ ئەوەی كەس باسی كا، بەڵام ئەگەر وەزیرێكی كرێكاران بـە ئاستەم هەڵنوتێ دەیكەنە كراسەكەی عوسمان.))

سەبارەت بە قۆشمەیی ئـەو لەوپـەڕی جددی بوونیـدا، قسەوباسی زۆر هەیـە، لەوانـە بەسەرهاتەكەی جۆن ستراچی[26] كە لەكابینەكەی ئەودا وەزیـری خـۆراك بـوو. بـە گـوێرەی ڕێنماییەكانی كابینە كە لەناميلكەیەكدا بـەناوی((پـەیڕەوو پرۆگرامـی هەڵسوكـەوتی وەزیران)) كۆكراونەتەوە، وەزیری كابینە بێ مۆڵەت وەرگرتن لەخودی سەرۆك وەزیر بۆی نیـە كتێـب یـا وتارێـك بڵاوبكاتـەوە.(ئـەم بنەمایـە بابەتـە ئـەدەبی یـا مێژووییـەكانیش دەگرێتەوە وەك ئەو كتێبەی كە یان مكلود دەربارەی نەڤیل چەمبەرلین نوسیبووی.)

ڕۆژێكیان ستراچی تەلەفۆنی بۆ سەرۆك وەزیر كردووەو پێی وتوە : ((بـەڕێز سـەرۆك وەزیـر بـە پـێی ڕێنماییـەكان پێویـستە مۆڵـەت لەجـەنابتان بخـوازم بـۆ بڵاوكردنـەوەی كتێبێـك. بـەم دواییـە كتێبێكـی شـیعرم هۆینوەتـەوە كـە نەلایـەنی سیاسـی هەیـەو نەمشتومڕسازیشە. دڵنیام كە مۆڵەتی بڵاوكردنەوەی دەدەی. ))ئەتلی وەڵامـی دایـەوە: ((باشتر وایە بۆم بنێرێ تا بیبینم.)) دوای دووهەفتە ستراچی بینی سـەرۆك وەزیـر هـیچ

[26] John Strachey

مەكتەبی بیروهۆشیاری

وەلاّمێكی نەداوەتەوە. ئەو هـەموو دواخـستنەش بـۆ سـەرۆك وەزیرێكـی وەك ئـەتلی كـە كاری ئەمرۆی نەدەخستە سبەی، ئاسایی نەبوو. بۆیە ستراچی جـارێكی تـر تەلـەفۆنی بـۆ كردەوەو پرسی: ((كلیمێنت پێ ناچێ هیچ تێبینیەكت لەسەر بلاّوكردنەوەی ئەو شعرانە هەبێ كە بۆم ناردی.)) ئـەتلی لەوەلاّمـدا وتـی: ((نـاتوانی بلاّویـان كەیتـەوە)) كاتێـك ستراچی پرسی بۆچی، پێ‌ی ووت: ((ئاخر نەكێشی هەیەو نـە قافیـە.)) جـارێكی تریـان كاتێك وەزیرێكی لەسەر كار لابرد، كەسێك لـێ‌ی پرسی بۆچی داوای لـێ كردوە دەسـت لەكار بكێشێتەوە. ئەتلی لەوەلاّمدا وتی: ((بۆ ئـەو كـارە نـەدەبوو)) بـەلاّم بـە دۆسـتو هاوكارە دێرینەكانی خۆی دەوت: ((زۆر چـاكە كـارێكی باشـت كـردو ئێـستاش كـاتی ئەوە هاتوە شمشێرەكەت لەكێلان بنێی.))

سـەرەڕای شـارەزایی لەمێـژوودا، یـا رەنگـە لەبەرئـەو شـارەزاییەی بوبـێ كـە ڕوداوە گرنگەكان نەیاندەهەژاند دوای ئەوەی بـوو بەسـەرۆك وەزیـر، لەكاتێكـدا هێـشتا رابـەری حزبەكەی بوو، رۆژێكیان سەرۆكایەتیی كۆبونەوەیەكی پارلەمانی حزبی كرێكارانی كرد. ئەو كۆبونەوەیە لەكەش‌و هەوایـەكی نیگەرانیـدا، بـەهۆی تەقاندنـەوەی یەكـەمین بـۆمبی هایدرۆجینی ئەمریكا لەئۆقیانوسی ئارامدا گرێ دراو مقۆمقۆی ئەوە لـەنێودا بـوو كـە ئەتۆمە رادیۆ ئەكتیڤەكانی ئەو بۆمبە تا كایەی هـەزاران میـل لەشـوێنی تەقینەوەكـەوە بلاّوبێتەوەو مـەترسیی بارینی بارانی رادیۆ ئەكتیڤی هێنابووە كایەوە.

ئەندامانی پارلەمانی حزبی كرێكاران نیگەرانی قوڵی خۆیان لەو بارەیـەوە دەربـڕی‌و كاتێك یەكێك لەلایەنگرانی ئاشتی كۆتایی بە وتە ئاگرینەكەی هێنا، ئەتلی وەرەقەكانی خـۆی كـۆكردەوەو بـە خـوێن ساردیەوە وتـی: ((باشـە، بـا بـچین بـزانین چـی بـووە.)) كۆبونەوەكە كۆتایی پێ هات. لەسەرەتای ساڵی ١٩٥١دا، لەمـشتومڕێكی زۆر جـددی سەبارەت بە بارودۆخی خراپی ئینتەرناسیۆناڵی لەئەنجومەنی نوێنەرانـدا بەشـداریی كـرد كە دوو رۆژی رەبەقی خایاند.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەو دەمەدا نیگەرانیی ئەوە لەكایـەدا بـوو كـە رەنگـە جـەنگی كۆریا پەرەبـستێنێ‌و ڕوبەروبونەوەیەكی ئینتەرناسیۆناڵی لـێ بكەوێتەوە. دوای نیـوەڕۆی رۆژی دووەم ئـامێری تەلێكسی ئەنجومەنی نوێنەران كە راپۆرتە رۆژنامەوانیەكانی تۆمار دەكرد كەوتە ئـیش‌و ئەو هەواڵەی راگەیاند كە سـەرۆك ترومـان لەواشـینتۆن رایگەیانـدووە كـە ژەنـەڕاڵ مـك ئارسەر[27] سوپاسالاری هێزەكانی هاوپەیمانان لـەكۆریا دەسـەلاّتی تـەواوی هەیـە كـە بـێ پرس‌وڕا بـە كۆشـكی سـپی چـەكی ئـەتۆمی بـەكاربهێنێ. بـە بلاّوبونـەوەی ئـەو هەواڵـە پارلـەمان هـات‌و هـاواری تـێ كـەوت. بڕیـاربوو سـەعات ٩/٣٠ دوای نیـوەڕۆ ئـەتلی بەشداری لەمشتومڕی كۆتایی ئەو كۆبونەوەیەدا بكـا كـە بـەر لـەدوو رۆژ لەپارلەمانـدا دەستی پێ كرابوو. دەوروبەری عەسر ئەندامـانی كابینەكەی بـۆ ژوورەكـەی لەئەنجومـەنی نوێنەران بانگ كردو بەو پەڕی هێمنییەوە ئاماژەی بـەو راپۆرتـە رۆژنامەوانیـە داو وتـی گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی كە دەبێ بەرەو واشـینتۆن بـەڕێ بكـەوێ‌و چـاوی بـە سـەرۆكی ئەمریكا بكەوێ(كارێكی ئاوا تا ئەو دەمە بێ پێشینە بوو).

لەحاڵەتەكانی تردا داوای لەوەزیری دەرەوەی دەكرد ئەو ئەركـە جێبـەجێ بكـا، بـەلاّم نەخۆشی بەوین ئەو ئەگەرەی دور خستبۆوەو گەشتی دەریـاییش زۆری دەخایانـد. سـەرەتا هەوڵیدا لـەڕێ‌ی تەلـەفۆنی سەرانـسەری ئۆقیانۆسـی ئەتڵەسـیەوە پەیوەنـدی بـە سـەرۆك كۆمارەوە بكا، بەلاّم لـەو رۆژگـارەدا ئـەو كـەناڵی پەیوەندیـە زۆر جـێ‌ی متمانـە نـەبوو، بەدەرلەوەش ئەگەری ئەوە هەبوو كە سەرۆك لەكۆشكی سـپی نـەبێ‌و لەپـشودابێ.كابینـە رازی بوو لەسەرئەو سەفەرە. سەعات ٧ی دوای نیوەڕۆ ئەتلی چوو بۆ ژوری نان خـواردن‌و لەسـەر ئـەو مێـزە دانیـشت كـە تایبـەت كرابـوو بـە سـەرۆك وەزیـران. هەنـدێكمان كـە لەكۆبونەوەكانی كابینەدا بەشداربوین نەمادەویست مـەسەلەی واشینتۆن لەبەرچـاوی ئـەو وەزیرانەدا باس بكـەین بـە ڕەچـاوكردنی ئـەوەی دەمـانزانی لـەو سـاتەوەختەدا سـەرقاڵی بیركردنەوەیە لەچەندین مـەسەلە، لەناویاندا مـەسەلەی وتەی كۆتایی لەدانیـشتنەكەی ئـەو

[27] General Mac Arthur

شەوەی ئەنجومەندا، بێ دەنگیمان هەڵبژاردو مەسەلەكانی ترمان نەخستەڕوو، تا ڕشتەی بیری تێك نەدەین. لەناكاو خۆی بێ دەنگیەكەی شكاندو بۆلای مـن(نوسـەری كتێب) گەڕایەوەو وتی: ((خەریكی خوێندنەوەی كتێبەكەی فیلیپ گوێدالابووم[28]. بـە ڕاسـت تـۆ كام یەك لەمێژونوسە ناودارەكانت بەلاوە پەسەندترە، گوێدالا یـا ئارسـەر برایانـت[29]؟)) وتم ((برایانـت)). سـەری ڕەزامەنـدی لەقانـدو مـاوەی نیوسـەعات مـشتومڕەكەمان لەسـەرجەنگی نیمـچەدوورگە درێـژەی كێـشا. سـەعات ٩ی شـەو ڕەزامەنـدیی سـەرۆك كۆماری ئەمریكا لەسەر سەفەرەكەی ئەتلی گەیشتە ئەنجومەنی نوێنەرانو وتەكەی ئەتلی پارلەمانی هێور كردەوە.

كاری كابینە بە كورتی ئەنجام دەدراو بە وردی كۆنترۆڵ دەكرا بـە جۆرێـك هـیچ كـات ڕەوتی مشتومڕەكان لەرێچكەی خۆی لانەدا.

پرۆفیسۆر مك كینتۆش[30] بەڕێوەبردنی كابینەی لەلایەن ئەتلیەوە بـەم شـێوەیە بـاس كردووە:

((بەڕێز ئەتلی هیچ كات ڕێی بە كەس نەدەدا زۆر قسە بكا. دەمو دەست قسەكەی بە شێوازە تایبەتەكەی خۆی پێ دەبڕی. زۆرجار بووە دوو وەزیر كە ویـستویانە پێكـەوە قـسە بكەن لەدەرەوەی كۆبونەوەكانی كابینە قسەكانی خۆیـان كـردووە. یـەكێك لـەوەزیرەكانی دەرەوەی كابینە لەبەر بابەتێك كە لەئەجێندەی كابینەدا هەبوایە دەبوایە لەكاتی گونجاودا بێتە ناو دانیشتنی كابینەوەو ڕوون كردنەوە بدا. لەو حاڵەتانەدا ڕوودەدا كـە ئـەو وەزیـرە لەبری ڕوون كردنەوە، بڕیار بدا وتەیەكی درێژ پێشكەش بكا. بەڕێز ئەتلی كە بڕستی ئەو قسانەی نەبوو دەست بەجێ دەست بەكار دەبوو دەیوت:

((زۆر چاكە فلانی تۆ بەسەرهاتەكەت بە تەواوی گێڕایەوە. پێم وانییە بتـەوێ هیـچی تر بلـێی؟ ))بە گشتی قسەكەر لەبەرامبەر پرسیارێكی ئاوادا هیچ چارەیەكی نیە جگـە

[28] philip Guedalla
[29] Arthur Bryant
[30] prof. Mac Kintosh



سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیا

لەوەی بلـێ: ((نەخێر.))پاشان ئەتلی دەیوت: ((ئایا لەناو ئەندامانی كابینەدا كەسـێك هەیە دژی ئەوە بێ؟)) ڕەنگـە كەسـێك لـەنێو ئەنـدامانی كابینـەدا پەیـدا بوایـە كـە بـۆ بەهاناوەچونی حاڵەتی نالەباری ئەو وەزیرەی دەرەوەی كابینە[31] بلـێ: ((لەساڵی ١٩٢٩دا مەسەلەیەكی سەرنج ڕاكێش ڕویدا كە زۆر لەمە دەچوو لەبیرمـە كـە ئێمـە ....)) دەسـت بەجێ ئەتلی دەیوت:

((تۆ دژی ئەمەیت؟ نا؟ زۆر چـاكە، تـەواو...)) لەیـەكێك لـەو چـاوپێكەوتنانەدا كـە فرەنـسیس ویلیـامز[32] لەگـەڵ ئـەتلی دا ئـەنجامی داوەو لـەكتێبی((سـەرۆك وەزیرێـك سەبارەت بە بیرەوەریەكانی خۆی دەدوێ)) دا هـاتووە، ئـەتلی شـێوازی كـاركردنی خـۆی باس دەكا:

((سەرۆك وەزیرێك پێویستە بزانێ كەی پرسیار لەبیروبۆچونی كەسێك دەكاو ناتوانێ هەمیـشە ڕێگـر بـێ لەبـەردەم هەنـدێك لـەو وەزیرانـەدا كـە بـیرو بۆچـونەكانی خۆیـان دەردەبڕن. تۆ زۆرجار ڕێكەوتی كەسانێك دەكـەیت كـە سـەبارەت بـە هـەموو شـتێك زۆر بلـێیی دەكەن، بەڵام دەتوانێ پرسیار لەبیروبۆچونی ئەو كەسانە بكا كە بەلایەوە گرنگن. ئەركی سەرۆك وەزیر ئەوەیە كە درك بە هەستی گشتی بكاو بـاری سـەرنجەكان وەرگـرێو ئەوسا كاری خۆی دەسـت پـێ بكـاو بلـێ ((زۆرچـاكە پـێم وایـە بڕیـاری كابینـە ئـەوەو ئەوەیە.)) كەس هەیە نارازی بێ؟ بە گشتی كەس نارازی نییە.))

قەیرانی دابەزینی بـەهای پـارە لەسـاڵی ١٩٤٩دا گوشـارێكی گـەورەی خـستە سـەر ژمارە ١٠ لەبەرئەوەی كریپس نەخۆش بوو لەنەخۆشخانەیەكی زوریخ كەوتبوو. سـەبارەت بە مـەسەلە ئابوریەكان بە گشتی ئەتلی گوێی كەڕبوو، مـەگەر ئەو مـەسەلانە پەیوەنـدیان بـەو كەسـانەوە بوبـێ كەئـەو لەگەڵیانـدا دەرگیربـوو، وەك سـەندیكا كرێكاریـەكان، كرێكارانی كانەكانو كرێكاری بەندەرەكان.

[31] چەند وەزیرێك هەبون كـە بەشـداریی كۆبونـەوە ئاسـاییەكانی كابینـەیان نـەدەكردو تـەنیا لـەكاتی پێویـستدا بانگهێشت دەكران بۆ ئامادەبون لەكۆبونەوەكاندا.

[32] Fransis Williams

كە كریپس لەوێ نەبوو من لەخەزێنە بـووم‌و دەبوایـە راپـۆرتی كاروباری دارایـی بـە پوختـەكراوی بخەمـە بەردەسـت سـەرۆك وەزیـر. دواتـر هیوگیتسل‌و دۆگـلاس جـەی[33] پەیوەندیان پێوەكردم.

لەسەرەتای مانگی ئابدا بە كۆی دەنگ بڕیاردراكە لەمانگی ئەیلولدا نرخی پاوەنـد دابەزێنرێ.

ئەتلی ڕازی بوو. هەموومان دەمانزانی كە قبولّ كردنی ئەو هەنگاوە بۆ كـریپس زۆر دژوارە، لەكاتێكدا ئەو چەندین جار ئـەوەی ڕەت كردبـۆوە كـە دابەزانـدنی نرخـی پاوەنـد كێشەكانی بەریتانیا چارەسەر دەكا. لەبەرئەوەی وەزیرێكی بە تەواوی مانـا بـە دەسـەلاّت بوو نەیدەویست بچوكترین رەخنە لەكارەكەی بگیرێ، ترسی ئـەوە هـەبو ناچاربێ دەست لەكاربكێشێتەوە. بۆیە منیان ڕاسپارد كە بۆ بەشداری كردن لەكۆنفراسی (گـات [34] )دا بەرەو ئانسی[35] لە ژنێف بەرێ بكـەوم. بڕیـاروابوو ئـەو سـێ كەسـەمان نامەیـەك ئامـادە بكەین‌و ئیمـزای ئـەتلی بخەینـە سـەر تـا لـەڕێی سـكرتێری تایبـەتی ژوری بازرگانیـەوە ڕەوانەی سویسرا بكرێ‌و تەسلیم بە سەرۆكی كۆنفرانس بكرێ، بە دەسـتی خـۆی نامەكـە لەنەخۆشخانەی بیرچەر بێنـەر بـدا [36] بـە كـریپس. ئـەو كـارە جێبـەجێ بـوو، و كـریپس ڕەزامەندیی دا كە مانگی داهاتوو نرخی پاوەنـد دابـەزێنرێ. لەسـالّی ١٩٥٠دا جـەنگی كۆریا كێشەكانی دەولّـەتی زیـاتر كـرد. هێزەكـانی بـەریتانیا بـەلّێنیان دا كـە بـەرگری لەكۆریای باشور بكەن‌و كڕینی بە هەلّەداوان‌و قۆرخ كەرانەی ماددە خاوەكان، نرخەكانی لـەناكاو بـەرزكردەوە. بـۆ نمونـە نرخـی خـوریی خـاو گەیـشتە ١٢ هێنـدەی نرخـی بـەر لەجەنگی. ئەوەش شەپۆلێكی هەلاّوسان‌و بەرزبونەوەی نرخەكانی لـێ كەوتەوە.

[33] Douglas Jay

[34] كۆنفرانسێكە بەناوی ڕێكەوتننامەی گشتی دەربارەی تاریفەو بازرگانی ـ و.

[35] Annecy

[36] Bircher- Benner





پێشهاتی جەنگی كۆریـا، كۆشـكی سـپیی بـەرەو سیاسـەتێكی دژەڕوسـی ئاراسـتە كرد‌و بەرنامـەیەكی بەرفراوان بۆ نوێ كردنەوەی چـەك راگەیـەنرا. هاوپـەیمانانی ئـەمریكا لەژێر گوشاردرابون تاهەمـان ڕێچكەی ئەمریكا بگرنە بەر.

ئەتلی زیاتر كەوتبووە ژێر كاریگەریی(گیتسل)ەوە كە ئەوكات وەزیری دارایـی بـوو. گیتـسل بیروبۆچـونەكانی خـۆی بەرامبـەر بـارودۆخی ئینتەرناسـیۆنالّی لەچوارچـێوەی سیاسەتێكی دراویدا بەسەر دەولّەتدا دەسەپاند.

ئەو كە زۆر لایەنگری ئەمریكا بوو، كاتێك نفوزی ئێرنست بەوین كەم بۆوە، تەنانەت چـوو بـۆ وەزارەتـی دەرەوەو ئامـادەی ئـەو كۆبونەوانـە بـوو كـە بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی هێـزە كۆمۆنیستەكان‌و بەرنامـەی زیادكردنی چەك بـە ڕێنـوێنی ئـەمریكا گـرێ دەدرا. كاتێـك نرخی ماددە خاوەكان بەرز بونەوەی بەخۆوەدی داوای لەمن كرد كـە ئـەو دەمـە سـەرۆكی ژوری بازرگانی بووم سەرجەم بەرهەمی خوریی ئوسترالیا، نیوزیلاندو ئـەفریقیای باشـور بـۆ مـاوەی سـێ سـالّ بـە نرخـی بـەرزی ئـەو ڕۆژە لەگـەلّ ٥٪ زیـادە بكـڕم. بـە گـوێرەی خەملاّندنێكی موحافیزكارانە ئـەو كڕینـە بـۆ خەزێنـە ٥٠٠ملیـۆن پاوەنـد خـەرجی پـێ دەویست. داواكەیم ڕەت كردەوە. لەو كاتەدا بازاڕی قۆرخ كاری[37] كە لەرادەبـەدەر كـالاّی قۆرخ كردبوو لەماوەی مانگێكدا نرخی خوریی بۆ سێیەك دابەزاند.

ئەو ئەنجامگیرییەی كە دەست لەكاركێشانەوەی ئەینورین بیون، من‌و جـۆن فۆیمـانی[38] لـێكەوتەوە لەدوو مەسەلەدا چڕ دەبۆوە. ئێمە بەرنامـەی پڕچەك كردنی ولاّتمان لەڕوانگەی پێویستیی ولاّتەوە نـا، بـەلّكو لەروانگـەی ئـەوەوە كـە پراكتیكـی نـەبوو ڕەت كردبـۆوە. ئەینورین بوین لەروانگەی كێشە دراویەكانەوە، ئەو بەرنامـەیەی ڕەت كردەوە. بـە تایبـەت كە هیوگیتسل دەیویست بەشێك لەبەرنامـەی پڕ چـەك كردنـی ولاّت بـە كـەم كردنـەوەی پشتیوانەی خزمـەتگوزاریەكانی ژیان‌و گوزەران دابین بكا.

[37] بازاڕێكی ئینتەرناسیۆنالّی یا ناوخۆییە كە بە مەرامی سودی زیـاتر سیاسـەتێكی قۆرخكـاریی پیـادە دەكـا، بەلاّم هەندێك جار لەبری ئەوەی قازانج بكا زەرەرمەند دەبێ ـ و.

[38] John Freeman

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەمشتومڕەكەی ١٥ی شوباتدا، ئەینورین بیون كە ئەودەم وەزیری كار بوو، وتەیەكی زۆر باشی بۆ پشتگیری لەسیاسەتی دەوڵەت پێشكەش كرد. چەتەرئێد[39] وەزیری ناوخۆ دەربارەی ئەو وتەیە وتبووی كە پێشتر باشترین وتەی لۆید جۆرجی گوێ لێ بووەو ئەو وتەیە هیچی وای لەو كەمتر نییە.

بەڵام كاتێك كە بودجە بۆ تەسلیم كردن بە ئەنجومەن ئامادەكراو زانرا ((خەرجییەكانی ژیانو گوزەران)) كەم كراونەتەوە، دەست لەكاركێشانەوەكان دەرفەتی پاشگەزبوونەوەیان لەبەردەمدا نەما.

بەرەی مۆریسن ـ گیتسكل پێی لەسەر ئەو مەسەلەیە داگرت. داڵتن دەستەپاچەبوو، و خۆی گەیاندە لای گیتسكل، بەڵام وتووێژەكانی لەگەڵ گیتسكلدا بێ ئاكام بوو.

ئەتلیش(بەوین)ی بۆ ناوبژیوانی هەركاتێك پێویستیش بكا بۆ دادوەری سەبارەت بە پێشنیاری خزمەتگوزارییەكانی ژیانو گوزەران راسپارد. لەدانیشتنێكدا كە لە١٠ی نیساندا لەماڵی بەوین ئەنجام درا، بەوین كە زۆر نەخۆش بوو بەمەنو(نای بیڤان)[40]ی وت كە دەیەوێ لەبەرژەوەندیی داخوازییەكانی ئێمە راپۆرتەكەی بدا: لەبەرئەوەی لەپێشنیارەكانی مۆریسن بە گومانە. رۆژی شەممەی داهاتو بەرامبەر بە ١٤ی نیسان بەرلەوەی راپۆرتەكەی خۆی ئامادەبكا، مرد. مۆریسن لەو كاتەدا وەزیری دەرەوە بوو، و لەو پۆستەدا كارەساتی نایەوە. ئێستا زانرا كە ئەتلی چاوی بریوەتە جەیمز گریفس وەزیری كۆلۆنییەكان، بەڵام لەپێگەیەكی ئەوتۆدا نەبوو كە بتوانێ لەبەرامبەر داخوازییەكانی مۆریسندا خۆی راگرێ. لەكۆتایی ئەو مانگەدا نامەی دەست لەكاركێشانەوەكان تەسلیم كران. ئەینۆرین بیون لەبەر خەرجییی ژیانو گوزەران، مەنو جۆن فریمان لەبەر بەرنامەی چەك، دەستمان لەكاركێشایەوە.

---

[39] Chutter Ede

[40] Nye Bevan ناوی كورت كراوەی(ئەینورین)ە ـ و.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

گومانی تێدانیە كە ئەگەر ئەتلی لەنەخۆشخانە نەكەوتبایەو مۆریسن كاروباری دەوڵەتی نەگرتایەتە دەست، بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەوین نەمردایە، دووربوو دەست لەكاركێشانەوەكانی ئێمە قبوڵ بكرایە.

بەهەرحاڵ بودجەی ژیانو گوزەران كەم كرایەوەو بەرنامەی زیادكرنی چەك پەسەندكرا. كاتێك وینستۆن چێرچیل دوای هەڵبژاردنەكەی تشرینی یەكەمی ١٩٥١، بوو بە سەرۆك وەزیر، یەكەمین كاری كەم كردنەوەی خەرجی بەرنامەی چەك بوو بۆ سێیەكو ئەوەش هەمان ئەو ژمارەیە بوو كە ئەو وەزیرانەی دەستیان لەكاركێشایەوە پێشنیاریان كردبوو.

ئەتلی بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنی لەتشرینی یەكەمی ١٩٥١دا راگەیاندبوو. ئەوە بڕیارێكی عاقڵانە نەبوو، بەڵام گیتسكل وەزیری دارایی كە نیگەرانی سەرهەڵدانی كێشەی زیاتر بوو لەبارودۆخی ئابووریدا، ئەتلی بۆ ئەو كارە هاندا.

مۆریسن كە لەو كاتەدا لەكەنەدا بوو، و ئەزموونێكی زیاتری لەو بوارەدا هەبوو بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنی لەو كاتەدا بەباش نەزانیبوو. هەقیشی بوو.

كێشە ئابورییەكانی بەریتانیا لەناویاندا بەرزبونەوەی نرخەكان، ساڵی داهاتوو كەم بوونەوەی بەخۆوەدی. نرخی مادە خاوەكان دابەزیو حزبی موحافیزكار لەوە سودمەند بوو.

ئەو فاكتەرەی كاریگەریی لەسەر بڕیارەكانی ئەتلی هەبوو ئەوەبوو كە زۆرینەی دەنگەكانی بەدەست هێنابوو. دواتر ئاماژەی بەوەدابوو كە هیچ دەوڵەتێك بە زۆرینەی كەمتر لە١٠ ناتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بدا، بەڵام ئەو بۆچوونەی ئەو لەراستییەوە دووربوو، لەبەرئەوەی لەكۆی چوار دەوڵەتی كرێكاری كە لەنێوانیان ساڵانی ١٩٦٤و تشرینی یەكەمی ١٩٧٤دا هەڵبژێردران، سیانیان زۆرینەیەكی لەوە كەمتریان بەدەست هێنابوو.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

كاتێك هەڵبژاردنی گشتی، موحافیزكارانی بە زۆرینەی ١٥ گەڕاندەوە بۆ دەسەڵات، ئەتلی هەروەك سەرۆكی حزب مایەوەو بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٥ تێكۆشا. كاتێك زۆرینەی موحافیزكاران بەسەر كرێكارانەوە تا ٦٨چوو. ژمارەی لیبرالەكانو ئەوانی تر گەیشتە ٨.

بەو شێوەیە موحافیزكاران لەراستیدا بۆماوەی ١٣ساڵ، تا هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٦٤، دەسەڵاتیان گرتە دەست.

دوای ساڵی ١٩٥١. دامێنی مشتومڕەكانی تایبەت بە بەرنامەی چەك بەرفراوانتر بوو، بەڵام چەند مەسەلەیەكی تر باڵیان بەسەر گۆڕەپانەكەدا كێشا. موحافیزكاران لەناوخۆی وڵاتدا چەند سیاسەتێكی خەزێنەیی ناسراویان پیادە كرد، لەكاتێكدا لەسەر ئاستی دەرەوە سیاسەتی سودوەرگرتنی سیاسییان لەتەكنۆلۆژیای ئەتۆمی گرتەبەر.

بەریتانیا رۆژ بەرۆژ زیاتر لەسیاسەتی سك هەڵگوشینی ئابوریی كاتی جەنگ دوور دەكەوتەوە.

پشكبەندی لابراو پاشەكەوت هاندرا. ئێمە بە ئاڕاستەی رۆژانی((هەرگیز رۆژانێكی ئاوا باشمان بەخۆمانەوە نەدیوە)) هەنگاومان دەنا.

ئەتلی هەروەك سەرۆكی حزبی كرێكاران مایەوە تا هەڵبژاردنەكەی ١٩٥٥ شكست خواردنی حزبی كرێكارانی لێ كەوتەوە.

ئەو سوربوو لەسەرئەوەی بەر بە ئیدیعاكانی مۆریسن بگرێو دەرەفەت بۆ ئەو تێكۆشەرە گەنجترانە بڕەخسێنێ كە لەساڵی ١٩٥١دا پێكەوە كاریان كردبوو، بەو هیوایەی كە بوونی خۆیان بسەلمێنن.

لەكۆنگرەی حزبی كرێكاراندا كە لەساڵی ١٩٥٥دا لەمارگەیت[41] ئەنجام درا، پڕوپاگەندەی نزیك بوونەوەی وادەی دەست لەكاركێشانەوەی ئەو بڵاوبووبۆوە. باربارا

[41] Margate





مەكتەبی بیروهۆشیاری

كاستل[42] و چەند ئەندامێكی باڵی چەپ داكۆكیان لێ كردو داوایان لێكرد واز لەسەرۆكایەتیی حزبی كرێكاران نەهێنێ.

وتەكەی مۆریسن لەكۆنگرەی حزبدا تا ڕادەیەك سەركەوتو بوو، رۆژنامەنوسێكی ناسراو كە گوێی لەوتەكەی ئەو بوبوو پێی وتم كە ئەو وتەیە سەرۆكایەتیی حزبی بۆ زامن دەكا.

وتم((زامن نیە. لەو باوەڕەدانیم كاتێك حزبی كرێكارانی پارلەمانی رابەری خۆی هەڵبژێرێ ئەو تەنانەت ٤٠دەنگیش بە دەست بێنێ.))پێش بینیەكەم هەڵە دەرچوو، و ئەو ٤٠دەنگی تەواوی بەدەستهێنا.

لەمانگی تشرینی یەكەمدا ئار. ئەی. باتلەر وەزیری دارایی سەر بە حزبی موحافیزكار كە بودجەی بەر لەهەڵبژاردنی، ٦پێنس باجی لەسەر داهات دانابوو، بودجەی پایزی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران. ئەو بودجەیەی كە بە پێرستێكی دورودرێژی زیادكردنی باج لەسەر كڕینی پێداویستیەكانی ناو ماڵو كەلوپەلەكانی تر، لاسەنگیی خەزێنەی قەرەبوو دەكردەوە. دوای كۆبوونەوەیەك كە دوو شەوو دو رۆژی خایاندو دوابەدوای وردبونەوەی ئەرسكین مەی[43] لەسەعات ٤ی سەرلەبەیانیدا، من لائیحەیەكی دەستكاریم پێشنیاركرد كە لەلایەن رابەری توریی ئەنجومەنەوە پەسەند كراو لائیحەی دراویی لەپێ خستو پێویستی كرد كە لائیحەیەكی دراویی تر بخرێتە بەردەم ئەنجومەن.

كاتێك ئەتلی دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە هات بۆ ئەنجومەنو تەوقەی لەگەڵدا كردم سەرپەرشتیاری گشتیی حزب بەو كەسانەی وت كە نیگەرانی ئایندەی سەرۆكایەتی حزب بوون: ((لەئێستاوە ئەو دو كەسە پێكەوە كاردەكەنو منیش بە خەیاڵی ئاسودەوە دەتوانم بڕۆمو حزب تەسلیمی دەستی بەهێزی ئەو دوانە بكەم. ))

[42] Barbara Castle
[43] Erskine May

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ئەتلی لەكانونی یەكەمی ١٩٥٥دا دەستی لەكار كێشایەوەو گیتسكل جێی گرتەوە. جەیمز گریفیس بوو بە جێگری سەرۆكی حزبو لەساڵی ١٩٦٠دا ئەینۆرین بیڤن جێی ئەوی گرتەوە. ئەتلی سیاسەتمەداری بەڕێزو دێرین، بوو بە ئەندام لەئەنجومەنی لۆردەكاندا. خەباتی گەورەی ئەو لەساڵانی خانەنشینیدا لەدژی بازاڕی هاوبەش بەردەوام بوو. ئەتلی دامەزرێنەری كۆمۆنوێڵسی نوێ، نیگەرانی ئەوەبوو كە پەیوەندی كردنی بەریتانیا بە كۆمەڵگەی ئابوری ئەوروپا(EEC)ەوە ئایندەی كۆمۆنوێڵس بخاتە مەترسیەوە.

ڕەنگە بە كاریگەریی ئەو ئەزمونەی جەنگی یەكەمی جیهانی بووبێ لەگەڵ هەندێك لەهاوپەیمانە ئەوروپییەكانمان كە ئەو ترسەی لا دروست بووبێ.

بە دڵنیاییەوە ئەتلی وەك داكۆكیكاروپارێزەری سیستمی قانونیی بەریتانیا هەقی خۆی بوو كە بەرامبەر پەیوەندی كردنی بەریتانیا بە قەوارەیەكەوە كە دامەزرێنەرەكانی بەریتانی نەبوون یا لەهەزاران ساڵ مێژووی وڵاتی ئێمە بێ ئاگابون، نیگەرانو بەدگومان بێ. ئەتلی لە٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٨دا كۆچی دوایی كردو لەلایەن هاوسەردەمەكانی خۆیەوە لەبەریتانیاو جیهانو لەوەش زیاتر لەلایەن كۆمۆنوێڵسەوە ڕێزی لێنرا.

هیچ سەرۆك وەزیرێكی كاتی ئاشتی لەم سەدەیەدا، بەقەد ئەو ئامانجە گەورەكانی نەپێكاوە.

بە تێگەیشتنی قوڵی لەمێژوو، بەریتانیای لەسەردەمی ئیمپراتۆریەوە گواستنەوە بۆ سەردەمی كۆمۆنوێڵسو ڕۆڵێكی لەهێنانە كایەی پەیوەندی لەنێوان ناتۆو ئەمریكادا لەڕۆخی ئەوبەری ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا گێڕا. ئەو سیستمی چاودێری كردنی پیشەسازی دایك و پێكهێنانی پیشەسازیی بنەڕەتیی بەریتانیای بە ئاراستەیەكی تردا برد.

لە سەردەمێكدا كە مرۆڤ لە كۆمەڵدا ئەستەم بوبوو، ئەو بە ڕەچاوكردنی بنەمای سەرەتایی مرۆڤ (ئازادی و یەكسانی)، پلەوپایەو ڕۆڵی مرۆڤی ئاسایی بەرز كردەوە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

پێویستە مرۆڤ بیروبۆچونە سیاسی و كۆمەڵایەتیی نەزۆك و بێ ئاكامی ڕۆژگاری بەر لە جەنگ لەگەڵ ساڵی ١٩٤٥و دوای ئەوەش بەراورد بكا تا پەی بە پێشكەوتنەكانی ئەو ببا [1].

ئەو خەڵكی بەریتانیای بەقەد تەمەنی نەوەیەك یا زیاتر بەرەو پێش و بەرەو نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم برد، و لەو بارەیەوە لەگەڵ (پیل) و ئەو سەرۆك وەزیرانەی تردا كە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و بە پشتبەستن بە نەریتی خوازراوی ڕابردو، بەریتانیایان بەرەو ئایندە برد، قابیلی بەراورد كردنە.

بەڵام لەسەر بنەمای پێوەرەكانی جیهانێكی گەورەتر، سەركەوتنەكانی ئەتلی، بە پێی بەڵگە مێژوییەكان، بە سەركەوتنی گەورەتر پۆلێن دەكرێن. لەبەرئەوەی هیچ كەسێك ناتوانێ نكوڵی لەوە بكا كە سیاسەتمەدارێك بوو ئیمپراتۆریی بەریتانیای گۆڕی بۆ وڵاتانی بەرژەوەندیی هاوبەشو هەموو ئەو وڵاتانەشی لەڕوی پەیڕەوی كردن بەفەرمانڕەوا یا سەرپەرشتیاری كۆمۆنوێڵسەوە، پێكەوە گرێ دایەوە.

[1] ئاماژەیەكە بە ڕۆڵی كرێكاران لەژیانی كۆمەڵایەتیدا ـ و.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

## ڕوداوەكانی ساڵانی ١٩٥٥ ـ ١٩٥٧

ئەنتۆنی ئیدن یەكێك بوو لەگەورە جوامێرانی گۆڕەپانی سیاسەتی بەریتانیاو یەكێكیش بوو لەتراژیدیا گەورەكانی.

تراژدیا لەو ڕووەوە كە ئەو لەكاتێكدا گەورەترین دەسەڵاتی سیاسیی لەوڵاتدا گرتە دەست كە پێگەی بەریتانیا لەجیهاندا دوابەدوای جەنگی سویسرا لەماوەی دە ڕۆژدا، گۆڕانكاری بەسەرداهات. تراژدیا لەو ڕووەوە كە نەخۆش بوو. ئەمانەش بۆ بەریتانیا هیچی وایان لەتراژیدیا كەمتر نەبوو.

هەركاتێك باس لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هیتلەردا دەكرا ناوی ئەو وەك كەسێك كە بەریتانیا پێویستیەكی زۆری پێیەتی دەبرا لەبەرئەوەی ئیدن مەترسیەكەی زۆر بە وردی هەڵسەنگاندبوو، و بینیمان كە چۆن دوو وەرچەرخانی مێژویی یا دوو دەسەڵات گرتنە دەستی خراپ كارەساتی لەسەر ئاستی جیهان لێ كەوتەوە.

یەكێكیان وەك دیمان كەمتەرخەمیی بالدوین بوو لەدەستنیشانكردنی ئیدن وەك جێنشینی خۆی. دووەمیان حەزی گەورەی چەمبەرلین بوولەخۆ رزگاركردن لەشەڕی ئەو.

دەبوایە بالدوین دركی بەوە بكردایە كە كاتی هاتنە سەركاری پیاوێكی لاوو كارا هاتووە. بەریتانیا ماندوو بووبوو بە دەست ئەو سەرۆك وەزیرە پیرانەوە كە تەمەنیان لەسەرو شەستەوە بوو ویەك لەدوای یەكیش هاتبونە سەركار.

بۆنارلا، لەناوەڕاستی شەستەكان تا ٧٠ساڵی، حكومەتی بە پەلەی خۆی پێك هێنا.

بالدوین لەدوایین خولی دەسەڵاتیدا كە دەستی لەكاركێشایەوە تەمەنی ٧٠ساڵ بوو.

مك دۆناڵد تا تەمەنی ٦٩ساڵی لەسەركارمایەوە هەرچەندە كە عەیبی پیریی زوتر لێ بەدەركەوت. چەمبەرلین لەتەمەنی ٦٨ساڵیدا پێی نایە خانوی ژمارە ١٠وە.

بەریتانیا تینوی سەرۆك وەزیرێكی لاو بوو. كەسێك كە لەبەهاری تەمەنیدا بێ و لەوپەڕی گوڕوتینی خۆیدابێ. ئایا لەبەرامبەر مرۆڤێكی نائاسایی وەك هیتلەردا،





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

جێنشینیی ئیدن لەساڵی ١٩٣٧دا دەیتوانی بەر بە جەنگ بگرێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دژوارە، بەڵام ئیدن هاوشێوەی مك میلان وەك بەرهەمێكی جەنگی یەكەمی جیهانی، لانی كەم دەیتوانی سیاسەتی رازی كردن نەگرێتەبەر. هەروەك چۆن نارەزایی خۆی بەرامبەر نزیك بوونەوەی چەمبەرلین لەمۆسۆلینی دەربڕیو دژایەتی كرد.

دەیتوانی بە سوەوەرگرتنی تەواو لەو دەرفەتەی كە ڕەخساوە، لەبری ئەوەی وەك بالدوینو چەمبەرلین كارەكە بخاتە دواین ساتو دواین دەقیقە، گرنگی بە نوێ كردنەوەی چەك بدایە.

ماوەی كاركردنی ئیدن لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەدەوڵەتەكەی چەمبەرلیندا كاتێك كۆتایی پێهات كە چەمبەرلین بەبێ راوێژكردن لەگەڵ ئیدندا دەست پێشخەریەكەی رۆزڤێڵتی ڕەت كردووەو لەكاتی پەیوەندی كردنی راستەوخۆی لەگەڵ مۆسۆلینیدا، مەسەلەكەی لەوەزیری دەرەوەو وەزارەتی دەرەوە شاردەوە نەوەك ئیدن ڕازی نەبێ.

ئیدن لەو چەند مانگەدا كە دوچاری نائومێدی بووبوو ئەوەندە بوێربوو كەهاوكات لەگەڵ چێرچیلدا، بە مەبەستی بەرگرتن لەدەستدرێژكاریی هیتلەر خوازیاری هاوپەیمانی بێ لەگەڵ ڕوسیادا.

لەكاتی((جەنگی خامۆشدا)) لەلایەن چەمبەرلینەوە پێشنیاری گرتنە دەستی وەزراەتی دۆمینیۆنەكانی بۆكرا. لەكاتی دەسەڵاتی چێرچیلدا پۆستێكی گرنگی گرتە دەست كە لەكابینەی كاتی جەنگدا هیچی وای لەوەزیری جەنگ كەمتر نەبوو.

(لەحكومەتەكەی چێرچیلدا) لە١٩٤٠ تا١٩٤٥ بەناو وەزیری دەرەوە بوو، بێ ئەوەی بە راستی وەزیری دەرەوەبێ [1].

---

[1] چێرچیل سەرەڕای ئەو پەیوەندیەی كە لەگەڵ ئیدندا هەیبوو، دوای ناكۆكیەكانی ئیدن لەگەڵ چەمبەرلیندا پۆستی وەزیری دەرەوەی لەدەوڵەتەكەی خۆیدا پێدا، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی سیاسەتی دەرەوەی هەڵدەسوڕاندو ڕۆڵی سەرەكی بە ئیدن نەدەدا ـ و.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

لەساڵی ١٩٤٢ەوە سەرەڕای ئەوەی بە مانا پارلەمانیەکەی ئەو پلە باڵایەی نەبوو، بەڵام کرا بە رابەری حزب لەئەنجومەنی نوێنەراندا.

چێرچیل بۆ جێنشینیی خۆی دەستنیشانی کردبوو، هەرچەندە کە لە١٩٤٥ەوە تا ١٩٥١ حکومەتی کرێکاران هاتە سەرکار.

جارێکی ترله١٩٥١ەوە تا ١٩٥٥ بۆ ماوەی سێ ساڵونیو لەدەوڵەتەکەی چێرچیلدا وەزیری دەرەوە بوو لەبەرئەوەی کات کاتی ئاشتی بوو، و چێرچیل لاری لەوە نەبوو کە زۆربەی کارەکان بەو بسپێرێ.

لەکاتی ئەنجام دانی هەڵبژاردندا نەخۆش بووو بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە بۆدوایین جار لەپۆستی وەزیری دەرەوەدا بوو نەخۆشیی لێ نەبۆوە.

ئیدن نشتەرگەریی زراوی لەساڵی ١٩٥٣دا کرد، بەڵام دوای ئەوە هەرگیز بە تەواوی چاك بوونەوەی بەخۆیەوە نەدی. چێرچیل کە ٢٣ ساڵ لەو گەورەتر بوو کاتێك باری تەندروستیی ئیدنی دی گومانی لا دروست بوو کە بتوانێ ماوەیەکی زۆر لەمەیدانی سیاسەتدا بمێنێتەوە.

ئەمەشیان هەر تراژیدیایەك بوو. لەگەڵ ئەوەشدا چێرچیل هێشتا دەستبەرداری ئیدن نەبوو، و لێگەڕا تا بە تەواوی چاك دەبێتەوە.

ئیدن کەمێك ئیرەییشی تێدابوو، و ئەو ئیرەییەی هەندێك جار دەیکرد بە کەسێکی پلە دوو کە بیەوێ بونی خۆی بسملێنێ، بەڵام ئیدن بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو زیاتر حاڵەتی کەسێکی هەبوو کە کارەکەی خۆی خۆش دەویستو نیگەرانی بوو، و حەزی دەکرد رێزی خۆی بۆ ئەو کارەی بهێڵێتەوە. ئەمە هەمان ئەو حاڵەتەیە کە پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ چەمبەرلیندا لێ کەوتەوە. ئیدن لەرادەبەدەر دەکەوتە ژێر کاریگەریی هێرشی رۆژنامەکان لەدژی، لەمەسەلەی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. کاتێك تۆمەتبار دەکرا بەوەی کە زیاد لەپێویست نەرمیی لەگەڵ میسریەکاندا نواندووە لەرادەبەدەر کاردانەوەی دەبوو.







ئەتلی (کەسی دانیشتوو) و پیاوانی تری بەریتانیا لەرێورەسمی بەخاك سپاردنی چێرچیلدا

مەکتەبی بیروهۆشیاری

هەمو ئەو كاردانەوانەشی زادەی نەخۆشیەكەی بوون. كاتێـك مـەلیك حسێن پاشـای ئوردون لەبەر چەند هۆیەك گلوب پاشا دامـەزرێنەری هێـزی سـەربازیی عـەرەبیی دەنـگ دا، ئیدن جارێكی تر كاردانەوەی توندی پیشاندا.

ئیدن كـە ئـەو توانایـەی لەجـەمال عەبدولناسـردا بـەدی دەكـرد كـە دەتوانـێ ولاّتـە عەرەبییەكان لەدژی خۆراوا یەكبخا، ئەوی بە هیتلەر شوبهاند و تراژیدیاكە لەوەدابوو كـە لەكاتی گونجاودا دەسەلاّتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ هیتلەردا پێ نـەدرابوو. جـێی داخیـشە كە دەرەفەتی ئەوەی پێ نەدرا تواناو لێهاتویی خۆی لەسیاسەتی ناوخۆدا بسەلێنێ.

هەرگیز پۆستی خەزێنە، وەزارەتی كار یا نیشتەجێبوونی پێ نەسپێردراو كـاتێكیش كە بە پلەیەكی سیاسیی بالاّ گەیشت ئەوو مك میلان (كە تـا ئـەو دەمـە هـیچ كامیـان لەپۆستی راسـتەقینەی وەزارەتـی دەرەوەدا نـەبوون) بـۆ گرتنەدەسـتی تـەواوی كاروبـاری وەزارەتی دەرەوە لەكێبڕكێ دابوون، ئەو سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنەكانی لەسویس خرابووە ئەستۆ، بەلاّم عەقلّی پشت ئەو مەسەلەیە نەبوو، بەڵكو قۆچی قوربانی بوو.

بەتەنیا ئەوە جێی داخ نییە كە پۆسـتە ناوخۆییـەكانی پـێ نەسـپێردرا، بـەڵكو ئـەوە جێی داخە كە دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا كە سود بە پەرلەمان بگەیەنێ. هەرچەندە كـە وەك رابەری ئەنجومەنی نوێنەران لـەكاتی جەنگـدا، توانـاو لێهـاتویی پارلـەمانیی خـۆی سەلماند. لەكاتێكدا تەنانەت كاتی ئەوەی نەبوو هاوشـانو هاوڕێیـانی خـۆی لەحزبـەكانی تر لەژووری جگەرەكێشان یا لەكافیتریای ئەنجومەندا ببینێ.

لەكاتی وازهێنانیدا، زۆر لەحزبـەكان لەبـەر هـۆی جۆراوجـۆر سوپاسـی بەئەمـەكیو دۆستایەتی ئەویان دەكردو ستایشیان لـێ دەكـرد. هـەرگیز لـەیادم ناچـێ كـە لەسـاڵی ١٩٧٦دا لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆر نەخۆش بـوو، و پزیـشكەكەی رێگـەی پێنـەدا ئامـادەی رێورەسمی ساڵانەی بەخشینی مەدالیای(قەیتانی گۆرەوی)بێ لەكۆشكی وینـدزۆر، بـۆی نووسـیم كـە هەرچـەندە ناتوانـێ بـە درێـژایی ئـەو رۆژە لـەوێ بـێو ناچـارە لـەبینینی رێورەسمی بەخشینی مەدالیاكە مەحروم بێ، بەلاّم بۆ نانخواردنی نیـوەڕۆو بەشـداریكردن





مەکتەبی بیروهۆشیاری

له رێورەسمی بەخشینی نازناوی (شوالّی گـرەی) لەپەرسـتگەی سـەینت جـۆرج[٢] ئامـادە دەبێ. جێی خۆیەتی كە ژیاننامـەیەكی جددی تر لەوەی تـاكو ئێـستا دەربـارەی نوسـراوە بنوسرێ. ئۆتۆبایۆگرافیەكەی خۆی بەناوی((بازنەی تەواو))ەوە تەنیا ئاماژەیەكە بـەكاتی دوای جەنگی ئەو لە پلەی وەزیری دەرەوەداو پاشان لەپلەی سەرۆك وەزیردا.

لۆرد بلیـك ژیـانی ئـەنتۆنی ئیـدنو سـالاّنی دەسـەلاّتی بـە تراژیدیایـەكی كلاسـیك شوبهاندوە: ((ئەگەر بۆچونی ئەرستۆ لەناساندنی پاڵەوانی تراژیك وەك كەسـێك كـە لـە لوتكەی ناوبانگو بەختەوەریدا، لەبەر شەڕخوازیو بەدڕەفتاریی نا، بـەڵكو تـەنیا لەبـەر ئەوەی چەند هەڵەیەكی گەورە دەكاو كارەسات دەنێتەوە، راست بێ، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە ئیدن پاڵەوانی تراژیدیایـەكی یۆنانیـە كـە بەسـەرهاتەكەی بەسـەرهاتێكی راسـتەقینەیە. بەهەرحاڵ سەرەڕای باری تەندروستیی نەیدەتوانی خۆی لەو كەوتنە سیاسیە لابدا. قـەدەر وابوو كە مـك مـیلان بەوپـەڕی ئاسـودەییەوە، تـوانی قۆنـاغی گواسـتنەوە لەسـەردەمی مەزنیو سەردەمی دەمامكەكانەوە بو نمایشێكی سیحری سیاسیی بێ هاوتای سەردەمی دیزرائیلی، ئەویش بە رۆژی روناك كە كارەكە دژوارتر دەكا، بگرێتە دەسـت. كاتێـك ئـەو دوای شەش ساڵ گۆڕەپانەكـەی بـەجێ هێـشت ئێمـە پێمـان نایـە دنیایـەكی جیـاوازەوە. خۆتێهەڵقورتاندنمان  لەسویس بەهەمان ئەنـدازەی خۆتێهـەڵقورتانمان لەكەریمـە، نابـەجێ بوو.))

[٢] George Chape سەینت: ئەو شوێنەیە كە تیایدا نازناوی (شـوالی گـرەی) دەبەخـشرێ بـەو دیپلۆمـات و كەسایەتییانەی كە خزمەتی گەورەیان كردووە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# بەشی دوانزەم





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# هارۆڵد مک میلان



**هارۆڵد مک میلان**





مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەكۆنگرەی ساڵی ١٩٥٦ی حزبی موحافیزكاراندا، رۆژنامەیەكی لایەنگری موحافیزكاران كە لێكۆڵینەوە ئابورییەكەی وەزیری دارایی تاووتوێ كردبوو، نوسیبووی كە هارۆڵد مك میلان خۆی وەك سیاسەتمەدارێكی كۆنتر پیشان دەدا، یا رۆڵی ئەكتەرێك دەگێڕێ كە رۆڵی سیاسەتمەدارێك بەرجەستە دەكا. گومانی تێدا نیە كە پۆز لێدانی هەبوو، بەڵام بەڕاستی ئەو دوایین پیاوی لەو جۆرەیە. تاكە سەرۆك وەزیرێك كە لەو بارەیەوە لەگەڵ دیزرائیلیدا قابیلی بەراوردە. لەكاتێكدا ئەو بەرلەوەی ببێتە سەرۆك وەزیر پۆزی لێ دەداو دوای ئەوەی بوو بە سەرۆك وەزیر تا رادەیەكی زۆر پۆزلێدانی كەم كردەوە.

لەخوێندنەوەی شەشەمین بەرگی كتێبی بیرەوەریەكانی مك میلاندا كە لەرۆژنامەی تایمزدا بلاوم كردەوە ئاماژەم بەوەداوە كە: ((ئەو كەسانەی پێیان وایە كە ئەو سەرۆك وەزیرێكی لاوازو كەم كار بووە زۆر بە هەڵەداچوون. بە پێچەوانەوە كەسێكی ماندوونەناس بووە. ئەوە جگە لەوەی چەندین سەعاتی دورودرێژی تەرخان دەكرد بۆ نوسینەوەی بیرەوەریەكانی بۆ نەوەكانی ئایندەو بۆ نوسینی نامە درێژو رەوانەكانی بۆ كۆشكی باكینگهام(١). هەروەك دووساڵ لەمەوبەر نوسیبووم رۆڵی مك میلان وەك كەسێكی پۆزلێدەر، بۆ خۆی پۆزێك بوو.))

مك میلان وەجاخزادەیەك بوو لەسەردەمێكدا كە سەردەمی وەجاخزادەكان نەبوو، و یەكێك بوو لەڕەوان بێژترین سەرۆك وەزیرەكانی بەریتانیاو كەسێك بوو كە چێژی لەو پۆستە وەردەگرت.

ئەو لاساییكەرەوەی دیزرائیلی بوو، و رەنگە دوایین سەرۆك وەزیری دیزرائیلی ئاسا بووبێ كە بەریتانیا بەخۆیەوە دیبێ. ئەمە راستە كە ئەو لەكاتی سەرۆك وەزیرییدا بۆ حەوانەوەو دەركردنی ماندوێتیو بەشداریكردنی لەكۆنفرانسە نێودەوڵەتیەكاندا تەنیا چەند جارێك سەردانی چەكەرزی كردووە. لەبەرئەوەی بیرچ گرۆڤی[2] زیاتر بەلاوە

[1] Buckingham
[2] Birch Grove





مەكتەبی بیروهۆشیاری

پەسەندبوو. بە ئۆتومبیل بۆ هیوندن[3] دەچوو تا هەناسەیەك تازە كاتەوە، ئیلهام لەسروشت وەرگرێو چێژ لەهاودەمیی دۆستە دێرینەكانی وەرگرێ.

كاتێك مەسەلەی جێنشینەكانی خرایە ڕوو، نووسی: ((من بۆخۆم هێلزهام[4] یا مكلودم[5] بەلاوە پەسەندە، لەو دوانەش یەكەمیان، لەبەرئەوەی هەست دەكەم ئەو دوو كەسە، دوو بلیمەتی حزبینو میراتگری راستەقینەی نەریتی دیزرائیلیی رادیكالیزمی تورین...))

مك لود كە لەنەوەی دواییني سیاسەتمەدارانی دوای جەنگە یەكێك بوو لەئەندامە نوێكانی كۆمیتەی ناوەندیی توری كە دوای شكستی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٤٥ لەلایەن ئار. ئەی. باتلەرەوە بە ئەندام وەرگیرا.

مكلود، ماولدینگ[6] و پاوڵ[7] لەنێو ئەندامە نوێكانی توریدا لەكابینەكانی ساڵانی ١٩٥٠دا بەشداربوون.

هایلزهام، هەرچەندە كە شوێن كەوتوی دیزرائیلییە، (بەڵام)، لەنەوەیەكی كۆنترە، و سەرمەستی ئەفسانەكانی نەوەی هایلزهامە دێرینەكانە، و یاسای خوێندووە.

مك میلان هاوشێوەی دیزرائیلی دركی بۆ مێژوو هەبوو. بۆ سەرۆك وەزیرێك ئەستەم نیە، بەڵام دژوارە كە بەبێ تێگەیشتن لەمێژوو ئەركەكانی خۆی بەجێبهێنێ.

ئەو درككردنە هێزو توانایەكی(زۆری) بە مك میلان بەخشی، هەرچەندە لەمەسەلەی سویسدا رێگەیەكی هەڵەی گرتەبەر.

مەیلی مك میلان بۆ((رادیكالیزمی توری))پەیوەندیی بە نەریتی مێژویی حزبەكەیەوە هەیە. زۆربەی سەرۆك وەزیرە مەزنەكانی توری جگە لەسالیسبێری، رادیكال بوون: پیل، خودی دیزرائیلی، چێرچیلو مك میلان. هەیسیش بە دڵنیاییەوە رادیكال

[3] Hughenden
[4] Hailsham
[5] Macleod
[6] Maulding
[7] Powel

بوو، بەلاّم لەمەسەلەی بەرێوەبردندا بە واتا نوێكەی مك میلان دەیتوانی دەستەواژەی(توریی دیموكرات) بەكاربێنێ، لەبەرئەوەی بۆخۆشی لەو بابەتە بوو.وەك بینیمان هەولّی چێرچیلی لاو بۆ دۆزینەوەی دەستەواژەیەك كە توریزم لەگەلّ بیری لیبرالیدا موتوربە بكا، لەو پێناوەدا بوو، بەلاّم لەكاتێكدا كە دیزرائیلیو چێرچیل لەهەولّی نزیك خستنەوەی توریزمی كۆنی ناوچە كشتوكالّیەكان لەگەلّ خاوەن پیشە رادیكالّەكانی شەپۆلی نوێدا بوو.

توریی دیموكراسیی مك میلان بەو كرێكارانە پشت ئەستور بوو كە ئەو لە (ستاكتن) لەگەلّیان ئاشنا بوبوو، و خۆشی ویستبوون.

لەو سالاّنەدا كە نوێنەرایەتیی ناوچەی (ستاكتن) ی لەئەستۆدابوو توریی دیموكراسیەكەی خۆی كردە رێبازی كرێكارە بێكارەكانی ئەو ناوچەیە.

ئەویش هاوشێوەی دیزرائیلی لەهەولّی دەستەبەركردنی دۆستو لایەنگردا بوو لەنێو كرێكاراندا.

مك میلان، كە لەنەوەی كۆچ بەرە سەركەتووەكانی سكۆتلاند بوو، ئەوانەی كە ئیمپراتۆریەكی چاپو بلاّوكردنەوەیان لەلەندەن دامەزراند بوو، لەبنەمادا ویگ بوو.

لەدوایین كتێبیدا بەناوی((پیاوانی رابردوو))بەشێكی هەست وروژێن هەیە بەناوی((نەریتی ویگ))ەوە.

دوا بەدوای خزمەت كردنی لەسەنگەرەكانی جەنگی یەكەمی جیهاندا، كرا بە یاریدەدەری فەرمانڕەوای گشتی كەنەدا دۆك داونیشر و لەگەلّ لەیدی دۆرۆتی[8]ی كچیشیدا بوو بە هاوسەر. بەو شێوەیە ئەو كە لەسەرەتاوە ویگ نەبوو، بوو بە یەكێك لەئەندامانی بنەمالّەی وەجاخزادەی هارتینگتن كە لەسەر مەسەلەی حكومەتی نیشتیمانیی ئایرلەندە ناكۆكیان تێكەوت.

[8] Lady Dorothy





مك میلان دەلّێ هارتبنگتن بەرلەوەی بە پلەی دۆكی بگا وەك لیبرالێكی دژە گلادستۆنی لەناوچەی وێست دێربی شیر وەك پالّێوراوێك ناوی خۆی قەید كردووە. برا بچوكەكەشی وەك پالّێوراوێكی لیبرال لەسالّی ١٩٠٦دا لەهەولّدا بوو. مك میلان لە((پیاوانی رابردو))دا ئاماژە بە رۆلّی گرنگی بنەمالّەی دێرینی ویگ لەكابینەكانی سالاّنی ١٨٧٠و ١٨٨٠ دەداو دەلّێ:

((كابینەی یەكەمی گلادستۆن لەپانزە ئەندام پێك دێ لەوانە(ویگەكانو گەورە ویگەكانی) وەك هاتەرلی[9] دوورگرەی[10](دواتر رایپۆن)، كیمبەرلی، كلارندۆن، گرانڤیل، ئارگایل[11]و هارتنگتن بوون ـ تاكە ئەندامی رادیكالّی كابینە برایت[12]بوو. كابینەكەی سالّی ١٨٨٠ی گلادستۆن پێك هاتبوو لەئارگایل، سپێنسەر، هاركورت، گرانڤیل، كیمبەرلیو هارتینگتنو رادیكالّەكانیش تەنیا برایتو چەمبەرلین بوون. هێربێرت گلادستۆن((هۆقەبازی هاواردن))بوو كە بە ئاشكراكردنی هەلّگەڕانەوەی باوكیو پابەندبونی بە حكومەتی نیشتیمانیەوە بۆ ئایرلەندە گورزی لە((ویگە گەورەكان))وەشاند.

[9] Maulding
[10] deGray
[11] Argyll
[12] Bright

مه كتبه‌ی بیروهۆشیاری



**هارۆڵد مك میلان لەتەمەنی ١١ ساڵیدا**

ئاشكراكردنی ئەو مەسەلەیە وەك بروسكەیەك لە تەوقی سەری ویگەكانی داو وەك ئەوە وابوو كە درەختێكی ئەستورو كۆن لەناو پاركەكانی ئەواندا لەناوەڕاستدا شەق بكا.

ئەمە گۆشەیەك بوو لەكتێبی (مك میلان) لەساڵی ١٩٧٥دا بۆ سەلماندنی ئەوەی كە بە ئەسڵ وەجاخزادەیە. بە درێژایی ژیانی وەك ویگێكی نیوەناچڵ ( یا كەسێك كە خۆی وەك ویگ پیشان دەدا ) مایەوە. وتەكانی تەنانەت لەساڵانی ١٩٥٠و ١٩٦٠ یشدا بەهەمان ڕادە ڕەوابنێژیو ئەفسونی وتەكانی سەدەی نۆزدەو تەنانەت هەندێك جار سەدەی هەژدەشی تێدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا مك میلانی لاو بە بیروباوەڕی یاخیبوانەوە هاتە ناو دنیای سیاسەتەوە.

ئەزمونە بەسوێكەی لەجەنگی یەكەمی جیهاندا كە تیایدا ژمارەیەكی زۆر لە هاونەوەكانی لە ناوچوونو كاردانەوەی لەدژی سیاسەتمەدارانی دوای جەنگ ـ كە





مه كتبه‌ی بیروهۆشیاری

دەنگدەرانی ناوچەكانی (ستۆكتن)[١٣] یان بێكار كردبوو ئەویان كردە توریەكی دیموكرات. ئەمانە ئەو نەوە بچوكو نوێ یە بوون كە(( وەك ئەندامانی ئەنجومەنی لاوانی مەسیحی)) لە یەلان ئەندامانی ڕوگرژی حزبەكەیەوە دەركرابوون. ئەزمونەكانی ڕابردووی ڕێی لەبەردەمیدا هەمواركرد كە هاوشێوەی چێرچیل دووجار ئەم بەرو ئەوبەری هۆڵی پارلەمان تەی بكا.

ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ ئینشیقاقە گەورەكەی حزبی كرێكارانی پارلەمانیدا نەكردایە، نەیدەتوانی ئامانجی لە پەڕینەوە لەمبەری هۆڵی پارلەمانەوە بۆ ئەوبەری لێكبداتەوە. لەسالآنی ١٩٣٠دا یەكێك بوو لەو كەسە كەمانەی كە چێرچیلی ناسیو خۆی لەگەڵ ئەودا لەبەرەیەكدا بینیەوە. لەكاتێكدا لەڕووی حیسابە سیاسیەكانەوە نزیك بوونەوە لەچێرچیل لەو دەمەدا كارێكی بێ هودە بوو. لەساڵی ١٩٢٦دا لە(لۆبی)دا توریەكی تەنیا بوو كە دژی كۆتایی هێنان بە بایكوتكردنی حكومەتە سەركوتكارەكەی مۆسۆلینی لەئیتالیا وەستایەوە.

پشتگیری لە ئەی. دی. لیندسای[١٤] گەورەی بالیۆل[١٥] كرد لە هەڵبژاردنە لاوەكیەكەی ئۆكسفۆرد دا لەبەرامبەر پاڵێوراوی رەسمی توریی (كینتن هاگ) دا و وەك سەرپەشتیاری حزبی موحافیزكاریش دەستی لەكاركێشایەوە.

وەك بینیمان لەناو موحافیزكارەكاندا تەنیا ئەوو براكن شانبەشانی چێرچیل بۆ مشتومڕ سەبارەت بە دەستدرێژكاریی ئەڵمانیا بۆسەر نەمسا لە(لۆبی ) ی ئەنجومونی نوێندراندا ئامادە بوون بە درێژایی ساڵی ١٩٤٠ كە چێرچیل هاتە سەركار ئەو ئەگەرە هەبوو كە تا دوایین ڕۆژانی ژیانی سیاسیی خۆی هەر وەك یاخی بویەكی ناهاوئاهەنگ بمێنێتەوە، بەڵام چێرچیل پۆستێكی كابینەی دایە (بێ ئەوەی ئەندامی كابینەی جەنگی

---

[١٣] STOCKTON شارو ناوەندی كەشتیسازی باكوری پارێزگای دورهام. مك میلان خەڵكی ئەو شارەیە.و.

[14] A.D.Lindsay

[15] Ba lliol

مەكتەبی بیروهۆشیاری

بێ). لەكاتی داگیركردنی سەربازیی باكوری ئەفریقیادا لەلایەن ئایزنهاوەرەوە، لەسەروبەندی هێرش كردنە سەر ئیتالیاو پێگەی لاوازی هیتلەر لەباشوری ئەوروپا، وەزیرو نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا بوو لەئەفریقای باكوور.

دوای شكست هێنانی لەناوچەی هەڵبژاردنی ستاكتن لەساڵی ١٩٤٥دا دەمو دەست لەناوچەی هەڵبژاردنی برۆملی[16] خۆی ناونوس كردو دوای هەڵبژاردن، لەكابینەكەی ١٩٥٥ی چێرچیلدا وەك وەزیری نیشتەجێ كردن دەست بەكاربوو، و بە دروستكردنی ٣٠٠/٠٠٠ یەكەی نیشتەجێ لەماوەی ساڵێكدا بەڵێنەكەی كاتی هەڵبژاردنی چێرچیلی بەجێ گەیاند. دوای ئەوە لەكاتی قەیرانی سویسدا پۆستی جۆراوجۆری وەك وەزارەتی بەرگری، دەرەوەو خەزێنەی یەك لەدوای یەك پێ سپێردرا. من لەكاتی تۆماركردنی پێشینەی كاری ئەودا لەو دەمەدا نوسیبووم كە مك میلان پیاوێكە ((زوو دێو زوو دەڕوا)). ئەوە بوو دوای دەست لەكاركێشانەوەی ئیدن، بوو بە سەرۆك وەزیر ـ هارۆڵد مك میلان، لە ١٠ی شوباتی ١٨٩٤، مانگێك بەر لەكۆتایی هاتنی دوایین كابینەی گلادستۆن، لە لەندەن هاتە دنیاوە. باوكی میراتگری كۆمپانیایەكی چاپو بڵاوكردنەوەی سەركەوتوو بوو كە لەلایەن (دانیال مك میلان)[17]ەوە دامەزرێنرابوو. هاوشێوەی وینستۆن چێرچپل ئەویش دایكی ئەمریكی بوو، و هارۆڵد لەكاتی ئامادە كردنی وتەكەیدا لەبەردەم كۆنگریسی ئەمریكادا ( هاوشێوەی چێرچیل ) نووسی: ((ئەگەر لەجێی دایكم، باوكم ئەمریكی بوایە، ڕەنگە من ... )).

ناوەكەی ئەو كە بۆ كوڕەكەشی گوازرایەوە، (ئەویش وەزیرێكی كابینەو ڕاوێژكاری ئەنجومەنی مەلەكی بوو) (مۆریس) بوو كە بە بادی ئێف. دی مۆریس كە كەسایەتیەكی بەڕێزی سۆسیالسیتی مەسیحی بووو لە دۆستە نزیكەكانی دانیال بوو، لێی نرابوو. هارۆڵد مك میلان هەرگیز هەژاری بەخۆیەوە نەدیوە. لەئیتن‌و بالیول لەخوێندنگەی ئۆكسفۆرد خوێندویەتی‌و ڕاستەوخۆ لەئۆكسفۆردەوە چووە بۆ فەڕەنساو پەیوەندیی بە

[16] Bromley
[17] Daniel  Macmilln




مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەشكری تفەنگدارانی مەلەكییەوە كردووە لە فەڕەنسا. لەساڵی ١٩١٥دا لە لوس و لەساڵی ١٩١٦دا لە سوم[18] بریندار بوو وماوەیەكی زۆری خزمەتەكەی لەناو نەخۆشخانەدا بەسەربرد. تا ئەمڕۆش ئەو دۆستانەی خۆی كە لەبەرەی جەنگ نەگەڕانەوەو كوژراون، فەرامۆش نەكردووە دوای بەجێ هێنانی خزمەتی سەربازی لە ئۆتاوا لە ساڵی ١٩٢٣دا چووە ناو پارلەمانەوە. یەكەمین وتەی لە پارلەماندا لەسەر بوو بودجەكەی ساڵی ١٩٢٥ی چێرچیل بوو. ئەو دەمەی ئەندامی ئەنجومەنی لاوانی مەسیحی بوو شان بەشانی ڕۆبێرت بوسبی[19] و چەند كەسێكی تر كاتێكی زۆری بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ ڕووبەڕوبونەوەی داوەستانی ئابوریی وڵاتەكەی تەرخان كرد. ئەم كۆمەڵەیە بەشێوەیەكی زنجیرەیی وتارو كتێبی بڵاودەكردەوە، لەوانە كتێبەكەی مك میلان بەناوی ((پیشەسازیو دەوڵەت)) و كتێبێكی گرنگتری بەناوی (( ڕێگەی ناوەڕاست)) كە لەساڵی١٩٢٨دا بڵاوی كردەوە.

ئەمە كتێبێك بوو كە ڕادیكاڵەكانی ناو سەرجەم حزبەكان، ماوەی چل ساڵی ڕەبەق ئاماژەیان پێ داو پشتیان پێ بەست.

هارۆناڵد مك میلان لەوكتێبەدا بازاڕی بۆرسە بە قومارخانەیەك دەشوبهێنێ.

كارو پیشەی خێزانەكەی سەرچاوەی بژێوی ژیانی بوو، و لەو سەرۆك وەزیرانە بوو كە بەرلەوەی بەپلەی وەزارەت بگا، ئەزمونی دوورو درێژی لەپیشەسازیدا هەبووە. چاپو بڵاوكردنەوە وەك پیشەسازیەكی بەرهەم هێن لێی نارِوانرێ، بەڵام پیشەسازیی تر هەن كە گەشەكردنو مایە پوچ بونیان پەیوەستە بەوەوە كە مرۆڤ لەهەر سەرمایە گوزاریەك یا مامەڵەیەكی قوماریدا (بەڵێ) یا (نە) بڵێ. یەكێك لەسەركەوتوترین پڕۆژەكانی لەسەر بنەمای ((تیۆریی گشتیی كاركردن، سودو پارە)) ی كینز بوو.

نەوەی خوێندكارانی ئابووری لەساڵی ١٩٢٦دا بۆیان دەركەوت كە مك میلان بەو نرخەی كە خستویەتە سەركتێبە دوو بەرگیەكەی خۆی بەناوی ((ڕون كردنەوەیەك سەبارەت

[18] Somme
[19] Robert Boothby

مەكتەبی بیروهۆشیاری

به پاره '' لەڕاستیدا پیشانی داوه كه نەك تەنیا هەر بڵاوكەرەوه بەڵكو لایەنگرێكی دڵسۆزی ''كنیز'' یشه. ئەو تەنیا ٥ شیلینگی خستبووه سەركتێبی ''تیۆری گشتی'' كه بەتیراژێكی زۆرو نرخێكی كەم بڵاوی كردەوەو ئەمەش هەمان بنەمای ''سودی كەم ، داهاتی خێرایه''[٢٠] كه بەو شێوەیه دەسەلێنرێ . لەساڵانی ١٩٢٠دا كه مك میلان هەر لەژێر نفوزی ڕوو لەزیادبووی چێرچیلدا بوو گرنگیی زیاتری به كاروباری دەرەوه، بەرگریو مەترسی هیتلەر دا. ئەو وەك دیزرائیلیەكی باش، ڕێبازەكەی دیزرائیلیی لەكتێبی ( ئێدی میۆن[٢١] دا گرتەبەر. ئەوه كتێبێك بوو كه تیایدا لۆرد رۆهامپتن[٢٢] ستایشی ئەفسانەیەكی كردبوو، لەبەر ئەوەی گرنگییەكی ئەوتۆی به زیادبوون یا كەم بوونی داهات نەدەداو تەنیا لەبیری سیاسەتی پراكتیكی : واته كاروباری دەرەوه....'' دا بوو مك میلانیش هەمان كاری كرد.. تائەو دەمەی ڕژێمه درێژ خایەنەكەی بالدوین ـ چەمبەرلین لەسەر كورسیی دەسەڵات مایەوه، مك میلان دەرفەتێكی بۆ گرتنه دەستی كارێك له كابینەدا لەبەردەمدا نەبوو، و هەوڵێشی بۆ نەدا. بەدڵنیاییەوه دەتوانین بڵێین كه ئەو هەرگیز كاركردنی لەگەڵ حكومەتێكدا بۆ قبوڵ نەدەكرا كه لەمەسەلەی نوێ كردنەوەی چەكو (ڕازی كردن) دا سیاسەتێكی دووفاقو نهێنیی پیادە دەكرد، بەڵام لەلایەكی ترەوه لەبەرئەوەی كه ئەو بارودۆخه درێژەی هەبوو ئەو دەبوایه درێژه به ڕۆڵی خۆی بدا. ٤٦ ساڵ لەتەمەنی تێپەڕیبوو كه چێرچیل لەكابینەی كاتی جەنگی خۆیدا پۆستی یاریدەدەری وەزارەتی تازه دامەزراوی (پاڵپشتی) بۆ كاروباری پارلەمانی پێ سپارد .

[20] SPQR

[٢١] ئێدن میۆن(Endy mion) لەئەفسانه كۆنەكانی یۆنانه، بەسەرهاتی لاوێكی قۆزه كه خواوەندی مانگ عاشقی دەبێو بۆ ئەوەی هەر به گەنجی بمێنێتەوه خەوێكی ئەبەدی لێ دەكەوێ ـ و.

[22] Lord Rohampton





مەكتەبی بیروهۆشیاری

هاوكات سەرۆكی لیژنەی توانا پیشەسازیەكانیش بوو لەم پۆستەیاندا سێر[٢٣] پێرسی میلزی[٢٤] ناسی كه دواتر نەیتوانی پەیوەندی بەكابینەكەیەوه (كابینەكەی مك میلان ) ەوه بكا .

لەشوباتی ١٩٤٢دا مك میلان لەوەزارەتی كۆلۆنیەكان جێگری سالیسبێری[٢٥] بوو لەكانونی یەكەمی هەمان ساڵدا بەرزكرایەوەو بوو به وەزیری نیشتەجێی كابینه له ئەفریقای باكورو تاساڵێ ١٩٤٥ لەو پۆستەدا مایەوه. ئەو له وێست مینیستەر دورخرا بۆوه، بەڵام ئەو دەرفەته دەگمەنەی بۆ ڕەخسا كه وەك ((نوێنەری پاشا بۆ ناوچەی دەریای ناوەڕاست)) لەگەڵ ژەنەراڵ ئایزنهاوەر سەرۆكی داهاتوی ئەمریكادا كاربكا. مك میلان ئەو كەسه بوو كه بەلێهاتویی سیاسیی خۆی ڕێی لەبەردەم ڕزگاربوونی یۆنان لەدەست نازیەكانو كۆمۆنیستەكان هەمواركرد. پەیوەندیەكانی لەگەڵ ئایزنهاوەردا گرنگییەكی مێژویی هەبوو. ئەم مەسەلەیه كاتێك كه مك میلان ڕۆڵێكی دیاری لەبەرامبەر پیلانی كەناڵی سویسدا گێڕا، ئاشكرا بوو .

دوای ئەوەی كرێكاران، لەدەوڵەتی ئیئتلافیی كاتی جەنگ هاتنه دەرەوه مك میلان لەدەوڵەتی باوكانەی چێرچیلدا بوو به وەزیری هێزی ئاسمانی، بەڵام لەهەڵبژاردنه گشتیەكەی ساڵی١٩٤٥دا دەوڵەت جێ گۆڕكێی كردو ناوچەی هەڵبژاردنی ستاكتن كەوته دەست حزبی كرێكاران. بۆ مانگی دوایی مك میلان وەك نۆێنەری هەڵبژێژدراوی ناوچەی هەڵبژاردنی براملی گەڕایەوه بۆناو ئەنجومەنی نوێنەرانو تا كاتی خانەنشین بونی لەئەنجومەن كه هاوكات بوو لەگەڵ هەڵبژادنەكەی ١٩٦٤دا، هەرلەوێ مایەوه.


لەساڵانی حكومەتی كرێكاریدا له( ١٩٤٥) ه وەتا (١٩٥١) ڕۆڵێكی بچووكی لەسیاسەته نیشتمیانیەكاندا گێڕا، هەرچەند لەبنیادنانەوەی سیاسیی ئەوروپادا لەنزیكەوه لەگەڵ چێرچیلدا هاوكاریی كرد. لەساڵی ١٩٥١دا كەموحافیزكاران

[23] Sir Percy Mills

[24] F.j.L eathers

[٢٥] جەیمس كاسكوین سیسیل سالیسبێری ماركیزی چوارەم – و.

هۆشیاری



**هارۆڵد مك میلان لەئاهەنگی هاوسەرێتیدا لەگەڵ كچی دۆكی دۆنشایەردا ـ نیسانی ١٩٢٠**





دەسەڵاتیان گرتەوە دەست ، چێرچیل پەی به چەند توانایەكی مك میلان برد كە بۆ سەرۆك وەزیرێك گرانبەهاو بەنرخ دەهاتە بەرچاو: توانای خۆگونجاندنی مك میلان بە رادەیەك بووكە دەیتوانی لەهەر بارودۆخێكدا رۆڵی خۆی بگێڕێ. بوو بە وەزیری نیشتەجێ كردنو توانی ٣٠٠٠٠٠ یەكەی نیشتەجێ دروست بكا، كە ئەوەش لەسەرحسابی بوارەكانی تری وەك پەروەردو فێركردنو پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی بوو.

ئەو دەمەی چێرچیل چوبووە تەمەنەوەو نەخۆش بوو، ماوەی شەش مانگ پۆستی وەزارەتی بەرگریی گرتە دەست. دوای هاتنە سەركاری ئیدن لەنیسانی ١٩٥٥دا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی گرتەدەستو دوای ماوەیەكی كەم لە مانگی كانونی یەكەمدا بوو بە سەرۆكی خەزێنە. لەژوری جگەرەكێشان پێی وتم ((دوای چەندین مانگ وردبونەوە لەجوگرافیا ئێستا دەمەوێ فێری ژمێریاری بم)) .[٢٦] بۆ مانگی دوایی هیوگیستكل منی ( نوسەری كتێب) وەك وەزیری دارایی ((سێبەر) دەست نیشان كردو تا ئەوكاتەی مك میلان لە ساڵی ١٩٥٧دا پێی نایە خانوی ژمارە (١٠)وە، تەنانەت بۆ ساتێكیش بێكار نەبوم. رۆژگارێكی سەرنج راكێش بوو. مەسەلەی سویس ئاوێتەی مەسەلە ئابوریەكانی ناوخۆ بوو، وەزیری دارایی ناچاربوو بچێتە ژێر باری سەنگینی بەرپرسیارێتیەوە لەبەرامبەر ئەو قەیرانە نێودەوڵەتیەدا. بارودۆخی ئابوریی وڵات بە هۆی ئەو بارە سەنگینەوە كە پشتی وڵاتی چەماندبۆوە، بارودۆخێكی قەیراناوی بوو. سویس بە وەسفی وەزیری دارایی ((سێبەر)) ، لوتكەی پیلیۆن[٢٧] بوو كە سواری لوتكەی ئۆسا بووبوو. ئەوەی كە مایەی سەرسوڕمانو خۆشحاڵیش بوو پەیوەندیی گەرمی نێوان وەزیری دارایی راستەقینەو وەزیری دارایی ((سێبەر)) بوو. لەو كاتەدا ئەنجومەنی نوێنەران تەنانەت لەقۆناغی پێكهێنانی لیژنە بۆ لائیحەی دراوی، كاتێك گلادیەیتەرە

---

[٢٦] ئاماژەیەكە بۆئەوەی كە چەندین مانگ وەزیری دەرەوە بوو و ئێستاش دەیەوێ وەزارەتی خەزێنە بگرێتە دەست- و.

[٢٧] لوتكەی پیلیۆن Pelion لە ئەفسانەكانی یۆنانی كۆندا تایتان خواوەندی جەنگ لوتكەی (ئوسا) ی خستەسەر لوتكەی ئەلەمپ و كێوی پلیۆن تا بە ئاسمان بگا، بەڵام هەوڵەكەی بێ هودە بوو- و.

حزبییەكان دەهاتن تا بزانن لەمشتومڕەكاندا چی وتراوە خۆشحاڵ بووبەو پەیوەندیە گەرمەو هانی دەدا. ئەمڕۆكە بەدەگمەن ڕوودەدا كە لەدەدوانزە ئەندام پارلەمان زیاتر كە پەیوەندیان بە مشتومڕە گرنگەكانەوە هەیە لەو قۆناغەدا كە مەسەلەكە دەخرێتە بەردەم لیژنەكە پێكەوە ئامادەبن. لەبەرئەوەی زۆربەی نوێنەران سەرقاڵی لیژنە هەڵبژاردراوەكانو دانیشتنەكانی ترن. مك میلان ماوەیەك لەمەوبەر پێی وتم كە بە بۆچونی ئەو كاتێك پارلەمان دانیشتنی هەبوو پێویستە هیچ كەس نەچێ بۆ كۆبونەوەكانی كۆشكی وێستمینیستەر. ) هەموجارێك دوای یەك دوو ململانێی گلادیەیتەری كە تیایدا هەریەك لەئێمە ( وەزیری دارایی ڕاستەقینەو ((سێبەر)) ) لە دیدی خۆمانەوە، تیشكمان دەختەسەر كێشە ئابوریەكان وەزیری دارایی بانگهێشتی دەكردم بۆ قاوەخواردنەوە لەژووری جگەرە كێشەكانداو جاروبار پیرۆزبایی ئەوەی لێدەكردم كە هێرشم كردۆتە سەری هەندێك جار پرسیاری ئەوەی لێدەكردم كە چۆن وتەكەم ئامادەكردووە:

ئایا تۆش ئەرشیفی زانیاریە پشت گۆی خراوەكانت هەیە[٢٨] ؟ زانیم كە مەبەستی لە ریفرێنس یا مەرجەعەو گوایە كاتێك بیرۆكەیەك یا دەستەواژەیەكی بەدڵ نابێو بەگونجاوی نازانێ وەك نەریتی خۆی لەئامادەكرنی وتەكانیدا پەنا بۆ زانیاریە پشت گوێ خراوەكان دەباو ئەو زانیاریانەش ئەرشیف دەكا بۆ ڕۆژی خۆی. هەڵكردن پێكەوەو متمانە بە یەكتركردن لەئەنجومەنی نوێنەراندا بەوشێوەیە بوو كە ئاماژەی پێدرا. ئەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە كە ئەم شێوازە لەپەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكاندا جۆرێك لەخیانەت بێ لە بنەما كۆنەكان، بەڵكو مەبەست ئەوەیە كە چ پێویست دەكا پەیوەندیی تایبەتی نێوان دوو نوێنەر یا دوو سیاسەتمەدار یا دوو ئەندامی حزب لەناوبچێ. خۆشبەختانە ئەم گیانە ( باوەڕبوون بە بنەما رەفتاریەكان) هێشتا بوونی هەیەو گیان بە بەری مشتومڕە پارلەمانیەكاندا دەكا.

[٢٨] لایەنی گاڵتە پێكردنی هەیە- و.





تەنات لەمشتومڕەكانی تایبەت بە سویسیش كە هەستو سۆزەكان قوڵپیان دەداو گەیشتبونە ترۆپك و بگرەو بەردەی دوولایەن ( حكومەتو باڵی نەیار) زۆر دۆستانە بوو نەگەیشتە ئاستێك كە كاری پارلەمان پەك بخا. لە تەموزی ١٩٥٦دا جەمال عەبدولناسر سەرۆك كۆماری میسر كەناڵی سویسی خۆماڵی كرد لە كاتێكدا كە پێشتر، ئەو كەناڵە، زۆر پێشتر لەوەی دیزرائیلیی پێش ٩٠ساڵ پشكی خدیۆی میسر بكڕێتەوە، لەلایەن كۆنسۆرتیۆمێكی نیودەوڵەتیەوە بەڕێوە دەبرا .

بەلای ئیدنەوە كە لەوە ناخۆش تر بوو كە دەهاتە بەرچاو ئەو هەنگاوەی ناسر جۆرێك بوو لەتەحەدی و لە كەمتەرخەمیەكانی بالدوینو چەمپەرلاینیش پڕ بوو كە لەبەرامبەر هیتلەردا نەرمیان نواند. بەبۆچونی ئەو ناسر، هیتلەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو، و ئەوە بەس بووكە ئەویش هاوشێوەی هیتلەر ڕازی بكرێ تا كارەساتێك بنێتەوە. تا ڕادەیەكیش هەقی بوو، بەڵام كاردانەوەكەی بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابوو. ئیدن كە لەلایەن مك میلانەوە پشتگیریی لێ دەكرا كەوتە هەوڵ دان بۆ هەمواركردنی ڕێ لەبەردەم لەناوبردنی ناسردا، بەڵام نەیتوانی پشتیوانیی ئەمریكا بەدەست بهێنێ كە بۆ لە باربردنی خۆماڵی كردنی كەناڵی سویس پێویستی پێی بوو.

جۆن فۆستەر دالاس وەزیری دەرەوەی ئەمریكا كەسێكی ئاڵۆز بوو، ئەو ساڵەش ساڵی بە ئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی بوو .

مك میلان دەیتوانی بە ئاسانی ڕێنوێنیی بكا كە كۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەداو هیچ هەنگاوێكی توند نەبێ. ئەو لەسەر بنەمای تێگەیشتنی لە مێژوو زۆر چاك لەناسیۆنالیزم تێ گەیشتبوو، بەڵام پێ دەچێ لەو مەسەلەیەدا لە تێگەیشتنی بۆ مێژوو دووركەوتبێتەوە. ئەوو ئیدن نیگەرانی هێنانەكایەی یەكێتییەكی عەرەبی بوون بە سەرۆكایەتی ناسر . مك میلان لەبەرگی چوارەمی بیرەوەریەكانی خۆیدا كە دوای ١٥ساڵ بڵاوكرایەوە ئاوا دەنوسێ:

((هاوكارەكانم بە تێكڕای دەنگ ڕازی بوون لەسەرئەوەی كردەوەیەكی بەهێزو یەكلاكەرەوە بەئەنجام بگا .... ڕونو ئاشكرابوو كە ناسر بەنیاز بوو بە پشتگیری دارایی و چەكی كۆمۆنیستەكان شۆڕشێك بەرپا بكاو بەئاراستەی بەرفراوان كردنی جیهانی عەرەب هەنگاو بنێ. ئەو چاوی بڕیبوە سامانی ولاّتانی خاوەن نەوتی عەرەبی و بەنیاز بوو سیاسەتی دەستدرێژكارانەی خۆی بە ئاراستەیەك بخاتە گەڕ كە ئێمە ئەزمونێكی زۆر تازەو زۆر بەسوێمان لەگەڵیدا هەبوو.)) گیتسكل لەدۆستە دڵسۆزو نزیكەكانی ئیسرائیل بوو و هەندێك لەئەندامانی كابینەش وەك ئەو بیریان دەكردەوە، بەلاّم بە پێچەوانەوە، جۆرج براون[29] جێگری سەرۆكی حزبی كرێكاران بە لایەنگری نزیكی عەرەبەكان لەقەڵەم دەدرا. دوای زنجیرەیەك مشتومڕی دورودرێژو تایبەت لەنێوانیاندا، گیتسكل پێی وتین كە سەرەنجام جۆرج براون بەنابەدڵی و بەناچاری، ڕەزامەندیی پیشان داوە لەسەر بوونی ئیسرائیل وەك ولاّتێكی سەربەخۆ. ئەو پێی ناخۆش بوو كە گیتسكل ئەو مەسەلەیەی بەوشێوەیە ڕاگەیاندووە، كاتێك كە دوای سێ مانگ ئیسرائیل هێرشی كردەسەر ناوچەی كەناڵی سویس ئەو داوای لەسەرۆكی حزبی كرێكاران كرد كە سەرەڕای لایەنگریی لە ئیسرائیل دەبێ دەستدرێژكاریی ئیسرائیل مەحكوم بكا.

گیستكل چووە ژێرباری ئەو داخوازیەی جێگرەكەیەوەو دوای ئەوە بەیاننامەیەك دەركراو تیایدا ئەو دەستدرێژكاریە مەحكوم كراو دواتریش بوو بە دروشمی هەڵبژاردنی حزبی كرێكاران لەسەرانسەری ولاّتدا بەناوی ((قانونی نا بۆ جەنگ*)) لەدژی حكومەتی موحافیزكاران. شەڕی حكومەت لەدژی خۆماڵی كردنی كەناڵ لەدوو بەرەوە دەستی پێ كرا. سەرەتا شەڕێكی لاوەكی و درۆیین بەو ناوەوە دەستی پێ كرد كە بەبێ سود وەرگرتن لە ڕێبەرە بەئەزمونەكان كە لەلایەن كۆمپانیای كەناڵی سویسەوە دامەزرێراون هەر كەشتییەك كە بیەوێ لە كەناڵی سویسەوە بپەڕێتەوە نوقم دەبێ، بەلاّم

[29] George Brown

* ئاماژەیەكە بە سیاسەتی دەستدرێژكارانەی هیتلەر ـو.





هەر زوو دەركەوت كە ئەمە هەر بەهانەیەكەو ڕاست نییە. شەڕی ئەسڵی و ئامانجی ڕاستەقینەی حكومەتی ئەو دەمەی بەریتانیا لەناوبردنی ناسر بوو.

نوێنەرێكی پایەبەرزی پارلەمانیی حزبی موحافیزكار كە ئەزمونێكی زۆری هەبوو پەیوەندی نزیكی لەگەڵ حكومەتدا هەبوو پێی وتم كە كۆمەڵەی Brain Trust[30] بۆی دەركەوتوە كە كابینە بەدوای چەند بەهانەیەكدا دەگەڕێ كە هیچ پەیوەندیەكی بە كەناڵی سویسەوە نییە، بەڵكو ئامانج لێی لەناوبردنی ناسرە. هەرزوو ئاشكرا بوو كە مك میلان سەرۆكایەتیی ((لیژنەی بەهانە))[31]ی لە كابینەدا پێ سپێردراوە.

بۆیە سەركێشیەكی تری ناسر بەس بوو تا ئەو بەهانەیە بداتە دەست بەرتیانیا. وەزارەتی دەرەوە بەهاوبەشی لەگەڵ كابینەی توریدا تا سەرئێسقان لایەنگری ئیسرائیل بوون. لەلایەكی ترەوە ئیسرائیل دوژمنی میسر بوو، و لەلایەن ناسرەوە هەڕەشەی لێكرابوو: دەبێ بەهانە لەوە باشتر چی بێ؟ سەبارەت بەسودوەرگرتن لەكەناڵی سویس، بەریتانیا بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو كە ولاّتانی دەریایی[32] یەكبخا. سەرەنجام دەستپێشخەریەكەی بەریتانیا ئاكامی هەبوو و یەكێتییەكی سەیرو سەمەرە بەناوی یەكێتی ئەو ولاّتانەی سود لەكەناڵی سویس وەردەگرن ( سكوا Scua ) هاتەكایەوە كە كۆمپانیایەكی هاوبەشی نێوان ئەو ولاّتانە بوو كە سودیان لە هاتوچۆی دەریایی ئینتەرناسیۆناڵی وەردەگرتو هەر زوو بۆی دەركەوت كە بەنیاز نییە لەبەرامبەر تێپەربوون بەو كەناڵەدا شتێك بدا. میسریەكان ئامادە نەبوون مامەڵەی لەگەڵدا بكەن. مێنزیس[33] سەرۆك وەزیری ئوسترالیا پشتگیری تەواوی خۆی بۆ حكومەتەكەی ئیدن ڕاگەیاند، بەلاّم سەرۆك ئایزنهاوەر لەدوایین هەفتەكانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوەی بە

[30] دەستەیەكی پسپۆرن كە لەناو دەوڵەتی ئینگلتەرەدا وەك راوێژكاری نارەسمی و بەرنامەداڕێژی سیاسی كاردەكەن- و.

[31] Pretext Committee

[32] ئەو ولاّتانەی كە لەسەر دەریان یا ڕێگە ئاوییەكان بەكارئەهێنن- و.

[33] Menzeis

مەكتەبی بیروهۆشیاری

سەرۆكی ئەمریكا بەتەواوی ساردو سڕیی لەبەرامبەر ئەو مەسەلەیەدا پێوە دیار بوو. لە ٤ ی ئەیلولدا ئاشكرای كرد كە ئەمریكا ناچێتە پاڵ ئەو كەسانەوە كە دەیانەوێ بە زەبری هێز مەسەلەكە چارەسەر بكەن 4 ((ئێمە سورین لەسەر ئەوەی سود لەهەموو شێوازێكی ئاشتیانە وەرگرین كە ڕێی تێ بچێو بێ بەدەستەوە بۆ چارەسەركردنی مەسەلەكان... و لەو باوەڕەدا بن كە ئەم كارە دێ بەدەستەوە. نامەوێ ڕێوشوێن بۆ وڵاتانی تر دابنێمو هیوادارم ئەم پێشنیارە تایبەتە( هاریكاریی دەریایی ) قبوڵ بكرێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا نابێ لە هەوڵو كۆشش بكەوین، تەنانەت ئەگەر بەربەستی تریشمان بێتە سەر ڕێ. بەهەرحاڵ ئێمە باوەڕمان بە چارەسەركردنی ئەم ناكۆكیە بە شێوازی ئاشتیانە هەیە .)) مك میلان بەقۆستنەوەی ئەوقسەیەی مێنزیس كە سیاسەتمەدارانی ئەمریكا زۆر جار كە سەبارەت بەكردەوەیەكی دزێو پرسیاریان ئاڕاستە دەكرێ دەڵێن (( ئێمە ڕێوشوێن بۆ هیچ كەس دانانێین ،)) گەیشتە ئەو دەرەنجامەی كە ئیتر ئەوە بەسە (وئەوەشی لەبیرەوەریەكانیدا تۆماركردوە.) ئیتر دەرگاكان لەڕووی بەریتانیادا دانەخراونو ناسر هەر لەئێستاوە دەبێ ئاكامی كارەكانی خۆی لەبەرچاو بێ.

سیلوین لۆید[٣٤]وەزیری دەرەوە بەدوای مەسەلەی (SCUA) دا چوو، بەڵام فاكتەرێكی جێبەجێ كردن بوو، و لە بەرنامەداڕشتن بۆ جەنگ كە مك میلانو ئیدن كاریان تێدا دەكرد ڕۆڵی ئەسلیی نەبوو. فەڕەنسیەكان كە ئەمجارەیان سۆشیالیستێك بەناوی گی مولێ[٣٥] سەرۆك وەزیریان بوو بە تەواوی لەگەڵ نەخشەكەی بەریتانیادا بوون، ئەو و (پینۆ)[٣٦] وەزیری دەرەوەی بە درێژایی قۆناغەكانی پیلانەكە، لەسەرەتاوە تاكۆتایی دەستیان تیایدا هەبوو.

مك میلان داوای لە گی مولێ كرد نفوزی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی قەناعەت بەگیسكل بكا پشتگیری لەنەخشەكەی حكومەتی بەریتانیا بكا. گی مولێ بەڵێنی دا

[34] Selwyn Lioyd
[35] Guy Mollet
[36] pineau





مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەوڵی خۆی بدا، بەڵام بە مك میلانی وت لەبەریتانیا ئەوە موحافیزكارەكانن كە دەبێ بە سۆشیالیستی ڕاستەقینە ناو ببرێن، لەڕاستیدا كرێكاران هەرهەمان ئەو لیبراڵە كۆنانەن. ئەنجامی ئەو قسەیەی مولێ دوای ٩ساڵ ئاشكرا بوو. گی مولێو پینۆ بەشداریان لەكۆنفرانسی ڕابەرانی سۆشیالیستدا كرد كە لە چەكەرز بەڕێوە چوو. ئێستا ئیتر ڕاستیی هێرش كردنە سەر سویس لە لەندەن لای هەموو كەسێك ئاشكرابوو. من سەردانی پینوم كردو مشتومڕێكی جددیو بنەڕەتیم لەگەڵدا دامەزراند تا بزانم چەندە لەواقیع ئاشكرا دەكا.

كاتێك گی مولێ بینی ئێمە سەرقاڵی قسەكردنین بۆنی مەسەلەكەی كرد.

دەستبەجێ لێمان نزیك بۆوەو مەچەكی هاوكارەكەی گرتو ڕایكێشا بۆ شوێنێكی تر، بەڵام چەند دیمەنێكی تریشمان لەچەكەرز بینی. ئەنتۆنی نەتینگ[٣٧] كە ئەودەم وەزیری دەرەوە بوو دەستی لە كاركێشایەوە لەكتێبێكدا كە لەسەر سویس نوسیویەتی كۆبوونەوەی ڤیلا كۆبلی[٣٨]و سەردانی ئەفسەرێكی پایەبەرزی ئیسرائیلیی بۆ چەكەرز باسكردووە. دوای وردبونەوەی لەناوی ئەو كەسانەی كە ٥٠ساڵ لەمەوبەر لەدەفتەری میوانانی چەكەرزدا ئیمزایان كردبوو بۆمان دەركەوت كە یەكێك لەئیمزاكان سڕاوەتەوە. لە لۆنگ گالەری ( یا پیشانگەی كەلوپەلی عەنتیكە) زەڕەبینێكی ئەلەكتریكی هەیە كە میوانان دەتوانن سەیری مستیلەیەكی پێ بكەن كە ساڵانێك شاژن ئەلیزابێسی یەكەم لە دەستی دەكرد.

ئەو مستیلەیە لەلایەن كەسێكەوە كە دواتر لەبەرامبەر خزمەتە زۆرەكانیدا نازناوی لۆردی یەكەمی وڵاتی پێدرا برا بۆ جەیمزی شەشەم پاشای سكۆتلاند تا دڵنیابێ لەوەی كە شاژن بەڕاستی مردووەو ئەو دەتوانێ داوای تاجو تەختی ئینگلتەرە بكا. بەو زەڕەبینە ئەلەكتریكیە كە هەموو شتێكی گەورە دەكرد بە تەواوی دەركەوت كە ئەو ناوەی لەناو دەفتەری میوانەكاندا تۆماركرابوو ڕەنگە بە گوێزانێكی ڕیش تاشین سڕابێتەوە.

[37] Anthony Nutting
[38] Villa Coublay

مه كته‌بی بیروهۆشیاری

مك میلان لە ڕاپۆرتەكەی خۆیدا دەربارەی ئەو پێشهاتانەی كە بۆ خۆی یەكێك بووە لە جولێنەرە سەرەكییەكانیو هێرشەكەی بەریتانیاو فەڕەنسای بۆ سەر میسر لێكەوتەوە، ڕاشكاوانە نەدواوەو ڕاستییەكانی پەردەپۆش كردووەو هیچ ئاماژەیەكی بە ((ئۆپەراسیۆنی تفەنگداران)) نەداوە كەناوی ڕەمزیی وڵاتانی پیلانگێر بوو و ئۆپەراسیۆنەكەیان بەوە دەست پێكرد. ئیدنو ئەو لەگەڵ سلوین لۆیددا كە حەزی نەدەكرد بەشداری لەوكارەدا بكا، شان بەشانی گی مولێو پینۆ، بەشداریان لەپیلانێكی تەواودا كرد بۆهێنانەكایەی هەلومەرجێك كە هەردوو وڵات بتوانن هێرش بكەنە سەر میسرو ناسر لەناوبەرن ئەوە پیلانێكیش بوو بۆ گومڕاكردنی ئەمریكاو ئەنجومەنی نوێنەران. دواجار هەروەك ژەنەراڵ موشێ دایان لەكتێبەكەی خۆیدا بەناوی بەسەرهاتی ژیانم (١٩٧٦) نوسیویەتی حكومەتی بەریتانیا تەنانەت ئیسرائیلیشی فریو داوەو ناچاری كردووە سەر شۆڕانە پاشەكشە بكا. دایان كتێبە پڕ بایەخەكەی پرۆفیسۆر هیوتۆماسی[39] بەناوی (مەسەلەی سویس) كە لەساڵێ ١٩٦٦دا بڵاوكرایەوەو ڕاپۆرتە ساتبەساتەكەی ئەنتۆنی نۆتینگ بەناوی(( وانەی گەورە )) كە لەساڵێ ١٩٦٧دا بڵاوكرایەوە، كردۆتە بەڵگەی ئەو قسەیەی خۆی. بەریتانیەكان، ئیسرائیلیەكانیان بۆ مەرامەكانی خۆیان بەكارهێنا، لەبەرئەوەی بەریتانییەكانو فەڕەنسیەكانیش بەنیاز نەبوون وەك هاوپەیمانی ئیسرائیل دەست لەكاروباری سویسەوە وەردەن. تەنانەت بەنیاز نەبوون وەك هاوپەیمانی سەربازیش بناسرێن. لەمانگی ئەیلولدا نەخشە سەربازیەكان بۆ (( ئۆپەراسیۆنی تفەنگداران ))، كە دواتر ناوی ((ئۆپەراسیۆنی تفەنگداران ـ چاوپیاخشێنراو ـ )) و دوای ئەوەش بەناوی (( ئۆپەراسیۆنی تفەنگداران ـ چاو پیاخشێنراوی ئەلف)) ی لێ نرا، داڕێژران . لەمانگی تشرینی یەكەمدا هەشتەم تا بیستەمی ئەو مانگە بۆ دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكە دەستنیشان كراو ئەو وادەیەش جارێكی تر دەستكاری كرا . مك میلان لەو كاتەدا لەئەمریكا بوو بەو هیوایەی

[39] Hugh Thomas





مه كته‌بی بیروهۆشیاری

پاڵێك بە حكومەتی ئەمریكاوە بنێو قەناعەتی پێ بكا، بەڵام تیرەكەی بەر بەرد كەوت: دیداری لەگەڵ هێمفری وەزیری خەزێنەی ئەمریكادا ناكامانە بوو لەبەر ئەوەی هێمفری دەیویست تەنیا لەگەڵ وەزیری دارایی بەریتانیادا وتووێژ بكا. وەك دەڵێن مك میلان لەگەڕانەوەیدا، لە كاتێكدا نیگەرانی ئەوەبوو كە دەرفەتەكە لەدەست بچێ، و دەشیزانی كە نەتەوەیەكگرتوەكان داواكەی بەریتانیا قبوڵ نا كا ، هەڕەشەی كرد كە ئەگەر پەنا بۆ هێز نەبرێ دەست لە كاردەكێشێتەوە. ئیدن نەخۆشبوو، و ئازاری زراوی تینی بۆ هێنابوو و تاكەی گەیشتبوە ١٠٥ ـ ١٠٦پلە[40] . ۆڵتەر مۆنكتن[41] وەزیری بەرگری، بەڕواڵەت لەبەر نەخۆشی،و لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی كە نەخشەی هێرشەكەی بەلاوە پەسەند نەبوو دەستی لە كاركێشایەوە. سلوین لۆید كە لە هەوڵی ڕێگەچارەیەكی ئاشتیانەدا بوو پینۆی هاندا كە لەگەڵ فەوزی[42] وەزیری دەرەوەی میسردا وتووێژ بكا. لەمانگی تشرینی یەكەمدا نەخشەكان تەواوكرانو لەهەموو لایەنێكەوە ئامادە بوون .

به مەبەستی ڕێكەوتن لەسەر وادەی هێرشەكە، ئیدنو لۆید بەرەو پاریس بەڕێ كەوتن تا لەگەڵ فەڕەنسیەكاندا وتووێژ بكەن. ئیدن چووە ژێرباری گوشاری مولێوەو لۆید نائومێدو نیگەران بوو: ((تفەنگدارانی چاو پیاخشێنراوی ئەلف)) گۆڕا بە ((تفەنگدارانی چاو پیاخشێنراوی با )) .

سەرەتای مانگی تشرینی دووەم دەستنیشان كرا بۆ پەلامارەكە. موخابەراتی ئەمریكا ئاگای لەسەرجەم وردەكاریی نەخشەكان بوو، بەڵام بەهیوا بوو لانی كەم ئینگلیزو فەڕەنسیەكان ئەوەندە ئەمەكیان تێدابێ كە تا كۆتایی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ئەمریكا هێرش نەكەن .

[40] پلەی ئینگلیزی، ڕەنگە نزیكەی ٣٩ تا ٤٠ پلەی تیابێ – و.

[41] Walter Monckton
[42] Fawzi

مـولیّو بـیّن گۆریـۆن[43] و سـەرۆك وەزیـری ئیـسرائیل لەسـیڤر[44] یـەكتریان بینـی. ((وەزیری بەرپرسی بەریتانیا)) كـە ناسـنامـەكەی ئاشـكرا نـەكرا، بـەلاّم دەوتـرا كـە (( مافناسیّكی وەجاخزادە)) ی ئینگلیزیە پەیوەندیی پیّوەكردن. لەڕاستیشدا هەر سیّلویّن لۆید بووكە ئـەو كـارەی زۆر بـەدڵ نـەبوو. وردەكـاریی نەخـشنەكە وابـوو كـە ئیـسرائیل هیّرش بكاتە سەر میـسرو پاشـان بـەریتانیاو فەڕەنـسا داوای ئـاگربڕ بكـەنو كـۆنترۆڵی كەناڵ بكەن. ئامادەبوان لەو كۆبونەوەیەدا هەرهەمویان سویّندیان خوارد كە تا لەژیانـدا بمیّنن ناوەرۆكی كۆبونەوەكەی سیڤر نەدركیّنن، بەلاّم میـّژوو مەچـەكی گـرتنو مـستیان كرایەوە.

بیرەوەریەكانی دایان ساختەكاریو دوو ڕوویـی تیّدایـە. لـەو دیـدارەدا كـە لەیەكـەمی تشرینی یەكەمدا لەفەڕەنسا بـە ئـەنجام گەیـشت هیّـشتا ئـەوە سـاغ نـەبوبۆوە كـە داخـۆ بەریتانیا بەشداری دەكا یا خـود نـە . فڕۆكـە جەنگییـەكانی بـەریتانیا بـۆ ئۆپەراسـیۆنە سەربازیەكان پیّویست بوو ئەوەش بەشیّك بوو لەنەخشەكە، لەكاتیّكـدا فەڕەنـسا لـەڕووی فڕۆكەوە كەمی دەهیّنا. دووەمین دانیشتن لە ٢١ی تـشرینی یەكەمـدا لـەپاریس بەئـەنجام گەیشت. ئەو پیّشنیارەی خرایە بەردەم ئیسرائیلیەكان ئـەوە بـوو كـە بـەریتانیاو فەرەنـسا داوا لە میسرو ئیسرائیل بكەن كە لەناوچەی كەناڵ بكـشیّنەوە. ئەگـەر هـەركام لـەو دوو ولاّتـەش بـەوە ڕازی نـەبوو بـەریتانیاو فەڕەنـسا دەسـت بـەكاردەبن بـۆ كـۆنترۆڵ كردنـی كەناڵەكە. دواتر سیّلوین لۆید هاتە ناو دانیشتنەكەوە. ئـەو پیّـشنیارەی خرایـە ڕوو ئـەوە بوو كە ئیسرائیل هیّرش دەكاتە سەر ناوچەی كەناڵ. بەریتانیاو فەڕەنسا لەڕۆڵی پۆلیسدا دیّنە مەیدانو داوای كشانەوەی ئیسرائیلو میسر دەكەن . پاشان كەناڵ داگیردەكەن .

ئەوە یەكیّك بوو لە شەڕەنگیّزترین سیناریۆكانی میّژوو كە نهیّنییەكانی تا تەنانـەت دوای سـەرهەڵدانی ململانـیّ بـۆ پارلـەمانیش پـەردەی لەسـەر هەڵنـەماڵرا. پیّـشنیاری

[43] Ben Gurion

[44] Sevre كەوتۆتە باكوری فەرەنساوە – و.





ئیسرائیل بۆ ئەنجام دانی هیّرشیّكی بچووك لەلایـەن بـەریتانیاوە ڕەت كرایـەوە. لەدیـدی بەریتانیادا ڕوبەڕوبونەوەیەكی بچوك بیّ سود بوو: ئـەو جەنگـەی كـە سـەرهەڵدەدا دەبـیّ ((جەنگیّكی ڕاستەقینەو تەواو بیّ)) هیّنـدە ڕاسـتەقینە بـیّ كـە تەنانـەت بـەریتانیاش مەحكومی بكا !) .

ڕۆژانـی دوایـی كـار لەسـەر نەخـشەكان كـراو ڕۆژو سـەعاتو دەقیقـەی هیّرشـەكە دەستنیشان كرا. هیّرشەكەی ئیسرائیل لـە ٢٩ی تـشرینی یەكەمـدا بـە ئـەنجام گەیـشت. فەڕەنـسیەكانو بەریتانییـەكان لـە٣١ی تـشرینی یەكەمـدا فڕۆكەخانـەكانی میـسریان بۆردومان كرد. ئەو فڕۆكانە بەرلە چەند هەفتەیـەك گوازرابونـەوە بـۆ ناوچـەكەو خرابونـە حاڵەتی ئامادەباشەوە. هەڵەیەكی بچوك لەهاتنە ناوەوەی سەربازە بەریتانیەكاندا كرابوو. لەبەشـەكانی پیّـشودا ئامـاژەم بـەوەدا كـە سـەرقاڵیی فیكریـی دریزرائیلـی سـەبارەت بەتەنگەی سویس وایلیّكرد قوبرس بگریّو ئابرن بكاتە بنكەیەك بۆ پاراستنی ئاسایـشی كەناڵەكە لەكاتی سەرهەڵدانی جەنگ لەخۆرەلاّتی ناوەڕاستدا. لەنەخـشەكەی بـەریتانیای تایبـەت بـە جـەنگی سویـسدا بـەكارهیّنانی قـوبرس وەك خـاڵی دەسـت پـیّ كردنـی ئۆپەراسیۆنەكان پیّش بینـی كرابـوو، بـەلاّم بـە داخـەوە ئـاوی دەوروبـەری دورگەكـە وەك پیّویست قوڵ نەبوو. ئەو پسپۆڕانەی شارەزاییان لەكاروباری نەخشەدانانی ئاوەكانی سـەر ڕوی زەویدا هەیە لەكۆنفرانسەكەی بەرلینـەوە ، واتـە بەرلـە ٨٠ سـاڵ، زانیاریـان لەسـەر قـوڵیی ئـەو دەریایانـە هـەبوو كـە هەڵكـشانو داكـشانیان نییـە . لۆردبلیـك دەربـارەی ئۆپەراسـیۆنەكانی سـویس دەڵـیّ: (( لەبەرئـەوەی هەنـدیّك كـەس بەبیریانـدا نـەهاتبوو دورگەی قوبرس بكەنە بەندەریّكی ئاوی قوڵ، بۆیە هیّزە هیّرشبەرەكانی بەریتانیا ناچـار بـوون لەدورگـەی ماڵتـاوە كـە ١٠٠٠ میـل لەمەیـدانی ئۆپەراسـیۆنەكانەوە دوورە، و بەسواری كەشتی ڕیگەی ٥ ڕۆژە، ڕەوانە بكریّن ))

كاتیّك جەنگ دەستی پیّكرد ئەنجومەنی نویّنەران كە ڕۆژیّك بەر لەوتەكەی شـاژن بـە شیّوەیەكی ئاسایی لەپـشودا بـوو، لەكـەشو هەوایـەكی قەیراناویـدا كۆبـۆوە. گیـستكل

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

حكومەتی كوتا، هەرچەندە مەسەلەكە لەبنەڕەتدا تەنیا ڕووبونەوەی نێوان حزبی باڵی نەیارو حكومەتو حزبە ئەسڵیەكان بوو. نوێنەرێكی مافناس بەناوی سیدنی سیلڤەرمان[45] پرسیارێكی قانونیی كرد كە ئەمە بوو: (( ئایا ئێمە لەحاڵەتی جەنگداین؟ ئایا سەربازەكانمان ئەو مافانەیان دەبێ كە لەپەیماننامەی ژنێفی تایبەت بە حاڵەتی جەنگدا هاتووە؟ )) وەزارەتی دەرەوەو مافناسە نێو نەتەوەییەكان وەڵامیان بۆ ئەوە پێ نەبوو.

نەخێر، ئێمە لەحاڵەتی جەنگدا نەبوین: ئەوە كردەوەیەكی پۆلیسی بوو. كێشمەكێشێكی چەكدارانە بوو، نەك جەنگ، بەڵام وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی سیلڤەرمان لەلایەن لێپرسراوانەوە هەستی پەیمانشكێنی (لەبەرامبەر پەرلەمانو یاسا نێودەوڵەتیەكاندا)، پیلانگێڕیو ناشەرعی بوونی ئەو كردەوەیەی حكومەتی چەند بەرامبەر كردو دەمامكی لەڕووی حكومەتێك هەڵماڵی كە لەبەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەراندا راستگۆ نەبوو. مقۆمقۆی ناو خەڵك زیاتر سەبارەت بەحزبەكان بوو، لەبەرئەوەی لەو هەلومەرجەدا قسەكردن لەدژی دەوڵەت بەلای خەڵكەوە پەسەند نەبوو.

بەر لەسێ مانگ كە من بەتوندی دژی ئەوە بووم پەنا بۆ بەكارهێنانی هەر جۆرە هێزێك ببرێو پشتگیریم لەهەموو ئەو كەسانە دەكرد كە هەمان بۆچونی منیان هەبوو، كابینەی سێبەرم وریا كردەوە لەوەی كە هەڵوێستی ئێمە لەوڵاتدا بەلای خەڵكیەوە پەسەند نییە: ((ئێمە كە دەبێ لەسەنگەری ((لایەنگری بوێر))دا بین، ئەمجارەیان لایەنگری خەڵكی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یا بەمانایەكی تر لایەنگری بێگانەین.

هیوادارم بەو دەردە نەچم كە لەترسی لەتو پەت كردنم بەدەستی خەڵكی بەدزیەوە لەهۆڵی شاری بێرمینگام بمبەنە دەرەوە، وەك چۆن لۆید جۆرجیان لەسەر مەسەلەی جەنگی بوێر بەجلوبەرگی پۆلیسەوە لەشەڕو فەرتەنەكە قوتار كرد)).

[45] Sydney Silverman





مەکتەبی بیرو هۆشیاری

چارەنوس وابوو كە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبی كرێكاراندا لەژێر دروشمی ((قانونی نا بۆ جەنگ)) هۆڵی شاری بێرمینگام بەر من كەوتو بڕیار وابوو لەوێ قسە بۆ ئاپۆڕەیەكی پڕ جۆشو خرۆش بكەم كە لەدەرەوەی هۆڵەكە كۆبوبونەوە. بۆچونی من سەبارەت بەپشتگیریی خەڵكی لەجەنگ لەهەڵبژاردنی لاوەكی چێستەردا راست دەرچوو. دوای ئەوەی حكومەت لەهەڵبژاردنە لاوەكیەكاندا نەیتوانی سەرنجی خەڵكی بەلای پشتگیری كردن لەجەنگی سویس رابكێشێ، لەناوچەی هەڵبژاردنی چێستەر ئەنجامی ئەوتۆی بەدەست هێنا، كە لەبەرژەوەندی حكومەتی موحافیزكاراندا بوو. ئەنتۆنی نۆتینگ وەزیری دەرەوەی دۆستی عەرەب دەستی لەكاركێشایەوە.

دیمەنێكی سەرنج راكێش لەژمارە ١٠ی داوینگ ستریت بەرچاو كەوت.

مك میلان داوای لەسكرتێری رۆژنامەوانیی خۆی كرد بۆ كەم كردنەوەی كاریگەریی دەست لەكار كێشانەوەكەی وەزیری دەرەوە رۆژنامەكان راسپێرێ كە هێرش بكەنە سەر وەزیری دەرەوەی دەست لەكاركێشاوە، بەڵام سكرتێری رۆژنامەوانیەكەی ئامادە نەبوو ئەو داوایەی جێ بەجێ بكا. لێرەدا بوو كە (ئیدن)ی نەخۆش لەداخا شوشەی مەرەكەبەكەی لەسەر مێزەكە هەڵگرتو گرتیە سكرتێرەكەی، بەڵام خۆشبەختانە بەری نەكەوت.

كردەوە سەربازیەكە بەشەرمەزاری كۆتایی هات. بەریتانیاو فەرەنسا داواكەی دكتۆر هامەر شۆڵد سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتوەكانیان سەبارەت بەئاگربڕ رەت كردەوە، بەڵام لەبەرامبەردا داواكەی لیستەر پیێرسن[46]، سەرۆك وەزیری كەنەدایان لەكۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بەرەوانەكردنی هێزێكی نێونەتەوەیی بۆ كۆتایی هێنان بەجەنگ، قبوڵ كرد.

ئیسرائیلو میسر ئاگر بڕیان قبوڵ كردو بەریتانیاو فەرەنسایان لەبەرەی جەنگدا بەتەنیا بەجێ هێشت. بەو شێوەیە بەریتانیا (بیانو)ی نەماو ئیتر نەیدەتوانی وەك

[46] Lester pearson

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

پاریزەری كەناڵ لەناوچەكە بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی بەر لەهەموو شتێك پشتی بەئیسرائیلیەكان بەستبوو.

ئەمریكاش گوشاری هێنا. ئایزنهاوەر لەسەرەتاوە رایگەیاندبوو كە تا دەست تێوەردانی سەربازی لەسویس هەبێ ئەمریكا هیچ هەنگاوێك نانێ. لەنێو قانونە سیاسیەكاندا ئەوەی كە لەرۆژ روونتاكترە ئەوەیە كە لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەساڵی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا نابێ هیچ پێشهاتێكی وروژێنەر روو بدا. ئەو قانونە یا بنەمایەی من ئاماژەم پێدا ساڵێك بەر لە وادەی هەڵبژاردن[٤٧] كاری پێ دەكرێ. دواتر لەدەیەی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا ئەمریكیەكان بەپێویستیان زانی كە یەك ساڵ بەر لەهەڵبژاردنی نیو خولیی كۆنگرێس ((ماوەی هێوری))[٤٨] رابگەیەنرێ. لوتكەی سەركێشیەكانی مك كیلانو ئیدن لەهەفتەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ئەمریكادا بوو. تەنانەت ئایزنهاوەریش كە بەكەسێكی پشوودرێژ ناسراوە نەیتوانی چاوپۆشی لەو پێشهاتە بكا. بەتایبەت كە هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی خۆی بۆ بەریتانیا روون كردبۆوە. جگە لەوە ئایزن هاوەری پشودرێژ، وەزیرێكی دەرەوەی پشوتەنگو دیكتاتۆر پیشەی هەبوو بەناوی جۆن فۆستەر دالاسەوە.

ئایزنهاوەر لەهەڵبژاردنەكەی ئەو ساڵەدا سەركەوتنی بەدەستهێنا، هەرچەندە كە ئەگەری ئەوە هەبوو دەنگی زۆرینەی جولەكەكان (جولەكەكانی ئەمریكا) بەدەست نەهێنێ. ئەو دەنگە لەدژی بەریتانیا بەكارهێنرا، لەبەرئەوەی ئیسرائیل هەستی دەكرد لەلایەن بەریتانیاوە فریو دراوە. بەر لەهەموو شتێك بەریتانیەكان لەكردەوە سەربازیەكانیاندا لەدژی میسر رۆڵی هاوپەیمانیان نەدابوو بەئیسرائیل، بەڵكو رۆڵی

---

[٤٧] September Labour Day رۆژی جیهانیی كرێكاران ١ ی مایسە، لەبەرئەوە رۆژی كرێكارانی مانگی سێپتێمبەر یا ئەوەتا رۆژی كرێكارانی ئەمریكایە، یا لایەنێكی مێژوویی هەیەو من ئاگاداری نیم — و.

[٤٨] Safe period، لەو ماوەیەدا نابێ شتێكی ئەوتۆ روو بدات كە كاریگەری نەرێی لەسەر رەوتی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتیەكەی ئەمریكا هەبێو دەنگدەران دوچاری دودڵی بكا ـو.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

دزیان دابویەو وا بڕیار بوو بەریتانیاو فەرەنسا لەرۆڵی پۆلیسدا بۆ دەستگیركردنی دزەكە بێنە مەیدانەوەو بەو ناوەوە ((تۆڵە لەمیسریەكان بكەنەوە)).

لەو كەینو بەینەدا ئیسرائیل بەتاوانباری جەنگ ناوبراو پیلان گێڕانیش گیرۆدەی تۆڵەی ئەمریكا بوون. تەنانەت تا بیست ساڵ دوای ئەوەش كاتێك موشێ دایان باسی ئەو مەسەلەیەی دەكرد ئاماژەی بەوە دەكرد كە بەریتانیاو فەرەنسا، ئیسرائیلیان كردۆتە یاریی دەستیانو سوكایەتیان پێ كردووە.

ئایزنهاوەر كە ئەو مەسەلەیەی لەدڵ گرتبوو بەپەیڕەوكردنی سیاسەتێكی دراوی تۆڵەی لەبەریتانیا كردەوە. پاوەند كە لەو دەمەدا پارەیەكی لەرزۆك بوو بەتوندی خرایە ژێر گوشارەوە. ئیدن كە لەنهێنیەكانی كاروباری دراو بێ ئاگا بوو ترسی لێ نیشت. وەزیری دارایی كە رۆڵێكی گەورەی لەمەسەلەی سویسرا گێڕابوو ئیدنی لەوردەكاریەكان ئاگادار كردو سەبارەت بەكێشەكانی پاوەند درێژەی بەشێوازێكی بێ مەترسی دا تا بزانێ مەسەلەكە بەكوێ دەگا. شەرمەزاریەكە چەند هەفتەیەكی خایاندو ئیدنیش تا دەهات نەخۆش تر دەبوو. من بەسەرهاتی سەردانی رۆژنامەنوسێكی ئەمریكیم بۆ بەریتانیا لەیادە. ئەو رۆژنامەنوسە داوای كردبوو چاوپێكەوتنێك لەگەڵ سەرۆك وەزیردا بكا. لەكاتێكدا تەنانەت چاوەڕێ نەبوو وەڵامی داواكەشی بدرێتەوە.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرسامی بوو دەمودەست بانگهێشتێكی لەلایەن سەرۆك وەزیرەوە پێ گەیشت. مەسەلەكە لێرەدا تەواو نەبوو. سەرۆك وەزیر لەبەردەركی خانوی ژمارە ١٠دا پێشوازیەكی گەرمی لێكرد. رێوشوێنەكانی داوینگ ستریت روونو ئاشكرایە. سەرۆك وەزیر تەنیا دەبێ بەرەو پیری سەرۆكی وڵات، سەرۆكی حكومەتو لەهەندێك حاڵەتی دەگمەنیشدا وەزیری دەرەوە بچێ، نەك تەنانەت دكتۆر كیسنجەریش. ئیدن پلەی سەرۆكی حكومەتی بە رۆژنامەنوسێك دا، بردیە ژوورەوەو هیچ شتێكی لەگەڵدا باس نەكرد جگە لەوەی كە بەریتانیا خوازیارە ئەمریكا دەست لەسیاسەتی گوشار خستنە سەر پاوەند هەڵگرێ. رۆژنامەنوسی ئەمریكی بەڕادەیەك سەرسام بووبوو

مەکتەبی بیروهۆشیاری

که داوای لەمن کرد بیبینم. کاتێك چووم بۆ دیداری، بینیم لەگەڵ یەکێك لەهاورێکانم سەرقاڵی قسەکردنەو تا رادەیەك سەرسامیەکەی کەم بوبۆوە، لەبەرئەوەی ئەو مەسەلەکەی بۆ روون کردبۆوە. بۆ ساڵانی دوایی مەسەلە دراویەکانی ئێمە سەبارەت بەئۆپیك‌و سندوقی دراوی ئینتەرناسیۆناڵی وەك خۆی مابۆوە، بەڵام هیچ کات بەقەد ئەو کێشەیەی که لەگەڵ ئەمریکادا هەمانبوو سوکایەتی ئامێز نەبوو.

نەخۆشیەکەی ئیدن تەواو لێی پیس کرد. هەرچەندە نەخۆشیەکەی درێژخایەن بوو، بەڵام ئەو پێشهاتانەی که لەژیانی سیاسیدا روویاندا باری تەندروستیان خراپتر کرد. بەمەبەستی پشودان‌و حەوانەوە بەرەو ڤێلای (جەیمز بۆند)[٤٩]ی یان فیلمینگ لەجامایکا بەرێ کەوت‌و که لەوێ گەڕایەوە، دەستی لەکارکێشایەوە.

دوو کەس بۆ جێنشینیی ئەو دەستنیشان کرابوون، یەکێکیان ئار. ئەی. باتلەر کە لەهەموو روویەکەوە گونجاوو شیاو بوو، بەڵام باتلەر لێهاتویی لەدورخستنەوەی رکابەرەکەیدا نەبوو که سیفەتێکی پێویست بوو بۆ جێنشینی. ئەو جێنتڵمانێکی بێ خەوش بوو هەر بەجێنتڵمانیش مایەوە.

کینگزلی مارتن[٥٠] سەرنوسەری نیوستەیتسمان بەسەرهاتی ئەو جێنشینیەی بەباشی هۆنیوەتەوەو دەڵێ حزبی توری میوانداریەکی شەوانەی رێکخست. ئەنجامی ئەو میوانداریانە بۆ رۆژی دوایی بەگشتی دەردیسەری‌و لێوگەستنی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام مەیلی حزب لەهەڵبژاردنی رابەردا بەکاریگەریی ئەو میوانداریە گۆڕانکاری بەسەردا هات. بێ گومان لەدژی ئەو کەسانە نا کە بەرەو گومڕایی راپێچی کردبوون[٥١].بەڵکو لەدژی پیاوێك که تا کۆتایی ئەو میوانداریە لەگەڵیاندا بوو، و لەئاوی تەماتە زیاتر هیچی تری نەخواردەوە. ئەو پیاوەش راب Rab (کورتکراوەی ئار. ئەی. باتلەر) بوو.

---

[٤٩] یان فیلمینگ نوسەری چیرۆکەکانی جەیمز بۆندە ـوـ.

[50] Kingsley Martin

[٥١] مەبەست لەئیدن‌و مك میلانە ـوـ.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەرلەوەی موحافیزکاران لەساڵی ١٩٦٥دا بنەمایەکی رەسمی بۆ هەڵبژاردنی رابەر پەیڕەو بکەن، هەڵبژاردنی رابەر بەڕاوێژ ئەنجام دەدرا. ئەو سیستمەی که دوای هەڵبژاردنی ئالیك دۆگلاس هاوم[٥٢]، یان ملکود بە ((ئەنجومەنی جادویی))ی وەسف کرد. لەو هەڵبژاردنەدا دادوەران بریتی بوون لەسالیسبێری (کە ((با بی تی)) یەك بوو)[٥٣]، رابەری ئەنجومەنی لۆردەکان‌و کیلمەر[٥٤]، سەرۆکی ئەنجومەنی لۆردەکان کە وەك ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا نەیاندەتوانی بۆ رابەریی حزب خۆیان ناوزەد بکەن. رێ‌و شوێنە رەسمیەکە ئاوا بوو کە کاتێك کابینە کۆبوونەوەی خۆی بە ئەنجام گەیاند سالیسبێری‌و کیلمەر لەگەڵ هەریەك لەوەزیرەکاندا بەجیا قسەیان کرد سالیسبێری لەگەڵ دەزگای حزبی ناو وڵاتدا راوێژی کرد. ئەگەر ئەوەشی کردبێ ئەوا راوێژێکی سەرەپێیی‌و روکەش بووە. لەبەرئەوەی لەڕاستیدا تەنانەت بەر لەوەی پرس بەکابینە بکا بەمك میلانی گوتبوو کە پێ دەچێ کاڵای رابەریان بەباڵای ئەودا درووبێ. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە مك میلان تەنیا چەند هەفتەیەك دوای بوونی بەسەرۆك وەزیر ئەوەندە خۆی بە دەسەڵات زانی کە سالیسبێریی لەسەرکار لابرد.

بەلەسەر کار لابردنی ئەو هیچ سەگێك نەوەڕی (ئاماژەیەکی ئینگلیزیە ماناکەی ئەوەیە کە هیچ کەسێك لایەنگری یان نارەزایی دەرنەبڕی ـوـ)و مك میلان ئەگەر بیویستایە دەیتوانی هۆکەی بخاتە روو وەك چۆن لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەی تێکڕای تیمی خەزێنە (تۆرنی کرافت[٥٥]، پاوڵ[٥٦]، بیرچ[٥٧])دا خستیە روو، و ووتی ((گرفتێکی بچوك سەری هەڵدابوو.))

---

[٥٢] Alec Douglas-Home سەرۆك وەزیری پێشوتری بەریتانیا ـوـ.

[٥٣] لەساڵی ١٨٥٠دا بە کاربەدەستانی دەوڵەتیان وتووە با بی تی — و.

[54] Kilmuir
[55] Thorny croft
[56] Powel
[57] Birch

مك میلان كه بەقەد ئەوانی تـر لـەپیلانی هێـرش كردنـە سـەر (سـویس)دا دەسـتی هەبوو سودێكی گەورەی لەومەسەلەیە وەرگرت‌و ئەویش ئەوەبوو كە دوا بـەدوای گوشـارە دراویەكانی دوای پێشهاتی سویس، ئیدنی تا دەرگـای دەرەوەی خـانوی ژمـارە ١٠ بـەڕێ كـردو میراتـی سـەرۆك وەزیریـی بەدەسـتهێنا. پاشـان داوای لەسـەرجەم پـسپۆڕان‌و لێپرسراوان كرد كە بێن‌و دانیشن‌و رێگا چارەیەك بۆ ئەو گوشارە دراویانە بدۆزنەوە.

لەپۆستی سەرۆك وەزیریـدا هـەرگیز كـۆنترۆڵی خەزێنـەی لەدەست نـەدا لەبەرئـەوەی بەسیـستمێكی دراویـی گرنگـی دەزانـی بـۆ سـەركەوتن لەهەڵبژاردنـدا. ئەگـەر سـوڕی بازرگانی نەبوایە ئەو دایدەهێناو بۆ مەرامی هەڵبژاردنی خـۆی بـەكاری دەهێنـا. باتلـەر لەحكومـەتەكەی چێرچیلدا كاتێك كە وەزیری دارایی بوو هێنابویە كایەوە.

ئەو سیاسەتە كە پێی دەوترێ سوڕی بازرگانی بەم شـێوەیەیە: دانـانی شـەش پێـنس باج لەسەر داهات بەر لەهەڵبژاردن، و دوای هەڵبژاردنیش زیادكردنی باجی ناڕاستەوخۆ بۆ گەڕاندنەوەی پارە بۆ خەزێنە یا بـە مانایـەكی تـر ماشـینەوەی لـەگیرفانی بـەكارهێن. بەڵام ئەگەر باتلەر بە قوتابی ئەو سیاسەتە لەقەڵەم بدەین، مك مـیلان مامۆسـتای بـوو. ئەو وەك وەزیری دارایی‌و سـەرۆك وەزیـر ئـەو سـوڕەی پیـادە دەكـرد: لەسـاڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩ لێبـوردنی بـەرفراوانی بـاجی راگەیانـد بەمەبەسـتی ئـەوەی لەسـەروبەندی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٥٩دا گیانێك بكاتەوە بەبەری ئابوریـداو بیخاتـە گـەڕو پاشـان بڵێ: ((هەرگیز حاڵی لەوە باشترمان بەخۆمانەوە نەدیوە...)) ئەو باش بیری كردبۆوەو بەو كارەی گیتسكلی لەسەر كار لابردو پەی بەگرنگیی هەڵبژاردنێك برد كە لەسەر بنـەمای ئابوری بێ.

ئەو سوڕی بازرگانیەی لە ١٩٦٢ ـ ١٩٦٣شـدا بـەكارهێنا. سـاڵانی ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ ئـابوری داوەسـتانێكی تونـدی بەخۆیـەوە دی. لـە٥ی تـشرینی دووەمـی ١٩٦٢دا لەسەروبەندی ئەنجامدانی چـەند هەڵبـژاردنێكی لاوەكیـی گرنگـدا، رێجـی ماڵـدینگ[58]

[58] Reggie Maulding





وەزیـری دارایـی دەسـتی دایـە جموجـوڵێكی لـەناكاوی ریفلەیـشنی (هێنانـە كایـەی هەڵاوسانێكی درۆیین دوا بەدوای داوەستانی ئابوری).

مك میلان لەبەر نەخۆشی نـەیتوانی بەشـداری لەهەڵبژاردنەكـەی تـشرینی یەكـەمی ١٩٦٤دا بكـا. سـەرۆك وەزیریەكـەی مـك مـیلان دەیتـوانی گوزارشـت لەناونیـشانی كتێبەكەی سێر ئارسەر برایەنت ((سـەردەمی ناسـكی)) بكـا ئەگـەر نوسـەر مەبەسـتی لەوەسف كردنی سەردەمێكی مێژوویی بەر لەو سەردەمە نەبوایە. ئەو سەرۆك وەزیرێكـی سەر بەسەردەمی كلاسیك بوو كە سیاسـەتی دەرەوەو كۆمۆنوێڵـسی كردبـووە گـرنگترین تەوەری خۆی.

لەو چەند هەفتەیەی بەر لەدەست بەكاربوونی لەخانووی ژمارە ١٠دا رۆڵـی جیهـانیی بەریتانیا بەتەواوی گۆڕانكاری بەسەردا هاتبوو.

دوایین سەركێشیی ئیمپراتۆرئاسایانەی ئـەو شـەرمەزاری‌و شكستی لـێ كـەوتبۆوە. بەریتانیا لەسەرزەنشتی نەتـەوە یـەكگرتوەكان‌و سـەرۆك وەزیـری كەنـەدا قوتـاری نـەبوو. هەروەها لە ناوچاوان گرژیی سەرۆكی ئەمریكاش قوتاری نـەبوو كـە لەلایـەن وەزیرێكـی دەرەوەی ئاڵۆزو سەختگیرەوە رۆژانە مێشكی پڕ دەكـرا، و ئەگـەر بـەریتانیا پـێی خـوار دابنایەو جارێكی تر بخزایە، ئایزنهاوەر دەیتوانی زۆر سانا سزا دراویەكانی توندتر بكـاو پاوەند بخاتە مەترسیەوەو چۆك بەبەریتانیا دابدا.

تاكە خاڵێك كە دەتوانرێ باسی لەسەر بكرێ ئەوەیە كە سویس تا چـەند كاریگـەریی لەسەر پێگەی بەریتانیا هەبووەو تا چەند ئەو مەسەلەیە لەپلەوپایەی بەریتانیای داوە.

ئەو ڕاستییەی كە چیتر بـەریتانیا نەیئـەتوانی بـە كـردەوەی ناقـانونی ویـستی خـۆی بەسەر نەژادە نزمترەكانی* تردا بسەپێنێ بۆ خەڵكی دنیا، بۆ خەڵكی ئینگلتـەرەو زیـاتر لە هەركەسێكی تریش بۆ خودی مك میلان ڕون و ئاشكرا بوو.

* مەبەست میسرو وڵاتانی كۆلۆنیی بەریتانیایە ـ و ـ. مك میلان لەئاستێكدا بـوو كـە دەیتـوانی هـەموو ئـەو ئەزمون‌و توانایانە بەباشی بەكاربهێنێ‌و بەرجەستەیان كا.

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

یەكێك لەكارە باشەكانی ئەوەبوو كە زیاتر لەهەر كەسێكی تر هەولێدا رۆڵی بەریتانیا بەگوێرەی واقیعی رۆژ هەڵسورێنێو بەئامانجەكانی خۆی بگا لەرێی بەكارهێنانی نفوزەوە، نەك هێز. ئەو پەی بەوە برد (و ئەوە ئەمڕۆكە راستیەكی حاشا هەڵنەگرە) كە هێزو توانای بەریتانیا بەر لەهەموو شتێك پشت ئەستوورە بەئەزمونە گرانبەهاكانی. ئەو ئەزمونانەی كە لەبوونی سیاسەتمەداران، بەڕێوەبەران، خاوەن پیشەكان، كرێكاران، دیپلۆماتەكان، بازرگانو خاوەن كەشتیەكانو لەزانستو ئەزمونی كەڵەكەبوی سیتی (گەڕەكی دراویی لەندەن)ەوە سەرچاوە دەگرێ.

ئەو دەیتوانی بەخێرایی پەندو وانە لەو وێرانەیە وەرگرێ كە بەمیرات بۆی جێ مابوو و خودی ئەو تا رادەیەكی زۆر لە وێرانكردنیدا دەستی هەبوو. ئەركی ئێمە بنیادنانەوەی سەرلەنوێی پەیوەندیەكان بوو لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانو كەنەداداو بەشداربوون لەچارەنوسی ئەوروپای نوێدا، كە بەپەیماننامەی رۆما[59] هاتبووە كایەوە.

ئەو بەهیوا بوو كە: كاتێك دۆخەكە بەرەو باشی چوو جارێكی تر دەسەڵاتمان گرتەوە دەست، كاتێك متمانە بەخۆو متمانەی كەسانی تر بەئێمە جارێكی تر زیندو بۆوە، دەتوانین لەپەرەپێدانی پەیوەندیەكانی خۆرهەڵاتو خۆراوادا رۆڵی سەرەكی بگێڕینو رەنگە بتوانین جارێكی تر كۆنفرانسی بەریتانیاو سۆڤێت كە چێرچیل لەپێناویدا دەست لەكاركێشانەوەكەی دواخست زیندو بكەینەوە.

پێشهاتی زۆر لەجیهاندا روویداوە لەوانە سەركوتكردنی بێ بەزەییانەی هەنگاریا لەلایەن یەكێتی سۆڤیەتەوە. كاتو پشودرێژی پێ دەوێ. چارەنوسی پەیوەندیەكانی خۆرهەڵاتو خۆراوا (بەبۆچونی مك میلان) نابێ تەنیا بكەوێتە دەست كۆشكی سپیو جۆن فۆستەر دالاسەوە. مك میلان دەرفەت، پشودرێژیو لەهەموو ئەمانەش گرنگتر تواناو لێهاتویی ئەو كارەی هەبوو. شێوازی كاركردنی دەبوایە هەمان شێوازی كاری

[59] Treaty of Rome





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

شۆومانەكان[60] بێ ( ئەو كەسێكی سیاسەتمەدار ـ ئەكتەر بوو)، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەو رەچەتەیە بوو كە دەبوایە بۆ جێبەجێ كردنی سیاسەتەكەی بینوسێ.

مك میلان لەبەرگی چوارەمی ئۆتۆبایۆگرافیەكەی خۆیدا ئاماژەی بەشەش مەسەلە داوە كە لەكاتی سەرۆك وەزیریەكەیدا كابینە كاری لەسەر كردووە: ((گەڕاندنەوەی متمانەی خەڵكی بەدەوڵەتو متمانەی خەڵكی لەناو خۆیاندا پێویستیەكی هەنوكەییە. رووداوەكانی چەند مانگی رابردوو سەرجەم ئەو كەسانەی بەتوندی هەژاند كە دژایەتیی هەنگاوەكانی دەوڵەتیان دەكرد یاخود لایەنگری بوون. ئەو راستیەی كە فەرەنساو بەریتانیا تەنانەت بەو هەنگاوە هاوبەشەی خۆشیان ئیتر ناتوانن ویستی خۆیان بەسەر (گەلانی تر)دا بسەپێنن دەبێ ببێتە مایەی بەئاگا هێنانەوەمان. ئەوروپای خۆراوا بەدرێژایی مێژوو هەرگیز تا ئەم ئاستە لاواز نەبووە. ئەوە نیشانەیەكی خراپە كە ئەوروپای خۆراوا خۆی لەبەرامبەر ئەمریكاو روسیا[61]دا دەبینێتەوە...

دووەمینیان: ئاكامەكانی كردەوەكەی ئێمەیە لەسویس. دەست بەسەردا گرتنی كەناڵ، ئەو سوكایەتیانەی كە بەدڵنیاییەوە پێمان دەكرێو ئێمە دەبێ رووبەڕوویان بینەوە. هەروەها مەسەلەی نەوتو مەترسیی بڕینی رێگەی هاتنی نەوتە، و ئەوەی كە كاتێك كەناڵ دەخرێتەوە گەڕ ئایا میسریەكان هەقی تێپەڕین پیایدا بەپاوەند قبوڵ دەكەن یا داوای ئاڵتون یا دۆلار دەكەن...

سێیەم: ئەوەی كە پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمریكادا بكەینو چۆن ئەو یەكێتیەی كە لەجیهانی ئەمڕۆدا پێویستە بەدی بهێنین؟ قسەكردن لەسەر ئەوەی چ كەسێك بەرپرسیارە لەساردو سڕیی پەیوەندیەكانمان لەگەڵ ئەمریكادا هیچ سودێكی نییە. بەهەرحاڵ بێ ئەوەی كاریگەری خراپی لەسەر كاروباری ئێمە هەبێ پێویستە

[60] Show man

[61] ئاماژەیەكە بە سەنگەرگیریی ئەمریكاو سۆڤێت لە دژی فەڕەنساو ئینگلتەرە لە مەسەلەكەی (سویس) دا- و.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

هەرچی زوترەو لەنزیكترین دەرفەتدا پەیوەندیەكانی خۆمان لەگەڵ ئەمریكادا بخەینەوە گەڕ...

چوارەم: مەسەلەی باری ئابوریی ئێمەیە ئەوەندەی پەیوەندیی بەوەرگرتنی كۆمەك لەئەمریكاوە هەیەو لەهەندێك رووەوە بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو بەرەوپێشچونی بەخۆیەوە دیوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرەچاوگرتنی ئەو ئەزمونەی كە لەكاروباری خەزێنەدا هەمەو ئەو ئەزمونانەی كە دەبێ لەژیانی كارای سیاسیمدا فێریان بم، دەبێ بڵێم ئاراستەكردنی ئابوریی بەریتانیا بەرێچكەیەكی ڕاستدا لەنێوان هەڵاوسان (زیادبونی نرخەكان)و دژەهەڵاوسان (دیفلەیشن: كەم بوونەوەی نرخ)و راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان گەشەی زۆرو گەشەی كەمدا، كارێكی زۆر وردە... ناتوانرێ بەفۆرمۆڵێكی بیركاری یا ژمێریاری چارەسەر بكرێ. بەڕێوەبردنی ئابوریی وڵاتێك وەك ئەوە وایە بەسواری پاسكیلێكەوە بەسەر پەتێكی باریكدا بپەڕیتەوە...

پێنجەم: بەرگری. پێویستە پەندو وانە لەلەشكركێشیەكەی سویس هەڵهێنجین، پێویستە بەهای راستەقینەی قوبرس سەرلەنوێ هەڵسەنگێنینەوە. لەوەش گرنگتر لەسەربنەمای ئەو ئەزمونەی كە لەكاتی گرتنە دەستی پۆستی وەزارەتی بەرگری بەدەستم هێناوە پێویستە گرنگی چەكە ئاسایی‌و نائاساییەكان جارێكی تر هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێ.

دواجار دەگەینە ئایندەی كۆمۆنوێڵس. لەقەیرانەكەی سویسدا ئەوەندەی بزانم وڵاتانی كۆنی كۆمۆنوێڵس بەوپەڕی تواناو دڵسۆزیانەوە لەگەڵماندا بوون. هیندستان سەرەڕای بێزاریی سروشتی لەپەنا بردنە بەر هێز وەك ئامرازێكی سیاسەت، دڵسۆزی‌و نیەت پاكیی خۆی پیشاندا. پاكستان‌و سەیلانیش بەهەمان شێوە. لەچەند مانگی داهاتوودا كۆبوونەوەی سەرۆك وەزیرانی كۆمۆنوێڵس ئەنجام دەدرێ‌و بەڕێوەبردنی ئەو كۆنفرانسە پێویستیی بەوردەكاری هەیە، بەڵام سەبارەت بەئایندە دەبێ چی بكەین؟...)) ئەو





بەئاماژە بەسەربەخۆیی نزیكی گینیاو مالایاو ئەو كۆلۆنیانەی تر كە دوابەدوای ئەوان داوای سەربەخۆیی دەكەن، بەشێوەیەكی دوربینانە وتی:

((ئەو پێشهاتانە درێژەیان دەبێ. ئایا دەتوانرێ بەریان پێ بگیرێ؟ ئایا دەتوانرێ تا ئەو جێیەی كە دەكرێ بەشێوەیەك ئاراستە بكرێن كە بەرژەوەندیی بەریتانیای تێدا بێ؟ ئایا چارەنوسی من ئەوەیە كە شێوەی ئیمپراتۆری بگۆڕم یا بەڕێوەبەری پاكسازیكردنی بم؟))

ئایا چارەنوسی مك میلان ئەوەبوو كە سیمای ئەوروپا بگۆڕێ؟ هەروەك مك میلان ئاماژەی پێدا، هەنوكەیی ترین مەسەلە قەیرانی نەوت، داخستنی كەناڵ‌و بڕی ئەو پارەیە بوو كە دەبوایە بدرێ لەبەرامبەر تێپەڕبوونی كەشتیەكاندا بەو كەناڵەدا. كەناڵ بەخێراییەكی سەرسوڕهێنەر پاك كرایەوەو لەمانگی نیساندا لەبەردەم هاموشۆی كەشتیەكاندا كرایەوە، بەڵام پیشەسازیی بەریتانیا كەمیی نەوت‌و ماددەی خاوی پێوە دیاربوو ئەو قەیرانەش تەنیا بەپەیڕەوكردنی سیستمی جیرەبەندیی نەوت چارەسەر كرا كە تاكو ئێستا لەئاشتیدا هاوتای نەبووە.

كێشەی ئەسڵیی دیپلۆماسیی بەریتانیا بەگەڕخستنەوەی پەیوەندیەكان بوو لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا. مك میلان تا رادەیەك بەهۆی پەیوەندیی تایبەتی خۆیەوە لەگەڵ ئایزنهاوەردا لەكاتی جەنگی باكوری ئەفریقادا، هەر زوو توانی لەو لایەنەوە سەركەوتوبێ. ٩ هەفتە دوای بوونی مك میلان بەسەرۆك وەزیر بەپێشنیاری ئایزنهاوەر دیدارێك لە بەرمۆدا رێكخرا. یەكێك لەو شتانەی لەو دیدارەدا لەسەری رێككەوتن ئەوەبوو كە ویلایەتە یەكگرتووەكان موشەكی ئەتۆمی بدا بە بەریتانیا. ئەم مەسەلەیە هەروەك لەداهاتوودا دەیبینین كۆمەڵێك ناكۆكی‌و كێشەی پارلەمانیی بۆ مك میلان هێنایە كایەوە. ئەو كەسانەی كە لەهەردوو بەرەی ئەنجومەنی نوێنەراندا رق‌و توڕەیی سەرۆكی ئەمریكایان لەپایزی ١٩٥٦دا بەدی كردبوو هەرگیز پێشبینیی ئەوەیان نەدەكرد مك میلان بتوانێ قەناعەت بەئایزنهاوەر بكا سەردانێكی رەسمی بۆ لەندەن

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

بەئەنجام بگەیەنێ‌و لەسەروبەندی هەڵبژاردنەكەی ١٩٥٩دا پێكەوە گەشتێك بەناو شاری لەندەندا بكەن‌و بەوەش سەركەوتن لەهەڵبژاردندا بۆ خۆی مسۆگەر بكاو زۆرینە لەپارلەماندا بەدەست بێنێ.

ئەو گەشتە شایستەی ئەو خەڵاتە بوو. هیچ كەسێك وەك ئەو نەیدەتوانی لەگەڵ سەرۆك كەنەدیدا دوای هەڵبژاردنی لەتشرینی دووەمی ١٩٦٠دا پەیوەندیی نزیك‌و باش بنیاد بنێ.

مك میلان لەدروستكردنی پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ سەرۆكی ئەمریكادا، چالاكانەو خێرا هەنگاوی نا. لەمارسی ١٩٦١یشدا لە (كی وێست)[62]ی فلۆریدا لەگەڵیدا كۆبۆوە. كەسانێك هەبوون لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت نوێنەرێكی نەوەی كۆن چۆن دەتوانێ سەرۆكێكی لاوو چالاك بخاتە ژێر كاریگەریەوە؟ و غافڵ بوون لەوەی كە ئەو دوایین ئەفسونی مەزنی نەوەی رابوردوو، لەجیهانێكدا كە لەسەر لێواری جەنگێكی تر بوو بەگوێی بەرامبەرەكەیدا دەچپێنێ.

قەیرانی لاوس لەیەكەمین دیداری نێوانیاندا رۆڵێكی گەورەی هەبوو و هەر زوو متمانەی لەنێوانیاندا دروست كرد. مك میلان بەزیرەكی‌و نەستی خۆی كاری لەسەر ئەو متمانەیە كردو خێرا یەكێك لەوەزیرەكانی خۆی بەناوی لۆرد هارلیچ[63] كە دۆستێكی دێرینی بنەماڵەی كەنەدیەكان بوو بەڕێنمایی پێویست وەك باڵیۆزی بەریتانیا داناو رەوانەی واشینتۆنی كرد.

نزیكەی بەدرێژایی قەیرانی كوبا كاتێك سۆڤێتیەكان‌و ئەمریكیەكان رووبەڕووی یەكتری راوەستابوون‌و جەنگی نێوان ئەو زلهێزانە زیاتر لەهەر كاتێكی تری دوای جەنگی دووەمی جیهان‌و بەتایبەت گەمارۆی ئاسمانیی بەرلین پێشبینیی قەومانی دەكرا، دەیڤید هارلیچ بۆ ساتێكیش پێی لەكەنەدی نەبڕی. لەڕێی دەیڤید هارلیچەوە بوو كە مك میلان رۆڵی گەورەی خۆی لەئامۆژگاریكردنی سەرۆك لەمەترسیدارترین ساتەكانی ئەو

---

[62] Keywest

[63] David Harlech




مەکتەبی بیر و هۆشیاری

قەیرانەدا گێڕاو بەردەوام بوو لەسەر پەیوەندی كردن لەڕێی تەلەگرام‌و هێڵی تەلەفۆنی سورەوە لەگەڵ كۆشكی سپیدا.

٤٠ لاپەڕە لەبیرەوەریەكانی مك میلان تەرخانە بۆ دەقی وشە بەوشەی تەلەگرامەكانی نێوانیان‌و گفتوگۆ تەلەفۆنیەكانیان لەڕێی هێڵی سەرانسەریی ئۆقیانوسی ئەتلەسیەوە.


پەیوەندیی نزیك لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكاندا هاتنەدیی ئامانجێكی تری مك میلانی لێ كەوتەوە، كە ئەویش پەیماننامەی قەدەغەكردنی تاقیكردنەوە ئەتۆمیەكان بوو كە لە ١٠ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٣دا ـ دوو رۆژ دوای كەوتنی لەنەخۆشخانە بەكاریگەریی نەخۆشی دڵ ـ ئیمزا كرا.

مك میلان ٨ رۆژ دوای ئەوە، دەستی لەكاركێشایەوە.

مك میلان لەشوباتی ١٩٥٩دا سەردانی یەكێتیی سۆڤێتی كرد كە سەردانێكی سەركەوتوو بوو و بانگەشەی باشیشی بۆ كرا. ئەو سەردانە كۆبوونەوەی باڵای پاریسی لەمایسی ١٩٦٠دا لێ كەوتەوە، كە بەهۆی فڕینی فڕۆكەی سیخوڕیی یو ٢ی ئەمریكی بەسەر خاكی سۆڤێتدا گیروگرفتی تێكەوت.

گرنگیەكی زۆریشی بەپەیوەندیەكانی نێوان وڵاتانی كۆمۆنوێڵس دەداو ئەوە لەو مەسەلە گرنگانە بوو كە دوای بوونی بەسەرۆك وەزیر خستیە ناو پێڕستی كارەكانی خۆیەوە. سەرۆكایەتیی چوار كۆنفرانسی كۆمۆنوێڵسی كرد كە لەساڵانی ١٩٥٧، ١٩٦٠، ١٩٦١و ١٩٦٢دا گرێ دران، لەكۆنفرانسەكەی ساڵی ١٩٦١دا، ئەفریقای باشور لەبەر پەیڕەوكردنی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی دەركراو وەك كاردانەوەیەك لەكۆمۆنوێڵس كشایەوە.

هیچ سەرۆك وەزیرێك لەكاتی دەسەڵاتیدا بەقەد ئەو سەردانی وڵاتانی كۆمۆنوێڵسی نەكردوە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا سەردانی هیندستان، پاكستان، سەیلان، ئوستورالیاو نیوزلاندی كرد. ساڵی ١٩٦٠ سەردانی گینیا، نایجیریا، رۆدیسیاو



مك میلان و هاوسەرەكەی لەئۆفیسی سەرۆك وەزیریی بەریتانیا ـ ساڵی ١٩٥٧





ئەفریقای باشوری كرد. لەسەفەری دووەمیدا دەستەواژەی ((باهۆزی گۆڕانكاری))[٦٤]ی نەمر كرد (هەرچەندە كە خۆی داینەهێنابوو). كاتێك ئەو دەستەواژەیەی لەگینیا بەكارهێنا سەرنجی هیچ كەسێكی ڕانەكێشا، بەڵام كە لەبۆنەیەكدا لەئەفریقای باشور دووبارەی كردەوە ـ دوای سەردانەكەی بۆ ڕۆدیسیا ـ بەگەرمی پێشوازیی لێكرا.

لەكاتی سەرۆكایەتیی مك میلاندا بوو كە فیدراسیۆنی ڕۆدیسیاو نایاسلەند ـ كە هەر لەسەرەتاوە بیرۆكەی پێكهێنانی ڕاست نەبوو ـ لەبەریەك هەڵوەشایەوە.

ناكۆكیەكان لەگەڵ هەڵبژاردنی دكتۆر باندا لەنایاسلاند سەریان هەڵداو پێكهێنانی كۆمیسیۆنی (مانكتن)[٦٥]ی لێ كەوتەوە بەمەبەستی تاووتوێكردنی ئایندەی ئەو فیدراسیۆنە كە لەڕاستیدا دەبوایە لەبەریەك هەڵوەشێتەوە.

یەكێك لەهەنگاوە ڕەق و نابەجێكانی مك میلان قبوڵ نەكردنی جەیمز كالاهان[٦٦] وەزیری كۆلۆنیەكانی حكومەتی سێبەر بوو كە لەلایەن گیتسكلەوە وەك نوێنەری باڵی نەیار لەكۆمیسیۆنی مانكتندا دانرابوو.

مك میلان سەرەنجام بەپێداگرتن لەسەر ئەوەی كە دەبێ سەرجەم ئەندامانی كۆمیسیۆن ئەندامی ئەنجومەنی مەلەكی و یا حكومەتی بن، نەیهێشت كالاهان پێ بخاتە ناو ئەو كۆمیسیۆنەوە.

لەبەشی دووەمی كتێبی ((سەرۆك وەزیران))ی دەنكەن كرۆ[٦٧]دا تیۆریەكی هێمادار لەو بارەیەوە دەخاتە ڕوو: ((... بەریتانیا لەبری ئیمپراتۆریی پشت دەریاكان، ئیمپراتۆریەكی گەورەی لەكۆچبەران لەناو حەسارەكەی خۆیدا هەبوو.)) شەپۆلە گەورەكەی كۆچ لەوڵاتانی كۆمۆنوێڵسەوە كە تا ئەو كات لەڕووی قانونیەوە سنورێكی بۆ دیاری نەكرابوو و تەسلیم كردنی لائیحەی كۆچی كۆمۆنوێڵسی لێ كەوتەوە كە

---

[٦٤] درێژەی دەستەواژەكە بەم شێوەیەیە: باهۆزی گۆڕانكاری هەڵی كردوە ـ و ـ.

[65] Manckton

[66] James Callaghan

[67] Duncan Crow

مه كتەبی بیرو هۆشیاری

گیتسكلو ژمارەیەك لەنوێنەران دژی وەستانەوە. هەرچەندە مك میلان خەسرەتی بۆ ئەو كاتە هەڵدەكێشا كە لەوەدا بەفیڕۆی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا كاتێكی زۆری بۆ بەرگری كردن لەلائیحەكە تەرخان كردو خۆی لەبیرەوەریەكانیدا نوسیویەتی كە ئەگەر ئەوەی نەكردایە، رووبەڕووبونەوەی توند لەنێوان ئەوو نوێنەرانی حزبی لەناو پەرلەماندا سەری هەڵدەدا.

سیاسەتی بەرگریو بەتایبەت مەسەلەی سیستمی بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمیی سەربەخۆی بەریتانیا كە لەكاتی گرتنە دەستی پۆستی سەرۆك وەزیری، خستبویە ناو پێرستی كارەكانی خۆیەوە، كێشەو گرفتی زۆری لەدانوستانەكانی پشت دەریاكانو لەناو پارلەماندا بۆ نایەوە. حكومەتی موحافیزكار لەسەر بنەمای بڕیارەكەی خۆی سەبارەت بە خۆپڕچەككردن بەسیستمێكی سەربەخۆی بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی بڕیاریدا موشەكی جۆری بلوستریك[68] بەكاربهێنێ.

لەكاتی سەردانەكەی مك میلاندا بۆ مۆسكۆ - بەدڵنیاییەوە بۆئەوەی ئیدیعای مك میلان گوێی لێ بگیرێ - ناونیشانی رۆژنامەكانی عەسری بەریتانیا بەم شێوەیە بوو: ((بلوستریك براوە دەبێ. ))، ((بەریتانیا موشەكی ئەمریكی رەت دەكاتەوە.))، ((ئێستا مك میلان لەمەوقیعی هێزەوە دانوستان دەكا.)) ئەو موشەكە ئەمریكیەی كە مشتومڕی لەسەر دەكرا، پۆلاریس[69] بووكە لەماوەیەكی كەمدا دەیتوانی ئاراستەكەی خۆی بگۆڕێ.

ناونیشانی رۆژنامەی تایمز ئەمە بوو: ((بلوستریك قبوڵ))، ((پولاریس رەت)) دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵو لابردنو دانانی سێ وەزیری بەرگریو خەرج كردنی ٦٠٠٠

---

[68] Blue Streak موشەكی ئەتۆمی ئینگلیزی -و-.

[69] polaris موشەكی ئەتۆمی مەودا مامناوەندیی دەریا بەزەوی كە لەلایەن هێزی دەریاییەوە بەكاردەهێنرا -و-.





مه كتەبی بیرو هۆشیاری

ملیۆن پاوەندو بێنەوبەرەیەكی سیاسیی زۆر كە بۆ بەریتانیا بەنرخێكی گران تەواو بوو، سەرەنجام موشەكی پۆلاریس قبوڵكرا.

پرۆژەی بلوستریك شكستێكی پڕخەرجی بوو بۆ بەریتانیاو بۆ هەمیشە خرایە لاوە. هارۆڵد واتكینسن[70] كە موشەكی جۆری (سكای بۆڵت)[71]ی بۆ بەریتانیا بەلاوە پەسەندبوو سوور بوو لەسەر ئەوەی چەندین ملیۆن پاوەندی تر بۆ ئەو پرۆژە بەرگریە تەرخان بكرێ. كاتێك من لەساڵی ١٩٦٢ بێ هیچ مەرامێك پرسیم ئایا ئێمە موشەكی سكای بۆڵت وەردەگرین؟ بەتوڕەییەوە گوتیان هیچ گومانێكیان لەوەدانییەو چەند پەیامێكیان ئاراستەی ئەمریكا كردوەو داوایان لێ كردوە ئەو مەسەلەیە رابگەیەنێ بۆ رەوینەوەی هەر گومانێك لەو بارەیەوە، بەڵام بێ دەنگیەكەی واشینتۆن گوێی كەڕ دەكرد. لەكانونی دووەمی ١٩٦٣دا كەنەدی بەشەرمەوە بەمك میلانی راگەیاند كە سكای بۆڵت نادرێو بەریتانیا تەنیا دەتوانێ پۆلاریس وەرگرێ.

جۆرج راونو نوێنەری حزبی كرێكارانو من، لەغیابی گیتسكلدا كە لەوكاتەدا لەئیسرائیل بوو، لەباسو خواستی هەڵوەشانەوەی پرۆژەی بلوستریكدا پرسیمان كە ئایا بەریتانیا ((سیستمێكی سەربەخۆی بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمیی دەبێ؟))، یاخود دەتوانێ بیبێ؟ جۆرج براون بەشێوەیەكی پێشبینی نەكراو بێئەوەی پێشتر هاوكارەكانی ریزی پێشەوەی ئەنجومەنی لێ ئاگادار بكا، هەنگاوێك هاتە پێشەوەو وتی كە هەڵوەشانەوەی پرۆژەی سكای بۆڵت ئەوە دەگەیەنێ كە ئێستا بەریتانیا لەدەرەوەی پێشبڕكێی چەكدایە.

ئەو پرسیارە گیتسكلی هەژاند. مك میلان لەهیچ مەسەلەیەكی سیاسیدا بەقەد ئەو مەسەلەیە دوچاری شەرمەزاریو گرفت نەبوو.

---

[70] Harold Watkinson

[71] Sky bolt موشەكێكی ئەمریكیە -و-.

جگە لەهەڵوەشانەوەی پرۆژەی سكایبۆڵت كە گورزێكی گەورە بوو، مك میلان هەر لەمانگی كانونی دووەمدا دوو گورزی تری پێكەوت: دووەمیان ڤیتۆكەی دیگۆل بوو لەدژی



مك میلان و خرۆچۆف

ئەندامێتیی بەریتانیا لەكۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپادا، و سێیەمیشیان قەیرانێكی ئابووریی نوێ بوو.

مك میلان وەڵامی پرسیارێكی تایبەت بەكۆمۆنوێڵسی لەبەرامبەر ئەوروپا (بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا)دا دایەوەو زۆر پیاوانە رایگەیاند كە كۆمۆنوێڵس واقیعێكی جیایەو





دوای ماوەیەك بڕیاریدا داخوازیی بەریتانیا بۆ بوون بەئەندام لەبازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا كە بەگوێرەی پەیماننامەی رۆما لەساڵی ١٩٥٧دا دامەزرێنرابوو، رەوانە بكا.

حكومەتەكەی بەلەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەكانی مەسەلەكەو بەتاووتوێ كردنێكی رەخنەگرانەوە لەمەسەلەكە نزیك بوبۆوە.

لەكتێبی بیرەوەریەكانیدا وردەكاریی تەواوی وتووێژەكانی ناو كابینەو شەڕەكانی ناو كابینەو بڕیارەكەی خۆی سەبارەت بەدەستنیشانكردنی ریجینالْد مادلینگ وەك لێپرسراوی دانوستانەكانی (تایبەت بە ئەندامێتیی بەریتانیا لەبازاڕی هاوبەشدا)، تۆمار كردووە. مك میلان هەقی بوو مەسەلەكە بەجددی وەرگرێ و بەرەبەرەو هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێشی بەرێ. حزبەكەی ئەو، كە حزبی چەمبەرلینەكان بوو، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٩٢٢ ژمارەیەكی زۆر لەلایەنگرانی بازرگانیی ئازاد لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەداو توخمە بەهێزەكانی كەرتی كشتوكاڵی كە نیگەرانیەكی قووڵ و پاساویان دەربارەی چەمكی بەرنامەڕێژیی هاوبەشی كشتوكاڵی ئەوروپا لادروست بووبوو، لەریزەكانی خۆیدا جێ كردبۆوە.

هەروەها هەستێكی سیاسیی بەهێز دەربارەی سەربەخۆیی و خۆنەبەستنەوە بەئەوروپاوە لەكایەدا بوو. زۆرێك لەموحافیزكاران وتەكەی هیوگیتسكلیان لەكۆنگرەی حزبی كرێكاراندا لەبرایتۆن لەتشرینی یەكەمی ١٩٦٢دا دەربارەی ((هەزار ساڵی مێژوو)) دەوتەوە.

لەلایەكی ترەوە ژمارەیەكی زۆر لەئەندامە لاوترەكانی حزبی موحافیزكار كە لەدەستەی بەڕێوەبەران یا پسپۆڕانی پەیوەندیە گشتیەكان بوون، هەروەها ئەو پیشەسازیانەی لەسەر پێی خۆیان راوەستابوون و سیتی (گەرەكی دراویی لەندەن)یش تا دەهات مەیلیان بەلای ئەوروپادا زیاتر دەبوو.

مك میلان لێرەدا بە پشتگیریی ئەندامە بەرجەستەكانی حزبی كرێكاران لەناو پارلەماندا لەهەوڵی ئەوەدابوو كە ئەوروپا بە جۆرێك دابەش نەكرێ كە ببێتە

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

ئەوروپایەكی ناسۆڤێتی[٧٢] و رێگربێ لەوەی كەلێن بكەوێتە نێوان كۆمەڵەی ئابوری ئەوروپا (EEC) و یەكێتیی بازرگانی ئازادی ئەوروپا (EFTA)وە.

((بەرنامەی G)) كە گرنگییەكی زۆری پێ دەدا ئامانجی پەیوەندیكردنی بەریتانیا بەوەرچەرخانە نوێكانی ئەوروپا بوو. دوا بەدوای شۆكەكانی سویس، بەریتانیا هەستی دەكرد زیاتر پێویستی بە ئەوروپایە، بەڵام مەك میلان ئامادە نەبوو بچێتە ژێرباری زلحۆییو هەیمەنەی شەش وڵاتەكەی كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپاوە. بەتایبەت ئەگەر بەو مانایەبێ كە بەریتانیا رێگەی خۆی لەیەكێتییەكانی تری ئەوروپای خۆراوا یا باكور جیاكاتەوە. بۆیە بڕیاریدا یەكێك لەوەزیرانی كابینە وەك هاوئاهەنگكەر، دەستنیشان بكا. لەو یاداشتەدا كە بۆهاوكارانی كابینەی خۆی ڕەوانە كرد نوسی:

((یەكێك لەگرنگترین ئەركەكان ئەوەیە كە هەر لەئێستاوە تا دەست پێ‌كردنی دانوستانی گەورە[٧٣]، سەفەرەكانمان دەست پێ بكەین. زۆر گرنگە كە هەم لەنێوان وڵاتانی"شەش" (كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپا)و هەم لەنێوان ولاتانی((یانزە))[٧٤]دا سەفەر بكەین. بە گشتی گرنگ ئەوەیە كە وڵاتانی((یانزە))توند بگرینو نەیكەین بە قوربانیی"شەش". (نوێنەر)ەكەی ئێمە دەبێ كەسێك بێ لەئاستی (پۆڵ) ی پیرۆز كە بە تەنیا گرنگی بە جولەكەكان نادا. ئێستا پێتان دەڵێم كە ئەو نوێنەرە(ئاسمانیە) كێیە... ئەو مادلینگە.))

دانوستان ڕوبەڕوی گرفتی زۆر بۆوە. وڵاتانی شەش نەك هەر تەنیا یەكڕیزو یەكگرتوو بوون، بەڵكو لەڕوی تیۆریشەوە زۆر بێ خەوشو یەكدەست بوون، ئامادە نەبوون پەیوەندی بە ناوچەیەكی گەورەتری بازرگانیی ئازادی ئەوروپاوە بكەن. فەرەنسا كە ئەوكات دیگۆل رابەری بوو. دوا بەدوای یاخیبونەكەی كۆرسیكا[٧٥]، ئەو جۆرە ناوچە

[72] Non- Scviet Europe

[٧٣] ئەندامێتی لەكۆمەڵەی ئابوری ئەوروپادا ـ و.

[٧٤] ناوچەی بازرگانی ئازادی ئەوروپا ـ و.

[٧٥] دورگەیەكە لەباشوری ئەوروپا ـ و.





مەكتەبی بیر و هۆشیاری

بازرگانیە ئازادەی ڕەت كردەوە كە بەریتانیاو چەند وڵاتێكی تر پێشنیاریان دەكردو بە ڕای دیگول سیستمێكی سستو بێ بنەما بوو.

سەرەنجام لەهاوینی ١٩٥٩دا بنەمای یەكێتیی بازرگانیی ئەوروپا بە گوێرەی ئەو هێڵانەی كەلەلایەن سویدەوە پێشنیار كرابوو لەلایەن دەوڵەتی خاوەن شكۆ شاژنی ئینگلتەرەوە قبوڵ كراو یەكێتیی بازرگانیی ئازادی ئەوروپا(پێك هاتوو لەحەوت وڵات) لەتشرینی دووەمی ١٩٥٩دا پەسەندكرا.

بەو شێوەیە ئەوروپا دابەش كرا، بەڵام مك میلان، هەرچەندە بە ئومێدێكی كەمتر، هەر لەهەوڵی بەدیهێنانی"ئاشتی" یا لانی كەم ((هاوئاهەنگی))دا بوو لەئەوروپادا.

یەكێتیی بازرگانیی ئازاد كێشەكەی چارەسەر نەكرد. ناكۆكی لەبیروباوەڕدا لەنێوان كۆمەڵەی ئابوری ئەوروپا كە لەهەوڵی هێنانەكایەی یەكخستنی ئابوریو پیشەسازی لەسەرانسەری قەڵمڕەوی وڵاتانی ئەندامدا بوو، و یەكێتی بازرگانیی ئازادی ئەوروپا كە هەر وەك (یەكێتییەك)ی نێوان ئەو وڵاتانە مایەوە، دابەش بوو. ویلایەتە یەكگرتوەكان لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەی بەرفراوانی خۆی وای بەباش زانی كە ئەوروپا یەكگرتو بێ، بە شێوەیەكی تایبەت ئارەزوی دەكرد بەریتانیا بچێتە ناو كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپاوە.

كەنەدی لەو بارەیەوە گوشاری خستە سەر مەك میلان: بۆ ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ساناتردەبێ كە لەجیاتی دو گروپ مامەڵە لەگەڵ گروپێكدا بكا. جگە لەوە بەریتانیا كە وڵاتێكی واقیع بینو دوربینە دەتوانێ بە ئەندامێتیی خۆی لەكۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپادا رێگربێ لەوەی كە ئەو كۆمەڵەیە چ لەمەسەلە بازرگانیو پیشەسازیەكاندا چ لەسیاسەتی دەرەوەدا، لەرادەبەدەر بەلای تیۆریدا دایشكێنێو بیروبۆچونەكانی خۆی بێ گوێدانە واقیعی حاڵ بسەپێنێ. لەحوزەیرانی ١٩٦١دا زانرا كە حكومەتی بەریتانیا هەڵبژاردنێكی لەرێیە. لەبەرئەوەی لەنێوان"شەش"وڵاتەكەی كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپاو یەكێتیی بازرگانی ئازادی ئەوروپادا مامەڵەیەكی كەم ئەنجام

مەكتەبی بیروهۆشیاری

دەدرا. "شەش" لەبەرامبەر بازرگانیی ئێمەو بازرگانیی كۆمۆنوێڵسدا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر جیاوازیی دەكرد. مك میلان چەند گۆڕانكاریەكی لەكابینەدا كرد، ئێدوارد هێسی كرد بە لۆردی مۆرداری مەلەكیو بەرپرسیارێتیی تایبەت بە مەسەلە ئەوروپییەكانی خستە ئەستۆ.

دەنكن سەندیس وەزیری كۆمۆنوێلس، ئەندامی دامەزرێنەری بزوتنەوەی ئەوروپایی بوو. مك میلان داوای لێكرد لەكاریگەرییو ئاكامەكانی ئەندامێتیی بەریتانیا لەبازاڕی هاوبەشدا لە وڵاتانی كۆمۆنوێڵس بكۆڵێتەوە. مك میلان لاپەرەی یەكەمی دوایین بەرگی بیرەوریە شەش بەرگیەكەی خۆی بەم وشانە دەست پێ دەكا:

((لە٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦١دا كابینە رەزامەندیی پیشان دا كە دەوڵەتی بەریتانیا داوای رەسمی چوونە ناو پەیماننامەی رۆما پێشكەش بكا. ئەوە هەنگاوێكی پێویستە بۆ دەستپێكردنی وتووێژ سەبارەت بە دابینكردنی پێداویستیەكانی مەملەكەی یەكگرتو(بەریتانیا)، وڵاتانی كۆمۆنوێڵسو ئەندامەكانی تری ناوچەی بازرگانیی ئازادی ئەوروپا. ئەگەر ئەو هەنگاوە سەركەوتن بە دەست بێنێ، دەشێ ئومێدی ئەوەمان هەبێ كە كۆمەڵەی"شەش" وڵات بەرفراوان بكرێو سەرجەم یا نزیكەی سەرجەم وڵاتانی ئەوروپای خۆراوا بگرێتەوە.))

دوای ١٦ساڵ تەنیا دوو ئەندامی تری یەكێتیی بازرگانیی ئازادی ئەوروپا لەگەڵ بەریتانیادا لەكۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپادا بوون بە ئەندام.

داواكەی مك میلان بۆ ئەندامێتی لەكۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپادا زۆر لەهەنگاوەكەی شەش ساڵ دواتری حكومەتەكەی حزبی كرێكاران دەچوو. بەریتانیا تەنیا بە بەشداری كردنی رەسمی لەوتووێژەكاندا دەیتوانی لەمەرجەكانی ئەندامێتی لەو كۆمەڵەدا ئاگاداربێو ئەو مەرجانە قبوڵ بكا یا ڕەت بكاتەوە.

مك میلان گوتی(هەروەك چۆن حزبی كرێكاران لەكۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا، وجارێكی تر لەكاتی وتووێژەكانی ١٩٧٤تا ١٩٧٥دا رایگەیاند)كە((هەموو شتێك





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەسەر مەرجەكان بەندە.)) ولە هەرسێ قۆناغەكەی(وتووێژدا)، بەرژەوەندیی وڵاتانی كۆمۆنوێڵس بە پلەی یەكەم دەستنیشان كرا.

(لەمایسی ١٩٧٥دا دوای ئەوەی حكومەت بوون بە ئەندامی لەكۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپادا بە باش زانیو ئامادەكاریی بۆ ئەنجام دانی ریفراندۆمی میللی كرا، كۆنفرانسی كۆمۆنوێڵس لەجامایكا بە زیادكردنی پەرەگرافێك بۆ بەیاننامەی كۆتایی هیوای خواست كە بەریتانیا بە پێی ئەو مەرجانەی كە جارێكی تر وتووێژیان لەسەر كراوە، بچێتە ناو كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپاوە.)

مك میلان لەساڵی ١٩٦١دا مەسەلەی كۆمۆنوێڵسی زۆر بە جددی خستەڕوو.

((درێژەدان بەهێنانی بێ سنوورو بێگومرگی بەرهەمەكانی نیوزیلاند بۆ ناو ئینگلتەرە گرنگییەكی زۆری هەیە.... ئەو زیانەی كە رەنگە لەكەرتی كشتوكاڵی بەریتانیاو بازرگانیی كۆمۆنوێڵس بكەوێ مەسەلەیەكە گرنگییەكی زۆری هەیە. بۆیە هەموو شتێك پەیوەندیی بەوەوە هەیە كە هەر وتووێژێك چۆن بەرێوە بچێ...

ئێمە دەبێ بەهای كۆمۆنوێڵس لەبەرچاوی جیهانی ئازادو كۆمەڵی"شەش" وڵات پەسەند بكەینو بڵێین كە نە سەرانی كۆمۆنوێڵسو نە ڕای گشتی بەریتانیا قبوڵیان نابێ كە بەرژەوەندیەكانی كۆمۆنوێڵس تەنیا لەخولی ئینتیقالیدا رەچاو بگیرێ.....))

پێویستە بوترێ كە ئەو مەرجانەی لەساڵی ١٩٧٢دا وتووێژیان لەسەركرا بە هیچ جۆرێك لەو مەرجانە(كە لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا) نزیك نەبۆتەوە، هەرچەندە لەكاتی وتووێژەكانی ١٩٧٤ــ ١٩٧٥دا كە دیگۆل بەشداریی تێدا نەكرد چەند بەرەو پێش چونێك لەو بارەیەوە كرا. دوای ساڵێك(١٩٦٢)وتووێژەكان بەبن بەست گەیشت.

پێنج ئەندامی كۆمەڵی ئابوریی ئەوروپا ڕازی بوون بە ئەندامێتی بەریتانیا، بەڵام فەرەنسا رازی نەبوو. دیگۆل كێشە نەمابوو نەیخاتە بەردەم بەریتانیا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

لەكانونی یەكەمی ١٩٦٢دا مك میلان لەكۆشكی ئەلیزێ[76] لەگەڵیدا كۆبۆوە. ئەو وەك هەمیشە رەسەنو بە رەوشت بوو، بەڵام خۆی بەدەستەوە نەدەدا. لەبەرامبەر رازی نەبوون لەسەر ئەندامێتی بەریتانیادا تەنیا جەختی لەسەر كێشە هەنوكەییەكان دەركردەوە، بێ ئەوەی حوكمی كۆتایی بدا.

ئەو حوكمە لەكۆنفرانسێكی رۆژنامەوانیی سەرۆككۆماری فەرەنسادا كە لە١٤ی كانونی دووەمی ١٩٦٣دا بەئەنجام گەیشت، راگەیەنراو تیایدا دژایەتیی خۆی بۆ گەورەتر بوونی كۆمەڵی ئابوریی ئەوروپا دەربڕی. دیگۆل كە لەبەریتانیا توڕە بوو لەبەر ئەوەی رێككەوتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكاندا ئیمزا كردبوو، رایگەیاند كە ترسی ئەوەی هەیە ئەوروپا بكەوێتە ژێر ركێفی كۆمەڵی ئەتڵەسییەوە بە سەرۆكایەتیی ئەمریكا. هەرچەندە ئەگەر رێككەوتننامەی ئەتۆمیش ئیمزا نەكرایە ئەو هەر سوور دەبوو لەسەر ئەو بڕیارەی. وەزیری كشتوكاڵی فەرەنسا لە وتووێژەكانیدا لەگەڵ كریستۆفەر سۆمز[77]دا راستیی مەسەلەكەی دركاندبوو.

((هاوكاری ئازیز مەسەلەكە زۆر سادەیە. ئێستا لەو شەش(ئەندامەی بازاڕی هاوبەش) پێنجیان مریشكو یەكێكیشیان كەڵەشێرە. ئەگەر ئێوەش پەیوەندی بەوڵاتانی ترەوە بكەن رەنگە ببێتە حەوت یا هەشت مریشكو دوو كەڵەشێرو ئەوەش باش نییە.))

بەو شێوەیە لەماوەی چەند رۆژێكدا مك میلان گورزێكی لەمەسەلەی پڕۆژەی موشەكیی سكای بۆڵت پێكەوت، دوای ئەوەش گورزێكی تری بەو ((ڤیتۆ))یەی فەرەنسا پێكەوت. هاوكات لەگەڵ ئەوەدا مك میلان لەلایەن ژمارەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنەوە سەرزەنشت كرا لەسەر زیادبوونی بێكاری لەسەر ئاستی وڵات كە لەشێوەی پێشنیارێكدا خرایە ڕوو.

لەمانگەكانی كانونی دووەمو سەرەتای شوباتدا ڕوبەڕووی سێ مشتومڕی پارلەمانی بۆوە.

---

[76] Elysee
[77] Christopher Soames





مەکتەبی بیروهۆشیاری

هیوگیتسكل مردبوو وكابینەی سێبەر رەزامەندیی دەربڕیبوو لەسەرئەوەی كە سێ پاڵێوراوی رابەریی حزبی كرێكاران: جۆرج براون، جەیمز كالاهانو من لەیەكێك لەو مشتومڕانەدا بەشداری بكەین.

جەیمز كالاهان وەزیری دارایی كابینەی سێبەر لەمشتومڕی تایبەت بە ئابوریدا، بەدگومان بوو لەوەی مك میلان بتوانێ پەرە بە باری ئابوری وڵات بدا. وڵات لەجەنگی دووەمی جیهانیەوە بێكاریی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەدیبوو(جگە لەو چەند هەفتەیەی كە وڵات ڕووبەڕووی قەیرانی سوتەمەنی بۆوە لەساڵی ١٩٤٧دا)، هەرچەندە ناگا بەو قەیرانەی كە لەكاتی نوسینی ئەم چەند دێڕەدا سەری هەڵداوە. ئابوریی بەریتانیا تا دەهات زیاتر بەرەو داهێزران دەچوو. بێ سەروبەرەیی باڵی بەسەر ئابوریدا كێشابوو.

وەبەرهێنان لەكەرتە سەرەكیەكانی بەرهەم هێنانو پیشەسازیدا بە تایبەت لەكەرتی هەناردەدا بەرەو نەمان دەچوو جمووجۆڵی بازرگانی بۆ شوێنە دوورەكان تا دەهات سست تر دەبوو.

هەڵاوسان لەلایەكەوەو كەمیی توانای بەرهەم هێنان لەلایەكی ترەوە زیادبوونی هاوردەو كەوتنی هەناردەی لێ كەوتەوەو لەئەنجامی ئەوەدا هیچ خولێكی گەشەی ئابوری تەكانێكی توندو لەناكاوی لەپشتەوە نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا باری گوزەران لەبرەودابوو. سیستمی كڕین بە قیست تا دەهات زیاتر بەرهەمە نوێكانی وەك بەفرگر، تەلەفزیۆن، جل شۆر، ئۆتومبیل، ماتۆڕی دەخستە ناو ماڵەكانەوە. مك میلان بەو قسەیەی خۆی: ((ئێوە هەرگیز بارودۆخی ئاوا باشتان بەخۆتانەوە نەدیوە))، ئەو گەشەسەندنە درۆیینو ڕوكەشەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەقۆستەوە. چەندین جار لەسەر ئەو قسەیەی سەرزنشت كرا، هەرچەندە كە رەنگێكی راستیشی پێوە دیاربوو. باوەڕكردنی خەڵكی وای كرد ئەو لە هەڵبژاردنە گشتیەكەی ساڵی ١٩٥٩دا براوە بێ.



**مك میلان لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكەی ساڵی ١٩٥٩ دا**

كاتێك دواتر بە سەرۆكی زانكۆی ئۆكسفۆرد هەڵبژێردرا (هەڵبژاردنێك كە زۆر خۆشحاڵی كرد)، ئەو هەڵبژاردنە لەژینگەی پارلەماندا كاریگەریەكی سەرنج راكێش هەبوو هەمووان هەستیان دەكرد كەدەبێ بەم وشانە پیرۆزبایی لێ بكرێ:

(Nunquam id habuisti tam bonum)

لەساڵی ١٩٦١دا كە لەهەموو جێیەك باس باسی هەڵبژاردن بوو، چەند ئاوازێكی ناخۆش بەرگوێ كەوت. لەمانگی ئەیلولدا كابینە بڕیاری دا بە توندی دژی داوایەكی





فەرمانبەران سەبارەت بە زیاد كردنی موچە بوەستێ. سیاسەتی ڕاگرتنی موچە[٧٨] بەكارهێنرا.

سلوین لۆید وەزیری دارایی ئەو كاتە، ئەنجومەنی گەشەپێدانی ئابوریی نیشتیمانی پێك هێنا كە لەنوێنەرانی دەوڵەتو كەرتی پیشەسازی پێك هاتبوو. كەئێستاش هەر ماوەو نفوزو دەسەڵاتیشی زیاتربووە. لەمانگەكانی كۆتایی ساڵی ١٩٦١دا تەوژمی رەخنە لەلایەن حزبەوە مك میلانی ناچاركرد، مكلود كە سیمایەكی ناسراوو وەزیری كۆلۆنیەكان بوو وەك سەرۆكی حزبی موحافیزكار دەستنیشیان بكا، كە لەراستیدا دیاریی سەرۆكایەتیی داهاتوی حزب بوو. هەڵبژاردنی لاوەكی بەتایبەت لەئۆرپینگتن[٧٩] كە تیایدا كورسیەكی كۆنو پارێزراوی حزبی موحافیزكار لەناكاو كەوتە دەست لیبرالەكان، ئەنجامی خراپی لێ كەوتەوە. موحافیزكاران نفوزی خۆیان لەوێست لۆتیان[٨٠] لەدەستدا پاشان نۆرە گەیشتە سەر هەڵبژاردنی لاوەكیی نۆرس ئیست لیسیستەر([٥٩])لە١٢ی كانونی دووەمی ١٩٦٢دا كە ئەنجامەكەی بۆ موحافیزكاران جێی داخ بوو.

جگە لەوە شێوازی بەڕێوەبردنی كاروباری خەزێنە لەلایەن سلۆین لۆیدەوە بو بوو بە مایەی ناڕزایی. ئەم پێشهاتە ناخۆشانە مك میلانی دووچاری ترس كردو سێیەكی ئەندامانی كابینەی دەنگ دا. سلۆین لۆید، كیلمەر، واتیكسن، مك لیو چارلز هیل هیچیان لەحكومەتدا نەمان. ئیكلس دەستی لەكاركێشایەوەو سەرۆكایەتیی ژووری بازرگانیو پیشەسازیی ڕەت كردەوە. ڕۆجیدند مادلین بوو بە وەزیری دارایی.

---

[٧٨] سیاسەتی ڕاگرتنی موچەو هەقدەست، هەندێك جار بۆ نەهێشتنی داخوازی زیادكردنی هەقدەست پەیڕەوی لێ دەكرێ - و.

[79] Orpingtom

[80] West Lothian

North- East Locister [٥٩]

لە٥ی تشرینی دووەمدا، لەهەفتەیەكی ئەو هەڵبژاردنە لاوەكیەدا كە ئەنجامەكەی هەر بە كامی دڵ نەبوو، مك میلان لیستێكی سەرنج راكێشی لەكەمكردنەوەی باج، ئاسانكاری زیاتر بۆ كڕینی كەلوپەل بە قەرز، كڕینەوەی پاشەكەوتی زۆرەملێی كاتی جەنگ (ئەو پاشەكەوتە تایبەتانەی لەلایەن دەوڵەتەوە بلۆك كرابوون)، راگەیاند بەو شێوەیە جارێكی تر زەمینەیەكی یارمەتیدەر بۆ هەڵبژاردنی گشتی كە وابڕیار بوو لەماوەی كەمتر لەدوو ساڵدا بەئەنجام بگا، ئامادەكرا. دانانی لۆرد هیلزهم بە وەزیری نۆرس ئیست بە هەنگاوێك لەقەڵەم درا بۆ پەردەپۆش كردنی شكستی موحافیزكاران لەو سەروبەندەدا.

بەشی ١٣ لەدوایین كتێبی مك میلان لەژێر ناوی((ئاسایش‌و جەنجاڵ))دایە كە بەسەرهاتێكی ناخۆشە سەبارەت بە قەیرانی"ئاسایش" لە(١٩٦١)ەوە تا(١٩٦٣) بەناوی((مەسەلەكەی پۆرتلاند))[81]ەوە كە باس لەسیخوڕی لەسیستمی سەرونهێنیی چەكی ژێر دەریایی دەكا.

تیایدا جۆرج بلەیك[82] كە ئەندامێكی دەزگای ئاسایشی ئینگلتەرەیە بە شێوەیەكی رێك‌وپێك هاوكاری نوێی بۆ سۆڤێت دەكرد. لێكۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بە لۆردێكی مافناس بە ناوی لۆرد رادكلیف[83] سپێردرا. لەئەیلولی ١٩٦٢دا ((كێشەی ڤاسال))[84] پەردەی لەسەر هەڵماڵرا.

ئەم دادگایە بە گوێرەی قانونی ١٩٢١ بە مەبەستی لێكۆڵینەوە دەربارەی ئیدیعای زیاترو بێ بنەما پێك هێنرا. رۆژنامەنوسێك لەبەر ئاماژە نەدان بە سەرچاوەی هەواڵەكەی زیندانی كرا. مك میلان ئەو رۆژنامانەی كە زیندانی كردنی ئەو رۆژنامەنوسە وروژاندبونی سەرزەنشت كرد، لەبەرئەوەی رای گشتیان لە((كێشەی

[81] Portland Case
[82] George Blake
[83] Lord Radcliff
[84] Vassal Case





پرۆفیومۆ))[85]دا وروژاندبوو. دوا بەدوای ئەوە خیانەتی منیلبیكە[86] بێرگیس[87] و ماكلینی بە پارە كڕیبوو ئەو زانیاریانەی كە مەبەستی بوو لەوانەوە بە دەستی هێنابوو، ئاشكرا كرا. لەبەهاری ساڵی ١٩٦٣دا ((كێشەی پرۆفیومۆ)) دوای ئەوەی لەلایەن جۆرج ویگ[88]و(باربارا كاستل)[89]ەوە لەئەنجومەنی نوێنەراندا خرایە ڕوو، بوو بە ناونیشانی درشتی رۆژنامەكان. لایەنی ئەمنی((كێشەی پرۆفیومۆ))لەولایەنانەی تر گرنگتر بوو كە رۆژنامەكان لەسەریان دەنوسی.

ئەوەی جێی سەرسامیە مك میلان هیچ زانیاریەكی لەسەر ئەو كێشەیە نەبووە، لەكاتێكدا بە درێژایی چەندین مانگ مشت‌ومڕی لەسەركراوە.

هیچ كات مك میلان هێندە پەرت‌و حۆل‌و بێ ئاگا نەبووە. ئەو لێكۆڵینەوەیەی كە لەلایەن لۆرد دێنینگەوە[90] لەكێشەكەدا كرا زۆرێك لەپڕوپاگەندە ساختەكانی بە درۆخستەوە، جگە لەبیروبۆچونەكانی ئەو وەزیرانەی كە لەگەڵ پرۆفیومۆدا قسەیان كردبوو.

ئەم پێشهاتانە بەر لەهەموو كەسێك ڕیشی مك میلانانیان دەگرتەوە.

لەهەمووی خراپتر دەست لەكاركێشانەوەی وەزیرێكی كۆنەكار بوو بەناوی بایجل بریچەوە[91] كە شان بەشانی دوو ئەندامی پایەبەرزی خەزێنە دەستیان لەكاركێشایەوە.

براونینگ[92]لەسەر زاری مك میلان دەڵێ:

((ئیتر هەرگیز بەرەبەیانێكی شادو ئارام بەخۆمانەوە نابینین.))

[85] Profumo Case
[86] Philly
[87] Burgess MacLean
[88] George Wagg
[89] Barbara Castle
[90] Lord Denning
[91] Nigel Birch
[92] Browning

مەكتەبی بیروهۆشیاری

زیادبونی گوشارەكان مك میلانیان خستە بیری دەست لەكاركێشانەوەوە. تەمەنی لە٦٩ساڵ نزیك بوبۆوەو لەهەر سەرۆك وەزیرێكی تر زیاتر سەختیو ناهەمواری هاتبووەرێو سەركەوتنی زۆر گەورەشی بەدەست هێنابوو، بەڵام بەخت ڕوی لێ وەرگێڕابوو.

ئایا مامۆستای پیرو رابەری گەورە بەرەبەرە بەرەو ئەوە دەچوو تواناكانی خۆی لەدەست بدا؟

بە راستی پارلەمان بێ بەزەییو بێ وەفایە. مك میلان بەسەرهاتی تەواوی دەست لەكاركێشانەوەكەی بۆ ئێمە باس كردووە. بریاری دابوو كە یا لەپایزی ١٩٦٣دا وازبێنێ یا تا ساڵێكی تر ئارام بگرێ تا ئەنجامی هەڵبژاردنو ئەو دەنگدانەی كە حزب بەدەستیان دێنێ، ببینێ. وا بریاربوو بەرلەوەی ئەندامانی كابینە بەرەو بلاك پول بەرێ بكەون بۆ بەشداری كردن لەكۆنگرەی حزبدا، چاوی پێیان بكەوێ.

عەسری رۆژی پێشتر بریاریدا هەر ئاوا بمێنێتەوەو ئەو شەوەی كە بۆ بەیانیەكەی ئەندامانی كابینە بەرێ دەكەوتن مك میلان بەسەختی نەخۆش كەوتو بە پەلە چارەسەر كرا، وبۆ رۆژی دوایی لەدواین كۆبونەوەی كابینەدا ئامادەبوو وبۆ نیوەرۆی ئەو رۆژە مشتومڕ دەربارەی خاڵەكانی ناو ئەجێندەی ئەو كۆبونەوەیە تەواو بوو. بە كابینەی راگەیاند كە بریاری داوە بمێنێتەوەو پاشان ژووری كابینەی بەجێ هێشت تا ئەندامانی كابینە ئازادانە ئەو مەسەلەیە تاووتوێ بكەن. رێكخەری گشتی بە مك میلانی ووت كە سەرجەم ئەندامانی كابینە لەگەڵ مانەوەی ئەودان تەنیا یەك كەس نەبێ.

هاوكات لەگەڵ ئەوەدا دوا بەدوای زنجیرەیەك پشكنینی پزیشكی بۆ بەئەنجام گەیاندنی نەشتەرگەریەك بۆ دەرهێنانی غودەیەك رەوانەی نەخۆشخانە كراو پێیان راگەیاند كە هێشتا نەزانراوە كە ئاخۆ ئەو غودەیە غودەیەكی پیسە یاخود پیس نییە.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

دوابەدوای ئەوە پەیامێك ئاراستەی بلاك پول كراو ئاماژە بەوە درا كە هەرچەندە پێشتر ئەو بڕیاری ئەوەی داوە بمێنێتەوەو لەهەڵبژاردنەكەی داهاتوودا بەشداری بكا، بەڵام لەو بڕیارەی پاشگەز بۆتەوەو دەست لەكار دەكێشێتەوە.

تا ئەو مێژووە حزبی موحافیزكار دەزگایەكی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی حزب نەبوو. دەبوو بزانرێ كە كێ دەبێتە سەرۆكی حزب. رێو شوێنی هەڵبژاردنی سەرۆك لەبلاك پول خرایە گەڕ، لەكاتێكدا كە پەیامنێرانی رۆژنامەو تەلەفزیۆنەكان لەپەراوێزی كۆبونەوە كە لەناو ساڵۆنەكانی(ئوتێچل ئیمپریال) داو لەپشت دەرگای ژووری پاڵێوراوە ئەسڵیەكانو ئەندامانی بە دەستەڵاتی حزبەوە كۆبونەوە. سەرەنجام لۆرد هەوم[93] لەو نێوەدا سەری دەرهێناو زانرا كەسەرۆكی نوێ ئەوە. ئەو لەبەرئەوەی سیناتۆر بوو نەیدەتوانی بە سەرۆكی حزبی موحافیزكار هەڵبژێردرێو ببێتە سەرۆك وەزیر، بەڵام بە دەستپێشخەری لۆرد ستینس گەیت، ئەنتۆنی ووجوود بین[94] كە شێوازێكی تایبەتی بۆ لابردنی ئەو قەدەغەیە داهێناو پێویستە لۆرد هەوم زۆر سوپاسی بكردایە، سەرۆكایەتی ئەو تۆمار كرا. یان مكلود كە رازی نەبوو لەدەوڵەتەكەی ئەودا خزمەت بكا لە ووتارێكی بەناوبانگی خۆیدا لەبڵاوكراوەی سپێكتەیتەر[94]دا سەبارەت بە ((ئەنجومەنی جادویی)) (كە كاری هەڵبژاردنی سەرۆكی حزبی موحافیزكاری بە ئەفسونێك بە ئەنجام گەیاند) نوسیویەتی.

ویلیام ریزموگ[96] لەسەنەدەی تایمز بە شێوەیەكی سەرزەنشت ئامێز نوسی كە موحافیزكاران((تا نەبنە دیموكراسی ناتوانن خۆیان بە جێنتڵمان لەقەڵەم دەن.))

ماوەی دووردرێژی سەرۆكایەتیی مك میلان لەژمارە ١٠ی داوینینگ ستریت زۆر ئەفسوناوی بوو. نەیارەكانی بەقەد دۆستەكانی چێژیان لەشێوازی كاركردنی وەرگرت.

---

[93] Loed Home
[94] Wedgewood Benn Loed Stansgate. Anthany
[95] Spectator
[96] William Rees- Mogg

مەكتەبی بیروهۆشیاری

ئەو بە پێچەوانەی ڕوكەشی گوێ پێنەدەری كەسێكی كارامەو لێهاتو بوو.

ڕۆژنامەی تایمز لێكۆڵینەوەیەكی منی لەسەر دوایین بەرگی كتێبەكەی بەناوی((شكۆ و مەزنیی سەردەمی ئێدوارد و دركی مێژوویی)) بڵاوكردەوە.

مك میلان شێوازی بیركردنەوەی سەردەمی ئێدوارد و بنەماڵە گەورەكانی ویگی هێنا بۆ سەردەمی تەكنۆلۆژیای ئەتۆمی و چەك داماڵینی ئەتۆمی. ئەو پارلەمانیەكی تەواو بوو و لەناسینی كات و قۆستنەوەی دەرەفەتدا توانایەكی سەیری هەبوو.

هەركاتێك بیویستایە سەرنجی كەسانی تر بەلای بۆچونێكی گرنگی خۆیدا ڕاكێشێ(بە شێوازی ئێدواردی)مستێكی لەمێزەكەی بەردەمی خۆی دەدا.

هەركاتێك بیویستایە كۆتایی بە مشتومڕێكی گەرم یا مشتومڕێكی پارلەمانیی بەهات و هاوار بهێنایە ٢٠ یا ٢٥دەقیقە لەنیوسەعاتی كۆبونەوەكەی بۆ ئەوە تەرخان دەكرد و تیایدا خاڵە سەرەكیەكانی بیروبۆچونەكەی خۆی دەخستە ڕوو، هەندێك جاریش بە ئەنقەست بڕستی لەئەنجومەن دەبڕی. چەند دەقیقەیەك بەر لەسەعات ١٠ی بەیانی (كاتی كردنەوەی دانیشتنی ئەنجومەن) ڕوی خۆی گرژومۆن دەكرد و دەیوت چاوەڕوان نەبووە كە ڕابەری باڵی نەیار، بابەتێكی سادە بەو ڕادەیە گەورە بكا، ودژایەتیەكی ئاوا پیشان بدا، بەڵام وەڵامی بداتەوە. پاشان دەستی دەكرد بە گیرفانی چەپی چاكەتەكەیدا و ئەو وتەیەی دەردەهێنا كە بە وردی تایپ كرابوو ورەنگە بۆ شەوی ڕابردوو ئامادەی كردبێ.

كەم سەرۆك وەزیر بە قەد ئەو سەرقاڵ بووەو كەم كەس بە قەد ئەو چێژی لەسەرۆك وەزیریەكەی وەرگرتووە.

كەم كەس بە قەد ئەو تێگەیشتنێكی گشتگیری بۆ هەموو لایەنەكانی كاری دەوڵەت هەبووەو هێندە ئاشكراو هێندە سانا بەسەر هاوكارەكانی خۆیدا زاڵ بووە. كەم كەس لەڕوی دركی مێژوییەوە پێی دەگەیشتەوەو كەم كەس بە قەد ئەو شارەزای مێژوو بووە و





مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەنێو ئەو كەسانەشدا كە شارەزای مێژوو بوون كەم كەس بە قەد ئەو گرنگیی بە تێكۆشان، ئەرك و تەشریفات دەدا.

مەكتەبی بیروهۆشیاری

# دوا وتە

لەكاتی دەست لەكاركێشانەوەی مك میلانەوە تا تا نوسینی ئەم كتێبە ، چوار سەرۆك وەزیری تر لە بەریتانیا هاتوونەتە سەر كار.

ئەم كەسایەتیانە زۆر نزیكن لەم سەردەمەوە لەبەر ئەوەی كە من خۆم لە مشتومڕو بگرەوبەردەكانی كاتی سەرۆكایەتیی ئەواندا بەشداریی كارام هەبووە بە گونجاوی نازانم كارەكانیان هەڵسەنگێنم. بەدەر لەوە، تێپەڕینی كات پێویستە تا بتوانرێ كارەكانیان لە ڕوی مێژوییەوە بە وردی هەڵسەنگێنرێ.

ئەو چوار كەسە بریتین لە:-

ئەلیك دۆگلاس ....... لە ١٨ی ئۆكتۆبەری ١٩٦٣ وە تا ١٦ی ئۆكتۆبەری ١٩٦٤.

هارۆڵد ویڵسن...... لە ١٦ی ئۆكتۆبەری ١٩٦٤وە تا ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٠و لە ٣ی مارسی ١٩٧٤ وە تا ٥ی نیسانی ١٩٧٦.

ئێدوارد هەیس...... لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٠وە تا ٣ی مارسی ١٩٧٤.

جەیمس كالاّ هان..... لە ٥ی نیسانی ١٩٧٦وە تا .......





مەكتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری


مەکتەبی بیروهۆشیاری